# واتە

27

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

کانوونی دووەم ٢٠١٣

هەواڵنامەی کتێب

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

aras@araspress.com هەگبەی ئەلیکترۆنی
www.araspublishers.com وارگەی ئینتەرنێت
00964 (0) 66 224 49 35 تەلەفۆن:

# واتە بۆ ئەوانەیە کە
# دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان

هەواڵنامەی کتێب

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: عەوف عەبدوڕەحمان "مەلا شاخەوان"
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم

# لەمەڕ مێژووی ئەکادێمیا...
# دامەزراندن و بنەماکانی زاراوەڕۆنان

شوکر مستەفا

لەوێ ڕۆژێوە، مرۆ خەت و نووسینی داهێناوە، بەوە چووەتە نێو مێژووەوە، ئەوەی ساخ بووەتەوە فینیقییەکان لە پێش نەتەوەکانی دیکە خەتیان داهێناوە و ئەوەش زۆر وەک ڕاست دەچێ: چۆن پیشەی بازرگانی لەوانڕا سەری هەڵداوە و لەسەر دەستی وان فراژی بووە و بە گەشەکردن کەوتووە، واتە:

بازرگانی (ئابووری) پێویستی بە هۆکاری لێک گەیشتن و لێک نێزیک کەوتنەوەی نەتەوەکانی سەر دنیایێ هەبووە، مرۆ لە خۆڕا و بێ هەست بە پێویست بوون بیر لە داهێنانی هیچ چتێ ناکاتەوە، لەم قۆناخەڕا کە بە قۆناخی مێژوو دەست پێ کران، نێو دەبرێ لە داموودەزگەی فێربوون: فێرگە، زانستگە و ئەکادێمیا کردووەتەوە، بەڵام ئەم داهێنانە، وەک گوتمان، لەسەر دەستی نەتەوەیەک لە نەتەوەکان باشار بووە، کە فینیقییەکانن[1]، هەموو نەتەوەکان (وەک ئابووریناسی یەژێ) چونیەک و هاوشانی یەکدی وەگەشە نەکەفتگن، هەر لەبەر ئەمەشە دەبینین پلە و پایەی نەتەوەکان لە شارستانیەتی دامەزراندندا جۆرەوجۆر و کەم و زۆر بووە و تا ئەوڕۆکەش هەر وەو تەرحەس، ئەگەرەکە فینیقییەکان بەر لە گشت وە زختەی ناگوزووری و ئاتاژی بازرگانیکردن خەت و نووسینیان داهاوردگە، ئەوە مانای وەو جۆرە نییە کە یۆنان و ڕۆم و چین و هند و ئێران کاوێ نۆرەیان هاتگە، دارێکیان وەبان بەردێکەوە نەنیاگە و هەر هیچیان وەهیچ نەکردگە، نەخێر، هەر یەکە لە نۆرەی خۆیا، بەشی ئەرکی سەر شانی خۆی جێوەجێ کردگە، نەتەوەیەک لەم ڕووی زەویندا قرچەی خۆی لێ زیاد نەکردبێ و لە قرچە داخستن و گێرە و پەڕەنا و شەن و کەو و جێزسوورکردندا هاوبەش نەبووبێ، لێ بەڵێ کارەکە لە ئاکامدا ئاغڵەبە بە نێوی نەتەوەیەکی باڵادەست و دەستڕۆ و زۆردارەوە نێو نراوە. هەر ئیقلیمگیری (ئیمپراتۆرییەت)ێ دەگری بە دەیان بە سەدان نەتەوەی دەبن خێوەتیدا هێوراندووە: ڕۆم، عەجەم، چین و ماچین و تاد... ئەمانە سەدان نەتەوەیان دەبن باڵدا حاواونەوە و کاری فرە خاسیشیان کردووە، وەلێ مخابن –عەیب نەبێ– چنگ چنگ خەر بووگە و دەس دەس یاسێ، بۆیە سەرمان لەی کارە ئەماسێ؟! کردەی کێ بووگە و

بردەی کێ؟! وەک حەزرەتی نالیی نەمر دەفەرموێ: "تووتنە خەرجی سووتنە/ مۆدنە ماچی لەب دەکات!". ئەتۆ هەر بیر لە بەناو (الحضارة العربية)ی عەرەبان بکەوە... ئەوە پێش ئیسلامەتی وەک خۆیان دەڵێن لە (جاهیلییەت) نەزانی، ملهوڕی (واش نەبووە، ها!) لە چتێکی کۆچەرییانەی ئابووریی ئاژەڵ بەخێوکردن وەولاوە نەبووە، دوای ئیسلامەتییەکە سیستمی ملکداریی زەوین (فیودالْ) هاتووەتە گۆڕێ. بەڵێ حەزرەتی عومەر (د.) فەرموویە مرۆ بوێ وەخێوی هەتا هەتاییی زەوین "ئەگەر حیکایەتی ارض السواد"ت بە نموونە بە بیر بێتەوە!) بەلاّم بەداخەوە بیروبۆچوونە گەورەکەی وی لە خشتە برا و سەری نەگرت و لێل خۆیا بردیە گۆڕەوە... هەرچی بە نێوی ئەم سیستمە فیودالّەوە ڕۆنرا، عەرەبی شۆڤینیست بە ئی خۆی دەزانێ و شەقلْ و مۆرکی عەرەبی پێوە ناوە و پێی وایە مافی هیچ نەتەوەیەکی دیکەی- مادام ئیسلامەتی بە نێوی عەرەب و زمانی عەرەبەوە هاتووە- پێوە نییە.. نەک هەر ئەوە، بگرە بە تایبەت کوڕانی ئومەییە و عەرەبی شۆڤینیی سێ زەردێنەی ئەوڕۆ، غەیری عەرەب بە بەندە (مەوالی)ی خۆ دەزانن... عەجەم و تورکی شۆڤینیست پان ئیرانیست و پان تورکیستیش هەر وەو تەرحەس.

ئەوجا، با بێمەوە وەک یەژن، سەر شار و وەچرایەکەوە بە نێو توونەکانی بابا و گڵۆڵەی ئاڵۆزکاوی ئەم دنیای گورگ مەڕەدا بکەومە منەیی، بزانم ئەکادێمیا و (المجمع العلمي والمجمع اللغوي) و زمان و زاراوە دانان و بنواشەکانی چەسن و چە نین؟!

### ئەکادێمی و ئەکادێمیا:

ئەکادێمی نێوی کۆمەڵێکی زۆر و زەوەند لە مەڵبەند و دەزگە و کۆمەڵەی لێوەکۆڵینی زانستەکییە، واژەی ئەکادێمی لە نێوی ئەکادیمۆس، قارەمانی ئەفسانە کۆنەکانی یۆنانیڕا کەوتووەتەوە، لە سەدەی ٤ی پێش لەدایکبوونی عیسای مەسیحدا، دەنێزیک ئاتێن، لەو جێیێ کە هەر بە نێوی هەمان قارەمانەوە نێو نراوە، پلاتۆن دەرزی بە شاگردانی خۆ دەگوتەوە: لەبەر هەندێ فێرگەکەی بە ئەکادێمی نێو نراوە، لە سەدەکانی ناویندا، لە ولاّتانی ڕۆژهەلاّت، بڕی دەزگەی ئەکادێمی بابەت: لە بەغدایێ "دار الحكمە" (سەدەی ٩)، لە خوارەزم "ئەکادێمیی مەئموون" (سەرەتای سەدەی ١١) و بەتەنیشت ڕوانگەکانی مەراغە (سەدەی ١٣) و سەمەرقەندەوە (سەدەی ١٥) بڕێ کۆمەڵەی زانست و فەلسەفە نێووبانگیان دەرکردووە. لە سەدەکانی ١٥-١٦دا لە ئیتاڵیا بەو کۆڕ و کۆمەلاّنەی کە دەگەڵ زانستە مرۆڤەکییەکاندا (لە بنەمادا دەگەڵ زمان و ئەدەبیاتدا) سەرگەرم بوون، ئەکادێمی گوتراوە.

بەلاّم هەر لە نوای سەدەی ١٧ەوە بۆ ئەو کۆڕ و کەمەلاّنەی کە بە کێشە و گرفتەکانی خۆڕسکەوە خەریک بوون، بە کار براوە، هەروا لە نیوەی سەدەی ١٧ەوە لە زۆر ولاّتی جوێ جوێدا، چەندان ئەکادێمی دامەزراون و بەمە چەندان بوار لە زانستەکان تێک ئێخراون، دەساڵی ١٧٢٤دا ئەکادێمیی پێتەربورگ لە ڕووسیا دامەزراوە، ئەوڕۆ لە زۆرینەی ولاّتانی جیهاندا، ئەکادێمیی گەلێ

له گوێن ئەکادێمیی مەیدانی هاتوونە گۆڕێ (ئەکادێمیی نەتەوەکیی وڵاتانی یەکگرتووی ئەمەریکا، کۆمەڵەی پادشاییی لۆندەرە و ئامۆژگای فڕەنسا و هتد...) زۆربەی ئەکادێمییەکانی هەندەران تا ئێستا کۆمەک و یارمەتیی بەرچاوەکیی وا کە بەر دڵ بگرێ، دەکاری زانستییەکانیاندا بۆ فەراهەم نەکراوە، تەنانەت چالاکیی ئەکادێمییەکان لە بواری وتووێژ لە بارەی کێشە و گرفتەکانی زانستدا و ئەرشیفبەندی کردن و شەن و کەوکردنی بەرهەمەکانیانەوە بە پاداشت و سەرقەڵەمانە و شتی لەو جۆرە بابەتانە، تێن و گوڕیان وێ دەدرێن و کاروباریان بەڕێوە دەچێ.. جگە لەمانە لە هەندەران بە بڕێ دەزگە و مەڵبەند و کۆڕ و کۆمەڵانی دیکەش کە بە کاری زانستییەوە سەرگەرمن، هەر ئەکادێمی دەگوترێ.

بەڕاستی کەڵکەڵەی ئەکادێمی دامەزراندن، پیاو هەق بڵێ، هەر لە پاش لەنگەرگرتنی دەسەڵاتی عەرەبی موسڵمان لە شام و کووفە و واسیت و بەسڕە و ڕەی و بەڵخ و بوخارا و سەمەرقەند و بەغدا و پاشانەکی لە باکوری ئەفریقا و ئەندەلوس، کە تا نێزیکەی سەدەیەکیش زمانی ڕەسمیی کاروباری دەوڵەت بەڕێوەبردن، لە شامێ بە ڕۆمی و لە میسر بە قیپتی و لە مۆزەپۆتامیا و فارس و ئازەربایجان بە ئارامی و سوریانی و فارسی بوو، وردە–وردە لە ئاکامی گەشەساندنی سەرومڕی پێداویستەکانی ڕۆژانەی ژیاندا وەچەکەرە کەوتووە و حکوومەتی ئیسلام ناچار دەهەمبەری لێشاوی ئەو پێداویستانەدا زانا و پسپۆڕ و لێزانی لە دەور خۆ خڕ کردووەتەوە: زانا حەڕانییەکانی نسێبین و حەڕان، سوریانەکانی مۆزەپۆتامیا، کوردەکانی بە فەرهەنگی وان ڕاهاتوو لە دەوروبەری هەردوو چۆمی تیر (دیجلە) و فرات لە وەرگێڕانی کەلەپووری یۆناندا دەوری گرینگیان گێڕاوە.. بە سەدان زاراوەی نوێباویان لە فەلسەفە، زانست، هونەر، کۆمەڵناسی، مێژوو، جوغرافیا، زمان، ئەدەبیات، ستێرناسی، کەلام و شەرع و هتددا... هێناوەتە گۆڕێ، ئیسحاقی کوڕی حونەین (م ٢٨٨ک) و مەتای کوڕی یونس قەنائی (م ٣٢٩ک) و سابیتی کوڕی قوڕەی حەڕانی (م ٢٨٨ک) و کوڕی موقەففیع (م ١٤٢ک) و کوڕی میسکەوەی (م ٤٢١ک) و کوڕی باجە (م ٥٣٢ک) و کوڕی شینە، بن سینا (م ٤٢٨ک) و کوڕی توفەیل (م ٥٩٢ک) و هتد... کەسانێکن لە بواری وەرگێڕان و زاراوە داناندا لە سەرلەبەری زانستەکاندا، کەس دەسکی لە دوو نەکردوون.

ئەگەر لە فەرهەنگ و کەشکۆڵ و پەرتووکی جۆربەجۆری عەرەبی بنۆڕین، بە سەدان زاراوەی هەر یەکە لە زمانێ، هەر یەکە لە زانستێ، هەر یەکە لە هونەرێ و هتد... مان بەرچاو دەکەون، لە کتێبی "الدخيل في العربية" و "شفاء الغليل" و "المزهر"ی سیووتی و چەندان کتێبی دیکە بنۆڕی هەنگێن لە بۆت ڕوون دەبێتەوە کە زمانی عەرەبی دە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامدا دەهەمبەر هەزاران زاراوەی جۆربەجۆری سەرلەبەری زانست و فەلسەفە و هونەرەکاندا چەندە و تا چ ئەندازەیەک کەنەفت و دەستەپاچە بووە؟ بەڵام سرشتی مرۆ و کۆمەڵی مرۆ، هەمیشە بتەوێ و نەتەوێ، بەرەو پەرەساندن و گەشەکردن و فراژیبوون هەنگاوی هەڵێناوە و ژیان لە گۆڕان و گۆڕانکاریی سەرومڕ، هێندەی تروکەیێ نەوەستاوە و دەهەموو هەنگاوێکدا پێناوی بەرهەست و

نابەرهەستی هێناوەتە گۆڕێ و هەر یەکەش دەفەرهەنگی زمانی مرۆدا زاراوەی پڕ بە باڵای خۆی ویستووە و کارەکە لە بڕانەوە نەهاتووە و بەبێ ئەمەش کارەکە سەر ناگرێ.. ئەوەتا، وەک دەبینینەوە سەر لەبەری وڵاتانی سەرزەوین لە هەمبەر لێشاوی گۆڕانکارییەکانی دنیای فەلسەفە و زانست و هونەردا، بە هەموو لک و چڵ و پۆپەکانیەوە، بە دامەزراندنی ئەکادیمی و ئامۆژگا و ئەزموونگاوە سەرگەرمن و هەر چەندیش دەکەن پێ ڕاناگەن، چ جای نەتەوەیەکی تازە دەدنیای باخەبەردا چاو پشکوتووی وەک کوردی لێقەوماوە، کە دوژمنانی بێ ویژدانی هەرگیز دەرفەتی پشوودانی نەداوە و پڕ زەبری کردووە و لە کاروانی پێشکەوتنی وەدوا ئێخستووە.. فەرموو ئەوە دەوڵەتی فڕەنسا، بەش بەوەندەی من بیستوومە، شەش ئەکادێمیی هەن:

١- ئەکادێمیی زانستەکان.

٢- ئەکادێمیی زانستەکانی ئاکاری و سیاسی.

٣- ئەکادێمیی فڕەنسا .

٤- ئەکادێمیی بەڵگەنامە و دەستاوێژ و ئەدەبیات.

٥- ئەکادێمیی گەنکوور.

٦- ئەکادێمیی هونەرەجوانەکان.

هەروەها ڕووسیا ئەکادێمیی زانستەکانی هەس. ئینگلستان و ئوتریش و ئاڵمان و هتد... کێهەیان بێ ئەکادێمین؟ دەوڵەتانی عەرەب: لە شام، لە عەممان، لە قاهیرە، لە ئەڕریبات و هتد... "المجمع اللغوي" و "المجمع العلمي"ی خۆیان هەن.. ئێران هەر لە مێژە فەرهەنگستانی بۆ خۆی دامەزراندووە، تورکیە هەر لەو جۆرە.. بگرە دەوڵەتەکانی ئازەربایجان و ئوێزبەگستان و تاجیکستان و قرغزستان و قازاخستان، هەر یەکە ئەکادێمیی زمان و ئەدەبیات و زانست و چی و چیی نییە؟

زانایانی بەڕەگەز و بنەچەکە کورد و تورک و فارس و سوریانی و ئارامی و هیندی و هتد... دەمەیدانی زاراوەسازیدا گاڵەیان کردووە. ئەوانە هەر وا نەهاتوون لە خۆڕا مل لەو کارە بنێن، بەڵکو لە دەستوور و یاسا و ڕێسای بەرینانی خۆیان نواڕییە و چەندان ڕێسای سەر بە زمانی عەرەبییان پشکنیوە و ئەوی لەبار بووە هەڵیان هێنجاوە و لەسەر ئەو ڕێسا و یاسا خۆماڵییانە زاراوەیان ڕۆناوە و داڕشتووە، فەرموو ئێمە، کوردی هەژار چەندمان زاراوە بۆ ئەم لێشاوە زانستانە دەستەبەر کردووە:

١- زانستی هاوپێوەندییە نهێنییەکان (هاوپێوەندیی نهێنی ناسی) cryptology.

٢- زانستی ئاسەوار (ئاسەوار ناسی) archeology.

٣- زانستی کۆمەڵ (کۆمەڵناسی) sociology.

٤- زانستی کۆمەڵەکی (کۆمەڵەکی ناسی) social science.

٥- زانستی ڕەگەزی مرۆ (ڕەگەزی مرۆ ناسی) ethnology.

٦- زانستی پزان (پزناسی) embryology.

٧- زانستی بە بەردبووان (بە بەردبوون ناسی) paleontology.

٨- زانستی ئامارگری (ئامارگری ناسی) statistics.

٩- زانستی شیکاری ئامارگری (شیکاری ئامارگری ناسی) analytical.

١٠- زانستی ئامارگری وەسپەکی (ئامارگریی وەسپەکی ناسی) descriptive analysis.

١١- زانستی ژی (ژیناسی) biology.

١٢- زانستی زیندەوەر بینی (زیندەوەربینی ناسی) microbiology.

١٣- زانستی ئاکار (ئاکار ناسی) ethics philosophy.

١٤- زانستی کارگێڕی (کارگێڕی ناسی) management.

١٥- زانستی ستێر دیاری کردن (ستێر دیاری کردن ناسی) meteorology.

١٦- زانستی ئەفسانان (ئەفسانە ناسی) mythology.

١٧- زانستی هۆی نەخۆشی ناسین (هۆی نەخۆشی ناسی) etiology.

١٨- زانستی ددان و نەخۆشییەکانی (ددان و نەخۆشیی ددان ناسی) odontology.

١٩- زانستی داڕشتن (داڕشتن ناسی) etymology.

٢٠- زانستی قەپێلکان (قەپێلک ناسی) conchology.

٢١- زانستی دەنگەکانی ئاخاوتن (دەنگەکانی ئاخاوتن ناسی) phonology.

٢٢- زانستی پەی (پەی ناسی).

٢٣- زانستی ئەندامان (ئەندام ناسی) organology.

٢٤- زانستی مار ناسین (مارناسی) ophiology.

٢٥- زانستی ئابووری (ئابووری ناسی) economics.

٢٦- زانستی کارەبا (کارەبا ناسی) Electrical science.

٢٧- زانستی ڕەنگان (ڕەنگ ناسی) chromatics.

٢٨- زانستی نەخۆشییان (نەخۆشی ناسی) Pathology.

٢٩- زانستی نەخۆشیی ژنان (نەخۆشیی ژنان ناسی) gynecology.

٣٠- زانستی ئەنزیمان و هەویرترشان (ئەنزم و هەویرترش ناسی) enzymology.

٣١- زانستی ڕەچەڵەکان (ڕەچەڵەکان ناسی).

٣٢- زانستە مرۆڤەکییەکان (مرۆڤ ناسی) humanities.

٣٣- زانستی تەونان (تەون ناسی) histology.

٣٤- زانستی دەوروبەر (دەوروبەر ناسی).

هەولێرنامەی کتێب

٣٥- زانستی دەوروبەری ئاژەڵەکی (دەوروبەری ئاژەڵەکی ناسی) epizootiology.

٣٦- زانستی لووان (لوو ناسی) oncology.

٣٧- زانستی بەدەورکاری (بەدەو ناسی) rhetoric theater science of figures speech

٣٨. زانستی گڕکانان (گڕکان ناسی) volcanology.

٣٩- زانستی ژاژان (ئەوەی لە میسر کاغەزیان لێ ساز دەکرد= بووریا) (ژاژا ناسی) papyrology.

٤٠- زانستی دیتەنییەکان (دیتەنی ناسی) optics.

٤١- زانستی ئاخاوتن ڕەوانی (ئاخاوتن ڕەوانی ناسی) rhetoric.

٤٢- زانستی بلووریان (بلووری ناسی) crystallography.

٤٣- زانستی مێژوو (مێژووناسی) history.

٤٥- زانستی نیشتەنییان (نیشتەنی ناسی) ecology.

٤٦- زانستی جوانکاریی نەژاد (جوانکاریی نەژاد ناسی) eugenics.

٤٧- زانستی زەوی (زەوین ناسی) pedology (بە زانستی منداڵ پەروەراندنیش هەر وا دەگوترێ).

٤٨- زانستی زەوینی کشتوکاڵ و سەروکاری دەگەڵ بە بەرهەمدا (زەوینی کشتوکاڵ ناسی) agrol-ogy.

٤٩- زانستی منداڵ پەروەراندن (منداڵ پەروەراندن ناسی) education pedagogy pedagogics.

٥٠- زانستی زەوین چۆن هاتە گۆڕێ (زەوین چۆن هاتە گۆڕێ ناسی) cosmography.

٥١- زانستی توێژینکاری (توێژینکاری ناسی) anatomy.

٥٢- زانستی واژەڕۆنان (واژەڕۆنان ناسی) morphology.

٥٣- زانستی چین بەندی (چین بەندی ناسی) systematics.

٥٤- زانستی چین بەندیی نەخۆشییان (چین بەندیی نەخۆشی ناسی) nosology.

٥٥- زانستی کردەنی (زانستی کردەنی ناسی) Applied Science.

٥٦- زانستی خۆراک (خۆراک ناسی) sitology, dietetics.

٥٧- زانستی دەنگی زمانان (دەنگی زمان ناسی) phonetics.

٥٨- زانستی سەرپەرشتیاریی نەخۆشان (سەرپەرشتیاری ناسی) nursing.

٥٩- زانستی ستێران (ستێر ناسی) astrology.

٦٠- زانستی وشار و هاوسەنگیی شلەمەنی (وشار و هاوسەنگیی شلەمەنی ناسی) hydrostatics.

٦١- زانستی یەکتایی، خودا بە یەک زانی (یەک خودایی، یەکتایی ناسی) (مەحوی "باخودا"ی بە مانا خودا بە یەک زان و "ناخودا"ی خودا بە یەک نەزان گوتووە) theology.

٦٢- زانستی بستانداران (بستاندار ناسی) mammalogy.

٦٣- زانستی جەبر (جەبر ناسی) algebra.

٦٤- زانستی جەفر (جەفر ناسی) divination.

٦٥- زانستی بەکتیریا (بەکتیریا ناسی) bacteriology.

٦٦- زانستی پێست و نەخۆشییەکانی (نەخۆشیی پێست ناسی) dermatology.

٦٧- زانستی تاوانان (تاوان ناسی) criminology.

٦٨- زانستی جوانی (جوان ناسی= بەدەوناسی) aesthetics.

٦٩- زانستی خوناوان (خوناو، نسرم، نسێ ناسی).

٧٠- زانستی نەشتەرکاری (نەشتەرکاری ناسی).

٧١- زانستی بزاوت (بزاوت ناسی) dynamics.

٧٢- زانستی بزاوتی شلەمەنییان (بزاوتی شلەمەنی ناسی) hydraulics.

٧٣- زانستی ژمێریاری (ژمێریاری ناسی).

٧٤- زانستی گەزندان (گەزندە ناسی) entomology.

٧٥- زانستی مەکینەکاری، دەهۆ وفرت و فێڵ (علم الحیل) (مەکینە ناسی) mechanics.

٧٦- زانستی زیندەوەر (زیندەوەر ناسی) zoology.

٧٧- زانستی شانە (شانە ناسی) cytology.

٧٨- زانستی مەی (مەی ناسی) oenology.

٧٩- زانستی خەسیەتەکانی هەوا و گاز (خەسیەتی هەوا و گاز ناسی) pneumatics.

٨٠- زانستی دەلالەتی واژان (دەلالەت ناسی) semantics.

٨١- زانستی کرمان (کرم ناسی) helminthology.

٨٢- زانستی ئاتۆم (ئاتۆم ناسی) atomics.

٨٣- زانستی خۆش گوزەرانی (خۆش گوزەرانی ناسی) euthenics.

٨٤- زانستی بیرکاری (بیرکاری ناسی) mathematics.

٨٥- زانستی کشتوکاڵ (کشتوکاڵ ناسی) agronomy.

٨٦- زانستی میوە چێنی (میوە چێنی ناسی) pomology.

٨٧- زانستی بوومەلەرزە (بوومەلەرزە ناسی) seismology.

٨٨-زانستی نیشتەنییان (نیشتەنی ناسی) demography.

٨٩- زانستی ماسییان (ماسی ناسی) ichthyology.

٩٠- زانستی ژەهران (ژەهران ناسی) toxicology.

٩١- زانستی ڕامیاری (ڕامیاری ناسی) political science(s).

٩٢- زانستی جیۆگرامیاری (جیۆگرامیاری ناسی) geopolitics.

هەولێرنامەی کتێب

٩٣- زانستی داروده‌رەخت (داروده‌رەخت ناسی) dendrology.
٩٤- زانستی شکڵ و کەندولەندی زەوین (شکڵ و کەندولەندی زەوین ناسی) geomorphology.
٩٥- زانستی شکڵ و ڕووبەری زەوین (شکڵ و ڕووبەری زەوین ناسی) geodesy.
٩٦- زانستی پیری (پیری ناسی) gerontology.
٩٧- زانستی تەندروستی (تەندروستی ناسی) hygienics.
٩٨- زانستی کەور (کەور ناسی).
٩٩- زانستی واژە ڕۆنان (واژە ڕۆنان ناسی) morphology.
١٠٠- زانستی مووشەکان (مووشەک ناسی) rocketry.
١٠١- زانستی دەنگ (دەنگ ناسی) Acoustics.
١٠٢- زانستی ئاراستەکاری (ئاراستەکاری ناسی) cybernetics.
١٠٣- زانستی وزە (وزە ناسی) energetics.
١٠٤- زانستی چین بەندیی زەوین (چین بەندیی زەوەین ناسی) geology.
١٠٥- زانستی خۆڕسک (خۆڕسک ناسی) physics.
١٠٦- زانستی خۆڕسکی زەوین (خۆڕسکی زەوین ناسی) geophysics.
١٠٧- زانستی لامژان (لامژ ناسی) parasitology.
١٠٨- زانستی فڕین (فڕین ناسی) aeronautics.
١٠٩- زانستی پەڕەوڵان (پەڕەوڵ ناسی) ornithology.
١١٠- زانستی ڕواڵەت (ڕواڵەت ناسی) phenomenology.
١١١- زانستی کێش و سەروا (کێش و سەروا ناسی) matrices.
١١٢- زانستی ماسوولکان (ماسوولکە ناسی).
١١٣- زانستی ئێسکان (ئێسک ناسی) osteology.
١١٤- زانستی دەرمان گرتنەوە (دەرمان گرتنەوە ناسی) pharmacology.
١١٥- زانستی بیناسازی (بیناسازی ناسی) architectonic(s).
١١٦- زانستی ئاوەدان کردنەوە (ئاوەدان کردنەوە ناسی). ئەم زاراوەیە نوێباوە، لە ساڵی ١٩٥٨وە کەوتووەتە نێو ناوانەوە.
١١٧- زانستی لووە کوێران (لووە کوێر ناسی) endocrinology.
١١٨- زانستی میرات بەش کردن (میرات بەش کردن ناسی) law of distribution of estate.
١١٩- زانستی تێفرۆسمان (تێفرۆسمان ناسی) physiognomy.
١٢٠- زانستی فەزایی بابەت (فەزایی بابەت ناسی) astronautics.
١٢١- زانستی کارگان (کارگ ناسی) mycology.

هەواڵنامەی کتێب

١٢٢- زانستی فەلسەفە (فەلسەفە ناسی) philosophy.

١٢٣- زانستی گەردوون (گەردوون ناسی) astronomy.

١٢٤- زانستی گەردوونی تیشک هاوێژ (گەردوونی تیشک هاوێژ ناسی) radio astronomy.

١٢٥- زانستی گەردوونی خۆرِسک (گەردوونی خۆرِسک ناسی) astrophysics.

١٢٦- زانستی گەردوونی خرِۆکی، گۆیەکی، زانستی شوێن دیاری کردن ستێران (گەردوونی خرِۆکی، گۆیەکی ناسی) astrometry.

١٢٧- زانستی فیزیا (فیزیا ناسی) physics.

١٢٨- زانستی یاسا (یاسا ناسی) law, legal science, jurisprudence, science of law.

١٢٩- زانستی مامانی (مامانی ناسی).

١٣٠- زانستی هێزی شلەمەنییان (هێزی شلەمەنی ناسی) hydrodynamics.

١٣١- زانستی کەلام (کەلام ناسی) (scholastic) theology.

١٣٢- زانستی هەموانی (هەموانی ناسی) omniscience.

١٣٣- زانستی کیمیا (کیمیا ناسی) chemistry.

١٣٤- زانستی کارەبا (کارەبا ناسی) electricity.

١٣٥- زانستی کائینات (کائینات ناسی) cosmology.

١٣٦- زانستی لاهووت (لاهووت ناسی) theology, divinity.

١٣٧- زانستی زمان (زمان ناسی) linguistics, lexicology.

١٣٨- زانستی دارایی (داریی ناسی) finance.

١٣٩- زانستی موسەللەسات (موسەللەسات ناسی) trigonometry.

١٤٠- زانستی ئۆقیانووسان (ئۆقیانووس ناسی) oceanography, oceanology.

١٤١- زانستی چارەسازی (چارەسازی ناسی) therapeutics.

١٤٢- زانستی زاراوە (زاراوە ناسی) terminology.

١٤٣- زانستی خوناو (خوناو ناسی).

١٤٤- زانستی مەرتالێن (مەرتاڵ ناسی، کان ناسی) mineralogy, metallurgy.

١٤٥- زانستی زانیارییان (زانیاری ناسی) processing, informatics, information science, data information retrieval.*

بمبەخشن، بەندە ئەم زاراوە کوردییانەم، هەر چەندە وەختی خۆی لە کۆرِی زانیاری کورددا لە بەغدایێ دەگەڵ هێندێ زانایاندا گەڵاڵە کردوون، وەلێ دیسان هەر شیاوی لێوەکۆڵینن و دەمەتەقێ هەڵ دەگرن، زاراوەسازی بەوە دەگوترێ کە دەستەیێ، تاخمێ، برِێ، گرۆیێ، تیرەیەکی تایبەت بێن لەسەر دانان و بەکارهێنانی واژەیەک رێک کەون (أقرب الموارد) یا بە عورف بە بەندوباو لەسەر

شتێ بۆ دیاری کردنی مانا و واژەیێ غەیری ئەو مانایەی کە دەبنیچەدا بۆی دانراوە، ڕێککەون (مؤید الفضلاء)، یا واژەیێ کە کۆمەڵێ بۆ خۆی مانایەکی غەیری مانای ئەسڵی و مانای بۆداندراوی وی، دای نابێ (ناظم الأطباء)، یا واژەیێ کە لە نێوان تیرەیێ لە نەتەوەیەک مانایەکی بڕیار لەسەردراو ببەخشێ، یا بەرەیێ بێ لە زانستێک، هونەرێکدا لە دانانی واژەیێ بۆ مانایەکی تایبەت بەو زانستە یا هونەرە، دەگەڵ یەکدیدا ڕێک کەون کە ئەو واژەیە دەزماندا مانایەکەی ئەوەیە و دەو زانستەدا شتێکی دیکەیە، خاوەنی کەششاف دەفەرموێ: عورفی تایبەت ئەوەیە کە خەڵکێ بێن ناوێ، پاش ڕاگرتنی لە مانا کۆنەکەیەوە، بۆ مانایەکی نرت و نوێ بەکاربێنێ، یا پێوەندیی دوو شتان، چ لە گشت و تایبەت و چ لە هاوبەشی و چ لە وێکچووندا، دووەمیان بە مانایەکی تایبەتی یەکەمیان بەکاربەرێ (تعریفات الجرجاني) بڕوانە: دهخدا، ئەمەش هەر مەجازی خواستنەوە و مەجازی ئەقڵی دەگرێتەوە: ئەگەر پیاو سەروساختی خزمایەتیی واژەکان لە دەلالەت کردندا بناسێتەوە، وەک پێوەندیی "سەبەب و موسەببەب"، "مەکان و مەکین"، "ڕابردوو و ئایندە"، "جوزئییەت و کوللییەت"، لازمییەت و مەلزوومییەت، ئالییەت، گشت و تایبەت، ڕابردوو و ئایندە، ڕەگەز، بری و پەی ئامەد، خوێشاوەندی، سیفەت و مەوسووف، ئەباڵدراو و ئەباڵوێدراو (المضاف والمضاف الیە)، ڕێزلێنان، دراوسێتی، دووفاقی، غاڵبییەت و وێکچوون، یا جۆری کینایەت (مێتافۆرە)کان، ئیدیۆمەکان بە وردی دەرک بکا، بۆ زاراوەسازی دانامێنێ، بەڵام کاتێ خوێندەواری زمانێ لە زمانەکان وەبن لێشاو گۆتاوەڕۆی زوانێکی دیکەوە دەبێ و مجێز و سەلیقەی دەشێوێ یان دەژاکێ، دیارە زەینی زمانە خۆڕسکەکەی خۆی کوێر دەبێ و دەستەپاچە و مجرۆ و موزمەحیل دادەنیشێ و وەک کوردی دەسخەڕۆی لە هەردوو دینەکەی لێ بەسەر دێ.

بۆ پێناسەکردنی زاراوە، زۆری لەسەر ڕێسراوە: خواجا نەسیروددینی تووشی کە زۆری ڕک لە کورد دەبۆوە، دەپاشکۆی ناوە لێکچووەکاندا پوختەی فەرمایشتەکانی ئەوەیە کە واژە دەمانای ئەسڵی خۆدا و هاوچوونیەکەیدا بەکار ببرێ باشە، بەڵام بە ڕەچاوکردنی مانا ئەسڵییەکەی بە مەرجێ ئەو وێکچوون و هاوخزمایەتییەی کە دە ئەسڵەکەدا هەن لە کاتی گوتن و نووسیندا ڕەچاو نەکرێ، ئەمەش بە دوو بەشەوە دەکرێ: یەکەمیان ئەوەیە کە لێچوو لە دەربڕیندا، دەگەڵ پێچوو (ئەسڵ)ەکەدا یەکسان بێ و بەمە دەگوترێ "نێوی ڕاگوێزراو" وەک بەکاربردنی واژەی "مانگ" هەر لەسەرەتاڕا و بە ئەسڵ بە مانای جیرمی ئاسمانی و بە ڕاگوێزتن و ئەرییەتی، بە مانای مەودایەکی تایەن داندراوە، هەروەها بە مانای هاووێنەش بەکار دەبرێ، هەروەها واژەی (عدل)ی عەرەبی بە مانای داد، کە سیفەتە و بەمانای دادگەر (عادل)، کە مەوسووفە بەکار دەبرێ، دووەمیان ئەوەیە لێچوو پتر بەسەر پێچوودا زاڵ بێ و کە گوتت و درکاندت، پێچووت بە درەنگەوە بەبیر بێتەوە، ئەمەش دوو جۆرە: یەکەمیان بەکارهێنانی لە ڕوانگەی زۆرینەوە، بەمە دەگوترێ (باو= عورف) وەک: دەست بەئاوگەیاندن دە ئەسڵدا بە مانای بۆداندراوی خۆی کە دەست بە ئاو شوشتنە و بە عورفی مەجاز بە مانای پیسایی کردن و تارات گرتن و خۆ پاگژ کردنەوەیە، دووەمیان ئەوەیە کە

بەکارهێنانەکە لەلایەن تاخمێکی تایبەکاری زانستێ، هونەرێکەوە بێنە گۆڕێ، بەمە دەگوترێ زاراوە (مصطلح)، وەک: بەکارهێنانی واژەی (قدیم)ی عەرەبی بە مانای کۆنە دەبنیچەدا و بە مانای ئەوە کە هەر لە سەرەتارا هەبووە بە زاراوەی فەلسەفە و کەلام، نێوە لێچووەکان دەبن بە سێ پاژەوە: یەکیان ئەوەیە کە ئەسڵەکە لە دەربڕیندا زووتر و گورجتر بە بیردا دێ و دە زەیندا زێتر خۆش باوە و ئەمەش مەجاز و خواستنەوەیە. دووەم ئەوەیە کە لێچوو زووتر و خێراتر بە بیردا دێ و ئەویان دە زەیندا زاڵترە بەمەش دەگوترێ "لەباوی گشت و زاراوە = عورفي عام و مصطلح". سێیەم ئەوەهێیە، کە ئەسڵ فەرع دە بیرهاتنەوەدا هەرتک یەکسان بن و بە مەش ڕاگوێزتنی ڕووت و پەتی دەگوترێ.

بەڕاستی، لە زاراوەناسیدا ئەو زانستەی کە دەپەرژێتە لێوەکۆڵین و وردکردنەوە لەمەڕ زاراوەکان، گاتفرێد شووتز پرۆفیسۆری زمانی ئەڵمانیایی (١٧٤٧–١٨٣٢) یەکەم کەسێ بوو کە ئەم زاراوەیەی بەکاربرد، زاراوەکە پاش مەودایێ ڕێی کەوتە نێو زمانی ئینگلیسییەوە و بە مانای (پێڕستی نێوان) بەکار برا، پاشان دەڵییە نێو زمانی فەرەنسزییەوە و پاشترێ بەکارهێنانێکی جیهانیی بە خۆوە گرت، لە فەرهەنگە هەمەجۆرەکاندا، پێناسەی زۆر و زەوەند بۆ تێرمینۆلۆجی (زاراوەناسی و زاراوە) دەردەست کراون، تەنانەت وەختە بکارم بێژم هێندە زۆرن لە شمارە بەدەرن: کۆمەڵە زاراوەگەلی هونەری سەر بە یەک زانست، یا هونەر و چەمکەکانی سەر بەوی" (فەرهەنگی زانستان، ئی ئەدەبیات و هونەری ڕەنگکاری، زاراوەگەل، یا واژەیەک کە دەزانستەکان، هونەرەکان)دا بەکار دەبرێن، (فەرهەنگی وێبستەر)، ١– کۆمەڵە واژەگەلی هونەریی سەر بەیەک زانست، لێوەکۆڵین، یا گرۆیەک لە لێوەکۆڵان. ٢– لێوەکۆڵینی پێرۆی زاراوە، یا واژە و ئاوێتەگەلی تایبەت، کە لەبۆ نێو لە چەمکی تایبەت نان بەکاردەبرێن و هەروەها لە بنەما هەموانەکییەکانی سەر بەم لێوەکۆڵین و بەو لێوەتۆژین، بەکاردەبرێن، (فەرهەنگۆکی ڕووبێر)، بە ڕەچاوکردنی پێناسەگەلێک کە فەرهەنگە جۆرەوجۆرەکانی زاراوەسازی بە دەستەوەیان داوین و بەم ڕوونکردنەوەیە کە بە پێناسەی ئەم زانستە لە قەڵەم دراوە و یەکجار هەموانە بەرچاو دەکەوێ، دەتواندرێ پێناسەیەکی ورد و گردەبڕ لەمەڕ زاراوەناسی دەردەست کرێ: دە لێوەکۆڵینی "مەند"دا لە نێوانانی چەمکەکانی سەر بە ڕشتەکانی پسپۆڕەکیدا، هەڵبەتە بڕێ واژە و ئاوێتەگەل، گرۆیێ لە خەڵک، یا تەنانەت تاکە کەسێکیش بەکاری دەبەن، هەر زاراوە دەگوترێ، جا بەم پێناسەیە دەبێ زاراوە بە هاوواتا vocabulary لە قەڵەم بدرێ. بە بیروبۆچوونی زانایانی ئایدیالیست و نیوە ماتریالیست و نیوە ئایدیالیست ڕەنگە، هەرچەندە بە تێکەڵ و پێکەڵیش بێ– شتهایەکیان لەم ڕووەوە ئەنگاوتبێ، بەڵام ماتریالیستی دیالێکتیک کێشەکەی یەکلا کردووەتەوە و دەڵێ: مرۆ لە زیندەوەری دیکە بە وشیاری (ئاوەز) جوێ دەبێتەوە، واتە زیندەوەری بێ ئاوەز هەرگیز ناتوانێ وێنەی شتان، سەرەبەخۆ، بە بیر بێنێتەوە، تەنیا هەر مرۆیە، کە بەهرە و یارای "چت بە مانا کردن"= تجرید–ی هەس، شتان بێ ئەوەی لەبەر چاوی زەق بێتەوە دەبەر زاری یا دەبەر گوێی یا

دەبەر دەستی یا دەبەر لووتیدا بن، ناڕاستەوخۆ هەست پێ دەکا، بەڵام زیندەوەری بێ ئاوەز و بەستەزمان بەو جۆرە نییە... ئەو شتان تەنێ ڕاستەوخۆ هەست پێ دەکا، هەروەها مرۆ خەسیەتە گشتەکانی شتان یەکسەر دەقۆزێتەوە و بە یارا و بەهرەی تایبەتی ئاوەز شتان بەو خەسیەتە گشتانە دەناسێتەوە، کە دەڵێین "دار" تەنێ داری لە مێشکیدا نییە، بەڵکو خەسیەتەکانی سەرلەبەری دارانی دە مێشکدایە و بە هۆی ئەو خەسیەتە هەمووانەوە تاکان دەرک دەکا، کەواسا، هەموو بوونەوەرێ کە تاک (تایبەت)ە دە بوونێکی هەمووانەکانی (عام)دا دەرک دەکا، تاک بێ کۆمەڵ بە بیردا نایە، واتە دە کات و شوێن و ناوی خەڵکانی دیکەدای بەبیردا دێ، دیارە مرۆ بەم پێیە ڕشتەی بوونەوەرێکی کۆمەڵەکیی بەئاوەزە، بێ کۆمەڵ ناژیێ... بێ کۆمەڵ –با مێشکیشی بە زگماک تەواو بێ– هیچ فێر نابێ، زمان، فەرهەنگ، شارستانییەت، ژیاری و هتد... فێر نابێ، دەجەنگەی ئەرک بە خەرجدان و کار و کۆششتدا نەبێ فێری شتان نابێ. ژیاری و شارستانییەت بەکار و ئەرک بەخەرجدان دێنە گۆڕێ "ئەرک پێوانەی بەها و نرخە". (جارێکیان فەیلەسووفێکی ئاخر زەمان فەرمووی: خۆ کەریش ئەرک بەخەرج دەدا، گوتم ئاخر هەر کەرە و ئەقڵی نییە، بێ دەنگ بوو...).

ئەوجا، زمان قاڵبی هەموو ئەزموونەکانی مرۆیە. بە درێژاییی تەمەنی مێژوویینەی وی زمان نەبا مرۆ وەک هەموو بەستەزمانێکی لێ بەسەر دەهات، وەلێ چۆن–چۆنی ڕەفتار دەگەڵ زمان دەکا؟ دیارە مرۆ شتان بە پچڕ–پچڕی و پەڕاگەندەیی و بێ بەندوباری و بێ هاوسەروکاری نابینێ و بیریان لێ ناکاتەوە، شتان بە پێی یاسا و ڕێسای هۆکار و ئاکام و ناچارەکی و ڕێکەوت و ئازادی بیر لێ دەکاتەوە، بۆ خۆت دەزانی هەر یەکە سەروکاری دەگەڵ شتێکی دیکەدا، دەتۆڕی پێوەندیی گشت و ڕەها (عموم و خصوص موتڵەق) و گشت و تایبەتی یەکسەرە (عموم و خصوص من وجة) و دووفاقی (تناقض) و یەکسانی و (مساواة)دا، هەیە، ئەوجا ئەوانە چ لە شکڵ و شێوەی بەرچاو، بەر بێن، بەر چەشکە، بەر بیستن و بەر وێ کەوتن (لەمس)، جا بە خەسیەت، بە بیچم، بە قەوارە، بە ڕواڵەت و گەوهەر و هتد...دا دەبینێ و دەرک دەکا، کەواسا مرۆ لە کاری دەرک بە شتان کردندا، هەمیشە لە تۆڕی دنیای مایەکی و مانایەکیدا ئەمسەر و ئەوسەر دەکا، شتان بە شتان دەچوێنێ، هێندێ گاو دەی ئەنگێوێ و هێندێ جار نای پێکێ.. بەڵام هەمیشە بە ئامادەبوونی یاسا و ڕێسایەکانی ئاوەز، چ بە مەنتیقی فۆرمالیزم (شکلي)یانە چ بە مەنتیقی دەمەتەقێ (دیالێکتیک)یانە لە مێشکیدا، کە بە ئەزموون دەردەستی کردوون، ڕەفتار دەکا، هەر لەبەر وەشە کە چەندان شێواز و ڕێباز بۆ نێولێنانی مانا و ئەزموونی نرت و نوێباو دەدۆزێتەوە و بۆ هەموو ڕشتەکانی زانست و هونەر و فەلسەفە زاراوەی لەبار و لەشان سووکی خۆشباو دادەنێ، دیارە ئەم هونەرەشی لە ئاکامی بەرەو پێش چوونی ئامێرە مایەکییەکاندا وەدەست هێناوە، هەر ئەمەشە کە جوداوازیی لە نێوان کۆمەڵگەیەکی کە بەسەر هەموو پێداویستەکانی خۆیدا ڕادەگا و کۆمەڵەیەکی پاشکەفتیی وەک کۆمەڵگەی کوردی لە کاروان بەجێمای کە بەسەر زۆر شتاندا ڕاناگا، گەلۆ ئەوڕۆ

کورد چەند زاراوەی وەک لە پێشتریم باس کرد، لەو هەموو بواری جۆرەوجۆری زاستەکانی دنیایێدا داناوە و ژیانی شارستانیی ئەوڕۆی خۆی پێی دەستەبەر کردوون. بەڵام با ئەوەشێت عەرزی خزمەت کەم کە زاراوەدانان کاری هەر کەسێ قیت بۆوە نییە خۆی تێ هەڵقورتێنێ، ئەوەی بیەوێ کاری تێدا بکا، دەبێ لە مانای پایین فرە پسپۆڕ و پیتۆڵ بێ:

١- چوارچێوەی قەڵەمڕەوی مانابەخشین (دەلالەت)ی واژە:

أ- ناوی گشت: بەو ناوە کە هاوجۆرەکانی تێدا بەشداربن و هەر یەک لەوانە بگرێتەوە، دەگوترێ. وەک: مرۆ، ئەسپ، باخ، درەخت، ڕەخت.

ب- ناوی تایبەت (عەلەم): بەو ناوە، کە تەنیا یەک تاکی تایبەت بگرێتەوە، دەگوترێ وەک: فەرهاد، فلامەرز، خورماڵ، ئەڵوەن، پیرەمەگروون.

ناوی تایبەت بە کۆ ناگوترێ، بۆ مانای زۆرترگەیاندن واژەی "فرە" و "زۆر"ی لە پێشەوە دەگوترێ، وەک: کوردستان فرە نالی و مەحوی و هەژاری لە باوەشیدا پێ گەیاندووە، لە فارسی و عەرەبیدا بە کۆکردنەوە دەگوترێ، وەک: "كم احتضن العراق من المتنبيين والرصافيين والجواهريين" و "کردستان در کنار خود محویها و نالیها و هذارها را پروردة است". بەڵام ئەمە لە سریشتی زمانی کوردیش و عەرەبیش و فارسیش بە دوورە و لە زمانانی ئەوروپیانەوە دزەی کردووەتە نێو ئەم زمانانەش.

ج- ناوی خۆ: بەو ناوە، کە بۆ خۆی سەربەخۆ بێ و دەلالەتکردنەکەی وەچتێکی دیکەوە نەبەستراوبێ، وەک: کراس، نامە، پیاو، کوڕ، کێشکە، دیوار، باخ.

د- ناوی مانا: بەو ناوە، کە بۆ خۆی سەربەخۆ نەبێ و دەلالەت کردنەکەی وە پای چتێکی ترەوە بەند بێ، دەگوترێ وەک: تێکۆشان، زانست، سپێتی، ڕاستی.

هـ- کۆناو: بەو ناوە، کە لە شکڵدا تاک و لە ماناد کۆ بێ، دەگوترێ، وەک: دەستە، گەلە، تیرە، سپا، بنەماڵە.

و- ناوی ناسراو: بەو ناوە، کە لە کن ئەوەی ڕووی قسەی تێ دەکرێ دیار و لە زەیندا بێ، دەبێژرێ، وە نموونە: ئەگەر شاسوار وە پیرۆت بێژێ: "ئاخرییەکەی کتێبەکەم کری" مەبەستی ئەوەیە کە ئەو کتێبەی ئەو دەیزانێ کڕیوە، ئەمە لە زمانی کوردیدا -کە خوێندەواری تەواو عەیار نەبێ نایزانێ- وەک زمانی عەرەبی، ئەم حاڵەتانەی هەس:

١- لە زەیندا ناسراو (معهود ذهني)، وەک: "دوێنێ مەلایەکەم دیت" مەبەست لەو مەلایە ئەوەیە کە قسەکەر و موخاتەب هەردووکیان دەی ناسن.

٢- ناسراوی باسکراو (معهود ذكري) وەک: هێندێ جار کتێبێ دەخوێنمەوە زۆری چت لێوە فێر دەبم، کتێبەکە زۆر بە کەڵکە" مەبەست لە کتێبەکە ئەوەیە کە لە ڕستەی بەرەوەدا، باسی لێوە کرا.

٣- ناسراوی موشەخخەس (علم شخصي) وەک: نازدار کچێکی زۆر زیرەکە، ئەمە نە مەعهوود و نە مەزکوورە.

ز- ناوی نەناس: بەو ناوە، کە لای گوێگر (موخاتەب) نادیار و ناتایەنە، دەگوترێ وەک: پیاوێ لێرەوە تێپەڕی بۆ ئەم نەناس (نكرة)یە بە کوردی و فارسیش، "ی" لە فارسیدا و "ێ" یا "ێک" یا "یەک" لە کوردیدا بە کار دێ، بە ئینگلیسی: A man crossed through. دەگوترێ لێرەدا یەکایەتیش و نەناسیش هەدوک بە یەکەوە دەگەیەنێ، بەڵام ئەم یەکایەتییە، بەکۆکردنەوەی نەناس (نكرە) کە نامێنێ، کەچی نەناسییەکە هەر دەمێنێ "لێرەوە پیاوان تێپەڕین" بە ئینگلیسی: men crossed through. هێندێ جار بە تەنێ واژەی "یەک" ئەم کارە مەیسەر دەبێ، لێرەوە یەکێ تێپەڕی، هەروەها هێندێ جار ئەگەر بمانەوێ نەناسێ بکەین بە ناسیاو، بەم جۆرەی لێ دەکەین: "پاشایێ فەرمانی دا بێ گوناهێ بکوژن، (بێچارە)یە دەو حاڵەتی نائومێدییەدا، جنێوی بە مەلیک دا". هێندێ جاریش ناوی نەناس "ئەم" و "ئەو"ی لە پێشەوە دێنین، نەناسەکە دەکەین بە ناسراو، وەک: "ئەم (شوێن)ە بۆ ئەو (پیاو)ە دەست نادا".

ح- ناوی تاک: بەو ناوە، کە دەلالەت لە یەک چت دەکا، دەگوترێ، وەک: ژن، شێر، باخ، کیژ، ماڵ.

ت- ناوی کۆ (جمع): بەو ناوە، کە دەلالەت لە دوو یا زێتر دەکا، دەگوترێ، وەک ژنان، شێران، باخەکان، کیژەیل، ماڵان.

لە کوردیدا بۆ کۆکردنەوەی ناوان، ئەم نیشانانەی پایین داندراون:

١- ان: پیاو- پیاو+ان. ژن- ژن+ان. باخ- باخ+ان و تاد...

٢- ها: لەگەڵ هێندێ واژەی تایبەتیدا (زێتر وەک فارسیی خوشکی کوردییە) وەک: جار جارەها، چەن- چەندەها، ساڵ- ساڵەها و تاد...

٣- ێد، ێت، ێن، لە زاری کوردیی باکوردا لە باری ئەباڵدان (إضافة) وەک: کورێد عەلی، یا لە باری وەسپ (وصف)دا وەک: کوردێن بەلانگاز.

٤- "ا" لە شێوەی کوردیی باکوردا، کە کورت کراوەی "ان"ەکەیە، وەک: فۆلکلۆرێت زارگۆتییا کوردا.

٥- گەل، یەل، ێل: بە شێوەی لوڕ و کەڵهوڕ، وەک: مەردمەیل، ژنێل، کوڕگەل و تاد...

٦- دووبارەکردنەوەی واژە: وەک: چین چین، تاق تاق، خانە خانە، قات قات، دەستە دەستە و تاد...

ی- ناوی سادە: بەو ناوە کە تەنیا یەک واژە و بێ کەرت بێ، دەگوترێ، وەک: پا، پێ، ناو، کار، مەل.

ک- ناوی لێکدراو: بەو ناوەکە لە دوو یا زێتر پێک هاتبێ، دەگوترێ، وەک کارخانە، باخەوان، کاروانسەرا، میوانخانە.

سەرچاوە:

١. فینیقییەکان لە ڕووی ڕەگەز و نەتەوەوە سەرەودەریان زۆر ڕوون نییە، وەلێ گومان لەوەدا نەماوە کە بە ئیستیلاح لە بەرەی سامن، ئەم نەتەوەیە کاوێ لەم ولاتی ئێستاکانێی سوورییە و لوبناندا دەژیان و سەرگەرمی کاری بازگانی بوون، بە سێ سەروبەندا تێپەڕیون:

١- سەروبەندی صەیدا sidon: فینیقییەکانی صەیدا دەپێش هاوەلانی خۆدا گەشەیان کرد و لە سەدەی ١٥ەوە تا سەدەی ١٣ی پ.ز. زۆر لە ڕمێن بوون، زێتر لە ڕۆهەلاتی دەریای ڕۆم سەرگەرمی بازرگانی بوون، قیبریسیان گرت و شاریان لێ ڕۆنا و لەوێرا بە کەنارەکانی ئاسیای بچووکدا بلاو بوونەوە و لەوێندەرێش چەندان بازرگانیخانەی ڕینگیان دامەزراند.

٢- سەروبەندی صوور: tyre saur صوور کە خەلکێکی زۆر پەنایان بۆ هێنابوو، لەوێ نیشتەجێ بوون، لە سەدەی ١٠ڕا تا سەدەی ٦ی پ.ز. ئەم شارە گەورەترین بازاڕگای بازرگانیی ڕۆهەلات و دەریای ڕۆم بوو. خەلکی صەیدا بە تایبەت لە ڕۆهەلاتی دەریای ڕۆم کاریان دەکرد، بەلام خەلکی صوور بەریان بە لای حەوزەی ڕۆئاوای ئەو دەریایەوە بوو و لە نێوان ئەمەریکا و ئاسیادا هاتوچۆیان دەکرد، وێڕای وەش هەر وەک خەلکی صەیدا لێرەش ڕووبەرووی کێبەرکێی یۆنانییەکان بوونەوە.

٣- سەروبەندی کارتاژ (قەرتاجەننە): sarthage صوور بە دەولەمەندیی خۆ زۆر بایی ببوو و لە دژی دەولەتی ئاشوور سەرڕێژیی کرد. فەرمانڕەوایانی نیناس ئاوا (نینەوا) و، پێتەختی ئاشۆریان کە مادەکان لە سالی ٦١٢ی پ.ز. داگیریان کرد و وێرانیان کرد و بابل (ناوی ستارەی موشتەری بە یۆنانی، شەنعار کۆنترە، نێوی ولاتێکە لە نێوان دیجلە و فورات و نێزیکەی ٤٠٠ میل درێژی و ١٠٠ میل پانییەتی، قامووسی کیتاوی پیرۆز) گەمارۆیان دا و ئەمە لە سەدەی شەشەمەوە بوو بە هۆی نسکۆ و لە دوودانی. فینیقییەکان جێ دەستیان لە هەموو شوێنێ دیار بوو، کوردستانیان لێوە نێزیک بوو، بەلگەی فۆلکلۆری و وردە سەربووره لەمەڕ بازرگانیی دەریا لە نێو کوردەواریدا زۆرە. فینیقییەکان سوودیان لە بازرگانی بە کوێلە و بردەی ڕەش و سپیی ئەفریقا و ئاسیا و ئەورووپاوە زۆر وەردەگرت. خودا لە خێری دەرنەکا، خۆ بازاڕی شەڕ و شۆڕ تا دەهات گەرمتر دەبوو، سەرکەوتە، بە سەدان کوێلە و کەنیزەکی لە بازاڕەکاندا هەڕاج دەکرد و دەفرۆت، ئەوی قازانجی زۆری لەوە وەگیر دەکەوت، فینیقی بوو.

فینیقییەکان بۆ خۆیان خێوی ئاینێکی ڕەسەنی بە مۆرک و شەقلی تایبەت بە خۆ نەبوون، ئاینیان زێتر لە کلدەکان وەرگرتبوو، زۆریشیان لاف و گەزافی فسفسپالەوانیەتی و درندەییی کلدەکان لێ دەدا... ڕێوڕەسمی ئاینی کلدە پڕ بوو لە وەحشیگەری و خوێنخواری. مرۆی پیر و کەنەفت و پەککەوتە، ئاژەل و ڕەشەولاخی لە کار کەوتە و جەدەویان لە پانتاییی زەوی و زاراندا مۆل دەدان، گۆیا وەنیاز وەبرست و برشت هاوردن و نێ تێ وەگێرانی خاکی لە برشت کەوتە و پەیین کردنی، ئاوریان تێ بەردەدان و گاوگەردوونیان وە مرۆی بەدبەخت سەرەبەر دەنا.

* دیارە کە مامۆستای خوالێخۆشبوو هەندێ لە ناوی زانستەکانی لەخۆڕا نووسیوە و ئەو ناوە ئینگلیزی و لاتینییانەی نووسیونی بەرامبەر بەو واتە کوردییانە نین کە بۆیانی داناوە، بۆیە ئەوەی کە تەواو پێم هەلە بووە سڕیومەتەوە و ئەوانەی ڕاست و نیوە-ڕاستیشن هێشتوومنەتەوە. (واتە)

# دیمانەیەک لەگەڵ مامۆستا شکور مستەفا

ئا: محەمەد ساڵح سەعید

* مامۆستای ناودار و ڕۆشنبیری کورد، شکور مستەفا بە بۆچوونی خۆی سەرچاوەی زانیاری و ڕووناکبیریی قووڵ و بەرفرەوانی خۆی لە کوێوە و بەچی وەها بەرجەستە بووە؟

زانیاری و ڕووناکبیریی شوکور مستەفا لە تەمەنی ١٠–١٢ ساڵیرا لە پێش هەموو شتێکدا لە دایکێکی وە بنەچەکە و ڕەچەڵەک کاکەیی باوەمەردی پاومانی شاری سلێمانی و لە بنەماڵەیەکی چەخماخسازی زۆر کۆنی گەڕەکی سەرشەقام کە بە بەرەی وەستا عەبدوڵڵای زەردکار نامێ بووە، چەکەرەی کردووە. باوکی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا جەندرمەی تورک لەسەر پیشەکەی و ڕەشبگیری تەنگیان پێ هەڵچنیوە و ناچار پەنای بۆ بەهەشتی سەید محەمەدی جەباری، کە ئەو سەروبەندە لە دێی "حەمەک" پۆستنشینی شێخانی جەواری بووگە، بردووە[1].

شوکور مستەفا لە تەمەنی نۆمانگیدا بابی باروبنەی لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا، لە ١٣٤٨ک.دا بەرەو بەزەو لوتفی بینایی چاوان پێچاوەتەوە. وەستا مستەفا دەروێشێکی سەر سپاردەی شێخ کەریمی کربچنە بووە. وەستا محەمەدی کوڕیشی تا لە ٧٠یەکاندا بەڕەحمەت چوو، هەر دەروێشی هەناسانەکەی شێخانی کربچنە بوو. شوکور مستەفا لێڵ داڵێکی بێنەوا و هەناسەساردا لە دوو سێ سەربزن و هێندێ ئەسپاو و ئامێری پیشەی چەخماخسازی وەلاوە و پووشکویەکیان وە میراتی بۆ نەمایەوە... ئەوەش کە مایەوە، برا گەورە بۆخۆی داگیری کرد.

شوکور مستەفا ٥ ساڵی لە تەمەنی منداڵیی لە دێی مامشای قەرەحەسەن لە تەنیا کۆلیتێکی بێ کوناباچکەدا دەگەڵ دایکەدا بەسەر برد. زۆر جارانی بەقرە و هەرا و شاتە شاتی زڕبرا و زڕخوشک و براژن ڕاچڵەکیوە. هێندەی بستێکی دایکی لێ دوور کەوتباوە دنیای دەخرۆشاند، زۆر

.........................................................................................

* ئەم دیمانەیە لە کۆواری کەلەپووری کورد ژمارە ١٧ بڵاوبووەتەوە.



شکور مستەفا

هەواڵنامەی کتێب

جاریشی لەدایکی داوا کردووە بابێکی بۆ بکڕێ، وەلێ داکی کە گەنج بوو بووگەهێمان بابێکی بەدڵی خۆی نەک بەدڵی ویی وەگیر نەکەوتووە بەڵام پاشان لە ناچاری شووی بە مێردی برازایەکی خۆی کە مردووە و کوڕێکی لەدوو بەجێماوە، کردووە. پیاوەکە پیاوی ماڵی سەیید ئەحمەدی خانەقا بوو، دنیادیتە بوو ئەم پیاوە دووەم سەرچاوەی نەمامە زانیارییەکانی شوکور مستەفایە.

مام عەوڵا دنیای فرە دیتبوو، شەڕی ڕووس و عەجەمانی کردبوو لە تەورێزییان گرتبوو، دیگۆ نەخێر و ئیلەکەم و بیلەکەم هەر لە وڵاتی مەسقۆفییان گرتبووم. دوو جارانیان لە ڕێسی ملیڕا بەزمەی تفەنگ ساڵداتی داخکردبوو، مام شانازیی بە ئاسەوارێکی کە بەبڕوای وی لێی بوو بە نەخش، زۆر دەکرد. ئەگەر باسی عروسانی وەدەگێڕا هەر یەکسەر سەری نەوی دەکرد و دەیگۆ: بڕۆنێ، بڕۆنێ ڕووس چتۆ دوو زمبەی داخکراوی تفەنگی ساڵداتیان دەملم ڕاکردووە.. مام عەوڵا شەڕی ڕووسانی لە لەشکری غەیرە نیزامی باشبۆزغی سەیید عومەری خانەقاییێیاندا کردبوو هێندێکیش فێرە ڕووسی بووبوو بەنموونە فێری (ماتشکا) (ماڵە شایی)یەکە، (دایتێ منی کۆشیێ) (ماچێکم دەیە) (تڤەیە گلاسا کراسیڤی) (چاوت زۆر جوانە) یا (ئومریۆم دلا تبیا) (هەر وەختە لە بۆت بمرم) و تاد... بووبوو.

سەرچاوەیەکی دیکەی زانیاریی شوکور مستەفا، خانەقای سەیید ئەحمەدی خانەقا و مەلا ئایشە خان و گەڕەکی ئاخوڕ حسێن و مزگەوتی نایب ئۆغڵووە. خانەقای سەیید ئەحمەدی بەهەشتی هەر بۆخۆی نیوچە ئەکادێمیایەکی کوردەوارییانەی سەروبەندی پاشماوەی تەرزی ڕووناکبیرانەی عوسمانی بوو. جەنابی سەیید ئەحمەدی خانەقا بۆخۆی ئەدەب و ئەدیبدۆست بوو. هەڵوەژێردەی خوێندەوارانی فارسی و تورکی و عەرەبیزانی بیستەکان لە کۆڕ و مەجلیسەکانیدا ئامادە دەبوون، شەو نەبوو باسی ئەدیبێ، شاعیرێ، زانایێ، کەڵەمێردێ لە کورد لە تورک لە عەرەب لە فارس و تاد... نەهاتایە نێو دەمەتەقێ و ڕەخنە و هەڵسەنگاندنەوە، جەنابی سەیید هەر بۆخۆی زانایەکی زەوق پاراوی زەین مووقلاشی مجێز بەقەولی ئەم زەمانە دیموکراسی بوو. زۆرجاران شوکور مستەفا و هەواڵانی سوختەشی لە کەوشەکەنێ، لە گۆشەیەکەوە هەڵدەکوڕمان و دەبوونە گوێدێری ئەو کۆڕ و سیمینارانە، لە هێندێکیان نەدەگەیشتن و تەقەی سەریان دەهات. بەڵان پاشانەکێ بڕەک بە ئیستیلاحی مەلایان تێگەیشتنیان پەیدا کرد ئەوجا هێندێکیان حاڵی دەبوون.

شوکور مستەفا، ناوبەناو ناچار دەبێ مەکووکیانە بژیێ، هێندێ جار لە قوونە ماڵی زڕبرا و گاوێ لە قوونە ماڵی زڕباو و تاوێ لە حوجرەی فەقێیان و تەکیە و خانەقا. دوای ئەوەی مام عەوڵای زڕبابی لە گوندی کەوەڵەی مڵکی شێخ عەبدوڵڵای کوڕی سەیید عومەری خانەقا دەبێ بە سەرکار. ناوبەناو ئامۆشۆی کەوەڵە دەکات. لەو گوندەش هەقە پەیدا بووبوون، خاستری بێژم ماڵی سەیید کە زێتر لە ٥٢ گوندیان هەبوو، هەر لەسەر مڵک و کێشەی مڵکایەتی لێل شێخ عەبدوڵڵای گۆپتەپە و شێخانی ئاغجەلەردا ساردی و سڕی کەوتبووە نیاوانیانەوە، ئیدی ئەوان بەشە هەقەی خۆیانیان

لێ هاوێرکردن کارەکە بووە مامەڕەزایی و حەمەسووری.

شوکور مستەفا لەم هاتوچۆکردنانەی کەوڵەیدا، دەگەڵ بەرەی هەقەدا، نەختێ کەر و خۆڵەمێشیانە تێکەڵ دەبێت، هێندێ مجێزی ئازادانەیان لێ فێر دەبێت زۆر جاران لەگەڵ نەوزەرەی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای زۆر مەرددا لە خزمەت بابی و ئامینە خانمی دایکیدا کە خزمی برایم خانی خەزووری و مەلا محەمەدی دارتاشی بابی مەلیحە خانمی خێزانی شێخ جەلالی خەزووری شەهید عەلی عەسکەری بوو، دادەنیشت. هێندێ جار شێخ عەبدوڵڵای سەیید عومەر هەی هەزار جار غەریقی ڕەحمەت بێ، لە نێوان ئامینە خانمی خێزانی و عەیشێ خوشکی حەمەزەفەدا کە هەرچەندی خەیاڵ بفەرمووی شۆخ و جوان بوو دادەنیشت. هەروا لە بۆ تەبەڕوک نقورچێکی لە ئامینە خانم و نقورچێکی لە عەیشێ دەگرت، ئەوانیش بە ئسوڵی هەقان چ بە نقورچ چ بە تەقە و دەنگی لەناکاو ڕادەپەڕین و دەیانگوت: "هەقە"... تەنانەت ئەویش دەگەڵ کیژەکانی فەقێ سمایلیدا کە یەکجار مریدێکی سەرسپاردەی نەقشییان بوو، لاسایی ئەو بەزمەیان دەکردەوە. دێوانەیەک هەبوو کە خانمەکەی بە کوندە ئاوەوە لە کانیێ وەدەگەڕا لەنێو مەجلیسی پەنا دیواری مزگەوتێ ڕادەپەڕی. لە پاشەوە ئافرەتی تایەنی بەکوندە ئاوەوە بەگیر دەهێنا و وەبەر سووقانی دەدا و ئەو عالەموڵلایەش قوربان ناچار هەر هێندەیان بۆ دەمایەوە کە بڵێن: ئەوە (دێوانە)یە و لێی ناگیرێ.

جگە لە کۆڕ و مەجلیسی خانەقا، کۆڕ و مەجلیسی شێخ مستەفای شێخ باقیش هەبوو، شێخ مستەفا پیاوێکی دڵاوا و بەرچاوتێری قسەخۆش و فرە حەز لە قسەی وەسەجع و قافییە بوو، تەنانەت تا ئەوڕۆکەش شێخ عەبدولجەلیلی هاوڕێی دێرینم کە ئەرشەدی ئەولادی شێخە و پۆستنیشینی تەکیەی شێخ باقییە -خودا تەمەنی درێژ بکات- هەر لەسەر ئەو زەوق و مجێزەی بابی مایە... بەندە ناوبەناو "سەگایەتی"ی قاپییەکەی ئەو تەکیەیەشم دەکرد، ئەویش هەر جێی سیمیناری ئەدبیات و زانست و زمان و فەلسەفە و هەمەجۆر بوو. زۆر جار شەرەفی حزوورم لە خزمەتی فارسی و تورکی و عەرەبیزانی هۆگری ئەو تەکیەیەدا بە باڵا دەبڕدرا. خورشید بەگی ئەرسەلان، کاک عەلی بەستێی ئازا و مەرد، عەبدولعەزیز خولووسی، چەکمەی ئینگلیس ئاغەیەکی پشدەر کە شێخ مستەفای بەهەشتی زاوای یەکێ لەوان، ئەحمەد ئاغای بێشری بوو، زۆر کەسی ناوداری دیکە لە مەجلیسی تەکیەدا پاش نوێژی شێوان خڕ دەبوونەوە و تا درەنگانێ لە هەزار ئاشیان دەکرد، وەلێ زێتر ئی وەکە شوکور و فەقێی دیکەی هەمیشە تامەزرۆی نان و شۆربا و دەرەتان و زانست، دەیان ماڵییەوە...

خۆ ئەگەر شوکور باسی کۆڕ و مەجلیسی مامۆستا مەلا ڕەزای واعیزی بەتیرە کوردی مەنمیتان لۆ بکات، ڕەنگە زۆر بەدرەنگەوە لێ ببێتەوە. هەر هێندەتان عەرز دەکا کە ئەو پیاوە تا بفەرمووی مەلای چا بوو، کەڵە مەلای لە هیچ کۆنەکەرەوەی وەک مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانیی ڕەحمەتیی فەقێ بوو، مەلا عومەری موەفەریی پێگەیاند، مەلا سەعدوڵڵای کوڕی مەلا محەمەدەمینی هەوایی زادەی پێگەیاند، مەلا خورشیدی ئەحمەد بەگی سیامەنەسووری کرد بە مەلا و

کوردپەروەری چاک و تاد.

شوکور مستەفا، هەر لەو تەمەنی ١٠-١٢ ساڵییەدا زۆر جاران لەناکاو ڕێی کەوتووەتە کوڵ و کانیی ژنانی ڕووت و قووت و کچۆڵەی غوباب، بێ عەدەوییان لێ بە بیانگە گرتووە و دە بنەخۆیان ناوە و بە دوو سێ کەسانیان مەشکە ژنە پێی کردووە، پاشان دە ئاوێیان ئێخستییە و بەزۆر قوتیان پێ وەخواردەوە و نیوە گۆڕەوشارێکیان داوە و ئەوی بەویان کردووە نە جوو بە سورمان و نە یەزید بە حسێنی کردووە حەپسە و سەبرییە ناوێ لە کەوەڵە هەبوون، ناوبەناو لە کەرکووکێرا بە سەردان هاتوونە وێ، تورکمانییان زانیوە هەر لەبەر هێندێ کە ئەویش تورکیی زانیوە بووە بە ئاشنایان، ڕۆژانە لە کنە خۆیانیان گل داوەتەوە، چتی خۆشیان داوەتێ، خولاسە هێندەیان هۆگر بووە، شەوانە شەرع شەرمی نییە خەون یان زیندە خەونی پێوە دیتوون، بەڵان هێشتانەکێ ئاوەزی بەوەدا نەشکاوە کە داخوا ئەو سەروساختەی دەگەڵەواندا هەیتی تەنێ هەر هۆگرییەکی ڕەفتەنی یان ئەشق و ئەوینی بووگە؟ ڕاستیت گەرەکە ئەو دوو چتەی بۆ لێکتر هاوێر نەکریاگە.

شوکور مستەفا کیژ و کاڵی هەرزەکاری تووڵەکی وەکە خۆی فرە کەڕەتیان لەسەر یەک جێ دەبن یەک لێفەیدا دەباوەشە خۆگوشیوە و دەمیان لەنێو دەمی نایە و چەندین واژەی باڵداری زمانی زایەندییان لە چڵەپۆپەی لەخۆچوونی بەزدانیدا بەگوێدا چرپاندووە و ئەمێستاکەش وەک تەسریفی زنجانیی لەبەر ماون، وەلێ هێمای مجێزی کوردەواری برش هەڵێناوە، بە ئاشکرا و ڕاشکاوی و چاونەترسانە پێی ڕانەهاتووە کە دە تۆولۆی نووسینیاندا، لە گوێن ئامیان زەوقبازی پێ هەوێن بکرێ...

شوکور مستەفا لە هەموو چتێ، ویستوویە دەستە ئارتێی لە زمانی تایبەتی خۆی فێر ببێ. بۆی هەڵکەوتووە شەوی زاوابوونی دوو ئەویندای فرەتامەزرۆی یەکتر کە بە ئەنقەست نەبووە و هەر کارەکە وا ڕێکەفتگە، بەچاوی خۆی ببینێ. ئەم سێوییە قەلەندەرە چەندین جاری تراجیدیای کیژ خەتەنەکردن و بە ئیستیلاحی بەند و باو "ئابڕووتکاو" بەرەواژ سواری چارەوێ کردن و خۆڵ و دۆ بەسەرکردندا نەعوزوبیلا لەو ڕۆژە ڕەشە- بەچاو خۆ دیتووە. تا ئەوڕۆکەش هێندی زاراوەی ئەو (هونەرە) و هونەری دیکەی وەکە ماین لە نێرەکەری قیبریسی چاکردن یان (چاتکردن) و وەبەران هاتنی مەڕ و دەسپەڕی گیسکە نێر و پانپانۆکێی پەنا ئەشکەوت و پشتیران و زەماوەندی چوونە مازی چنێنێ و بندارۆک و سەیران و دە شایی ڕەشبەڵەکێدا دەست و پەنجەش گوشین و لاسمت و سورێن لەیەکدی خشاندن و ژانگرتن و زریکەی ئافرەتی ئاوس، ئاخ و ئۆفی گاز و مەمک گوشینی، لە نزیکڕا بە ڕێکەوت بەگوێی خۆی زۆر جاران بیستووە و دەیان چتی لەم جۆرە دیمەنانە و تاد، بەچاوی خۆی دیتووە و فەرهەنگی زمانی خۆی پێ تێر و زەنگین کردووە. زۆری ڕێ کەوتووەتە نێو کۆڕی ژنان و بەمەحرەمیان زانیوە و هەر لەسەر ڕانی خوشکی، خزمێکی خەوی پێدا کەوتووە و گوێی لە باس و خواسی شەوبەخاڵی و تەرح و تەرز و باری شەوبەخەڵی و جۆری کاکەلاس و خەمشە بووە، یەک گوتوویە نێرەکە کاردووانە، یەک فەرموویە: دەسکە دۆڵانە ئەوی دیکە گوتوویە:

یارکۆکییانە، یەکی دی گوتوویە کەرەکییانەی سەر لە نێوک سوو و درێژ و ئەوی هەرە بەئەزموونیان گرتوویە: نەخێر "نە کورت و نە درێژ، کۆڵەمست و ئاورێژ" وا ڕێککەوتووە شوکور مستەفایان بردووەتە گویزگیلی حەمام، کە بەبێ عەدەویان دیتووە، کوێت دێشێ وەبەر گەلاکوتکیان داوە و قەیاریان کردووە، وەلێ هێندێ نێوی شتی بابەتی حەمامیی لەبیر ماون و ناوبەناو لە نووسینەکانیدا دەگەڵ خوێنەردا وە سەرەتاتکێ دەکەون.

شوکور مستەفا لە چاوەنۆڕیی ١٠–١٥ ڕۆژی نۆرە ئاش وەبەرکەوتندا فێرە سێ ڕیزەکان و نۆڕیزەکان و دامە و یەکباز و سێباز بووە و زۆری کەڵک لە خاوەن باراشی لەک و لوڕ و کەڵۆڕ و کاکاییی ماچۆزوان وەرگرتووە. سوودی لە زمانی ئاژەڵداری، کشتوکاڵ، پیشەگەری، هۆز و تیرەگەری، کێشە و هەرای نێوان ئەم خێڵ و ئەو عێل، لە نێوی گیا و گوڵ و دار و درەخت و گەزەندە و خزندە، لەڕان لەگەڵدان، لە گاوانی، لە ساوالەوانی، لە گەلەجووت، لە گەلەدرەو، لە دەستیاوی هەرەوەزیی زۆرکاری گوند و لادێیی، لە شەڕە گەڕەک و شەڕە گاگەل و یاری و شایی و زەماوەند و کلاوێن و جگێن و هەڵماتێن و مزراحێن و گوێزێن و تاد... زۆر وەرگرتووە، لە کۆڕ و مەجلیسی ئاغا و بەگلەر و شێخ و مەلا، لە کۆڕ و مەجلیسی ژنانی سەرە و قەیرە و جحێڵ و جلفڕ و شەڕفرۆش بەهرەمەند بووە، بەبەخت وەخوێندنی زۆر خانمی عالی جەنابی کورد و تورک و عەرەب و ئەرمەنی و فەلە، چووەتە نێو جەنگەی دنیای سایکۆلۆژیی ژنانەوە و زۆر چتیان لێوە فێر بووە، لە مەجلیسی وەعزەکان مەلا ڕەزای واعیز لە ئێوارە وەعزەکانی بەزمانی تورکی لە مزگەوتی منارە نەخشینەی کەرکووکی شاری دێرینی کورد و تورکمان و کلدانەکاندا، لە کۆڕی مەلا عەبدولەجیدی قوتب، کە بۆ خۆی ئەکادێمیایەکی ئەدەب و فەزڵ و هونەر بوو، لە کۆڕەکانی بەیانیە دەرزگوتنەوەی مامۆستا مەلا ئەحمەدی مەلا حەکیم کە موجتەهیدێکی گەورەی بەرەچەڵەک کوردی گوندی تورکمانباخ بوو، شیرەی گەوارای بەشی خۆی هەڵمژیوە، لە خزمەت مامۆستا مەلا عومەری ئۆمەر گونبەتی لە خانەقا خۆشەکەیدا سەماعی کردووە. لە دیوەخانی ماڵە نەوتچییەکان، جەلالیەکان، قەلایەکان، کۆڕ و زیکری تەکیەی شێخ قەرەچێوار، شێخانی کربچە، سەییدەکانی نعێمی ریفاعی بەرەی شێخ ساڵحی چیمەن، شین و شەپۆڕی حەزرەتی حسێن لە خوورماتوو و تازە و تسن، لە کۆڕ و مەجلیسەکانی سەیید شاکر کاکەیی دەوروبەری ئیمام سوڵتان ئەحمەد خانی کاکەیی مەجلیسەکانی کوڕانی تەها بەگ و تۆفیق بەگی ساڵەیی لە گەڕەکی موسەڵلا، فرە فێربووگە لە حوجرەی مەلا سەعیدی نائیب ئۆغڵوو، لە حوجرەی مەلا محەمەدی خانە سپی، لە حوجرەی مەلا ئایشە خان لە ئیمام قاسم، پاشان لە مەدرەسەکەی مەلا محەمەد ئەفەندیی تورکمانی، کە لەسەر ڕێبازێکی نوێ شاگردی فێری تورکیی کۆن و لاتینی و فارسی و عەرەبی دەکردن، خوێندووە، ئەم ژیانی گوڵوەچنێ و دەسک لەدوو کردنە بەبێ وەی هیچی تێ بچێ، تا ساڵی ١٩٣٩ درێژەی کێشاوە.

شوکور مستەفا، لە سەرێکیشەوە شاگردی بەردەستی وەستا فەرەجی چەخماخسازی برای

بووە لەوێشەوە زۆرێ ناوی ئەسپاو و ئامێر و جۆری چەک و فیشەک و ناوی جۆرەکانی باروت و تەرەقە و قەوان و تاد...ی فێر بووە. تەنانەت لە مشتەرییە عەرەبەکانی دەشتی حەویجە هەر لەو تەمەنی ١٥-١٦ ساڵییەدا فێرە عەرەبیی شەرگاوییانە بووە، لە ماڵەوەش کە وردە بەردەستییەکی براژنە سێلڤییەی سێ شووکردووی دنیادیتەی لە وەستا فەرەج وەجاغ کوێری دەکرد سەتان چت فێر بووە براژنە سێلڤییەی داستانەکانی شا سمایل، سوڵتان جومجومە، ئەسلّی و کەرەم، دەدە قۆرقوت، سوڵتان عەودال، دادال ئۆغلوو، دیوانی یونس عەمرە، دونیا گوزەلی و تاد. پێ وەدەخوێند، پێشتریش دەماخی وە داستانسەراییەکانی حەوت شەو و حەوت ڕۆژەی مام عەولای زڕبابی چاخ بووبوو..

شوکور مستەفا لە ١٩٣٩دا دەچێ بۆ لای حاجی عەباسی برای لە شاری بەسرە، نزیکەی ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە. لەوێ عارەبییەکەی هەر تەواو دەمەزەرد ئەوێتەوە، لەوڕاکە، زۆر چت فێر ئەوێ، چاوی بەسەتان جۆرە مرۆی ئەوروپایی کە بەبۆنەی شەڕی دووەمی جیهانەوە لەوێ مۆڵیان خواردبوو دەکەوێ پاشان وەردەگەڕێتە کەرکووک، گرانییەکی پیس دادێ نرخی کەویجە گەنمێ خۆ لە دیناریێ سەرووتر دەدا، شەکر و چا دەکەوێتە لرخەلرخ، بەرگ و پۆشاک لە گوێنی ساز دەکرێن، قاتوقڕیی بێبارانیی سالانی ٤٠، ٤١، ٤٢یش سەرباری هەموان لەشکرەکانی سوێندخۆرانی ئینگلیس و فرەنسی و لەهەستانی و ئیسپانی و ڕۆمانی و یۆنانی و تاد... سەرلەبەری دەورووبەری کانە نەوتەکانی کەرکووک و خانەقین و موسڵ و عینزالەیان تەنیبوو، باڵداری پێدا هاتبا باڵیان دەشکاند، ناڵداری پێدا ڕۆیشتبا ناڵیان دەشکاند سەتان کەمپ و ئۆردوگا لە وڵات قوت بوونەوە. خەڵکی گوندەکان لە هەموو ناوچەیەکەوە بەرەو ئەو کەمپ و ئۆردوگایانە سەرەوژێر دەبوونەوە، کوردیش لەتاو بێبارانی و بێبژێویی هێزی دەست و بازوو هەرزان و تالانفرۆش، بەو دنیایەی وەربوون، هەموو بوون بە کوولی (کرێکار)ی سوپای هیندۆس و سیک و گورگە و بانیانی و پۆلۆنی و ئینگلیسی و ئیسپانی و فەرەنسزی و تاد.. و ڕۆژی بە ٦٠ فلسان بۆ کوردی دۆنەدیتوو، نیعمەتی خودێ بوو. ئەویش وەک ئەو حاڵەمولّلایەی لەتاو برسێتی و ڕووت و ڕەجاڵی ناچار ملی لەبەر ملی کوولێتی نا و لە کەمپی نێوان تۆپزاوا و ئیستگەی شەمەندەفەری کەرکووک- بەغدایێ وەگیرسا. کەمپەکە زۆر زەلام بوو، نێوی C.R.E بوو، فۆڕمەکانیان ئادەم دنخە و مەنسوور و U.P بوون. کارەکەیان حەمباڵی بوو، دەبوا هەر کەرەستەیەکی لە چیمەنتۆ، ئاسن، دار، خشتی سووروەکرای، درکاسن، خێوەت، چادر، چەک و موهیممات، تەنانەت بیرە و ویسکی و شەرابی لە هەمەتەرزە، سووراو و سپیاو و کاپووت و هەرچییەکی ئەوتۆ بەبیرتدا گوزەر دەکا بۆ ئافرەتی لەهیستانی و ئینگلیسی و ڕۆمانی و مەجارستانی و فەڕەنسزی کە وەکە پاشکۆی سێرڤیزی بەگەڵ سپای سوێندخۆران درابوون، لە فارگۆنانڕا لە بۆ عەمبارەکانی C.R.E بەدەست و باهوو و شان و شەپیلێکی کوولیی کوردی لەڕولاواز و بە ژەمێ تێر و بە سێ ژەمان برسی، ڕاگوێزرابان. ناوبەناو دزییشیان دەکرد، ئەرێ وەڵلا. بەرانێکی چتی زۆر خوێڕیلە- خوێڕیلەیان دەدزی، قازمە، خاکەناز،

تاسە چیمەنتۆ، ئەرێ، لەو جۆرە ئەسپاوانەیان دەدزی. هێندەیان ئاقر و ئاوەز نەبوو، دوو سندووقە فیشەک، چەند دانە تۆپێ. بەڵێ، شوکور جارێکیان ئاقری پێدا شکا، دوو بۆمبای دەستیی لە عەمباری دزی، بۆ کاکی وەستا فەرەجی بردەوە. وەستا فەرەج بارووتەکانی دەرهێنابوو، هێندێ فیشەکی عەمەلیی یازدە تیری بۆ کاکە حسێنی سەیید پێ داگرتبووەوە، گوتووبوری: بارووتی چاکە، دووکەری ناکە.

شوکور مستەفا ١٦ مانگانێ لەو کەمپە حەمباڵیی کرد دەگەڵ کچە جوولەکەیەکی لەهەستانیدا بووبوو بەئاشنا، لەبۆ کەنیشتی جووەکانی کەرکووکی ڕێبەدیی کردبوو پاکەتە پسکیتێ بەشکرەوە و سێ پاکەتە سیگاری Vی مستەر چێرچل و دوو پاکەتی گۆڵد فلاک و پاکەتێکی ٥٠ سیگاریی پلایەرسی خەڵات کردبوو. ئافرەتەکە نێوی ماریۆلا بوو، زۆر ناسک و شیرین بوو. سەگێکی هەبوو لە پێشدا سەگەکەی لە شوکور مستەفا خۆشتر دەویست، بەڵان پاشانەکی ڕۆژێکیان بەهار دەبێ، شوکور بەگەڵەخۆی دەدا، بۆ بن تانکیی ئاوەکەی تەپەی مەلا عەولای دەبا، لەوێ هێدێکی دەلاوێنێ... خودای تۆ کردی مام عەولای زڕبابی، کە ئەویش لە کەمپی C.R.E کە لەبەر خاتری کاکە حسێنی سەیید کرابوو بە سەنتەری (پاسەوان) ڕایانگوێزتە سەنتەرێتیی مەلەوانگەی خوار شەقامی هەولێر، لەنێو باخچەکانی (ام الربیعین)دا، ئیدی شوکور نانی کەوتە ڕۆنەوە، هەر ڕۆژە نا ڕۆژێ، قوربان، کەلەورانی ئافرەتی ئورووپایی سێرڤیزیی بەگەڵەخۆ دەدان، لەبۆ مەلەکردنێی دەبردن، خولاسە لە سای ئەو کارەیەوە، کردیان وە ڕەبەر و ڕێنمای ئافرەتەیلی پاپوز مەڕمەڕین و سمس و سورین تورت و خڕپڕ دەمخونچە–دەمخونچەی سەرگۆنا ئاڵ– ئاڵ و ناوتەنگا وەک مێروو و قژکاڵی لێو ئاڵ، ئەوەنە نازدار بووگن، کورد واتەنی: نە کردبات نە خواربات هەر تواشای گەردنت کردبان... شوکور لێڵیانا بوی وە یەک ماڵ بێ ئەو دەسیان وەئاوا نەدەکرد.. بۆ ناو بازاڕی ئەوردن، بۆ کەنیسەی گاورەکان قەڵای کەرکووکی ئەوردن، تەنانەت جارێکیان لەبیریە بۆ باخچەکەی ماڵ یوونس ماهیشی بردبوون. دەی ڕۆژگار هات و ڕۆژگار بەسەرچوو، شوکور مستەفا لەم کاری کوولیەتییە وەڕەز دەبێ، دەچێتە کن وەستا فەرەجی برای دەیداتە سکاڵا و گلی و گازن، ئەویش یەژێ کوڕەکەم: تۆ خوێنەواری بۆ ناچی ببی بە فەقێ؟ ئەویش هەر یەکڕاست دەچێتە کن مام عەولای زڕبابی کە ئامۆزای فەقێ حسێنی حەکیمی نامیی مەنتک و برای مام شێخ بوو، دەگەڵ بنەماڵەی مەلایەکانی سێ گردکانی لای مەخموور بۆرە خزمایەتییەکی هەبوو، مەلا سەعدوڵڵای کوڕی مەلا محەمەدەمینی هەوایی زادەی برای مەلا شەریف و مەلا تەیبی دەناسی. بردییە خزمەتی مەلا سەعدوڵڵا لە مزگەوتەکەی شۆڕیجەی کەرکووک بوو بە فەقێ. شوکور مستەفا ڕاستییەکەییت گەرەکە فەقێ نەبوو، ڕاستتر بێژم فەقێ ئەفەندی بوو، تورکی، فارسی، عەرەبیی لە خزمەت مەلا محەمەد ئەفەندیی تورکماندا خوێندبوو، ڕۆژنامە، کۆوار، کتێبی پەڕسپی– پەڕسپیی چاک دەخوێندەوە، بەڵێ مامۆستایەکەی عەرەبیی تەنێ هەر کتێبەکانی مەلایانەی پەڕزەردی دەزانی، وەلێ شوکور مستەفا لەوانەش دەگەیشت و لەوانی ئی پەسییشی دەزانی. خولاسە ئەوی

کە مامۆستای پێی دەگوت: گۆیا لەبۆ ئەوەی بوو کە فێرە عەرەبی بێ، بەڵان ئەو وەک دەڵێن بەبێ نەحو و سەرف خوێندن، بە عەرەبیی دەخوێندەوە و قسەشی بەڕەوانی پێ دەکرد، شوکور مستەفا دەگەڵ مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی و مەلا خورشیدی سیامەنەسووری و مەلا عومەری مووەفەری و مەلا سدیقی بلووکێنیدا بوو بە ئاشنا و ڕۆشنا. ئەوان خەریکی کوردایەتی بوون. شوکور مستەفا لەو سەروبەندەدا هیچی وای لەم بەزمە نەدەزانی، ماوەیەک لە خزمەت مەلا سەیید ئەحمەدی دان ئاڵتوونی جەواری خەڵکی لای خۆیان تا ناوەندی سیووتیی خۆند، دیارە لای چەند مەلایەکی دیکەشی خۆندووە، ئیدی وردە-وردە بیروڕای کوردایەتی و باس و خواسی کۆماری مەهاباد و مەلا مستەفای بارزانی و ئەم جۆرە قسانە بەنێو کۆڕ و مەجلیساندا بڵاو دەبێتەوە و شوکور مستەفا وەک پووشووی هیشک ئاور دەگرێت سەری زمانی و بنی زمانی دەبێ بە باسی کورد و کوردستان و لەو جۆرە بابەتانە. ئەوەشت لە بیر نەچێ شوکور مستەفا هەر لە سەرەتاوە مەزەوی فرەوان بوو، وەک مەلا و فەقێیەکانی دیکە نەبوو زوو-زوو دەچووە سینەما، فەقێ ئەحمەد ناوێکی هاوڕێی خۆی بووبوو بە هاودەم و لافی نەختێ مۆدێرنییان لێ دەدا، دەچوونە نەورۆز، خەڵکیان بوێرانە بۆ چوونە نەورۆز دەنگدەدا، لە شایی و زەماوەند و ئیجازە وەرگرتنی مەلایاندا شاییی فەقێییانەی چاوباشقالانەیان دەگێڕا، هەی پێدا-پێدا و فاتمی و زاڵمی دوو هەڵبەستی فەقێیانە بوون، لەبیریە لەگەڵ مەلا مەحموودی کزەڵی شاعیری هاوڕێیدا یەک حەوتووی تەواو زەماوەندێکی شاییی فەقێیانیان لە مزگەوتی ئیمام قاسم گێڕا و دەنگیان نووسابوو، ناچار قاوە و ڕۆنیان دەرخواردان.

شوکور مستەفا لەگەڵ مەلا نووری ئاغجەلەری بووبۆ دۆست، مەلا نووری وەسەر کەڵکەڵەی چوونە بەغدایی ئێخست، لە هاوینی ساڵی ١٩٤٧دا وەجووتە سوار هەیپیێیان لێ کرد، بەغدا ڕێت بێ، خۆیان گەیاندە مزگەوتی قەمبەر عەلی. حەکایەتی ئەم قەمبەرە عەلییە کاک مەلا نووری، خودا یار بێ لە یاداشتەکانیدا بڵاوی دەکاتەوە، بەڵێ هەردوو جووتە سوارەکان: مەلا نووری لە کوللییەی شەریعەت قبووڵ کرا و شوکور مستەفا لە مەدرەسەی (الهداية الاسلامية) دامەزرا. لە خزمەت مامۆستا "شێخ قاسم القیسی"ی مامۆستای الرصافی و مامۆستا مەلا محەمەدی قزڵجی و مامۆستا حامید مەلا حوێش و مامۆستا مەلا نەجمەددین واعیز و مامۆستا شێخ عەبدولقادر خەتیب ساڵێ دەرزی خوێند. ساڵی ١٩٤٨ بوو بە ڕاپەڕین "وثبة". شوکور مستەفا فێرە چوونە موزاهەرە و ئەم بەزم و ڕەزمە بوو، خولاسە بوو بە سیاسی... بۆ ساڵی ١٩٤٩ ئەویش چووە کوللییەی شەریعە لەو ساڵەدا لەسەر موزاهەرە ساڵێکیان لە خوێندن دواخست و ساڵێکیشیان بۆ شاری بەسرە دوور خستەوە و دەبوا هەموو ڕۆژێ ئێوارە و سبیانی چووبا پۆلیسخانەی ئیمزای ئیسپات وجوودی کردبا، شوکور مستەفا زووتر ڕێی بەسرەی کرابووەوە چوون ماڵی حاجی عەباسی برای لەوێ بوو، کە لە موراقەبەی پۆلیس ڕزگاری بوو، وەگەڕا سەر خوێندن زوو-زوو دەچووە بەسرا. لەم چوونە بەسرەیەدا، مام قادر (مەجید عەبدورڕەزاق)ی ناسی، شەنوەری ناسی،

فەلاحی و کەسانی دیکەی ناسی... لە ساڵی ١٩٥٥دا کوللییەی شەریعەی تەواو کرد، مام جەلالی بەڕێز لە پێش خۆوەی بۆ شامی هەنارد، پاش یەک دوو حەوتوو بۆ خۆشی تەشریفی چوو، بەڕێ دەریای سپیدا لە لازقییەوە بە کەشتییەکی چکۆلانەی پادشای ڕۆمانیا بە هەزار ناری عەلی بە قیبرس و رودس و دەردەنیل و دەریای ڕەشدا، گەیشتە کۆستانزا (کوسطنجة) و لەویڕا بە شەمەندەفەر، بوخارست خۆت بگرە هاتن و لەوێشڕا بۆدابیست خۆت بگرە هاتن و لەوێشەوە پراغ خۆت بگرە هاتن لەوێشەوە وارشۆ خۆت بگرە هاتن، لە فیستیڤاڵی ساڵی ١٩٥٥دا بەناوی کوردەوە هاوبەشیی فیستیڤاڵی لاوانی جیهانیان کرد. وێنەی جەنابی مەلا مستەفای نەمریان بە بەرگی جەنەڕاڵییەوە لە کۆڕەوی فیستیڤاڵدا بەرز کردەوە ئاهەنگێکی گەورەیان لە میبزبۆرسکا (جێ نووستنی فێرکارانی پۆلیتەکنیکی لەهەستانی)دا بە هاوبەشیی زۆربەی لاوانی جیهان گێڕا. لەوانە بۆ ئەو ئاهەنگە کوردییە بانگ کرابوون، نازم حیکمەتی شاعیری تورکی ئینتێرناسیۆناڵ بوو، مام جەلال زۆری ڕێز لە نازم حیکمەت گرت، دەستێ ڕانک و چۆغەی کوردیی سۆرانیی خورمایی ڕەنگی جوانی خەڵات کرد، شوکوریش کە بە فەرمایشتی مام جەلال بۆ ئاهەنگەکەی بانگهێشت لێ کردبوو، تەرجەمەکەی تورکیی شیعرە نامییەکەی مام هەژاری نەمری دەگەڵ مارگێت کاهتەر (گۆتە)، وەرگێڕی تایبەتی شیعری نازم حیکمەتدا بۆ خزمەتی ناردبوو، شوکور مستەفا زۆری لەگەڵ مام جەلال هەوڵ دا، لە وارشۆ بمێنێتەوە و لەوێ بخوێنێ، وەلێ مام جەلال لەسەر گەڕانەوەی بۆ وڵات سوور بوو، دەیگۆ ئێمە بۆ ئەوە هاتووین دەنگی کورد لە دنیا ڕاگەیەنین و وەگەڕێینە وڵاتی خۆ، بۆ خەڵکی وەرگێڕین کە ئێمە چمان بۆ کورد گوتووە و کوردمان کوو بەدنیا ناساندییە. مام جەلال لە وارشۆوە بۆ خزمەت جەنابی مەلا مستەفا بارزانی چوو. لەوێ بەخزمەتی گەیشتبوو. شوکوریش پاش سەفەرێکی بەرلینی ڕۆژهەڵات، ڕێوڕاست وەگەڕایە سوورییە و پاشان لەوێڕا وەگەڕایە بەغدادێ.

شوکور مستەفا، پاش گەڕانەوەی بەیارمەتیی بەهەشتییان محەمەد سەعید قەزاز و زانای گەورەی کورد جەنابی تۆفیق وەهبی بەگ لە باقووبە بە مامۆستای زمانی عەرەبی دامەزرا، لە ١٩٥٧دا لەسەر موزاهەرەی حەمید عوسمان دەگەڵ زاهیر شاویدا بۆ عانە و راوە–یان دوور ئێخستنەوە، شوکور ساڵی تەواو نەکرد، لەسەر موقاتەعەی ئینتخابات لە عانەیان وەدەرنا. پاشان بەهەزار ناری عەلی ئالووسییە پێشکەوتخوازەکانی رومادی، لە حەببانییەیان دامەزراند، لە ٥٩دا بۆ کەرکووکیان نەقڵ کرد. پێش هەرای کەرکووک، دەگەڵ شێخ عەبدولجەلیلی شێخ مستەفای شێخ باقیدا باجایەشی کرد و ئەو وەگەڕا کەرکووک و شوکور چووە سلێمانی. شوکور لە ١٩٦٠دا مووسا سەمەد بۆ قەڵادزەی دوورخستەوە، بەوەشەوە نەوەستا بەرەو کەربەلا و نەجەفی باروبنەی پێ پێچایەوە. شوکور حەوت ساڵی لە دارولموعەلمین دەرزی کوردی عەرەبیی بە عەرەبی کەربەلا و نەجەف گوتۆتەوە. خۆشترین و بە بڕشترینی ساڵانی ژیانی ئەم فەقێ ئەفەندییە ئەم ژیانی کەربەلا و نەجەفی بوو، هەر کەربەلایەکە بۆخۆی "دەبستان" و "دەبیرستان"ێکی شاهەنشاهییەتی ئێران

تێدابوو. ئەوجا کتێبخانەیەکی پارێزگای کەربەلاش هەبوو. بەسەتان کتێبی فارسی و ئازەری و عەرەبیی تێدابوو، یەک دوو کتێبخانەی ناو بازاڕیش هەبوون، "کیهان هفته"، "اطلاعات"، "خواندنیها" و کۆواری "کیهان هفته" و کتێبی سەربەسەر و بەندی تووده و کتێبەکانی "د. تەقی ئارانی" و تاد...یان بە مورەتتەبی تێدا دەفرۆتران.

پاشان شکور مستەفا لە ١٩٦٧دا نەقڵی بەغدایێ دەکرێ و تا ١١ی ئادار مامۆستای ئامادەییی کۆماری دەبێ پاشان بە خایشتی مام هەژار و دۆستان دەچتە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی، پاشان دەچتە کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدایی و دەبێ بە سکرتێری گشتیی ئەو کۆڕە و لە ١٩٧٩دا بەعس کۆڕەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و دەگەڵ کۆڕی زانیاریی عێراقیدا تێکەڵ دەکا و شوکور مستەفا تا ساڵی ١٩٩٦ بەناوی پسپۆڕی زمان دەمێنێتەوە و لە ١٩٩٨ لە هەولێر بەردی بناغەی کۆڕی زانیاری کوردستان دادەنێ و ئێستا لە خزمەت حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستاندا وەک ئەندامی تەرخانی ئەو کۆڕە خزمەتی نەتەوەکەی دەکات.

شوکور مستەفا زۆری گەشت و سەفەرانیش کردووە. زیاتر لە دە جاری تورکییە و سوورییە و لوبنان و بولغارستان و ڕۆمانیا و مەجارستان و چیکۆسلۆفاکی یۆگۆسلافیا و لەهەستان و یۆنانستان و لەم دواییەشدا ئیسویچ دیتون.

شوکور مستەفا زۆر ئاشقە کتێب خوێندنەوەیە، بەتورکی بە فارسی بەعەرەبی بەئازەری و بەکوردی کتێب وەدەخوێنێ. لە کوللییەی شەریعە کە حەوت ساڵی خشتی تێدا خۆندووە، لەبەروەی پوولی نەبووە، خەریکی چتی لاوەکی نەبووە و مانگانەکەی تەنیا یەک دینار بووە، نەیپەرژاوەتە سەر هیچ. هەمیشە هەر خەریکی کتێبخانەکەی ئیمام ئەعزەم و کتێبخانەکانی دیکەی وەک گەیلانی و کتێبخانەی کشتیی بەغدا و کتێبخانەی ئاتەشەی فەرهەنیی تورکییە و تاد بووە. خۆ ئەگەر دۆستێکی خواڕاستان کتێبێکی مارکسیتانەی وێدابێ هەر لە خۆشییان شاگەشکە بووە. مام هەژاری موکریانی، زەبیحی، حەسەنی قزڵجی، قاسملوو، جگەرخوێن، ڕەوشەن بەدرخان، قەدری جان، د. نوورەددین زازا، ڕەشید کورد، عوسمان سەبری و زۆر خوێندەواری عەرەب و تورک و فارسی حەوزەی نەجەفی ئەشرەف کاریان تێ کردووە و منەتباری فەزڵ و هونەری هەموویانە.

شوکور مستەفا سەرباری ئەم فێرگە دەوڵەمەندەی ژیان، ئەم سەرچاوانە بە خوێندن و خوێندنەوە کاریان تێ کردووە: ئەفسانەکانی کوردەواری بەخوێندن و خوێندنەوەی شانامەی فیردەوسی و خەمسەی نیزامی و زۆربەی شاکارە فارسییەکان. خوێندنەوەی ئەفسانەکانی یۆنان و ئەناتۆلیا و لیدیا و خووری و میتانی و هیتیت و ئۆگاریت و ئەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی میدیتەرانە. خوێندنەوەی ئەفسانەکانی هیند و میسر و چین و ئەورووپا و میزۆپۆتامیا. خوێندنەوەی ئاینە سەرەتاییەکانی وەک: ئانیمیزم و پانتەئیزم و تۆتەمیزم و فیتیشیرزم و ئیزمی کچی ئیزم و تاد...ی سەروبەندی ئابووریی ڕاووشکار و میوەچنینەوە و ئاژەڵداری و کشتوکاڵ. خوێندنەوەی ئاینەکانی تیرە و هۆزەکی و نەتەوەکیی چەند خودایی وەک یۆنانی کۆن. ئاینە

گەورەکانی وەک جوولەکەیی و مەسیحییەت و ئیسلام و بوودیزم، فەلسەفەی یۆنان و مێژووی فەلسەفەی جیهان و فەلسەفەی ئیسلام. مێژووی نەتەوە گەورەکانی وەک هیند و چین و یۆنان و ئەوروپا و ئێران و تورک. ئەدەبیاتی یۆنان و عەرەب و ئەوروپا و تورک و ئێران و چین و ژاپۆن و هیند. فێربوونی زمانی تورکی: ڕۆژهەڵاتی (جەغەتایی، تورکیی کۆن) ڕۆژئاوایی (ئەناتۆلی، ئازەربایجانی) بە ئاخاوتن و پێنووسین.

١- فێربوونی زمانی عەرەبی بە ئاخاوتن و نووسین و بە دەرزگوتنەوە.

٢- فێربوونی زمانی فارسی بە ئاخاوتن و نووسین و شیعر پێگوتنەوە.

٣- فێربوونی زۆربەی زارە کوردییەکان.

هەروەها خۆی بە قەرزاربارى فێرگەی بیری مارکسییانە کە پێی وایە بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفییانە تا ئەوڕۆ هیچ بیروڕایەکی دیکە دەسکی لەدوو نەکردووە. قسەی لەسەر ئەوە نییە کە ئەگەر پۆست مۆدێرنیستەکان ئەزموونی دنیای پۆزەتیڤی تەکنەلۆجیای ئەوڕۆ بە قازانجی مارکسیسزم وەگەڕێنن، کارێکی چاک دەکەن.

* وەک زمانزانێکی بەتوان، پاراوی لە دەربڕینەکاندا فرەوانیی پەیڤ و دەربڕە و زاراوەزانیدا خۆت هەست بەوە دەکەیت ئەم پایەخە بەرفرەوانەی تۆ لە چییەوە هاتووە... وەک من بزانم چەند زمانێکی تریش (بەچاکی بۆ خوێندنەوە، وتووێژ، نووسین و دەربڕین) دەزانیت، هۆی ئەم فێربوون و زانینانەت لە کوێوە هاتوون. ئەو زمانانە کامەن کە دەیانزانیت، بەڵکو بۆمانی بنووسیت و لێیان بدوێیت...

شکور مستەفا، وێڕای ئەو نەختە بزگورەی کە لە وەرامی یەکەمدا لەمەڕ زمانزانیی دەردەست کەوتووە. هێشتاکانێ دەو بوارەدا کە خۆی دەگەڵ مام هەژارێ، مام هێمنێکدا بەراورد دەکا هەست بە ناتەواناییتر و کەملێهاتووییتر دەکا. بەڵێ، دڵی بەوە خۆشە کە هاوەڵانی پەسەنێکی دەدەن و بەمە پتری بۆ زێتر فێربوون دنە و هان دەدەن، وەلێ سوێندتان لەسەری نییە، تا نەهۆ ژی پێی وایە بە تۆزی قولەپێی زۆر لەخۆ چازانتردا ناگا، بەشبەحاڵی زمانزانی، ڕەنگە هەلومەرجی بۆ ڕێکەوتبێ کە لە خەڵکی دیکەی کەڵک پتر لێ وەرگرتبێ هەر لە ساڵی ١٩٣١وە چارەنووسی شوکور مستەفا لە شاری کەرکووکێی گیرساندەوە. هەر ئەوە بۆخۆی دەرفەتێکی بۆ ڕەخساند کە جگە لە زمانی زگماکی کوردیی خۆی، فێرە دوو زمانی عەرەبی و تورکیش ببێ، ئەوجا نەک هەر بە قسەکردن بەڵکو بە خوێندنەوە و پاشان بە نووسینیش هەرچی زمانپاراوییەکەیەسی ئەوە خۆشبەختانە زیاتر لە سەروساخت پەیداکردنی دەگەڵ هێندێ ئاشنا و ڕۆشنا لە مشتەرییە سابڵاغی و ناوچەی خەلان و زینوێی شێخی و پژدەری و کۆییەکانی وەستا فەرەجی برای بۆ ماوەتەوە، شوکور مستەفا لە سەروبەندی فەقێیەتییدا زێتر دەگەڵ فەقێ و مەلایەکانی لای هەولێر و

کۆیە سەرۆکاری هەبووە تا سلێمانی و ناوچەکانی دیکەی کوردستان.

شوکور مستەفا پێی وایە شێوە کوردیی موکریان و ڕواندز و باڵەکایەتی و پژدەرایەتی و خۆشناوەتی و کۆیە و دزەییاتی بۆ وەی ل دواڕۆژدا ببێ بە زمانی نووسین و ئەدەبیات، لەبارترە. ئەدی نابینی نالیش و وەفاییش و حەریقیش و مەحویش و بگرە زۆربەی شاعیرانی کورد زێتر بەلای ئەو شێوە مۆسیقادارترەدا لەنگوین! شتێکی دیکەش هەیە: ئەو شێوە شیرنە لە نێوان کوردیی باکور و باشووردا هەڵکەوتووە. بەنموونە: ئەمن، وەشارتن، وەشێردن، وەگۆڕین، وەکۆڵین، وەکرنم لە شاردنەوە، گۆڕینەوە، کۆڵینەوە، کردنەوە، پێ سۆرانیترە و دەگەڵ کوردیی باکوردا یەک دەگرنەوە ڕستەی "ئەو کتێبەم وێدە"م پێ لە "ئەو کتێبەم پێ بدە" یان "ئەو کتێبەم بدەرێ" پێ کوردیترە "بەرەی تازە وە سەرکەوتوو وەخۆ کەوتن "م لە "بەرەی تازە سەرکەوتوو کەوتوونەتە خۆیان" پێ کوردیترە. مام هەژار دەڵێ: "لە بیرمە جارێ هاوکاری قیت و زیت و لەباری چاویلکە لە چاو بەنێو خێوی کۆشێک شادە و بڕوانامەی خوێندەواریی پلە ژووروو، زۆریش گەرمی کوردایەتی، تەوس و توانجی دە مەم و زینەکەم دەگرت کە بۆ "ببتە"ت نووسیوە و نەتزانیوە شێوەی هەولێر ناڕەوانە؟ عەرزم کرد چۆنم نووسیبا ڕەوانتر بوو" فەرمووی ئەبوا "ببێتەوانێ" بووبایەت کە شێوەی سلێومانییە! "ئەمن لە هیچ شێوەیەکی زمانە شیرینەکەی کوردی لاریم نییە، وەلێ هەرچەندە بۆخۆم بە باب و باپیر و داکەوە سلێمانیم- ماڵم قەبرە "ببتە"م لەسەر شان و زمان و گوێ و مجێز خۆشتر و سووکترە... بەش بەحاڵی دەکاربرنی "ڕاناو"ەکان، هێندێ جار "گوتمێ"م لە "پێم گوت" و "ڕاگەیاندێ"م پێ لە "پێم ڕاگەیاند" و لە "هەڵەبجەڕا هاتووم"م پێ لە "لە هەڵەبجەوە هاتووم" بەمجێز و خۆشباوترە. "دی بەنموونە ئەم ڕستەیە: "ساڵی ١٩٦٧ لیثیوم- کە یەکەم توخمی کانزاکانە لە خشتەی خولیی مەندەلیفدا.. ئاهەنگی تێپەڕینی سەد و پەنجا ساڵی گیرا بەسەر دۆزینەوەیدا و پێشوازی لەم ڕووداوە گرنگە کرد لە مێژووی خۆیدا، کە هێشتا لە تافی لاوێتیدایە". ئەمن بام ئەم ڕستەیەم نەک بە مجێزی حارەبییانە، بەڵکو بە مجێزی کوردەوارییانە بەم جۆرە دەگوت: "لیثیوم" کە لە خشتەی خولیی مەندەلیفدا یەکەم توخمی کانزایە و هێشتا لە تافی لاوێتیدایە. لە مێژووی خۆیدا، بەبۆنەی دۆزرانەوەی ئاهەنگی سەد و پەنجا ساڵوەگەڕی لە ساڵی ١٩٦٧دا وەگیرا و پێشوازیی لەم ڕووداوە گرنگە کرد". ئەمە یەک، دووەم: "کانزا"م بە "کان" و "لاوێتی"م بە "لاوێنی" و "خشتە"م بە "خانخان" پێ ڕاستە. چون "کان" نێوی سەرچاوەی مەرتاڵ (مەعدەن)ە بەکوردی هەیە، ئیدی ئەم داتاشینەی لۆ چییە؟! کورد بە مەعدەنی گوتووە "مەرتاڵ" و بەسەرچاوەی مەرتاڵی گوتووە "کان" یان "کانگا" تا نهاژی "کانە بەردەکە" یان "کورکەن" "گلکەند" دەگوترێ. ئەم "کانزا" لە خۆڕا داتاشراوە، زارهەڵبەستی کوردی نەزانە "لاوێتی"ی بەڵێ ڕاستە وەک کچێتی پیاوەتی، کوڕیەتی، وەک نەحوییەکان بەسری دەڵێن بە (قیاسی لوغەوی) یان بە (حەملی لوغەوی) دەکرێ بگوترێ، وەلێ لە زماندا تا حەزرەتی (سەماع) -ئەبو حەنیفە نەبێ کە بەقیاس نەبا گوێی نەدەدایە "مەسمووعات"؟!- خۆشبێ ڕێگایەکی دیکەی ڕەسەن نییە. تەنانەت

ئەبو حەنیفەی بەڕەگەز غەیرە عەرەب، مەرەمۆ: "بەگوێی تەنیا حەدیسێکم لە شەرعدا کردووە، بۆم کرابا ئەوەشم نەدەکرد، ئەمنیش خاوەن ئەقڵم و خەڵکی دیکەش خاوەن ئەقڵن!" مەبەستم ئەوەیە کە کورد تا بۆی بکرێ دەبێ بە گوێی چەشکە و مجێزی ڕەسەنی پێشینانی خۆیان بکەن، نەک قیاسی کەشکێ لە مشکێ بکەن. مادامێکی کورد بۆ ئیسمی مانای کچ "کچێنیی" و بۆ ئیسمی مانی کوڕ "کوڕێنی"ی بۆ ئیسمی مانای کوڕ "کوڕێنی" و بۆ ئیسمی مانای لاو "لاوێتینی" گوتبێ لۆ سواری گای هار ببم و "کچێتی و کوڕێتی ولاوێتی" بێژم؟! ئەدی لە ئینگلیسانت نەبیستییە کە دەڵێن: listen and sey... سێیەم نووسیار دەبێ هێندێ لە زانستی زمانڕەوانی (علم البلاغة / المعاني = rhetoric)ش شارەزابێ، واتە بزانێ شوێنی واژەکان لە ڕستەبەندیدا دەستنیشان بکا، کێهە واژە لە پێشەوە و کێهە لە پاشەوە و کێهە سەر جەمسەرە و سەرەکی و کێهە دە پلانی یەکەم و دووەم و سێیەمدایە؟! دەنا ڕیسی ڕستەداڕشتنەکەی ناقۆلا و بە گرێوگۆڵ و یەک لە شام و یەک لە حەڵەب دەبێ.

بەش بەحاڵی فرەوانیی "پەیڤ" و "دەربڕە" کە وا پێ دەچێ لە پرسیارەکەدا "واژە" و "دەربڕین" مەبەست بن، ئەوە لە گوێداشتنی زۆر و بەسەلیقەوە هۆشەچینی و دەسک لە دوو پاڵای درەوەنی پیتۆڵ و چازان و لێزان کردن و دۆلاودۆڵ و گوندبەگوند کوردستان پێوان و دەردی فەیرووزابادی سەر بە هەموو تاوڵ و سیاماڵ و کۆن و هۆبە و هۆبەسات کردن و لە هەموو کەسێکی سەرەواوێکی لە هەمبانە بۆرینەیدا وەگیر کەوتبێ، بەرخوردانبوون و لە پەندی پێشینان و سەربووره و چیرۆک و داستان و مەتەڵۆک و نیکتە و قسەی نەستەق و بەند و باڵۆرە و هتد...ی زمانی کوردی بە هەموو زارەکانییەوە، وردبوونەوە و خوێندنەوەی هەرچی شاکاری هۆنراوە و پەخشانی کوردی هەس بەگشت شێوەکانیەوە- بەڵێ، ئەوە لە بەسەرکردنەوەی ئەو هەموو چتانەڕا بۆ شوکور مستەفا هاتۆتە گۆڕێ.

بەشبەحاڵی زانینی زمانانی کە فێریان بووە، وەک لە بەراییەوەی عەرزی خزمەت کردن، تورکی و عەرەبی و فارسی و کوردییەکەی هەر لە منداڵیڕا خۆشبەختانە لە کەرکووک لە زمانی خەڵک و قوتابخانە پاشماوەکانی عوسمانیی سییەکان فێر بووە. وەلێ فێرە شێوەی تورکیی ئازەری و جەغەتایی و تورکمێنی و قرغزییەکەی هەر لە پەنجایەکانڕا بە خوێندنەوەی کتێب زێتر دەستی پێ کردووە. هەرچی شێوەی کوردیی باکوری کوردستانە، ئەوە حیکایەتێکی دوورودرێژە و لە وڵاتی شامی و بە خوێندنەوەی کتێبە کوردییەکانی کوردی ئەرمەنستان و گورجستان فێری بووە. هەرچی شێوەی دملی-زازاییە، ئەوە لەم ١٠-١٥ ساڵەی دواییدا وەسەر کەڵکەڵەی کەوتووە و لە مامۆستا مالمیسانژ و کتێبەکانی و فەرهەنگە دملی تورکییەکەی و ڕێبەدییەکان فرەی کەڵک وەدەست کەفتگە تەقە-تەقێکیش لە ئێنگرێزییەوە زەرد دەکا، بەڵام دەبێ زۆری خۆ دەگەڵ خەریک بکا، جا نازانێ چەندی ژیان بە بەرەو ماوە، تا ئەو کارە وە ئاکام دەگەیەنێ؟!

* وەک دەزانین ژمارەیەک بەرهەمی بەپێز و ڕەخنەتان بە کتێب چاپ و بڵاو کردوونەتەوە، ئەوە جگە لە دەیان و بگرە سەدان بابەتی هەمەجۆرتان لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبی و لە دەرەوەی کوردستانیش نووسیوە و بڵاو کردوونەتەوە، ئەو بەرهەمە کتێبانە چاپکراوانەتان کامانەن؟ چاپنەکراوەکانیش چین؟

– شوکور مستەفا بەژمارە نزیکەی ٥٠ کتێبێکی زێتر تەرجەمە لە تورکی و عەرەبی و ئازەری و فارسییەوە بۆ لەچاپ دراون. هێندێ نووسینی وەکو شەرحی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە کوردییەکەی و فارسییەکەی و تورکییەکەی و شەرحی دیوانی حاجی بابەکراغای حەوێزی کە بە زمانی فارسییە و کتێبێک ٤٠٠ ڕووپەڕەیی لەمەڕ سەرچاوەکانی بیروبڕوای کوردەواری و کتێبێکی ٣٠٠ لاپەڕەیی لەبارەی ڕۆشنبیر و ئایدۆلۆجیای ڕەسمی و وتووێژێکی خنجیلانە بەنێونیشانی گەشتێ بەجیهانی ئیستاتیکا و هونەر و ئەدەب و زماندا و "افكار ماركسية" بەزمانی عەرەبی، مێژووی زمانی کوردی و کتێبێ کە بەرهەمی چەندین وتووێژ و سیمینار و کۆڕی تەلەفزیۆنییە، کاک سەرۆی فرە وریا و زیرەکی هاوبیری دیموکراسییانە خەریکی گەڵاڵەکردنیەسی و زۆری منەتبارە. هەروەها بە دەیان وتار و لێوەکۆڵینی هەمەجۆری خڕ کردۆسەوە، مێشک و خامە و کات و لەشی ساق یار بن، ئەوانەش دەخرێنە بەر خوێندەی بەڕێز.

* بایەخدانە فیکری و فەلسەفییەکانت لە کوێدا دەبینیتەوە؟ کورد و کۆمەڵی کوردەواری لەکوێدا خۆی دەگرێتەوە. مامۆستا شوکور نەریت و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیمان چۆن هەڵدەسەنگێنێت؟

– شوکور مستەفا لەبەر وەی بە هەتیوی پێگەیشتگە، کەسوکارەکەی دەرودراوسێ، ناسیار و دۆستی خزمەکانی بە چاوێکی بەزەویان نۆڕیوەتێ کەسوکاری زۆریان وشار لێ نەکردووە بەزۆر چتەوە پابەند بێ. بە مەرەدی عەزیز نەسینەکەی نەچووگە کەسوکار و دەورووبەرەکەی بە ئەندازەیەکی لە جەڕ و مەنگەنە بدەن، کە بەتەمەن ٨ ساڵی و بە داب و دەستوور و بەند و باو ٤٠ ساڵی بێ. نەختێ سەهەنە و کەمێ ملهوڕ، چکێ سەرکێش و پچێ کەلەوەکێش و تا بشفەرمووی ئەبو نەواسانەی داوەتە بەری، تەنانەت فرە جار ئەم یەک دوو بەیتەی ئەبونەواس وەشایەت تێرێتەوە کە یەژێ:

ولقد دلوت مع الغوات بدلهوهم
واسمت سرح اللهو حيث لساموا
وبلغت ما بلغ امرؤ بشبابه
واذا عصارة كل ذاك ندام

لەمەڕ بیروڕای فەلسەفییانەوەی، ماتریالیستانە بیر دەکاتەوە. بڕوای بەوە هەیە کە مێژوو بەرهەمی خودی مرۆیە، مرۆ بە کار و بەرهەم ڕەنێوهێنان لە ئاژەڵ هاوێر دەکرێ، کاری مێشک و ماسولکە هەرتک ڕەنجێکی ماددین و هیچیان فەرق و سوو لە نێواندا نییە، چون بە هەرتکان شارستانی دێتە گۆڕێ. ڕاستە ڕەنجدەری بێ سەودا فەرقێکی دەگەڵ ڕەنجدەری باسەواددا هەس، وەلێ ئەمە لە ئەنجامی فەرق و سووی کۆمەڵگای تاق و جووتی و دووفاقیی چەند چینەیەکی و چەند یەکتادەسەڵاتی کەمینە و بێدەسەڵاتیی زۆرینەڕا سەری هەڵداوە، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستیدا ئەو فەرق و سووە کە ئاسەواری زۆر کەم دەبێتەوە و نەخوێندەواریی دەبێ بە کارێکی شوورەیی و ئاستی شارستانی و زانستی موویان بەنێواندا ناچێ، تەکنیسیۆنیک و شاعیرێک و تیئۆریسیەنێک لە ڕووی داهێنانێکی کە نیاز و خوازەکانی کۆمەڵگا دەیانهەوێن، بەیەک چاویان دەنوڕڕێتێ.

شوکور مستەفا لەو بڕوایەدایە کە ڕاستی (حەقیقەت) لە چاوەکی (نیسبی)یە ئەوەی ئەوڕۆ بە ڕەها و موتڵەق دەزاندرێ لە سایەی ئەزموون و زانستەوە دەبێ بەنیسبی، وەلێ موتڵەقایەتی بە مانی بێ سەرحەد و سنووریی گەردوون هەر دەمێنێ، چۆن ئەم گەردوونە نە سەرەتای هەس و نە بنەتا و لە بڕانەوە و دماییهاتن نایە. شوکور مستەفا بڕوای بەوەیە کە هەموو چتێ مارپێچانە لە بزووت و گۆڕان و بەرەو چاتر و ئینسانانەتر و کۆمەڵەکیتر لە گەشەکردن و تەنینەوەدایە وەستانی بۆ نییە ڕۆژێ دێ زانایێ بەخۆی و کامیراکەیەوە دە موعەججیل acceleratorێکی ١٠ کیلۆمەتیریی فیزیکیدا دەتوانێ بچێتە نێو ئەتۆمێکەوە و سەرلەبەری وردە ڕیشاڵەکانی وێنە بگرێ.

شوکور مستەفا لە واقیع شیکردنەوەدا ڕاستی بە لێکدانەوەی میتافیزیکانە شیتەڵ و لەتوپەتکردن ڕەتدەکاتەوە و پێی وایە مێشکی مرۆڤ و زمانی مرۆڤ و قەڵەمی مرۆڤ سێ ئامێری ماددیی ویستێکی ئاگایانەی موسبەتە و میتۆدی لە ڕاستیگەیشتنن، بەمەرجێ مرۆڤ لە یاسا و ڕێسای خۆرسک ئاگا و وشیار بێ، تووشی ئەم دوالیزم و سیانیزم و چارالیزمی میتافیزیکانە نایە. ئەگەر بەتەرزێکی دیالێتیکانە لە بزاوتی مێژوو بگەین، ئەتمۆسفیرەکانی قۆناخەکانی مێژوو وەک خۆنواندنی مادە لە شێوەکانی شوێن و کات و گوێزرانەوەی چت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە "بزاوتی ماشێنی" و پرۆسەکانی گەرمی و ئەلیکترۆنی "شێوەی فیزیکی" و یەکانگیری و لێکدابڕانی ئەیۆنەکان "شێوەی کیمیکی" و گۆڕانکاریگەلێ کە لە ئۆرگانیکە زیندووەکاندا دێنە گۆڕێ "شێوەی بیۆلۆجی" و گۆڕانکاریگەلێ کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕوو دەدەن "شێوەی کۆمەڵایەتی" کە لە یەکدی هاوێر ناکرێن، ڕەنگە هەر بۆ ڕوونکردنەوە بڵێم وەک شێوە ئەتمۆسفیرەکانی چوار وەرزی ساڵ دەچن. ڕاستە بەڕواڵەت بەهار و تاوسان و پایز و زمستان هەن، بەڵام ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکی فیزیکیی جەوهەریترە کە لە ئاکامی بزاوتی ژمارەیەکی لە ژمارەبەدەری ریزە (جزیئات)ەکان دێتە گۆڕێ، کە ئەویش لە نۆرەی خۆیدا بە چەند یاسایەکی دیکەوە بەندە. بەکورتی دەمەوێ بڵێم مێژوو زنجیرەیەکی بزاوتی ئەوتۆی ماددەیە کە هیچ جۆرە

بستوویەک یان پەیژەیەکی بۆ پینەکردن و جووتبەفێکردن ناگەرەکە. بانێک و دوو هەوایی یان سێ هەوایی یان چار هەوایی لە چت گەیشتن نابێ لە ڕوانگەی بیرە کۆنەکەی ئیسحاق نیوتنەوە بەبیردا بێ، چونکە شوێن و کات وەک ئەو دەیگوت بە شێوەیەکی لە مادده جوداواز و سەربەخۆ وەک سندووقێ یان وەک ژوورێکی گەورەی بێپایان و بێ دیوار و بێ میچ و بێ زەوینە واسە و هەر کاتێ ویستت چیی لێ دەربێرێ دەریتێرێ، ئەسڵەن بوونی بوون ئاساییان نییە بەڵام ئەم بیرە ماددییە میتافیزیکانەی نیوتن، لە هەمبەر تیئۆرییە ڕێژەکییەکەی ئاینیشتاینی مەزندا پووچایەوە و ئەم زانا مەزنەی چەرخی بیستەم کێشەی شوێن و کاتی بەشێوەیەکی فرە جوداواز چارەسەر کرد و ئەو بیرەی کە مارکس و ئینگلس لەمەڕ ڕاستیی هاوپەیوەندیی شوێن و کات و مادده دەریانبڕی، بەشێوەیەکی زانستانە ئیسپات کرد. بەڵێ، ئەگەر لە ڕاستی وەکۆڵین بەشێوەیەکی سەبجێکتیڤانە واتا دوور لە بوونی دەرەکی (وجوودی خاریجی)ی ڕاستینەکان بیر بکرێتەوە، دیارە دەبێ بڵێین ئەوە تووشی چەواشەیی بوونە. شوکور مستەفا بڕوای بەوە هەس کە ئەسموتفیرەکانی بیربۆچوونی مرۆی دەورانی تەوەن، مس، ئاسن، ئەتۆم، چوونە سەر مانگ، کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت و مرۆفۆتۆکۆپیکردن، وەک یەکدی ناچن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئاڵقەکانی مێژوو بە گۆڕانی پێناو و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕانی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و هێزەکانی بەرهەمهێنان، لێکپچڕاون و مێژوو چتێکی کوێر و کەڕ و کاس و بێ نیوەڕۆک و مردووە و قۆناخەکانی هێندەیان هەڵدێر و کەند و لەند دەناوبەران کەوتوون، بە تەقەقەی تۆپیش دەنگیان بەیەکدی ناگات. نەخێر مێژوو ڕەنگدانەوەی بزاوتی هەمەسەرەی ناچاریی ماددەیە و بەپێی یاسا و ڕێسای فەرمانفەرما بەڕێوەدەچێ. بەڵام مرۆ لە قۆناخێکی دیاردا وەک بڵیندترین نموونەی ڕەنگدانەوەی مادده بەشێوەی ئاگایی کە بە هەرمێکێ تا بڵێی سیستەماتیکیی بڵیندە– واتە چالاکیی مێشک، خۆی دە بەرابەر نهێنییەکانی گەردووندا وەک لوغز و موعەمما دەستەپاچە و داماو نابینێ.

شوکور مستەفا، لەبارەی ئاینەوە پاش بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی Roger Garaudy بە سەرناوی "سۆسیالیزم و ئیسلامەتی" کە ڕێی لە بۆ وتووێژێکی گەرم و بەپێز کە ڕۆژنامە و کۆوارەکانی جیهاندا خۆش کرد، ڕوونکردنەوەکانی بەتایبەت بەڕێزان Niazi berkes و E. tufekci و Hilav Sel-ahettinی کوڕ ئەرشەدی بەهەشتی، محەمەدی میهری متیزادەی خەڵکی شارە دێرینەکەی سنەی خۆشەویست کە لە ١٩٥٦دا لە ئەستەمبۆڵ بەخزمەتی گەیشتووە و هەنگین بەکاری ئەوقاتییەوە خەریک بووە و بەخەتێکی کۆنی عوسمانییانە لەژوور سەریەوە بەدیوارەوە "برنجی دعوی و کیللرندن محمد میهری"ی نووسیبوو، زۆری سوود لێ وەرگرتووە. ئەم فەقێ ئەفەندییە وێڕای بیروبڕوای ماتریالیستانەی، بەشێوەیەکی زانستانە لە ئاین گەیشتووە ئەویش هەروەک Roger Garaudy پێی وایە ڕستەی "ئاین ئەفیونی گەلانە" کە لە تۆولۆی قسەکانی کارڵ مارکسدا دەخوێندرێتەوە، لە چارچێوەی خۆی بە بێ ڕەگ و ڕیشە لە گوین "ولا تقربوا الصلاة" ڕیشەکێش

کراوە. ڕاستیت گەرەکە، ئاین لە هەلومەرجەکانی مێژووییەنە و کۆمەڵایەتییانەی خۆی بەدەر بەچییەتی "ماهییەت" و جەوهەرێکی ڕووت و پەتی (ئابستراکتانە) تەماشاکردن، لە میتۆدی مارکسیستانە بەدەرە و مارکسیش و ئنگلسیش لە وەکۆڵینی ڕاستیی ئایندا نەیانگوتووە: ئاین لە هەموو شوێنێک و لە هەموو سەروبەند و زەمانێکدا هەرهەمان کاریگەریی خۆی دەنوێنێ.

مارکس لە ١٨٢٤دا لە لێوەکۆڵینێکیدا نووسیویە: لە هەلومەرجەیلێکی کۆنکریت و بەدەستی چینێکی فەرمانفەرمای دیاریکراودا وەک پێناو و ئامێر بەکار دەهێنرێ، بەڵام وەها وانەکێکیش نییە کە وەزیفەی و ئەرکی سەرشانی هەرگیز نەگۆڕێ... هەروەها فەرموویانە: ئایدیۆلۆجیایەکی سەر بەژێرخانی کۆمەڵە و دەگەڵ ئەم بنیاتە ماددییەدا هاوپێوەند و هاوسەروکارە[2] و هەروەکو Garaudyیش لەو وتارە (ڕەخنەی هێگل لەمەڕ فەلسەفەی حوقووق)دا باسی ئەوە دەکات کە مارکس نوسیوویە: ئاین لە هەمان کاتدا لە دژی هەلومەرجێکی بەسەردەبرێ، سەرهەڵدان و دەگژڕاچوون و دەنگی ئیعتیراز و پرۆتیستۆیەکە: "لە ناچاری خۆی بەئاینەوە هەڵاواسین لە سەرێکەوە، بەدەنگهاتنی ئەو ناچارییەیە کە لە ڕاستی (حەقیقەت)دا هەیە و لە سەرێکی دیکەوە لە دژی ناچارییەکی کە لە ڕاستیدا هەیە، ئیعتیراز و نارەزایی دەربڕینە.. ئاین دڵدانەوە و سەبووری و بوردەباری مرۆی داڕزێندراو و ڕۆحی دنیایەکی دڵڕەق و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی ئەتۆیە کە تێیدا ناحەوێتەوە ئاین کە گۆیا "ئەفیونی گەلان"ە ئەوەی لەم ڕستەیەدا دەخوێندرێتەوە زێتر باسی ئاڵمان و ڕێژیمی مرۆچەوسێن دەکا تا میتافیزیکانە ناساندنی جەوهەری ئاین. مارکس گرفتی ئاینی لە ئایدیۆلۆجیای ئاڵماندا بەڕاشکاوی، لە کەلێنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئاین بە پێوەندیی دەگەڵ هەلومەرجی ماددی (ئابووری)دا دەگۆڕێ و گوایا لە ئارادا نامێنێ و ئاشبەتاڵی لێ دەکرێ؟! "ئەم بیروبۆچوونە تیئۆرییانە (بیروبۆچوونی ئاینی)ش لە نیگای خەڵکەوە واتە پڕولیتاریاوەش مەبەست نییە و نابێ بەبابەتی باس ئەگەر جەماوەری خەڵک بیروبۆچوونێکی ئاینیی هەشبووبێ، ئەمە سەبارەت بە هەلومەرج لە مێژ بوو بەسەر چووبوو و لە ئارادا نەمابوو[3]. مارکس کە نەگۆڕانی ئاین وەک جەوهەر (دیارە پێش تۆمارکرانی ئایدۆلۆجیای ئاڵمان) پەسند نییە. ئەمە لە تێزە (صغرا منتيقيية)کانی لەمەڕ فیۆرباخەوە تێ دەگەین. فیۆرباخ لە تێزی شەشەمدا، لەسەر ئەوە کە ناچار بووە "لووزەوی مێژووییەنە ڕووت (ئابستراکت) کاتەوە و هەستوخوستی ئاینی بەرەو حاڵەتی چتی ڕادا کە لە گۆڕان نایە، بەر تەشەر و توانجی ڕەخنە دەکەوێ". سەبارەت بەمە فیۆرباخ هەستوخوستی ئاینی بە بەرهەمێکیی کۆمەڵایەتیی نازانێ (تێزی ٧) لەبەر وەی کە ئاین تاکە جەوهەرێکی وای نییە، لە بۆ هەموو چەرخ و چاخەکان لەبار بێ. لەوانەیە لە چەرخ و چاخە جۆرەوجۆرەکاندا و لە چوارچێوەی هەلومەرجە جۆرەوجۆرەکاندا دەوری لە یەکدی جوداواز، بگرە دژ بە یەکدی بگێڕێ؟! ئاین بۆخۆی لە کەلێنی بنیاتی بنەڕەوتەوەی لە مێشکی مرۆدا ئایدۆلۆجیایەکە، واتە بە شێوەیەکی شوان هەڵخەڵەتێن و ڕەمەکیفربۆ ڕەنگدانەوەی ئەو هەلومەرجە ماددییانەیە کە مرۆڤەکانیان دەبن کاریگەرییاندا مەحکوومن. وەلێ ئەم بەرداشت و بیروبۆچوونە

کە لە ماددەیڕا چەکەرە دەکات، هەروەک شکل و شێوازە ئایدیۆلۆجییەکانی دیکە (مافەکان، سیاسەت، هونەر و دابودەستوور و بەندوباو) تەنیا ڕەنگدانەوەی نەکارە و ئەستیور passive نییە. ئەم ڕەنگدانەوەیە کەرەکتەرێکی بەرچاو و کاریگەریی دیالێکتییانەی هەس و بە پێوانەیەکی کۆنکرێت خێوی وەها هێز و گوردیکە کە کار لەو هەلومەرج و بارودۆخە ماددییانەی لێیان کەوتووەتەوە، دەکات.

جا لەبەر هەندێ، دەبێ ئێمە ڕاستیی ئاین لە چارچێوەی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و چینایەتییانەدا کە هانیویانە گۆڕێ وەخوێنین. ئەمە، هەروەک تەواوی شکل و شێوازە ئایدیۆلۆجییەکانی دیکە، ئەوەمان لەبۆ ئاشکرا دەکات کە ئاین لە نیگای چینە فەرمانفەرما و چینە داڕزاندراوەکانڕا لە حەقیقەتی ئاین دەنۆڕین، بەدیار دەکەوێ کە ئاین بەجێهێنانی وەزیفە و ئەرکی سەرشانی لێکدی جیا-جیای هەیە. هەر بەدەم ئەمەشەوە، با ئەوەشتان عەرزی خزمەت بێ: کە مارکس لە نوای گشت چشتێکەوە، سەبارەت بەوە کە سیستمی سەرمایەداریی لەبەر توانج و تەشەری ڕەخنە داگە، ئاینی لە نیگای چینە فەرمانفەرمایەکانەوە خوێندۆتەوە هەر لەبەر ئەوەیشە بە پێناو (وسیلة)یەکی مرۆچەوسێن و مرۆهەڵخەڵەتێنی لەقەڵەم داوە! بەش بەحاڵی لە فرسەرەوە لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەکانی ئینگلس دەربارەی ئاین، ئەوەهیی دەستنیشا کردووە کە چۆن ئەم دیاردەیە دەبێ وەک چتێکی کۆنکرێت لە نیگای میتۆدۆلۆجیی مارکسیزمەوە، وردکرێتەوە. دە تێکگران و دە گژیەکدیراچوونێکی ئابووریدا، ئایدۆلۆجیای ئاین دەتوانێ کەرەکتەر (سیفەت)ێکی شۆڕشگێڕانە بنوێنێ. "لە دەرەبەگایەتی هەڵکردن و بەگژداچوونێک، ناچار دەبوا ببێ بە لە کڵێسە هەڵکردن و بەگژ کڵێسەداچوون. سەرپاکی تیئۆریی doctrines شۆڕشگێڕ و کۆمەڵەکی و سیاسییەکانیش، لەنوای گچشتێکەوە، ناچار بوون هەریەکە بۆخۆیان بن بەڕافزییەتێک، واتە: لە ڕێی ئاین دەرچوونی"[٤]. ئاین لە هەمان کۆمەڵدا، بەڵام لە نیگای چینی جوێ-جوێوە مانا و وەزیفەگەلێکی جیا-جیای دەگەیاند: "لێرەدا، هەروەک لە فەڕەنسا کوو بوو، لە ئینگلستانی و بۆهیمیاییش زۆربەی نەجیوزادانی چکۆلە لە نێو جەنگەی کێشمەکێش و ڕافزییەتێکی کە دەسەوبەرۆکی پاپازەکان ببوونەوە، دەگەڵ ئەوانەی لە شارەکاندا بوون یەکیان گرت، ئەو ڕووداوە بەوە لێک دەدرێتەوە کە نەجیوزادە چکۆلەکان ناچار بوون بە نیشتەنییانی شارەکان پشت ئەستوور بن و بەرژەوەندیی خۆیان لەوەدا دیت کە لە دژی میر و بەگلەر و گەورە پیاوانی ئاینیدا دەگەڵ ئەوانەی کە لە شارەکاندا دادەنیشتن، یەک بگرن واتە مەسەلەکە بەرژەوەندییە و هیچی تر نییە". تایبەتمەندییەک کە لە ڕافزییەتدا هەبووە و ئەویش ئەوە بووە کە یەکڕاست پێداویستی و خواستەکانی گوندی و ڕەشەڕووتی خەڵکی بەدەنگ دەهێنا و هەمیشە کەوڵسووری بەر لەشکری یاخی بوونی هەرایی بووگە، تایبەتمەندییەکی هەر بەتەواوەتی جیاواز بوو، ئەم ڕافزییەتە خواستەکانی ڕافزییەتی بۆرجوای وەخۆ گرتبوو بەڵام هەروەک نەخشەی خرستیانەتی داوای ئەوەی دەکرد کە هەلومەرجەکانی چونیەکی لەنێو کۆمەڵی ئاینیدا دابمەزرێ، هەروەها داوای

ئەوەشی دەکرد کە ئەو چونیەکییە وەک ڕێسایەکی کۆمەڵی سیویل (مەدەنی) دەبێ بسەلمێندرێ و پەسند بکرێ[٥] کەواسا ئاین وەک ئایدۆلۆجیای جەماوەری خەڵک لە چوارچێوەی هەلومەرجە کۆنکریتەکاندا تایبەتمەندێتیی شۆڕشگێڕانەی دەردەست کردووە و لە سەرەتا (مبدا)ی "چونیەکیی مرۆڤەکان لای خواوەند" ڕابەڕە و داواکاریی سەرەتای یەکسانیی مافەکان و تەنانەت ئابووریی پەلهاویشتووە. ئنگلس لە وردکردنەوەی پەرەساندنی خرستیانەتیدانی دەڵێ: لە سەرەتای پەیدابوونی ئەم ئاینەدا "مرۆڤ کاتێ لە ڕزگاربوونی ماددی نائومێد بووگن، ڕزگاریی خۆیان لەنێو ئەم برِوا نوێیەدا پەیدا کردووە" و هەروەها ئەوەشی ڕوونکردووەتەوە کە چۆن سەرلەبەری ئەو ئینسانانەی کە لە دژی "دەسەڵاتە زاڵەکان" ڕاپەڕیوون لە چوارچێوەی ئەم ئاینەدا یەکیان گرتووە و چۆن–چۆنی لە نێوان یەکەم کۆمەڵانی خرستیان و سۆسیالیزمی هاوچەرخدا وێکچوونی هەیە[٦]. ئایدۆلۆجیایەکی ئاینی کە خواستی چونیەکیی لە پزداندا گووڕابێ لە تەنینەوە و گۆڕانکارییەکانی دواییدا تووشی لەبەریەک هەڵوەشانەوە هاتووە و لە ئەنجامی هەرا و بگرەی چەندین چین و توێژاڵی بەرژەوەندیی لێکدی جوداوازەوە بووگەوە وەچێشتی مجێور و بەدەیان شاخ و گوێ و ڕێباز و ئۆل و نیوچە ڕێباز و بێچووە ئۆل و مەزەبی لێ ڕواوە و بەقەولی فەیلەسووفی عەرەب ئەبولعەلای مەعەڕی کە فەرموویە:

في اللاذقية ضجة ما بين احمد والمسيح
هذا بناقوس يدق وذاك بمئذنة يصيح
كل يصيح لدينه ياليت شعري ما الصحيح؟!

یا وەک حافزی شیرازی فەرموویە:

جنگ مفتاد و دو ملت همه را عذر بنه
چون نديدند حقيقت ره افسانه زدند

یا وەک پێغەمبەری ئیسلام، سەلامی خوای لەسەر بێ، فەرموویە: "ستفترق امتي اثنتين وسبعين فرقة كلهم في النار الا الفرقة الناجية" داری وەسەر بەردیەوە نەماگە و دە جەنگەی ململانێ و شیر و تیر لێکدی سوینی کاتۆلیک و ئۆرتەدۆکس و پرۆتستانت مۆرمۆن و نەستووری و سەبتی و هتد...دا بەشبەحاڵی خرستیانەتی و هەروا بۆ نموونە: موعتەزیلە و ئەشاعیرە و ماتۆریدییە و مورجیئە و کەیسانییە و دەیان ئۆل و مەزەبی ئەهلی کەلام (فەلسەفەی لاهوت) و حەنەفییە و شافیعییە و مالیکییە و حەنبەلییە و دوازدە ئیمامی و زەیدیە و ئیسماعیلییە و فاتیمییە و ئەهلی هەق و هتد...ی ئەهلی شەرع و سیاسەت و ئیمامەت و هتد...دا، کێشەی چینایەتی زۆر ئاشکرا و بەڕاشکاوی بە دەمی خۆی هاوار دەکات. "ئاین لەپاش چاوپشکوتنی، دەبینین هەمیشە نێوەرۆکێکی باوی دە هەگبەدا بووگە، هەر لە ئاین نەقەومیاگە برا، ئەدی نابینی باو (تقليد، رسم)

دە تەواوی بوارە ئایدۆلۆجییەکانی دیکەشدا وەک هێزێکی وە پارێز (موحافەزەکار) قوت دەبێتەوە؟ وەلێ جوداوازیگەلی کە دەنێو ئەم نێوەرۆکەدا قوت دەبنەوە، لە پێوەندییە چینایەتییەکانەوە ئاو دەخۆنەوە، واتە: لەو پێوەندییە ئابوورییانەی کە ئەم جۆرە جوداوازی و گۆڕانکارییانەیان لەنێوان ئینسانەکاندا هێناوەتە گۆڕێ، ئاو دەخواتەوە". کەواسا، ئاین وێڕای وەی لێڵ پێوەندییە ئابوورییەکانا هاوسەروکارەنی، دەهەر کۆمەڵێ، دە هەر هەلومەرجێکدا و لە نیگای هەر چینێکەوە، هەر هەمان مانا نابەخشێ، هەر هەمان کاریگەری نانوێنێ و ڕێگە بۆ دێهاتنی ئاکامگەلێکی بەکردەوەی جودا-جودا و تەنانەت دووفاق و لێکدی تاق و جووت خۆش و هەموار دەکات. ئاین هەروەک، خودانەخواستە، دەتوانێ ببێ بە ئامێری مرۆهەڵخەڵەتێن، هەر بەهەمان ئەندازە دەشتوانێ ببێ بە فاکتەرێکی مەعنەوی بۆ مرۆ بەرەو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە هانی بدا و جۆشی بێرێ.

لەو قسانەی سەرەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لە بزووتنەوە میللییەکاندا ئاین هەموو جارێ و لە هەموو کاتێکدا هەر هەمان دەور ناگێڕێ، لە وڵاتەیلێ کە لە دژ چەوسیانەوە و ئیمپریالیزم خەبات دەکەن لە چوارچێوەی برێ هەلومەرجی دیار و ئاشکرادا ئاین بۆی هەیە تەنانەت بتوانێ دەورێکی "هاودەسەبەری" دەسەبەرساز بگێڕێ بە نموونە هەروەک ئنگلس دەڵێ خرستیانەتی لە سەرەتاوە لە خەباتی دژ بە چەوسانەوەدا دەوری خۆی گێڕاوە. هەروەها تەواوی یاخیبوونەکانی سەروبەندی ئیسلام لە سەرەتاوە لە کێشە و هەرای ئابووریی نێوان دەشتەکی و شارییەکانەوە ئاو دەخۆنەوە و ئەم یاخیبوونانە لە پێشان خۆیان دە بەرگی ئاینی پێچاوە و هەمیشە دووبارە و چلبارە بوونەتەوە و هەر بۆ هەمان سەنگەر کە لێوەیڕا تێ هەڵچووگن. سەرلەنوێ، جوو گەڕاونەتەوە. پیاو ئەگەر بیر لە قسەکانی ئنگلس کە دەڵێ: "ئیسلامییەت هەر دەڵێی بە بەژنی ڕۆژهەڵاتییان بڕاوە"، ئەم هەموو سەرهەڵدان و یاخیبوونانە بێ وەی هەلومەرجەکانی ئابووری بگۆڕن ئاشبەتاڵیان کردووە" دەکاتەوە. وا پێدەچێ ئنگلس، بنیاتی نەشڵەقاو و وەستاوی بێ ڕەنگ و بێ تام و بێ بینی کۆمەڵگایەکانی ڕۆژهەڵات و ناڕاستەوخۆیانە، تەرزی ڕەنیوهێنانی ئاساییی رەچاو کردووە. ئینگلس بەدەم قسە لەسەر بزووتنەوە خۆ بەبەرەگی ئاینەوە پێچاوەکانی دژ بە چەوساندنەوەکانەوە، هەڵوێستیی محەمەد ئەحمەدی سوودانی بەنموونە هێناوەتەوە کە چۆن سەرکردایەتیی گوندی و ڕەواندانی لە دژ ئینگلیسە ئیمپریالیستەکان کردووە و دەبەرابەر ئیمپریالیستاندا سەرکەوتووە. ڕاستیت گەرەکە ئەگەر بمانەوێ بزانین دەوری دیاردەی ئاین لە بارودۆخی مێژووییەی کۆنکرێتدا وەک فەلسەفەی مارکسیزم بەشێوەیەکی زانستانەی نۆڕیوەتی- بزانین چ بووە و چییە، نابێ ئاین بەناوی پێشکەوتخوازییەوە. ئەگەر ئاین وەک "سەفستە" یانیش تەنیا وەک "وشکەسۆفێتی"ی (صعب) تێ بگەین. ئەگەر ئاین وەک ڕاستییەکی کۆمەڵایەتیی دەنەزەر نەگرین و تەنێ هەر بەڕووتی (تجریدي- ئابستراکتانە)ی ڕەتکەینەوە، ناتوانین کار لە ئایدیۆلۆجیایەکی کە ڕەگ و ڕیشەکانی لەدنیای ماددی ڕۆ چووە، بگەین، هەروەک

E. Tufekci زۆر جوانی بەیان فەرمووە، "بمانەوێ و نەمانەوێ، کۆمەڵگایە ئاینییەکان دەقۆناخی پەرەساندن و گەشەکردنی دیاریکراویاندا ڕاستییەکن. ئێمە، سۆسیالیستەکان هەروەک دە بواری ئابووری و کۆمەلایەتیدا بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو دەیکەین دەتوانین دە بواری ئایدیۆلۆجیشدا ئەو هەنگاوە بەرەو پێشەوانەی کە گەشەکردنی کۆمەڵ هەموار دەکەن، بەو کۆمەڵە هەڵبگرین" (Yon ژ: ١٤٧). "لە ئاین بە چتێکی "پڕوپووچ" نۆرینت، واتە: بە چتێکی دە بنەڕەتدا بێ ڕەگوڕیشە ماددی و "بیروبڕوایەکی هەڵە" و "هەر لەبەر بەرووتی جاڕدانی هەڵبوونی نەمان و لەناوچوونی" زانینە. ئەم تەورە، هەروەک ئاغای E. Tufekci ڕوونی کردۆسەوە، بیروبۆچوونێکی لیبڕالیستانەی (ئەمە دەبناخەی رادیکالیزمیشدا بەرچاو دەکەوێ) میکانیستی پێش هێگڵە و کەرەکتەرێکی دژ بە دیالێکتێکی هەس کارێ کە ئەوێ بکرێ و ئەوسا کە بتوانرێ دەوری ئاین کە لە ڕووە کە ئایدیۆلۆجیایەکە، دەستنیشا بکرێ و بچەسپێندرێ و لایەن و بەندوباوە دووفاق و یەک لە شام و یەک لە حەلەبەکانی یەکلاکرێنەوە و شەن و کەو بکرێن و بەپێی ئەو ڕاستییانەی کە ئاوها لە زانستە ساغڵەمەکانڕا هەڵێنجراون، واتە دە بواری کارە کردەنییەکاندا، وەسەر ڕێگا کاریگەر و دۆستەکان کەوتنە. بەش بەحاڵی وتوێژ و لێوەکۆڵین و بیروبۆچوونی نەزەرییانەی زۆر و زەوەندی ئەم سالانەی دوایی لە هەردوو سەنگەری ئاینی و لاییەکی (عیلمانی)ڕا لە کوردستانی نێوچە ئازاددا، دە بنەڕەتدا پێوەندییان بە قوولی لێل سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی چالاکییە کردەنی و شۆڕشگێڕەکاندا هەس. ئێمە بێژین و نەیەژین، تا ئەندازەیەکی بەردڵگر پاشماوەی ڕیژیمی ئابووری–کۆمەڵکیی ئیمپراتۆریی عوسمانین و هەروەک هەرچییەکمان وەک پاشماوە لە سوننێتی و شافعێتی و عەلەویەتی و یەزیدیەتی و کاکەیەتی و دوازدە ئیمامی و بەهائییەتی و هەقیەتی و هتد... بۆ ماگەسەوە تا ئێستا لەڕووی بنیاتی کۆمەلایەتی– ئابوورییەوە لە مانای نەگەیشتووین و هەر وەو ئەندازەیەش، لەمەڕ ئەو هەڵوێستە دووفاق و تاقوجووتانەی کە لە چەندین تێڕوانینی جودا–جودا و جۆرەوجۆر کەوتوونەوە، باپێی پێویستیان فرە سەر لێسەر دەرناکەین...

ئێستا لە کوردستان هەلومەرجێکی وا هاتۆتە گۆڕێ تا ڕادەیەک لە هەموو حیزبێکی ئیسلامی چ بێمنەت چ بەمنەت بەقسە و نووسین و ڕادیۆ و تەلەفیزۆن و چالاکی نواندن –ماڵم قەبرە– هەموو هەر دەڵێن دەبێ کار بۆ کوردایەتی بکەین: بەلام بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن یان نایانگەرەکە دگانی پێدا بنێن، کوردایەتییەکەش هەروەک ئیسلامەتییەکە بووگەوە بەلاگەردانی بەرژەوەندیی کۆمەڵکیی– ئابووریی چینایەتی، بەرژەوەندیی ئەم بەر و ئەو بەرە... کورد لەم سەروبەندەدا دەیەوێ خێوێ ئابووریی کوردستان بێ و لە کۆنترۆڵکردنی دەسەلاتی بیانی ڕزگار بێ، بەلام دەبێ ئۆرگانیزاسیۆنەکانی کورد لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی گشتدا لەم قۆناخەیدا هەر هیچ نەبێ بیر لەوە بکەنەوە گەلۆ لەپای چی نزیکەی ٧٠٪ی لاوانی کورد زێتر ڕوو دەکەنە مزگەوتەکان نەک ئەو ئۆرگانیزاسیۆنانە؟ لەبەرچی لاوان بەرەو هەندەران سواری گای هار دەبن و خۆ بە دەم دەیان مەترسی و دووبەختییەوە دەدەن؟ ئەمە لە ئاکامی لە خۆو لە هەموو چتێکی ئەم ولاتە بیانیبوون نییە؟!

دەی جا، با چتێکش لەمەڕ مانا و چەمکی لەخۆ بە بیانیبوونی مرۆ بێژین. لەخۆ بە بیانیبوون، بەدرێژا و درێژیی مێژوو لە ماکی فەلسەفە و تیۆلۆجیی جۆرەوجۆردا دەورێکی گرنگی گێڕاوە دە سیستمە میتافیزییەکاندا، قسە لەسەر نەوە دەکرێ کە "حەقیقەت"، "موتڵەق"، واتە: خوداوەند لە بوونی خودی خۆی دوورکەوتووەتەوە و بەشێوەیەکی بەخۆبیانی و ناجۆر و ناقۆڵا هاتۆتە گۆڕێ. واژەگەلی وەک "کرنووشبردن" وەک لەسەر زگی ڕووت بەسەر زەویندا بەرەوپیریی شێخ و پیرانی تەریقەتەوە چوون" هتد واژەگەلێکن کە بۆ مانای لەخۆ بەبیانیبوون وەزوان هاوردن، وەکار بریاگن، هەروەسا و هەمان مانا و چەمکمان لە تەسەووفی ئیسلام و تەسەووفدا، بە دۆنێکی ئاین و میستیکییەوە تووش دەبێ. چەمکی لە خۆبیانیبوون، بەدەم ڕۆژگارەوە لەمانا ئاینییەکەی و میستیکییەی داڕندراوە و بەتایبەتی لە فەلسەفەی هیگڵدا مانایەکی ئەقلی rationlی لێ بار کریاگە. وەک دەزانین، هیگڵ لەو بڕوایەدایە کە کۆسمۆ (گەردوون) لە ئاکامی لەخۆ بەبیانیبوون و پاشانەکێ بۆ خۆگەڕانەوەی سەرەتایەکی مەعنەوی و سەروو خۆڕسک کە هیگڵ بە idea (نموونە=میسال)ی نێوناوە هاتۆتە گۆڕێ. ئەوجا لە پاشان Feuerbach بە پەیڕەوی لە هیگڵ مانای لەخۆ بەبیانیبوونی لە نیگای ئاینەوە وا لێک داوەتەوە کە مرۆڤ ئاین و ژیانی ئاینی و هێز و گوردەکانی خۆی وەک چتهایەکی لەخۆ بیانی و نامۆ دەبینێ. بەڵێ وەلای ئەوەوە لەخۆ بەبیانیبوون ئەلەمەڕا هاتووەتە گۆڕێ. واتە وەلای Feuerbachەوە ئادەمزاد بەوەی کە لێوەشاوەیی و هێزەکانی خۆی بە لێوەشاوەیی و هێزی غەیری خۆی دیتووە، خودا و ئاینی (بەمەزەنەی خۆی و لە مێشکی خۆیدا–ش.م) گوڕاندووە. هەرچی Hess M. Mosesی باڵی چەپی فەلسەفەی هیگڵە، لەخۆ بەبیانیبوون، واتە مرۆ ئەو چتانەی کە خۆی دەیانخوڵقێنێ و وەبەرهەمیان دێنێ وەک چتهایەکی بیانییان کە ئی خۆی نەبن و ملکی یەکێکی دیکە بن، دیتن، بەڕاستییە ئابوورییەکانەوە گرێداوە، بە پێی تێڕوانینی Hessملکەچکردنی مرۆڤ بۆ خودا لە بەدەنگهاتنی ملکەچکردنی مرۆڤ بۆ کاڵا و پووڵ لە مەیدانی ئایدیۆلۆجیدا بەولاوە چیدیکە نییە (تکایە بیر لە فەرمائیشتی ئیبنولعەرەبی کە گوتوویە "دینکم دنانیرکم تحت قدمیّ هاتین" بفەرموون– ش م). کەواتە: چەمکی لەخۆ بەبیانیبوون تێکرا بەم جۆرە دەناسێندرێ: "لەخۆ بەبیانیبوون بە مانای لە باو و تەقلیدی واتە: هەر بوونەوەرێ ئەوەی تێیدایە لەخۆ بەدەری کا، بەڵام بەلای تیۆلۆگ (لاهووتییەکان)ەوە خوداوەند بە لەخۆ بەبیانیبوون (لەخۆ بەدەرکردن. Hess) دنیای خوڵقاندووە[٧]" لە سەرێ ڕوونمان کردەوە کە لەخۆ بەبیانیبوون لە لایەن Hess و Feuerbachەوە لە چەمگی خوداگەریی (تیۆلۆجیک) قوتار کراوە، هەرچی Karl Marxە چەمکەکەیان پتر بەرچاو (مشخص)تر کردووە و لە شێوەی گریمانە (فرضیة)یەکی ژیانی مرۆڤیدای بەکارهێناوە بەلای Marxەوە لەخۆ بەبیانیبوون ئەوەیە کە چتێکی مرۆڤ بە بەرهەمی دێنێ لە دەستی هەڵێ و قوتار بێ و بچیتە حاڵەتێکەوە کە دەبەرابەر ئەو مرۆڤەدا وەک بیانی و دژمنی لێ بێ، جا ئەمە هەروەک لە ژیانی ئابووریدا دەیبینین، لە ژیانی سیاسیشدا، لە بواری مێژووشدا و لە فام و دەرک (ئەندێشە و هەستوخوستی)ی مرۆڤەکانیشدا

دێتە گۆڕێ، بەڕاستی Marx مەبەستی لە مانای لەخۆ بەبیانیبوون پتر لەخۆ بەبیانیبوونێکە کە حاڵەتێکی تایبەتی لەخۆبەبیانیبوونی ئابوورییە، بەلای نەوەوە ئەم دیاردەیە تەنیا هەر ملکییەتی تایبەتی نایخولقێنێ بەڵکو کاردابەشکردن ئەوەندەی دیکەی خەست دەکاتەوە، ئەمە لە بەشی چارەمی بەرگی یەکەمی کتێبی سەرمایەدا، بە نێوی "فیتیشیزمی کالآ و نهێنیی وی)یەوە ڕوونکراوەتەوە ئەو مرۆیەی کە بە کاری کردەنیی خۆی بەرهەمانی ڕەنێو دەهێنا، هەم لە دەستدەرچوونی بەرهەمەکانی بە چاوە خۆ دەدیت و هەم بە حاڵەتێ دەگەیشت کە ئیدی ئەو گرۆکۆششتەی بەرهەمی پێ وەبەرهەم دەهێنا، جارێکی دیکەی بۆ قەربوو نەدەکرایەوە و لەگەڵ ڕەنج و گرۆکۆششتەکەی خۆیدا دەبوو بەبێگانە و نامۆ واتە ئەوەی کە لە خۆیدا هەبوو، لەخۆ بەدەری دەکرد و جارێکی دیکە وەکە خۆ بۆ نەدەگەڕایەوە. بە نموونە کرێکارێ بۆ ئەوەی بتوانێ ٨ سەعات کار بکا، پێویستی بەوەندە توانست (وزە)ە کە ئەو ٨ سەعات کارەی پێ دەسەبەر بکا هەیە، گریمان ئەو کرێکارە بە پێوانەی ستاندارت بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو وزەیە، ڕۆژانە پێویستی بە ١٠ دینار هەیە، باشە ئەدی ئەگەر هات ڕۆژانەکەی لە ٣٠ دینار زێتر نەبوو کوو ئەو وزەیە بۆ ڕۆژی پاشی قەرەبوو بکاتەوە؟! ئەم حاڵەتە وای لە مرۆڤ دەکرد کە دەبوو لە ناچاری و بە زۆرەملێ کار بکا و لە قەپیلکی ئینسانەتیی خۆی دەرچێ و خولاسە بێ بە پارچەیەکی بێگیانی مەکینە (فیلمەکەی چارلی چاپلن وەبیر خۆ بێنەوە). بەلای Marxەوە لەخۆبەبیانیبوونی ئابووری دە کۆمەڵی سەرمایەداریدا بەو پەڕی چڵەپۆپەی گەیشتووە و مرۆی کردووە بە "وانێک"، بە "پێناو"ێک و لە ئینسانەتیی خودی بێبەهرە کردووە، ئینسانەکان ئەو وانێکانەی کە بە ڕەنجی شانی خۆیانیان وە بەرهەم دەهێنا وەکە چتهایەکی لە خۆبەدەر و سەربەخۆ و هەر وەک فریان بەوانەوە نەبێ دەدیت و پێیان وابوو لە نێوان ئەو بەرهەمانەدا کە پێوەندییەکانی نێوان خۆیان وەبەرهەمەنیان دەهێنا، پێوەندی (ربط)یەکی سەربەخۆ هەیە.

Henri lefebvre، تیئۆریی لەخۆبەبیانیبوونی ئابووری واتە: (فیتیشیزم) بەم جۆرە ڕوون دەکاتەوە: "فیتیشیزمی سەرەتایی و جادوو، زاڵبوونی خۆڕسکی بەسەر ئادەمزاددا و هێز و گوردی خەیاڵبافانەی ئادەمزادی بەسەر خۆرسکدا بەدەنگ دەهێنا، هەرچی فیتیشیزمی ئابوورییە واتە: (وانێکێکی کە مارکس فیتیشیزمی ئابووریی پێ گوتووە– s.h) زاڵبوونی ئەو بەرهەمانەی کە مرۆ بۆ خۆی ڕەنێوی دەهێنان، بە سەر هەر هەمان ئەو مرۆیانەدا، هەروەها ئەو هێز و گورد (فەرمانفەرما– h.s)ە خەیاڵییانەی کە بەسەر ئۆرگانیزاسیۆنی خودی ئەم مرۆیانەدا و بەرهەمەکانیاندا زاڵ بووە بەدەنگ دێنێ". مارکس ئەوەی ڕوونکردۆسەوە کە مرۆ لەو بەرهەمانەی خۆی ڕەنێوی هێناون، هەر یەکەی بووگە وەفیتیشیک و "وانێک"ێک و لێیان دابڕاوە و ئەم دابڕانە بەرە– هێندەی دیکە جیرتر و خەستوخۆڵتر بووگەسەوە ئەم "بەوانێکبوون"ە، کە بە قۆناخەکانی کالآ– پوڵ– سەرمایەدا، تێدەپەڕێ، بەرە–بەرە هێندەی دیکە چیرتر و خەستتر دەبێتەوە، لە بارێکدا کە پووڵ وانێکێکە مرۆ بۆ خۆی دایهێناوە، جێی پێوەندییەکان و ژیان (هەست و خوست و

ئەندێشەکان)ی مرۆڤەکانی گرتووەتەوە "بە جوانی و زیرەکی دیتنی مرۆی پوڵدار" و "کاتێ دەبن بە دزێو و ناشیرین و بوودەڵە" هەر سەبارەت بەمە سەری هەڵداوە کاتێ کە کەسانێ جێگەیەلێکی لە ڕووی گرینگیی کۆمەڵایەتییەوە داگیر دەکەن و لە قوماشە ئەسڵییەکەی خۆیان بە ئابوتابتر بە جۆرێکی دیکە دەبیندرێن، هەروەها هونەرمەندان و توانست و لێوەشاوەیی و داهێنانەکانیان بە چتێکی زۆر لە مرۆڤایەتی جوداواز و هەڵاوێردە و هتد..." بەدەنگ دێن، نموونەگەلی "بەوانێکبوون"ن هەروەها توانست و لێوەشاوەیی و هێز و گوردی بێسەرحەد و سنوور (بۆمبای ئاتۆم)ی مرۆڤەکان، کە دەبنە بەڵای سەریان، ئەمەیشە هەمدیس نموونەی زەقوزۆپی لەخۆبەبیانیبوونە. کەواتە، مارکس چەمکی لەخۆبەبیانیبوونی بە جۆرێکی گریمانەی وا بیر لێکردووەتەوە کە لە دوارۆژدا لە بواری جۆرەوجۆردا بۆ لێوەکۆڵینە زانستییەکان ببێ بە چتێکی بەکەڵک و بەتایبەتی بەپێی لەسەر لەخۆبەبیانیبوونی ئابووری داگرتن وەک بنەما کتێبەکەی نووسیوە، هەر لەبەر هەندێ لەخۆبەبیانیبوون لە لێکدانەوە ڕەسمییەکانی بیر و ئەندێشە بەدەرەکانی مارکسدا لەو سالانی دواییدا لەگەڵ سەرلەنوێ وەک چەمکێکە لە توێژەنەوە هاتنە کایەوەی، دەئەسڵدا لە نێوان سەرەتا بنەڕەتییەکانی مارکسیسزمدا جێ خۆی گرتووەتەوە. گەورە مارکسیستەکانی وەکو George Lukacs, Augste Cornu, Heneri Lefebvre. هتد. لەم چەمکە هەمیشە سوودیان وەدەست هێناوە، نەخوازەڵڵا بەر لەوەی نووسینەکانی سەروبەندی لاوێنیی مارکس متالا بکا، شاکارێکی کە لە بەرگی چارەمی سەرمایەی ماکسەوەی تێهەڵچووە، نووسیوە و وا زانراوە کە چەمکی "بەوانێکبوون"ی دە پلانی یەکەمدا ڕەچاو کردووە، ئەنگلس، هەر هەمان چەمکی هەرچەندی بە پارێزەوە دەست بۆ بردووە، پەیدەرپەی بەسەرکردووەتەوە، کەواتە چەمکی لەخۆبەبیانیبوون، لە نیگای ڕەگوڕیشەوە، وێڕای وەی کە چەمکێکی تیۆلۆجی و میتافیزیکییەوە، لە پاشان لە جەڕ و مەنگەی گۆڕانکارییێکی چلۆنێەتی دراوە و لەسەر دەستی کەڵە زانایانی بیر و ئەندێشەی سۆسیالیزم، وەک چەمکێکی بنەڕەت ڕەچاو کراوە.

* ڕا و بۆچوونت بەرامبەر سامانی نەتەوایەتیمان؟! فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردیمان، کارتێکەریی کەلەپوور و فۆلکلۆری میللیمان لای مامۆستا شوکور چی دەردەخات، تا چ ڕادەیەک هەست و سۆزتانی وروژاندووە؟! ئایا ئەوە بووەتە هۆی کۆکردنەوە، نووسین یان وەرگێڕانی بەرهەمی فۆلکلۆری و کەلەپووری؟

– شوکور مستەفا لە وەرامی ئەم پرسیارەدا دەڵێ: سامان و کەلەپووری کورد سەبارەت بە هەمەڕەنگی و دەوڵەمەندیی جوغرافیایی وڵاتەکەی فرە ڕەنگین و دەوڵەمەندە، لە هی زۆر ڕەسەنی کوردەوارییانەوەی بگرە لە کۆنترین چەرخ و چاخەکانی سەروبەندی بەردین و مسین و ئاسنینەوەی تا دەگاتە سەروبەندی ئەلفوبێ داهاتن و مێژوو، بەشی خۆی وە زیادەوە هەس، بەڵام سەبارەت بەوە کە کەم ئاغای ماڵی خۆی بووگە، هێشتا هەر وەخاوی و هەمەڕەکی ماگەسەوە و

نەیارانیشی درێغییان لە لێدزینەوە و بەئیخۆکردن و بە مۆرک و شەقڵی خۆ کلک و گوێ کردنی، نەکردووە، ئەگەر کەلەپووری کوردەواری گرد و کۆکرێتەوە و شەن و کەوکرێ، کوردەکە نەبۆ زمان، نە بۆ هونەر، نەبۆ بیری فەلسەفییانە (دیارە لە چارچێوەی ئابوورییەکانی سەروبەندی میوەچنی و ڕاووشکار و شوانکارەیی و کشتوکاڵ و پیشەگەری و هتد...دا) دانامێنێ، هەر بۆ نموونە: لە پیشەی ئاشنانەوەدا، زێتر لە ٨٦ نێوی کوردیی ڕەسەنی ئامێر و ئەسپاب بۆ ماوەتەوە، مایەوە هەڵبەست و ستران و چیرۆک و داستان و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و ئەفسانە و سەربوورەی کەڵەمێردان و شەڕوشۆڕ و ئەویناری و هتد، کە خەرمانەکەیان لە خەرمانی هەموو نەتەوەکانی دەورووبەری خۆی قەبەتر و لە لێواری زۆر لە نەتەوەکانی دنیایی قەوغاترە، جارێ هەر زمانە کوردییە شیرینەکەی کورد بۆ خۆی هێندە دەوڵەمەندە، پیاوی خۆی هەبێ بەشی زۆر تەنانەت لەڕشتەکانی هەر سێکووچکەکانی زانست و هونەر و فەلسەفەی ئەوڕۆی دنیای مۆدرێنیش دەکا، بەڵانەکینی چدەکەی لە بێکەسی و کەساسیی کورد؟! لەمەڕ کارتێکردنی فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردی، ئەوە بەشبەحاڵی نەخوێندەوارەکە هێشتا سەرینچاوەکە زۆر شلوێ نەبووە، وەلێ خوێندەوارە بە سەلیقەی عەرەب و تورک و عەجەم ڕاهاتووەکە، تا زووە بە خۆ نەکەوێ، بە بن لێشاوی ناچاریی paradigmaەوە دەبێ و دەستی لە بن هەمبانەکەوە دێتە دەرێ...

کورد هێندەی بۆ ماوەتەوە لە کەلەپوورە زارگۆتییەکەی، کە ئەگەر فریای بکەوێ، بە هەستی شانازی پێوەکردنیەوە شاگەشکە دەبێ.. شوکور مستەفا لەم چەنانەدا بە خزمەت یەشار کەمال کوردی بەتورکی نووس گەیشتووە*، لە مەڕ دەوڵەمەندیی ڤۆکابولەریی فۆلکلۆرییەوەی گوتوویە: ئەمن کوردم و قەرزارباری فۆلکلۆری نەتەوەکەمم، فۆلکلۆری کوردم لێ پاوانکرێ ئیفلاس دەکەم. دواترین وتاری کە پرۆفیسۆر د. Tharaud Baury لە زانستگای دەوڵەتیی San Diago بەزمانی ئینگلیسی بەسەرناوی The Trancendental Of Memed My Hawk نووسیوە دەڵێ یەشار کەمالی کوردی بەتورکی نووس قەرزارباری فۆلکلۆرە دەوڵەمەندەکەی نەتەوەکەیەتی، خۆزی لە خۆزیداران، بۆی کرابا بە زمانی نەتەوەکەی خۆی نووسیبای. شوکور مستەفاش کە تەقەتەقێکی پێ دەکرێ، هەر خۆی بە منەتباری ئەو فۆلکلۆرە دەوڵەمەندەی گوند و ناوچە جۆرەوجۆرەکانی کوردەواری دەزانێ. شوکور مستەفا هەر لەمێژە خووی داوەتە ئەدەبیاتی زارگۆتیی کوردەواری و خۆی پێوە سەرگەرم کردووە، خۆی بەقەرزارباری مام هەژار و مام عەبدوڵای زڕبابی دەزانێ، ئەتۆ داستان و چیرۆکە ڕەسەنانەی ڕەحمان بەکر کە لە بۆ ئاغای ئۆسکارمانی گووتووە و ئەویش بە نێوی موتورفە (تحفە)وەی بە موزەففەردین شای قەجەری پێشکێشکردووە وەخوێنە بزانە ئەدەبیاتی زارگۆتیی کورد چەندە شایستەی ئەوەیە کە ڕووناکبیرانی کوردی پێ شاگەشکە دەبێ.

* کامانەن ئەو بەرهەمە فۆلکلۆری و کەلەپوورییانەی سەرنجتانی ڕاکێشاوە، ئەی ئەو کارە کردەییانەی کارتان تیا کردووە و بەرهەمتانی تیا ڕەنگداوەتەوە؟

– بەلای منەوە هەموو جۆرە فۆلکلۆرێکی[٨] کوردەواری بەهای تایبەتی خۆی هەیە، بەش بەوەندەی کە تا ئێستا بە نووسین کۆ کراونەوە، بە نموونە ئەوانەی ئەرمەنستان و گورجستان و ئازەربایجان و ئێران و تورکییە و کوردستانی عێراق، شوکور مستەفا لە وەڵامی "کورد و کۆمەڵی کوردەواری لە کوێدا خۆی دەگرێتەوە"دا؟ پێی وایە کورد وەک نەتەوەیەکی بە خوایشتی خۆی و ئازادانە گەشەی نەکردووە، هەمیشە پاشکۆی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ئابووریی کۆمەڵەکیی نەتەوەیەکی زاڵ و دەسەڵات بەدەستی دیکە بووە، هێشتا کۆمەڵگەی شارستانیی کورد نەیتوانیوە دەسەڵاتێکی سیاسیی سەربەخۆی بە مانای چ سیستمێکی فیودالیستیی سەربەخۆ و چ سیستمێکی بۆرجوازیی ئازادی خۆی پێکەوە بنێ، وڵاتەکەی لەبەروەی لەت و پەت کراوە، ئابوورییەکی گەشەکردووی سەربەستی بەخۆوە نەدیتووە، بەشە چیاییەکەی کوردستان هەر بۆخۆی بە خۆڕسک بۆ شارستانیەتییەکی ئەوتۆ لە بار نییە کە لە غەیری ئابووریی قۆناخی ئاژەڵداری ڕزگاری ببێ، هەرچی بەشە دەشتە بەراو و بە پیت و بژێوەکانیەتی ئەوە هیچ دەسەڵاتێکی سەربەخۆی نەبووە کە بەرهەمی ئابووریی (بە نموونە: نەوت، لە بەشە کوردستانەکەی بە زۆر بە عەرەبەوە جووتبەقێ کراوەوە) بە بازاڕەکانی دەرەوە بگەیەنێ، ئەوجا هەر بەو ڕەنگە زمانەکەی هەرچەندە تا ڕادەیەکیش بایی شیعر پێگوتن و چیرۆک و مێژوو پێنووسین و بە کوردی خوێندنێکی دەستەمۆی زمانی عەرەبی، بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا، ئاهێکی هەر تێدا ماوە وەلێ پێنج زاری لێهاتۆتە گۆڕێ و ئەوڕۆ ئەم بانێک و پێنج هەواییەی لێ بووگە وەگرفتێک کە نابێ حیسابی بۆ نەکرێ، مایەوە ئەوە کە بێژین گەلۆ کۆمەڵی کوردەواری بەم نە یەکتا ئابووری نە یەکتا زمانییە دە ئەتمۆسفیرێکی بێدەسەڵاتیی سیاسیی ئەوهادا کۆمەڵگەیەکی بە مانای کۆمەڵگەی هەر هیچ نەبێ تورک و فارس و عەرەب، بە چاوی پشکوتووە؟! پێموایە ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆی کورد هەرچەندە بەوە دەچێ ئەمریکا و ئینگلیز، بیرێکیان لێ کردبێتەوە گۆماوەکەی بشەڵەقێن، وەلێ کۆمەڵگایەکی تا ئێستاش هەر ئابووریی پاشکۆی لامژ (توفەیلی)ە بەڵێ ڕووناکبیرەکانی کورد قسە لە لێشاوەکانی فەلسەفەی ماتریالیستی و ئایدیالیستی: مارکسیزم، مۆدێرنیزم، مۆدێرنیتە و پۆست مۆدێنیزم و یەک جیهانبوون دەکەن، بەڵانەکینی ئەمە بەلای شوکور مستەفاوە هێشتا هەر وەک نوێخوازیگەرییەکەی ڕووناکبیرانی عوسمانیی سەردەمی تەنزیمات و سەروەتی فونوونەکە دەچێ، ئێمە تازە بە تازە خەریکی paradigmaین کە لە مێژە ئیفلاسی کردووە، بەشبەحاڵی نەریت و پێوەندیی کۆمەڵایەتیی کوردەواری، دەتوانم بێژم لە سەتا ٦٥ی کوردەکەی هێشتا لە چارچێوەی مۆزاییکێکی بە تەقەڵی درشت لێک کۆکراوی ئاسەواری بیروبڕوای ژێرخانەکانی ئابووریی میوەچنی و ڕاووشکار و شوانکارەیی و کشتوکاڵی مڵکایەتیی زەوینیی فیودالیزم و پیشگەریی ڕیژیمی فیودالیزم و چەرچێتیی و دووکانداریی توێتکەگر و گەڕۆک و دەستیی شار و شارۆکە و ئۆتراخچێتی و کۆمیسیۆنچێتی و کاڵائاڵشتکاری و سەرافی و قاچاخچێتی و فاڵچێتیدا، لە پاڵ بازرگانیی مۆدێرنی چاپی گەورەی لە گوێن سووپەرمارکت و هتد...دا، بەرچاو دەکەوێ ٢٠–٥٠٪ی

ڕووناکبیرەکەی هێمان لە چارچێوەی دەستدایی و پاشکۆیی ئایدیۆلۆجیای ڕەسمیدا قەتیس ماوە، ڕووناکبیرەکەی، سەبارەت بە چۆنییەتیی کۆمەڵەکی–ئابووری و کەمفراژوویی وڵاتە هەر لەتێکی بە وڵاتێکی بیانییەوە بە زۆر لکێندراوە، تا ئێستا هێشتا نەیتوانیوە وەک لە وڵاتانی سنعەتی کراوی ئابووریی بازاڕەوانیدا لە باوە، لە چاو چینە دەسەڵات بەدەستەکان چین (couche)ێک بۆ خۆی پەیدا بکات و لەم بارودۆخەیدا ناشتوانێ پەیدای بکات، ڕووناکبیری کوردیش لە هەموو بەشە کوردستانە لەت و پەتکراوەکاندا، هەر وەک ڕووناکبیرانی سەروبەندی عوسمانی هاوسەر و کارێیەتی و پەیوەندییەکانیان لە تەک دەوڵەتدا، جیاوازییەکی ئەوتۆی لێڵ ئیمپراتۆریی عوسمانییدا نییە، ڕووناکبیران سەبارەت بەوە کە تا ئێستێکەش لەگەڵ کۆوالیسیۆن (ائتلاف)ی چینە دەسەڵاتدارەکاندا هاوبەش و شەریکن، لە چارچێوەی دەوڵەت بەدەر، ناکارن سەربەخۆ زانست وەبەرهەم بێرن، لە فۆرماسیۆنەیلێکی کۆمەڵەکیدا کە ئایدۆلۆجیای ڕەسمییان بەسەردا زاڵە، کێی حەددی هەس خۆی لە قەرەی زانستێ کە زیانی بۆ پەزەکانی سیاسەتی دەوڵەت هەوێ بدات؟! خۆ لە قەرەی چتێکی ئاوهالە دان یان ڕەخنەگرتنی کە لێڵ بەرژەوەندی ئایدیۆلۆجیای ڕەسمیدا دووفاق و و تاق و جووت بێ هەریەک یەکسەر پەنا بۆ سزادران دەبردرێ، بەرهەمهێنانی بیر و ئەندێشەیلێ کە زیانی بۆ "بەرژەوەندی وڵات؟!" هەوێ یاساق و قەدەغەس بەرژەوەندی وڵاتیش چییە؟ ئەوە فەرمانفەرمایان خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن هەر کەسێ توانجی ڕەخنە لە ڕێژیم بگرێ "بیر و ئەندێشە خراو و وڵات لە تەپان و گێژەنە دەهێنە"، "بەرژەوەندیی یەک پارچەیی وڵات بەرەو هەڵدێر ڕادەرە"، "یەکێتیی و چوون یەکیی زەدەدار دەکات"، "هەست و خوستی نیشتمانپەروەریی میللیی کز و کەنەفت دەکات" و، هتد. ئوها کۆمەڵێک بە هاوچەرخ و دیموکراسیکردن و بۆ وەسەرەپێ ئێخستنیشی کارێکێ تا بێژی هەستەم و سەختە لە ساتەکانی ناوینی ڕۆژاوادا، ڤیزەی ڕەوابوون و نارەوابوونی "ڕاستییەکان: وەدەس بەرپرسانی کڵێسە بوو، لە وڵاتانی ئێمەشدا کارەکە وەدەست یاساکان و یاسە بەڕێوەبەرانەوەس کۆمەڵێکی سەر لەبەر کون و کەلێنی ڕەخنە لێداخراو، خێوی یارا و توانستی بیر لە خۆکردنەوە نییە، بەشبەحاڵی بیانگەی سزا پاساودان و سەپاندنی، هەر بۆ چەک لە شانی ڕەخنە داماڵین، دەگەڵ تەوری ڕووناکبیریدا یەک لە شام و یەک لە حەلەب و لاترقەوچە– شۆڤینیستی بەعس و تورک و یان ئیرانیزم و پان– ئیسلامیزمی عەجەم، پرزە و برسیان لە ڕووناکبیریی کورد و غەیری کورد بڕیوە، لە چارچێوەی بەرژەوەندیی فەرمانفەرمایاندا نەوێ، وەگاز و چەکوچ نەوێ متەقییان پێ ناکرێ فارس دەڵێ: کوردەکە خزمی خۆمانە، وەلێ کەلەپوور و زوانەکەیان، فارسییەکی هێندە ڕەسەنە، وەک بلووریی سڕیاگی چرا واسە، هێزە دەستی پێوە مەدەن نەوەکا خەش و بەڵغ بگرێ و تورک یەژێ واژەی "کورت" kurt" لە "قرتە قرت"ی تورکی کوێستانیی بەسەر بەفر و بەستەڵەکدا ڕێکردنەوە پەیا بووگە و عەرەب مەرەمۆ: کورد لە تۆزە و سۆرەی "کوردی کوڕی موردی کوڕی سەعسەعە"ن و بڕێکیش دەفەرموون: نەخێر، لە خێو و جنۆکە و منۆکەوە پەیا بووگن، ئەی خوا هانا ئەڕای کێ بوەین؟!

هەواڵنامەی کتێب

ئەوەی تا ئێستا بە کتێب نووسراون، هەموو گەنجینەی کەلەپووری کوردن دەبێ گرد و کۆ بکرێنەوە و سەتان لێوەکۆڵنییان دەربارە بکرێن، مایەوە ئەو ماتریالانەی کە هێشتا هەر لەسەر نەوار و شریت تۆمار کراون، دەبێ تا زووە وەسەر کاغەز و کۆمپیوتەر ئێخرین، هەرچی هێشتا بە سەر زاری خەڵکی کوردستانەوە دەگەڕێن، دەبێ لێییان وەخۆ کەوین و بە هەر شێوەیەک بێ لە فەوتانیان قوتار بکەین.

شوکور مستەفا پێش دامەزرانی دەستەی کۆڕی زانیاری کوردستان بە سەرۆکایەتیی کاک د. شەفیق قەزاز ویستی چەند دەستەیەکی گەڕۆک دامەزرێنێ و لە سەرانسەری کوردستانیاندا وەرکا و بە پێی بەرنامەیەکی زانستانە هەرچی لەسەر زارانە خڕی بکەنەوە، وەلێ جەنابی کاک نێچیرڤان هەرچەندە سەد هەزار دیناری پۆلیشی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کارە پیرۆزە بۆ ترخان کردین، بەڵانەکینێ نیوەی پوڵەکەمان بۆ کاری دیکەی کتێبەکانی پەروەرشت خەرج کرد، نیوەکەی دیکەشمان بۆ خەزێنەی حوکوومەتی هەرێمی کوردستان وەگەڕاند، هیمەتی جەنابی یاربێ بیرمان لێ کردووەتەوە، جارێکی دیکە تێهەڵچینەوە، بەڕاستی کارێ لە فۆلکۆر و ئووستوورا۹ و داستان-سترانەکانی زارگۆتی مێژووینە و ئەوین و سەربوورەی کەڵەمێردان و میرنامە و پادشانامە و شێخنامە و پیرنامە و سۆفینامە و دەروێشنامە و هونەرمەندنامە و قسەی خۆش نامە و هتد..ی کوردەواری بەتایبەت بە زاری کوردیی باکور و دملی هێند دەوڵەمەندن زۆر شایستەی ئەوەن جۆخینییەکی گەورە و گرانی لێ بێنینە گۆڕێ و گێرە کرێ و شەن و کەو کرێ و سوودی لێ وەگیر کەوێ.

* بۆ نووسینەوە، تۆمار توێژینەوەی بۆماوە و جێماوە کەلەپووری و فۆلکلۆرییەکان چی بکرێت باشە؟! کاری تاکە کەسی و بە کۆمەڵ چۆن دەبینیت... بە پێی شارەزاییتان، ئەوەی بە باشی کرابێت چین و چۆنیا دەبێت؟

- ئەگەر مەبەست لە فۆلکۆر تەنیا هەر کەرەستەی زارگۆتی بێ، ئەوە دەبێ:

١- میکانیزمایەک، لە کەسانی لێزان و چاکزانی کورستان دۆڵاودۆڵپێوی بە هەموو کون و کەلێنێکی شارەزا، کە ئەگەر دەسکەون، ئەو چتانەی بە زاری زگماکی خۆیانن و هەر لە منالێڕای فریشکیان پێ هەڵدراوەتەوە و وەک فاتیحایان ڕەوان بن، دەسەبەر بکرێ و ئاشقانە و بەدڵگەرمییەوە سەرگەرم و هەڵوەدای گەڕان و پشکنین و بەوردی و سەلیقەوە تۆمارکردنی هەموو جۆرەکانی فۆلکلۆر بە پێی بەرنامەیەکی تیئۆریکی و کردەنیی مۆدێرنی زانستانە، سازکرێ.

٢- ئەسپاب و ئامێری پێویست و لەبار وەک ریکۆردەری زۆر گوێسووک و کامێرای فرە چاوتیژی سینەمایی بۆ کەسانی چازان دابین بکرێن تا هەرچی دەنگ و ڕەنگ و ورتە و سرتە و دەموکاوێژی سەربوورەوێژە و داستانوێژ و بەیتبێژ و حەکایەتخوان و شینگێڕ و مەولودنامەخوان و

قورحانخوێن و هۆرەوێژی جافایەتی و لەک و لوڕ و دەورێشی سۆزوێژی تەکیەکانی شێخانی قادری و سەڵاکەر و تەهلیلەکێش و بەندوباوی سۆفییانی خانەقایەکانی نەقشییان و فاڵوەکر و کوڵەنانی و فاتەبیجەڕینە و بەربووکی و ساغدوجی و خەنەبەندان و چوونە گەرماوی و بووکەوەگێزان و زاوا وەپەردەکریانەوە و ڕانەمەڕ لە کەڵدان و سارەما و بێرە و بێرەوانیی و بندارۆک و مازووچنین و چارشەمەسوورە و نەورۆز و جێژنان و بارەخوور و ساوار کوتان و خەرمانکوتانی جیزپێوان و دۆینە و زرمەزلێ و یەکدی گەوزاندنی کیژ و کوڕی هەرزەکاری کادێن پەستاوتن و سەربان سواغدان و داربڕین و هەڵپەرتاوتن و گەڵاڵکردن و بەندوباوی ئاشنانەوە و شەوئاش و گەلەجووت و شەڕەگاگەل و شەڕەگەڕەک و بەکری و برینگە و میوەچنی و هەڵگۆ-هەڵگۆی مێچکەی غوبابی و دوو گاڕان کەوتووی تەپاڵەوەچن و بەندوباوی شوان و گاوان و عێل و عێلەسات و هۆبە و هۆبەسات و پەشتەماڵە و بەرماڵەی بەگزادەی جاف و ڕاووشکار و هتد... هەس گشتی تۆمار بکرێن.

٣- کە ئەم حەمکە کەرەستەیە لە گرداری کریا، ئەوساکە ئەفنمە سۆیلەری، گیشە وەگیشە و تایە و بابەت وەبابەت، جیاکرێنەوە و پسپۆڕ و لێزان هەر یەکە بەشی خۆی بە پێی ڕشتەکانی کۆمەڵناسی، ئابووریناسی، ئەفسانەناسی، ئۆستوورەناسی، زمانناسی، ڕێزمانناسی، فەرهەنگدانان ناسی، ڕەوشتناسی، فەلسفەناسی، زانستی ناسی، ناسیی کوڕی و ناسیی کوڕی سەپانی میمکزای میوانی ماڵی شێخی، وردکاتەوە و شیکاتەوە و وەک پیفۆکی پاککراوی لە پێش خەڵکی بە تەمای ئازادیی هەرتاسەریی دواڕۆژی کوردستان دانێی و بێژی: ئەمەتا ئەسڵ و ئەستەر و بنج و بناوانی کەلەپووری هەزاران ساڵی کوردەواری.

٤- دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان خەرج و پۆڵێکی دڵاوایانە بۆ ئەم کارە دابین بکا، ئەمە کار تاکە کەس نییە و لە کێشی من و تۆ و عەمر و زێدا نییە، خودا پێداوانی خاوەن ماڵەخۆ لە بۆ ئەم کارەی دامودەزگای ڕەسمییان دامەزراندووە و چەندین کارمەند و پسپۆڕ و لێزان و چازانیان لە بۆ تەرخان کردووە، دەکرێ هاوار بۆ لە خۆ لێزانتری هەندەران، دەوروبەران بەرین، بزانین ئەوان چییان کردووە؟ لە ئەرمەنستانی برا کوردەکانمان، لە گوین جەلیلی جەلیل و ئوردیخانی جەلیل و ئەوانی دیکە کە ماون، کاریان لەم ڕشتەیەدا زۆر کردووە و شارەزان، دەکرێ فێرە ئەزموونەکەیان بین، ئەمن بۆ خۆم ساڵانی بەرێ دەستم دابووە ئەو کارە برێ کارم کرد، وەلێ لێی ساردبوومەوە، چون هیچ لایەکی پولدار کۆمەگێکی وای نەکردم درێژەی دەمێ، هەنووکەش ئەو کارە بەداخەوە هەر بێنازە، خولاسە ئەوە دەزگایەکی دەوڵەمەند و ئەزموون و پیاوی خۆی دەوێ، ئەسڵەن دەکرێ سەر لەبەری خەڵکی کوردستانی پێوە سەرگەرمکەین: فێرکار، شاگردی فێرگە، مەلا، شێخ، فەقێ، دەروێش، سۆفی، خوێندەوار، پڕوپیرێژن و هتد... ئەوەی تا ئێستا بە باشی کرابێ، بەڕاستی تەنێ ئەوانەی کوردی ئەرمەنستانە، ناشکوری نەبێ برێ خاوەن بڕوانامەی ئەم وڵاتە خۆیان لەوێبوون، حەیفێ خۆیان کەمتر بەم کارەوە خەریکردووە، زیرەکیان تێدا زۆرن بەڵانەکێنێ کاری

دیکە دەکەن، پێیان وایە ئەوە ئەدەبیاتی عامییانەیە، چتێکی دیکەش هەیە، ئەو کەسانە بۆ خۆیان خەڵکی گوند و دەشت و کۆ و کۆساران نین، سەروساختیان دەگەڵ چتی دیکەدا خۆشترە... جاریّ گەرمیانییەکانمان لەم ڕووەوە وەک کوێستاتییەکانمان دەوڵەمەند نین، ڕاستییەکەیت گەرەک من بەش وەحاڵی خۆم تا ئێستا کەم چتم وە گور رانیی دیکە. بەڵیّ لەم چەنانەدا کتێبێکی مالمیسانژم وەگیر کەوت باسی زارگۆتی دملی عەلی کوسا و بینگولویل و سیوەرەک و قفجان و دیرسیم و هتد... دەکات و دیارە دملییەکانیش فۆلکلۆریان زۆرە بەڵام بە داخەوە چەند خوێندەواری کوردی ڕۆژهەڵات، نەک هەر دملی، بگرە کوردیی باکور، یا چەند کوردی سوورییە و تورکییە و ئەرمەنستان و نازانم کێندەرێستان بەم خەت و ڕێنووسە لە ئۆمەت بە دەرەی ئێمە سەر دەردەکات؟ ئێمە چی لە لوڕی و لەکی و ئیلامی و بەختیاری دەزانین؟

* بەرهەمێکی تایبەتی لەم بوارەدا کە سەرنجی بایەخداری ئێوەی ڕاکێشابێت کامەیە و چۆنی ڕاڤە دەکەن؟

بەلای منەوە بەرهەمی بایەخدار، ئەگەر لێوەکۆڵین و شاکاری فەلسەفییانەی فۆلکلۆر بیّ- هێنیّ نووسینی د. عیززەدین ڕەسولی لیّ بترازیّ- ئەوەندەی بەندە لێی ئاگابم چتێکی وام بەرچاو نەکەوتووە، ئەگەر مەبەست ئەوەبیّ چەندی لە مەڕ وەکۆڵدراوە چون پێرستکریاگە و چلۆن لەبۆ لێوەتۆژ و دەق هەڵسەنگێن ئامادە کریاگە و جۆرەکانی، بابەتەکانی، بە قۆناخەکانی کۆمەڵەکیی- ئابووریی کوردەوارییەوە سەروکار دۆزیاگەسەوە، چەندی وەک بنەواشەیەک بۆ کەرەستەی زمان و بیر و هەست و خوست و بیروبۆچوون و خەیاڵ و ڕادە و پلەی ئاستی کورد لە ڕووی فۆلکلۆر بەراوردکینسانیی دنیاوە، ئەوە فرەی گەرەکە بە پێی هێندیّ بیروبۆچوونی من بەشبەحاڵی فۆلکلۆری کوردیی باکور کەرەستەکە فرە دەوڵەمەندترە، وەک بۆم ڕوونبۆتەوە تا بەرەو سەرووتر بۆ قۆناخەکانی مێژووی کورد هەڵکێشی کانیاوەکانی کەرەستەی فۆلکلۆری ڕوونتر و زەلاڵترە، ئەمەش لە زارە کوردییەکاندا بە زەقی بە دیاردەکەویّ، هەورامانی و دملی- زازاییەکان لە بەرئەوەی پلەی کۆمەڵەکی- ئابوورییان لە ئی کوردی دەوروبەری خۆیان پێشکەوتەترە فۆلکلۆریان کەمترە، کەچی کرمانج کە هێشتا هەر دەچەمەرەی خێڵەکی و تیرتیدا زۆر ماونەوە فۆلکلۆریان زۆرە، باخەوانی باش، پیشەگەری دەسترەنگین، کرێکاری شارەزا ورد، خەسیەتی چینایەتی و شارستانیەتییان تێدا بە هێزترە، تا چتی دی بە نموونە لە تورکییەوە: ئەستەمبوڵ، ئەنقەرە، ئیزمیر، دیاربەکر و شارەگەورەکانی دیکە تا دملییەکان بۆ کار وەگیرکەون بیر لە غەیری وان ناکەنەوە، هەروەها هەڵبجەیی و سلێمانییەکان تا هەورامانییەکان دەستکەویّ کەمتر لابەلای غەیری هەورامانییەکان دەکەن، ئەدی "بەردی گۆرانت لێواری" و" گۆرانە حیزەی چاو لە خەوە" لە چیرا سەری هەڵداگە؟ گۆران، وەک کریستن سن یەژیّ، واژەی "دی" لە سەرەتاوە لەناوچەی هەورامان چەکەرەی کردگە، کوردە لووڕستانی و ئیلامییەکان کە پاشماوەی کاشییەکانن، تا بێژی لە دراوسێکانیان

پێشکەفتەترین. بڕوانە ئاسەواریان تا بێژی دەلالەت لە پێشکەوتنیان دەکات، ئەسڵەن فارس، کوردی لوڕستانی و ئیلامی و سنەییيان لێ بستێنینەوە، هەر بە جارێ داریان وەبان پەردوویانەوە نامێنێ. خەییام (٥٣٠-٥٦٠ک.م) بەرماوخۆری سفرە و خوانی باباتایەری (٤٤٥ک.م) کوردی لوڕستانیی کۆنە زەردەشتیی ئەهلی هەقە. ئەسڵەن ئەو بیروبڕوا نیمچە atheism (خودانەناسی)یە و دەنگ پڕ پڕۆتیستۆر و ئیعتیرازەی خەییامیش و حافزیش و عوبەیدی زاکانیش و هتد هەس، بەرماوی سفرە و خوانی بابا عوریانە:

ئەگـــر دســـتم رســـد بر چرخ گـــردون
ئەگەر دەستم رەسەد بەر چەرخی گەردوون
ازو پرسم کـــه این چون است و اون چون
ئەز وەپرسم کە ئێن چوونەست و ئوو چوون
کـــسی رادادەای صـــد ناز و نعـــمت
کەسێرا دادەئی سەد ناز و نیعمەت
کـــسی را قـــرص جـــو الودە در خـــون
کەسێرا قورسی جۆ ئالوودە دەرخـون

بابای عوریانی بیر و بڕوا "وحدة الوجود"یانەی لە گوێن ئیبنولعەربی و مەولانای ڕۆمی و هتد... بڕوای بە مانایی ڕواڵەتانەی ئایەتی "لیس کمثله شيء وهو السميع البصير" (الشورى/١١) نییە، عوریانیش و ڕۆمیش و فەزلوڵڵای نەعیمیش و عیمادودینی نەسیمیش و هەموو "وحدە الوجود"ییەکان، بڕوایان بە دوالیزمیی بوون نییە.

* گۆڤاری (کەلەپووری کورد) چۆن دەبینیت؟! بەهۆی ئەوەی تاکە گۆڤارە لە کوردستانی ئەمڕۆماندا کە تایبەتە بە نووسین و تۆماری کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد، بەڕای بەڕێزتان چۆن دەتوانرێت پتر خزمەتی گەشەکردنی ئەم گۆڤارە بکرێت، بە تایبەتی کە ئێستا لە لایەن دەوڵەتی و هیچ ڕێکخراوێکەوە بووجەیەکی چەسپاو و هەمیشەییی بۆ تەرخان نەکراوە و بە دەروازەگەری چاپی دەکەین، وەرزییە، بەڵام لەکاتی خۆیدا دەرناچێت...

– ئاستی کۆواری "کەلەپووری کورد"، ئی هەر کۆوارێکی دیکە، تا ئەورۆکە بەدان و ئاوی دەسەڵاتی سیاسییە گەرانی، بەڵێ ئەمە ئەگەر هەتا سەربێ و ببێ بە کارێکی وەک پرۆژەی ئاو و کارەبا و نانەوخانە و مەیخانە و هتد کارێکی پیرۆزە بەڵام کوا ئەو سەلیقەیە؟ لە هەموو وڵاتێ مەڵبەندێکی پرویوختە بۆ فۆلکلۆری زارگۆتێ هەس، ئێمە هێشتا هەر بە تاکە کەسی و تەنیا باڵی

خەریکی کارەکەین، بەبڕوای من ئەگەر فیدراسۆنێ لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بە جارێ هەر هیچ نەبێ بۆ لە یەکدی ئاگابوون بێتە گۆڕێ، کارەکە قۆناخی بەرەو پێشەوە ڕادەدا: مەڵبەندەکە، ئەگەر لە کوردستانی ئازاد بێ و لک و چڵەکانی بە نموونە: دەگەڵ ئینستیتووی کورد لە تاران، ئینستیتووی کورد لە پاریس ئینستیتووی کورد لە برۆکسل ئۆرگانیزاسیۆنە ڕۆشنبیرییکانی کوردستانی تورکییە (ئێستا زۆر بوون) مەڵبەندە ڕۆشنبیرییەکەی لەندەن زانستگای بارزانیی نەمر لە ئەمەریکا، هاوپێوەندییەکی توندوتۆڵ سەروبەنرێ ڕەنگە کاری باش لەم بوارەدا بەرهەم بێت، خۆلاسە کێشەی سیاسییش دەبێ کەمێ لەم ڕووە سووکتر کرێتەوە و لە کەش و هەواییەکی بێگرێگۆڵتر ئەم کارە ڕۆشنبیرییانە ئەنجام بدرێن، بەشبەحاڵی کۆواری کەلەپووری کوردی، خۆ لە هەولێریش و دهۆکیش کۆواری وا هەن بەلام سەبارەت بەوە کە ئەم کارە ڕۆشنبیرییانە ئەغڵەبە دەپلانی دووەم و سێیەمدا ڕەچاو دەکرێن، ئەوەتا تووشی گرفتی بێدەسمایەیی و بێچاودێریی هاتوون، هیوام وایە بەرپرسانی کارە ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان هەنگاوی هەراوتر بۆ ئەم بوارە هەڵبکرن و بەرەو پێشتری وەڕێخەن.

پەراوێز:

١. وەستا مستەفای عەبدوڵڵای وەستا عەزیزی وەستا نادر ئاغای پڵنگەیی سێ ژنی هێناوە: فاتمە خانمی خوشکی ڕەعنا خانمی دایکی د. جەمال جەلالی خوێفرۆش و محەمەد سەعیدی ئامۆزای ڕەمزی ئەفەندی زابتی شێخی نەمر و موهەندیس و عەبدوڵڵای مەلا ڕەشید و حەمەی مەلا عەباس و د. عەبدوڵڵای مەلا عەباس و کاک عومەر عەلی هونەرمەند و تاد. پاشان عاسمە خانمی بەرەی کۆماسی کە بە خزمایەتی دەگاتە مەجید دارای کۆنە مودیر ناحیەی ساڵەکانی ٤٠–٤١ لە ناوچەی قەرەحەسەن هێناوە و دوایی ئایشێی کچی ستار دووولاتی باوە مەردەیی کە بە بنچینە لە تیرەی عابابازە و لەگەڵ بەهەشتی مەلا عەلی فەتحوڵڵای مزگەوتی نائیب ئۆغڵووی گەڕەکی ئاخوڕ حوسێن و ئاش وەستا زەبردەستەکانی گوندی سلووکاندا خزمە، هێناوە فاتمە خانم، حەپسە و نەجیبە و ئاسکۆڵ و عەباسی دەبن، لە عاسمە خانم وەستا محەمەدی چەخماخسازی نامێ ناوچەی قەرەحەسەن کە ئاغایەکی زەنگنە بە شیعرێ پەسن و ستایشی کردووە و باوکی وەستا نووریی جوانەمەرگ کە لە تەک عەریف حەمیدی خەباتگێڕدا، تا برینداریش بوو وەک سێبەری خۆی لێی جوێ نەبووەوە، وەستا فەرەجی چەخماخسازە دەست ڕەنگینەکەی قاری بازاری کەرکووک و لە ئایشێ شوکوری پاشەبەرەی دەبن، بۆیە کە شوکوریشیان نێوناوە: هەر ئەوێ شەوێ کە برایەک دوو ساڵی مردووە، چاوی لە دنیای پڕ مەینەتی هەڵێناوە شوکور ئەمێستا کە تەنیا هەر خۆی ماوە ٢٨ کەسی لە برازا و خوشکەزا و زازای بەچکەی زازا بیلبوتوون ئەنفال کریاگن.

٢. سەروتار بۆ Gazette de Cologne ژ: ١٧٩

3. k. marx _ f. Engels, s, 80, Editions sociaies

4. K . M . E .Sur La Religtion, s 2, 3, 4, 5. 101 Ed Socialse

٥. هەر هەمان کتێب، ل.١٠٢

٦. ئەم وێکچوونە لە کۆمەڵی سەرەتای ئیسلامەتیشدا لۆ بیروبڕوای سۆسیالیستانیی ئەبوزەری غەفاری و هەوالانیشیدا دەخوێندرێتەوە.

7. la theorie mateialiste de la connaissace, s. 320.puniveritaires

* یەشار کەمال دەیگۆ: تەنێ میێکو کورد توانیومە بە ۳۵۰۰ واژە ڕۆمانی تورکی بنووسم، کەچی ڕۆماننووسەکانی دیکەی تورک تەنێ هەر بە نزیکەی ۲۰۰ واژە ڕۆمان دەنووسن، دیارە یەشار کەمال، هەر تەنیا تورکیی ئەندۆڵی نازانێ، بگرە لە پێشدا وەک خۆی بۆی گێڕامەوە، تورکمەل فێربووە، بە سەتان واژەی تورکیی تازەنەفەسی هێناوەتە نێو میدی نووسینەوە و هەموو تورکیی بە زەحمەت دەیزانن و فەرهەنگۆکی تایبەتی بۆ زمانی تورکیی یەشار کەمال کریاگە.

٨. فۆلکلۆر (زانستی عامیانە) واژەیەکە و. ج. تامز لە ١٨٤٦یدا داهێناوە و لەو بەشە ڕەسەنە فەرهەنگییەی عامییانە، بە مانای چەمکەکەی "زانست"ی بە کۆمەڵی "گشت خەڵک"ەوە کە لە ئەدەبیات، بیروبڕواکان، ئاینەکان، یارییەکان سەما و هەڵپەڕکێیەکان، ئەفسانەکان، ئووستوورە methەکان سەربوورە (داستان–fiction)ەکان، پەند و حیکمەت (فەلسەفە)کان و لەم جۆرە بابەتانەدا زەق دەبنەوە و سەرلەبەریان زارگۆتین و سنگ وە سنگ دەگێڕدرێنەوە زاراوە و کۆمەڵی وانێک لە ئەنجوومەنەکانی فۆلکلۆری و زانستمەندانی وەک مارکس مولەر ئەندرۆلانک و ج. ل. گووم لە داستانەکان و هۆنراوەکانی و سترانەکانرا گردوکۆیان کردوونەوە و هێشتا لەچاپ نەدراون و لە سەتەی ١٩مدا هاتوونە گۆڕێ، ئەو زاراوەیە ئاغڵبە لە بەکارهێنانی باو و لاسایەکییدا، بە مانای کۆمەڵێ بیروبڕوای نادروستی خەڵکە کە بە خەستی لە هەرمین و برەودایە (فەرهەنگ و ئەندیشەن و).

٩. ئوستوورە meth گێڕدراوەیەکی (پیرۆز) کە هەمیشە ئەشێ لە ئەفسانە مێژوویینە و چیرۆکەکانی پەرەیان هەڵاوێردرێ، لە شیکردنەوەی هەر ئوستوورەیەکدا پنتی هاوبەش ئەوەیە کە ئوستوورە بەر لە هەر چتێ ڕوونکەرەوەیە (کە چۆن– چۆنی چتێ، بەمجۆرە کە هەیە هاتۆتە گۆڕێ)، لە مرۆناسیدا باشترین ڕوونکردنەوەی ئوستوورەدا، مالنیۆفسکی کردوویە، کە بەپێی ئوستوورەکان لێکدانەوە و تەفسیراتی (بلاوۆکەکان) دامەزراوەکان مافەکان و لەم جۆرە بابەتانەیە، نوێترین باسەکانی مرۆناسی ئوستوورە لە نیگای لووی–ئیسترۆسرا کە دەڵێ:" لەبن بەڕواڵەت وەگێڕی ویدا وەشارتییە لە ڕێچکانەوە دەریپێی پێ ببڕێ: بەشیکردنەوەی وردی تاکە–تاکەی ڕێککەوتەکان و بەشەکانی ئەو وەرگێڕدراوە، بە لە نوێژەوە دەستەبەندیی وان بە متالای وان تۆیۆلۆی ئەم (بافت)ی وەکییە کە دیکەیی (ئیستیحالة– دیگردیسی– metamorphosis)دا کە ئوستوورا هەموو وێنەکانی ویی دەخۆدا قبووڵ کردوون ڕێبەندەیی کراوە هەنگین لەمانەڕا کۆششتێکی بێسەرحەد بێسنوور لە پێناوی بەسەر "دووفاقی (تناقضات) یەکاندا ئاشکرا دەبێت. خوێندنەوەی ئوستوورا دەگەڵ خوێندنەوەی سیاسەتناسی کۆمەڵناسیدا هاوسەروکارە، لە کۆمەڵناسیدا، ئوستوورە ئیدی وەرگێڕدراوی "پیرۆز" نییە بەڵکو سەرلەبەری یەک بە قەڵەڕەوی بەهای بیروڕایی.

# توركیا..
# پەکەکە و چارەسەری کورد

بەشی دووەم

## هۆی گەیشتن بە ئامانج یاخۆ کۆتا؟ خەباتی چەکداری پەکەکە

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە قاوەخانەیەکی گوندێکی دوورەدەست لە ساڵی ١٩٧٨ لەلایەن عەبدوڵا ئۆجەلان کە دەرچووی زانسگە بوو و لەگەڵ ژمارەیەک پلاندانەر دامەزراوە. ئامانجە ئاشکراکەی بریتییە لە رزگارکردنی کوردستان لە رێگەی خەباتی چەکدار و دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی یەکگرتووە بۆ هەموو کوردانی رۆهەڵاتی ناوین کە ژمارەیان لە نێوان ٢٥–٣٠ ملیۆن کەس دەبێ. دوای سەرنەکەوتن لە دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، پارتەکە دەبێژێ ئێستە دەستی لە ئامانجەکەی هەڵگرتووە. سەرەڕای ئەمە پارتەکە هەروەک خۆی ماوەتەوە لە رووی باشیی دارایی، بەرزی لە رێکخستن و بوونی شارەزاییی شارەوانی. ئەمە جگە لە هەبوونی چەند هەزارێک پیاو و ئافرەتی چەکدار، ملیۆنان کوردی هاوسۆز لە توركیا و بنکەی جێگیر کە سەرەکییەکەیان لە عێراقە لەگەڵ بە هاوبەشی بەرێوەبردنی پارتی تر لە ئێران، عێراق و سووریا و هەروەها لەگەڵ پاڵپشتیکردنی تۆرێکی ریشەداکوتیو لە ئەورووپا.

هەروەک سەرکردەی پەکەکە دەڵێ "پەکەکە خەباتەکەی خۆی لە دۆخێکدا دەست پێ کرد کە پرسیارێک هەبوو لەو کاتەدا، ئایا هاووڵاتیی کورد بوونی هەیە؟ بەڵام ئەوەی ئێستە دێتە گفتوگۆکردن بریتییە لەوەی کە چۆن دۆزی کورد پێویستە بێتە چارەسەرکردن".

توركیا سەرۆکی پەکەکەی، عەبدوڵا ئۆجەلان، لە ساڵی ١٩٩٩دا گرت. دواتر پێوەندییەکانی لەگەڵ سووریا، ئێران، یۆنان و وڵاتانی تر پچڕاند کە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠دا هاوکاریی پارتەکەیان دەکرد و پەناگەی ئارامیان پێ دەبەخشی. پارتەکە لە دەیەی ڕابردوودا ناسناوی

........................................

وەرگێڕانی لە ئینگلزییەوە: هێمن هادی

ڕێکخـراوی تیـرۆریسـتی لەلایەن ئەمـەریکا، یەکـەتیی ئەورووپا و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا پێ بەخشـراوە. هەروەها لەلایەن چەند بەرپرسـێکی واشنتـۆن وەک ئاودیوکەری زەبەلاحی مـادەی هۆشبەر هاتووەتە هەژمارکردن. ئەو پێشکەوتنەوەی لە ڕووی ژمارەی پیاوان و ئامرازەوە پەکەکە بەدەسـتی هێناوە لە بنکە چیاییـەکانی پارتەکە بەدرێژاییی سنووری عێـراق، سـەرنجی دەزگـە خـەفیەییـەکانی ئەمـەریکای بۆ لای خـۆی ڕاکێشـا. بەڵام سـەرەڕای ئەوە هێشتا دەوڵەتی تورکیا نەیتوانیوە ڕێکخراوەکە وردوخاش بکا. ئەوەش سەرەڕای ئەوەی دەوڵەت لە ڕووی سەربازییەوە زۆر بەهێزتر بووە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ١٩٩٠دا.

شکستی ئەکەپە لە جێبەجێکردنی سـەرەتایەکی دیموکراتی، شیمـانە هەیە چنگی پەکەکەی لە خـەیاڵی بزاوی کـوردیدا زیاتر چەقـاندبێ. شـیکەرەوەیەک لـەبارەی پەکـەکـەوە دەڵێ "دانپـێنان بە دەسـەڵاتی پەکـەکە گەلێک شـوێنی گرتووەتەوە لەچاو هەمـوو کاتێکی ڕابردوودا.. پارتەکـە بنکەی جەماوەریی زیاتری هەیە بە بەراورد لەگەڵ پێشوو.. خەڵک پەکەکە وەک گرووپی سەرەکیی نوێنەری کورد دەبینن. هەتا ئەگەر پەکەکەشیـان خۆش نـەوێ، هەست بەوە دەکەن کە پەکەکە پراکتیـزەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچە کوردنشین و سیاسەتوانانی کوردی تورکیادا دەکا".

یەکـێکی تر بڕوای وایە کـە توندتیـژییـەکانی بەم دواییـە هـەوڵێکن بۆ سـەلماندنی کە پـەکەکە پارتێکی پێویستە بۆ هەموو یەکلاکردنەوەیەک و چارەسەرییەک.

سەبری ئۆکەی ئەندامی کۆمیتەی جێبەجێکاری کەجەکە بەم شێوەیە گوتی "ئامانجی سەربازیی بزاوی کـوردیی ئێـمە بردنەوە نییـە لە سـوپا و دەوڵەتی تورکیـا. ئێـمـە خـەونبین نین. ئامـانجی سـەربازیی ئێـمە پێشاندانی دەوڵەت و سوپای تورکیایە کە ناتوانن چیتـر یاری بە خـواست و ناوبانگی هاووڵاتیی کورد بکەن هەروەک پێشوو دەیان کرد، هاووڵاتیی کورد دەستەوەستان و بێ بەرگری نییـە بەرامـبـەر سـیاسـەتی نکوریکردن، ڕەتکردنەوە و شـەڕفـرۆشتن، هـەروەها مـافی سروشتیی بەرگریکردنی هەیە... پەکەکە چەند جارێک ئاگربەستی تاکلایەنەی ڕاگەیاندووە کە ماوەی ٥ ساڵ لە ٩ ساڵەکەی فەرمانڕەوایی ئەکەپەی خایاندووە. ئەکەپە ئەو هەلەی بۆ بەهێزکردنی خۆی قۆستـەوە. بەڵام ئەو توانەی بۆ چارەسەری بەکار نەهێنا، بگرە هەوڵی دا بۆ ئەوەی خـواستی کورد بشکێنێ و لاوازی بکا و بزاوی کوردیمان خاپوور بکا".

١- ڕێکخراوەکە

پارتە کوردییەکە لە تورکیا ئەلف و بێیەکی سورمێنەری بۆ گەیشتن بە قەوارەیەکی کوردی ئەفراند. لە هەموویان دیارتر برێتییە لەوەی کەجەکە کە لە پەکەکە دروست بووە، سەرپەرشتیی ژمارەیەک کۆنفرانسی لە باکوری عێراق لە نێوان ٢٠٠٥-٢٠٠٧ کرد.

کـەجـەکە خـۆی وەک "ڕێژیم" دەبینێ نەک "ڕێکخـراو" و بنەواکـانی پێکهـاتنی کـەجـەکە وەک

گفتوگۆنامەیەکە بۆ هاووڵاتییانی ڕێکخراوەکە... هەر کەسێک لە کوردستان لەدایک دەبێ یاخۆ لەوێ دەژی، ئەوە پابەندە بەرامبەر کەجەکە".

چەکدارانی یاخیبوو خۆیان دەناسێنن بە "هێزی پاراستنی گەل" کە بەشێکی جیانەکراوەی پارتەکەیە. ناوی پەکەکە بە بەردەوامی لەلایەن هەوادار و دژەکانی بۆ پارتەکە هاتووەتە بەکارهاتن کە ئاماژەیەکیشە بۆ ئۆجەلان و کادرانی پارتەکە.

"دوای گۆڕانی پەکەکە بۆ کەجەکە، ئێمە شایەتی دەرکەوتنی ناوێکی نوێ دەبین ئەویش هەدەپەیە HDP کە بریتییە لە کۆنگرەی دیموکراتی گەل"، ئەفسەرێکی دژە–تیرۆری ئەوروپا گوتی.

زیاتر گوتی "بەڵام لەژێرەوە هەموو کات هەمان ڕێکخراو دەبینین، هەمان دەستەن. لە ڕاستیدا ناسناوی تر بۆ گرووپەکە هەڵدڕینێکە بۆ چنینە بەیەکداچووەکەی پارتەکە کە پێک هاتووە لە ناو و قەوارە کە بە تورکی پێی دەڵێن ئورگوت واتە "ڕێکخراو".

بۆیە کەجەکە لەگەڵ پەکەکە بە فرەوانی بەیەکدا دەچێ، هەندێک جار سەرانی پەکەکە زاراوەکان ئاڵوگۆڕ پێ دەکەن. کەجەکە زیاتر بریتییە لە شێوەیەکی سادەی باڵێکی سیڤیلی شاریی پەکەکە و کەمتر بریتییە لە ڕێکخراوێکی چەتر کە هەموو ئەندامانی پارتەکە لەخۆ بگرێ. ستراتیجییەتی ڕابەرانی ڕێکخراوەکە شیمانە هەیە بریتی بێ لە هێشتنەوەی جیاوازییەکان بە لێڵی لە نێوان کەجەکە، لقە سەربازییە جیاوازەکانی کەجەکە، گرووپە دادوەری و یاسادانەرەکان و پەکەکە لەلایەک لەگەڵ گرووپە یاساییەکانی تر وەک بەدەپە و ئەو دەستانەی بنەکەیان لە ئەوروپادایە لەلایەکەی تر. وایان لەوانەی لە دەرەوەی پارتەکەدان کردووە مەزەندە بکەن ئاخۆ ئەو جیاوازییە بوونی هەیە و ئاشکرایە. شیمانە هەیە ڕاستی لە برۆکسلدا بە باشی دەرکەوێ کە نووسگەی بەدەپە و تەلەڤزیۆنی ڕۆژ Rojی سەر بە پەکەکە ناونیشانی شوێنیان جیاوازە و لە دوو شەقامی جیاشدان، بەڵام لە دواوە باخچەی نووسگەکانیان بەیەک دەگەن.

لە ژێر سەرکردایەتییە گشتگیرەکەی ئۆجەلان، کەجەکە لەلایەن مورات قەرەیلانی کەسی ژمارە دووی پارتەکەی سەرکردایەتی دەکرێ کە ئەویش کوردێکی تورکیایە. ئەو ڕابەرایەتیی کۆمیتەی جێبەجێکاری کەجەکە دەکا کە بڕیار و وتاری سیاسیی سەرەکیی ڕێکخراوەکە لە بنکەکەی لە بناری قەندیل لە باکوری عێراق دەردەکا.

کەجەکە پێک هاتووە لە بەشی یاسادانان (کۆنگرەی گەل) کە لەلایەن ڕەمزی کارتال دێتە بەڕێوەبردن کە کوردێکی تری تورکیایە و پەنابەرێکی سیاسییە لە بەلجیکا. هەروەها بەشی جێبەجێکاری کە پێک هاتووە لە هێزێن پاراستنا گەل کە لەلایەن باهۆز ئەردال لە قەندیلەوە سەرپەرشتی دەکرێ کە کوردێکی سووریایە و ناوی لەدایکبوونی (فەهمان حوسێن)ە، و بەشی دادوەری کە لەلایەن سایت ئاڤدی کوردی ئێران بەڕێوە دەبردرێ. ئێستە پیاوانی پلەیەکی پەکەکە لە کۆمیتەی جێبەجێکار هەربەخۆیان سێ ناوە پلەیەکەکەن لە ١٢ کەسەکەی کۆمیتەی

جێبەجێکاری کەجەکە کە بریتین لە: ئۆجەلان، قەرەیلان و جەمیل بایک دامەزرێنەر و یەکێک لە سەرانی هێزی چەکداری پێشووی پەکەکە.

شیمانە هەیە کەجەکە تۆڕێک لە هەل پێشکێش بە چەکدارانی پەکەکە بکا کە زۆربەیان لە گرتیگە ئازاد کراون، بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕووی سیاسییەوە لە تورکیا چالاک بن. دەزگەکانی کەجەکە شاراوە دیارن. سەرۆکی یاسادانانی ڕێکخراوەکە لەم بارەیەوە گوتی، ئەوە بەهۆی ئەوەی "ئێمە بزاوێکی شۆڕشگێڕین، و هەروەها شەڕیش لە ئارادایە، ئێمە کاتی کۆبوونەوەی گشتیمان نییە".

گرووپێکی گرینگی تر- لە سۆنگەی بیردۆزێکی سەربەخۆوە- کە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانە KNK و بنکەکەی لە برۆکسلە، گرووپێکی پاڵپەستۆیە لە پەنابەرانی پەکەکە و ئەو پارتانەی هاوسۆزن لەگەڵ پەکەکە لە هەموو هەرێمە کوردنشینەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست. ڕێکخراوەکە لەلایەن تاهیر کەمالزادە کوردێکی ئێرانی سەرکردایەتی دەکرێ و ئامانجەکەی یەکگرتنی هەموو کورد و ڕاکێشانی سەرنجی ناودەوڵەتییە بۆ پێشێلییەکانی مافی مرۆڤ لە دژی ئەوان. ئامانجەکەی بریتییە لەوەی کە بزاوە کوردییەکە ببێتە هاوتای کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقای باشووری ئەفریقیا ANC، کە لە گرووپێکی تیرۆریستەوە گۆڕا بۆ حکوومەت. کەنەکە لە هەوڵی ئەوەدایە هاوسەنگی لە ئەندامییەتییەکەیدا بکا کە پێک هاتووە لە ٦٠٪ کەسایەتیی بێلایەن، ٤٠٪ پارتی سیاسی و نێزیکەی ٣٠٪ کوردی تورکیا، ٢٥٪ کوردی عێراق، ٢٠٪ کوردی ئێران، ١٥٪ کوردی سووریا و ١٠٪ کوردی ناوچە جیاکانی دنیا. لەگەڵ ئەوەشدا، وتاری سیاسیی کەنەکە کە گوایە بێلایەنە، زۆر بە زەحمەت لە وتاری پەکەکە/کەجەکە جیا دەکرێتەوە.

ب- سەرکردایەتی

ئۆجەلان پەکەکەی وەک گرووپێکی دیودەر دروست کرد لە ڕێگەی چەکدارکردنی یاخیبوو، تینی هزری، هێرشی توندوتیژ بۆ سەر هاووڵاتییان و لەناوبردنی ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆ. لە نووسەکانی ڕێکخراوەکە و هەتا ئەو کاتانەش کە ئۆجەلان لەسەر خۆی دەنووسێ، ناوەکەی زۆر جار بۆ وشەی "سەرکردایەتی" دێتە گۆڕین. هێشتا ئەو سەرچاوەی دڵسۆزییە بۆ هەوادارانی سەرەڕای بەردەوامبوونی کولتووری ترس.

لە حوزەیران/یۆنیۆی ٢٠١٢دا، یەکێک خۆی سووتاند بەمەبەستی خۆکوشتن لەسەر گردێکەوە کە دەڕوانێتە ئەو گرتیگەیەی ئۆجەلانی تێدایە لە دوورگەی ئیمرالی، هەروەها بەلای کەم ٦ کەسی تر هاوشێوەی ئەم ڕووداوە خۆیان کوشت وەک نارەزایی بۆ ئازادکردنی ئۆجەلان. یەک لەو پەیامانەی ئۆجەلان ناردوویەتی بۆ لایەنگرانی لە گرتیگەکە لە ساڵی ڕابردوودا بریتی بووە لەوەی خۆیان نەکوژن یاخۆ مانگرتن ئەنجام نەدەن بۆ ڕزگارکردنی.

ئۆجەلان بەدڵنیاییەوە گفتوگۆکردن لەگەڵ حکوومەت وەک هەلێک بۆ کۆتاهێنانی ماوەی گرتنەکەی دەبینێ. دوای سێزدە ساڵ لە گرتن و ناردنی ١٣٠٠ کتێب بۆ ژوورەکەی کە ٢٣ سەعات لە ڕۆژێکدا تێیدایە، وا دەردەکەوێ ئەو شتانە وتارەکانی نەرمتر کردبێ. شێوازە فەلسەفییە چڕەکەی هێشتا دەردەکەوێ لە نووسەکانیدا. بۆ نموونە لە بەشێکی لە نووسەکانی دەڵێ "ناسنامەی هزری و هەلومەرجی کات–شوێنی (time-space) پێشکەوتنی نوێ لە شارستانییەت"، بەڵام داکۆکیکارێکی ئەوڕوپا لەم بارەیەوە دەبێژێ "زوانەکەی ڕەنگدانەوەی زۆری دەوڵەمەندیی مێژوویی و ڕۆشنبیریی کەلەپووری کوردە و توانی زوانەکەی ئەم نەتەوەیە... زۆر سەرنجڕاکێش بوو گوێگرتن لە ئەو لە سەرەتاکانی ١٩٩٠دا کە زۆر جار دوو تا سێ سەعات بەبێ وەستان قسەی دەکرد و هەزاران کوردیش گوێیان بۆ دەگرت. ئۆجەلان و پارتە کوردییەکە پشتیان لە هزری بیرتەسکیی نەتەوەیی و دەوڵەتی نەتەوەیی کردووە و ئێستە بەدوای ڕۆهەڵاتێکی ناوەڕاستی دیموکراتیدا دەگەڕێن بە جۆرێک کە کوردەکان بتوانن ناسنامەی کولتووری و سیاسیی خۆیان بە ئازادی پێڕەو بکەن.

گفتوگۆکان لە میدیای ناودەوڵەتی و ناوخۆ بەشێوەیەکی بەرچاو لەلایەن توندتیژییەکانی پەکەکە پڕ کراونەتەوە نەک ئەوەی شیمانە هەیە ئۆجەلان و پارتە کوردییەکە زیادی دەکەن لە چارەسەری سیاسی و سوودبەخش بۆ کێشە درێژخایەنە یەکلانەکراوەکەی کورد.

ئۆجەلان کلیلی کارەکانی پرۆسەی ئۆسلۆ بوو لە ٢٠٠٥–٢٠١١ و هەوادارانی پێیان وایە هێشتا ئۆجەلان ئەو پیاوەیە دەتوانێ ڕێککەوتنی ئاشتی بخاتە کار. ئەگەر ئەو لە گرتیگە بمرێ، ئەوە شیمانە هەیە قورستر بێ گۆپاڵێک بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتن بێتە دروستکردن. لە کاتی گفتوگۆکاندا، ئەو بنکە هەڵبژاردنە جیاکانی لە دەرەوەی وڵات، شەڕوانانی پەکەکە و ئەندامە گیراوەکانی پارتەکەی لە تورکیا بەسەر کردەوە. ئەو ڕێگەی بە دوا ڕەشنووسی ڕێککەوتنی ئایار/مایۆی ٢٠١١دا کە ناسراوە بە "سێ پرۆتۆکۆلەکە".

وا پێ دەچێ ئۆجەلان ئەمەکداریی سەرۆکی کەجەکەی، قەرەیلان، هەبێ. سەلاحەدین دەمیرتاش سەرۆکی بەدەپە بڕوای وایە ئۆجەلان گفتوگۆکار بێ لەگەڵ دەوڵەت و ڕێگەی پێوەندیکردنی تەواوی لەگەڵ پەکەکە پێ بدرێ. بە دەربڕینێکی تر دەسەڵاتی ڕابەرایەتیکردنی پارتەکەی پێ بدرێتەوە، بەڵام وا دەردەکەوێ دووبارە بەچنگگرتنی پارتەکە لەلایەن ئۆجەلانەوە رووی لە خلیسکان کردبێ. بەلایەنی کەم لە سێ بۆنەی جیادا، توندتیژییە بەزەحمەت پێناسەکراوەکەی پەکەکە و هەروەها هەڵسەگاندنە دوولایەنە هەڵەکەی پارتەکە و تورکیا، کۆسپی خستە بەر هەنگاوە ئاشکراکەی حکوومەت و ئۆجەلان بۆ گەیشتن بە چارەسەری. هەتا کەسانی دیاری ناو بزاڤی کوردیش پرسیار دەکەن ئاخۆ ئۆجەلان دەتوانێ گرووپە چەکدارەکەی پارتەکە قایل بکا چەک دانێن.

بێژەری بزووتنەوەیەکی گەورە بڕوای وایە توندڕۆکان دەستیان بە تەواوی گرتووە بەسەر

پەکەکەدا. بەگوێرەی ئەفسەرێکی دژە-تیرۆری ئەوروپا "ئۆجەلان بەئامێر کراوە، واتە تورکیا بۆ مەبەستی خۆی بەکاری دێنێ. لەناو پەکەکەدا ئەمڕۆ ئەو حەزە نییە لەسەر ئەوەی کە ئۆجەلان ئەو سیمبوڵە بێ کە ئێستە نوێنەرایەتیی دەکا".

تورکیا گومانی لە هێزە دەرەکییەکانە کۆنترۆڵی بەشەکانی تۆڕەکانی ناودەڵەتیی ڕێکخراوەکە بکا. گالپ ئەنساریۆگلۆ ئەندام پەرلەمانی ئەکەپە لە دیاربەکر دەڵێ، تۆندڕۆکانی ناو پەکەکە بەئەنقەست لە هیواکانی چارەسەرکردنیان کەم کردەوە لە ڕێگەی هێرشەکانی ساڵی ڕابردوو. هەموو سەرانی پەکەکە گوتیان پێویستە ئۆجەلان سەرۆکی گفتوگۆکردن بێ، بەڵام ئەوە ئەوان بوون پرۆسەکەیان تێک دا. ئۆجەلان ئێستە تووڕەیە لە ڕێکخراوەکەی. شتەکانیان لە حکوومەت تێک دا کە خۆی خستە مەترسیی سیاسی بەدەستکردن بە پرۆسەکە... حکوومەت هیچی تر متمانەی بە پەکەکە نییە... داوا لە ڕێکخراوەکە دەکەم: کێ نوێنەری ئێوەیە؟ ئۆجەلان لە ئیمرالی، بەدەپە یاخۆ توندڕۆکان لە قەندیل؟ پێویستە بڕیار بدەن.

ج- ڕکابەریکردنی فراکسیۆنە ڕابەرەکان

دوای ئۆجەلان، دەسەڵات بە ڕەسمی بەکەوتە ئەستۆی مورات قەرەیلان سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمیتەی کەجەکە کە ڕابەری کۆتای هێزەکانی پەکەکەیە لە مەیدانی شەڕدا. بەڵام پۆستەکەی شیمانە هەیە زیاتر بوەستێ لەسەر متمانەی ئۆجەلان بە ئەو لە کۆنترۆڵکردنی ڕاستەقینە بەسەر هەموو چەکدارانی پارتەکە. تەنیا دوای بەڵێنەکەی قەرەیلان لە دیدارێکی درێژدا کە هیچی تر هێرش ناکرێتە سەر بازگەکانی سەربازی لە سەر سنووردا، هێزێکی چەکداری پەکەکە لە بازگەیەکیان دا. بەشێوەیەکی ڕوو لە زیادبوو، دەسەڵات زیاتر دەچێ بۆ لای سەرانی زیاتر توندڕۆ لەناو ڕابەرانی کۆمیتەی جێبەجێکاری کەجەکە وەک جەمیل بایک، باهۆز ئەردال، دووران کالکان و مستەفا کاراسو کە پێوەندییەکی نێزیکیان لەگەڵ یەکەکانی چەکداری پەکەکەدا هەیە.

وتاری سیاسیی ئەوان توندتر بووە لە هەموو جارێکدا. بایک گوتی "ئەوە مافی سەرەکییە بەرگری لە خۆت بکەی لە ویرانبوون... هێشتا کاتی خەباتی چەکدار ئەمڕۆ لە دنیا بەسەر نەچووە".

ئەردال لە ڕاگەیاندنێکیدا گوتی، لە کاتێکدا هێشتا هێرش هەیە بۆ سڕینەوەی پەکەکە، کێ دەتوانێ باس لە ئاگربەست یاخۆ چەکدانان بکا؟

کالکان ڕوونی کردەوە "ئێمە لە ڕێگەی چارەسەری سیاسیدا نین، ئێمە بەرەو چارەسەری سەربازی دەچین. ساڵێک یاخۆ دوو ساڵ لەمەوبەر ئەو بڕیارەمان دا کە ئەکەپە کێشەی کورد چارەسەر ناکا، بۆیە بڕیارمان دا خەباتێکی چالاکانە دەست پێ بکەین بۆ ئەوەی هەرەسی سیاسییان پێ بکەین... پێویستە کوردەکان حکوومەتێکی دیموکراتی تایبەت بە خۆیان هەبێ".

توندڕۆکان خۆیان بە بەهێزکردنی گرووپەکەیان خەریک کردووە لەوەتەی فراکسیۆنە ڕکابەرەکەیان لە جیابوونەوەیەکی گەورەدا لە ٢٠٠٤ لەناوبرا، ئەوەش دوای ٥ ساڵ لە گرتنی ئۆجەلان.

ئاوازی پروپاگەندەی پەکەکە و کەجەکە تاڵ و سەرسەختتر بووە لە ساڵی ڕابردوودا، بەشێکی بەهۆی تووڕەییان لە نەهێشتنی حکومەت بەگەیشتنی ئۆجەلان بە خزمەتگوزاریی پارێزەران و بەشێکیشی بەهۆی هیوابەردان بوو دوای سەرنەکەوتنی پرۆسەی ئۆسلۆ.

بەڵام یالچین ئاکدۆگان ڕاوێژکاری سەرەکیی کێشەی کوردی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا بڕوای وا نییە هەرگیز ئەوان ڕاستگۆ بووبن: لە کاتی ئاخاتنەکانی ئۆسلۆدا، کەسانی وەک ئۆجەلان و قەرەیلان پاڵپشتییان لە بیرۆکەی "تیرۆری تاکتیکی" دەکرد، بەڵام کەسانی تر وەک باهۆز ئەردال، جەمیل بایک و دوران کالکان تیرۆریان تەرخان کردووە بۆ دروستکردنی ڕێکخراوێکی نموونەیی. ئۆجەلان و قەرەیلان هەرگیز نەیان گوتووە "هێرشی تیرۆریستی ئەنجام نەدەن" لە کاتی پرۆسەکەدا. وەک ئامێرێک بۆ سەپاندنی ڕێگەچارەکەیان تەماشای پرۆسەکەیان کرد. ئەوانی تر هەموو پرۆسەی گفتوگۆکەیان بە گاڵتەوگەپ و فێڵ دەبینی. لە ئەنجامدا پرۆسەی ئۆسلۆ لەگۆڕ نرا، ئۆجەلانیش، هەروەها هیواکانی ڕێگەچارەش لەگۆڕ نران.

فراکسیۆنە توندڕۆکانی تر شیمانە هەیە تەنیا بەشێکی لەژێر کۆنترۆڵی ناوەند بێ. ئەو گرووپەی بەخۆی دەڵێ بازی ئازادکردنی کورد، بۆ نموونە، هێرشی تیرۆریستی لە دژی ئامانجە گەشتیارییەکانی ڕۆئاوا ئەنجام دا لە ٢٠٠٦وە و هەروەها ڕاگەیاندنیشی لەژێر ناوی خۆی بڵاو کردەوە. چەکداری تری گەنجی کورد، تەقینەوە و کردەوەگەلی خۆکوژییان ئەنجام دا وەک ڕفاندنەکەی کەشتیی ئیستانبوڵ لە نۆڤێمبەری ٢٠١١ کە وا دەردەکەوێ کەسی یاخۆ دوور لە شارەزایی بێ.

سەرکردایەتیی پەکەکە و کەجەکە زۆر بە کەمی باس لە جیاییی ناو ڕێکخراوەکەیان دەکەن، پەسنی یەکەتی و بەهێزی و ڕێکیی ڕێکخستنەکانی خۆیان دەکەن بە تایبەت بە ئاشکرایی بۆ خەڵک و کەمێکیش ڕەخنە لە خۆیان دەگرن. سەرەڕای ئەمانەش پارتەکە هەندێک جار باس لە کردەوەگەلی کەسی دەکا کە لەلایەن یەکەی ناوەخۆ و سزاکانەوە دێتە ئەنجامدان. لە سۆنگەی بەرپرسانی تورکیاوە، ئەو کردەوانە بەشێکن لە چالاکییەکانی پەکەکە. هەتا بڕیاردەری شەقامی کوردیش گاز دەگرن لە پشتگوێخستنیان بۆ توندتیژییەکانی باڵی چەکداری پەکەکە. ئەوە ئەو گرژییە زیاتر دەکا کە پەکەکە تەنیا وای دەردەخا ئەو کاتەی باس لە میانڕەوی دەکا، ئەوە بۆ بردنەوەی کاتیەتی. بیژەرێکی بزاوی کوردی وریاداریی دا کە لقی چەکدارانی توندڕۆ پێیان وایە کە کردەوەگەلی سەربازی دەتوانێ زەوییەکی ئۆتۆنۆمییان پێ بدا لە شوێنێک، حەزیش هەیە لە

تورکیا بێ، بەڵام شیمانە هەیە لە هەرێمێکی تری کوردستان بێ لە ڕۆهەڵاتی ناوین.

شـارەزایەکی تر ڕەخنەی لە ڕەقی ئایدۆلۆجـیاکـان گـرت: پەکـەکـە بزاوێکی نـەتەوەیی پێش شـۆڕشی پیشـەسـازییە. ئەوانەی پەکەکەیان دۆزییەوە هێشتا جڵەوی پارتەکەیان بەدەستـە. لە ڕێگەی بەکـارهێنانی توندتیـژی، ئەوان کۆنتـرۆڵی هـەمـوو چالاکییـەکـانیـان کردووە. گـرووپەکـانی ئایرش و باسک کە توندتیژییان بەکار دەهێنا، گۆڕانی نەوەیان بەسەردا هات، ئەوان بزاوی خۆیان گۆڕی. ئەوە زیانبەخشە کە هێشتا خۆت نەگۆڕیبێ، پەکەکە هێشتا لەسەر پێڕەوی مارکس–لینین دەڕوا.

د– هێزی یاخیبوان

خەمڵاندنەکان جیاوازن لەبارەی ژمارەی چەکدارانی پەکەکە کە زۆربەیان دابەش کراون بەسـەر تورکیا و باکوری عێراقدا. ئەمەریکا دەڵێ لە نێوان چوار تا پێنج هەزار چەکدار دەبێ لەگەڵ بوونی سێ تا سێ هـەزار و پێنج سـەت چەکداری تر لـە باکوری عێراقدا. هێزی سـەربازیی تورکیا توانی پەکـەکە لە پێنج هەزار چەکدار دەبینێ. مـیوانێکی ئەم دوایییـە بۆ قـەندیل وای بۆ چوو کـە سێ هەزار چەکدار لە تورکیا و پێنج هەزاریش لە باکوری عێراقدا بێ. نیوەی زیاتر گەنج بوون، بڕێتی بوون لەو کەسـانەی کە لەلادێکانی پارێزگـەکانی سـەر سنووری تـورکیـا هـاتبـوون کە کـەوتوونەتە بەرامبەر سنووری عێراق.

قـەرەیلان سـەرنجی خـەڵکی ڕاکـێـشـا بە ئامـاژەکـردنی بۆ کـوژرانی ٢٠ هـەزار چەکـدار لە بەیەکدادانەکاندا "ئێـمە ڕێکخـراوێکی گـەریلاییمـان هـەیە و پێک هاتووە لە هەزاران کـەس. ئەوە ڕاستییـەکی سـەرەکیی کێشەی کوردە. هەموو کاتێک ئێمـە کراوە بووین بۆ بوون بە ڕێکخـراوێکی نوێی گـەریلایی... پێـوەندیی نێزیک لـە نێوان چارەســەری کـێشـەی کـورد و شـۆڕشی گـەریلاییـدا هـەیە... ئـەو هێـزەی چووەتە شـاخ بۆ ڕزگـاری، نەدۆڕاوە. ئـەو هێـزە سـەرکـەوتوو بووە لە پاڵدانی ملیۆنان بۆ گرتنەخۆی کێشـەی کورد. لە دۆخێکی بەم شێوەیەدا تۆ پێشبینیی ئەوە ناکەین ئەو هێزە خۆی هەڵوەشێنێتەوە".

هیچ نیشـانەیەکی دارمانی ورە لە ئارادا نییە. ژمارەیەکی کەم لە یاخییان داوا دەکەن خۆیان بدەن بەدەسـتـەوە بەپێی ئەو یاسـایەی ئێسـتـە هـەیە. قـایمـقـامـێکی شـارەدێیـەکی دیاربەکـر وای خەمڵاند کە زیادبوونی گرژی و تورەیی دوای گرتنە زۆرەکەی چالاکانی یاسـایی لە ٢٠٠٩وە، بووە هۆی ڕۆیشتنی دوو هەزار گەنج یان زیاتر لە بۆ شاخ بۆ پێوەندیکردن بە پەکەکە.

لە ناوچە لادێییەکـانی باشـووری ڕۆهەڵاتی وڵاتەکـە، ئەو مـیـوانەی چەکدارانی پەکـەکـەی بینی گوتی، ئەوان ڕێزی خـەڵکیان بەدەست هێناوە. بۆ نموونە لە دیدارێکی شەوانەدا کە بە ئۆتۆمۆبێل سـەردانی کـردوون، چەکـداران جلی سـەربازییـان لەبەر بووە و تەنیـا ٢٠٠ مـەتر لە بازگـەیەکی

پێشەوەی سەرسنووردا بوون.

چەکدارێکی پێشووی پەکەکە کە دانیشتووی گوندێکی سووریای سەر سنووری تورکیایە، ماوەی پێنج ساڵی خەباتی کورت کردەوە: "ئەو کاتەی ئێمە دەچووینە لادێیەکی سەربەخۆ، پارەی خواردنمان دەدا یان ئەوان دەیاندا. ئەوان هەستیان بە شانازی دەکرد... ئێمە ئەو تەماشاکردنە کۆنەی کوردمان بۆ ئافرەت دەزانی چییە. یەکێک لە ئێمە دەبوایە لەسەر شاخ چاودێریی کردباین، لەم دۆخانەدا، دەبوایە کاریگەری لای خەڵک بەجێ بێڵین. من لە دەشت لەدایک بووم، لەوێ بەفر نییە، بۆیە ناو چیا بۆ من سەخت بوو. ئێمە تەنیا شەڕمان لەگەڵ کۆماری تورکیا نەدەکرد، بگرە سروشتیش. تاقیکردنەوەی خواست بوو. ئەگەر بڕوات هەبێ، دەبێ تۆ بەردەوام بی. تۆ دەست بە شانازیکردن بەخۆت دەکەی. تۆ دەور دراوی بە کەسانی هاوشێوەی خۆت... ئەوەش ئەو هۆیەیە کە تورکیا نەیتوانیوە لەناومان ببا لە کاتێکدا ئێمە ئامادەی مردن بووین... ئەو کاتە کەسێک دەمرێ، بەهێزترت دەکا، لە ناخمدا بەهێز دەمێنێتەوە".

هـ- کۆمەکی دارایی

کوردی تورکیا سەرچاوەی سەرەکیی پاڵپشتیی داراییی پەکەکەن. سوپاس بۆ ئەو سیستەمە درێژخایەنە کە پێک هاتووە لە وەرگرتنی دیاری لە کارسازان و تاکەکان، بەدەستهێنانی هاوکاری وەک خزمەت و کاڵا و لێسەندنی کۆمەکی بەزۆر.

پەکەکە پێ دەچێ هەندێک کێشەی هەبێ لە کۆکردنەوەی پارە بۆ پاڵپشتیکردنی خەباتەکەی. تورکیا پۆلیسی ئەوروپای ئاگەدار کردووەتەوە کە تۆڕە پتەوەکەی ڕێکخراوەکە هێشتا ۱۵-۲۰ ملیۆن یۆرۆ ساڵانە تەنیا لە هەندەران کۆ دەکاتەوە. دیپلۆماتە ئەوروپاییەکان و شیکەرەوە تورکییەکان بڕوایان وایە سەرچاوەی سەرەکیی داهات و کۆمەکی پەکەکە لە تورکیا خۆیدایە.

پەکەکە و کەجەکە سوورن لەسەر ئەوەی کە ئەنکەرە لەسەر ڕێگەی هەڵەیە: "دەوڵەتی تورکیا نەریتێکی هەیە، بۆ ئەوەی ڕاستیی ئێمە چین قبوڵ نەکا، هەموو کات دەیەوێ ئێمە ببەستێتەوە بە هێزی دەرەکی... دەڵێ ئەوروپا پاڵپشتی لە پەکەکە دەکا: پرسیارتان لێ دەکەم ئاخۆ ئەوروپا هاوکاریی پەکەکە دەکا؟ ئەوروپا نادادپەروەرانە پەکەکەی لە لیستی تیرۆر دانا و چالاکییەکانی قەدەخە کردووە".

حکوومەتانی یەکەتیی ئەوروپا زیاتر کار دەکەن بۆ ئەوەی دەزگە و بنکەکانی پەکەکە دابخەن. پارەی زیاتر لە ئەوروپا لە ڕێگەی بۆنەی کۆمەڵایەتی و بەخشینی تاکە کەسی دێ، بەڵام گرووپە کوردەکان زۆر چالاکیی کۆمەڵایەتیی یاساییان هەیە. زەحمەتە پێوەندیی نێوان کۆکردنەوەی پارە بە پەکەکەوە بسەلمێنی، هەروەها بۆ نموونە ئەو ڕێکلامانەی پارەیان دراوە لە وێستگە تەلەڤزیۆنییەکانی پەکەکە، جۆرێکە لەو پارانەی کە بۆ پاراستنی پارتە بەکار دێن.

ئەفسەرێکی دژەتیرۆری ئەوروپا گوتی "تەواوی پارەکە نەزانراوە، چۆن دەچێتە عێراق ئەویش نەزانراوە. ئەوەش بەهۆی پێوەندیی خێزانیی بەهێز و خانەی زۆر بچووک و لەیەکپچڕاوەوە. ئەوان بە باشی خۆیان ڕێک خستووە. دروستکردنی پێوەندی لە نێوان بڕێک پارە و تیرۆر کارێکی سەختە".

پۆلیسی ئەوروپا ڕایگەیاند "گرووپە تیرۆریستە جیاوازیخوازەکانی وەک پەکەکە/ کۆنگرەی گەل بە بازرگانیکردن بە هۆشبەر و مرۆڤ خەریکن تا پارە بۆ چالاکیی تیرۆریستی کۆ بکەنەوە و هەروەها سەرقاڵن بە ئەنجامدانی کۆچی نائاسایی، بڕینی کارتی بانک، سپیکردنەوەی پارە و ساختەکردن... بەخشینی پارە و ئەو بڕەی ئەندامیەتی لە ڕاستیدا بڕیتین لە وەرگرتنی پارە بەزۆر و باجی نایاسایی".

ئەو تۆمەتانەی کە پەکەکە ماوەیەکی درێژە لە پاڵاوتنی هێرۆین بەشداریی کردووە لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا و ئەو ڕێگە قاچاخانەی بۆ ئەوروپا دروستی کردووە، هۆیەکن بۆ دانانی پارتەکە لە لیستی ۲۰۰۸دا بەپێی یاسای بازرگانانی هۆشبەری ئەمەریکا.

بەرپرسێکی دژە–تیرۆری ئەوروپا گوتی "دادپەروەرانە نییە بڵێی پەکەکە تەنیا ڕێکخراوێکی تاوانکاری و تیرۆریستییە. بەڵام دادپەروەرانەیە بپرسی، ئاخۆ چۆن ئەوان ئەو هەموو پارەیە کۆ دەکەنەوە؟ ئەگەر وا بێ، ئەوەی نیگەرانی دروست دەکا ئەوەیە چی دەبێ ئەگەر هاتوو ئەوان لە کۆتادا تەنیا بەرژەوەندیی بازرگانییان هەبێ وەک هێزی چەکداری شۆڕشگێڕی کۆڵۆمبیا FARC. پەکەکە هیچ کۆتێکی نییە داراییەکەی سنووردار بکا. بۆ نموونە، ٦ ملیۆن یۆرۆ بە خێرایی پەیدا کرا بۆ دانی باجی ۲۰۰۹ی تەلەڤزیۆنێکی سەر بە پەکەکە لە بەلجیکا. بەڵام پارتەکە پێویستە زۆر وریاتر بێ. دەسەڵاتەکانی بەلجیکا بەرپرسانی ئەمەریکایان ئاگەدار کردووەتەوە لەبارەی ئەم بابەتەوە کە "پەکەکە دەستی گەیشتووەتە بڕی پارەی زۆر، چونکە ڕێخراوەکە ڕووبەڕووی سەختی بووبووەوە لە دانی پێبژاردن بە پارەی خاوێن (یاسایی)... پەکەکە شارەزاییی هەیە لە کۆکردنەوە و بەزۆر وەرگرتنی پارە و پارێزگاریکردن لە هەڵقوڵانی پارە و هەروەها باشترین پارێزەر بۆ بەڕێوەبردنی فایلەکانیان بەکرێ دەگرێ... بەرپرسانی تورکیا قایل نین بەوەی دەیبینن گوایە کەمێک سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە لە پرۆسەی بنبڕکردنی چالاکییەکانی پەکەکە لە بەلجیکا و دەڵێن پەکەکە هاوسۆزێکی زۆری لە بەلجیکا هەیە.

و– ئایدۆلۆجیا

پارتە کوردییەکە لە ڕووی تەکنیکەوە نەتەوەییە، چونکە پارتەکە بەشێوەیەکی سەرەکی لە مافی نەتەوەیی و ڕەگەزی ورد دەبێتەوە. پارتەکە ئەو ناسناوە ڕەت دەکاتەوە و بەشێکی بەهۆی ئەوەی تورکە نەتەوەییەکان دوژمنی سەرەکیی مافە نەتەوەییەکانی کوردن، هەروەها بەهۆی ئەوەی

نەتەوەپەرستی لە تورکیا بە ڕاستڕۆ (باڵی ڕاست) دێنە تەماشاکردن. ئەوەش لە کاتێکدا ئۆجەلان پەکەکەی لە ساڵی ١٩٧٨ لەسەر بنەوای مارکسیزم دروست کرد ئەگەر شێوە ستالینی نەبێ.

پەکەکە لە ساڵی ١٩٩١ چەکوش و داسی لە ئاڵاکەی هەڵگرت، ئێستە حەز دەکا خۆی بە بزاڤی ڕزگاریی کورد بانگ بکا. لەسەرووی هەموو، پارتەکە دەڵێ ئەو نەتەوەیی نییە، چونکە هیچی تر ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی نییە. بەڵام پیرۆزیی خەباتی چەکداری هێشتا لە جەرگەی ناسنامەی پەکەکەدایە. ئەوەش بەهۆی ئەوەی پارتەکە لە کاتێکدا لەدایک بووە کە قەدەخەکردنی توند هەبوو بۆ هەموو دەربڕینێکی یاسایی بۆ کوردبوون کە پرۆسەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٢٠.

ئەو قاڵبە پایرێکسە (دەفری دروستکردنی کانزا و شووشە)ی کە شێوەی بە خەباتی چەکداری پەکەکە دا بە هێرشە توندتیژەکانەوە، ئەو هێزە بوو کە دەوڵەتی تورکیا پێی ئەو قەدەخەکردنەی جێبەجێ کرد، خراپترینیان لە ماوەی نێوان ١٩٨٠-١٩٨٣ی فەرمانڕەواییی سەربازی بوو، و هەروەها لە هەمان کاتەکانی بەزۆر پێچۆڵکردنی گوندەکان، بێزارکردنی یاسایی و گرووپی کوشتنی کەسایەتیی کورد بوو لە ساڵانی ١٩٩٠دا.

بزاوی کوردی تەنیا نییە کە بڕوای وا بێ ئەوە توندتیژییەکانی پەکەکە بووە وای لە حکوومەت کردووە بڕیارە سیاسییەکانی خۆی بگۆڕێ و دەست بکا بەدانی مافی کورد. بەڵام هەڵسوکەوتە خراپەکانی حکوومەت لە ڕابردوودا پاساوێک نین بۆ بەردەوامیی پارتەکە لە کوشتنی خەڵکی بێتاوان. ئەو توندتیژییە وا دەکا پارتە کوردییەکە وەک هاوبەشێکی بێ متمانەی حکوومەت بێتە پێش چاو و هەندێک جار هەتا هەواداران و هاوسۆزانی پارتەکەش تووڕە دەکا.

پارتە کوردییەکە لە تورکیا و تا ڕادەیەکیش لە ئەوروپا باجێکی گەورەی داوە، باجەکە کەمیش نییە لە ڕووی گرتنی ئەندامانەوە، چونکە تورکیا بە ئاشکرا توانیویەتی هەموو کەسێکی نێزیک لە پارتەکە بە تیرۆریست تۆمەتبار بکا. بۆ ماوەیەکی درێژ جێگرەوەیەکی ئاشتییانەی ڕوون هەبوو بۆ پەکەکە کە لەلایەن کەمال بورکای شارەزای چالاک لە سۆسیالیزم، هەرچەندە ئەو لە هەندەرانەوە گەڕایەوە و لەلایەن حکوومەت لە ٢٠١١ پێشوازیی لێ کرا، ئەو هێشتا پاشکۆخراوە. پێوەندیی پارتە کوردییەکە بە توندتیژی تەنیا هۆی کێشەکە نییە، بگرە نیشانەیەکە بۆ ئەوەی کە پێویستە حکوومەت چاکسازیی تەواو و ڕاستەقینە ئەنجام بدا. هەروەک شارەزایەک لە کاروباری پەکەکە ئاماژەی پێ دەکا: پەکەکە پارتێکی خاوەن جەماوەرە، چونکە ماوەیەکی درێژە شەڕ دەکا... شەڕی پەکەکە خەڵکی بە پارتەکەوە بەستەوە و بەو هۆیەوە پارتەکە ڕێزی کوردی بەدەست هێنا. ئێستە کورد لە تورکیا حەز ناکەن لە دژی بوەستن، چونکە ئەو کارە خەونەکانیان لەناو دەبا... شەڕی پەکەکە جا تاکێک وای دانێ باشە یان خراپە... یارمەتیی کوردی دا پێناسەی خۆیان بکەن وەک کورد. ئەو شتە هەستی شانازیکردنیانی پێ بەخشی.

هەواڵنامەی کتێب

## پەکەکە لە دەرەوەی تورکیادا

أ- پەکەکە لە ڕۆهەڵاتی ناویندا

لەگەڵ زیادبوونی زەوینەی تورکیا لەناو دراوسێکانی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لە دەیەی ڕابردوودا، ولاتەکە پەنجەرەیەکی هەلی بۆ ڕەخسا بۆ پاڵەپەستۆخستنەسەر پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) تا ڕێککەوتن ئەنجام بدا. بەتایبەت دوای گرتنی عەبدوڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتەکە لە ساڵی ١٩٩٩دا، تورکیا هەنگاوێکی گەورەی نا لە بەهێزکردنی پێوەندیی لەگەڵ سووریا، عێراق و ئێران، هاوکارییەکی نایابی بەدەست هێنا لە دژی چەکدارانی یاخیبوو لە سێ وڵاتە دراوسێکەی تر کە لە کاتێکی زووتردا پەنای ئارام و پاڵپشتیی هەمەجۆریان پێشکێش بە پارتەکە دەکرد. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم شتە، پەکەکە پێشوەختە ڕێکخراوێکی دەستەخوشکی لە عێراق (پارتی چارەسەری دیموکراتیی کوردستان) لە ٢٠٠٢دا دروست کرد ، لە سووریا لە ٢٠٠٣ (پارتا یەکەتییا دیموکرات) و لە ئێران لە ٢٠٠٤ (پارتا ژیانا ئازادی کوردستان).

پشێوییەکان لە ڕۆهەڵاتی ناویندا ئێستە دینامیکی هەرێمەکان دەگۆڕێ، هاوکات پەکەکە چاک دەزانێ ئەو گۆڕینکارییە لە بەرژەوەندیی ئەودا دەبێ.

سەبری ئۆکەی سەرۆکی پەکەکە/کەجەکە لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گرووپی تەنگژەدا گوتی "هاوپەیمانییەکی تورکی-ئێرانی-سوورییایی لە دژی بزاوی ئێمە هەبوو. لە ئەنجامی ئەو هاوپەیمانییەی نێوان ئەو دەوڵەتانە، سەتان چەکداری پەکەکە بە تورکیا دران و تا ئێستە لە گرتیگەدان. سەتان لە چەکدارانمان کوژران. بەڵام لە ئەنجامی دواین گۆڕینکارییەکان لە ناوچەکە، ناکۆکی لە نێوان تورکیا و ئەو وڵاتانە سەری هەڵدا، و هاوپەیمانییەکەی دژ بە ئێمە تێکشکا".

پەکەکە بەمەبەستەوە دەڕوانێتە ڕۆهەڵاتی ناوین بۆ ئەوەی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاری بێنێ. گرژییەکانی نێوان ئەنکەرە و تاران، بەغدا و دیمەشق لە ٢٠١١ەوە، ڕێگەی بۆ پەکەکە کردەوە تا پێوەندییەکانی بەو پایەتختانەوە نوێ بکاتەوە.

ب- سووریا

پارتی یەکەتیی دیموکرات PYD کە پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ پەکەکەدا هەیە، ڕێکخراوترینە لەنێوان دەیان گرووپی چالاک لەو ١٠٪ کوردەی لە سووریادان کە کەمینەن. بەشێوەیەکی روون بینرا کە مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتە نێوان پارتەکە و گرووپە کوردییەکانی تری سووریا بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێکی هاوکاری لە هەولێر لە ٢٠١١دا. ئەو شتە گرینگە وریاداری بە حکوومەتە تورکییە هاوپەیمانە نوێیەکەی سەرۆک بارزانی دا.

پەیەدە هێڵی سەربەخۆیی زیاتری لە پەکەکە بڕیوە بەهۆی ڕێککەوتنامەکەی هەولێرەوە و دەستی کردووە بەیاساییکردنی هەڵوێستەکەی لەگەڵ گرووپە کوردییە سوورپاییەکانی تر ئەوانەی هیوادەخوازن دەستڕۆییان زیاتر بێ بە بەراورد لەگەڵ ڕکابەرە بەهێزەکەیان. ئەوکاتەی سووریا دەستی بەپارچەبوونی سیاسی کرد لەدوای مارس/ئەپریلی ٢٠١١، پەکەکە و پەیەدە لە سەرەتادا هەوڵیاندا زیان لە گرەوەکانیان نەکەن، وا دەرکەوتن کە خۆیان لە ڕووبەڕوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دیمەشق بپارێزن. دواتر بەکەمێک دیمەشق دەستی بەلەدەستدانی کۆنترۆڵ کرد لە دەوروبەرەکەی، سەرکردایەتی پەیەدە لە بنکە سەرەکییەکەی لە قەندیل لە باکوری عێراق لەگەڵ پەکەکە، ڕۆیشت بەرەو سووریا. هەزار یان زیاتر لە شەڕوانی پەکەکە بۆ سووریا گواستراونەوە تا دەست بە کاری سیاسی لەگەڵ پەیەدە بکەن. وەک ڕەنگدانەوەیەکی هەیکەلی پەکەکە/کەجەکە، پەیەدە ئەنجوومەنی تایبەت بەخۆی لە سووریا دروست کرد. ئەنجوومەنی بەرگریی ناوەخۆی پەیەدە دەستی کردووە بەدامەزراندنی پیاوی زۆر لە خاڵە پشکنینەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی چەند ناوچەیەکی کوردی، و ئەنجوومەنی ناوەخۆی پەیەدەش ئێستە دەستی کردووە بە ئەنجامدانی کاری شارەوانی. ئەنجوومەنی پەیەدە لە ئافرین هەتا هەوڵیشی داوە وێنەیەکی بەرپرسیارەتیی شارستانی بۆ خۆی دابڕێژێ، ڕای گەیاندووە کە دەستی بە هەڵمەتێکی لەناوبردنی چاندنی حەشیش کردووە. پاڵپشتییەکی جەماوەریی ڕاستەقینە بۆ پەیەدە لە یەک ناوچەی کوردیدا هەیە، ئەویش کەوتووەتە لێواری باکوری ڕۆئاوای سنووری سووریا–تورکیا لە شارۆکەکانی وەک کۆبانی و ئافرین، بەڵام کەمتر لە ناوچەکانی باکوری ڕۆهەڵاتدا کە ناسراوە بە جەزیرە (کەوتووەتە نێوان ڕووباری دیجلە و فورات نێزیک لە تورکیا و باکوری عێراق). هەندێک لە شیکەرەوەکان بڕوایان وایە کە چەکدارانی پەیەدە هەتا سەرانی کوردی سووریاشیان کوشتووە ئەوانەی لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتمانی سووریای ئۆپۆزیسیۆن هاوپەیمانن و لەلایەن تورکیاوە مێوانداری کراون. پەیەدە نکووری لەو کردەوەگەلانە دەکا.

بەرپرسانی تورکیا ڕێژیمی بەشار ئەسەد بەپێدانی ناوچە سنوورییەکان بە پەیەدە تۆمەتبار دەکەن: سووریا نکووری لە ڕێککەوتنی بەم جۆرە دەکا و دەڵێ وڵاتەکە هەوڵی داوە ناوچەکە لە شەڕ بپارێزێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی ناوەخۆ، چالاکییەکان و ئەزموونی پەیەدە یارمەتی بەهێزکردنی پارتەکەی داوە ببێتە یەکەم گرووپ ئاڵاکەی لە کۆبانی و ئافرین بەرز بکاتەوە دوای ئەوەی ڕێژیمی سووریا لەو ناوچەیەدا لە ٢٠١٢ ڕووخا. پێشکەوتنەکانی پەیەدە پێشکەوتنی ئاشکرای پەکەکەیە. لە عامودا کە شارۆکەیەکی سەرسنوورە، گۆڕەپانی ناوەندی شار دووبارە ناونرا دوای ئەوەی چەکدارێکی پەکەکە لەوێ خۆی کوشت لە ساڵی ١٩٩٩ تا نارەزایی دەرببڕێ لە دژی ئەو بڕیاری مەرگەی دادگەی تورکیا لە دژی ئۆجەلان دەری کردبوو. وێنەی ئەو چەکدارە لە گردبوونەوەکانی پەیەدە لە ڕابردوودا هەڵگیراوە. هەروەها چەکدارانی پەیەدە سوورن لەسەر ئەوەی کە ئەوان یەکەم و سەرەکیترین پارێزەری لەدایکبووی ناوەخۆی کۆمەڵەکەیانن. تورکیا نیگەرانە

لەوەی کە ئامانجی پەیەدە بریتییە لە فەرمانڕەواییکردنی کوردانی سووریا و ئەوەش شیمانە هەیە هەستی جیاخوازی لەناو کوردانی تورکیا بەهێزتر بکا.

بەگوێرەی شیکەرەوەیەکی تورکیایی "تا چەند مانگێکیش لەدەستپێکردنی شۆڕش، پەیەدە هیچ پێوەندییەکی بە سووریاوە نەبوو. کارنامەی سیاسی ئەو تورکیا بوو". بڕیار بەدەستان بیرەوەریی تاڵیان هەیە کە چۆن هێرشەکانی پەکەکە چڕبووەوە دوای نەمانی دەسەڵاتی حکوومەتی عێراق بەدرێژای سنووری باکوری وڵاتەکە لە ١٩٩١دا.

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا ورياداری دا "ئێمە بەهیچ شێوەیەک قبووڵی ئەو پێکهاتە تیرۆریستییە و هاوکارییەی نێوان پەکەکە و پەیەدە ناکەین. ئێمە دەزانین ئەو ڕووداوانە ئاڕاستەی ئێمە دەکرێن، و ئێمەش بەبێگومان وەڵامیان دەدەینەوە". دوای زیادبوونی توندتیژییەکانی پەکەکە لە هاوینی ٢٠١٢، ژمارەیەک بێژەری تورکیا گوتیان، پارتەکە هاوکاری لە حکوومەتی سووریا وەردەگرێ لە ڕێگەی پەیەدە کە پارتەکە ناباتە کەشێکی وا بەرەو نێوانڕۆیی بچێ.

بەرپرسێکی بەرزی تورکیا ئاماژەی کرد کە لە نێوان عێراقی ١٩٩١ و سووریای ئێستە کەمێک هاوبەشی هەیە. هەرێمە کوردییەکەی سووریا هاوشێوە و بەیەکەوەگونجاو نییە، سنوورە فشەڵەکەی نێوان سووریا و تورکیا زۆر بەئاسانی دێتە کۆنترۆڵکردن، و ناوچە کوردنشینەکانیش پەرش و بڵاون.

زیاتر گوتی: "پەیەدە هەلێکی پێ دەدرێ تا متمانەی خۆی بۆ سووریا بسەلمێنێ و هەروەها بەو مەرجەی خۆشی لە پەکەکە بەدووربگرێ: پێویستە لەوە تێبەڕی نەکا کە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیی کوردی لە سووریا دروست بکا هەرچەندە ئەوە هەلێکە بۆ کوردی سووریا ڕەخساوە. ئەگەر بەباشی بەکاری بێنن، ئەوە هەڵوێستیان لە سووریا بەهێزتر دەکا... هەڵبژاردنی ڕێگەی هەڵە، شەڕکردن لەگەڵ عەرەب و تورک دەگرێتەخۆ... پەیەدە و ڕژێمی سووریا هاوکاریی یەکتریان کردووە... ئەوان نۆکەری ڕژێمەکەن... بەڵام ئێستە دەتوانن کارکردن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن هەڵبژێرن. پەیەدە دەتوانێ خۆی بگۆڕێ. دەتوانن لە ڕاستیش نێزک بکەونەوە".

بەپێی ڕاگەیاندنێکی نووسگەی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا "پەیەدە هەوڵی داوە ئەنکەرە دڵنیا بکاتەوە لە ڕێگەی گوتنی، ئەو دەیەوێ ناوچە کوردنشینە ڕزگارکراوەکان ببنە پەنایەکی ئارام و خاڵی دەسپێک بۆ ڕزگارکردنی هەموو سووریا... کورد جیاخواز نین. ئامانجی ئێمە بریتییە لە فەرمانڕەواییکردنی هەرێمەکەی ئێمە دیموکراتییانە لە چوارچێوەی سنوورە جیۆپۆلەتیکەکانی کۆماری سووریا".

بەگوێرەی شارەزایەک، هەروەها ڕێی تێ دەچێ، سەرەڕای ئەوەی پەیەدە لە پاشماوەی هەیکەلی ڕێکخراوەیی پەکەکەوە لە ناوەوەی سووریا (پاش دەرکردنی ئۆجەلان لە ساڵی ١٩٩٨)

هاتووتە دروستبوون... بەشداریکردنی پەکەکە یاخۆ هەوادارنی لە سیاسەتی کوردانی سووریادا وەک ڕووبەڕووبوونەوە و ڕکابەرایەتیکردنی زیاتری پەکەکەیە لە تورکیادا. دوای هەموو شت، پەکەکە نەناسراوە بەوەی قبووڵی جیابوونەوە و ڕکابەران بکا- لە خاڵێکی تردا... بەبەردەوامی ئەندامی جیابووەوە دەکوژێ- بەڵام ئێستە ئەندامانی پارتەکە لە سووریا بەڵێنیان داوە کار لەگەڵ پارتە کوردییەکانی تر بکەن".

بەڵام ترسی ئەنکەرە جێگەی تێگەیشتنە لێی. یەک لە سێی پلەداران و کەسانی ناوداری پەکەکە سووریایین بەڕەچەڵەک، و هەزاران چەکداری پەکەکەی کوردی سووریا لە شەڕدا کوژراون. پێوەندیی قووڵی هەرێمەکان جێگەی سەرسڕمانە، ئەو سنوورە لەلایەن تورکیا و هێزە ئەوروپاییەکان بەناو ناوچە کوردییەکاندا لە ساڵی ١٩٢٣دا کێشراوە کە هەموو بەشێک بوون لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ماوەی چوار سەت ساڵ. لە ڕاستیدا، زۆر لە کوردانی سووریا ڕەچەڵەکیان لەو کەسانەیە تورکیایان جێ هێشت دوای سەرکوتینی یاخیبوونێکی گەورە لە ساڵی ١٩٢٠دا. ئەگەر متمانە لە نێوان تورکیا و کوردەکاندا بوونی هەبێ، ئەو پێوەندییە دەکرێ ئەرێنی بێ. ساڵح موسلیم سەرۆکی پەیەدە ئەندازەی کیمیای لە ئیستانبوڵ خوێندووە و تورکییەکی زۆر باشیش قسە دەکا.

ج- عێراق و ئێران

گرینگترین بنکەی پەکەکە لە قەندیل لە باکوری عێراقدا کەوتووەتە زنجیرە چیایەیەکی سەختی فرەوانی کشاوی ٨٠ کم دوور لە تورکیا و نێزیک لە سنووری ئێران. بنکەکانی تری پەکەکە لەسەر سنووری تورکیا بڵاوبوونەتەوە. پەکەکە یەکەمجار وەک میوانی کوردی عێراق لە ساڵی ١٩٨٠دا هاتە ئەوێ و ئەو بۆشاییی دەسەڵاتەی بۆ مەبەستی خۆی بەکارهێنا کە لە دوای نەمانی کۆنترۆڵی حکوومەتی بەغدا دروست بوو.

لە ٢٠٠٧وە تورکیا پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ سەرۆک بارزانی دروست کردووە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان نووسگەکانی بریکارەکەی پەکەکەی (پارتا چارەسەریا دیموکراتا کوردستانێ) داخست، بەڵام یەک بارەگای لە لێواری قەوارەی حکوومەتەکە لە کەرکوک هێشتووەتەوە.

هەندێک لە ئەنکەرە هیوادەخوازن سەرۆک بارزانی فشار بخاتە سەر پەکەکە بۆ ئەوەی خاکەکەی جێبێلێ لە بەرامبەر ڕێککەوتنەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێم لەبارەی پێشخستنی بواری نەوت و غاز لە هەرێمەکە و هاوکاریکردنی لە کێشەکانیدا لەگەڵ بەغدا. بەڵام ئەوانی تر وا بیردەکەنەوە کە بارزانی پێوەندی بەچارەسەرکردنی کێشەی ناوخۆی تورکیاوە نییە. لە ٢٠١١دا دوای تۆپبارانەکانی ئێران و هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیا بۆ ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی عێراق، پەرلەمانی کوردستان چەند ڕاگەیاندنێکی دەرکرد و داوای لە پەکەکە و پژاک کرد

هەواڵنامەی کێژ

چالاکییەکانیان لە خاکی هەرێمی کوردستان دوور بخەنەوە. زۆر لە کوردی عێراق و هەندێکیش لە هێزە سیاسییە سەرەکییەکان لە دژی بڕیاری بەزەبرن لە دژی پەکەکە.

ڕابەرێکی پێشووی گەریلا لەبارەی گیروگفتەکان گوتی "ئێمە لە دۆخێکی قورسداین، چونکە دوو وڵات هەیە (ئێران و تورکیا) داوامان لێ دەکەن کۆنترۆڵی سنوورەکانمان بکەین، گوایە هیچ کێشەیەک ئەوکاتە دروست نابێ، بەڵام ئێمە دەترسین هێزەکانمان بۆ سنوور بنێرین لەبەر ترسی هەڵگیرسانی شەڕی کورد و کورد. پەکەکە و پژاک بەبایەخەوە لە دۆخی کوردستانی عێراق وردنەبوونەتەوە. داوا لە هەردوولا دەکەم دەست لە بیرۆکەی گەیشتن بە مافەکانیان لە ڕێگەی سەربازییەوە بێنن".

هاوکات پێوەندیی نێوان بەغدا و ئەنکەرە لە چەند لایەکەوە بەرەو خراپبوون چووە. حکوومەتی عێراق وریاداری دایە تورکیا لە یۆلیۆی ٢٠١٢ بەوەستاندنی پێشێلکارییەکانی بۆ ئاسمان و قەوارەکەی، ئاماژەیەکی ئاشکرا بوو بۆ هێرشەکانی سەر پەکەکە. لە ئێران نێزیکەی ٣ هەزار ئەندامی پژاک دەردەکەوێ پشت بە سەرچاوە، بیرۆکە و ئەندامانی پەکەکە ببەستن. ئۆجەلان سەرکردەی ئەوانە و بنکەکەیان لە خانۆچکەی بەردییە کە بەدرێژای چیای قەندیل لەگەڵ بنکەکانی پەکەکە بڵاوبوونەتەوە. شەڕی سەخت لە ئەیلول/سێپتێمبەری ٢٠١١دا لەگەڵ هێزی پاسدارانی ئێران کۆتای هات بەڕێککەوتنێک کە سەرپۆشی هەموو هێرشەکانی بژاکی لە ناوەوەی ئێران کرد. بەڵام تورکیا بەگومانە کە شیمانە هەیە تاران کاریشتبێتە ڕێککەوتنێک لەگەڵ پژاک و پەکەکە کە لە دژی تورکیا بەکاریانبێنێ.

د- هەنداران

لە نێوان ١-١,٥ ملیۆن کوردانی بە ڕەچەڵەکی کوردستانی تورکیا لە ئەورووپا دەژین. گەورەترین کۆمەڵیان لە ئەڵمانیا دەژین کە ٨٠٠ هەزار کورد دەبن و لەو ژمارەیەش ١٣ هەزاریان گوتوویانە کە ئەندامی جێگیری پەکەکەن، هەرچەندە ڕێکخراوەکە نایاساییە لە ١٩٩٣ەوە.

٤٤ ئەندامەکەی فیدراسیۆنی یەکەتیی کورد لە ئەڵمانیا هەروەها ئەوانیش بە "کەسی نێزیک" لە پەکەکە دێنە هەژمارکردن. کۆمەڵگەی گەورەش لە بەریتانیا، فەرەنسا و بەلجیکا دەژین. کۆمەڵی پەناگە ڕۆڵی سەرەکییان لە پاراستنی زوان و ناسنامەی نەتەوەیی بینیوە لە ماوەی چەند دەیەیەک کە تورکیا نکووری لێیان دەکرد. بەگوێرەی ڕەمزی کارتال، سەرۆکی کۆنگرەی گەل کە بنکەکەی لە برۆکسلە و دەستەی یاسادانەری کەجەکەیە، نێزیکەی نیوەی کوردانی پەنابەری دەرەوەی وڵات بەشداری لە چالاکییەکانی ڕێکخراوەیی دەکەن یاخۆ دەنگ لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرەی گەل دەدەن.

کۆمەڵانی هەندەران پێوەندییان بە پەکەکە و خەباتی چەکداری ناشارنەوە. لە نووسگەی کۆمەڵی

کوردی لە هێرینگەی لە لەندەن، وێنەیەکی گەورەی ئۆجەلان لە ژووری سەرەکیی کۆبوونەوەکەدا هەیە. لە دیواری دواوەدا، وێنەیەکی ژمارەیەک لە گەریلا کێشراوە کە بەسەر ڕۆخی چیایەکەوە سەردەکەون. نێزیکەی دوازە وێنەی گەنجی پەکەکە لە بنکەکە دەبینی کە لە باشووری ڕۆهەڵاتی تورکیا شەڕیان کردووە و گیانیان لەدەست داوە. هەر لە دیوارەکەدا، تەلەڤزیۆنێکی ئاسمانیی لایەنگری پەکەکە کە لە دانیمارکەوە پەخش دەکرێ، بە بەردەوامی بەپێکرایی دەبینی.

یەک لە سەرانی کۆمەڵەکە گوتی، هەموو کوردێک پارە بە پەکەکە دەدا. ئەگەر پەکەکە گەنج و پارەی دەست نەکەوێ، چۆن لە ژیان بەردەوام دەبێ؟ هاوکاریی پەکەکەم لە ماوەی ٢٥ساڵی ڕابردوودا کردووە. نامەوێ کەس بکوژم، بەڵام سەرانی تورکیا هیچ بژارەیەکی ترمان نادەنێ. هیچ پێوەندییەکی ڕێکخراوەییم لەگەڵ پەکەکەدا نییە، بەڵام بەدڵ پەکەکەم.

کوردانی تورکیا لە تاراوگە لە ئەوڕوپا هێشتا شیمانە هەیە ڕۆڵیان لە پێکهاتنەوە هەبێ، چونکە زۆربەیان یەکەم نەوەی کۆچبەرانی کوردی تورکیان کە بە بیریان دێتەوە ژیان لە تورکیادا چۆنە و ئامادەن کەمێک سازش بکەن تا بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان. چەکداری گەنجی نەوەی دووەم زۆر تووڕەترن، هەرگیز لە تورکیادا نەبوون، و زۆرجار پرسیاری کەللەڕەقانە دەکەن لە کۆبوونەوە ناودەوڵەتییەکانی لەبارەی کێشەی کوردی تورکیا. ئەو پشتە (نەوەی دووەم) بە قۆناخ گەورەبوونە لە چوارچێوەی هەنگاوی سیاسی لە ئەوروپادا. لەبەرئەوەی تورکیا وڵاتانی ئەوڕوپای قایل کردووە پەکەکە بخەنە لیستی تیرۆریستەوە، سەرانی پەناهەندەی پەکەکە لە ئەوڕوپا زۆر ناڕەحەتن.

پەنابەر و بەرپرسی سیاسی وەک ڕەمزی کارتال کە پزیشکی ددانە، بەڕەسمی گەڕایەوە بۆ سیاسەتکردن پێش زیاتر لە دەیەیەک لەمەوپێش، سەرەڕای دڵڕاکێشانی پەرلەمانی تورکیا بۆ لای خۆی، ئەمڕۆ لە کۆشکێکی گەورە بەئاشکرا لە ناوەڕاستی شاری برۆکسل کار دەکا کە خانووەکە (سۆمبرێ ئارت دێکۆ) دەڕوانێتە نووسگەیەکی تورکی بۆ شتوومەکی ناوماڵ. بەڵام وەک سەرۆکی یاسادانانی کۆنگرەی گەلی کەجەکە، کارتال لە ٢٠١١ەوە بە گەورە بازرگانی مادەی هۆشبەر لەلایەن ئەمەریکاوە پۆلین کراوە بەهەمان پلەی ئەندامانی یەکەتیی ئەمەریکای لاتین. ئەوەش بەهۆی ئەو لیستە سوورەی تورکیا داویەتییە ئینتەرپول کە کارتالی بە تیرۆریست هەژمار کردووە. کارتال لە ئەڵمانیا لە ٢٠٠٥، لە ئیسپانیا لە ٢٠٠٩ و لە بەلجیکا لە ٢٠١٠دا گیراوە و دوای ئەوە بەردراوە بەهۆی نەبوونی بەڵگەوە. کەسایەتیی دیاری کوردانی تورکیا زۆرجار سەردانی کارتال دەکەن، بەڵام ئەو ناتوانێ ناوی ئەو کەسایەتییە ئەورپاییییە دیارانە بێنێ کە لە دەرگای ئەویان داوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ترسێنەر، ڕوتێنەرەوە، بازرگانی دەرمان و ئەندامە توندڕۆکانی پەکەکە/کەجەکە ژمارەیان سنووردارە، چونکە، بۆ نموونە، ئەندامان پێویستە پێڕەوی یاسایەکی تەسکی هزری بکەن و هەروەها ئەوان ڕێگەیان پێ نادرێ هاوسەربەندی بکەن. تورکیا و هاوەڵە ناودەوڵەتییەکانی پێویستە هەوڵ بدەن ڕێککەوتن لەگەڵ سەرانی سەرەکیی تاراوگە بکەن ئەوانەی ئاشتی دەخوازن.

کارتال، بۆ نموونە، هەندەرانی هەڵ نەبژارد، ئەو زۆری لێکرا ولات جێبێڵێ لە ١٩٩٤دا ئەوکاتەی تورکیا پارتە کوردییەکەی داخست و هاوەڵە پەرلەمانتارەکانی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە گرتیگە کرد. ئەندام پەرلەمانتارێکی تاراوگە کە هەڤاڵی کارتالە، زوبێر ئایدەر، پەنابەرێکی سیاسی ترە لە برۆکسل، وەک ئەندامێکی جێبەجێکاری کۆمسیۆنی کەجەکە لە کۆبوونەوەکەی پرۆسەی ئۆسلۆ بەشداری کرد.

لە ساڵی ڕابردوودا، چەکدارێکی پەکەکە هێرشی کردە سەر نووسگەی گرووپی ڕۆژنامەی زەمانی تورکی لە چەند وڵاتێکی ئەوڕوپادا، وادەرکەوت درێژکراوەی کێشەی باشووری ڕۆهەڵاتی تورکیا بێ لە نێوان پەکەکە و بزووتنەوەی "فەتحوڵا گولەن"ی ئیسلامی. بەڵام هیچ تەقینەوەیەک و کوشتنێک بڵاونەکرایەوە، و سووربوونی سەرانی تاراوگە بۆ گەیشتن بە یاساییبوون دەردەکەوێ لە کەمبوونەوەی زۆری ژمارەی ئەندامانی پەکەکەی تورە و خۆپێشاندانی کوردانی ئەوڕوپا لە ١٩٩٠ەکاندا.

بەرپرسێکی دژە–تیرۆری ئەوڕوپا گوتی: برۆکسل ئێستە شوێنی خۆدەرهێنانە، ئاسانترینە بۆ خۆپێشاندەران، ئەوان تێبینی لە یەکەتیی ئەوڕوپا وەردەگرن، پێویستیان پێیەتی، بوێر نین بیشکێنن. پاسەکان لە دوور دێن وەک شاری هامبۆرگ. خۆپێشاندانی پەکەکە لە ئەڵمانیا قەدەخە کراوە. ئەوانەی لە برۆکسلن زۆر بەڕەوشتن ڕێز لە یاسای بەلجیکا دەگرن. بەکارهێنانی توندتیژی هیچ سوودێکی بۆ ئەوان نییە. پێش ٢٠٠٧، پاڵپەستۆیەکی زۆر هەبوو، ٢٠ تا ٣٠ هەزار کەس لە یەک خۆپێشاندان بەشداریان دەکرد، بەڵام ئێستە بەدەگمەن لە ٢ هەزار خۆپێشاندەر تێپەڕ دەکا... پەکەکە هەوڵ دەدا باشترین وێنەی گونجاو بەخۆی بدا... ئەوان تامەزرۆن خۆیان والێ بکەن لە تیرۆریست نەچن. پاڵەستۆی یەکجار زۆر بۆ هاندانی وڵاتانی ئەوڕوپا بەداخستنی تەلەڤزیۆنی ئاسمانیی ڕۆژ خرایەگەڕ کە سەربە پەکەکەیە، تەلەڤزیۆنەکە بۆ ماوەی بیست ساڵ دەچێ لە ئەوڕوپادایە، گوایە تەلەڤزیۆنەکە پێوەندیی چەندلایەنەی بە پەکەکەوە هەیە، بەڵام دادگە لە دانیمارک سەرنەکەوت، و ئەگەر سەریش کەوتبا لەداخستنی، وێستگەکە ڕەنگە ماڵێکی تر بۆ خۆی بدۆزێتەوە. هاوکات قەدەخەکردن و بێزارکردن یارمەتیی تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکەی ئەوڕوپای پەکەکەی دا ببێتە بەجەماوەرترین لەناو کۆمەڵی کورد–زوانی تورکیادا. چاودێریی ڕەسمیی توند لەسەر هەواڵی تۆڕی ئینتەرنێتی پەکەکە لە ئەوڕوپا دووچاری هەمان دۆڕان بوونەتەوە، چونکە هەموو کەس دەتوانێ بچێتە ناو تۆڕەکە لە ڕێگەی بریکاری خزمەتگوزارییەوە. لەوەتەی پەکەکە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی پێناسە کراوە لە ئەوڕوپا، پۆلیسی ئەوڕوپا کۆمەککارانی گرتووە، چاودێری لەسەر ناونووسکردنی ئەندامی نوێ داناوە و بەسەر کەمپی ڕاهێنانیشی داداوە.

هێشتا هەندێک لە تورکیا بەتایبەت باڵی ڕاستی توێژی سیاسی، وا پەکەکە دەبینن کە ئامرازێکی هێزی بێگانە بێ. سیاسەتوانێکی نەتەوەیی هەمان بۆچوونی هەبوو ئەوکاتەی گوتی "لە ڕووی ناودەوڵەتییەوە، پەکەکە وەک ئامرازێک دێتە بەکارهاتن".

## بەدەپە: جێگرەوەی سیاسی؟

أ- خەباتێکی دژوار بۆ دانپێنان

لەوەتەی یەکەم پارتی کوردیی یاسایی لە تورکیا لە ساڵی ١٩٩٠وە دامەزراوە، بوار بۆ چالاکیی سیاسیی کراوە زیاتر کرایەوە. شەبەنگی بۆچوونی بزوای کوردی لە دوای پەکەکەدا گەشەی سەند. لەگەڵ ئەوەشدا کۆت و زنجیر بە دامێنی بەدەپەوەیە کە ئێستە نوێنەرایەتیی بزاڤی کوردی لە ڕووی سیاسییەوە دەکا دوای ئەوەی شەش پارتی پێشووی خۆی بەهۆی تۆمەتی پێوەندی بە پەکەکەوە لەلایەن حکوومەتەوە هاتنە داخستن. پارتەکە ڕووبەڕووی فشارێکی گەورە بووەتەوە کە ئێستە حکوومەت لە هەوڵی ئەوەدایە پەکەکە/کەجەکە لەناو ببا. لە هەمان کاتدا پێویستە پارتەکە مامەڵە لەگەڵ لایەنە توندڕۆکەی پەکەکەش بکا کە زۆرجار ڕێگەی توندتیژی دەگرنەبەر بۆ لەناوبردنی جیاخوازان. بۆیە حکوومەت و پەکەکە هەردووکیان ڕێگرن لە دروستبوونی دەزگەی یاسایی کوردی کە شیمانە هەیە بتوانێ شەقامی تورکی قایل بکا لەسەر زەوینەیەکی ناوەندی سیاسی و ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانە کە بۆ بەرەو پێشچوون ڕێک بکەون.

هەروەک ڕابەرێکی سیاسیی بەدەپە عوسمان بایدەمیر پارێگاری دیاربەکر دەبێژێ "ئەوە کێشە لەبارەی ڕێکخراوێک نییە، ئەوە کێشەیە لەسەر ئازادی. پەکەکە ئەنجامە نەک هۆکار. ئەگەر دەیانەوێ چارەسەری بکەن، دەبێ ئەو شتە چارەسەر بکەن. پێویستە هیچ لایەنێک توندتیژی بەکارنەهێنێ، بەو توندتیژییە نە پەکەکە نە حکوومەت ناگەنە ئامانجیان. هیچ جیاوازییەکیان لەنێواندا نییە، یەکێکیان پاساو بۆ خۆی دێنێتەوە بەناوی یاسا، ئەویتریان بەناوی ئازادی... پێویستە ئێمە بەدوای چارەسەری تەواو بگەڕێین. بەدەپە ڕەوابوونێکی جەماوەریی بێگومانی هەیە. بەلایەنی کەم سێ یەکی دەنگی کورد بە بەردەوامی ڕۆیشتووە بۆ پارتەکە و پارتەکانی پێش خۆی، ئەو پارتانەی لایەنگری کورد بوون. لە ١٢ پارێزگای باشووری ڕۆهەڵاتدا کە دانیشتوانی زوان-کوردی زۆرینەن، ٥٠,٤٪ی دەنگەکان چوون بۆ ئەندامە سەربەخۆکان لە هەڵبژاردنی حوزەیران/یۆنیۆی ٢٠١١دا کە نوێنەرایەتیی بەدەپەیان دەکرد. زۆرجار بەدەپە تاکە بابەتێکی بزاوی کوردییە، بەڵام هەوڵی زۆری داوە زەوینەی تر بشکێنێ. ئەوەش لەناو گرووپە پەرلەمانییەکانیدا هەریەک لە ئەرتوگرول کورکچو چەپڕۆی نوێخوازی بەڕەگەز تورک، شەرافەتین ئەلچی نوێنەری پێشووی گرووپی سیاسیی سەربەخۆ، ئەرۆل دۆرا یەکەم کریستیانە کە بچێتە پەرلەمان لە ١٩٦٠وە و سیریانییە و خەڵکی ماردینە، و سیرری سورەییە ئوندەر ئەکتەر و دەرهێنەری ناودار لە ئیستانبوڵ دەگرێتەوە.

هەروەک دیپلۆماتێکی ئەوروپایی گوتی: "بەجیاوازییەکی زۆرەوە بەپەدەپە پشکەوتووترین پارتە لەبارەی مافی ئافرەتەوە، و هەروەها لەبارەی هاتنەناوەوەی تورکیا بۆ ئەوروپا، بەدەپە هێزێکی ڕاستەقینەیە بۆ کاری چاکە. هەروەها لە ئاهەنگێکی پێشوازیی گەورە بۆ کۆمەڵی مێی مێخواز،

پیاوی نێرخواز، ژن و پیاوی فرەڕەگەزخواز و ڕەگەزە گۆڕدراوەکان لە ئەنکەرە، ئەوان تاکە پارتی سیاسی بوون ئامادەبوون".

بەدەپە هێزێکی پاڵنەرە لە دوای کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتی DTK کە سەکۆیەکی گەورەیە بۆ ڕێکخراوە شارستانییەکانی کۆمەڵ کە زۆربەیان چالاکن لە ناوچە کورد-زوانەکان. کۆبوونەوەکانی دەتەکە لە تەلاری ڕێکخراوەکان دێنە گرێدان، سیاسەتوانانی ئەوان زۆرجار ڕاگەیاندنەکانی دەتەکە دەخوێننەوە. تاکەکان، یەکەتی، کارسازان، جوتیاران و یانەکانی دەتەکە زۆرجار نوێنەرایەتیی بۆچوونی نێوانڕۆتر دەکەن و ناواخنێکی کرداری بە هزری بزاوە کوردییەکە دەبەخشن.

بۆ نموونە کۆبوونەوەکەی ئایار/مایۆی ٢٠١٢ی دەتەکە، پارمەتیدەربوو بۆ پێناسەکردنی "ئۆتۆنۆمییەکی دیموکراتی" کە پارتە کوردییەکە وەک ئامانجی سەرەکی ڕای گەیاندووە.

ب- ڕکابەریکردن بۆ بەدەستهێنانی دەنگی کورد

نیوەی زیاتر لە کوردانی تورکیا هەموو کات دەنگ بە پارتێکی سیاسیی ناکوردی دەدەن بەتایبەت ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا کە پێویستە سوپاسگوزاری سیاسەتەکەی بێ لەبارەی پێشخستنی بازرگانی و دەستمایەگێڕی لە بواری ژێرخانی ئابووری و هەروەها خۆپێشاندانە موسڵمانییەکەی، ڕووخسارە پارێزگارەکەی، لە ڕابردوودا، و ئارەزووەکەی بۆ پاڵپشتیکردنی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکەتیی ئەوروپا. لە هەڵبژاردنی حوزەیران/یۆنیۆی ٢٠١١دا ئەکەپە ٣٧٪ی دەنگەکانی ١٢ پارێزگەی کوردی بەدەست هێنا، و پارتەکە بەلایەنی کەم ٧٠ ئەندام پەرلەمانی بەڕەگەز کوردی لە پەرلەمان هەیە. لە ٢٠٠٧-٢٠١١دا پەرلەمانتارانی کورد لە پارتی ئەکەپە ژمارەیان کەمێک زیاتر بوو، بەڵام ئەردۆگان زۆربەیان گۆڕی لە ماوەی هەڵمەتەکانی ٢٠١١دا، هۆیەک هەبوو لە پشت ئەو کارە. پەرلەمانتارە کوردەکانی ئەکەپە زۆرجار بە نهێنی زوڵمی سەر کوردیان زیاد دەکرد یاخۆ هەتا لە قسەی برگریشدا لەگەڵ پەکەکە و لە کاتی بەرزکردنەوەی هیواکانی پارتە کوردییەکەدا بەوەی ئەوان دەتوانن چاکسازییەکان لە کارنامەی سیاسی پارتەکە دەربێنن.

سەرۆکێکی بزاوی کوردی گوتی: پەرلەمانتارە کوردەکانی ئەکەپە لە ڕووی هەستەوە کوردن، نەک کورد بن لە ڕووی بیرکردنەوەدا. پەرلەمانتارە کوردەکانی بەدەپە کوردن لە ڕووی هزرەوە، نەک لە ڕووی هەستەوە... بەدەپە ئەرێنی قسە دەکا لە دواوەی دەرگا داخراوەکاندا، بەڵام لە بەرامبەر کامێرەدا قسە بە زوانێکی شێواو بۆ کورد دەکا. ئەندامانی ئەکەپە دەزانن چییە ئەگەر کورد بی، بەڵام لە ڕووانگەی بازرگانییەوە تەماشای شتەکان دەکەن. ئەو پیاوانەی ناوچەکە شارەزان، پێویستە ئەوان بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوانە سەران و بەڕێوەبەرایەتییەکان ئاگەدار بکەنەوە".

پارتی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆن، پارتی گەلی کۆماری CHP لە ٢٠١١ەوە هەوڵی زنجیرەیەک

دەسپێشخەریی مژدەبەخشی داوە تا سەرنجی زیاتری کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. سەرۆکی پارتەکە قسەی لەسەر چاکسازیی کوردی کرد لە ماوەی هەڵمەتەکانی ٢٠١١دا کە ڕێکلامێکی سیاسی بوو بۆ سەرگێن تانریکولو جێگری سەرۆک پارتەکە کە سەرۆکی پێشووی یانەی دیاربەکر بوو و هەروەها کوردێکی چالاکیی ڕاسترۆیە. بەڵام ئەکەپە بەپاساوەوە جەهەپە تۆمەتبار دەکا بە نزمنرخاندنی قۆناخی یەکەمی گفتوگۆیە دیموکراتییەکەی، و گوایە هەیکەلی ڕێکخراوەیی پارتەکە بە تەنکی لە ناوچە کورد-زوانەکان ماوەتەوە. جەهەپە هەروەها خەریکە بە کێشەیەکی ناوەکی لە نێوان نوێخوازەکان کە داوای خۆهەڵبژاردن دەکەن و ئەو پاسەوانانە کۆنانەی پارێزگاری لە بیرۆکەی نەتەوەییی تورک دەکەن. پارتی بزاڤی ناسیۆنالیستی تورکی MHP هیچ بوونێکی ئەوتۆی نییە لە ناوچانەی بە کوردی قسەدەکەن بەهۆی ئەو شەڕانگێزییەی هەیەتی لە دژی کێشەی نەتەوەییی کورد. پارتەکە بەپاشی دەدا گفتوگۆ لەسەر مافی کۆمەڵی کوردی بکا، گوایە کورد نەتەوەیەکن وەک زۆربەی ئەوانی تر کە نەتەوەی تورک پێکدێنن.

ئۆکتای ڤورال جێگری سەرۆکی دەستەی پەرلەمانی مەهەپە گوتی "ئێمە یەک خێزانین. هەندێک گرووپی نەتەوەیی هەن، بەڵام لێرە (تورکیایی) ناوی شارستانییەتی ئێمەیە، لە ڕووی پێناسەکردنەوە... ئەگەر نەتەوە بکەینە ناوەڕۆکی گفتوگۆکە، ئەوە شەقامی ڕۆئاوای تورکیا داوای ناوچەیەکی تەناهیی تایبەت بەخۆیان دەکەن. ئەگەر هەست بە ڕکابەری بکەن لە ڕووی ناسنامەوە، ئەوە ئەوان دەست بە ڕەگەزپەرستی دەکەن. تورکیا هەرگیز نەتەوەیەکی ڕەگەزپەرست نەبووە. ئەو جۆرە کێشانەمان ناوێ. نامانەوێ کورد و ئەوانی تر ببنە نەتەوەی کەمینە".

ئەوکاتەی کێشەکە بەردەوام دەبێ، سازشکردنی کورد-تورک بۆ یەکتر بەشێوەیەکی زۆر دەکەوێتە مەترسییەوە. لە پەرلەمان، جەمسەرگیری زیاتی بەو ڕێگە ئاسانە دا کە وای دەکرد هاووڵاتی لە هەموو هەرێم و ڕەگەزەکانی تورکیا تێکەڵاوی یەکتر بن. نائارامی ڕوو لە زیادی دەکا بەوەی تێکڕای بۆچوونی تورکێک لەبارەی سەربەخۆییی کورد بووەتە پێشبینییەکی خۆکرد.

شائیسماعیل بەدرخانۆگلو سەرۆکی یەکەتیی کارساز و پیشەگەرانی باشووری ڕۆهەڵات لە دیمانەیەکدا بۆ گرووپی تەنگژە گوتی:"ئێمە ئەو ماوەیە جێدێڵین کە ئارەزووی بەیەکەوە ژیان و متمانەی دوولایەنە لە خاڵێکی نزمی نوێ دایە. شتێک بەدوای یەکێکی تر دەهات... ئەو ٣٤ هاووڵاتییە کوردەی بەهۆی بۆردمانی هێزی ئاسمانی تورکیا کوژران نێزیک لە ئوڵدەرە بریتی بوو لە ٩/١١ بۆ کوردەکان، خراپترین هەستی نەتوانینی بەیەکەوەژیانی دروست کرد. ئەوە هەستی سەرەکی نییە، بەڵام ئەو شتەیە خەڵک لە دەوری مێزی خوانی ئێوارە باسی دەکەن".

ج- نەفرەتی پێوەنانی ناسناوی تیرۆریست

سەرانی ئەکەپە دەڵێن ئەوان هیچی تر گفتوگۆی چارەسەری کێشەی کورد لەگەڵ پەکەکە ناکەن تا پارتەکە چەک دانەنێ و هەندێک جار ئامادەباشیی خۆی دەربخا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەدەپە و

پەرلەمانتارەکانی کە ژمارەیان لە ٣٠ زیاترە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار ئەوان مەرج بۆ قسەکردن لەگەڵ بەدەپە دادەنێن و داوایان لێ دەکەن "سەرکۆنەی تیرۆریستان بکا". هاوبەشە ئەوروپاییەکانی تورکیا زۆرجار هەمان شت دەڵێن. بەڵام ئەوە زەحمەتە ئەنجامی بدەی چەندی تورکیا دەست بە پێناسەیەکی یاسایی ناڕوون بۆ تیرۆریست بگرێ و هەزارانیش بخاتە گرتیگەوە. بەناتەواوی بەکارهێنانی وشەی "تیرۆریست" بۆ زۆرینەی تورک واتە هیچ سازشکردنێک نایەتە ئەنجامدان بۆ هەر شتێک پارتە کوردییەکە پێوەندیی پێی هەیە، جا پەکەکە و ملیۆنان هاوسۆزانی بێ یاخۆ هەر هەموو کوردی تورکیا.

ئەگەر بەڕاستی داوای چارەسەری ناسەربازی دەکا بۆ پرسی کورد، پێویستە حکوومەت دەست بکا بەجیاکردنەوەی بکەرە ئاشتیخواز و توندڕۆکانی ناو پارتە کوردییەکە لە هزری خۆی و ڕای گشتیدا. پێناسەی تورکیا بۆ تیرۆریزم بووەتە کێشەیەکی درێژخایەن دوای هەموارکردنی یاسای دژ–تیرۆر لە ٢٠٠٦دا و زیاتر ڕژدتر بوو دوای ئەوەی دادگەیەکی باڵاتر لە ٢٠٠٨ بڕیاریدا کە هەر کەسێک دەرکەوێ بەپێی ڕووحانییەتی پەکەکە ڕەفتار بکا ئەوە وەک ئەندامێکی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دادگەیی دەکرێ. ئەوەش مانای ئەوەیە کە بە ئاشکرا بەرگریکردن لە هەرشتێکی پەیماننامەی کەجەکە شیمانە هەیە ببێتە هۆی گرتن، چونکە دۆکیومێنتێکی درێژە لە ئەوبەری کۆنفیدرالیزم بۆ کورد تا دەگاتە ڕاگەیاندنی مافەکانی وەک چالاکی وەرزشی، یەکسانی ڕەگەز و هۆشیاریی ژیگە هەر هەمووی دەگرێتەوە. سیستەمی دادوەری خستنەڕووی هۆکار بۆ گرتنی چالاکانی بەدەپە و ئەوانی تر بۆ چەندان ساڵ بەکاردێنێ لە گرتنی بێ لەدادگەداندا. زیاتر لە ٢ هەزار و ١٠٠ کەس تۆمەتبار کران بەبوونی پێوەندییان بە بەدەپە، لەناویاندا ٢٧٤ بەرپرسی هەڵبژێردراو، کە ئێستە لە گرتیگەدان بەتۆمەتی ئەندامییەتی لە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیدا هاوکات شیمانە هەیە ٥ هەزاری تر گیرابن بەهۆی بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی ئەو ڕێکخراوە یاخۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانیاندا. زیاتر لە ٩٠ ڕۆژنامەوان و کارمەندانی تری میدیا و سەتان قوتابی کە زۆربەیان کوردن، بەهۆی تۆمەتی هاوشێوە فەرمانی گرتنیان بۆ دەرچووە. هەندێکیان چەند ساڵێکە لە گرتیگە لە چاوەڕوانیدان بۆ یەکەم دەرکەوتنیان لە دادگە. زۆربەی کات گومانکردن و تۆمەتەکان پشت دەبەستن بە بەشداریکردن لە کۆبوونەوە و ئامادەبوون لە وتارخوێنەوەدا. کەشی لەدادگەدانەکان شیمانە هەیە لە ڕاستی نەچێ، بڕێتی بێ لە تێکەڵەیەک لە تۆمەتی لێڵ، نەهێشتن و تێکدانی دووبارە یەکگرتنەوەی خێزان و هەستکردن بەوەی مافی تاک لە ڕێگەی سیاسەت و نادادپەروەرییەوە پێی لێنراوە.

سەرکردەیەکی پەکەکە/کەجەکە گوتی، کەمتر لە ١٥٪ی ئەوانەی گیراون ئەندامی پارتەکەی ئەون. دیپلۆماتە ڕۆژئاواییەکان لە لۆجیکی هەڵمەتەکەمان تێناگەن. ئەگەر ئامانجی حکوومەت بڕێتی بێ لە دروستکردنی پارتێکی سیڤیلی کوردی کە سەربەخۆ بێ لە پەکەکە، ئەوە لەمبارەیەوە چالاکێکی مافی شەقامی کوردی دەڵێ، گرتنەکانی حکوومەت ئەنجامی نەرێنییان دەبێ: پارتە

یاساییـیەکانی کورد لە ڕابردوودا دوورتربوون لە سـەرکردایەتیی پەکەکە پێش گرتنی ئەندامان لەلایەن حکوومـەتەوە، چونکە ئەندامانی پێشووی پەکەکە لەناویاندا بوون. پێویستی نەدەکرد داوا لە پەکـەکە بکەن چی بکا. کـەسـێکی وەک نورەتین دەمـیـرتاش (براگـەورەی سـەرۆکی بـەدەپە و سـەرکـردەی پێـشـووی پارتێکی یاسـاییی کـورد) بۆ مـاوەی زیاتر لـە ١٠ سـاڵ لە گـرتیگەدا بوو بەتۆمەتی ئەندامییەتی لە پەکەکەدا...سەرانی پەکەکە ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتدان ناتوانن فەرمان بەسـەر کەسێکی بەم شێوەیە بکەن. نازانم حکوومەت لە چی نیگەرانە. ٩٠٪ی ئەو سیاسـەتانەی بەدەپە دەیکا بەئاشکرا ئەنجامیان دەدا، و ئەوان هەموو کات گوێ لە پێوەندییە تەلەفۆنییەکانیان دەگرن، و ئەوان لەبارەی ئەو ١٠٪ەی تریش دەزانن. تۆمـەتی ناتەواوی تیرۆریستی گرژی دەخاتە گفتوگۆی دیپلۆماسی و ڕەوابوون نایەڵێ لەو هەوڵانەی بەئاشتییانە بۆ نەهێشتنی ئەو تاوانانەی لە کورد دێنە ئەنجامدان. سەرانی ئەکەپە پێویستە بەوردی خۆیان بەدووربگرن لە خراپ بەکارهێنانی وشـەی تیرۆریزم، بۆ نموونە ئـەوکاتەی سـەرۆک وەزیران ئاماژە بۆ بـەشـێکی باشـووری ڕۆهـەڵاتی تورکیا دەکا وەک "هەرێمی تیرۆر" یاخۆ نایم شاهین وەزیری ناوەخۆ قسـەدەکا لەسـەر دۆزینەوەی تیـرۆریزم "لەسـەر کـوتاڵ، هەندێک جـار لە هۆنراوەدا، لە وتاری ڕۆژانەدا و لـە گـاڵتـە و گـەپدا". چەندی بەرپرسـانی دەوڵەت و زۆرینەی خەڵک بەبێ گوێڕایەڵی، کورد بە تیرۆر هاوکێش بکەن، ڕێی تێ ناچێ بزاوی کوردی سەرکۆنەی تیرۆریزم بکا.

ئەمین ئاکتـار سـەرۆکی یانەی پارێزەرانی دیاربەکر گـوتی: من لێم دەدرێ بەهۆی ناسنامـە و زوانم. ئەوەش مـەودایەکی ڕەوا بۆ توندتیـژی جێدێڵێ... ئەوەی پێویست بوو ئاگربەسـتێکی تەواو بوو لە هەردوولا، لەگەڵ شـاندێکی ئاشتی بۆ کارکردن لەسـەر هەنگاوەکانی ئاشـتی و لە پەرلەمـان جێبەجێی بکا، و کۆتاهێنان بۆ هەمـوو ئەو گرتنانە. بەبێ ئەو شتانە، هیچ کـەس بە پەکەکە ناڵێ، "تۆ دەبێ چەک دانێی". ئەوە کێشەیەکی کوردی نییە، کێشەیەکی تورکییە.

کۆتە سـەرەکییـەکانی سـەر خۆپێشاندانی گشـتی هێشـتا مـاوە، بۆ نموونە بووە هۆی ڕوودانی ڕووبەڕوونـەوە لە یۆلیـۆی ٢٠١٢ ئەوکـاتەی پۆلیس ڕانی ئـەندام پەرلـەمـانێکی ئافـرەتی بـەدەپەی شکاند. هـەتا ناوبردنی چەکدارانی پەکەکە بە گـەریلا هەندێک جار پاکانە بۆ بڕیارەکـانی دادگە دەکا. ئەرکی حکوومەت برێتییە لەوەی ڕێگە بە سیاسـەتوانانی کوردی ناو شـەقام بدا و پێویستـە ئەو سیاسـەتانە کۆتا پێ بێنێ کە دەبینرێن وەک هەراسـانکردن و جیاخـوازی و هـەروەها دەست لە داخستنی بەردەوامی پارتە یاسـاییـیە کوردییـەکان هەڵبگرێ، هەروەها تۆمـەتەکـانی تیـرۆریزم و کەمکردنەوەی متـمانـەی کوردی لە سیاسـەت و نەهێشـتنی پارتی کوردی بە بوون بـە هاوبەشی سیاسیی جێگیر.

لەگـەڵ زیادبوونی کـێـشـەکـان و گـرژیی ناوەخـۆی دووبارە، بەناتەواوی بـەکـارهێنانی وشـەی تیـرۆریزم بۆ پێناسـەکردنی هەمـوو لایەنەکانی بزاوی کوردی، لە متـمانەی حکوومـەتی نەک تەنیا لەناوەوە کەم کردووەتەوە، بگرە هەروەها لە ڕووی ناودەوڵەتیشەوە. ئـەمەریکا لێدوانە گشتییـەکانی

بێدەنگ کردووە. ڕەخنەی نوێ لە کۆمسیۆنی ئەوروپاوە هەڵدەقوڵێ کە هاوپەیمانی زۆر ڕژدی ئەنکەرەیە لە زۆربەی بابەتەکانی تورکیای گوماناوی و ئەوروپای شێواودا. لە ١٩ی ئەپریلی ٢٠١٢، نائارامییەک دروست بوو بەهۆی زیادبوونی ژمارەی ڕۆژنامەوانە گیراوەکان. یەکەتیی ئەوروپا بەتوندی سەرکۆنەی تیرۆریزم دەکا و بەردەوامیش دەبێ لە هاوکاریکردنی تورکیا بۆ شەڕکردن لە دژی. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەوە بیانوو دروست نەکا بۆ کۆتکردنی ئازادیی دەربڕین.

ڕاوێژکارێکی دژە-تیرۆری یەکەتیی ئەوروپا گوتی، فرەوان پێناسەکردنی تیرۆریزم لەلایەن تورکیاوە پێویستە لە داهاتوودا لەگەڵ پێناسە کەمتر فرەوانەکەی (وردتر) یەکەتیی ئەوروپا نێزیک بکرێتەوە ئەگەر بیەوێ بچێتە ناوەوەی یەکەتیی ئەوروپا. داواکاریی دانەدەستی تاوانباران بەرەو ئاڵۆزتر دەچێ، و ئەفسەرانی دژە-تیرۆری ئەوروپا، ئەگەر بەشێوەیەکی زۆریش هاوسۆزی تورکیا بن لە هەڵمەتەکانی دژ بە پەکەکە، ئەوە ئێستە ئەوان کەمتر هاوکاریی تورکیا دەکەن.

د- گیروگرفتی بەدەپە

گرتنی ژمارەیەکی زۆری پەرلەمانتارانی پارتەکە، سەرۆکی شارەوانیی هەڵبژێردراو، سەرۆکی پارێزگاکانی پارتەکە و چالاکانی ئاسایی، توانی بەدەپەی نزم نرخاند، ڕکابەری لەگەڵ لێهاتوویی پارتەکە دەکا بۆ خەریک بوون لەگەڵ حکوومەت بەپێیەکی یەکسان لە گفتوگۆکان لەسەر کۆتاهێنانی کێشەکان. هاوسۆزێکی ناودەوڵەتی ئاماژەی کرد:"کەی بەدەپە کاتی هەیە سیاسەت بکا؟ ئەوان نقووم بوون. نیوەیان لە گرتیگەدان، نیوەکەی تر لە هەوڵی ئازادکردنی ئەوانیتر دان. چۆن ئەکەپە گفتوگۆ لەگەڵ بەدەپە بکا ئەگەر بواری سیاسییان پێنەدرێ کاربکەن؟"

ئەگەر حکوومەت لە قسەکردن لەگەڵ بەدەپە ڕاست دەکا، ئەوە پێویستە یاسای دژە-تیرۆر و مادەکانی یاسای سزاکان بگۆڕێ. هەراسانکردن و بەردەوامبوون لەهەڕەشکردن بەداخستنی نووسگەکانی پارتەکە واتە پارتەکە وازی هێناوە لە دامەزراندنی ئەندامی نوێ چالاکانە لە دیاربەکر کە شارێکی سەرەکیی نەتەوەی کوردە. سیاسەتی پەرەپێدانی پارتەکە بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا لاوازە.

هەروەها بەدەپە گیروگرفتی هەیە کە بوونەتە هۆی ئەوەی تاکی تورک گومان لە پشتبەخۆبەستن و کارەکانی پارتەکە بکا لە پێڕەوکردنی سیاسەتێکی دیموکراتی. پارتەکە یاساییە و کەمێک چەکداری پێشووی هەیە لە ناوەخۆیدا، بەڵام لە چەند ڕوویێکە لەگەڵ پەکەکەدا بەیەکدادەچن و هەندێک پەرلەمانتاریش بەشانازییەوە لەگەڵ توندڕۆکان بوونەتە برا. بەپەدە و پەکەکە هەمان سەرکردە ستایش دەکەن، بەشانازییەوە هاوبەشەی لە یەک ناوچەی هەڵبژاردن دەکەن، و هەروەها ڕۆڵی پەکەکە/کەجەکەش لە هەندێک کارەکانی شارەوانیی بەدەپەدا دەردەکەوێ. کەمێک گومان هەیە کە ئۆجەلان یاخۆ نوێنەرانی وردبینی لە لیستی پەرلەمانتاران و بنکە سیاسییەکانی تری بەدەپە دەکەن. پەکەکە هێزی زاڵی بزاڤی کوردییە لە تورکیا کە بەدەپەش بەشێکە، و پارتەکە

سووره لەسەر ئەوەی کە حکوومەت یەکەم جار گفتوگۆ لەسەر چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان بکا لەگەڵ ئۆجەلان نەک پارتەکە خۆی.

هاوکارێکی ئەردۆگان نیگەرانیی خۆی لە ستونێکی ڕۆژنامەکەی دەربڕی:"ئەوان لە دایەلۆگی گۆڕەپانی سیاسی کەم دەکەنەوە، و لایەنی کاریگەریش لە دەرەوەی سیاسەتدا دێننە پێش. بەئەنجامدانی سیاسەت بۆ ئۆجەلان و نەک لەپێناوی کورد، بەئاماژەکردنی هەموو خەباتی سیاسییان لە ڕێگەی ئۆجەلانەوە، ئەوە بەدەپە لە کارەکەی خۆی کەم و بەتاڵ دەکاتەوە".

بزاوی کوردی پێویستی بە دەرچەیەک هەیە بۆ دەرچوون لەو ڕێگەداخراوەی ئێستەدا، و کارێکی ماقوڵ بۆ سەرانی پارتەکە ئەوەیە داوا لە پەکەکە بکەن ڕێگە بە بەدەپە بدا بۆ ئەوەی ببێتە دەنگێکی برواپێکراو و ڕەوای بزاوی کوردی. بۆ ئەوەی ئەو شتە کاربکا، پێویستە حکوومەت پەکەکە/کەجەکە ڕازی بکا تا نوێنەرانی خۆیان لە بەڕێوەبەرایەتیی ناوەخۆی بەدەپە بکێشنەوە و هەروەها هانی چەکدارانی پێشووش بدا بۆ ئەوەی پێوەندی بە پارتەکە بکەن.

زیاتر لەوەش، پرۆژەی ئاشکرای پەکەکە بۆ گۆڕینی کەجەکە بۆ سیستەمی دەوڵەتێکی تەریب لە تورکیا، زیان بە بڕوای گشتی بەدەپە دەگەیەنێ و هەرگیز بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکان ناچێ. بزاوی کوردی پێویستە بە پەکەکە بڵێ واز لەو ڕێگەیە بێنن. هەروەها پێویستە حکوومەت نێوانرۆ بێ، تا نوێنەرایەتیی نیوەی دەنگی کورد بکا.

کوردێکی ئەکادیمی گوتی: کەجەکە ڕێکخراوێکی دیکتاتۆری، پەرستنی یەک پیاو، فاشیست، دژە-سەرمایەداری و زۆر ناڕاستەقینەیە. بەشێوەیەکی سەرەکی پەکەکە دەڵێ:"کوردستانم بدێ و لێمان گەڕێن ببین بە کۆریای باکور". کورد ئەوە قبووڵ ناکا. ئەوان لە ڕابردوودا شەڕیان لەگەڵ دیکتاتۆرییەت کردووە و دیکتاتۆرییەتی ئەپۆیستی پەکەکەیان ناوێ. تۆ کۆنگرەی دیموکراتی گەل DTK و بەدەپەت وەک پارتێکی یاسایی هەیە: کەجەکەت بۆ چییە؟ بۆ چی کەجەکەمان وەک پرد پێویستە؟ ئێمە بەدەپەمان هەیە، ئەگەر چارەسەریمان بوێ بۆ کێشەی کورد. بەدەپە دەتوانێ قسە لەگەڵ هەموو بکا. پەکەکە پێویستە بەدەپە بەهێز بکا، بەڵام لەبری ئەوە دەیەوێ لەسەر کۆنترۆڵکردنی خۆی بەردەوام بێ.

ه- توندڕۆیی گەنجان

لە کاتێکدا بەدەپە لاوازە و هەست بە هێرشی بەردەوام بۆ سەری دەکا، گەنجانی کورد بەرەو ڕادیکالتر دەچن. ئەوە داینامیکێکی درێژخایەنە: سەردەمە زووەکانی پەکەکە دەتوانرێ ببینرێ وەک یاخیبوونێک لە دژی ئارەزووەکانی نەوەکانی پێشوو بۆ کارکردن لەژێر چەتری پارتە چەپەکانی تورکیا. بەڵام چەند نیشانەیەک هەیە کە دواخستنی نەهێشتنی تاوانەکانی سەر کورد لەلایەن نەوەی تووڕەتر و کەمتر سازشکەر دێتە ئەنجامدان.

هەواڵنامەی کتێب

زەینەل ئابدین کیزیلیاپراک ڕۆشنبیری کوردی تورکیا بۆ ڕێکخراوی تەنگژە گوتی "هەوڵمدا گەنجێک قایل بکەم نەبێتە ئەندام لە پەکەکە. ئەو کوڕە قوتابی زانسگە بوو و کاریشی نەبوو. ڕوونم کردەوە کە وام بیردەکردەوە کە پەکەکە لە ڕووی ئایدۆلۆجیاوە مایەپووچە و پرسیارم لێی کرد، چ لەوێ هەیە خۆت لە پێناویدا بەکوشتن بدەی؟ ئەو گوتی، ئەوە بەو مانایە نییە. من هیچی تر لەناو پێستەم بەختەوەرنیم وەک کورد. گەنج لە دنیایەکی هەستیاردا دەژین. قسەکانی لەبارەی پەکەکە لە ڕوانگەی ئەو نادروستن. ئەو ئامادەبوو بمرێ، ئەوە کێشەکەیە: کوردان ئامادەن بمرن، و پەکەکە هەموو ئەو جۆرانەی هاوشێوەی قوتابی لە پێشەوەی شەڕ دادەنێ. ئەو چووە ناو پەکەکە. ئەو لە چیا هەستی بە ئازادی کرد. دواتر مرد".

هەمان دیاردە دەکرێ تێبینی بکرێ لە تاراوگە، هەتا ئەگەر نەوەی دووەمی کۆچبەرانیش کەمتر ئارەزووی هاوکاریکردنی پەکەکە بکەن. لە لەندەن، ڕۆژێک دوای ئەوەی باڵەفڕەکانی تورک ٣٤ قاچاخچی سیڤیلی کوشت لە دیسێمبەری ٢٠١١دا، سێ ئافرەت لە بیستەکانی تەمەنیان چوار بوتڵی پڕ لە بەنزینیان بۆ ناو قاوەخانەیەکی تورکی فڕێدا، هیچ کەسێکی بەسەختی بریندار نەکرد، بەڵام خۆیان ڕووبەڕووی شەش ساڵ گرتن کردەوە.

لە بۆنەیەکی تردا، سەرۆکی پێشووی کۆمەڵی کوردی لە لەندەن گوتی، ئەو بانگ کراوە لەلایەن پۆلیسەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گربوونەوەیەکی گەنجان لە هاید پارک، بەڵام ئەو کێشەی هەبووە لە کۆنترۆڵکردنی خۆپێشاندەران: بۆشاییی نێوان نەوەی پێشوو و گەنجی ئێستە فرەوانتر بووە. نەوەی نوێ پێیان وایە ئێمە خۆمان لەدواوە ناوە بەوەی "چاکسازیکەرین". ئەگەر ئێمە کۆنترۆڵیان نەکەین، دەیان لەوان دەچنە شاخ. ئەگەر سەرانی تورک چارەسەری لەگەڵ ئێمە نەدۆزنەوە، نەوەی نوێ سەرسەختر و ڕەقتر دەبن. هاوشێوە، لە بەلجیکا، ئەفسەرێکی دژە–تیرۆر دەڵێ، ئەوکاتەی خۆپێشاندەرە گەنجەکانی کورد لە تورکیا خۆیان بە زنجیر بەستایەوە بە تەلاری یەکەتیی ئەوروپا، ناوی سەرانی خۆیانیان لە تاراوگە دەهێنا، بەڵام ئەندامە پێشووەکانی پەکەکە زۆر نێوانڕۆترن... ئەوان لەبارەی ئەمەوە نەیان دەزانی. دەبووایە بێن و بپرسن، ئێوە چی دەکەن؟

لە تورکیادا شەپۆلەکانی گرتن کێشەکە قورستر دەکا و بەرەو زیادبوون دەچێ لەوەتەی خۆپێشاندنی بێ پلانی پێشوەختە لە ٢٠٠٦دا لە دیاربەکر دەستی پێ کردووە. ئەوماڵباتانەی دێنە گرتن توندڕۆ دەبن، و بەدەپەش لە توانی سەرکردایەتیکردنی بێ بەشکراوە. بەگوێرەی چالاکێکی بواری مافی مرۆڤ لە دیاربەکر:"چۆڵ بە کادیرە سیاسییەکان دەکەن. ئەوانەی نوێن کەمتر ڕۆشنبیرن، خوێن گەرمترن. بڕیارەکان بەهێمنی وەرناگرن. ئەگەر خۆپێشاندانێک لەدەست دەربچێ، ئەوان ناتوانن و نایوەستێنن.

بڕیارەکانی پۆلیس و دادگە کە وادەردەکەون ڕەگەزپەرستی بن، بەنزین بە ئاگری کێشەکە دادەکەن.

له نموونەیەكدا، قوتابییەكی ٢٢ ساڵەی ئەندازیاری بۆ ماوەی دوو ساڵ خرایە گرتیگە، دواتر بۆ ماوەی ١١ ساڵ بڕیاری گرتنی بۆ دەركرا بەتۆمەتی بەشداریكردنی خۆپێشاندانێكی كوردی كە دواتر گۆڕا بۆ توندتیژی. ئەو تۆمەتانەی تێوەی دەگلێن وادەردەكەوێ لاواز بن، و هەڵمەتی نیشتمانیی توركی، بە خێزان و مامۆستایان، پاڵپشتیی داواكەیان كرد گوایە ئەو گیراوە لە هەڵمەتی گرتنی پۆلیس، چونكە ئەو بە ڕێككەوت لە نێزیك شوێنی پاس وەستابوو و جەمەدانی لە ملدا بوو.

چەند ڕاپۆرتێك لەسەر زۆرەگێ لەسەر ئەو نەوجەوانانەی لە گرتیگەی پۆزانتی لە ئەدەنە گیراون، زۆربەی لەسەر تۆمەتی بەشداریكردن لە خۆپێشاندانەكانی بزاوی كوردیدا، بە ناونیشانی داخكەر لە میدیای كوردیدا هاتنە بڵاوكردنەوە.

لە یۆنیۆ ژمارەیەك پۆلیسی ئیستانبوڵ وێنەیان دێتە گرتن لە پیاوێك دەدەن كە دواتر پیاوەكە گوتی، ئەوان تۆمەتباریان كردووە بە تیرۆریست بەهۆی قسەكردن بە زوانی كوردی لەگەڵ براكەی لە تەلەفۆندا ئەوكاتەی لە هەوڵی گواستنەوەی كەسێكی سكپڕی نێزكیدا بووە بۆ نەخۆشخانە. هەر ئەو مانگە، ئاگركەوتنەوەك لە گرتیگەیەكی سێ كەسی كە تۆمەتبارانی لایەنگری بزاوی كوردی تێدا گیرابوو، ١٣ لە ١٨ گرتی گیانیان لەدەست دا، و دواتر خۆپێشاندان بۆ گرتیگەكانی تری باشووری ڕۆهەڵات پەرییەوە، پاڵی بە نارەزاییەكانی دژ بە دۆخە ترسناكەكە دا زیاتر بێ.

لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەم جۆرە چیرۆكانە، گەنجی كورد بەشێوەیەكی ڕوو لەزیادبوو تووڕەن، و هەتا كارسازێكی سەلاری پارێزگاری ناوەڕاستی تەمەن بە زوانێكی خەمبار گوتی: هەست دەكەی هەندێك شت هێرشی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر ناسنامەی سەرەكی، بابەتەكەی زۆرەگێی پۆزانتی لەكەداركردنی هاووڵاتییانە. ئەو شتە جەمسەرگیرت دەكا، وات لێ دەكا هەست بكەی كە تۆ ناتوانی بەردەوام بی بەیەكەوە بژی. كێشەكەی "ڕۆبۆسكی" بە هەمان شێوە، و دواتر وەستاندنە پەرلەمانییەكە بۆ لێكۆڵینەوە لەسەر هێرشەكە ئاسمانییەكە. ئەوە لەسەر نوێژكردن و گریان نییە، ئەوە سیاسیشە، هەروەك كێشەكەی جەمەدانییەكە... پێویستە توركیا چارەسەری ئەو شتانە بكا.

سیاسەتە پێشووەكەی بێبەشكردن و ستەم ڕۆڵێكی سەرەكی هەبوو لە دروستكردنی ئەمڕۆی بزاوی كوردی و پەكەكە. لە ڕاستیدا، زۆرینە لە توركیا ئێستە دان بەوە دەنێن كە پەكەكە زیادبوونێكی گەورەی لە دامەزراندنی ئەندامی نوێ بەخۆیەوە بینیوە لە داركارییەكانی گرتیگەی دیاربەكر و گرتیگەكانی تری باشووری ڕۆهەڵات لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠ی فەرمانڕەواییی سەربازیدا. پێویستە حكومەت بە ئاگاداری بمێنێتەوە لە بەرامبەر ئەو سیاسەتانەی كە دەبنە هێما و نموونە بۆ نارەزایییەكانی گەنجی توندڕۆ و پەكەكەی سبەی.

ئەمە بەشی دووەمی ڕاپۆرتێكی بەشی ئەوروپای ژمارە ٢١٩ گرووپی تەنگژەیە كە لە ١١ی ئەیلوول/ سێپتێمبەری ٢٠١٢ بڵاو كراوەتەوە.

# شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران
# ١٩٢٥

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فرەنسادا

### ئاڵقەی دوانزەهەم و کۆتایی

---

هەواڵنامەی کتێب

بەڵگەنامەی ژمارە:٥٥
بالوێزخانەی فرانسا لە کۆنستانتینۆپل
کۆنستانتینۆپل، ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٢٥
بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری سیاسی و بازرگانی
ئاسیا

ئاسیا–ئۆقیانووس
ژمارە: ٢٨٨

لە بەڕێز ئەلبێرت سارۆ*، بالوێزی کۆماری فرانسا لە تورکیا
بۆ جەنابی بەڕێز ئارستید برید، وەزیری کاروباری هەندەران – پاریس

داپڵۆسینی سەرهەڵدانی کورد

داپڵۆسینی دادوەریی ڕاپەڕینی چەکداری کورد شێوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە گرتووە، بەهەمان شێوە ئەو ڕەوشەی کە تێیدا داپڵۆسینەوەکەی تێدا ڕێک خراوە، ئاماژە بۆ ئۆپێراسیۆنێکی بەرفرەوانی سیاسیی ناوخۆیی دەکەن، کە حکوومەت دەیەوێ بە چاکی دەرفەت بقۆزێتەوە بۆ بەکارهێنانی سەقامگیرکردنی یەکجارەکیی ڕێژیمی کەمالیست. لایەنگرانی خەلیفە، کۆمۆنیست و بەڕوویەکی تایبەتیش پارتی پێشکەوتووخوازی تەواو ترسناک، بەشێوەیەکی تایبەتی کراونەتە ئامانج و نیشانەی ئەم ئۆپێراسیۆنە. پەرەسەندنی ئەم ئۆپێراسیۆنە پێم وا بێ لەم بارەیەوە

.................................................................................................

وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

سروشتی ئەوەی ببێ جێگەی بایەخی وەزارەتی دەرەوە[1] بێ.

بۆ دەستەبەرکردنی چەشنە یەکەتیەکی پیرۆز دژ بە ڕاپەڕیوە چەکدارەکان و بێ بەهاکردنی خێرای پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان. حکوومەت هەر لەسەرەتای کردەکەوە، لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە دەنگۆی ئەوەی بڵاو کردەوە، کە ڕاپەرینە چەکدارەکە تا ڕادەیەکی زۆر دەستکردی بێگانەیە و بە تایبەتیش ئینگلستان. ئیجرائاتەکانی دادگە سەربەخۆیەکان تا ئەمڕۆ هیچ کردەیەکی دیاریکراویان نەسەلماندووە، کە ئەم دەستوەردانە بسەلمێنێ. بەڵام ئەوەیان ئاشکرا کردووە کەوا کۆمیتەی پێشکەوتنی کورد، کە سەرۆکەکەی سەیید عەبدولقادرە، بڕیاری لەسێدارەدانی لە لایەن دادگەی دیاربەکرەوە بەسەردا سەپێنرا، دیاریگەلی مامورێکی سیخوری تورکی دنەدراوی قەبووڵ کردبوو، کە خۆی وەک بەڕێوەبەری کاروباری ڕۆژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلستان پێ ناساندبوو. ئامانجی حکوومەت ئەوەیە لەبەرچاوی بیروڕای نەتەوەپەرستەکان سازش بە ئۆپۆزسیۆن بکات، بەمە ئامانجی خۆی بپێکێ.

ئەم خاڵە لەبەرچاو گیرا و کابینەی عیصمەت پاشا بە بێ هیچ چاوەڕوانییەک دەستی کرد بە هەڵوەشاندنەوەی پارتی پێشکەوتووخواز، کە لە چاوی کەسایەتییەکانی سەرۆکەکانیدا، تاقە خەنیمی ترسناکی حکوومەت بوو. مەوارفەعاتەکان بە هەمان شێوە دەستێکەلاویی کاریگەری (ئەو پارتەیان) لەگەڵ ڕاپەڕیووەکاندا دروست نەکرد، بەڵام برێک لە کوردەکانی کۆنستانتینۆپل یان دیاربەکر خۆیان لەناو ئەندامانی ئەم پارتەدا دەبینییەوە. لە لایەکی دیکەوە، لەکاتی لێپرسینەوەی شێخ سەعید، سەرۆکی ڕاپەرینەکە، دادگە ئەوەی بەسەردا سەپاند دان بەوەدا بنێ، کە تەنیا پارتی پێشکەوتووخواز دنەی خۆی داوە بۆ خەبات دژی حکوومەت. وێرای ئەوە، سەرنجی کۆمەڵانی خەڵک بۆ دوو برگەی بەرنامەی پارتی پێشکەوتووخواز ڕاکێشرا، کە یەکێکیان ئەوەیە وادەی لامەرکەزیی کارگێڕی دەدات، کە ئەوە لەگەڵ خواستی برێک لە سەرۆکە کوردەکان دەگونجا، کە پابەندن بە ئیمتیازاتی ترادسیۆنی خۆیان و برگەی دیکە ئەوە بوو برێتی بوو لە باسی ئیلتیزامبوونی "ڕێزگرتن" لە ئاین. ئەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە حکوومەت ڕێز لەوە ناگرێ بەوەی دنەی پیاوانی ئاینی بدات بۆ هاندانی خۆجەکان**.

ڕاپەرینی چەکداری گەنجە بەم شێوەیە بە گەشەسەندنی هێزی مستەفا کەمال و لێک هەڵوەشاندنەوەی پارتی پێشکەوتووخواز کۆتایی هات. ئەم ڕووداوە دووانەیە بۆ سیاسەتی ناوخۆی ئەم وڵاتە گرینگیەکی تایبەتی هەیە، بەو پێیەی، کە چانسی ماوەی نوێ بە ڕێژیمی کەمالیست دەبەخشێ، کە ئەمە بێ بەهرە نابێ لە کاتێکدا کە تورکیا هێشتا بە سیستەمی نوێی ڕووداوەکان هەژاوە و هەوڵ دەدات هاوسەنگیی خۆی لەسەر شتگەلێکی دیکە جگە لە ماوەی ژیانی ناجێگری پیاوێک سەقامگیر بکات.

***

بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٦

تێلێگرام

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ئاسیا

پاریس، ٢٧ی ئاداری ١٩٢٥

ژمارە ٩٦

گواستنەوەی سەربازی

حکوومەتی تورکیا لەڕێگەی کارداری خۆی لە پاریس ئاگەداری کردمەوە کەوا تەحەشوداتی سوپای تورک لەناوچەی گەنجە لە ٢٦ی ئادار بە کۆتا هاتووە، بۆیە داوا دەکات لەماوەی تەواوی داپلۆسینەوەی ڕاپەرینە چەکدارەکە، دەرفەتی ئەوەیان بۆ برەخسێنرێ کەوا ڕۆژانە ٢ شەمەندەفەر لەسەر ڕێگەی ئاسنینی کیلیکیای باکوری سوریا بخرێتە گەڕ. هەروەها ئارەزوو دەکات کەوا ماوەی ئاگەداریکردنەوەی پێشینەی دابینکردنی شەمەندەفەر بۆ دوو ڕۆژ کەم بکرێتەوە.

من وەڵامیم دایەوە کەوا بەشێوەیەکی زۆر تایبەتی، ڕازی دەبم لەسەر کەمکردنەوەی ماوەی ئاگەداریکردنەکە، بەڵام کۆمپانیا، لە سۆنگەی پێویستی بۆ بەجێهێنانی گواستنەوە بازرگانییەکانی و چاککردنەوەی گالیسکەی شەمەندەفەرەکانی، ناتوانێ ڕۆژانە زیاتر لە شەمەندەفەرێکی سەربازی بخاتە بەردەست تورکەکان.

***

بەڵگەنامەی ژمارە : ٥٧

تێلێگرامی گەیشتوو

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە: ١٨٢

ئەنگۆرە، ٢٩ی ئاداری ١٩٢٥

لە ڕێگەی کۆنستانتینۆپلەوە لە ڕۆژی یەکی نیسان، کاتژمێر ١ و ١٥ خولەک ڕەوانەکراوە ڕۆژی یەکی نیسان، کاتژمێر ١٠ و ١١ خولەک گەیشتووە.

لە کوردستاندا ئۆپیراسیۆنە چالاکەکان دەستیان پێ کردووە. گەمارۆدانی ڕاپەریوەکان تەواو بووە. ئەو فەرمانانەی بۆ داپڵۆسینەوەی ڕاپەرینەکە دراون زۆر زیاد لە پێویست توندن.

دەسەڵاتەکانی دادگە سەربازییەکان زۆر بەرفرەوانن. دەسەڵاتی دادگە عورفییەکان زۆر بەرفرەوانن. لەناوچە ڕاپەریوەکان بە بێ ڕەچاوکردنی ڕابوردوو لەسفرەوە دەست پێ دەکەن، هیچ نەوایەک نە بۆ یاخیبووەکان و نە بۆ خانەوادەکانیان ناهێڵنەوە. نموونەکە زۆر ترسناک دەبێ بۆ ئەوەی لەناو وڵاتدا لە بیر نەچێ. دواجار حکوومەتی تورک دەرفەتی هەلەکەی قۆستووەتەوەوە بۆ کۆتایی پێهێنان بەو دەرەبەگایەتیەی، کە هێشتا لە ناوچە کوردەوارییەکاندا هەیە کە تێیدا شێخەکان قانوون دەردەکەن.

***

بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٨

سەرکردایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

ڕاپۆرتی زانیاری (تورکیا): ژمارە ١١٨

نوسخەی ژمارە: ٢

نامیلکەی ژمارە: ١

هەواڵنامەی کتێب

(نهێنی)

١٥ی تەمووزی ١٩٢٥

دوایین یاخیبووەکان بە دیل گیران

سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی

١٩٢٥/٧/٧

چەکدارانی یاخیبوو، محەمەد کوڕی عەبدوڵڵا و حاجی، کە لەناو هۆزی پاجۆ، لە ڕۆژهەڵاتی خەلیل چقۆچە، لە ناوچەی خنس خۆیان شاردبۆوە، بەدیل گیران. هەروەها بڕێک چەک و تەقەمەنیش دەستی بەسەردا گیراوە. مەفرەزەکانمان توانییان بیست چەکداری یاخیبوو لە جارتۆس، لە باکور–ڕۆژهەڵاتی مووش ڕاو بنێن. دوو کوژراویان لە شوێنەکە بەجێ هێشت. شێخ محەمەد، یەکێک لە سەرۆکەکانی ڕاپەڕینەکە، لە ئاواییی جوسنی لە قەزای لیجە بە دیل گیرا.

***

هەڵوەشاندنەوەی لەشکەرەیلی کوردستان

سەرچاوەیەکی تا ڕادەیەک باش

٦ی تەمووز

بڕێک زانیاری لە سەرچاوەی سەربازیی تورکییەوە هەواڵی ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە حکوومەت بڕیاری داوە لەشکرەیلی مۆڵخواردوو لە کوردستان هەڵبوەشێنێتەوە. بەڵام ئەوە بڕێتی نییە لە

هەڵوەشاندنەوەی سەرلەبەری ئەو سوپایە، کە حکوومەت نایەوێ باسی بکات تا پرسی مووسڵ یەکلایی نەبێتەوە.

***

بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٩
سەرکردایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا
بیرۆی دووەم
ڕاپۆرتی زانیاری (تورکیا): ژمارە ١٥٧

نوسخەی ژمارە: ٢
نامیلکەی ژمارە: ١

(نهێنی)
٢٤ی حوزەیرانی ١٩٢٥

ئەو فیرقە سەربازییەی کە لە دیاربەکر شەڕی یاخیبووانی کرد
بە گوڵباران پێشوازیی لێ کرا

سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی
ڕۆژنامەی (L_orient)، ١٩٢٥/٦/١٠

دیاربەکر، ٩ی مانگ. دوێنێ دیاربەکر لە ئاهەنگدا بوو لە چاوەڕوانیی گەیشتنی ئەو لەشکرەی ئەو فیرقەیەی پێک هێنابوو کە شەڕی بزووتنەوەی چەکدارییان کرد. شار سەرتاسەری ڕازابووەوە و خەڵک لە سپێدەوە ڕژابوونە ناو شەقامەکان. قوماندانەکانی فەیلەق، مورسیل، ناجی پاشا، کازم پاشا، ئەفسەرانی فیرقەکە لە پێشەوەدا بوون. ژنان بە هاواری بژی بژی پێشوازییان لە سەربازەکان کرد و گوڵبارانیان کردن.

شەست تاوانباری دادگەی عورفیی باڵا لێرەدا ڕاگەیەندران.

تێبینی: مەبەست لەوە فیرقەیێکی تێکەڵاوی (فیرقەی هەژدەهەم و فەیلەقی حەوتەم)ە، کە وەحدەکانیان لە دەستپێکی مانگی حوزەیرانەوە گەیشتنە دیاربەکر.

***

نەستوورییەکان جارێکی دیکە دەجووڵێنەوە

سەرچاوەی چاپەمەنی
ڕۆژنامەی"غەزەتە"

ئەنگۆرە، ٣١ی ئایار- حکوومەت ئاگەدار کرایەوە، کە دەستدرێژیی نوێ لە لایەن نەستوورییەکانی دەوروبەری سنووری باشوور تۆمار کراون.

بەم شێوەیە، وەک من ڕام گەیاندبوو، دانیشتووانی نێزیک لە سنووری "ڕەوشی هەنووکەیی"(٢) بەشێوەیەکی زۆر لە لایەن چەتە چەکدارە عەرەبەکان پەلامار دەدرێن بەو ئامانجەی ناچاریان بکەن بۆ ناوەوەی وڵات کۆچ بکەن و ناوچەکە بۆ عەرەبە کۆچەرەکان چۆڵ بکەن.

تێبینی: بە تەحەفوزەوە- ڕۆژنامەوانی لە زۆر باراندا دەنگدانەوەی پشێوی لەناوچەی سنووری عێراقدا، پشێویگەلێکی دڵڕەقانەی بۆ نەستوورییەکان تۆمار کردووە. ناوەندی هەواڵگری نەیتوانی ئەم زانیارییانە پشتڕاست بکاتەوە.

***

بەڵگەنامەی ژمارە: ٦٠

ڕۆژنامەی L_intransigeant

١١ی ئاداری ١٩٢٥

شۆڕشی کوردەکان

شەڕێکی گەورە لە دیاربەکر

شۆڕشگێرەکان پاشەکشێیان پێ کرا، ڕاگەیەندراوی تورک ئاوها دەڵێ

ئەنگۆرە، ١٠ی ئادار- ئاژانسی ئەنادۆل ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەی بڵاو کردەوە:

"تاقمێک لە چەتە چەکدارەکان، دوێنێ لەڕۆژدا لە باکوری دیاربەکر، شەڕیان لەگەڵ مەفرەزەکانی سۆسەکاری ئێمەدا کردووە، لە شەوی ٧ لەسەر ٨ی ئادار، پەلاماری هێزەکانی بەرگریی ئێمەیان داوە، کە لە ناوچەکەدا بڵاوە بوون. یاخیبووەکان وێڕای هەوڵ و کۆششی سەرسەختانە و دووبارەیان، بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی شارەکە، کەچی هەر بە تەواوی تێکشکان.

"ڕەتلێکی دیکەی یاخیبووەکان لە ڕۆژهەڵاتی چێرمین بە ئاڕاستەی دیاربەکر چوونەتە پێش و لە لایەنی خۆیانەوە کۆششیان کردووە بە سوود وەرگرتن لە کاتی شەودا بخزێنە ناو گەڕەکێکی دەوروبەری دیاربەکر. بە ئەنجامی هێرشێکی پێچەوانەی هێزەکانمان، یاخیبووەکان سەرلەبەریان تەفروتونا بوون و ژمارەیەک دیل و زیاتر لە پەنجا کوژراویان لەدوای خۆیانەوە بەجێ هێشت و شێلگیرانە ڕەدوو نران.

***

تورکەکان لەشکر کۆ دەکەنەوە

کۆنستانتینۆپل، ١٠ی ئادار- حکوومەت بڕیاری لەشکر کۆکردنەوەی داوە لەناوچە هاوسنوورەکانی ڕاپەرینەکە. پیاوانی تەمەن ٢٤ بۆ ٣٨ ساڵ کە لە کۆنستانتینۆپل دەژین و خەڵکی ئەو ناوچانە ئەوانیش داواکراون بۆ سەربازگیری.

کابینەی نوێی عیسمەت پاشا دەسەڵاتێکی بێسنوور پێڕەو دەکات. حکوومەت دەتوانێ بە

ڕەزامەندیی پارتی میلليی زۆرینە، هەموو هەنگاوهەڵگرتنێکی پێویستی توند بگرێتە بەر بۆ ملکەچکردنی یاخیبووەکان و دامرکاندنەوەیان، یان هەتا هەموو هەوڵدانێکی کۆنەپەرستانەش. توندڕۆیەکانی پارتی میلليی ئەوانەی کە عیسمەت پاشایان گەیاند بۆ دەسەڵات، لایەنگری ڕاگەیاندنی بەرفرەوانکردنی هەنگاوهەڵگرتنی توندن بەسەر تەواوی خاکی تورکیادا. ئەوان دەیانەوێ کە حوکمی عورفی کۆنستانتینۆپل و بورسە-ش بگرێتەوە، ئەو دوو شارەی کە قانوونی کۆماریی تێدا گوماناوییە.

## بەیاننامەی ڕەسمیی مستەفا کەمال

کۆنستانتینۆپل، ٩ی ئادار- مستەفا کەمال ئەمڕۆ بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە تێیدا ڕایدەگەیەنێ کە هەنگاوی هەرە توند دەگرێتە بەر بەرامبەر ئەوانەی لەژێر پەردەی ئاییندا پشێوی دەنێنەوە: "یاخیبووەکان، ئەو دەڵێ، خوازیاری ئەوە بوون دەسەڵاتی حکوومەت لاواز بکەن، بەڵام تورەیی هەموو دانیشتووانە هاوسێیەکانی لە یاخیبووەکان قیت کردەوە و ئەوان بۆ بەرگری لە کۆمار هەڵسانەوە".

دوێنێ ئێوارە، ئەندامانی دادگەی تایبەتی هەڵبژێردران. ئەو دادگەیەی کە ئەرکی حوکمدانی دوژمنانی کۆماری پێ سپێردراوە، دەمودەست کەوتە کار.

***

بەڵگەنامەی ژمارە: ٦١

سەرکردایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

ڕاپۆرتی زانیاری (تورکیا): ژمارە ١٥٧

نوسخەی ژمارە: ٢

نامیلکەی ژمارە: ١

(نهێنی)

٢٤ی حوزەیرانی ١٩٢٥

## بیروڕای ئەفسەرێکی تورک لەبارەی داپڵۆسینی شۆڕشی چەکداری کورد

سەرچاوەیەکی تا ڕادەیەک باش

١٩٢٥/٦/١١

ئەفسەرێکی بەرەی جەنگ، کە تازە گەیشتووەتەوە ئێرە. ئەمە ئەوەیە کە لەبارەی داپڵۆسینی بزووتنەوەی کورد وتوویەتی:

"زۆر ئاوایی هەر بە تەواوی لە لایەن عەسکەرەوە تەخت کران و دانیشتووانەکەشی بۆ ئەو



هەولنامەی کتێب

ناوچانە ڕاگوازرانەوە، کە توخمی تورک تێیدا یەک توخمەیە. ئەوە سیستمێکە بۆ ئاواییەکانی چەرکەسییەکانی ناوچەی بالاکسەر پیادە کرا دوای ڕۆیشتنی سوپای یۆنانی. ڕاگەیەندراوێکی حکوومەتی هەموو دەسەڵاتێکی شێخەکان یان سەرۆکە دەرەبەگەکان دەسڕێتەوە و دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی مەئموورە حکوومەتییەکان جێگیر دەکات. حکوومەت پرۆژەی ئەوەی هەیە هەموو ناوەندێکی گرینگی کوردی تێک و پێک بدات. ئەفسەرە تورکەکە دەڵێ لە هەندێک ناوچەدا وەک ناوچەی چاپقشور و وارتۆ کە ڕاپەرینی چەکدار لەوێدا لە هەمووان بەهێزتر بوو، هەمووی تێک و پێک داوە. هەر وەک ئەوەی شەڕێکی درێژخایەنی تێدا ڕوو دابێت. لەکاتی داپڵۆسیندا، سەربازە تورکەکان فەرمانی ئەوەیان پێ دراوە هیچ نەوایەک بۆ یاخیبووەکان نەهێڵنەوە. هەموو ئەوانەی چەکیان هەڵگرتووە، دەمودەست کوژراون. کەس بە دیل ناگرن. ئەم ئەفسەرە ئەوە دەخەملێنێ کە زیانی کوردەکان زۆر بێت. تەنیا سەرکردەکان بە زیندوویی دەگیرێن چونکە دەیانەوێ بۆ دادگەییکردنیان لە هەموو نهێنییەکانی بزووتنەوەی کورد تێ بگەن.

حکوومەت دەرفەت دەقۆزێتەوە بۆ ملکەچکردنی بە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ هەتا ئەو ناوچانەش کە بزووتنەوەی تێدا نەبووە. حکوومەت دەستی کردووە بە چەککردنی گشتیی ناوچەکە. داوا دەکرێ کە هەموو چەکەکانیان لێ وەربگرنەوە، دانیشتووانی هەر ئاواییەک یان شوێنێک، بە کۆمەڵ بەرپرسن لە هەموو ئەو چەکانەی کە شاردراونەتەوە و دواتر دەدۆزرێنەوە. هەروەها حکوومەت داوا دەکات هەموو ئەو باجانەی کە نەدراون و کۆ بوونەتەوە، کە لە هەندێک ناوچەدا دەگاتە ژمارەیەکی تا ڕادەیەک بەرز بدرێن، بۆ نموونە لە دێرسیم باجی کۆنەکراوەی حەوت ساڵ هەبوو، کە حکوومەت دەیویست بە هەر نرخێک بێت بە یەک جار ئەم باجانە بدەن، بەگوێرەی داهاتی هەر کەسێک لەو باجە ئەستۆ سپی بن. ئەفسەری تایین دەڵێ ناوچەکە لەوپەری کلۆڵیدا دەژی ئاواییە کوردییەکان پیس و پۆخلن و لە کۆمەڵە ئۆردوویەک دەچن، کە هەتا گوناهبارەکانیش نایانەوێ تێیدا بژین. بۆیە ئازووخەی سوپا زۆر ئاستەم بوو و سەرەتا بەرەوڕووی ئاستەنگگەلێکی ترسناک دەبووینەوە وێرای ئەوەی کە سەربازەکان لە لایەن دانیشتووان بەگوێرەی ئەو بڕیارەی کە لە لایەن سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا دەرچووبوو، دەژیێندران.

دانیشتووان کە زۆربەیان کوردن، ئاوەها پەرت و بڵاو بوونەتەوە دەکرێ بەشێوەیەک بێ نەتوانن چیتر باسی کوردستان لە تورکیادا بکەن.

پەراوێزەکان:

* Albert Sarraut

** خۆجە: پیاوانی ئاینی، hodja

١. مەبەستی وەزارەتی دەرەوەی فڕانسایە، وەرگێڕ.

٢. ڕەوشی هەنووکەیی: Statu quo : مەبەست لەوە ئەو سنوورەی نێوان عێراق و تورکیایە، کە هێشتا دیاری نەکرابوو، وەرگێڕ.

LA RÉVOLTE DES KURDES

# Une grande bataille à Djarbekir

## Les insurgés sont repoussés, dit le communiqué turc

Angora, 10 mars. — L'agence Anatolie publie le communiqué suivant :

« Les bandes d'insurgés qui ont eu, dans la journée d'hier, au nord de Diarbekir des engagements avec nos détachements de reconnaissance, ont, dans la nuit du 7 au 8 mars, attaqué nos forces de couverture concentrées dans cette région. Les rebelles, malgré des efforts opiniâtres et répétés en vue de s'emparer de la ville, ont été complètement battus.

« Une autre colonne insurgée avançant de l'est de Tchermin dans la direction de Diarbekir a, de son côté, essayé, à la faveur de la nuit, d'entrer dans un faubourg de Diarbekir. A la suite d'une contre-attaque de nos forces, les rebelles ont été entièrement dispersés et ont laissé de nombreux prisonniers et plus de cinquante morts. Ils sont activement poursuivis. »

### Les Turcs mobilisent

Constantinople, 10 mars. — Le gouvernement a décrété la mobilisation dans les régions limitrophes de la zone d'insurrection. Les hommes âgés de 24 à 38 ans séjournant à Constantinople et originaires desdites régions sont également appelés.

Le nouveau cabinet Ismet pacha assume un pouvoir discrétionnaire. Il pourra, avec le consentement du parti populaire majoritaire, adopter toutes mesures de rigueur nécessaires pour soumettre les insurgés et mater, par ailleurs, toute tentative de réaction. Les extrémistes du parti populaire qui ont hissé Ismet pacha au pouvoir sont partisans déclarés de l'extension des mesures de rigueur sur tout le territoire turc. Ils voudraient que la loi martiale soit proclamée à Constantinople et à Brousse, deux villes dont la foi républicaine serait suspecte.

### Un manifeste de Mustapha Kemal

Constantinople, 9 mars. — Mustapha Kemal a publié aujourd'hui un manifeste annonçant qu'il prendra les mesures les plus sévères contre ceux qui, sous le couvert de la religion, fomentent des troubles : « Les rebelles, dit-il, ont espéré affaiblir l'autorité du gouvernement, mais l'indignation soulève toutes les populations voisines des rebelles. Elles se soulèvent pour défendre la république. »

Hier soir, les membres d'un tribunal spécial ont été choisis. Le tribunal, chargé de juger les ennemis de la république, est entré immédiatement en fonction.

MINISTÈRE
DES
AFFAIRES ÉTRANGÈRES

ASIE.

a Chiffrer

A.S.
14.30

# Télégramme

161

Paris, le 27 Mars 1925

E 911-3

Transports militaires.

Le Ministre des Affaires Étrangères

à Haut-Commissaire -- BEYROUTH 127

d° - CONSTANTINOPLE (à communiquer au Général Mougin). 152

Le Gouvernement Turc m'a fait savoir par l'entremise de son Chargé d'Affaires à Paris que la concentration des troupes turques dans la région de Ghendj ayant pris fin le 26 Mars, il demandait que, pendant toute la durée de la répression de l'insurrection, il lui fût réservé la possibilité de mettre en marche 2 trains militaires par jour sur le chemin de fer Cilicie Nord Syrie. Il désirait également que pendant cette période le préavis fut réduit à deux jours.

J'ai répondu que je consentais à titre tout à fait exceptionnel, et sans que cette décision [illegible] puisse constituer un précédent, à la réduction du préavis, mais que la Compagnie, en raison de la nécessité d'effectuer ses transports commerciaux et de réparer ses locomotives, était dans l'impossibilité de mettre à la disposition des Turcs quotidiennement plus d'un train militaire./.

Herriot

...RES ÉTRANGÈRES

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

DUPLICATA

...CHIFFREMENT

N° 182

ANGORA, le 29 Mars 1925

Transmis par CONSTANTINOPLE le premier Avril à 1 h.15

Reçu le premier Avril à 11 h.10

Les opérations actives ont commencé. Encerclement des insurgés est complet. Les ordres donnés pour la répression sont excessivement ~~durs~~. Les pouvoirs des cours martiales vont être très étendus. On ~~fera table rase sur les territoires soulevés~~. Pas de quartier pour les rebelles et leurs familles. L'exemple sera terrible afin qu'on ~~se~~ souvienne dans tout le pays. Enfin, le Gouvernement turc profitera de l'occasion pour mettre fin à la féodalité qui existe encore dans ces régions kurdes où les cheiks font la loi./.

MOUGIN

Ambassade de France

Constantinople

181

CONSTANTINOPLE, LE 23 Juin 1925

Turquie

DIRECTION POLITIQUE ET COMMERCIALE
1 - JUIL 1925
E 377

DIRECTION DES AFFAIRES POLITIQUES ET COMMERCIALES.

ASIE OCEANIE.

N° 255

MONSIEUR ALBERT SARRAUT, AMBASSADEUR
DE LA REPUBLIQUE EN TURQUIE

A SON EXCELLENCE MONSIEUR ARISTIDE BRIAND
MINISTRE DES AFFAIRES ETRANGERES
PARIS

Répression du soulèvement Kurde.

La répression judiciaire de l'insurrection Kurde a pris figure, ainsi que les circonstances dans lesquelles elle fut organisée le laissaient prévoir, d'une vaste opération de politique intérieure dont le Gouvernement entend bien profiter pour asseoir définitivement le régime Kémaliste. Les tenants du Califat, les communistes et surtout le parti progressiste particulièrement dangereux se trouvent visés par cette opération: son développement me paraît à ce titre de nature à pouvoir intéresser le Département.

Pour assurer une sorte d'union sacrée

contre les insurgés et discréditer plus vite les partis de l'opposition, le Gouvernement, dès le début de l'affaire, fit répandre par la presse le bruit que l'insurrection avait été, pour une bonne part, l'oeuvre de l'étranger et particulièrement de l'ANGLETERRE. Les débats des Tribunaux de l'Indépendance n'ont jusqu'ici mis au jour aucun fait précis prouvant cette intervention. Mais ils ont révélé que le Comité pour le relèvement Kurde, dont le chef SEID ABDUL KADIR a été condamné à mort par le Tribunal de DIARBEKIR, avait accepté les offres d'un agent provocateur turc qui se donnait pour le Directeur des Affaires Orientales au Foreign Office. Le but du Gouvernement de compromettre l'opposition aux yeux de l'opinion nationaliste se trouvait ainsi atteint.

Ce point acquis, le Cabinet d'ISMET Pacha procéda, sans plus attendre à la dissolution du parti progressiste, qui était, par la personnalité de ses chefs, le seul adversaire redoutable du Gouvernement. Les débats n'ont pas établi non plus sa complicité effective avec les insurgés. Mais quelques Kurdes de CONSTANTINOPLE ou de la région de DIARBEKIR se trouvaient être membres de ce parti. En outre, au cours de l'interrogatoire de Cheik SAID, le chef de la révolte, le Tribunal s'est appliqué à lui faire reconnaître que par sa seule existence le parti progressiste l'avait encouragé à entrer en lutte contre le Gouvernement. Au surplus l'attention du public fut appelée sur deux articles du programme progressiste, dont l'un promettait une

هەولێرنامەی کتێب

décentralisation administrative, répondant aux désirs certains des chefs Kurdes attachés à leurs privilèges traditionnels, et dont l'autre comportait l'engagement de "respecter" la religion: c'était laisser entendre que le Gouvernement ne la respectait pas en encourager l'agitation cléricale des Hodjas.

L'insurrection du GHENDJ se termine ainsi par un accroissement de la puissance de MUSTAPHA KEMAL et la désagrégation du parti progressiste. Ce double évènement présente pour la politique intérieure de ce pays une importance particulière, du fait qu'il assure au régime Kémaliste des chances nouvelles de durée, ce qui n'est pas sans intérêt au moment où la TURQUIE, encore secouée par l'ordre nouveau des évènements, cherche à étayer son équilibre sur autre chose que la vie précaire d'un homme./.

Cple.

Page : 5

Exemplaire No

Fascicule No 1

Le 24 Juin 1925.

Une division qui avait combattue à DIARBEKIR est accueillie sous une pluie de fleurs.

Source presse "JOURNAL d'ORIENT" - 10/[illegible]/25.

DIARBEKIR, 9 (d.n.c.p.);- Hier DIARBEKIR était en fête on attendait l'arrivée des troupes formant la division qui avaient combattu le mouvement insurrectionnel.

La ville était pavoisée d'un bout à l'autre et la population, dès le matin, s'était déversée dans les rues. Les commandants de corps d'armée, MURSIL et NADJI pacha, KIAZIM pacha, inspecteur de l'armée, se portèrent au devant de la division. Les dames acclamèrent nos soldats aux cris de yacha yacha et les couvraient de fleurs.

Soixante inculpés des cours martiales supprimées ont été amenés ici.

<u>N O T A</u> :- Il doit s'agir de la division mixte (17ème division- VIIème C.A.) dont les unités ont regagné DIARBEKIR au commencement du mois de Juin.

Les Nestoriens bougent de nouveau.

Source presse "GAZETTE" - [illegible]

ANGORA, le 31 Mai.- Le gouvernement a été informé que des nouvelles agressions ont été commises par les Nestoriens aux environs des frontières méridionales.

Ainsi, que je l'avais annoncé, la population habitant à proximité de la frontière dite de " Statu quo ", est fréquemment attaquée par les bandes armées arabes dans le but de l'obliger à émigrer dans l'intérieur et céder la place aux émigrés arabes.

Nous apprenons que le gouvernement attirera sérieusement l'attention de qui de droit sur ces agissements.

<u>N O T A</u> :- Sous réserves . La presse s'est fait à diverses reprises l'écho de troubles dans la zône frontière de l'IRAK, troubles imputables aux Nestoriens. Le poste n'a pu en avoir confirmation.

Cpie.

Page : 4

Exemplaire No

Fascicule No 1

Le 24 Juin 1925.

Opinion d'un officier turc sur la répression de l'insurrection kurde.

Assez bonne source
11.6.25.

Un officier du front vient d'arriver ici. Voici ce qu'il dit au sujet de la répression du mouvement kurde :

Beaucoup de villages sont entièrement rasés par les troupes et leurs habitants déplacés en des régions où l'élément turc est plus compact. C'est le système qui a été suivi pour les villages circassiens de la région de BALIKESSER, après le départ de l'armée grecque. Des proclamations gouvernementales suppriment toute l'autorité des Cheikhs ou chefs féodaux et établissent l'autorité directe des agents gouvernementaux. Le gouvernement a le projet de détruire tout centre kurde important. L'officier turc dit qu'en certains districts comme ceux de TCHAPAKTCHOUR et VARTO où l'insurrection avait été la plus forte, tout a été détruit. C'est comme si une longue guerre avait eu lieu. Au moment de la répression, les soldats turcs avaient reçu l'ordre de ne faire aucun quartier aux rebelles. Tous ceux qui avaient pris les armes à la main, étaient immédiatement tués. On ne faisait pas de prisonniers. On estime que de ce chef, les pertes kurdes ont été très élevées. Les chefs seuls devaient être pris vivants parce que l'on voulait par leur procès apprendre les dessous du mouvement kurde.

Le gouvernement profite du moment pour soumettre à son autorité directe même les régions où n'a pas éclaté le mouvement. Il a commencé ainsi le désarmement général de la région, exigeant que l'on restitue tous les fusils, les habitants de chaque village ou localité étant collectivement responsables pour toutes les armes cachées que l'on viendrait ensuite à découvrir.

Il exige également tous les impôts arriérés qui sont dûs et qui pour certaines régions se montent à des chiffres assez forts. A DERSIM, il y avait des arriérés de sept ans que le gouvernement veut faire rentrer à tout prix. Les localités ou villages doivent payer en bloc ces impôts, quitte après à se les partager suivant les ressources de chacun.

L'officier en question dit que la région est dans une extrême misère. Les villages kurdes, malpropres ressemblent à un amoncellement de baraques que des condamnés eux-mêmes ne voudraient pas habiter. C'est pourquoi le ravitaillement des troupes est très difficile et s'est heurté au début à de graves difficultés, bien que le soldat/vécut chez l'habitant suivant la décision qui avait été prise par le service de l'Etat-Major.

La population essentiellement kurde sera clair-semée de façon à ce que l'on ne puisse plus parler de KURDISTAN en TURQUIE.


Page : 7 sixto
Répartition des Forces de répression
- 13 Mai 1925 -
41ème D.I.

کتێبی ئاراس

# لە عەمانەوە بۆ ئامێدی
# یان
# گەشتێک لە کوردستانی باشووردا

عەلی سیدۆ گەورانی

ئەڵقەی هەشتەم

بەشی شازدەیەم

### نێزیک چیای قەندیل – ٥ی تەمووز

شوێنێکمان بۆ بارگە هەڵبژارد، دیمەنە سروشتییەکانی دڵگیر بوون، لە نێزیک تاڤگەیەکەوە بەرزاییی (١٠٠٠) پێیە، لەوێوە دەمانڕوانییە سەر زێ، کە گەلێک جار بەهۆی توانەوەی بەفری ئەم کێوانەی بە ناویاندا ڕەت دەبوو هەڵدەچوو. لە دوو ڕۆخیدا پردێکمان بینی هێشتا پێ "کۆڵەکە"کانی مابوون. لە کاتی ڕەتبوونی گەرمیان و کوێستانی عەشیرەتەکاندا بازگەی کاتییان لە تەختە دار لەسەری دادەنا، پێیان گوتین کە هۆی تەواونەکردنی ترسی ڕووخانیەتی بەهۆی ئاوی هەڵچووەوە کە برمێ ڕێی ڕووبارەکە دەگرێ.

سەردەشت – ١٠ی تەمووز

سەردەشت، شارۆکەیەکی کوردە ٢٠ میل لە سنوورەوە دوورە، هەلی ئەوە بۆ من و ویلسن ڕەخسا و سەرمان لێ دا و یەکەیەکی پارێزەری فارسمان بینی لە ١٠٠٠ سەرباز پێک هاتبوو، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە لە "بانە" پتر ڕووبەڕووی حوکمی فارسی دەبنەوە. لە ڕابوردوودا بایەخی گەورە بووە، سەرەڕای زۆریی ئەو کەلاوەییەی ئێستا تێیدا دەبینرێ. لە گەڕانەوەشماندا شەوێکمان لە ڕێدا لە ژێر ئەستێراندا بەسەر برد لە شوێنێکدا بەرزاییی ٧٠٠٠ پێیە لە ڕووی دەریاوە. بەیانییەکەی سەیرمان کرد زەوی بە بەفر داپۆشراوە، لە دەوروبەریشماندا دەواری

..............................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

شوانکارەی کورد هەڵدرابوو لەگەڵ مێگەلە مەڕێکی جوان و چەند گامێشێک و پۆلێک مراوی. شوانەکان سەرەتا پێشوازییەکی باشیان لێ کردین ئەوەندەی نەبرد دوای سەعاتێک بێ ئەوەی لە هۆیەکەی بگەین پشتیان تێ کردین. بۆ زانینی ژیریمان بەکار هێنا لە ترسی ئەوەی بمانکوژن چونکە ژمارەمان لە حەوت کەس پتر نەبوو، دوای بێنە و بەردە زانیمان شەڕێک لە نێوان دووان لە قۆزاق (قەفقاسی)ی ڕووسی و هەندێک لە کوردەکان ڕووی داوە و هەواڵ گەیشتە دراوسێ شوانکارەکانمان و وایان زانی هەندێک لە پیاوانیان لەم شەڕە کوژراون و، لەبەر ئەوەی لێمان بە گومان بوون نیازی تۆڵەیان هەبوو لە ئێمە، کە دڵنیا بوون ئێمە ئینگلیزین نەک ڕووس هیچیان لە دڵدا نەما و بانگهێشتی نانی نیوەڕۆیان کردین.

بە گشتیش کوردەکانی سنوور، کەڵەگەت و دیمەن دڵگیر و بە چەکی جۆرەوجۆر پڕچەکن، لە تفەنگ و دەمانچە و خەنجەر و سێ خەریتەی فیشەکی هەڵواسراوی سەر سینگی هەر یەکێکیان. هەر یەکەیان دوافلسێکی ناو گیرفانی دەدا بۆ ئەوەی تفەنگێکی لە تازەکان دەست بکەوێ، کە لەم سەردەمەماندا (ماوزەر)ە و نرخی یەک تفەنگ لەم ناوە ٢٠ پاوەنە، ئەوانەیان کە جگەرە دەکێشن دارجگەرەیەک بەکار دەهێنن درێژیی لوولەکەی ٤٥ سەنتیمەترە و سەرە مژتووکێکی لە (کە هرومان!) و خڕۆکە کانزاییەکی بچووکی هەیە بۆ تووتنی بۆن خۆش. ئاغاکان کە ئارەزووی جگەرەکێشان دەکەن دارجگەرەکانیان دەدەنە دەستوپێوەندەکانیان بۆیان پڕدەکەنەوە و بە ئامادەیی دەیاندەنەوە.

دۆڵی " وەزنە " – ١٨ی تەمموز

لیژنە بە چوونەوەی سەرۆکەکەی بۆ ئینگلتەرا بەهۆی تێکچوونی تەندروستیی نیگەران بوو، ئەم بەیانییە بە خۆی و سێ لیژنەکەی دیکەوە بۆ بەرێخستنی دەرچوون و تا دۆڵی وەزنە لەگەڵیدا چوون و ئینجا گەڕانەوە و جێیانهێشت تا لەگەڵ پزیشکدا بۆ تەوریز ڕێ بکا. دوای خۆی کاپتن ویلسن ئەرکەکەی گرتە ئەستۆ.

خانێ – ٢٥ی تەمموز

دوای وەزنە بەرەو خانێ چووین و مەلی پاپیلەسلێمانکەمان لەگەڵدا بوو، بە ناوچەیەکدا ڕەت بووین لە ناوچەی دەریاچەکان دەچوو، کەشەکەی هاوینان لە پایزی ئینگلتەرا دەچێ کە سرووەی بەیان خۆش دەهات و ئاسمان هەوری سپی دایگرتبوو و دیمەنەکەی پێم وایە جوانترین دیمەنێکە لە ژیانمدا دیبێتم. ئەم ناوچەیە بۆ بەدبەختی دوا شوێن بوو لە "ئەردەڵان"دا بەر لەوەی بچینە ناوچەی "ئەرارات"ی ڕووتەن بە دەوەن داپۆشرابوو. لەو ناوچەیەدا بە ناو دارستانی بەروودا لەڕێکردندا بەردەوام بووین، کە لە دۆڵی زێ نێزیک بووینەوە دەستمان بە بەرەوخوار بوونەوەی بەردەوام کرد تا ڕووبارمان لە پێشدا دەرکەوت بەهێزێکی گەورەوە بەخوڕ ڕێی دەکرد. بەرینیی لێرەدا لەبەرینیی ئەو بەشە جودا نەبوو کە لە دووریی ٤٠ میلی باشووردا خۆمان لێ دا. نەپەڕینەوە بەڵکوو بە

هەواڵنامەی کتێب

تەنیشتییەوە لە ڕێچکەگەلێکدا ڕێمان کرد بە ئاوی خوڕ و دۆڵە بە دارستان و دەوەن داپۆشراوەکانیەوە خۆشییان بە دیدە دەبەخشی.

بە ژمارەیەک لەم دۆڵانەدا ڕەت بووین و بە کۆتاییەکەیدا هەڵگەڕاین، لەوێوە بەسەر دەشتێکدا ڕوانیمان دەواری کورد لایەکانی پڕ کردبوو کە بەهەموو لایەکیدا بەدەوری گوندەکاندا بڵاو بووبوونەوە، پێیاندا ڕەت بووین و سەگەلی سپیی گەورە هێرشیان بردە سەرمان، بەڵام لە سەگەکانی کوردستانی باکور و بەڵکان کەمتر دڕ بوون. کە شەومان بەسەردا هات و ئێمە لە دەشتدا بووین، دەوارمان لێ دانا، هەر وەک ئاساییە هەندێک لە کوردەکان سەریان لێ داین کە ئەمین ئاغای یەک لە سەرۆک عەشیرەتە دراوسێکانیان لە نێودا بوو، بانگهێشتی خواردنمان کرد و بانگهێشتەکەی قبووڵ کرد. بەیانییەکەی کە ناوچەکەیمان جێهێشت خۆی و سەد کەس لە دەستوپێوەندەکانی تا لە سنوورەکەیەوە دەرچووین بەڕێمانی خست، بەدرێژایی کات هەڵسوکەوتی لەگەڵماندا باش و قسەخۆش بوو.

پەسوا – ٢٧ی تەمموز

ئەو ماوەیەی کە بڕیمان لە قەسری شیرینەوە تا ئەم دەشتە، بە دۆڵگەل و دەربەندی بەرتەسک و ڕێگە سەخت بوون. دوای ئەوە بەدرێژایی ڕۆژێکی تەواو بە دەشتێکی بەریندا ڕەت بوو. کە لە سەرچاوەی زێ نێزیک بووینەوە بەناوچەی عەشیرەتی مامەش-ان کەوتین و سەرۆکەکەی بە پیاوە جەنگاوەرەکانیەوە پێشوازیی لێ کردین.

شنۆ ٢٩-ی تەمموز

دوێنێ، هێڵی دابەشکردنی ئاوی کەمبایەخمان ڕەت کرد و لە دوامانەوە حەوزی دیجلەمان لە دوامانەوە جێهێشت و حەوزی ڕووبارێکی کەمان هاتە پێش ئاوەکەی دەڕێژێتە ناو دەریاچەی "ورمێ"وە. لە دوورییەکەی کەمیشمانەوە دۆڵی دلگیری "گادەر" بوو کە ڕووبارێکی فرەلکی بەناودا دەڕوا و لە ناوەڕاستیدا شارۆچکەی شنۆ دامەزراوە و گوندێکی زۆر بەدەور و بەریدا بڵاو بوونەتەوە و هەریەکەیان بە باخچەی دارقەیسی و کێڵگە گەنم دەورە دراوە لە لکەکانی ڕووبارەکەوە ئاو دەدرێن. شنۆ، شارۆکەیەکە نیوەی لە دەشتایی و نیوەکەی دیکەی لەلاپاڵی چیادایە. دوای ئەوەی قەسری شیرینمان بەجێهێشت ئەمە گەورەترین شارۆچکەیەک بوو کە بینیمان. حاکمێکی فارس کاروباری بەڕێوە دەبا و ڕاستەوخۆ بە حکومەتی تارانەوە پەیوەستە و تیپێک لە سوارچاکانی قۆزاقی ڕووس دەیپارێزن، بەڵگەی ئەوەیە کە دەکەوێتە ناوچەی دەسەڵاتی ڕووسەوە و دانیشتووان و دانیشتووانی گوندەکانی ناو دەشتەکە لە عەشیرەتەکانی (زرزوو- زرزا[١])یین کە عەشیرەتگەلی نیشتەجێن مێزەرێکیان بەسەرەوەیە لە مەندیلی بادراوەی "لە شێوەی قووچەکی پلەدار"، کە لە عەشایەری موکریانیان جودا دەکاتەوە، ئەوانەی کڵاوێکی نووک باریک لەسەر دەنێن.

کە لە شارۆکەکەدا بووین سەرمان لە حاکمەکەی دا، لە خێوەتێکی ڕەنگاوڕەنگدا لەڕۆخی جۆبارێکدا پێشوازییەکی فارسییانەی کردین- فارسەکان هەر هەموویان حەزیان لەوەیە گوێیان لە خوڕەی ئاو بێ- دوو جامی شاهیمان خواردەوە کە ژمارەی فەرمییە و قاپێکمان لە (جەلاتی- دۆندرمەی ڤانێلا و هەڵووژە)مان خوارد و ڕێمان بە چوونەوە لێ وەرگرت و ڕاستەوخۆ چووینە سەردانی (مەنسووروڵولک)ی سەرۆکی زەڕزا، سەرکردەی شارۆکەکە هەر کە گەیشتین مووسا خان-ی کوڕە هەرە گچکەی بۆ پێشوازیمان هاتە دەرگەی دەرەوە، خانی گچکە "بەگی گچکە"ش لاوێکە تەمەنی لەنێوان (١٢-١٤) ساڵاندایە، دەم بە زەردە و ڕووخۆش و گەلێک لە مێردمنداڵانی ئینگلیز دەچوو. لەبەر دەرگە پێشوازیی لێ کردین و بەناو باخچەی ماڵدا بردینی، ئینجا بەسەر چەند پلیکانەیەکدا بەدوایەوە سەرکەوتین و چووینە ناو هۆڵی پێشوازی کە ژوورێکی شێوە لاکێشەییە لە دیوارەکانیدا گومەزگەلێک هەن پڕ لە فەرشی نایاب و پەردەگەلی ئاویی شەڕابی و سەوزیان بەسەردا دراودەستییە. نێوانی گومەزەکانیش بە وێنەگەلی هەندێ لە شایەکان و نموونەگەلێک لە نووسینی جوانی فارسی ڕازێنراوەتەوە. هەروەها لە دیوارەکانەوە ڕەفە هاتوونەتە دەرەوە ٥٠ سەنتیمەتریان لەگەڵ میچدا نێوان هەیە و جۆرەها تەپڵەک و فنجانە لالەی شووشەی چینییان بەسەرەوە ڕیز کراوە، لەم شووشانە شەست جۆریان لێ بوو، هەیانبوو بۆ مەی و هەبوو بۆ خەرتەل و بەهارات و هی دیکە و هەمووشیان تەنیا بۆ جوانی دانراون، سەرکردە بەکاریان ناهێنێ چونکە ڕقی زۆری لە مەیخواردنەوەیە.

لەسەر کورسییەکی بەرز لەبەردەمی ئاغا- سەرکردە و دوو کوڕەکانیدا دانیشتین، باوکەکە بۆی باس کردین کە تۆماری بنەماڵەکەی بەر لە چەند ساڵێک لێی بزر بووە و تێیدا باس لە کۆنترین کەسێک کراوە کە دەچنەوە سەری مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ٢٥٠ ساڵ، هەروەها باسی ئەو کارە سەرەڕۆییانەی کەسێکی بنەماڵەکەیان ئەنجامی داون لە سەردەمی نادرشادا کە بەشداریی لەو جەنگە گەورانەدا کردووە کە شا ئەنجامی داون و بێگومان وەک بۆمان دەرکەوت ئەم بنەماڵەیە زایین و شێوە و دابونەریتەیان ئەرستوکرات بووە. دوو کوڕەکەش شێوە جوان و چاو گەورە و برۆ کەوانەی بوون و کەوانەییەکەشیان لەو برۆیانە دەچن کە لە وێنە فارسییە کۆنەکاندا دەبینرێن. باوکەکەش بەوە ناسراوە کە چیرۆکبێژێکی بەناوبانگە، کە گەلێک ئەفسانە و چیرۆکی بۆ گێڕاینەوە و کۆمەڵە دەستنووسێکی فارسیی پیشان داین شیعریان تێدا بوو زۆربەیان هی حافز و سەعدی بوون، مێژووی هەندێکیان بۆ ساڵی ١٠٤٠ی کۆچی دەگەڕێتەوە، بە خەتێکی جوانی شەنگ و دیار نووسراونەتەوە لاپەڕەی یەکەمیان لە دوا لاپەڕە جودا ناکرێتەوە. لە ماڵی خانەخوێماندا ماینەوە تا بانگی خۆراوا و لەگەڵ ئاغا و دوو کوڕەکەیدا بەشداریی نانی ڕۆژووشکاندنی ڕەمەزانمان کرد، لەوەتی ئاستانە "ئەستەمبووڵ"مان جێ هێشتووە خۆشترمان لە کەبابەکەی نەدیوە.

ئەفسەرانی پارێزگاری "حامییە"ی ڕووسی لە ١٢ی ئەغستوسدا ئەندامانی لیژنەیان بۆ نانی نیوەڕۆ لە دەشتی کراوەدا بانگهێشت کرد، بە سواریی ئەسپەکانمان لە شار دەرچووین و بە



هەواڵنامەی کتێب

شەقامێکدا ڕووبار دەبڕێ بەسەر پردێکدا لە پۆنت ڤیکیۆ "پردۆکە کۆنەکە!"ی لە فلۆرەنسا دەچوو لە کۆتاییەکەیدا هاتینە ئەو باخچەیەی بانگهێشت کرابووین، سەعات و نیوێکمان لەوێ بە خواردنی خۆراکی بەتام و خواردنەوەی هەرچی خۆشە لە جۆرەها خواردنەوەی ڕووسیی وەک ڤۆدکا و بیرە و مەیی سپی و سوور و "گەفاس" و هی دیکە. لەو ماوەیەدا سەیری ئەو سەما و پێشبڕکێیەمان دەکرد کە قۆزاقەکان ئەنجامیان دەدا.

لە ٩ی تەمموزدا شنۆ-مان جێهێشت، بەر لەوەی بگەینە ورمێ و لە ٤ی ئابی ساڵی ١٩١٤ی زایین هەواڵی جەنگی گشتیمان لە ڕێی ڕێپێدراو "موفەووەز"ی ڕووسییەوە کە بروسکەیەکی بەو واتەیە پێ گەیبوو لە سەرکردەی لەشکری ڕووسیەوە لە ورمێ. وەک هەورەتریشقە کەوت بەناوماندا، سەرەتا لەوە پترمان پێ نەکرا کە لەبارەی ئەم جەنگەوە پشت بەو زانیارییانە ببەستین کە لە بڵاوکراوە فەرمییە ڕووسییەکان و ئەو کۆمپانیا عوسمانییەی پیتاوپیت لە بەرلین-ەوە دەگوازرانەوە. بەڵام دوای چەند ڕۆژێک پێوەندیمان بە کۆنسوڵی خۆمانەوە کرد لە تەورێز و وای لێ هات هەواڵەکان بەرێکوپێکی پێمان دەگەیشتن ئینجا زۆری نەبرد تاسەی نیشتیمانی لە دەروونماندا ورووژاند، کۆششەکانمان دوو هەندە کرد بۆ تەواوکردنی ئەرکەکانمان بە زووترین کات کە لە تواندابێ. بەخت یارمان بوو کە ئەو دەوڵەتانەی نوێنەرایەتییانمان دەکرد هێشتا بەشداریی جەنگیان نەکردبوو.

لەبەر ئەوەی ماوەی نێوانی ئێمە تا ئەرارات-ی دوا ئامانجمان هێشتا لە سەت میل پتر بوو و بەشی هەرە زۆریشی دەشتایی بوو و بۆ تیژڕێکردن گونجاو بوو لەگەڵ لیژنەکانی کەدا ڕێککەوتین لە سەری هەر دەربەندێکدا کۆڵەکەیەک دابنێین. ئەم کارەش وا ئاسان نەبوو کە ئەو ئەندامانەی ئەم ئەرکەیان پێ سپێررابوو، زەحمەتییەکی زۆریان لە بەچیاکاندا هەڵگەڕاندا بینی تا بە ترۆپکەکانی دەربەندان دەگەیشتن کە بەرزاییی هەندێکیان ١٠٠٠٠ پێ لەسەر ڕووی دەریاوە بوون، سەرەڕای ئەوەی بایەکەی زۆر سارد و بەفر گەلێک لە کێڵگەکانی داپۆشیبوو.

کە بە ترۆپکی دەربەندی "کەلاشین" گەیشتین لەسەرەڕێماندا کۆڵەکەیەکمان لە یەک پارچەدا بینی نووسینی بزماری پری کردبوو، "شۆلتز"ی فرەزانا پێش هەشتا ساڵ لە ئێستا دۆزیبوویەوە کە نوێنەری شوێنەوارناسیی فەرەنسی ناردبوویە کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر بۆ دۆزینەوەی شوێنەوارەکان و بە "وێنەی تیرێک" ئاماژە بۆ هەموو ئەو شوێنەوارانە دەکا کە بە نووسراو یان نەقشکراو دۆزیبوونیەوە و کە گەیشتبووە ئەم شوێنە ئەو پاسەوانانەی لەلایەن خانی "چۆلەمێرگ"ەوە لەگەڵیدا نێررابوون هێرشیان بردبووە سەری و بە گوللە کوشتبوویان، هۆی کوشتنەکەشی تا ئێستاش یەکێکە لە نهێنییە نادیارەکان. ئەم دەربەندەش بایەخێکی مێژوویی هەیە کە لەکۆندا تاکە دەروویەکی ڕێیە سەربازییەکان و بازرگانییەکانی نێوان نەینەوای پایەتەختی ئاشوورییان و "ئەکباتانا- هەمەدان"ی پایەتەختی میدیاییەکان بووە.

دوای ئەم دەربەندە هاتینە شارۆکەی "تەرگەوەڕ" و بڕیارمان دا سەفەر بۆ ورمێ بکەین بۆ

حەسانەوە و دوای ئەوەی کەمێک ماینەوە بەجێمان هێشت بەرەو ورمێ، دەشتی بەپیتی ورمێمان بڕی کە درێژییەکەی ٥٠ میل دەبێ و پانییەکەشی ١٨ میل و دەکەوێتە ناو چیاکانی کوردستان و دەریاچەی ورمێ-وە و بە چاندنی تووتن و دانەوێڵە بەناووبانگە و ئەگەر هێرشەکانی کوردەکان نەبووایە، دەبووە باشترین ناوچەی کشتوکاڵی لە شانشینیی ئێراندا.

دەریاچەی ورمێ

لەو ماوە کورتەدا کە لە ورمێ بووین نەمتوانی سەر لە دەیاچەکە بدەم، بۆیە لەوەدا کە لەبارەی پەسنیەوە دەینووسم دەچمەوە سەر نووسینەکانی دوکتۆر "مۆرینز واگنەر"ی گەڕیدەی ئەڵمانی، کە ساڵی ١٨٤٣ی زایین سەری لێ داوە کە ئەمەیە دەڵێ:

"لە مانگەکانی هاویندا کە ئاوەکە ئارام دەبێ بەهۆی بەهەڵم بوونی ئاوەوە نیشتەی قوڕی تێدا پێک دێ و لە لایە دوورەکاندا ڕەنگی شین دەبێ و لە ناوەڕاستدا ڕەشێکی شینباو و لەنێزیک ڕۆخدا سەوز و ڕەشێکی پەیت. کە بەراز و هی دیکە لە گیانلەبەرە بەبەزەکانی دەچنە ناو بەسەر ئاو دەکەون. لە شیکردنەوەی ئاوەکەیەوە دەرکەوتووە کە ئۆرگان و ماددەگەلێکی تێدایە لە پووکانەوەی ڕووەکە ئاوییەکانەوە پێک هاتوون و کە لەلایەک لەلایەکاندا کەڵەکە دەبن ڕێ لە شەپۆلەکان دەگرن بگەنە لاڕۆخەکان. یەک جار خۆشۆردنەوە لە ئاوەکەیدا بەپێی ئەزموونەکانی خۆم بەرامبەر دە جار یان پتر خۆشۆردنەوەیە لە دەریای ئەڵمانیدا. ئەوەش چونکە خوێیە تاواوەکانی ئایۆدین-ی تێدا بە ڕێژەیەکی پترە لە ڕێژەی تواوەی لە "بەحرولەیت"دا لەش و دەمارەکان بەئاگا دەهێنێتەوە و ئەوەی مەلەی تێدا دەکا بە ڕەنگێکی سووری وەک قرژانگ بە گەشاوەیی لێی دێتە دەرەوە. ئەگەر کەسێکی لەشساغ "تەن دروست" بچێتە ناویەوە دەتوانێ بەبێ خۆماندوو کردن بەسەر ئاوەکەیدا بکەوێ و شەپۆلەکانیشی چەند توند بن ناگاتە پلەیەکی مەترسیدار".

شاری ورمێ

شارێکی دێرینە، "زەڕادەشت = زو-واستر"ی پێغەمبەری "ئێرانی!!" لە نێزیکییەوە لەدایک بووە و لەسەر ڕۆخەکانیدا دەستی بەبڵاوکردنەوەی ڕێنوێنییەکانی کرد، هەروەک مەسیح لە ڕۆخەکانی دەریای جەلیل "دەریاچەی تەبەرییە"دا ٧٠٠ دوای ئەم کردی، ئەمڕۆ لایەنگرانی زەردەشت لە دوو شاری یەزد و کرمان-ی فارسدا دادەنیشن و بەشێکی گەورەشیان لە هیندستانن. شارەکە لە ناوەڕاستی دەشتێکی بەریندایە، باخچە و کێڵگەگەلی پان و بەرینی تێدایە. کاتێک ڕووسەکان دەسەڵاتیان بەسەردا گرت و پۆلیسی خۆیانیان لێ دانان، بەرین بووەوە و ئاسایشی تێدا چەسپا و دانیشتووانی زیادیان کرد و بازرگانیی پێشکەوت، بازاڕەکانی وەک بازاڕە کۆنەکانی خۆرهەڵات داپۆشراون. درێژیی بەناووبانگترینی شەقامەکانی کە بە ناوەڕاستیدا دەڕوا یەک میلە.

زۆرینەی دانیشتووانی وەک دانیشتووانی ئازەربایجان تورکن و بە زمانی ئازەری دەدوێن و دوای ئەمان نەستوورییەکانی نەوەی ئاشوورییە کۆنەکان دێن، کە زۆربەیان کوردستانی باکوریان بە نیشتیمان کردووە لە نێزیک ناوەندی سەرۆکە ئاینییەکەیان "مارِ شەمعوون"دا لە ناوچەی هەکاریدا. ئەمانیش وەک قیبتییان لە وڵاتی میسردا زمانی هاوسێ بەهێزەکانی خۆیان کردووەتە زمانی خۆیان مەبەستم کوردەکانە، قسەی پێ دەکەن و زمانەکەی خۆشیان کردووەتە زمانی ئەدەبییات و ئاین. بارودۆخە سیاسییەکانیشیان لێرە لەوەی ئەرمەن باشتر نییە کە هەردووکیان چەوساوەن.

ساڵی (١٨٣١ی زایین) شاندێکی ئەمەریکاییی موژدەبەر گەیشتووەتە ئێرە و دامودەزگەگەلێکی بۆ خزمەت کردنی نەستوورییان بنیات ناوە و لەسەرەتای بنیاتنانیاندا "واگنەر"یش سەری لێ داون و لەبارەی خواردەییی ئەندامانیەوەی نووسیوە. کە سەرمان لەم شاندانە دا خواردەییمان بینی کە پشتگیریی قسەکەی واگنەر دەکا، دوای ئەوەی شارەکەمان بەجێ هێشت بە شەش هەفتە حکوومەتی تورک دەستی بە هاندانی هەندێک لە عەشیرەتە کوردەکانی سەر سنوور و گاڵی هێرش بردنە سەر شارەیلی ئازەربایجانی فارسیانی دەدا کە لەشکری ڕووس پارێزگاریی لێیان دەکرد، ئەوەش شاندەکانی ئوسقوفی "کانتربوری"ی ناچار کرد شوێنەکانیان لەسەر سنوور بەجێ بهێڵن لەبەر تێکچوونی ئاسایش و بچنە ئێران. ئەم شاندانەش نەستوورییەکان لە سەرۆکایەتیی ئوسقوفێتیی کانتربوری لە ئینگلتەرایان داواکردبوو بۆ ئەوەی بێت و کەنیسەکەیان بۆ ڕابوردووە گەشەکەی خۆی بگێڕێتەوە و هەموویان لە ورمێدا کۆ بوونەوە. مستەر "ماک جیلفری"ی سەرۆکی شاندی ئینگلیزی لە کۆواری شاندا بەدرێژی لەبارەی هێرشی کوردی بۆ سەر ورمێ نووسیوە و ئەمەش دەقەکەیەتی:

"شەڕە ڕاستەقینەکان لە یەکی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٤ی زایین دەستی پێ کرد. لەو ڕۆژەدا هێزەیلێکی گەورەی کورد هاتنە "تەرگەوەڕ" و قۆزاق (قەفقاسی)ی کەرتی پاراستنی ڕووسی لێ دەرکرد و ئاگری لە گوندە نەستوورییەکان بەردا ئینجا دەستی بە کوشتنی دانیشتووان و تاڵانکردنی ماڵەکانیان کرد و بەشی زۆریان هەڵهاتن و پەنایان بردە ورمێ. کۆمەڵانی کورد لە دە ڕۆژی پاش ئەم ڕووداوە دەستی بە پێشڕەوی کرد بەرەو دەشت و هەموو شەوێک پەلاماری گوندە نێزیکەکانیان دەدا و تاڵانیان دەکردن و دەیانسووتاندن و وردە وردە پێشڕەوییان بەرەو شار دەکرد. نەستوورییەکانیش وەک مەڕ لە گورگ هەڵبێ لەپێشیانەوە هەڵدەهاتن و ماڵە شاندەکانیان لێ پڕ بوون و لەلای ئێمەش ٣٥٠ کەسیانی لێ بوون.

لە سەرەتای کارەکەدا پێمان وابوو ئەم هێرشانە هەڵمەتی کوردەکانە، بەڵام ڕاستییەکەی پێچەوانەی ئەوەی دەرخست کە لەشکرکێشیی ڕێکوپێکی حکوومی بوون پێکهاتەکەی عەشیرەتە کوردەکان و ئەفسەرگەلی لەشکری تورک بوون، مەبەستیشی دەرکردنی ڕووسەکان و داگیرکردنی ورمێ بوو، هۆکارە پاڵ پێوەنەرەکانیش هۆکاری ئەڵمانیی ڕووت بوو. موسڵمانەکانی شار لەگەڵ

هێزەکانی کورددا ڕێککەوتن پەلاماری گەڕەکە مەسیحییەکان بدەن و تاڵانیان بکەن و کە شارەکە داگیر کرا خەڵکەکانیان سەرببڕن. یەکە پارێزکەرە قۆزاقەکە ژمارەیان لە شاردا کەم بوو پێمان وابوو نەتوانێ لەبەردەمی هێرشبەراندا خۆی بگرێ. کۆنسوڵی ڕووسی جەختی لەسەر ئەوە بۆ کردین بەم نێزیکانە هێزی پاڵپشتی بۆ سوپا دەگات، بەڵام هیچێک لەوانە نەگەیشتن، ڕووسەکان ناچار بوون هێزێکی شەڕکەریان لە نەستوورییە پەنابەرەکان پێک هێنا و خستیانە پاڵ قۆزاقەکان بۆ ئەوەی ڕێ لە کەوتنی شارەکە بگرن. هەروەها شەش تفەنگیان دایە ئێمە، بۆ بەرگری لەخۆمان وەرمان گرتن، لەکاتێکدا پیاوانی خودا ناتوانن بەری ئەم هێزە ئێجگار زۆرانە بگرن.

ڕۆژی یەکشەممە ١١ی تشرینی یەکەم، کوردەکان دەستیان بە لە چیاکانەوە دابەزین کرد و ڕووسەکان دەستیان بەوە کرد بەتۆپ لێیان بدەن و توانییان هەندێک پێشڕەوییان ڕابگرن بەڵام ئەوان بەشەو دیسانەوە هێرشەکەیان بۆ سەر دێی "چارباش" دەست پێ کردەوە کە میلێک لە شوورەکانی شارەوە دوورە و تەقەی گوللە لە سەعات دەی شەوەوە دەستی پێ کرد تا بەیانی کە دوژمن پاشەکشەی کرد و ژمارەیەک لە کوژراوانی جێ هێشت بەکەم دانانرێ، ئەمەش دواشەڕی ئەو ڕووداوە بوو ".

دوای ئەم هێرشە توندە فەرمان بە شاندە ئینگلیزەکان کرا بگەڕێنەوە ئینگلتەرا و تەنیا ئەمەریکاییەکان مانەوە. ڕۆژی ٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٥ی زایین، ڕووسەکان شاریان چۆڵ کردەوە و عەشیرەتە کوردەکان و سوپاکانی تورک چوونە ژوورەوە و پەلاماری گەڕەکە مەسیحییەکانیان دا و جۆرەها کاری ناشیرینیان ئەنجام دا و گوندەکانی دەوروبەریان سووتاندن کە بە سەت گوند دادەنرا و تا توانییان نەستوورییان کوشت. لە ٢ی تەمووزیشدا نامەیەک لە ورمێوە هات بۆ کۆواری خۆرهەڵاتی نێزیک "نیرئیست" باسی ئەوەی دەکرد کە لەم وڵاتە داگیرکراوانەدا ڕووی دا ئەمە دەقەکەیەتی:

"پەنجا پیاو لە دێی "گول پاشان"دا وەک مەڕ سەربڕان دوای ئەوەی سەربازەکان، بە یارمەتیی دانیشتووانە موسڵمانەکان شان بەشانی یەکدییان بەستنەوە. لە ڕووداوێکی دیکەدا چل و شەش کەسیان لە شاندی فرەنسی هێنا و دوای ئەوەی دەسەڵاتی تورک بەڵێنی گواستنەوەی دانێ بۆ ناو سنووری تورکیا و برانە دەرەوەی شار، لە شوێنێکدا لە دووریی دوو میل بەبێ دادگەیی کردن بە گوللە کوژران. تەنیا یەکێکیان توانی لە کوشتن ڕزگاری ببێ و ڕووداوەکەی بۆ گێڕاینەوە و دەقاودەق بەم جۆرە بووە: "پێکەوە شان بەشان بەستراین و کڕنووشمان بۆ سەر زەوی برد چاوەڕێی نێزیکبوونەوەی مردنمان دەکرد و سەربازەکان دەستڕێژیان لە هەر یەکێکمان کرد و لەگەڵ بەربووانیدا منیش بەربوومەوە و لەهۆش خۆم چووم و کە بە ئاگا هاتمەوە دەستم لە لەشی خۆم دا هیچی لێ نەهاتبوو لەجێی خۆمدا چاوەڕێ بووم تا سەربازەکان گەڕانەوە و یەکسەر هەڵسامەوە و چوومە لای شاندی ئەمەریکایی و پەنام بۆ برد".

نووسەری ئەم نامەیە ژمارەی پەنابەرانی لەلای شاندی ئەمەریکاییدا بە ١٨٠٠ کەس دادەنا،

٢٠٠یان لە دەرەوەی ژوورەکاندا دەنووستن لەبەر پری و ژنێکیان لە ناودا بوو سێ مانگ لەسەر کورسییەکە تەختە دادەنیشت و لەسەریشیدا دەنووست کە لێشم پرسی ماندوو نەبوو، وەڵامی دامەوە و گوتی: "نەخێر، من تا شوێنێک هەبێ بۆ سەرم ماندوو نیم".

لە سەرەتای کوشتارگەکانیشدا یەکێک لە ئەندامەکانی شاند چووە لای سەرکردەی کوردەکان و تکای لێ کرد هەندێک لە دیانەکان ڕزگار بکا، هەزار لادێیی بۆ هێشتەوە هێنانی بۆ لای شاند. هی دیکەش ویستی وەک ئەو بکا بەڵام هەر کە گەیشتە دەرەوەی شوورە یەکسەر دەستگیر کرا و هێنرایەوە شار دوای ئەوەی زۆری لێ درا هەرچەند پێناسەکەی پیشان دا.

ئەم پەنابەرانەش تووشی پەتا بوون و ژمارەی مردووان لەنێویاندا زۆر بوو تا گەیشتە ٤٠ کەس لە ڕۆژێکدا، ئەمەریکاییەکان خەریکی ناشتنەوەیان بوون دوای ئەوەی زەحمەتییان لە لایەن سەرکردەکانی سوپاوە بینی بۆ ڕێ بە ناشتنەوە دانیان.

بەهۆی ئەوەشەوە نێرراوەکان تووشی گرانەتا "تیفۆس" بوون و نیوەیان لە ژن و پیاو و منداڵان مردن، لە ٢٠ی مایسی ساڵی ١٩١٥ی زاییندا، تورک و لایەنگرە کوردەکان کشانەوە و ئەوانەی مانەوە لە مەسیحییەکان گەڕانەوە ماڵە کاولەکانیان دوای ئەوەی ژمارەیان بەهۆی کوشتارگەکان و پەتا و مەرگی سەر ڕێیانەوە کەم بووەوە، کاتێک لەگەڵ ئەو سوپای ڕووسییەی بە وەرزی زستان پاشەکشەی دەکرد، کۆچیان بۆ قەفقاسیا کرد. مەسیحییەکانی شاریش کەسیان لە سەربڕین ڕزگاریان نەبوو ئەوانەیان نەبێ کە سەرکردەی کورد ڕێی دان و ئەوانەی ئەمەریکاییەکان توانییان ڕزگاریان بکەن.

بەشی حەڤدەم

**دیلمان – ئەرارات**

لە ٢١ی ئابی ساڵی ١٩١٤دا خۆر گیرا و... دوابەدوای ئەو بە چەند ڕۆژێک لیژنەکە گەیشتە شارۆکەی دیلمان، لەو ڕێیەدا کە دەچووینە ئەوێ قەڵای سەرکردەیەکی کوردم بینی ناوی ئیسماعیل ئاغا یان "سمکۆ" بوو وەک کوردەکان ناوی دەبەن. قەڵاکەش هەڵکەوتێکی سەیری سروشت بوو بەهۆی شوێنەکەی کە لە دۆڵێکدایە لەناوەڕاستی دەشتێکدا پانیی ٣٠٠ یارد و قووڵیی ١٠٠ پێ بوو جۆگایەکی پێدا دەڕوا تا دانەبەزیتە سەر ڕۆخی نابینرێ و لە ناوەڕاستیدا بەردێکی گەورە هەیە لە هەموو لایەکیەوە ئاوە وەک دوورگە وایە، ترۆپکەکەی هەندێک لە ڕووی دەشتەکە نزمترە سروشت هەر بەخۆی کردوویەتە قەڵایەک، سمکۆش بە قەڵای هەڵبژاردووە و بە چەند ساڵێک تەلارێکی لەسەریدا بنیات ناوە و تەلەفۆنی بۆ هاوردووە و لادێییەکان خانووەکانیان لە دەوروبەریدا دروست کردووە، هەر وەک ئەو گوندانەی لە دەوروبەری تەلارەکانی باروونەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا دروست دەکران.

دوای ئەوەی "دیلمان"مان جێهێشت دیسان بە چیادا هەڵگەڕاینەوە و ناوەندی بەرزییەکەی ٧٠٠٠ پێ لەسەرووی ڕووی دەریاوەیە و نێوانمان لەگەڵ ئەراراتدا بووە ١٠٠ میل و لەگەڵ ئەوەشدا بەفرمان بینی داپۆشی بوو و هەور لووتکەی شاردبووەوە، بەڵام جێی داخ بوو نەگەیشتمە ئەم چیا گەردن کەشە و لە پەنجەرەی واگۆنی قیتارەوە نەبێ نەمبینی و هەموو ئەو ئاواتەی بۆ پێدا هەڵزنان بنیاتم نابوو با بردی. هۆیەکەشی ئەوە بوو کۆمەڵێک لە کوردان پەلاماریان داین کە لە دووریی دوو میل لە بارەگەکەمانەوە ڕاوە کەومان دەکرد، تەقەیان لێ کردین و من پێکرام و چوار هاوڕێکەی دیکەم ڕزگاریان بوو، لەکار کەوتم و گەڕامەوە بۆ "خووی" و لەوێشەوە بۆ "جۆلفا!!" کە هێڵی ئاسنی قەفقاسی لێوە دەست پێ دەکا و سواری قەتار بووم بۆ تفلیس و ئینجا باتووم بەسەر دەریای ڕەشەوە. ئینجا کەشتییۆکەیەکی ڕووسی گوازتینییە ئەستەمبووڵ و بۆ نەگبەتی نەمتوانی بە دەردەنێل-دا ڕەت بم چونکە تورکەکان- لەگەڵ ئەوەشدا کە جەنگ هێشتا دەستی پێ نەکردبوو لە نێوان تورکیا و هاوپەیمانانداـ ڕێیەکانیان گرتبوو، سواری قەتار بوومەوە بۆ "دەدە ئەغاج"ی بەندەری بولگاری کە کەشتیۆکەیەکی بەریتانی بردمیەوە بۆ نیشتیمان، لە تشرینی دووەمدا دوای ساڵێکی ڕێک لە دوورکەوتنەوەم لێی گەیشتمێ. دوای سێ حەفتان لە پەلاماردانی هاوڕێیانمان ژمارەی لیژنەی بەریتانی بۆ دوو کەس کەم بوونەوە و لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەکە کاری خۆی تەواو کرد، کە گەیشتە ئەرارات ئەو شوێنەی سنوورەکانی ڕووسیا و ئێران و تورکیای تێدا بەیەک دەگەن. دوای تەواوبوونی کار، بەڕێی "ئەرکانجل"ەوە دوو ئەفسەرە بەریتانییەکە گەڕانەوە ئینگلتەرا.

## شەڕی "ورمێ" لەچاوی بینەرێکییەوە

دوای بە عەرەبیکردنی ئەم بەشە، لە عەممان ڕەشید بەگی چەرکەسم بینی، یەک لەوانەی ناویان لە لیستی ڕەشدا هەبوو و حکوومەتی ئەنقەرە حوکمی جوداجودای بەسەریاندا سەپاندبوو، ڕووداوەکانی ورمێم بۆ گێڕایەوە، پێی ڕاگەیاندم کە خۆی سەرکردەی ئەو لەشکرکێشییە بووە و ئەوەی لەو ڕاپۆرتەدا هەیە کەموکوڕیی تێدایە، تکام لێ کرد ئەو کەموکوڕییە تەواو بکا و پیاوەتیی کرد و ئەمەی باس کرد:

"لە سەرەتای جەنگی گشتیدا(*)" حکوومەتی عوسمانی کاری خەریککردنی ڕووسی لە بەرەکانی ورمێ و سەلماس و لێ دەرکردنیانی پێ سپاردم، ئەدهەم بەگی براشم هاریکارم بوو و تەنیا ٢٠٠ سەربازی فەرمی "نیزامی"ی چەرکەس نەبێ کەسی دیمان لەگەڵدا نەبوو، بۆیە هەموو پشتێکم بە میرە کوردەکانی سەر سنوور بەست، لەگەڵیاندا ڕێککەوتم بەرهەڵستیی ڕووس بکەین و بەوەش سوپای فەرمی لە عەشیرەتەکانی کورد پێک هات. دوای ڕەتبوونی چوار مانگ بەسەر ئەم ڕێککەوتنەدا، ڕووس ئەو شوێنە باسکراوانەی چۆڵ کرد و لە (٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٥ی زایین)دا عەشایەرە کوردەکان داگیریان کرد.

ئەم عەشایەرانە هەوڵی تاڵانکردن و داگیرکردنی وڵاتەکەیان دا، بەڵام من و میرە کوردەکان توانیمان بەهێز ڕێی ئەوەیان لێ بگرین، دوای ئەوەی توانیمان جەنگاوەرانە لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ لەبەردەمیاندا بووەستین و لە ئەنجامدا بە کوژراو و زامدارەوە ٤٣ کەس لە کوردەکان پێکران. دوای ئەوە یەکە فەرمییە عوسمانییەکان هاتنە شارۆکەی "خووی" و ئەو ناوەندانەیان گرتەوە کە بە دەستی عەشایەرەوە بوون و، ئەمانە ڕووسە پاشەکشێکارەکانیان ڕاو نا و یەکە تورکەکان لە جیاتی ئەوەی ئاسایش بپارێزن و ئارامی و حەسانەوە بۆ خەڵک بگەڕێننەوە، کاری تاڵان و ڕووتکردنەوەیان ئەنجام دا، بەم جۆرە دانیشتووانی وڵاتە داگیرکراوەکان لە وەوە تووشی بەڵایەکی گەورە هاتن.

بەڵام ئەو لایانەی بە دەڤەرە خۆرهەڵاتییەکان ناسراون کە لەشکری ساوجەبولاق و شنۆ و تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و سۆمای و چیهری و قوتوور، ئەوەی سەر بە ناوەندەکانی ورمێ و سەلماس و خووی بوون، ڕووسەکان داگیریان کرد و هێزە عوسمانییەکان بەبەزیوی لێیانەوە دەرچوون و ئاوڕیشیان نەدایەوە، چونکە دانیشتووان ڕقیان لەو کارگێڕیی عوسمانییە دەبووەوە کە زێدەڕۆییان لە زۆرداریدا کرد. هەروەها کوردەکانی ئەم ناوچە خۆرهەڵاتیانە تووشی پەلامارەکانی ڕووس هاتن بە هۆی پابەندبوونیانەوە بە دۆستایەتیی عوسمانییان، بەشێکیان کۆچیان کرد و بەشێکی کەیان بەرەوڕووی ڕووس بوونەوە و بەرگرییەکی سەربەرزانەیان لە نیشتیمانەکەی خۆیان کرد و هەندێکیان لە مەیدانی جەنگدا شەهید بوون و هەندێکی دیکە لە ڕێی کۆچ کردنیاندا مردن. بەناوبانگترینی ئەوانەی شەهید بوون ئەم میرانەی ناویان لە خوارەوەیە:

ئیسماعیل شکاک و تەیموور جانقۆ و قەرداش سۆفی و موختار بەگی تەرگەوەڕی و سەعید بەگی مەرگەوەڕی و لەو سەییدانەی خزمەتگەلی گەورەیان ئەنجام داوە سەیید محەمەدی کوڕی خودالێخۆشبوو سەیید عەبدولقادری ئەندامی ئەنجومەنی ئەعیان کە بە تاوانی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعیدی خودالێخۆشبوودا لە دیاربەکردا لە سێدارە درا و سەرەڕای ئەو خزمەتە بەرزانەی ئەم سەییدە لەم شەڕانەدا بە دەوڵەتی عوسمانیی کردووە، کەمالییەکان خۆی و باوکیان لە گەڕەکی سابوونچیی ئەستەمبووڵەوە بردە دیاربەکر و لەوێ لە سێدارە دران.

بەکورتی: ئەو یەکەم هەڵمەتەی بەشداریم تێدا کرد هەوڵم دا ئاسایش ڕابگرم و تاڵان و ڕووتکردنەوە و دەستدرێژی بۆ سەر دەزگە ئەمەریکاییەکان تا سەربازە فەرمییە تورکەکان هاتن و ئەوەی لە هاتنی ئەواندا ڕووی دا لەسەر ئێمە نییە و سڵاو".

ئەرارات

هەر وەک باس کرا مستەر "هەبارد" نەیتوانی بگاتە ئەرارات، لەبەر ئەوە لە کتێبەکەیدا بۆی نەگەڕاین و لەبەر ئەو بایەخە جوگرافی و سەربازییەی ئەم چیایە هەیەتی، بەتایبەتی لە مێژووی شۆڕشە کوردییەکان بۆ سەر حکوومەتی تورکی، وای دەبینم پێویستە بە پشت بەستن بە کتێبی



هەواڵنامەی کتێب

"ئەودیوی قەفقاس و ئەرارات"ی مستەر پرایس کە هەوڵی بەسەریدا کەوتن و گەیشتنە لووتکەی داوە، وشەیەک لەبارەیەوە بڵێم.

ئەو چیا بەرزانەی ئێران و ڕووسیا و تورکیا لێک جودا دەکاتەوە و سنوورێکی سروشتییان لە نێواندا پێک دەهێنێ و کورد و تورک بە ناوی "ئاگری"یەوە ناوی دەبەن، واتەی وشەکەش بە کوردی واتە چیای ئاگر، ئەرمەنیش پێی دەڵێن "ماسیس" و زانایانی جوگرافیا پێی دەڵێن "ئەرارات". لەم دواییەدا ئەم ناوە جوگرافییە لە ناو ئەرمەنییاندا لەو بڕوایەوە بڵاو بووەتەوە کە کەشتیی نووحی لەسەردا وەستاوە.

ئەم چیایانە دەکرێنە دوو بەش:

(١) ئەراراتی گەورە.

(٢) ئەراراتی گچکە و درێژیی لە باکوری خۆراواوە تا باشووری خۆرهەڵات ٢٥ میل و پانییەکەی نیو ئەوەندەیە و ئەم زنجیرەیە لە دەشتی ئاراسەوە لە باکور و خۆرهەڵاتەوە دەست بە بەرزبوونەوە دەکا و بەرزییەکەی لە نێو (٢٥٠٠-٢٨٠٠) پێیە لەسەر ڕووی دەریاوە، ئەو ئاوەی لێشیەوە دێ دەڕژێتە ڕووباری ئاراس "ڕس"ەوە. ئەم زنجیرەیە لە هەموو لایەکیەوە لە چیاکانی کوردستان جودا دەبێتەوە تەنیا لەلای باکوری خۆراواوە نەبێ کە بەرزاییەکەی ٧٠٠٠ پێ بەرز لە ڕووی دەریاوە، بە چیا گڕکانییەکانی بامبالا و سیناک و پاولی-دا دەبەستێتەوە، ئەوجا لەم بەرزاییەوە درێژ دەبێتەوە تا حەوزەکانی ئاراس و موراد (فوراتی خۆرهەڵات) و بۆ باشووری ئەرزەڕۆم پێچ دەکاتەوە و بە چیای هەزارگۆل "بینگۆیل"دا پێوەست دەبێ. چیای "ئەلاگۆز"ی گڕکانی کە ١٣٤٣٦ پێ لەڕووی دەریاوە بەرزە بەماوەی ٤٠ میل لە ئەرارات دوورە. لە خۆرهەڵاتیشدا بەرزاییەکانی قەرەباغ جودای دەکاتەوە و هەندێک لە چیا گڕکانییەکانی دەگەنە بەرزایی ١١٠٠٠ پێ لەسەرووی ڕووی دەریاوە و لە باشووردا حەوزی فوراتی سەروو و دەشتی بایەزید لە چیاکانی دیکەی کوردستان-ی جودا دەکاتەوە. ئەم چیایانەش بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە بەرەو دەریاچەی "وان" و بەلای خۆرهەڵاتیشەوە بەرەو دەریاچەی "ورمێ" و بەرزیی لە چیاکانی قەرەباغ کەمتر نییە. بەم جۆرەش دەتوانین تەنیا بەڕوانین چیاکانی ئەرارات بە جودا دابنێین، بەڵام لەلایەنی جیۆلۆجییەوە بە هەموو ئەو چیایانەی باسیان لێوە کرا پێوەستە.

### پەسنی دوو چیای ئەرارات

ئەو دوو چیایە شێوەی هێلکەییان هەیە بنکەی تێدا تا بەرزیی ٨٨٠٠ پێ یەکسان دەمێنێتەوە، ئینجا دەست بە لێککرانەوە دەکا و نێوانی لووتکەی دوو چیاکە دەبێتە حەوت میل بەرزەکەیان ئەراراتی گەورەیە، بەرزییەکەشی دەگاتە ٥١٥٧ مەتر لەسەرووی ڕووی دەریاوە و دوای ئەویش ئەراراتی گچکە، کە بەرزییەکەی ٣٩١٤ پێیە لەسەرووی ڕووی دەریاوە و هەردوو چیاکە لە پێکهاتە جیۆلۆجییەکەیاندا لەیەک دەچن و بەشێوە لە یەکدی جودان، کە ئەراراتی گچکە لە خووچەقێکی

بازنەیی جوان دەچێ و گەورەکەش گومەزێکە لە سەرەوەدا تەختە. زۆرترین درێژیی ئەوەیە لە باکوری خۆراواوە بۆ باشووری خۆرهەڵات درێژ دەبێتەوە. لای باکوری خۆرهەڵاتی ئەراراتی گەورەش بەشێوەیەکی کوتوپڕ نزم دەبێتەوە بەرەو دەشتی ئاراس و نشیوگەلی جوانی ڕەشی تێدا دروست دەبێ، لووتکەکانی بەفر دایان دەپۆشێ بە پێچەوانەی لای باشووری خۆراوای، کە نشێوەکە سووکە و لەلای باشووری خۆرهەڵاتدا کە لووتکەی تێدا ڕوو لە ئەراراتی گچکەیە، نشێوییەکە زۆر قووڵ نزم دەبێتەوە بەپێچەوانەی لای باکوری خۆراوا، کە پلەپلە دەبێ و درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە دەشتی ئاراکس "ئاراس- ڕەس"، بەهۆی لارییەکی کەمەوە بەفر پتر لەلایەکانی دی، ئەم لایە دادەپۆشێ. بۆ ڕووەکیش دوای ئەوەی ١٠٠٠٠ پێی بەرزی ڕەت دەکەی بەرچاو ناکەون، هەر لەو کاتەشدا کە هێڵی بەفر لە چیاکانی ئالپ-دا لە نێوان (٨٥٠٠-٩٠٠٠) پێدایە و لە چیاکانی قەفقاسی باشووری خۆراوادا ١٠٠٠٠ پێ و لە قەفقاسی باکوردا ١٢٠٠٠ پێ دەبێ، لە ئەراراتدا ١٤٠٠٠ پێ دەبێ. ڕێژەی ناوەندیی باران بارین لەو بەرزاییيانەی دەوروبەری ئەراراتدا کەمە، لە (ئەرالیخ- ئارالق) ٦،٠٨ ئینج و لە (ئەلکساندر پۆڵ)دا کە ٩٠ میل لە باکورەوە لێی دوورە، ١٤،٦٨ ئینجە. لە وەرزی هاوین و پایزیشدا بەرۆژ گەرمایی لەم دەشتانەدا بەرز دەبێتەوە و هەوا گەرم دەبێ و سووک دەبێ و بەرز دەبێتەوە تا نێزیک دەبێتەوە لە لووتکە، لەبەر زۆریی سەرما خەست دەبێ و دەبێتە هەور بینەر لە دوورەوە دەیبینێ. بەشەویش دەڕەوێتەوە و لووتکە بە ڕوونی لە مانگەشەودا دیار دەبێ. توانەوەی بەفریش بەردەوامە و ئاوی تواوە بە ناو بەردەقسڵەکاندا (تەباشیری) سێلاو پێک دەهێنێ و گەلێک جار بەناو بەردەکانەوە دەڕوا بەبەڵگەی ئەو هاژەیەی لە نێزیک بوونەوەی لە لاپاڵەوەدا دەبیسترێ، کەمتر لەسەرزەویدا دەردەکەوێ، کە بەناو خۆڵە گڕکانییەکاندا دەچێ، هەندێک سێلاو لەبەرزیی ١٣٠٠٠ پێدا بینراوە.

دەتوانین لە ڕووی ڕووەکەوە ئەرارات بکەین بە سێ بەش، بەشی یەکەم کە بەرزییەکەی لە خوار ٥٠٠٠ پێدایە و لە کشتوکاڵ خاڵییە و کەسی تێدا دانانیشێ، لە بەشی باکوری خۆرهەڵاتەوە درێژ دەبێتەوە بەرەو دۆڵی ئاراس. بەشی دووەم، کە بەرزییەکەی لە (٥٠٠٠-١٢٠٠٠) پێیە لەسەرووی ڕووی دەریاوە و ئەمەیان ناوەڕاستینەیە، گژوگیای زۆرە و عەشایەری کوردی لێیە کە هاوینان بۆ لەوەڕگە دێن، ئینجا کە زستان داهات دەگەڕێنەوە گوندەکانیان لە دۆڵەکاندا. بەشی سێیەمیش کە بەرزییەکەی (١٢٠٠٠-١٧٠٠٠) پێیە ڕووتەنییە و وەک بەشی یەکەم کەسی لێ دانانیشێ.

بەناوبانگترینی هاوینەهەوارەکانی عەشایەری کورد لەبەشی ناوەندیدان لەو بەرزاییيەدا کە لە نێو دوو چیای ئەراراتدایە لە بەرزیی (٧٠٠٠-٨٠٠٠) پێدایە و لە بەرزاییيەکانی (کەپگۆل) کە ڕووبەرەکەی بە ١٥٠٠ مەتر دووجا دادەنرێ. ئاوەکەی سازگارە، لە بەفری تواوە پێک دێ و لەوەڕگەی دەوڵەمەندی لە دەوروبەردا زۆرە. بەرزاییی یەکەمیش نشیمەنیی هەمیشەیی عەشایەرە و بیرێکی لێیە بە "سەردار بولاخی" ناسراوە. ئەم بیری سەردارە دەکەوێتە ناو دۆڵێکەوە لە شێوەی نیو بازنەدا و بەرزییەکەی ٧٥١٤ پێیە لە ڕووی زەوییەوە. ئەوەی لەم بەرزاییيەوە دەڕوانێ ئەراراتی

گچکە دەبینێ کە لە شێوەی قووچەکدا بەرز دەبێتەوە دەوروبەری قووڵی هەزاربەهەزارە و ٥٠٠٠ پێ لەسەر ڕووی زەوییەوە بەرزە و گژوگیای لەسەردا زۆرە و لەبەر جوانیی سروشتی چاو لێی تێر نابێ. دەشتەکەش کە بە چیای ئەراراتەوە پێوەستە سنووری نێوانی ڕووسیا و تورکیا پێک دەهێنێ (لە سەردەمی پرایس-دا) و دەربەندی بایەزید دەکەوێتە لای باشووری خۆراوایەوە. ساڵی ١٨٧٧ی زایینی ڕووسەکان قەڵای بایەزیدیان گرت کە لە خۆرهەڵاتەوە بۆی هاتن لە ڕێیەکی پێچاوپێچەوە لەبەر سەختیی ڕەت بوون بە دەربەندی بایەزید و ڕێگەکانی دیکەی خۆراوای ئەراراتدا، لەبەر زۆریی ئەو بەفرەی لە مانگی مایسدا بەسەریدا باری بوو. ئەو یەکە پارێزەرە ڕووسییەی لە بایەزیددا مایەوە هێزەکانی تورک گەمارۆیان دا کە هەموویان کورد بوون و بەشی زۆریان سەربڕین و ئەوانەی لێشیان مانەوە جەنەڕاڵ تەرگوکاسۆف ڕزگاری کردن.

لە دووریی پێنج میل لە بەرزاییە باسکراوەکەوە لە خۆرهەڵاتدا ئەراراتی گچکە زەوییەکانی ئێران و تورکیا لێک جودا دەکاتەوە. ئەم شوێنە بە هۆی سەختی و فرەیی ئاوەکەی و زۆریی گژوگیایەوە بە شیاوترین شوێن دادەنرێ بۆ شوێنەکانی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان. ئەگەر پارتیزانەکان هێرشیان کرایە سەر و ناوەندەکەیان تووشی مەترسی هات لەناو دەوڵەتێک لەم سێ دەوڵەتە دراوسێیەدا پەنا بۆ یەک لە دوو دەوڵەتەکەی دیکە دەبەن. ساڵی ١٨٣٨ پارتیزانە کوردەکان بەرزاییی سەرداریان کردە ناوەندی بزووتنەوەکانیان، کە ئەرارات لە سەرزەوییەکانی دەوڵەتی ئێرانیدا بوو.

لە نێزیک لاپاڵەکانی ئەراراتی گچکەشدا دارستانێک لە دار (پتوولا!) هەیە، تاکە دارستانێکە لە چیادا و گوندێکی کوردی لەتەکدایە کە سەرما سەخت بوو عەشیرەتەکانی دانیشتووی ئەم چیایە دەگەڕێنەوە ئەوێ. جگە لەبیری سەردار ئاوی دی لە "ئەرگەوری!!"دا هەیە لە دووریی چوار سەعات لە بیری ناوبراو، کاتێک مستەر پرایس بە چیادا سەرکەوت و گەیشتە بەرزاییەکەی سەردار و ماوەیەک مایەوە سەیری شوانانی دەکرد مەڕوماڵاتیان لە بیرەکە ئاو دەدا دەقاودەق ئەمەی نووسی:

"کە گەیشتمە ئەم بەرزاییە کوردگەلێکم بینی بە خاکەکانی ئێراندا ڕەت دەبوون و ڕانەکانیان بەرەو بیرەکە دەهێنا بۆ ئاودانیان. بە دوای ئاو و لەوەڕدا چوونە ئەراراتی گچکە، بیرەکە نزم بوو مەڕەکان نەیاندەتوانی ڕاستەوخۆ ئاو بخۆنەوە مێردمنداڵ و لاوە کوردەکان بە تەشتی گەورەوە بەرەو بیر غاریان دا و دەستیان بە پڕکردنەوەیان کرد و، مەڕەکان لە مەڕەکانی بەرزاییەکانی ئسکوتلاندا دەچوون سپی و ڕەش و کەوەییان هەبوو. سپییەکانیان موو درێژ و نەرم بوون، کوڕگەل دوو سەعات خەریکی ئاودێری بوون. ئەوەی سەیر بوو کە ویستمان یارمەتییان بدەین بایەخیان نەداینێ، تەنانەت سەیریشیان نەکردین و نازانم ئەوە بایەخنەدان بوو یان کاری ئاودێرییەکە خەریکی کردن لێمان".

هەمووانیش لە ژن و پیاو و مێردمنداڵ و کیژەکان باسک بتەو و بەهێز و تەن دروست و بەژن و

باڵا ڕێک بوون. لاوە کوڕ و کچەکانیشیان جوانییەکی دلڕفێن و ڕووی گەشاوەیان هەبوو. پیاوان پاڵتۆی خوریی خەتداری تا سەرئەژنۆ و شەرواڵیان دەگاتە ژێر ئەژنۆ و لە کۆتاییەوە تا سەر پێیان پێچراوەتەوە و بە قەیتانی "پێلاوی" سەندەلیان بەستراوەتەوە، هەمووشیان بە جۆرەها چەک پڕ چەکن و زۆر کەمە یەکێکیان هەبێ شمشێر و خەنجەر و تفەنگ و دەمانچەی پێ نەبێ، کڵاوێکی خوری لەسەر دەنێن و مێزەرێکی لە ئاوریشم یان لە خوریی خەتداری جوانی لەسەر دەپێچن، ژنانیشیان سەرکڵاوێک لە ئەتڵەسی جوان لەسەر دەنێن و خەزێم و گوارە لە نقێمی گرانبایی بە لووت و گوێیانەوە دەکەن. ملوانکەی بە نقێمی ڕەنگاوڕەنگ ڕازاوەش بە گەردنیانەوە دەکەن، لەلای دەسرۆکانیشیان زێڕین دەبن و لای مامناوەندییەکانیشیاندا زیوین و هەژارەکانیان لە مووروو دەبێ. هەمووش شەرواڵ لەپێ دەکەن و دەگاتە سەر پێیان و کراس و کەوا و سوخمەیەکی بچووک و بەڕیشوو و هەرگیز پەچە بەکار ناهێنن و ترسنۆکی و شەرمنیی دەستکرد نازانن. دوای ئاودێری هەموو گەڕانەوە سەر کارەکانی خۆیان و ئافرەتان بە تەشیی دەستی هەر بەدەم ڕێکردنەوە دەستیان بە خوری ڕستن کرد.

کێوەکانی ئەرارات کەسی تێدا نیشتەجێ نابێ، جگە لە کوردەکان ئەگەر کۆمەڵە تەتەرێکی کەمی لێ دەرکەین لە ئەرگەوری لە لاپاڵی ئەم چیایەدا. کوردەکان ئەو بەردە زلانەی لەکۆنەوە گرکانەکانی ئەرارات هاوێژتوونی و ئەشکەوتەکان بە پەناگە بۆ پارتیزانەکانیان بەکار دەهێنن لەوێوە بەرەنگاری لەشکرە فەرمییەکان دەبنەوە. بەناوبانگترینی گیانلەبەرانی ئەرارات کەڵەکێوی و بزنەکێوین کە لە بەرزاییەکاندا دەژین، هەروەها ڕێوی و گورگ و گۆڕهەڵقەنە (پشیلە کێویلە)، لە زۆنگاوەکانی ئاراسیشدا بەرازە کێوی زۆرن.

## مێژووی سنووری تورکی-ئێرانی

لە سەدەی شازدەوە تا ساڵی ١٩١٤ی زایین

ئەو سنوورە ئێرانی-تورکییەی درێژیی ڕاستەقینەی ١١٨٠ میلە، زنجیرە چیاکانی "زاگرۆس"ە کە لە ئەراراتەوە بۆ باکور درێژ دەبێتەوە و لە "عەرەبستان- خوزستان"ی فارسیدا لە باشوور کۆتایی دێ. ئەگەر ئەم کەرتە گچکەیەی عەشیرەتە عەرەبە سامییەکانی لێ نیشتەجێن دەربکەین هەموو ئەم کێوانە نیشتیمانی کوردە ئارییەکانن.

ئەم سنوورەی هاوینان ڕەتبوونەوە لێی زەحمەتە و زستانان داخراوە، وەک ناوبڕێکی سروشتی بووە بەرزاییەکانی ئێران لە دەشتاییەکانی میسۆپۆتێمیا "نێوانی دوو زێ" جودا دەکاتەوە.

لە سەدەی شازدەهەمدا هەر یەک لە تورک و فارس دەستیان بە بەرینکردنی شانشینییەکەی خۆی کرد لەم ناوچەیەدا، تورکەکان دوای ئەوەی وڵاتگیرییەکەیان گەیشتە بەر دەروازەکانی ڤیەننا ڕوویان لە خۆرهەڵات کرد، هەروەها فارسەکان دوای هێرشی مەنگۆلییان دەستیان بە چالاکی کرد بۆ گەڕاندنەوەی قەوارە سیاسییەکانیان بەم جۆرە بەرەوڕووی تورک هاتن دوای ئەوەی کوردستانی

باکور چووە پاڵیان وساڵی ١٥٣٤ی زایین دەستیان بەسەر بەغداددا گرت، هەر لەم ساڵەشدا کێشە لەسەر سنووری ئێرانی–تورکی دەست پێ دەکا.

کە شا عەباس دەرکەوت زۆربەی کەرتەکانی باکور و بەغدای گەڕاندەوە و دیجلەی کردە سنووری نێو خۆی و تورک، بەڵام ئەم دۆخە لەسەر بارێکدا نەما کە سوڵتان موڕادی چوارەم لە عوسمانییەکان پەیدا بوو و ساڵی ١٦٣٩ی زایین بەغدای لە فارسەکان وەرگرتەوە و پەیمانێکی لەبارەی سنوورەوە لەگەڵیاندا بەست و هەردوو لا سنوورێکیان پەسند کرد کە نێزیک بووە لە سنووری ئێستا. دوای ڕەتبوونی ٢٠٠ ساڵ بەسەر ئەم ڕێککەوتنەدا تورک و فارس لەسەر سنوور کێشەیان بووەوە، ئینگلتەرا و ڕووسیا خۆیان هێنایە پێش بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکە، هۆی ناکۆکییەکەش بزربوونی ڕوونووسی ئەو ڕێککەوتنە بوو کە لە سەردەمی سوڵتان موڕادی چوارەمدا بەسترابوو لە تارانیش و ئەستەمبووڵیشدا، دوا بەدوای بەرپابوونی شۆڕش لە یەکەمیان و ئاگرکەوتنەوە لە دووەمیاندا، ساڵی ١٨٤٢ی زایین، بگرەوبەردەیەکی توند لەبارەی سنوورەوە بوو خەریک بوو بەهۆیەوە هەر دوو دەوڵەت بەیەکدا بچن و ئەو هۆکارە سەرەکییانەی بوونە هۆی ئەوە ئەمانە بوون:

(١) بە قسەی فارس میری سلێمانیی کورد دەستدرێژیی بۆ سەر خاکی حاکمی ئەردەڵان "کوردستانی فارس" کردووە.

(٢) بە قسەی تورک دەشتی بەپیتی زەهاو بەپێی پەیمانی (١٦٣٩ی زایین) هی ئەوانە.

(٣) هێرشی عەلی ڕەزا پاشای والیی بەغدا بۆ سەر موحەممەرە.

هۆیەکانی دەستوەردانی ڕووسیا و ئینگلتەراش لە یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی لەم خاڵانەدا کورت دەکرێنەوە:

(١) ئارەزووی ڕووسیا بۆ پارێزگاریکردن لە دوو کەرتی جوورجیا– گورجستان و ئەرمینیا، کە تازە خستبوونییە سەر خاکەکانی خۆی. ئەمەش پێویستی بە بڵاوبوونەوەی ئاشتی و ئارامی بوو لە نێو ئەو دوو دەوڵەتە خۆرهەڵاتییەدا.

(٢) ئارەزووی بەریتانیاش لەم ئاشتییە، چونکە بەرژەوەندییەکانی بڵاوبوونەوەی لە کەنداوی فارسدا زۆرە، سەرباری ئەوەی ئەو نایەوێ ئەو وڵاتەی بەتەک هیندستانەوەیە لە دۆخێکی نائارامدا ببینێ. کە دوور نییە یارمەتیی شۆڕش بدات و نائارامی لەسەر سنووردا پەیدا بوو.

(سێر سترافۆرد کانینگ)ی باڵیۆزی ئەوسای بەریتانیا، توانیی بابی عالی "سەرۆکایەتیی وەزیرانی عوسمانی" لە ئەستەمبووڵ قایل بکا بە گۆڕینەوەی شمشێر بە قەڵەم و یەکلاییکردنەوەی دۆزەکان بە چارەسەری ئاشتییانە، ئێرانیش ئەم پێشنیازەی قبووڵ کرد و یەکسەر لیژنەیەک لە ئەرزەڕۆمدا پێک هات بۆ ئەوەی لە دۆزی سنوور بکۆڵێتەوە، کۆلۆنێل ویلیەمز–ی بەرگریکاری بەناوبانگ لە قارس لە جەنگی قرمدا و مێجەر فرانت و لۆرد ڕۆبەرت کرزون لە ئەندامە

هەواڵنامەی کتێب

ئینگلیزەکانی ناو ئەم لیژنەیە بوون. ئەم لیژنەیە لە ئەرزەڕۆم چوار ساڵ بەردەوام بوو، لە بەڵگە و پاڵپشت دەگەڕا و حاکمی زەهاو و شێخی موحەممەرەیان بۆ گەواهی دەهێنا...

لە ساڵی ١٨٤٧ی زایینیشدا بەبەستنی پەیمانی ئەرزەڕۆم کارەکانی ئەنجام دا، تێیدا هەموو ئەو دۆزانەی کێشەیان لەسەر بوو یەکلایی کرانەوە و لیژنەی نەخشەکێشانی سنوور دانرا. لە ساڵی ١٨٤٨ی زایینیشدا، لیژنەی نەخشەکێشانی سنووری تازە لە بەغدا کۆ بووەوە. تەنیا کۆڵۆنێل ویلیەمز نوێنەرایەتیی حکوومەتی بەریتانیای دەکرد و هەر لەوێوە بەرەو باشوور چوو و دەستی بە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی کرد، کە لە ئەوپەڕی سنووری باشوورەوە دەستی پێ کرد و ئەندامانی هەر دەوڵەتێک بۆ پاسەوانی دوو یەکەی پیادە و یەکەیەکی سوارە و دوو تۆپیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا. ئەوەش پشتگیریی پشێویی دۆخی سەر سنوور و گرژبوونەوەی دەسەڵاتی دوو دەوڵەتی تورک و فارس دەکا لە وڵاتی کورددا. کارەکانی لیژنە لە ساڵی (١٨٤٨–١٨٥٢ی زایین) بەردەوام بوو بێ ئەوەی هیچ بەرهەمێکی هەبێ. کە گەندەڵی بەناو ئەندامانیدا بڵاو بووەوە بەهۆی گەرمیی دەروێش بەگی تورکەوە کە بە هەوەسی خۆی ئەستوندەکانی لەو شوێنانە دەچەقاندن کە بۆی دەلوا بێ ئەوەی گوێبیستی ئەندازیارەکان بێت و بەپێی فەرمانیان کار بکا.لۆرد پالمەرستۆن و وەزیری دەرەوەی ڕووسیا هەوڵیان دا ئەو دوو دەسەڵاتانە بە قبووڵکردنی سنوورێکی دەستنیشان کراو قایل بکەن نەیانتوانی.

درێژەی ئەم ڕووداوانەش لە یادداشتی جەنەراڵ "چیریکۆف" و مستەر "ک. لۆفیس"ی زانای شوێنەوارناسدا هەیە. بەڵام بەدبەختانە ڕاپۆرتی کۆڵۆنێل "ویلیەمز" کەوتە ناو ڕووباری تایمس–ەوە و بزر بوو. دوای ساڵی ١٨٥٢ش لیژنە لەکارەکانیدا بەردەوام نەبوو ئەوەش بەهۆی جەنگی قرم–ەوە.

دوای تەواوبوونی جەنگی ناوبراو چاو بە دۆزی سنووردا گێڕرایەوە ئەوەش پێویستی کرد نەخشەیەکی ورد لەبارەی سنوورەوە بکێشرێ. بۆ ئەم مەبەستەش "کلاسکۆت ر. ن" پێشنیاز کرا و پاڵێورا و نێررایە پترۆگراد، بۆ ئەوەی بەشداریی ئەندازیاری ڕووسی بکا، هەر یەکەیان بەجودا کاریان کرد و کاتێک کارەکانیان تەواو کرد بۆ یەکەم جار نەخشەکانیان بەراورد کرد، سەیریان کرد هەشت شێوە لە حەڤدە دانە کە نەخشە تەواوەکە بوو، ٤٠٠ ناوی لەیەک نەچوویان تێدایە و کارەکانیان یەکخست و دووبارە کاریان کرد و ساڵی (١٨٦٩ی زایین) واتە بیست ساڵ دوای کۆبوونەوەی یەکەم، ڕوونووسێکی گەورەیان بە پێوانەی ئینجێک بۆ هەر میلێک دەرکرد. بەمەش بۆ لیژنەکانی هەر دوو دەوڵەت ڕەخسا لەبەر ڕووناکیی ئەم نەخشەیەدا کۆ ببنەوە. سەرباری ئەوەی ئەو دوو حکوومەتە پێنج ساڵ لە گفتوگۆدا بوون نەگەیشتنە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە. هۆیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ:

(١) نائارامیی بارودۆخ لە ناوچەکانی سەر سنوور.

(٢) ناکۆکیی دوو دەوڵەتەکە لەبارەی چەقاندنی ستوونەکانی تەلگراف لە ڕێی بەغدا–کرماشان

(کرمانشاه) لە ناوچە جێناکۆکەکان مەبەستم زەهاو (زوهاب)ە، کە تورکیا لە ئێرانی دەوێ ستوونەکان لە ئاسن بن وەک لە تورکیا وایە. ئەم ناکۆکییەش بووە هۆی دەستوەردانی ڕووسیا و بەریتانیا، کە ئەمەیان جەنەڕال سێر "ئارنۆڵد کامبڵ"ی پاڵاوت و نارد. ساڵی ١٨٧٧ی زایین خەریک بوو ئەم دۆزە یەکلا بێتەوە تورکیا بە جەنگێکەوە لەگەڵ سرب-دا بەیەکدا چوون، ئینجا لەگەڵ ڕووس و کۆتاییی بە بەستنی پەیمانی بەرلین کۆتاییی هات و دوای ئەوە لێکۆڵینەوە لە دۆزی سنوور دەست پێ کرایەوە و لیژنەیەکی تێکەڵاو کە سێر ئارنۆڵد کامبڵ یەک لە ئەندامانی بوو. چوو بۆ ناوچەی "قوتوور"ی کوردی، کە نێزیکی سنووری ڕووسیایە، کە لە ئەرکەکەیدا سەرنەکەوت، ساڵی ١٩١٤ی زایینیش کە هەموو نەخشەی سنوور ئەنجام درا ئەم ناوچەیە بەبێ چارەسەر هێڵرایەوە. کۆی ئەوەی حکوومەتی بەریتانی تا ساڵی ١٨٨٥ی زایین بۆ سنووری تورکیا-ئێران خەرجی کردبوو سەت هەزار پاوەن بووە بەرامبەر چەند نەخشەیەک درێژییەکەی دەگاتە ٢٠ یاردە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دوو لایەکە ئەنجامەکەیان زۆر پێ پەسند نەبووە و دوای ئەوەی ناکۆکییەکە بەم جۆرە یەکلا کرایەوە، جگە لە دەرکەوتنی هەندێک هێرشی کوردی لەسەر سنووردا، هیچ شتێک ڕووی نەدا. ساڵی ١٩٠٦ی زایینیش ئاژاوە وڵاتی ئێرانی گرتەوە و تورکیا هەلەکەی قۆزتەوە و لەشکرەکانی ناردە سەر سنوور و بەزاندی و ٣٠ میل چووە ناو خۆرهەڵاتی ئەو سنوورەی دانی پێدا نراوە و گەیشتە دوو کەرتی ئازەربایجان و ئەردەڵان و لە چەند ساڵێکدا ئەم هێرشانە بەدوای یەکدا هاتن. دوابەدوای ئەوە هەر یەکە لە بەریتانیا و ڕووسیا لەسەر دابەشکردنی ئێران بەسەر چەند ناوچەیەکی دەسەڵات ڕێککەوتن و باکوری ئێرانیان کردە ناو بازنەی دەسەڵاتی ڕووسیا و باشووریشی خستە ناو بازنەی دەسەڵاتی بەریتانیا، مافی ئەوەیان بوو ڕێ لە دەرکەوتنی بزووتنەوەی دژایەتی بگرن لە بازنەکانی دەسەڵاتەکانیاندا و لەسەر ئەوەش یەکەی پاراستن "حامیە"ی ڕووسی لەگەڵ هێزەکانی تورکدا لە ئازەربایجاندا بەیەکدا چوون.

دوای ئەم دابەشبوونە بارودۆخ لە ئێراندا لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەچوو تا ساڵی ١٩١٣ی زایین. کە کاروبارێکی جێی داخ ڕوویان دا، پێویستی بە کۆبوونەوەی لیژنەی تورکی-ئێرانی کرد لە ئەستەمبووڵ ئەنجامێکی هەست پێ کراوی لێ نەکەوتەوە. ڕووسیا و بەریتانیا بەو دەسەڵات و بەرژەوەندییانەیانەوە لە ناوچە نێزیکەکانی سنووری دوو دەوڵەتەکە دەستیان تێ وەردا. لە ٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٣ی زایین باڵیۆزەکانی بەریتانیا و ڕووسیا و وەزیری هەرەمەزنی تورکیا "سەرەک وەزیران" سنوورە کۆنەکەیان پەسند کرد و ڕێککەوتنێکیان لەم بارەیەوە واژۆ کرد. بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو ناکۆکییان لەسەر نەخشە کۆنەکان بوو، بەهۆی لەدەستدانیانەوە، کە ڕوونووسە تورکییەکە عیززەت پاشای عابید-ی بەناوبانگی سکرتێری سوڵتان عەبدولحەمید دزییەوە، بەهۆگەلێکەوە خۆی و ئاغاکەی دەیزانن و هیچێک لە ڕوونووسەکانی دیکە نەزانرا و لە کۆتاییدا دانەیەک لەناو لوولوک (اسطوانة)یەکدا لە گۆشەیەکی پشتگوێخراوی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە تاران دۆزرایەوە ژەنگ لێی دابوو و چاوەڕوانی لێ دەکرا دۆزەکە یەکلایی بکرێتەوە،

بەڵام بەقسەی تورکەکان ڕووبارێک هەیە لە نێوانی ئەوان و ئێراندا لێکیان جودا دەکاتەوە لە نەخشەکەدا باسی نەکراوە و دانیشتووانەکان نایزانن. ئەندامەکانی دیکەی لیژنەکە کە ئەو هەموو تەگەرانەیان بینی تورکیا دەیخوڵقاندن بەهەموویانەوە پێشنیازی لیژنەیەکیان کرد ناوچە نەزانراوەکان دەستنیشان بکەن و هەموو سنوور هێڵکێش بکەن و ستوندی جێگیر لە شوێنە بایەخدارەکاندا بچەقێنن. بەریتانیا و ڕووسیا وەک ناوبژیوان بەشدارییان لەم لیژنە تازەیەدا کردبوو لە کاتی ناکۆکییەکاندا دەچوونەوە لایان، ئەم لیژنەیە لە ماوەی ساڵێکدا، لە ١٩١٣دا دەستی پێ کرد و ساڵی ١٩١٤ کۆتاییی پێ هات، توانیی کارەکانی ئەنجام بدا، لەکاتێکدا لیژنەکەی ساڵی ١٨٤٨ سێ ساڵ بەردەوام بوو و سەرۆکەکانی چوار لیژنەی دوایی ئەمانە بوون: مستەر ئی. سی. ڕاتیلۆ "سەرۆکی لیژنەی بەریتانی" و مسیۆ ڤ. مینۆرسکی "سەرۆکی لیژنەی ڕووسی" و مێجەر عەزیز بەگ "سەرۆکی لیژنەی تورکی" و ئیعتیلائولولک "سەرۆکی لیژنەی ئێرانی".

### تایبەتمەندییەکانی ئەم سنوورە

سنووری نێودەوڵەتی یان جوگرافی دەبێ، یان نەتەوەیی، یان ئاینی، یانیش دەستکرد دەبێ. لەم سنوورەدا لیژنە هەموو ئەم خاڵانەیان جێبەجێ کرد و هۆکاری جوگرافیی بەبەرچاوەوە گرت. هۆکاری یەکەم کە ئەو زنجیرە چیا مەزنانەی لە نێوان دوو دەوڵەتدان بە سنوورێکی لێک جوداکەرەوە دانا و هۆکاری نەتەوەییی هۆکاری دووەمە، عەرەبە سامییەکانی لە کوردە ئارییەکانی لە باشووردا جودا کردەوە، هۆکاری ئاینیش، کە هۆکاری سێیەمە نێوانی سوننە و شیعەی جودا کردەوە، هۆکاری دەستکرد کە دواهۆکارە هێڵەکانی درێژی و پانیی بیرەکی "وهمی"ی سەپاند. لە هێڵکاریی ئەم سنوورانەدا لیژنەکە گەلێک لایەنی بەبەرچاوەوە گرت. لە باشووردا ڕووبارەکان و لە چیاکاندا هێڵەکانی دابەشکردنی ئاوی بەبەرچاوەوە گرت. لەبەر ئەوەی ئەم چیایانە کانگەی نەوتیشن و خاوەنی شوێنی سەربازیی سەختن، لیژنەکە گەلێک تەگەرەی زۆری هاتە پێش بۆ قایلکردنی هەردوو دەوڵەت.

*

کوردی سووریا

کە پێم نەکرا سەر لە هەموو ئەو ناوچانە بدەم کە کوردی لێ دادەنیشن لە سووریا، سەرچاوەی ئەوتۆشم دەست نەکەوت کە لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەلم لەم بابەتەوە بۆ بڕەخسێنێ، وام بەباش زانی هێشتا بە باسێکی کورت لێی گەڕێم و لە نووسینیدا پشت بە سەردانی قەزای جەرابلوس-م ببەستم کە ساڵی ١٩٣٤ی زایین ئەنجامم داوە، هەروەها بەو نووسینەی مامۆستا وەسفی زەکەریا لە کتێبی "گەشتێکی شوێنەوارناسی بۆ هەندێک ناوچەی شام ساڵی ١٩٣٤ی زایین" (جولة أثرية في بعض الانحاء الشامية سنة ١٩٣٤ م) و ئەوەی لە مامۆستا عەبدولقادر عەزیزی دیریکی-یەوە

پێم گەیی لە وەڵامی هەندێک پرسیار کە لەبارەی جزیرەوە ئاڕاستەم کردبوو.

مامۆستا وەسفی زەکەرییا لە لاپەڕە ٣٣١ی کتێبەکەیدا دەڵێ: "کورد لە باکوری وڵاتی شامدا، لە نێزیک سنووری ئێستای تورکیدا زۆرن وەک ئەوانەی لە باکوری ڕووباری عفرین لەو چیایەی ناوی چیای کورد–ە (جبل الکرد– کرد داغ) و ئەوانەی لە (حەڕڕەتوللوجچە)ی باکوری قووڵایی و لە قەزاکانی ئەعزاز و باب و جەرابلوس و ئەو قەزایانەی لە باکوری خۆرهەڵاتی لیوای جەزیرەی فوراتی: هەموو ئەم کوردە ڕەسەنانە لە هیچ شتێکدا عەرەبایەتییان نەگەییوەتێ.

بەڵام لە وڵاتی شامی ناوەڕاستدا ژمارەیان کەمە و ناوچەیەکیان نییە بە کۆمەڵ قەوارەکیان تێدا پێک هێنابێ تەنیا لە چیای کورد (جبل الاکراد)دا نەبێ لە نێوان (جیسروسسوغوور) لازقییە و لە گەڕەکی کوردان (حي الاکراد)ی ساڵحییەی شام و لە گوندگەلی (وەعر!)دا نەبێ. هاتنی کورد بۆ وڵاتی شامی ناوەڕاست کۆنە، لەوانەیە یەکەم کەس ئەوانەی هێنابێ شیبلولدەولە، نەسری کوڕی مەرداس–ی بەرپرسی "حومس" بووبێ ساڵی ٤٢٤ی کۆچی و لە قەڵای (سەفح)ی نیشتەجێ کردوون بۆ پاراستن و پاسەوانیی ڕێی حومس و تەرابلوس و هەر لەو ساکەوە ناوی قەڵای کوردان "حصن الاکراد"ی لێ نراوە، نێزیکەی سەدەیەک و شتێکی لێ ماونەتەوە تا "تانکورد"ی میری ئەنتاکییە ساڵی ٥٣٠ی کۆچی هاتووە و لێیانی ئەستاندووە. دوای ئەوە هاتنیان زۆرتر بووە لە سەردەمی دوو دەوڵەتی نووری و سەلاحییە بۆ چوونە ناوجەرگەی جەنگی خاچپەرستان (خطط الشام). دەشێ هەر یەکێک لەوانە کە ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە گەڕاوەتەوە دواوە و ئەوانەیان دواکەوتوون عەربێنراون و لە ژینگەی شامدا تاوانەتەوە و پێوەندیی بە ڕابوردووە کوردییەکەی نەپاراستووە، مەگەر ئەوانە نەبن لە سەردەمە دواییەکاندا هاتوون، وەک دانیشتووانی چیای کوردان کە پێشتر باس کرا و گەڕەکی "ساڵحییە" لە دیمەشق.

کوردی باکوری سووریاش لەو دواییانەدا بارودۆخی سیاسی وای کرد بخرێنە سەر وڵاتیان لە وڵاتی شامدا. پێوەندیشیان بە وڵاتی شام کە لەسەر سنووری وڵاتیاندایە زۆر کۆنە. کۆنترینی ئەو باسانە لە سووریا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٣١٧ی زایین. مامۆستا وەسفی زەکەرییا باس دەکا "ئەنتیگۆنس–ی یەک لە جێنشینانی ئەسکەندەری مەکدۆنی لە مەکدۆنیا و ئاسیای بچووکدا، کە شاری ئەنتیگۆنیای لە نێوانی ڕووباری "ئەلعاسی" و دەرچەی دەریاچەی ئەنتاکییەدا لەم سەردەمەدا بنیات ناوە و نەتەوەیەکی لە کوردان تێدا نیشتەجێ کرد کە پاشماوەی لەشکرەکانی ئاشووری بوون کە لەم دەڤەرانەدا مانەوە و ڕاوچییێتی و شوانکارەییان کردووە. ساڵی ٣٠١ی زایین، کە (سلۆقوس نیکانۆر) بەسەر ئەنتیگۆنوسدا سەرکەوت و کوشتی و دەسەڵاتی بەسەر زۆربەی وڵاتی ئاسیاییدا بلاو کردەوە، شاری ئەنتاکییەی ساڵی ٣٠٠ی پێش زایین دروست کرد بۆ بەرز ڕاگرتنی ناوی ئەنتۆخیۆس–ی باوکی و تێکەڵێکی لە کورد و مەکدۆنی و جوولەکەی تێدا نیشتەجێ کرد.

لیوای جزیرە– لیوایەکە دەکرێتە سێ قەزا کە ئەمانەن: دیجلە، قامشلی، حیچە– ئەلحسیکە "حەسەکە" و کۆی دانیشتووانی تێدا ١٧٣٨٥٠ کەسە، لەمانە ٤٩٥٥ یان ئەرمەنن لە قامشلی و عەیندیوار و دیریک و ڕەئسولعەین و حسیچە "حەسەکە"دا نیشتەجێن. هەروەها ٩٠٠٠ ئاشووری لەسەر کەناری خابووری فورات–دا و ٣٨٠٠٠ سریان بەسەر شارەکانی جزیرەدا دابەش بوون و ٣٠٠٠٠ عەرەبی ڕەوەندن، نیوەیان لە قەزای حسێچەدا نیشتەجێن کە ٥٠٠٠یان "بەققارە"ن و ٥٠٠٠یان شەممەر و ٥٠٠٠یان جبوورن. نیوەکەی دیبان لە دوو قەزای قامشلی و دیجلەدا ئەمانەش ١٠٠٠٠یان تەی "تائی"ن لە قەزای یەکەمدا و ٥٠٠٠ لە شەممەر لە قەزای دووەمدان. بەڵام کوردەکان سەرژمێریان دەگاتە ٩٢٠٠٠ و لەم گوند و قەزایانەدا نیشتەجێن:

| ناوی قەزا | سەرژمێر | عەشیرەت |
|---|---|---|
| دیجلە | ٥,٠٠٠ | حەسەنان |
| | ٢,٥٠٠ | عەباسان |
| | ٥,٠٠٠ | عەلییان |
| | ٢,٠٠٠ | حەمکان |
| | ٦,٠٠٠ | میران |
| | ٥,٠٠٠ | کوردی دانیشتووانی دیریک و عەیندیوار |
| کۆی گشتی | ٢٥,٥٠٠ | |

| ناوی قەزا | سەرژمێر | عەشیرەت |
|---|---|---|
| قامشلو | ٥,٠٠٠ | هەویرکان |
| | ١٠,٠٠٠ | ئاشینان |
| | ٢,٥٠٠ | تەمکان |
| | ٣,٠٠٠ | عەلی پنار |
| | ٥,٠٠٠ | میر سینان |
| | ٢,٠٠٠ | بوبلان |
| | ٥,٠٠٠ | دقۆریان – ئاقۆریان |

| | | |
|---|---|---|
| | ٥,٠٠٠ | ملانی خدرانی |
| | ١٠,٠٠٠ | کیکان |
| | ١,٥٠٠ | دانیشتووانی ناحیەی دەرباسییە |
| | ٦,٠٠٠ | کوردی دانیشتووی ناحیەی ڕەئسولعەین |
| | ٥,٠٠٠ | دانیشتووانی ناحیەی عاموودە |
| | ٥,٥٠٠ | دانیشتووانی قامشلو |
| | ٣,٠٠٠ | گاباران |
| کۆی گشتی | ٦٨,٠٠٠ | |

| ناوی قەزا | سەرژمێر | عەشیرەت |
|---|---|---|
| ئەلحسیچە | ٥,٠٠٠ | کیکان |
| " حەسەکە " | ٣,٥٠٠ | خەلجان |
| | ٨,٠٠٠ | ملان = عەشیرەتی ئیبراهیم پاشا |
| کۆی گشتی | ١٦,٥٠٠ | |

ئێزیدیش هەن پەرت و بڵاون، ژمارەیان دەگاتە ٥,٠٠٠ کەس دەخرێنە سەر کۆی ئەو کوردانەی بەوەوە دەگاتە ١١٥,٥٠٠ .

ئەم زانیارییانەی دواییەم لە (سامی بەگی ملی زادە)ی یەک لە پیاوماقووڵە کوردانەی لە حەسەکە و ٦٠٠ جوولەکەش هەن بە کوردی قسە دەکەن و دەخرێتە سەر ڕەگەزەکانی دیکە.

جەرابلوس و مەنبیج

دوو قەزان لە خۆراوای لیوای جزیرە، زۆرینەی دانیشتووانی کوردن و بە ناوبانگترینی ئەو عەشیرەتانەی تێدان بەرازییە. ساڵی ١٩٣٤ی زایین کە سەرم لە "نەبعولعەرەب" (یان: کانیا عەرەبان وەک کوردەکان پێی دەڵێن، یان: عەرەب پیناری وەک تورک پێی دەڵێن) دا و بوومە میوانی (مستەفا شاهین بەگ)ی سەرۆکی عەشیرەتەکانی بەرازی و نوێنەری جەرابلوس لە پەرلەمانی سووریدا لە دێی "مکەتلی" و ئەم زانیارییانەم لێ وەرگرت.

بەرازی و دەشتی سرووج

بەرازی عەشیرەتگەلێکی کوردن لە دەشتی سرووج-دا نیشتەجێن کە لە لایەکدان کوردی و عەرەبی کێشەیانە لەبارەیەوە و بە کۆی گشتییەوە لەم عەشیرەتانە پێک دێ:

(١) عەلاددینان. (٢) شێخان. (٣) کتکان. (٤) پیژان. (٥) شەدادان. (٦) زەروان- کە بەرازییەکانی حەماش لەوانن. (٧) دەنان. (٨) قەرە گێجان.(٩) ئەوکیان. (١٠) معافان. (١١) دیدان. درێژیی دەشتی سرووج-یش ١٥٠ کیلۆمەترە و پانیی ٥٠ کیلۆمەترە و رووپێوی "رووبەرەکەی" ٧,٥٠٠ کیلۆمەترە و ژمارەی دێیەکانی ٤٠٠ دێن و ناوەندیی ژمارەی ماڵەکانی هەریەکەیان ٣٠ ماڵە.

کۆی ژمارەی ماڵەکانیان بەپێی ئەم رێژەیە ١٢,٠٠٠ ماڵە و بەرێز ئەمین زەکی بەگ کۆی ئەم ماڵانەی بە ٩,٠٠٠ ماڵ داناوە. بەشی هەرە زۆریان لەسەر سنووری سووریان و ئەوی دیکە لە ناو سنووری کۆماری تورکیادایە.

بە ناوبانگترینی بەروبوومەکانی ئەم دەشتە دانەوێڵەیە و بۆ حەڵەب هەناردە دەکرێ. بڵاوترینی نەخۆشییەکان "مەلاریا"یە کە لە وەرزی پایز و هاویندا دانیشتووان لەناو دەبا. پیاوەیلی بەرازی قەفتان و عابا و کووفییە و عگاڵ دەپۆشن وەک عەرەب دەیکەن. هۆی پەسندکردنی ئەوەشیان بەپێی ئەوەی مستەفای شاهین بەگ دەیگێڕێتەوە ئەوەیە کە پەلاماری ئەو ناوچانە دەدەن ڕەوەندی عەرەبی لێن، بە سانایی و هەوەسی خۆیان ناوچەکە تاڵان بکەن، بەر لەوەی عەرەبەکان دوژمنانی خۆیان بناسنەوە. ئافرەتانیشیان هێشتا بەرگە کوردییەکەیان دەپۆشن و چەناگە و ملیان دەکوتن و پیاوانیشیان تەنیا نێوانی چاو و گوێیان دەکوتن.

قەزای باب

کوردەکان لە باکوری ئەم قەزایە لە ناحیەیەکدا دادەنیشن پێی دەڵێن "سۆر سنبات" لە پازدە گونددا و سەر بە عەشیرەتەکانی قەرەکیچ و کتکان و شێخان و بێشئاڵتی و لە باشووریدا لە سەر ئەو ڕێیەی لە حەڵەبەوە دەچێتە سەفیرە و حەناسرە و جەبەلولئەخەس و شبیت لە دێی (تەل حاسڵ) لە کیلۆمەتری ١٧دا و گوندی تەلعەرن لە کیلۆمەتری ٢٢دا.

## قەزای کوردداغ- جەبەلولئەکراد (چیای کورد)

قەزایەکی بەرینە سەر بە ویلایەتی حەڵەب، لە ڕابوردوودا سەر بە "کلیس" بووە، چیا و گردی بە دارستانی دارجۆرەوجۆر داپۆشراو و ڕەز و زەیتوون و ترێی زۆر لێیە. ئاوی ڕەوان و زەویی بەراو و خاکی بەپیت و بەروبوووی زۆر و جۆرەوجۆر و چاکترینیان ڕۆنی نایابی بە ناوبانگە. دانیشتووانی کوردی ڕەسەنن و هەندێک ئێزیدیشیان تێدایە ئاغا دەسترۆکانیان لە شێوەی دەرەبەگایەتیدا سەرکردایەتییان دەکەن.

خواردنەوە و قومار لە ناو دانیشتوواندا بڵاوە و پیاوکوشتن و تۆڵەستاندن لەسەر بێبایەخترین هۆ ئاسانترین کارە لەلایان، ئەنجامی دەدەن و پەنا یان بۆ چیا سەختەکانیان دەبەن یان بۆ سنووری تورکیی لێیانەوە نێزیک. (عفرین)ی ناوەندی ئەم قەزایەش شارۆکەیەکی نوێیە لە جێی خانێکدا دروست کراوە لەسەر بەرزاییەکی بەردیندا بووە لەلای چەپی پردی سەر ڕووباری عفرین کاروانی لێ دادەبەزی. ئەمڕۆ ژمارەی دانیشتووانی ٨٠٠ کەسە، دوو لەسەر سێی کوردن و ئەوی دیکە ئەوانەن لە کلیس و جێی دیکەوە کۆچیان بۆ ئەوێ کردووە.

ئەوانەی ژمارەی گوندانی سەرچیاکانیان باس کردووە ناکۆکییان لە نێودا هەیە. هەیە بە ٧٠٠ گوندیان دادەنێ و هەیە دەیانکاتە ٣٦٠ و هەیە بە ١٢٠ دێیان دادەنێ، گومانیشی تێدا نییە کە ژمارە لە ڕاستی نێزیکترەکە مامناوەندییەکەیانە کە لەگەڵ کۆی دانیشتووانیدا دەگونجێ کە دەگاتە ٥٠,٠٠٠ کەس.

قەزای ئەعزازیش ژمارەیەک گوندی کوردی لێیە، بۆ بەدبەختی نەمتوانی شتێکیان لەبارەوە یان لەبارەی عەشیرەتەکانیەوە بزانم.

## لیوای ئەسکەندەرۆنە

ئەم لیوایە دەکرێتە سێ قەزا کە ئەسکەندەرۆنە و قرق خان و ئەنتاکیەن. کۆی دانیشتووانی ١٥٤,٠٠٠ کەسە، لەمانە (٣٥-٤٠٪)ی تورک و تورکمانن و ئەوانی دیکە عەرەبی مەسیحی و نوسەیرین، ئینجا ئەرمەن و کورد و چەرکەس و سریان و کلدان و جوولەکە). کوردەکان لە قەزای ئەسکەندەرۆنە لە (چەررەتوللوجە)ی باکوری دەشتی عومق-دا دادەنیشن.

لە قەزای قرق خان-یشدا ئەمان و تورکمانەکان دانیشتووانی دوو ناحیەی قرق خان و حاجیلەر پێک دەهێنن. لە قەزای ئەنتاکیەش لە چیای "ئەلقەسیر"دا لەسەر چیای کورداندا لە ناوچەی عەلەوییان دادەنیشن.

لە وڵاتی شامی ناوەڕاستدا، لە گوندەکانی عەقرەب و تەلەف-دا لەگەڵ تورکمانەکان، لە "کوردانی ئیبراهیم"دا لە گوندەکانی "ئەلوعر"ی نێوان ڕووباری "ئەلعاسی" و لاپاڵی چیاکانی نوسەیریدا نیشتەجێن. کوردەکانی "عوسمانۆ!"ش لە لایەکانی "عەشارنە" و تەل سەحلەب و

دەوروبەریدا لە بیقاع-ی بۆ خۆراوای عاسی درێژ بووەوە لە باکوری لیوای حەمادا. ئەوانەش کە لە گوندی دەییاسنەدا بوون لە سەرەتای سەدەدا "مەبەست سەدەی بیستە" گوێزرانەوە بۆ دێی مەخرەم-ی خواروو کە موڵکی دەوڵەتە لە خۆرهەڵاتی حومس-دا.

ئەو کوردانەی لە حەماشدان لە بەرازییەکانن کە پێشتر باس لەو عەشیرەتە کرا. دانیشتووانی گەڕەکی کوردان لە دیمەشق بە بنەچە دەچنەوە سەر بنچگەلی جوداجودا و لەگەڵ ئەوەشدا کە لەسەردەمی دەوڵەتی سەلاحییەوە تێکەڵی دیمەشقییان بوون و زمان و شێوەی جلوبەرگی عەرەبییان لێ وەرگرتوون بەڵام ئێستاش زمانی خۆیان و زۆربەی دابونەرێتە ڕەسەنەکانیان پاراستووە، لەبەر ئەوانەی بەبەردەوامی لە کوردستانی باکورەوە دێنە لایان.

لەبەر بەردەوامیی پێوەندیی خەڵکەکەی بە خەڵکی ئەو وڵاتە دوورە بە هۆی بازرگانیی ئەو مەڕ و ماڵاتەی دەیانهێنن و گۆشت بە زۆربەی وڵاتی شام دەگەیەنن. کە ڕۆڵەی بەتوانستی ئەم بازرگانییەیە کە پێویست بە کارمەندی و ئازایی هەیە. هەندێک لەمانە لەم بازرگانییەوە سامانێکی کەمیان بە دەست نەخستووە و ئال یووسف "بنەماڵەی یووسف"یش سامان و پایەیەکی مەزنیان پێ زیاد کردووە.

کەمیی بایەخ بە خوێندن و ڕۆشنبیریدانی ئەم گەڕەکە، زۆریانی ناچار کرد لەسەردەمی عوسمانییاندا بخلیسکێنە ناو بژێوی پەیداکردنەوە بە سەربازی و پاسەوانی "پۆلیس و جەندرمە" یان باجگیریی سامانە دەوڵەتییەکان و یان بەدەستەوە گرتنی کۆکردنەوەی دەیەکانە و یان جێگرێتیی زەوی و زار و هی دیکە کە پێویستی بە توندوتیژی هەیە. کە سەرچاوەی ئەم سوود بینییە لەم بابەتانەوە وشکی کردەوە بە بەسەرچوونی ئەو سەردەمە، بارودۆخیان بە کۆمەڵ گۆڕا و هەندێکیان چوونە سەر پیشە و کارە دەستییەکان و هی دیکە (جولة أثرية).

*

پەراوێزەکان

١. یەک لە چوار عەشیرەتەکانی کورد: هەکاری، میران، دەرزایی، حەمیدی "ئامێدی- عەمادی" کە باڵی چەپی لەشکری سوڵتان سەلاحەددینی ئەیووبییان پێک دەهێنا لە جەنگەکانی خاچپەرستاندا (سەرچاوە: الفتح القسي في الفتح القدسي).

# ڕیشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا

## لە هەزارەی سێیەمی پێش زاینەوە تا هەزارەی سێیەمی پاش زاین

باقر یاسین

### ئەڵقەی چوارەم

ڕەنگە لە میانەی خستنە بەرچاوی ڕووداو و بوویەرەکاندا سوودی هەبێت گەر بزانین و بیری خۆمانی بێنینەوە، تیۆریی ڕیشەکێشکردن و دوورخستنەوەی سیاسی، کە شێوەیەکە لە شێوەکانی دیکتاتۆریی تاکڕایی چی بەکۆمەڵەی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان کرد، لە هاوەڵانی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف، کە لە نێوان خۆیاندا بەرۆحی ڕاستگۆیانەی نیشتمانپەروەری و ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی هاوپەیمان بوون، هەروەها چۆن ڕەنگدانەوەی بەسەریاندا هەبوو لە پەرتەوازەبوون و دوورکەوتنەوە و کوشتن و لەداردانی یەک لەدوای یەک، نێزیکەی سەرجەمیان تێداچوون.

ئەفسەرە ئازادیخوازەکان کۆمەڵێک عێراقیی پڕ لە جۆش و نیشتمانپەروەر بوون، دڵیان لای یەک بوو و وەکو برا هاوکاریی یەکتریان دەکرد و ڕوحی تەبایی، نێوان خۆشی، ڕێز، هەستی نیشتمانپەروەری و نەهێنیپارێزی لە نێوانیاندا بڵاو بوو، هەندێک وێنەی یادگاری هەن پێکەوە کۆیان دەکاتەوە کە لە خۆشترین دۆخی بێگەردی، برایەتی، کامەرانی و تەباییدان، کەچی هەموو ئەمانە گۆڕان بەناکۆکی، ناتەبایی، دەمەقاڵێ، ڕق و کینە و ناقایلی.

دوای ئەوەی شیوعییەکان دەستیان کرد بەپێڕەوکردنی تیۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی و دوورخستنەوەی سیاسی و تەریکخستن و دەرکردن و ڕیشەکێشان لەپێناوی کۆنترۆڵکردنی ڕەوشی وڵات، پاش ئەوەی عەبدولکەریم قاسمیان کرد بەدیکتاتۆرێکی تاق و تەنیا و لە گشت لایەکەوە دەوریان دا، ئینجا دنەی حەزی دەسەڵاتخوازی و تاکڕەوی و باڵادەستییان دەدا و

.........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

نازناوی وایان لێ نا لە ناخیدا هەستی دەسەڵاتخوازی و خۆبەگەورەزانی و دیکتاتۆرییان شرینتر کرد، هەروەها دژ بەهاوەڵ و هاوڕێیانی چەکداری لە ئەفسەرانی ئازادیخواز هانیان دەدا، تاکو گەیاندیانە قۆناخێک بەلەداردانی هەندێک لە هاوەڵانی خۆی لە ئەفسەرە ئازادیخوازەکان، کردیان بەشتێکی جوان. ئیدی بەم شێوەیە و پەیتا پەیتا عەبدولکەریم قاسم عەبدولسەلام عارفی دۆستی نێزیکی دوورخستەوە، ئینجا گرتی و دایە دادگەی سەربازی (دادگەی مەهداوی) کە حزبی شیوعی بەڕێوەی دەبرد و لە گاڵتەجاڕیی دەکرد، دوای چەند مانگێکی کەم لە سەرکەوتنی شۆڕش بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا دا، پاشان سەرهەنگ عەبدولوەهاب شەوافی هاوەڵی کوشت، دوای ئەوەی تکا و پاڕانەوەکانی لە دواخستنی فیستڤاڵی لایەنگرانی ئاشتی، کە شیوعییەکان بڕیاریان دابوو لە ترسی توندوتیژی لە شارەکەدا لە مووسڵ بەڕێوەی ببەن، کە شەوافی ناسراو بەهەڵچوون و پەلەپەلکردن بۆ ڕاگەیاندنی یاخیبوونی سەربازی لە مووسڵ ناچار کرد، ئەوەبوو قاسم بەهۆی فڕۆکە شەڕییەکانەوە، کە فڕۆکەوانی شیوعی لێیان دەخوڕی بۆردومانی بارەگەکەیان کرد.

هەروەها عەمید ڕوکن نازم تەبەقچلیی فەرماندەی تیپی دوو و سەرهەنگ ڕەفعەت ئەلحاج سرِیی بەڕێوەبەری هەواڵگریی سەربازی بەتۆمەتی هاوکاریکردنی شەواف لەدار دان، کە هەردووکیان ئەندامن لە بزاوی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان بەر لە ساڵی ١٩٥٨ و بەتایبەتییش سەرهەنگ ڕەفعەت ئەلحاج سرِی کە بەباوکی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان ناسرابوو، چونکە ئەو بەخۆی دەستی کرد بەڕێکخستنی یەکەمین شانەی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان لە سوپای عێراقدا بەر لە ڕاگەیشتنی عەبدولکەریم قاسم بەماوەیەکی زۆر، پێ دەچێت ڕەفعەت ئەلحاج سرِی بەر لە لەداردانی لەودەمی لە زیندانە تاکەکەسییەکەیدا بوو، هەستی بەپەشیمانییەکی زۆر کردبێت، دووریش نییە ئاواتی خواستبێت ڕێگەی بەعەبدولکەریم قاسمی ئەفسەری نەناسراو نەدایا بچێتە ناو شانەکانی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانەوە، کە چەند ساڵێک بوو بەڕێوەی دەبرد و پێشەنگی و سەرپەرشتیی دەکرد، پێش ئەوەی قاسم پێوەندی بکات بەشانەکانی و بەر لەوەی بەحوکمی پلە سەربازییە بەرزەکەی کۆنترۆڵی ڕابەرایەتییەکەی بکات، پاشان دوای ئەوە قۆرخی فەرمانڕەوایی دەکات و لەداردانی ئەوانەی لەگەڵیدا جیاواز بوون، وەک ڕەفعەت ئەلحاج سرِی بەخۆی تەواو وەک چۆن عەبدولخالق سامەڕاییی فەرماندەی ناسراوی بەعسی ئەنجامی دا، کاتێک گەنجێکی نەناسراوی بەناوی سەدام حوسێن هێنایە ناو ڕیزەکانی حزبی بەعسەوە، دواتر دوای چەند ساڵێک ئەو لاوە دەستی بەسەر حزبدا گرت و پاشان عەبدولخالق سامەڕاییی لەسێدارە دا...

ڕەنگە بتوانین گەلێک نموونەی لەم جۆرە ئاکارە بارگاوی بەغەدر و سەرپێچیکردنە لە مێژووی عێراقدا بدۆزینەوە. چیرۆکی ژیانی سەرگۆنی ئەکەدی لە هەزارەی سێیەمی بەر لە زاین و کوودەتاکردنی بەسەر ئۆرزبابای پاشادا، کە بەهەتیوی لە کۆشکەکەیدا بەخێوی کرد و پاشان لێی هەڵگەڕایەوە و لایدا و دەستی بەسەر شانشینەکەیدا گرت، هەروەها چیرۆکی ئۆرنەمو و کوودەتا کردنی بەسەر گەورەکەیدا و لەدەست دەرهێنانی فەرمانڕەواییەکەی لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی

بەر لەزایندا، وێڕای ئەوەی ئەم کەسە یەکێک لە مێژینەترین یاسای بەناوی یاسای ئوورنەمو نووسی، کە بەنێزیکەی سێسەد ساڵ پێش حەمورابی کەوتووە، دەڵێین ئەمە و زۆر شتی تر لەو ڕووداوانەی مێژووی عێراقیان تەنیوەتەوە چیرۆکێلی دوور نین لەوەی بەسەر ڕەفعەت ئەلحاج سرِی و عەبدولخالق سامەڕایی و ئەوانی تردا هات، هەرچی پاساوی لەسێدارەدان و بەڵگەکانیەتی ئەوا ئاسانترین شتە بێتە دەست، هەینێ دادوەر بڕیاری یەکێک لە دەوروبەرەکەی دەدات، ڕەنگە شاعیری ناودار موتەنەبی ئەم دۆخەی لە ئاکاری مرۆیی وەسف کردبێت، ئەمەش لە دێڕێکی نەمری چامەیەکیدا، کاتێک دەڵێت:

ومن يجعل الضرغام بازا لصيده        تصيّده الضرغام فيما تصيّدا[١٦]

بەگەڕانەوە بۆ بناخەی بابەتەکە، ئەوا زەعیم عەبدولکەریم قاسم ژمارەیەک ئەفسەری لەو ئەفسەرانەی پێشتر پێوەندییان بەشانەکانی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانەوە کردبوو لەدار دا و دەریکردن و پاکتاوی کردن، بەر لە شۆڕش ئەمانە زۆربەیان لە نەتەوەخوازەکان بوون، ئەوەش بەدنەدانی شیوعییەکان کرا، ئەوەبوو هەر یەک لە موقەدەم عەزیز ئەحمەد شەهاب و پێشەنگ داود سەید خەلیل و سەرهەنگی ڕوکن عەلی تۆفیق و پێشەنگ هاشم ئەلدەبوونی و حازم خەتابی ئەفسەر و موقەدەم ئیسماعیل هورمز و پێشەنگ محەمەد ئەلچەلەبی و پێشەنگ زەکەریا تەها، لەگەڵ کۆمەڵێک حوکمی تر بەبەندکردنی هاتەتایی بەسەر ئەوانی تردا...

ئەمانە گشتیان لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا لە گرتیگەی ترسناکی تانکەکاندا (الدبابات) بەدەستی لیژنەی لێکۆڵینەوەی سەربازی تووشی چەندان جۆر لە ئەشکەنجەدانی دڕندانە هاتن، کە حزبی شیوعی قۆرخی کردبوو، سەرهەنگ هاشم عەبدولجەباری شیوعیی خوێنڕێژ سەرۆکایەتیی دەکرد، فەرماندەی گرتیگەی تانکەکانیش ئەفسەری شیوعی فازڵ بەیاتیی ناسراو بەدڵڕەقی و دڕندەیی بوو، ئەم گرتیگەیەی کردە شوێنی کەوڵکردنی مرۆڤان بەشێوەیەک لە هەر کونجێکی عێراقدا بووایا ترسی دەخستە دڵی هەموانەوە، فازڵ بەیاتی ناوی (گرتیگەی ناپاک و پیلانگێڕان)ی لێ نا.[١٧]

هەڵبەت گرتیگەی تانکەکان، کە حزبی شیوعی بەڕێوەی دەبرد زۆر جیاواز نەبوو لە بارەگەکانی حەرەس قەومی، کە بەعسییەکانی عێراق دواتر بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ گیراوە شیوعییەکاندا لە زۆربەی شارەکانی عێراقدا دوای چەند ساڵێکی کەم دایانمەزراندن، ئەودەمی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسمیان ڕووخاند و بێبەزەییانە شیوعییەکانیان هاڕی، وەکو لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دەیبینین...

بەم ئاوایە هەر توێژە و لە عێراقدا گەیشتبێتە حوکم ئەوی پێشووی خۆی بەشێوەیەکی وا خوێناوی خستووەتە ژێر پێوە هیچ بەزەییەکی نەزانیوە، پێی وابووە ئەمە ڕێگەی ڕاستە بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتنی بەردەوامی باوەڕمەندی.

شتێکی سروشتی بوو ئەم ڕێڕەوە خوێنڕێژییە پاکتاوییە دەسەڵاتخوازییەی عەبدولکەریم قاسم و حزبی شیوعی گرتیانە بەر بەو کۆتاییە تراجیدییە بەدبەختانەیە بگات، ئەوەبوو نەتەوەخواز و بەعسییەکان ڕیزەکانیان بەشێوەیەکی ڕێکخراو یەکخست و هەموان ڕوویان لە کاری نهێنیی کوودەتایی کرد و ژمارەی زیانلێکەوتووان و ئەوانەی دژ بەدەسەڵات و حزبی شیوعین چەند هێندە بووەوە و بارگرژی و قەیران لەنێوان عێراق و وڵاتانی ناوچەکەدا ڕوو لە هەڵکشان بوون، لە ناوشەوە دڵ و هەستی ئەفسەرانی ئازادیخواز و ئەفسەرە نەتەوەخواز و بەعسی و ناسرییە دەرکراو و سزادراوەکان پڕ بوو لە ڕق و تووڕەیی دژ بەهاوەڵانی پێشوویان، لەبەر ئەمە کاتێک ڕۆژان هاتن و چوون، کارەکان لنگەوقووچ بوونەوە و لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم ڕووخێنرا، هیچ سۆز و بەزەییەک یاخۆ ترس و بیمێک یا هەستکردن بەبرایەتی و دۆستایەتی و هاوڕێی چەک لە بەرابەر هاوەڵەکانیاندا، ئەوانەی بەشدار بوون لە لادان و دەرکردن و ڕیسواکردن و ملکەچکردنیان و لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا و ئەشکەنجەدانیان لە گرتیگەی تانکەکان و شتی تریش لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی حزبی شیوعی و عەبدولکەریم قاسم، لە دڵی ئەو ئەفسەرە ئازادیخوازانەدا نەمابووەوە کە لە ژیاندا مابوون، هەروەها ئەوانەشی بەشدار بوون لە پرۆسەی خستنی عەبدولکەریم قاسمدا، لە سۆنگەی ئەمەوە ئەمانە بەهەموو دڵڕەقی و دڕندەیی و ڕقێکی تۆڵەستێنەوە نیوەی دووەمی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی دەوروبەری عەبدولکەریم قاسمیان لەناو دا، ئیتر لەو شەڕەی ڕووی دا بۆ دەستبەسەرداگرتنی وەزارەتی بەرگری لە بەرەبەیانی ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣دا، یاخۆ لەداردانە دەمودەستەکانی ناو ئیستگە، کە دوای خۆدانەدەستەوەی عەبدولکەریم قاسم و ئەو ئەفسەرانەی دەوروبەری و لە نێویاندا ئەو شیوعییانەی بەر لە شۆڕش لە شانەکانی ئەفسەرانی ئازادیخوازدا کاریان کردبوو، ڕەنگە بتوانین لێرەدا جگە لە ناوی عەبدولکەریم قاسم ناوی چەندان ئەفسەری ناسراو بێنین لەوانەی تیرۆر کران یاخۆ کوژران یان لەو کوشتارەدا لەسێدارە دران، وەکو:

زەعیم جەلال جەعفەر ئەلئەوقاتی فەرماندەی هێزی ئاسمانی، کە لە نێزیک ماڵەکەی خۆیدا لە بەرەبەیانی ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا پێش ڕاگەیاندنی یەکەم بەیاننامەی کوودەتاکە تیرۆر کرا، هەروەها سوپاسالار (عەمید) عەبدولکەریم ئەلجەدە فەرماندەی ڕێککاریی (انضباط) سەربازی و سەرهەنگ وەسفی تاهر یاوەری عەبدولکەریم قاسم، کە لە شەڕەکەی وەزارەتی بەرگریدا کوژران، هەروەها سوپاسالار تەها ئەلشێخ ئەحمەد بەڕێوەبەری جووڵە سەربازییەکان،[١٨] سەرهەنگ فازڵ عەباس ئەلمەهداوی سەرۆکی دادگەی باڵای سەربازی، کە بەدادگەی گەلیان ناو دەبرد، هەروەها سەرهەنگ عەبدولمەجید جەلیل بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی و ئەوانی لە ناو ئیستگەدا گوللەباران کران، ئینجا دوای چەند ڕۆژێک سەرهەنگ ماجد محەمەد ئەمینداری گشتیی دادگەی مەهداوی، دوای ئەوەی جلی جووتیارێکی دەڤەری نەعمانییەی نێزیک کوتی لەبەر کردبوو، گیرا...

بەم شێوەیە تیۆریی ڕیشەکێشکردن و دەسەڵاتخوازیی باوەڕداری و دەسەڵاتی تاکڕایی نێزیکەی

هەواڵنامەی کتێب

سـەرجەم ئەفسەرانی ئـازادیخوازی هـاڕی، ئەو ئەفسـەرانەی کۆشـان بەرۆحی نیشتمانپەروەری و دڵسۆزی و بەگشت توانیانەوە بۆ دامەزراندنی حوکمێکی نیشتمانی لە عێراقدا قوربانی بدەن، گەل و نیشتمان لە ستەم و دواکەوتوویی و باڵادەستیی بیانی ڕزگار بکەن، کەچی لە کۆتاییدا پەیتا پەیتـا و دوابەدوای یەک بەهەمـوو ئاراسـتـە و مـەیل و باوەڕێکەوە کـەوتنە ژێر ڕەوڕەوەی حـەزی دیکتاتۆریی تاکڕەوی، بەهۆی پابەندبوونیانەوە بەتیۆریی نەفرەتلێکراوەوە، تیۆری دوورخستنەوەی سیاسی و ڕیشەکێشکردن و دەسـەڵاتخوازیی باوەڕمەندی، بەربوونە گیان یەکتر و یەکتریان لەناو دا.

هەرچی کوشتـارەکەی موسڵ بوو، کە لە ساڵی ١٩٥٩دا ڕووی دا، بەهەرچی پێشـەکی و گەیاندن و چالاکی و ئەو ڕووداوە پڕ لە نەهامـەتییانەی بەدوایدا هاتن، پاشان ئەو کارەسـاتە تراجیدییانەی لێی بوونەوە، نموونەی کرداری دەنوێنن لە سووربوونی ئاوەزی عێراقی لـەسەر گرتنەبەری میتۆدی توندوتیژیی پێکدادان و دەسـەڵاتخوازیی باوەڕمەندی و دیکتـاتۆریی تـاکڕایی، ئیدی ئەنجامـەکەی هەرچییەک بێت و سـەرکەوتن لە شکاندنی ویستی ئەوانی تر و سەپاندنی تاکڕایی بەسەریاندا، لە ویژدانی تاکی عـێراقیدا لووتکەی سـەرکـەوتن و سـەرگەرمی و حـەز و ئارەزووی لە بەدەرخسـتنی هەستی بەهێزی، لەخۆبایی بوون، شانازی و ڕووبەڕووبوونەوەی ساختە بەهەر نرخێک بەدەرخست و بێ ئەوەی بیر لە دواییەکەی بکرێتەوە.

مـووسڵ شـارێکی عـەرەبییـە، پارێزگـەیەکە مـۆرکی ئاینی و نەتەوەیی بەسـەر خـەڵک و دانیشتووانەکەیدا زاڵە، لەبەر ئەمە دیاربوو ئەم شارە جۆش و خرۆشی بۆ تەشەنەکردنی کۆمۆنیزم نەبوو، کە پاش ڕووخانی ڕیژیمی پاشایی وڵاتی تەنییەوە، هـەروەها واش دیاربوو بوونی کۆمۆنیزم لەم شـارەدا لە چاو شـارەکـانی تری عـێراقـدا لاواز بوو، پێ دەچوو بوونی کـۆمـۆنیسـتـەکـان (شـیـوعییـەکان) لەم پارێزگـەیەدا لە هەندێک لەو گـەڕەکانەی کەمینەی ناعەرەبی لێ دەژیان چڕ بووبێتەوە.

کۆمۆنیستەکان بڕیاریان دا کۆنگرەی لایەنگرانی ئاشتی لە مووسڵدا بەڕێوە ببەن، ئەوی زانراو بوو ڕێکخراوی لایەنگرانی ئاشتی ڕێکخراوێکی کۆمۆنیست بوو... لە هەوڵیاندا بۆ دەمارگرتن و نمایشکردنی هـێـز لـەم شـارەدا. ڕێنوێنیی بەدەیان هـەزار لە کـۆمـۆنیـست و لایەنگر درا ڕوو لە مووسڵ بکەن بۆ سەرخستنی فیستڤاڵی کۆمۆنیست...

هەڵبـەت لە لایەن تـاک و پیـاومـاقـووڵ و بەرپرسـانەوە هەوڵێکی زۆر درا بۆ قـایلکردنی حـزبی شـیوعی بۆ گۆڕینی ڕایەکەی و نەکردنی ئەم فیسـتڤاڵە ورووژێنە، لێ هەمـووان شکسـتیان هێنا و حزبی شیوعی وەڵامی بەهیچ بانگەواز، یاخۆ تکایەک نەدایەوە...

دوایین هـەوڵیش لـەم بارەیەوە هـەوڵەکـەی سـەرهەنگ عـەبدولوەهاب ئەلشـەواف فـەرمـاندەی سـەربازیی دەڤـەری مـووسڵ بوو، هـەروەها یەکـێک لە ئەفـسـەرە ئازادیخـوازەکـان و دۆسـتی

عەبدولکەریم قاسم بوو، کە لیوا سەربازییەکەی لە مووسڵدا جێ هێشت و سەفەری کرد بۆ بەغدا و سەرۆک عەبدولکەریم قاسمی بینی تکای لێ کرد ئەو فیستڤاڵە کۆمۆنیستە ئامانج دەمارگیرییە نەکەن یاخۆ بۆ کاتێکی تری هەڵگرن، ئەوەشی بۆ ڕوونکردەوە ڕەوشی شار بەرگە ناگرێت و ئاڵۆزی گەیشتووەتە پۆپە، ئەویش لە تەقینەوەی ڕەوشەکە دەترسێت، ئەگەر شیوعییەکان مکوڕ بوون لەسەر ئەنجامدانی فیستڤاڵەکە، کەچی عەبدولکەریم قاسم گوێی لەو تکایەش نەگرت، وا دیار بوو قاسم مەحکووم بوو بەقەناعەتی حزبی شیوعی و هەڵوێستی لەسەر ئەم بابەتە، ئەوەبوو ئەلشەواف بەدڵشکاوی گەڕایەوە مووسڵ، چونکە ڕای حزبی تاقانەی شیوعی باڵادەست بوو، خۆ ئەگەر باری سەپاوی بەزۆر و بەزەبری هێز سەپاند، ئەوا وەک نەریت لە زۆربەی کارە ڕۆژانەکان لە عێراقدا باو بوو.

کەچی ئەلشەواف دوای سەردانە سەرنەکەوتووەکەی لای عەبدولکەریم قاسم، گەڕایەوە مووسڵ، شتێکی مەترسیداری لە دڵدا بوو، ئەویش ڕاگەیاندنی یاخیبوون و کوودەتای سەربازی دژ بەعەبدولکەریم قاسم... هەروەها لە بەرابەردا هیچ دەسپێشخەرییەکی میانڕەوانەی لێبوردەیی لە لایەنەکەی ترەوە، نەیاری ناکۆک بەکۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان لە شارەکەدا بۆ هێمنکردنەوەی ڕەوشەکە و تێپەڕاندنی ئاهەنگەکانی فیستڤاڵەکە بێ سەرێشە یاخۆ پشێوی یان کاری پێکدادان، دەرنەکەوت. لێرەدا داوا لە خوێنەر دەکەین تێبینیی ئەوە بکات چۆن دیکتاتۆریی ئاوەزی عێراقی دۆخی گونجاوی ئامادە کرد و چۆن ڕووداوەکان پاڵنران، تاکو ئەو کوشتارە خوێناوییە لە مووسڵدا بقەومێت، نە حزبی شیوعی فیستڤاڵەکەی هەڵوەشاندەوە، یاخۆ بۆ کاتێکی تری دواخست، نەیش عەبدولکەریم قاسم بیری لە چارەنووسی شار و بەرژەوەندیی خەڵکەکەی ناوی کردەوە، هەروەها نەیش ئەلشەواف بۆ جێبەجێکردنیان گوێی لە فەرمانەکانی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆکی گرت، ئینجاش گوێی لە ئامۆژگارییە بەردەوام و یەکلاییکەرەوە و ڕوونەکان نەگرت کە تەبەقچەلی و ڕەفعەت ئەلحاج سری پێیان دا، کە خۆی لە پێکدادان بپارێزێت و فیستڤاڵەکە بێ گرفتنانەوە تێپەڕێنێت، بەهەمان شێوە خەڵکی مووسڵیش ئاسانکارییان نەکرد بۆ تێپەڕینی فیستڤاڵەکە دوور لە پشێوی و پێکدادانی خوێناوی.

بەم شێوەیە خوێنەر دەتوانێت بزانێت چۆن تابلۆ خوێناوییەکە لەم ڕووداوە مەترسیدارە چاوەڕوانکراوەدا بەڕەهەند، ڕەنگ، جووڵە، ئاراستە و هەڵوێستی لایەنەکانی تەواو بوو، هەروەها چۆن کارەکان بەزۆر وەکو مۆگناتیس بەرەو تەقینەوە، توندوتیژی، پێکدادان و خوێنڕێژی ڕاکێشران. بەم ئاوایە و لەسەر ئەم ڕیتمە گۆڕانکاری و ڕووداوەکان لە مێژووی عێراقدا لە پێنج هەزار ساڵەوە تاکو ئەمڕۆ، ڕێ دەکەن.

بۆ گونجان لەگەڵ ئاراستەی ڕووداوەکان بەپێی ئەو پلانەی حزبی شیوعیی عێراق بۆ سەپاندنی تاکڕایی بۆی دانابوو، دەبوو مووسڵ یا ببێتە شارێکی کۆمۆنیستی سەر بەحزبی شیوعی یاخۆ خۆی بپلکێنێتەوە ئیدی ئەنجامەکان هەرچییەک بن.

ئەوەبوو ئاپۆرای شـیـوعییـەکان لە هەمـوو لایـەکی عێراقـەوە کشـان و شـەمـەندەفـەر و کـاروانی ئۆتۆمبیلـەکان بەرەو شاری مووسڵ بەڕێ کەوتن، کـەسانێکیان هـەڵگرتبوو ئەو هـوتافانەیان دەدا کە گشت خەڵکی مووسڵ حەزیان لە بیستنیان نەبوو.

ئەوەبوو ئەو کـوشـتـاره ڕووی دا و خـوێنێکی زۆر ڕژا، لاشـەکان بەشـەقامـەکـاندا بڵاو بوونەوە و ژمارەیەکیان بەدارتەلەکانەوە هەڵواسران، خەڵکەکە پارچە پارچە بوون و تۆڵە و ڕق سـەریان هـەڵدا و لە دواییـدا ئەو کـارەسـاتە بەزنجـیـرەیەک لەداردان کـۆتـایی هات، ئەو شـاره بێـوەیە لە خـوێن هـەڵکێشـرا و بەناچاری و بێدەنگی خۆی دایە دەستی دیکتاتۆریی تاکڕایی، کە حزبی شـیـوعیی عێراق بەسەر ئەو شارە بریندارەیدا سەپاند.

خۆ ئەگـەر تاقە فـەرمـاندەیەکی سـیـاسی لەو دەمـەدا زۆری لە خـۆی بکردایا و شـتێکی لەسـەر مـێـژووی ئەو شارە دێرین و سەیرە لە بەرگری و توندوتۆڵییەکەی بخـوێندایەتەوە، ئەوا مـۆچیاریی کۆمۆنیسـتـەکان و گشت ئەوانەی دەکرد، کە ویسـتیـان ویسـتی بشکێنن، کـاری وا نەکـەن، چونکە پەشیـمان دەبنەوە و نرخـەکـەشی بەقـورسی دەدەنەوە، ڕووبەڕووی خۆی و گـەرمـوگـوڕی و سـروشتی بەرگرییەکەی دەوەستنەوە. یەکەمین شار بوو لە عێراقدا لە مەغۆل یاخی بوو، ئەوانەی سەرلەبەری وڵاتانی ناوچەکەیان خستنە ژێر پێوە و سـاڵی ٦٥٩ک–١٢٦١ز بەڕوویاندا ڕاپەڕین، واتە دوای تەنیا سێ سـاڵ لە ڕووخـانی بەغـدا بەدەسـتـی هۆلاکـۆ لە سـاڵی ٦٥٦ک–١٢٥٨ز، وێڕای ئـەوەی لەو لێ ڕاستبوونەوەیەدا بەنرخترین ڕۆڵەکانی خۆی لەدەست دا لەگەڵ خانووبەرە و پاشاکەشیان کوشت. دوای ئەوەی بەزیندوویەتی دەمـوچاویان کـەوڵ کرد و کـوڕەکـەی و براکـەیان کوشت، هـەروەها پاش ئەوەی زۆربەی دانیشتووانەکەیان لەناو دا و خانووەکانیان وێران کرد، خۆیان نەدایە دەستەوە، تاکو دوای سـاڵێکی ڕەبەق لە ئابڵـووقـە و بەرگـەگرتن ئازووخـەیان لێ بڕا، بەڵام بەدرێژاییـی مێژوو وەکو دڕکـێک مـایـەوە، کە ڕوخسـاری مـەغـۆلەکانی بریندار کـرد، لەو چیـرۆکـە کـۆنە دڵێـرانەیەی مووسڵدا پەند و وانە بۆ هـەمـوو سـتـەمکار و چەکدارێک هـەن، ئەوانەی تۆبەخـواردوو نەبوون و باش مێژووی عێراقیان نەخوێندبووەوە.

هـەرچۆنێک بێت و سـەرەڕای گشـت ئەنجامـە خراپ و کـارەسـاتهێنی کـوشـتـارەکـەی مـووسـڵ، ئەو کوشتارە بەشـێوەیەکی گشـتی لە عێراقدا ئەنجامێکی خراپتری دیکەی زیانمەندتر و بەئازارتری هـەبوو، ئەویش هـەڵکشـانی ڕکـابـەری و ڕق لێـبـوونـەوە بوو لەنێـوان عـەرەب و کـوردا، ئەوە بوو لەسـۆنگەی گرژی و دڵشکاویی پێشـووترەوە بوو، لەگەڵ بـەرپرسـیـارێـتـیی هـاوبەشـی و بـەشـداری لەگەڵ شیوعییەکاندا لە کاری توندوتیژیی خوێناوی، کە لە مووسڵدا ڕوویان دا.

پێویستە ئاماژە بەڕاستییـەکی مێژوویی بکـەین، ئەویش گرژی و قەیران لەنێوان بزاڤی کـورد، بەڕابەریی خـوالێـخـۆشـبـوو مەلا مـسـتـەفـای بارزانی و دەسـەڵات لە بەغدا لەو کاتەدا سـەریان هـەڵ دەدا، پێـوەندی لەنێـوان ئەو دوو لایـەنـەشـدا لە هـەڵکـشـان و داکـشـاندا بـوو، نیـشـانـدەرەکـانی ئامادەبوون و خۆسـازدان بۆ هـەڵمـەتە سـەربازییە بەرفرەوانەکەی دژ بەشـۆڕشی کـورد لە ئاسـۆی

بەغدایا دیار بوو، سەرەڕای ئەمەش ڕەوتی ناسیۆنالیستی عەرەب لەو ڕەوشەدا هێشتا لە بیرۆکەی خۆبەزلزانی و بەکەمزانینی ئەوانی تر و دەمارگیریی نەتەوەیی دژ بەکورد ڕزگاری نەبووبوو، هەروەها بەقەبارەی پێویست لە شێلگیری و تێگەیشتنی مێژوویی و بابەتیی دروست تەماشای دۆزی کوردی نەدەکرد.

هەرچی ئەو کوشتارە خوێناوییە بوو، کە لە تەمووزی ساڵی ١٩٥٩دا لە کەرکووک قەوما، کە حزبی شیوعی پاڵەوانە سەرەکییەکەی بوو، زۆر لە کوشتارەکەی مووسڵ جیا نەبوو، وێڕای ئەوەی هەندێک وایان دەبینی، ڕەگی ئەو ڕووداوە خوێنڕێژییانەی کەرکووک "بۆ ڕکابەریی ڕەگداکوتاوی نێوان کورد و تورکمان دەگەڕێنەوە".[١٩]

بۆ گەڕانەوە بۆ بابەتە سەرەکییەکەمان لەو شێوازانەی گیراونەتە بەر بۆ سەپاندنی دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی، دەڵێین گەلی عێراق ئەم شێوازانەی کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا وەسفمان کردن، پەیتا پەیتا و بێ بیرکردنەوە لە ساڵی ١٩٥٩دا و دوای ئەوەش دەئاخنێتە ناویەوە، بۆ ملکەچکردن بۆ دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی، کە حزبی شیوعی بەتەنیا شێوە و چوارچێوە و ڕەوتی دەستنیشان کرد و بەهەموو پێداگری و نەخشە بۆ دانانەوە لە دوای ڕووداوە شێتانە و بارگاوی بەپشێوییەکەوە بوو. لەو ڕۆژگارەدا لایەنگرانی ڕەوتی ناسیۆنالیست و بەعسی کۆشان ئەو ئاماژانە وەربگرن، کە سەرۆک عەبدولکەریم قاسم لە گوتارە نووسراو و سەرپێیییەکانیدا دەیوەشاندن، کە تێیاندا ڕایدەگەیاند ئەو سەربەخۆیە و لەسەرووی هەموو مەیل و ڕەوتێکەوەیە، هەروەها بەلای هیچ لایەنێکدا نایشکێنێتەوە...

ویستیان نەوازشی بکەن و لێی نێزیک ببنەوە وەکو ئەوەی شیوعییەکان کردیان، بەڵکو هەندێک پاڵپشتی و پاراستن لە لایەن ئەوەوە بەدەست بهێنن، یاخۆ بەڵکو ڕێگە نەدات شیوعییەکان لەسەر ئەو ڕێبازە پڕ لە دوژمنکارییە خوێنڕێژییەی گرتوویانەتە بەر لە کوشتن و بەزەویدا ڕاکێشان و گرتنی ئەندامانی خۆیان لە سەرباز و مەدەنییەکان بەردەوام بن. کەچی هەر زوو حزبی شیوعی پەی بەم بۆچوونە برد و دروشمە خوێنڕێژییەکانی بەرز کردنەوە، کە هەرچی و پەرچییەکان بەردەوام لە شەقام و گەڕەکەکاندا دەیانگوتنەوە، وەک "مادامەکی پەت هەیە، هیچ پیلانگێڕییەک ڕوو نادات"، پەتیان بەدەستەوە گرتبوو و بەرزیان دەکردەوە، ئەگەر گومانیان لە متمانەی یەکێک هەبێت و لە شەقامەکاندا بیبینن، لە نەتەوەخواز یاخۆ بەعسییە ناسراوەکان بەزەویدا ڕاکێشی بکەن، هەروەها بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و تیرۆری هزری لای ئەوانی تر، لە هەوڵێکی ئاشکرادا بۆ دەرخستنی مەراییی پتر بۆ سەرۆک عەبدولکەریم قاسم دروشمی "سەرۆکی تاق و تەنیا و تاق و تەنیا و تاق و تەنیا"یان بڵند کردەوە، ئا لێرەدا خوێنەر دەتوانێت بەئاسانی ئەوە دەربخات، کە چۆن حزبی شیوعیی خاوەن ئەزموونی دێرینی خەباتگێڕی و قوربانیی گەورە لە عێراقدا پاشەکشەی کرد و بەویستی خۆی خۆی دایە دەست میتۆدی دیکتاتۆریی تاکەکەسی و دروشمگەلی دەستەییی تاکڕەویی دەسەڵاتخوازی، هەروەها ئامادەییی خۆی بۆ گۆڕان بۆ

پاشکۆیەکی گوێڕایەڵ بۆ ئەفسەرێکی سەربازیی تاکڕەو لە حوکمدا دەرخست، کە هەڵگری هیچ تیۆرییەکی سیاسی نییە و هیچ ڕێکخراوێکی حزبی یا سیاسی شک نابات.

بەم شێوەیە ڕەوتی ناسیۆنالیست لە هەوڵەکانیدا بۆ نێزیکبوونەوە لە عەبدولکەریم قاسم شکستی هێنا و گشت ڕێگە و دەروازەکانی بەڕوودا داخران و بەلایەوە ئەستەم بوو لەو ئابڵووقە کوشندەیەدا، کە حزبی شیوعی خستبیە ناویەوە، ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە.

دوای ئەوەی حزبی شیوعی بەتوانێکی مەزنەوە سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە تێکشکاندن و خستنە لاوەی هەموو ئەو حزب و بزووتنەوە عێراقییانەی دژ بەو بوون، لە پێشیانەوە نەتەوەخواز و بەعسییەکان و پەراوێزخستنی حزب و لایەنەکانی تر لە ئەندامانی بەرەی نیشتمانی، ئیدی دەستی کرد بەخستنە بەرچاوی دروشمە دەستەگەرییەکەی، ئەویش بالادەستیی تاکڕەوی بەسەر دەسەلاتدا بەشێوەیەکی تەواو، ئەوەبوو دروشمە ناسراوەکەی "حزبی شیوعی لە دەسەلاتدا داخوازییەکی گەورەیە"ی بلاو کردەوە، هەروەها ئەم دروشمەیان بەگۆرانیی پڕ لە جۆش و خرۆشەوە لە شەقامەکاندا دەگوتەوە، تاکو ببێتە خواستێکی جەماوەریی بەرفرەوان، لێ بەتاڵ نەبوو لە فێڵ و درۆ و پێچ و پەنا و گەمەکردن بەوشە و خۆ لکاندن بەکەسێتیی عەبدولکەریم قاسم و هێزی ئەرکەکانی. بەئاوازەوە دەیانگوت "بژی سەرۆک عەبدولکەریم... حزبی شیوعی لە دەسەلاتدا داخوازییەکی مەزنە..".

بەگشتی دامەزراوە تیرۆریستەکان، کە حزبی شیوعی وەکو تەور بەکاری هێنان بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆریی دەسەلاتخوازیی باوەڕمەندی لە عێراقدا، ڕێکخراوی بەرهەڵستیی میللی، ڕێکخراوی گەنجانی دیموکراسیخواز و ڕێکخراوی بەرگری لە کۆمار، جگە لە پێکهاتە حزبییەکانی تر و ژمارەیەکی زۆر لە سەندیکا و کۆمەڵە و لیژنە کە حزب بەڕەهایی دەستی بەسەریاندا گرت، هەروەها ژمارەیەک لە پۆستی گرینگ لە سوپا و هەواڵگری و دامەزراوەی کارگێڕیی دەوڵەت.

بەمە حزبی شیوعی پشکدار بوو لە تەرخانکردن و جێگیرکردنی ڕۆشنبیریی توندوتیژی و ڕازاندنەوەی ئاکاری تاکڕەوی و دەسەلاتخوازی لەناو ئاوەزی عێراقیدا، هەروەها هانی پابەندبوونی دا بەتیۆریی دەسەلاتخوازیی باوەڕمەندی لای ملیۆنان تاکی گەلی عێراق، ئەمەش یارمەتیی دا و بەشداریی کرد لە زۆرکردنی وێرانکاری لە ژینگەی ڕۆشنبیریی خودی کەسێتیی عێراق و لە هەمان کاتدا ئەو سیاسەتەی حزبی شیوعیی عێراق گرتییە بەر بۆ کارکەنارکردن و پەراوێزخستنی سەرجەم حزب و هێزە سیاسییەکان لە ولاتدا، ئەوەبوو وای لەو حزبانە کرد بۆ لابردنی شیوعییەکان و کۆتاییهێنان بەدیکتاتۆریەتەکەیان بیر لە خراپترین چارەسەر و لە هەموویان خوێناویتر بکەنەوە، ئەویش کوودەتای سەربازیی خوێنڕێژی، لەکاتێکدا حزبی شیوعی دەیتوانی ڕۆڵی ئەرێنی ببینێت لە توندوتۆڵکردنی ڕێبازی دیموکراسی، ئاشتیی کۆمەلایەتی، ڕۆشنبیریی دیالۆگ و بەرگەگرتنی بوونی ڕای تر، کەچی ئەوی رووی دا بەتەواوی جیاواز بوو. لە کۆتاییدا حزبی شیوعی لە ئەنجامی سووربوونی لەسەر ئەو سیاسەتە دیکتاتۆرییە تاکڕەوییە وەکو

دەبینین گەیشتە شێوە خۆکوشتنێک.

ئێمە "بەئەنقەست" کەمێک بەفرەوانی وەسفی ئەم جبەخانە زەبەلاحەمان کرد، کە حزبی شیوعی دایمەزراند و توانیی بەهێز و دیسپلین و دەسەڵاتی توند لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا لە گشت شوێنێکی عێراقدا و لە هەموو ئاستێکدا لە ساڵانی: "١٩٥٨- ١٩٦٠-١٩٦١"دا بنیاتی بنێ و جێگیر و پتەوی بکات، ئەوەی داوا دەکەین نەوەی نوێ بیبینێ و بەڕۆحی بێلایەنییەوە ئاشنای ڕووداوەکانی بێ و پەندیان لێ وەربگرێت. چونکە نەهێشتنی ئەو جبەخانە ترسناک و بەهێزە و تێکدان و وێرانکردنی لە ڕۆژێکدا، پاشان ڕامالینی بەکۆمەڵی شیوعییەکان بۆ کوشتن لەو کاتەدا، ڕووداوێکە هێند پەند و ئامۆژگاری و وانەی تێدان بەشی ئەوە دەکەن چاوی دەیان نەوە لە عێراقییەکان بکەنەوە، لەوانەی پێویستە لەسەریان مێژووی نوێی وڵاتەکەیان بەهۆشیاری و وردی بخوێننەوە و ئاشنا بن بەوەی بەسەریاندا هات و ئەوانەی بەدوایاندا هاتن، لەوانەی لایەنگریان بۆ خۆیان کۆ کردەوە و هێزێکی چەکداری زەبەلاحی وایان دامەزراند، وایان دەزانی شکست ناهێنێ و هەر دەمێنێت، هەروەها وایان مەزەندە دەکرد دەیانپارێزێ و لە دەسەڵات و فەرمانڕەواییدا دەیانهێڵێتەوە.

ئەو ڕووداوانە و ئەوانی دواتر ڕوویان دا، پێویستە وانەیەکی بەنرخ بدەنە هەر عێراقییەک، ئەوانەی وایان دەزانی و بڕوایان وا بوو توانی ئەوەیان هەیە بۆ یەکجاری دەسەڵاتیان بەسەر وڵاتدا بسەپێنن و دیکتاتۆریی تاکڕایی دابمەزرێنن، ئیدی ئەگەر سەرژمێریی چەکدارانی سەر بەوان چەند بێت و چەندێک خۆیان قایم کردووە و هەوادار و لایەنگرانیان لە کار و پۆست و شوێنە حکوومییەکاندا جێگیر کردوون و تا چ ڕادەیەک هێزی پارە و هێزی دەوڵەتیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان خستووەتە ژێر ڕکێفەوە. لە عێراقدا نەفرەتێک هەیە خەریکە لە نەفرەتی فیرعەونەکان دەکات، کە تووشی ئەوانە دێن توخنی فیرعەونەکان دەکەون، بەڵام نەفرەتی عێراق تەواو پێچەوانەوەیە، چونکە بەر فیرعەونەکان خۆیان دەکەوێت "جا عێراقی بێت یاخۆ نا"، بەر ئەوە ناکەوێت کە دەستدرێژییان دەکاتە سەر.

کاتی ئەوە هاتووە نەوەکانی ئێستا پەند و وانە لە نەوەکانی ڕابردووی دوێنێی نێزیک وەرگرن، هەروەها لەو هەڵە و خۆبەزلزانییە لە ئاکاری تاکڕەویی دیکتاتۆرییان و ئەوی دوای ئەو زیان و وێرانکاری و شکستییەی چەشتیان.

فەرماندەی حزبەکانی تری عێراق پاش کارەساتی حزبی شیوعی نرخەکەیان بەگران دایەوە، چونکە بەهەمان ڕێگەدا ڕۆیشتن، وەکو چۆن لە ڕووداوەکانی داهاتوودا دەبینین، کە دوای ئەوە ڕوویان دا.

لە هەوڵێکدا لە ساڵی ١٩٦٧دا، واتە پاش چوار ساڵ لە هەڵسەنگاندنی ڕووداوە خوێناوییەکان، کە لە ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣دا و دوای ئەوەش قەومان، حزبی شیوعیی عێراق لە گشتاندنێکی

ناوەخـۆییدا باسی ئەوەی کـردبوو، کـە "ناکرێت لەو شـیـوعـیـیـانەی بـەرپرسن لە هێنانە ناوەوەی شێوازەکانی توندوتیژی بۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکییە سـیاسـییـەکان خـۆشـبین"،[٢٠] هـەروەها لەو گشتاندنەدا هاتووە "ئێمە لە ساڵی ١٩٥٩وە شەڕی ٨ی شوباتی ١٩٦٣مان دۆڕاند".[٢١]

ئەم ڕایە بوێرانەیەی حزبی شیـوعی لە گشـتـاندنە ناوەخـۆییـە دواخـراوەکـەیدا دەیسـەلمێنێت، دانپێدانانێکی مەترسیداری نەوتراوە سەبارەت بەبەرپرسیارێتیی شیوعییەکانی عێراق لە هێنانە ناوەوەی شێوازەکانی توندوتیژی لە کاری سیاسی لە عێراقدا، ئەمەش تەواو لەگەڵ ئەو ڕایەی ئێمـەدا دێتەوە، کە لە پتر لە بۆنەیەکدا و لە توێژینەوە و کتێبە سیاسییەکانماندا باسـمان کردووە، بەتایبـەت کتێبی "مێژووی توندوتیژیی خوێنڕێژی لە عێراقدا"، کە سـاڵی ١٩٩٩ دەرچوو، تاکو ئێستـاش وای دەبینین زۆربەی حـزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەگشت ئینتیما چینایەتی و هزری و ڕۆشنبیرییـەکانیـەوە، تەنانەت تاکە عێراقییـەکانیش نەک حزبی شیـوعیی عێراق بەتەنیا، بەشدار بوون لە بڵاوبوونەوەی ڕێبازی توندوتیژیی خوێناوی لە کاری سیاسیی عێراقدا، چونکە وای بۆ دەچین ئەم مـەیلە بەرەو پراکـتیـزەکـردنی توندوتیژی لە کاری سیاسی لە عێراقـدا لەبەر چەندان هۆ و پاڵنەری جیاجیای مێژوویی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕەگی بۆ دەیان سەدە لە مێژوودا دەگەڕێتەوە.

لەبەر ئەوە ئەم ڕایە، کە حزبی شیـوعی بەفـەرمی لە گشـتـاندنێکی ناوەخـۆییدا دەیسـەلمێنێت، وەڵامێکی قایلکەرە دژ بەو شیـوعـیـیـە عێراقـیـیـە سادانەی جـۆش و خـرۆش گرتوونی، ئەوانەی هێشتانەکینێ دان نانێن بەبەرپرسیارێتیی حزبی شیوعی لەبارەی ئەو کارە پڕ لە توندوتیژییانەی لە مـاوەی چوار سـاڵدا لە کـۆتایی سـاڵی ١٩٥٨دا و تـاکـۆتـا سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٣دا لە عـێراقـدا ڕوویان دا. هەروەک چۆن نکوڵی ڕوودانی هـەر هەڵەیەک لە کـاروانی حـزب و هەڵوێسـتـەکـانی لەو مـــاوەیەدا دەکـــەن، وای دەبیـنن هـەمـــوو ئەوانەی ڕوویان دا بـریتین لە پیـــلانگێـــڕی لە لایەن کۆنەپەرستـان، دەرەبەگ، بەکرێگیـراوان و ئەوانەی پەیوەندییـان بەداگیرکەرەوە هەیە و دژ بەحزبی شیوعین...!

## دیکتاتۆریی سێیەم

بەعسی و نەتەوەخوازە عێراقییەکان سیستمی دەسەڵاتخوازیی
باوەڕمەندی لە ساڵی ١٩٦٣دا دادەمەزرێنن

کـاتێک حـزبی شـیـوعی دوای ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ هـەمـوو دەرگـەکـانی بەڕووی حـزب و لایەنە سیاسییە عێراقییەکاندا داخست، کە گوێڕایەڵی، متمانە، یاخۆ پشتگیری حزبی شیوعیی عێراق نین، بەتایبـەت نەتەوەخواز و بەعسییەکان، هەروەها هیـچ دەرفەتێکیـان بۆ کەس نەهێشتـەوە، تاکو خـەیاڵی ئەوە بکات بتوانێت بەشێکی تەنانـەت کەمیشی هەبێت لە ئازادیی جووڵە و چالاکی، یاخۆ بەدەستـهێنانی هەر دەسکەوتێکی سـیاسی، یان پۆست، یاخۆ لە کاردا لـە هەر ئاستێکدا بێت،

نەتەوەخواز و بەعسییەکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی لە بەرابەر ڕژێمێکی دەسەڵاتخوازی باوەڕمەندیدایە تێیدا هیچ دەرفەتێکیان نییە لە ژیانی سیاسی، یاخۆ کارگێڕی و لە بەرابەر لەناوچوونی پەی دەرپەین، یاخۆ مانەوە لە دەرەوەی مێژوودا ئەگەر کارێک ئەنجام نەدەن، یان بەشتێک هەڵنەستن مانەوەی خۆیان و ژیانی سیاسی و کیانی خۆیان نەپارێزن، ئەمە ئەو خاڵی گۆڕانە ترسناکە بوو، کە شیوعییەکان بەگرینگی و مەترسی و دەلالەتەکانی ئایندەیان لەسەر بوون و کیان و پلانەکانیان نەزانی، پێ دەچێ هیچ چارەیەکیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دانەنابێت، بۆیە بەردەوام بوون لە ڕێکردن لەسەر هەمان ڕێگەی پاکتاویی تاکڕەوی بۆ پێڕەوکردنی دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندیی تایبەت بەخۆیان و بەردەوام بوون لەسەر فشار و ڕاوەدوونان و پرۆسەی داپڵۆسینی خوێناویی لەداردان و بەزەویدا ڕاکێشان دژ بەنەتەوەخواز و بەعسییەکان لە شەقام و فەرمانگە و سەربازگەکاندا، کاتێک شیوعییەکان زێدەڕۆییان کرد لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێبازە دیکتاتۆرییە، دروشمەکانیان ئاراستەیەکی دوژمنکارانە و دەمارگرتنیان لەخۆ گرت و پڕ بوون لە جوێن و زمانپیسی و وشەی بێ ئابڕوو دژ بەسەربەخۆ و بێ لایەنەکان، لەو هاووڵاتییانەی ڕاهاتبوون بەشداری نەکەن لە چالاکییە دوژمنکارییەکان لە شەقامدا، ئەوەبوو دروشمە بەدناوە دنەدەرەکەی خۆیان بڵاوکردەوە (والما يصفك عفلقي– ئەوی چەپڵە لێ نەدات عەفلەقییە)، واتە ئەوی چەپڵە بۆ دروشمەکانیان لێ نەدات بەعسییە و لە دەستەی میشیل عەفلەقە.

شیوعییە عێراقییەکان درکیان بەوە نەدەکرد، ئەوان بەم شێوەیە ناوی حزبی بەعس و میشیل عەفلەقیان گەیاندە دوورترین گوندی عێراق، ڕەنگە بۆ بەعسییەکان پێویستی بەچەندان ساڵ لە کارکردن بکردایا بۆ گەیاندنی ناوی حزبەکەیان بەم شێوەیە و وایان لە خەڵکەکە کرد سۆراغ و پرسیاری بکەن! هەروەها درکیان بەوەش نەکرد کونجکۆڵیی ئەو عێراقییە ناسراوانەی بەدرێژاییی مێژوو بەزەحمەت قەناعەت دێنن، یا مل دەدەن و مەیلی جیاوازی، سەرکێشی، یاخیبوون، بەرهەڵستی و دڵەڕاوکێیان لەگفتوگۆی تێکچوون و جیابوونەوە دەورووژێنن، لاپڕەسەنییەکەیانیان ورووژاند بۆ زانینی ڕاستیی ئەم خێوە سیاسییەی شەو و ڕۆژ شیوعییەکانی دەترساند، کە لەوە دەکا عێراقییەکان هێندەیان لەبارەوە نەزانیبێت، ئیدی بەمە شیوعییەکان ترسیان لەنێو هاووڵاتییاندا بڵاو کردەوە و لە چالاکییەکانیاندا ناچاری بەشداربوونیان کردن، کە وەستانیان بۆ نەبوو، هەروەها بەدرێژیی چەندان ڕۆژ و مانگ ڕێپێوان و خۆپیشاندانی بەردەوامیان لە سەرجەم شارەکاندا بەڕێوە برد، جوێنیان بەنەتەوەخواز و بەعسییەکان دەدا و هەڕەشەی مەرگ و لەداردان و بەپەت ڕاکێشانیان دەکرد، هەروەها خەڵکەکەیان ناچار کرد بروسکەی پشتگیری بۆ سەرۆک عەبدولکەریم قاسم بنێرن، کە ناواخنێکی شیوعییانە لەخۆ بگرێت، هەروەها خوێندنەوەی ڕۆژانەی ڕۆژنامەی (طريق الشعب)ی حزبی شیوعیی عێراق، یاخۆ هیچ نەبێت بەدەستەوە هەڵگرتنی بەشێوەیەکی بینراو یەکێک لە ئەرکە ڕۆشنبیرییە ڕۆژانەکانە بۆ سەلماندنی نیشتمانپەروەری و دڵسۆزی بۆ شۆڕش و سەرۆک و حزبی شیوعی، تاکو ناوی ئەم ڕۆژنامەیە (طريق الشعب)

لەودەمی لە گیرفانی یا بەرگی کەسە عێراقییەکەوە بەدیار دەکەوێت، وەکو چاوەزار یاخۆ تەلیسم کە خراپەی تۆمەتی کوشندەی وەک نەتەوەخوازی، عرووبە، بەعسێتی، دواکەوتوویی، کلکایەتی، هەلپەرستی، بەکرێگیراوی بۆ داگیرکەر یاخۆ دڵسۆزی بۆ هەتیوەکانی سەردەمی بەسەرچوو... هتد، دوورخاتەوە.

لە بەرابەر گشت ئەمانەدا، بەعسی و نەتەوەخوازەکان بێ ئومێد بوون لە توانی چاککردنی دۆخەکە یاخۆ لێک گەیشتن لەگەڵیدا، لەبەر ئەمە بڕیاریان دا بەتەواوی بەرەو کاری نهێنی بڕۆن و بۆ خۆیان و لایەنگرانیان بەرنامەیەکی تۆکمەیان لە پەنهانی و نهێنیپارێزیی ڕەها لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی دانا و شانەی حزبییان لەسەر شێوەی یەکەی ڕێکخراوەییی داخراو و جیا لە یەکتر دانا و پابەندی ئەوپەڕی ڕۆحی دیسپلینی نهێنیی سەنتراڵی و گوێڕایەڵیی فەرمانەکان و ملدانی کوێرانە بوون بۆ ئەو ڕێنوێنییانەی لە ناوەندی ڕێکخراوە زنجیرەییە بالاکەوە دەردەچێت، هەروەها بەهیچ شێوەیەک ڕێگەنەدان بەهەر سووک تەماشاکردنێک لە کاروباری نهێنی و تایبەت بەزنجیرەی هەرەمی ڕێکخراوەیی، بەبیانووی دوورخستنەوە، دەرکردن و سزای تەمێکردنی ڕێکخراوەیی.

بەم ئاوایە ڕێکخراوەی نهێنیی نەتەوەخواز و بەعسییەکان و بەتایبەت ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس فۆرمێکی سەربازیی پابەندبوویان بەبەرزترین پلەکانی دیسپلین و نهێنی وەرگرت، لەم ماوەیەشدا کەس بایەخی بەکێشەی هزری، مشتومڕی باوەڕمەندی، تیۆری و ڕۆشنبیرکردن نەدا، کە وایان نیشان دەدا چون شێوەیەک بن لە شێوەکانی لووتبەرزی و خۆشگوزەرانی لە دۆخی مەترسیی جدیی بەرودوا، وەکو گرتن و ڕاوەدوونانی کوشندە و بەپەت ڕاکێشان کە حزبی شیوعی لەسەر بنەمای زمان لێدان دژیان و دژ بەهەوادارانیان بەکاری دەهێنان، کە لەسەر گومان و تۆمەت (بەمەزەندە) بناخەی دانابوو.

بەنیسبەت سەربازەکانیشەوە لە ئەفسەر و پلەداران گرینگییەکی تایبەت و هەڵاواردەیی بەڕێکخستنەکەیان درا، ئەوەبوو بەیەکجاری و ڕەهایی سوپا لە ڕێکخستنی مەدەنی جیا کرایەوە، هەرچی ئەو ئەفسەرانە بوون، کە هێشتا لە خزمەتدا بوون و پێیان نەدەزانرا، زۆر بەتەنگیانەوە دەهاتن و بەشێوەیەکی تایبەت دەپارێزران و چاوەکانیان لەسەر دوور دەخرانەوە، لەڕێگەی تەکتیکی گوماناویی فێڵی ژیرانە بۆ پاراستنی گیانیان و پێگە و پایەی سەربازییان کە داگیریان کردبوو. هەروەها ڕێگەیان دا هەموو هەڵسوکەوتێک بگرنە بەر بۆ شاردنەوەی ئینتیمای سیاسی و باوەڕمەندییان و ڕێگەگرتن لە دەستنیشانکردنی مەیل و هەڵوێستەکانیان، هەروەها بایەخ درا بەوانەی لە سوپا دەرچوونە یاخۆ دەرکراون، لە لایەنگر و هەواداری ڕەوتەکەیان، وێڕای دۆخی نهێنیپارێزیی توند، ئەوا بڕگەیەلی پیاهەڵدان بەئازایەتیی ئەفسەرانی لایەنگر و دیسپلینیان کە لە ڕێگەی ئاماژەکردنەوە بەچپەچپ و بڕگەی پەنهان، ناخی ئەندامانی ڕێکخراوەکەیان پڕ کردبوو لە شانازی و هیوا و چاو لە سەرکەوتنی نێزیک، ئەوی بەدواداچوونی هەبووایا دەیتوانی درک بەوە

بکات کە هەموو ئەو چالاکی و جووڵەیەی ناو ڕێکخستنە نهێنییەکە ڕوودەدەن، ئامادە و خۆسازدانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ساتی پێکدادانی داهاتوو. بەهەر حاڵ گشت ئامادەکارییەکان بەشێوەیەکی خێرا و بەگورجوگۆڵی بۆ زریانی خوێناویی داهاتوو ئەنجام دران.

سیاسەتی دەسەڵاتخوازی و ڕاوەدوونانی تەناهیی ڕیژیمی پاشایی خزمەتی شیوعییەکانی کرد و یارمەتیی دان بۆ فرەوانبوونەوە بەجۆرێک خۆیانیش نەیانزانی چۆن، هەروەها توانی ئەوەی پێ بەخشین بڵاو ببنەوە و کەسانی پتر لەوانەی حەزیان لێ بوو بێنە ڕیزەکانیانەوە بگرنە خۆ، هەڵبەت دیکتاتۆریی دەسەڵاتداری، سیاسەتی زەبروزەنگ و پەندادانی خوێناوی، کە شیوعییەکان دوای ساڵی ١٩٥٨ گرتیانە بەر و نەیانزانی چۆن حزبی بەعس تەشەنەی کرد و گەلێک لە ئەندامانی سوپا و مەدەنییەکان هاتنە ڕیزەوە.

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە زۆربەی ڕابەرە ناسراو و داواکراوەکانی حزبی بەعس و نەتەوەخوازەکان بۆ دەرەوەی وڵات هەڵاتن و زۆربەی زۆریان لەو ساڵە خوێناوییە ئەنگوستەچاوانەی بەهێزیی شیوعییەکاندا ڕوویان لە سووریا کرد. کەچی سەرکردایەتیی نەتەوەییی حزبی بەعس فەرمانی بەهەندێک لە سەرکردەکانی دا بۆ عێراق بگەڕێنەوە "لەنێویاندا بەڕێز عەلی ساڵح ئەلسەعدیشی تێدا بوو، کە فەرمانی پێ درا لە نیسانی ١٩٦٠دا بگەڕێتەوە عێراق، تاکو بەرپرسیارێتیی حزبی بەعس لە عێراقدا بگرێتە ئەستۆ. هەڵبەت ئەم کابرایە ئامادەییەکی لەباری بۆ خەباتی نهێنی تێدابوو، وەکو ئازایەتی، باوەڕبەخۆ بوون، دڵڕەقی و توانی گەورە بۆ ڕێکخستن".[٢٢]

ئەوەبوو شانەکانی ڕێک خستەوە و دیسپلینی ناوەوەی حزبی بەرەو پێش برد و لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٩٦٢دا بەعسی و نەتەوەخوازەکان توانییان (بەرەی نەتەوەیی) دامەزرێنن، کە حزبی بەعس، پاشماوەی حزبی ئیستیقلال، کۆمەڵێک لە ئەفسەرانی نەتەوەخواز، یەکەتیی نیشتمانیی قوتابییان، یەکەتیی مامۆستایان و کۆمەڵە پیشەییەکانی تری لەخۆ گرت. هەروەها تۆڕێک لە (لیژنەکانی ئاگەدارکردنەوە) دروست کرا، کە پاشان ئەوی ناویان نابوو (حەرەس قەومی)ی پێک هێنا، کە دەبوو ئەندامەکانی لەکاتی فەرمان وەرگرتندا بەجلی مەدەنییەوە بەشەستیر و چەکەکانی تریانەوە دابەزنە شەقامەکان. هەروەها ئامادەباشیی نهێنییان لە لایەنی سەربازییەوە لەناو یەکە و سەربازگە نێزیکەکان لە بەغداوە وەرگرتبوو، بۆ ئەنجامدانی پلانی کوودەتا بەسەر حوکمدا.

وردبوونەوە لە وردەکارییەکانی پلانی کوودەتا، کە پاشان ئاشکرا بوو و حوکمی عەبدولکەریم قاسمی ڕووخاند، لەگەڵ دڕندەیی خوێنڕێژییەکەی لە جێبەجێکردندا و یەکلاکردنەوەکەش بۆ سێ خاڵی گرینگ دەگەڕێتەوە:

یەکەم: ترس و وریایی زۆر لە هێزی گەورەی شیوعییەکان و تەشەنەکردنی بەرفرەوانیان لە سوپا و لە کەرتی مەدەنی و شیمانەی ئاگەداربوونەوە و ئاشکراکردنی بزاوی کوودەتاکە و جووڵەی دەمودەستیان بۆ تەفروتووناکردنی.

دووەم: قەبارەی گەورەی خەم و ئازار و تۆڵەی کۆوەبوو لە سینەی ئەو نەتەوەخواز و

بەعسییانەدا، لە سۆنگەی ئەوەی بەدەستی شیوعییەکانەوە چەشتیان لە پەندداندان، سەرشۆڕی، داپڵۆسین و ستەم بەدرێژایی چوار ساڵ لە چەوسانەوەی بارگاوی بەدەمارگرتن، کاری دوژمنکارانە و ڕق لێبوونەوەی بەردەوام، ئەمەش هانی دان لەکاتی جێبەجێکردندا زۆر پشت بەکاری سەرکێشی ببەستن، کە لە هەندێک لە وردەکارییەکاندا لە جۆرە شێتییەکی دەکرد.

سێیەم: پشتبەستنی زێدەڕۆ بەئازایەتیی لاوانی ئەنجامدەر لە کەمتەمەنەکان و مکوڕبوونیان لەسەری بێ دوودڵی پێڕەوکردنی وشە بەوشەی ڕێنوێنییەکانی ناوەند لە سەرچاوە حزبییە تایبەتەکانەوە..

پلانی کوودەتاکە بەرێکی و گونجاوی، کە مایەی سەرسووڕمان بوو ئەنجام درا، بەڵام بەشێوەیەکی بێبەزەییانە و خوێناویی ترسناک هەڵگری ئێش و ئازاری ئەو چوار ساڵەی پێشوو و بەڵا وماڵوێرانییەکانی بوو.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا ئەو ڕێکخستنانەی ئەنجامدانیان پێ سپێررابوو بۆ ڕووخانی ڕژێمەکە دەستیان بەجووڵە کرد. وێڕای ئەو پارادۆکسە ورووژێنەرانەی ڕووداوەکانی ئەو بەیانییە، کەچی ئێنجاش درک بەگێڕانەوەی مێژوو و نمایشکردنی ڕووداوە یەک بەدوای یەکەکانی دەکەین، چونکە مێژوو نووسراوەتەوە و تۆمار کراوە و دیکۆمێنت کراوە. ئێمە لێرەدا ڕووناکی دەخەینە سەر هەندێک لایەنی پێوەندار بەبابەتی توێژینەوەکەمان سەبارەت بەڕیشەکێشکردن و دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی و شەڕی قەڵاچۆکردنی خوێناویی ترسناک، کە لایەنە ناکۆکەکان بەهەر نرخێک پەنایان بۆ برد، بۆ دابینکردنی ماوەی دیکتاتۆریی تاکڕایی. ڕەنگە پێویست بکات خوێنەر بزانێت لەو ماوەیەی خۆسازدان کرا بۆ ڕووخانی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم و لادانی هەژموونی شیوعییەکان لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا ئەو پێوەندییەی لەنێوان نەتەوەخوازەکان لە لایەکەوە و بەعسییەکان لە لایەکی ترەوە بەکوێ گەیشت و بۆچی بەعسییەکان بەتەنیا خۆیان کارەکەیان جێبەجێ کرد، ئەی ڕۆڵی نەتەوەخواز و قەبارەی ئەم ڕۆڵە چی بوو؟ بۆ ئەوەی لەو ئەنجامانە بگەین، کە پێی گەیشتن و بووە هۆی کوودەتایەکی ناسیۆنالیستی تر، ئەویش کوودەتای نەتەوەخوازەکان بوو بەسەر بەعسییەکاندا لە ١٨ی سەرماوەرزی ١٩٦٣دا، واتە دوای نۆ مانگ لە ڕووخانی عەبدولکەریم قاسم و لادانی شیوعییەکان لەسەر دەسەڵات و لە حوکم.

نەتەوەخواز و بەعسییەکان لە هەموو ئاستەکاندا لە لایەن شیوعییەکانەوە بەشێوەیەکی بەردەوام تووشی فشاری توند و سزای یەکلاکەرەوە دەهاتن، تا ڕادەی کوشتن و ڕاکێشان بەشەقامەکاندا، هەروەها دەرگیری ڕاوەدوونان، چاولەسەربوون، تیرۆر، پەندداندان، دەرکردن لە کارەکانیان و خانەنشینکردن دەهاتن.

دوای بەردەوامیی ئەو فشار و سزا پاکتاوییانە لە لایەن هەردوو لاوە، ئەمان بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ و قسەکردن لەنێوان خۆیاندا دەستپێشکەرییان کرد، بەتایبەت دەستەی ئەفسەرانی سوپا، لەوانەی بۆ کۆتاییهێنان بەرۆڵ و هەژموونیان لەناو سوپادا دەرگیری پرۆسەی نانبڕین،

دوورخستنەوە و خانەنشین کردن دەهاتن، لە ئەنجامی ئەمەشدا ئەفسەرانی نەتەوەخواز و بەعسییەکان بەچاوپۆشییان لەوەی سەر بە چ لایەنێکی حزبین لیژنەیەکیان پێک هێنا، ناویان نا لیژنەی باڵای نەتەوەیی ئەفسەرانی ئازادیخواز، کە لەم نۆ ئەفسەرە پێک هاتبوو:

سەرهەنگ ڕوکن ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، سەرهەنگ ڕوکن عەبدولکەریم فەرحان، موقەدەم ڕوکن خالد حەسەن فەرید، موقەدەم ڕوکن عەبدولستار عەبدوللەتیف، موقەدەم ڕوکن سوبحی عەبدولحەمید، موقەدەم ڕوکن ساڵح مەهدی عەماش، موقەدەم ڕوکن جاسم کازم ئەلعەزاوی، موقەدەم ڕوکن ئیبراهیم جاسم ئەلتکریتی، موقەدەم ڕوکن خالد مەکی ئەلهاشمی.

لە میانەی ناوەکانی ئەم لیژنەیەوە ڕوون دەبێتەوە، نیوەیان لە نەتەوەخواز یاخۆ ناسرییەکانن و نیوەکەی تریش لە بەعسییەکانن، ئەم لیژنەیە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دەستی بەکۆبوونەوەکانی کرد، لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا ساڵح مەهدی عەماش ئەفسەری بەعسی حەردان تکریتیی فڕۆکەوانی لەگەڵ خۆیدا بۆ کۆبوونەوەکە هێنا، کە لە پلەی سەرۆک (واتا پێشەنگ)دا بوو، ئەمەش بێزاریی ئەوانی تری لێ کەوتەوە، چونکە پێشتر پێیانی نەوتبوو و بڕیاریان نەدابوو بیکەنە لیژنەکەوە...

لە کۆبوونەوەیەکی تردا لیژنەکە پۆستی باڵای دەوڵەتی لەنێوان ئەندامەکانیدا دابەش کرد و لەسەر ئەمە ڕێکەوتن و بڕیاری لەسەر درا.

بۆ کۆبوونەوەی داهاتووش بەعسییەکان پێشنیازێکیان پێشکێش کرد بەهەموارکردنی پۆست و ئەو کەسانەی لەسەریان ڕێک کەوتبوون، ئەمەش بووە هۆی شڵەژان و پرسیار و ناتەبایی و مشتومڕ، پاشان لە کۆتاییدا لەسەر گۆڕانکارییە نوێیەکان ڕێککەوتن.

هەواڵنامەی کتێب

لە کۆبوونەوەکەی دواتریشدا ساڵح مەهدی عەماش پێشنیازێکی پێشکێش کرد، کە هەموو ئەندامانی لیژنەکە بێنە ناو حزبی بەعسەوە و تێیدا ببنە ئەندام، بەو مەرجەی حزب و حوکمی داهاتوو لەژێر فەرماندەیی ئەم لیژنەیەدا بن، دوای مشتومڕ و جیاوازی و لێکدانەوە بڕیاریان دا بچنە ناو حزبی بەعسەوە، ئیدی ئەفسەرە نەتەوەخوازەکان بەسوبحی عەبدولحەمید و عەبدولکەریم فەرحانیشەوە چوونە ناو حزبەوە، کەچی لە سۆنگەی جیاوازی لە بیروڕا و بۆچوونەکان و بێ توانییان لە پابەندبوون، یاخۆ گوێگرتن لە فەرمانە حزبییەکان، دوای ماوەیەکی کەم کشانەوە و لە حزب دەرچوون.

خوێنەر دەتوانێت لەمیانەی دێرەکانەوە ئەو ڕۆحی عێراقییە لە کۆنترۆڵ و هەژموون و ئارەزووی دەسەڵاتخوازیی دەستەگەریی باوەڕمەندی بەدی بکات، کە باڵی بەسەر شێوازی کارەکەدا گرتبوو، تەنانەت لەو چاوپێکەوتنە نهێنییە پڕ لە مەترسییەی سەرنەکەوتن و ئاشکرابوون و مەرگە حەتمییەشدا.

وێڕای کشانەوەیان لە حزب و ناکۆکییەکانیان، کەچی ئینجاش بڕیاریان دا وەکو پێشوو کار

بەیەکەوە بکەن بۆ ڕزگاربوون لە حوکمی دیکتاتۆریی عەبدولکەریم قاسم، بەڵام پێوەندیی نێوان هەردوو لا دوورکەوتنەوە و ساردییەکی بەرچاوی بەخۆوە دەبینی...

دوای ئەوە لیژنەکە بووە دوو لیژنە، لیژنەی نەتەوەیی و ئەوی تر بەعسی... لەنێوان هەردوو لیژنەکەشدا وردە شەڕ و هەڵسوکەوتێلێک ڕوویان دا ئاماژەیان بەدۆخێک لە ڕکابەری و تۆمەتبارکردن و تەشەنەکردنی ڕۆحی ناوزڕاندن و قسە بەیەک گوتن لەنێوان ئەندامانی هەردوو لیژنەکەدا دەکرد، ئەویش دۆخێکی ناسراو و باوە لەنێوان عێراقییەکاندا هاوشانە لەگەڵ ئاکاری کەسێتیی عێراقی لە سەرجەم چاخ و ڕۆژگارەکاندا...

ئیدی دۆخی تۆمەتبارکردن و گومانلێکردن و دوورکەوتنەوەی نێوان هەردوو لا ڕوو لە هەڵکشان بوو، وایان لێ هات بەدوو کیانی جیا بەتەواوی لێک دوور دەکەوتنەوە و پێکەوە نەبوون، وێڕای ئەوەی ئەو مەترسی و هەڕەشانەی ئابڵووقەی هەردوو لایان دابوو، لەژێر سایەی دەسەڵاتی شیوعییەکاندا لەسەر زۆرێک لە یەکەکانی سوپا و چاودێریی هەواڵگریی سەربازیی سەر بەڕێژیم گەورە بوون.

ئیتر هەر بارستە و بەتەنیا پلانی دادەنا بۆ لەناوبردنی ڕێژیمی عەبدولکەریم قاسم بەگشت شێوەیەک، بەتیرۆرکردنی کەسی عەبدولکەریم قاسمیشەوە، سەرەڕای تێکەڵیی پێوەندییە کەسێنییەکان لەنێوان ئەفسەرانی هەردوو بارستەکەدا، کەچی جیاوازی لە خولک و لە بۆچوونەکانی هەردوو لادا وەکو ئەڵتەرناتیڤی هەموو خاڵێکی ڕێکەوتن و لێکچوون خۆی سەپاندبوو، بۆیە هەر لایەنە و لەسەر شێوازی تایبەتی خۆی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم کاری دەکرد.

ئەوەبوو بەعسییەکان دەسپێشکەرییان کرد لە ئەنجامدانی پلانەکەیان لە ڕووخانی ڕێژیمدا، پلانەکەش (کە پاشان ئاشکرا بوو) پشتی بەقەبارەیەکی گەورە لە سەرچڵی و سەرکێشی و پشتبەستن بەئازایەتیی لاوانی کەمتەمەنی بەعسی بەست، ئەوەبوو عەبدولکەریم قاسم گەلێک ئەفسەری تری خانەنشین کرد و لیستی نوێی تەسریح دەرچوو "هەروەها عەلی ساڵح ئەلسەعدی ئەمینداری سەرکردایەتیی هەرێمایەتیی بەعس گیرا، لەگەڵ موقەدەم ساڵح مەهدی عەماش ئەندامی نووسینگەی سەربازیی بەعس، لەبەر ئەمە و لە ترسی گرتنی پتر، ئەو سەرکردانەی هێشتا نەگیرابوون، بڕیاریان دا ڕۆژی هەینی لە ٨ی شوباتدا دەستی خۆیان بوەشێنن".[٢٣]

لەبەر ئەمە پەلەکردن و ئەنجامدانی ئەو کارە پڕ لە مەترسییە گەورەیە لە هەڵاتن بۆ پێشەوەی دەکرد...! کۆمەڵێک ڕێککەوت و پارادۆکسی دەگمەن وایان کرد پلانەکە سەربگرێت، ڕێژیمەکە بڕووخێت و پرۆسەکە بۆ لەناودانی شیوعییەکان و ژێر پێنانیان دەست پێ بکات.

ڕەنگە مایەی سوودگەیاندن بێت باسی یەکێک لە ڕێککەوت و پارادۆکسە وروژێنەکان بکەین، هاوشانی پرۆسەی ڕووخاندنی ڕێژیمی بەهێزی عەبدولکەریم قاسم بوو، کە هێزی مەدەنی و سەربازیی حزبی شیوعی پشتیوانیی لێ دەکرد، وێڕای ئەوەی خودی عەبدولکەریم قاسم

پشتیوانییەکی میللیی گەورەی هەبوو.

یەکەمین بەشی پلانی بەعسییەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات، کوشتنی سوپاسالاری ڕوکنی هێزی ئاسمانی جەلالەدین ئەلئەوقاتی فەرماندەی هێزی ئاسمانی بوو، کە سەرکردەیەکی شیوعیی پابەند و لێهاتوو بوو، نوێنەرایەتیی هێزی ڕاستەقینەی زەبروەشێن بوو بەدەست دەسەڵات و حزبی شیوعیی عێراقەوە، ئەو ٧٠ فڕۆکەوانی شیوعیی هەبوو لەنێوان ٣٠٠ فڕۆکەواندا، کە تێکڕای کادری هێزی ئاسمانیی ئەودەمی عێراقیان دەنواند، ئەلئەوقاتی ئەو فڕۆکەوانە شیوعییانەی لە بنکەی ڕەشیدی ئاسمانیی نێزیک بەبەغدای پایەتەختی گرد کردنەوە و تازەترین فڕۆکەی شەڕیی ئەوکاتی عێراقی خستە ژێر دەستیان، بۆیە ئەوقاتی دەیتوانی مسۆگەری داپڵۆسینی هەر جووڵەیەکی سەربازیی کوودەتاخواز بکات لەسەر زەوی، کە ڕوو لە ڕووخانی ڕێژیم بکات. حزبی بەعس چوار لاوی تازەهەڵچووی ڕاسپارد جەلال ئەلئەوقاتی[٢٤] بکوژن و سەر و دەمانچەشیان پێ درا...

ئەو ڕێنوێنییانەی پێیان درابوون ئەوە بوو کە تیرۆرکردنی ئەلئەوقاتی واتە سەرکەوتنی شۆڕش، سەرنەکەوتنیشیان لە تیرۆرکردنیدا بەمانای سەرنەکەوتنی شۆڕش و کەوتنیەتی، هەڵبەت بەهیچ شێوەیەک ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ هەڵوێستەکە هەڵە نەبوو، بەڵکو تەواو دروست بوو، بەڵام نە ئەم گەنجانە و نەیش سەرکردەکانی حزب کە پلانیان بۆ کوودەتا داڕشتبوو نەیاندەزانی لەودیوەوە چی ڕوودەدات.

یەکێک لەو ئەفسەرانەی سەعاتی سفر و کوودەتاکەیان پێ ڕاگەیەنرابوو (ڕەنگە لەبەر پۆزلێدان و خۆبەزلزانین بووبێت) قسەی بۆ یەکێک لە سۆزانییەکان کردبوو، کە ڕۆژی ٨ی شوبات جەلال ئەلئەوقاتی تیرۆر دەکەن، سۆزانییەکەش لە ڕێگەی کەسێکەوە دەیناسی بەحزبی شیوعیی گوت و لە ئێوارەی ڕۆژی ٧ی شوباتدا هەواڵەکە گەیشتە سەرکردایەتیی حزبی شیوعی، ئەوە بوو سەلام عادلی سکرتێری حزب جۆرج تلۆی بەرپرسی نووسینگەی سەربازیی ئاگەدار کردەوە و داوای لێ کرد جەلال ئەلئەوقاتی وریا بکاتەوە و پێی ڕابگەیەنێت پێویستە شەوی ٧ی شوبات ماڵەکەی جێ بهێڵێت و لە شوێنێکی تردا بمێنێتەوە چونکە دەیانەوێت بیکوژن، جۆرج تلۆ کۆشا بچێتە ماڵی جەلال ئەلئەوقاتی، بەڵام لەبەر زۆر ساردیی کەشەکە ئەو شەوە ئۆتۆمبیلەکەی ئیشی نەکرد، بۆیە بڕیاری دا ئاگەدار کردنەوەکە بۆ سەرلەبەیانی هەڵگرێت، ئەوەبوو لەگەڵ گزنگی بەیاندا جەلال ئەلئەوقاتی سەعات هەشت و نیو کوژرا، ئیدی ڕووداوی پڕ لە کارەساتی دژ بەشیوعییەکان و ڕێژیمەکە دەستی پێ کرد...

دەبوو بێ دوودڵی جەلال ئەلئەوقاتی لە تیرۆرکردن ڕزگار بوایا، ئەگەر ئەو ڕووداو و پارادۆکسە سەیر و ورووژێنە نەبووایا، کە پاشان خاتو سەمینە ناجی یوسف ژنی سەلام عادلی سکرتێری حزبی شیوعی لە کتێبەکەیدا (سەلام عادل.. ژینامەی خەباتگێڕێک) دەیگێڕێتەوە، ئەم دەقەی لێ هەڵدەبژێرین:

هەواڵنامەی پێشڕ

"هەینێ یەکێ لە لەشفرۆشانی بەغدا (لە هاوەڵە سەربازییەکەیەوە) کە ئەفسەرێک بوو دەستی لە پرۆسەی کوودەتاکەدا هەبوو، کە ڕۆژی دواییی ٨ی شوبات کاتی کوودەتاکەیە، پێی زانی چوو هەواڵی بەحزب دا، ئەمەش لە ڕێگەی یەکێک لە ناسیاوە شیوعییەکانییەوە. ئەوەبوو لە نیوەی شەودا هەواڵەکە گەیشتە سەلام عادل، چوو بۆ ماڵی جۆرج تلۆ (بەرپرسی هێڵی سەربازیی ئەوکات) داوای لێ کرد بەپێی توانا ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر و بە جەلال ئەلئەوقاتی بوترێت ئەو ماڵەی تێیدا دەژێت جێبهێڵێت و لە شوێنێکی تردا بمێنێتەوە، ئیدی لەسۆنگەی ئیشنەکردنی ئۆتۆمبیلەکەی جۆرج تلۆ بەهۆی سەرمای ئەو شەوەوە، پێوتنەکەی هەڵگرت بۆ سەرلەبەیانی، ئەوەش هەڵەی تەمەن بوو. جەلال ئەلئەوقاتی لە هەشتی بەیانی، لەوددەمی لە ماڵ دەچووە دەر کوژرا، ئیدی کوودەتاخوازان بەیاننامەکانی کوودەتا و کوشتنەکەیان بڵاوکردەوە، بەوە پایەیەکی سەرەکی لە پایەکانی بەرهەڵستی ڕووخا".[٢٥]

ئەو ڕێککەوتە سەیر و دەگمەنەی ئیشنەکردنی ئۆتۆمبیلەکەی جۆرج تلۆ لەو شەوەدا، بووە هۆی سەرخستنی چالاکییەکی ئەو لاوە چەکدارانەی لە بەیانی زووەوە لەبەر دەرکەی جەلال ئەلئەوقاتی چاوەڕوان بوون و توانییان تیرۆری بکەن.

خۆ ئەگەر ئەو پارادۆکسە نەبوایا دەبوو ئەلئەوقاتی لە ماڵێکی تردا بنووستایا، بەپێی ئاگەدارکردنەوەی حزبی شیوعی کە بەئەلئەوقاتی نەگەیشت، ئەمەش ئەو هەڵەیە بوو کە بەرپرسی نووسینگەی سەربازی کردی، وەکو شیوعییەکان خۆیان بەهەڵەی تەمەنی وەسف دەکەن. وێڕای ئەو پەلەپەلییەی بەعسییەکان لەکاتی ئەنجامدانیدا کردیان، کوودەتاکە سەرکەوت و ڕێژیمی عەبدولکەریم قاسم ڕووخا، ئەو کارەی وای لە سوپاسالار عەبدولکەریم فەرحان سەرۆکی بارستەی ئەفسەرە نەتەوەخوازەکان کرد لەو لیژنە سەربازییەی پێشتر باسمان کرد، لە یاداشتەکانیدا بڵێت:

"چارەنووس وای هێنا بەعس تەنیا بەدوو هەفتە پێشمان بکەوێت، ئەوەبوو بۆ زاڵبوون بەسەر دیکتاتۆریدا بزاوی ١٤ی ڕەمەزانی ئەنجام دا"،[٢٦] ئەوەبوو نەتەوەخوازەکان لە ڕێژیمی تازەدا پۆستی گرینگیان بەدەست هێنا، بەڵام دوای ئەوە سەرلەنوێ کەوتنەوە ناکۆکی لەگەڵ بەعسییەکاندا، بەعسی و نەتەوەخوازەکان بەر لە ڕووخانی ڕێژیم و دوای ئەوەش ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، ئەمەش لەسۆنگەی حەزی بالادەستیی عێراقی بەسەر ئاوەزی عێراقیدا، ئەویش ئارەزووی سەپاندنی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی و تاکڕەویی بیروڕایە، کە لە گشت ڕووداوەکانی مێژووی عێراقدا دەیبینینەوە، هاوبەشەکانی نێوان نەتەوەخواز و بەعسییەکان لە عێراقدا بەس بوون بۆ ئەوەی بێ هیچ ناکۆکییەک تا ماوەیەکی درێژ وایان لێ بکات پێکەوە کار بکەن، چونکە مەبەست و ئامانج بەکردەنی جێبەجێکردن و پێرەوکردنی بەرنامەی نیشتمانی بوو بۆ ڕزگارکردنی وڵات لە هەژاری، برسییەتی، نەزانی، نەخوێندەواری، نەخۆشی، خراپبوونی ئابووری، گەندەڵی، دواکەوتوویی بیناسازی و فێرکردن و تەندروستی... بەڵام حەزی بالادەستی، تۆڵەسەندنەوە و تاکڕەوی وا لە هەمووان دەکات گشت ئەم کارە نیشتمانییە پێویستانە لەبیر بکەن و بیانخەنە لاوە،

ڕوو لە ناکۆکیی سیاسی، کەسێنی، حزبی، دەستەیی، خۆ خەریککردن بەململانێی ڕووکەشانە و دروشمی پڕوپاگەندەیی بریقەدار بکەن، پاشان وەرچەرخان بەرەو ڕیشەکێشکردن و زۆرانبازیی پاکتاوی لەنێوان ئەوانەی هەڵگری یەک ئامانجن.

وەزارەتی بەرگری دوای بەرهەڵستییەکی دڕندانە کەوت و عەبدولکەریم قاسم و گەورە یاریدەرەکانی لە ئەفسەرە شیوعییەکان بەرەو ئیستگە بردران و لەوێ دوای مشتومڕێکی زۆر گوللەباران کران.

پاش ئەوەی لۆجیکی ئاوەز و بەزەیی لای ناحەزان، دۆستانی دوێنێ وەستا، وڵات خەڵتانی خوێن کرا و پەردە بەسەر ئەو قۆناخە تێکچڕژاوە لە پێکدادان و ململانێی خەمهێنەردا درا، ئەمەش ئەو قۆناخەیە دەکرا ببێتە بنەمای هەستانەوەی گەورەی نیشتمانی لە عێراقدا، نیشتمانپەروەران (نەتەوەخواز و بەعسی و شیوعییەکان) کەوتنە یەکتر کوشتن، لەبەر هۆیەلێک دەکرا دەیان ساڵی تر هەڵبگیرێن...!

سەرەڕای نەهامەتیی ڕووداوەکان لەو ساتانەی هاوار و هەڕەشە و گفتوگۆی پڕ لە بارگرژی و ورووژێن لە ئیستگەی ڕادیۆ لەنێوان سەرکەوتووان و شکستخواردوواندا، کە زۆربەی زۆریان لە ئەفسەران بوون لەوانەی ڕۆژانێک هاوەڵی خۆشەویستی یەکتر بوون، دەڵێن لەو کەشە تراجیدیا ئامێزەدا پارادۆکسێکی پێکەنینهێنەر ڕوویدا:

عەلی ساڵح ئەلسەعدی، کە دەمودەست لە کرتێکەیان دەرهێنا، تاکو پێوەندی بکات بەناوەندی سەرکردایەتی لە ئیستگە، مەهداویی لەنێوان وەستاوەکاندا لەگەڵ عەبدولسەلام عارفدا بینی، بەسەریدا شیڕاندی "کورە تۆ چیت کرد؟"، پێ دەچێ مەهداوی عەلی ساڵح ئەلسەعدی ئەمینداری هەرێمایەتیی حزبی بەعسی نەدەناسی، کە هەموو ئەو ڕووداوانەی بەڕێوە بردن و ئەو بوومەلەرزە گەورەیەی جووڵاند: مەهداوییش بەرپەرچی دایەوە "لاڵ بە کورە، من قسە لەگەڵ عەبدولسەلامدا دەکەم...!! ئەلسەعدییش وەڵامی دایەوە: "چاوەڕێ بە دەتکوژم". [٢٧]

بەگەڕانەوە بۆ هەندێک لە وردەکاریی ڕووداوەکانی ڕۆژی ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ و دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی یەکەم لە سەعات ٩:٤٠ خولەکدا، لەو بەیانییەدا و بێ دواکەوتن حزبی شیوعیی عێراق بەیاننامە پاکتاوییە خوێناوییە بەپەلە و شڵەژان ئامێزەکەی دەرکرد، کە سکرتێری حزبی شیوعی (حوسێن ئەلرەزی) سەلام عادل نووسیی، بێ پێشەکی تێیدا هاتبوو:

بەرەو چەک! پیلانی دواکەوتخوازی ئیمپریالی ژێر پێ بنێن... ئەی هاووڵاتییان، ئەی جەماوەری گەلە مەزنە خەباتگێڕەکەمان... ئەی کرێکار و جووتیار و ڕۆشنبیران و سەرجەم نیشتمانپەروەر و دیموکراتخوازانی تر... کۆمەڵێک جەردەی هیچوپووچ لە ئەفسەرانی دواکەوتنخواز و پیلانگێڕ هەوڵێکی بێ ئومێدانەیان دا بۆ دەسەڵات گرتنە دەست، تاکو وڵات بگەڕێننەوە بۆ چنگی ئیمپریالیزم و دواکەوتخوازی...

ئەی جەماوەری مایەی شانازیی گەلە تێکۆشەرەکەمان... بڕۆن بۆ شەقام و وڵاتەکەمان لە ناپاکان پاک بکەنەوە.. بەرەو چەک بۆ بەرگری لە سەربەخۆیی میللەت و دەسکەوتەکانی... لە هەر سەربازگە و دامەزراو و گەڕەک و گوندێک لیژنەی بەرگری پێک بهێنن، ئێمە داوای چەک لە حکوومەت دەکەین... بۆ پێشەوە... بۆ شەقام... پیلانەکە و پیلانگێڕان بنێنە ژێر پێوە..

دوای سەعاتێک، یاخۆ کەمێک پتر حزبی شیوعی بەیاننامەیەکی ئاگرینی خوێناویی دووەمی دەرکرد، پڕ بوو لە هەمان مانا و بانگەوازی هاندان بۆ چەک هەڵگرتن و داپڵۆسینی پیلانگێڕان و قڕکردنیان، دوای ئەمە خۆپیشاندانی چڕ و تووڕە، کە شیوعییەکان لە پتر لە شوێنێکی پایەتەختدا ڕابەرایەتییان دەکرد و بۆ داپڵۆسینی کوودەتاخوازەکان، هەروەها چەندان یەکەی تانک هەبوون بۆ ئابڵووقەدانی وەزارەتی بەرگری دەکشان بەسەرۆکایەتیی سەرهەنگ عەبدولکەریم مستەفا نەسرەت، ئەو ئەفسەرەی دوایی لە ساڵی ١٩٧٢دا سەدام حوسێن بەشێوەیەکی نامەردانە کوشتی، ئەمەش بەهۆی ئەندامبوونی لە ڕێکخستنی سەربازیی تایبەت بەبەعسییە چەپەکان و لایەنگرانی سووریا، ئەوەبوو سەرهەنگ مستەفا نەسرەت ناچار بوو وێنەی سەرۆک عەبدولکەریم قاسم لەسەر تانکەکەی دابنێت، تاکو خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەزاران شیوعی بپارێزێت، کە لەمیانەی ملنانی تانکەکان بەرەو وەزارەتی بەرگری بۆ تۆپبارانکردنی بارەگەی عەبدولکەریم قاسم بەشەقامەکاندا بڵاو بووبوونەوە.

عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ گەورە بەرپرسانی حوکمەکەی خۆیان لە وەزارەتی بەرگری قایم کردبوو، هەروەها گەورە ئەفسەرە شیوعییەکانیشیان تێدا بوون. یەکەکانی حەرەس قەومی، کە کۆمەڵەی بچووک بچووک بوون لە حزبییە چەکدارەکان بەشەستیر، لە بەرەبەیانەوە بەجلی مەدەنییەوە دابەزیبوونە شەقامەکان، ڕێنوێنییان پێ بوو کە بەهەر نرخێک بێت بەرەنگاری خۆپیشاندانی شیوعییەکان ببنەوە لە وەزارەتی بەرگرییان دوور بخەنەوە و ڕێگە لە بەردەم ئامێرە سەربازییەکاندا بکەنەوە بۆ توندکردنەوەی گەمارۆ بەدەوری بارەگەی عەبدولکەریم قاسمدا، بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی خستنی ڕژیمەکە.

ئەگەر ئەو خۆپیشاندان و حەشاماتە زۆرەی شیوعییەکانی لایەنگری عەبدولکەریم قاسم بیانتوانیایە بگەنە وەزارەتی بەرگری، ئەوا ڕووخاندنی ڕژیم دەبووە کارێکی نیمچە ئەستەم. خوێنەر دەتوانێت گەورەیی ڕووداوەکان لە پێکدادانی خوێناوی بێنێتە بەرچاوی خۆی، کە لەو ساتە چارەنووسسازە تۆقێنەرەدا ڕوویان دا.

پێکدادانەکە لەنێوان دیکتاتۆرییەتێکدا بوو پشتی بەدەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندیی دەستەیی دەبەست، کە حزبی شیوعیی عێراق بنیاتی نا و دایمەزراند و هێزەکانی سەقامگیر کرد، بەشێوەیەکی کوشندە و بەپێی بەرنامەڕێژی لە ماوەی چوار ساڵی بەردەوامدا، ئەمەمان لە لاپەڕەکانی پێشوودا باس کرد، کە دەیەوێت تا مردن پارێزگاری و بەرگریی لێ بکات، هەروەها لەنێوان دیکتاتۆرییەتێکی نوێ لە هەمان چەشن سەرکەوتن و هەستانەوەی دەوێت بۆ دامەزراندنی

ڕیژیمی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندیی ناسیۆنالیستی بارگاوی بەڕق و تۆڵە، کە لە سینگی دەیان هەزار لە نەتەوەخواز و بەعسیی چەوساوە و تەریکخراوی سیاسی لە ماوەی ئەو چوار ساڵانەدا، بەحەزی تۆڵەسەندنەوە بۆ قوربانی و شەهیدانی نەتەوەخوازی هان درابوون، ئەوانەی لەژێر لێدانی شیوعییەکان و دیکتاتۆریی خوێنڕێژییان داپڵۆسێنران.

یەکێک لەو بەعسییانەی لە ئەنجامدانی پلانەکەدا بەشدار بوو، بۆی گێڕاینەوە: لەگەڵ چەند چەکدارێکدا ڕاسپێررابوون دابەزنە شەقام بۆ ڕێگرتن لە خۆپیشاندانەکانی شیوعییەکان و بەرگرتن لە گەیشتنیان بۆ وەزارەتی بەرگری، گوتی:

ژمارەیەکی زۆر باش لە گوللەم پێ بوو، کە پڕ گیرفانەکانم بوون، جگە لە مەخزەنی یەدەگی ئامادە و پڕ لە گوللەی تایبەت بەشەستیر کە هەڵم دەگرت، وەلێ ئاپۆرای خۆپیشاندەرانی شیوعی و چڕیی ژمارەیان و کشانیان بەرەو ئێمە ڕێگەی ئەوەی پێ نەدەدان بگەڕێنەوە، تەنانەت ئەوکاتیش کە هەموو گوللەکانمان لە سینگیاندا بەتاڵ کردن، دوای ئەوەی ڕووبەڕوو دەستمان بەتەقە لێکردنیان کرد دەستیان بەهێرش بەرەو ئێمە کرد.

واقمان وڕ مابوو، چی بکەین گەر لە هێرشهێنان و هاتنە پێشەوە بەرەو ئێمە بەردەوام بوون، وەلێ ئەو گوللە بەردەوامانەی بەر جەستەیان کەوتن، پێشڕەوییانی وەستاند و کۆڵان و ئەو شەقامە بچووکانەی لە شەقامی ڕەشید دەبوونەوە، پەیتا پەیتا حەشاماتە خرۆشاوەکەیان قووت دەدان.

لەمیانەی ئەم وەسفە تۆقێنەرەوە بەڕوونی ئەوە دەردەکەوێت ئەو شەڕە شەڕی قەڵاچۆکردنی چارەنووسساز بوو، کە لە ڕۆژانی داهاتوودا کێ دەستبەسەراگرتنی حوکمی بەغدا دەکات (بەپێی خەمڵاندنی شیوعییەکان نێزیکەی ٥٠٠٠ هاووڵاتی لەو کوشتارەی ٨-١٠ی شوباتدا کوژران، هەروەها لەمیانەی ڕاوکردنی درندانەی ئەم ماڵ و ئەو ماڵ بۆ گیانی شیوعییەکان لە ڕۆژانی دوای ئەوەدا).[٢٨]

وەکو گشت ڕووداوە یەکلاییکەرەوەکان لە مێژووی عێراقدا، هیچ گوێت لە دەنگی بەزەیی، بەتەنگەوەهاتن، یا لێبوردەیی نابێت، بەڵکو دەنگی توندوتیژیی خوێناوی، تۆڵە، ڕق، قین و ململانێ لەسەر دەسەڵات گرمەی دەهات.

لە سەعات ٨ی ئێوارەی ٨ی شوبات و دوای دەرچوونی بەیاننامەی حزبی شیوعی پڕ لە هاندان بۆ خوێنڕێژی و فرەوانکردنەوەی بازنەی شەڕ لە پتر لە گەڕەکێکی بەغدایا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بەیاننامەی ژمارە ١٣ی دەرکرد، کە یەکێک لە وێستگەکانی تۆقینی پێک هێنا، لەبیر ناچێتەوە و لە یادەوەریی شیوعییەکانی عێراقدا بەدرێژاییی چەندان نەوە ناسڕێتەوە، تێیدا هاتبوو:

"لەبەر ئەو هەوڵە نەزۆکانەی بەکرێگیراوە شیوعییەکان (بەشدارانی عەبدولکەریم)[٢٩] لە تاوانکاریدا دەیدەن، بۆ چاندنی ئاژاوە لە ڕیزەکانی گەلدا و پشتگوێخستنی فەرمان و ڕێنوێنییە

فەرمییەکان، فەرماندەی یەکە سەربازییەکان و پۆلیس و حەرەس قەومی ڕاسپێرران هەر کەسێک ئاشتی لێخن دەکات بیگرن، ئێمە داوا لە ڕۆڵەکانی گەلە دڵسۆزەکەمان دەکەین هاوکاریی دەسەڵات بکەن بەناودانی ئەو تاوانکارانە و لەناودانیان".

ئالێرەدا خوێنەر ئاگەدار دەکەینەوە سەرنج بدەنە وشەی "لەناودانیان".

مەترسیترین شت لەم بەیاننامە فەرمییەدا کە لە دەسەڵاتی نوێوە دەرچووە، فەرمانی بەفەرماندەی یەکە سەربازی و پۆلیس و حەرەس قەومی و ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەل دا شیوعییە بەکرێگیراوەکان، وەکو بەیاننامەکە ناوی هێنابوون، قەڵاچۆ بکەن. بەم ئاوایە هەردوو لا بەیاننامەی قەڵاچۆکردنی خوێنرێژییان دەگۆڕییەوە، بەڵام ئەوە شیوعییەکان بوون دوای ئەوە بەچەند ڕۆژ و مانگەکانی دوایی تووشی قەڵاچۆکردنی بەکردەنی هاتن، لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین کە بەیاننامەیەکی هاوشێوەی ئەم بەیاننامە خوێناوییە تۆقێنەرە پێشتر لە مێژووی عێراقدا لە ساڵی ١٨٣١دا دەرچوو، ئەودەمی مەمالیکەکان لە بەغدا لە کوشتارێکی بەناوبانگدا لەناودران، کە عەلی ڕەزای والی بەفەرمانی سوڵتانی عوسمانی ڕووداوە خوێناوییەکانی بەڕێوە دەبرد، ئەوەبوو فەرمان بۆ خەڵکەکە و بۆ سەربازەکان دەرچوو سەرجەم مەمالیکەکان لە هەر کوێیەکی عێراقدا بن بکوژن... ڕەنگە بتوانین بڵێین مێژووی عێراق پڕە لەم نموونە خوێناوییانە.

دوای ئەوەی وەزارەتی بەرگری عەبدولکەریم قاسم و ژمارەیەک لە گەورە یاریدەرانی لەنێویاندا فەرماندەی سەربازیی شیوعی گواستەوە بۆ ئیستگە، لەوێ لە شێوەی دادگەییی خێرای مەیدانی یەکسەر لەداردران، پاشان دوای ئەوە پرۆسەکانی کوشتن و قەڵاچۆکردن و هەڵکوتانەسەر بارەگە نهێنییەکان و دابڕانی بۆ ماوەی نێزیکەی ساڵێکی شیوعییەکان لە یەکتر، بەمە حزبی شیوعی لە سەرکردە و ئەندام و لایەنگرانی زیانێکی مرۆییی ترسناکی لێ کەوت، سەرەڕای ئەو شیوعییانەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆدا کوژران، ژمارەیەکی زۆری تریان لە کاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا لە بارەگەکانی حەرەس قەومیدا گیانیان لەدەست دا، ئەو بارەگەیانە بوونە قەسابخانەی ترسناکی مرۆیی لە سەرجەم پارێزگەکاندا، ئەوەبوو زۆربەی سەرکردە شیوعییەکان و لەنێوانیاندا سکرتێری حزبی شیوعی (حسين الرضي)ی ناسراو بەسەلام عادل، هەروەها کەسانی تریش لە هەڵکوتانەسەری چەکدارانەدا تێدا چوون، کە ئەندامانی ئاسایش و حەرەس قەومی لە حەشارگە و بارەگەی نهێنیی حزبیی حزبی شیوعیدا ئەنجامیان دا، کە لە میانەی دانپێدانانە خێراکانی ئەندامە بەرز و پێشکەوتووەکانی حزب لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا، یاخۆ بەر لە مردنیان لەژێر ئەشکەنجەداندا دوابەدوای یەک ئاشکرابوون و ناسران، هیچ یەکێک لە گیراوەکان تا ئەو کاتە نەیتوانی خۆی ڕاگرێت، یاخۆ لە شاردنەوەی ئەو زانیارییانەی لای بوون بەردەوام بێت، لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەیەدا، کە لە پەلوپۆ بڕینی دەکرد، تەنیا ئەوانەیان نەبێت لە لێکۆڵینەوەدا تاکو مردن خۆیان گرت.

ژمارەیەک لەو شیوعییانەی بەخت یاوەریان بوو توانییان لە ژیاندا بمێننەوە، هەینێ توانییان بۆ

دەرەوەی عێراق هەڵبێن یاخۆ لە چیاکانی کوردستانی عێراقدا خۆیان بشارنەوە، هەرچی جۆرەکانی تر بوون لەو شیوعییانەی لە سەرجەم پارێزگەکاندا بەتایبەت ئەوانەی حەرەس قەومی گرتنی، پاشان زوو بەرەڵایان کردن، ئەوەبوو زۆربەیان بوونە هەواڵدزی هاوکار لە پێشکێشکردنی زانیاریی پێویست بۆ وێرانکردنی حزبەکەیان و هاوڕێیانیان، هەروەها دەزگەکانی ئاسایش بەشێوەی دەستئەنقەست ژمارەیەک شانە و کادیر و هێڵی ڕێکخستنی شیوعییان لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق و بەغدایا هێشتەوە، بێ ئەوەی دەستیان بۆ ببەن، یا وێرانیان بکەن، یاخۆ ئەندامەکانیان بگرن، چونکە توانییان سەرکردە و بۆچوونەکانیان کۆنترۆڵ بکەن، ئەمەش لە میانەی بەرپرس و سەرکردە حزبییەکان خۆیانەوە پاش ئەوەی لەژێرەوە هاوکارییان لەگەڵ هەواڵگریدا کرد لە بەرابەر بەڵێندان بەپاراستنی ژیانیان، کە بەردەوام لە بەڕێوەبردنی ئەم شانانە و هێڵەکانیان ڕاسپێررابوون، کە گۆڕا بەتەڵە و بۆسە بەدەست دەزگەکانی ئاسایشەوە، تاکو بەخۆویستی شیوعییە سەرکردە هەڵاتوو و شاراوە و بزرەکان بخاتە بەرچاو پیاوانی هەواڵگری و چاودێرییان، هەروەها ئەوانەی ئارەزووی گەڕانەوەیان دەکرد، تاکو چالاکیی حزبی بکەن و پێوەندی بەحزب دروست بکەنەوە.

لە ئەنجامی ئەو شێوازانە و هی تریش دەزگە نهێنییەکانی سەر بەحەرەس قەومی، کە شارەزاییەکی گەورەیان لە کاری نهێنیدا بەدەست هێنابوو سەرکەوتنی یەکلایی و مەترسیداریان لەم بوارەدا ئەنجام دا، ئەمەش گومانی چاند و تۆمەتبارکردنی یەکتری لە ڕیزەکانی حزبی شیوعیدا بڵاو کردەوە کە لە دەرەوەی بەندیخانەدا کاریان دەکرد بێ ئەوەی بیانگرن، چون لە دەرەوەی پێزانینی دەزگەکانی ئاسایشدا بن، لەکاتێکدا لەژێر چاودێریی تەواوی چاوی هەواڵگریدا بوون، کە دەیگرتن، یا دوابەدوای یەک دەیکوشتن..!

ئەمەش بووە ئەگەری ڕووخانی گشتیی ورە و بڵاوبوونەوەی گومانەکان لەناو ڕێکخستنی شیوعی لەو ماوەیەدا، ئەوەبوو گیراوەکان ڕووبەڕووی وردترین نهێنی و وردەکاریی نوێ دەکرانەوە سەبارەت چۆنێتیی کۆبوونەوە و ئەو قسانەی لەناو شانە نهێنییەکاندا دەکران کە تازە پێوەندییان دروست کردبووەوە.

حزبی شیوعیی عێراق دەرگیری پرۆسەی پێشێلکردنی میتۆدیی ڕێکخراو بوو، ئەمەش پاش ئەوەی خۆی ئەوانی تری بەشێوەیەکی میتۆدیی ڕێکخراو بۆ ماوەی چوار ساڵی بەردەوام پێشێل کرد، تاکو ئێستاش هێز و حزب و ڕێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان لە سەردەمی پاشاییەوە تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە گێژەنی میتۆدیی ڕێکخراودا لە یەک بەدوای یەکێکی دۆزەخیی هەڵکشاودا دەسووڕێنەوە، کەس سنوور و مەوداکەی نازانێت، دوای ئەوەی سنووری شەڕی ناوەخۆییان بۆ شەڕی قەڵاچۆکردنی پووچی بەزاند، کە هیچ سوودێکی نەبوو!

بەم شێوەیە نەهامەتیی شیوعییەکان بەدەست حەرەس قەومییەکانەوە لە ساڵی ١٩٦٣دا و نەهامەتیی پاشاییخوازان بەدەست شیوعییەکانەوە بەر لەوە لە ساڵی ١٩٥٨دا و نەهامەتیی

حەرەس قەومییەکان بەدەست ناسرییەکانەوە دوای ئەوە، هەروەها نەهامەتیی ئیسلامییەکان بەدەست ئەلبەکر و سەدامەوە و نەهامەتیی بەعسییەکان بەدەستی ئیسلامییەکانەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا، لە ڕاستیدا نەهامەتیی هەمیشەیی عێراقە لە بەرابەر ویستی دەسەڵاتخوازی و تۆڵەسەندنەوە و تاکڕەوی لە گشت کات و سەردەمێکدا...

لەگەڵ دڵنیابوونەوە لە بەدیهێنانی سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم و لێدانی زەبرێکی پشتشکێن لە هەژموونی شیوعییەکان، ئیدی هۆکارەکانی دووبەرەکی، دووڕوویی، لێکدابڕان و جیاوازی لە لایەکەوە لەنێوان نەتەوەخواز و ناسرییەکاندا بەدەرکەوتن، لە لایەکی تریشەوە لەنێوان بەعسی و لایەنگرانیان، بەعسییەکان لە ڕووداوەکاندا ڕۆڵی گەورەتر و مەترسیدارتریان بینی، کە بووە هۆی ڕووخانی دەسەڵات، جا ئیتر لە ئامادەکردندا بێت، یاخۆ نەخشەکێشان، یان لە جێبەجێکردندا، لەبەر ئەمە بەپێی ئاوەزی عێراقیی شەیدا بەدەسەڵاتخوازی و دەسەڵاتی تاکڕەوی بڕوایان وا بوو، دوور لە ململانێی لایەنێکی تر مافی خۆیانە دەست بەسەر حوکم و دەسەڵاتدا بگرن، کەچی نەتەوەخواز و ناسرییەکان وایان دەبینی خۆیان بەشداری سەرەکین لە گشت ئەوانەی ڕوویان دا لەو قۆناخەدا لە پێشەکی و ئاکام و ستەم و ئەو زیانانەی وەک ئەوانی تر بەریان کەوتوون.

بێ ئەوەی بچینە ناو وردەکارییەکانەوە، هەمووان دوای ماوەیەکی کەم خۆیان لە بەردەم کێشمەکێشی پڕ لە ململانێ و پێکدادانی توندا بینییەوە، کە بەحوکمی واقیع بەسەریاندا سەپێنرابوو، ئەوی بووە هۆی بوون و بەرجەستەبوونیان، ئەو ناکۆکییە دەستەییە تاکڕەوییانە بوون، کە ئاوەزی عێراقیی تایبەتمەند بەو وەسفانەی باسمان کردن و پێویست ناکات دووبارەیان بکەینەوە، بەڕێوەی دەبردن.

لە ماوەی ئەو نۆ مانگەدا، لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣وە تا ١٨ی سەرماوەرزی (تشرینی دووەم) ساڵی ١٩٦٣، لە دوای ڕووخانی دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی کە شیوعییەکان دایانهێنا و دایانمەزراند، ناکۆکیی دەستەیی بۆ قۆرخکردنی تاکڕەوی بەسەر جومگەکانی دەوڵەتدا، کۆنترۆڵی ئاکار و چالاکیی زیاتری فەرماندە و بارستەکانی دەکرد، کە کیانی ڕژیمێکی نوێی دارشت.

ڕەنگە ئێستا بینینی ڕووداوەکان دوای تێپەڕبوونی نێزیکەی نیو سەدە وا دیار بن، گەمەکەرە گەورەکان لەو ماوەیە لە ناو ڕژیمەکەدا سوودیان لە ئازایەتیی لاوە بەعسییە کەمتەمەنەکان وەرگرت، هەروەها بۆ بەدیهێنانی مەبەستێلێک بەعس هیچ بەشێکی تێدا نەبوو، سوودیان لە جوانمێردییە ئەفسانەیی و ئەوپەڕی بوێری و هەڵاواردەییان وەرگرت، ئەوەبوو دوای ئەوەی وەکو ئامێرێکی یەکلاکەرەوە بۆ بڕینی پەلوپۆی ئەو دیکتاتۆرییە شیوعییە تۆقێنەرە و سیستمە یەککگرتووەکەی کە بەبیری کەسدا نەدەهات بڕووخێت، یاخۆ بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان لەق بێت، هەر زوو دایان بڕین و سەرلەنوێ دەرگەی گرتیگەیان بۆ کردنەوە.

لە حەفتەی یەکەمی ڕووخانی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسمەوە سیمای هەڵوەشانەوەی بەرەی نەتەوەیی بەدەرکەوت، کە بەعسی و نەتەوەخوازەکان دایانمەزراندبوو، ئیدی بەیەکجار لەبیر کرا وەکو لە بەرەی یەکەمدا ڕووی دا، بەرەی یەکەتیی نیشتمانی، کە ساڵی ١٩٥٦ بەر لە شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ پێک هات، ئەویش شیوعییەکان دوای ئەوە پشتگوێیان خست، هەروەها ڕۆڵی گەورەکراوەی ڕێکخراوی حەرەس قەومی دیار بوو، کە بۆ بەدیهێنانی دەکۆشا لە پێناو سەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەویی خۆی بەسەریدا، ئەمەش باڵادەستیی حزبی بەعسی دەگەیاند بەسەر کاروباری وڵات و ژیانی ڕۆژانەدا، بێ ئەوەی کەس بزانێت جۆری ئەو دەسەڵاتە چییە بەڕێکخراوی حەرەس قەومی و باقی ڕێکخراوەکانی تر سپێرراوە. بەهۆی هەزاران ڕووداوی ڕۆژانەی پڕ لە ناکۆکیی خراپ بۆ سەقامگیری، کە لە هەموو شوێنێکی عێراق و لەسەر ئاستی نێوان تاکەکانی حەرەس قەومی، بەگشت شوێنێکدا بلاو بووبوونەوە، ڕوویان دەدا، لەگەڵ ئەوانەی بەخۆشیان نەیاندەزانی چی دەکەن و سنووری ئەرک و دەسەڵاتەکانیان چییە، هەروەها لەنێوان سەرجەم ئەوانەی سەر بەکەرتە جۆرەوجۆرەکانی دەوڵەت بوون لە مەدەنی یاخۆ سەرباز...

لەبەر ئەمە و هۆیەلی تریش سنووری قەیران و پەرتبوونەکە، بەڵکو دووکەرتبوون، لە کیانی دەسەڵاتی نوێ و پتربوونی پرتە و بۆڵەی نەتەوەخواز و ناسرییەکان و بەشێک لە بەعسییەکانی سەر بەسوپاش فرەوانتر بووەوە، لەسۆنگەی ئەوەی بەدەست ئەندامانی حەرەس قەومییەوە لە سووکایەتی و پرۆسەکانی کونجکۆڵی و پشکنینی توند دەرگیری بووبوون کە مۆرکی دەمارگرتنیان پێوە دیاربوو، هەموو گواستنەوە و ئۆتۆمبێلە حکوومی و تایبەتییەکانیانی گرتەوە، ئیدی دابەشبوون لە کیانی دەسەڵاتدا ڕوون و دیار بوو و هەڵە و قسەی بەردەوام سەبارەت بەحوکمکردنی بەعسییەکان و دەسەڵاتی تاکڕەوییان بەسەر کاروباری وڵاتدا زەق کرانەوە، هەروەها بێزاری دەربڕینی نەتەوەخواز و ناسرییەکان شاراوە نەبوو لە لاتەریکبوون و پەراوێزخستن و نەبوونی دەسەڵات، لە بەرابەردا بەعسییەکان و هەوادارانیان دەستیان کرد بەگەوجاندنی بیر و قەناعەتی نەتەوەخواز و ناسرییەکان و بەرەنگاربوونەوەیان بەتیۆریی یەکەتیی سۆشیالیست. تەواو وەک چۆن شیوعییەکان بەر لەوە بەچوار ساڵ بیروڕای بەعسییەکانیان گەوجاند. وا دیارە میتۆدی گەوجاندنی ڕای ئەوانی تر و تیۆرییە هزرییەکانیان لە پێویستییەکانی پراکتیزەکردنی دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی بوو بێت، واتە دیکتاتۆریەتی تاکڕایی، بەم شێوەیە دەبینین ئەم میتۆدە لە گشت گۆڕانکارییە سیاسییە کوودەتاییەکاندا کە عێراق بەخۆوەی بینین ئەنجام درا و پراکتیزە کرا.

ئەو ئامرازەی بەعسییەکان ساڵی ١٩٦٣ وەکو زەبر دژ بەهێزە ڕاپەڕیوەکانی ناکۆک بەڕژێمەکە بەکاریان هێنا، ڕێکخراوی حەرەس قەومی بوو، کە ناوبانگی بڵاوبووەوە و بووە خێوێکی تۆقێنەر ترسی دەخستە دڵی بەرهەڵستکار و دوژمنانی حزب و دەسەڵاتەوە، تەواو وەکو ڕێکخراوی بەرگریی میللی (المقاومة الشعبية) و ڕێکخراوی بەرگری لە کۆمار و ڕێکخراوی لاوانی دیموکراسی

کردیان، کە حزبی شیوعی چالاکییەکانیانی بەڕێوە دەبرد.

دوای چەند مانگێکی کەم لە ڕووخانی عەبدولکەریم قاسم ڕەوتێکی سیاسی لەناو حزبی بەعس لە عێراقدا دەرکەوت، داوای پێویستیی گۆڕانی سیاسەتی حزب و کرانەوەی دەکرد بەسەر هێزەکانی تردا و وەستاندنی پرۆسەی لەناوبردنی شیوعییەکان و ڕاوەدوونانیان و پترکردنی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕەوتی نەتەوەیی و ناسری، هەروەها لە سیاسەتی توندکردنەوە و سەپاندنی تاکڕایی لە بەرابەر لایەنەکانی تردا بەپێویست نازانێت.

لە ئەنجامی ئەو قەیرانە سیاسییە ناوخۆییە لە ڕیزەکانی حزبی بەعسدا، ڕەنگە ئەوە سەرەتای یەکەم بووبێت بۆ خێراکردن بۆ کوودەتای سەربازی، کە عەبدولسەلام عارف لە ١٨ی سەرماوەرزی ١٩٦٣دا وەکو دوا هەوڵ بۆ ڕزگارکردنی ڕەوشە خراپەکە ڕابەرایەتیی کرد، بەشێوەیەکی خێرا کۆنگرەی هەرێمایەتیی حزبی بەعسی لە عێراقدا لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا بەست، واتە بەر لە پێنج ڕۆژ لە کوودەتاکەی عەبدولسەلام عارف بۆ گفتوگۆکردن لەسەر قەیرانەکە و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆی، هەروەها بۆ هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی نوێی هەرێمایەتیی حزب.

لەمیانەی بەستنی کۆنگرەکەوە دەستەیەک لە ئەفسەرە بەعسییە ناسەرکردەکان بەچەکەکانیانەوە هێرشیان برد و بەزەبری هێز چوونە ناو کۆنگرەکەوە و لیستێکیان لەو ناوانەی بەدەستیانەوە بوو بەسەریاندا سەپاند، تاکو ببێتە سەرکردایەتیی هەرێمایەتی، هەروەها داوایان کرد عەلی ساڵح ئەلسەعدی و حەمدی عەبدولمەجید و ژمارەیەکی تر لە ئەندامانی سەرکردایەتی دەربکرێن، دوای ئەوەی لیستەکەیان بەدەستەوە بوو و بەهێزی چەک سەپاندیان، داوایان کرد ژمارەیەک لە ئەندامە ناسراوەکانی سەرکردایەتی ڕابگوازرێن، لەنێویاندا عەلی ساڵح ئەلسەعدی ئەمینداری هەرێمایەتیی حزب، کە ڕۆڵی هەبوو لە ڕووخانی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسمی پشتگیر لە شیوعییەکان، ئەوەبوو بەکردەنی بەفڕۆکە بۆ دەرەوەی عێراق ڕاگوازران، ئەم ڕووداوەش بووە هۆی هەڵوەشانەوەی دۆخەکە بەشێوەیەکی بەرچاو، بەمە ڕەوشەکە گونجاو بوو بۆ هەڵکوتانە سەر ڕژێمەکە و ئەنجامدانی کوودەتای سەربازی، کە پێشتر ناومان هێنا و هەر بەکردەنی دوای پێنج ڕۆژ جێبەجێ کرا. ڕەنگە هێرشی سەربازەکان بۆ سەر کۆنگرەی حزب بۆ ساڵانێکی دوور لە یادەوەریی سەدام حوسێندا (تا ئەوکات ئەندامی بەرز نەبووە) مابێتەوە، هەروەها ئەو مەترسییەی دەشێت ناحزبییەکانی ناو سوپا بینێنەوە، ئەوانەی بەگشتی دیسپلینکراو نەبوون بەسەر سەرکردایەتیی مەدەنی حزبدا و چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی پاکتاویی یەکلاکەرەوە بێ دوودڵی بۆ دیاردەی دەستەگەرایی، کە دەکرێت لەناو حزبدا سەر هەڵبدا، یاخۆ دەربکەوێت و بێبەزەییانە لێی بدات.

بەئەنجامدانی کوودەتاکە لە سەرماوەرزی ١٩٦٣دا پەردە لەسەر ڕووی قۆناخێکی پڕ لە گێژەن دادرایەوە، تایبەتمەند بوو بەهەژموونی حەرەس قەومی بەسەر سەنتەرەکانی بڕیار و لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی ڕێبازی تاکڕەوی لە دەسەڵات و حوکمدا، کە بەوە وەسف دەکرا

دەسەڵاتی تاک حزبییە، بەمانایەکی تر دیکتاتۆریی تاکڕایی.

هەرچی کوودەتا نوێیەکە بوو، ئەوا عەبدولسەلام عارف گرتییە ئەستۆ، کە بەعسییەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە گەڕانەوەی بۆ پێشی پێشەوە، کاتێک بەسەرۆک کۆمار دایانمەزراند، لەو ڕێژیمەی بەدەست و بازووی بوێر و ئەوپەڕی ئازایەتییان دایانمەزراند.

دەست تیاهەبوونی عەبدولسەلام عارف لە ڕێکخستنی کوودەتا دژ بەبەعسییەکان، تەنیا هەر ئاماژە نەبوو بەبوونی ڕەوشتی هەڵگەڕانەوە و غەدر و پەلەپەلکردن لای ئەم کەسە، بەڵکو ئاماژەش بوو بەسەرهەڵدانی سیفەتەکانی نەخۆشی لە بنیاتی دەروونیی تاکی عێراقی و سروشتە ئاکارییە تاکڕەوییە دڕندانەکەی، کە قووڵتر و ڕەگداکوتراوتریان کردەوە بۆ پارچە پارچە بوونی سیاسیی توند و بێ پاساو لەنێوان لایەنە سیاسییە عێراقییەکاندا.

هەموو ئەو ناکۆکییانەی لەنێوان عەبدولسەلام عارف و ئەندامانێک لە سەکردایەتیی حزبی بەعسدا ڕوویان دا، بەشی ئەوەیان نەدەکرد یاخۆ پێویستی نەدەکرد، یان بەهانەیان نەدەدا کوودەتایەکی سەربازی دژیان بەڕێوە ببات سەرلەنوێ دەرگەی گرتیگەکان بۆ هەزاران لە لاوەکانیان بخاتە سەر پشت، ئەوانەی کۆشان و قوربانییان دا بۆ ڕزگارکردنی ئەو و دەرهێنانی لە زیندان و گێڕانەوەی متمانە بۆی...

ئەم هەڵگەڕانەوە و بەدنمەکییە تەنانەت لەسەر ئاستی کەسێنیدا مەتەڵێکی سەرسووڕهێنە لە پێکهاتەی کەسێتیی عێراقیدا، بێگومان حەزی ستەمکاری لە دەسەڵاتخوازی، قۆرخکردن، دامەزراندنی دیکتاتۆریی تاکباوەڕی و دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی فاکتەری هەرە بەهێز و هۆی یەکلاکەرەوە و گرینگترە، کە وای لە عەبدولسەلام عارف کرد هەڵکوتێتە سەر هاوپەیمانەکانی و کوودەتایان دژ ئەنجام بدات.

ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی نێزیکەی پەنجا ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە کارەساتبارانەدا، دەڵێین:

ئەگەر مانەوەی شیوعیی دیار جەلال ئەلئەوقاتی (فەرماندەی هێزی ئاسمانی) لە ماڵەکەی خۆیدا لە بەرەبەیانی ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا هەڵەی تەمەن بووبێت، کە بووە هۆی نەهامەتییەک تووشی حزبی شیوعی هات، وەکو پێشتر باسمان کرد، ئەوا دەرچوونی عەبدولسەلام عارف لە ماڵەکەی لە ٨ی شوباتدا هەڵەی تەمەنە، وەکو بینیمان بووە ئەگەری ڕوودانی کارەسات بۆ بەعسییەکان، دەسەڵات و حوکمی لە ١٨ی سەرماوەرزی ١٩٦٣دا لەدەستدان...

پەراوێزەکان:

١٦. الضرغام: شێر. الباز: باز. هەڵۆ. مانای ئەم دێرەش ئەوەیە، ئەو ڕاوکەرەی شێر وەکو ئامرازێک بۆ نێچیرگرتن بەکار دەهێنێت، بەوە لە ژیانیدا هەڵەیەکی کوشندە دەکات، چونکە ڕۆژێک دێ ئەم دڕندەیە ڕاوچییەکە دەخوات. لە دێرەکەدا ئاماژە بەکەم ئەزموونی هەڵەکردن لە هەڵسەنگاندنی کار و ڕەوشەکە دەکات، کە دوور نییە مرۆڤ لە ڕەوتی ژیانیدا تێی بکەوێت.

١٧. حصاد پوره، عبدالكريم فرحان، ص٣٠، دار البراق.

١٨. له کتێبی (أين الحقيقة في مصرع عبدالكريم قاسم؟، أحمد فوزي، دار الحرية للطباعة والنشر، ص٢٨)دا له میانەی گەواهیدانەکەی زەعیم ڕەشید موسڵح دادوەری گشتیی سەربازی سەبارەت بەڕووداوەکانی ڕۆژانی ٨ و ٩ی شوباتی ١٩٦٣دا ئەم دەقە هاتووە: "پاشان عەبدولسەلام عارف ئاوڕی لە تەها ئەلشێخ ئەحمەد دایەوە و گوتی: تەها... من و کەریم خوێ و چێشتین.. زویر دەبین و ئاشت دەبینەوە، هەروەها پێوەندییەکی گەرموگوڕ لەنێوانماندا هەیە، بەڵام چی لەنێوان من و تۆدا هەیە؟ ئەی بۆچی ئەو هەموو ڕقەت لە بەرابەرمدا دەرخست؟. پاشان بەتوندی شەپازلەیەکی دایە بن گوێیا و پێی گوت: هەی جووی بەچکە جوو".

١٩. حنا بطاطو، الكتاب الثالث، الشيوعيون والبعثيون والضباط الاحرار، ص٢٢٤، ترجمة عفيف الرزاز، مؤسسة الابحاث العربية.

٢٠. حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ص٣٠٦، ترجمة عفيف الرزاز، مؤسسة الابحاث العربية. لەو گشتاندنە ناوەخۆییەی حزبی شیوعییەوە وەرگیراوە، کە ساڵی ١٩٦٧ بەناوی "هەوڵێک بۆ هەڵسەنگاندن..." دەرچووە.

٢١. هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٧.

٢٢. كتاب العراق، حنا بطاطو، الكتاب الثالث، ص٢٨٢، ت: عفيف الزاز، مؤسسة الابحاث العربية.

٢٣. حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، الشيوعيون والبعثيون والضباط الاحرار، ت: عفيف الرزاز، موسوعة الابحاپ، ص ٢٨٧.

٢٤. ئەو گەنجانەی ئەم کارەیان پێ سپێررابوو، ئەمانە بوون: مەجید ئەلحەمدانی، ماهر ئیسماعیل ئەلجەعفەری و غەسان عەبدولقادر.

٢٥. سلام عادل، سيره مناچل، يمينه ناجي يوسف و نزار خالد، ص١٥٢، دار الرواد للگباعه.

٢٦. عبدالكريم فرحان، حصاد الثورة، مذكرات، الطبعة الثانية، ص٦٦، دار البراق، لندن.

٢٧. احمد فوزي، اين الحقيقة في مصرع عبدالكريم قاسم، ص١٧٢، مطبعة الديواني.

٢٨. حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ص٢٩٨، ت: عفيف الرزاز، مؤسسة الابحاث العربية. (دەقەکەمان وێڕای لاوازیی دەربڕینەکەی وەکو خۆی گواستەوە).

٢٩. عەدو ئەلکەریم: مەبەست عەبدولکەریمە، ئەم قسەیە بۆ جوێندان بەکار هاتووە، عێراقییەکان ڕاهاتبوون لە گەرمەی داخی سیاسی و ڕقی بەردەوام هەڵچوو لەنێوانیاندا، لە جوێن گۆڕینەوەدا گەمەی زمانەوانی بکەن، جەواهری جوێنێکی نێزیک لەوەی دوای ڕووخانی عەبدولکەریم قاسم بەعەبدولسەلام عارف گوتووە، کە ناوی نا (عبد حرب و عدو السلام) لەبری عەبدولسەلام. لە دێڕی هۆنراوەیەکی ناوداریدا دەڵێت:

"يا عبد حرب يا عدو السلام يا خزي من صلي وزكي وصام".

# مێژوویەکی ئافرەتان

## جێندەر، لە مەشێ و مەشیانێوە

ئەحمەد میراودەلی

بەشی چوارەم

### دەوڵەتی سێکیولار / عەلمانی و جێندەر

دەوڵەتی چین

یەکەمین جار دەوڵەتی سێکیولار لە وڵاتی چیندا سەری هەڵداوە. ئێسک و پرووسک لەو وڵاتەدا دۆزراونەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ نیو ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، بەواتەی ئەوەی مرۆڤی سەرەتایی لەو سەردەمەوە لەو ناوچەیەدا ژیاوە. زانست لەسەر ژیانی مرۆڤ لەسەردەمی نیۆلێتیکی چیندا دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠٠٠ هەزار ساڵ پێش سەردەمی نوێ. پسپۆڕانی وڵاتی چین، کولتووری سەردەمی نیۆلێتیکی چینیان دابەشی دوو سەردەم کردووە، سەردەمی یانگ–شاو Yang- shoo و سەردەمی لونگ–شان Lung_Shan، کە گۆڕانێکە لە ماتریسێنتریی هاوسانەوە بۆ باڵادەستیی نێرینە–پاتریلینییالیی ناهاوسان.

خەڵکی یانگ–شاو، لەنێوان ٥٠٠٠–٣٠٠٠ هەزار ساڵ پێش سەردەم لە نێوەڕاستی باکوری چیندا ژیاون و ژیانێکی سەرەتاییان بردووەتە سەر، بژێوییان بەچنینەوەی بەروبوومی درەخت و ڕووەک و ڕاوەماسی و ئاژەڵ دابین کردووە. پاش ماوەیەک دەستیشیان داوەتە باخچەوانی، هەرزن و جۆیان ڕواندووە و بەراز و سەگ و مەڕیشیان بەخێو کردووە، گۆزە و گڵێنەشیان درووست کردووە، لەوە دەچێت ئاوریشمیشیان دۆزیبێتەوە... مێرلین فرێنچ بەرگی یەکەم ل ١٠٦.

خەڵکی یانگ–شاو کۆمەڵگەیەکی ماتریلینی بوون و لەبەرئەوەی خواردن لەناو گۆڕەکانیاندا دۆزراوەتەوە، وا بڕوا دەکرێ کە بڕوایان بەژیانی دوای مردن هەبووبێت. هەرچەندە هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە وەلێ لەبەرئەوەی لەکۆمەڵگە هاوشێوەکانی کە پێشتر باسمان لێوە کردن

هاوسەرگیری ماتریلۆکاڵی بووە، لەو بڕوایەدام لەم کۆمەڵگەیەشدا هەر وەها بوو‌بێت و ئافرەتان ئاستێکی هاڵکشاوتریان لە پیاوان هەبووبێت، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی لە گۆڕەکانی ئەو سەردەمەدا شتی بەهادارتر لەگۆڕی ژناندا دۆزراونەتەوە وەک لەگۆڕی پیاواندا و منداڵەکانیش لەگەڵ دایکیاندا نێژراون.

ئاشکرایە چین وڵاتێکی گەورەیە و دانیشتووانیشی لەسەردەمی کۆنەوە خاوەنی ئاین و بڕوا و زمان و جۆری ژیاری جیاواز بوون و سەر بەگرووپی ئێتنیی جیاوازیش بوون. لەبەر ئەوە ئافرەتانی چین لەژێر کولتوور و دەسەڵات و سەردەمە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا، ئەرک و ماف و ئاستی جیاوازیشیان هەبووە، هەر هەوڵێکیش بەگشتگیری باسی ئافرەتانی وڵاتەکە بکات سەرکەوتوو نابێت، ئەمە جگە لەوەی لەسەردەمی سەرهەڵدانی چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە ناو چینەکاندا" دەسەڵاتدار و خانەدان، چینی ناوەندی، چینی هەژار"دا ئەرک و ماف و ئاستی ژنان جیاواز بووە. لەبەر ئەوە پسپۆڕەکانی مێژووی چین بەباشتریان زانیوە لەو بارەیەوە مێژووی دێرینی چین دابەشی سێ سەردەم بکەن. سەردەمی زۆر کۆن – Antiquity ئەم سەردەمە لە تاریکاییی مێژووی چینەوە هەتا ٢٠٨ی پێش سەردەم لەخۆ دەگرێت، سەردەمی کۆن _ Ancient 209ی پێش سەردەم هەتا ٩٦٠ی سەردەمی ئێستا و سەردەمی ناوەندی Middle period – لە ٩٦٠ هەتا ١٦٤٢ی سەردەمی ئێستا.

بەڵگەی ئارکیۆلۆجی و نووسینی کۆن پێشنیاری ئەوە دەکەن کە لە ١١٠٠ هەتا ٢٢٠ ساڵی پێش سەردەم و پێش دەسەڵاتی بنەماڵەی "چۆو Chou" کۆمەڵگەی ماتریلینی لەئارادا بوون و ئافرەتان لەئاستی شیاوی خۆیاندا بوون– مەبەستم هاوتایانە لەگەڵ نێرینە. وەلێ بەنێزیکبوونەوەی کۆتایی سەردەمی کۆنی چین، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاستی ئابووری و کولتووری بەرەو هەڵکشان بووە، ئاستی ئافرەتان بەرەو لێژ بووەتەوە، لە سەردەمی "چۆو"وە سیستمی خێڵەکی و پیاوسالاری لەگەشەدا بووە و زیانێکی زۆری بەئاستی سۆشیالی ئافرەتان گەیاندووە. چەند پیاوسالاری لەپەرەدا بووبێت ئاستی ئافرەت لەناو خێزاندا ئەوەندە زیاتر بەرەوخوار بۆتەوە. لەو کاتەوە چاوەڕوانی ئەوە لەئافرەت کراوە بەپێی ئەو یاسایانە بجووڵێتەوە کە پیاو دایڕشتوون و پیادەی کردوون، هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە گەورەیەش ڕوون نییە... ئافرەتانی چین، نووسینی، ئیستەر لی یاو ل,٦

دواتر لە سەردەمی داینەستی "هان Han دا ٢٠٦ پێش سەردەم و سەردەمی تانگدا Tang 618-907ی سەردەم" و سەرهەڵدانی نیۆ–کۆنفوسیانیزم New-Confucianism لە سەردەمی داینەستی سونگ "960-1127 Sung"دا زیاتر قورس بۆ ئافرەتان گیراوەتەوە و شکۆیان لەدەست داوە. کاریگەریی کولتوور و پاڵەپەستۆی سۆشیالی کۆمەڵگە لەنێو چوار دیواری ماڵەوەدا قەتیسی کردوون و ناچاری کردوون خۆبەختکردن لەپێناو داک و باب و مێرد و بنەماڵەکەیاندا پەسند بکەن. سکۆلارە چینییەکانی وەک (چین تان–یوان، ئۆڵگا لانگ، لی چیاو–فو) و زۆری دیکەش لەسەر ئەوە

کۆکن کە ئافرەتانی چین لەسەردەمی بنەماڵەی چینگ Chin "١٦٤٤–١٩١١"دا لە هەردووک باری فیزیکی و سایکۆلۆجییەوە لە هەموو سەردەمێک زیاتر لەژێر گوشاردا بوون... ئیستەر لی یاو ل,٧

سکۆلارەکانی دوای کۆنفوسیوس 479-551" Confucius"ی پێش سەردەم، میتسۆلۆجیا کۆنەکانی پێشتریان قارس کردووە. تاویستەکان Taoists کە دژێ کۆنفوسیوسییەکان بوون هەوڵیان داوە مسیۆلۆجیا کۆنەکان بپارێزن، وەلێ زۆر سەرکەوتوو نەبوون. تاویزم لە کۆسمۆلۆجی/ گەردووناسییەکەیدا ئافرەت لە هەموو شوێنێکدا دەبینێ، لە شێوە کلاسیکەکەیدا "تاو–تی–چین Tao-tee-chin" دایک سەرچاوەی هەموو درووستکراوێکە و ڕیشەی هەموو سروشتە. لەو فیلۆسۆفیایەدا: دۆڵی ڕەوان، کە بە مێیینە تاریکەکە ناوی دەبا، قەت نامرێ و ڕەگی بەهەشت و دۆزەخە، شتێکە بەردەوام هەر دەبێت، بەکاری بهێنە و کۆتایی نایە. بەپێی ئەو فیلۆسۆفیایە، مێیەئێزدان، نو–کوا Nu_kua، بەڕێکەوت نێرینەی درووست کردووە. نو کوا ئێزدانێکە پێوەندیی بەکشتوکاڵەوە هەیە، لە میسیۆلۆجیای تاویزمدا باسی ژنەئەژدیها و شتی دیکەش کراوە کە هەمووی پێوەندیی بە بەرهەمهێنانەوە هەیە، وەک ئاو، مێیینەباران... هتد.

هەرچەندە لەم بەشەدا باسەکەمان لەسەر کاریگەریی ئاین نییە لەسەر بەژێردەستەکردنی ئافرەتان، هێندەی باسی دەوڵەت و جێندەرە، وەلێ ناشتوانین کەمێک ڕۆشنایی نەخەینە سەر ئەو بیرییارییە سەرەکییەی کە بوو بەئاینیش و کاریگەرییەکی گەورە لەسەر هەموو کولتووری وڵاتەکە لەسەردەمە جیاوازەکاندا و بگرە هەتا ئێستاش، کونفوسیوس، بەشێوە چاینییەکەی "کونگ–فو–تزو، Kung-fu-Tzu" کە مانای "مامۆستا کونگ" دەبەخشێت، بیرمەند و فیلۆسۆفێکی چین بوو. فیلۆسۆفیاکەی وی کە دەرباری مۆڕاڵی تاک و میرییە، لەسەردەمی میریێتی بنەماڵەی "تانگ Tang" 740-680ی سەردەمدا بەسەر هەردووک فیلۆسۆفیای هاوسانی و تاویزمدا زاڵ بوو. بیریارییەکانی کۆنفوسیوس، لەسەردەمی میریکردنی بنەماڵەی هان Han "220 پێش سەردەم–هەتا ٢٠٦ی سەردەم" پێشکەوت و بوو بەسیستمێکی فیلۆسۆفی و ئێستا بە "کۆنفوسیانیزم Con-fucianism" ناسراوە، بەکورتی دەتوانین بڵێین کە کۆنفوسیوس بەردی بناخەی باوەڕبەخۆبوونی خەڵکی چین/ چاینای دامەزراندووە... New _ China: Ancient Empire Horizonsل,١٣ دەتوانم بڵێم کۆنفوسیانیزم وەک زەردەشتایێتی هەم ئاینە و هەم فیلۆسۆفیا، بۆیە ئەو کاریگەرییە گەورەیەی لەسەر مرۆی چاینی هەبووە.

کۆنفوسیوس، کە لە سەردەمی "زۆو"ی ڕۆژهەڵاتدا ژیاوە و ڕیشەی فیلۆسۆفیاکەی لەکاری بیرمەندانی پێشترەوە سەرچاوەی گرتووە، بووە بە بەردی بناخەی مۆڕاڵیی خەڵکی چین دوای میریکردنی بنەماڵەی "هان، ٢٠٦ی پێش سەردەم هەتا ٢٢٠ی سەردەم". بەواتەی ئەوەی زۆر دوای مردنی کۆنفوسیوس کۆنفوسیانیزم بوو بەفیلۆسۆفیای میری، وەلێ کۆنفوسیانیزم هەمووی لە فیلۆسۆفیاکەی کۆنفوسیوسەوە وەرنەگیراوە. بەبڕوای کۆنفوسیوس مرۆڤ بە سروشت مۆڕاڵێکی باشی هەیە بەڵام بەرەو لێژ بووەتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە شوێنی خۆی پێویستی بەزانیاری هەیە،



وێنەیەکی کۆنفوسیوس

بەتایبەتیش بۆ بەڕێوەبەران کە گەورەترین کاریگەرییان هەیە. کۆنفوسیوس زۆر بێزی لەکاری دەستی/ کرێکاری دێتەوە و فێربوونەکانیش دەنرخێنێت. بەبڕوای کۆنفوسیوس خێزان بناخەی میری/ دەوڵەتە و پێوەندیی مرۆڤیشی کردووەتە پێنج بەش: پێوەندیی فەرمانڕەوا و فەرمانکراو/ ژێردەستە، دایک و باوک و منداڵ، براگەورە و برابچووک، مێرد و ژن و برادەر و برادەر. کۆنفوسیوس کاریگەری لەسەر "مێنسیوس Mencius 289-380"ی پێش سەردەم هەبووە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە دەسەڵاتدار دەبێ بەکۆشش دەسەڵاتی دەستکەوێ. کاتێکیش نارەواکار بڕوای جەماوەر لەدەست دەدات، ئاسمانیش بڕوایان لێ دەکێشێتەوە و دەبێ لەسەر کار لابدرێن... مێرلین فرێنچ ل١١٦–, ١١٥

نووسینە کۆنەکان دەری دەخەن لە ئاهەنگە پیرۆزەکانی بەهاردا کە لە شوێنە پیرۆزەکاندا بەڕێوە چوون خەڵکی پێکەوە بۆ منداڵبوون و باران پاڕاونەوە. لاوەکان بەئازادی و بەزۆری و بەخۆشییەوە لەگەڵ یەکدی جووت بوون. ئافرەت خاوەنی زەوی و ماڵ و گوندەکان بوون، نێرینەکانیش هەتا سەردەمی سەرهەڵدانی کشتوکاڵ لەگەڵ مێیینەکاندا نەژیاون- بەجیا ژیاون، وەلێ دوای سەرهەڵدانی کشتوکاڵ پیاوان خۆیان کردووەتە خاوەنی زەویوزار و گوندەکان، بەڵام دوای زەوتکردنی خاوەنێتیش لە ئافرەتان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەر گوێڕایەڵییان کردوون... مێرلین فرێنچ بەرگی یەکەم ل,١٠٨

وەک دەزانین وڵاتی چین مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و چەندان بنەماڵە و ئیمپراتۆری جیاواز فەرمانڕەواییان تێدا کردووە و بەدواداچوونی ئاستی ئافرەتان لە هەموو سەردەمەکانیدا لە کتێبێکی سەربەخۆشدا جێی نابێتەوە چ جای کتێبێکی گشتگیری وەک ئەمەی بەردەست. لەبەر ئەوەش لێرەدا بەڕاستترم زانی بەکورتی ڕۆشنایی بخەمە سەر ئاستی ئافرەت لەو سێ سەردەمەی پێشتر ناومان بردن- ئانتیکویتی و کۆن و ناوەند.

لە سەردەمی زۆر کۆنی "چین"دا دوو کولتووری سەرەکی سەریان هەڵداوە. کولتووری "لونگ-شان" سەردەمێکی درەنگتر لەوەی "یانگ-شاو" سەری هەڵداوە، ئەم کولتوورە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەدا باو بووە، خەڵکی لونگ-شان مریشک و ئەسپیان ماڵی کردووە و برنجیان چاندووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتان دەستیان لە چنینەوەی بەروبوومی سروشتی و ڕاو

هەڵنەگرتووە، بڕوایان بەفاڵگرتنەوەی ئێسک هەبووە، ئێسکیان گەرم کردووە هەتا درزی داوە و ئەوجا کەسانی شارەزا درزەکانیان خوێندۆتەوە. وەک دەرکەوتووە کۆمەڵگەیەکی شەڕکەر بوون، بەدیواری قایم گوندەکانیان دەورە دراوە و لە کەلاوەکانیاندا هێمای کوشتاری تێدا بەدی دەکرێ. لە گۆڕستانەکانی سەردەمی زۆویاندا گۆڕی مێینە و منداڵەکان دەوڵەمەندتر بوون لەوەی نێرینەکان وەلێ لە سەردەمێکی دواتردا پێچەوانەی ئەوەن. ئەوەی لەوەش زیاتر ئاشکرایە لەو کولتوورەدا نێرینە باڵادەست بووە.

کولتووری "یانگ-شاو" لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا بڵاو بووەتەوە و ئەوی "لونگ-شان"یش لە باشوورەوە بەرەو باکور. لە سەردەمی "مسین"ی چیندا ئەو دوو کولتوورە لە هەرێمی"هۆنان" لێکیان داوە و لەو سەردەمەدا لە هەردووک کولتوورەکەدا چینایەتی دیار بووە و هەردووکیشیان بەتەواوی پیاوسالار بوون.

نازانین چۆن، بەڵام زیاتر ڕەنگە لەڕێگەی میلیتارییەوە داینەستیی/ بنەماڵەی شانگ Shang ساڵی ١٦٧٥ی پێش سەردەم دامەزرا و زێدە لە ٦٠٠ ساڵ فەرمانڕەوایییان کردووە، یەکەمین پادشایان خۆی بەنەوەی گەورەئێزدان "شانگ تای Shang Ti" ناساندووە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە چینیش وەک وڵاتی میسر و مێزۆپۆتامیا و ئاندیانەکانی ئەمەریکای باشوور سەرهەڵدانی دەوڵەت ئاین و سیستمی میلیتاریی بەدوادا هاتووە. ئەوەی ئاشکرا نییە ئەوەیە کە نازانین ئایا موڵکایەتیی تایبەت پێش سەرهەڵدانی دەوڵەتی شانگ هەبووە یان نا. وەلێ ئەوە ئاشکرایە کە یەکەم پادشای شانگ "تانگ Tang" زەویی داوەتە ئەوانەی لەسەری ژیاون و ناونراون وەرزێری پادشا، خزمەکانی پاشاش بوونە وەجاخزادە و دەرەبەگ، باج و خەراجیان بۆ پاشا کۆ کردووەتەوە و بەشێکیشیان بۆ خۆیان گلداوەتەوە. لەم سەردەمەشدا ئافرەتان شوێنیان هەبووە و هەموو شتێکیان لەدەست نەداوە. ئافرەتان ڕۆڵی سەرلەشکری و ڕاوێژکاری پاشاشیان هەبووە. بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە ئەو ئافرەتانە ئیلیتی خانەدانەکان بوون و هەموویان خزموخوێی پاشا بوون. دۆزراوە ئارکیۆلۆجییەکان تیشکێکی باش دەخەنە سەر ئەوەی کە کولتووری شانگ کولتوورێکی ماتریلینی بووە. پەرتووکی "ین هسو Yin Hsu" بەواتەی پەرتووکی شاری هسو، کە لەسەر بنەمای دۆزراوە ئارکیۆلۆجییەکانی ئەو شارەوە نووسراوە دەریخستووە کە خەڵکی شانگ ڕێزێکی بێ پایانیان بۆ دایکە مردووەکانیان هەبووە و ئەویش بەپێشکێشکرنی نەزری تایبەتی بۆیان، ئەو نەریتە دەریدەخات کە ئافرەتان شوێنێکی تایبەتیان هەبووە لە کۆمەڵگەدا. جگە لەوەش کۆنترین پەرتووکی مێژوویی چین "مێژووی ئاهەنگەکانی بەهار و پایز" کە دوای سەردەمی داینەستیەکانی شانگ نووسراوە، ئاماژەیەکی زۆری تێدایە کە ماتریلینی هەتا کۆتایی بنەماڵەی شانگ و سەرهەڵدانی داینەستی "چۆو" هەر لەئارادا بووە. بۆ نموونە ئافرەتان سەرپەرشتکاری نەزرەکان بوون و یەکەمین کچی خێزانەکە شووی نەکردووە لەبەر ئەوەی ئافرەتی بەمێرد بۆی نەبووە سەرپەرشتیی نەزری خێزانەکە بکات، هەروەها خوشک و برایەتی لەڕێگەی ناوی بنەماڵەی

دایکەوە بڕیاری لەسەر دراوە و مەرج نەبووە نەوەی یەک دایک، یەک باوکیشیان هەبووبێت، خاڵ و خوشکەزاش برا بوون چونکە ناویان لە بنەماڵەی دایکەوە هاتووە، خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە ناوی خێزان لەزمانی "چین"یدا دوو ڕیشەی هەیە "ئافرەت و لەدایکبوون" ئەمەش بەئاشکرا دەریدەخات کەناوی بنەماڵە لەمێیینەوە داکەوتووە... ئیستەر لی یاو، ل١٦، ١٥.

## شووکردن و ژیانی ناو خێزان

ئەو زانیارییە کەمەی دەربارەی هاوسەرێتیی ئەو سەردەمەی چین هەیە زۆر کەمە، وەلێ ئەوەی هەیە ئەوە دەردەخات کە پاشا و خانەدانە دەسەڵاتدارەکان بۆیان هەبووە لەژنێک زیاتریان هەبێت و تەنیا دەوڵەمەندەکان توانی داراییی ڕاگرتنی "ئافرەتی دۆست"یان هەبووبێت هەرچەندە بوونی دۆست شتێکی ئاساییش بووە. جگە لەوەش لەو بەڵگەنامانەی لەفاڵگرتنەوەی ئێسکەکاندا بەردەست کەوتوون دەردەکەوێت کە مێیینە جێگەی ڕێز نەبووە، لەبەر ئەوەی لەکاتی لەدایکبوونی کوڕدا گوتوویانە بەختەوەرە و لە کاتی لەدایکبوونی کچدا گوتوویانە بێ بەختە.

دابونەرێتی هاوسەرگیری کە لێرەدا ڕاستتر وایە بڵێین – ژنهێنان دوای سەقامگیربوونی پیاوسالاری داڕێژراوە، ژیانی لامسەرلایی و هەڕەمەکییەکەی سەردەمی ماتریلینی وردەوردە لەگەڵ ڕێشەداکوتانی پیاوسالاریدا بەسەر چووە. بەهۆی گۆڕانکاریی باری ژیان و توانی فیزیکییەوە نێرینە توانیوییێتی لەسەردەمی داینەستی "چۆو"دا بالادەستیی خۆی بسەپێنێ و ئاهەنگی هاوسەرگیری شێوەیەکی ڕەقی وەرگرتووە. لەو سەردەمەدا هاوسەرگیری کە من ناوی دەنێم "ژنهێنان" نەک هاوسەرگیری و پێکەوەژیان، سێ جۆر بووە کە بریتی بوون لە: گرتن، کڕین، ڕێکخستن. وەک نووسراوە مێژوویییەکان باسیان کردووە وا دیارە هەر جۆرەی لەناوچەیەکی جیۆگرافیدا باو بووبێت. لەژنهێنانی جۆری گرتندا، پیاو سووتی لەتوانی فیزیکیی خۆی وەرگرتووە و بەئارەزووی خۆی ئافرەتێکی هەڵبژاردووە و داگیری کردووە، کۆمەڵگەکەش لاریی لەو شێوە ژنهێنانە نەبووە. پەرتووکی "ئای چین I Chin" بەواتەی پەرتووکی گۆڕانەکان، تێیدا هاتووە (لەگەڵ بیستنی حیلەی ئەسپ، جۆگەلەی فرمێسک، بەڕووی کچدا دەهاتە خوارێ، چونکە دەیزانێ ئەمە ئەو جەردانەن هاتوون بیبەن بەژن.) لەگەڵ ئەوەشدا کە کچەکەیان ڕفێندراوە، باوک و دایکی کچەکە ئامادەی ئاهەنگی ژنهێنانەکە بوون، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە کۆمەڵگەکە لاریی لەو جۆرە ژنهێنانە نەبووبێت. ئیستەر لی یاو ل١٧.

لە ژنهێنان بە "کڕین"دا ئافرەت بێ زیاد و کەم وەک کۆیلە و مڵکایەتییەک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کراوە ڕۆڵیان لەخێزاندا تەنیا بەرهەمهێنانی کوڕ بووە بۆ مێرد و خێزانی مێردەکەی بۆ ئەوەی ناوی خێزانەکە بپارێزێت. ئەو ئافرەتانەی کە کڕدراون بوونەتە کاڵایەکی مێردەکانیان و وەک مرۆڤێک مافیان نەماوە. مێردەکانیان مافیان هەبووە وەک کاڵایەک بەئارەزووی خۆیان ئاڵوگۆڕیان لەگەڵ شتێکی دیکەدا پێ بکەن. خۆشبەختانە ئەم شێوەی ژنهێنانە زۆری نەخایاندووە و

بەهاتنەئارای سیستمی خێڵایەتییەوە کۆتایی هاتووە. لەگەڵ هاتنەئارای سیستمی خێڵایەتیدا لەکۆتایی داینەستی "چۆو"دا، ژنهێنان بەڕێککەوتن پەرەی سەندووە. ژنهێنان بەڕێککەوتن دەبوایە لەڕێگەی دەلاڵێکەوە ساز بکرایە کە لەنێوان هەردووک بنەماڵەی کوڕ و کچەکەدا هاتوچۆی کردووە و پێکی هێناون. دواتر میری کارمەندی تایبەتی بۆ هاوسەرگرتن داناوە بۆ ئەوەی هاوسەرگیری بۆ هەموو ئەو کەسانە دابین بکات کە لەتەمەنی هاوسەرگرتندان بێ گوێدانە ئاستی سۆشیالی، لەبەر ئەوەی ژنهێنان بێ دەلاڵ پەسند نەبووە. لە سەرەتاوە ژنهێنان بەپێکهاتن زۆر سادە بووە و تەنیا لە هەندێک ناوچەدا باو بووە هەتا داڕشتنی یاسای تایبەتی بۆ هاوسەریگرتن کە ناو نراوە "شەش بەجێیی". پێش ئەو یاسایە، کچ و کوڕ پێوەندیی سۆشیالییان هەبووە لەسەر ئارەزووی خۆیان یەکدییان بینیوە و هیچ ڕێگری مۆڕاڵی لەئارادا نەبووە. لەو سەردەمەدا کچێنی و داوێنپاکی بیری لێ نەکراوەتەوە و بایەخی نەبووە. چاوەڕوانیی ئەوە لەئافرەت نەکراوە هەتا دەمرێت داوێنپاکی بۆ مێردە مردووەکەی بنوێنێ، لەڕاستیشدا داوێنپیسی لەنێو خانەدانەکاندا زۆر بەربڵاو بووە. لە سەردەمێکی درەنگی داینەستی "چۆو"دا ئاهەنگی ژنهێنان بەپێکهاتن بووەتە شتێکی پیرۆز و قورس و ناقۆڵاش. ئەو یاسا "شەش بەجێیی"یەی بۆ شێوەی هاوسەرگیری بەپێکهاتن داڕێژرابوو، بۆ دوو هەزار ساڵ باڵی بەسەر شێوەی ژیانی خەڵکی وڵاتی "چین"دا کێشا. لێرەدا بەپێویستی نازانم لەو شەش هەنگاوی ژنهێنانە بدوێم و سەری خوێنەرەوەی پێ بهێشێنم، تەنیا ئاماژە بۆ دوو لایەنی تایبەتی ئەو جۆرە ژنهێنانە دەکەم، یەکەمیان ئەوەیە کە لەگواستنەوەی بووکدا بۆ ماڵی خەزوورانی، خوشکە بچووکەکانی و چەند کیژێکی دیکە کە ژمارەیان پێوەندیی بەئاستی سۆشیالی هەردووک لایانەوە هەبووە، لەگەڵ بووکدا چوونەتە ماڵی خەزووران و لەوێ ماونەوە و هەموویان بەدۆست و ژنخوشک ناوبراون، مێردەکە بۆی هەبووە لەگەڵ هەموویان جووت بێت بەژنخوشکەکانیشییەوە. خاڵی دووەمیش ئەوەیە کە بووک دوای جێبەجێکردنی هەر شەش هەنگاوەکەش بەژنی کابرا نەزانراوە هەتا سێ مانگ دواتر و بەجێهێنانی هێندێک ئەرکی چاوەڕوانکراو لێی. ڕۆژی دوای گواستنەوە بووک دەبووایە بەیانی زوو لەخەو هەستێت و لەسەر نەریتێکی تایبەتی سڵاو لەخەزوورانی بکات و دیارییان بداتێ و بەرچاییان بۆ ئامادە بکات، لەدوای سێ مانگ بووک چووەتە سەردانی گۆڕی باپیرانی مێردەکەی و نەزری بۆ کردوون ئەم سەردانە هێمایەک بووە کە لەو خێزانەدا وەگیراوە و بووەتە یەکێک لەوان. جا ئەگەر ماڵەخەزووران لەبووکێ ڕازی نەبووبن ئەوا ڕەوانەی ماڵەبابانیان کردووەتەوە.

مارەبڕین وەک یەکگرتن و تێکەڵاوبوونی دوو خێزان سەیر کراوە و سەنگێکی گەورەی لە پێوەندییە مرۆڤییەکانی وڵاتی چیندا هەبووە، نەریتە ناقۆڵاکانی بووک و زاوا پێڕەویان کردووە هێمایە بۆ ئەو بەهایەی کۆمەڵگەکە داوییێتیە ئەو هاوسەرییە. پتەوی و لەرزۆکیی مارەبڕییەکەش ڕاستەوخۆ لەسەر پێوەندیی ئەندامانی هەردووک خێزانەکە وەستاوە نەک بووک و زاوا.

ڕۆڵی ئافرەت لەو کۆمەڵگەیەدا، ڕاستەوخۆ لەسەر ئاستی سۆشیالیی میردەکەی بووە. ڕۆڵی

شـاژن ئەوە بووە تاکـەکـانی کـۆمـەڵگە یەکـخـات لەبـەرژەوەندیی وڵاتدا. ڕۆڵی سـەرەکـیی ژنەمـیـر ئامـادەکـردنی خـۆراک بـووە، ڕۆڵی ژنەخـانەدانەکـانیش ئەوە بووە ناومـاڵیـان پاک ڕاگـرن. ژنانی خـەڵکی سـادەش، چێـشـتلێنان و دروومـان و ڕسـتن و پاککردنەوە. وەلێ ڕۆڵی سـەرەکـیی ئافـرەتی بەمێرد بێ جیاوازیی پلەوپایە بەرهەمهێنانی کوڕ بووە بۆ مێردەکەی. گەورەترین تاوان دژی باوک و باپیر ئـەوە بووە پیاو کـوڕێکی نەبێت ناوی خـێزان هـەڵگرێت. بێگومـان تاوانی نەبـوونی کـوڕیش لەملی ژنان بووە. ئیشی سـەرەکیی بووک/ ئافـرەتی بەمـێرد، ڕاگـرتنی دڵی خـەسـوو و خـەزووری بووە، جا وەی لەوەی کە دەبوو کێبـەرکێ لەگـەڵ بووکێکی دیکەدا بکات. بەپاسـای تایبـەتیش زۆر شتیـان لێ یاساخ کرابوو، لەبەرچاوی خەسوو و خەزووردا، نەدەبـوو گۆرانی بڵێن، نەدەبوو بکۆکن، بپشمن یان خۆیان بخورێنن. بێ جیاوازیی پلە و پایە و ئاستی ئابووریی خێزان، خـەزووران سـەری خێزان بوون و کـەس نەیتوانیوە لەگوتەیان دەرچێت. کۆنترۆڵێکی وەهـای بووکـەکانیـان کردووە کە بووک نەیتـوانیـوە خـاوەنی هیچ شـتێک بێت، هـەتا ئەو ئـاسـتـەی ئەگـەر دیارییـەکـیـشی لەخـزم و کـەسـیـەوە پێ درابێت دەبوایـە بیداتە خـەسـوو و خـەزووری، جا ئـەگـەر مـەرحـەمـەتێکیـان بکردایە دیارییـەکـەیان بۆ دەگـەڕاندەوە. لەوەی سـەرەوەدا باسـمان کرد، دەردەکەوێ کە بووک لە کۆیلەیەک زیاتر هیـچی دیکە نەبووە. چەند ئاستی سۆشیـالیی خێزانەکە هەڵکشـاوتر بوایە ئەوەندە زیاتر بێ ماف و چەوسـاوتر بووە. گوتەیەکی چاینیی کۆن هـەیە دەڵێ (مـارەبڕی ئەوەیە کە خـەسـوو و خـەزوور بووکێکیان کڕیوە، نەک کوڕەکەیان ژنی هێناوە.) ئیستەر لی یاو ل٢٤.

وەلێ لەلایەکی دیکەوە، خـەڵکە هەژار و سادەکە نەیتوانیوە لە دۆخێکی ئاوا ئاڵۆزدا بژی و ژیانی ڕۆژانە بەرێتە سـەر. هیچ گومـان لەوەدا نییە بۆ دابینکردنی بژێویی خـاوخێزانیـان. وەک لە توێی هێندێک هـەڵبـەسـتـدا دەردەکـەوێ، ئافـرەتی چینی هـەژار ئازادتـر بووە، وەلێ چەند ئازادتر بووە؟ ئەویان نازانین.

لێـرەدا دەمــەوێ ئـامــاژە بەوەش بکەم کــە هێندێـک ئافــرەتی بـەتوان ناویان چووەتە مـێـژووی وڵاتی"چین"ەوە، وەلێ نەک وەک خۆشـەویست و پاڵـەوان، بەڵکو وەک نەویستراو و نەفرەت لێکراو و تاوانبارکراو بەڕووخـاندنی میری. بۆ نموونە. مێی سی Mei His سـەردەمی داینەستی سـای His، تان چای Tan Chi سـەردەمـی داینەسـتی شـانگ Shang، پاو زو Pao Szo سـەردەمـی چۆو Chou، هـەروەها لای چی Li Chi سەردەمی داینەستی چین Chin... ئیستەر لی یاو ل٣٠.

وەک هـەر پاشـا و ئـیـمـپراتۆرێک، ئەوانەی وڵاتی چینیش پەلامـاری وڵاتانی دراوسـێیـان داوە و تالانیـان کـردوون و سـەرانـەیان لێ سـتـانـدوون. ئـەو خـانمانەی لـەسـەروە ناویان هـاتووە دیارە هەموویان جوان بوون، ئەوجا چ بەزۆر یان بەدیاری نێردراون بۆ کۆشکی پادشا و ئیمپراتۆرەکان، ئەوانیش پاڵەوانانە جـاکـیـان لێ کـردووە بەلادا و کـارێکی وەهـایان کـردووە کە بـوونەتە هۆکـاری ڕووخـانـدنی ڕێژیمـەکە. هـەرچـەندە لەمـێـژووی چیندا وەک نـەویست و نـەفـرەتلێکراو نـاویان هـاتووە، وەلێ دڵنیام لەلای نەتەوەکانی خۆیان خۆشەویست و پاڵەوان بوون.

هەولێر ئەنگێز

وەک دیارە لەکۆتایی سەردەمی زۆری چیندا مێیینە لەنێو ماڵ ئاخندراوە و هەر لە منداڵییەوە ڕاهێنانی لەسەر ڕاپەڕاندنی کاری نێو ماڵ پێ کراوە. هەتا تەمەنی حەوت ساڵان کوڕ و کچ پێکەوە لە دەرەوە یارییان کردووە، کە بوونەتە حەوت ساڵ لێک جیاکراونەتەوە و هەر لایەنەیان فێرکردنێکی جیاوازی هەبووە.

دەسەڵاتی بنەماڵەی شانگ بەهاتنی بنەماڵەی "زۆو Zhou" لە نێزیکەی ١٠٠٠ی پێش سەردەم کۆتایی هات. کولتووری زۆوەکان هێندێک جیاوازیی هەبووە لەوەی شانگەکان.

## ئافرەتانی چین لەسەردەمی داینەستی "زۆو"دا

هەتا سەردەمی "زۆو"ەکان سیستمی فیوداڵی سیستمێکی سەرەتایی بوو، بەهاتنی زۆوەکان فیوداڵی پەرەی پێ درا، پادشا تەنیا فەرمانڕەواییی ناوچەکانی دەوروبەری پایەتەختی کردووە و هەموو دەسەڵاتێکی لە ناوچەکانی دیکەدا داوەتە دەست خزم و پشتیوانکارەکانی. خانەدانەکان دەسەڵاتێکی گەورەیان کەوتووەتە دەست و زۆریان دەسەڵاتی بنەماڵەی خۆیان جاڕداوە و دەسەڵات و ناویان بۆ نەوەکانیان بەجێ هێشتوە، ئەمەش بووەتە هۆی هەڵگەڕانەوە و شەڕ و پێکدادانی ناوخۆ. وەلێ هەتا ئەو سەردەمەش بەڵگەی نزمتربوونەوەی ئاستی ئافرەت بەدەستەوە نییە جگە لە دووفاقیی فیلۆسۆفیای "ین-یانگ" کە پاساوی بالادەستیی نێرینە دەداتەوە. ئەو فیلۆسۆفیایە ئافرەتان "ین" بە- نەرم، تاریک، نادیار، سارد، تەڕ، وەرگر، نەرێن و، لکاو بەئاو و مردنەوە دەبەستێتەوە و نێرینە "یانگ" بە- گەرم، زیرەک، وشک، ڕەق، داهێنەر، بەزەبر، هەروەها بە ژیان و گەشانەوە و ڕووناکییەوە دەبەستێتەوە. ئەم فیلۆسۆفیایە پاساوی ژێردەستەییی ئافرەتانی داوەتەوە و تەنیا کارێکی بۆ ئافرەتان هێشتبێتیەوە، بەخێوکردنی کرمی ئاوریشم و دروستکردنی ئاوریشم بووە. لەبەر ئەوەش سێکسوالیێتیی ئافرەتان بەهەڕەشەیەکی گەورە لەسەر پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی پیاوان بینراوە، ئافرەت فێر کراوە داوێنپاک بێت و کوڕ بۆ مێردەکەی بەرهەم بهێنێت.

مێژووی چین لەلایەن پیاوانی "کۆنفوسی"یەوە نووسراوەتەوە، لەبەر ئەوەش پڕە لە مۆراڵ و هەڵسەنگاندنی هێرشبەرانە و ڕق و کینە بەرامبەر ئافرەتان. مێژوونوسەکانی دوای کۆنفوسیوس دۆکیومێنتە مێژووییەکانی پێش خۆیانیان قارس کردووە و لەڕوانگەی کۆنفوسیانیزمەوە دایان ڕشتۆتەوە. ئەوان ئافرەتیان لە کلێشەیەکی وشکیدا بینیوە وەک (دایک، یان دڵڕەقە یان هۆشمەند، هاوسەر و کچ یان بەلەسەی سێکس دەبن و مێرد و بابیان دەپرۆکێنن یان خۆیان نەزری مێرد و باوکیان دەکەن.) ئەو هێرشبەردنە توندانەی سەر ئافرەتان لەنووسراوە مێژووییەکانی چیندا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئافرەتان بەئاسانی ملیان بۆ سنووردارکردنیان نەناوە. لۆمەکردنی خاتوو "باو سی Bao Si" لە هەرەسهێنانی دەسەڵاتی زۆو لە ڕۆژئاوای وڵاتەکەدا ئاماژەیەکە بۆ دەسەڵاتی ئافرەتان.٣ جگە لەوەی مێژوو بەدەستی پیاوان نووسراوە و بەکەمی باسی ئافرەتانی تێدایە، مێژووی کۆن و هەتا ئاستێکی زۆریش مێژووی نوێش، هەمووی دەرباری دەسەڵاتداران و

بنەماڵەکانیان و کەسانی پاڵەوان دەدوێت و هەتا ئاستێکی زۆریش ڕوانگەیەکی نێرینە زاڵە بەسەریدا، لەو چەند سەرچاوەیەی بۆ ئەم بەشە بەردەستم کەوتوون و بەسەرم کردوونەوە بەدەگمەن نەبێت باسی چینە هەژار و بەشمەینەتەکەی تێدا نییە بەنێر و مێینەشیەوە. بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ، ئەی ئەو زۆرینە بەشمەینەت و ئەرککگرانە چۆن ژیاون و چ کارە بوون بەتایبەتیش ئافرەتەکانیان؟ ئێمە بۆمان دەرکەوتووە کە بەشێکی زۆر لەنێرینەکان دوای سەرهەڵدانی دەوڵەت، سەربازی، بووەتە کار و سەرچاوەی بژێویی خۆیان و خێزانیان. لێرەوە تەنیا هەڵهێنجان دەمێنێتەوە دەرباری کاری چینە هەژارەکە ئەویش ئەوەیە کە پیاوەکان وەرزێڕییان کردووە، جۆگەیان ڕاکێشاوە، ئامرازی جیاوازیان بۆ داخوازییەکانیان درووست کردووە. ئافرەتانیش خۆراکیان ئامادە کردووە، باخچەوانییان کردووە، پەلەوەر و ئاژەڵیان بەخێو کردووە، تەشییان ڕستووە و تەون و دروومانیان کردووە و گۆزە و گلێنەیان درووست کردووە و ئاگەداری منداڵ و نەخۆشەکانیشیان بوون.

خێزان: خێزانی گەورەی باوکسالار بنەمای کۆمەڵگەی چین بووە، لەو خێزانانەدا کوڕ هاوسەرەکەی گواستووەتەوە ماڵی باوکی. سەرخێزان– باوک یان باپیر، ئاردارییی/ دادپەروەریی نێو خێزانی پاراستووە, ٤ وەلێ ئەگەر لەدەستی تاکێکی خێزانەکە تاوانێکی گەورە ڕوویدابێت، هەموو خێزناکە بەرپرس کراوە، لەوانەیە دووچاری کوشتنیش بووبن. لەسەردەمی زووی زۆوەکاندا، جگە لەچینی خانەدانەکان، لاوەکان ئازاد بوون لەئاهەنگەکانی بەهاردا هاوسەری خۆیان هەڵبژێرن. هەرچەندە خانەدانەکان ئازادیی هاوسەرگیرییان نەبووە وەلێ توانیویانە لەسەر بچووکترین هۆ ژنەکانیان تەڵاق بدەن– وەک زۆربڵێیی بەنموونە.

وڵاتی چین مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە وەلێ مێژوویەکی زۆر ڕوون نییە. ئەوە زانراوە کە بنەماڵە گەورەکانی "زۆو"ی ڕۆژهەڵات نێزیکەی پێنجسەت ساڵ خەریکی شەڕی یەکدی بوون هەتا تەنیا سێ بنەماڵەیان ماونەوە. ئەو کاتەش بنەماڵەی "کین/ چین Qin" لەهەمان ناوچە سەری هەڵداوە و هەموو میرنشینی و پادشاییتییەکانی چینی لەنێو ئیمپڕاتۆریای "کین"دا وێک خستووە، یەکەم ئیمپڕاتۆری کین "کین شی هوانگ Qin Shi "Huangدەسەڵاتی دەرەبەگەکانی کەم کردووەتەوە و دەسەڵاتێکی نێوەندیی زۆر بەهێزی دامەزراندوە. بیرۆکراسییەتێکی باشی دامەزراندوە و وڵاتەکەی دابەشی چەند هەرێمێک کردوە. زۆوەکان، لە دابەشکردنی میراتدا سیستمی "نۆبەرەیی"یان بەکار هێناوە، بەواتەی ئەوەی نۆبەرە هەموو میراتی خێزانەکەی بۆ دەمایەوە، وەلێ "کین" سیستمی دابەشکردنی "پارتیبڵ portable"ی بەکارهێناوە، بەپێی ئەو سیستمەش، میرات بەیەکسانی بەسەر کوڕەکاندا دابەش کراوە. لەسەردەمی یەکەم ئیمپڕاتۆری کیندا، بەشی زۆری دیواری گەورەی چین درووست کراوە کە حەوسەت هەزار کەس کاری تێدا کردووە و دوای ئەوەی دیوارەکەیان تەواو کردووە، هەمویان کراونەتە قوربانی. کین، ویستوویێتی کۆنترۆڵی بیر و ئاوەزی دانیشتووانی وڵاتەکەی بکات، کتێبەکانی کۆنفوسیوس و مێنسیوس و

گەلێکی دیکەی سووتاندووە و هەموو ئەو فیلۆسۆفیانەی پێوەندییان بە بەرپرسیارکردنی دەسەڵاتەوە هەبووە یاساخ کردووە- لەوانەیە کین یەکەمین دیکتاتۆری تۆتالیتاری بووبێت!! دوای مردنی کین، دیسانەوە شەڕ و ئاژاوە دەستی پێ کردووەتەوە و لە کۆتاییدا دەسەڵاتی بنەماڵەی "هان Han" لە ساڵی ۲۰۹ی پێش سەردەمەوە دەستی پێ کردووە. لێرە بەدواوە کۆنفوساینیزم وەک نەخشی سەر بەرد بووەتە بنەمای یاسای وڵاتی جێن بەدرێژاییی تەمەنی ئیمپڕاتۆرییەکانی دواتریش. بێگومان گۆڕانکاریی گەورە بەسەر هەڵکەوتە/ ستراکتووری ئابووری و ڕامیاری و ئاینیی وڵاتەکەدا هاتوون، وەلێ کولتوور و هەڵوێستی دەسەڵات بەرامبەر ئافرەتان دوای "هانەکان"یش وەک خۆی ماوەتەوە. کۆنفوسیوس بەزۆری گرینگیی بەنێرینە دواە، بەڵام دوو بڕگەی تایبەتی فیلۆسۆفیاکەی دەربارەی ئافرەتان لەزۆربەی سەردەمەکانی چیندا- سەردەمی هان و کینگ، بەباڵای ئافرەتاندا بڕاوە.

بڕگەی یەکەم ئامۆژگاریی ئافرەتان دەکات کە جلوبەرگی پرسەیان پێش شووکردن لەشێوەی ئەوەی باوکیان بێت، دوای شووکردن لەوەی مێردەکانیان بێت و کە مێردیان دەمرێت لەوەی کوڕەکانیان بێت. بێ گومان ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە جێگەی ئافرەت لەکۆمەڵگەدا بەهۆی نێرینەوەیە نەک کەسایێتیی خۆی.

بڕگەی دووەمیشیان دەڵێ: مرۆڤایێتی دابەش کراوە بە"ین و یانگ" بەواتەی نێر و مێ، کاروباری مرۆڤایێتیش دابەش کراوە بۆ ڕێلمی "دەرەوە و ناوەوە" دنیایەکی سەربەخۆ و داخراوی ئافرەتان و دنیای کۆمەڵگەی نێرینە، ئافرەتان بەڕێوەبەری ماڵن و پیاوانیش بەڕێوەبەری دنیان، هەردوک لایان دەبێ ئاگەداری ئەم جیاوازییە بن، ئافرەت نابێت لووتی لە کاروباری کۆمەڵگەوە وەردات و پیاویش نابێت لووتی لەکاری ناوماڵ وەردات... مێرلین فرێنچ بەرگی یەکەم ل۱۱۷.

مێژووی چین سەلماندوویێتی کە نەوەکانی دواتر "پیاوەکان" هەڵوێستی کۆنفوسیوسیان بەکار هێناوە بۆ پیادەکردنی پیاوسالاری. پیاوەکان، یاساخکردنی شووکردنەوەی فیلۆسۆفیای کۆنفوسیوسیان پشتگوێ خستووە، هەر کاتێک لەبەرژەوەندیاندا بووبێت ڕەچاویان کردووە و ئەگەر لەبەرژەوەندیاندا نەبووبێت پشتگوێیان خستووە، بەئارەزووی خۆیان بۆ کۆنترۆڵکردنی مێینە وەک زاناکانی ئیسلام فیلۆسۆفیاکەیان قارس کردووە و دایانڕشتووەتەوە.

بۆ ئەوەی ئافرەتان ئاستی خۆیان لەکۆمەڵگەدا بناسن، سکۆلارەکانی سەردەمی داینەستی "هان" بایۆگرافیا/ ژیاننامەی ژنە نموونەییەکانیان "ئەوەی ئەوان بەنموونەییان زانیوە" تۆمار کردووە. نووسەرانی لایەنگری پاتریلینی زۆر بەشانوباڵی ئەو ژنانەیاندا هەڵداوە کە دوای مردنی مێردەکانیان نەیانویستووە شوو بکەنەوە یان بەزۆر بەمێرد بدرێنەوە، دەبێ ئەو ڕاستییەش نەشارینەوە کە هێندێک ژن بۆ خۆیان لایەنی پاتریارکییان هەڵبژاردووە و خۆکوشتنیشیان لەجیاتی بەزۆر بەشوودانەوەدا هەڵبژاردووە... Women in early imperial China by, Bret Hench pp44.

هەر لە سەردەمی "هان"ەکاندا لە هێندێک ناوچەی چیندا بووەتە نەریت کە ژنان دوای مردنی مێردەکانیان مردنیان هەڵبژاردووە بەخۆراک نەخواردن یان خۆخنکاندن یان بازدانە ناو بیرەوە– خۆکوشتنی مۆراڵیستانە! ئەو هەڵوێستی خۆکوشتنەی ژنان دوای مردنی مێردەکانیان لەلای "مینگ"ەکان بەرز نرخێندراوە و بەدرێژاییی مێژووی کۆنی چین سکۆلارەکانیان بەسەربەرزییان داناوە. ڕەنگە لە گۆشەنیگای ئافرەتانەوە، ژیانێک کە لەگەڵیدا هەڵناکرێ دەتوانرێ خۆکوشتن بکرێتە هەڕەشەیەک بۆ ئەوانەی ژیانیان لێ تاڵ کردوون. لەگەڵ ئەوەشدا کە لە هێندێک ناوچەی وڵاتەکەدا ئەو جۆرە خۆکوشتنە جێگەی شانازی بووە، وەلێ بەشێوەیەکی گشتی خۆکوشتن شەرمەزاریی هێناوە بەشانی خێزاندا، کچان هەر لەبەر ئەوەی کچ بوون و هێندە لە هاوسەرگیریدا ڕسوا بوون بەجلی بووکێنییەوە خۆیان خنکاندووە، چونکە بڕوا وەها بووە کە دەبنە خێوی ماڵی مێردەکەیان.

بەکورتی: بۆ کۆتایی سەردەمی ئانتیکویتی چین ٢٠٨ی پێش سەردەم، گۆڕانکارییەکی گەورە لەژیانی ئافرەتاندا ڕووی داوە، لەپێشاندا کچە گەورەی ماڵ شووی نەدەکرد بۆ ئەوەی وەک سەرۆکی خێزانەکە سەرپەرشتیی کارە پیرۆزەکانی خێزان بکات و بیانباتە ڕێوە، وردەوردە داوێنپیسی و جووتبوون لەگەڵ کەسی نەشیاودا "وەک خوشک و برا و کچ و باوک" بڵاو بووەتەوە، هەتا کۆتایی سەردەمی "چۆو" ئافرەت وتەی هەبووە لە هاوسەرگیریدا، بێوەژن مافی شووکردنەوەی هەبووە، جووتبوونیش پێش هاوسەرگیری تابووی لەسەر نەبووە. لەسەرەتاوە ئازادییەکی ڕەهای پێوەندیی نێر و مێ هەبووە، وەلێ هەر لەو سەردەمەدا، مۆراڵێکی نوێ وردەوردە بووەتە نەریت. لەپێشاندا کە کوڕ و کچ ئازاد بوون لە هەڵبژاردنی هاوسەردا، بەکۆتایی سەردەمەکە، نە کوڕ نە کچ بێ پرسی دایک و باوک و بێ ڕەچاوکردنی نەریتی "شەش بەجێیی" و بێ دەلاڵ نەیانتوانیوە خێزان پێکەوە بنێن.

## سەردەمی کۆنی چین

## (٢٠٩ی پێش سەردەم– ٩٦٠ی سەردەم)

لەژێر کاریگەریی سەرۆک وەزیران "لی زو Li Szu"ی یاساگەردا، ئیمپڕاتۆر "چین" یاسای تایبەتی دەربارەی نەریت، شێوەی پۆشاک، پێوانە و زمانی نووسین، داڕشتوە. ڕێگەوبانی درووست کردووە و دیواری چینیشی نۆژەن کردووەتەوە. وەلێ ئەو ئیمپڕاتۆرە وەک کەسێکی دڵڕەق سەیر کراوە لەبەرئەوەی باجێکی زۆری خستووەتە سەر شانی دانیشتووان و سیستمی فیوداڵی هەڵوەشاندۆتەوە، بەهەڵە بەکارهێنانی دەسەڵات و بەرفرەوانکردنی سنووری چین، بووەتە هۆی خۆڕانەگریی داینەستییەکەی/ حوکمی بنەماڵەکەی و زوو ڕووخانی، داینەستیی چین تەنیا شازدە ساڵ تەمەنی بوو و داینەستیی "هان Han" جێگەی گرتەوە. لەژێر دەسەڵاتی"هان"دا، وڵاتی چین پێی ناوەتە ناو سەردەمێکی نوێوە. لەو سەردەمەدا، دوو دیاردەی سەرەکی کاریگەرییان کردووەتە

سەر دەسەڵات و ئایندەی ئافرەتان لەوڵاتەکەدا، یەکەمیان، سەرهەڵدانی چینایەتییەکی نوێ و سەپاندنی ئێکسۆگەمی "بەواتەی شووکردن و ژنهێنان لە دەرەوەی خێل" بەسەر بنەماڵەی پاشادا. سیستمێکی نوێ لەجێی سیستمی فیودالی کە بنەماڵەی چین پێشتر هەڵی وەشاندبۆوە، لەسەردەمی "هان"دا جێگەی گرتەوە. ئەو کارگێڕانەی کارێکی باشیان لەپێناو وڵاتەکەدا ئەنجام دابێت، پاداشتیان دراوەتەوە، وەرزێڕە دەوڵەمەندەکان توانیویانە زیادەی بەرهەمیان بەرامبەر وەرگرتنی کاری میری و ئاستێکی هەڵکشاوتری سۆشیالی بۆ ڕیزەکانی پێشەوەی سوپا بنێرن. لەکۆتایی سەردەمی چیندا، هێندێک خێزانی گەورە و دەوڵەمەند هەلیان لەباری ئاڵۆزی وڵاتەکە وەرگرتووە، دەسەڵاتێکی گەورەیان پەیدا کردووە و دەستیان بەسەر ناوچەیەکی گەورەدا گرتووە. یەکێک لە کردارە نابەجێ و لافی ژیانیان کۆکردنەوەی هەزاران ئافرەتی جوان بووە بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانیان. ئیستەر لی یاو ل٤٣.

دووەمیان، ئەو خێزانانەی لەڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە لەماڵی پاشاوە نێزیک بوون دەسەڵاتێکی گەورەیان پەیدا کردووە. لەبەر ئەوەی هاوسەرگیریی ناوەخۆیی لەناو خێزانە ئەریستۆکراتەکاندا لەسەردەمی داینەستی "چۆ"وە یاساخ کرابوو، نەوەی فیوداڵەکان دەبوایە هاوسەرگیری لەگەڵ نەوەی فیوداڵێکی دیکەدا بکەن کە پاشناوێکی جیاوازی هەبووە. ئەوجا کە بووک ماڵی باوانی بەجێ هێشتووە بووەتە خانمی ناوچەیەکی دیکە، پشتگیری و پێوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ماڵەباوانیدا نەماوە و لێرە بەدواوە وەک ئەندامێکی ملکەچی خێزانە نوێیەکەی سەیر کراوە. هێندێک جاریش لەنێوان شەڕی ماڵەباوانی و مێردەکەیدا گیری خواردووە و هیچ لێکدانەوەیەک لەلایەن بنەماڵەی مێردەکەیەوە بۆ بنەماڵەی باوانی نەکراوە. بەهەڵوەشاندنەوەی سیستمی فیوداڵی، پاشا و میرەکان ناچار بوون هاوسەرگیری لەگەڵ ژێردەستەکانی خۆیاندا بکەن، ئەمەش ترسناکییەکی نوێی هێناوەتە ناو ڕامیاریی وڵاتەکەوە. دوای مارەبڕینەوە و گواستنەوەکە، ماڵەباوانی بووکێ، ئاستێکی سۆشیالی بەرزتریان وەرگرتووە و زوو دەستیان لە کاروباری میریکردنەوە وەرداوە و پێش ئەوەی کچەکەیان "شاژن، ژنەئیمپڕاتۆر" مردبێت سامانێکی زۆریان پێکەوە ناوە. ئەوجا کە ئیمپڕاتۆرێک مردووە، خێزانێکی دیکەی ژنی ئیمپڕاتۆری نوێ جێگەی گرتووەتەوە و ئەوانیش بەهەمان شێوە ڕەفتاریان کردووە. وەلێ ئەو گەندەڵکارییەی بنەماڵەی شاژن کە هێندێک جار دوای مردنی پادشا بووە و شاژن وڵاتەکەی بردووەتە ڕێوە، لەدابەزینی ئاستی ئافرەتانی لەکۆمەڵگەدا کەم نەکردووەتەوە. لەکاتێکدا بەهۆی پیادەکردنی ڕامیارییەکی ئابووریی باشەوە و بازرگانی لەگەڵ دراوسێکانی وڵاتەکەدا ئاستی ژیاریی هاووڵاتیان هەڵکشاوە، ئەو هەڵکشانە چاوچنۆکی و چڵێسیی پیاوانی نەگۆڕیوە، بەپێچەوانەی بڵاوبوونەوەی کولتووری نرخاندن و گرینگیدان بەهونەر لەنێو خانەدانەکاندا، ئافرەت وردەوردە بووە بەکاڵایەک بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووە سێکسییەکانی پیاو. وەک پێشتر باسمان لێوە کرد، دابەزینی ئاستی ئافرەتان پڕۆسەیەکی لەسەرخۆ بووە. لەسەردەمی "هان"ەکاندا شووکردنەوە هێشتان شتێکی باو

بووە، میری ڕامیارییەکی تایبەتی یان ڕێگریی دەربارەی ڕەفتاری ئافرەتانەوە نەبووە، سنووری ڕەفتار پێوەند بووە بەگرێبەستی شووکردن و ماڵە خەزوورانەوە. زۆر جار ئافرەتان لەسەر هەژاری دەستیان لەهاوسەرەکانیان بەرداوە و هێندێک جاریش ماڵە خەزووران لەبووکێ ڕازی نەبوون و ناردوویانەتەوە سەر ماڵی بابی. لەڕاستیدا، پێش ئەم سەردەمە، لە سەردەمی شەڕە دووروردرێژەکانی پێش داینەستی "چین"دا ژمارەی دانیشتووانی چین لەکەمبوونەوەدا بووە، لەبەر ئەوە یەکێک لە فیودالەکان "کۆو چاین" هانی خەڵکی داوە ئەگەر بەناڕەواییش بێت "ناشەرعی" منداڵی زۆریان ببێت. وەلێ ئیمپراتۆرەکانی داینەستی هان هەستیان بەدابەزینی ئاستی مۆراڵی کردووە و ویستوویانە سنوورێکی بۆ دابنێن. لەبەر ئەوەش سەردەمی هان سەردەمی وەرچەرخانێک بوو بۆ پاداشتدانەوەی ئافرەتی ڕەوشت جوان. ئەو بەرنامەیە لە سەردەمی یەکەمین ئیمپراتۆری بنەماڵەی "هان"ەوە دەستی پێ کردووە. ئیمپراتۆرێکی دواتری هەمان بنەماڵە "وو Wu" هێندێک پیاوی دانای ڕاسپاردووە یاسایەکی نەزمی ڕەوشت "هەڵسوکەوت" بۆ هاوولاتییان دابڕێژن و هەموو کەسیش دەبوایە ڕەچاوی بکات، وەک ڕۆڵی باوک، دایک، مێرد، ژن، کوڕ یان کچ. لەسەردەمێکی درەنگتری بنەماڵەکەدا و بەهۆی دارشتنی یاساگەلێکی زۆر قورسترەوە ئاستی ئافرەتان تووشی دابەزینێکی گەورەتر بووە. لەدەوروبەری ساڵی ٤٨٠ی سەردەمدا لەباکوری وڵاتەکەدا خەڵوەتگەی تایبەتی بۆ بێوەژنی بێ وەجاخ کراوەتەوە، کە چاوڕوانی ئەوەیان لێ کراوە شوو نەکەنەوە. دواتر ئیمپراتۆرێکی بنەماڵەی "سوی Sui" بەیاسا شووکردنەوەی هاوسەر و دۆستەکانی کارگێڕانی میریی یاساخ کردووە. دیارە لێرە بەدواوە ئافرەتان لەنێو ماڵیشدا لەگەڵ پیاواندا هاوتا نەبوون و ئاستیان نزمتر بووە و هەڵسوکەوت و پێوەندیی ناوماڵ و دەرەوەیان چ مۆراڵی و چ فیزیکی سنووردار کراوە. نێوانی بنەماڵەی "هان" و "تانگ" سێ سەت ساڵی پڕ پشێوی و تێکشانی سۆشیالی بووە و زیاتر ئاستی ئافرەتانی بەرەوژێر بردووە، ئافرەت نرخی نەماوە و وەک کالایەک سەیر کراوە و هەر لەو سەردەمەشدا پرۆستیتوشن "سێکسکردن بەپارە" سەری هەڵداوە. بە تایبەتی لە ناو ئەو ئافرەتانەی مێردەکانیان یان هەموو خێزانەکەیان لەکاتی ئاشووبدا لەدەست داوە و بەهۆی توانی فیزیکی و بەربەستی یاساییەوە نەیانتوانیوە کێبەرکێی کارکردن لەگەڵ پیاواندا بکەن، زۆر ئاستەم بووە ئافرەتێکی هەژار لەکۆمەڵگەیەکی پیاوسالاریدا بێ یاریدەی کەسوکار بژێوی خۆی دابین بکات، لەهەمان کاتیشدا ئەوانەی سووتمەند بوون لەو ئاژاوە و بشێوییەدا هەلیان لەو بارە ئابوورییە نالەبارە وەرگرتووە و ئافرەتی جوانیان بۆ ڕابواردنی خۆیان و بازرگانیی سێکسی ڕاگرتووە. لەو جۆرە ڕاگرتنەدا کە بە پرۆستیتوشنی ناوماڵ home prostitution ناو براوە بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئافرەتەکاندا کراوە. خاوەن کارەکانیان توانیویانە هەرچییەکیان بوێت لێیان بکەن، جار هەبووە لەسەر نارازیبوونێک لێیان کوشتوویانن.

مارەبڕین بەڕێککەوتن کە پێشتر لەسەری دواین، لەسەردەمێکی درەنگتردا بووە بەکارەساتێکی

گەورە بۆ مێیینە. لەسەردەمی بووژانەوەی ئابووریدا، خێزانی بووکێ دەبوایە جیازییەکی گەورە لەگەڵ کچەکەیاندا بۆ ماڵی زاوا بنێرن. ئەو خێزانانەی پێشوەخت دەیانزانی توانی دابینکردنی ئەو جیازییە گەورەیەیان بۆ کچەکەیان نییە و بۆ ئەوەی لە بەشووودانی کچەکەیاندا ڕووزەرد نەبن، منداڵە کچەکانیان لەناو بردووە. سەرەڕای ئەوەش خێزانی کچ ئاگەداری ئەوەش بوون کە دوای ئەوەی ئەرکی بەخێوکردنی کچەکەیان دەبە نەسەر، کچەکەیان دەبێتە کرێکارێک بۆ خەزوورەکانی و هیچی بۆ ئەوان تێدا نییە و ئەو دوو هۆکارەی سەرەوە لە وڵاتی چین نەرێتی کچ کوشتنیان هێناوەتە ئاراوە. لەو سەردەمەی "چین"دا کچ نەک هەر کەمتر بووە لەکوڕ، بەڵکو مافی ژیانیشی لێ زەوت کراوە.

بۆ سەپاندنی دەسەڵاتێکی زۆرتر بەسەر ژێردەستەکانیدا، ئیمپڕاتۆری بنەماڵەی "تانگ" کۆمەڵێک یاسای دەرکرد کە هەتا ئەو سەردەمە بەڕێکخراوترین یاسای چین دەبینرێت. ئەو یاسایانە بەرپرسیاریی میرییان ڕوون کردووەتەوە لەسەر شتگەلێک کە پێشتر تایبەتمەندیی سەربەخۆ بوون، وەک کوشتن بۆ تۆڵەسەندنەوە و پێوەندیی ناو خێزان. بەپیادەکردنی کۆدەکانی یاسای تانگ، ئافرەتان لە ژیانیاندا و لە ڕووی سۆشالیەوە خەمی دەسەڵاتی میریشیان هاتە سەر شان، لەژێر کاریگەریی ئەو یاسایانەدا، ماڵە خەزووران بۆیان هەبووە مارەبڕی هەڵوەشێننەوە ئەگەر کوڕەکەشیان لەسەری ناڕازی بووایە. ژن یان دۆست ئەگەر لەڕووی خەزوورانیدا وەرجەرخابێتەوە سێ ساڵ زیندان کراون، خۆ ئەگەر ئازاری خەزوورانیان دابێت ئەوا لەسێدارە دراون. بێ گومان یاساش هەبوون بۆ سزادانی خەزووران و مێردیش لەسەر ناڕەوایی بەرامبەر بووکەکانیان، بۆ نموونە ئەگەر خەسوو یان خەزوور بووکەکەی بکووشتایە تەنیا سێ سال زیندان دەکرا، ئەو یاسایەش هەتا ساڵی ١٩٠٠ لەکاردا بووە... ئیستەر لی یاو ل٥٦.

ئێمە لێکۆڵینەوەکەمان بەدواداچوونێکە لەسەر مێژووی ئافرەتان و زەوتکردنی مافیان و هۆکاری سەرهەلدانی پیاوسالاری، لەبەر ئەوەش نامانەوێ بچینە ناو درێژەی یاساکانەوە کە پێوەندیی بەباسەکەمانەوە نییە. ئەوجا لێرەدا دەبێ سەرنجێک بدەین و بپرسین، ئەگەر ئەمە حاڵی هاوسەر بووبێت، ئەی دەبێ حاڵی دۆست و قەپاتمە چۆن بووبێت؟

## سەردەمی ناوەند، ٩٥٩-١٦٤٢

سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی سونگ "٩٦٠-١٢٨٠". سەردەمی وەرچەرخانێکی دیکەی ئاستی سۆشیالی بووە لەژیانی ئافرەتانی "چین"دا، داوێنپاکی، کوشتنی مێیینەی ساوا، پێ پێچانەوە و تێڕوانین لە ئافرەت وەک ئامرازێکی سێکس، بوون بەدیاردەیەک لەکۆمەڵگەدا- دیاردەیەک کە بۆ حەوت سەتەی دواتر لەهەڵکشاندا بووە، هەتا لە سەردەمی بنەماڵەی چینگ "Ching "1644-1911 گەیشتە تۆپەڵاک. پێش ئەو سەردەمە هەرچەندە ئافرەتان لەژێر گوشارێکی گەورەی دابونەرێتی ناپەسند و ناڕەوای کۆمەڵگەدا بوون، وەلێ لەناو ماڵدا بۆ ئەوەی ئەرکی پیاوسالاریی خێزانەکەیان

جێ بەچی بکەن لەزیانی فیزیکی بەدوور بوون کە کۆمەڵگە دەیویست بیسەپێنێ، مافی ژیانیان هەبوو و بەپێی خۆشیان دەڕۆیشتن و لە هێندێک سەردەمدا مافی شووکردنەوەشیان هەبووە. ئافرەتانی سەردەمی "سونگ" و بنەماڵەکانی دواتر، زۆر بەدبەختتر بوون، جگە لەوەی وەک ئەوانەی پێش خۆیان پابەندی کۆت و زنجیری دابونەرێتێکی تڕادیسیۆنال بوون، ژیانیشیان پێ ڕەوا نەدەبینرا و زۆر جاریش بەساوایی لەناو براون، ئەگەر لەناویش نەبرابانایە دەبوو خۆیان لەژێر ئەشکەنجەی پێ تێگرتن/ پێ پێچانەوەدا ڕاگرن.

ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی لەگەڵ هاتنی بنەماڵەی "سونگ"دا نەهاتنە ئاراوە، وەک دەرکەوتووە زیاتر چەوساندنەوەی ئافرەتان لە "نیۆ- کۆنفوسیانیسم"ەوە سەرچاوەی گرتووە کە نێزیکەی پەنجا ساڵ دوای هاتنی بنەماڵەکە سەری هەڵداوە. نیۆ- کۆنفوسیانیسم، وەک ڕێکخستنەوەی کەلەپووری چین سەیر کراوە و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر لۆجیک و فیلۆسۆفیای چین هەبووە کە ئەوانیش ڕۆڵی خۆیان لەسەر هونەر و لیتیراتوور و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی هەبووە، بەشێوەیەکی تایبەتیش ژیانی ئافرەتانی کردووەتە مەینەتی و کوێرەوەری. نیۆ- کۆنفوسیانیسم، سێ سەردەمی جیاوازی هەبووە لە سەردەمی یەکەمدا تۆزێک نەرمیی تێدا بەدی دەکرێت، لەسەردەمی دووەمدا زۆر کەمتر و هەر لەو سەردەمەشدا دوو فیلۆسۆف "تون- یی و چانگ تسای" کە لە پێشەوایانی داڕشتنی باوەڕی نیۆ- کۆنفوسیانیسم بوون، بڕێک لە فیلۆسۆفیاکانی بوودیزم، تاویزم، کۆنفوسیانیزم و بیری تڕادیسیۆناڵیان تێکەڵ کرد و ئەنجامەکەی فلۆسۆفیایێکی پڕ ڕق و کینەی بەرامبەر ئافرەتان لێ کەوتەوە. لە سەردەمی سێیەمدا کە نیۆ- کۆنفوسیانیزم بەتەواوی ڕیشەی داکوتا و جێگیر بوو، فیلۆسۆف "چێنگ هاو Cheng Hao " گوتوویەتی (باشترە ئافرەت لەبرسانا بمرێت لەوەی داوێنی پیس بکات) " ئیستەر لی یاو ل٧٧.

لەهەمان کاتیشدا ئەو فیلۆسۆفە مۆڕاڵێکی دووفاقی بەرامبەر نێر و مێ هەبووە. ئەو پێشنیازی ئەوەی کردووە کە پیاو مافی ژن تەڵاقدانی هەبێت و بێوەپیاویش ژن بهێنێتەوە چونکە باوک و دایکی پێویستییان بەخزمەتە. بەڵام هەمان مافیشی بەئافرەتان ڕەوا نەبینیوە.

هەڵمژینی کولتووری مەغۆلەکان لە سەردەمی بنەماڵەی "مینگ و چینگ"دا، داوێنپاکیی بەسەر ئافرەتاندا سەپاند، چاوەڕوانیی ئەوە لە بێوەژنەکان کراوە بەتەواوی لە سێکسکردن بەدوور بن و ڕێگەشیان نەدراوە شوو بکەنەوە و هیچ کەسیش لەسەروو ئەو یاسایەوە نەبووە. ئەو ژنانەی مێردەکانیان بەتۆمەتی نادڵسۆزی و سەرکێشییەوە وازیان لێ هێناون سووک و ڕیسوا کراون، لەهیچ شوێنێکیش کاریان پێ نەدراوە، جا لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو ژنانە بەتەواوی لەسەر داهاتی مێردەکانیان ژیاون و هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی خۆیان نەبووە، خۆکوشتنیان بۆ ماوەتەوە. بەداخەوە ئەو کردارە "خۆکوشتن" هان دراوە و وردەوردە بووەتە نەریتێکی پەسندکراو و سیمبۆڵی داوێنپاکی. ئەو ژنانەی لەپێناو داوێنپاکیدا لەشی خۆیان شێواندووە یان خۆیان کوشتووە بوونەتە جێگەی شانازیی خێزانەکە و بەرزبوونەوەی ناوبانگی. لەسەردەمانی پێشتردا، تەنیا دوای

گواستنەوەی بووک، مارەبڕی و هاوسەرگیریی شێوەی فەرمیی وەرگرتووە، وەلێ لەم سەردەمەدا دوای ڕازیبوون، نیشانەکردن کۆنتراکتێک بووە کاری پێ کراوە، لەبەر ئەوەش کیژی مارەبڕاو چاوەڕوانیی ئەوەی لێ کراوە وەک ژنێکی بەمێرد هەموو پێویستییەکانی سەر شانی بەرامبەر مێرد و خەزوورانی جێ بەجێ بکات. ئەگەر پێش گواستنەوەی دەزگیرانەکەی مردبێتیش هەر پێویست بووە بگوازێتەوە ناو ماڵی خەزوورانی و وەکو بێوەژنێک هەموو ژیانی بەرێتە سەر.

جەختکردن لەسەر پاکیزەیی شێوەیەکی دیکەی داوێنپاکی بووە، وەک ئەو بێوەژنانەی ڕێگەی شووکردنەوەیان پێ نەدراوە، کیژی لاو- وەک ئێستای لای خۆمان- بەهیچ شێوەیەک پێش شووکردن ڕێگەی جووتبوونی نەبووە. زیادبوونی حەزی پیاوان بۆ کچی دەستلێنەدراو "ڤیرجین/ پاگیزە" لەو سەردەمەدا پەرەی سەندووە، لەو سەردەمەدا کارێکی ناڕەوا نەبووە ئەگەر پیاوێکی پیر کیژێکی دەستلێنەدراوی بۆ تێرکردنی حەزی جنسیی خۆی بکڕیایە. هەر ئافرەتێکیش لە شەوی بووکێنیدا ئەگەر لێی بەهەڵەدا چووبن، یان بەڕاست کچێنیی لەدەست دابێت، ئەوا بەیانی زوو کراوەتەوە سەر ماڵی باوانی و بەدەگمەن هەلی شووکردنێکی دیکەی بۆ ڕەخساوە.

## پێ تێگرتن Foot binding

لەتەک ساواکوشتندا، پێچانەوەی پێ/ پێ تێگرتن، کارێکی دیکەی نامرۆڤانە بووە بەرامبەر ئافرەتانی چین، یەکەمیان لەناوی بردوون، دووەمیان لەش و ژیانی شێواندوون. هۆکار و سەرەتای تێگرتنی پێی ئافرەتان ئاشکرا نییە، لێکدانەوەی جیاوازیشی بۆ کراوە. بەبڕوای بەشێک لە مێژوونووسانی چین، ئیمپڕاتۆر "لی/ لای Li " داهێنەری ئەو مۆدە دڵڕەقەیە، گوایە ئەو پێڵاوێکی تایبەتی داهێناوە بۆ دۆستە خۆشەویستەکەی کە بۆ سەماکردن لەپێی بکات. دوای داهێنانەکەی ئیمپڕاتۆر، ئافرەتانی چینە هەڵکشاو و خانەدانەکان چاولێکەرییان کردووە، پێڵاوی تایبەتییان لەپێ کردوون بۆ ئەوەی پێیان لەقاڵب بدات. ئەوەی ئاشکرایە ئەو کردارە تایبەت بووە بەئیلیتی دەسەڵات و خانەدانەکان. جۆری ژیان و داخوازیی پەیداکردنی بژێوی ڕێگەی نەداوە بەڕەشوڕووت و کاسبکار چاولێکەریی دەوڵەمەندەکان بکەن، لەبەر ئەوە پێ تێگرتن بووەتە نیشانەی ئاستی سۆشیالی. لەگەڵ ئەوشدا کە پێ تێگرتن ئێش و ئازارێکی بێپایانی هەبووە و زۆر جار منداڵەکان پێیان هەوی کردووە و مردوون، کەچی هیچ دڵنەرمییەک بەرامبەریان نەنوێندراوە، ئەگەر منداڵێک لەتاو ئازار پای کردبێتەوە سزایەکی فیزیکیی وەهایان داوە نەوێرێ دووبارەی بکاتەوە.

لە سەرەتاوە، پیچانەوەی پێ بۆ خۆشلێهاتنی پیاوان بووە کە جێژیان لە خۆبادان و ناسکرەویی ئافرەتان وەگرتووە. دواتر پیاوان بۆیان دەرکەوتووە کە تێگرتنی پێ، جووڵانەوە سنووردار دەکات و بەو کارەش دەتوانن ئافرەتەکانیان لەناو ماڵدا قەتیس بکەن و هەڵسوکەوتە نادڵسۆزەکانیان بوەستێنن. پێ تێگرتن بووەتە هۆی تێکشانی ئێسک و گرمۆڵەبوونی، هێندێک جار پێچانەوەی پێ بووەتە هۆی ناتوانییەکی ئەوتۆی کەسەکە، کە نەتوانێ خۆی بەپێوە ڕاگرێ و دیوارەودیوار هاتوچۆ

بکات. جگە لە ئارایشت و ڕازاندنەوەی سەروژاو، بچووکیی پێ وەک جوانییەکیش سەیر کراوە و دەڵالەکانی مارەبڕین بەڕێککەوتن بەرز نرخاندوویانە، جا ئەگەر کیژێک بەختی نەیگرتبێت، ئەوا هەموو ژیانی بەکڵۆڵی بردووەتە سەر- بەڕاستی ئەوەیە کە پێی دەڵێن کڵۆڵی.

## کچەکانی شەڕیزخان

زۆر جاران مێژوو تەنیا ڕووە ناشیرین و کردارە ناڕەواکانی کەسەکانمان پیشان دەدات، شەڕیزخان بەنموونە. زۆرینەمان ئاشناین بەداگیرکاری و تاڵان و کوشتوبڕەکانی شەڕیزخان، ئەوە ڕاستە، وەلێ ئەوە ڕووە ناشێرینەکەیەتی، شەڕیزخان ڕوویەکی دیکەشی هەبوو، ئەو کەسێکی سیاسی و دادپەروەر و میهرەبان بوو بەرامبەر مێینەی نەتەوەکەی. شەڕیزخان لە تیرەیەکی بچووکی مەگۆلەکان بوو، تەمەنی نۆ ساڵان کەمتر بووە کە تیرەیەکی تەتەر پەلاماریان دەدەن و باوکی دەکووژن. خزمە نێزیکەکانیان لەجیاتی ئەوەی بەدەنگیانەوە بێن، خراپتریان بەرامبەر کردوون. دوای ئەوەی تەتەرەکان باوکی دەکووژن، مامی دەست بەسەر ئاژەڵ و کەلوپەلەکانیاندا دەگرێت و هەموو خێزانەکە ئاوارەی دەشت و کێو دەکات. بەهەر شێوە و کولەمەرگییەک بووە داکی لەگەڵ خۆشک و براکانیدا گەورەی دەکات. لە تەمەنی شازدەساڵیدا کچێکی خزمی دایکی بەناوی بۆرتێ Borteدەکاتە هاوسەری، لەکاتێکدا بەهیوای ئەوە بووە ژیان لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بەرێتە سەر، تیرەیەکی دیکە پەلاماریان دەدەن و ژنەکەی دەڕفێنن و دەیدەنە پیاوێکی دیکە. بۆ ڕزگارکردنی هاوسەرکەی شەڕیزخان کە ئەو کاتە ناوی "تیمۆجین" بووە هەموو ڕێگەیەک دەگرێتە بەر، ژمارەیەکی زۆر لەو تیرەیە دەکووژێ کە ڕفاندوویانە و ژنەکەی ڕزگار دەکات... Mongol Queens ل١٢.

ڕەنگە ئەو هەڵسوکەوتە ناڕەوایەی مامی لەگەڵ دایکیدا و ڕفاندنی هاوسەرەکەی، کاریگەر بووبێت لە تێڕوانینی بۆ ئافرەتان.

دوای کۆششێکی زۆر شەڕیزخان، بەلێهاتوویی خۆی لە هاوینی ساڵی ١٢٠٦ی سەردەم، دەبێتە خانی گەورەی هەموو خێڵەکانی مەگۆل و دواتر ئیمپراتۆریایەکی پێک هێنا کە ١٥٠ ساڵ گەورەترین و زاڵترین ئیمپراتۆریای سەرزەمین بوو. وەلێ بەبێ کیژەکانی شەڕیزخان، ئیمپراتۆریای مەگۆل نەدەهاتە کایەوە. شەڕیزخان لە سەرەتاوە لەوە گەیشتبوو کە ئەو ئیمپراتۆریایەی ئەو دەیەوێ درووستی بکات، بەتەنیا کەسێک دابین ناکرێت، لەوە گەیشتبوو کە تەمەندرێژیی ئیمپراتۆریاکە و پاراستنی بەرژەوەندە سەرەکییەکانی داخوازیی دەسەڵاتی ناوەندیی ناوچەیی دەکات. ئەو دڵنیا بوو لەوەی کە لەڕێگەی کوڕەکانییەوە ئەو کارە ناچێتە سەر، بۆیە ڕووی کردە ژن و کچەکانی، ئەو کیژانەی کە ڕۆژانە بەدرێژایی ڕێگەی ئاورشم "سیلک ڕۆود" لە باشووری چینەوە هەتا ناوەڕاستی ئاسیا، ئیمپراتۆریاکەیان پتەوتر دەکرد. شەڕیزخان، چەند شەڕاوەر و داگیرکار بووە، ئەوەندەش ملکەچی یاسا خێڵەکییەکەی وڵاتەکەی بووە، لەکاتێکدا کە

بۆ پتەوکردن و یەکخستنی مەگۆلەکان، ژن و ژنخوازیی لەگەڵ سەرۆک خێڵەکاندا کردووە، لەهەمان کاتیشدا ئامادە بووە لەپێناو بەرژەوەندیی وڵاتەکەیدا، واز لە هاوسەرێکی خۆشەویستی بهێنێت، ئەوە یاسای وڵاتەکە بووە. بەو بۆنەیەوە لێدوانێکی مێژوویی داوە و بە ئیباکا Ibakaی هاوسەری گوتووە (تۆ چوویتە ناو دڵ و هەر چوار پەلیشمەوە، وەلێ ناچارم ئەم کارەش بکەم بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە خانی گەورەش ملکەچی یاسایە و لەپێناوی وڵاتدا حەزەکانی خۆی وەلاوە دەنێ.). شەڕیزخان، دوای وێکخستنی تیرەکانی مەگۆل ڕووی کردووەتە بەرفرەوانکردنی وڵاتەکە. لەجیاتی ئەوەی وڵاتەکە بۆ کوڕ و جەنەڕاڵەکای بەجێبهێڵێت، هاتووە بۆ ژنەکانی خۆی بەجێ هێشتووە، هەر یەک لە هاوسەرەکانی کردووەتە شاژنی ناوچەیەک و هەموو دەسەڵاتێکی لەناوچەکەدا داوەتە دەست. دواتریش کە ئیمپراتۆریاکەی فرەوانتر کردووە، لەڕێگەی مارەکردنی خۆشک و کچەکانییەوە پێوەندیی لەگەڵ میر و پاشاکاندا پتەو کردووە، وەلێ ئەو کاتێک کچێکی داوە بەشوو، وەک شاژنێک ناردوویەتی حوکمڕانی بکات، بۆیە زاواکەی ڕەوانەی ڕیزەکانی پێشەوەی لەشکرکێشی کردووە و زۆر جاریش کوژراون... شاژنانی مەگۆل ل٢٨،٢٧.

مەگۆلەکان، پێگەی باوکایێتییان بەوە داناوە کە بە "تۆو"ێک بەشداری لەبوونی منداڵدا دەکات کە ئێسکی منداڵەکەی لێ درووست دەبێت، وەلێ دایک، خوێن و گۆشت دەدات، ئەو داشکاندنە بەلای پیاودا، ناونراوە "یاس "yasبەواتەی ئێسقانی باوک. بەڵام لە خزمایەتیدا، داشکاندنێکی گەورەتریان بەلای دایکەوە هەبووە کە بە"ئوروگ urug" بەواتەی منداڵدان "ڕەحم" ناسیویانە. شەڕیزخان، ناوی خێزانەکەی خۆی ناوە "ئاڵتوون ئوروگ" بەواتەی منداڵدانی زێڕین. کاتێک یەکەم ژنی شەڕیزخان، دوای ڕفاندنی منداڵی دەبێت، شەڕیزخان جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە جگە لەدایک، کاری کەس نییە لووتی لەوە وەردات چۆن زگی پڕ بووە. (ئەوە کارێکە ڕوودەدات کە پیاوان لەشەڕدان، لە کاتێکدا کە دەکوژرێن، لە کاتێکدا ئەستێرەکان جریوەیانە، لە کاتێکدا کە وڵات لە ئاژاوەدایە، خەڵک لەناو جێگەدا بێ ئارامن و مەلیش لە هێلانەکەیدا.) شاژنانی مەگۆل ل٣٨، ٣٧, لەڕاستیدا بەلای مەگۆلەکانەوە ئەوە گرینگ بووە چۆن منداڵەکە پەروەردە دەکرێت.

بەیاساخکردنی فرۆشتن و ئالوگۆڕپێکردنی ئافرەتان، شەڕیزخان دەربارەی مارەبڕین یەکەم هەنگاوی دوورکەوتنەوەی نەریتی خێڵایەتیی ناوە. دواتر وردەوردە گۆڕانکاریی دیکە بوونەتە هۆی گۆڕانی ئاستی سۆشیالی کچەکانی و هەموو ئافرەتانی مەگۆل. یاساکانی شەڕیزخان دەربارەی ئافرەتان سەرچاوەیەکی ئایدیۆلۆجی یان بڕوایەکی ئاینی نەبووە، بەڵکوو ئەزموونی خۆی بووە لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیەکی هاوسان- بێگومان هەر بۆ مەگۆلەکان.

ساڵێک دوای ئەوەی شەڕیز دەبێتە خانی گەورە "خانی خانان" کچێکی بەناوی "چێچیایجین Checheyigen" دەدات بەمیرێکی ناوچەی "ئۆیرات Oirat" لە سایبێریا. لە ڕەوانەکردنیدا بەکچەکەی دەڵێ (لەبەر ئەوەی تۆ کچی خانی، تۆ نێردراوی حوکمڕانیی خەڵکی ئۆیرات بکەیت.) شاژنانی مەگۆل ل٤٧,

لە کاتێکدا شەڕیزخان سزای نەیارەکانی داوە، پاداشتی ئەوانەشی داوەتەوە کە لە نێزیکەوە یاریدەیان داوە، وەلێ زوو دوای مردنی شەڕیزخان کیژەکانی یەکەم جار کەوتنە بەر هێرشی براژنەکانیانەوە. ئەمە لەخۆیدا شەڕی نێوان ئافرەتان بووە لەسەر دەسەڵات. وەلێ زۆری پێ نەچوو ئەو شەڕە بووەتە شەڕ دژی دەسەڵاتی ئافرەت. دوای مردنی شەڕیزخان "ئۆگۆدێی Ogodei"ی کوڕی وەک خانی گەورەی مەگۆل جێگەی دەگرێتەوە. بەپێی تۆمارکراوی مێژووی مەگۆل، ئۆگۆدێی گەورەترین تاوانی لەمێژووی سەردەمی دەسەڵاتی خۆی و مەگۆلیشدا ئەنجام داوە، تاوانێک کە نێزیکی بڕوا پێ نەبوونە، تاوانێک نەک دژی بێگانە و دوژمن، بەڵکو بەرامبەر نەتەوەکەی خۆی. بەبیانووی ئەوەی ناوچەی ئۆیڕات کە چیچیاجینی خوشکی حوکمڕانیی دەکرد، کیژیان نەناردووە بۆ "حەرێم"ەکەی، دەچێتە سەریان. بەفەرمانی ئەو، سەربازەکانی چوار هەزار کچی حەوت ساڵ و بەرەو ژوور، لەخێزانی خانەدانەکانی ئۆیڕات لە گۆڕەپانێکدا کۆ دەکەنەوە و بەبەر چاوی داک و بابیانەوە سەربازەکان پێیان وەردەبن و دەستدرێژیی سێکسیان لێ دەکان، منداڵێک کە هێشتان بەئێشی زەوتکردنێکەوە هاواری بووە و هێشتان ژێر نەبووەتەوە یەکێکی دیکە سواری بووە. لەئەنجامدا هێندێکیان مردوون و ئەوانەی نەمردوون، ڕەوانەی پۆستە تایبەتییەکانی سەر ڕێگەی ئاوریشم کراون بۆ ئەوەی بازرگانەکان ئەگەر ویستیان ئارەزووی سێکسیی خۆیانیان پێ دامرکێننەوە... شاژنانی مەگۆل ل٨٩.

وا دیارە مەگۆلەکان لەسەردەمێکدا لەهێزی تیرۆری سێکس تێگەیشتبن، نووسەرە ئیسلامەکان باسی ڕووداوێکی دیکەیان لەو بارەیەوە کردووە کە لە سەردەمی هێرشێکدا بۆ سەر وڵاتی چین، سەربازە جاینییەکان جڕتیان بۆ مەگۆلەکان لێ داوە، دوای شکاندنیان- شکاندنی جاینییەکان، مەگۆلەکان هەموو سەربازە چاینییەکانیان گاوە.

ئەگەر نەناردنی کیژان بۆ حەرێمی ئۆگۆدێی پاساوێکیش بووبێت بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ئەو کیژە بێتاوانانە، ئەوا بێ گومان دەستدێژییەکی گەورەتر بووە بۆ سەر دەسەڵاتی کچەکانی شەڕیزخان، ئەوە دەستدرێژیی پیاوێکی داوێنپیس و چڵێسی سێکس نەبووە. دەستدرێژییەکە لە چڵێسی و ویستی دەسەڵاتەوە سەرچاوەی گرتووە. زەوتکردنی گچە ئۆیڕاتییەکان، جووڵانەوەیەک بووە لەگەڵ کامپێنی دیپلۆماسی و تیرۆردا، کە ئۆگۆدێی لەڕێگەیەوە ویستوویەتی دەسەڵات لەدەست خوشکەکانی "ئافرەتان" دەربهێنێ و دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ. شایانی باسە ئەوە بدرکێنین کە ئەگەر لەسەردەمی شەڕیزخان و پێشتریشدا مەگۆلەکان ڕێزێکیان بۆ ئافرەتانی خۆیان هەبووبێت، ئەوا لەهیچ کاتێکدا ڕێزیان بۆ ئافرەتی بیانی نەبووە.

## دەوڵەتی ئاینی و جێندەر

دێرترین کۆمەڵگەی تێکەڵ و ئاڵۆز لە هیندستان سەری هەڵداوە، بەڵگەنامەکانی کە سەردەمیان دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ پێش سەردەمی ئێستا/ نوێ. ئەوە دەردەخەن کە لە دەشتەکانی

هیندووس Indus Vally جۆرە کشتوکاڵێکی نێرزاڵ– بەواتەی ئەوەی پیشەی پیاو بووە– لەئارادا بووە. ئەو زانیاریانە لە کۆمەڵە هەڵبەستێکەوە دەرکەوتوون کە دەماودەم داکەوتوون و دواتر نووسراون. بەتایبەتیش هەڵبەستی شووکردن و ژنهێنان، لەو هەڵبەستانەدا ئومێدەواری ئەوەن بووکێ کە بەساڵدا چوو، بتوانێ لەناو کوڕ و کۆمەڵدا بدوێ و دەنگی هەبێت. ئەو ئومێدەوارییە، ئاماژەیە بۆ کۆمەڵگەی پیاوسالار. لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەی پاتریلینیدا ئافرەت دەنگی ناڕوات هەتا نەکەوێتە تەمەنەوە.

ئەو بەشەی مێژووی هیندستان کە زیاتر ڕوونە، لەگەڵ داگیرکاریی خێڵە ئارییەکاندا دەست پێ دەکات، بەواتەی لەنێزیکەی ١٧٠٠ ساڵان پێش سەردەمی ئێستا/ نوێ، خێڵە ئارییەکان پاتریلینی پاتریلۆکالی بوون و خودای نێرینەیان پەرستووە، بەڵام هێشتان کۆمەڵگەکانیان بەتەواوی پیاوسالار نەبوون. هێندێک جار، "ڤیسپاتنی vispatni"یەک سەرۆک خێڵ بووە (ڤیسپاتنی تیرمێکە بۆ سەرۆک خێڵێک بەکار هێندراوە کە مێیینە بوویێت. نووسەر.) ئارییەکان بەرەو ڕۆژهەڵات و باشووری هیندستان ڕەویان کردووە وەلێ نەگەیشتوونەتە ئەوپەڕی باشووری هیندستان، بۆیە هەتا ئێستاش بەزمانی جیاواز دەدوێن. هەردووک گرووپەکە ئارییەکان و دانیشتووە ڕەسەنەکان، پشتگیریی پیاوە ئاینییەکانیان کردووە کە "ڤێداکان"یان هەڵبەستووە، ڤێداکان بوونەتە کولتوورێکی تایبەت کە هەر بەکولتووری "ڤێدیک" ناسراوە. ڤێداکان لە چوار پەرتووکدا کۆ کراونەوە، کۆنترینیان ڕیگ ڤێدایەRig Veda کە١٠٠٠–٨٠٠ ساڵ پێش سەردەمی ئێستا بەزمانی سانسکریتی هەڵبەستراوە. دەتوانین بڵێین سەرچاوەی هەموو زانیارییەکان دەربارەی کۆمەڵگەی ڤێدیک، چیرۆک و هەڵبەستراوەکانی ڕیگ ڤێدایە. دەبێ ئەوەش بزانین کە هۆزانەکانی ڕیگ ڤێدا لەلایەن پیاوی ئاینییەوە هەڵبەستراون– پەرتووکێکە دەربارەی ئەو شتانەی بەلای پیاوەوە لەدنیادا گرینگ بووە، گرینگیدانی سەرەکییان بەمێیینە دەربارەی چۆنیێتی کۆنترۆڵکردن و ئاست نزمکردنەوەیان بووە.

کۆمەڵگەی سەردەمی زووی ڤیدیک "١٢٠٠–٩٠٠"ی پێش سەردەم، کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵکارە بووە، ئاژەڵ، بەتایبەتی گا و مانگایان خۆش ویستووە، بازرگانییان بەگۆڕینەوەی ئاژەڵەوە کردووە، سەرچاوەیەکی گەورەی ژیانیان بووە. وشەی دوهیتر duhitr =daughter کە واتەی کچ دەگەیەنێ، لە وشەی "دۆشین duh"ەوە وەرگیراوە. لەو کۆمەڵگەیەدا خێڵ خاوەنی گاڕان بووە نەک تاکەکەس. پیاو بۆ نەزر ئاژەڵی سەر بڕیوە، ئافرەت بۆی هەبووە لە کۆبوونەوەکاندا ئامادەبێت وەلێ بەشداریی گوتوبێژی نەکردووە. گۆڕەکانی ئەو سەردەمە، چینایەتییان پێوە دیار نییە. لەو سەردەمەدا تیرەکان بۆ تاڵان هێرشیان بردووەتە سەر یەکدی و دەستکەوتەکانیان لەنێو ئەندامانی تیرەکەدا دابەش کردووە، لەو تاڵانانەدا سەرکردەکانیان "ڕاجا"کان بەشێکی گەورەتریان لەخەڵکی دیکە بۆ خۆیان بردووە. لێرەدا ڕێی تێ دەچێ تاڵانکارەکان پیاوی تاڵانکراوەکانیان کوشتبێت و ئافرەتەکانیشیان بەکۆیلە بردبن. لە تۆمارکراوێکدا هاتووە کە ڕابەرێکی ئاینی لەبەهای

بەجێهێنانی نەزرێکدا، ٥٠ ئافرەتی کۆیلەی وەرگرتووە... میرلین فرێنچ بەرگی یەکەم ل١٣٣.

دیارە هەموو جۆرە کارێکیان بەو ژنە کۆیلانە کردووە هەر لەکاری سێکسییەوە هەتا ئاژەڵ دۆشین و پاککردنەوەی گەوڕ و... هتد.

ئاینی ڤیدایی کڵێسە و کۆتەڵکاری نەبووە، گرینگترین نەریتی ئاینییان بریتی بووە لە نەزرکردنی ئاژەڵ، دانەوێڵە و سۆمە soma کە گەورەترین دیاری بووە بدرێت بەئاینکار. ٥ لەگەڵ ئەوەشدا کە بەشە هەرەکۆنەکانی ریگڤیدا رێگە نادات ئافرەت نەزر بکات، وەلێ هەڵبەستیشی تێدایە باسی ئەوە دەکەن کە ئافرەت نەزر دەکات.

خودا سەرەکییەکانی ڤێدا نێرینەن، ئیندرا- خودای با و بۆران، ئاگنی- خودای ئاگر، وەلێ لە مێیەخوداش پاڕاونەوە بۆ ئەوەی تالانی زۆریان دەستکەوێت. بەبڕوای مێژوونووسی بەناوبانگی هیندستان "کومکوم رۆی "Kumkum Royئەوە درێژەی ململانێی نێوان پاتریلینی و ماتریلینی بووە و پاتریلینی هەتا ئەو سەردەمەش خۆی بۆ نەسەپێندراوە. لە کۆمەڵگەی پیاوسالاردا یاسای مارەبڕین بەرپرسیاریی پیاو دەسەپێنێ هەر وەک لە کۆمەڵگەی چیندا بینیمان، وەلێ ڤێداکان باسی زۆر شێوەی مارەبڕین دەکەن، فرەمێردی، هاوسەرگیریی خوشک و برا، دایک و کوڕ. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین، ڕەنگە لەو کۆمەڵگەیەدا هیچ هاوسەرگیرییەک نەشیاو یان ناپەسند نەبووبێت، لەبەر ئەوە هەتا سەردەمی ئەفسانەی "یاما- یامی "Yama- Yami لە لیتێراتووری هیندستانیدا ئەو جۆرە هاوسەرییانە بەناڕەوا نەبیندراون. (یامی خوشکە جمکەکەی یامایە. یاما هەوڵی جووتبوون لەگەڵ یامیدا دەدات و یامیش لەلووتی دەدات و پەنا بۆ خواوەند تزاستار دەبات و ئەویش بەهانایەوە دێت، یاماش هانا بۆ میترا و ڤاروونا دەبات، کە دوو خودای پاتریارکین و کێشەکە دەباتەوە.) خودا گەورەکانی ریگ ڤێدا، ئاگنی و ئیندران، هاوسەرگیریی هەردووکیشیان شێوەی پاتریارکییە. ئیندرا چەند ژنێکی هەیە و ئاگنیش جگە لە ژنەکانی چەندین دۆستی لاو و شۆخوشەنگی هەیە و دەستی لەکارەکەرەکانیشی ناپارێزێت. هەتا سەردەمی یاما یامی، نووسراوەکان هاوتاییی ژن و مێردمان بۆ وێنا دەکەن "لەنێزیک مێردەکەیەوە ژن دەوەستێ و لە ڕامووسان و تێکئالاندا، چێژ وەردەگرن" بەشێک هەڵبەستیش دان بەسێکسوالیتیی ئافرەتدا دەنێن و ئارەزووەکانی روون دەکەنەوە. بەلام لەگەڵ ئەوانەشدا لە هێندێک پاڕانەوەدا ئاماژەی پیاوسالاریش هەیە و تیایدا هەمیشە بۆ لەدایکبوونی کوڕ دەپاڕێنەوە، هەر پیاویش دەپاڕێتەوە نەک ژن... مێرلین فرێنچ بەرگی یەکەم ل١٣٥.

جۆرێک پێداهەڵدان بەسەر مێیەخوداکاندا هەتا سەردەمی یاما یامی لەئارادا بووە، وەک مێیەخودا سەراسڤاتی Sarasvati، کە توان و دەسەلاتێکی گەورەی هەبووە. هەروەها مێینەخودا ئەدیتی Aditi "ئەدیتی، ئاسمانە، هەوایە، دایکە، باوکە، ڕۆژە، هەموو خواکانە، هەموو مرۆڤە، ئەوەی هەبووە و لەمەولاش دەبێت، دەتوانێ تاوان بسرێتەوە و هەموو ئەوەی کە هەیە ئەو پێکەوەی ڕاگرتووە". وەلێ خواوەندی گەورە "ئیندرا" چارەی ئافرەتی ناوێت و دەڵێ "ئاوەزی ئافرەت

گوێڕایەڵیی تێدا نییە. مێشکی سەنکی کەمە." ئیندرا دەسەڵاتی خۆسەپاندنی نییە و هەمیشە لەگەڵ مێیینەدا لەململانێدایە، بەڵام دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ڕەتیکاتەوە لەزێی دایکیەوە بێتە دەرەوە، لەبەر ئەوە لە تەنیشتێکی دایکیەوە دەردەپەڕێ و ئەرز و ئاسمان پڕ دەکات. ئیندرا شەڕی مێیەخودای بەتوان "داوان" دەکات و ڕاوی دەنێ. هەروەها هەردووک مێ خودا، ئاسمان و زەمین لەترسی وی ڕادەکەن. هەوڵدانی ڕیگ ڤێدا بۆ سڕینەوەی مافی ئافرەتان خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکە بۆ سەنگ و گرینگیی ئافرەتان لەو سەردەمەدا. بەشە کۆنەکانی ڕیگ ڤێدا هیچ فەرمانێکی دژی خاوەندارییێتیی سامان و شووکردنەوەی ئافرەتانی تێدا نییە. لەبەر ئەوە زۆربەی سکۆلارەکان لەو بڕوایەدان کە لە سەردەمە کۆنەکانی هیندستاندا، ئافرەت توانیویەتی کار بکات و خاوەنی زەوی و زار بێت، کچانیش لەماڵەوە زانیارییان پێ درابێت.

پاشماوە ئارکیۆلۆجییەکانی سەردەمێکی دواتری ڤێدا "٩٠٠-٦٠٠"ی پێش سەردەمی ئێستا کۆمەڵگەیەکی قەڵەباڵغتر پێشان دەدەن، ئەوەش دیاردەی سەرهەڵدانی کشتوکاڵ و دەستپێکردنی شارستانیێتیێکی پێشکەوتووترە. لەهێندێک ناوچەدا پاشا "ڕاجا"کان کەسایێتییەکی دیار و جێگیرن. پاتریلینی و پاتریلۆکاڵی زۆر بەربڵاوترن، پلە و پایە زۆر گرینگترن لەجاران و دەزگە سیاسییەکان سەریان هەڵداوە. چینەکانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ڕەنگی پێست جیا کراونەوە، ئارییەکان سپی پێستەکان بوون، ئەوانی دیکەش تاریک پێستەکان بوون، بەشێکیش زۆر پێست تاریک بوون، ئەوانەی پێستیان سپیتر بووە، پلەیەکی بەرزتریان هەبووە. لەسەر بنەمای تاریکی و سپیێتیی پێست کۆمەڵگە دابەش کراوە بەچوار چین. بەرزترین چین "براهمین"ەکان بوون، ئەوانە چینی مامۆستایانی ئاینی بوون، لەژێر ئەوانەوە چینی "خشاتریا" بووە کە چینی شەڕکەرانە و لەزۆر کاتیشدا دەسەڵاتدارەکان بوون، بەدوای ئەوانیشدا چینی ڤایسیاس/ وایسیاس هاتووە، ئەمانە بازرگان و پیشەسازەکان بوون، لەدوا هامووانەوە چینی "سوودرا" هاتووە کە برێتی بوون لە کاسبکار و هونەرمەند و وەرزێڕەکان. بەپێی کات سیستمەکە هەتا بڵێیت ئاڵۆزتر بووە و ئەوڕۆ لە هیندستان، هەزاران چینی جیاواز هەیە. بێگومان ئەو ئیشانەی بەچاوێکی سووک سەیر کراون بەکۆیلەکان سپێردراون، وەک مامانی، تەویلە پاککردنەوە و ناشتنی مردوو.

لیتێراتووره پیرۆزەکانی ئەو سەردەمە "پانکەڤیمسا، ئایتەریا، ستاپاتە براهماناس" وردەوردە ئافرەتان لەمافی نەزرکردن دوور دەخەنەوە، پانکەڤیمسا باسی نەزری دوو ئافرەت دەکات کە هەزار سەر گاوگۆلیان بەدوو پیاوی گرینگ داوە کە لەگەڵیاندا جووتبن وەلێ پیاوەکان نەیان ویستووە دیارییەکانیان وەرگرن لەبەر ئەوەی نەزر و دیاریی ئافرەت نزم سەیر کراوە. لەو سەردەمانەدا وردەوردە خودای نێر جێگەی مێیینەخوداکانیان گرتووەتەوە، هەتا زیاتر خودای نێر جێگەی مێیینەخوداکانیان گرتبێتەوە، ترس و دژایەتیی ژنان لای پیاوان زیادی کردووە، ڕێچکەی ئەوەش لە نەریتی نەزری گەورە بۆ جێگیرکردنی سیستمێکی هێراڕکی دەردەکەوێت کە بەتایبەتی بۆ ڕەتکدنەوەی مێیەخودا "ڤیریا" خودای پاڵەوانی، داڕێژراوە- ئامۆژگارییەکان بەپیاوان دەڵێت کە

ژنەکانیان لەگەڵ خۆیاندا نەبەن، بەتایبەتی ئەو نەزرانەی خواردنەوەی تێدا پێشکێش دەکرێت، چونکە بەشینەوەی خواردنەوە مانای بەشینەوەی هێزە. لیتێراتووری ئەو سەردەمەی هیندستان پێشنیازی ململانێیەکی درێژخایەنی نێوان نێر و مێ دەکەن کە تێیدا پیاوان هەوڵیان داوە ئاستی مێینە دابەزێنن و ئافرەتانیش بەرگرییان کردووە. پیاوە ئاینییەکان مەترسیی پیاوانیان لەهەڵکەوتەی لەشولار و زایندەیی ئافرەتان بەکار هێناوە بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی مێینە، فەرمانیان بەپیاوان داوە پێش هاتنی هێندێک بۆنەی ئاینی خۆیان لە ئافرەت دوورخەنەوە، برێک بۆنەشیان بۆ ڕیسواکردنی ئەو ژنانە داهێناوە کە جگە لە مێردەکانیان لەگەڵ پیاوی دیکەشدا جووت بوون، بەڵام ئەو ڕیسواکردنە پیاوانی نەگرتووەتەوە کە هەمان کردەیان کردووە. سەرەڕای ئەوەش بۆ شکاندنی ئافرەت و زاڵکردنی پیاو، ئاینکارەکان نەریتی "ئاشڤەمیدا "ashvamedhaیان داهێناوە. ئاشڤەمیدا واتەی "نەزرکردنی ئەسپ" دەگەیەنێ، ساڵانە کەسێکی پلەبەرزی ئاینی ئەسپێکی بەوڵاتی ڕاجا/ پاشادا گێڕاوە و لەکۆتایی ساڵەکەدا ئەسپەکە کراوەتە نەزر. لەو نەزرەدا مەرج بووە دوای سەربڕینی ئەسپەکە، ژنە گەورەی ڕاجا، لەبەر چاوی ئامادەبووان لەگەڵ ئەسپە سەربڕاوەکەدا جووت ببێت و ژنەکانی دیکەی ڕاجاش خەریکی گۆڕینەوەی قسەی پیس و ناشرین بوون لەگەڵ پیاوە ئاینییەکاندا. بەپێی نەریتەکەیان، جووتبوونی پلەبەرزترین ئافرەتی وڵات لەگەڵ ئاژەڵێکدا بەسەرپەرشتیی ئاینکارێکی نێر/ پیاو، ئاماژەیەکی گەورەیە بۆ هێز و کاریگەریی سێکس. هەر لەو سەردەمەشدا نەریتێکی تازە سەری هەڵداوە کە بریتی بووە لە پەرستنی باپیرە گەورەکانی لایەنی باوک، پیاوە ئاینییەکان بەخەڵکەکەیان گوتووەکە، پیاو بەنەمری دەمێنێتەوە ئەگەر کوڕەکەی بیپەرستێت. بەڵگە ئاینییەکانی ئەم سەردەمە و دواتر، زۆرتر و زۆرتر ئافرەتان وەک چینی "سودراس" سەیر دەکەن کە نزمترین چینی کۆمەڵگەکەیانە.

لە سەروبەندی ساڵی ٦٠٠ی پێش سەردەمەوە بەکارهێنانی ئامرازی ئاسنین و کشتوکاڵ لە هیندستاندا بوونەتە شتێکی ئاسایی، کۆمەڵگەی گەورە بوون بە شار و پێشەسازی سەری هەڵداوە، خاوەندارێتیی تایبەت و توێژی دەسەڵاتدار هاتوونە ئاراوە. ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ کۆمەڵگەی دیکەی پیاوسالاردا پێگەی پیاوسالاری کۆمەڵگەی ڤێدای پتەوتر کردووە. ڕاجاکان لەپێناو فرەوانکردنی دەسەڵاتیاندا شەڕوشۆڕیان بەرپا کردووە و کەسوکاری نەیارەکانیان لەناو بردووە. بەهۆی شەڕەکانەوە نەریتە کۆنەکان داڕزاون. ئافرەتانی کەسوکاری فەرمانڕەوایان هەموو ئەو مافانەی بەپێی نەریت و کەلەپوور هەیانبووە لەدەست داوە. لەگەڵ ئەو بشێوییی ڕامیاری و سۆشیالییەشدا، دوو ئاینی پاشڤەچوو "بوودیزم و جاینیزم" لە نێزیکی ٥٥٠ی پێش سەردەم لایەن گاوتەمە/ بوودا و مەهاڤیرا، هێنرانە ئاراوە. هەردووک ئاینەکە خەڵکی فێری ڕەتکردنەوەی ژیان و جیهان بەدەری دەکەن. دوا بەشەکانی ڤێدا، ئەپەنیشادەکان Upanishads6، پاشڤەچوونێکی تێدا بەدی دەکرێ کە پێشنیازی تێکچوونی کۆمەڵگە دەکەن، ئەو ئەپەنیشادانە جێگەی نەریتە کۆنەکانی ڤێدا دەگرنەوە کە تێیدا نەزرکردن و بەخشینەوە بۆ خۆشگوزەرانی و باشەی مرۆڤ بوون لەسەر

زەمین. ئەو ئاینكارانەی ئەپەنیشادەكانیان داڕشتووە گومانیان لەبوونی ڕاستەقینە هەیە، بەبڕوای ئەوان ئەوەی بەڕاستی بوونی هەیە تەنیا "ئەتمان atman"ە، بەواتەی ڕەوانیی تاكەكەس. بەچوونە ناو جەستەوەرەوان لەبازنەیەكی بێ كۆتایی بوون (ئێش و ئازار، مردن، لەدایكبوونەوە كە لەسەر بنەمای بیر و هەڵسوكەوت و كرداری دواهەمین ژیانی دادگەیی دەكرێت، سزا دەدرێت یان پاداشتی دەدرێتێ.)

ئەو یاسایە، یاسای سەپاندنی سزا و پێدانی پاداشت "كارمە/ كەرمە karma"یە، كەرمەی باش ڕەوان لەو بازنەیە ئازاد دەكات. ڕێگەی گەیشتن بەو ئازادییە یۆگایە. (یۆگا، سیستمێكی ئاڵۆزی دابینكردنی فیزیكی و ئاوەزییە كە لە حەزەكانت دوورت دەخاتەوە.) ئەو حەزانەی كە كەسەكان لەبازنەی زەمیندا قەتیس دەكات و ناهێڵێ بگاتە شادمانی. بەڵام لەو فیلۆسۆفیایەدا ڕزگار بوون تەنیا بۆ نێرینەیە، بەتایبەتیش ئاینكارەكان. ئاینكارەكان فیلۆسۆفیای كەرمەیان بۆ بەرزڕاگرتنی خۆیان و ملكەچیی ئەوانی دیكە بەكار هێناوە، وایان ڕاگەیاندووە كە ملكەچی بۆ چینەكەیان، مەرجی لەدایكبوونەوەیە لەئاستێكی بەرزتردا. ئافرەتانیش تەنیا بەوە ڕزگاریان دەبێت كەوەك نێرینەیەك لەئاستێكی بەرزتردا بێنەوە دنیا. ئا لێرەدا بۆمان دەردەكەوێ كە لەو فیلۆسۆفیایەدا مێیینە هیچ دەرەتانێكی نییە، ئەوەش دەگەیەنێ كە مانەوە وەك مێیینە سزایە. ئەوجا لێرەوە دەتوانین ئەوە تێ بگەین كە ئاینێك ئەوە سەرچاوەی تیۆلۆجیاكەی بێت، بە چ چاوێك لە مێیینە دەڕوانێ.

بوودا و مەهاڤیرا، هەردووكیان بنەماكانی ئەپەنیشادەكانیان پەسند كردووە، وەلێ ڕەتی جیاوازیی چینایەتییان كردووەتەوە، جەختیان لەسەر ئەوە كردووەتەوە كە ڕەوشت، نەك لەدایكبوون، پێناسەی كەسەكە دەكات. پێداگریشیان لەسەر یۆگا كردووە كە ئامرازێكە لەبەر دەستی هەموو كەسێكدایە. بوودیزم پشتگیریی ڕوونبیریی خۆڕاهێنانی هزری دەكات. وەلێ جاینیزم سۆفیگەری فێر دەكات. هەردووك ئاینەكە، بوودیزم و جاینیزم، لە ناهاوتاییی تاك و چینەكانی كۆمەڵگە ناڕازین، وەلێ بەتاوانی نازانن بۆیە بەرەنگاری دامەزراوە ڕامیارییەكان نابنەوە، بەو هەڵوێستەش دەسەڵات لەخۆ ڕازی دەكەن. هەردووك ئاینەكە تاكپەرستییان بەباشترین ڕێگە داناوە. بۆ ئافرەتانی هیندستانیش، تاكپەرستی وەك ماسیحاییێتی كە سەردەمێكی دواتر هات دەروازەیەكی ڕزگاربوون بووە. بەزۆر بەشوودان، سكپڕبوون، كاری ناوماڵ، داخوازییە سۆشیالییەكانی بەدوای بەشوودانداا هاتوون لە تەمەنێكی بچووكدا، دەرەتانێكی ئەوتۆی بۆ ئافرەت نەهێشتووەتەوە. ئاینی ڤێدا، هەموو دەرگەیەكی ڕزگاربوونی لە ئافرەت و چینی نزم داخستووە. هەلی "مۆكشە moksha"یان پێ نەدراوە[٧] بەواتەی ئەوەی، ئافرەت هەر بەئافرەتی دەمێنێتەوە و چینی سوودڕاش هەر وەك خۆی و دەرەتانیان نییە لەبازنەكە دەرچن و خێروخۆشی ببینن. لەگەڵ ئەوەشدا كە بوودیزم بێ جیاوازیی جێندەر و چین، نیروانە/ نیرڤانە بەهەموو كەس ڕەوا دەبینێت، هێشتان گاوتەمە/ بوودا، نەیویستووە ئافرەت تاكپەرست

بێت، ئەو ویستوویێتی ژن هەر سووک و بارگران بمێنێتەوە و لەخزمەتی مێرد و خێزانەکەیدا بێت. هەتا بەناچاری لەژێر گوشاری زڕداکەکەیدا "مەها پڕاجەپاتی گۆتامی Maha "Prajapati Gotamiدا بەنابەدڵی ڕێگەی دا ئافرەتانیش دنیا بەجێ بهێڵن. وەلێ هێشتان ڕێگەی نەداوە ئافرەت ببێتە ئاینکار/ قەشە و سیستمێکی وەهای داڕشتووە کە سۆفییەژن "ئافرەتی پەرستگەنشین" لەژێر چاودێریی سۆفییەکاندا بن. لەگەڵ ئەو جیاوازییانەشدا هێندێک ئافرەت ڕوویان کردووەتە مۆنستیرەکان لەبەر ئەوەی لەوێدا جیاوازیی چینایێتی و ئاستی کۆمەڵایێتیی پێش شووکردن ڕەچاو نەکراوە. ئەو هەڵبەستانەی لەو ئافرەتانەوە بەجێ ماون کە ڕوویان کردووەتە مۆنستیرەکان، هەموویان باسی ئازادی دەکەن. (مۆنستێر، نیشتگەیەکە بۆ بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی بڕیار دەدەن شوو نەکەن و هەر خەریکی خواپەرستی بن.)

هەتا سەتەی دووەمی پێش سەردەم هیندستان وەک ئیمپڕاتۆریایەک خۆی نەدۆزیوەتەوە، هەتا ئەو سەردەمە هەر ناوچەیەک لەلایەن ڕاجایەک/ پادشا یان میرێکەوە حکومڕانی کراوە. دارای یەکەمی هەخامەنشی پێدەشتەکانی هیندووسی داگیر کردووە و ساڵانە ژمارەیەکی زۆری لەپیاوەکانی ناوچەکە بەزۆرەملێ راپێچی سەربازی کردوون، دواتریش ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ ماوەی دوو ساڵان شەڕی ڕاجاکانی ناوچەی "پونجاب"ی کردووە. شەڕ و بەرگریکاریی داگیرکەران بووەتە هۆی خۆڕێکخستنی ڕاجاکان و چاوبڕینە دەسەڵات. ئەوە بوو چاندڕاگوپتەماوریا، کە میرێکی باکوری هیندستان بوو، ئیمپڕاتۆریێتیی "ماوری" لەسەتەی دووەمی پێش سەردەمدا دامەزراند، لەسەردەمی ئەو ئیمپڕاتۆرییەدا، شاری گەورە درووست بوون چینی بازرگان گەشەی دا و دەسەڵاتێکی گەورەتری بەدەست هێنا و بووە هۆی تێکدانی هاوتاییی نێوان چینی "بڕاهمان و کشاتریا" / ئاینکار و دەسەڵاتدار، ٨ کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵکارەدا هاوبەشی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی بوون. گۆڕانکارییەکان بشێوییەکیان هێنایە ئاراوە کە دابینکردنی داخوازیی یاسایەکی نوێی دەکرد، ئەوەبوو لەدوای دامەزراندنی ئیمپڕاتۆرییەکەوە بڕاهمان "مانوو" یاسایەکی پێشکێش کرد کە دواتر هەموو دەسەڵاتدارەکان پێڕەویان کردووە. لێرە بەدوا بڕاهمانیزم لە ڤێدادا حەوایەوە و کۆدی مانوو بووە کرۆکی هیندۆیزم.

یاسای مانوو "مانووسمیرتی" واتەی ئامانجەکانی ژیان دەگەیەنێ کە بەپێی ئەو یاسایە بریتین لە (دارمە dharma، ئارتە artha، کامە kama، مۆکشە moksha) بەواتەی – ئەرک، سامان و دەسەڵات، سێکس و چێژ و، ڕزگاری. لەو یاسایەدا ئەرکی سەرەکیی پیاو ئەوەیە بەتوندی یاساکە بگرێت و دەستبەرداری نەبێت. هەموو پیاوێکیش، سامان، دەسەڵات، سێکس و جێژی جەستەیان دەوێت. وەلێ دەبێت بەشێوەیەکی مامناوەندییانە و ئەرکی هاوتایی بەرەوڕوویان بێتەوە. دواتر "مەهابهاراتە و بهاگەڤاد– گیتا" ئەوەیان دەگوتەوە کە لە دنیادا ئەرکی سەرەکیی پیاو ئەوەیە "بەوپەڕی توانایەوە ڕەچاوی ئەرکی چینەکەی بکات" ئەمەش لەڕاستیدا هەڵچنینی دیوارە لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگەدا.

مانوسمیرتی، چینی براهمینەکان لەسەروو هەموو چینەکانی دیکەوە سەیر دەکات، تەنانەت لەسەروو جێنی کشاتریاشەوە کە زۆر وەخت هاوتای براهمینەکان سەیر کراون بەتایبەتیش لەناوچەی پونجاب. بەبڕوای مانسمیرتی، هەرسێ چینی براهمین، کشاتریا، ڤایسیا، چینی پاکن و "دوو جار هاتوونەتە بوون" لەبەر ئەوەی پیاو بەوەرگرتنی ئاین لە سەردەمی پێگەیشتنیدا/ باڵقبوون، بەرزیی پێ دراوە و بووەتە ئەندامی گرووپێکی کارامە" جاتی jati". ئەو کاتەی ڤێداکان نووسراونەوە تەنیا پیاوانی ئەو سێ چینە بۆیان هەبووە بیخوێننەوە. جیاوازیی چیناێتی هێندە بەرین بووە هەتا ئەو ئاستەی کە تاکی هەر چینێک دەبێ لەچینەکەی خۆیدا لەدایک بووبێت، بەواتەی ئەوەی گواستنەوە لە چینێکەوە بۆ یەکێکی دیکە نەشیاوە، جگە لەوەش، هیچ چینێک نانی دەستی چینێکی خوارتر ناخوات، دەبێ خۆراک بەدەستی کەسێکی چێنی خۆی یان باڵاتر ئامادە بکرێت. ئەوجا دەبێ هەر چینە هاوپیشەی باوکوباپیرانی بێت، پیشەکەی نەگۆرێت. دەبێ هاوسەرگیری لەناو چینی خۆیاندا بکەن. فەرق و جیاوازیی چیناێتی سەتان وردە یاسای نەگۆڕی هێناوەتە ئاراوە. بۆ نموونە، کەسێکی تینوو ناتوانێ ئاو لە کانییەک بخواتەوە خاوەنەکەی لە چینێکی باڵاتر بێت. ئەوجا وشکەساڵانێک بێنە پێش چاوی خۆت و بیر بکەرەوە و بزانە ئاین چ جۆرە چەوسانەوەییەکیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە؟

براهمینەکان، بەردەوام ویستوویانە ئافرەتەکانیان ژێردەستە بن، لەدوای پیاواناوە بن، وەک ئەوانەی ولاتی چین کە پێشتر باسمان کرد. مانو بڕیاری داوە، ئافرەت سەر بەچینی باوکیەتی هەتا ئەو کاتەی بەشوو دەدرێ، ئەو کاتە سەر بەچینی مێردەکەیەتی. هەرچەندە هاوسەرگیری لەدەرەوەی چینی خۆ یاساخ بووە، وەلێ لەڕاستیدا شووکردن بەچینێکی باڵاتر "هایپەرگەمی hy-pergamy" لاستیکی بووە. ئا لێرەوە نەریتی جیازی، کە هیندستانییەکان پێی دەڵێن داوری dowry هاتۆتە ئاراوە. ئەو خێزانانەی کچیان هەبووە و ویستوویانە بیدەنە چینێکی باڵاتر، جیازییان کردووەتە کاڵایێکی تەماحڕاکێش. ئاگەدارم لە کوردەواریی خۆشماندا، نەریتی جیازی هەبوو- نازانم ئێستا ماوەیان نا، وەلێ بیرۆکەی جیازی کوردەواری جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەوەی هیندستانی، ئەوەی کوردەواری بۆ بەشوودانی کچەکە نەبووە بە چینێکی باڵاتر، بەڵکوو بۆ شانازیی ماڵەباوان و ڕێز پەیداکردنی کیژەکەیە لە ماڵەمێردەکەیدا.

## بەپێی یاسای مانو

ئافرەت، لەناو ماڵەکەی خۆشیدا نابێت سەربەخۆ هیچ شتێک بکات. لە منداڵیدا ژێردەستەی باوکییەتی، لەلاویدا هی مێردەکەی. کە مێردەکەشی مرد هی کوڕەکانی. قەت نابێ سەربەخۆ بێت...

دەبێ هەردەم شوکرانە لێدا و کارامە بێت لەکارەکانیدا. ناوماڵی بەپاکی بپارێزێ و دەستی بەکیسەی ماڵەوە بگرێ... ژنی باش، دەبێ مێردەکەی وەک خودا بپەرستێ.

مانو، زۆر خۆی بەخۆپارێزی ئافرەتەوە خەریک کردووە. بڕیاری وی وا بووە کە کچان لە تەمەنێکی لاویدا شوو بەپیاوی بەساڵداچوودا بکەن، ڕێگەیان نەدرێت شوو بکەنەوە، لەسەر دزی-سێکسیش بەپێی چینی خۆیان سزا بدرێن. ئەو ئافرەتەی سێکسی لەگەڵ کەسێکی چینی بالاتردا کردبێت، هەتا خوێنی مانگانەی دێت و دەگەڕێتەوە بۆ لای مێردەکەی، خواردنی پیسی پێ بدرێت. ئەو ئافرەتەش سێکسی لەگەڵ چینێکی خوارتردا کردبێ، فڕی بدرێ سەگ بیخوا.

لەبەر ئەوەی ئافرەتان ناتوانن بگەنە مۆکشە- ڕزگاریی هەمیشەیی، لەبەر ئەوە فێربوونی سانسکریتی و خوێندنەوەی ڤێدایان، لێ یاساخ کراوە. بەپێی تێکستێکی ڕەمایانە، ئافرەت، دەهۆڵ، سەگ و کۆیلە، دەشێ لێیان بدرێت. وەلێ هەر مانوو لە شوێنی دیکەدا پیاو ئاگەدار دەکات کە ئەگەر ئافرەت بچەوسێننەوە، خوداکان نەزرەکانیان وەرناگرن، هەروەها پیاوان هان دەدا بۆ ڕێزگرتنێکی زۆر لە هاوسەرەکانیان. "لەو شوێنەی ئافرەت ڕێزی لێ گیراوە، خوداکان بەختیارن. لەو شوێنەی ڕێزیان نییە، هەموو بۆنە ئاینییەکان، بەتاڵن" - مێرلن فرێنچ بەرگی یەکەم ل. ١٤٦

لەسەروبەندی سەتەی یەکەمی سەردەمدا، دوو کۆمەڵەداستانی کولتووری هیندستانی، مەهابهاراتە Mahabharata و ڕامەیانە Ramayana، چوونە دەقێکی نەگۆڕەوە، بەواتەی ئەوەی دوا شێوەیان وەرگرت، ئەو دوو کۆمەڵە داستانە بوونە بنەمای لیتێراتووری براهمانیزم. گرینگیی ئەو لیتێراتوورە بۆ کولتووری هیندستانییان وەک تەورات و ئینجیلە بۆ جوولەکاییتی و مەسیحاییتی. ئەوانیش وەک ڤێداکان، سەرگورشتە و ئەفسانەی کۆن بەسەر دەکەنەوە. مەهابهاراتە، باسی شەڕەکان دەکات، ڕامەیانەش، جێندەر بەسەر دەکاتەوە. هەردووکیان ئامۆژگاریی ئاینی و سۆشیالین.

مەهابهاراتە دەڵێ:

ژن، نیوەی پیاوە،
باشترین برادەرە،
ڕەگی هەرسێ چەمکەکەی ژیانن،
... لەگەڵ هاوسەردا پیاو کرداری گەورەی لەدەست دێت،
لەگەڵ هاوسەردا پیاو خیرەت دەدۆزێتەوە...
هاوسەر، بێوەیترین پەناگەیە... هتد

دیارە ئەم فێرکردنانە، ئافرەت وەک کۆیلە سەیر ناکەن، هەتا ئاستێکیش ڕیزی لێ دەگرێت. وەلێ هەر لەو سەردەمەدا هۆزانڤانێکی گەورەی سانسکریت، کالیداسا، شانۆکاریی "شاکونتالا"ی نووسی، ئەو شانۆکارییەش وێنەی ئافرەتی باشی هیندوی بۆ نەوەکانی دواتریش کێشا. ٩

شاکونتالا، نموونەی ئافرەتێکی تاشیوە کە لەگەڵ ئەوەشدا مێردەکەی بەهەموو شێوەیەک چەوساندوویتیەوە هێشتان هەر دڵسۆز بووە بۆی. لەو چیرۆکەدا کە لێرەدا جێگەی گێرانەوەی

نابێتەوە، دڵپیسیی براهمینەکانی تێیدا زاڵە. لەو چیرۆکەدا پێگەیشتنی فیزیکیی لەش کچ دەکاتە کاڵایێکی سێکسی، باوکی سکاڵای ئەوە دەکات کە ئەو پێگەیشتنە خۆشەویستترین و بەبەهاترین شتی ژیانی وی کردووەتە نەویستێکی سۆشیالی و مەترسی.

سەرگورشتەکانی ڕامەیانە سەرگورشتەی شاکونتالا، هێمای یەک شێوە ئافرەتمان دەخەنە بەر چاو. هەردووکیان دەیانەوێ ئافرەت لەقاڵب بدەن، فێری بکەن چۆن هەڵسوکەوت بکات.

لە سەرگورشتەیەکی ڕامەیانەدا هاتووە کە مێردێک سەری لەسەر ڕانی هاوسەرەکەی داناوە و خەوی لێ کەوتووە، لە نێزیکیشەوە منداڵە ساواکەیان گاوگۆلکێ دەکات و نێزیک ئاگردانەکە دەبێتەوە، بەڵام ژنەکە ناجووڵێتەوە نەکا خاوەنە خەوتووەکەی بشێوێ، کاتێک منداڵەکە دەچێتە ناو ئاگرەکەوە، ژنەکە لە ئاگنی دەپاڕێتەوە منداڵەکەی بپارێزێ، ئاگنیش پاداشتی دڵسۆزیی بۆ مێردەکەی دەداتەوە و منداڵەکە ناسووتێ.

جیاواز لەزۆر کولتووری گەلانی ئەم سەرزەمینە، کولتووری هیندستانی ڕێگە بەسێکسوالێتی ئافرەت دەدات. لەو کولتوورەدا سێکسوالێتی بەرزترین پلەی وەرگرتنی چێژی ڕێگەپێدراوە، ئەرکی سەرشانی پیاویشە خۆی و ژنەکەی/ ژنەکانی ڕازی بکات. کەچی نووسەرانی هیندستانی زۆر جار سێکسوالێتی ئافرەت بەبێ سنوور هەمیشە لەسەرپێ داواکار و لەق، باس دەکەن. وەک ئاشکرایە کولتووری هیندستانی گرینگترین کاری نووسراوی ئێرۆتیکی بەرهەمهێناوە. کاماسوترای ڤاتسایانا Vatsayana_s Kamasutra ڕێڕەونامەیەکی سێکسی و مێژوویی سۆشیالییە، ئاگەدارە چۆن جێندەر "نێر و مێ" بنیات نراوە و ئەو ڕێگەیانەی ئالۆشیی سێکسیی ئافرەت دادەمرکێنێت.

شووکردن کردەیەکی سەرەکیی ژیانی ئافرەتانی هیندستان بووە هەڵوەشاندنەوەی نەبووە، بەشێوەیەکی گشتی تاکەژنەیی "مۆنۆگەمی" بووە. دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار بۆیان هەبووە لە ژنێک زیاتریان هەبێت، وەلێ خەڵکی سادە تەنیا لە کاتێکدا توانیویێتی ژنی دووەم بهێنێ کە یەکەمیان نەزۆک بێت یان کوڕی نەبووایە!!. لە هێندێک سەردەمدا ژنی مێرد مردوو بۆی هەبووە شوو بکاتەوە، وەلێ میراتی مێردە مردووەکەی لەدەست داوە.

تێکستە ئاینییەکان هەشت جۆر شووکردنیان ناسیوە/ باس کردووە:

١- براهمان، جیازی پاکیزە، لەم جۆرە شووکردنەدا خێزانی کچەکە مێردێکی بۆ هەڵدەبژێرێ و لەگەڵ خێزانی زاوادا دەکەونە سەوداوە، هەموو ئەرکەکە دەکەوێتە سەر خێزانی کچەکە و پاش ڕێککەوتن لەگەڵ جیازییەکی زۆردا ڕەوانەی ماڵەمێردی دەکەن.

٢- دایڤا، لەم شێوەیەیاندا، پیاو کچەکەی دەداتە قەشەیەک وەک بەشێک لە قوربانی.

٣- ئارسا، لەمەیاندا بێ جیازی هێندێک پارە لەگەڵ کچە دەنێردرێت.

٤- پایاپاتیا، شووکردن بێ هیچ پێوەندییەکی دارایی و جیازی.

٥- گاندهارڤە، ئەمەیان لەسەر بنەمای خۆشەویستیی دوو کەسە بێ پێڕەوکردنی هیچ نەریتێک، زۆر کات بەدزییەوە بووە و بەتەواوی دانی پێدا نەنراوە.

شێوەکانی دیکە بەجاوێکی نزم سەیر کراون و ناوی بەدیشیان بۆ داناون، وەک ئەسورا کە بەکڕین بووە، ڕاکشاسا بەڕفاندن و، پاسیساکا کە بە جووتبوو بووە لەگەڵ کچێکی نووستوو یان سەرخۆش.

لەو سەردەمانەدا "٢٠٠ی پێش سەردەم- ٥٤٠ی سەردەم" ئافرەتی ئازاد لە هیندستان تەنیا سۆزانییەکان بوون، یاسای چین و پلە و پایەدار ئەوانی نەگرتووەتەوە، لە لیتێراتووری ئەو سەردەمەشدا زۆریان پێدا هەڵگوتراوە. وەلێ لەڕاستیدا، سۆزانییەکان بەزۆری لە هەژار و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بوون. بەڵام بەپێچەوانەی ئافرەتانی دیکەوە بۆیان هەبووە فێری خوێندنەوە و هونەر و پیشەی جۆرەوجۆر بن، ئەویش دوای ڕاهێنانێکی قورس و چڕ. ئەو ڕاهێنانە هۆکارێک بووە کاماسوترا داوا لەپادشا بکات پاڵ بەپیاوانەوە بنێ ڕێز لە سۆزانییەکان بگرن و بەرز بیاننرخێنن، بەباشی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

لەساڵی ٣٢٠ی سەردەمدا، بنەماڵەی گوپتا، ئیمپڕاتۆرییەکیان لەبەشێکی هیندستاندا پێک هێنا و دەستیشیان دایە فرەوانکردنی. سەردەمەکەیان بەسەردەمی کلاسیکی هیندستان ناسراوە. لەسەردەمەکەیاندا کڵێسای ناو ئەشکەوت و چیاکان پەرەی سەند، ژمارەیەکی زۆر هۆزانی بەنرخ و جوان هەڵبەستراون، پەیکەرتاشی پەرەی ساندووە و بەرەوپێش ڕۆیشتووە، وەلێ مافی ئافرەتان بەهۆی جێگیرتربوونی براهمانیزم و یاساکانی مانووەوە هەر لێی قارس دەکرا. بوودیزم و جاینیزم لەسەتەی حەوتەمدا لەهیندستان ڕۆژیان لێ ئاوا بوو و بەوەش ئافرەت ژیانی بێ هاوسەری لەدەست دا- لەو دوو ئاینەدا دەشێ ئافرەت هاوسەرگیری نەکات و ژیانێکی ڕەبەن بەرێتە سەر. هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکی منداڵ لەناوبردن لەهیندستان بەدەستەوە نییە، لێ زۆربەی سکۆلارەکان لەو بڕوایەدان کەکارێکی بەربڵاو بووبێت. دیارە کەس کچی نەویستووە لەبەر ئەوەی ڕێگەی پێ نەدراوە فێری خوێندەواری و ژەنینی مووزیک و هونەری سەما ببێت، کە بووەتە پیشەی سۆزانییەکان. ئافرەت، تەنیا بۆ سکوزا و خزمەتکاری بووە. کاردانەوەی ئەو گوشارە گەورە و ناڕەوایە، هاتنەکایەی دوو ئاینی نوێ بوو- تانتریزم و کەڵتی بهاکتی Tantrism and cult Bhakti. لێرەدا جێگەی ڕوونکردنەوەی باوەڕی ئەو دوو ئاینە نییە، ئەگەر بەپێویستم زانی لەباسی ئایندا دەگەڕێمەوە سەریان، لێ شایانە ئەوەندە بڵێین کە ئەو دوو ئاینە پێچەوانەی براهمانیز و کۆدەکانی مانوون، تانتریزم زۆر پەرگیرە بەڵام بهاکتی شێوەیەکی لیبڕاڵە.

پەراوێز:

١- دەوڵەتی ئینکا: کە لە کۆمەڵگەیێکی بێستانچییێتی "هۆرتی کولتوور"ی ئێگالیتاری و بێ زێدەبەرهەمهێنان و کۆمەڵکردنی سامان سەری هەڵدا، بەتەواوی ناکۆکە لەگەڵ بۆچوونەکەی ئەنگلس

دەربارەی سەرهەڵدانی دەوڵەت.

٢- بەشێک لە لێکۆڵەرەوانانی مێژووی ئافرەتان لە هێندێ سەرچاوەدا "هووری"یەکانیشیان وەک بابلی، بەواتەی ئەمووری لەقەڵەم داوە و ئاماژەشیان بۆ سەرچاوەی زانیارییەکەیان نەکردووە. لەو چەند ڕستەیەی سەرەوەدا، سەرچاوەکە بەڵگەنامەی شارەکانی نوزی و ماری وەک دوو شاری بابلی هێناوەتەوە، وەلێ مێژووی هوورییەکان سەلماندوویێتی، دانیشتووان و پادشاکانی ئەو دوو شارە، هووری زمانەکان بوون و لە هیچ لایەکەوە پێوەندییان لەتەک ڕەگەزی سامیدا نەبووە و لەو سەردەمانەدا سەرەتای "مەلێنیۆمی دووی پێش سەردەم" هوورییەکان لە چیاکانی هەورامانەوە و لەنێوانی هەردوو ئیمپڕاتۆریای بابلی و ئاسووریدا هەتا دەگاتە سەر دەریای سپی "بەواتەی بەنێزیکەی پانتاییی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان" چەند بادشاییتی و ئیمپڕاتۆریایان دامەزراندووە و، زۆر جاریش مەترسی بوون لەسەر هەردوو ئیمپڕاتۆریای، ئاسوور و بابل.

٣- باو سی، ئافرەتێکی جوان بووە و دۆستی پاشای ناوچەکە بووە، گوایە قەت پێ نەکەنیوە و پادشا هەموو شتێکی کردووە بۆ ئەوەی بیهێنێتە پێکەنین، جارێکیان بەرێکەوت ئاماژە دەکەن کە دوژمن هێرشی هێناوە و داوا لەهێزەکانی دەوروبەری شار دەکەن بێن بەفریاوە، هەواڵەکە ڕاست دەرناچێت و باو سی بەمە پێ دەکەنێت، ئیدی پاشا بۆ بەپێکەنینهێنانی باو سی دۆستی زوو زوو بەدرۆ هەواڵی هێرش هاتنە سەر بڵاو دەکاتەوە هەتا وای لێ دێ کەس بڕوای پێ ناکات، کاتێکیش هێرشی ڕاستی دەکرێتە سەریان کەس بەدەنگییەوە نایەت و دەوڵەتەکە داگیر دەکرێ.

٤- ئاردار، وشەیەکی ئاوێستاییە و هاوتای وشەی justiceی ئینگلیزییە.

٥- سۆمە لەزمانی ئاوێستاییدا بەهاوەمەناوی هاتووە و خواردنەوەیەکی بێهۆشکەر بووە، زەردەشت گۆڕانی تێدا کردووە و کردوویەتییە خواردنەوەیەکی ئاسایی.

٦- ئەپەنیشادەکان، دەقی فیلۆسۆفین، هەندێک بەکرۆکی فیلۆسۆفیای هیندستانی دەزانن و وەک شاکاری ئەقڵی هیندی سەیری دەکەن، کۆمەڵە نووسراوێکن کە دەماودەم داکەوتوون و لە سەردەمێکی تایبەتدا نووسراونەوە، هەتا ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ ئەپەنیشاد لەبەردەستدان، بەشە هەرەکۆنەکانی کە نێزیکەی دوازدەن، بەبەشی سەرەکی"موکیا" ناسراوە.

٧- موکشە بەواتەی "دوا ڕزگاری" کە لەهەلی ڕەخساوی دۆناودۆنی ڕەوانەوە مرۆڤ دەیگاتێ، ئەو هەلە لەڤێدادا بەژن و چینی سوودرە ڕەوا نەبینراوە.

٨- براهمان، نازناوی ئاینکاری هیندۆیزمە، وەک مەلا لە ئیسلامدا و قەشە لە مەسیحایێتیدا، کشاتریاش چینی دەسەڵات بەدەستی هیندستانی ئەو سەردەمە بوون.

٩- لێرەدا هیندو، مەبەست لەو کەسانەیە لەسەر ئاینی هیندویزمن.

سەرچاوە سەرەکییەکان


Silver Moon Sun, and Witches. 1987

Barbara Lesko, the Remarkable Women of Ancient Egypt 1987

Sarah B. Pomeroy, Women in Hellenistic Egypt: From Alexander to Cleopatra 1984

Sir William Tarn, Cambridge Ancient History, Vol.10 1970,

George Dorsey, Man's Own Show: Civilization (New York: Harper& Brothers, 1931)
Bernard Batto, Studies on Women at Mari (Baltim0re, Md: Johns Hopkins University press, 1974
Gernot Wilhelm, the Hurrians, translated from German by, Diana L. Stein 1994
Marilyn French, From Eave to Dawn, vol. 1,2 &3. 2002
Ancient Civilizations, General Editor: Professor Greg Woolf, First publishing 2005
Chinese women: past &present, by Easter S. Lee Yao 1983
China Ancient Empire New Horizons, by Oliver Fulling 2008
Women in early Imperial China, by Bret Hinsch, 2000
On becoming human, Nancy Makepeace Tanner.Cambridge University press 1981
The creation of patriarchy.Gerda Lerner. Oxford University press 1986
In defense of Atheism Michel Onfray, translated by Jeremy Leggatt 2005
Sex, Time and Power, Leonard Shlain.How women's sexuality shaped Human Evolution. 2003
Big history, from the BIG BANG to the present, by Cynthia Stokes Brown. New York,, NY 2008
Grassroots by Jennifer Baumgartner and Amy Richards ... 2000
Richard A. Gold, Yiwara: Foragers of Australian Desert …1969
Georg Bancroft, History of the United States of America, From the Discovery of the Continent vol. 1.1967
Catal Huyuk: A Neolithic Town in Anatolia, by, James Mellart (New York: McGraw-Hill,…1967)
Marija Gimbutas, Gods and Goddesses of Old Europe (Berkeley: University of California press …….1974
Michal Dames, the Silbury Treasure (London: Thames and Hudson. …..1976)
Anton, Ferdinand, Women in pre-Colombian American. …...1973
Anderson, Karen. Commodity Exchange and Subordination: Montagnais-Naskapi and Huron Women, 1600-1650,"..1986
Simone De Beauvoir. Second Sex, copyright Alfred, A, Knopf Vintage Book Edition, 1989
Richard B. Lee, Population growth and beginning of sedentary, life among the Kung Bushmen 1972
Marjorie Shustak, Nisa: The life and world of Kung women. Harvard University press 1981
Carol Beckwith and Angela Fisher, African Ceremonies II (New York: Harry N. Abraham Inc. 1999
Robert S. McElvaine, Eve's Seed...2001
Myth0logy, the illustrated anthology of world myth and storytelling, general editor, C Scott Littleton 2002.
Encyclopedia of the ancient Greek world, David Sacks, revised edition by Lisa R. Brody ….2005
Political and social life in the great age of Athens, edited by John and Kitty Chisholm. Open Univerty.1978.
All you need to know, from Zeus's Throne to the Fall of Rome, by Caroline Taggart.Michael O' Mara Books Limited 2010.
Keuls Eva C.The reign of the phallus: Sexual politics in Ancient Athens. New York: Harper & Row, 1986
The secret history of Mongol Queens. By Weatherford 2010

– بنەچەی خێزان و خاوەندارێتیی تایبەت و دەوڵەت، نووسینی، فردریک ئەنگلس، وەرگێڕانی لەئەڵمانییەوە، کەریم مەلا ڕەشید.

# مارکەس سیسێرۆ*

نووسینی دکتۆر سەڵاح بابان

ڕەنگە کەس ئەوەندەی سیسێرۆ[1] کاریگەریی باشی نەبووبێت لەسەر زمانی لاتینی. پێش ئەو لاتینی زمانێکی لاواز بووە. بگرە هەموو ڕۆشنبیرە ڕۆمانییەکان، زمانی "گریکی"یان بەکار دەهێنا بۆ نووسینی بەرهەمەکانیان، ئەوەی گریکیی نەزانیبایە بەڕۆشنبیر دانەدەنرا. لەبەر ئەوە، پێش ئەو ژمارەی ڕۆشنبیرەکان لە ئیمپراتۆریای ڕۆمانیدا ئەو زۆرە نەبووە. سیسێرۆ، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی کە دەستی کرد بەوەرگێڕانی فەلسەفەی گریکی بۆ لاتینی، زمانەکەی زۆر بەهێز و دەوڵەمەند کرد. ڕێگەشی کردەوە بۆ هەموو خوێندەوارێکی ڕۆمانی بەرهەمی گەلێک لە ئەدەیب و فەیلەسووفە گرینگەکانی یۆنان بەلاتینی بخوێنێتەوە و بەزمانی خۆی بەرهەمەکانی خۆی بنووسێت و بڵاویان بکاتەوە. ئەمە بوو بەهۆی بووژانەوەی زمان و ئەدەبی لاتینی و بڵاوبوونەوەیان.

سیسێرۆ، جگە لەوەی کە زمانزانێکی بێ هاوتای کاتی خۆی بووە، فەیلەسووف و وتاربێژ و شاعیر و نووسەرێکی زۆر دانا و بەتوان بووە، مەبەستەکانی خۆی بەشێوازێکی ئەوەندە کورت و ڕوون و جوان دەربڕیوە، کە گەلێک لە ڕۆشنبیرانی ئەوسا و دوای ئەو لاسایی شێوازی نووسینەکانی ئەویان کردووەتەوە. لەبەر ئەوە، ئەو شێوازە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر زمانی لاتینی و تاکو ئێستا ئاسەواری ئەو شێوازە لە هەموو زمانە ئەورووپییەکاندا ماوەتەوە.

مەودای ڕۆشنبیریی ئەم بلیمەتە ئەوندە بەرین بووە هەموو جۆرە زانستێکی ئەوسای گرتووەتەوە فەلسەفە، مێژوو، ڕامیاری، یاسا، شیعر، ئەدەب، وتاربێژی و لە هەموویاندا دەستێکی فرە باڵای هەبووە.

لە سەدەی چوارەمدا، دوای ئەوەی کڵێسە و حوکمی ئاینی دەستی بەسەر "ڕۆما"دا کێشا، بە فەرمانی قەشەکان هەموو خوێندنگەکانی فەلسەفە داخران و هەرچی کتێبێک پێوەندیی بەفەلسەفەوە هەبووە، سووتێنران. بەوە، چەرخی تاریکی بەسەر "ئەورووپا"دا داهات. ئەو چەرخە، هەزار ساڵێکی خایاند پێش ئەوەی لە سەدەی چواردەدا وردەوردە ڕۆژی فەلسەفە و زانست

سەرلەنوێ بەسەر "ئەورووپا"دا هەڵبداتەوە و گەلەکانی لەخەو ڕاپەڕێنێت. کە چاوەکانی خۆیان هەڵگلۆفاند و کردنیانەوە و بینییان لە چۆن چاڵێکدا ئەمە سەدان ساڵە نووستوون، ڕێگە درایەوە بەفەلسەفە بگەڕێتەوە و جێگەی بڵندی شایستەی خۆی داگیر بکاتەوە و ئەدەب و زانست سەرلەنوێ ببووژێنەوە و چەرخی ڕاپەڕین دەست پێ بکات.

لێرەدا دەتوانین بڵێین یەکێک لە هۆیە گرینگەکانی ئەو ڕاپەڕینە، ئەوە بوو کە "پێترارخ"[٢]، لەسەدەی چواردەدا، هەندێک لەنامەکانی "سیسێرۆ"ی بەرێککەوت دۆزییەوە و بڵاوی کردنەوە.

بەو نامانەدا، کە هەزار و پێنجسەد ساڵێک پێش ئەوسا نووسرابوون، دەرکەوت کە فەلسەفە و زانست لەسەدەی یەکەمی پ.ز. چەند پێشکەوتبوون[٣]. گەڕانەوەی سیسێرۆ بۆ سەر شانۆی ڕۆشنبیری زۆر کەسی وریا کردەوە و وای لێ کردن کە بەشوێن بەرهەمی فەیلەسووف و زانستە دێرینەکانی گریک و ڕۆمانییەکاندا بگەڕێن و بەمێشکێکی کراوەوە بیانخۆێننەوە.

سیسێرۆ، ساڵی ١٠٦ پ. ز. لە شارۆکەیەکدا لەنێزیک ڕۆما لەدایک بووە. ئەوسا وەکو لەسەرەوە باسی کراوە، ئەو ڕۆمانییەی زمانی گریکی نەزانیبایە بەڕۆشنبیر دانەدەنرا. لەبەر ئەوە هەر لە منداڵییەوە فێری گریکی بووە و دەستی کردووە بەخوێندنەوەی شیعر و ئەدەب و فەلسەفەی گریکی. بەپێی پلۆتارخ[٤]، سیسێرۆ هەر لەمنداڵییەوە زۆر زیرەک بووە و هەوەسێکی زۆری هەبووە لە فێربوون و خوێندنەوە. بەتایبەتی زۆر حەزی لەیاسا و ڕامیاری و فەلسەفە و وتاربێژی کردووە.

سیسێرۆ، بەگەنجێتی پارێزەرێکی زۆر سەرکەوتوو بووە. لەدواییدا دەستی داوەتە ڕامیاری و کارکردن بۆ دەوڵەت. تا دەکرێت بەفەرمانڕەوای "سلیسیا Cilicia"، کە ناوچەیەکە لە ئێستای "تورکیا"دا.

ئەوسا ڕێژیمی حوکم لە ڕۆما کوماری بووە، خانەدانەکان بەهۆی پەرلەمانەوە لەناو خۆیاندا دوو کەسیان هەڵدەبژارد پێیان دەگوتن "کۆنسوڵ Consul". ئەو دوانە پێکەوە بۆ ساڵێک فەرمانڕەوایی وڵاتەکەیان دەکرد. هەرچەندە سیسێرۆ لە چینی خانەدانان دانەدەنرا، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ڕامیارێکی ڕۆشنبیر و دانا و زۆر دڵسۆزی ڕێژیمی کۆماری دەبێت ساڵی ٦٣ پ.ز. هەڵی دەبژێرن کە ببێت بەکۆنسول. ساڵی ٦٢ پ.ز. لەو کاتەی کە ماوەی "کۆنسول"یی سیسێرۆ کۆتایی پێ دەهات، پۆمپەی بەسەرکەوتوویی لەجەنگ دەگەڕێتەوە و خۆی پێشکێش دەکات بۆ هەڵبژاردن کە بکرێت بەکۆنسول. بەڵام



سیسێرۆ بەمنداڵی. دانیشتووە دەخوێنێتەوە، وەک چۆن "ڤینسێنزۆ فۆپپا Vincenzo Foppa" 1427-1515ڕەسمی کردووە

خانەدانەکان "پۆمپەی"یان[5] دەناسی و دەیانزانی کە لە سروشتیدا ڕەگی دیکتاتۆرییەت هەیە. لەبەر ئەوە هەڵیان نەبژارد. ئیتر ساڵی ٦٠ پ.ز. بەبیانووی ئەوەی کە ڕۆما لەحوکمی چینی خانەدانان ڕزگار بکەن و خزمەتی هەژار و بێدەسەڵاتەکانی وڵاتەکە بکەن[6]، پۆمپەی و کراسەس[7] لەگەڵ "کەیسەر"دا[8] ڕێک دەکەون کە بەزۆر خۆیان بکەن بەکۆنسول و پێکەوە فەرمانڕەوایی وڵاتەکە بکەن.

کەیسەر، سیسێرۆ بانگ دەکات کە ببێت بەچوارەمینیان. بەڵام سیسێرۆ لەبەر ئەوەی کەدژی دیکتاتۆرییەت دەبێت بە هێچ جۆرێک هاوکارییان لەگەڵدا ناکات.

پۆمپەی، بۆ ئەوەی پێوەندیی خۆی لەگەڵ "کەیسەر"دا پتەو بکات، "جولیا"ی کچی دەهێنێت. لە دوای ماوەیەک، کەیسەر دەچێت بۆ جەنگ بۆ ناوچەی "گۆل Gaul" کە فرەنسا و بەلجیکا و بەشێکی هۆڵەندەی ئێستە دەگرێتەوە.

"جولیا"ی کچی کەیسەر کە ئێستا هاوسەری "پۆمپەی"یە زۆری پێ ناچێت دەمرێت. کراسەس"یش، ساڵی ٥٣ پ.ز. دەمرێت. لەدوای مردنی ئەو دووانە، پێوەندیی پۆمپەی لەگەڵ کەیسەردا تێک دەچێت و وردەوردە دوژمنایەتی دەکەوێتە ناویان.

کەیسەر، لە جەنگەکانیدا زۆر سەرکەوتوو دەبێت و ڕۆژ بەڕۆژ لەشکرەکانی بەهێزتر و گەورەتر دەبوون. پۆمپەی و پەرلەمان، لەوە دەترسان کە کەیسەر بەلەشکرەکانیەوە بگەڕێتەوە بۆ ڕۆما و داگیری بکات. لەبەر ئەوە پەرلەمان فەرمانی دەرکرد کە کەیسەر لە سەرۆکایەتیی لەشکرکە لابەرێت. بێگومان، کەیسەر هەر گوێشی نەدایە فەرمانەکەیان. ساڵی ٤٦ پ.ز. دێت بۆ ڕۆما و پەرلەمان داگیر دەکات و خۆی دەکات بەدیکتاتۆر.

کەیسەر، جگە لەوەی کە جەنەڕاڵێکی زۆر وریا و تێگەیشتوو بووە، ڕامیارێکی زۆر دانا و ڕۆشنبیر بووە، زوو بڕیاری دا کە لەهەموو دوژمنەکانی خۆی ببوورێت و بهێڵێت هەر کەس لەسەر کاروباری خۆی بمێننەوە. سیسێرۆ، یەکێک دەبێت لەوانە. لێبووردنی کەیسەر قبووڵ دەکات بەڵام واز لەڕامیاری دەهێنێت. هەموو ئەو کاتە، خۆی بەو فەلسەفە و نووسینەوە خەریک دەکات.

ساڵی ٤٤ پ.ز. کە کەیسەر دەکوژرێت و شەڕی ناوخۆ لەنێوان مارک ئەنتۆنی و ئۆکتاڤییەس لەلایەکەوە و بروتەس و کاسییەس[9] لەلایەکی ترەوە، دەست پێ دەکات، سیسێرۆ لایەنگری بروتەس دەبێت و لە پەرلەمان دەخوازێت کە مارک ئەنتۆنی بەدوژمنی گەل دابنێت و فەرمانی کوشتی دەربکات. لەبەر ئەوە کە شەڕەکە بەسەرکەوتنی مارک ئەنتۆنی و ئۆکتاڤییەس کۆتایی پێ دێت، مارک ئەنتۆنی بڕیار دەدات سیسێرۆ بکوژێت. سیسێرۆ، کە ئەوە دەبیستێت سواری کەشتییەکەی خۆی دەبێت و هەوڵ دەدات دەرباز ببێت. دوای ئەوەی کەشتییەکە ماوەیەک لە کەناری دەریاکەوە دوور دەکەوێتەوە، ڕەشەبایەک هەڵ دەکات و کەشتییەکەی دەگەڕێنێتەوە. ئیتر بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی و دەڵێت، دەی باشتر با بۆ خۆم لەو وڵاتەدا بمرم ئەوەی هەموو ژیانم خۆشم دەویست و خزمەتم دەکرد. ئەو کاتە سیسێرۆ، پیر دەبێت، نەیدەتوانی بەئاسانی

بەپێیەکانی خۆی بڕوات. لەبەر ئەوە، لەو کاتەدا ژمارەیەک لە کۆیلەکانی خۆی بە دەستەبەر هەڵیان گرتبوو. کە سەربازەکانی ئەنتۆنی دەگەنە سەری، سەری خۆی لەدەستەبەرکەوە دەردەهێنێت و یەخەی کراسەکەی لادەبات و دەڵێت، سەربازەکان ئێوە بەکارێکی بەد و ناڕەوا هەڵدەستن. بەڵام، دەی، مادام هەر دەبێت بمکوژن فەرموون.

ئەوانیش بەپێی فەرمانی ئەنتۆنی سەر و دەستەکانی[١٠] دەبڕن و دەیانبەن بۆ ڕۆما و لەوێ هەڵیان دەواسن. گوایە دوای ئەوەی "فولڤیا Fulvia"، هاوسەرەکەی ئەنتۆنی دەنبووسێک لەقژی خۆی دەکاتەوە و دەیکات بەزمانی "سیسێرۆ"دا و دەڵێت، دەی ئێستا هەڵیبواسن ئیتر ناتوانێت بدوێت.

پەراوێزەکان:

* بەشی زۆری ئەم زانیارییانەم لە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی Encyclopaedia Britannica و فەرهەنگی مێژووی دێرینەوە Dictionary of Ancient History وەرگرتووە.

١. سیسێرۆ Marcus Cicero 106-43 BC، سیسێرۆ ناوە ئینگلیزییەکەیەتی. ناوە ڕەسەنە لاتینییەکەی "کیکێرۆ Kikero "یە. بەڵام ئێستا زۆرتر بە سیسێرۆ بەناوبانگە. لەبەر ئەوە، منیش، هەر "سیسێرۆ"ی ناو دەنێم.

٢. پێترارخ (Petrarch 1304-1374) شاعیر و زانستخوازێکی ئیتاڵییە. شیعرەکانی کە زۆریان دەکران بەگۆرانی زۆر ویژدانی بوون و سەرنجی پیاوی وا دەکێشا بەرەو بارودۆخی ژیانی مرۆڤی هەژار و بێدەسەڵات. لەبەر ئەوە بەشاعیرێکی مرۆڤ پەروەر دادەنرێت.

٣. لە سەدەی یەکەمی پ.ز. زانست ئەوەندە پێشکەوتوو بووە زانیویانە کە زەمین گۆیە (خڕۆکە) و بەدەوری ڕۆژدا دەخولێتەوە. هەروەها زانیویانە تیرەی زەمین چەند کیلۆمەترە و چەند لە ڕۆژەوە دوورە. کەچی لەسەدەی شانزەدا، کە لێکۆڵینەوەکانی "کۆپێرنیکەس Copernicus 1473-1543" دەریان خست کە زەمین بەدەوری ڕۆژدا دەخولێتەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر کۆپێرنیکەس لەترسی کڵێسە نەیوێرا ئەو ڕاستییانە بڵاو بکاتەوە. چونکە بەپێی بیروباوەڕی کڵێسە و ئاینی مەسیحی، زەمین تەوەری "کەون"ە و ڕۆژ و ئەستێرەکان بەدەوریدا دەخولێنەوە. کۆپێرنیکەس لێکۆڵینەوەکانی خۆی دەکات بەکتێبێک. لەدوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، لەدواییدا پێش مردنی بەماوەیەکی کەم بڕیار دەدات بینێرێت بۆ چاپکردن و بڵاوی بکاتەوە. بەڵام بەداخەوە کتێبەکەی بەچاپکراوی نابینێت. دوای ئەوەی کە دەمرێت بەچەند سەعاتێک کتێبەکەی لەچاپ دەردەچێت. بۆی دەهێنن و دەیخەنە ناو دەستە مردووەکانیەوە. ئینجا دەڵێن گوایە، کۆپێرنیکەس چاوەکانی خۆی کردووەتەوە و سەیرێکی کتێبەکەی کردووە و سەرلەنوێ دایخستوونەتەوە و مردووە.

لەدوای کۆپێرنیکەس بەپەنجا ساڵێک، قەشە و زانست و فەیلەسووفی بەناوبانگی ئیتالی "جۆردانۆ برونۆ "Giordano Bruno1548-1600 لەسەر ئەوەی کە بەرگریی لە بیروباوەڕەکانی کۆپێرنیکەس دەکرد، کە زەمین گۆیە و بەدەوری ڕۆژدا دەخولێتەوە، بەفەرمانی کڵێسە ساڵی ١٥٩٢ دەیگرن. هەشت ساڵ لەبەندیخانەدا هەوڵی لەگەڵدا دەدەن و جۆرەها ئازار و جەوسانەوە دەچێژێت، بەڵام لەڕای خۆی لا

نادات و تۆبە ناکات. ئیتر ساڵی ١٦٠٠، هەرچەندە "قەشە"ش بوو وەکو خۆیان، بەفەرمانی کڵێسە لەبەر چاوی هەزاران کەسدا لەمەیدانێکدا لە شاری "ڤێنیس Venice" بەستوونێکەوە دەبیەستنەوە و دەیسووتێنن. ئێستا لەو مەیدانەدا، لەو شوێنەی کە سووتانیان پەیکەرێکی جوانی بۆ دانراوە.

٤. پلۆتارخ Plutarch 46-120 مێژوونووس و فەیلەسووفێکی بەناوبانگی گریکییە. لەبارەی مێژوو و ژیانی ٤٦ کەسایەتیی مێژوویی گرینگی نووسیوە. سیسێرۆ یەکێکە لەوانە.

٥. پۆمپەی Pompey 106-48BC جەنەراڵێکی زۆر سەرکەوتوو و بەدەسەڵات و دەوڵەمەندی ڕۆمانی بووە. ساڵی ٧١ پ.ز. لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا لە ئیسپانیا، کە بەسەرکەوتوویی لە جەنگ دەگەڕێتەوە، خانەدانەکانی ڕۆمای ناچار کرد کە هەڵیبژێرن بەکۆنسول بۆ ساڵی ٧٠. بەپێی یاسا، کۆنسول دەبوایە پێش ئەوەی مافی هەبێت ببێت بەکۆنسول، دەبوایە فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی کردبووایە و ئەندامی پەرلەمان بووایە و تەمەنی لە ٤٢ ساڵ کەمتر نەبووایە. ئەم مەرجانە هیچیان "پۆمپەی"یان نەدەگرتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەزۆری خۆی کر بەکۆنسول.

٦. هەژاری بێدەسەڵات چونکە مافی خوراوە زوو هەڵدەخەڵەتێنرێت، هەر چ دکتاتۆرێک بڵێت من لایەنگری هەژارم، بڕوای پێ دەکەن و دوای دەکەون. لەبەر ئەوە بەشێکی زۆر لە گەلەکە لایەنگری ئەم سێ دکتاتۆرە بوون.

٧. کراسەس Marcus Crassus 115-5، ئەو جەنەراڵە ڕۆمانییەیە کە ساڵی٧١ پ.ز. شۆڕشی "سپارتاکەس Spartacus " و کۆیلەکانی ڕۆمای دامرکاندەوە. لەدواییدا، لە ساڵی ٧٠ی پ.ز. خۆی و پۆمپەی دەبن بەکۆنسوڵ.

٨. یولییەس کەیسەر Julius Caesar 100-44BC جەنەراڵێکی ڕۆمانیی زۆر بەناوبانگە. ساڵی ٤٦ پ.ز. خۆی دەکات بەدیکتاتۆری ڕۆما. ساڵی ٤٤ پ.ز. کۆمەڵەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان بەسەرۆکایەتیی بروتەس، لە پەرلەماندا هێرش دەبەنە سەری و دەیکوژن. ئەوە دەبێت بەهۆی ئەوەی کە شەڕی ناوخۆ دەست پێ بکات. لەدوای ئەو، هەموو ئیمپراتۆرێکی ڕۆمانی ناوی خۆی دەنا کەیسەر. تا وشەی (کەیسەر) بەمانای ئیمپراتۆر بەکار دەهێنرێت. عەرەبەکان، "کەیسەر"یان کردووەبە (قەیسەر). ئینگلیزەکان کردوویانە بە(سیزەر)، ڕووسەکان بە(تسار). ئەڵمانەکان، هەر وەکو خۆی هێشتوویانەتەوە بە(کەیسەر).

٩. مارک ئەنتۆنی و ئۆکتاڤییەس و بروتەس و کاسییەس:

– مارک ئەنتۆنی Mark Antony 83-30BS، جەنەراڵێکی ڕۆمانییە. بە(ئەنتۆنیۆ) بەناوبانگە. لایەنگری کەیسەر دەبێت. پێکەوە خۆی و ئۆکتاڤییەس، لەدژی بروتەس و کاسییەس جەنگ دەکەن و شەڕەکە دەبەنەوە. لەدواییدا خۆی دەکات بەیاری کلیۆپاترە، بانووشای میسر، و پێکەوە لەدژی ئۆکتاڤییەس جەنگ دەکەن. کە شەڕەکە دەدۆڕێنن، هەردووکیان، ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە، خۆیان دەکوژن.

– ئۆکتاڤییەس Octavius 63BC-14AD، کوڕی کەیسەرە بە تەبەننا. دەبێت بەیەکەمین ئیمپراتۆری ڕۆما.

– بروتەس Marcus Brutes 85-42BC، سیناتۆرێکی ڕۆمانییە. پێکەوە لەگەڵ کاسییەس، بۆ ئەوەی ڕۆما لەدەست دیکتاتۆر ڕزگار بکەن، بریاری کوشتنی کەیسەر دەدەن. لەدواییدا کە شەڕی ناوەخۆ دەست پێ دەکات و شەڕەکە دەدۆڕێنن، هەردووکیان خۆیان دەکوژن.

– کاسییەس Gaius Cassius، جەنەراڵێکی ڕۆمانییە.

١٠. دەستەکانی دەبڕن، چونکە بەو دەستانەی لەدژی ئەنتۆنی و دیکتاتۆرییەت وتاری دەنووسی.

# ئەوانەی گەڕانەوە ئاسمان

ئەنیس مەنسوور

## بەشی چوارەم

سندبادی دەریایی و کیشوەری "موو"ی ژێر ئاوکەوتوو

سندباد بەر لەوەی دەست بە گەشتی یەکەمی بکا ئەم دێرە شیعرانەی بەبیردا هاتەوە:

هێندەی ڕەنجی خۆت، دەتبێ پلە و شان
ئەوەی بەرزیی ویست ناخەوێ شەوان
نوقمی دەریایە مرواری خواز
کەسێک بەبێ ڕەنج، گەورەیی بوێ
تەمەنی لەپای نابێدا دەچێ

گەشتەکەی سەخت و تۆقێن بوو.. کەشتی کێشاویەتە دوڕگەیەک، خەڵکەکە هەموو دابەزیون و ئاگریان کردووەتەوە و دانیشتوون دەستیان بە خواردن کردووە کە دوڕگە جووڵاوەتەوە، یەکێک بە هاوار پێیانی گوت: ئەمە دوڕگە نییە، نەهەنگێکە خۆڵی بەدەوردا کۆبووەتەوە و بووەتە قوڕ، لە قوڕیشدا ئەو دارانە ڕواون کە لە بنیدا دانیشتوون.. خۆتان ڕزگار بکەن.. هەموویان ڕزگار بوون، بەڵام سندباد خەریک بوو بخنکێ ئەوە نەبووایە پارچە تەختەیەکی دیتەوە و خۆی پێ هەڵواسی، ئینجا بە دوو پێ و دوو دەست دەستی بە سەوڵ لێدان کرد تا گەییە دوڕگەیەک.. لە دوڕگەدا هێلکەیەکی دۆزییەوە، هێلکەی باڵندەیەکی زۆر گەورە بوو ناوی "ڕوخ" یان "ڕیخ" بوو و... خۆی بە پەنجەیەکی ڕوخەکە بەستەوە و ڕوخ هەڵیگرت و بە ئاسماندا فڕی و لەبان دوڕگەیەکی دیکەدا

..............................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە



هەواڵنامەی کتێب

هێنایە خوارێ.. وەک گوتوویانە دوڕگەی ئەڵماس بووە.. ئەڵماسێکی زۆری لێیە.. خەڵکەکەش بە شێوەیەکی سەیر ڕاوە ئەڵماس دەکەن.. بزن دەهێنن و کەوڵی دەکەن و خوێنی دەرێژن ئینجا فرێی دەدەنە دۆڵی ئەڵماسەوە، پارچە ئەڵماسی پێوە دەلکێ و مەلان دێن ئەم بزنانە هەڵدەگرن و دەیانبەنە سەر چیاکان و گۆشتەکەیان دەخۆن و خەڵکەکە هێرش دەبەنە سەر مەلەکان کە هەڵدێن و دەچنە سەر بزنەکان و ئەو ئەڵماسانە کۆ دەکەنەوە کە بە لەشی بزنەکانەوە لکاون، بەم جۆرە هەموو ڕۆژ... تاد–ی سەرەڕۆییەکانی سندبادی دەریایی لە پێنج گەشتیدا.

ئەمە ٥٢٦ـەمین شەوی "هەزار و یەک شەوە" بوو کە نێزیکەی ٤٠٠ چیرۆکی تێدایە.. مێژوونووسان و ئەدیبان و شوێنەوارناسان لە هەزار و یەک شەوەیان کۆڵیوەتەوە، بایەخی زۆریان بە سندبادی دەریایی داوە لە سەدەی هەشتەمی زایین لەڕۆژگاری هاڕوونەڕڕەشیددا ژیاوە...

ئەم ساڵیش میشێل جال–ی ڕۆژنامەوانی فرەنسی کتێبێکی خۆشی بە ناوونیشانی "نهێنیی هەزار و یەک شەوە– عەرەبیش دابونەرێتیان هەبووە" دەرکردووە.

میشێل جال گەیشتووەتە ڕاستیی سندبادی دەریایی: کێیە؟ و لەکوێوە هاتووە؟ و گەیشتووەتە ئەوەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە سەتان هەزار ساڵ بەر لەوە دەیان کەس هەر ئەو گەشتەیان کردووە و.. واتەی ڕاستەقینەی ئەو گیانلەبەرە زلانەی لە هەزار و یەک شەوەدا.. گیانلەبەری کەرکەدەن– یان تاک قۆچ– و باڵندەی ڕوخ و.. جنۆکە و عفریتان[1] و... ئەو " قومقوم"ەی عفریتی تێدا بەند کراوە و.. ڕاستیی عەلی بابا و.. وشەی نهێنیی: بیکەرەوە سمسم و.. لەکوێوە هات؟ و ئاماژە ڕاستەقینەکانیان چییە..؟ یەکەم شت کە ڕێی تێ دەچێ ئەوەیە کە "وشە" نهێنیی هەیە و نهێنی و هێزیشی هەیە و.. کە دەکرێ لە سەردەمی نوێشدا دەنگ بە پێلگەلی گەرمایی یا بە پێلگەلی کارەبایی بگۆڕرێتەوە بە شێوەیەک هەر مرۆڤێک بتوانێ بە ئامرازێک بڵێ: کووپە چایەکم بۆ بهێنە.. یان فنجانێک قاوە.. ئەوانە دەهێنێتە دی بێ ئەوەی کەس بڵێ ئەوە توانستی مرۆڤایەتیی بەزاندووە.. دەبێ خودای بەرز و گەورە مەبەستی لەوە بێ لە قورئانی پیرۆزدا کە دەڵێ: (إنما أمره إذا أراد شيئا أن يقول له كن فيكون)[2] واتە بیرۆکە یان ئاماژە بەسە بۆ شتێک بۆ ئەوەی ببێ، وەک ئەوە دەبێ کە خودا دەیەوێ.

بەڵام بۆ مرۆ، خواستی مرۆ بەبێ کردەوە نایێتە دی یان بەبێ جووڵەیەک یان بەبێ دەنگ.. بەڵام چیرۆکی "دوڕگە نەهەنگ"ەکە یان ئەو نەهەنگەی سندبادی دەریایی و هی دیکە پێیان وا بوو کە دوڕگەیەکە، کە بەو ئاگرەی پێی دەکەن بە ئاگای دەهێننەوە، دەست بە جووڵانەوە دەکا– ئەم نەهەنگە بەخۆی لە چیرۆکەیلی کۆندا لە باکوری ئەوروپا دووبارە بووەتەوە.. سەرەڕۆییەکانی "براندانی چاک– قدديس" هەیە. ئەویش وەک "هەزار و یەک شەوە" باسی گەشتێک دەکا زۆربەیان لە باکوری ئەتلانتاوە ئەنجامیان داوە. با هەڵی کرد و کەشتییەکەی تێکشکاند و خەڵکەکە پەنا دەبەنە بەر دوڕگەیەک... بەڵام دوڕگەکە دەجووڵێتەوە.. تاد–ی ئەوەی لە گەشتی سندباددا هاتووە.

چیرۆکێکی سەیریش لەلای عەشایەری "مایا"دا هەیە دەڵێ: کە کەوتە سەر دەریا، بێداریی دوورودرێژ و بای بەهێز ماندوویان کرد و مانگ نێزیک بوو و رووناکیی بە شێوەیەکی نائاسایی گەشاوە بوو و.. مانگ هەروا لێی نێزیک دەبێتەوە و.. سوورایی پتر دەبێ، دەریا دیسان هەڵچووەوە.. نازانێ دوای ئەوە چی بوو.. لەسەر پشتی کەشتییەکەدا نووست و ڕوانیی کەشتییەکە بە گوریس بە ڕۆخەوە بەستراوە و.. لەسەر ڕۆخدا دار و درەخت دەردەکەوێ و.. خۆی دەبینێتەوە بە پەت شەتەک دراوە و... پەتەکەی کردەوە، و بەملاولادا دەڕوانێ و بە دەوروبەریدا ڕوانیی و کەسی نەدی.. لە دورگەکەدا هاتە خوارێ و پێی سەیر بوو کە (لمین)[3] نییە.. بەڵکو بەردینە و بەسەریدا ڕێکردن ئاسان نییە، خلیسکە و... دواتر دورگەکە دەجووڵێتەوە.. تا دوایی چیرۆکی براندان-ی چاک و چیرۆکی سندباد.. بەڵام ئەم چیرۆکەی لە مەکسیک لەسەر دیوارەکاندا نەقش کراوە، تەمەنی پتر لە پازدە هەزار ساڵە!

هەموو بنەچەکانی ئەم چیرۆکی سندبادی دەریاییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی خۆرهەڵاتی کۆن.. بەڵام ئەوەی بەڕاستی سەیر بێ ئەوەیە کە لە ئەفسانەکانی ئەوروپای باکوردا نموونەی نییە و ئەوەی لەوەش سەیرترە ئەوەیە بنەچەی لە شارستانیی مەکسیکی کۆندا ببینینەوە.

هەر بۆیە کۆشکاران لە زانا هاوچەرخە شوێنەوارناسەکان پێیان وایە ئەو دورگەیەی بزر بوو.. یان جووڵایەوە و ئینجا ون بوو، لە چیرۆکێکی هێمایی بەلاوە چیی دیکە نییە بۆ شتێک کە هەبووە و گوم بووە.. یان هی دورگەیەک کە هەبووە و لەناو چووە. میشێل جال وەک زۆرێک لە زانایان وای بۆ دەچێ، ئاماژە بۆ کیشوەری "موو"ی خنکاوی ناو ئۆقیانووسی ئارام دەکا.. لە "هەزار و یەک شەوە"دا و لە شوێنێکی زۆریدا بەڵگەی ئەوە هەیە..

"مارکۆ پۆڵۆ"ی گەڕیدەی ئیتاڵی ئاماژەی بە هەندێک لەو گیانلەبەر و باڵندانەی لە "هەزار و یەک شەوە"دا هەیە داوە کە بەڕاستی هەبوون و لەناو چوون...

هەروەها چیرۆکێکی فیرعەونییش هەیە لە چیرۆکی سندباد دەچێ، ئەوەش ئەوەیە کە لە مێژوودا چیرۆکی خنکاوەکەی پێ دەڵێن، ئەم چیرۆکە لەسەر گەڵایەکی بەردی نووسراوە درێژییەکەی سێ مەترە و پانییەکەشی ٨٠ سەنتیمەترە و لە ١٨٠ دێردا نووسراوەتەوە. ١٣٦ دێری ستوونی و ٤٤ دێریشی بە ئاسۆیی (پانی)، ئەم نووسراوی سەر بەردییە ساڵی ١٨٣٠ ئەڵمانییەک لە قاهیرە دۆزیویەتیەوە. دەڵێن لە هەندێک لە بازرگانانی کڕیوەتەوە بێ ئەوەی نە خۆی و نە ئەوان بەهای بزانن و هەزاران ساڵ وەک نهێنی ماوەتەوە تا یەکێک لە شوێنەوارناسان هێماکانی شی کردووەتەوە... سەرەڕۆیی کەسێک بووە لە دەریای سووردا، ڕەشەبای بەسەردا هەڵبووە و پەنای بردووەتە بەر دورگەیەک... ئەم دورگەیەش ئەستێرەیەکی بەسەردا بەربووەتەوە و هەرچییەکی تێدا بووە سووتاندوویەتی.

بە دەستەواژەیەکی دی: ئەستێرەیەک یان تەنێکی گڕگرتوو یان تەقینەوەی لەسەردا بووە و

شـارسـتـانيـيـەكـەی لەناو بردووە، یان ئەسـتـێـرەكە بەخـۆی لەناو بردووە، یانیش دوڕگـەكـە گـیـانلەبەرێـكی زل بووە لە شـەو و ڕۆژێكدا بـزر بووە. یانیش بەڕۆژی نـیـوەڕۆ گـوم بـووە- تەواوێک وەک ئەوەی بینیمان کە کیشوەری "موو" لە ئۆقیانووسی ئارامدا بزر بوو.. هەروەک ئەم چیرۆکەش، چیرۆکی عولیس "بولیسیس"ی گریکی و سەرەڕۆییەکانی لە دەریاکان و نێو دوڕگەکاندا..

مـیـشـێل جـال-ی لێکۆڵەرەوەی فرەنسیش و هی دیکەش بۆچوونێکیان هەیە، لەوانەیە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ ئەمە کردبێ کە باسی گوندەیل و شارەیلێکی کردووە خودا لەناوی بردوون لەبەر گەندەڵیی خەڵکەکەی.

قورئانی پیرۆز دەڵێ: "ألم تر كيف فعل ربك بعاد × إرم ذات العماد × التي لم يخلق مثلها في البلاد × وثمود الذين جابوا الصخر بالواد × وفرعون ذي الاوتاد الذين طغوا في البلاد × فأكثروا فيها الفساد × فصب عليهم ربك سوط عذاب × إن ربك لبالمرصاد".

میشێل جال-ی لێکۆڵیەری فرەنسی وای بۆ دەچێ کە ئەم "إرم ذات العماد" (واتە: ئیرەم، ئەو شـارە بە ئەسـتـوون و کـۆڵەکـانەی لەبەر لەخـۆ بایی بوون خـودا نـغـرۆی کـردووە)[٤]، پایەتەختی کیشوەرێکە خنکاوە.. کیشوەری ئەتلانتس، یان کیشوەری "موو"ە.. کە کتێبە فیرعەونییە کۆنەکە باسی لێوە کردووە: "کتێبی مردووان" وەک پێشتر بینیمان..

ئەوەی بەسـەر ئەم کیشـوەرەدا هاتووە هەرئەوەیە بەسـەر دوو شـاری سـەدووم و عـامـوورە-شـدا هاتووە. کە تەورات باسیانی بۆ کردووین... هەروەها قورئانی پیرۆزیش باسی "المؤتفكات"، واتە سەدووم و عامووڕەی کردووە[٥]، ئەم ئایەتە قورئانییانەش ئەو ڕووداوانەی لە شوێنگەلی جوداوازدا ڕوویان داوە و ئازار و تووڕەیی خودایان گەیشتووەتێ و لەسـەر ڕووی زەوییەوە یان لە ناو ئاودا نوقم بوون بەیەکـەوە دەبەسـتـێت، بۆ ئەوەندەی ببنە پەند بۆ گـەلان و ئەو شـارسـتـانـیـیـە مرۆڤایەتییانەی یەک بەدوای یەکدا دێن.

بەڵام ئەم باڵندەی "ڕیخ"ە، یان "ڕوخ"ە، دوای ئەوە لە چیرۆکگەلێکی زۆردا دەرکەوت...

لە داستانی "شانامە"ی فیردەوسیی شاعیری گەورەی فارسیشدا، ئەم باڵندەی ڕوخە دەرکەوت و مرۆڤێکی لە ئاودا نوقم بووی نامـۆ دەگرێتە خۆی و بەخـاوەنی دەکا.. بەڵکوو ئەم باڵندەیە دوو پەڕیشی لە باڵەکانی کردووەتەوە و داویەتیە ئەم ڕێگوزارە نوقم بووە نامۆیە.. ئەگەر یەکێکی ئەم پەڕانە بسووتێنێ هەموو ئاواتەکانی دێنە دی...

ئەم باڵندەیەش لە ئەفسانەکانی خۆرهەڵاتی دووردا هەیە..

ئێستای ڕێی قسە دەدەینە شرشـۆرد، کە ئەو پیاوەیە وا کیشـوەری "موو"ی لە ئاوەکانی ئۆقیانووسی ئارامدا خنکاوی بۆ دۆزیوینەتەوە- وەک پێشتر ئاماژەمان پێی کرد- شـرشـۆرد دەڵێ: ئەم باڵندەیە هێمایەک بووە و هێمایەکی نەتەوەییش بووە، هەروەها سیسارکە لە گەلێک لە

دەوڵەتانی جیهاندا هێمای هێز و بەرزین...

کەواتە ئەم باڵندەیە– لەو باڵندانە دەچێ کە لە مەلەکانی میسری فیرعەونی و بابلی و ئاشووری و لە گواتیمالا و مەکسیکدا بەباڵی بازنەییەوە دەردەکەون... کە هێمای هێزی بڵند و بەرزن.. تەواوێک وەک ئەوەی گەلێک لە دەوڵەتەکان ئەستێرەکانیان کردووەتە هێمای خۆیان.. لەلای جووەکانیشدا ئەستێرەی سلێمان بوو..

دەڵێن باڵندەی "عەنقا" کە ناوی لە ئەدەبی کۆنی عەرەبدا هاتووە، کە باڵندەیەکە بوونی نییە، یانیش باڵندەیەک بووە، هەبووە و لەناوچووە، ئەم باڵندەیەش هێمایە.

کرستین سالنجەر–ی لێکۆڵەرەوەی ئەمەریکاییش وای بۆ دەچێ کە ئەم باڵندەیە لەوانەیە لەسەر نەقشەیلی زۆر کۆنیشدا دەربکەوێ، بەبێ بۆنەی دیاریش، ئەوەی لە ئاوەز نێزیکترە ئەوەیە هێمای خەڵکانێک بن لە ئەستێرەگەلێکی دیکەوە هاتبن.

بەڵام میشال جال وای دەبینێ کە لە "هەزار و یەک شەوە"دا بەڵگەی دیار هەن بۆ بوونی بوونەوەرانێکی کە لەسەر زەویدا هاتوونە خوارێ. ئەم بوونەوەرانەش هەوڵی ئەوەیان داوە پێوەندیی پتەو ببەستن و پێکەوە بژین و ناچار بوون زۆر کەسی دی ئازار بدەن، بە هۆیەکی نادیاریش بزر بوون...

ئەوەی سەیریشە سندباد دەگێڕێتەوە کە ئەم باڵندەی "ڕوخ"ە، لەسەر گۆشتی فیلان دەژی. ئەم فیلانەش گیانلەبەری کەرکەدەن لەسەر تاکە قۆچەکەیدا هەڵیان دەگرن.. هەروەها لەبەرزیدا ڕایان دەگرن و خوێن و بەزیان لەبەر دەڕوا تا دەمرن و کەرکەدەنەکانیش کوێراییان دادێ و... باڵندەی "ڕوخ" دێن و ئەم فیلانە دەگوازنە سەر چیاکان بۆ ئەوەی بێچووەکانیان پێ دەرخوارد بدەن... ئەوەی سەیریشە لە چیرۆکەکانی کیشوەری "موو"ی خنکاودا ژیریی تێدایە دەڵێ: ئەم فیلە قورسە بە چییەوە دەنازێ؟ لە ژێر ئاوەوە شاخێکی درێژ دەردەکەوێ و بەرزی دەکاتەوە تا دەمرێ.. ئینجا چرنووکی مەترسیدار دێ بەرزی دەکاتەوە بۆ خۆر پێی ببرژێنێ...

ئەم چیرۆکە ئەفسانەییە، یان ڕاستەقینەیە تەمەنی دەیان هەزار ساڵە. چۆن؟

نهێنیگەلێکی کە، لە "هەزار و یەک شەوە"دا واتەگەلێکی نوێیان هەیە. لە جیهانی گەشتە ئاسمانییەکانی نێو هەسارەکاندا– وەک دەبینین!

## داخۆ مرۆ بە ڕەسەن بەرازە..؟

پەندێکی ئیسپانی دەڵێ:

مرۆ بە کوێری لەدایک دەبێ و بە کوێری دەژی و بە کوێری دەمرێ، بەڵام لە هەموو ژیانیدا تەنیا یەک "جار" دەبینێ! بەڵام ئەم پەندە پێمان ناڵێ ئەم تاکە "جار"ە کامەیە مرۆ تێیدا ڕاستی دەبینێ

یان ڕاستیی چی شتێک.. ئایا کە دەمرێ، یان کە هاوسەری دەکا یان کە دڵداری دەکا، یان کە لە دڵداری بە ئاگا دێتەوە..؟ بەڵام جۆنسالیس ئۆتیگا-ی زانای ئیسپانی لە ژیانیدا پتر لە جارێک بینیی. بۆیە هەر دووبارەی دەکردەوە بەش بە حاڵی خۆی هەست دەکا پتر لە جارێک ژیاوە.. واتە ژیاوە و مردووە و.. ئینجا چەند جارێکی کە گەڕابێتەوە لەناو لەشی خەڵکانێکی دیکەدا ژیاوە.. هەروەها دەڵێ: زۆر جار هەست دەکەم من ئاژەڵم... بەرگری لە ئارەزوویەکی ترسناکی ناوەخۆم دەکەم کە دەمەوێ خەڵک بخنکێنم.. سەرم سووڕ دەمێنێ چۆن لە پڕ دەمەوێ باز بدەمە سەر ملی هەر مرۆیەک و بیکوژم و خۆم بحەسێنمەوە بێ ئەوەی بیر لە ئەنجامەکان بکەمەوە..

هەروەها دەڵێ: زۆربەی ئەو خەڵکانەی ویستوومە ئەوەیان لەگەڵدا بکەم: خاوەنانی ملیۆنان و هەژارانن.. خاوەنانی ملیۆنان چونکە بەزەیی نازانن چییە و... هەژارانیش لەبەر ئەوەی تۆڵە کردنەوە نازانن..

ئەم پیاوە نە ئەدیبە و نە شاعیرە و نە فەیلەسووف، بەڵکوو تەنیا لە زانایانی شوێنەوارە... ئەم پەندە ئیسپانییەشی کردووەتە یەکەم دێری کتێبەکەی خۆی "بەردەکان پێیان گوتم".. ئەم کتێبەش لەبارەی "کیشوەرە ونبووەکان"ەوەیە لە ئەمەریکا و ئاسیا و ئەورووپادا.

لە بەپێزترینی بەشەکانی ئەم کتێبە ئەو بەشەیە کە تێیدا خۆی لە بنچینەی چیرۆکەکانی "هەزار و یەک شەوە" داوە. هەستی بەوە کردووە بۆ یەکەم جار شتێکی نامۆ و سەیری دیوە کە چیرۆکی شەهریار شای خوێندووەتەوە کە بە هاوسەرەکەی زانیوە داوێنپیسی لەگەڵ خزمەتکارێکیدا دەکا، شا بڕیاری دا وڵات و جیهانی بۆ بەجێ بهێڵێ و تۆڵە لە هەموو ئافرەتێک بکاتەوە... تا عفریتێک دەبینێ لەسەر لاقی کچێکی جواندا دەنوێ، کچەکە هەر کە چاوی بە شا دەکەوێ داوای لێ دەکا لێی نێزیک ببێتەوە و لێی نێزیک دەبێتەوە و... سەیری کرد ملوانکەیەکی لە مل کردووە حەفتا ئەنگوستیلەی پێوەیە. کە واتەی ئەوەی لێ دەپرسێتەوە، گوتی هی دڵدارەکانین.. هەر یەکەیان کە شەوێکی لەگەڵدا ڕادەبوێرێ ئەنگوستیلەکەی لە پەنجە دەردەکا..

بەڵام بۆچی؟ بۆ ئەوەی جەخت لەسەر توانستی خۆی بکا لە ناپاکیکردن بەرامبەر هەر بوونەوەرێکی زیندوودا، عفریت بێ یان مرۆ.. هەر لەو کاتەشدا بۆ ئەوەی بۆ ئەو مێردە تۆمار بکا لەگەڵیدا نووستووە کە ناپاکی لەگەڵ ژنەکەی دەکا، هەروەها هەموو پیاوێکیش بەو جۆرەیە..

کە شەهریار ئەوەی دی کارەساتەکەی خۆی پێ سانا بوو، ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ژن ناپاکە یان توانستی ناپاکیی هەیە تەنانەت ئەگەر مێردەکەی عفریتیش بێ و... هەرچەندێکیش عفریت بەهێز بێ ژن لەو بەهێزترە!

بەخۆی گوت: ئەگەر ژن ناپاکی لە عفریت دەکا، ئەدی چی ناتوانێ لەگەڵ ئادەمیزادا بکا؟!

بەڵام ئەم ئەنجامە دڵی شەهریاری تێراو نەکرد چونکە دەیویست تۆڵە بکاتەوە، بەبێ تۆڵە ستاندن حەسانەوە نابێ... جۆنسالیس ئۆتیگا لەبەردەمی ئەم چیرۆکەدا وەستا، ئینجا

نووسیویەتی و دەڵێ: شتێکی ئێجگار سەیرم لە پێش چاومدا بینی.. بەر لەمە ئەم چیرۆکەم گوێ لێ بووە.. یان دوای ئەوە بینیومە... تەواوێک نوێ نییە..

ئۆتیگا ساڵانێک هەر نەیدەزانی بەر لەوە لە کوێی خوێندووەتەوە. ئینجا دیتیەوە کە ئەم چیرۆکە عەرەبییە فارسییە هیندییە، هەر بەو شێوە و ناوەرۆکە لە بیست هەزار ساڵ بەر لەوە.. لە دەستنووسگەلێکی کۆندا لە یەکێک لە دێرەکانی تبتدا هەبووە. لەم دەستنووسانەدا: ژنێکی جوان دایکی تووڕە کرد، دایکەکە کردیە درەختێک. ئەم درەختە ئەو مەلانەی دەگرت کە بەسەریدا دەنیشتنەوە و دەیانی کردە لق. لقەکانیش پەپوولەیان دەگرت و دەیانکردنە گوڵ... هەر مرۆیەکیش لە ژێر سێبەری ئەم درەختەدا دەخەوت دەیانی کرد بە پشیلە یان بە سەگ..

ئەوەی بەڕاستیش سەیرە ئەوەیە ئەم درەختە شەوانە دەبێتە کچێکی جوان، لاقەکانی و باسکەکانیشی دەبنە کۆمەڵە مارێکی زۆر برسی و پێیان ناکرێ ئەو پاسارییانە قووت بدەن کە بەسەر ئەم خانمەدا بەردەبنەوە.. ئەم خانمە توانیی حەفتا مار لەمانە بکوژێ و کەللەسەرەکانیان بە ملی خۆیدا هەڵبواسێ، پیاوێکی لێ نێزیک کەوتەوە ژنە پێی گوت: بمخوازە. گوتی: چۆن ئەوە بکەم کە تۆ مارگەل دەکوژی؟! تۆ پێت دەکرێ هەر مرۆڤێک بکوژی.. تا دواییی ئەم چیرۆکە کۆنە... بەڵام ئەوەی سەرنجی زانا شوێنەوارناسە ئیسپانییەکەی ڕاکێشاوە ئەوەیە: ژنێک لە ماران ناترسێ و دەیانکوژێ و سەلکەکانیان بە ملی خۆیدا هەڵدەواسێ، دەیەوێ پیاوێک قایل بکا بەوەی کە توانی خۆشەویستی و سۆزی هەیە..

ئەم زانا شوێنەوارناسە هەر ئەو چیرۆکەی بە شێوەیەکی دیکە لەبان نەقشێکی مەکسیکی کۆندا دیتەوە.. خانمێکی ئێجگار لاوازی دیتەوە بەڵام زمانی ئێجگار درێژ بوو... ئەم زمانەشی بە دەوری حەفتا گادا پێچاوەتەوە و... ئەم گایانەی بە دووی خۆیدا بە هەموو شوێنێکدا ڕاکێشاوە.. گایەکان دەباتە سەر ڕووباران و گایەکان لە تینووان بەردەبنەوە و بەسەر کێڵگەکانیاندا دەبا و گایەکان لە برسان دادەکەون.. ئەم ژنە توانستی کوشتنی ئەم ئاژەڵە کێوییە دڕندانەی هەیە بە بێبەشکردنیان لە خۆراک و خواردنەوە.. واتەی ئەم چیرۆکە ئەوەیە: ژن لە پیاو بەهێزترە و لە هەموو بوونەوەرانی دیکە بەهێزترە... تەمەنی ئەم چیرۆکە حەوت هەزار ساڵە!

هەر لە "هەزار و یەک شەوە"دا چیرۆکێکی کە هەیە لەبارەی ئەو پیاوەوە کە هاوسەرەکەی دەخاتە ناو گۆزەیەکەوە تا داوێنپیسیی لەگەڵ کەسدا لێ نەکا، هەر کە لە ماڵەوە دەچووە دەرێ، ژنەکە دڵدارەکەی لە گۆزەیەکی دیپەوە دەردەکرد!

ئەوانەی چیرۆکەکانی "هەزار و یەک شەوە"یان داناوە عەفریتەکان وا وێنە دەکێشن کە بوونەوەرانی بەهێزن بەڵام گێلن.. واتە مرۆ بێهێزترە بەڵام زیرەکترە... ئەم عەفریتانەش هێزێکی ستەمکارن و لە هەمان کاتیشدا گوێرایەڵن. ئەوەندەی پێ ناچێ هەر کە مرۆ نهێنیی عەفریتەکە دەزانێ عەفریتەکە بۆی دەبێتە سەگێکی دەستەپاچە و مرۆ چیی دەوێ پێی دەکا.

هەواڵنامەی کتێب

هەروەها چیرۆکەکانی "هەزار و یەک شەوە" بەچاوێکی سووک بەم عفریتانەدا دەڕوانێ، بۆیە وا دەکا ئەم عفریتانە لەناو ژێراوەکان و کەلاوەکاندا بژین و لە شوێنە ڕووناکەکاندا یان لە ماڵە خاوێنەکاندا ناژین..

ئەندرێ مارلۆ–ی نووسەری گەورەی فەرەنسی گێڕاویەتیەوە، کە سەری لە وڵاتی یەمەن داوە و فڕۆکە بەسەر ناوچەی "مەئرەب"یدا بردووە گوتوویەتی: بەڵقیسی شاژنی (سبأ) لە ڕۆژگاری سلێمان شادا لێرە دەژیا.. ئەگەر لەڕۆژانی بەڵقیسدا ئەم فڕۆکەیە ڕەت بووابا عفریتەکانی سلێمان شا دەهاتن و دەیانخستە خوارەوە و توریان دەدایە ناو دەریای "مەییت".. ئەمەش سەرەتای شانۆگەرییەکە دەشێ گەلێک خۆش و ورووژێن بێ، هیوادارم کاتی ئەوەم ببێ بە لێ خواستنەوەی گەلێک لەو واتە خۆڕسکانەی "هەزار و یەک شەوە" هێناویەتەوە بینووسم...

هەر لە "هەزار و یەک شەوە"دا چیرۆکەیلێک لەبارەی ئاژەڵان و هاوسەرگیریانەوە هەیە، هاوسەرگیرییان لەگەڵ مرۆڤیش و... هاوسەرگیریی عفریتەکان لەگەڵ مرۆدا.. لە "هەزار و یەک شەوە"دا گیانلەبەرێکی دەریایی دەبینین لەگەڵ گیانلەبەرێکی وشکانیدا دەکا– ئەمەش هەرگیز نابێ!

بەڵام ئەم واتەیە لە هەموو ئەفسانە کۆنەکانی خۆرهەڵات و خۆراواشدا هەیە..

بەڵکو عفریت توانستی ئەوەیان هەیە شێوەی لەشی خۆی بگۆڕێ و بیکاتە هەر شتێکی دیکە.

لە ئەفسانە کۆنە گریکی (یۆنانییەکان)دا دەبینین خوداوەندان بەخۆیان دەچنە ناو پێستی مرۆڤەوە و لەژێر پێستی گیانلەبەردا دەجووڵێنەوە.. ئینجا ئەم خوداوەندانە خۆیان بە درەخت و چێل و ڕووبار و هەور و چیا دەگۆڕن.. واتە "ماددە" بەدەستیانەوە (وەک هەویر وەهایە!) دەشێ زوو بەزوو بە هەر شتێکی دیکەی بگۆڕنەوە... ئەمەش خەونی هەرە گەورەی مرۆڤایەتییە لە هەموو سەردەمەکاندا. زانایان و پیاوە ئاینییەکان و جادووگەرەکان خەون بەوەوە دەبینن کە "نهێنیی ماددە" و "نهێنیی خانەی زیندوو" بزانن و بەوەش دەتوانن بیکەنە هەویر و بە هەر شێوەیەکی ببرژێنن..

یان بە دەستەواژەیەکی نوێ: ئەگەر مرۆ نهێنیی خانەی زیندوو بزانن، دەتوانن "مرۆ یان ئاژەڵ لە کارگەدا بخوڵقێنن"..

ئەمەش هێشتا خەونێکی زۆر دوورە. زانایان دەیانگوت: لە داهاتوودا ئەوە لە توانستدا دەبێ.

پیاوە ئاینییەکان دەڵێن: ئەوە هەرگیز نابێ، چونکە نهێنیی ماددە و ژیان خودایە.

ئەمە خەونێکی شێتە. یان خەونێکە هەموو زانایان و جادووگەرەکان و هێزەکانی سوڵتانەکان و فەیلەسووفەکانی لە سەردەمە کۆن و نوێکانیشدا شێت کردووە..

ئەی داخۆ ئەوەی ئەفسانە کۆنەکان لەبارەیەوە دەدوێن خەون بووە، یان ئەوە یادگاریی

ڕاستییەکی زانراو بووە مرۆ یان هەر بوونەوەرێکی ژیری دیکە ماوەیەک لەسەر زەویدا، یان هێشتا لەسەر ئەستێرەکانی دیکەی ئەم گەردوونەدا ژیابێ، ڕێی تێ بردووە؟!

ئەم پرسیارە پرسیاری بنچینەییە لە هەموو گفتوگۆیەکی کۆن و نوێدا لەبارەی واتەی ئەفسانە فیرعەونی و گریکی و بابلی و هیندی و ئەفسانەکانی ئەنکاس و مایا و تبت..

هەر ئەو خەونە کۆنەیە بۆ گۆڕینەوەی کانزاکان بەزێڕ... یان بە گۆڕینی هەندێک لە کانزاکان یەکیان بۆ ئەوی دی.

واتە: چۆن دەکرێ ماددەیەک بۆ هەرشتێک کە بتەوێ بگۆڕرێتەوە؟ زانستەکانی کیمیا هەندێکی لەوانە بەدی هێناوە.. کە گەلا تووی بە ئاوریشم و ڕەژوو بە گۆشت کردووە، هەر وەک تونديی گەرميی زەوی هەموو ماسییەکانی دەریای کردووەتە پیترۆڵ.

واتەکە ئەمەیە: چۆن دەکرێ هەندێک لە زیندەوەران بۆ یەکودی بگۆڕێتەوە؟ بەوەش هیچ زەحمەتییەک نابێ کە مرۆ ببێتە ئاژەڵێک، ئاژەڵیش بە عفریت، عفریتیش بە بەرد یان بە دار یان بە هەور یان بە سەگ یان بە قەتێ- ئەمە ئەو واتەیەیە کە فشار دەخاتە سەر هەموو سەرەکان لە هەموو سەردەمە کۆنەکاندا.. سەردەمانی شارستانییە مرۆییەکان و... ئەو شارستانییانەی پێش بوونی مرۆ لەسەر ئەم زەوییە.. یانیش ئەو شارستانییە مرۆییانەی بە دەیان جار بەدوای یەکدا هاتوونەتە سەر ئەم زەوییە.. ئینجا بزر بوو یان لەبەر هۆکەلێک ئێستا لەلامان ڕوون نییە. بەڵام دەشێ ڕۆژێک لە ڕۆژان شتێکی لێ بزانین..

لێکدانەوەکان بۆ ئەفسانەکانی میسری کۆن و گریکی کۆن لێک جودان، بۆ ئەفسانەکانی میسریش لێکدانەوەکانیان ئاینییانەی ڕووت هاتنە گۆڕێ، چونکە ئاین ئەو کانە ڕاستەقینەیەیە بۆ هەموو ئەو شتانەی فیرعەونەکان کردوویانە، هەر لە سەرەتای ئەوەی خۆیێ لە زگی مردوو کردووە تا بنیاتنانی هەرەمەکان.

ئەفسانەکانی گریکیش وا لێکدراوەنەتەوە کە "شەڕ" و "داستانگەل" لە نێو مرۆڤ و خوداوەندانداا هەیە. هەروەها مرۆ توانیویەتی بە زیرەکیی خۆی بەسەر خوداوەندانداا سەربکەوێ، بەڵام خوداوەندەکان چون- عفریت- لە مرۆ بەهێزترە و ئیرەیی بە زیرەکیی دەکا و لە ئەفراندنی پەشیمان دەبێتەوە. کە مرۆ هەر بە سروشت بەدنمەکە، واتە پەکی بەو خوداوەندانە نییە کە ئەفراندوویانە. لەبەر ئەوە خوداوەندان بەردەوام پێویستیان بەوە هەبووە بەبیریدا بهێننەوە کە ئەوان لە نەبووەوە ئەفراندوویانە، هەر ئەوانیش ئاوەزیان داوەتێ و لە گیانلەبەرانی دیکە بەباشتریان داناوە. بەڵام مرۆ لە خوداوەند یاخی دەبێتەوە، چونکە ئەگەرچی ئەفراندوویەتی و ئازادیی داوەتێ، ئەو ئازادییەی ئەوە ناگەیەنێ دیلێکی ملکەچ بێ... هەر بۆیە دەبینین خوداوەندانی گریک لە دۆخێکی "خەمبار"دان بەوەی کە ئەو مرۆیەیان ئەفراندووە کە بەچاکەیان نازانێ. کە دەبوو هەر وەهاش بکا!

بەڵام ڕۆبەرت گریڤزی میری شاعیرانی ئینگلیز ڕێی ڕاڤەیەکی بۆ ئەم ئەفسانانە بردووە و پێی حەساوەتەوە. لە پێشەکیی کتێبێکدا لەبارەی "ئەفسانەی گریکی"یەوەدا هاتووە، گریکەکان کۆمەڵە بەنگکێشێکی بلیمەت بوون و ئەم "گۆڕانکارییە زۆر گەورانە" لە مرۆڤەوە بۆ ئاژەڵ و بۆ ڕووەک ناکرێ بێتە کایە مەگەر مرۆ ڕووەکەیلی وڕێنەبەخشی بەکار هێنابێ و... لێکدانەوەی دیکەی بۆ نییە. لە ئەفسانە گریکییەکاندا خوداوەندان دەبینین چیانشینن و لە هەمان کاتدا ئەوەندەی چیاکانن.. ئینجا لەپڕ ئەوەندەی لەپی دەستێکن.. ئینجا دواتر دەبێتە شەپۆل و هەور و مەل و مەڕ و... سەتان شێوە و قەوارەی دیکە. هەموو ئەمانە جۆرە گیایەک نەبێ چیی دیکە نییە. ڕۆبەرت گریڤز گەییە ئەو ڕووەکە هۆشبەر و وڕێنەهێنانە کە گریکەکان لە ڕۆژگاری ئەو هۆمیرۆسە شاعیرەدا کە هەموو چیرۆکەکانی داستانە گریکییەکانی دانا و بۆ گەلی گریکی و مرۆڤایەتیی دەگێڕانەوە، کە بەخۆی گەورەترین کانگەی حەشیشەی هونەری بوو لە بیست و پێنج سەدەوە!

ئەمەش تەنیا یەک لەو لێکدانەوە زۆرانەی ئەفسانە گریکییەکانە. لێکدانەوەیەکی ئاسانیشە بەڵام دڵنیاکەرەوە نییە، وەک جارانیش قایلکەر نییە. کە ئەمرۆ حەشیشە بڵاوترە وەک لە ڕۆژگاری گریکەکاندا و ئەم حەشیشەیە نە داستانەیلی مەزنی وەک ئەمانەی بەرهەم هێناوە و نە لە واتەکانی دیکەی وەک ئەمانە.

ئەگەر پشت بەم لێکدانەوەیە ببەستین ناتوانین ئەفسانەکانی فیرعەونی و بابلی و ئاشووری و تبتی و هیندی و مەکسیکی و پیرۆییی پێ لێک بدەینەوە و نە هەموو ئەفسانەکانی ئۆقیانووسی ئارام!

لەبەر ئەوەی ئەمەش تیووریی شاعیرێکی گەورەیە، ئەوە دەهێنێ بایەخی بدرێتێ و تاوتوێ بکرێ.

دەچمەوە سەر کتێبەکەی میشێل جال "نهێنییەکانی هەزار و یەک شەوە" کە چەندان لاپەڕەی تێدا بۆ شا سولەیمان تەرخان کردووە و- زۆر زۆرێکیش لە کتێبەکانی جووەکان و وەشانخانە جووەکان مەبەستیانە بەردەوام پەلکێشت بکەن بۆ ئەوەی بیسەلمێنی تەورات تاکە کتێبە و سولەیمانیش دانای تاکانەیە لە هەموو سەردەمەکاندا.

ئەو واتەیەش کە جووەکانی لەسەر سوورن، ئەوەیە کە جووەکان خۆیان سەرچاوەی داناییی کۆن و نوێن. لەبەر ئەوە من لەوانە ناگرم کە دەترسن ئەم واتەیە بەسەر قەڵەمەکانی لێکۆڵەران لە نهێنییە کۆنەکاندا زاڵ بێ، من وای بۆ دەچم ئەوانە ڕاست دەکەن کە لەسەر شارستانیی فیرعەونی و شارستانیی عەرەبی-ش دەترسن. لەبەر ئەوە دەبێ خۆمان لەوە ئاگەدار بکەینەوە تا نەکەوینە ناو تەڵەوە...

بەڵام سەرباری ئەم وردە وردە بە دواداکێشانە بەردەوامە، ئەم توێژەرانە خۆیان جەخت لەسەر ژیریی خۆر و گەرمایی دەکەن... ڕێدۆزییان پێ دەکەین، دەشیانگەینێ و لێشیان تێ دەپەڕین.. بۆ

هەموو خەڵکی ڕووناکی دەبەخشیّ، نەک بۆ یەکێک لە خەڵکان، جا ئەم یەکە هەرکەسێک بێ..

میشێل جال، کە نوێترینی ئەوانەن لە بارەی نهێنییە کۆنەکانیانەوە نووسیوە دەڵێ: ئەم مافوورە ئێرانییانەی لە چیرۆکەکانی "هەزار و یەک شەو"دا بڵاو بووەتەوە، هەر هەموو لە خاکی فارس دروست کراون و لە ماڵە عەربەکاندا ڕانەخراون.. بەنەکانی ئەم مافوورانە بە دەستی بوونەوەرانێکی لەئێمە ژیرتر لە ئاسمانەوە دابەزیون، ئینجا شتێکیان لێ، یان لە یادگارییان لە شوێنی جوداجودای جیهاندا جێ هێشتووە و بە شێوەیەکیشیان جێ هێشتووە خەیاڵی مرۆ دەورووژێنێ. وەک بڵێی ئەوە دەزانن.. ئەوەش جۆرێک بوو لە مەیدانخوازی.. ئەم مرۆڤەش مەیدانخوازی لەوە دەکا کە نایناسێ. و... لە مەیدانخوازیش نەوەستاوە.. ئەوەندە بەسە پێی بگوترێ: بوونەوەرێکی گەلێک ژیر لە کەشتییەکی ئاسمانیدا هاتە لات و ئەم پەیامەی بۆت بەجێ هێشت.. ئینجا مرۆ ئەم پەیامە و ئەم لا ئەو لا کردووە تا بزانێ هەندێک لە پیتەکانی ئەم پەیامە بە درێژایی ڕۆژگار لێی هەڵوەریوە، ئینجا بە زمانێکی ڕوون، یان بە زمانێک کە بیزانێ نەنووسراوە... ئەمەیە ئەوەی بەسەر مرۆدا هاتووە لە سەردەمی نوێدا.. کە لە هەموو شوێنێکدا پیتێک یان وشەیەک دەدۆزێتەوە لەم تاکە پەیامەوە لە شوێنگەلێکی زۆری ئەم جیهانەدا کەوتووە...

جال هەروەها دەڵێ: ئەو نامەیەی وشەکانی لە ناوچەی هەرەمەکانی جیزەدا دەستیان پێ کردووە و لەکن هەرەمەکانی مەکسیکدا کۆتاییان هاتووە.. ئەم نامەیە مەتەڵێکی شارستانیی هەموو مرۆڤایەتییە.. بۆیە ئێمە کە دووبارە بیر لە هەموو شتێک دەکەینەوە سەرلەنوێ چەک هەڵدەگرینەوە و دەچینەوە شەڕێک کە ناوی: کێ لێرە بووە و ئەمەی کردووە و بۆ ئێمەی جێ هێشتووە و پەلەمان لێ دەکا وەڵامی ئەم مەتەڵانە بدەینەوە؟

میشێل جال شێوە دیارەکانی ئەو مەیدانخوازییانەی دەستنیشان کردووە کە بەرەنگاری مرۆ بوونەتەوە بۆ ئەوەی لەم مەتەڵە بەگەلێک شوێنی هەسارەی زەوییەدا پەرتە تێ بگا.. ئەمەش ئەگەرچی دەیویست بگاتە تەورات و جووەکان، بەڵام بەردەوام ئەوە ناتوانێ.. کە شارستانیی دیکە لە پێش سولەیمانەوە هەبووە و دوای ئێمەش شارستانیی دیکەش هەر دەبێ.

ئیدی کێ دەزانێ کۆتاییی ئەم شارستانییە تەقینەوەیەکی ئەتۆمی دەبێ هەموو زەوی لەناو دەبا. کە وەک چەندان جار لەمەو پێش بووە و ئادەم درووەی لێ بێ پەیدا بووە و دوای ئەویش نووح و لووت. زانستی نوێش جەختمان بۆ دەکا ئەگەر دوای ئەوە شتێک ببێ تەقینەوە ئەتۆمییەکان هەموو شتێک لەناو دەبەن تەنیا بەراز نەبێ.. کە بەتەنیا ئەو تیشکە ئەتۆمییەکان نایکوژن..

هەروەها زاناکان پرسیار دەکەن: داخۆ ئەوە پێشتر ڕووی داوە و ئەم بەرازانە بوونەتە بوونەوەرانێک لەسەر دوو پێیان ڕێ دەکەن.. ئەوەش ملیۆنان ساڵیان خایاندووە یان گۆڕانەکان ئەوەند بە پەلە بوونە و هەزاران یان سەتان ساڵیان خایاندووە و... بەمەش بنەچەی مرۆ نابێتە مەیموون، بەڵکوو بنەچەکەی دەبێتە بەراز!

... ئەمـانـە هـەمـوو هـەوڵن بۆ تێگەیشـتن یان هـەوڵێلێکن بۆ گـاڵتـە بە بێـدەسـەڵاتیـی مـرۆ لە تێگەیشتن!

ئەگەر گەڕاینەوەش بۆ "لێکدانەوەی حەشـیشـەیی"ی ئەفسـانەکانی گریک و هەمـوو کۆنەکان، دەبینین ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیبان و شـاعیران لە خۆرهەڵات و خـۆراوا بە خـەیاڵیان چارەسـەری گیاندارە نامۆ ژیرەکان، یان گیانلەبەرانی لە مرۆڤ ژیرتر و زیرەکەکانیان چارەسەر کردووە..

بۆ نموونە:سـویفت–ی نووسـەری ئینگلیز لە "سـەرەڕۆیییەکانی گلفەر"دا گیانلەبەرانی لە مـرۆ بە ژیرتر داناوە و... وای بۆ دەچێ کە ئەوپەڕی لەخـۆبایـیـبـوون لەلایەن مـرۆڤـەوە کـە خـۆی لە هـەمـوو بوونەوەران ژیرتر و بەهێزتر بزانێ.. لەبەر ئەوە دەبینین سـویفتی قـەشـەی گاڵتـەچی بوونەوەرانی بۆمـان بە ژیرتر داناوە، یانیش هـەر دەبێ گیانلەبەری لە مرۆڤ ژیرتر و زیرەکتـر هـەبێ و... هێزی مرۆ بە ئاوەزکەیەتی بەڵام بە لەش لەڕ و بە لەخۆبایی بوونەکەی لاوازە.

مـرۆ ئەوەیە کە لە ژیری دەگەڕێ. یانیش ئەوەی لە هەمـوو شوێنێکدا لە خۆر، یان لە سـەرچاوەی ڕووناکی دەگـەڕێ... کـوڕی خـۆرە یان خـۆرپـەرسـتـە... ئینجـا حـەز دەکـا شـایەکـانـیـان و فەیلەسووفەکانیان لە خۆرەوە هاتوون یان لە پێناویدا ژیاون– وەک دەبینین!

خەڵکانێک لەپشت خـــۆردا دەژیـن

بۆچی ئەو خۆرە بازنەییە لەلای باکورەوە شکاوە؟

دەبێ هۆیەک هەبێ پاڵی بەوەوە نابێ کە وێنەی کێشاوە بەو جۆرەی بکا. ئەی واتەی چییە؟

دەبێ واتەیەکی هەبێ، واتەکەش هەنووکە ڕوون نییە.

بەڵام هەوڵی زانستی هەن بۆ زانینی ئەوە...

من لێـرەدا هـەشت چیـرۆکی ورووژێنی ناسـراوی مـێـژووی کـۆن و نوێ دەهـێنمـەوە. لە هـەر یەکێکیشـیـاندا مـەتەڵێک هەیە، مـەتەڵەکەش شـتـە دیارەکەی نـاویەتی، هـەر ئەوەش زانایانی گـێژ کردووە و تاکو ئێستاش.

١

کە ناپلیۆن لە مۆسکۆوە کشایەوە، دەڵێن لە مووزەخانەکان و کەنیسـەکان و ماڵە خانەدانەکانەوە شـتی ئەنتیک و گـەوهـەری برد. هـەروەها دەڵێن هـەر شـتێکیان هـەبوو بردی. ئەگـەر بگەڕێینەوە لای مێژوونووسان دەبینین زێدەڕۆییـیان لەوەدا کردووە کە بردوونی و زێدەڕۆییـیان لەوەشدا کـردووە کە ڕەتی کردووەتەوە کە هیچ ببا.

ئەگەر ئـەوە بخـوێنینـەوە کە والـتـەر سکـۆتی نووسـەری ئینگلیز لەبارەی ناپلیـۆنەوەی نووسـیـون دەبـینین کـە ناپلیـۆنی بەو پیـاوە پەسـن کـردووە کـە هـەمـوو لووتکەکـان سـەریان بۆ دانەواند و

لەبەردەمیدا هەموو چەمکەکان داڕووخان و دڵنیاکیی بەرامبەر هەموو زێڕ و ئەلماسەکان هەبوو.. پیاوێک بوو بلیمەتییەکی لە ئەڵماس بەهادارتری لەسەر دوو شانیدا هەڵگرتبوو، تەواوێک ئەوە ڕەت دەکاتەوە گیرفانەکانی بەشتێکی دیکە پڕ بکاتەوە جگە لە بیر و نەخشەکانی... واتە هیچی لەگەڵ خۆی نەبردووە...

بەڵام مێژوونووسە فرەنسییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ناپلیۆن سندووقەیلی پڕ لە گەوهەری هەڵگرتووە.

دەشڵێن کە لە مۆسکۆوە دەرچوو منداڵێکی بچووک هاتە لای و گوتی: ئەی ئیمپراتۆری شکۆدار، هەموو شتێک کۆتاییی هات بگەڕێوە وڵاتەکەت.

ناپلیۆن هاواری کرد: ئەمە دەبێ کێ بێ؟ بیکوژن.

کە گوللە بەرەو منداڵەکە دەستی پێ کرد لە پشت دارەکاندا بزر بووبوو لەگەڵ بارینی (شەختەدا!) و... هەر کە بزر بوو و بزر نەبوو منداڵێکی دیکە دەرکەوت و گوتی: ئەی ئیمپراتۆری جیهان ئەم گەوهەرانە بۆ کێ دەبەی؟! فڕێی بدە ناو دەریاچەکە.. هەمووی فڕێ بدە تەنیا یەکیان نەبێ.. ئەو یەکەیانە کە لە مەرگ و بەزینەوە دەتپارێزێ..

ناپلیۆن نەیویست ئاوڕ لە منداڵەکە بداتەوە، بەڵام یەک لە ئەفسەرەکانی لێی نزیک بووەوە گوتی: تۆ کێی؟

منداڵەکە گوتی: من وەک ناپلیۆنی کوڕی خۆرم.. ئەویش کوڕی خۆرە و... ئەم "ئەڵماسە شینە"ی کە ئیمپراتۆر لە گیرفانی خۆی ناوە، لە خۆرەوە بەربووەتەوە، یان ئەو تیشکی خۆی بەسەر ئەو و بەسەر ئێمەشدا دەهاوێ هەر وەک خۆربێ وەهایە.

ئیمپراتۆر هەڵچوو، کە دانە ئەڵماسێکی درشتی لە گیرفانیدا شاردبووەوە و بەپەلە دەستی لە گیرفانی نا و دەری هێنا و لە دەستییەوە بەربووەوە و کەوتە ناو قوڕ.. دەستی منداڵەکەی بۆ درێژ کرایەوە و لە گیرفانیدا بزر بوو, منداڵەکە ون بوو و ناپلیۆن هەموو ئەفسەرەکانی قایل کرد کە خەونی دەبینی و ئەوانیش بەشداریی ئەم خەونەیان کردووە و... بڕوایان پێ کرد!

ناپلیۆن لەتوانستیدا بووە کار لە ئەفسەران و سەربازانی خۆی بکا و وایان تێ بگەیەنێ و سرووشی هەر شتێکیان بداتێ کە بیەوێ!

مێژوونووسان پرسیاری ئەوە دەکەن؟ ئەم ئەڵماسە چییە؟ و لە کوێوە هات؟ ناپلیۆن جارێکیان باسی ئەوەی کردووە کاتێک لەگەڵ پزیشکێکی ئافرەتدا قسەی کردووە لە تاراوگەی دوڕگەی سانت هێلانەیدا.. لەو قسانەی ناپلیۆن کردوونی: ئەم منداڵە بوونەوەرێکی سەیرە، سەرسوڕمان و تووڕەیی و تێڕامانی تەواوی خەریکیان کردووە و بە دوورودرێژی سەیری نەکردووە..

دووریش نییە ناپلیۆن بە هێزی تێبینی کردنی یەکەم کەس بووبێ ئاماژەی بەوە کردبێ کە

نەقشەیلێکی پیاوەیلێکی سپی لەسەر بەردەکانی سانت هێلانەدا هەیە لەم منداڵە دەچن، هەر یەکەشیان "ئەڵماسێک" یان خەپلە خۆرێکیان بەدەستەوە گرتووە.. بەڵام بۆ؟

٢

ڕۆبێر شارۆ–ی نووسەری فرەنسی کە چووەتە پیرۆ سەری لە دێرێک داوە. ڕەبەنێک پێشوازیی لێ کردووە و بە گەلێک پرسیارەوە بەرەوڕووی بووەتەوە: کوڕم تۆ هاتووی لە خۆر دەگەڕێی؟

– لە گەلێک شت، خۆریشیان تێدا نییە.

– تۆ لە شتێک ناگەڕێی واتەیەکی هەبێ، کە زمان و تەمەن و چارەنووسیان جودایە و ناکۆکیشیان نە لەبارەی خۆرەوە هەبووە، نە لەبارەی کاریگەرییەوە لە ژیانیان.. ئەوە ئێستاکە هیچ نییە.. ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو شتێک بووە.. ئێمە هێشتا لە زمانی خۆماندا دەڵێین: خەڵکانێک لە پشتی خۆردان.. واتە خەڵکانێک دوور لە چاوان بزر بوون.. ئەوەی لە ژێر خۆردایە ئەوەیە کە دەیبینین و دەکرێ ڕێی بۆ ببەین، بەڵام ڕاستییەکەی هەموو شتێک لە پشت خۆرەوە دێ.. بڕوانە، ئینجا ڕەبەنی بوودایی پەیکەرۆکەیەکی بچووکی پیاوێکی دەرهانی خەپلە خۆرێکی بەسەر سەریەوە هەڵگرتبوو، لە پشت خەپلەکەشەوە خەڵکانێک هاتوون سەریان زل و تەنیان گچکە و پەڕیان لەپێدا بووە یان شتێکی وەک پەڕ، یان وەک پەڕەکە ماسی، پێی دەفڕن یان مەلە دەکەن.. لەپشت هەموو ئەمانەشەوە بازنەی بەتاڵ هەن، یان گۆی وەک کەشتییە ئاسمانییەکان.. بەڵام تەمەنی پەیکەرەکە ئەوە خۆی لە حەڤدە هەزار ساڵ دەدا!

کە ڕۆبێر سارۆ–ی دانەری گەلێک کتێب لەبارەی دانیشتووانی هەسارەکانی دیکە و نهێنییەکانی گۆی زەوی و کیشوەرە ژێر ئاو کەوتووەکانەوە پرسیاری کرد. ڕەبەن، دانەیەکی دیکەی پەیکەرەکەی دەرهێنا و پێی گوت: هەر یەک لەم دوو پەیکەرانە ئاماژە بەوە دەدا کە دانەیەکی دی هەیە.. بنۆڕێ بنکەی پەیکەرەکە، تیرۆکەیەکی تێدایە ئاراستەی پەیکەرێکی دیکە.. ئەوجا ڕەبەنە بوودادییەکە بێدەنگ بوو: لێم نەپرسی ئەوەم لە کوێندەرێ دیتەوە!

لێ نەگەڕا بیرێک بکاتەوە و ئاماژەی بۆ ئەو ڕۆژنامانە کرد بەر لە حەوتوویەک بڵاو بوونەتەوە..

جەخت دەکەن ڕاوکەرەکان دوو پەیکەریان پێکەوە لەناو زگی نەهەنگێکدا دۆزیوەتەوە. بۆچی؟

٣

ساڵی ١٩٣١ یەک لە شوێنەوارناسە ئەمەریکاییەکان لە نیمچە دورگەی یووکاتان–دا بەردێکیان لە شێوەی گۆیەکی تەواو دۆزییەوە. بەردەکە یەک پارچەیە تیرەکەی سێ مەترە. کە شۆردیەوە و خاوێنی کردەوە سەیری کرد تەواوێک لووسە، هیچ شوێن تەشوویەکی ئەو هونەرمەندەی پێوە نییە

هەواڵنامەی کتێب

کە بڕیویەتیەوە و خڕی کردووە و... بەردەکەی بە ئەلکۆل (کحول) چارە کرد و ئینجا بە ئاوی گەرم و ئینجا بە هەندێک ترشەڵۆک.. بەڵام گوێیە زلەکە هیچ شتێک کاری لێ نەکرد. هەر بە ڕەقی مایەوە. بەڵام یەک لە هیندییە سوورەکان "دانیشتووانی ڕەسەنی ئەمەریکا" داوای لێ کرد سێ ڕۆژ بەتەنێ لەگەڵ ئەم گوێیەدا بەجێی بهێڵێ و... لە ژێر خێوەتێکی لە کاڵا دروست کراودا.

دوای سێ ڕۆژ هربرت کاتڵن-ی زانا شوێنەوارناسە ئەمەریکاییەکە هاتەوە، سەیری کرد ڕووی گوێیەکە شێوەی چوارگۆشەیی لەسەر پەیدا بووە، هەر یەک لە چوارگۆشەکان وێنە و نەقشیان تێدایە.. هەر هەمووشیان یەک چیرۆک دەگێڕنەوە واتەکەی ئەوەیە کە: خەڵکانێک لە خۆردا دادەنیشتن و لێیەوە هاتنەوە خوارێ بۆ سەر ئەستێرەکان، لە ئەستێرەکانیشەوە بۆ هەسارەگەلی دیکە و هەر بەڕاستیش گەڕانەوە..

زانای ئەمەریکایی زوو بەزوو وێنەی ئەم نەقشانەی گرت، کە لە هیندییە سوورەکەی پرسی چۆن ئەم نەقشانە دەرخران، نهێنییەکەی پێ گوت. نهێنییەکەش ئەوەیە کە شیری بزنی لەگەڵ هەندێ گژوگیا بەکار هێناوە و بە کوڵاوی بەسەر ڕووی گوێیەکەیدای کردووە.. بەڵام کێ ئەمەی نووسیوە؟! ئەی کێ چیرۆکی لە خۆرەوە هاتنەخوارەوەی فێری هیندییە سوورەکە کردووە.. یان ئەوانەی خۆر فڕێیانی داوەتە سەر زەویمان؟!

٤

ئیریش فۆن دینکن-ی نووسەری بەناوبانگی ئەڵمانی کە کتێبەکانی: "گالیسکەکانی خودا" و "خۆر و خوداوەند" و "لەم گەردوونەدا بەتەنیا نین" و "ئاسمان کانگەی زێڕە"کانی داناوە..

ئەم نووسەرە لە جیاتی قەرزێک کە بەسەریەوە بووە خراوەتە زیندانە سویسرییەکان..

.. ئەم نووسەرە ئەڵمانییە لە بەندیخانەدا برادەرێکی بەرازیلیی دیتەوە.. ئەم بەرازیلییە ئارەزووی کۆکردنەوەی ئەنتیکە کۆنەکان بووە. ئەم چیرۆکەی لێ بیستووە: ئەم بەرازیلییە خانوویێکی هەیە، ئەم خانووە میچێکی هەیە وێنەی ئەو شێوە گەردوونییەی لەسەر کێشراوە کە لە پەرستگەی "دوندەرە!"دایە.. هەروەها دەڵێ ڕۆژێک لە ڕۆژانی ساڵدا تیشکێک لە خۆرەوە لە زەویی ماڵەکە دەدا.. یەک ڕۆژ و یەک سەعات.. ئەمەی لە باوکیەوە زانیوە. بەڵام نووسەرەکە بڕوای بەوە نەکردووە..

بەڵام ئەوەی زۆر سەیرە لەم ژوورەدا ئەوەیە کە لە نهۆمی حەوتەمی تەلارێکدایە لە سی نهۆم پێک هاتووە، ئەم ژوورەش نەدەڕوانێتە سەر شەقام و نە خۆریش دەبینێ.. لەو ژوورەدا نووست کە لە سەرەوەیەتی و لەوەی ژێریشی و لەوەی تەنیشتیشیدا نووست.. ئینجا دواتر زانیی ژمارەیەک لە هیندییە سوورەکان ئەم نهێنییە دەزانن و هێماگەل و سرووتگەلێک بەکار دەهێنن وا لە خۆر دەکەن تا نیوەشەو بێتە ناو ماڵەکانیان و ئەشکەوتەکانیان. چۆن؟ و بۆچی؟ و لەکوێوە ئەوەیان زانی؟

٥

دریک-ی زانای ئەمەریکایی کە لە شەستەکاندا هەوڵی ئەوەی دا تیشکێکی چڕ ئاڕاستەی یەک لە هەسارە دوور لە زەوییەکان بکا بە نێزیکەی دە ساڵی تیشکی. لەم پرۆژەیەشیدا سەرکەوتوو نەبوو چونکە ئامازەگەلێکی لەرە بەرز-ی ئاڕاستە کرد، ئەوەی وەرنەگرتەوە کە تێ بگا کەسێک هەستی پێ کردووە یان وەری گرتووە.. یەک لە خەونەکانی دریک-ی زانا ئەوە بوو کە دانیشتووانی هەسارەکانی دیکە درک بەوە بکەن کە ئێمە لێرەین و... ئێمە پێیان دەزانین و دەمانەوێ بماننانسن..

بەڵام ئەم هەوڵە وەک هەنگاوێکی زانستییانە بوو بەرەو نادیار و چووە ناو مێژوو و هەر دەبێ هەنگاوەیلی دیکەی بەهێزتر و ڕوونتری بەدوادا بێن و ئەوەش لە داهاتوودا دەبێ..

پاش پێنج ساڵ لەم هەوڵە دەگمەنەوە دریک دەچێتە دوڕگەی "مووانی"ی یەک لە دوڕگەکانی هاوای و... شەوێکیان جادووگەر و پزیشکی دوڕگەیان هێنایە لای و جادووگەرەکە لێی نێزیک بووەوە و بەم واتەیەوە شتی پێ گوت: تۆ وەک هی دی لە سەت هەزار ساڵەوە نوشوستیت هێنا!

دریکی زانای ئەمەریکایی تێ نەگەیشت...

جادووگەرەکە چووە ئەشکەوتێک و، لەسەر ئەشکەوتەکەدا لە ژوورەوە نەقشەیلێکی مارگەلێکی بینی بە دەوری خۆردا دەسووڕێنەوە و لێی شوڕ دەبنەوە.. (هەر ئەو نەقشانە لە بریتانی-ی باکوری فەڕەنسا و ئسکوتلانداشدا هەن). لەلایەکی ئەشکەوتەکەشدا خەڵکانێک پشتیان لە تیشکێک وەرگێڕاوە لە دوورەوە دێ و... جادووگەرەکە ئاماژەی بەمانە کرد پشتیان تێ کردووە و نایانەوێ نە وەڵام بدەنەوە و نە بەدەنگیشیانەوە بێن.

دریک سەری سوڕما و وتارێکی ورووژێنی بەم واتەیە بڵاو کردەوە. ئەوەی سەرسامی کردبوو ئەوە بوو: چۆن ئەم پیاوە سەرەتاییە زانیی؟ ئەدی چۆن خەڵکانێک لە سەتان هەزار ساڵەوە هەوڵی وەک ئەوەی منیان داوە، بەڵام نوشوستییان نەهێناوە؟ ئەوان زانیویانە و دڵنیاش بوون کە بوونەوەرێلێک لە جیهانەیلی دیکەدا هەن و... نایانەوێ بەدەنگیانەوە بێن.

بەڵام بەخۆی هەوڵی داوە، بێ ئەوەی لە هیچ شتێک دڵنیا بێ چۆن ئەوەیان کردووە؟ و کێ پێی گوتن؟ و کێ فێریانی کرد؟

٦

ئەم ڕێڕەوانەی لووتکەکانی چیاکان. کە تەواوێک لە ڕێڕەوەکانی فڕۆکەکان دەچن.. بەرین و بەجوانی بەردڕێژ کراون.. ئێستاشی لەگەڵدابێ شوێنی چەرخەیلی چاڵ بوویان لەسەردایە.. لێکۆڵەرەوەکان ئەوانەیان لە پیرۆ و پۆلیڤیا دۆزیوەتەوە.

بەڵام پیترزو نانفیلد–ی نووسەری ئەڵمانی بە ئامێرەیلێکی ئەلەکترۆنیی زۆر ئاڵۆز توانیویەتی شوێنەواری چەرخی کەشتییەکی ئاسمانی بدۆزێتەوە... ئەم چەرخەش لە پلاتین و لاستیک دروست کراوە و بە توندی لەسەر ڕێڕەوی چیایەکدا دابەزیوە، قورساییشی دەگاتە چل هەزار تۆن و دابەزینەکەشی بە ناچاری بووە و تێک شکاوە.. تێبینیی ئەوەشی کردووە کە لە کۆتاییی ئەو ڕێڕەوەدا لەسەری هاتووەتە خوارەوە نەخشەیەکی لێیە خەپلەیەکی خۆری تێدایە، ئەم خەپلەیەش لەلای باکورەوە شکاوە، هەروەها خەپلەی وەک ئەمیش دیسان لە دوڕگەی "فەسح"یشدا دۆزراوەتەوە، لە خەپلە خۆرە فیرعەونییەکەی سەردەمی شا ئەخناتوون جیاواز نییە، بەڵکو نەخشەیەکی دیکەش لە دوڕگەی "فوسح"دا هەیە وێنەی (مشت)گەل و باسکی لەسەر کێشراوە ڕێک بەرەو خۆر درێژ کراونەتەوە هەر وەک ئەوە لە سەردەمی ئەخناتوون–یشدا دەبینین... ئەمە دەبێ چی بگەیەنێ؟ بە وردیش دەبێ چ ڕووداوێک بووبێ کە لەسەر لووتکەی چیاکاندا وەستاوە و تێک شکاوە؟

٧

لە کتێبخانەی میللیدا لە پاریس وێنەی پەلکە بەردییەکی فیرعەونی هەیە مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئەخناتوون دەگەڕێتەوە، زانایەک لە کۆتاییی سەدەی ڕابوردوودا "مەبەست سەدەی نۆزدەیە" لە ئەسوان دۆزیویەتیەوە. لەم پەلکەدا دەستەواژەیەکی لێ قرتاو هەیە دەڵێ: تۆ مرۆڤێکی زۆر ئاساییت، بڕواش ناکەم تۆ لە پشت خۆرەوە هاتبی..

دەستەواژەیەکی دی دەڵێ: خۆش هاتی برام کە تۆ لە ئێمە نامۆیت چونکە لە پشت خۆرەوە هاتووی، ڕاگوزارییەکەت سەخت بووە و تێیدا سواری ژمارەیەکی زۆر لە کەشتییان بوویت کە لە ڕۆخدا دەوەستێ، ئەوەی بەر لە مەلەکان گەیشتنە زەوی..

دەستەواژەیەکیش کە کەموکوڕیی تێدایە دەڵێ:

کێ چەندێتیی تۆ دەزانێ تۆی کە لە پشت خەپلەی خۆرەوە هاتوویتە لامان؟ ئەگەر کوڕی ئاسمان نەبی ئەدی باوکت یان دایکت دەبێ کێ بن..

ئەم ئیتاڵیاییەش کە ئەم بەردییانەی دۆزیوەتەوە ناوی ڕیکاردۆ بۆتیشیللی–یە..

سەیرترین شت کە بۆتیشیللی دانی پێدا ناون ئەوەیە لە نووسینی چیرۆکێک بووەتەوە کۆتاییی بەم دەستەواژەیە هاتووە کە لە کۆتاییی ئەو بەردییانەدا بووە دۆزیویەتیەوە، کە نە خوێندووشیانیەتەوە و نە هێشتا زمانی هیرۆگلیفیی زانیوە!

## ٨

ئەوەی زانایانیش لە نیـڤـادای ویلایەتی ئیندیانا لە ویلایەتە یەکگرتووەکـانیـان دۆزیوەتەوە، نەقشەیلێکی سەمەرەن لەسەر بەردانداً.. چی دەڵێن؟ ئەدی کێ بە کێ دەڵێ؟ کێ نووسیویەتیەوە؟ کێ نەقشاندوویەتی؟ ئەگەر تەمەنی بۆ سی هەزار ساڵ بگەڕێتەوە، ئەمە واتەی چییە؟ ئەم نەقشانە خۆریان بەتەنیا بە ناوەند و سەرشار داناوە بۆ دەستپێکردنیان، زانایانیش سەتان لێکدانەوەیان بۆ کردووە، بەڵام کەس بە تەواوەتی دەزانێ واتەی ئەم بوونەوەرە فڕندانە چییە؟ ئەی واتەی خۆر و بوونەوەرانی پشت خۆر یانی چی؟ واتەی ئەم نەقشانە چییە کوتومت لە نەقشەگەلێکی دیکە دەچن دانیشتووانە ڕەسەنەکانی ئوستورالیا کێشاویانە؟ لەکاتێدا بەپێی مێژوو چەسپیوە کە دانیشتووانی ڕەسەنی ئوستورالیا کۆمەڵە گەلێکی بێ شارستانین یان گەلێکە ڕابوردووی نییە... ئەمە چۆن هاتە دی.

نهێنیگەلێکی دیکەی ئەم زەوییە و پێوەندیی بە ئاسمانەوە، یان دانیشتووانی ئاسمان، ئەمە چێژی بیرکردنەوە پتر دەکا و... پەنجەمان لەسەر کلیلگەلێکی گچکەدا دادەنێ و خەیاڵمان هەڵدەئایسێنێ بەڵکو کەسێک یارمەتیی زانینمان دەدا و... ئەگەر هیچێکی وروژێن و چێژ زیادکەرمان نەدیتەوە، ژیانمان بێزاری دایدەگرێ و مەند و لێخن دەبێ– مردن لەوە باشترە..

دەسا بەرەو دەرگەگەلێکی دیکەی نێوانی ئاسمان و زەوی بچین و بیانکوتین، بەڵکو کەسێک بۆمان دەکاتەوە یان لێمان دەکاتەوە...

وەک دەبینین!

پەراوێز:

١. عفریت، عفریتە: پێدەچێ لە وشەی ئافەریدەوە هاتبێ.

٢. کارەکەی ئەوەیە ئەگەر شتێکی ویست پێی دەڵێ ببە، دەبێ.

٣. لمین: لە لم پێکهاتوو.

٤. شاری ئیرەم: شارێک بووە لە خوارووی دورگەی عەرەب، وەک کتێبە ئاینییە پیرۆزەکان باسیان لێوە کردووە، لەبەر لەخۆباییبوون خودا نغرۆی کردووە.

٥. المؤتفکات: نەتەوەی لووت: کە وەک گوتراوە لەبەر گەندەڵی و بەدڕەوشتیی "دنێربازی" و شتی دیکە لەناوچوون.

هەواڵنامەی کتێب

# ئاخۆ لە سەدەی شانزەدا دەکرا مرۆڤ بێباوەڕ بێت

هاشم سالَح

"ڕانانێک بۆ کتێبەکەی لوسیان فیفر Lucien Febvre، کێشەی بێباوەڕەکان یان بێدینەکانی لە سەدەی شانزەدا، بیروباوەڕی رابلیە" / Le problème de l_incroyance au 16 siècle La religion deRabelais. Lucien Febvre

پێش ئەوەی بچینە ناو کرۆکی بابەتەکەوە، پێم باشە ئەم پرسیارە بکەین: ئاخۆ چ جیاوازییەک لەنێوان سەدەکانی ناڤین و سەدەکانی ڕێنانسانزدا هەیە؟ ئاخۆ ئەوە ڕاستە کە ئەم دوو قۆناخە هیچ پێوەندییان بەیەکەوە نەبووە، هەروەک ئێمە پێمان وایە؟ ئاخۆ ئەم لێکدابڕانە بەو سنوورە بووە و هیچ پێوەندییان بەیەکەوە نەبووە؟

پێش پەنجا ساڵ، لەو باوەڕەدابوون کە جیاوازیی نێوان ئەم دوو قۆناخە، وەکو جیاوازیی نێوان ڕەشپێست و سپی پێست وایە یان دەیانگوت هێندەی ئاسمان و زەوی جیاوازییان هەیە! لێ






.................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ئێستا ئەم جیاوازییە بەو شێوەیەی جاران نییە. لەڕاستیدا سنووری نێوان ئەم دوو قۆناخە زۆر ئاڵۆزتر بووە لەوەی کە ئێمە بۆی دەڕوانین، هەروەها زیاتر لەوەی کە ئێمە دەیزانین، پردی پێوەندی لەنێوانیاندا هەبووە. ڕاستە لێکدابڕان لە نێوانیاندا هەبووە لێ بەو شێوە ڕەهاییە نەبووە کە وەکو ئێمە پێمان وایە. ئەو سنوورە بەشێوەیەکی حەدی وەکو شمشێر نەبووە. زۆربەی ڕووناکبیرانی سەدەی ڕۆشنگەری، دەشتوانم بڵێم هەموویان، هەرچەندە زۆر شەیدا و هۆگریی کولتووری بتپەرستیی یۆنان و ڕۆمانی بوون، بەڵام لەناخیاندا هەر باوەڕیان بە ئاینی مەسیحی هەبووە. سەربوردەی (بێباوەڕی ڕابلیە) کە خۆی لەخۆیدا ئەفسانەیە، هیچ خۆی لەبەردەم تاقیکردنەوەدا ناگرێت، هەروەک لوسیان فیفەر لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا باسی دەکات، هەرچەندە ئێستا ئەو کتێبە چووەتە قاڵبی کلاسیکیاتەوە.

پرسیارێکی تر کە گرینگە لێرەدا بیکەین: ئاخۆ ڕەوتی مرۆڤدۆستانە (هومانیزم) بە مردنی "ئیراسموس" ساڵی ١٥٣٦ کۆتای پێ هات؟ ئەو بیرمەندەی کە هەتاوەکو ئێستاش زۆربەی لیبراڵییەکانی ڕۆژئاوا خۆشیان دەوێت. ئەو پێشڕەو و مامۆستای کۆمەڵێک فەیلەسووفی ڕۆشنگەری بوو، کە بە سەدان ساڵ لەپاش خۆیەوە پەیدابوون، بۆ نموونە وەکو "ڤۆلتێر و خەڵکانی تر". بەدڵنیاییەوە ئەو جەنگە مەزهەبی و خوێناوییەی کە لە نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانتەکاندا پەیدابوو، کە ماوەی چەندان ساڵی پێ چوو، وای کرد کە سنوورێک بۆ سەدەی ڕۆشنگەری دابنێت و دایبخات.

بێگومان بە کۆتاییهاتنی ئەم جەنگەش، جارێکی تر بزاڤەکە دەستی پێ کردەوە، هەرچەندە لەسەرەتا بەشێوەیەکی ئێجگار مەزن و بێ وێنە دەستی پێ کرد. لێ ناکرێت شارستانییەک کە بۆ ماوەی دوو سەدە بەردەوام بووبێت، بەیەک چرکە لەناو بچێت و بمرێت! بیرمەندانی سەدەی ڕۆشنگەری تا ماوەیەکی درێژ شتێکیان بردەوە، بۆ نموونە لە بواری خوێندندا.

چونکە خوێندنی شارستانیی یۆنانی و ڕۆمانی لە ڕۆژئاوادا، لە ماوەی ئەو چوار سەدەیەدا بەردەوام بوو: واتە هەتاوەکو ئێستاش. هەروەها ئەوان وانەیەکی تریشیان لەپاش خۆیان بۆ بەجێهێشتین و هەتاوەکو ئێستاش ئێمە وابەستەین ئەویش بریتییە لە:

باوەڕبوون بە زیرەکی و ژیریی مرۆڤ، هەروەها مەزنی و توان و ئیدارەکانی مرۆڤ، کە دەتوانێت جیهان بگۆڕێت و شتی موعجیزەئاسا بخوڵقێنێت. مرۆڤ گەر بواری بۆ دابین بکرێت، دەتوانێت شتی زۆر مەزن دروست بکات. دیارە ئەوانیش باش لەم ڕاستییە تێ گەیشتبوون و باشیش هەستیان بەم بۆچوونە کردبوو. ئەوان ئێمەیان لەسەر ئەم بیرە پەروەردە کرد و، پێم وایە، ئەمەش گەورەترین هاندەر بوو بۆ بیرکردنەوە و هەوڵدان بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندنی بەشەریەتی ئورووپی. بەڵام بەشەریەتی عەرەبی و ئیسلامی، هێشتا چاوەڕوانی ڕێنانسازی داهاتووی دەکات، پاش ئەوەی لەناو شەڕی مەزهەبی و تایەفیدا نوقم بووە. کەسیش نازانێت کەی لێی دەردەچن...

لێ مـەیلی مـرۆیانە لە سـەدەی ڕێنانسـازدا نوخـبـەوی بوو: واتە تەنیـا پـێـوەست بوو بە چەند بازنـەیەکی ڕۆشـنفکرەکـان، بەڵام زۆرینـەی خـەڵکی، ئەوا لەبـەرەی ئوسـوڵی و پیـاوانی ئاینی بوو (دیارە ئەمەش هەمان حاڵەتی عەرەب و موسڵمانانی ئەمڕۆیە.. سەیری هەڵبژاردنەکان بکەن، چۆن ئوسـوڵییەکان لە هەموو شوێنێکدا زۆرینەن، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە عـەرەب- موسڵمانەکان بەگشتی، لەناو قووڵایی سەدەکانی ناڤیندا "غـەرق بوون"، بە واتەیەکی تر، هێشتا نەگەیشتوونەتە بەر دەروازەکانی ڕێنانساز).

کاتێک ریفۆرمی ئاینی پرۆتستانتی دەستی پێ کرد، کودەتایەکی لەناو خەڵکیدا دروست کرد، زۆرینە بوونە هۆگری لۆتەر* و بەشێکی تریشیان هەر بە هۆگریی پاپای ڕۆما و ڤاتیکان مانەوە. لەو ناوەشدا نوخبەیەک فەیلەسووف مایەوە. لەبەرئەوە نابێت هیچ جۆرە واهیمەیەکمان لەبارەی ئەم بابەتەوە هەبێت... ڕێنانساز هەموو کاتێک لە داهێنانی کەمینەیەکی پێشوەختی ڕۆشنفکر و ڕووناکـبـیـر دروست بووە. پاشـان ئەم ڕۆشنگەرییـە، وردە وردە بەناو چین و توێژەکـانی ناو کۆمەڵگەدا بڵاو دەبێتە. لێ ئەمە پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە، بوونی شەڕێکی فکرییە دژ بە بەرەی ئوسوڵیی ئاینی.

لەم دەرئەنجامەدا چیمان بۆ دەردەکەوێت؟ ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕۆشنگەریی مـرۆییی ئورووپی، لەسـەرەتادا تەنیا شمـوولی کەمینەیەکی کردووە، ڕێک وەکو حاڵەتی ئێستای ڕۆشنفکرە عەرەبەکان، کە چۆن کەمینەیەک پێک دەهێنن. بەدڵنیاییەوە ئەمڕۆ ئێمە کەمینەین لەچاو ئەو هەموو شێخە ئاینییە مەزنانەی، کە هەموو شاشەکانی تەلەڤزیۆنەکانیان داگیر کردووە و، لە دەستەواژە و ڕستەکانیاندا "تەفەنون، هونەراندن" دەکەن (لیبراڵییەکان هاوردەن لەناو میسردا)، هەروەک لەم دواییەدا شێخە گەورەکەیان دکتۆر یوسف قەرزاوی گوتی.

سـەیری ئەو وەڵامدانەوە توند و قـەناعەت پێکەرانەی (احمد عبدالمعطي حجازي) بکە، کە لە وەڵامی ئەم مەقوولەیەی قەرزاوی، لە ڕۆژنامەی "الاهرام" لە ڕۆژی ٢٨ی ٢ی ٢٠١٢دا داویەتییەوە. شێخ "رفاعة رافع الطهطاوي"، کابرایەکی موسڵمانی ڕاستەقینە بوو، لەهەمان کاتیشدا کەسێکی لیبڕاڵی و مۆدێرنیش بوو. لەبەرئەوە ئەو کەسێکی "هاوردە" نەبوو بۆ میـسر، بەڵکە لە میـسر ڕۆشنگەری لەسـەر شـانی ئەم پیاوە بونیات نرا. دەتوانین هەمان شـتیش لەبارەی نەوەکـانی لیبڕاڵییە میسری و عەرەبەکانی تریشەوە بڵێین. زۆربەیان موسڵمان بوون یان مەسیحی، بەڵام ئەو ئیسلامەی ئەوان، ئیسلامێکی ڕوناکبیرانە بووە، کە بە تیشکی عەقڵ و فەلسەفە ڕووناک بووەتەوە، ئەو تیشکەی کە توانیی شکۆی شارستانیی عەرەبی و ئیسلامی لە بەغداد و قورتوبە دروست بکات. هەر ئەو ئیسلامە ڕووناکئامێزەش بوو، کە توانیی ببێتە چرایەک بۆ ئورووپا و ڕێگەی بۆ ڕووناک بکاتەوە، لەو کاتەی کە ئەو کیشوەرە لەناو تاریکی و ئەنگوستەچاویدا غەرق بووبوو.

با جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ ڕەوتی مـرۆیی لەسـەدەی ڕێنانسـازدا. ئەم ڕەوتە بوو بە دوو بەشەوە: لقێکیان پێوەست بوو بە ئەدەبی لاتینی و ڕۆمانیی کۆن: واتە بە نووسینەکانی "ڤیرجیل و

شیشرون... هتد"، لقەکەی تریشیان کە ژمارەیان کەمتر بوو، خۆی بۆ شارستانیی یۆنانی و ئەدیب و شاعیرەکان و فەیلەسووفە گەورەکانیەوە خەریک کرد، هەر لە هومیروسەوە بیگرە تاوەکو ئەفلاتون و ئەرستۆ... هتد.

دیارە کارەکانی ئەو ڕووناکبیرە نوخبەوییانە تەنیا بە شارێک یان دیوانی میرێک یان مەلیکێکەوە نەبەستراوەتەوە، هەروەک "فیرنان برودیل" پێمان دەڵێت، بەڵکە لە تەواوی کیشوەری ئەورووپادا بڵاو بووەتەوە، هەرچەندە مەڵبەندی سەرهەڵدانی ئەم بزاڤەش دەگەڕێتەوە بۆ شاری "فلۆرەنسا"ی ئیتاڵی، بەتایبەت لەسەردەمی زێڕینی خۆیدا: واتە سەدەی پانزە. پاشان ڕۆما بوویە مەڵبەندیان. ئەو ڕووناکبیرە مرۆڤدۆستانە لەنێوان خۆیاندا لەناو کیشوەری ئەورووپادا، نامەگۆڕینەوە هەبوو. هەروەک ئاشکراشە کە نامەکانی "ئیراسموس" کە بە میری سەردەمی ڕێنانساز دێتە ژماردن، گەیشتە دوانزە موجەلەدی نامە! بەدڵنیاییەوە هەموو ئەم نامانەش بە زمانی لاتینی نووسراون، ئەوکاتە لاتینی زمانی زانا و ڕۆشنفکرەکان بوو.

بەڵام ئەو پرسیارەی کە لێرەدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە: ئاخۆ ئەو ڕەوتە مرۆڤدۆستانەیە و فەلسەفە مرۆڤدۆستانەیە "هومانیزم"، وەکو ئامرازێک وا بووە بۆ دژایەتیکردنی مەسیحیەت؟ ئاخۆ دەبێت ئەم بزاڤە وەکو بزاڤێکی هێرشبەرانەی بەرەو بێئاینی و بێئیمانی دابنێین؟ یان بەلایەنی کەمەوە: ئاخۆ دەتوانین کەسانی وەکو "ماکیاڤیلی و رابیلە و مونتینی" و هەڵگرانی تری مەشخەڵی فکری ئازادبوونی مرۆڤ لە دین و کۆت و بەندە قورسەکانی، بە کەسانی دژە مەسیحی دابنێین؟

زۆرێک مێژوونوسە هاوچەرخەکان پێیان وایە ئەم بۆچوونە زیادەڕۆییی تێدا دەکرێت و گومانی ئەوەی تێدایە کە بمانخاتە ناو هەڵەیەکی گەورەی مێژووییەوە یان بکەوینە گێژاوەوە. مەبەست لە گێژاوی ئەو تێڕوانینەی ئێستایە کە پێمان وابێت خەڵکی پێش چوارسەد ساڵ وەکو ئێستا بیریان کردبێتەوە. ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە ئێستا دەمانەوێت دادگەیی سەردەمی ڕێنانساز بکەین، لەڕێگەی تێڕوانین و بینینی ئێستامانەوە، یان بە چاوی ئەمڕۆمان سەیری ئەوان بکەین نەک لە چاوی بیرمەندانی ئەو سەردەمەوە.

جێگەی گوتنە بیرمەندانی سەردەمی ڕێنانساز و ڕەوتی مرۆڤدۆستانە "هومانیزم" زۆر لەو فێرگە و بۆچوون و بیروباوەڕە لاهووتییە سەپێنراوەی ئەو کاتە بێزار بوون، کە بە تۆپزی بەسەر هەموویاندا سەپێنرابوو، هیچ دەرفەتی نیقاشکردن و دەست بۆ بردن نەبوو. بەدڵنیاییەوە زۆر دڵیان لەو جەوە ناخۆش و گیراوە پەست بووە و تووشی هەناسەبڕکێی ڕۆحی بوون. بێ گومان ڕقیشیان لە فەلسەفەی "سیکولائی، علمانی"یش بووە، تاقەتی ئەو درێژدادڕییە و دەستەواژە قورسانە و چەلەحانێیەیان نەبوو، لەبەرئەوە ڕایان کردووە بۆ سەردەمی کۆنە دوورەکانی پێش خۆیان: واتە سەردەمی بتپەرستیی یۆنانی و ڕۆمانی، لێرەدا توانیویانە هەناسەی ئازادی و خۆشی هەڵمژن.

هەروەها زۆر شەیدای ئەدەبی یۆنان و ڕۆمانی کۆن دەبن کە پێش مەسیح هەبووە. ئەم ئەدەبەش ستایشی مرۆڤ دەکات و باوەڕی پێیەتی، بەپێچەوانەی لاهوتی سەدەکانی ناڤین کە باوەڕی بە مرۆڤ نییە و سووکایەتیی پێ دەکات و پێی وایە ژیانی ئێستا تەنیا کاتێکی کەمە و مرۆڤ تێیدا موسافیرە و بەرەو دونیایەکی تر دەڕوات "دونیای ئاخر". هەموو ئەم شتانە ڕاستن، بەڵام ناتوانین بڵێین، ئەم بزاڤە ڕۆشنگەرییە پێویستییەکی گرینگی بەوە بووبێت کە وەکو ئامرازێک لەدژی خودا و کڵێسا بێت.

## ئەو کێشەیەی کە لە سەردەمی ڕێنانسازدا زەحمەتە بیری لێ بکەینەوە و تێی بڕوانین!

مێژوونوسی ناودار "لوسیان فیفەر" بەشێکی لە لێکۆڵینەوە مەزن و چاکەکەی داناوە بۆ باسکردنی پێوەندیی نێوان "رابیلە" بە ئاینی مەسیحی یان ئیمان بەگشتی هەروەک لەپێشدا باسمان کرد. هەروەک ئاشکراشە زۆرکەس "رابیلە" بە بێباوەڕ دادەنێن، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە زۆر ڕقی لە پیاوانی ئاینی هەبووە و گاڵتەی بە عەقڵیان کردووە. بەڵام ئەوەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەم مێژوونوسە مەزنە پێی گەیشتووە ئەوەیە کە شتێکی زۆر ئەستەم بووە بۆ هەموو بیرمەندان لەسەردەمی رابیلە، تەنانەت گەر ئەو کەسەش "عەقڵانی، ڕاسیۆناڵ"ێکی توندڕەویش بووبێت و ڕقیشی لە پیاوانی ئاینی و درۆ و دەلەسەکانیشی بێت، کەسێکی بێباوەڕ بێت. تەنانەت گەر خۆشی حەزی کردبێت، هەر نەیتوانیوە بێباوەڕ بێت.

لەو کاتەدا زەحمەت بووە بیرمەندێک لە سەردەمی رابیلەدا، بگاتە ئاستی بێباوەڕیی فەلسەفی و تەواو باوەڕی بەقسەکانی خۆشی بێت، هەروەک پاشتر لە سەردەمی ڕێنانسازدا یان لە سەدەکانی نۆزدەدا ئەم ڕەوشە بۆ بیرمەندان لەبار بوو. بۆچی؟ چونکە ئامادەکارییە عەقڵانییەکان یان ئامرازە فکرییەکانی ئەو سەردەمە ڕێگەی بەو بۆچوونە نەدەدا. هێشتاوەکو فکر لە سەدەی شانزەدا نەیتوانی بوو ئەم کارە بکات، هەرچەندە کۆمەڵێک کلیلی پرسیاری دابووە دەستیان یان چەند هەڵێکی زانستیی ڕەخساندبوو کە دژ بە بیری لاهووتی بوو. بە کورتییەکەی هێشتاوەکو "فکر" نەیدەتوانی پشتگیرییەکی زانستیی فیزیایی بداتە دەستیان بۆئەوەی بتوانن ببنە کەسانی بێباوەڕی تەواو، یان بتوانن دیدێکی ماددییانەیان بۆ جیهان و گەردوون هەبێت.

ئەم شتە پێش تەقینەوەی شۆڕشی زانستی و دەرکەوتنی پێنچ عەقڵە مەزنەکە: (کۆپەرنیکۆس، کیبلەر، گالیلۆ، دیکارت، نیوتن) هیچ ڕێی تێ نەدەچوو. لەپاش ئەمە ئیتر ئاسان بوو بۆ زانایەکی وەکو (لابلاس)** بۆچوونی خۆی بە ڕاشکاوانە بڵێت. کاتێک ئەو باسی نەخشە و وێنەکانی جیهان و بیردۆزە ماتماتیکییەکان بۆ ئیمپراتۆر ناپۆلیۆن دەکات، پاشان ناپۆلیۆن لێی دەپرسێت: شوێنی خودا لەم سیستەمی گەردوونییەدا لە کوێوەیە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: جەنابی ئیمپراتۆری گەورەم، ئەم فەرەزیەتە چی دی لەمرۆدا گرینگ نییە و هیچ پێویستیمان بە "خودا" نەماوە! یان

بێین تەفسیرێکی غەیبی بۆ گەردوون بکەین، هەموو ئەمانە لەپاش سەرکەوتنی زانستی مۆدێرن و سەرکەوتنی لەبواری نهێنییەکانی سروشت و کەشفکردنی یاسا فیزیایی و فەلەکییەکان کە گەردوون بەڕێوە دەبەن، چیتر باویان نەماوە.

چی تر تەفسیرکردنی نهێنیی گەردوون و کەشفکردنی ئەو یاسایانەی کە حوکمی گەردوون دەکەن کاری پیاوانی ئاینی نییە، بەڵکە ئەمە بووەتە کاری تایبەتی خەڵکانی زانا و زانستپەروەران و ئاینیش بووەتە وەسیلەیەک بۆئەوەی ڕۆحەکان ئارام بکاتەوە و لەڕووی ئەخەلاقی و میتافیزیقییەوە یارمەتیی ناخی مرۆڤەکان بدات.

بە واتەیەکی تر بێباوەڕی لە سەدەی شانزەدا کارێکی ئاسان نەبووە بیری لێ بکرێتەوە یان دەتوانم بڵێم کارێکی ناکردە بووە. لەو کاتەدا سەقفێکی فکری هەبووە کە نەدەکرا تەجاوز بکرێت. ئینجا ئەمە وەزعی ئەو سەدەیە بووە، ئیتر بزانە لە سەدەکانی ناڤیندا چەند ئاڵۆزتر بووە. جگە لەوەش لەو کاتەدا خەڵکی زیاتر بە دوای ناندا وێڵ بوون، خەڵکی بەزەحمەت نانی ڕۆژانەی خۆی دەست دەکەوت، ئیتر چی لە بێباوەڕی بکەن؟ "بێباوەڕیی ئەرستۆکراتی" هەبووە هەروەک ڕۆبسبیر دەڵێت. دەتوانین ئەوەشی بۆ زیاد بکەین کە "بێباوەڕیی بۆرجوازی" هەبووە.

ئەمڕۆ سۆسیۆلۆژەکان پێمان دەڵێن کە باوەڕبوون بە خودا، لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، دابەزیوەتە ئاستی کەمتر لە نیوە یان چارەکی کۆمەڵگە. بۆچی؟ چونکە ئەوان چیتر پێویستیان بە پشتبەستن بە خودا نییە، پاش ئەوەی دەوڵەت سیستمێکی گرەنتیی کۆمەڵایەتی و تەندروستیی بۆ هەموو هاووڵاتییان دابین کردووە.

بەم شێوەیەش ئەوان توانییان واز لە فکرەی "خودا" و خزمەتگوزارییەکان هەتا ماوەیەکی تر کە پێویستییان پێ دەبێت، بهێنن. گەر بێت و هەموو پێداویستییە ماددی و تەندروستییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە دابین کرابێت، کەواتە خەڵکی چ پێویستی بە هانابردن و پاڕانەوە لە خودا هەیە؟ بەم شێوەیەش بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، "خودا" بوو بەکەسێکی بێکار! و کارەکەی پێشووی لەدەستچوو.

## ڕاستە سەردەمی ڕێنانساز لێکۆڵینەوەی زانستیی ئەزموونگەرایی فەرامۆش نەکرد، بەڵام نەیکردە سەنتەری بایەخەکانی؟

جێگەی گوتنە بێباوەڕی نەیتوانی پێ بگات و گەشە بستێنێت، هەتاوەکو زانستی ماددیی فیزیائیی بەهێز و پتەو لە سەدەکانی پاشتر پەیدابوو. لێ لە سەدەی شانزەدا بەشێوەیەکی گشتی نکوڵیکردن لە بوونی خودا نەبووبووە بەشێک لە گرینگی پێدان و حەز و تەنانەت پێداویستییەکانی زۆربەی ڕۆشنفکرەکانی ئەو کاتە. بە واتەیەکی تر بۆئەوەی کەسێک ببێتە "بێباوەڕ" لەناو کۆمەڵگەیەکدا کە هەموویان لە تەوقی سەریانەوە تا نووکی پێیان باوەڕیان بە خودا بێت، ئەوا ئەو

کەسە دەبێت "پشت قایم بێت" بە فەلسەفەیەکی زانستی و عەقڵانیی بەهێز کە بتوانێت ڕووبەڕووی لاهوتی ئاینی و تەفسیرە غەیبییەکانی بۆ جیهان بێت.

بۆئەوەی بێباوەڕی ببێتە دیاردەیەکی بڵاو هەروەک ئێستا لە ئورووپای مۆدێرندا هەیە، ئەوا پێویستە فەلسەفەیەکی زانستیی بەهێز بەناو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا بڵاوبێتەوە و تەنیا شموولی توێژە ڕۆشنفکرەکان نەکات. بەم شێوەیەش بێباوەڕیی زانستی و فەلسەفی، دەگۆڕێت بۆ عەقیدەیەکی قەناعەتپێکەران وەکو عەقیدەیەکی ئاینیی لێ دێت، بگرە لەویش بەهێزتر دەبێت. دیارە بێباوەڕەکان بەو شێوەیە نییە کە باوەڕیان بەهیچ بەهایەکی ئەخلاقیی جوان نەبێت، هەروەک زۆرێک لە خەڵکی وای دەبینن.

بەپێچەوانەوە بگرە ئەوان زۆر ئەخلاقیتر و بێگەردترن لە زۆرینەی ئوسووڵییە توندڕەوەکان، ئەوانەی کە هەوڵ دەدەن ڕق و کینە لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵگەدا بڵاو بکەنەوە و خەڵکی بەسەر چەند گرووپ و تاقمێک، لەژێر ناوی ئاین و مەزهەبدا دابەش دەکەن. تۆ سەیری ئەو جیاوازییە گەورەیە بکە لە نێوان هەڵسوکەوتی باوی گەلانی ئورووپیی بێباوەڕ و هەڵسوکەوتی گەلانی ئیمانداری ئێمەش.

ڕەوشی ئورووپا بەردەوام لە گەشەسەندنێکی بەردەوامدایە هەرچەندە بێباوەڕیشن و سەیری ڕەوشی لای خۆشمان بکەن، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر ئیمانداریشین! کەس لە ئورووپادا هەوڵی فێڵکردن و دواکەوتن لە مەوعید یان خۆی لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە و بەرژەوەندیی گشتی نادزێتەوە. لەکاتێکدا ئێمە هیچ وەختێک لە نوێژکردن و ڕۆژووگرتن و حەجکردن دواناکەوین و بە بەردەوامیش تەراویح دەکەین، بەبێ ئەوەی هیچ یەکێک لەمانە سوودێکی باش بە کۆمەڵگەکەمان بگەیەنێت. هەموو شتێک لای ئێمە "تێکچووە، وێرانە" هیچ هیوایەکیش بۆ چاککردنەوەی نییە. هەر کەسێک شتێکی دەستبکەوێت، یەکسەر هەوڵ دەدات بیدزێت و بیبات بۆ خۆی، بەبێ ئەوەی یەک زەڕە بیر لە بەرژەوەندیی گشتی و کۆمەڵگە بکاتەوە.

بگرە دەتوانم بڵێم "چەمکی بەرژەوەندیی گشتی" ئەسڵەن لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا بوونی نییە. دەتوانم بڵێم کە کەسی بێباوەڕ لەڕاستیدا بێباوەڕ نییە بە فەلسەفەی مرۆییی مۆدێرن. بگرە دەتوانم بڵێم کە ئەو کەسێکی ئیمانداره بە مانا ڕاستییەکەی ئیمان، چونکە ئەو باوەڕی بە کۆمەڵێک بەهای تایبەتی هەیە. بە واتەیەکی تر دەتوانم بڵێم، ئەوان باوەڕیان بە کرۆکی ئاینەکە هەیە و باوەڕیان بەو بەرگە دەرەکی و توقوساتە بێ کۆتاییەکان و عەقیدەی تایەفی و مەزهەبی نییە. بەگشتیش ئەو کەسانە ئاگەدار و زانیارییەکی باشیان لەبارەی فەلسەفەوە هەیە و تێیدا قوڵبوونەتەوە.

نابێت پەلە بکەین و یەکسەر "میکیاڤیلی" بەوە تاوانبار بکەین کە کەسێکی بتپەرست بووە، چونکە ڕەخنەی توندی ئاراستەی قەشە و کڵێساکان کردووە. جێگەی گوتنە ئەو گوتی: ئەوان (مەبەستی لە پیاوانی ئاینییە) وایان لێ کردین کە ڕقمان لە ئاین بێتەوە ئەویش بەهۆی گەندەڵی و

چاوچنۆکی و هەڵپەکردنیان بۆ پارە و خیانەتکردنیان لە کرۆکی ئاین. بەڵام ئێمە لۆمەی میکیاڤیلی دەکەین چونکە ئەو باوەڕی بەمەنتیقی ئەمری واقیع هێنا، لەکاتێکدا لەو زەمانەی ئەو، کە زەمەنێکی قورس بوو، پڕبوو لە ناخۆشی و کارەسات و تاوانکاری. هەروەها لۆمەی دەکەین چونکە ئەو تەسلیمی مەنتیقی (هێز و فێڵ) بوو، هەروەها هەر ئەویش بوو کە سیاسەتی خستە دەرەوەی قاڵبی ئەخلاق. لێرەوە بێ ئەخلاقیی میکیاڤیلی دەردەکەوێت.

ئەوەی کە ماوەتەوە لەم بوارەدا بیڵێم ئەوەیە، ئەم وشانەی کە من نووسیومن بەهیچ شێوەیەک بانگەشەیەک نین بۆ بێباوەڕیی ماددی، چونکە نووسەری ئەم دێرانە خودی خۆی کەسێکی بێباوەڕی ماددی نییە بەڵکە ئەو باوەڕی بە (خودایەکی هەق و یەکسان) هەیە، هەروەک جان جاک رۆسۆ دەڵێت. تێڕوانینی "رۆسۆ، ڤۆلتێر، کانگ" بۆ خودا و گرینگیدان بە خودایەتی و یەکسانیی گەردوونی، منیش هەر هەمان تێڕوانینی ئەوانم هەیە. هەروەک ئاشکراشە ئەوان کەسانێکی خوداپەرست بوون و هیچ کاتێکیش بێباوەڕ نەبوون هەروەک خەڵکانێک پێیان وایە.

لەبەرئەوە من بانگەشە بۆ بێباوەڕی ناکەم بەڵکە داوای ئیمانێکی کراوە و رۆشنفکرانە دەکەم. بەشێوەیەکی تایبەتیتریش، من بانگەشە بۆ ئەوە دەکەم کە پێویستە جیاوازی لە نێوان ئاینداری و ئیمانداریدا بکرێت. چونکە ئەوان دوو شتی زۆر جیاوازن لە یەکتری، بەپێچەوانەی ئەو تێڕوانینە باوەی کە هەیە. دەکرێت من کەسێکی ئیمانداری ڕاستەقینە بم بەڵام بەهیچ شێوەیەکیش کەسێکی ئاینی نەبم. لێرەدا ئاینداریەکی دەرەکی، شکڵی، خۆنمایشکەرانەیە، بەڵکە دەتوانم بڵێم هەندێک جاریش خۆی لە شکڵێکی تیرۆریستیانەدا دەردەخات، بەڵام ئیمانێکی ناوەخۆیی جوان و قووڵیش لەناخی مرۆڤدا هەیە.

سەیری جیاکردنەوەی کڵێسای بینراوی دەرەکی و کڵێسای نەبینراوی ناوەخۆیی لای "هیگل و شیلینگ و هۆلدرلین" بکە، کە لە یەکەمین مانیفێستی میتافیزیقییانەی ئەڵمانیدا باسیان کردووە.. لێرەدا دەتوانین ئەو جیاوازییە بکەین کە لە کرۆکی ئاین و لق و پۆپەکانیدا هەیە. چەندە توقوسات و نەریتە ئاینییەکان زۆر بوون هێندەش ئاینی ڕاستەقینانە و ئیمانێکی بێگەرد کەمتر دەبێتەوە. لێرەشدا پرسیارێکی ترسناک دروست دەبێت: بۆچی چەندە توقوسات و عیباداتەکان زۆر بن هێندەش فێڵ و تەڵەکە و ساختەچێتی لەناو کۆمەڵگەکانی ئێمەدا زیاتر دەبن لە جیاتی ئەوەی کەمتر بن؟ بۆچی لە کۆمەڵگە "کافرەکان"دا هەموو شتێک ڕێکوپێک دەڕوات بەڕێوە و شەقامەکانیان پاک و خاوێن و ڕەوشی ژیانی خەڵکیش زۆر باش و خۆشە، ئەمەش بە پێچەوانەی ڕەوشی ژیانی ئێمەی ئیماندارەوەیە؟

سەردەمی ڕێنانساز:

سەردەمی ژیانی خۆشی و شادییە

سەردەمی ڕابوونەوەیە لە ژیان، پاش خەونێکی درێژ و ناخۆش

با ئێستا باسی ئەو ئەکادێمیایە بکەین کە "لۆران مدیتشی" دروستی کردووە. کە مەیلی ئەفلاتونییان هەبوو یان وەکو دەگوترێت ئەفلاتونی نوێ بوون. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەمانە پشتیان بە فەلسەفەی میتافیزیکی ئەفلاتون دەبەست و دژی فەلسەفەی ئەرستۆتالیسیش دەوەستانەوە. پێ دەچێت ئەمانە زیاتر بەدوای ڕێگەیەکدا بگەڕێن، کە پەیمانێکی ئاشتییانە لە نێوان ئەفلاتونییەت و مەسیحیەتدا بکات.

هەروەک ئاشکراشە کە فەلسەفەی ئەفلاتونی لە مەسیحیەت نێزیکترە تاوەکو فەلسەفەی ئەرستۆتالیستی. ئەی ئەوە نییە نیتچە دەڵێت: (مەسیحییەت مانای ئەفلاتونیەتکردنی گەلە)؟ هەروەک ڕوون و ئاشکراشە، نیتچە گەورەترین کودەتای بەسەر ئەفلاتون و فەلسەفە میتافیزیکەکەی ئەفلاتون کرد. ئەو خۆشی زۆر شانازیی بەم کارەیەوە دەکرد و چونکە هەموو پیرۆزییەکی ئاسمانی ڕووخاند و جارێکی تریش هەیبەتی بۆ زەوی گەڕاندەوە. ئەو پێی وا بوو کە ئەمە تاکە جیهانە کە هەیە، ئەوەی تر کە باسی لێوە دەکرێت، هەموو قسەی قۆڕ و خەیاڵات و خەون بینینە.

با ئێستا جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ ئەکادیمیای "لۆران مەدیتشی" هەروەک دەزانین کە "بیک میراندولی" یەکێک بوو لە خوێندکار و دەرویشە توندڕەوەکانی. ئەم پیاوە وتارێکی گرینگی لەبارەی مرۆڤ و کەرامەتیەوە دا. هەروەها زۆر هۆگری عەرەب و فەلسەفەکەشیان بوو. لێ ئەمە هیچ نەبووە ڕێگر لەوەی کە لە ژیانی کورتیدا بەپێی پەتی بەناو شار و شارۆچکەکان و گوندەکاندا بگەڕێت و خاچیک بکاتە ملی و ئینجیلێک بە دەستیەوە بێت و کاری تەبشیری بۆ ئاینی مەسیحی بکات.

ئەمەش نموونەیەکە لە زۆرێک خەڵکی تر کە هەڵگری مەیلێکی مرۆیانە و ئاینی و ڕۆحانیبوونە. ئیمانی ڕاستەقینە پێچەوانەی ئیمانی توندڕەوی و جەهلەوەیە، بە هیچ شێوەیەک دژی زانست و فەلسەفە نییە. گەورەترین بەڵگەشمان بۆ ئەمە لەم سەردەمەماندا کەسێکی وەکو "بول ریکور" هەیە، ئەو فەیلەسووفێکی گەورەیە لەهەمان کاتیشدا کەسێکی ئیمانداری مەسیحیی پرۆتستانتی ڕاستەقینەشە.

لە کۆتاییدا زانست توانیی سەردەمی ڕێنانساز بکاتە سەردەمی خۆشی بۆ ژیان. بەپێچەوانەی سەردەمەکانی سەدەکانی ناڤین کە تێیدا خەمۆکی و ڕەشبینی بەسەر تەواوی ژیانی خەڵکیدا زاڵ بوو. بەدڵنیاییەوە سەردەمی ڕێنانساز سەردەمی خۆشی و شادی بوو بەهەموو مانایەک، واتە: خۆشی لە بینین، خۆشی لە ڕۆح، خۆشی لە جەستەدا، ئەمە مەناخی ڕۆحی و دەروونیی مرۆڤی سەردەمی ڕێنانساز بوو. هەر ئەمەش هەتاوەکو ئەمڕۆ بووەتە هۆی سەرنجدان و ڕاکێشانمان بۆ لای خۆی. پێ دەچێت هیچ سەردەمێک هێندەی ئەو سەردەمە خۆشی لە ژیان وەرنەگیرابێت یان لەخەو ڕانەپەڕیبێت، هیچ سەردەمێک وەکو سەردەمی ڕێنانساز خۆشی و ڕابوونی بەخۆوە نەبینی.

دەتوانین (زانستی کۆمەڵناسیی خۆشی- سۆسیۆلۆجیای خۆشی) بۆ سەردەمی ڕێنانساز دابهێنین. یان "زانستی دەروونناسیی خۆشی- سایکۆلۆجیای خۆشی" دابهێنین، بۆ ئەوەی لەو

خۆشییە بگەین کە لەو سەردەمەدا زاڵ بوو. پاش سەردەمێکی درێژی مەرگ، کە لە سەدەکانی ناڤیندا زاڵ بوو، بەڵام لە سەردەمی ڕێنانسازدا خۆشیی ژیان لەدایک دەبێت. بەم شێوەیەش مرۆڤایەتی لە ئورووپادا لە سەردەمێکەوە چووە سەردەمێکی تر. دەتوانم بڵێم ئەمەش سنووریکی دیاریکراوی نێوان سەردەمی ڕێنانساز و سەردەمی سەدەکانی ناڤین بوو.

چیتر ئەو ڕستە بەناوبانگەی قەشە "ئۆگەستینوس" باوی نەما، کاتێک دەیگوت: "ئێمە لەسەر ئەم زەوییەدا تەنیا ڕێبوارێکین بەرەو مردن دەڕۆین، ژیان بریتییە لە پردێک بۆ ئەو دونیا، بۆ ماڵی ئەبەدی و نەمری"

چیتر کەس باوەڕی بەو قسەیە نەما کە دەڵێت: ژیان زیاتر بریتییە لە مەرگ هەتاوەکو ژیان، بە واتەیەکی تر ژیان زیاتر مانای دۆزەخ دەگەیەنێت، هەروەک قەشە گەورەکە (ئۆگەستینوس) و ئوستادی سەدەکانی ناڤینی مەسیحی دەیگوت. بەپێچەوانەوە ژیان جارێکی تر بەها و مانا و ڕەونەقی جارانی خۆی وەرگرتەوە و بۆ یەکەم جار مرۆڤ لە ژیانیدا زاتی ئەوەی کرد کە خۆشی و شادی لە ژیان ببینێت.

بەڵام ئەم خۆشییە هەر وەکو هەموو خۆشییەکانی تر تەمەنی زۆر کورت بوو. خۆشیی زیاتر لە سنووری خۆی قەدەخەیە! ئەی مرۆڤ ئاگەداربە، زیاد لەپێویست خۆشی نەبینی! پاش نیوەی سەدەی شانزەدا، هەموو نیشانەکانی خۆشی و شادی کە پاش هەزار ساڵەی تاریکیی سەدەکانی ناڤین، هەموو ئورووپای گرتبوویەوە، هەمووی لەناوچوو. جارێکی تر هەورە تاریکەکان ئاسمانیان گرتەوە. جارێکی تر خەڵکی دڵتەنگ و خەمۆک، هەموو شەقامەکانی ئورووپای گرتەوە. چونکە ئەویش وەکو هەموو سەردەمەکانی خۆشی و بڵاوبوونەوەی تیشکی خۆری شادی، وەکو هەموو ماوە خۆشەکان، سەردەمی ڕێنانسازیش زۆر بەردەوام نەبوو تەمەنی وەکو تەمەنی گوڵەکان بوو.. ئەم قسەیەش بەسەر سەردەمی شارستانیی شاری ئەسکەندەرییە، یان سەردەمی زێڕینی شارستانیی عەرەبی و ئیسلامی، یان سەردەمی ڕۆشنگەریی ئورووپی. هەموو سەردەمە مەزنەکان لە مێژووی مرۆڤایەتییدا، لەلایەن سەردەمی توندڕەوی و تاریکییەوە هەڕەشەی لێ دەکرێت.

پەراوێزەکانی وەرگێڕ:

* مارتین لۆتەر، زانایەکی ئاینیی ئەڵمانی بوو. بە ڕابەر و داهێنەری مەزهەبی پرۆتستانتی دێتە ژماردن.

** پییێخ سیمۆن لاپلاس Pierre-Simon Laplace لە ٢٨ی مارسی ١٧٤٩ لە نۆرماندی لەدایک بووە و لە ٥ی مارسی ١٨٢٧ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. لاپلاس زانایەکی مەزنی ماتماتیک و فیزیا و فەلەکی فرەنسییە، تیۆرییەکانی لە بواری فەلەکناسی و فیزیادا هەتاوەکو ئەمرۆش گرینگن.

سەرچاوە: سایتی الاوان.

# شۆڕشی ئەمەریکی

حەسەن حافیز

ئەوروپاییەکان خاکی ئەمەریکایان بە جیهانی نوێ دەزانی کە بێ پارە و سامان دەستیان کەوتبوو، بۆیەش پاش ئەوەی (کریستۆڤەر کۆلمبس) کیشوەرەکە دەدۆزێتەوە شەپۆل شەپۆل خەڵکەکە ڕوویان تێ کردووە، ئینگلیزەکان لە هەموو نەتەوەکانی تر زۆرتر ڕوویان لەو خاکە نوێیە کردبوو، بۆیەش بۆ مان و جێگیربوون شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی دژواریان لەگەڵ هیندییە سوورەکان کردبوو، ئەوانەی خەڵکی ڕەسەنی سەر ئەو خاکە بوون، کۆمەڵکوژییەکانی بەڕوویاندا کراوە بوویتە نیشانەیەکی شەرمەزاری بۆ خۆرئاوا. کۆلۆنیستە ئینگلیزەکان کە وڵاتی دایکیان جێهێشتبوو بەرەو وڵاتی نوێ بەڕێکەوتن بۆ ژیانێکی کامەرانتر و سامانی زۆرتر و ئازادی کە ببووە مستعمرییەکەی ئینگلیزی، بەو هیوایەی هەموو پەیوەندییەکانیان بە وڵاتی یەکەمیان ببڕن و بیری لێ نەکەنەوە، بۆیەش ئەگەر ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان ئینگلیزەکان و نیشتەجێیەکانی تر نێزیک و لەبار بووە هەر بۆیەش شۆڕشیش هەڵگیرساوە، شۆڕشە ئەمەریکییەکە، لە مناڵدانی ئەو شۆڕشەش دەوڵەتێکی بەهێز و ئیمپراتۆریەتیەکی باڵادەست بەسەر هەمواندا دروست دەبێت.

کە ئینگلیز لە شەڕە حەوت ساڵییەکەیان (١٧٥٦– ١٧٦٣) دەربازیان دەبێت بڵاچەی شۆڕشەکە دەردەکەوێت، کە تێیدا فڕەنسییەکان دەشکێن و لە هەموو کۆلۆنیزمەکان تەنانەت لە کەنەداش دەردەکرێن و فڕەنساش دان بەرێککەوتننامەکەی پاریسی ساڵی ١٧٦٣دا دەنێت و ئوقیانووسی ئەتلەسی دەبێتە دەریاچەیەکی ئینگلیزی بەبێ ڕکابەرایەتی... ئیتر لەو ڕۆژەوە ئاستی پارەدان و پشتیوانییە دارایی و سەربازییەکان لەسەر کۆلۆنیزمەکان بەرزتر دەکەن، بەوەش هەموو لایەک ناڕەزاییەک لە سیاسەتی پاشایەتیی زۆردار دەردەبڕن.

بریتانیای مەزن کە لە ساڵی ١٧٠٧ بە یەکەتیی سیاسیی نێوان مەملەکەتی ئینگلترا و سکۆتلاندا

........................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

و وێڵز دامەزرابوو، توانیی دەست بە سەر کۆلۆنیزمە فرەنسییەکاندا لە ئەمەریکای باکور بگرێ و ڕووبەرێکی زۆری خاکی بەیاری بەدەست دەکەوێت، بەوەش توانرا بۆ سەرمایەگوزاری لە بەرژەوەندی کۆشکی بریتانی بەرجەستە ببێت. کە جۆرجی سێیەم (١٧٦٠–١٨٢٠) دەبێتە پاشای مەملەکەتەکە کۆشش دەکات دەسەڵاتی ناوەندی ئیمپراتۆریەتیەکە پتەوتر بکات، ئەو کەسێکی دیکتاتۆر بوو، بۆیەش هیچ بایەخی بە پەرلەمان و حکوومەت نەدەدا، هەموو دەسەڵاتە سیاسی و دەستوورییەکانیشی بەزاند کە هەتا ساڵی ١٦٨٨ پەیڕەو دەکران، بەوەش دەسەڵاتی پاشاکە وای کرد یاساکان بەرتەسک بکرێنەوە و کۆلۆنیزمە بریتانییەکان لە ئەمەریکای باشوور قۆڵبەست بکات.

پاش ئەو سەرکەوتنەیان بریتانییەکان فشاریان لەسەر هاووڵاتییە نیشتەجێبووەکان و هیندییە سوورەکان زۆرتر کردبوو، بازرگانیکردنیان بە ڕەشەکان قۆرخ کردبوو، بۆ ئەوەش دەبوایە مۆڵەت لە بریتانییەکان وەربگرن، کڕینی زەوییان لە هیندییەکان قەدەغە کردبوو، ئیتر هەموو هەوارەکانیان کردبووە زیندانێکی گەورە و بواریان نەدەدا بەرەو خۆرئاوا بڕۆن و لەوێ بژین، واتە نەدەکرا ئەو دەسکەوتانەی پاش شکانی فرەنسییەکان هاتنە دەستەوە بدرێنە کەسی تر، بەوەش نارەزاییەکان دژ بە دەسەڵاتی ناوەندی لە لەندەن بەرز دەبێتەوە. لە ئەنجامی شەڕەکانیش ئابووریی بریتانیا پێویستی بە سەرچاوەی تر هەبوو، باشترین و گونجاوترین چارەسەر بۆ هەڵسانەوەی بودجەی دەوڵەتیش، وەک یەکەم هەنگاو دەرچوونی یاسای شەکرەکە بوو کە لەساڵی ١٧٦٤دا دەرکرا، بەوەش قەدەخەکرابوو دۆشاو (هەنگوینی ڕەش) بێتە ولات تەنیا لە ناوچەکانی بن دەسەڵاتی ئینگلیزەوە نەبێت، باجیش خرابووە سەر هەنگوین و مەی و قاوە و ئاوریشم و هەندێ کالای تریش، بڕیاریش درابوو هەموو کارگێڕییە داراییەکان توند بکرێن و هەموو جۆرەکانی قاچاخیش بنبڕ بکرێت. ئەمەریکاییەکان تەنیا بەشە داراییەکەیان قبووڵ کردبوو، بەڵام بە بەشە ماددییەکەی نارەحەت بوون، بەڵام ئەوان لەوە تووڕە بووبوون کە لەندەن پرسی بە دەسەڵاتە یاسادانەرەکانی نیشتەجێبووەکان نەکردبوو، کە ئەوان مافی ئەوەیان هەیە شێوەکانی باج دیار بکەن، چونکە ئەوەیان بە پێشێلییەکی بەدەر لە دەستوور دەزانی. بەوەش خۆیان بە هاووڵاتیی پلە دوو زانیبوو کەوا هاووڵاتیبوونی ئەوان تەنیا بۆ کۆکردنەوەی باج و پارەیە بۆ خزمەتی خاوەن شکۆ و بەس.

### باجی مۆر

بەردەوام یاسا بریتانییەکان بازرگانییان لەناو ویلایەتە ئەمەریکاییەکان کۆتبەند دەکرد، لەساڵی ١٧٦٤دا یاسای دراو دەرچوو، بەوەش مافی بە یاساییبوونی دراوەکانی لە موستەعمەرەکان ڕاگرت، کە جاران قەرزی پێ دەدرایەوە، هەمان ساڵیش یاسای یاخیبوون لەسەر هەموو موستەعمەرەکان دەردەکات، بەوەش هەموو جۆرە ڕێپێوان و خۆپێشاندانێک لە هەموو

هەواڵنامەی ... (watermark)

موستەعمەرەکان قەدەخە دەکات. بۆ دابینکردنی سەربازگە و شوێنی حەوانەوەی هێزەکانی پاشایەتیی ساز و ئامادە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پەلامار و هێرشێکی هیندییە سوورەکان لەساڵی ١٧٦٥دا یاسای خانووبەرەی موستەعمەرەکان دەردەکات کە تێیدا بەسەر هاووڵاتییاندا فەرز دەکات شوێنی حەوانەوەی سەربازەکانی پاشایەتی لەلای خۆیان بکەنەوە و هەروەها هەموو پێداویستییەکانیشیان بۆ دابین بکەن.

هەر لەو ساڵەدا یاسای (مۆرکردن)ی ناوداری خراپی دەرکرد، بەوەش ئیدارەی ناوەندیی بریتانیا لە لەندەن بە کۆمەڵەیەک یاسا کارگێڕیی هەموو موستەعمەرەکان بە ئابووریی ئینگلیزی، بە پێوەندییەکی کاتۆلیکی بەستراوی گرێدراو، دەبەستێتەوە. دانانی باجی مۆرکردن بۆ هاوسەنگکردن و پڕکردنەوەی مەسرەفە زۆرەکانی بەرگری بوو لە موستەعمەرەکان، ئەو یاسایەش بە پلەی یەکەم پیاوانی میدیا و نووسەران و بزنسمان و پیاوانی کاری چینە برژەوا بەهێزەکەی کۆمەڵگەی شارەکانی ئەمەریکای دەگرتەوە، ئەوەش بە لێدانی پوولێک بوو بە نرخی هەتا شەش پاوەند لە ڕۆژنامەکان و بلیتەکان و نامیلکە و مۆڵەت و گرێبەستەکان و سەنەدە بازرگانییەکان و بۆندەکانی فرۆشتن و ڕەهن، واتە هەموو پسوولەیەکی ڕەسمی یان بازرگانیی نێوان دوو کەس.

پاش ئەوەی توێژێکی زۆری کۆمەڵگەی ناو موستەعمەرەکان بەو یاسایە زیانیان بەرکەوت ئاژاوەیەکی فرەوانی میللی بەرپابوو، ئەوەش لەوە ڕەنگی دەدایەوە کەوا ئەوان بە دەستێوەردانی بریتانیا لە کاروبارەکانیان نیگەران و تووڕە بوون، سەرەتا لە ویلایەتی ڤرجینیا ئەو یاسایە ڕەفز کرایەوە، بۆیەش ئەنجوومەنی هاووڵاتییان کە دوایی بە بڕیارەکانی ڤرجینیا ناسرا، پابەندنەبوونی خۆیان بەو یاسایە دەربڕی و وتیان بێجگە لە ئەنجوومەنەکەیان کەسی تر ناتوانێت باجمان لەسەر دابنێت، ئینجا ویلایەتی مساچوستس هەنگاوەکانی ئەوانی هەڵگرت کە ئەنجوومەنە یاسادانانەکەیان بنچینەیەکی یاسایی دانا کە پاشان دەبێتە ڕووداوێکی گرینگ لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، کە تێیدا هاتبوو کەوا پەرلەمانی بریتانیا ناتوانێت باج لەسەر موستەعمەرەکان دابنێت چونکە ئەوان پەرلەمانی هەڵبژێردراوی موستەعمەرەکان نین، وتیان (باجوەرگرتن بەبێ نوێنەرایەتیکردن نابێت). بەرهەڵستی و ناڕەزاییەکەش پشتی بەوە بەستابوو کەوا خەڵکەکە بڕوایان بەو دەستەواژە ئینگلیزییە هەبوو، کە دەگوترا باج وەرناگرێت بەبێ ڕەزامەندی لە نوێنەرە دیارکراو و هەڵبژێردراوەکانیان لە پەرلەمان.

بۆیەش ئەوان داواکار بوون وەک هاووڵاتییانی بریتانیا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەو یاسایانە دەیانویست لە دوورەوە ئابووریی ئەمەریکاییەکان بە بریتانیاوە ببەستن کە چینێکی بازرگانی دیار سەریان هەڵدابوو، ئەوانەش دوور لە پرنسیپ و ڕێنوێنییە ئابوورییەکانی بریتانیا باش گەشەیان کردبوو، کەواتە هەر سازشێک ئەوانی دەڕووتاندەوە. ئیتر بەو شێوەیە گیانی دژایەتیکردن لەناو هەموو موستەعمەرەکان گەشە دەکات، دەرئەنجام دەستەیەک بەناوی ڕۆڵەکانی ئازادی دادەمەزرێت و داوا دەکەن وەرگرتنی باجەکان بە سیستم بێت، ئەوانەش هەڕەشە دەکەن و

پوولەکان دەسووتێن و فەرمانبەرانی دەزگەکانی پوولیش ناچار دەکەن دەست لەکار بکێشنەوە. بۆیەش ئەنجوومەنەکانی یاسادانان لە موستەعمەرەکان بایکۆتی هەموو کەلوپەلە بەریتانییەکان دەکەن، ناو لە پرۆسەکەش دەنێن نەخێر بۆ هێنان، بۆیەش حکوومەتی بریتانیا لە دەرئەنجامی ئەو بایکۆتەدا یاسای مۆرکردنەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، هەروەها چاویش بە هەموو بڕیارەکانی ئەو چەند ساڵە کورتەی رابردووشدا دەهێنێتەوە، پەرلەمانی بریتانیاش کار دەکات دانانی باج لەسەر خەڵکی موستەعمەرەکان لە داهاتوودا بە یاسا بکات، بۆیەش یاسای ڕاگەیاندن لەساڵی ١٧٦٦ دەردەکات، بەوەش ماف بە خۆی دەدات باج لە موستەعمەرەکان وەربگرێت. لەو شەڕەدا کە چەکی تێدا بەکار نەهات، نیشتەجێبووەکان بەسەر بریتانیای مەزندا سەردەکەون، بەوەش میللەت هێزی ڕاستەقینەی دەردەکەوێت و بریتانییەکان پاشەکشە دەکەن، بۆیەش هەڵگیرسانی شۆڕش لەسەر تەقینەوە بوو.

## کۆمەڵکوژییەکەی بۆستن

کە تاونسند دەبێتە سەرۆک وەزیران کۆشش دەکات هەموو بەرنامە و سیاسەتەکەی پاشا بۆ چۆکدانان بە هاووڵاتییانی موستەعمەرەکان جێبەجێ بکات، بۆیە کە ئەنجوومەنی یاسادانانی موستەعمەرەی نیویۆرک یاسای نیشتەجێکردنەکە ڕەفز دەکەن، سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی بریتانیا لەساڵی ١٧٦٧دا بڕیار دەدات ئەو ئەنجوومەنە هەڵوەشێنێتەوە، مەبەستی بوو بەو کارەی، بە هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەنە گچکەکە هەڕەشە لە گەورەکان بکات، بۆیەش سەرۆک وەزیران بڕیار دەدات باج لە هێنانی چا و کاغەز و مس وەربگرێ، بەوەش مووچەی کارمەند و حاکمە ئینگلیزەکان لە موستەعمەرەکاندا دابین دەکەن، هەروەها دەزگەیەکی نوێی گومرگ دادەنێت کە دەسەڵاتی یاسایی تەواوی هەبێت بۆ قەڵاچۆکردنی قاچاخ.

هەموو موستەعمەرەکان یاسا نوێیەکان ڕەفز دەکەنەوە، لە پنسلفانیا جۆن دکنسۆن سەرکردایەتیی نارەزایییەکان دەکات، ڕامان و پێشنیازەکانی لە کتێبی نامەی دابەشکراوەکە دەنووسێت. ساموئیل ئادامز (١٧٢٢–١٨٠٣) کە پاشان وەک یەکێک لە پیاوە دیارەکانی شۆڕشەکە دەناسرێت، داوا دەکات هەموو موستەعمەرەکان یاسایە نوێیەکان جێبەجێ نەکەن، ئەنجوومەنی یاسادانانیش ڕازی دەکات و داوا لە ئەنجوومەنی یاسادانانی بۆستن دەکات دان بەو پەیامەدا بنێن کە بە نامە دابەشکراوەکە دەناسرێت، لەسەر داوا و هاندانی ئادامز خەڵکی بۆستن بەڕووی پیاوانی گومرگی بریتانیادا هەڵدەستنەوە، کە داوایان دەکرد یاسا نوێیەکان جێبەجێ بکەن.

لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکە جۆشدراو و تووڕەکە پیاوانی حامیەی بۆستن تەقە لە خۆپێشاندانەکە دەکەن و سێ کەسیان دەکوژن و چەند کەسێک بریندار دەبن کە دوایی بە کۆمەڵکوژییەکەی بۆستن لە ٥ی مارس ١٧٧٠ دەناسرێت. ئەو ڕووداوەش دەبێتە بەڵگەیەک کە ئادامز سیاسەتی بریتانیای لە موستەعمەرە ئەمەریکاییەکان پێ تاوانبار بکات، هەر ئەویش بوو

ناوی کۆمەڵکوژیی لە کوشتنی سێ کەسەکە نابوو.

لە بەرامبەر ئەو نارەزاییە میللییە گەورەیەدا هەناردەی بریتانیا بۆ موستەعمەرە ئەمەریکاییەکان بە نیوە دەبێت، بۆیە پەرلەمانی بریتانیا لە سەپاندنی باجەکان لەسەر میللەتی ئەمەریکا پەشیمان دەبێتەوە و سەرۆک وەزیران تاونسند باجەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام جۆرجی سێیەم پاشای وڵات باجی چایەکە دەهێڵێتەوە، ئەوەش دووەم جار بوو کە خۆڕاگریی خەڵکی ئەمەریکا سەربکەوێت، ئەوەش بە فشاری گەورە سەرمایەدارە بریتانییەکان بوو، ئەو ڕەوشە نوێیەش وڵاتە ژێردەستەکان لە وڵاتی دایک دوور دەکاتەوە و هەنگاوێک لە پێوەندییەکان دەچێتە پاشەوە.

ویلایەتەکان ماوەیەک ئارام دەبن و بە هەوای سەرکەوتنەکە مەست بووبوون و شکۆی بریتانیای مەزنیش لەرزی بوو، بۆیەش بازرگانەکان کە کۆتەکانی باجیان لەسەر نامێنێت بازرگانییان گەشە دەکات، ئەو کەسانەی نەرمکاربوون و ئارەزوویان بوو بەیەکجاری لەگەڵ لەندەن نەپچڕێن، ئەوانە پێوەندییەکەیان دەبووژێنەوە، بەڵام ڕەوتی سەربەخۆییەکە بەنەرمی لەبن ئاگرێکی هێمندا دەکوڵا. ساموئیل ئادامز ئازادیخوازەکانی بەناوی لیژنەکانی پێوەندی لەساڵی ١٧٧٢دا ساز دەکرد، لە هەموو ویلایەتەکاندا سەرقاڵی ئەژمارکردنی هەڵەکانی بریتانییەکان بوون و جۆشی سەربەخۆییان ساز دەکرد.

بۆیە کۆشش دەکەن باجەکەی چا کە بووبووە دوا نوێنەر و هەڵوێستی مافی پەرلەمانی بریتانیا لە وەرگرتنی باجدا هەڵوەشێننەوە، بۆیەش ئەمەریکاییەکان بایکۆتی ئەو چایە دەکەن کە لە بریتانیاوە دەهات و لەجیاتی ئەوە چای قاچاخی هۆلەندی پەیدا دەکەن، ئەوەش گەورەترین ڕووبەڕوو و زەبری مەزن بوو کە بەپاشای بریتانیا دەکەوت، کە بەردەوام دەیخوازی دەست لە کاروباری موستەعمەرەکانی وەربدات.

## ئاهەنگی چای بۆستن

لەلایەن خۆیەوە حکومەتی بریتانیا لەساڵی ١٧٧٣ مافی قۆرخکردنی فرۆشتنی چا لە هەموو موستەعمەرەکان دەداتە کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتی، تا زەبرێک لە هەڵمەتی بەقاچاخبردنی لە موستەعمەرە ئەمەریکاییەکان بدات و بەوەش نرخی چاکەیان لە چایە قاچاخەکە هەرزانتر دەکەن، ئەوەش هەرەشەیەک دەبێت تا چا لۆکالییەکە پەکی بکەوێت، بۆیەش بازرگانەکانی چا لەو قۆرخکردنە تووڕە دەبن و بەکردەوەکەی کۆمپانیا بریتانییەکە سەرگران دەبن، ئەوانیش دەچنە پاڵ ئەوانەی دژایەتیی سیاسەتی بریتانی پەیڕەو دەکەن، هانی خەڵکەکەش دەدەن لەجیاتی چا، قاوە و شکولاتا بخۆنەوە، بەشە چای کۆمپانیاکەش وەرناگرن. بەڵام حاکمە ئینگلیزەکەی بۆستن سوور دەبێت لەسەر داگرتنی بارە چایەکەیان لەو سێ کەشتییەی هەڵیانگرتبوو، بۆیەش چەند کەسێکی نیشتمانپەروەر و بە هاندان و سەرکردایەتیی ئادامز و بەجلی هیندییەکانەوە دەچنە ناو باری

کەشتییەکان و بارەکان دەسووتێنن، ئەوەش لە شەوی ١٦ی دیسمبەری ساڵی ١٧٧٣ ڕووی داوە، و بە ڕووداوەکەی (ئاهەنگی چای بۆستن) ناسراوە، ئەوەیان پاشای بریتانیا نیگەران دەکات کە کۆششی دەکرد نەک تەنیا دەسەڵاتی خۆرهەڵاتی ئەتلەسی بگێڕێتەوە بەڵکو کەرامەتەکەی بگێڕێتەوە پایەی یەکەمی جاران.

ئەو ڕووداوە لەسەر پاشا و میللەتی بریتانیا و حکوومەت و پەرلەمان بەئاسانی تێنەدەپەڕی، هەموویان کەوتبوونە ناو گۆشەیەکی تەسک، کۆمپانیایە هیندییە خۆرهەڵاتییەکە بارەکەی لەسەر قسە و ڕاسپاردەی پاشا ناردبووە ئەمەریکا، ئەوەش بە ڕێنوێنیی یاسای ئینگلیزی بووە، بۆیە ئەگەر پاشا لەو هەڵوێستە پاشەکشەی کردبوایە، ئەوە بەڕەسمی دانی بە ئازادیی موستەعمەرەکاندا نابوو، بەوەش هیچ دەسەڵاتێکی نەمابوو، بۆیە پاشا لەساڵی ١٧٧٤ پێنج یاسا دەردەکات، کە لەلای ئەمەریکاییەکان بەناوی (یاسایە زۆردارییەکان) یان یاسایە ئیلزامییەکان دەناسرێت، ئەویش بریتی بوون لە: داخستنی بەنداوی بۆستن هەتا هاووڵاتییانی قەرەبووی چایە سووتاوەکە دەدەنەوە، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی یاسادانان لە ماساچوستس و دانانی ڕاوێژکارەکانیش لەجیاتی هەڵبژاردن ڕاستەوخۆ لەلایەن پاشاوە، ناکرێ کارمەندانی حکوومەتی بریتانیا لەناو موستەعمەرەکە دادگایی بکرێن، پێنجەمین بڕیاریش بریتی بوو لە دابینکردنی نوای حەوانەوە و خواردنی سەربازانی بریتانی لەلایەن هاووڵاتییانەوە.

لە هەمان ساڵدا یاسای کویبک دەردەچێت کە تێیدا هاووڵاتییانی فرەنسی لەناو ئیمپراتۆریەتی بریتانیادا هەموو دەسەڵاتێکیان دەبێت و ڕەوشیان تایبەتی دەبێت و ڕێزی هەموو یاسایە فرەنسییەکان و کڵێسا کاتۆلیکیەکەشیان دەگیرێت، بەوەش ئەمەریکاییەکان خەونی ئەوەیان نامینێت بەرەو خۆرئاوا گەشە بکەن، ئەوەش مانای ئەوە بوو کەوا گەورەکردن و پشتیوانیکردنی کڵێسا کاتۆلیکییەکە لەسەر کڵێسا پرۆتستانتەکەیان دەبێت. ئەو یاسایە نوێیانە دەرئەنجامی نەرێی لێ دەکەوێتەوە و هاووڵاتییان ناڕازی دەبن، بۆیە لەجیاتی ئەوەی خەڵکەکە لەبن سێبەری حوکمی بریتانییەکان بچەوسێنەوە، تووڕەیی و یاخیبوون سەر هەڵدەدات و بەڕووی لەندەن هەڵدەستنەوە، ئەوەش تەنیا موستەعمەرەی مساچوستسی نەگرتەوە و بەس بەڵکو ژمارەیەک موستەعمەرەی هاتە پاڵ، بۆیەش نوێنەرانی موستەعمەرەی ڤرجینیا داوایان لە نوێنەرانی چەندین موستەعمەرە کردبوو لە ڕۆژی ١٥ی سپتەمبەری ساڵی ١٧٧٤ لە شاری فیلادلفیا کۆ ببنەوە، هەموو موستەعمەرەکان بانگەوازەکان قبووڵ دەکەن، تەنیا جۆرجیا نەبێت، بە نوێنەرایەتیی ١٢ موستەعمەرە ٥٦ نوێنەر کۆبوونەوەکە دەکرێت، کە بە ناوی (کۆنگرەی کیشوەریی یەکەم) یان (کۆنگرێسی یەکەم) دەناسرێت، کە تێیدا جۆرج واشنتۆن و جۆن ئادامز و تۆماس جفرسۆن و بنیامین فرانکلین هەبوون.

لەو کۆبونەوەیەدا داوا دەکەن تەنیا دان بە مافەکانی مێژووییدا بنێن، کە لەپاش شۆڕشە نەمرەکەی ئینگلیزی کە لەساڵی ١٦٨٩ بڵاو کراونەتەوە. سەرەتا لە کۆنگرەکەدا بڕیار دەدەن کە

هەموو ئەو ئەو یاسایە زۆرداریيا نەکە بڵاو کرانەوە جێبەجێ ناکەن، ئینجا دەقی ڕاگەیەندراوی مافەکان ئەو زۆرداریيانەی لەسەر میللەتی موستەعمەرەکان دەکرێن ڕادەگەیەن، داواش دەکەن پاشا هەموو باجەکان هەڵوەشێنێتەوە، لەو دەمانەی چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی پاشا دەکەن ئەوان بڕیار دەدەن دووبارە بایکۆتکردنی کالا بریتانییەکان دووبارە بکەنەوە و لیژنەی تایبەتی بایکۆتکردنەکەش لە هەموو شارەکان دادەنێن و چاودێرییان دەکەن و سەرپەرشتیی گومرگەکانیش دەکەن، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار دەدەن هەر دەستدرێژییەکی بریتانی بۆ هەر موستەعمەرەیەکی ئەمەریکی دەستدرێژییە دژ بە هەموو موستەعمەرەکانی کە نوێنەریان لەو کۆنگرەیەدا ئامادەیە. ئەوەی شایانی باسە لەو کۆنگرەیەدا بە هیچ شێوەیەک باسی سەربەخۆییان وەک بژاری تری ئیمپراتۆریەتیان نەکرد و ئاماژەیان بەو لایەنە نەکرد، بەڵام جۆرجی سێیەمی پەرۆشی زۆرداری نەک سەیری داوا ڕەواکانی بەچاوێکی سۆزەوە نەکرد، سوور دەبێت لەسەر جێبەجێکردنی هەموو ئەو یاسایانەی لەو دواییەدا دەریکردبوون، ئینجا ئەوە ئەگەر بە هێزیش بێت دەبێ بێتە واری جێبەجێکردن.

لەبەرامبەر ئەو توندکارییەی پاشادا موستەعمەرەکان خۆیان چەکساز دەکرد، لە ماساچوستس چالاکییەکانی بەرگری پەیدابوون خەڵکەکە لەنێزیک شاری کۆنکۆرد سەربازگەیەکیان ساز کرد و چەک و تەقەمەنییان دانا، بەردەوامیش مەشقیان دەکرد.

کە هەواڵی سازبوونی ئەو سەربازگەیە دەگاتە سەرکردەی حامیەی بۆستن لە مانگی ئەپریلی ساڵی ١٧٧٥ سوپایەکی پێکهاتوو لە هەزار سەرباز ڕەوانەی سەریان دەکات و دەست بەسەر چەکەکانیان و ساموئیل ئادامز وەک هاندەری یەکەمی ئەو یاخیبوونە دەگرێت. بەڵام هەڵمەتە ئینگلیزییەکە دەکەوێتە ناو کەمینێکی پیاوانی میلیشیا لەنێزیک شاری لکزنگتوت، پاش ئەوەی شۆڕشگێڕەکان چەک و تەقەمەنییەکانیان لێ وەردەگرنەوە سوپاکە دەست بەتاڵ دەگەڕێتەوە حامییەکەی خۆیەوە، بەڵام لە گەڕانەوەیاندا سوپا ڕووبەڕووی جووتیار و پیاوانی بەرگری دەبنەوە، حامییەکەش بە ١٦ هەزار کەس گەمارۆ دەدرێ، بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە لە موستەعمەرەکانی تر هانی خەڵکەکە دەدات بەرووی بریتانییەکان هەڵسنەوە و هەموو حاکمەکانی سەر بە بریتانیا دەردەکەن و بەوەش دەسەڵاتی وڵاتەکە دەکەوێتە بن دەستی میللەت.

لە ڕۆژی ١٠ی مایۆی ساڵی ١٧٧٥ کۆنگرەی دووەمی کیشوەری یان کۆنگرێسی دووەم لە شاری فیلادلفیا دەبەستن، لەوێ بڕیار دەدەن ئەو سوپا بچووکەی لە بۆستن هەیە سوپای هەموو موستەعمەرەکانە، لەوێش جۆرج واشنتۆن دەکەنە بەرپرسی ئەو سوپایە. جۆرج ئەو کوڕە گەنجەی ڤرجینیا کە لەو حەوت ساڵەی دواییدا ناوی دەرکردبوو، ناو لە سوپا یەکگرتووەکەش دەنێن سوپای کیشوەری ئەمەریکی، لەوێش بڕیار دەدەن لقی دار زەیتون بکەنە نیشانەی ئاشتەوایی لەگەڵ بریتانیا و پاشاکەی، لەوێ بڕیاری سەربەخۆییش نادەن و داواش دەکەن پێوەندییەکەیان لەسەر بنچینەی یەکسانی و ڕێزگرتنی هەڵوێستی هاووڵاتیبوون بێت لەلایەن ئیدارەی بریتانییەوە. ئیتر

تۆپەکە کەوتبووە ناو یاریگەی پاشا و ئیدارەی بریتانی، ئەوان دەکرا بەنەرمی و بە سیاسەتی هەڵگرتنی باجەکان و ڕێزگرتنی چوارچێوە کارگێڕییەکان کە لە شێوەی موستەعمەرەکانەوە دیار بوو ڕەوشەکە ئارام بکەنەوە، بەڵام پاشا ئەو بوارە هەڵنابژێرێت و بڕیار دەدات ڕووبەڕوویان ببێتەوە، تا دەگاتە ئاستی ئەوەی لە ڕۆژی ٢٣ی ئۆگستی ساڵی ١٧٧٥ ئەوە ڕادەگەیەنێت کەوا هەموو موستەعمەرەکان ڕەوشی یاخیبوونیان ڕاگەیاندووە قبووڵیش ناکات نوێنەرەکەیان کە بۆ دانوستان و بەرنامەیەکی ئاشتیخوازی چووبوو ببینێت. ئەوەش لەلایەن شۆڕشگێڕەکان بە هێرشێک لە بەهاری ١٧٧٦دا وەڵام دەدرێتەوە و شاری بۆستن لە ئینگلیزەکان پاک دەکەنەوە. پێوەندییەکان دەکەونە ناو تونێڵی تەسک و تاریکەوە، ئیتر شۆڕشەکە دژ بە دەسەڵاتی بریتانیا بەرپا دەبێت و شەڕی سەربەخۆیی ئەمەریکا دەست پێ دەکات.

ڕەوشەکە زۆر بەخێرایی دەگۆڕێت، هەردوو بەرە خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نوێ ساز دەکەن، چونکە ئەمەریکاییەکان زۆرتر داوای سەربەخۆییان دەکرد و ئەو دەنگەش بەرزتر بووبوو، بۆیە مانەوەیان لەبن دەسەڵاتی بریتانیا قبووڵ نەبوو. نووسینەکانی تۆماس پین یەکێک بوو لەوانەی بەتوندی هانی نیشتەجێبووەکانی دەدا بەتایبەتی لە کتێبەکەی (هەستی گشتی) کە نێزیکەی سەد هەزار دانەی لێ فرۆشرا، ئەو لەوێ داوای ئازادیی بۆ هەموو مرۆڤایەتی کردبوو بۆیە ئەمەریکاییەکانیش مافی سەربەخۆییان هەیە، چونکە گونجاو نییە دوورگەیەک کیشوەرێکی گەورە کۆنترۆڵ بکات، ئەو لە نووسینەکانیدا شرۆڤەی مانای جیابوونەوەی خۆیان لە بریتانیا دەکات. لە مانگی یولیۆی ساڵی ١٧٧٦دا پێشەوا ریتشارد هینری لی لە ڤرجینیاوە دەگاتە کۆنگرێس لەوێ داوا دەکات هەموو موستەعمەرەکان ببنە وڵاتێکی سەربەخۆ، ئەو پێشنیازەش لەلایەن زۆرینەی ئامادەبووان پشتگیری دەکرێت، بۆیە لیژنەیەک لە پێنج باوکەکەی سەربەخۆیی پێک دێت، فرانکلین، جفرسۆن، جۆن ئادامز، لیفنگستۆن و شیرمان ئەوانە کار بکەن پەیمانەکەی سەربەخۆیی دابڕێژن.

ئەو پەیمانەی کە جیفرسۆن داینابوو پاش دەستکاری لەلایەن کۆنگرێسەوە پەسند دەکرێت، بۆیەش وەک پەیمانێکی سەربەخۆ لە ڕۆژی ٤ی یۆلیۆدا ڕادەگەیندرێت و تێیدا نەتەوەیەکی سەربەخۆی ئازادی نوێ لەدایک دەبێت، هەموو پرنسیپەکانی ئەمەریکی لەو دەستەواژەیەدا کۆ دەکرێتەوە: هەموو مرۆڤ بە یەکسانی دروست کراون و لەلایەن یەزدانەوە هەموو مافەکانیان جێگیر بووە، لەوانە مافی ژیان و ئازادی و پەرۆشی بۆ سەرفرازییەکان.

لە کۆتایی پەیمانەکەدا ئاماژە بە بیردۆزەکەی فەیلەسووفی ئینگلیزی جۆن لۆک درابوو کە تێیدا وەزیفەی باڵای دەوڵەتی لە پاراستنی سامان و ئازادییەکان داناوە، ئەوەش بنچینەی سەرەکیی هزری شۆڕشە، لە بەشی دووەمی پەیمانەکەدا باس لە سکاڵا و نارەزاییەکانی خەڵکەکە لە جۆرجی سێیەمی پاشا دەکات، لەدوا بەشیشدا سەربەخۆیی ١٣ موستەعمەرەکە لە بریتانیا ڕادەگەینێت و ناویان دەنێت ویلایەتە ئەمەریکاییەکان. نیشتەجێبووەکان بیرۆکەی

سەربەخۆییەکە بە شادی و نیگەرانیشەوە وەردەگرن، شادومان بوون چونکە بووبوونە خاوەن نیشتمانێکی ئازاد، نیگەرانیش لەوەی کە نەیاندەزانی هەڵوێستی بریتانیا لەو هەنگاوەدا چ دەبێت، بۆیە کە داوای شۆڕشی چەکدار دەکەن بۆ سەربەخۆییەکە هەموو لایەن بەرەو چەکوەرگرتن هەنگاو دەنێن بۆ ئامادەبوون لە ئەگەری هێرش و شەڕێکی دژواردا.

## شەڕەکە

هێزەکانی بریتانیا لە هەموو ویلایەتەکان و لە کەنەدا خۆیان بۆ شەڕ ساز دەکەن، لەسەر دەریاش ئوستووڵی بریتانی گەمارۆی تەواوی کەنارەکانی دابوو، بۆیە ئەمەریکا بەتەواوی لە ئەوروپا دابڕابوو، هێزەکانی ئەمەریکاییەکانیش لەڕووی ڕێکخستن و ئەزموونەوە شارەزا و لێهاتوو نەبوون، ژمارەیان تەنیا ١٨ هەزار جەنگاوەر دەبوو و ژمارەی سەربازە ئەمەریکاییەکان کە پشتیوانی و دڵسۆزییان بۆ بریتانییەکان هەبوو ٣٠ هەزار سەرباز دەبوو، ئەگەرچی ئەوروپاییەکان پشتیوانیی ئەمەریکاییەکان دەکرد بەڵام بڕوایان وابوو کەوا شەڕێکی کورت ڕوو دەدات و بریتانیا زوو دەیانبەزێنێت و شەڕەکە تەواو دەبێت، یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەسمیی نێوان شۆڕشگێڕەکان و هێزە بریتانییەکان لەنێزیک شاری بۆستن لە مانگی یولیۆیساڵی ١٧٧٦ قەوما، لە شوێنێک بوو کە بە بنکر هیل دەناسرا، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەکە تەنیا هەستکردنی ترپەکانی دڵ بوو و بەس. شۆڕشگێڕەکان ویستیان هەموو ئەو پشتیوانییە کە لە کەنداوە دەگاتە بریتانییەکان بگرن بەڵام لە دیسمبەری ساڵی ١٧٧٦ لەوەیاندا دەشکێن و هێزە سازەکانی ناوچەی کوبیک دەیانشکێن. یەکەم سەرکەوتن لەلایەن جۆرج واشنتۆنەوە بوو کە توانیی هێرش بکاتە سەر شاری بۆستن کە تێیدا سەرکردە ئینگلیزەکە ولیەم ناچار دەکەن لە شارەکە بکشێتەوە و شارەکە بکەوێتە بن دەستی هاوولاتییان، بەڵام شادومانیی شۆڕشگێڕەکان درێژەی نابێت چونکە ئینگلیزەکان بە سەرکردایەتیی (هل) شۆڕشگێڕەکان لە نیویۆرک دەردەپەڕێنن و داگیری دەکەن ئەوێش دەکەنە بنکەی سەرکردایەتیی هێزەکانی بریتانی، ئیتر دووبارە بەرەکان یەکسان دەبنەوە. بەڵام بە ئازایەتیی خۆی جۆرج واشنتۆن پاش کشانەوەیان لە پنسلفانیا ڕیزەکانی ڕێک دەخاتەوە و فێڵ لە سوپایە ئەڵمانییە بەکرێگیراوەکە دەکەن و دەیانشکێنن ئیتر هێرشەکە بەرەو برنستۆن دەبێت و بەسەر هێزەکانی بریتانیدا زاڵ دەبن و ویلایەتی نیوجیرسی داگیر دەکەنەوە.

## رزگارکردنی شۆڕشگێڕەکان

هێزەکانی بریتانی بۆ تۆڵەکردنەوە لەساڵی ١٧٧٧ هێرشێکی بەربڵاو ساز دەکات بە مەبەستی لەتکردنی هێزی ئەمەریکاییەکان هێزێکیان بکەوێتە باشوور و ئەوی تریان بەرەو باکور، بۆیە لە نیویۆرکەوە بەرەو فیلادلفیا هێرش دەکەن بەڵام لەبەرئەوەی هەڵمەتەکەیان بێ بەرنامە بوو بۆیە دەشکێن و هەرەس دەهێنن، هێزە ئەمەریکییەکەش بە سەرکردایەتیی جەنراڵ جیتس هێزەکانی

سەرکردەی ئینگلیز بیرجوین کە بریتی بوو لە شەش هەزار سەرباز لە ناوچەی ساراتواجای باکوری نیویۆرک لە ڕۆژی ١٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٧٧٧دا گەمارۆ دەدات و ناچاریان دەکەن خۆیان بدەنە دەست. ئەو شەڕە دەبێتە سەرەتای مێژووی شەڕی سەربەخۆیی، پاش ئەوەی سەرکردە (هو) لە شەڕەکەی واشنتۆن و داگیرکردنی فیلادلفیا دەشکێت هێزەکان شپرزە دەبن، بەڵام شەڕەکەی ساراتواجا هیوایەکی گەش دەداتە شۆڕشگێڕەکان چونکە ئەگەر لەو شەڕەدا سەرنەکەوتبان ئەوا هەموو خەونەکانی سەربەخۆییەکە دەڕەوینەوە، لەسەر ئاستی ناودەوڵەتیش ئەو شەڕە فەرەنسا و ئیسپانیا و هۆڵەنداشی هان دەدا لە شەڕەکە دژ بە بریتانیا بەشداری بکەن، ئەویش شەڕی هەر سێ دەوڵەتەکە ڕادەگەینێت.

## فەرەنسییەکان تۆڵە دەکەنەوە

فەرەنسییەکان پەرۆشی ئەوە بوون شکانی دوژمن و نەیارەکەیان لە موستەعمەرە ئەمەریکییەکاندا ببینن و بریتانییەکان بە بەزیویی ببینن تا بتوانن تۆڵەی خۆیان بکەنەوە و لە موستەعمەرەکان دەربکرێن، بۆیەش وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا پێوەندیی بەردەوامیان لەگەڵ سەرکردەکانی شۆڕشی ئەمەریکی و دوور لە چاو و چاودێریی ئوستووڵی بریتانی فەرەنسییەکان چەک و تەقەمەنی بۆ ئەمەریکاییەکان ڕەوانە دەکەن و لە پاریس بەنهێنی چاویان دەکەوێت بە سەرکردەکانی کۆنگرێس.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕەکانی سەربەخۆییدا ژمارەیەکی زۆری گیانفیدای فەرەنسی بەشداریی شەڕەکان دەکەن و پشتیوانیی ئەمەریکاییەکان دەکەن لەوانە مرکیز لافاییت کە ئەفسەرێکی گەنجی سوپا بوو و پێوەندی دەکات بە سوپاکەی جۆرج واشنتۆن و دەگاتە پۆستێکی باڵا لە سوپای ئەمەریکاییدا. فەرەنسا بە شێوەیەکی دیار لەپاش شەڕەکەی ساراتواجا بەشداریی شەڕەکە دەکات و بەشێوەیەکی ڕەسمیش لەساڵی ١٧٧٨دا دان بە سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەنێت. فەرەنسا و دەوڵەتە نوێیەکە پەیمانێک بۆ هاوکاریی بەردەوام مۆر دەکەن تا یەکێک لەو دوو لایەنە ناکۆکە ئاشتی دەکات، واتە فەرەنسا بەشداریی شەڕەکە دەکات تا بریتانیا دان بە سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەنێت، بەردەوامیش یارمەتیی ئەمەریکاییەکان دەدەن، لەگەڵ یارمەتییە سەربازییەکە فەرەنسا بە قەرزیش پارەیەکی زۆری بە ئەمەریکاییەکان دابوو، ئوستووڵێکی فەرەنسیش شەش هەزار سەربازیان بە سەرۆکایەتیی مارکیز روشامبو دەباتە ئەمەریکا. ئیسپانیا لەو ڕەوشەدا ترسی ئەوەی هەبوو بریتانییەکان لووت لە موڵکی ئەوان لە ئەمەریکای باشوور بدەن، بۆیەش بەشداریی شەڕەکان دەکات تا بە هەموو لایەک باڵادەستی و شکۆی بریتانییەکان بشکێنن.

### شەڕە یەکلاکەرەوەکە

گەیشتنی ئوستوولە فرەنسییەکە فاکتەرێکی دیاری شەڕی سەربەخۆیی بوو، فرەنسییەکان توانییان یارمەتیی شۆڕشگێڕەکان بدەن بۆ گەمارۆدانی فیلادلفیا و دەرکردنی هێزە بریتانییەکان تێدا لەساڵی ١٧٧٨. شکانی بەردەوامی هێزە بریتانییەکان لە دۆڵی ئوهایو دەسەڵاتی شۆڕشگێڕەکان لە ویلایەتەکانی باکور لاواز و بنبڕ دەکات، ئەگەرچی بریتانییەکان هێشتا دەسەڵاتیان لەسەر کارولینای باشوور هەبوو بەڵام دوایی ناچاریان دەکەن لەوێش پاشەکشە بکەن، لە شاری یورک تاون لە دووریی چەند میلێک لە جیمس تاون کە یەکەم شار بوو کە ئینگلیزەکان لە جیهانە نوێیەکە دروستیان کردبوو، لەوێ شەڕە گەورە یەکلاکەرەوەکە ڕووی دا و بەو شەڕەش هەموو ئاراستەکانی شەڕی سەربەخۆیی ئەمەریکی دەگۆڕێت.

لەساڵی ١٧٨١ هێزەکانی جۆرج واشنتۆن بە یارمەتیی هێزەکانی فرەنسی بە سەرۆکایەتیی وشامبو بەرەو یورک تاون دەچن و گەمارۆی دەدەن، کە یەکێک بوو لە مەڵبەندە سەرەکییەکانی سوپای بریتانی، ئوستوولە فرەنسییەکە لەڕووی دەریاوە گەمارۆی دەدات، بۆیەش سەرکردە بریتانییەکە لە ڕۆژی ١٩ی ئوکتۆبەری ساڵی ١٧٨١ خۆی ڕادەستی شۆڕشگێڕەکان دەکات و ئەو شکانەش وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە شەڕەکەی سەربەخۆیی ئەمەریکادا. کە هەموو ویلایەتەکانی باشوور دەگیرێن بریتانییەکان لە پێگەکانی خۆیان لەناو هەموو ئەمەریکا جوولەیان بۆ کشانەوە تێ کەوتبوو، مەسەلەی سەرکەوتنیش تەنیا کات بوو. کە لە هەموو بەرەکان بریتانییەکان دەشکان، لەناو کۆمەڵگەی ئینگلیزی دەنگی دژ بە شەڕەکە پەیدا بووبوو داوا دەکرا شەڕەکە بەزووترین کات کۆتایی پێ بێت، بەتایبەتی حزبی ئازادەکان ئەو ڕامانەیان هەبوو، ئەوان وایان دەزانی بەردەوامیی شەڕەکە دەسەڵاتی پاشا و حزبی پارێزگاران لەسەر حیسابی پەرلەمان زۆرتر دەکات، جۆرجی سێیەم خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی شەڕەکانی لە هەموو قەڵەمڕەوەکانیدا دەکرد، لەبەر ئەوەی کەسایەتیی سەرۆک وەزیرانی ئەو ڕۆژانەش کەسی لاواز و بێدەسەڵات بوو بۆیە مەلیک زۆرتر لەسەر بۆچوونەکانی سوور دەبوو، چونکە ئەو وای دەزانی شکانی ئەوان لەو شەڕەدا واتە نەمانی دەسەڵاتەکەیانە لە هەموو موستەعمەرەکاندا.

کڵێسا ئینجیلکانییەکەش شەڕەکەی بە جۆرێک لە شەڕەکانی پاککردنەوە دەزانی چونکە وایان دەزانی کەوا هاووڵاتییانی ئەو موستەعمەرانە وەک ئەوە بوو لە مەزهەبی دەوڵەت لایان داوە، چونکە زۆر ئاساییە کە دەبێ کڵێسا سەر بە دەوڵەت بێت بەڵام ڕای گشتی زۆر بڕوایان بە پێشبینییەکانی ڕووناکبیری فرەنسی مونتیسکیو دەکرد کە پێشبینیی سەربەخۆیی بۆ هەموو موستەعمەرەکان کردبوو، فەیلەسوفی گەورەش دیڤید هیوم کە لە سەرەمەرگدا بوو بریتانیای لەوە هوشیار دەکردەوە کەوا قین هەڵگرتن لە ئەمەریکا واتە بریتانیا بەرەو لێواری مەترسی و کارەساتەکان دەڕوات. ئیتر لە پەرلەمان و ڕای گشتییەوە کودەتاکە ڕوودەدات لە لۆرد شاتام کە

یەکێک بوو لە پەرلەمانتارەکانی دژ بە شەڕەکە، ئەو لە ناو پەرلەماندا وتارێکی ئاگرینی بەسۆز دەدات کە تێیدا وتبووی:

"بەڕێزان، ئێوە ناتوانن ئەمەریکا لەناو بەرن لەوەیاندا سامان و زۆر ئەرکی قورس سەرف دەکەن، ڕەنگە بتوانن زۆرترین بازرگانی بکەن زۆرتر کەرەستە بکڕن و قەرز بکەن و یارمەتی وەربگرن و سازش لەگەڵ پاشایەکی خۆریی وەک پاشای ئەڵمانیاش بکەن و هاووڵاتییەکانی ئەوان بە پارە بکڕن و ڕەوانەی قەسابخانەکانی شەڕەکەیان بکەن، ڕەنگە بتوانن ئەوانە هەموو بکەن، بەڵام هەموو کۆشش و ماندووبونەکانتان دەرئەنجامی نابێت و یارمەتیی ئەو چڵکاوخۆرانەیش دەربازتان ناکات، چونکە ئەوانە هۆشتان بەرەو ڕق و قین ئەستوورتر دەکات کە چارەسەری نەبێت. من ئێستا وەک ئینگلیزێک ئەگەر من ئەمەریکی بم و ببینم چۆن سەربازێکی بێگانە پێی ناوەتە سەر خاکەکەم، ئەوا من هەرگیز چەکەکەم دانەدەنا."

ئەو وتارە ئاگرینە کاریگەریی زۆری هەبوو، لەو دەمانەشدا شکانی بریتانییەکان بەردەوام بوو ئەوەش کاردانەوەی لەسەر ڕای گشتی دەبوو، ئەوانەش نیشانەی کۆتایی شەڕەکە بوو، ترسی ئەوەشی هەبوو بەردەوامیی ئەو شەڕە ببێتە مایەی دژایەتی پەیداکردنی قووڵ لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و بریتانیا و کار لە دوارۆژیش بکات، بەوەش شۆڕشگێڕەکان زۆرتر بەرەو بەرەی فەرەنسا و ئیسپانیا بچن و ئەوەش کار لە نەمانی بازرگانیی بریتانیا دەکات و ڕەنگە ببێتە ئەگەری نەمان و پووچبوونی ئەو کەرتە زیندووەی ئەو میللەتە.

ئەگەرچی بەزینی سوپای بریتانییەکان بەردەوام بوو، شەڕەکان مەسرەفیان زۆرتر دەبوو، هێزە بریتانییەکان لە بەنداوەکان دەردەکران و پێگە ستراتیجییەکەی نەمابوو، تەنیا نیویۆرک چالاکانە ئیشی تێدا هەبوو، ئەوانە هەموو فاکتەر بوون کەوا پاشایە کەللەڕەقەکە مل بۆ ئاشتی بنێت، لەساڵی ١٧٨٢ لۆرد روکنگهام دەبێتە سەرۆک وەزیران و ئەرکی دانوستانی ئاشتی لەگەڵ شۆڕشگێڕەکان دەگرێتە ئەستۆ.

## داننان بە سەربەخۆیی

دانوستانی نهێنیی نێوان بریتانیا و شۆڕشگێڕەکان دەست پێ دەکات، تێیدا بریتانیا نەرمی لە دروستکردنی دەوڵەتی ئەمەریکی لە دەریاچە گەورەکانەوە هەتا فلوریدا و لە ئۆقیانووسی ئەتلەسییەوە هەتا ڕووباری مسیسپی دەنوێنێت، هەروەها بواریش دەدەن ئەمەریکاییەکان لە کەنارەکانی کەندا ڕاوە ماسی بکەن و ڕووباری مسیسپییش بەکار بهێنن، لەولاشەوە شۆڕشگێڕەکان بەڵێن دەدەن ئەو ئەمەریکیانە سزا نەدەن کە لەو شەڕانەدا یارمەتیی بریتانییەکانیان داوە، لە ڕۆژی ٣٠ی نۆڤمبەری ساڵی ١٧٨٢ پەیمانی ئاشتییەکە مۆر دەکەن و لە ٢٠ی یەنایری ساڵی ١٧٨٣ ئاگربەسەکە ڕادەگەینن.

فرەنسا و ئیسپانیا ڕازی دەبن کۆنگرەیەکی فرەوانی ئاشتی لە پاریس بکرێت، کە تێیدا بەڕەسمی قسە لە بەندەکانی کۆتایی شەڕەکە بکەن، لەساڵی ١٧٨٣ کۆنگرەی پاریس بەسترا، لەو کۆنگرەیەدا دان بە سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەپێی ئەو مەرجە نهێنییانەی لەنێوان شۆڕشگێڕەکان و بریتانییەکان لەسەری ڕێککەوتوون دەنێن، بریتانیا فلوریدا دەداتە ئیسپانیا، لە ڕۆژی ٣ی سپتەمبەری ساڵی ١٧٨٣ هەموو لایەک پەیمانەکە ئیمزا دەکەن بەوەش کۆتایی بە شەڕی سەربەخۆیی ئەمەریکا دێت.

پاش شەڕەکە هەموو ویلایەتەکان یەکەی سیاسیی سەربەخۆ دادەمەزرێنن، بەڵام لەبەرئەوەی ڕەوتی یەکبوونەکە بەهێز دەبێت لەساڵی ١٧٨١دا ئیمزا لەسەر دەستووری کۆنفدرالی دەکەن، ئەو دەستوورەش جێبەجێکردنەکەی ئاسان نەبوو، کە تێیدا حکوومەتە ناوەندییەکە سەرۆکێکی هەبێت، بۆیە هەست دەکەن ئەوەیان زەحمەت دەبێت، بۆیە ئەو دەسەڵاتە ناوەندییە لیژنەیەک بەئەندامیەتیی ١٣ کەس دەدەن، بەڵام دەرکردنی بڕیارەکان بە کۆی دەنگ دەبوو، بۆیەش دەرچوونی ئەو بڕیارانە ئاسان نەبوو. نوێنەری ویلایەتەکان لە هۆڵی فلادلفیا کە پاشان بە هۆڵی سەربەخۆیی ناسرا لە مانگی مایۆی ساڵی ١٧٨٧ کۆ دەبنەوە و لەسەر نووسینی دەستوورێکی نوێی وڵات ڕێک دەکەون، لەوێ بڕیار دەدەن دوو ئەنجوومەن دابنێن، یەکێکیان بەپێی سەرژمێرییەکە نوێنەرایەتییان دەبێت، ئەوەش بۆچوونی نوێنەرانی ویلایەتە گەورەکان بوو، ئەنجوومەنەکە ناوی دەبێت بە ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەنجوومەنی دووەمیش وەک چۆن نوێنەرەی ویلایەتە گچکەکان داوایان کردبوو نوێنەرەکانیان وەک یەک دەبێت، ئەوەش ناوی دەبێت بە ئەنجوومەنی پیران، ئەو ڕێککەوتنە کە دوایی لە مێژووی ئەمەریکا بە ئاساییکردنەوە مەزنەکە دەناسرێت. بەپێی دەستوورە نوێیەکە حکوومەتە فیدرالەکە یەک سەرۆکی هەڵبژێردراوی دەبێت، لە ناوەندی مانگی سپتەمبەری ساڵی ١٧٨٧دا ڕەزامەندیی لەسەر دەردەبڕن، جۆرج واشنتۆن پاڵەوانی شەڕی سەربەخۆیی دەکەنە یەکەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەویش لە ڕۆژی ٣٠ی ئەپریلی ساڵی ١٧٨٩ دەبێتە سەرۆکی کۆماری فیدراڵ، جۆن ئادامز وەک جێگری سەرۆک دادەنرێت، شاری نیویۆرکیش دەبێتە پایەتەختی یەکەتییەکە، دوایی بارەگای ئیدارەی ئەمەریکا دەگوازرێتەوە شاری واشنتۆن.

ئیتر بەو شێوەیە شۆڕشەکە کۆتایی دێت، وڵاتەکە دەبێتە شوێنی ئیشکردن، کێ زۆرتر کاری کردبوایە سامان و دەسەڵاتی زۆرتری دەبوو، لەڕووی ئاینەوە ئیشکردنیش پیرۆز دەکرێت، کۆمەڵگەی ئەمەریکی ڕێزی زۆری بەهرە زانستییەکان دەگرێت، خاکە بەپیتە بەیارەکەش دەبێتە بواری کارکردنی هەموو کەسێکی بەجەرگ و کارامە و چالاک، بۆیەش ئاسایی بوو ئەو وڵاتە بە ماوەیەکی کەم گەشە بکات و ببێتە زلهێزی ئەم جیهانە.

# چاوپێکەوتن لەگەڵ کازیوەساڵح

سازدانی: ماجیدە موحسین

* لە چوونت بۆ ناو دنیای ئەدەب و نووسینی کورتە چیرۆک بەتایبەتی، کامانەن ئەو مەرجەعیەتە فکرییانەی پشتت پێیانەوە بەست؟



– لە ڕووی فکرییەوە مرۆڤ دەتوانێ ڕێباز و سەرچاوەی جیاواز بۆ بابەت و ژیگە و خوێنەری جیاواز بەکار بهێنێت، من دەق بەستن بە سەرچاوەیەکی دیاریکراوەوە ڕەت دەکەمەوە. نە لە نووسین و لە ڕووی ئایدۆلۆجییەوە تا ئێستا فکرم کۆیلەی هیچ جۆرە ڕێباز و مەرجەعێکی دیاریکراو نەبووە، دەقم بە دیاردە و مەرجەعێکی دیاریکراوەوە نەگرتووە، بۆ نموونە لە چیرۆک–نووسیندا بەو دواییە لە ڕووی تەکنیکەوە شێوازی تەفکیکی مۆدێرن و فرە خوێنەر و گێڕانەوەم تێکەڵ کردووە و تا ڕادەیەک چیرۆکەکانی ئەو دواییەم تایبەتمەندییان پێوە دیارە، بەڵام بە گشتی هەموو فۆرم و ستایلەکانی چیرۆک نووسینم تاقی کردووەتەوە، ئەگەر چاوێک بۆ کۆمەڵە چیرۆکی "دەزگیرانە قوڕینەکەم"دا بخشێنیت شێوازی فەنتازی، فەنتازی–واقعی، واقعی سەردی، مۆدرین و فلاشباک، شیعری و یاریکردن بە فۆرمی زمان دەبینی. کێشەی کۆمەڵایەتی، پەروەردە "بە تایبەت ژن و مناڵ" و سایکۆلۆجی و مۆراڵی و فەلسەفی دەبینی. هەندێ جار مەسەلەیەکی سایکۆلۆجی یان کەیسێکی سایکۆلۆجی هەیە لە زهنمدا کارەکتەری بۆ دروست دەکەم، هەندێ جار کێشەی کۆمەڵایەتی و

مێژوویی و یان مۆراڵی هەیە و ویژدانی هەژاندووم و دەیکەم بە کارەکتەر و لە بری ئەوەی ڕای خۆم بدەم کـارکـتـەرێکی دی بۆ دروست دەکـەم و لە ڕێگەی چیـرۆکـەوە پنتـە نائاشکراکـانی دیی ئەو مەسـەلەیە نیشـان دەدەم کە تەنیا وشەی ئەبستراکت بە بێ هەبوونی پاڵەوان ناتوانێت ئامانج باش بپێکێت. وەکو پێشتر وتوومە چیرۆک من دەنووسێتەوە من چیرۆک نانووسـمـەوە، نووسـینێک بەر لەوەی بینووسم ماوەیەکی زۆر هزر و دەروونی داگیرکردووم و زۆری دەربڕینی بۆ هـانیوم ئەوجـا نووسـیـومـەتەوە، بۆیە پێم وایە نووسـینی وێژەیی خـۆشـەویسـتـییـە، چونکە پێـچـەوانەی نووسـینی ئەکادیمی ناتوانیت خۆتی لێ لا بدەیت و ناشتوانیت فۆرمێکی دیاریکراوی لە پێشینەی بۆ دابڕێژیت، چوون لە توانی وێژەدایە بۆمـاوەیەکی نەرێیـەتـی و ناجـۆر، جـۆر بکات و پێـشـڕەویی مـرۆڤ بەروە ئاقارێکی مۆدێرن بکات.

* دۆخی ئێـسـتـای ڕۆشنبـیـری لە کـوردسـتـان و لـە عـێـراقـدا بە گـشـتی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– ئەوەندەی لە دوورەوە مـوتابەعـەی دۆخی ڕۆشنبـیـریی کوردی و عـێراقی دەکـەم هاوکـێشـەیەکی یەکسـان نادۆزمەوە. دیارە لە سەرەتاوە پێویستە ئەوە بڵێم کە دۆخی ڕۆشنبیریی کوردی یان بەشی کوردسـتـان زۆر کراوەتر و بەرفـرەوانتـرە لە ئێـسـتـادا لەوەی عـێـراق. ناتوانین داوای ڕۆشنبـیـری و داهێنان لە خەڵکی عێراق بکەین کە خەمی گەورەیان سەلامەتی و ئاسایشە، نەبوونی ئاسایش واتەی زیندانـی عـەقڵ، داهـێنان عـەقـڵـی ئازاد دەخـوازێ. بەڵام لە هـەردوو لا دوو جـەمـسـەری دژە تـەریب دروست بوون. لە لایەک سەدان وەرگێڕانی نایاب و کتێب و فەرهەنگ و فکری نایاب بە زمانی کوردی چاپ بوون و نووسەری زۆر باشی کورد لە هـەموو تەمـەن و نەوەکاندا بوونیـان هـەیە لە ناوەندەکەدا. ئەوەی لە دنیـای کوردیدا لە مـاوەی بیست سـاڵدا بەرهـەم هـاتووە زۆر وڵات کە وڵاتی سـەربەخـۆ بوون لە ماوەی پەنجا سـاڵدا بەرهـەمیـان نەهێناوە، لەگەڵ ئەوەی توانی تێکنۆلۆجی لە کوردستاندا هێشتا زۆر لاوازە و ئەم نەنگییەیان پابەندە بە حکومەت و بازرگان و دەسەڵاتی کوردییەوە. لە لایەکی دی لە هـەردوو لا ئەوەی هاوکێشـەکەی ناتەبا کردووە ئەوەیە کە کۆمـەڵێکی زۆر، کە من ناتوانم ناویان بنێم نووسـەر، بەڵکو شـانامـەنووسی بەکرێ–نووس پـەیدا بوون، ئەمـانەش بە پارە بۆ گـرووپی سـیـاسـی و تاکی سـیـاسـی و ئێـسـتـا تەنانەت هەر تاکێک نەختێ پارە بدات بە یـەکێک لەم پێنووس–وەشـێنانە، جاران چەقۆ–وەشێن هەبوو لە زەمـەنی تێکنۆلۆجیـادا لە ڕۆژهەڵات پێنووس–وەشێن دروست بووە، ئەمانە دەتوانێت چیی بوێت دژی هـەر کـەس و لایەنێک پێیان بنووسێت. ئەمانـە هێزێکی نەخوێندەوار و دەرەوەی مۆراڵی مرۆییی پشـتی ئینتـەرنێتن و زادەی ئەو باردۆخە سـیاسـییـەن کە بوونی هـەیە لە کوردسـتـان و لە ڕۆژهـەڵاتیشدا. دەسـەڵاتی سیاسـی بە دەیان گرووپی هاوشێوەی دروست کـردووە، ئەمــانە بە ناوی مـرۆڤی ئازاد و سـەربەخـۆ و ئەهلی و زۆر ناوی زەقی دیـیـەوە قـسـە دەکـەن بەڵام شـێـوازی قسـەکردن و مـۆراڵی نووسین و ئاکـاری سـیـاسـی و کـۆمـەڵایەتییـان نمایشی کۆیلەیەکی

شاراوە دەگەیەنێت، بە ئاستێک کە مرۆڤی سەربەخۆی ڕاستەقینەی پەردەپۆش کردووە، ئەم گرووپ و تاکانە زۆربەیان سەر بە دەزگە جاسووسیەکانی حزبەکانن و دروستیان کردوون لە پێناوی شکاندنی ئەو ئەندامانەی خۆیان کە لە سنووری هێڵکێشراوی جەنابی سەرکردە و دەست و پێوەندەکانیان دەردەچن، یان سەرپێچیی داوا و خواستی حزبەکەیان دەکەن، هەروەها شکاندن و دژبوونی نەیارەکانیان، یان قەڵەموەشاندن دژی ئەو کەسانەی بە ڕاستی سەربەخۆن و نووسەری ڕاستگۆ و دڵسۆزی خەڵکن. ئەمانە بۆ ئەوەی قسەکانیان ڕەواجی هەبێت زۆر جار دەکرێن بە پاڵەوان، بەڵام ژمارەی ئەم پاڵەوانە دۆڕاوانە ئەوەندە زۆر بووە لە ناوەندی ڕۆشنبیریی عێراقی و بە تایبەت کوردیدا ئیتر چاپکردن و کتێب خستنەبازاڕ نرخێکی نەماوە چونکە خوێنەر بە دەگمەن ماوە، هەمووی هەر پاڵەوانە. ئەم دیاردە ناشرینە ئەو کراوەییە جوانەی داپۆشیوە کە لە سەرەتاوە باسم کرد، یەکێک خۆی بە دووی لایەنە ئەرێیەکانی ڕۆشنبیریی کوردیدا نەگەڕێت لە ژێر هڕۆژمی پاڵەوانە ساختەکاندا جوانییەکان داپۆشراون.

* تۆ عێراقت بەجێ هێشت و چەند وڵاتێک گەڕای و لە کەنەدا گیرسایتەوە، بەڵام هێشتا لە کارەکانتدا ژیگەی عێراقی یاخۆ کوردەواری بەتایبەتی بەرجەستە دەکەی، ئایا سرووش وەرگرتن لە بۆماوەی میللیی کۆن مەرجەعێکی بنەڕەتییە بۆ ڕەسەنایەتیی بەرهەمی ئەدەبیی عێراقی؟

– کولتووری بۆماوە شوناسی نووسین دەستنیشان دەکات، ئەوە کاریگەریی کولتووری شوێنێکی دەستنیشانکراوە وامان لێ دەکات کە بەرهەمێک دەخوێنینەوە بەر لەوەی بزانین نووسەر خەڵکی کام وڵاتە بزانین نووسینەکە باسی کولتووری کام شوێن دەکات. هەموو دنیای وێژە و هونەر و فکر لە سەر بنەمای کولتووری بۆماوە خۆی دۆزیوەتەوە، ئەم فاکتەرێکە تەنیا پەیوەست نییە بە کولتووری کوردی و کولتووری عێراقی، بەڵکو هەموو نەتەوە و وڵاتانی دنیا متمانەیان خستووەتە سەر بۆماوە. وێژە و هونەر نوێنەرایەتیی زمان، کولتوور و زەپۆشی کۆمەڵێک خەڵک یان کارەکتەر دەکات، من کە کورتە چیرۆکم بە ئینگلیزی نووسیوە هەوڵم داوە بابەتەکە زیاتر لەگەڵ خوێنەرێکی ئنگلیز یان کولتووری فرەنەتەوەیی بگونجێت، کەواتە نووسەرێک دەتوانێ نوێنەرایەتیی کولتووری خۆی و کولتووری "ئەو"ی بەرانبەریش بکات، هەر ئەمەش وای کردووە ئەو نەتەوانەی داگیرکار بوون، یان زلهێز بوون هەولیان داوە کولتووری خۆیان بسەپێنن بە سەر دانیشتووانی ئەو هەریمانەی ئەوان زاڵ بوون بە سەریاندا، بۆ ئەوەی کولتوورەکەیان ببێت بە بنەمای بۆچوون و نووسین و داهێنانی نەوەکانی داهاتوو و ئەوانەش لەگەڵ ئەو شەپۆلەدا دەژین، بۆ نموونە زاڵبوونی کولتووری ئیتالیا یان یونان و ڕۆمانی بە سەر بونیادی فکری و هونەری و دیزان و..تد لە ئەورووپا هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ کاریگەریی خۆی هەیە. بەڵام دواجار وێژە لە کولتوور گەورەترە و نابێت تەنیا گێڕانەوەیەکی مێژوویی و نەریەتی بێت.

* تا چ ڕادەیەک بەجیهانیبوونی کولتووری کاری کردووەتە سەر ئەدەبی هاوسەردەمی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و عێراقی بەتایبەتی؟ بەواتەیەکی وردتر، ئایا نووسەر دەکەوێتە ژێر پاڵەپەستۆگەلێک کە وای لێ دەکەن تایبەتمەندیی خۆی بەجێ بهێڵێ؟

– بەجیهانیبوونی ڕۆشنبیری کاریگەریی ئەرێ و نەرێی لەسەر نووسەر و تایبەتمەندییەکانی داناوە. گەر لە نموونەیەکی لایەنە باشەکانی بنوارین پێویستە بیرمان بۆ هەیمەنەی تێکنۆلۆجی بڕوات، تێکنۆلۆجیا زۆر هاوکاریی ئەدەب و فکر و نووسەری کردووە لە مەسەلەی کەمیونیکەیشن و بەیەک گەیشتن و یەک خوێندنەوە و ئاگابوون لە ئەدەبی جیهانی. هەر ئێستا گەر دیاردەکانی بە جیهانیبوون و تێکنۆلۆجیا نەبووایە من و تۆ نەمان ئەتوانی ئەم گفتوگۆیە پێکەوە بکەین. یان من ئاگام لە نووسەرانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بێت لەو دیو سنوورەکانی وڵاتەکانیان. بێ سنووری لە گەیشتندا دربڕینی ئەدەبیی سنووردار کرد، کە من ئەمەشم پێ باشە، بۆ نموونە ئەو ئەدیبەی پێشتر بەرانبەر ڕەگەز و نەتەوە و ئاینێک بە ئاشق تایبەتمەندیی نووسەرێک یان نووسەرانێک بوویێت لە دەربڕیندا و لە سنووری وڵاتەکەی خۆیدا، ئێستا ئەو جۆرە تایبەتمەندی و فاکتەرانە لە ئەدەبدا بەراورد بە پێشتر زۆر کەمتر بوونەتەوە، چوون نووسەرێک دەزانێت زۆر بە ساکاری بابەتەکانی لە ڕێگەی تێکنۆلۆجیاوە سنوورەکان دەبڕێت و دەکرێت دەربڕینێکی ڕەگەزپەرستانە زیانی گەورەی پێ بگەیەنێت. هەمان شت کاتێک کارێکی نایاسایی و رەگەزپەرستانە بەرانبەر بە نووسەرێک دەکرێ، نووسەر و ڕۆشنبیری دی لە جیهاندا پشتگیریی لێ دەکەن بە بێ ئەوەی تەنانەت وشەیەکی ئەو نووسەرەشیان خوێندبێتەوە، تەنیا جیهانیبوون شوناسی یەکخستوون، کەم مانگ هەیە مەسەلەی داکۆکیکردن لە نووسەرێکم پێ نەگات لە وڵاتانێکەوە هەندێ جار پێشتر ناوی وڵاتەکەشم نەبیستووە. یەکناسین و بیروڕاناسین بەر لە بەرهەمناسین لە نێوان نووسەرانی جیهاندا بە هۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێتەوە و ئەمانە و زۆر ئالیەتی باشی دی بە شێوەیەک خۆی لە جیهانی ڕۆشنبیر و نووسەردا سەلماندووە کە نووسەر لە زۆر لایەنی تر تایبەتمەندیی نەرێ بگوازێتەوە بۆ تایبەتمەندییەکی ئەری " پۆزەتیڤ"تر. لە هەمان کاتدا تایبەتمەندییە نەرێ "نەگەتیڤ"ەکانی بەجیهانیبوون وایان لە زۆر نووسەر کردووە لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان داببڕێن وەکو نووسەرێکی ڕەسەن نەمێنن. بۆ نموونە ئیغراکردنی خەڵک بە وێنە ئێجگار پێشەکەوتوو و سەرنج ڕاکێشەکان وای کردووە لە ئێستادا لە جیهاندا خوێنەر کەمە و بینەر زۆرە، ئەو خوێنەرەش کە هەیە خوێنەری بابەتی زۆر جدی نییە، بابەتی جدی لە کایە ئەکادیمییەکاندا زیاتر بوونی هەیە، کە دێتە سەر وێژە خوێنەرەکان خوێنەری بابەتەکانی سێکشوال و ئاکشنن، زۆر نووسەر فکر و ڕێبازی خۆی بە پێی بازاڕەکانی فرۆشتن ڕێک خستووە و کارێک دەنووسێت لە بازاڕی ئەمڕۆدا پارە بکات، لە ڕۆژهەڵاتیشدا ئەوەندەی ئاگەدار بم بە تایبەت لە ناو کورددا، ژمارەیەکی زۆری نووسەران مەترسیی لە ناوچوون لە مەزارەکانی

بەجیهانیبووندا وای لێ کردوون، گرووپ دروست بکەن و هەمان پەیڕەو و پرۆگرامی حزبەکان لەگەڵ خەڵک و لەگەڵ خوێنەرەکانیشیان پراکتیک بکەن، زیاتر وەکو کایەی حزبی و لە قەوارەیەکی ڕۆشنبیریدا بجووڵێنەوە بۆ جووڵاندنی سۆزی خەڵک و زۆرکردن یان ڕاگرتنی خوێنەرەکانیان. وەکو خۆم لەگەڵ هەموو لایەنە خراپەکانیشیدا هێشتا دیاردەی بەجیهانیبوونی ڕۆشنبیریم پێ پەسندە و هەبوونی دەمامکی ساختەی ڕووی زۆر نووسەری ڕۆژهەڵاتی لاداوە، تێبینیم کردووە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لە ڕۆژهەڵاتدا پێیان دەگوترێت نووسەری گەورە ئەوانە بوون و زمانە بیانییەکانیان زانیوە و بە شێوەیەکی بەرفرەوان سوودیان لە بەرهەمی نووسەری ڕۆژئاوایی بینیوە بە بێ ئەوەی ئاماژەی پێ بکەن. بە تایبەت لە ڕووی فکرییەوە، بۆیە ئەمڕۆ بەجیهانیبوونی ڕۆشنبیری بەجیهانیبوونی زمانیشە و زمانە زیندووەکان لە هەموو شوێنێکی جیهاندا زۆر بەرینتر لە جاران دەخوێنرێن و خەڵک خۆی فێر دەکات. زانینی زمانیش ڕێگەی ئەو جۆرە ساختانە کورتتر دەکاتەوە. لەگەڵ زۆر لایەنی دی کە لە دیدارێکدا مەحاڵە ئاماژەدان بە هەموو لایەنکانی.

* لە قۆناخێکی بەرهەمدانی ئەدەبیتدا، لەوانەیە کەوتبیتە ژێر کاریگەری یان سرووشت لە ئەفسانەی کولتوورگەلی تر وەرگرتبێ، تا چ ئاستێک کەوتوویە ژێر کاریگەریی نووسەرانی ئەورووپایی و ئەمەریکایی؟

– بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەت، من بە گشتی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیم زۆر بەدەگمەن خوێندووەتەوە، سەرەتا کە دەستم بە خوێندنەوە کرد بەو بابەتانە دەستم پێ کرد کە ڕۆژئاوایی بوون و وەرگێردرابوونە سەر زمانی عەرەبی، بۆ نموونە دیستۆفسکی، گابرێل گارسیا ماکیز، تۆڵستۆی، گی دی موباسانی، سیمۆن دی بۆڤوار، فێرجینیا وڵف، ئیدگەر ئالان پۆ، جۆرج ئۆرویڵ، شکسپیر و...تد. لە جیهانی نووسیندا ئەگەر چیرۆکێک وای لێ کردیت دوو جار بیخوێنیتەوە یان لە گەڵتدا بژی و زوو زوو بێتەوە یادت، ئەوە مانای ئەوەیە ئەو چیرۆک و نووسەرە کاریگەریی لە سەرت هەبووە. لە نێو ئەو نووسەرانەی من خوێندوومنەتەوە گابرێل گارسیا مارکیز ئەو نووسەرەیە من لەگەڵ چیرۆکەکانی ژیاوم، تەنانەت کاتێک یەکەم جار "خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرادا"م خوێندەوە لەبیرم چوو بوو چیرۆک بووە و زادەی بیری نووسەرێکە زوو زوو لە یەکێک لە مامۆستاکانم دەپرسی چۆن ئەگەر ڕاست دەکات ئەو کچەی خۆش دەوێت چۆن توانیویەتی ئەو هەموو پێوەندیی خۆشەویستیە بکات، ئەگەر خۆشیشی نەویوستووە چۆن ڕۆژانە بۆ نادیار نامەی بۆ ناردوە؟ ئەمە واتەی ئەوەیە کاریگەریی ئەمەریکای لاتینم لە سەر هەبووە، بە تایبەت کە مارکیز ستایلی واقعی فەنتازی دەنووسێ، زۆر جاریش پەنا دەباتە بەر ئەفسانە.

بەڵام هەندێ جار بایەخدانی من بە ئەفسانە، کە ئەمە وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەتە، دوو هۆی سەرەکیتری لە پشتە، یەکێکیان بۆچۆنی تایبەتی خۆمە کە پێم وایە مادام مرۆڤ لە منداڵیدا خەونی ئەفسانەییی هەیە و چیرۆکی ئەفسانەیی سەرنجی ڕادەکێشێت، واتە ئەفسانە و خەون و

چیرۆکە ئەفسانەییەکان نامرن، چونکە زۆربەی ئاکارەکانی گەورەبوون پابەندن بە خەون و چیرۆکەکانی منالّییەوە. دووەمیان پێوەندیی بە هەلّویستی تایبەتی منەوە هەیە سەبارەت بە ئەفسانە، ئەویش ئامانجی پێچەوانەی شەپۆل بوونە. شەپۆلێکی بە هێز لە ناو کورد و ڕۆهەلاتیدا بە گشتی هەیە، پێی وایە پێشکەوتنی ڕۆژئاوا واتە بە لاوەنانی کۆن، داهێنانی شتێکی تازە و تورهەلّدانی کۆن، کە لە ڕاستیدا ئەمە داهێنان لە پنتە عەقلّێک دەهێنێتە دەرەوە بۆ پنتی تەنیا پراکتیکی. چونکە داهێنان و پێشکەوتن بەر لە هەر شتێک پرۆسەیەکی عەقلّی و ئاوەزییە بەر لە دیاردە، لە ڕۆژهەلاتدا پەلاماری دیاردەکان بە سەقەتی دەدەن و عەقلّەکان هەر وەکو خۆیانن، ئەوەیشی ئەوان پێیان وا بوو کە ڕۆژئاوا پێشەکەوت و بۆیە ئەفسانە لە نووسیندا بەکارناهێنێت، نووسەری ڕۆژهەلاتی ئەگەر نووسەری باش بێت نابێت پەنا بەرێت بۆی، هاوکێشەیەکی پێچەوانەیە، بەو بەلّگەی نووسین و فیلمەکانی لە سەر ڤامپایەر Vampire کە جگە لە ئەفسانە شتێکی دی نییە، کتێبەکانی هاری پۆرتەر کە هەمووی ئەفسانەیە نووسەرەکەی لە خزمەتگوزارێکی نێو قاوەخانەیەک کرد بە دەولّەمەندترین ژنی جیهان، لەگەلّ ئەوەی ئەم بەرهەمە بۆ منالانە بەلام بە پێی ڕاپۆرتی ڕاگەیاندنەکان زۆربەی تەماشاکارانی گەورەن، ئەو بەرهەمانەی ئەفسانەن پڕ فرۆشترین و پڕ بینەرترین بەرهەمن، هۆکارەکەشی وابەستە بوون بە خەیالّ و خۆزگەی منالّی. من ئەم ئاراستەیەی باوەم لە کارەکتەرایزکردنی ئاژەلّیشدا هەر کردووە و لەبەرئەوەی دژی ئەو هەموو پێشیلکردنی مافی ئاژەلّ و هەموو سووکایەتی و جینودان و ئاماژە زمانەوانی و جوولّەییە ناشیرینەکانی ڕۆژانەی شەپۆلی ڕۆژهەلاتیم بەرانبەر بە ئاژەلّ ژمارەیەک پالّەوانی سەرەکیی ژمارەیەک لە کورتە چیرۆکەکانم ئاژلّن، جۆرە کارەکتەرێکی ئاژەلّی کە درندەیی مرۆڤەکان شەرمەزار دەکات.



* پێت وایە کە شێوازەکانی پۆست-مۆدێرن لە نووسیندا لەوانەش بەکارهێنانی لێکهەلّوەشاندنەوە (تفکیکیە)، دەشێ لای وەرگر لە کوردستان یان عێراق جێی پێشوازی بێ، وەک ئەو پێشوازییەی لە شێوازی گێڕانەوەی واقعی کرا؟

- Deconstruction یان بزوتنەوەی تەفکیکی یەکێک بوو لە گرینگترین و پڕ جەدەلترین تیۆرییەکانی سەردەمی پاش بونیادەگری کە لە لایەن ڕەخنەگری فەرەنسی جاک دریداوە هاتە بوون و یەکێک بوو لە پڕ جەدەلترین تیۆرییەکان، گەرچی زۆربەی ڕەخنەگرانی نە بە تیۆری و نە بە

فەلسەفە ناوزەدیان نەکرد. ناتوانین لە دیدارێکدا مافی تەواو بە تەوەرێکی گرینگی لەم شێوەیە بدەین، چوون پاش تەفیکیکیش شێوازی تەئویلی و تیۆریی فرە خوێندنەوەش تا ڕادەیەکی زۆر سوودیان لە تەفکیکی دیوە و بنەماکانیان لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەن، بنەمای تەفکیکی کە تێکشکانی زمان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی، پاشان خوێندنەوەیەک کە پێش فکری ڕەخنەیی کەوتبێت، چەق بەستن لە سەر پنتی عەقڵ و هەروەها ڕۆشنبیری بە چەکی سەرەکی ڕەخنەگر دانرا، چونکە دەبێت توانی تەفکیک و ڕاڤە و ڕێکخسن و (تقویم)یشی هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە دەقێکی ئەدەبی پارچە پارچە دەکات بۆ واتە، ڕەمز، تۆنی دەنگ، وێنە، تەکنیک و شێواز و لایەنەکانی دی و سەر لە نوێ بونیادنانەوەی، ئەمەش وا دەکات کە ڕەخنەگر ئازاد بێت لە دروستکردنی مەدلولاتی ئەدەبی و فکری و واتە شاراوەکان، نێوان دێرە سپیەکان بخوێنێتەوە، وا بکات دەقێکی ئەدەبی واتەیەکی جێگیری نەبێت، بە پێێ ئەوەی هەتا ئێستا خوێندنەوەی ئەدەبی بە زمانی کوردی خوێندنەوەیەکی سەردییە و ناتوانێت بگات بە ڕەمز و مەدلولاتی شاراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شێوازی تەفکیکی لە ڕووی ڕەخنەییەوە لە کوردستاندا پێشوازیی باشی لێ نەکراوە. لە ڕووی نووسینەوە کە شێوازی پۆست مۆدێرن و تەفکیکی کە بواردانە بە خوێنەر ببێت بە نووسەر، واتە شوناسی نووسەردان بە خوێنەر لە ڕێگەی جێ هێشتنی بۆشاییی ڕەمزی بۆ فکر و خواست و حەزی خوێنەر کە لای خۆیەوە پڕی بکاتەوە و بەشداری بکات لەگەڵ نووسەردا، بەڵێ ژمارەیەکی باش لە چیرۆکنووسانی کورد و عێراقیش لەم بوارەدا سەرکەوتووانە بابەتی بەرچاویان خستووەتە ڕوو، خۆشم کەسێکم زیاتر لەم بوارەدا کارم کردووە، بەڵام پێم وایە خوێنەری کورد زیاتر پێشوازی لە بابەتی سوریالی دەکات. من لە سەرەتای نووسیندا ئەم شێوازەم تاقی کردەوە چونکە شێوازێکی باو بوو لە ناو ئەو نووسەرانەی بەر لە من دەستیان بە نووسین کردبوو، پێشوازیی لە بەرهەمەکانیان دەکرا، بەڵام لەگەڵ خوێندنەوە و ئەزموونندا تێ گەشتم ئەو شێوازە لە جیهاندا خوێنەری کەمە و پێشوازیکەرانی ڕەخنەیی و بڵاوکردنەوەشیان هەر کەمە، بۆیە لای خۆمەوە جیاواز لەوانەی هاوڕێ و هاوپیشە بووین تێهەڵکێشی هەردوو شێوازی تەفکیکی و سەردیم بۆ شێوازی خۆم دروست کرد لە تەکنیکدا و لە دەربڕینیشدا لە زۆربەی چیرۆکەکانمدا جیهانی واقعی–فەنتازیم بەکار هێناوە.

* کارکردنت وەک چالاکێک لە بواری مافەکانی مرۆڤ و بەرهەڵستیی کۆمەڵکوژی، کاری کردووەتە سەر نووسینەکانت؟

– بەڵێ کارکردنم لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و هەروەها مەسەلەکانی جینۆساید زۆر زیانی بە لایەنی نووسین و لایەنی خوێندنەکەشم گەیاندووە، چەندان جار بە سێ مانگ وازم لە کۆرسی خوێندن هێناوە بۆ ئەوەی کار لە سەر مەسەلەیەکی مرۆیی بکەم، بە تایبەت گەر تایبەت بووبێت بە جینۆسایدی کورد. بە نیازم بەم زووانە واز لە ڕێکخراو و بنکەکانی دیی مافی مرۆڤ بهێنم و تەنیا پڕۆژەی جینۆسایدەکە لە ئەجەندای خۆمدا بهێڵمەوە. چونکە نەنووسین فشاری دەروونیی گەورەم

بۆ دەهێنێ و بێ ئومێد بوونیش لە بوونی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی مرۆییی بێگەرد و ناگەندەڵیش فشاری زیاتر، بۆیە دەبێ بگەمە بڕیارێکی دروستتر.

* ئەو سەختییانە کامانەن کە ڕووبەڕووی ئافرەتی بنووس دەبنەوە؟

– ئەمە پرسیارێکی زۆر گشتییە و وەڵامی پێویستی بە نووسینی کتێبێکە چونکە ژنی نووسەری ڕۆژئاوایی ئەگەر وەکو ژن کێشەی هەبێت، کێشەی وەکو ژنی نووسەر یان هەر نییە یان کەمە، چونکە جەندەرایزی فکری نەکراوە، بە پێچەوانەوەش زۆر دام و دەزگە بۆ هاوکاریی ژنی نووسەر دامەزراوە. وەکو ژنی نووسەری ڕۆژهەڵاتیش قسە بکەین ئەمەشیان هەر جیاوازە، هەر وڵاتێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، تەنانەت بارۆدۆخی نووسەری ژنی عەرەب زۆر باشترە لە دۆخی ژنی نووسەری کورد. من ئەگەر وەکو نووسەرێکی کورد قسە بکەم، یان چاکتر وایە بڵێم وەکو کازیوە قسە بکەم، چونکە لە ناو نووسەری کوردیشدا نووسەرێکی بێهەڵویست و کۆیلەی حزب و دەسەڵات جیاوازە لە نووسەرێکی سەربەخۆ، دۆخی نووسەرێکی شاعیر جیاوازە لە نووسەرێکی ڕەخنەگر بەڵام کازیوە کە مرۆڤێکی سەربەخۆیە، لە خێزانێکی قوربانییە، کار و چالاکییەکانی زۆربەی کات جیاواز بوونە لەوەی پێشتر هەبوون و لەگەڵ شەپۆلی بەرژەوەندیخواز مل نانێت ڕووبەڕووی چ ڕێگریەک دەبێتەوە؟ لە ڕۆژئاوادا بە دەستنیشانکراوی لە "کەنەدا"دا کە وەکو هەموو نووسەرێکی دیی ئەم وڵاتە داواکارییەکانم دەچێتە بەردەم ڕێکخراوە تایبەتەکان بە ئەدەب و هونەر بە نووسین و نووسەران ئەوەی من ڕەت دەکرێتەوە و ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستی دەبمەوە یەکەم بە هۆی "ڕۆژهەڵاتی"بوونمەوە، ئەمەیان زۆر بە ئاگاوە دەردەبڕم و لێرە ئەگەر پەناهەندەی پارچەیەکی دیی جیهان جارێک ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستی ببێتەوە ئەوە پەناهەندەیەکی ڕۆژهەڵاتی دەیان جار، ڕۆژهەڵاتیبوون و ئیسلامبوون گەورەترین هۆکارن بۆ ئەوەی تەنیا بە بینینی ناوەکەت و وڵاتەکەت نە هیچ مافێکت وەکو نووسەرێکی تر بێت و نە تەنانەت کاریشت بدەنێ.

لە بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەکاندا ڕووبەڕووی هەڵاواردن دەبمەوە چونکە ئەوان زیاتر بابەتێکیان دەوێت ڕۆژهەڵات یان خەڵک و وڵات و دیانەتی خۆت بە وەحشیگەر و لە دوا ویستگەی لە ناوچووندا دەرببڕیت و ئەوانی ڕۆژئاوایش بە فریادڕەس و داوای بە هاناچوون کردن لێیان، منیش لەگەڵ ئەوەی ڕەخنەی زۆرم هەیە بەرانبەر ڕۆژهەڵات و دیانەت و خەڵک..تد، بەڵام هیچ هێزێکی سازشکار و ئایدۆلۆجیخواست ناتوانێت شتێک بە من بنووسێت تەنانەت ئەوەشی کە خۆم قەناعەتم پێی هەیە. لە هەر کوێی دنیا بم و بە هەر زمانێک هەر دەبێت دژی ئەو ئایدۆلۆجیانە بم کە لە ئەجەندایەکی نارەسەندا خۆیان دەناسێنن.

وەکو کوردێکیش زۆر جار دەبم بە قوربانیی عەرەب و تورک و فارسی ڕەگەزپەرست لە دەرەوە، ئەم ئەزموونەشم سەدان جار ڕووبەڕوو بووەتەوە و چەند جارێکیش کارم لە دەست داوە بە هۆی ئەم جۆرە ڕەگەزپەرستییە ئێتیکییەوە.

کە ئەشکەڕێمەوە کوردستان ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستیی خراپتر دەبمەوە، یەکەم ئەوەندەی

ڕۆژئاوا دژی بێگانەیە و هەتا خەڵکی خۆیان هەبێت هیچ دەرگەیەک بە ڕووی بێگانەدا ناکەنەوە ئەوەندە نەتەوەکەم واتە کورد بێگانەپەرستە، ئەم هاوکێشەیە ئێستا ناسراوە لە ناو نەتەوەکانی تردا. جیا لەمە لە کوردستان ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستیی حزبچیەتی، عەشیرەتچیەتی، ناوچەچیەتی تەنانەت شارچیەتیش دەبیتەوە. ژیانی کوردستان لە سەر مەحسوبیات دەڕوات، تەنانەت ئەگەر خەڵکێک وەکو ئێمە خاوەنی مێژوویەکی شۆڕشگێری بووبێت ئەمڕۆ لە کوردستاندا جێگەیان نابێتەوە و زیاتر بۆ خەڵکی هەلپەرست و تێکدەر و بەرژەوەندخواستە و ئەوانەش لە دەرەوەی ئەم بازنەیەن و هێشتا لە کوردستاندا دەژین ژیانیان پڕ کێشمەیە. بۆیە من مرۆڤێک و نووسەرێکی بێلانەم، نە کەنەدا و نە کوردستان نەبووە بە لانە و پێگەی من. هەتا ئێستا خەڵکی کورد و میدیای کوردی (چونکە میدیای حزبن) کوردستان بچووکترین مافی منی نەداوە وەکو نووسەرێک، تەنانەت یەک لە سەدی ئەوانە مافم نەبووە کە وەکو خوێندکاری من بوون لە ڕووی نووسین و ڕۆشنبیر و مێژوویەوە، نەک هەر ئەوە بەڵکو بە هەموو شێوەیەک توان و مافەکانم لە کوردستاندا پێشێل کراون هەندێ حزب و حزبۆکە بە دەیان ساڵە تەعتیمی ئیعلامییان خستووەتە سەرم تەنانەت ئەگەر لە بۆنەیەکدا ناوی من لەگەڵ گرووپێکدا هاتبێت ناوەکەی منیان دەرهێناوە ئەوجا ناوی گرووپەکەیان بڵاو کردووەتەوە، تەنیا لەبەرئەوەی ڕەخنەم لێ گرتوون و ڕەخنەکەشم بە مەبەستی بەرگریکردن بووە لە خۆ. ئەم حزبە خۆی بە سۆشیال دیموکرات دەزانێت و لەگەڵ بێگانەدا دەیان بەعسیی تاوانبار و جاش و تیرۆریستی لە ناو عێراق و کوردستاندا پاراستووە و بۆ ئەوەی خەڵکی عێراق و کورد نەیانکوژێت دەربازی دەرەوەیان کردوون و خزمەتیان کردوون. بەڵام خەڵکی وەکو ئێمەیان لە وڵاتەکەدا وەدەرناوە چونکە کۆیلە و گوێڕایەڵ نەبووە. لەگەڵ ئەم هەموو تەگەرەشدا هێشتا لە نووسین و خۆشویستنی خەڵک و وڵاتی خۆمان بەردەوامین. تا ئێستا غەم و تەگەرە و بێ مافی و چەوساندنەوەکانی ئەوان هەوێنی هەموو وشە و هەنگاوێکی من بووە، بۆ خەمەکانی ئەوانە "مەیموون"بوونم هەڵبژارد، ئاخر لەوانەیە تۆ نەزانیت نووسەربوون بۆ ژن لە ناو کۆمەڵی کوردیدا بە تایبەت ئەگەر ئەو ژنە توانی فکریی هەبێت و تەنیا شیعر بۆ قەد و باڵای پیاو نەنووسێت خۆ بە مەیموون کردنە. هەندێ جار سەرم سوڕ دەمێنێت منێک بۆ ئەوەندە کەسی کوردستانێکم کە تا ئەو ئاستە نەیتوانیوە هیچی من بێت.

* کاتی خۆی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا وەرگیرایت و دواتر لەبەر هۆکاری سیاسی لەوێ فەسڵ کرای، هیچ مەیلی هونەریت هەیە و لە چ بوارێکدا؟

– لە سلێمانی بوو نەک بەغدا، لە سلێمانی پاش سێی ناوەندی قوتابییان لە هونەرەجوانەکان و پێگەیاندنی مامۆستایان وەردەگرت، من لای هەردوو لایان فەسڵ کرام، بەمەرجێک ئەوانەی خوێندنیان عەرەبی بووایە و نمرەکانیان لە سەروو حەفتاوە بووایە ئەفزەڵیەتیان درابوویە، من خوێندنم عەرەبی بوو و نمرەکانیشم هەشتا و شەش بوو. بە هۆی خێزانەکەمانەوە کە پێشمەرگە بوون و باوکیشم ئەو کاتە زیندانی سیاسی بوو. بەڵێ ئارەزووی مۆسیقام هەبوو، ئارەزووی زۆر

جۆری دیی هونەرم هەبوو، وەکو شێوەکاری (کە زۆر خراپ بووم تێدا)، سینەما، فاشیۆن، دیزاین، تا ئێستاش ئارەزووی سینەما وەکو نووسین و بەشداری، ئارەزووی دیزاینی فاشیۆنم تیا ماوە، بەڵام ئەوانەی دیم لە کۆمەڵی کوردیدا زۆر نەبیستبوو، بۆیە مۆسیقام هەڵبژارد، بەڵام ئیتر ئەو کاتە هونەر و تەنانەت ئەو زانکۆیانەی کە هەندێک ئاستیان باش بوایە، بۆ کورد نەبوون هەتا ڕاپەڕین کورد ئازاد نەبوو چی هەڵبژێرێت و چ بخوێنێت. گەرچی خۆشبەختانە من دەردی فەسڵکردنی زانکۆشم نەبینی و هێشتا نەگەیشتبووم بە قۆناخی زانکۆ کە ڕاپەڕین لە دایک بوو.

* شیعر و چیرۆکت بۆ منداڵان نووسیوە، خۆت لە کام ڕیزبەندیدا دادەنێی: بنووس بۆ گەوران، یاخۆ شاعیر و بنووس بۆ منداڵان؟

– زیاتر خۆم بە نووسەری گەورە دەبینم، زیاتر لە فەراهەمهێنان و ڕاڤەکردنی خەمی گەورە تێ دەگەم، ئەویش لەبەرئەوەی من نووسەرێکی ڕەخنەییم، بەڵام وەکو پێشتریش باسم کرد، من زۆر لە نووسین ناکەم بینووسم، یان خۆم ئامادە ناکەم، ئەوە بەرهەمەکە خۆیەتی لەو کاتەیا بەو شێوەیە لە زهن و ژیانی مندا ڕەنگی داوەتەوە و لەو کاتەدا دەیەوێت وەکو بەرهەمێکی منالان یان گەورە، وێژە یان ناوێژە لەدایک بێت، منیش پێم خۆشە ڕاستگۆ بم لەگەڵ ساتەکانی نووسیندا.

* چیرۆکەکانت خاڵی نین لە نۆستالجیا بۆ نیشتمان و بۆ ڕابردوو، بۆ تاراوگەت هەڵبژارد؟ بیر لە گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەکەیتەوە؟

– بەداخەوە بەڵێ پڕم لە نۆستالجیا، دەڵێم بە داخەوە چونکە ئەو کەسانەی ئەزموونی تاڵی منیان هەبووە ئەو نۆستالیجیان نییە، لە کاتێکدا من تەنیا بە چاوی هەست شتەکان دەبینم ئەم هەموو نوستالجیام تیایە، بۆ نموونە من کەرکووکم نەبینیوە، هاتووم بە ڕێگەی هەست و خۆشەویستی بۆ کەرکووک، بۆ کەرکووکم نووسیوە، بۆ گەرمیان و ئەنفال، بۆ شارەکان و ناوچەکانی دیم نووسیوە بە بێ بینین و هەبوونی زانیاریی بینراو سەبارەتیان. مەنفام بە خواستی خۆم هەڵنەبژارد، فشارێکی سیاسیی ناپەسندم لە لایەن دەسەڵاتێکی ناڕەسەنەوە لە سەر بوو بۆیە چارەیەکی دیم نەبوو جگە لە مەنفا هەڵبژاردن.

بۆ گەڕانەوەش نەخێر لە ئێستا بە تەمای گەڕانەوە نیم، تەنانەت لە داهاتوودا ئەو ئەندامانەی خێزانەکەشم کە ماون لەوێ دەیانهێنمە دەرەوە، گەر خۆیان ڕا نەگۆڕن. هەڵبەت خەون بە گەڕانەوەوە دەبینم، بەڵام پێم خۆشە لە کاتێکدا بێت سیستەمی ئەو وڵاتە هەندێک بەها و ڕێزی بۆ مرۆڤ بەرجەستە کردبێت، هەندێکی لە دکتاتۆریەتەکەی تێک شکاندبێت. کە ٢١ ساڵ بەر لە ئێستا کوردستانم بە جێ هێشت هەر وەکو ئێستا بوو، ئەو هەموو ماوەیە هیچ لە مەسەلەی ئازادی دەربڕین و ڕێزی پێنووس نەگۆڕاوە. بۆ نموونە من مرۆڤێکی سەربەخۆم و سەربەخۆ بووم، پێم وایە لەگەڵ ئەوەی حزبە کوردستانییەکان تا ڕەگ و ڕیشە گەندەڵ و بێ کەڵکن بۆ ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردی، لەگەڵ ئەوەشدا هەر حزبێک دەکرێ چەند کەسێکی باشی تێدا بێت بۆ ئەوەی

مامەڵەی لەگەڵ بکەیت لەو مەسەلانەدا کە بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵ و مرۆڤی تێدایە، بەڵام حزبەکان خۆیان ئەم ڕێزەیان بۆ خۆیان نییە، پێیان وایە تۆ دەبێت یان لەگەڵیاندا بیت یان دژیان، گەر لە تەکیاندا کارت نەکرد ئەوا دوژمنیت و دیارە لە دەرەوەی بازنەی کارکردن بۆ ئەوان هیچ مافێکیشت نییە. تەنانەت حزبە ئیسلامییەکان ٤١ ساڵ بەر لە ئێستا من کە بابەتێکم لە سەر نووسیون، بەر لە بڵاوکردنەوەی بۆ خۆیانم ناردووە بۆ ئەوەی وەڵامی بدەنەوە و وەڵام و ڕاکانی ئەوانیش بڵاو بکەمەوە، چونکە لەگەڵ ئەوەی من کەسێکی عەلمانیم بەڵام باوەڕم بە ڕا و ئایدۆلۆجیای جیاواز و مافی تاکە کەسی هەیە، بەڵام ئەوانی ئیسلامی خۆیان ئەم مافەیان بە خۆیان نەدابوو و قبووڵیان نەکرد. من مرۆڤێکم تەنیا ئایدۆلۆجیەک باوەڕم پێیەتی هیومەنیزمە، دەکرێ خەڵکی وەکو ئێمە لەبەرئەوەی خەون بە گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە دەبینێ لەگەڵ عەقڵی کۆمەڵایەتی مامەڵە بکات، بەڵام ناتوانم عەقڵی سیاسیی کورد بەو ئاستەوە کە بە هۆی وڵاتم بە جێ هێشتووە قبووڵ بکەم.

لەگەڵ ئەو هەموو تەنگەژەشدا بیرم لە پێوەستبوون بە خوێندکاران و قوتابییانی کوردستانەوە کردەوە، من ماوەی دوازدە ساڵە لە مەنفادا دەژیم، ئەم دوازدە ساڵە بە لای هەر باخێکی جوان و دەریا و ساختمانێکی جواندا تێپەڕیبێتم لە دڵی خۆمەوە گوتوومە خۆزگە دەمتوانی ئەمەم ببردایەتەوە بۆ وڵاتی خۆم، کە سەیری کارەبای بەردەوام، ژیگەی پاک و هەمیشە ئاوی گەرم و سەلامەتیی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ناوماڵم کردووە ڕۆژانە گوتوومە خۆزگە خەڵکی کوردستانیش لەم جۆرە ژیانە بێبەری نەدەبوون، هەموو پاسێک کە بۆ کەمئەندامێک یان بەساڵاچوویەک ئوتۆماتیکی نزم بووەتەوە من هەموو خەمی کەم ئەندامەکان و بەساڵاچووانی کوردستانم بیر کەوتووەتەوە و خۆزگەم خواستووە بتوانم ئەو خزمەتەیان بۆ بەرمەوە و.. دەیان دیاردەی دی کە ڕۆژانە منیان کرۆشتووە و بوون بە بەرهەمهێنەری نۆستالجیا. پاشان بە خۆم گوت مادام ئەمانە خەونن و چوونەوەیان مەحاڵە من پێویستە خۆم لەو بوارانەدا خوێندەوار بکەم کە وڵاتی خۆمان زۆر پێوسیتیان پێیەتی، کۆمەڵێک خوێندنی جیاوازم تەواو کردووە لە دەرەوە، بە مەبەست ئەو بەشانەی لە کوردستان نییە و ئەو کەم و کووڕییانەی کوردی ئەو پارچە ئازادە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سایکۆلۆجیا پێویستیەتی. بە نیازی ئەوەی ئەگەر بە یەکجاریش نەگەڕێمەوە هەوڵ بدەم ساڵانە چەند جارێک بگەڕێمەوە و ئەمانە بگەیەنم بە خوێندکاران و لاوانی وڵات. چونکە لاوان بەشخوراوترین چینی کۆمەڵن و چاوەڕوانی گەورەیان لێ دەکرێ بە بێ هیچ هۆشیارکردنەوەیەکی ڕاستەقینە، بە بێ ئەوەی لانی کەم ژیانی لاوێتییان پێ ببەخشرێت. بەڵام ماوەیەک بەر لە ئێستا لە کۆنگرەیەکدا بەشداریم کرد و بە داواداچوونم لەگەڵ لانی پێوەندیدار و حکوومەت کرد و تێگەشتم ئەوەی خەمی حکوومەت و خوێندنی باڵا و لایەنەکانی دیی دەسەڵات نییە لاوان و هۆشیاریی لاوانە، هەبوونی زانستی نوێیە لە کوردستان..

* بە هۆی نائارامیی بارودۆخی کوردستان و عێراق یان هۆکاری تر لە پشت

بڕیارەکەتەوەیە بەرانبەر بە خێزانەکەت؟

– نا هیچ پێوەندیی بە نائارامییەوە نییە، ئێمە ڕاهاتووین بە نائارامی و لە ناویدا گەورە بووین. من کە هاتمە دەرەوەی کوردستان کارم بۆ هەموو خێزانەکەم کرد، دەبوو هەموومان بە یەکەوە بێینە کەنەدا، بەڵام دایکم دایکی شەهیدە و وتی گۆڕی کوڕەکەم بەجێ ناهێڵم و بۆیە لەگەڵ خوشکەکانمدا بڕیارمان دا من و دوو برای بچووکم هەبوو لەگەڵ خۆم بیانبەم، من ئەوان گەورە بکەم و ئەوانیش دایکم بەخێو بکەن، دەڵێم بەخێوکردن چونکە دایک کە منالّی دەکوژرێت ئیتر خۆشی دەبێت بە زیندوویەکی مردوو ناتوانێت تەنانەت ئەرکی خۆشی هەڵگرێت نەک منالّ بەخێوکردن، بەڵام هەر کاتێک ئامادە بێت دەستبەرداری گۆڕی براکەم بێت لەوێ نایانهێڵم و دەیانهێمە دەروە، ئەگەر خۆیان بڕیاریان نەگۆڕن، چوون پێشتر پێم وا بوو هەر شتێک بەرانبەر من کرابێت لە ناو کورددا لە بەر ئەوە بووە نووسەرێکی ڕەخنەگرم و دەسەڵاتی کوردیش بە هەموو ناوە جیاوازەکانیانەوە فیودالیزم و دیکتاتۆرن و یەک ڕەخنە و ڕای جیاوازیان پێ قبووڵ ناکرێت، دوو فکری ژنیان پێ قبووڵ ناکرێت. بەڵام دووەم بۆچوونیان لە ناو کورددا ئەوەندە زاڵە هەموو بوارەکانی گرتووەتەوە، دوو خوشکم لە کوردستاندا دەژین، هەردووکیان لە قوتابییە یەکەمەکان بوون، یەکێکیان یەکەم کچی کوردە خوێندنی باڵا لە سینەمادا دەخوێنێت لە دەرەوە، ئەوی دیشیان بەو باردۆخە هەژارەی خوێندنە لە کوردستاندا دوو دۆزینەوەی نوێی لە بایۆلۆجیا بۆ یەکەم جار لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردووە، هیچ کام لە بەهرەی ئەم دوو مرۆڤە لە چەندان لاوە قوربانییە بەهایەکی بۆ دانەنراوە لە ناو کورد و لە عێراقیشدا، لە هەموو دنیادا قوتابییەک کە دۆزینەوەی نوێ دەکات یەک خێرا دەکرێ بە ناوییەوە، چونکە وەکو سامانێکی نەتەوەیی چاوی لێ دەکرێ، دووەم حکوومەت هەموو ئەرکێکی خوێندن و مینحەی تایبەتی دەداتێ بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە سەر ئەو پڕۆژەیە و دۆزینەوەی زیاتر بەرهەم بهێنێت چونکە وەکو سامانێکی نەتەوەیی چاوی لێ دەکات. لای ئێمە دەسەڵاتی کوردی تەنیا خۆی بە سامانی نەتەوەیی دەزانێت و "مالکی"یش کە دەگات بە نەوتی کەرکووک بە عێراقی دەزانێت و بە ئەرکی خۆی دەزانێت لووشی بدات، بەڵام کە دەگات بە کەیسێکی لەم جۆرە ئەوە کچێکی کوردە ئەرکی ئەو نییە وەکو هەر دەوڵەتێکی ئەم دنیایە ئەرک و فەرمانی خۆی جێبەجێ بکات.

* تۆ کە چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤی و چەند بەرپرسیاریەتییەکی تریشت هەیە، چۆن کاتت بۆ نووسینەوە هەیە؟

– هەموو دێریک نووسین لە سەر حسابی کاتی خەوتنی خۆم و یان کاتی کارکردنم بووە، هەندێ جار کارم نەکردووە بۆ ئەوەی بنووسم، بەڵام کاریگەریی خراپی بۆ سەر ژیانی ئابووریم هەبووە، زۆر جار نەنووستووم ئەمەش کاریگەریی بۆ سەر تەندروستیم هەبووە. یەک جاریش ماوەیەک وازم لە خوێندن هێنا بۆ ئەوەی بنووسم، بە گشتی ئاسان نییە بۆ من نووسەر بم لەگەڵ ئەو هەموو

ئەرکە، بەڵام نەنووسینیش مەرگە..

* پرۆژەکانی داهاتووت لە بواری ئەدەبدا کامانەن؟

– کۆمەڵێک کتێبی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی تەواونەکراوم هەیە کە بە هۆی نەبوونی کاتەوە تەواو نەبوون و نازانم کەی تەواو دەبن، لە ناویاندا پرۆژەیەک لە سەر کەرکووک و گەرمیان هەیە، بە هۆی ئەوەی من ئەو شوێنانەم نەبینیوە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی هەیە نەمتوانیوە تەواویان بکەم، بابەتێکی نوێ و بە بۆچوونێکی تەواو جیاواز لە بۆچوونە وتراوەکان لە سەر کوشتنی ژن هەیە، پیاچوونەوە و هەڵەبڕیی ماوە تەواو ببێت، خوازیارم بتوانم لانی کەم ئەو پڕۆژەیان زوو تەواو بکەم.

* ئەو کتێبە کامەیە کە دانانی خەونێکە بەلای تۆوە؟

– خەون بە تەواوکردنی پڕۆژەیەکەوە دەبینم، چەندان ساڵە لە بەرنامەمدایە لە سەر ژنی کوردە بە گشتی، دەمەوێت بە زمانی کوردی و ئینگلیزی بێت، ئەم پڕۆژەیە پێویستی بە سەفەرە بۆ شوێنی جیاواز، دیدار و تێڕوانین لە ژیانی گرووپی جیاواز هەیە، بیرت نەچێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئێمە تەنیا نەتەوەیەکین گەریلای ژنمان هەیە لەو ئاستە باڵایەدا، هێزی سەربازی و پۆلیس و پێشمەرگەی ژنمان هەیە، ژنی ئێمە تەنیا ئەو بێدەسەڵات و لاقەکراو و چڵکگرتووە نییە کە میدیاکانی جیهان پیشانی دەدات، پیاوی کورد تەنیا ژنکوژ و گەندەڵ و ناپاکەکان نین کە زوومی میدیایان لە سەرە، کوردی ڕاسەتەقینە تا ئێستا میدیا باسی نەکردووە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە پێویستم بە پاڵپشتیی مادی و مەعنەوی و ئاسایشیش هەیە، ئەمەشیان بۆ من نەبووە، لە کوردستان هیچ سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە نییە ئەم جۆرە هاوکارییەی نووسەر بە شێوەیەکی گشتی بکات، هەر نووسەرێک ئەندامی حزبەکان، یان دەزگە ژێربەژێرەکانیان بێت بە دەیان ناوی بێ ماناوە مووچە وەردەگرن، بە ناوی دەیان پڕۆژەی لە بووندا نەبووەوە پارە وەردەگرن، لە دەرەوە کە پرسیم گوتیان ئەگەر لە سەر کوشتنی ژن بە ناوی شەرەفەوە پڕۆژەکەت بکەیت هاوکاریت دەکەین، وەکو وتم لە سەر ئێمەی جاهل و دواکەوتوو، لەوانی فریادڕەس بە ئاسانی هاوکاریت دەست دەکەوێت. بەڵام دەسەڵات و حکوومەتی کوردی چەندان ژنی بێ ئاستی بێگانەی ئەمەریکایی و ئەوروپایی و شوێنەکانی دیی هێناوەتەوە کوردستان یان ساڵانە دەیان سەفەریان پێ دەکات بۆ کوردستان... بۆچی؟! بۆ وەڵامێکی زانستییانە بە نیازم پێوەندی بەو ژنانەوە بکەم و فکرە و نووسینەکانیان بدەمێ و مادام ئەوان لە خۆمان مافدارترن لە کوردستاندا پێیان دەڵێم چی بکەن و پڕۆژەکەیان دەخەمە بەر دەست بە ناوی خۆیانەوە جێبەجێی بکەن، خوازیارم دانەیەکی تیا بێت خاوەنی ئەوەندە توانا بێت کە تەنیا کارە مەیدانییەکەی بکات.

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ
# ژنە نووسەری عێراقی هەدیە حوسین

سازدانی: م. لینکس کوالی

"داهێنان لە ژێر سێبەری ترسدا دروست نابێت، بەڵکە لەسایەی فەزایەکی ئازادیی فرەواندا دروست دەبێت". هەدیە حوسین

وڵاتەکەی "عێراق" زۆر لێوەی نێزیکە، هەرچەندە ماوەی چەندان ساڵە لێی دوور کەوتووەتەوە، وڵاتەکەی وەکو تابلۆیەک وایە، چەندە لێی دوور بکەویتەوە باشتر دەردەکەوێت. عێراق شوێنی هەر حەوت ڕۆمانەکانیەتی، هەروەها هەموو پاڵەوان و کەسایەتیی ڕۆمانەکانیشی عێراقین، تێیدا بیرەوەییە ناخۆشەکانی جەنگ و تاوانکاری دەگێڕێتەوە، کە هەموو سیما جوانەکانی وڵاتەکەیان لێ سەندووەتەوە. ژنە نووسەری عێراقی "هەدیە حوسین" لەگەڵ ژنە ڕۆژنامەوانی ئەڵمانی "لینکس



........................................................

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

کوالی" باس لە کاریگەریی تاراوگە دەکات، بەسەر کارە ئەدەبییەکانیەوە.

* ئاخۆ کردارێک یان چەند کردارێک وایان لێ کردوویت کە بەرەو نووسینت بەرن؟ بە واتەیەکی تر، ئاخۆ سەرەتای نووسینت، کاردانەوەیەک بوو بەرامبەر بە شتێکی دیاریکراو؟

– سەرەتا وەڵامی دووەم بەشی پرسیارەکەت دەدەمەوە: هیچ شتێکی دیاریکراو یان ڕووداوێکی کتوپڕ نەبووەتە هۆی ئەوەی کە ژیانم بگۆڕێت و بەرەو ڕەوتی نووسینم بەرێت، بەڵکە کۆمەڵێک هەلومەرج و ڕەوشی لەبار لەکاتی منداڵمیدا بەتایبەتی، ڕێگەیان بۆ ئەوە خۆش کرد کە دەست بکەم بە نووسین، ئەمانەش هەموویان وەکو زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراو وا بوون، کە هەموویان پێکەوە بەسترابوون.



بەرگی ڕۆمانی "پاش خۆشەویستی"
بە زمانی ئینگلیزی

من لەناو خانەوادەیەکدا گەورە بووم، کە حەزیان بە شیعر و گۆرانی بوو، باوکم شاعیرێکی میللی بوو، زۆربەی خزم و کەسوکاریشم یان شاعیر بوون یان شیعری زۆریان لەبەر بوو. لەلایەکی تریشەوە، لە ماڵی خۆماندا ئامێرێکی گرامافۆن و سەدان قەوانی گۆرانیبێژە ناودارەکانی عێراق و عەرەبی لێ بوو.

ماڵەکەمان دەکەوتە سەر کەناری ڕووباری "دیجلە" کە گەورەترین ڕووباری عێراقە، ئەم ڕووبارەش هەموو خەیاڵمی پڕ کرد لە ئەفسانەکانی ئاو بەگشتی و ئاوی ڕووبارەکان بەتایبەتی، لەهەمان کاتیشدا کاریگەریی ئەم ڕووبارەی بەسەر ژیانی عێراقییەکانەوە بۆ دەرخستم. جێگەی گوتنە باوکم هانی دەدام کە کتێب بخوێنمەوە و هەر خۆشی کتێبی بۆ پەیدا دەکردم.

لەسەرەتای پرۆسەی نووسیندا، وام هەست دەکرد کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبمە شاعیرێکی مەزن، بەتایبەتی پاش ئەوەی خەڵاتی باشترین خوێندکارم لەسەر ئاستی هەموو قوتابخانەکانی بەغداد وەرگرت، لەو کاتەدا من لە قۆناخی دواناوەندی بووم. لەپاش ئەمە، پرۆسەی خوێندوە لەلام زیادی کرد و سنوورەکانی فرەوانتر بوون. هەر لەپاش ئەمەش "چیرۆک و ڕۆمان" بوونە بایەخی سەرەکیی من.

* ئاخۆ پێوەندیت لەگەڵ نووسەران و خوێنەرانی عێراقی چۆنە؟

– لەپاش دەرچوونم لە عێراق (من ماوەی ١٣ ساڵە عێراقم بەجێ هێشتووە)، لەسەرەتادا زۆر بەنهێنییەوە پێوەندیم بە نووسەرانی ناوخۆی عێراقەوە هەبوو، چونکە من لە لای ڕیژیمی پێشوو ناوم لەناو لیستی "ڕەش"دا بوو. بەڵام لەپاش ڕووخانی ڕیژیم واتە ساڵی ٢٠٠٣، کارەکان ئاسان بوون و پێوەندی بە نووسەران لەڕێگەی تەلەفوون و تۆری ئینتەرنێتەوە دەکەم، یان لەڕێگەی سەردانم بۆ "عەممان، پایەتەختی ئوردون"، کە تێیدا پێشتر ژیاوم، لێرە "عەممان"، فیستیڤاڵ و کۆڕی ئەدەبی و فەرهەنگیی زۆر دەکرێت، لەم بۆنانەدا کتێبەکانمان دەگۆڕینەوە و لەبارەی کێشەکانی وڵات و ڕووداوەکان، گفتوگۆ دەکەین و بۆچوونەکانمان دەگۆڕینەوە.

* ئاخۆ جیابوونەوە و دوورکەوتنەوە لە ڕووی شوێنەوە لە وڵات، کاری کردووەتە سەر ئەوەی کە کارەکانت بە شێوەیەکی ئازادانەتر دەربکەون؟ ئاخۆ ئەم هەستە کاری کردووەتە سەر کتێبەکانت؟ ئێوە پێتان وایە گەر لە عێراق بتاننووسیبایە جیاوازتر بوو لەوەی کە لە دەرەوە دەنووسن؟

– هەرچەندە من ساڵی ١٩٩٩ عێراقم بەجێ هێشتووە، لێ هیچ وەختێک لە ڕووی "مکان، شوێن"ەوە لە کاتی نووسیندا، لێی دوور نەکەوتوومەتەوە هەر حەوت ڕۆمانەکەم "شوێن و کەسایەتییەکانی" عێراقین، هەروەها من دژی ئەو جەنگانە دەنووسم کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەرۆکی وڵاتەکەمیان گرتبوو و، هەموو سیمایەکی جوانییان لێ سەندەوە.

لەو کاتەی کە من لە وڵاتەکەم دوورکەوتمەوە، وڵاتەکەم لە من نێزیک بوویەوە، ڕێک وەکو ئەو تابلۆیەی کە چەندە لێی دوور بکەویتەوە جوانتر دەردەکەوێت. دیارە لەگەڵ دەرچوونم لە عێراق، توانیم بەشێوەیەکی ئازادانە گوزارشت لەو بۆچوونانە بکەم کە دەمویست بیڵێم، چونکە من لەژێر سایەی ڕیژیمی دیکتاتۆری ملهوردا دەژیام، بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی بە بۆچوونی ئازاد نەدەدا.

دیارە بەنیسبەت وڵاتی ئوردونیشەوە، هیچ وەختێک هەستم بەوە نەکردووە کە من کەسێکی بێگانەم، ئەم وڵاتە باوەشی خۆی بۆ والا کردم و دەرگەی دڵی خۆی بۆ کردمەوە و یارمەتیشی دام، هەتاوەکو ئەو ئازار و ناخۆشییانەی نێوان خۆم و وڵاتەکەم لەبیر بەرمەوە. دیارە من لەگەڵ هاوڵاتییانی ئەم وڵاتە لە ڕووی زمان و مێژوو و ڕۆحەوە هاوبەشم، هەر لەبەرئەوەشە، کە هەموو ڕۆمان و چیرۆک و وتارە ڕەخنەیییەکانم لێرە نووسیوە.

لێ نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، کە دوورکەوتنەوەم لە عێراق بەشێکی ئازارکێشە لە ژیانم و کاریگەرییەکی نیگەتیڤانەشی هەبوو لەسەر نووسینەکانم، چونکە من ئاگەداری دوایین جەنگ نەبووم و چونکە لەوێندەر نەژیام، ئاگام لەو هەموو کارە تاوانکاری و چەتەگەرییە نەبووە، لەبەرئەوە

ئەم بەشە لە نووسینەکانمدا دیار نییە، یان بە واتەیەکی تر ئەم بەشە نابێتە بەردی بناخەی کارەکانم.

بەڵام لەبەرامبەر ئەوەش کاریگەریی پۆزەتیڤیشی "باش" هەیە، چونکە من ئازاد بووم لەبەرئەوە توانیم لەسەر جەنگەکانی پێشوو بنووسم کە خۆم تێیاندا ژیاوم، هەروەها باس لەو زوڵمە بێ سنوورەی ڕیژیم و میلیتاریزمکردنی هەموو ژیانی کۆمەڵگە و شاردنەوەی گەنجان لە زیندانییە نهێنییەکانی ڕیژیم بکەم، هەروەها هەموو ئەو تاوانە زۆرانەی کە جیهان ئاگەداری نییە یان لە مێژووییاندا نەیاندیوە لەسەریان بنووسم. من بەبێ ترس بەرهەمەکانی خۆمم دەنووسی، لەو کاتەشدا ڕیژیم لەوپەڕی دەسەڵاتیدا بوو، هەروەها لە هەموو کون و قوژبنێکی وڵاتانی دراوسێشدا چاوی هەبوو*.

* بۆچوونتان لەبارەی سانسۆر و سانسۆری تایبەتی چییە؟ هەستتان چۆنە لەبارەی ڕەقیبی دەرەکی و ناوەخۆیی "ناخی مرۆڤ"؟ بۆچوونتان لەبارەی پێوەندیی نووسەر بە ترس و ئازادبوونی لە ترس چۆنە؟

– دیارە چاودێریکردن لە هەموو وڵاتاندا هەیە بەڵام بە پلەی جیاواز، بەڵام لە وڵاتە عەرەبییەکاندا چاودێریکردن کارەساتە. داهێنەر هەست دەکات کە دەقەکانی ناگەنە لای خوێنەران، ئەویش بە بڕیارێکی ڕەقیبێک، کە زۆر جار هیچ ڕۆشنبیرییەکی ئەدەبیی نییە، بەڵکە تەنیا ئەندامێکە لە ئەندامەکانی ئەو دەسەڵاتە، سەیری دەقەکە دەکات، لێرە و لەوێ دەستەواژەیەک یان ڕستەیەک، مانایەک، کاری تێ دەکات لەپاشان دەقەکە قەدەخە دەکات.

بەڵام چاودێریکردنی تایبەتی "خودی مرۆڤ" کارێکی زەحمەت و ئاڵۆزە، چونکە ئەم چاودێریکردنە بە ترس لە ڕیژیمێکەوە گرێ دراوە کە دەسەڵاتەکەی لە ترساندنی خەڵکیدا ماوەتەوە، واتە ترسەکە لەناخی داهێنەرەکەدا دەمێنێتەوە. ئەمەش وای لێ دەکات کە وابەستە بێت پێوەی "واتە بە ترسەکەوە".

بەم شێوەیەش ئەو دەست دەکات بە لەقاڵبدانی کەسایەتی و چیرۆکەکانی و لە هەموو گوزارشتێکی ئازادانە دووریان دەخاتەوە. لەبەرئەوە هەر نووسەرێک لەم چاودێرییە ڕزگاری بێت، زۆر زووتر دەگاتە لای دڵ و عەقڵی خوێنەرانی لەچاو ئەو نووسەرەی کە لە هەردوو چاودێرییەکە دەترسێت "واتە چاودێریکردنی دەرەکی و ناوەخۆیی". داهێنان ناتوانێت لەژێر سایەی ترسدا بژی، بەڵکە لەژێر سایەی فەزایەکی ئازادی فرەواندا دەژی. دوایین ڕۆمانم ناوی "من دەترسم"ە. باس لەو ترسە دەکەم کە لە سەرەتاکانی ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی پێشوودا ڕووبەڕووی هەموومان بوویەوە، کاتێک لەپاش ڕاپەڕینەکەی دژ بە ڕیژیم کە هەموو عێراقی گرتەوە، لەو پەڕی باشوورەوە تاوەکو ئەوپەڕی باکور، کە ئەمش وای کرد ڕیژیم هەموو وەسیلەیەکی ئەمنی و سەرکەووتکەرانە

لەدژی ئەم ڕاپەڕینە بەکار بهێنێت.

هەروەها لەم ڕۆمانەمدا باسم لەو ترسە کردووە کە لەناخی هەموو تاکێکی عێراقیدا دەژی، بەشێوەیەک وای لێ هاتووە زیاتر ترسی لە دەرچوونی قسەیەک بێت تاوەکو دەرچوونی قاچی.

* پێوەندیی نێوان مێژوو و بیرەوەری دوو تەوەری سەرەکین کە گرینگییان پێ دەدەیت، ئایا بۆچوونتان لەبارەی ڕۆژمێری فەرمی و ڕۆژمێری نافەرمی چۆنە و، لە کاتی نووسیندا چ ڕووبەڕووبونەوەیەک لە نێوان بیرەوەریی گشتی و تایبەتیدا دەبینیتەوە؟ ئاخۆ ئێوە سەرەتا دەست دەکەن بە لێکۆڵینەوە ئینجا دەنووسن؟ بەپلەی یەکەمیش پشت بە بیرەوەرییەکانتان دەبەستن یان بە خەیاڵتان؟

– من مەیلم زیاتر بۆ مێژووی زارەکی "شەفەهی" هەیە، سەرەتا لە نێزیکەوە دەست دەکەم بە لێکۆلینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەو کاتەدا لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا ژیاون، چونکە مێژووی نووسراو لای ئێمە مێژوویەکی شێوێنراوە، مێژوویەکە کە حاکم و سیاسییەکان بۆ خۆیان دەینووسنەوە.

بەڵام کاتێک بۆ ئەو مەبەستە ناچار دەبم، زۆر لەسەر ئەو زانیارییە دەکۆڵمەوە کە دەستم دەکەوێت. لەبارەی بیرەوەریشەوە، دەتوانم بڵێم کە هیچ وەختێک لەیادم ناچێت من لەڕێگەی بیرەوەرییەکانمەوە ڕۆمان و چیرۆکەکانم دەنووسم، بە تێپەڕبوونی زەمەنیش بیرەوەرییە شەخسییەکانم لەگەڵ بیرەوەرییەکانی کۆمەڵگە تێکەڵ بوون، چونکە ئازارەکانی وڵات لە ئازارەکانی خۆم گەورەترن، کێشەکانیشی زۆر لە کێشەکانی خۆم زیاتر و قووڵترن. هەر لەبەرئەوەشە سەیر دەکەیت کە من هیچ ئیهمالیم نەکرووە لە نووسینی ئەو کارەساتانەی کە ڕووبەڕووی وڵاتەکەم بوونەتەوە هەرچەندە من لەوێندەریش نەماوم و لێی دوور کەوتوومەتەوە.

کاتێک شتێک پێوەندیی بە ڕووداوێکی ڕاستەقینەوە هەبێت، بەدواچوونی تایبەتی بۆ دەکەم. پاشان لێکۆڵینەوەی وردی تێدا دەکەم، ئینجا بەشێکی بچووکی لێ هەڵدەبژێرم و کۆشکی ڕۆمانەکەمی لەسەر دروست دەکەم، چونکە نووسینی ڕۆمان یان چیرۆک، ڕووداوەکان وەکو شێوەی ڕاستەقینەی خۆیان وەرناگرێت، بەڵکە بە ناچاری هەر دەبێت "خەیاڵ و هونەر"ی تێکەڵ بکات.

جێگەی گوتنە کاری ڕۆماننووس وەکو کاری مێژوونوس نییە، لەبەرئەوە دەتوانین لە کاتی نووسینی ڕۆمانێک لەو بابەتە بەشێکی لێ ببڕین یان بیگۆڕین. پاشان بیرەوەرییەکان بەوپەڕی هێزی خۆیەوە کار دەکات و هەموو شتەکان لە گەنجینەکەی خۆیدا دەردەهێنێت و دەیخاتە بەردەستم، هەروەها توانێکی خەیاڵیی باشیشم هەیە، کە دەتوانێت کارێکی هونەری بخوڵقێنێت.

* ئاخۆ ژیانت لە کەنەدا، توانیویەتی هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر چەمکەکانتدا لەبارەی خوێندنەوە و نووسینی ڕۆمانەکانت بهێنێت؟ ئاخۆ هیچ بیر لە خوێنەری کەنەدایی دەکەیتەوە؟ ئاخۆ هیچ دەچنە ناو ئاوەزتەوە؟ یان بڕیارت داوە تەنیا بۆ خوێنەری عەرەبی بنووسیت؟

– هەتاوەکو ئێستاش هەر بە عەرەبی دەنووسم، هەر لەبەرئەوە هێشتا بۆ خوێنەری عەرەبی دەنووسم. لەڕاستیدا حاڵی حازر بیر لە خوێنەری کەنەدایی ناکەمەوە، چونکە هێشتا بەزمانی ئەوان نانووسم.

لەوانەبێت پێوەندیمان باش بێت کاتێک کەسێک بێت و کارەکانم بۆ زمانی ئەوان وەربگێڕێت، یان لە حاڵەتێکدا کە من زمانی ئینگلیزییەکەم باش بێت و بتوانم بە زمانی ئینگلیزی بنووسم.

لەحاڵی حازردا ڕێگری زمان بڕیار لەسەر ئەم پێوەندییە دەدات، من خۆشم ئێستا کار بۆ ئەوە دەکەم کە زاڵبم بەسەر ئەم ڕێگرەدا. ئێستاش بڕیارم داوە لەپاش تەواوبوونی ئەو ڕۆمانەی کە لەبەر دەستمدایە، هەموو هێز و توانی خۆم بخەمە کار بۆ ئەوەی زمانی ئینگلیزی فێر بم، هەروەها دەشمەوێت کارە ئەدەبییەکان بەزمانی ئەسڵی خۆیان بخوێنمەوە نەک بە زمانی وەرگێڕی عەرەبی.

لەبیریشتان نەچێت کە من تازە هاتوومەتە وڵاتی کەنەدا. هەروەها گۆڕانکارییەکیش لە کارەکانمدا ڕوویان داوە بەتایبەتی ئەوانەی کە ئێستا کاریان تێدا دەکەم، ئەویش ئەوەیە: کە کەسایەتیی کەنەدی، بەتایبەتی ئەوانەی لەگەڵیاندا ژیاوم چوونەتە ناو کارەکانمەوە، ئەو کەسایەتییانەش ئەوانەن کە بە ڕێکەوت چاوم پێ کەوتوون و چوونەتە ناو ئاوەزمەوە، هەرچەندە ئەو کەسایەتییانەش خوێنەری من نەبوون.

* ئاخۆ بوونت لەکەنەدا هیچ لە کەسایەتیت دەگۆڕێت یان دەتوانێت پێوەندیت بە ڕۆئاوا و سیاسەتیان بگۆڕێت، بۆ نموونە هەڵوێستی هەدیە بەرامبەر بە ئەمەریکا پێ دەچێت بگۆڕێت؟

– دیارە کەسایەتییەکان لەناو کارەکانم شتێکن و لە ژیانی واقعیشدا شتێکی ترن، گەر گۆڕانکارییەک لە کەسایەتییەکاندا هەبێت کە پێوەندییان بە ڕۆئاواوە هەیە، ئەوا ئەو گۆڕانکارییە لەژێر سایەی کاری هونەری و سنووری ئەو کارەیە کە دەینووسم.

هەڵوێستی من بەرامبەر بە گەلی ئەمەریکا جیاوازە لەگەڵ سیاسەتی ئەو وڵاتە. من ڕێزم هەیە بۆ گەلی ئەمەریکاییی مەدەنی، لێ من هەڵوێستێکی تەواو جیاوازم هەیە بەرامبەر بەو سیاسەتەی ئەمەریکا کە لە بەرامبەر گەلانی گێتیی سێیەمدا پێڕەویی دەکات، با من وەڵامی پرسیارەکە درێژ نەکەمەوە، تەنیا باسی ڕەوشی عێراق دەکەم.

ڕاستە ئەمەریکا گەلی عێراقی لە چنگی ڕژێمێکی دیکتاتۆری ڕزگار کرد، لێ سەیری ڕەوشی ئێستای عێراق بکە، بزانە گەلی عێراق بە هەزاران کەس بوونە قووربانی و وڵاتەکەش بەتەواوەتی خاپوور و وێران بوو.

* چۆن دەڕوانیتە داهاتووی نووسین و چاپ و بڵاوکردنەوەی عێراقی؟ تۆ لەو باوەڕەدایت کە ڕەوشی عێراق باش بێت؟ ئایا دەکرێت سواری فڕۆکە بیت بگەڕێیتەوە بەتایبەتی گەر پێوەندیی بە کارێکی نووسینەوە هەبێت؟

– دەگەڕێمەوە بۆسەر باسی چارەنووسی نووسین و چاپ و بڵاوکردنەوە لە عێراقدا، دەتوانم لەم بارەیەوە بڵێم: بەرهەمی داهێنەرانەی عێراقی زۆرن، لێ هیچ دەزگەیەکی ڕۆشنبیریی وا نییە کە لەناوەخۆی عێراقدا بایەخ بەم کارانە بدات. دیارە لە عێراقدا تەنیا یەک دەزگەی چاپی حکوومەتی هەیە.

لەلایەکی تریشەوە زۆر کەم دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی تایبەتیش هەیە، کە زۆرێک لە نووسەران ناتوانن بەرهەمەکانیان بۆ بەرن، چونکە دەزگە تایبەتییەکان داوای پارەیەکی زۆریان لێ دەکەن، هەتاوەکو بەرهەمەکانیان بۆ چاپ و بڵاو بکەنەوە.

ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو ڕەوشەوەیە کە لە جیهانی پێشکەوتوودا هەیە، کە نووسەرەکان دەتوانن لەڕێگەی دەستکەوتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیانەوە بژین. هەر لەبەرئەوە دەتوانم بەوپەڕی ڕاشکاوانە پێتان بڵێم کە من هیچ گەشبین نیم بەرامبەر بە چارەنووسی چاپ و بڵاوکردنەوە لە عێراقدا، هەتاوەکو ئەو ڕەوشەی ئێستا بمێنێت، یان گەر بێت شێوازی کارکردن لەگەڵ کاری ئەدەبیدا بگۆڕێت، ئەمەش بە کارێکی زەحمەت و نەکردەی دەبینم، باوەڕیش ناکەم لە چەند ساڵی داهاتوودا هیچ گۆڕانکارییەکی لەم جۆرە ڕوو بدات.

---

* نووسەر مەبەستی ئەوەیە بلێت کە ڕژێم پیاوی سیخوڕی خۆی لە وڵاتانی دراوسێدا هەبووە و کاری سیخوڕیی بەسەر کۆچبەرە عێراقییەکانەوە دەکرد... وەرگێڕ.

سەرچاوە: سایتی Qantaraی ئەڵمانی

# ماخۆلان

زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی

ماخۆلان نارێکییەکی ئاڵۆسکاو و نادیاری دەروونییە کە پێشتر پێی وتراوە یەکێک لە نارێکییە دەروونییە ماندووکەرەکان. لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە ئاماژە دەکەن کە ٢-٣٪ی منداڵان بە دەست ئەم نارێکییە دەروونییە دەناڵێنن کە کاریگەریی وێرانکەری لەسەر وێنەی کەسی و کارەکانی قوتابخانە و پێوەندیی نێوان منداڵ لەگەڵ هاوەڵ و ماڵباتدا هەیە.

ماخۆلانی لەڕادەبەدەر OCD دوو جۆرە، بایۆلۆجی و دەروونی.

هیچ لێکۆڵینەوەیەک تا ئێستە هۆکاری تەواوی ئەو ماخۆلانە زۆرەی دیاری نەکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نارێکییە ئێستە وەک دۆخێکی دەروونی چارەسەر دەکرێ کە زۆر لە دەروونناسان بڕوایان وایە نارێکییەکە هەردوو خەسڵەتی هەستەدەمار و دەروونیی هەیە. زۆربەی دەروونناسان بۆ ئەوە دەچن کە نارێکییەکە ڕوودەدا ئەوکاتەی بەشێک لە مێشک کێشەی لە پێوەندیکردن بە بەشێکی تریەوە هەبێ. لە هەندێک توێژینەوەدا ئەو نەتوانینی پێوەندیکردنە بەستراوەتەوە بەدابین نەکردنی تەواوی سێرۆتۆنین لە لەشدا کە مادەیەکی کیمیای ژیانیی ناوەکییە کە وەک پەیامبەر لە مێشکدا کارەکانی دەکا.

توێژەرەوەی تر وای بۆ چوون کە ماخۆلان و ئەو نارێکییانەی پێوەندارن بە نائارامی، لە مێشک ڕوودەدەن لەگەڵ چالاکبوونی مادەی کیمیاییی ژیانیی تر بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکان بۆ خۆئامادەکردن بۆ هێرشە ترسناکەکان (گوێزەرەوەی هەستەدەماری وەک نۆرپینەفراین کە سروشت و هەڵسوکەوت وەک دۆپەمین و سێرۆتۆنین، هۆرمۆنی خۆشی، ڕێک دەخا. هەروەها ئەو مادەیە یارمەتیی ڕێکخستنی ڕووگرژی و نائارامی دەدا و خەمۆکی چارەسەر دەکا، بەڵام دۆپەمین کاریگەریی لەسەر سۆز، هەڵسوکەت و هەستکردن بە خۆشی و ئازار هەیە).

.............................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی

ئەوەش یارمەتیی تاکەکان دەدا بۆ خۆئامادەکردن بۆ مەترسییەکانی لەکارکەوتن. پێشوازیکەرەکانی کۆئەندامی دەمار کۆنترۆڵی سروشت، جووڵە و پاڵەپەستۆی خوێن و گەیشتنی جووڵەی ناو هەستەدەمارەکان دەکەن. بۆ نموونە نۆرپینەفراین لەرزین و نائارامی و هێماکانی جووڵەی زیاد دەخاتە کار.

ئەو پێوەندییەی خولیای زۆر بە چالاکییەکانی مێشک ئاماژە بەوە دەکا کە خولیاکە نەخۆشییەکی بایۆلۆجییە. ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکانی زوو لەسەر خولیای لەرادەبەر پاڵپشتیی ئەو گفتوگۆیە دەکەن: لەڕووی مێژووییەوە، ئەم نەخۆشییە پەرەی سەندووە لە نێوان ئەو کەسانەی کە نارێکیی بایۆلۆجییان هەبووە وەک برینی سەر بەهۆی شەڕەوە یاخۆ نەخۆشیی تورێت (تورێت دۆخێکە کە وا لە تووشار دەکا دەنگ و جووڵەی دووبارەبوو و خێرا ئەنجام بدەن کە ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن). نێزیکەی ٥٥-٧٤٪ لەو خەڵکانەی تووشارن بە تورێت، نیشانەکانی ئەم نەخۆشییەیان هەیە.

ئەو بەیەکچوونەی لە ڕوودانی ئەو دوو نارێکییەدا هەیە، یەکەمیان لەلایەن توێژەرەوانە ئاماژەی پێ کراوە کە خولیای لەرادەبەر پێوەندیی بە لادانی پێکهاتەی کیمیاییی مێشکەوە neuro- anatomical deviations هەیە.

هەندێک لە لێکۆڵەرەوان وردبوونەوەیان لە سەرچاوەی ژینە-هەستەدەماری ماخۆلانەکە، بایەخیان بە نەشتەرکاری دا بۆ چارەسەرکردنی نارێکییەکە لە لێکۆڵینەوەکەیان. ئەو نەشتەرکارییانە بەگشتی تەنیا بژارەن خراوەڕوو بۆ ئەو نەخۆشانەی زۆر کاریگەریی ئەم نەخۆشییەیان لەسەرە دوای هەموو ئەو بژارە دەروونی و چارەسەرییانەی سەرنەکەوتن بەهۆی ئەوەی نەخۆشەکەیان دووچاری مەترسیی خراپبوونی کۆئەندامی دەمار کردووە. ئەو نەشتەرکارییانە لەو باوەڕە دەکۆڵنەوە کە هەڵسوکەوتی مرۆڤی تووشار بە خەیاڵ و کرداری چڕ و لەرادەبەر بەشێکی کۆنترۆڵ کراوە بە پارچەکانی تری مێشک کە کۆنترۆڵی پرۆسەی زانین دەکەن، بەتایبەت بەشی پێشەوەی مێشک و ناوچەکانی ژێرەوەی توێژی مێشک (بۆ نموونە باسال گانگلیە، بنکە گرێ، ئەو بەشەی مێشکە کە بەرپرسیارە لە پێڕەوی فێربوون کە پێوەندارە بە ڕەفتار و نەریتی ئاسایی لەگەڵ پێکهاتە پەلەکانی مێشک کە کەوتوونەتە دەوری سالاموس). بۆیە لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتی منداڵی تووشاردان بە ئۆسیدی لە ڕێگەی نەشتەرکاری بۆ چارەسەرکردنی ناهاوسەنگیی دەماری کە ڕێگە بە دروستبوونی نائارامییەکە دەدا.

هەندێک لە دۆزینەوەکانی ناو توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەیەکی کەم لە منداڵان شیمانە هەیە بەدەست دوودڵیی کتوپڕ یاخۆ نیشانەکانی زیادبوونی دوودڵی بناڵێنن وەک ئەنجامێکی هەوکردنی بەکتریایی یان ڤایرۆسی. ئەو بیردۆزە گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکا کە دژەتەن (دژەتەن لە سیستەمی بەرگری دێنە دروستبوون بۆ شەڕکردن و پاراستنی جەستە لە بەکتیریا، ڤایرۆس و تەنی تری زیانبەخش) دێنە دروستبوون بۆ وەستاندنی هەوکردن کە بەشێکی دیاریکراوی مێشک هەڵدەئاوسێنێ کە دەبنە هۆی دروستبوونی نیشانەکانی دڵەڕاوکە زۆرەکە.

بۆیە ئەو بیردۆزە زیاتر دووپات لەسەر بوونی ڕەگی بایۆلۆجی لە نەخۆشیی ماخۆلان دەكاتەوە. لەلایەكی ترەوە، دوودڵی لە منداڵیدا زۆر جار بەستراوەتەوە بە ڕووداوی دیاریكراوی ژیان كە زۆر جار ڕووداوی ناخۆشن وەك مردنی كەسێك كە منداڵەكە خۆشی دەوێ، جیابوونەوەی باوان، گۆڕینی قوتابخانە و شوێن یاخۆ نائاسوودەیی لە قوتابخانەدا.

بۆیە زۆر لە دەروونناسان بڕوایان وایە كە ماخۆلان شیمانە هەیە سەر هەڵبدا لە بیركردنەوەی نەرێنی و بیرۆكەی نابەجێ لەگەڵ سەرچاوە كیمیا-ژیانییەكان.

ژمارەیەك لە لێكۆڵینەوە باسیان كردووە كە ئەو نارێكییە دروست دەبێ دوای ڕووداوی ناخۆشی ژیان و هەروەها گرژیی زیاتر یارمەتیی گێڕانەوەی دۆخی نائارامی و نارێكییەكە دەدا. لە لێكۆڵینەوەیەكدا كە لەسەر كاریگەرییە دەروونییەكانی دۆخی شەڕ لە سریلانكا هاتووەتە ئەنجامدان، ئاماژە بە بوونی نەخۆشییەكە دەكا لەو كەسانەی كە دووچاری دۆخی خورپەدار و ناخۆشی هاتوون لە دۆخی شەڕدا.

ئەو توێژینەوانە پاڵپشتی لەو هەڵوێستە دەكەن كە ئۆسیدی نەخۆشییەكی دەروونییە. ئەو ڕاستییەی كە نیشانەكانی ئۆسیدی ڕەفتارین، ئاماژە بەوە دەكا كە نارێكییەكە پێویستە بێتە چارەسەركردن لە ڕوانگەی دەروونی و بایۆلۆجییەوە.

## چۆن ئۆسیدی كار لە هەڵسوكەوت دەكا

ئەو كەسەی تووشاری ئۆسیدی بووە ڕووبەڕووی بیركردنەوە و خورپە و هاتنەپێشچاوی وێنەی زۆر و نابەجێی دووبارەبوو و بەردەوام دەبێتەوە. زۆربەی ئەو منداڵانەی بەدەست دوودڵی و ڕاڕایی دەناڵێن وەك دڵەڕاوكەیەكی توند پێناسەی دەكەن، بەڵام گرینگیشە ئاماژە بەوە بكەی كە ڕاڕاییی سەخت زیاترە لە تەنیا مەراقێكی زۆر لەبارەی كێشەكانی ژیان. ڕاڕاییی لەڕادەبەدەر بەدەوری ڕووداوی مەحاڵ و ناڕاستەقینە یاخۆ زێدەڕۆیی لە ڕووداوی ژیان دەخولێتەوە.

بۆ نموونە باوترین وڕێنە لە منداڵ بریتییە لە ترس لە پیسبوون، ئازاردانی خۆیان یان كەسانی تر و بایەخدان بە گونجان، جوتبوون، جەستە و ئاین.

لە كاتێكدا كەڵكەڵە پێكەوتن بریتییە لە بیركردنەوەی دووبارەبوو كە منداڵانی تووشار بە ئۆسیدی هەیانە، ئەوە پاڵدەری زۆرلێكردنەكە بۆ ئەنجامدانی كردارەكان بریتییە لە هەڵسوكەوتی دووبارەبوو، سووربوون و بەمەبەست و كردارە هزرییەكان كە منداڵەكە ئەنجامیان دەدا لە وەڵامێكدا بۆ خولیایەكە. ئەو ناڕەحەتییە دێتە ئەنجامدان بەگوێرەی یاسای بەزەبر و زەنگ و بە ئامانجی پاراستن و كەمكردنەوەی دڵتەنگیی منداڵ لە كاتی مەراقە زۆرەكەی. بۆ نموونە ئەو منداڵەی ناڕەحەتە بە پیسبوون بە میكرۆبەوە شیمانەی زۆری هەیە بەبێ تامی و زۆر دەستەكانی خۆی بشوا. ئێمە شایەتی دەدەین كە زۆربەی ئەوانەی تووشاری خولیای لەڕادەبەدەرن بەدەست پاڵدەری جۆرەوجۆرەوە دەناڵێن كە باوترینیان زۆر شوشتنی دەست و خۆشوشتنە (٨٥٪ی

دۆخەکان دەگرێتەوە) یاخۆ زۆر دووبارەکردنەوە، تاقیکردنەوە، دەستلێدان، ژماردن، هەڵگرتنی پارە و کاڵا، داواکردن و ڕێکخستن.

بەگشتی پاڵدەری دیاریکراو بەستراوەتەوە بە خولیای دیاریکراوەوە. بۆیە ئەو منداڵانەی بێزیان لە جێرم و پیسبوون دەبێتەوە یاخۆ پاشماوە و دەردراوەکانی مرۆڤ وەک لیک و میز و پیسایی، ئەوە ڕێی تێ دەچێ زۆر خۆیان بشۆن و پاک بکەنەوە. ئەوانەی خوویان بە ڕێکخستن و شیاندن گرتووە، بە بەردەوامی داوای کاڵاکان دەکەن و ڕێکیان دەخەن یاخۆ بەشێوەیەکی دووبارەکراو کاڵاکانی تر دادەنێن و دواتر دەری دێنن بۆ نموونە لەناو جانتاکان. بەڵام منداڵان دەناڵێنن بەدەست خولیایەکی بێهاوتا.

لە کاتی بوونم لە زانسگەی سان دیاگۆ ستەیت دوو ساڵ لەمەوبەر منداڵێکی ١٠ ساڵیم بینی کە خووی بەو بیرۆکەیە گرتبوو کە هەیکەلێکی شێوە پایپ لە سنگی دێتە دەرەوە. ئەو هەڵسوکەوتی زێدەی دەکرد بەمەبەستی پاراستنی خەڵک و ڕێگر بوو لەبەردەم نێزیکبوونەوەی خەڵک لێی و دواتر بە هێواشی دەستی بۆ پایپەکە دەبرد لە کاتی ڕاکێشانی یاخۆ لێی دەدا.

## چۆن ئۆسیدی کار لە پرۆسەی فێربوونی منداڵ دەکا

زۆر لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو گەنجانەی ئۆسیدییان هەیە سەرەتای دروستبوونی نارێکیی نەخۆشەکە لە پرۆسەی فێربوونی نائاساییی منداڵەکە دەدۆزنەوە.

بەگشتی یەک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی دروستبوونی ئۆسیدی بریتییە لە زیادبوونی هەستکردن بە بەرپرسیاری. بە تایبەت بیردۆزی زانینی ئۆسیدی، زێدەڕۆییکردن بە بەرپرسیارەتییەکی زۆر بە فاکتەرێکی گرینگ لە دروستبوونی نارێکییەکە هەژمار دەکا. هەروەها ئاماژە بەو پێنج شیمانەیە دەکا کە هاوکاریی پەرەپێدان و پارێزگاریکردنی ئەو هەستە زۆرە لە بەرپرسیارەتییەکە دەکەن کە بریتین لە:

ا- زیادبوونی هەستی بەرپرسیارەتی لە کاتی منداڵیدا هانی گەشەکردنی دەدرێ.

ب- ڕەقیی هەڵسوکەوت.

ج- سەرنەکەوتن لە بەرەنگاربوونەوەی ئەزموونەکانی منداڵی کە پێوەندارە بە بیرۆکەی بەرپرسیارەتی.

د- ئەو ڕووداوەی کە منداڵەکە بڕوای وایە کردەوەکەی یاخۆ تەمبەڵیەکەی بووەتە هۆی کێشەکە.

ه- ئەو ڕووداوەی پێ دەچێ بەهۆی بیرکردنەوەی منداڵەکەوە دروست بووبێ.

پرۆسەکانی تری زانین دەتوانێ ناسکی و لاوازیی منداڵەکە بۆ ئۆسیدی لاوازتر بکا. بۆ نموونە بەرزبوونەوەی پێوەرە ڕەوشتییەکان و بەتایبەت بەلاکەوتنی حەز بۆ بەشێک لە پرۆسەی زانین وەک "نەمانی هزر و کردار"، خەمۆکی و تووشبوونی نائارامی، دەکرێ منداڵەکە لاوازتر بکا لە بەرامبەر

تووشبوونی ئۆسیدی.

بەگشتی ئۆسیدی کار لە پرۆسەی زانینی منداڵ دەکا لە ڕێگەی بەزۆرلێکردنی هاندەرە هەستپێکراوەکەی زێدەڕۆییکرن بۆ ئەنجامدانی کرداری دیاریکراو. زۆربەی منداڵانی ئۆسیدی هەوڵ دەدەن پشتگوێی ماخۆلانەکەیان بکەن و بیشارنەوە. بەبێ چارەسەرییەکی دەروونیی تەواو، منداڵان زۆر جار ناتوانن ماخۆلانەکەیان کۆنترۆڵ بکەن. زۆر لە منداڵان ئەو ترسەیان هەیە کە بەرەو شێتبوون بچن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان ئەوە دەزانن کە ئەوەی بیری لێ دەکەنەوە نابەجێیە یاخۆ منداڵان پێیان بیرکردنەوەیەکی هیچ و گەمژەیە.

منداڵی تووشار بە ئۆسیدی بەو وێنانەی کە ناتوانن پشتگوێی بخەن دێنە بۆمبارانکردن. ئەو وێنانە وردبوونەوەی منداڵەکە لەو چالاکییانەی پێوەندار نین بە ماخۆلانەکە قورس دەکەن ئەگەر مەحاڵی نەکەن.

لە ڕاستیدا هەوڵەکانی منداڵەکە بۆ نەهێشتنی وێنەکان تەنیا دووبارەبوونەوەیان زیاد دەکا. ئەو کات بەخەساربردنەی بە وێنەکانەوە، وا لە منداڵانی تووشار بە ئۆسیدی دەکا بڕوا بکەن کە پێویستە کارێک ئەنجام بدەن، زۆر لە منداڵ دەکا ڕەفتاری ئاشکرا و چالاکیی هزری ئەنجام بدەن کە ورووژێنراوە بە وێنەی ماخۆلیان و دواتر لەگەڵ ڕۆتینی ئاسایی کارلێک دەکەن و توانی منداڵەکە کەم دەکاتەوە بۆ سەرنجڕاگرتن لە ماڵ و قوتابخانە. بۆ نموونە شیمانە هەیە منداڵێک خولیای ئەوەی هەبێ تا ١٢ بژمێرێ ١٢ جار بەدوای یەکدا بەو مەبەستەی سەگەکەی لە مردن بپارێزێ. مامۆستایەک شیمانە هەیە منداڵێک هەڵبسەنگێنێ کە کاتێک لە ڕێگەی پەنجەرەیەکەوە تەماشای دەرەوە دەکا ئەو کاتەی خولیای ناو مێشکی ورووژێنراوە و تێبینیی مامۆستاکە بریتییە لەوەی کە خەیاڵی قوتابییەکە ڕۆیشتووە یاخۆ قوتابییەکی تەمبەڵە یاخۆ هەڵگەڕاوەتەوە.

ڕەفتاری ماخۆلیان (نەسرەوتن لە بیرکردنەوە و ئەنجامدانی کار) کار لە پرۆسەی فێربوونی منداڵ دەکا بەوەی تەگەرە دەخاتە توانی منداڵەکە لە کاتی سەرنجڕاکێشاندا. سەرەڕای ئەمەش منداڵی تووشار بە ئۆسیدی جۆرێک لە کۆسپ دێتە پێش پرۆسەی فێربوونیان کە ناسراوە بە نەتوانینی فێربوونی نابێژەکی NVLD.

ئەو منداڵەی کێشەی فێربوونی نازارەکیی هەیە، توانی قسەکردن و خوێندنەوەیەکی شیاوی هەیە، بەڵام کێشەیان هەیە لە ناوچەکانی نازارەکی کە لەگەڵ ناوچەکانی بیناییدا بەیەکدا دەچن.

ئەنجامە باوەکانی ئەو نەتوانینانە (پەککەوتن) بریتین لە بوونی کێشە لە فێربوونی بیرکاری، نووسین و مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی کۆمەڵایەتی-سۆزدار. هەروەها توێژینەوەی دەروونیی پێشتر ئەوەیان دۆزیوەتەوە کە تووشارانی ئۆسیدی دووچاری نائارامیی زیاتر دەبن بەهۆی بیرکردنەوە زۆرەکەیان نەک زێدەڕۆیی لە کردەوەکانیاندا.

توێژەرەوەکان ئەو پاساوەیان هێناوە کە ئەو ماخۆلانە بەو پلەیە دێتە دروستبوون کە دەچێتە

ناو مێشکی تووشاری ئۆسیدی بەبێ ئەوەی تووشارەکە بتوانێ کۆنترۆڵی دووبارەبوونەوەیان بکا. توێژەرەوەکان هەروەها ئەوەیان دۆزییەوە کە چارەسەری دەروونیی زۆر بەکارهاتوو بۆ ئۆسیدی زیاتر ورد دەبێتەوە لە کەمکردنەوەی ڕەفتاری زێدەڕۆ لەوەی لە بیرکردنەوەی زۆر. ئەوان دواتر کورتیان کردەوە کە چارەسەری دەروونی دەکرێ زیاتر کاریگەرتر بێ ئەگەر ورد بێتەوە لە بیرکردنەوە یەکجار زۆرەکە.

ئەو پێشنیازانە دەچن بۆ ناوەڕۆکی کێشەکانی تووشار بە ئۆسیدی. بیرکردنەوە لەڕادەبەدەرەکە کە خەسڵەتەکانی ناڕێکییەکەن وا دەردەکەوێ بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی تووشارەکە نەبن.

چارەسەرە بایۆکیمیاییەکانی کێشەکە ئامۆژگاریی بەکارهێنانیان دەکرێ بەڕێژەیەکی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی بیرکردنەوە زۆرەکە کە دواتر هەڵسوکەوتە زۆرەکە کەم دەکاتەوە.

## چۆن ئۆسیدی کار لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و سۆزداریی منداڵ دەکا؟

منداڵی تووشار بە ئۆسیدی ڕووبەڕووی کاریگەرییەکی گەورە لەسەر کاری کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سۆزداردا دەبێتەوە. هەروەک لە تێبینی پێشوودا هاتووە، منداڵی تووشار بە ئۆسیدی دەناڵێنن بەدەست بوونی کۆسپ لە فێربوونی زانیندا کە وەک کێشە لەبەردەم مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی کۆمەڵایەتی و سۆزیدا دەردەکەون. کاریگەرییە تێبینیکراوەکانی ئەو ئاستەنگیانە بریتییە لە نەتوانینی منداڵەکە لە پارێزگاریکردن لە برادەرایەتییەکی باش. هەروەها هەروەک لەسەرەوە باسکرا، زۆر لە منداڵانی تووشار بە ئۆسیدی دەزانن کە بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانیان سەیرن و لە کۆمەڵدا قبووڵ ناکرێن. ئەو کاتەی نیشانەکانی ئۆسیدی لەلایەن خەڵکەوە تێبینی دەکرێن، منداڵەکە دەکرێتە ئامانجی کۆمێنتی بێزارکەر و خراپ. بۆیە زۆر جار وزەیەکی زۆر بەفیڕۆ دەدەن لە هەوڵدانی شاردنەوەی ڕەفتارەکانیان لە خەڵک. ئەنجامەکە بریتییە لەوەی کە منداڵەکە زۆر جار لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دادەبڕێ. لەمەش زیاتر، سەرقاڵبوونی منداڵ بەبیرکردنەوەی بێکۆتا و هاندەری زۆرلێکەری ڕەق بۆ ئەنجامدانی کردەوەی بێکۆتا، هیچ کاتێک و وزەیەک بە منداڵی تووشار بە ئۆسیدی نادا بۆ هاوەڵ و خزمان.

### ئۆسیدی بۆماوەییە:

هەندێک توێژەر بڕوایان وایە کە ئۆسیدی بەڕێگەی بۆماوە دەگوازرێتەوە. ئەو بڕوایە بەندە لەسەر ئەوەی کە هەندێک لێکۆڵینەوە لەسەر خێزان و دووانە ئاماژە بە ئامادەییی بۆماوەییی ئۆسیدی دەکا. بۆ نموونە ٦٣٪ لە دووانەکانی یەک هێلکەی پیتراودا، لە نیشانەکانی ئۆسیدیدا هاوبەش بوون. هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی تر ئەوەی دۆزییەوە کە ٢٠-٢٥٪ی خەڵک کە نیشانەکانی ئۆسیدییان هەیە لەوماڵباتانە دێن کە مێژووی ئۆسیدییان هەیە. بۆیە وا دەردەکەوێ کە چەند بنچینەیەکی بۆماوەیی بۆ ئۆسیدی هەبێ.

## چۆن ئۆسیدی کار لە سیستمی خێزان یاخۆ پێوەندیی منداڵ بە خەڵکەوە دەکا؟

منداڵانی تووشار بە ئۆسیدی زۆر جار سەختە بۆیان پێوەندی لەگەڵ هاوتەمەنەکانیاندا بکەن. زۆر لە منداڵانی تووشار زۆر جار ئاگەداری تایبەتمەندیی بیرکردنەوە و ڕەفتاریانن، بۆیە ئەوان کاتێکی یەکجار زۆر بەهەدەر دەدەن لەشاردنەوەی هەڵسوکەوتیان لەوانی تر. ئەو شتە بەشێوەیەکی نەرێنی کار لە پێوەندیی هاوتەمەنەکان دەکا لە چەند لایەکەوە. منداڵی تووشار بە ئۆسیدی زۆر جار لە هەوڵی ئەوەدان خۆیان لە هاوتەمەنەکانیان بەدوور بگرن. ئەو شتە وا لە هاوتەمەنەکانی منداڵەکە بکا بڕوا بکەن کە منداڵەکە حەز بە هاوەڵییان ناکا یاخۆ شیمانە هەیە ڕقی لێیان بێ. ئەو شتە زیاتر منداڵەکە لە قوتابخانە پشتگوێ دەخا، ڕەنگە لەوەش خراپتر، یاخۆ منداڵەکە بخاتە دۆخێکی بێزارکەر بەهۆی ڕەفتارە ناکۆمەڵایەتییەکەیەوە. لە دۆخی تردا، منداڵی تووشار بە ئۆسیدی شیمانە هەیە نەتوانێ هەڵسوکەوتە زیادەکانی بشارێتەوە. هاوتەمەنەکانی منداڵەکە ڕەنگە لە ڕفتار و کردەوە بێزارکەرەکانی تێ نەگەن و دواتر گاڵتە بە منداڵەکە بکەن لەسەر کردەوەکە. زیاتر لەمە، باوانی منداڵە تووشارەکە کە ئاگەدارکراونەتەوە بەوەی وەچەکەیان تووشارە بە ئۆسیدی، شیمانە هەیە دابڕانی منداڵەکەیان زیاد بکەن لە ڕێگەی نەهێشتنی یاریکردنی منداڵەکانی تر لەگەڵ منداڵەکە لە دەرەوەدا بەهۆی ترس لە کردەوەکانییەوە.

منداڵی تووشار بە ئۆسیدی شیمانە هەیە ڕووبەڕووی کۆسپێکی گەورەی تر ببێتەوە لە پێوەندییەکانی لەگەڵ براکانیدا. براکانی منداڵە تووشارەکە بە ئۆسیدی زۆر جار دەکرێنە ئامانجی گاڵتەجاڕی بەهەمان شێوەی منداڵەکە. ئەوەش دەکرێ ببێتە هۆی نارەزایی و تووڕەیی برا و خوشکەکان بەرامبەر برایە یان خوشکە تووشارەکەیان بە ئۆسیدی.

هەروەها منداڵە تووشارەکە بە ئۆسیدی و براکانی شیمانە هەیە حەز نەکەن هەڤاڵەکانی خۆیان بۆ ماڵەوە داوەت بکەن تا هەڵسوکەوتی منداڵە تووشارەکە بە ئۆسیدی هەست پێ نەکرێ. ڕەنگە برا و خوشکەکان حەز بە منداڵە نەخۆشەکە نەکەن بەهۆی زۆر ڕاکێشانی سەرنجی باوک و دایکیان بۆ لای خۆی. ڕەنگە ئەوان وا هەست بکەن کە لەلایەن باوانەوە پشتگوێ خرابن بەو بڕوایەی کە منداڵە نەخۆشەکە هەموو خۆشەویستی و بایەخی باوان وەربگرێ. شیمانەش هەیە برا و خوشکەکانی منداڵەکە ترسی ئەوەیان بۆ دروست ببێ کە ئەوانیش ئۆسیدی بگرن و بۆیە خۆیان بەدوور دەگرن لە منداڵەکە تا ئەگەری تووشبوونی ئەم نەخۆشییە کەم بکەنەوە.

## چۆن ئۆسیدی کار لە باوانیکردن و پێوەندیی نێوان باوان-منداڵ دەکا؟

باوانیکردنی منداڵی تووشار بە ئۆسیدی دەکرێ زۆر ماندووکەر بێ. ماندووبوون لە دۆخێکی وادا لە چەند هۆکاری جیاوە سەر هەڵدەدا. بۆ نموونە هەندێک باوک و دایکی منداڵەکە هەست بە تاوان بکەن کە هۆیەکی نەخۆشییەکە بن یاخۆ ئەوان نەخۆشییەکەیان بۆ منداڵە گواستبێتەوە. باوک و

هەولنامەی کتێب

دایکی منداڵەکە لەژێر پاڵەپەستۆدان بۆ چارەسەرکردنی دۆخی منداڵەکەیان لە ڕێگەی بردنی منداڵەکە بۆ ژمارەیەک پزیشک (ئەگەر تەنیا دیاریکردنەکەیان هەڵەبێ) و هەروەها دەبێ بەشداری بکەن لە کەشە ماخۆڵانەکەی منداڵەکە ئەگەر لە ئازارەکانی منداڵەکە کەم بکاتەوە. بۆ نموونە شیمانە هەیە پێویست بێ دایک و باوکی منداڵی تووشار بە ئۆسیدی بەشێوەیەکی دووبارەبوو دەرگەی ژووری منداڵەکە تەماشا بکەن یاخۆ بە بەردەوامی هەندێک بەرگی منداڵەکە بشۆن. باوان ڕەنگە هەست بە داواکاریی منداڵەکە بکەن کە پێوەندیی بە خولیایەکی زۆرەوە هەیە، بەڵام دوور نییە ئەوان داواکاریی منداڵەکە جێبەجێ بکەن بەهۆی ترسان لەوەی کە گرژیی زیاتر بۆ منداڵەکە دروست دەبێ ئەگەر ئەو کارە ئەنجام نەدەن.

بەگشتی توێژینەوەکان ئاماژە دەکەن کە دایک و باوک زۆر جار چالاکانە بەشداری لە نیشانەکانی منداڵە تووشاربووەکە دەکەن، زۆربەی کات لە ڕێگەی ڕاهێنانی ڕەفتاری زێدەڕۆ بەهاوکاریکردنی منداڵەکە لەو کەشەی تێیدایە. ئەوەش لەڕێگەی دڵنیاییکردنی منداڵەکە ئەو کاتەی ئاستی نائارامییەکی زیاد دەبێ و لە ڕێگەی هاوکاریکردنی منداڵەکە بۆ خۆدوورخستنەوە لە وروژێنەرە ترسناکەکەی ڕەفتارە لەرادەبەدەرەکە.

ئەو جۆرە هاوکاری و بەشداریکردنەی خێزان بۆ منداڵەکە، ئەنجامی درێژخایەنی هەیە لە بەهێزکردن و پاراستنی نیشانەکانی نەخۆشییەکە. هەروەها زۆر لە باوانی تووشارانی ئۆسیدی زۆر جار کێشەیان هەیە لەجیاکردنەوەی نێوان ئەو ڕەفتارەی کەوتووەتە ناو کۆنترۆڵی منداڵەکە و ئەو ڕەفتارەی پێوەندارە بە ئۆسیدی کە منداڵەکە توانی بەسەردا نییە. باوک و دایک زۆر جار ماندوو و شەکەت دەبن لەنێوان هەوڵدان بۆ هێمنکردنەوەی خولیای منداڵەکە و سەرزەنشتکردنی منداڵەکە بۆ ئەو ڕەفتارە نابەجێیە ئارەزوومەندانەی ئەنجامی داوە.

## چۆن هۆکارە ژیگەییەکان کار لە منداڵی تووشار بە ئۆسیدی دەکەن؟

وەک لەسەرەوەدا هاتووە، زۆر سەرقاڵبوونی منداڵی تووشاری ئۆسیدی بە خولیایەکەیانەوە کار لە تەندروستی، کۆمەڵایەتی، فێربوون لە قوتابخانە و پێوەندیی خێزانی منداڵەکە دەکا. بۆ نموونە، زۆر خاوێنکردنەوە و شوشتن دەکرێ بەرەو کێشەی تەندروستیت ببا وەک ئەگزیما (پیست هەڵدان و خوران) یاخۆ برینی پدووەکان.

بۆیە، بەگشتی ئەوە دۆخەکەیە، گەیشتنی منداڵ بە خزمەتگوزارییەکی گونجاو ڕۆڵێکی گەورەی دەبێ لە خراپیی کاریگەریی هۆکارەکانی ژیگە لەسەر منداڵ. بۆ نموونە منداڵی تووشار بە ئۆسیدی ئەوانەی کە دایک و باوکیان ناتوانن خەرجیی تەندروستی دابین بکەن، شیمانە هەیە ڕەفتارە ئۆسیدییەکەیان دیاری نەکرێ تا کاتێکی درەنگ بە بەراورد لەگەڵ منداڵانی تر. ئەو دواکەوتنەی دیاریکردنی نەخۆشییەکە تەنیا کاریگەرییە نەرێنییە ناوازەکانی نارێکییەکە لەسەر منداڵەکە زیاد دەکا.

ئەو منداڵەی ناتوانێ بە خزمەتگوزاریی تەندروستی بگا، ئەوە بژارەکانی چارەسەری بەدەست ناهێنێ و شیمانەش هەیە بڕوایان وابێ کە ڕەفتارەکەیان بەرهەمی کەسایەتیی هەڵەیە نەک نارێکییە دەروونی–هەستەدەمارییەکە کە پێویستی بە چارەسەری تەندروستی هەیە. نەگەیشتن بە خزمەتگوزاریی تەندروستی ئەو ڕاستییە دەوروژێنێ کە منداڵانی تووشار بە ئۆسیدی لەگەڵ هەبوونی نارێکیی نائارامی، خەمۆکی و ڕەفتاری بێزارکەر و تێکدەرانەیان هەیە. منداڵە تووشارەکە کە هێشتا نەخۆشییەکەی دیاری نەکراوە، شیمانەی هەیە بە کێشە–دروستکەر بناسرێن و لە وەرزی خوێندن بەهۆی ڕەفتاریانەوە دووربخرێنەوە.

ئەو شتە بلکێنە بەو ڕاستییەی کە زۆر لە منداڵانی تووشار بە ئۆسیدی شیمانە هەیە کێشەیان لە فێربوونی نابێژەکی هەبێ و کارێکی وا سەختیش نابێ ببینی چۆن ژیگە کۆمەڵایەتی–ئابوورییەکەی منداڵە تووشارەکە دەتوانێ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر توانی منداڵەکە بۆ تێگەیشتن هەبێ و هەروەها لەسەر وەرگرتنی چارەسەریش بۆ نارێکییەکە.

دەکرێ ئۆسیدی نەخۆشییەکی ماندووکەر و بێزارکەر بێ، بە تایبەت بۆ ئەو منداڵانەی کە تازە وێنەی کەسیی خۆیان و پێوەندییەکی بەهێز لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان و خێزان دروست دەکەن. ئەو دۆخە نائارامی دروست دەکا، چونکە منداڵەکە زۆر جار دەزانێ کە منداڵانی تر وەک ئەو ڕەفتار ناکەن، بۆیە ئەو کاتێکی زۆر لە شاردنەوەی ڕەفتارە نائاساییەکانی بەهەدەر دەدا. منداڵەکە ناتوانێ کێشەکەی خۆی چارە بکا بە دابڕاندنی خۆی، چونکە ئەو دوورەپەرێزییە تەنیا دەبێتە زیاتر دواکەوتن لە کۆمەڵ و خوێندن کە ئەوەش کاریگەریی نەرێنیی نارێکییەکە زیاد دەکا.

ئەو پەڕاوانە لێکۆڵینەوەن لەسەر نەخۆشیی ئۆسیدی کە نەخۆشییەکە بنچینەیەکی هەستەدەماری و کیمیای ژیانییە و پێویستە چارەسەرییەکەی هەردوو ڕێگەی دەروونی و جەستەییی ژیانی بگرێتەخۆ. باشترین شێوە بۆ پێناسەکردنی بریتییە لە نارێکیی دەروونی کە بوونی هەیە لە مەودای نێوان مێشک و جەستەدا.

سەرچاوەکانی وتار


De Silva, P. & Marks, M. (2001). Traumatic experiences, post-traumatic stress disorder and obsessive-compulsive disorder. International Review of Psychiatry, 13, 172-180.

Masellis, M., Rector, N. & Richter, M. (March 2003). Quality of life in OCD: Different impact of obsessions, compulsions, and depression comorbidity. Canadian Journal of Psychiatry, 46, 2, 72-77.

Mash, E. & Wolfe, D. (2002). Abnormal psychology, Second edition. Belmont, CA: Wadsworth.

functions in patients with extreme obsessive-compulsive disorder treated by capsulotomy. Applied Neuropsychology, 8, 2, 91-98.

Valente, S. (October-December 2002). Obsessive-compulsive disorder. Perspectives in Psychiatric Care, 38, 4, 125-136.

# سەربەست عومەر..
# جوانترین رستە لەبارەی هونەرەوە

ئاغالە

پاش سێ مانگ لە کیمیابارانی شاری هەڵەبجە شەوێ لە بەشی ناوخۆییمان لە گەڕەکی سەرکارێز لە ژوورەکەی خۆمان کە لەگەڵ سەربەست و سەلام و دڵزاری کۆچکردوو و گۆرانی مامۆستا زاهیر، بەیەکەوە بووین پێشەنگایەکم کردەوە سەربەست گوزارشتێکی کرد و کە هەرگیز بیرم ناچێ وتی "تۆ ناتوانی لە خەم و عەزابی هەڵەبجە کەم کەیتەوە ئەو تابلۆیانەی تۆش وەک دیارییەک وان بۆ ماڵێک بردبێتت لە ماڵ نەبن یا لێت وەرنەگرن بۆ ماڵی خۆت هێنابێتنەوە" سەربەستی جوانەمەرگ رستەکانی زۆر بەمانا بوون و کەمیش کتێبی دەخوێندەوە.

لە ساڵی ١٩٨٤ سەربەستم لە شاری سلێمانی ناسی کە من تازە یەکەم هەفتەی خوێندنم بوو لە هونەرە جوانەکان و ئەویش لە قۆناغی دووەم بوو هەردووکمان لە شاری کۆیەوە چووبووینە بەرخوێندنی هونەر لە شاری سلێمانی.

سەرەتای هەشتاکان هاتوچۆ لە نێوان کۆیە و سلێمانی زۆر کەم بوو؛ هێڵی هاتوچۆی تایبەت هەر نەبوو، تەنیا سێ ئۆتۆمۆبێل هەبوون ئەگەر بەتایبەت بەکرێ بگیرا بوونایە دەهاتن، دەبوو تەلەفۆنت بۆ بکردبوونایە لە پاشان کرێی هەردوو سەریان دەویست بۆیە بۆ ئەو کاتە دوورکەوتنەوە لە تەمەنی پازدە ساڵی ئاسان نەبوو بەو کەژە سیاسییەی ئەو کاتە و رێگەکەش سێ کاژێر دوور بوو ترسی گرتن و راوەدوونان زۆر بوو لە سلێمانی زاراوەی (قلیشانەوە) بۆ تەتەقەکردن و هەڵاتنی بازاڕ بەکار دەهات، سەربەست زۆر ئەو زاراوەی لە رستەی کۆمیدی و بۆ خۆشی بەکار دەهێنا. "خوا و بێ قلیشاوەتە و جەزا گیان.... رۆحم چووە".

من کە سەربەستم ناسی زۆر دڵم خۆش بوو کە هاوڕێکم لەگەڵە و خەڵکی شارەکەمە و لە بەشی ناوخۆش جێگەی کردمەوە و وەک برا گەورەم سەیرم دەکرد و زۆر زوو بووینە هاوڕێ و لە جووڵەی دەستی ئەو بوو باش فێرە کاری رەنگی ئاوی بووم. لەویش فێرە قسەی زل و هەندێ کۆمیدیا بووم.

کۆمیدیترین هاوڕێم ناسیبێتم تا هەنووکە هەر سەربەست بووە.

قسە خۆشترینیشیان هەر سەربەست بووە، مەستترین هاوڕێشم هەر سەربەست بووە.

چونکە لە بەشی ناوخۆیی یا لە ئاسایدا کاتەکانی خۆی زۆرتر پڕ دەکردەوە بە دووبارەکردنەوەی دیمەنە شانۆییەکانی ئەو کاتەی لە سلێمانی نمایش دەکران نمایشی شانۆی لە بندەست دەرنەدەچوو . لە شەوانیش دەستی دەکرد بە لاساییکردنەوەی گفتوگۆی هاوڕێیان لە شێوازی کۆمیدی بەڵام بە زیادەڕۆیکردنی بە شێوەی کاریکاتێری. ئەو خۆی زۆر کاری لە کۆمیدیا دەکرد هەر بۆیە چەند جارێ سکێچی کاریکاتێری من و زۆری تری دەکرد. ژیان لەگەڵ سەربەست زۆر خۆش بوو، سادە و پێکەنیناوی بوو. شەوان بە گاڵتەکردن و لاسایی کوڕ و کچانی پەیمانگە شۆڕ دەبووەوە تا دەگەیشتە ئەوانەی بەشی ناوخۆییەکە لە پاشان بە ئێمەدا دەهات. شەوێ وتم سەربەست کەمێ سەیری ئاوێنە بکە و بزانە خۆت لە چی دەچی قوندیلی هەزەلی، ئاوێنەیەکی شکاوی گەورە هەبوو سەیری خۆی کرد و وتی: بەس ئەو لووتە حیزمم ئاوایە دەرێی مارە و بە دار تێ کەوتوون خوا نەیبڕێ وەک کەپووی مامۆستا ئەحمەد سالارە.

سەربەست زۆر نازدار و کەیفخۆش و نموونە بوو.

رۆژانە رووداو و شتی شیاو و نەشیاو رووی دەدا؛ من هەرگیز شەڕ و ناخۆشیی قووڵ و دەمەبۆڵەم لەگەڵ سەربەست نەبووە.

هەروەها سەربەست کە سەرخۆش دەبوو ئەوەندە رستەی جوان و سەر بەخۆی دەگوت لە فەیلەسووف دەچوو.

کاتێ نیزیک دەبووەوە لە کەسایەتیت و لە شرۆڤەکردنی داهێنان و جۆری کارەکەت و گوزارشتی لەبارەتەوە دەوت دەیخستیە چوارچێوەیەکی هەڵواسراو.

بە روونی دەڵێم ئەو کاتەیماڵیان چووە هەولێر زۆر لەیەک دوور کەوتینەوە، ئەو لێکدابڕانە درێژەی کێشا تا کۆتایی... کە سەربەست ماڵیان هاتە هەولێرێ لێک دابڕاین و هاوڕێیەکی تر ئەو بۆشاییەی پڕ کردەوە و لە پاشان ئەو هاوڕێیەشم ماڵیان هاتە هەولێرێ ئەو برادەرەشم لە تەمەنی گەنجی کۆچی دوایی کرد و من بێ هاوڕێ مامەوە لە کۆیە ئەو هاوڕێیەشم هونەرمەندی جوانەمەرگی مۆسیقی و سینەماکار "سامان تاهیر" بوو. لە پاشان منیش ملم نا بۆ کۆچ بۆ "شاری سلێمانی".

بە بۆچوونی من ماوەی دوورکەوتنەوەی خوا لێخۆشبوو لە کۆیە لە ٩٣ەوە تا کاتی ژنهێنانی بە دارمان و هەرەسی سەربەستی جوانەمەرگی دەزانم، کە بێهۆشی و خواردنەوەکانی بە جارێ ژیانی شێواندبوو. ئەو جارانەی کە یەکترمان ببینیبایە یا تەلەفۆنمان بۆ یەک بکردبایە لەسەر بەدمەستییەکەی زۆر سەرکۆنەم دەکرد، ئەو وەڵامی هەر بە وشە فەلسەفییەکەی دەدامەوە "من سەربەستم و تۆش خۆتی" . هۆکاری لاوازیی پێوەندیمان هەر بۆ ئەو حەزەی ئەو دەگەڕێتەوە. هەرچەندە هاوسەرەکەی کە شێوەکارە "شیلان ئیبراهیم" کاریگەری کردە سەری بەڵام

کۆنترۆڵکردنی ئاسان نەبوو؛ چونکە دەربڕینی بۆ گوزارشتی بار و کەسایەتیی خۆی و ژیان زۆر بەهێز بوو.

سەربەست پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانیی خوێند بەشی پەیکەرسازی لە ساڵی ١٩٨٣ دەستی پێ کرد و لە ساڵی ١٩٨٨ تەواوی کرد و دوو ساڵ بە زۆرەملێ سەربازیی کرد و، لەو ماوەی کە خوێندکار بوو لە قۆناخی سێ؛ دوو کاری شانۆشی کرد لە شاری کۆیە ، لە راستیدا سەربەست لە نێوان دوو حەز و پەراوەدا بوو شانۆ – شێوەکاری، هەرچەندە لە کۆتاییدا خۆی هەلوارد لە شانۆی و چیی تر بەلایدا نەچووەوە. خوێندکارێکی کار جوان و ڤیگەرەکانی پڕ بوون لە جووڵەی ئازارگەیێن و وروژێنەری ئیرۆتیکی. خۆشی بە سروشت پیاوێک بوو توانا و وێناکردنی بۆ هەستە سێکسییەکان زۆر پڕ بوو.

کارەکانی سەربەست هەڵچوون و جووڵەی ئیرۆتیکی زۆریان تێدایە.

لە ساڵی ١٩٩٤ بۆ ماوەی ساڵێک لەگەڵ هاوڕێی "سامانە رەش" کە من ئەو ناوەم بەسەر دابڕاندەوە لەگەڵ چەند شێوەکارێکی تر گرووپی "تەم"یان دامەزراند لە شاری هەولێر، سامانە رەش دەمڕاستی گرووپەکە بوو.

سەرەتا کارەکانی ئەو؛ کاریگەری مامۆستاکانی لەسەر بوو. زۆرترین کاریگەری لە پەیمانگەوە تا دوا کارکردنی کاریگەری هونەرمەندی گەورە "دارا حەمەسەعید و رۆدان و جیا کۆمیتی" بەسەرەوە بووە.

ئەو هەردەم وا بیری لە کارێک دەکردەوە کەسایەتیی پەیکەرەکە کەسایەتێکی بەهێز بێ و لەسەر قاچی خۆی راوەستێ، هەروەها زۆری حەز دەکرد کارێک بکات لە رووداوەکەوە بێ یا رووداوێ دروست بکات.

هەوڵدانی زۆر و باشی هەبوو بۆ بەکارهێنانی کەرەستەی راستەوخۆ لە دار و ئاسن و شووشە و زۆر کەرەستەی تر و ئەو کاتەی ئەو کەرەستەی جیاجیای لە کەرەستەی پەیکەر و نیگارکێشان بەکار دەهات ئەگەر لە هەولێر بەکار بهاتایە دەبووە جێگەی گاڵتە.

سەربەست زۆرتر حەزی لە کاری سریالی بوو لە ساڵانی ٢٠٠٠ کە کاری لە فۆتۆ دەکرد بە فۆتۆشۆپ رێکخستن و داڕشتنی بابەتەکەی دەکردە سریالی، لە ناخەوە سەربەست لەگەڵ بابەتی هەژاران دەژیا، بۆیە ئەو هەست و بیرەی لەسەر خەڵکی هەژار هەیبوو، وا نەیتوانی دەری بڕێت، ئەوەش ئاساییە کە بیر و ئەندێشەکان نەبنە کۆپیی هەست.

هەروەها ئەو کاریکاتێرانەی دەکرد کاری ئەو لەو لایەنە زۆر بەهێز بوو، کە ئەوەش بەشێکی راستیی ژیانی خۆی بووە.

سەربەست لە شەوی ٢٠٠٩/٢/١٩دا دڵی لە لێدان کەوت و تا ئەو کاتەش لە هونەر دانەبڕا.



سەربەست عومەر



پۆرترێتی سەربەست بە رەنگی چەور بەدەستی رۆستەم ئاغالە - 1986





هیلاکی دەستی نان پەیداکردن



پۆرترێتی هونەرمەند سەربەست بە دەستی ( رۆستەم ئاغالە ) سولەیمانی 1987



هەواڵنامەی کتێب



پۆرترێتی هونەرمەند سەربەست بە دەستی ( رۆستەم ئاغالە ) سولەیمانی 1986



هێلکاری یاری جوت بوون 1987



بەر لەمردن




سکێچی هاوڕیکانی بۆ گاڵتە کردن 2008


هاوڵاتیانەی کتێب

پەیکەر



پورتریت- شەهید   قوری دەستکرد   2006




هەواڵنامەی کتێب

## جۆرج بەهجوری:

# هەتا تێر بووم نیگارم کێشا وا لە پەنجەرەی ئەدەب دەدەم

بۆ دۆزینەوەی ئەو پیاوە دەبێ لە قاوەخانەکانی نێزیک گەلەرییەکەی، کە دەکەوێتە سەنتەری قاهیرە، پرسیار بکەیت چونکە زۆر لەگەڵ خەڵکەکە لەوێ دادەنیشێت و قسەیان لەگەڵدا دەکات و نوکتەی خۆشیان بۆ دەکات.

هونەرمەندی شێوەکار جۆرج بەهجوری نیگار دەکێشێت وەک چۆن بیر دەکاتەوە و هەرگیزیش کەرەستەکانی نیگارکێشانی لەبیر ناکات و بەردەوام لە هەموو شوێنێکدا هەمووی لە هەگبەدایە.

یەک هێڵی نەپچڕاو ڕادەکێشێت و هێڵەکە درێژ دەکاتەوە و دەیسوڕێنێت و لوولی دەدات و بەوەش ئاکاری وێنەکە دەردەکەوێت، لەگەڵ نیگارەکانیش بەهجوری ئاساییە کە بنووسێت و بۆچوونەکانیشی دەرببڕێت، پەیڤەکان لەچاو نیگارەکان کە بە قەڵەمی ڕەشن کەمن و هەموو دێرە



.........................................................

ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی

نووسینەکانیشی هەڵگرتووە کە ئەیقونەی تایبەتین، هەمووش لەناو گەنجینەکانیدا دایناون. ئەو ئەیقونانە کە بریتین لە وردە نیگار و سکێچی بە وێنە و بەنووسین کە سەربردەی منداڵیی خۆی لە گوندی بەهجورە لە سەعیدی میسر دەگێڕێتەوە، یان وردەکاری و ڕۆژانەی سەفەرەکانی لە پایەتەختی وڵاتەکانی دنیا.

جۆرج بەهجوری لەساڵی ١٩٥٥ لە کۆلیجی هونەرە جوانەکان دەرچووە و وەک نیگارکێش لە گۆڤاری رۆزلیوسف چەند ساڵێک کاری کردووە و دوایی سەفەری پاریس دەکات و لەوێ نیشتەجێ دەبێت و لە قوتابخانەی هونەرە جوانەکان دەخوێنێت، چەندان پێشانگەش دەکاتەوە و لە چەندان پێشانگەی تریش لە میسر و وڵاتانی تردا بەشداری دەکات. لەساڵی ١٩٩٠دا تابلۆکانی ئەو دەگەنە بەشی کۆرسولی ناو مۆزەی لۆڤەر و دەبێتە بەشی تابلۆکانی میسری و ئەوەش لەسەر داوای کۆمەڵەی دۆستانی هونەرە جوانەکانی پاریس بووە، کە تێیدا تابلۆی (ڕووکارێک لە میسرەوە) مەدالیای زیوین وەردەگرێت. چەندان کتێبی وێنەداریش لەسەر ژیانی ڕۆژانەی دەردەکات سەرەتا سکێچی فلتس کە لەساڵی ١٩٩٧ دەردەچێت.

بەهجوری دەڵێت: فلتس ناوێکی میللییە لەناو خێزانی قوبتیدا، ئەو ناوە لەناو بنەماڵەکەی ئێمەدا زۆر باو بووە، بۆیە ناوم لەیەکەم ڕۆمانم نابوو ئیقونەی فلتس، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ خۆم، پاڵەوانی ڕۆمانەکەش باوکم و باوەژنەکەم و مام و خزمەکانمە. کە ئەو ڕۆمانە دەنووسێت گەورە ڕەخنەگر عەلی ئەلراعی پێیدا هەڵدەدا، هەروەها ئیدوارد ئەلخەرات و چەندان کەسی تر پێشوازیی لێ دەکەن و لەسەری دەنووسن. ئەو ڕۆمانەش سەرەتای ئاشنایەتی بوونە بە دونیای ئەدەب، پاش ئەو ڕۆمانە چەندان کتێبی دەرچووە لەوانە ئایقونەکەی پاریس و بەهجور لە تاراوگە و دوای کتێبی بە ناوی ئایقونەی میللەتە. ئەو لە تەمەنی شێست ساڵییەوە دەستی بە نووسین کردووە، بۆیە هەر وتوویەتی کەوا من لە پەنجەرەوە هاتوومەتە ناو جیهانی ئەدەب نەک لە دەرگە سەرەکییەکەیەوە، چونکە من پێش هەموو شتێک کەسێکی نیگارکێشم.

### بۆ دەستت بە نووسینی بیوگرافیا کرد؟

نازانم، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووە کە من زۆر ڕۆژانە و بیرەوەرییەکانم نەخشاندووە و وێنەم کردوون، وێنەی نێزیکەی هەزار نامیلکەم لەسەر ڕۆژانە و بیرەوەرییەکانم کێشاوە، بە وێنەکانم ژیانی تایبەتیی خۆم دەربڕیوە، هەر نامیلکەیەکم چەندان دیمەن و ئاکاری ئەو کەسانەی تێدا بووە کە من دەمناسین و لە ژیانی خۆمدا ڕووبەڕوویان بووبوومەوە، من لەگەڵ وێنەکاندا چەندان وردە سەرەنج و نیگام نووسیوە، هەتا نوشتامەوە من وێنەم کێشا وەک دەڵێن هەتا مەست بووم، بۆیەش من بیرم لە شتێکی تر بێجگە لە نیگارکێشان کردووە ئەویش نووسین بوو، بۆیە دەستم بە نووسین کرد. ڕەنگە لەبەر تەنیایی بووە لە پاریس کە من خووم داوەتە نووسین، بەوەش ویستوومە ئەزموونی ژیانم لە پایەتەختی وڵاتە ئەوروپییەکاندا بنووسمەوە، کە ئازارم هەبووە و ئەو حیکایەتانەم لەگەڵدا

ژیاوە پەنام بردووەتە بەر قسەکردن لەگەڵ کاغەز، ڕاستە زمانی وێنە و هێڵکاریش زۆر جوان و مەزنە بەڵام دیارە کەوا ئەو زمان و شێوەیە منی تێر نەکردووە بۆیە بەناچاری بۆ دەربڕین پەنام بردووەتە بەر نووسین. بۆیەش من ئەو ئەزموونە و کاری نووسین بە جۆرێک لە گیانبازی بزانم، ئەوەش هەتا ئەو دەمانە کۆتایی نەهاتووە. پێوەندیی من بە نووسینەوە کۆنە، بەڵام سەرەتا پێوەندییەکی بیستن بووە و بەس، من لەناو خانە و دەزگەی ڕۆزلیوسف گەورە و پەروەردە بووم، من لەتەنیشت سەلاح عەبدلسەبوور و ئەحمەد عەبدلموعتی حیجازی و ڕەجا ئەلنەقاش لە یەک ژووردا دادەنیشتم، بەردەوام سەعدوڵا وەهبە و عەبدوڵا ئەلتوخی لێمان بەژوور دەکەوتن، گوێم لە دانوستان و ئاخاوتنی ئەوان دەگرت، لە قسەکانیان زۆر فێر دەبووم، زۆر لەسەر نووسینی ڕۆمان لەوانە فێر بووم، وەک داڕشتنی درامی و چنینی ڕۆمان و مۆنۆلۆجی ناوەوەی نووسین و چەندان لایەنی تری نووسینی ڕۆمان. من ئەوانەم لەناو هزری خۆمدا دادەنا و دوایی ئەوانە لە نووسینی ڕۆمانەکانم بەکار دەهێنایەوە، نووسین بووەتە دۆستی من، بەڵام وێنەکێشان هاوسەرگیری ڕەسمیی منە و نووسینیش دۆستە عاشقەکەمە.

– بەر لەوەی تۆ لە هونەرە جوانەکانی دەربچیت و خوێندنی هونەر تەواو بکەیت، تۆ لە ڕۆژنامەگەری کارت کردبوو، زۆر بە گەنجی ئەو ئەزموونەت دیوە چونکە لەگەڵ ڕێبەرانی ڕۆژنامەگەری میسری کارت کردووە، تۆ لە دەزگەی ڕۆزلیوسف بوویت کە لەوێ دەستەیەکی پێشڕەو و داهێنەری میسری دەرچوون، لەوانە کەسانی گەورە بوون لە بوارەکانی نووسین و وێنەکێشان لە پەنجاکان و شێستەکانی سەدەی ڕابردوو.

بەڵێ من لەگەڵ هاوڕێیەکم لە دەرچووانی کۆلیجی هونەرە جوانەکان لە ڕۆژنامەگەریدا کارم کردبوو، ئەو یەکێک بوو لەوانەی زۆر گەشەی بەدەزگەی ڕۆزلیوسف دابوو، ناوی ئەبولعێنێن بوو. کە من چوومە ناو دەزگەکە ساڵێک دوای ئەوە شۆڕشەکەی یولیۆ لە میسر هەڵگیرسا، لەوێ ئیحسان عەبدولقودوس پێی وتم وێنەی ئەندامانی سەرکردایەتیی شۆڕش دروست بکە، منیش وێنەی هەمووانم دروست کرد لەوانە وێنەیەکی جەمال عەبدولناسر بە کەپوویێکی گەورە و بە گەورەیی هەموو لاپەڕەکەش، خودا منی پاراست ئەگەر نا دەگیرام، چونکە لەو دەمانە زۆر لە نیگارکێش و نووسەرەکان دەگیران بەتایبەتی کەسە چەپەکان منیش لەسەر ئەوان حیساب بووم، بەڵام زۆر بەختیار بووم کە لەو ڕەشبگیرییەدا نەگیرام سوپاس بۆ خودا نەگیرام ئەگەرنا لەناو دەچووم، چونکە من بەرگەی گرتنم نەدەگرت، لەو دەمانەدا من جەستەیەکی سست و لاوازم هەبوو هەرگیز بەرگەی گرتنی ئەو دەمانەم نەدەگرت.

من لە گۆڤاری ڕۆزلیوسف زۆر سوودم لە ئەزموونی وێنەکێشانەکەم بینی، ڕۆژانە وێنەم دەکرد، ئیحسان عەبدولقودوس دوو لاپەرەی دابوو بە من بەناوی (هەواڵەکان لە ئاکاریانەوە)، من پورترێتی دەموچاوی کەسەکانی ناو هەواڵەکانم دەکرد، لاپەڕەکە دە هەواڵی تێدابوو، دەبوایە منیش وێنەی دە کەسایەتی بکێشم هەر کەسە و وێنەیەکی دەویست، لەو ئەزموونەدا بەردەوام بووم تا سەفەری



فرەنسام کرد پاش منیش ئەو دوو لاپەڕەیە کە دوو هونەرمەندی تر بەڕێوەیان دەبرد هەر جوان و سەرکەوتوو بوو. من لەو دەزگەیەدا وەک نیگارکێش زۆر سوودم بینی چونکە ڕۆژانە وێنەم دەکرد.

ئەو لە ناوەندی حەفتاکاندا سەفەری پاریس دەکات و بەهجوری لەوێ پێشانگەیەک دەکاتەوە و بڕیاریش دەدات لەوێ بمینێتەوە تا لایەنێکی نوێی ئەزموونەکەی دابڕێژێت. لەو ڕۆژەوە ژیان و کارکردنی ئەو لە پاریس دەبێتە وێستگەیەکی گرینگی ژیانی ئەو، ئەزموونەکەش زۆر کار لەو دەکات و دەبێتە ڕووانگەیەک بۆ داهێنان و بەرهەمە نوێیەکانی. جۆرج بەهجوری وتوویەتی:

سەفەری من بۆ پاریس وەک لەدایکبوون بوو لەوێ لە ڕۆژنامەکاندا تێر بووم لە بەخشندەییەکانی ئەوان جۆشدار بووم، وێنە و تابلۆ و هونەرمەندەکان زۆر بوون بەردەوام لەناو تابلۆیەکاندا دەمامەوە. سەرەتا من بۆ کردنەوەی پێشانگەیەک چووبوومە پاریس، ناوم لە پێشانگەکەش نابوو (کوڕەکانی گەڕەکەکەمان) سەرەتا پێشانگەکەم لە لەندەن کرایەوە و دوایی هێنامە پاریس، سەرەتا ویستم ماوەیەک لەوێ بمینێمەوە، لەگەڵ فرۆشتنی تابلۆکان ماوە بە ماوە دەمامەوە و نەدەڕۆیشتم و ئەوەش چەند ساڵی خایاند. لە پاریس گەڕامەوە سەر خوێندنەوە و دیمەنەکان، بۆیەش ئارەزووی کارکردنم لەسەر ڕۆژنامەگەری بەرتەسک دەبووەوە، کە دڵم توند دەبوو دەچوومە کن هاوڕێیەکی دێرینم ئەویش ئەنوەر عەبدولمەلیک بوو، ئەو ماوەیەک بوو لە پاریس دەژیا کەسێکی چەپ بوو و لەدەستی پیاوانی ئاسایشی سەردەمی عەبدولناسر ڕایکردبوو. بە

هۆی ئەو من سەرنووسەری گۆڤارێکم بەناوی ئەفریقیای گەنج ناسی، ئەو گۆڤارە بە زمانی فەرەنسی دەردەچوو، لەوێ بۆ وێنەکانم دوو لاپەڕەیان تەرخان کردبوو، ڕۆژانە نیگارم بۆیان دەنەخشاند، ئەگەرچی پارەکەیان کەمیش بوو، بەڵام بۆ من سەرەتا بوو، زۆر باش بوو بەو پارەیە دەژیام.

پێش چەند ساڵێک کتێبێکی جۆرج بەهجوری بەناوی (وێنە قەدەخەکان) دەرچوو، لەو کتێبەدا هەموو ئەو وێنانەی تێدایە کە بەهجوری پاش مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی کامپ دیڤید لەلایەن سەرۆک ئەنوەر سادات و ئیسرائیلییەکان کێشاویەتی، دیارە کەوا ئەو وێنانە لە میسر بڵاو نەکرابوونەوە، کە لە کۆتایی حەفتاکاندا لەو گۆڤارانەدا بڵاو بوونەتەوە کە لە پاریس دەردەچوون. دەرچوونی ئەو کتێبە دەنگۆیەکی گەورە لەسەر جۆرج بەهجوری پەیدا دەکات، نەک لەبەر وێنەکان بەڵکو لەبەر فاکتەری تر کە دوورە لەو مەسەلەیە، ئەویش لەبەر کەسایەتیی داهێنەر سەلاح چاهین بووە.

بەهجوری دەڵێت: ئەو دەنگۆ و ژاوەژاوە بۆ من زۆر سەیر بوو، من هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە. ئەوەی لە کتێبەکەی مندا لەسەر سەلاح چاهین هاتبوو حوکمێک نەبوو، بەڵکو گێڕانەوەی ڕۆژانە بوو، من باسی ئەو ڕووداوانەم کردبوو کە بەسەر خۆمدا هاتوون، هەرگیز مەبەستم نەبوو سوکایەتی بە کەسایەتیی سەلاح چاهین بکەم، دیارە کەوا ئەو کەسێکی بەتوان و نووسەر و داهێنەر و شاعیر و هونەرمەند بوو و کەسیش ناتوانێت نکۆڵی لە بەهرەکانی ئەو بکات و قسەی لەسەر نییە، من لەوێ هەر ئەوەندەم وتبوو کەوا سەرەتا کاریگەریی منی پێوە بووە و نەک ئەو و ئەوانەی تریش کە لەو دەمانە لە من نێزیک بوون، ئەو قسەیەش خەڵکەکەی تووڕە کردبوو، کە چۆن من وتوومە کەوا ئەو لاساییی کردووەتەوە و وێنەکانی سەیر و عەنتیکە بوون، دیارە کەوا ئەوەیان ڕۆڵی منیشی پێوە بووە، کە لەسەر داوای تەلەفزیۆنی ئەڵمانی بۆ بەشداریکردنم لە بەرنامەیەک لەسەر کاریکاتیرێستی جیهان بووم، ئەوەش یەکەم گەشتی من بوو بۆ دەرەوەی میسر، سەرنووسەرەکەمان حەسەن فوئاد داوای لێ کردبووم لە ئەڵمانیا کتێبێکی بەناوی (هەزار نوکتە) بۆ بکڕم و منیش کتێبەکەم بۆ هێنابوو. بۆیەش سەرنووسەرەکەمان پاش دیتنی کتێبەکە داوای لە من و لە سەلاح چاهین و ژمارەیەکی تر لە وێنەکێشەکانی گۆڤاری ڕۆزلیوسف کردبوو کەوا نوکتەکان بکەینە میسری و لە گۆڤاری (سەباحولخێر)دا بڵاو بکەینەوە، من باسی ئەو مەسەلەیەم لە کتێبی وێنە قەدەخەکراوەکان باس کردبوو کە چۆن هەنگاوەکانی سەلاح چاهین لەو کارە ئیشی کردبوو، کە چۆن کۆششمان کردبوو لە جیهانی وێنەدا وێنە بیانییەکانم کردبووە میسری، لەوێش وتبووم کەوا سەلاح چاهین چاوی لەسەر دەستی من بووە و سەیری هێڵکارییەکانی کردبوو، کە لە ڕۆژنامەی ئەلقاهیرەدا کاری کردبوو و ئیشەکانی چەند سادە و لاواز بوون، بەڵام زیرەکیی پێوە دیاربوو، ئەو چۆن بلیمەتانە هەنگاوەکانی بڕیبوو تا گەیشتە ئەو پێگەیە، باسی ئەوەشم کردبوو کەوا چاهین کەسێکی بە بەرهەم بوو، هەر کە لەسەر مێزەکە دادەنیشت یەکسەر بیرۆکەی وێنەکردنی بۆ ساز و ئامادە دەبوو، چەند دەقەیەکی پێویست بوو، بەڵام بۆ وێنەکردن کاتی زۆری دەویست، هەر بەوەش بوو لە وێنەکردن لەیەک جیاواز بووین. من و سەلاح چاهین هەشت ساڵی تەواو بەیەکەوە لەیەک ژوور بووین،

هەردووکمان مێزی کارکردنی خۆمان هەبوو، من هەتا نیوەڕۆ وێڵی ئەوە دەبووم چۆن بیرۆکەیەک هزرێک بدۆزمەوە، من زۆر بەوە ماندوو و هیلاک دەبووم، بەڵام ئەو وا نەبوو، پاش چەند دەقەیەک بیرۆکەکەی بۆ ساز دەبوو، بەڵام یەک ڕۆژی تەواوی دەویست تا وێنەکەی دەکرد، ئەو زۆر بە وێنەکردنەوە سەرقاڵ دەبوو بیری زۆر لەوە دەکردەوە کە چۆن ڕامان و بۆچوونێک ساز بکات تا خەڵکەکە بە پێکەنین بخات، من تەنیا ئەوم بە کاریکاتێریستێک دەزانی و بەس.

لەناو ئەو فۆتۆیانەی کە جۆرج بەهجوری هەڵیگرتوون وێنەیەکی گەورە هەیە کە لەگەڵ ژمارەیەک لە کاریکاتێریستە جیهانییەکان گرتوویەتی، زۆریش پەرۆشە ئەو وێنەیە نیشانی میوانەکانی بدات، ئەوەش لە یەکێک لەو پێشانگەیانە گرتوویەتی کە لەسەر داوای نەتەوە یەکگرتووەکان کرابووەوە، کە لە پایەتەختەکانی وڵاتانی جیهانیان دەگێڕا. پێشانگەکە و نمایشکردنەکە هەتا دەگاتە شارێکی ئیسرائیل ئاسایی بوو بەڵام کە لەوێ وێنەکانی ئەویش نمایش دەکرێت لەناو میسر ژاوەژاوێکی زۆر دەنێتەوە و هێرشی زۆری دەکەنە سەر و ئەوەش بە جۆرێک لە سازش دەزانن، تا ڕادەیەک لە سەندیکای هونەرمەندانی میسر لە سەندیکاکەیان دەری دەکەن، ئەویش لەسەر ئەو مەسەلەیە وتبووی:

ئەو پێشانگەیە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ساز کرابوو، هەموو کاریکاتێریستەکانی جیهانی تێدا بووە، نمایشەکانیش لە ڕۆما و ژنێف و برۆکسل و پاریس بووە، بەڵام لە شاری ڕامەڵڵا کۆتایی نمایشەکە هاتبوو، لەوێ لەناو خاکی ئیسرائیل نمایشەکە لەناو مۆزەیەکی گچکەی شارۆچکەیەک بووە. بۆیەش من ئەوەم بە دەرفەت زانی کە بە وێنەکانم هێرش بکەمە سەر سەرکردەکان و سەرکردە ئیسرائیلییەکانیش و بە ڕیسوایی وێنەم کێشاون، گاڵتەم پێیان کردبوو، من وام دەزانی کەوا من لەناو ماڵەکەی خۆیان بە چەکەکەی دەستم کە هونەرە شەڕم کردوون و توانیم بەسەریاندا زاڵ ببم و بیانشکێنم، مەسەلەکە هەر ئەوەندە بووە و نازانم ئەوە ئەو ژاوەژاوەی بۆ چی بوو.

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئایا تۆ ئامادەی پێشانگەیەک لە ئیسرائیل بکەیتەوە ئەگەر داوات لێ بکەن، ئەو وتوویەتی:

من هیچ پێوەندییەکم بە ئیسرائیلەوە نییە، ئەوەش ڕەت دەکەمەوە، ئەو نمایشەیش کە باسی کرا ئەوە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بووە، ئیسرائیلیش حەقی بەسەر ئەو مەسەلەیەوە نەبووە و کەسیش سەیری پاسپۆرتەکەی منی نەکرد، لەوێیەوە یەکسەر گەڕاینەوە فەرەنسا، لەوێ سەردانی هیچ شوێنێکم نەکرد، لەوێ تەنیا سەردانی مەزاری سەرۆکی کۆچکردوو یاسر عەرەفاتم کرد.

بەهجوری ئەوەندەی ئەو لەناو گەلەرییەکەی خەریکی وێنەکردنە، ئەوەی تر لەناو شەقامەکانی قاهیرە دەگەڕێت و گەشتەکانی تەواوبوونیان نییە.

یاسر سوڵتان بۆ ڕۆژنامەی ئەلحیاتی لەندەنی ڕۆژی ٤ی یەنایەری ٢٠١١ ئامادەی کردبوو.

# سایکۆلۆجیەتی جەماوەر

محەمەد غەیس ئەلحاج حسێن

یەکێک لە دیارترین نموونەی دیار و بەربڵاو، کە تاوەکو ئەمڕۆ باسی لێوە دەکرێت، وازهێنانی سەرۆکی میسر (جەمال عەبدولناسر)ە، کە لە پاش شکستی ساڵی ١٩٦٧، وازی لە پۆستی سەرۆک کۆمار هێنا و دەستی لەکار کێشایەوە، لەبەرئەوەی خۆی بە بەرپرسی یەکەمی ئەو (شکستە) گەورەیە دەزانی، کە بەسەر نەتەوەی عەرەبدا هات. لێ ساڵانی پاشتر بۆمان دەرکەوت، کە ئەم شکستە، سەرەتایەک بوو بۆ کارەساتی گەورەتر کەبەدوای ئەمدا هاتن.

جەماوەری عەرەبی تینوو، هەموو دەستیان بە گریان کرد، بۆ ڕۆحی باوکی سەرۆکیان، ئەو پیاوەی کە خاوەنی کاریزمایەکی بەهێز و ناسراو بوو بە وتارە شەعبەوییە پۆپۆلیستەکانی، لەبەرئەوە خەڵک دابەزینە سەر شەقامەکان و، بەوپەڕی هێز و توان و هەستیانەوە، دژی دەست لەکارکێشانەوەی پێشەواکەیان بوون، داوایان لێ کرد کە نابێت واز بهێنێت و دەبێت بمێنێتەوە، کە لە پاشانیش هەر ئەمە ڕووی دا و وازی نەهێنا.

لەجیاتی ئەوەی کە جەماوەر و دەزگەکانی دەوڵەت، لێپرسینەوە لە سەرۆکەکەیان بکەن و لە ڕۆڵی لە شکستەکە و لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی ئەم شکستە بکەن، کە سەرۆکەکەیان بەسەریدا هێناون، کەچی بە پێچەوانەوە، جەماوەر دادەبەزێتە سەر شەقامەکان و داوا لە سەرۆکەکەیان دەکەن، کە واز نەهێنێت. لەناخی خۆشیاندا وا هەست دەکەن، کە ئەم پیاوە، وەکو باوکێکی پارێزەر و نەمر وایە.

پێ دەچێت ئەم ڕووداوە لەناخی هەموو دیکتاتۆرێکی عەرەبدا بوو‌بێت، حەزی کردبێت کە جەماوەرەکەی ئەویش بەهەمان جۆری میسرییەکان بێت، جەماوەرێک کە چێژ لە ئەشکەنجەدانی وەربگرێت و ئەو کەسەشی کە ئەشکەنجەی دەدات بیپرسێت و بەبێ هیچ بیرکردنەوە و تێڕامانێک،

................................................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا




ملکەچی بڕیار و فەرمانەکانی بێت و بەهیچ شێوەیەک لە ژێر فەرمانی ئەو دەرنەچێت.

بەدڵنیاییەوە عەبدولناسر، خەونی هەموو دیکتاتۆرە عەرەبەکانی پاشتر بوو، کە جێژ لە دەسەڵات و جەماوەرێکی ملکەچ دەبینێت. هەروەها خەونیان بەوە دەبینی، کە بۆ تاهەتایە، لەسەر عەرشی دەسەڵات بمێننەوە، ئەوان لەناخی خۆیاندا وا خەیاڵیان دەکرد کە خودایەکی بچووکن لەسەر زەوی.

ئێمە ناوی "گۆستاف لو بۆن"مان لەناو کتێبەکانی قوتابخانەدا بیستووە، کە وەکو کەسێک بەباشی باسی شارستانیی عەربی کردووە، دیارە ئەمەش بەهایەکی گەورەی هەبوو بۆ ئەوەی بکرێتە مادەیەک بۆ پروپاگەندەیەکی گەورە و ناشرین، لە مەنهەجی خوێندنی (قەومییە)کاندا. هەروەها لە ئەدەبیاتی ئیسلامییەکانیشدا زۆر باس دەکرێت، کە وەکو کەسێکی باش باسی لێوە دەکەن، کە کتێبەکانی بە باش و تایبەت ناودەبرێن و، بەکەسێک سەیر دەکرێت کە بە ئینسافەوە باسی لە شارستانیی عەرب و ئیسلامی کردوە، هەرچەندە زۆر نووسەر بەباشی باسی ئەم شارستانییە ناکەن.

لەبەرئەوە دەتوانین باسی "گۆستاف لو بۆن" بکەین بەبێ ئەوەی ناوی کتێبەکانی ببەین، بەڵام لێرەدا دەتوانی تەنیا باسی گرینگترین کتێبێکی بکەین کە ناوی (سایکۆلۆجیەتی جەماوەر). هەروەها لەپەنا ئەمیشدا دەتوانین باسی کتێبی "زیگفرید هونکە" بکەین، بەتایبەتی کتێبی (خۆرەتاوی عەرەب، بەسەر ڕۆئاوادا تیشک دەداتەوە).

بەهەرحاڵ پێ دەچێت هەندێک لە مەفهوومی ئەم کتێبە دوور کەوتبێنەوە. لە کتێبی "سایکۆلۆجیەتی جەماوەر"دا، ئابڕووی هەموو ئەو شێواز و ئامرازانە دەبات، کە لەلایەن ڕێژیمە قەومچی و عروبییەکانەوە پیادە کراون و لە مێژوو و ڕابەرایەتیکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگەدا بەکار هاتوون. (بەداخەوە بە شێوەیەکی زۆر ناخۆش، کە زۆر دوورە لەو هەرا و هۆسەیە درۆینەی کە لە سەردەمی خۆیدا باو بوو).

جارێکی تر لو بۆن لەڕووی فکریەوە گەڕاوەتەوە، بۆ شرۆڤەکردنی بزاڤە سۆسیالیستەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، پێ دەچێت هیچ مەبەست و ئارمانجێکیش لەپشت ئەم گۆڕانکاریەوە نەبووبێت. ئەم بزاڤانە کە وایان لە زۆربەی جەماوەر کرد بیانکاتە خودایەکی تاق و تەنیا و بیانپەرستن.

لەکاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا، سەرم سووڕ ما کە چۆن وا بەئاسانی توانیویەتی، ئەم ڕێژیمانە لە هەموو ئەو وێنە ئەفسووناوییانەیان ڕووت بکاتەوە کە سەرۆکەکان و تیۆریستەکانیان لە ڕێگەی ئایدۆلۆجیەتەکەیانەوە بێ سنوور لەخۆیان ئاڵاندبوو، جۆرە ئەفسانەیەکیان خوڵقاندبوو کە زۆر لە ژیانی واقعیانە و تیۆری ڕاستەقینانە دوور بوو، هەروەها چۆن توانیویانە و ئەم ڕاستییانەیان لە جەماوەر بەهۆی ڕێگە و ئیدارەکانیانەوە شاردووەتەوە.

بەپێچەوانەی ماستاوچییەکانی دەسەڵات و سیاسییە درۆزنەکانەوە، لو بۆن هیچ گوێ بە جەماوەر نادات، هەروەها هیچ تاوانباریشیان ناکات، وەک چۆن تیۆریستە دەروونناس و کۆمەڵناسەکان ئەمە کاریانە. ئەو دێت شرۆڤەیان دەکات و لێیان دەکۆڵێتەوە، ڕێک وەکو چۆن زانایەکی زانستی سروشتی لە سەدەی نۆزدەدا ئەم میتۆدەیان پێڕەو دەکرد، بەڵام ئەم هاتووە ئەم تیۆرییە لە بواری دەروونناسی بەکار دەهێنێت.

شێوازی ئاسان و تەرتیبکردن و بەدوای یەکتری هاتنی باسەکان و دەرخستنی زانستییانە بۆ فکرەکان، بە یەکێک لە سیما تایبەتەکانی شێوازی نووسینی کتێبەکانی لو بۆن دادەنرێت. لەهەمان کاتیشدا ئەو وەرگێرانە جوانەی کە (هاشم صالح) کردوویەتی وا لە خوێنەر دەکات هەست بە چێژێکی گەورە بکات، جگە لەوەی کە خوێندنەوەی ئەم کتێبە زۆر سوودیشی پێ دەگەیەنێت (مەبەستی نووسەر ئەوەیە کە ئەم کتێبە سوود بە خوێنەر دەگەیەنێت. و.ک). لێرەدا مەبەست لە چەمکی جەماوەر، ئەوەیە کە دەبێتە یەکەتییەکی عەقڵی، کە دەبێتە ڕۆحێکی کۆمەڵایەتی تێیدا نەرێت و ڕۆشنبیریی هاوبەش و عەقیدەی ئاینی لەناویدا کۆ دەبێتەوە، هەروەها

شموولی هەموو تاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیە دەکات، هەرچەندە لە چەند شوێنێکی جوگرافیی جیاوازیشدا بژین.

ئەم یەکەتییە عەقڵییە، جۆرە سلوکیاتێکی تایبەتییان بەسەردا دەسەپێنێت، کە پێوەستە بە ڕۆحی جەماوەرەکەوە، بەبێ گوێدانە هەڵوێستی تاکەکان کە ئینتمایان بۆ ئەو کۆمەڵگەیە هەیە. تاک لەناو ئەم جەماوەرەدا نە تامی هەیە، نە ڕەنگ و نە بۆن، ئەو بەپێی فەرمانەکانی جەماوەر هەڵوێست دەکات و ملکەچی فەرمانەکانیان دەبێت، تەنانەت گەر ئەم هەڵسووکەوتانەشی، لەگەڵ هەڵوێستی خۆشیدا نەبێت، کە لە بەرامبەر مەسەلەکان هەیەتی.

ئەو بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت بووەتە ئەندامیان، یان دەتوانین بڵێین ئەو بە شێوەیەکی موگناتیزی خەوی لێ کەوتووە وەکو مێگەل دەیهێنن ودەیبەن و ڕابەریی دەکەن، خۆی دەخاتە ژێر حوکمی هێزێکی بێ وێنە و مەزنەوە کەخۆی لە هێزی ئەو کۆمەڵەوە دەبینێتەوە کە خود ئینتمای بۆی هەیە.

تاک لەم کۆمەڵگەیەدا ئامرازێکی ناهۆشیارە لە هەمان کاتیشدا قوربانییە، پێ دەچێت گەورەترین کۆمەڵکوژیی پێ بکەن بەبێ ئەوەی بزانێت بۆچی، بگرە ئەو ئەم کارە بە ئەرکێکی نیشتمانی و ئاینی دادەنێت. لە ڕووی مۆراڵیشییەوە هیچ هەست بە شەرم لەم کارەی ناکات چونکە جەماوەر ڕێگەی پێ داوە ئەم کارە بکات، لەبەرئەوە دوورە لە مەسەلەی لێپرسینەوە و چاودێریکردن، بەپێچەوانەوە ئەم کارەی لەلایەن کۆمەڵگەوە شایستەی خەڵاتکردنیە.

هەروەک لو بۆن دەڵێت:

(ئەوان لەو باوەڕەدان کە بەم کارەیان، ئەرکێکی نیشتمانییان ئەنجام داوە. ئەوان لە یەک کاتدا ئەرکێکی دوولایەنە ئەنجام دەدەن: ئەوان هەم دادوەر و هەم جەلادن. هەروەها هیچ وەختێکیش خۆیان بە تاوانبار دانانێن. لاپەڕە ١٦٣)

جەماوەر وەکو یەکەتییەکی عەقلی، خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دیارە، کە دەتوانێت زۆر بەڕوونی و ئاشکراییەوە بیانبینیت. جەماوەر بە شێوەیەکی عەقڵانی بیر ناکاتەوە، فکرەیەک هەڵدەبژێرێت و دژی یەکێکی تر دەوەستێتەوە، لەنێوان ئەم دوو فکرەیەشدا دێت و دەچێت بەبێ ئەوەی هیچ وەختێک پرسیاریان لەبارەوە بکات.

بەدڵنیاییەوە ئەو بە شێوەیەکی عاتیفیانە بیر دەکاتەوە و بەهیچ شێوەیەکیش حەزی بە بیرکردنەوەی عەقڵانی نییە و خۆی لێی نێزیک ناکاتەوە، لەبەرئەوە ئیمانی بەو فکرەیەی کە هەیەتی، زۆر حەماسییانە و موتلەقانەیە کە زەحمەتە لێی بکشێتە دواوە. هەموو ئەم تایبەتمەندیانە وا لەجەماوەر دەکات کە یان دەیکاتە تاوانبار یان دەبێتە بەخشندە و میهرەبان. بۆ نموونە کاتێک ئیمانی بە مەسەلەیەکی باش و بێگەرد بێت، ئامادەیە بێ سنوور کۆمەڵێک پاڵەوانێتی و قوربانیی سەرسووڕهێنەر لەپێناوی ئەم مەسەلە پیرۆزەدا ئەنجام بدات.

هەڵپەکردنی بۆ بەهاکانی سەروەری و شەرەف، وزەیەکی ئێجگار گەورەی پێ دەبەخشن و ئەمەش شتێکی نامۆ نییە لەو بگرە ئەمە بە بەشێک لە کاری ئەو دادەنرێت. دیارە ئەم هەڵوەستەیە بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ هەستی ئاینیدا یەکانگیرە کە جەماوەریش پێویستیی بەم هەستە ئاینییە هەیە و، جۆرە هەستێکی توندڕەوانەی بەهێزی پێ دەبەخشێت و لە هەموو هەستێکی لێبوردەییش دووری دەخاتەوە. "کە بەداخەوە ئەمە ڕاستیی مەسەلەکەیە".

ئەو دەرئەنجامە ناخۆشەی کە لو بۆن بەدەستی گەیشتووە ئەوەیە: بزاڤە شۆڕشگێڕییەکەی جەماوەر کە ڕەگێکی تەندرۆیانەی هەیە وای لێ دەکات کە گۆڕانکاریی گەورە لەو ڕەوشەی کە تێیدا دەژی بەدی نەکرێت، چونکە بەشێوەیەکی گشتی جەماوەر سیمایەکی موحافیزکارانەی هەیە و ئەگەر گۆڕانکارییەکی کەمیش ڕوو بدات ئەوا بە شێوەیەکی گشتی تەنیا شتێکی ڕووکەشانەیە.

بەڕای لو بۆن، گەر بمانەوێت گۆڕانکاریی ڕیشەیی لەناو گەلاندا بکەین، ئەوا پێویستیمان بە سەدان ساڵ دەبێت، هەتاوەکو بەشێوەیەکی قووڵ و ڕیشەیی بێت، کە لە قۆناخەکانی داهاتوودا لێی دەردەکەوێت، چونکە لەو کاتەدا ئینجا دەتوانرێت ئەو کۆمەڵە پرنسیپ و ئیمانە بنەڕەتییانەی کە لە ویژدانی گەلەوە هەیە کە خۆی لە (نەریت و بیری چەسپاو) دەبینێتەوە، بەر هەڵمەتی گۆڕانکاریی ڕیشەیی بکەون.

جێگەی گوتنە لو بۆن لێرەدا هاتووە ئەو دوو سەرچاوەیە دیاری دەکات کە کۆنترۆڵی پێکهاتەی دەروونیی تاکەکان لەناو کۆمەڵگەدا دەکەن:

سەرچاوەی یەکەمیان: ئەوەیە کە زۆر بە قووڵی خۆی لەناو (نەریت و فەرهەنگی میللی و دینی)دا دەبینێتەوە کە گۆڕانکاری تێیاندا زۆر زەحمەتە. بۆ ئەوەی گۆڕانکارییان تێدا ڕوو بدات ئەوا پێویستی بە چەند نەوەیەک دەبێت. لەم سەرچاوەیەشدا هەموو وزە سۆزدارانە و هەڵچوونەکان تێیدا کۆ دەبنەوە و چەق دەبەستن.

سەرچاوەی دووەمیان: بریتییە لە دەرئەنجامی ئەو شتانەی کە تاک خۆی فێریان بووە وەکو: زانست و مەعریفەی قوتابخانە و زانکۆکان و ئەوەی کە لە ژیانی ڕۆژانەشماندا فێری دەبین. دیارە ئەم سەرچاوانەش زۆر لاواز و ناسکن، یەکسەر بە ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز خۆی ناگرێت و دەبێتە هەڵم، بەتایبەتی لەبەردەم ئەو تەوژمە گەورانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبنەوە و تاکیش لەگەڵ خۆیدا دەهاڕێت. لەبەرئەوە ئەم سەرچاوەیە واز دەهێنێت تاوەکو سەرچاوەی یەکەمیان کاریگەریی خۆی بکات و ڕێژەی وابەستەییی تاک بەو کۆمەڵگەیەی کە ئینتمای بۆی هەیە دیاری بکات.

لەبەرئەوە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە گەر کاتێک لو بۆن لەم سۆنگەیەوە بڵێت:

"لەبەرامبەر مەسەلە گشتییەکاندا، دید و بۆچوونی چل زانای ئەکادیمیای فەرەنسی یەکسانە بە دید و بۆچوونی چل کەسی ئاسایی."

جێگەی گوتنە محەمەد ئارگۆن* لە هەشتاکاندا سەرنجی ئەوەی داوە کە زۆربەی سەرکردەکانی بزاڤە ئیسلامییە ئوسوڵییەکان خاوەنی بڕوانامەی زانستیی بەرزن لە بواری زانست و کۆمپیوتەر و بیناسازیدا، بەڵام هیچ کامیان خاوەنی بڕوانامە نییە لە بواری زانستە مرۆییەکاندا. بە دڵنیاییەوە ئەوان پێویستییان بەوە نییە کە خۆیان تووشی ئەو جەدەلە بکەن کە پێوەستە بە مرۆڤ و مەعریفەی مرۆییەوە چونکە ئەوان خاوەنی مەرجەعیەتێکی پتەوەن و هیچ قابیلی نیقاشیش نییە، لەبەرئەوە ئەوان خۆیان لە بواری فەلسەفی و زانستی دەروونناسی (سایکۆلۆجی) دوور خستووەتەوە، بەڵکە ئەوان خۆیان بە زانستی ئەزمونگەرایی و سروشتییەوە خەریک کردووە بۆ ئەوەی لەم بوارەدا کێبەرکێی ڕۆئاوا بکەن و ببنە خاوەنی ئەو چەکە کە هەوادارانی ئەم فکرەیە پێویستیانە. بەبێ ئەوەی یەک سانییە بیر لەوە بکەنەوە کە شۆڕشی زانستی ڕۆئاوایی یەکەم جار لە بنەڕەتەوە پشتی بە بنەوایەکی فەلسەفی و فکری بەستووە، ئینجا پاشان ئەم شۆڕشە گوازراوەتەوە بۆ بوارەکانی زانستی و ئەزمونگەرایی و سروشتی.

جەماوەر گەر سەرۆکێکی نەبێت کە خاوەنی سیما و تایبەتمەندیی وا بێت کە بتوانێت ڕابەرایەتیی جەماوەر بکات، بوونی نییە. سەرۆکێک کە خاوەنی هەیبەت و کاریزمایەکی تایبەت بە خۆی بێت، کەوا لە جەماوەر بکات، بیکەنە پێشڕەویان و ملکەچی فەرمانەکانی بن.

دیارە دەبێت لێرەدا جیاوازییەک بکەین لە نێوان سەرکردە مەزنەکانی وەکو (بودا، مەسیح، محەمەد)، ئەمانە بەپێی تێڕوانینی "یونگ"، خۆبەخۆ ئەو توانەیان تێدا بووە کە کاریگەرییان بەسەر جەماوەردا هەبێ و وایان لێ بکەن بەدوایان بکەون، هەر لەبەرئەوەشە کاریگەرییان بۆ ماوەی هەزاران ساڵ مایەوە، ئەمانەش جیاواز بوون لەو سەرکردانەی کە وەختین و بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە حوکمی جەماوەریان کردووە.

جێگەی گوتنە ئەمانە (واتە جۆری دووەمی سەرۆکەکان. و. ک) خاوەنی تایبەتمەندی و سیفەتی دەگمەن نەبوون بەڵکە بەگشتی زۆر کورتبین بوون و هێندەش سیفەتی زیرەکییان تێدا نەبووە. لەلایەکی تریشەوە زۆربەیان نەخۆشیی "عەسابیان" هەبووە.

بەدەر لەوەی کە زۆربەیان کەسانی ناعاقڵ و عاتیفین بەپلەیەک کە دەگاتە ئاستی نەخۆشی و ئامادەشن بەهەموو شێوەیەک بەرگری لە بەرژەوەندی و بیروباوەڕەکانیان بکەن. هەروەها لە بواری هاندان و گاڵتەکردن بە عەقڵیەتی جەماوەردا، خاوەنی جۆرە خوویەکی پیسن ئەمەش لەڕێگەی خوێندنەوەی سروشت و کەسایەتیی جەماوەرەکەیان کە دەتوانن بەکاری بهێنن و هانی بدەن و بیجووڵێنن.

بەگشتی سەرکردەکان لەبەرامبەر ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ جەماوەردا کۆمەڵێک وشەی سۆزدار بەکار دەهێنن کە دەتوانێت کۆمەڵێک وێنەی سادە و ساکار و کاریگەر لەناو ئاوەزی خەڵکیدا بخوڵقێنێت کە وەکو شمشێرێکی سێ سووچ وایە، کە هەر سووچەیان مانایەکی هەیە کە

بریتییە لە: جەختکردنەوە، دووبارەکردنەوە، نەخۆشئامێزی.

جەختکردنەوەیەکی خاڵی و موجەرەد لە هەموو چەمکێکی عەقڵانی کاریگەریی زیاتری بەسەر جەماوەرەوە هەیە. هەروەها دووبارەبوونەوەی بەردەوامیش وا دەکات کە ڕای گشتی دروست بکات، ئەمەش دەبێتە نەخۆشییەک و کاریگەریی خۆی دەکاتە سەر کۆمەڵگە و ئەو فکرەیەش کە دەیانەوێت بڵاوی بکەنەوە، بەئاسانی لەناو خەڵکیدا بڵاوی دەکەنەوە.

لو بۆن لەم بارەیەوە دەڵێت:

"هێز و توانی وشەکان و کاریگەرییان بە جۆرێکی ئێجگار مەزنە، کە ئەمەش وا لە سەرکردەکان دەکات، بەدوای ئەو وشانەدا بگەڕێن، کە وا لە جەماوەر دەکەن قەبووڵی ناشرینترین و قێزەونترین و خراپترین شت بکات. لاپەڕە١١٩"

بەدڵنیاییەوە سەدەی بیستەم سەدەی جەماوەر بوو. ڕای گشتی بوو بە مەحەک، کە ئەمەش وای لە سیاسییەکان و حاکمەکان و کەسایەتییە جەماوەرییەکان کرد هەوڵ بدەن ڕای گشتی لە خۆیان ڕازی بکەن و ماستاویان بۆ بکەن، بۆ ئەوەی پاشان هەڵیان بخەڵەتێنن و تەفرەیان بدەن. هێزی ڕای گشتی بەجۆرێک بوو کە لە نوێنەرایەتیی خودایی گەورەتر بوو کە بەردەوام لە سەردەمە کۆنەکانی پێشوودا مەلیک و ئیمپراتۆرەکانی پێشوو خۆیان بە نوێنەری خودا دادەنا و بەم شێوەیە ئیدامەیان بە حوکمی خۆیان دەدا.

بەڵام "ڕای گشتی" توانیی ئەو بەرەیە لە بن نوێنەرانی خودا دەربهێنێت و لەوان بەهێزتریش بێتە مەیدانەوە. دیارە ئەمەش گۆڕانکارییەکی بێ وێنە بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە توانیی گۆڕانکاریی ڕیشەیی و گەورە دروست بکات. لەبەرئەوە لو بۆن پێی وایە کە سەردەمی جەماوەر دوایین سەردەمی شارستانیی ڕۆژاوایی بێت. دیارە لە پاش مەرگی لو بۆنیشەوە سیاسەتیی مۆدێرن خۆی بە لەشکرێک لە زانای دەروونناس و کۆمەڵنناس و ئیعلامی پڕچەک کردووە، هەروەها کۆمەڵێک ئامرازی نوێشیان داناوە بۆ ئەوەی بتوانن لەم یارییەیان بەردەوام بن.

بەهاری عەرەبی بەو شێوەیەی کە موبالەغەی پێوە دەکرێت، جارێکی تر چەمکی جەماوەریی هێنایەوە نێو قسە و باس. جەماوەرێکی پاک و بێگەرد، چالاک و ئازا، کە داوای گۆڕین دەکات و هەوڵی ئەوە دەدات کە ژیانێکی شایستە و نەمر و بێگەرد بونیات بنێت. ئەم جارەیان ئارمانجە پاک و بێگەردەکان و قوربانییە گەورەکان هەنگاوی مەزنیان نواند، هەر لەبەرئەوەشە یەکسەر ڕۆژئاوا هەوڵی دا کە گەمارۆی ئەم شۆڕشە بدات و ڕێچکە و ئارمانجە ستراتیجییەکانی بە خێرایی بگۆڕێت و وای لێ بکات کە سیما و بەرگێکی ئیسلامییانەی پێ ببەخشێت، دیارە هەمووشمان ئەو بزاوتانە باش دەناسین و دەشزانین کە چ ئارمانجێک لەپشت ئەم سیاسەتەی ڕۆژئاواوە هەیە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هیچ لە گرینگی و بەها پیرۆزەکانی بەهاری عەرەبی کەم ناکاتەوە، چونکە لەسەر پێشبینیی هەندێک بیرمەندی عەرەب و شاعیرە گەورەکانی! کە بەردەوام دژ بە

گەلەکەیان دەوەستنەوە و لە پێستی خۆیان دەردەچن و گەلەکەیان بە دواکەوتوو و کۆنەپارێز وەسف دەکەن، ئەم بەهارە عەرەبییە گوزارشتی لە بۆچوونە ڕۆشنگەرییەکانی ڕۆئاوا دەکرد، هەروەک بیرمەندی مەزنی فرەنسی (ئێدگار مۆرگان) گوتی.

لەلایەکی ترەوە بزاوتی "وۆلستریت داگیر بکەن**"یش یەکێک بوو لەکاریگەرییەکانی (مەیدانی تەحریر***) بەپێچەوانەی جاران، کە ڕۆئاوا پێشەنگی ڕۆهەڵات بوو. لەڕاستیدا ئەمرۆ ڕۆئاوا لە "ڕۆشنگەری" دوورکەوتووەتەوە، بەڵام کاتێک گەلانی عەرەبی ڕاپەڕیو داهێنانەکانی خۆیان کە بیریان چووبویەوە یان لەبیریان خرابووەوە یان تەنیا دەیانویست خۆیان بە سەرچاوەی ئەم بیرانە دابنێن، گەلانی عەرەب ئەم بیرە داهێنەرانەیان بە بیری ڕۆئاوا هێنایەوە.

هیچ جێگەی سەرسوورمان و پرسیار نییە کە ئەمرۆ زۆربەی سەرۆکەکانی جیهان خاوەنی بچووکترین و کەمترین سیمای سەرۆکایەتی نین. ئاخۆ کەسانی وەکو (سارکوزی، یان جۆرج بوش، یان سیلڤیۆ بەرلسکۆنی) خاوەنی چ تایبەتمەندی و سیفەتێکی سەرۆکایەتین؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کەسانە توانییان حوکمی ئەورووپا و ئەمەریکا و جیهان بکەن، ئەمەش باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ڕۆئاوا هەموو چەمکەکانی ڕۆشنگەریی خۆی لەبیر کردووە.

جێگەی گوتنە ئەمە سیمای هەموو سیاسییەکانی چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمە و هەتاوەکو ئەمڕۆش هەر بەردەوامە. بە دڵنیاییەوە ئەو سەرۆکانەی پێش ئەمان باشتر بوون بەڵام لەچاو خراپی و پیسیی ئەمان چاکتر بوون، دەنا لە ڕاستیدا ئەوانیش هەر خراپ بوون. بە دڵنیاییەوە ئەمانە پێیان دەڵێن "سیاسی"، سیاسییەکانیش هیچ نین جگە لە شاخێکی سەهۆڵبەندی ڕەش کە بۆیە کراون و دەشیانەوێت ژیانی هەموو مرۆڤایەتی بە ناشرینترین و بێتامترین ڕەنگ بۆیە بکەن.

### چەند دێڕێک لەبارەی گوستاڤ لو بۆن/



گوستاڤ لو بۆن Gustave Le Bon، لە ٧ی مایۆ ١٨٤١ لە Nogent-le-Rotrou لە فەرەنسا لەدایک بوو. لە ١٥ دیسەمبەری ساڵی ١٩٣١ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. گوستاڤ لو بۆن، سۆسیۆلۆگ و بیرمەندێکی مەزنی فەرەنساییە، کە زیاتر لە ژێر کاریگەریی تێزەکانی سیگمۆند فرۆید و ماکس ڤیبەردا بوو. ئەو بە مامۆستا و داهێنەری چەمکی (سایکۆلۆجیەتی جەماوەر) دێتە ژماردن. هەتاوەکو ئەمڕۆش لە زانکۆکانی جیهاندا، بەتایبەت لە کۆلیجی سۆسیۆلۆجی و

زانستی سیاسیدا، کتێبەکانی دەخوێنرێن. گوستاڤ لو بۆن، لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهاندا و پاشتر، زیاتر خۆی بە پرسی جەماوەر و عەقلیەتی بزاوتە کۆمۆنیست و فاشیست و نازییەکانەوە خەریک کرد. ئەم کتێبەشی کە نووسەری ئەم بابەتە باسی لێوە دەکات، بە یەکێک لە کتێبە مەزنەکانی گوستاڤ لو بۆن و زانستی سۆسیۆلۆجیا و زانستی سیاسی دێتە ژماردن، کە هەتاوەکو ئەورۆش لە زۆربەی وڵاتاندا، وەکو کتێبێکی مەنهەجی لە زانکۆکاندا دەخوێنرێت. هیواداریین ڕۆژێک لە ڕۆژان وەرگێڕە کوردەکان ئەم کتێبە گرینگە بکەنە کوردی، بۆ ئەوەی خوێنەری کوردیش ئاگەداری تێز و بۆچوونە جوانەکانی گوستاڤ لو بۆن بێت. و.ک

پەراوێز:

* محەمەد ئارگۆن سۆسیۆلۆج و بیرمەندێکی ناوداری فەرەنسی بە ڕەگەز جەزائیرییە، بە یەکێک لە ڕەخنەگرە مەزنەکانی بیری ئیسلامی دێتە ژماردن. خاوەنی کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و کتێبی فەلسەفی و سۆسیۆلۆجیی گرینگە. و.ک

** Occupy Wall Street وۆلستریت داگیر بکەن، بزاوتێکی جەماوەری و چەپی ئەمەریکایی بوو، لە یونیۆی ساڵی ٢٠١١ لە پارکێکی نێزیک نیۆرک دەستی پێ کرد کاتێک کۆمەڵێک بزاوتگەلی چەپ و مرۆڤدۆست کۆبوونەوەیەکی جەماوەرییان ڕێک خست و دژی سیاسەتە کەپیتالیستەکانی ئەمەریکا خۆپیشاندانیان کرد. پاشتر ئەم بزاوتە هەموو شار و شارۆکەکانی ئەمەریکای گرتەوە. ئەمەش گەورەترین بزاوتی جەماوەری بوو کە لەسەدەی نوێدا لە ئەمەریکا سەری هەڵدا. جێگەی گوتنە کۆمەڵێک بزاوتگەلی چەپ و کۆمۆنیست و مرۆڤدۆست لە پشت ئەم بزاوتە جەماوەرییە بوون، کە تاڕادەیەکی زۆر سیستەمی سەرمایەداریی ئەمەریکای تووشی پەشۆکانی سیاسی کرد. و.ک

*** میدان التحریر، گۆڕەپانێکی گەورەی ناو شاری قاهیرەی پایەتەختی میسرە، لێرەوە خەباتی گەلی میسری دژ بە ڕیژیمی موبارەک دەستی پێ کرد و پاش سێ هەفتە لە خۆپیشاندانی ڕۆژانەی بەردەوام توانرا کۆتایی بە ڕیژیمی دیکتاتۆری حوسنی موبارەک بهێنرێت. جێگەی گوتنە، ئەم گۆڕەپانە لە دنیادا ناوبانگی دەرکرد و پاشتر بوو بە سیمبوڵی خەباتی گەلان دژ بە ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان لە جیهاندا. و.ک

سەرچاوە: سایتی الاوان.

# سروود وەک فاکتەری دنەدان

سەردار جاف

## پێشەکی

پێش ئەوەی ڕۆچینە ناو باسەکەمانەوە دەمانەوێت لەوەها هەنگاوێکەوە دەست پێ بکەین کە دەبنە هۆکاری سەرهەڵدانی سروود و خودێ سروودیش دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکیی دنەدان بۆ بەرخودان و هەڵگیرساندنی شۆڕش و ڕۆحی گیانبازی لای تاکی کۆمەڵ، ئیدی لە پێناو پرسێکی دەستنیشانکراودا ژیلەمۆیەکی ڕووەو خەفەبوون دەکاتە بورکانێک و دامرکاندنەوەی زۆر زەحمەت دەکات ئەگەر ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینە بە ئامانجە دیاریکراوەکانی نەگات.

کەواتە سروود لە نەوەی سیاسەتە و دەتوانین بڵێین سیاسەتە بە باوکی هەر یەک لە (شەڕ و شۆڕش و ڕاپەڕین) دادەنرێت و بەر لە دەسپێکی هەریەک لە کوڕانی سیاسەت و گرتنەبەری تەوژمی خوێنڕشتن، ڕێگەگەل و ڕێوشوێنی ئاشتییانە و دیپلۆماسییانەی هەمەجۆر هەن دەبنە مایەی دوورخستنەوەی گیان لەدەستدانی مرۆڤەکان، کە دانوستان و دەمودووی سەر مێز هەن شەنوکەوی پرسەکان دەکرێت و لە لایەن دوو لایەنی نەیارەوە دەخرێتە پێش چاو بۆ توێژینەوە و بەرچاوڕوونی و دوورکەوتنەوە لە خوێنڕشتن، ئەو کات هەر لایەنە و هەم بیروبۆچوون و بیروڕاکانی لایەنی بەرامبەری لا گەڵاڵە دەبێت، هەم لە تێڕوانین و ڕامان لەو بیروبۆچوونانە ئامانج و مەبەستەکانی تا ئاستی بەدەستهێنان و کەموکوڕیی لا ڕوون دەبێتەوە و هاوکات لێکدانەوە و شرۆڤەی ڕەوشەکە دەخاتە پێش چاو، جگە لە ئامادەسازییەکانی تەکنیکی سەربازی و ئابووری و کاردانەوەی لای خەڵک و زۆر شتی دیکەی شەڕ، ئامادەسازییەکانی سروودیش لە بەرچاو دەگیرێت کە لە زۆربەی شەڕەکان بە لەشکرێکی تایبەتی ناوزەد دەکرێت.

ڕەنگە هەندێ لە ژانرەکەمان دوور بکەوینەوە و پەل بۆ ئەملاولا بکوتین، لێ هەر سیاسەت بە

سـرووده‌وه پێـوه‌سـتـه‌، بۆیه زه‌رووره‌ته به کورتی تیـشکی بخـه‌ینه سـه‌ر، پێوه‌ست بوونه‌کـه‌یش به‌م جۆره‌یه:

سیاسه‌ت، شه‌ڕ، شۆڕش، ڕاپه‌ڕین.

## سروود

سیاسه‌ت چییه؟

(ده‌ربڕی پرۆسیسێکی دروستکردنی بڕیار و دابینه‌ری –ملزمه–ی هه‌ر کۆمه‌ڵگه‌یه‌که و به‌ها مـاددی و مه‌عنه‌وییه‌کـان له خۆ ده‌گرێت و ئامـاژه‌یه‌که بۆ داواکـاری و گوشـار به‌کـاربردن له ڕێگه‌ی به‌ده‌سـتـهـێنانی ئامـانجه‌کـان له چواچێوه‌ی پلانی تاکه‌کـان و کۆمـه‌ڵه و دامه‌زراوه‌کان و ده‌سته‌بژێره‌کان به پێی ئایدیای دیاریکراوی خـۆیان له سـه‌ر ئاستی ناوه‌خۆیی و هه‌رێمایه‌تی و ناوده‌وڵه‌تی، سیاسـه‌ت بۆ خۆی پێوه‌ندیی نێوان میر و ڕه‌عـیـه‌ته کـه حـاکم ده‌سـه‌ڵاتێکی باڵایه له کـۆمـه‌ڵگه‌کـانی مـرۆڤـایه‌تی، ده‌سـه‌ڵاتی سیاسـی به واته باڵاده‌ستیی تواناکان به سـه‌ر ڕه‌عییه‌ته‌کاندا ئیدی کار بکه‌ن یان کار نه‌که‌ن له جۆره کارێکدا یانه‌وێ ئه‌نجامی بده‌ن یان نه‌یانه‌وێت).

سروود، وه‌ک هێزی به‌رگری و به‌رخودان و فیداکاری تۆکمه‌تر ده‌کات له پێناو پرسه نه‌ته‌وه‌یی و نیشـتمـانی و ئاینییه‌کان به هه‌مان شێوه دیفاکتۆیه‌کی گرینگی بواری سیاسـی و فـاکتـه‌رگه‌لی وروژاندنی هه‌موو پرسـه‌کانه، به ڕۆحیکی حه‌ماسه‌ته‌وه له به‌رده‌م شاڵاوی غه‌در و غوبن و خـیانه‌ت و چه‌وساندنه‌وه ده‌وه‌سـتێته‌وه، هاوکات سـروود له شـه‌ڕی نێوان ده‌وڵه‌تاندا ڕۆڵی سـه‌ره‌کیی بینیوه، ڕه‌نگه زۆرمان سـرووده‌کانی شـه‌ڕی عێراق و ئێرانمان به بیردا بێت، ته‌نانـه‌ت سـروودی وا هـه‌بوون سنووری شه‌ڕه‌کانی ده‌به‌زاند و له لایه‌نی به‌رامبه‌ر و لای تاکه‌کان ده‌گوترانه‌وه. هه‌روه‌ک ئاماژه‌مان پێ دا و باسـمـان له (شـه‌ڕ و شـۆڕش و ڕاپه‌ڕین) کرد پێمـان باشـه به کورتی له سـه‌ر هه‌ریه‌ک له‌م حاڵه‌تانه بدوێین.

شه‌ڕ:

پێمان وایه ڕۆچوونه ناو ورده‌کارییه‌کانی سیاسـه‌ت مه‌ودایه‌کی دوور و درێژی ده‌وێت و زۆر جاریش گه‌مه‌ی ساسیه‌ت وا ده‌کات به ئه‌نجام نـه‌گه‌ین و هـه‌ر ئه‌م به ئه‌نجام نه‌گه‌یشتنه وای کردووه خه‌ڵکی ڕووه‌و شـــه‌ڕ ببـات، بۆ ئـه‌وه‌ی دوور نه‌کـه‌وینه‌وه و هـه‌ر له سنووری خـۆمـانـه‌وه ده‌ست پێ بکه‌ین، شه‌ڕی عێراق و ئێران به درێژترین و خوێناویترین شه‌ڕی سه‌ده‌ی ڕابردوو داده‌نرێت، که زیاتر له یه‌ک ملیـۆن مـرۆڤی تێدا کـوژراوه و ٤٠٠ چوار سـه‌د ملیـار دۆلاریش تێـچـووی ئه‌و شـه‌ڕه بووه، هه‌روه‌ک گوتمان پێش شه‌ڕ کۆمه‌ڵێ دانوستان و گفتوگۆ هه‌ن بگیرێته به‌ر به‌ڵام له‌م شه‌ڕه‌دا ئه‌گه‌ر

بەراورد بە خودی شەڕەکە بکەین هەست دەکرێ ناوبژیوانی لە نێوانیاندا زۆر کز و لاواز بووە و هەردوو لایش مەیلی شەڕیان هەبووە، ئیدی هەر یەکە و پاساوێکی بۆ خۆی هێناوەتەوە سیاسییانە هەوڵی چەواشەکاری و چاوبەستی خەڵکی خۆیان کردووە و ئالییەتی شەڕیان خستۆتە گەڕ و دواتریش سرووودبێژان بۆ شەڕەکە و هاندانی خەڵک بەرەو بەرەکانی شەڕ سرووودی حەماسییانەیان چڕیوە زۆر جاریش بە باڵای دەسەڵاتداران سروودەکان گوتراون، ئێستایشی لە گەڵدا بێت ڕاست و دروستیی شەڕەکە نادیارە و لە ناوەخۆی عێراقدا دوو بەرە هەن بەرەیەکیان باس لە ڕەوایەتیی دەکەن و بەرەکەی دی پێچەوانەن.

ئەمە مشتێکە لە خەروارێک کە زۆر نێزیکە لە خۆمان و لە ناو ڕووداوەکانیدا ژیاوین، بینیمان کە سروود چ هەڵلایەکی دروست کردبوو لەو سەردەمەدا چ لە عێراق چ لە ئێران، کەواتە سروود ئالییەت و میکانیزمێکی هاندان و دنەدانە بۆ بەردەوامیی شەڕ.

شۆڕش:

شۆڕش بە دەستەواژە سیاسییەکەی بەواتە قورتار بوون لە ڕەوشی هەنووکەیی چەقبەستوو و گواستنەوە بەرەو قۆناخێکی دیکەی باشتر یان خراپتر، شۆڕش هەرچەندە بۆ خۆی دەستەواژەیەکە سۆسیالیستەکان دایانهێناوە و بەم جۆرە لە چەندان وڵاتدا شۆڕشی چەکدار ڕووی داوە جگە لەوەیش شۆڕش لە چەند جۆرێکدا خۆ دەبینێتەوە لەوانە:

١- شۆڕشی کۆنباو، کە شۆڕشی فرەنسای ١٧٨٩ بە یەکێ لەو شۆڕشانە دادەنرێت.

٢- کودەتا سەربازییەکان کە لە لایەن سەرکردە سەربازییەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

٣- شۆڕشی نیشتمانی دژ بە داگیرکەری کۆلۆنیالیست لەوانە شۆڕشی خەڵکی جەزایر.

٤- شۆڕشی نەتەویی کە دەسەڵاتدارانی هەر یەکێک لەو وڵاتانەی لە چەند نەتەوە و زمان و ئاین پێک دێن و زۆرینەی دەسەڵات پێشێلی مافی ئەوانی دی دەکات و هەوڵی سڕینەوەی خاک و ناسنامەی دەدات، لەوانە شۆڕشەکانی کورد و فەلەستینییەکان و پڵنگەکانی تامیل و بیابانی ڕۆژئاوا و ناگۆرنۆ قەرەباخ و چەندانی دیکە...

هەر یەکە لەم شۆڕشانە زەمینەی لەبار و ڕسکاوی خۆی هەیە و بەدەنگەوەچوونی خەڵکی هەیە و بە هەمان شێوە سروود لەم شۆڕشانەدا سەرقافڵەن و لە پێناو مەبەست و ئامانجێکی پیرۆز سەر هەڵدەدات، دەشێ بڵێین پیرۆزی لەم شۆڕشانەدا بوونیان هەیە چونکە زاڵم و زۆردار ئەوانی دی دەچەوسێننەوە و کورسیی فەرمانڕەوایەتی توندتر دەگرنە دەست. هاوکات هەقی خەڵکی دی پێشێل دەکەن بۆیە سروود لەم حاڵەتانەدا گیانی خۆفیداکردن گشتگیر دەکات.

ڕاپەڕین یان ڕابوون:

هەرچەندە هەندێک پێیان وایە ئەمەیش لە بازنەی شۆڕشدایە بەڵام ئێمە پێمان وایە هەم لە ڕووی سیستماتیکی گۆڕانی ژیان و بەرخودانەکانەوە هەم لە ڕووی گۆڕانکاری بە سروودەوە جیاوازە لە شۆڕش، چونکە لە شۆڕشدا سروودەکان حەماسین و نها ئەو حەماسییەتە وا سەردەمی بەسەر دەچێت و سروودی هێمن و ئارام و لەسەرخۆ جێی دەگرێتەوە، کەواتە لێرەوە بۆمان ساخ دەبێتەوە کە سروود بە پێی سەردەمەکان گوتراوە، ئەگەر دیقەتی سەردەمی شەڕی چەکدار و مقاوەمەت بدەین سروودەکانی پڕ لە تەونی حەماسەت بووە بۆ شۆڕشگێڕان گوتراوە و ئێستایش کە سەردەمی ڕژانە سەر شەقامە سروودەکان بە پێی سەردەم هەوڵی کپبوونەوەی حەماسەتی بۆ دراوە. ئەوەی پێی دەوترێ بەهاری عارەبی و سبەینێش دەشێ بە پاییز بۆ شوێن و وڵاتانی دی وەسف بکرێ، ئەو قۆناخە گۆڕانکاری و بەرەو پێشچوونانەیە کە پێشتر و زوو لە فەلسەفەکانی سۆسیالیستی دەمانخوێند کەچی بەو دیدەی ئەوان نەشکایەوە و بە ئاراستەیەکی دی هەنگاوی نا.

## سروود چییە...؟

زۆر جار لە هزرماندا بیر دەکەینەوە ئاخۆ سروود چییە... ؟ بنەماکانی چین و هەر یەکێک لە ئێمە ئاساییە ببێتە سروودبێژ چونکە زۆرمان پێمان وایە سروودبێژان چ دەنگێکی بە ساز و خۆشیان نییە، گرێکی حەماسییە و هەڵدەقوڵێت، هەوڵ دەدەین ئەرکەکانی سروودبێژ و ماهیەتی سروود ڕوون بکەینەوە و جەخت لە لایەنە شاراوەکانی بکەین، هەرچەندە بۆ خۆی بە سەرەتایەکی سانا دەژمێردرێت.

سروود بۆ خۆی دەنگێکی هونەریی سروشتییە پێشکێش بە خەڵکی دەکرێت و هەر یەکێک بۆ پرسە هەستیارەکەی سوودی لێ وەردەگرێت و بە چێژوەرگرتن لە سروودەکان گیانبازیی لا دەخوڵقێت، چونکە گوێگرتن لە سروود خۆی لە خۆیدا تەقینەوەیە بە ڕووی زوڵم و زۆرداری و ڕەتکردنەوەی بندەستییە، ئەمە بۆ سەردەمانی پێشوو باو بوو، ئێستا بۆ ئەو بەهار و پاییزانەی دێنە ئاراوە سروود بۆ ئەوە چێژی لێ وەردەگیرێت کە مافی مرۆیی و هاووڵاتیبوون هەبێت و باڵادەستیی دیکتاتۆرییەت ڕەت بکاتەوە، کاتێک زوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوە و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و تاکی کۆمەڵ قۆڵبەستکردنی ئازادی و لەپێکەوتنی بیروڕاکان و هەناسەکێشانی ئازادی بیری نەتەوەیی و چینایەتی و هەژماردنی مرۆڤ وەک مرۆڤ لە نەخشەی ژیانی ڕۆژانە دەسڕدرێتەوە ئەو کاتانە مرۆڤەکان لە هەولأ و کۆششدا دەبن بۆ نەهێشتنی ئەو کڵۆمدانانەی دەرگەکانی سەرفیرازی، سروود بۆ هەر شۆڕش و ڕابوون و ڕاپەڕینێک نەخشە ڕێگەی جۆشدانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانە.

سروود بریتییە لە پارچە مۆزیکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینی و وروژاندن و هاندانی پێوە

دیارە و بە بەژن و باڵای نیشتمان و نەتەوە و خەباتی گەلەکەیدا هەڵدەدا، سرووود و گۆرانی دوو ناوی یەک کرۆکن ئەویش لە گێڕانەوەی وتەی کێشدار و بێ کێش لە سەر ڕیتمێکی دیاریکراو و لاواندنەوەکەیشی هاوتەریب دەبێت لە گەڵ مۆزیکدا هەندێ جاریش بە بێ ژەنینی مۆزیکیش دێتە چڕین، ئەوەی لە دەستەواژەی تەکنیکیدا باوە هەڵگوتن بە نیشتمان و نەتەوە و ئاین پێی بگوترێ سروود و ئەوەیشی بە بەژن و باڵای جوانی و خۆشەویستیدا هەڵدەڵێت پێی دەگوترێت گۆرانی، بە پێی سەردەم و ڕۆژگارەکان هەر یەک لەم دوو ناوە (سروود و گۆرانی) هەر جارەی یەکێکیان لە برەودا بووە و لە ناو کۆمەڵێکی دیاریکراودا باو دەبێت، بۆ نموونە لە سەردەمی سەرەتای ئیسلامدا ناوی سروودبێژان پەرەسەندووتر و گەشەکردووتر بووە لە گۆرانیبێژان، بەم پێیە دەتوانین بڵێین قۆناخەکانی (شەڕ و شۆڕش و ڕاپەڕین)ن کە گەشە بە سروود دەدەن و گۆرانی لەم زەمەنەدا باوی نامێنێ و هۆکارەکانیش زۆرن، بۆ نموونە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و شەڕی عێراق ئێران و بەردەوامیی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییی کورد وایان کردبوو هەموو ماڵێک یان هەموو خانەوادەیەک یەک یا دوو و زیاتر قوربانیی هەبێت، کۆست کەوتنیش وەک دیارە و باوە لە کۆمەڵگەکاندا سەردەمی گۆرانی بە تەواوی دەسڕێتەوە و تاکیش یان زۆر لە ئێمە و مانان بۆ چێژ وەرگرتن لە ئاواز و مۆزیک لە بەر خۆوە وڕێنەیەکی میلۆدیی تێدا ڕوو دەدات و ڕەنگە بە هۆی ئەو داب و نەریتەی کۆمەڵگەوە نەنگ بێت یان بکەوێتە بەر تانە و تەشەر کە لە بەر خۆوە گۆرانی بڵێت، ناچار پەنا بۆ سروود چڕین دەبات و سروودیش بۆ خۆی جۆرێک لە هەڵچوونی شۆڕشگێڕی دەووروژێنێت نەخاسمە بۆ ئەو خانەوادانەی یەکێکیان لە سەنگەرەکانی پێشمەرگایەتی لە دەست دەدا یان ڕۆڵەیەکیان بە هۆی ئینتیمای سیاسی بۆ یەکێ لە گرووپە سیاسییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییمان لە سێدارە دەدرا، کە زۆربەی شەهید و قوربانییەکانی ساڵانی هەشتاکان لە ناو کورددا لە سێدارە دراون و دوای ئەوە شەهیدانی سەنگەری پێشمەرگایەتی دێن و پاشتر ئەو شەهیدانە دێن کە لە شەڕی عێراق ئێران گیانیان لە دەست داوە. لە سەردەمی ئێمرۆشماندا هەرێمی کوردستان لە سایەی ئەو خۆشگوزەرانییەوە ناوی سروودبێژەکانی لە بیرکراوە و تەنیا گۆرانیبێژان بەدەر کەوتوون و بە ڕۆژگاری ئەوان واتە گۆرانیبێژان لە قەڵەم دەدرێت و زۆرێک لە ئێمەی ئەدیبان گلەوگازندەمان زۆرە کە دەسەڵات ئەو بایەخەی بە گۆرانیبێژ و هونەرمەندی دراما دەدات بە نووسەرانی نادات، لە کاتێکدا نووسەران هەوێنی بەرهەمەکانیان.

سروود لە کۆی گشتیدا میلۆدییەکە بە پێی بنەچە ئاوازییەکەی دەستاودەست دەکرێت و لە کاتی شەڕ و شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا دەگوترێنەوە و لە گەڕەک و بانان منداڵان لاسایی ئەو کاتانە دەکەنەوە و سەنگەر لە یەک دەگرن و جاروباریش یەک دوو منداڵ ئەو سروودە هەژێنەرانە دەڵێنەوە، سروود لە بنەڕەتدا پێویستە کەسی دەنگ خۆش و بەسۆز و حەماسی بیڵێتەوە ناکرێ هەر یەکێک لە ئێمە هەستێت و سروود بچڕێت لەناو کورددا ئەو دەنگانەی زیاتر بۆ سروود لەبار بوون، (شڤان پەروەر، تایر تۆفیق، ناسری ڕەزازی، لالۆ ڕەنجدەر، ئازاد خانەقینی، کاڵێ، نەجمەی

غولامی، فوئاد ئەحمەد، ئیبراهیم محەمەد، کامەران عەبدولرەحمان، تاهیری خەلیلی، و هتد) بەداخەوە تا ئێستا لە ناو کورددا تیپێکی مۆزیکی تایبەت بە سروودمان نییە کە ئەمە ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیرییە تیپی سروودی نیشتمانی دابمەزرێنێت و برەوی پێ بدا، چونکە پەرەسەندنی گۆرانی و لەباربردن و جاڕدانی مەرگی سروود خۆی لە خۆیدا ڕۆحە نیشتمانییەکە لە ناو تاکی نەوەی دادێ دەسڕێتەوە و ئەو گیانە نیشتمانی و نەتەوەییە لە بار دەچێت لە کاتێکدا ئێمە تا ئێستا لە شۆڕشێکداین بەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

سروود لە کۆمەڵێ بنەمای تەکنیکی هونەری پێک هاتووە هەر ئەمەیش وای کردووە کاریگەریی بەسەر بیسەرەوە هەبێت، ئەوەی لە سەرەوە بە وردی هەموو ئاماژە بوون بۆ سەرهەڵدانی سروود و ئەو هۆکار و فاکتەرانە چین سروود دێننە ئاراوە و، ئێستایش چاکتر وایە لە پێکهاتەی سروود ورد ببینەوە سروود لە چەند پێکهاتەیەک دروست دەبێت کە ئەمانەن:

أ- سروودبێژ، تاکە دەنگە بە تەنیا سروودەکە بە لەرە و حەماسەتەوە دەڵێت و ئەگەر جووڵەی شۆڕشگێڕی و ڕاپەڕین و شەڕ بنوێنێت ئەوا زیاتر سەرنج ڕاکێش و حەماسیتر دەبێت.

ب- کۆرس، ئەو کۆمەڵە دەنگە ساز و خۆش و گڕەن کە لە پاش سروودبێژەوە سروودەکە دەڵێنەوە.

ج- قەرار، ئەو گۆڕانی دەنگەیە لە نزمەوە بەرەو توند و ڕەق دەڕوات.

د- وەلام، ئەو دەنگە هاوارەیە کە سروودبێژ دەیچڕێت و وەک ئەوە وایە لە دوورەوە دەنگێک ببیستیت.

هـ- صولو، یان سپرانو، جوولەیەکی لاسارییە بە تایبەت بۆ ئەوەی تازە دەست بە سروود گوتن دەکەن، دەنگێکی نزمە وەک ئەوەیە گوێبیستی دەنگی منداڵێک دەبیت لە نێزیکەوە.

و- هارمۆنی، دەستەواژەیەکی ڕۆژئاواییە و لە گۆرانییەکانیان بە کاری دەهێنن و هارمۆنی هاتووەتە ناو زانستی سروودەوە بۆ گۆڕینی چەمکی ئاوازەکەی. لە چەند چینێک پێک دێت، بە دەنگی ئاسایی دەردەبڕدرێن، ئێستا بە دوو چین ناسراوە:

١- چینی یەکەم، ئەو دەنگەیە لەگەڵ کۆڕسدا دەبیسترێت، ئاوازێکی جیاوازە لە چینی سروودەکە دەنگ هەڵبڕینێک دەدات کە چێژی لێ وەردەگیرێت.

٢- چینی دووەم، ئەمەیش جۆرە دەنگێکە نە بەرز دەبێتەوە نە نزم لە بەرزبوونەوەی ئاوازەکە، کێشێکی جێگیری دەبێت.

ز- باکگراوند، ئەو دەنگانەیە لە پشتی سروودەکەوە گوێبیستیان دەبین، چینێکە لە هەموو ئاوازی سروودەکە جیاوازە و بریتییە لەو هاتوهاوارە و بەرزبوونەوە و دابەزینی.

ح- وروژاندنی دەنگ، ئەو دەنگە هاروژاندن و کاریگەرییانەیە لە دەرەوەی سروودەکەدا هەن، وەک دەنگی تەقینەوە و باران و دەنگی فڕۆک و... تاد.

هەرچەندە ئێمە شارەزاییەکی هونەری گۆرانی و سروودمان نییە و چاکتر وایە ئەم لایەنە بۆ ئاوازدانەر و مۆزیکژەنەکان دابنێین، وەلێ ئێمە تەنیا وەک ئاماژەیەک و وەبیرهێنانەوەیەک پێکهاتەی سروودمان خستە بەر دیدتان. هەروەها لە سروودا پسپۆڕی دەنگ هەیە ئەوەیش بۆ شارەزایان و ئەندازیارانی دەنگ جێ دێڵین، لەگەڵ ئەوەیشدا هارمۆنی کۆمەڵێ چین و گەمەی هونەریی تێدایە کە هەر یەکە بە ناوێک و دەستەواژەیەکن، هەروەک گوتمان مۆزیکژەنەکان پسپۆڕییان لەو بارەوە هەیە.

لە سروودا هەندێ جووڵە و ئاماژەی تر هەن پێویستە سروودبێژ ئاشنایەتیی لە تەکدا هەبێت، بۆ نموونە لە کاتی وەستانی تایبەت بە گۆرانی و سروود پێویستە خۆی و کۆڕاڵ بە ئەندازەیەک هەردوو پێیەکانیان لە یەکدی جیا بکەنەوە ئاماژەی حەماسەتی تێدا بێت دەستەکان بە گورج و گۆڵی و بە تینەوە بجووڵێندرێن و سەر بەرز بکرێتەوە و بەملاولادا جووڵەی پێ بکرێ و پێڵووی چاوەکانیش لە کاتی پێویستدا دابخرێن و هەڵببڕدرێن جۆرێک لە سەرنج ڕاکێشان بخولقێنێت.

## سروود و سروودی نیشتمانی

خەسڵەتە بنچینەییەکانی سروودمان لە سەرەوە خستە ڕوو کە لە ڕووی هونەرییەوە ڕەنگە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان سروود و سروودی نیشتمانی نەبێت، سروودی نیشتمانی ئەو پارچە مۆزیک و دەنگەیە کە لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا پێشوەختە بەکار دەبرێت، سروودە نیشتمانییەکان بە شێوە جیاجیاکان لە بۆنە جیاوازەکانیش بەکار دەهێنرێت، لە جەژنە نیشتمانییەکان و ئاهەنگەکان و لە هەندێ وڵاتیش لە بۆنە وەرزشییەکان و دەسپێکی ڕۆژانەی قوتابخانەکان وەک باوێکی نیشتمانی کە ڕۆحی نیشتمانی و نەتەوەیی لای منداڵانی وڵاتدا بەردەوام جۆشی پێ دەدات و هەموو سپێدەیەک بە گوێیاندا دەزرنگێتەوە، لە هەندێ وڵاتی دیکەیش سروودی نیشتمانی لە پێش دەسپێکی شانۆگەری و فیلمی سینەماکان لێ دەدرێت، زۆریش لە ئێزگە و تەلەفزیۆنەکان وەک نەریتێک لەگەڵ کردنەوەی ئێزگە لە هەموو سپێدەیەکدا و لەگەڵ داخستنی ئێزگە لە دوادوای شەودا بە کاری دەهێنن و لێ دەدرێت، بەڵام بە داخەوە لای ئێمە زۆربەی ئێزگە و تەلەفزیۆنەکان سروودی ئایدیاکەی خۆی لێ دەدات و ئامادە نییە سروودە نیشتمانیەکەمان لێ بدات، ئەگەر بۆیان بلوێ سروودی عێراقی لێ دەدەن.

ئەم سروودە لە هەندێ وڵات بە سڵاوی کۆماری یان سروودی شاهانە یان سەرۆکایەتی ناسراوە، ئەمڕۆ وای لێ هاتووە بۆ هەموو کارێک و جێگەیەک سروودێک هەبێت، سروودی پارێزگەکان و هەرێمەکان. جیاوازی لە بەکارهێنانی سروودی ئاسایی و سروودی نیشتمانی ئەوەیە لە بەکاربردنیا، کە سروودی نیشتمانی هەموو ڕۆژێک بەکار دەبرێت و زۆر جار ڕۆژانە گوێبیستی دەبین، سروودی ئاسایی یان بەدەگمەن گوێمان لێ دەبێت یانیش لەو کاتانەی دیاریمان کرد (شەڕ و شۆڕش و ڕاپەڕین)ەکان بە بەردەوام گوێبیستی دەبین، کەواتە بۆ دنەدان و هاندانە

بەرەو ئەو سێ حاڵەتە.

مێژووی سروودە ئاساییەکان کۆنە و بۆ بەر لە ئیسلام دەگەڕێتەوە، بەڵام سروودی نیشتمانی لە سەدەی نۆزدەدا بایەخ و گرینگیی خۆی بە دەست هێناوە، لێ هەندێکیان زۆر لەم مێژووە کۆنترە، کۆنترین سروودی نیشتمانیی ناسراو و دیار سروودی نیشتمانیی هۆڵەندایە بە ناوی (هیت گۆشینگ) کە لە نێوان ساڵانی (١٥٦٨-١٥٧٢) لە میانەی شۆڕشی هۆڵەندادا نووسراوە، هەروەها سروودی (کیمی جا یۆ)ی ژاپۆنی کە وشەکانی لە قەسیدەیەک وەرگیراوە لە میانەی حوکمڕانیی (هییان) لە نێوان ساڵانی (٧٩٤-١١٨٥) نووسراوە، بەڵام بەم جۆرەی ئێستای تا ساڵی (١٨٨٠) بەکار نەهاتووە. هەرچەندە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەدەی سیانزەدا باسی لەوە کردووە کە سروودی نیشتمانیی جیاواز بخرێتە جێبەجێ کردنەوە بەڵام تا سەدەی نۆزدە سروودی شاهانەی نەبووە ئەمەیش لە کاتێکدا بەر جەستە بووە کە دوای ئەوەی هێزی سەربازیی ڕێک خستووە و تیپی جۆق و مۆسیقای سەربازیی دامەزراندووە لە سەر شێوازی ڕۆژئاوا ئەوەیش لە سەر دەستی سوڵتان مەحموودی دووەم بووە.

ئەوە ماوەتەوە بڵێین کە لە هەندێ وڵاتدا سروودی نیشتمانی یان سروودی شاهانە بە شان و شەوکەتی میر و پادشا و سەرۆک و ئایدیۆلۆجیاکانی حوکمڕاندا دەگوترێت، بە تایبەتی لە وڵاتانی کەندا و ئەو وڵاتانەی دیکتاتۆریەت خۆی بە سەر خەڵکەکەدا سەپاندووە (وطن مدّ)ی سەردەمی ڕێژیمی پێشوو باشترین بەڵگەی بەردەستمانە لەم بارەیەوە.

## جیاوازیی نێوان سروود و گۆرانی

لە سەرەوە باسمان لەوە کرد کە سروود بۆ نیشتمان و نەتەوە و ئاین دەگوترێتەوە و گۆرانیش بۆ جوانی و ئەوین و عیشقی دڵداری دەگوترێتەوە، هەرچەندە هەندێک پێیان وایە جیاوازی نەماوە لە نێوان سروود و گۆرانیدا بەو پێیەی ڕیتم و ئامێری مۆزیکیش بۆ سروود بەکار دێت، بە تایبەت لەم ڕۆژگارەیشدا کە سروودی هێمن و ئارام و لەسەرخۆ هاتووەتە ئاراوە و سروودی حەماسی ئەو باوەی نەماوە، بەڵام سروود هەر لە قاڵبی خۆیدا جێگیرە و گۆرانیش نەمازە لە ئیمڕۆدا پانتاییەکی ئەوتۆی گرتووە و سیناریۆی وا داڕێژراوە بۆ گۆرانی ئەگەر سروود هاتبێتە جێی گۆرانیی زەمەنی زوو و پێشتر ئەوا گۆرانی زیاتر پەرەی سەندووە و گەشەی کردووە، بۆیە ئەو جیاوازییانە هەر هەن، ئیمرۆ کەم گۆرانی هەیە کۆرسی هەبێت کەچی سروود بە زۆری کۆرسی هەیە و هەندێک جاریش بێ کۆرسە، ڕیتمی سروود ڕیتمێکی سەربازی و شەرانگێزییە لە بەرامبەردا ڕیتمی گۆرانی ڕیتمی ئاشتبوونەوە و دەست لە مل کردنی ئاشقانە، گۆرانی زۆر جار وا ڕێک دەکەوێت کچ و کوڕەکە بۆ یەکتری دەڵێنەوە، تۆنی گۆرانی لە میلۆدییەکەیەوە بەدەر دەکەوێت و نەرم و نیانی و باسکردن لە لار و لەنجە و قژی کاڵا و چاوی کەژاڵا زەقبوونی گۆرانی دەردەخات کەچی دەنگی زبرە تۆنی بەرز و نزمی سروودبێژ و کۆرس و نەزمی سەربازی گیانی

سروود زیاتر بە دەردەخات.

سروود هاندان و دنەدانە بۆ گەیشتن بە شەهادەت و سەرفیرازی لە پێناو نیشتمان و نەتەوە و ئاین کەچی لە بەرامبەردا گۆرانی هاندان و دنەدانە بۆ ئەوین و دڵداری و عیشقی خۆشەویستیی نێوان دوو ڕەگەزی لە یەک جودا کە کۆتاییەکەشی گەر بە یەکگەیشتن بێت بە پرۆسەیەکی سێکسی کۆتایی پێ دێت. گۆرانی لە سەردەمی ئاشتەوایی و خۆشگوزەرانیدا پەرە دەسێنێت و لە کاتی شەڕەکاندا مردنی جاڕ دەدرێت، کەچی سروود لە شەڕ و شۆڕش و ڕاپەریندا بست بە بست باڵا دەکات و لە ئاشتیدا مەرگی خۆی دەبینێت.

### دەرئەنجام:

لە ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆمان ساخ دەبێتەوە کە سروود بە هەموو پێوەرە هونەری و تەکنیکی و وشە و ئاواز و ڕیتم و داڕشتنی دەقەکەیەوە هەوڵدانە بۆ نێزیککردنەوەی گەنجان و خوێنگەرمانی پرسە سیاسییەکان بەرەو ڕووی خەبات و مقاوەمەت و گیانبازی لە پێناو ئامانجێکی پیرۆز کە لە هزریدا باوەڕێکی بتەوی پێی هەیە و گیانیشی لە پێناودا بە قوربان بکات باکی نییە، ئەگەر گیانفیداکردن لە پێناو ئایدیۆلۆجیەتێکی سیاسیش بێت، گرینگ قەناعەتە و ئەو سروودانە دەبنە هۆکاری دنەدان و وروژاندنی حەماسەت، زۆر بۆ ئەم پرسە دوور ناکەوینەوە شەڕی ناوەخۆی کوردستان باشترین بەڵگەی بەردەستن کە زۆر کەس و ئێستایشی لە گەڵدا بێت لە پێناو ئایدیۆلۆجیەتی قەناعەت پێکردن و باوەڕبوونی بەو ئایدیایە بە سروودێکی حەماسەتەوە ئامادەیە خۆی بە قوربانی بکات، کەواتە سروود هیچی کەمتر نییە لە فیشەکی شەڕاوەرێک کە لە بەرەکانی شەڕەوە بە لایەنی بەرامبەریەوە دەنێت، لە زۆر وڵاتیش سروود بە لەشکرێکی دیکەی سەربازی لە قەڵەم دەدەن.

ئەوە ماوە بڵێین کە لە سەرەتای شۆڕش و بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییمانەوە لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات سروود ڕۆڵێکی بەرچاو و دیاری بینی لە هاندانی گەنجان و لاوانی نەتەوەکەمان بۆ ناو سەنگەرەکانی پێشمەرگە و بەمەیش هەر خانەوادەیەکی کورد مێژوویەکی سەرفیرازیی بۆ خۆی تۆمار کرد و ئەو سروودانەی کە بۆ ئەو بزاڤە نەتەوەییەیش گوتراون وەک گیانی ئەو شەهیدانە بە زیندوویی لە هزری هەر یەکێکمان دەمێنێتەوە.

* بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودم لە (ویکیپیدیا الموسوعة الحرة) لە ئینتەرنێت وەرگرتووە.

# ئەرکی بەها و لاوازیی پابەندبوون بە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە

عادل شاسواری[١]

## پێشەکی

وشـەی (بـەها) لەو وشـە بـاوانەیە کـە زۆر بـەکـار دەهێنرێن لە ڕاگـەیاندنی بیـسـتـراو و بینراو و خوێنراودا، زۆر دەوترێتەوە لەسەر زمانی پەروەرشتکاران و بیرمەندان و ڕۆشنبیران و ئەوانی تر، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەو بایەخە پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەی کە ئەم وشەیە داگیری دەکات.[٢]

بەها پێکـهێنراوێکی زۆر ئاڵۆزە لە بیـروبۆچون و ئاراسـتـەکـان دەربارەی بابەت و شـتـەکـان و لەڕێگەی شارەزایی زانستی و هەڵچوونی و فێربوونەوە داڕێژراوە سیفەتی جێگیریی ڕێژەیی هەیە تاک وەک پێوەرێک وەری دەگرێت بۆ پێوانەکردنێک پێی بڕیار بەسەر ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکاندا دەدات لە هەڵوێستە جۆرەوجۆرەکاندا[٣]. پێناسـەکـان زۆر بوون و جـیـاواز بوون لە هەندێک لە مەسەلەکاندا ئەمەش لە ئەنجامی جیاوازیی پسپۆڕیەکان و پەیڕەوەکان و ئاراستەی خاوەنەکانیان هەندێکیان لەڕێگەی ئاماژەی ئاراستەکەوە پێناسەی دەکات وەک (بورت) و هەندێکی تریشیان لەڕێگەی ئاماژەی چالاکییە ڕەفتارییەکانەوە و هەندێکی تریان لەڕێگەی ئاماژەی ئاراستە و چالاکیی ڕەفتارییەوە پێکەوە پێناسەی دەکات و هەندێکی تریان لەڕێگەی دەربڕینی ڕاستەوخۆوە وەک ڕووکەش[٤]. بەڵام بەگشتی و لە هەموو حاڵەتەکاندا ڕەنگە یەکێک لە بابەتە گرینگەکانی ڕاگەیاندنی منداڵ بەهاکان بێت، کە پێویستە گرینگیی پێ بدرێت، هەربۆیە توێژەر بەپێویستی دەزانێ سەرەتا لایەک بەلای پێناسە جیاوازەکانی ئەم چەمکەدا بکاتەوە. کە لەڕاستیدا بەهاکان تێگەیشتنێکی گشتگیریان هەیە کە دەکەوێتە نێوان چەند زانستێکی وەک: (دەروونناسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، ڕاگەیاندن، پەروەردە....هتد).

بەها (القیم = Values) لەڕووی زمانەوانییەوە: ڕیشە زمانەوانیەکانی ئەوە دەردەخەن کە وشەی بەها (القیم) وەرگیراوە لە کرداری (قوم) کە ماناو گەیاندنەکانی زۆرن، لەوانەش سیانیان دەخەینە ڕوو[٥]:

أ- بەردەوامی و چەسپاوی: خوای گەورە دەفەرموێت: (عذاب مقیم)[6] واتە: سزایەکی بەردەوام، هەروەها (ان المتقین في مقام أمین)[7] واتە: لە شوێنێکدان کە دەمێننەوە تێیدا. ڕیشەی کردارەکە (قوم) ئاماژە دەدات بە بەها و نرخی شتێک وەک: (مالە قیمة) ئەگەر بەردەوام نەبوو لەسەر شتێک یان جێگیر نەبوو لەسەری.

ب- سیاسەت و چاودێری: سەرۆک کە چاودێریی ژێردەستەکانی دەکات و بەڕێوەیان دەبات، بەکاروبارەکانی گەل و نەتەوە هەڵدەستێت (قیم اهل بیتە وقیامهم یقوم بأمرهم) بەوانە دەوترێت بەهاکانی سەرۆک.

ت. باشی و دامەزراوی: شتی بەهادار ئەوەیە کە بەهای باشی و دامەزراویی هەیە وەک خوای گەورە دەفەرموێت (دینا قیما)[8] واتە: دامەزراوە. وتراویشە ئاینی بەهادار ئەوەیە کە جێگیرە، ئەم سێ مانا زمانەوانییانە لەگەڵ ئەو دەلالەتە گشتییەدا دەگونجێن کە وشەی بەها هەڵی گرتووە.

بەها (القیم) لەڕووی زاراوەوە: لەڕووی بەکارهێنانەوە زاراوەی (بەها، بەهاکان) لەو زاراوانەیە کە لەبەرامبەریدا زۆرێک لە توێژەران رایان جیاوازە و کۆک نین لەسەر دیاریکردنی پێناسەیەکی کۆکەرەوە و تەواو بۆی کە کۆی بکاتەوە و تایبەتمەندییەکانی روون بکاتەوە و حەقیقەتەکەی ئاشکرا بکات، پاشانیش زاراوەکە هەر بەو شێوەیە بەکار هاتووە کە لای پسپۆڕان ناسراوە و وەک ئەوەی باوە و هەر کەسەش بەپێی تایبەتمەندیی خۆی، ئەوەش هۆکاری جیاوازیەکەیە لە دیاریکردنی چەمکی (بەها)دا سەرەڕای پابەندبوونی توێژەران بەزاراوەکەوە بەپێی ئینتیمای هەریەکەیان لە کۆمەڵگەکەیدا و، سروشتی ئەو کۆمەڵگە فیکری و رۆشنبیرییە و تێڕوانینی بۆ تاک و گەردوون و ژیان کە ئەمەش بازنەی جیاوازییەکە فرەوانتر دەکات.[9]

پێناسەی بەها: بایەر و تۆفلەر Bayer and Toflerیش پێیان وایە کە لەو بەهایەدا کە خەڵک تەبەنی دەکەن کۆمەڵە فاکتەرێکی گرینگ و دیاریکراو هەیە بۆ ڕەفتارەکانیان، کاتێک کەسێک کە ڕەفتارێکی دیاریکراو ئەنجام دەدات یان ئاراستەیەک دەگرێتە بەر و بەباشی دادەنێت بەسەر ڕەفتارێکی تردا، ئەوا ئەم کارە دەکات و لەبیر و زەینیدا ئەوە هەیە کە ڕەفتار یان ئاراستەی یەکەم یارمەتیی دەدات لەبەدیهاتنی هەندێک لە بەهاکانی باشتر لە ڕەفتارەکەی تر.[10]

بەها پێوەرە بۆ بڕیاردانی تاک یان کۆمەڵ لەنێوان کۆمەڵە ئەلتەرناتیڤێکدا بەکار دەهێنرێت، لە هەڵوێستگەلێکدا کە بڕیارێک یان ڕەفتارێکی دیاریکراو دەیخوازێ[11]. مۆریس Morris دەڵێ: بەها زانستی ڕەفتاری بەباشزانینە، چونکە هەر ڕەفتارێکی (تاک خۆی لە بەباش زانینی ڕێبازێکدا دەبینێتەوە لەچاو یەکێکی تردا.[12]

هالستد Halstead دەڵێ: ئەو بنەما و بیروباوەڕە بنچینەیی و نموونە و پێوەر و شێوازی ژیانانەیە کە وەک ڕێبەرێکی گشتی کار دەکەن بۆ ڕەفتار یان خاڵی بەباشزانین لە دروستکردنی بڕیاردا یان بۆ بەهێزکردنی بیروباوەڕەکان و کردەوەکان کە پێوەست دەبێت پێوەستبوونێکی

توندوتۆڵ بەباڵابوونی ئاکاری و خودیی کەسەکانەوە[١٣].

یان برێتییە لە: ئارەزوو و ئامانجەکان کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە بۆ ئەوەی بچێتە ناو پرۆسەکانی فێربوون و بەکۆمەڵایەتیبوونەوە[١٤].

هەندێکی تریش بەوە پێناسەی دەکەن کە چەمکێکە لەناویەوە گوزارشت لە پاڵنەرەکانی مرۆڤ و ئاراستە و حەزەکانی دەکات و نێزیک دەبێتەوە لەو نموونانەی کە گوزارشت لە ئامانجە مەودا دوورەکان دەکەن کە تێ دەکۆشێت بۆ بەدیهێنانیان و لە نموونەکانیشی هێز و سامان و شەرەف یان ئابڕوو و زانست و باوەڕ و ئازادی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و یارمەتیدانی کەسانی تر و... هتد تێدایە[١٥]. بەها ئەو کۆمەڵە پێوەرە مەعنەوییەیە کە خەڵک لەنێوان خۆیاندا لەسەری ڕێک دەکەون و لەوانەوە کێشانە و پێوانەیەک دروست دەکەن بۆ بڕیاردان لەسەر کردار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ماددی و مەعنەوی[١٦].

تورندایک Thorndike دەڵێت: بەهاکان کۆمەڵێک بەسەردادانن کە لەسەر هەستکردنی مرۆڤ بەچێژ یان دوورکەوتنەوە لە ئازار بونیاد نراون، ئەم دووانەش دوو پێوەرن بۆ بڕیاردان لەسەر بەها و دروستبوونی، پابەندبوونی مرۆڤ بە بەهاکانەوە بەستراوەتەوە بە بەدیهاتنی چێژەوە یان دوورخستنەوەی ئازارەوە. بێجگە لەمەش ئەوا بەهیچ شێوەیەک بەهای نییە[١٧]. بەها پێک هاتووە لە پێوەرێک یان ئاستێک بەکاری دەهێنین لەڕەفتارماندا و وا لێی دەڕوانرێت وەک ئەوەی حەزپێکراوە یان حەزپێنەکراوە.[١٨]

بەها پێک هاتووە لەچەمکێک یان تێڕوانینێکی ئاشکرا یان نائاشکرا[١٩]. کۆمەڵێک پێوەر و بڕیاردانە لەلای تاک دروست دەبێت، لەڕێگەی کارلێکەوە لەگەڵ هەڵوێستەکان و شارەزاییە تاکی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەشێوەیەک وای لێ دەکات بتوانێت ئامانج و ئاراستەکان بۆ ژیانی دیاری بکات، کە پێی وایە شایانیەتی یان لێهاتووە بە بەگەڕخستنی توانستەکانی و بەرجەستە دەبێت لەڕێگەی بایەخپێدان، ئاراستە، ڕەفتار، گوفتار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.[٢٠]

تێڕوانینی زانایانی دەروونناسی کۆمەڵایەتیش بۆ بەهاکان لە سەر خەسڵەتەکانی تاک و ئامادەییەکان و وەڵامدانەوەکانی دیاری دەکەن لەکاتی پێوەندیکردنی بەکەسانی ترەوە لەمەشدا جیاواز دەبن لەزانایانی کۆمەڵناسی ئەوانەی کە مامەڵە لەگەڵ بەهاکانی گرووپدا دەکەن Group values و جەخت لەبەها تاکیە Individual-values دیاریکراوەکانی دەکەنەوە ئیدی دەروونی بن یان کۆمەڵایەتی یان جەستەیی... هتد، ئەمەش وای کردووە کە تێڕوانینەکانیان بۆ بەهاکان تێڕوانینێکی پێوەست بێت بەتاکەوە و دەبینین پێوەستبوونێک دەکەن لەنێوان بەها و پێداویستی و پاڵنەر و بایەخپێدان و بیروباوەڕ و ڕەفتار و خەسڵەت و ئاراستەکاندا[٢١].

بەها فەلسەفییەکان لەدەوری کامەرانی و چاکە و جوانی دەسووڕێنەوە، کەواتە مەسەلەکە پێوەندیی نییە بەکامەرانی یان چاکە یان جوانی چونکە ئەوە هیچ پێوەندییەکی نییە بە بەهاوە، ئەگەر دوو کەس ڕوانییان بۆ خۆر کاتی ئاوابوونی، ئەوا هیچیان ناکۆک نابن لەسەر ئەو ڕەنگە کە

هەیەتی و لەسەر شێوە خڕەکەی، بەڵام هەردووکیان جیاواز دەبن لەو هەستانەی کە خەپلەی خۆر لای هەر یەکێکیان دەیوروژێنێ، لەوانەیە یەکێکیان گەشبین بێت لەکاتێکدا ئەوی دیکەیان ڕەشبین بێت[٢٢]. بەها مانا و هەڵوێستی پابەندبوونی مرۆییە، تاک خۆی هەڵی دەبژێرێت بۆ کارلێککردن لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا کە تێیدا دەژی و پێوەی پابەندە، کە پێک دێت لە یەکگرتنی دوو پێکهاتە کە ئەوانیش عەقڵی و ماددین، ئەمە لەکاتێکدا کە فەراهەمبوونی ئەم دوو پێکهاتەیە بەس نییە چونکە بەها تەواو نابێت یان کامڵ نابێت تەنیا بەلەخۆگرتنی ڕەگەزی سێیەم نەبێت کە مومارەسە یان ڕەفتارە[٢٣].

ئەوەیە کە مرۆڤ هەڵی دەگرێت کاریگەر دەبێت بە بیرۆکەکانی و بیروباوەڕەکانی کە لەناوەندە کۆمەڵایەتییەکەیەوە بەدەستی هێناوە، ئەم بەها و نەریتانەش بەشێوەیەکی ڕوون کار دەکەنە سەر ڕەفتاری، پێوەندییە مرۆییەکانی و ڕەفتارەکانی دەخاتە ناو چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە، هاوڕێک دەبێت لەگەڵ ئەوەدا کە کۆمەڵگە دەیەوێت و بەباشی دادەنێت[٢٤]. بەها لە چەمکە جەوهەریەکانە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی)، ئەو پێوەستە بەهەموو شێوەکانی پێوەندییە مرۆییەکانەوە، بەو پێیەی کە پێویستیەکی کۆمەڵایەتییە.. بەها نمایشی ئەو مەسەلانە دەکات کە ئارەزووەکانمان و ئاراستەکانمان بەرەو ڕووی دەچن[٢٥]. ئەو بەهایانەی کە تاک هەر لە منداڵییەوە بەدەستیان دێنێت لەڕێگەی تێبینیکردنیەوە بۆ ڕەفتاری کەسانی تر و ئەوانەی لەچواردەورین، بۆ ئەوەی لەگەڵ کاتدا جێگیر بن و ببنە پێکهاتەی بنچینەیی بۆ کەسایەتیی تاک و ڕەفتاری ئاراستە بکەن و ئامانجەکانی دیاری بکەن[٢٦].

بەها: کۆمەڵە سیستمێکی ئاکاری و هەڵسوکەوتی مرۆڤە بۆ ناوەوەی کە ناوەرۆکێتی و بۆ دەرەوەش کە ڕوخسارێتی، کە ئەمە هەڵقوڵاوی ئاین و کولتورەکەی دەبێت لەکاتێکدا تاک لەسەری دەڕوات و شەرع ڕێگەی پێ داوە، لەهەمان کاتیشدا پێوەندیی بەچۆنێتیی پەروەردەکردنە تایبەتیەکەیەوە دەبێت، بەوەی باوەڕی پێ دەبێت وەک هەڵبژاردەیەک لەو جیهانەی کە تیایدایە[٢٧] یان نا، چونکە بەها شتێکی خۆڕسکی یان فیتریی نییە، بەڵکو لەڕێگەی پرۆسەی فێربوونەوە بەدەست دێت[٢٨]، بەکۆمەڵایەتیبوون دەیچەسپێنێ و ئەو چەمکانەیە کە کار دەکەنە سەر ڕەفتاری خەڵک بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە لەکۆمەڵگەدا دروست و ویستراوە[٢٩].

بەها لە چەمکە باو و بڵاوەکانە لەژیانی ڕۆژانەماندا بەو پێیەی پێوەرگەلێکە بۆ ڕەفتاری مرۆیی[٣٠]، کە زۆر مانا لەخۆ دەگرێت وەک: بایەخپێدان، باوەڕبوون، ئارەزوو یان لێ هەڵهاتن، خۆشحاڵی، چێژ، ڕەتکردنەوە، بەراورد، هەڵبژاردن و جۆرێک لە ڕا یان (بڕیاردان) لەخۆ دەگرێت بەسەر کەسێک یان شتێک یان مانایەکدا، هەروەک چۆن جۆرێک لەویژدانی تێدایە یان ئاراستەیەک بەرامبەر ئەو کەسە یان ئەو شتە یان ئەو مانایە[٣١]، بەوێنە و شێوازی جیاواز ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە کە تیایدا دەژیت هەروەها کولتووری ڕۆشنبیریی کە لەئامێزیدا گەورە دەبێت[٣٢] بەها چەمکێکی گریمانەییە لەگەڵ چەمک و بیروباوەڕ و ڕێسا و پێوەرە

کۆمەڵایەتییەکاندا تێهەڵکێش دەبێت، کار دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکان و ئاراستەکردنیان بەرەو ئامانجەکان و مەبەستە دیاریکراوەکان، سیفەتی جێگیری و گۆڕاویی ڕێژەییی هەیە بەدرێژایی زەمەن[٣٣]. ئەوەی بەشوێن پێناسەکردنیدا بڕوات دەبینێت کە ڕاجیاوازیی زۆری تێدایە، بەشێوەیەک زەحمەت و ئەستەمە هەموویان بخرێنە ڕوو، ئەم ئاستەنگەیەش وای لەوانە کردووە کە بایەخ بەلێکۆڵینەوەی بەها دەدەن باس لە کەمێک بکەن لەناو زۆرێک ئەویش تەنیا لە پێناسە بڵاوەکاندا[٣٤]. گومانی تێدا نییە کە چارەسەرکردنە جۆرەوجۆرەکان و شێوە جۆرەوجۆرەکان بۆ پێناسەکردنی بەهاکان ئەوە پەرچ دەدەنەوە کە زانراوە لەنەبوونی ڕێککەوتنێک لەنێوان زانایان لەسەر ماناکانی[٣٥].

لە کۆتاییدا: جیاوازیی زانایان و تیۆریستان لەدیاریکردنی پێناسەی (بەها) دەگەڕێتەوە بۆ قووڵیی مەعریفی و ڕۆشنبیری و ئایدیۆلۆجیی خەڵک، مەسەلەی بەها ئاڵۆز و فرەلقە و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وتووێژی فەیلەسووف و توێژەرەکان و یەکێک بووە لە مەسەلە گرینگەکانیان کە لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کردووە و بەراوردکارییان بۆ کردووە و هەوڵیان داوە چوارچێوەیەکی بۆ دیاری بکەن بەڵام بەچاوپۆشین لە پەیرەوە فیکرییەکانیان و هێشتا نەیانتوانیوە بگەنە ئامانجێک[٣٦].

کەواتە توێژەر دەتوانێ لەم حاڵەتەدا ئەمسەر و ئەوسەری مەسەلەکە دیاری بکات تا بۆ خۆی ڕوون دەبێتەوە، ئەم سەری ئەوەیە کە: هەندێکیان پێیان وایە کە بەهاکان هیچ نین جگە لە تەنیا کۆمەڵێک بایەخپێدان یان ئارەزووگەلێکی ناپابەندانە کەسانێکی تر پێیان وایە فرەوان دەبێت بۆ ئەوەی ببێتە پێوەرگەلێکی هاومانا بۆ هەموو ڕۆشنبیری، ئەوپەڕیشی ئەوەیە کە هیچ مانایەک نییە بۆ ژیانی مرۆڤ بە بێ بەهاکان، کەوا کۆنترۆڵی کارلێکەکانی بکات لەگەڵ جیهانی بیرۆکەکان و شتەکانی دەوروبەری و کاتێک مرۆڤ دادەماڵرێت لەبەها بەرز و باشەکانی ئەوا لەواقیعدا دادەماڵرێت لە حەقیقەتی مرۆڤانە و مانا و بوونی.

کەواتە، ئێستا توێژەر دەتوانێ پێناسەیەکی کارڕایی بۆ بەهاکان بکات بەوەی کە کۆی پێناسەکانی تێدا کۆ بکاتەوە لە ئاراستە جیاوازەکانیاندا، ئەویش بەوەی کە بەهاکان لە چەند ڕووبینایەکەوە بۆیان بڕوانرێت، ئەوانەی بەزیادە دەناسرێن لێی دەربکرێن و دابەشیش بکرێ بەسەر ڕووبینا جیاوازەکاندا، تا پێناسەیەکی گشتگیر و کۆکراوەی ڕا یەکانگیرەکان بێت بەوەی بریتییە لە: (بەهاکان پێداویستی و پاڵنەر و بایەخپێدان و ئاراستە و بیروباوەڕەکانن کە پێوەست دەبن بەتاکەوە. کۆمەڵێک پێوەرن بۆ بڕیاردان لەسەر شتەکان چ بەباش، چ بە خراپ. بەباشدانانەکان ئەوانەن کە تاک هەڵیان دەبژێرێت و بەخراپ دانانەکانیش ڕێککەوتنی ئاوەزی کۆمەڵگەن).

## لاوازیی پابەندبوون بە بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە:

بۆ دیاریکردنی ڕەوش و بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە کاتی بڵاوبوونەوەی گۆڤارەکانی منداڵاندا، ڕەنگە پێویست بێت گەر بەکورتیش بێت ئاماژە بەوە بکرێت هەرێم بە چ بارودۆخێکدا

تێپەڕیوە کە کاریگەریی هەبووە لەسەر جۆری مامەڵەکردنی تاک لەگەڵ بەهاکاندا. هەرێمی کوردستان هەر لەساڵی ۱۹۹۱ەوە تا ئێستا چەندان گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی بەخۆوە بینیوە ئەوەش لەئەنجامی جەنگەکان و قەیرانەکان کە پێیاندا تێ پەڕیوە ئەمەش بووە هۆی درزتێکەوتی هەندێک بەها و دەرکەوتن و گەڵاڵەبوون یان چۆڕبەستبوونی بەهای تر کەوا گوزارشت لە ڕەوشە کۆمەڵایەتییە نوێیەکە دەکەن. ئەمەش بەڕۆڵی خۆی بووە هۆی ململانێ لەنێوان بەها نوێ و کۆنەکاندا واتە ململانێ ڕووی دا لەنێوان لایەنگرانی ئەم دوو بەرەیەدا. ئەوانەی تەبەنی بەها نوێیەکان دەکەن و ئەوانەی کە پێوەستن بە بەها کۆنەکانەوە، لەحاڵەتی تریشدا ئەم ململانێیە ڕووی دا لەناو خودی تاکدا کاتێک تاک لەنێوان سنووری دوو بەهادا ژیا لەناو خێزانەکەی یان کۆمەڵگەکەیدا. ئەمەش وای کرد ڕەفتاری تاک ناجێگیر بێت و بیرکردنەوەی نیگەران بێت و هەلی بۆ ڕەخسا لەڕێگەی بەباشدانانی بەرژەوەندیی خۆی و بەرژەوەندیی خەڵکانی ترەوە تا چەندان جۆر لەڕەفتار بگرێتەبەر لەپێناو بەدیهاتنی پێداویستییەکانیدا هەتا ئەگەر ئەوە سنووربەزاندن و زیانگەیاندن پێیانی خواست واتە هەتا ئامادەن لەپێناو بەدیهاتنی ئەو پێداویستییانەیاندا خۆیان ڕووبەڕووی زیان لێکەوتن و سنوور بەزاندنیش بکەنەوە[۳۷]. ئیمیل دۆرکایم جەختی کردووەتەوە کە ئەو گۆڕانگارییانەی بەسەر کۆمەڵگەدا دێن کار لە ڕەفتاری تاکەکان دەکات سروشتی مرۆیی پێویستی بە پێداویستییەکان هەیە و ئەم پێداویستییانەش پێویستە دڵنیابکرێتەوە و بەو پێیەش کە پێداویستیی تاکەکان لەزیادبووندایە ئەوا کۆمەڵگە یاسا و بەها و نەریتەکانی بەکار هێناوە وەک ئامرازێک بۆ دیسپلینکردنی ڕەفتارەکان لە ڕەوشەکانی سەقامگیریی کۆمەڵگەدا، بەڵام لەکۆمەڵگە گۆڕاوەکاندا ئەوا ئەو گۆڕانە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بەها و نەریتە نوێیەکان و ململانێ لەنێوان بەها نوێیەکان و ڕەوشە نوێیەکاندا کە بەسەر کۆمەڵگەدا هاتوون و لەنێوان ئەوەی پێشتر بەرپا بوون بووەتە هۆی لاوازی هێزیی بەهاکان لەدیسپلینکردنی ڕەفتارەکاندا و دۆرکایم ئەم ڕەوشەی ناو ناوە (لەدەستدانی کۆنترۆڵ لەلایەن نەریت و بەهاکان بە Normlessness ڕەوشی ئەنۆمی)، بەوەش تاک ناتوانێت ئامانجەکانی بەدی بهێنێت بۆیە لەپێناو بەدیهاتنیدا تاوان ئەنجام دەدات[۳۸].

## پۆلێنکردنی بەهاکان و پێوانەیان:

پۆلێنکردنە پێشنیازکراوەکان بۆ بەها زۆر و جۆرەوجۆر بوون، وەک گوزارشتێک لە فەلسەفە جیاوازەکانی خاوەنەکانیان بۆ بەهاکان وەک چەمک و تیۆر و سیستەم، تێبینیی پۆلێنگەلێک دەکەین تایبەتن بە فەیلەسووفەکان و زانایانی دەروونناسی و هی تریش، هەموو پۆلێنێکیش پشت بەپێوەرێکی دیاریکراو دەبەستێت و هەوڵ دەدات کە سیستەمی بەهاکان بخاتە ڕکێفی خۆیەوە[۳۹]: بەها بە جێگرەکان دادەنرێت لەژیانی هەموو میللەتێکدا، کە بەهای ڕەهان و بەگۆڕانی ڕەوش و بارودۆخەکان ناگۆڕێن "عەقڵ نایبڕێت کە دادپەروەری یان ڕاستگۆیی یان ئەمانەت بەهای ڕێژەیی بن، بەهای ڕەها بە ئامانج دادەنرێت لەخۆیدا بەڵام بەها ڕێژەییەکان ئامرازن بۆ بەدیهاتنی ئامانج"[٤٠] لەو ڕووەوە دەکرێت بەم چەشنە پۆلێنی بەهاکان بکەین:

بەهاكان بەپێی ناوەرۆكەكانیان كە شەش بەش لەخۆ دەگرێت، بریتین لە[٤١]:

١- بەها ئاینییەكان: پێوەست دەبێت بە بایەخدان بە بیروباوەڕ و تەعالیمە ئاینییەكانەوە.

٢- بەها كۆمەڵایەتییەكان: پێوەست دەبێت بە بایەخدانی تاك بەخۆشویستنی خەڵك و قوربانیدان لەپێناویاندا و كۆششكردن لەپێناو كامەرانی و چاككردنی ڕەوشی ژیانیاندا.

٣- بەها ئابوورییەكان: پێوەست دەبێت بە بایەخپێدانە كردارییەكانەوە كە سوودێكی مادییان هەیە، پیشەسازی و بەرهەم، سامان، وەبەرهێنانی داراییەكان لەكارە بازرگانیەكاندا.

٤- بەها مەعریفیەكان: پێوەست دەبێت بەبایەخدانی تاك و ئارەزووەكانیەوە بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەكان و مەعریفەكان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زیاتری زانست و زانیاری.

٥- بەها سیاسییەكان: پێوەست دەبێت بەدەسەڵات، هێز، كۆنترۆڵ، كاری سیاسییەوە.

٦- بەها ستاتیكییەكان: پێوەست دەبێت بە بایەخدانی تاك و ئارەزووی بۆ ئەوەی كە جوانە لەڕووی شێوە و كەماڵ و گونجان و سازانەوە.

بەها بەپێی بەردەوامییان كە ئەمانیش دوو جۆر دەبن:

١- بەها ڕاگوزەرەكان: بەخێرایی دەڕۆن و نامێنن، ئەمانە بەوە ناسراون كە لەلایەن كۆمەڵگەوە پیرۆز نین.

٢- بەها هەمیشەییەكان: بۆ ماوەیەكی درێژ دەمێننەوە و ڕیشەیان درێژ دەبێتەوە بۆ ناو قوڵاییەكانی مێژوو[٤٢].

بەها بەپێی مەبەستەكان كە دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر[٤٣]:

١- بەها ئامرازیەكان: بۆیان دەڕوانرێت وەك ئەوەی ئامرازگەلێك بن بۆ بەدیهاتنی ئامانجی دوورتر.

٢- بەها كۆتاییەكان: ئەو ئامانج و فەزیلەتە كۆتاییانەن كە كۆمەڵەكان بۆ تاكەكانی خۆیانی دادەنێن.

بەها بەپێی بڵاوبونەوەی كە دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر ئەوانیش[٤٤]:

١- بەها گشتییەكان: ئەو بەهایانەن كە بڵاودەبێتەوە لەهەموو كۆمەڵگەدا.

٢. بەها تایبەتیەكان: ئەو بەهایانەن كە پێوەستن بە بۆنەی كۆمەڵایەتیی دیاریكراوەوە، یان بەچەند ناوچەیەكی دیاریكراو یان بەچینێك یان كۆمەڵێكی تایبەتەوە.

بەها بەپێی توندی و ناچاركردنیەوە كە لەسەر سێ ئاست دەبێت ئەوانیش٤٥:

١- ئەوەی كە دەبێت ببێت: بەهای ناچاركەر یان فەرمانكەر و یاساغكەرەكانن.

٢- ئەوەی بەباش دەزانرێت هەبن: هانی تاكەكان دەدرێت بۆ ئەوەی پابەندیان بن.

٣- ئەوەی هیوا دەخوازرێت هەبن: واتە بەها میسالییەکان کە خەڵک هەست بە زەحمەتیی بەدیهاتنیان دەکەن بەشێوەیەکی تەواوەتی و کامڵ و لە نموونەی ئەم جۆرە بەهایانەش بەراوردکردنی خراپەیە بەچاکە.

بەها بەپێی ڕوونیەکەی دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر، ئەوانیش[٤٦]:

١- بەها ڕاشکاوەکان: ئەو بەهایانەن کە دەردەبڕێن، بەقسە و بەرەفتار خۆی گوزارشتیان لێ دەکرێت.

٢- بەها نائاشکراکان یان ناواخنیەکان: کە ئەو بەهایانەن پوخت دەکرێن و ئاماژەیان پێ دەدرێت لەتێبینیکردنی هەڵبژاردنەکان کە لە ڕەفتارەکانی تاکەکاندا دووبارە دەبنەوە.

ئەمەی خوارەوەش خشتەیەکە پێشنیازە پۆلێنکراوەکان بۆ بەهاکان ڕوون دەکاتەوە:

خشتەی ژمارە (١) پۆلێنکردنی بەهاکان ڕوون دەکاتەوە[٤٧]

١- پۆلێنکردنی بەها بەپێی ناوەرۆک:

| بنچینە | جۆرەکان | ناوەرۆک | لە وشەکانی | لە خاوەنەکانی | لە پەیڕەوەکەی |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەرۆک | تیۆر | بایەخدانی تاک و ئارەزووی بۆ دۆزینەوەی ڕاستی و گەیشتن بە مەعریفەی زانستی | لۆجیکیەت، بابەتیبوون، ئەفراندن، گۆڕان، عەقڵانیەت | فەیلەسووفەکان | پەیڕەوی بیرکردنەوە و بابەتیبوون |
| | ئابووری | بایەخپێدانی تاک بەقازانجی مادی و ئارەزووی بۆ ئەوەی کە سوودبەخشە و لەدەروی خۆی ئامرازێک بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن بەسامان و زیادکردنی لەرێگەی بەرهەمهێنان و بازاڕکردن و بەکاربردن و وەبەرهێنانی پارەوە | بەرژوەندی، سوود، کار، سەرکردایەتی | پیاوانی سەرمایەکار | پەیڕەوی سوودیی ڕێکخراو |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | سیاسی | بایەخپێدانی تاک و ئارەزووی بۆ دەستخستنی هێز و ئاراستەکردنی ڕای گشتی و بایەخپێدانی تاک بەکار و چالاکیی سیاسی | ئینتیما، نیشتمانپەروەری، بەشداری، یاسا | سەرکردەکان | پەیرەوی ڕازیکردن و دەسەلات |
| | ستاتیکی | بایەخپێدانی تاک و ئارەزووی بۆ ئەوەی کە جوان و ڕێکخراو و سازاو و تاک چێژ وەردەگرێت بەئامانجەکانی ژیان لێی لەخۆیدا و بەرەو فەردیەت و تێڕاهێنان یان بەسبوونی خودی دەڕوات | چێژوەرگرتن، هونەر، بەهرەی شاعیرانە | یاسا | پەیرەوی شارەزایی و چێژکردن |
| | کۆمەلایەتی | مەیل و بایبەخپێدانی تاک بۆ خۆشەویستیی خەلک و تێکەلبوون پێیان و کارلێک لەگەلیاندا و کارتێکردنیان و کاریگەربوون پێیان و یارمەتیدانیان | ئەرک، حەق یان ڕاستی، هاریکاری | چاکسازە کۆمەلایەتییەکان | پەیرەوی (التقدیر والاعتبار) |
| | ئاینی | بایەخپێدانی تاک و ئارەزووی بۆ زانینی ئەوەی لەپشت جیهانی مادییەوەیە و نزیکبوونەوە لەم جیهانە و هەولدان بۆ پێگەیاندن لەنێوان خۆی و لەنێوان ئەم هەمووە گشتگیرەدا | لێبوردەیی، حەلال و حەرام، باوەڕ، ئاینداری | پیاوانی ئاین | پەیرەوی تێگەیشتن و پابەندبوون و ترسان لە خوا |

٢- پۆلێنکردنی بەها لەڕووی ئامانجەوە:

| بنچینە | جۆرەکان | ناوەرۆک | نموونە |
|---|---|---|---|
| ئامانج | ئامرازی | ئەوەیە کە تاکەکان و کۆمەڵەکان بۆی دەڕوانن وەک ئەوەی ئامرازی دوورتر بن و بەهاکانی پەیڕەوکردن و توانست و بەهای بالآبوون و سەرکەوتن دەگرێتەوە | |
| | ئامانجی | ئەو ئامانجانەیە کە تاکەکان و کۆمەڵەکان دایدەنێن و ئەم بەهایانە بە ئامانج دادەنرێن و ئەو بەهایانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بەخود و بەهای تایبەت بە پێوەندییەکان لەنێوان کەسەکان و کۆمەڵگەدا | حەزی مانەوە و، تەندروستی |

٣- پۆلێنکردنی بەها لەسەر بنچینەی توندی و ناچارکردن:

| بنچینە | جۆرەکان | ناوەرۆک | نموونە |
|---|---|---|---|
| توندی یان بەهێزی و ناچارکردن | بەهای ناچاری (فەرماندەر و یاساخکەرە) | ئەوە دیاری دەکات کە دەبێت هەبێت و خاوەن پیرۆزییە و کۆمەڵگە بە توندی و پێداگرییەوە چاودێریی جێبەجێکردنی دەکات | ڕێکخستنی پێوەندی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا بەرپرسیارێتیی باوک بەرامبەر خێزان |
| توندی یان بەهێزی و ناچارکردن | بەهای بەباشدانان | ئەوە دیاری دەکات کە پێی باشە هەبێت و هانی تاکەکان دەدات بۆ ئەوەی پەیڕەوی بکەن و دەستی پێوە بگرن | ڕێزگرتن لە میوان و بالآبوون و بەرزبوونەوە لەکاردا |
| | بەهای نموونەیی | ئەوە دیاری دەکات کە هیوا دەخوازرێت هەبێت لەگەڵ مەحاڵیی بەدیهاتنی بەتەواوەتیی | بەراوردکردنی خراپە بەچاکە |

٤- پۆلێنکردنی بەها لەڕووی گشتێتییەوە:

| بنچینە | جۆرەکان | ناوەرۆک | نموونە |
|---|---|---|---|
| گشتێتی | گشتی | بەهای باو و بلاون لەنێوان زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە و دەستە و تاقمە کۆمەڵایەتییەکاندا بەچاوپۆشین لە لادێیی بوون یان شاری بوون و چینەکانی | |
| گشتێتی | تایبەتی | ئەو بەهایانەن کە پێوەستن بە بۆنە دیاریکراوەکانەوە و پێوەستن بە ئاست و تاقمە کۆمەڵایەتییەکانەوە یان ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانەوە | ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیری و جەژنەکان |

٥-پۆلێنکردنی بەهاکان لەڕووی ڕوونییەوە:

| بنچینە | جۆرەکان | ناوەڕۆک | نموونە |
|---|---|---|---|
| ڕوونی | ئاشکرا و دیار | ئەوەیە کەوا کەسەکە بەڕوونی گوزارشتی لێ دەکات و بەقسە دەیڵێت | |
| | ناواخنی یان نائاشکرا | ئەوەیە کە بەشێوەیەکی گشتی لەتێبینیی ئارەزوو و ئاراستەکان و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانەوە تێبینی دەکرێت | ئەو بەهایانەی کە پەیوەستن بە ڕەفتاری سێکسیەوە |

٦- پۆلێنکردنی بەها لەڕووی بەردەوامی یان مانەوەوە:

| بنچینە | جۆرەکان | ناوەڕۆک | نموونە |
|---|---|---|---|
| مانەوە | هەمیشەیی | ئەوەیە کەوا ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە و لەنەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی تر | داب و نەریتەکان |
| مانەوە | ڕاگوزەر | کاتی و ڕاگوزەرە و نامێنێتەوە و زوو ئاوا دەبێت | نەخۆشی |

## ئەرکی بەها:

بەها بە پەسند و وەزیفی دەمێنێتەوە مادام لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە دەوری داوە دەگونجێت و هەندێک لەپێداویستەکانی فەراهەم دەکات بەڵام ئەگەر ژینگەکە گۆڕا و پەرەی سەند ئەوا بەهاکە ئەرکی بەئەنجام ناگەیەنێت یان بەهەمان توانست و ڕادە پێشکێشی دەکات و وای لێ دێت کە پابەندبوون پێیەوە پاراستنی دۆگمایی و پێداگری دەبێت لەسەر بەهایەکی بەسەرچوو هەروەک چۆن دەبێتە هۆی خراپیی کارلێکردن لەگەڵ کۆمەڵگادا و ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەوتنیدا دروست دەکات[٤٨]، لەناو ئەم سێ قۆناخەدا ئەرکی بەها دەبێت بە:

١- پێداویستیە بایۆلۆجییە بنچینەییەکان فەراهەم دەکات وەک خۆراک و حەوانەوە و...هتد

٢- پێداویستیە ناڕاستەوخۆکان فەراهەم دەکات وەک بەدەستهێنانی ئاستی زانستی و کۆمەڵایەتی و...هتد.

٣- پێداویستیە نموونەییەکان فەراهەم دەکات وەک بەهای ئازادی و دادپەروەری و...هتد[٤٩]...

## گۆڕانی بەها:

گۆڕانی بەهاکان دەخوازێت کە "یەکەم جار زانیارییەکان بگۆڕێن پاشان ئاراستەکان و دواتریش ڕەفتارەکان"[٥٠]. بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە شارەزایان پێشبینی

دەکەن پرۆسەکانی گواستنەوەی بەهاکان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر ئاسان بێت بەشێوەیەک کە بکرێت لە داهاتوودا قسە لە کۆمەڵگەیەکی زانیاریی جیهانی بکرێت. ئەم بەهایانەش: گوزارشتکەر دەبن لەو کۆمەڵگەیانەی کە قۆرخی پیشەی ڕاگەیاندن و تێکنۆلۆجیا دەکەن، بەڵام بڵاوبوونەوەیان لەکۆمەڵگەی تردا دەبێت کە لەڕووی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە زۆر جیاواز بێت[٥١]. کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان بەو پێیەی گۆڕەپانێکن بۆ بڵاوبوونەوەی بەها نوێیەکان کە لەڕێگەی کەناڵە ئاسمانییەکان و ئینتەرنێتەوە دێن. پوختەی قسە ئەوەیە کە ڕاگەیاندن دوو کۆمەڵەی تەواو لە بەهاکان ڕەواج پێ دەدات و جێگیریان دەکات، بەهای ڕەسەن و بەهای ئایندەیی، دەبێت کاری ڕاگەیاندن لەسەر ئەم دوو تەوەرە بکرێت کە لەڕێگەی تەواوبوون و کامڵبوونیانەوە گرەنتیی کرداری بۆ بەکۆمەڵایەتیبوون فەراهەم دەکەن[٥٢].

(هربرت لینبرجر) نەخشەیەک دەکێشێت بۆ قۆناخەکانی گۆڕانی بەها هەر لەقۆناخی وروژاندنی بایەخپێدانەوە لای تاک بۆ گۆڕان و وەرچەرخان لەڕێگەی پێدانی زانیاری و بیرۆکە تایبەتیەکان پێی و پاشان قۆناخی باسکردن و خستنەڕووی زانیارییەکانی تایبەت بەگۆڕان و زانینی بیرۆکە نوێیەکان و بەراوردکردنی ئەوە بەشارەزاییەکان و ئەزموونەکانی تاک بەئامانجی گەیشتن بە ڕادەی ئەو سوودانەی کە دەکرێت بەدەست بهێنرێن، لەم قۆناخەشدا سەرکردەکانی ڕاوبۆچوونەکان و گوێزەرەوانی هەواڵەکان پشت بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستن وەک سەرچاوەگەلێکی گرینگ بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ کەسانی تر و، پاشانیش قۆناخی هەڵسەنگاندنی عەقڵی بابەتی دێت بۆ بیرۆکەکان و زانیارییە نوێیەکان بەئامانجی گەیشتن بە بڕیاری کۆتایی، لێرەدا سەرچاوەکانی زانیارییە کەسییەکان لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا تێهەڵکێش دەبن بۆ یارمەتیدان لە هەڵسەنگاندنی بیرۆکە نوێیەکاندا. پاشان هەوڵی جێبەجێکردنی بیرۆکەکە بەشێوەیەکی کرداری، لێرەوە تاک پشت بە سەرچاوە سەرەکییەکانی زانیارییەکان دەبەستێت بۆ گەیشتن بە باشترین دەرئەنجامەکان[٥٣].

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵیکی گەورە و بنچینەییان هەیە لەپرۆسەی گۆڕاندا لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکە نوێیەکاندا کە لەلایەن توێژەری ئەمەریکایی (برنارد برلسۆن)ەوە ئەنجام دراوە کە لە سەرەتاوە بایەخەکانی چڕ بوونەتەوە لەسەر گۆڕان لەبواری کشتوکاڵیدا و لێکۆڵینەوەی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکە نوێیەکان لە چاندنی تۆوی دەنکۆڵەی دووڕەگدا، لەدوای ئەو توێژەری تر هاتن و توێژینەوەکەیان تەواو کرد لەڕێگەی توێژینەوەی ئەزموونییەوە. ئەوە بۆ توێژەران دەرکەوت کە ماوەی تەبەنیکردنی بیرۆکەکە لەکاتی بیستنیەوە نۆ ساڵە بۆ هەموو تاکەکان ئەوانەی کە خرانە ژێر توێژینەوەوە و ماوەی نێوان ساتی بیستنی بیرۆکەکە بۆ ماوەی هەوڵی ئەزموونکردنی پێنج ساڵ و نیوە و لە قۆناخی ئەزموونکردنەوە هەتا قۆناخی وەرگرتنی تەواوەتی سێ ساڵ و نیوە[٥٤].

کاریگەری لەسەر پاڵنەرەکان و شێوازەکانی ڕەفتاری مرۆڤ و ئاراستەکان و حەز و خولیا و

بەهاکانی بەچاوپۆشین لەئاستی ئەو کاریگەریەش ئەوا کەسانێک هەن پێیان وایە کاریگەریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەرییەکی ڕووکەشین، کەسانێکی تریش پێیان وایە کاریگەریەکە جەوهەرییە، هەندێک لە توێژەرانیش دابەشی دەکەن بۆ کاریگەریی ئەنقەستی وەک زیادەی زانیارییەکان و کاریگەریی نائەنقەستی وەک ئەگەری زیادبوونی توندوتیژی بەکاریگەریی فیلمە توندوتیژەکان[٥٥].

### پێکهاتەکانی بەها:

"بارسونز" و ژمارەیەک لە زانایانی کۆمەڵناسی پێیان وایە کە بەها لەسێ ڕەگەز پێک دێت ئەوانیش:

* پێکهاتەی عەقڵی – مەعریفی "هەڵبژاردن": دەخوازێت دەرکپێکردنی بابەتی بەهاکە و جیاکردنەوەی لەڕێگەی عەقڵ و بیرکردنەوەوە بێت.
* پێکهاتەی ویژدانی– دەروونی: "خەملاندن": گواستنەوەی بەبابەتی بەها لە مەیلەوە بۆ دوورکەوتنەوە لێی و ئەوەی کە لەگەڵیدا دەبێت لەخۆشحاڵی یان ئازار و ئەوەی گوزارشتی لێ دەکرێت لە خۆشەویستی و چاکەکردن لەخۆ دەگرێت.
* پێکهاتەی ڕەفتاری– ڕێنوێنیی ڕەوشتی "کردار": ئەمە ڕەگەزی ڕەفتاریی ئاشکرا و دیارە بۆ گوزارشتکردن لە بەها لەڕێگەی گەیشتن بە پێوەرێکی ڕەفتاریی دیاریکراوەوە.

قوتابخانەی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخیش جەخت دەکاتەوە، کە ئەم سێ ڕەگەزە بەیەکداچوو و کارلێکەرن لەنێوان خۆیاندا، بەکاریگەریی کۆمەڵگە و کارلێکی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە پەرچ دەکاتەوە و گوزارشت لە سروشتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکان دەکات[٥٦].

### پێوەندی لەنێوان بەها و ئاراستەکاندا:

دەتوانین جیاوازی بکەین لەنێوان بەها و ئاراستەکاندا بەم خشتەیەی خوارەوە، بڕوانە (خشتەی ٢):

ئاراستەکان بەچەندان ئەرک و کار هەڵدەستن کە یارمەتیی تاک دەدەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵوێست و ڕەوشە جۆرەوجۆرەکاندا و گرینگترین ئەو ئەرکانەش بریتین لە[٥٧]:

١– ئەرکی سوودی یان سازانی کە ئاراستەکان زۆرێک لە ئامانجەکانی تاک بەدی دەهێنن و یارمەتیی دەدەن لەسەر سازان لەگەڵ هەڵوێستەکان کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

٢– ئەرکی مەعریفی کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ناسین و تێگەیشتنی ڕەوشەکان کە تاک پێیاندا گوزەر دەکات و هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی ڕەفتارەکانی تاکەکان و لە هەڵوێستە جۆرەوجۆرەکاندا ڕێکیان دەخات و یارمەتی دەدات بۆ چەسپاندن و جێگیربوونی ڕێژەیی

ڕەفتارەکان.

٣- ئەرکی بەدیهێنانی خود و گوزارشتکردن لەبەهاکان کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ گوزارشتکردن لە خود و بەها خودییەکان.

٤- ئەرکی بەرگری کە پێوەست دەبێت بەپێداویستیەکانی تاک و پاڵنەرە کەسییەکانی زیاتر لە پێوەستبوونی بەتایبەتمەندییە بابەتییەکانەوە بۆ بابەتی ئاراستەکە.

**ئاراستەکان:**

ئاراستە بریتییە لە "ڕایەکی ئیجابی یان سلبی بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی پێک دێت سەبارەت بەکەسێک یان کۆمەڵێک یان بابەتێک یان ڕووداوێک، وامان لێ دەکات کە هەڵوێستێکی فیکری یان ڕەفتاری وەربگرین لەگەڵ شتەکە یان لەدژی، زیاتر نەرم دەبێت بۆ گۆڕین لە بەهاکە"[٥٨].

ئاراستەکان بریتین لە "بیروباوەڕەکان Beiefs یان ڕا و بۆچوونەکان Opinions سەبارەت بەخەڵک و شتەکان و بیر و بۆچوونەکان"[٥٩] (میلتۆن ڕۆکیش) بەراوردی کردووە لەنێوان بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئاراستەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ئاراستە ئاماژە دەکات بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵێک لە بیروباوەڕەکان دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو یان هەڵوێستێکی دیاریکراو ئەمە لەکاتێکدا بەها ئاماژە دەکات بۆ یەکباوەڕ و نموونەیەک لە نموونەکانی ڕەفتاری بەباشدانراو دەگرێتەوە لەئامانجە دیاریکراوەکان.

٢- بەها سیفەتی خۆی وەردەگرێت وەک پێوەرێک لەکاتێکدا ئاراستەکان بەو شێوەیە نابن[٦٠].

٣- بەها لایەنێکی بەباشزانین لەخۆ دەگرێت ئەمە لەکاتێکدا ئاراستەکان تەوەرەکانی سلبی و ئیجابی وەردەگرن[٦١].

٤- ژمارەی ئەو بەهایانەی کە تاک تەبەنییان دەکات لە شێواز و ڕیتمە بەهاییەکەیدا ڕێک دەخرێت و لەسەر ئەوە دەوەستێت کە تاک دروستی کردووە یان فێری بووە لە بیروباوەڕگەلێک کە پێوەستە بەشێوەیەک لەشێوەکانی ڕەفتار یان ئامانجێک لە ئامانجەکان بەڵام ژمارەی ئاراستەکان ئەوا لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی تاک دەوەستێت لە هەڵوێستەکان و شتەکان بۆیە ئاراستەکان لە ژمارەدا زیاتر دەبن لە بەهاکان.

٥- چەمکی بەها زیاتر دینامیکی دەبێت لە ئاراستە[٦٢] ئەوەش بەهۆی پێوەستبوونی بە پاڵنەری یان هاندەرییەوە[٦٣].

## خشتەی (٢)

### خشتەی جیاوازی لەنێوان بەها و ئاراستەکاندا[٦٤]

| تایبەتمەندی | ئاراستە | بەها |
|---|---|---|
| پلەی ئەبستراکت | کەمتر ئەبستراکت یان موجەرەدە | زیاتر ئەبستراکت یان زیاتر هێماییە |
| جێگیری | کەمتر جێگیرە و ئاسانتر لە بەها دەگۆڕێت | زیاتر جێگیرە و بەهێواشی دەگۆڕێت |
| دروستبوون | بەخێرایی دروست دەبێت و پێویستی بەشارەزاییی زۆر نییە لەچاو بەهادا | بەهێواشی دروست دەبێت بەهۆی پێویستبوونی بەشارەزایی و مەعریفەی زۆر |
| پلەی گشتێتی | گوزارشت لە هەڵوێستێک یان بابەتێک یان ژمارەیەکی کەم لە هەڵوێستەکان دەکات | سیفەتی گشتێتیی تێدایە، گوزارشت لە بڕیاری گشتی دەکات و پشت بەکۆمەڵێک لەئاراستەکان دەبەستێت کە زیاتر جێگیرن |
| ڕەزامەندیی کۆمەڵایەتی | لەوانەیە پێویستی بە ڕەزامەندیی کۆمەڵایەتی نەبێت چونکە لەوانەیە تەنیا ئارەزوویەک بێت بۆ کردنی ئەوەی کە حەزپێکراوە یان ئارەزووکراوە لەبارەی بابەتێکی دیاریکراووە | پێویستی بەڕەزامەندییەکی کۆمەڵایەتی هەیە بۆ بڕیاردان لەسەری و گوزارشت لە کردارێکی کۆمەڵایەتی دەکات لەڕووی ئامانج و بابەتەکەیەوە |
| پلەی ئاگایی یان هۆشیاری | نمایشی ئاگاییەک دەکات لەلایەن لەئامێزگرەکانیەوە و پێوەری نییە و بەزۆری بۆ بڕیارە کۆتاییەکان شیاو نابێت | نمایشی ئاگاییەکی کۆمەڵایەتی دەکات بۆ لەئامێزگرەکانی و بڕیار و پێوەرەکانیان بۆ دەکێشێت کە پێوەندیی هەیە بەچالاکییەکانیان و کارلێکەکانیانەوە پاشانیش پێوەرییە |

### پێوەرەکانی بەها:

ئەوەی تایبەتە بە پێوانەکردنی بەهاوە ئەوا (ڕالف بارنون بیری) پێوایەتی بە بڕی بایەخدان بەشتێک و ئەوەی لە هاوکێشەیەکی بیرکاریدا داڕشتووە (س) بەهایەکی هەیە = بایەخپێدانێک هەیە بە(س). توێژەرەکانیش لەدیاریکردنیان بۆ ژمارەی پێوەرەکانی بەها جیاوازن بەڵام هاوڕان لەسەر ئەم پێوەرە بنچینەییانەی خوارەوە:

أ- توندی: پێوانەیەکە بۆ بەهای بایەخپێدان و توانی شتەکە لەسەر دروستکردنی بەئاگاهێنانەوە یان وروژاندن و خرۆشاندنی بایەخپێدان.. بەواتەی ئەوەی هەموو بایەخپێدانێک ڕادەیەک لە توندی هەیە لە صفرەوە تا ئەوپەڕی ڕادە.

ب– بەباشزانین یان بەباشدانان: ڕێکخستنێکی بەرەو ژوورییە بۆ شتەکان کە لەنزمترین ڕادەوە دەست پێ دەکات و دەچێت بۆ ئەوپەڕی ڕادەی بەباشزانراو یان بە باشدانراو (بەسەر ئەوانی تردا).

ت– پێوەری گشتگیری: کاتی بەیەکداچوونی بایەخپێدانەکان بەهایەکی زیادبوو لەکۆی ئەو بەهایانە جیا دەکرێتەوە کە چووەتە ناویەوە.

پێوەری یەکەم (توندی یان تیژی) وا دەکات بتوانرێت بەراوردی شتە فرەجۆرەکان بۆ هەمان بایەخپێدان لەهەمان بابەتدا بکرێت، پێوەری دووەمیش وا دەکات بتوانرێت بەراوردی بابەتە جۆرەوجۆرەکان بۆ هەمان بایەخ بکرێت و سێیەمیش وا دەکات بتوانرێت بەراوردی بابەتەکان بۆ یەک بایەخپێدان بە بابەتەکانی بایەخپێدانێکی تر بێ ئەوەی دەستوەردانێک هەبێت لەلایەن بایەخپێدانی سێیەمەوە، لەسەر ئەمەش پێوەری سێیەم (گشتگیری) دادەنرێت بە تاکە پێوەرێک کە وا دەکات کە هەموو بایەخپێدانەکان بخاتە ناو یەک سیستمەوە کە ئەوپەڕی ڕادەی هەبێت لە هەموو سێ لایەنەکەوە[٦٥].

ڕەنگە ئەوە ڕاست بێت کە بوترێت سەرچاوەی بەهاکانیش وەک دامەزراوەکانی بەکۆمەڵایەتیبوونن و پێک هاتوون[٦٦] (خێزان، قوتابخانە، خەڵکە نزیکەکان، کۆمەڵگە، ئاین، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن) و ....هتد

## پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان Social Norm

پێوەر Norm پێک هاتووە لە: کۆمەڵێک لە ڕێسای ڕەفتار یان ئاراستەکان کە هەوڵەکانی کۆمەڵ لە دەوری دەسووڕێنەوە بۆ یەکخستن لەنێوان تاکەکانیدا و پێوەری کۆمەڵایەتی پێ دەگات یان دروست دەبێت کاتێک کە تاکەکانی کۆمەڵ دەزانن کە ڕادەیەکی دیاریکراو لەڕەفتار چاوەڕوانکراو دەبێت لێیان و لادان لەم ڕادە و مەودایە کۆمەڵ قەبووڵی ناکات و پێوەرەکان دەبنە چوارچێوەی مەرجەعی بۆ پێوەندییەکان لەنێوان تاکەکاندا[٦٧].

پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانیش Social norms لەڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە دەردەکەون کەوا تاکەکان دەستیان دەکەوێت و پاشانیش ملکەچبوونیان بۆ پێوەرەکان کە بونیادیان ناوە بەو پێیەی ئامرزاێکە لەئامرازەکانی دیسپلین و ڕێکخستنی خودی بۆ تاکەکان لەناو کۆمەڵەکەیاندا، پێوەرەکانیش بەم مانایە بریتین لە چوارچێوەی کۆمەڵی کە لەناو دڵ و دەروونی تاکەکاندا سەقامگیر بووە[٦٨]. هەموو کۆمەڵگەیەکیش پێوەرگەلێکی نایابی تایبەت بەخۆی هەیە و بە کۆمەڵە مەسەلەیەکی ڕێژەیی دادەنرێن، لادان لەپێوەرە مەسەلەیەکی ڕێژەییە، ڕەفتاری نارێکیش لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا لەوانەیە ڕەفتارێکی ڕێک و دروست بێت لە کۆمەڵگەیەکی تردا، بەپێی پێوەرەکانی ئەو کۆمەڵگەیە[٦٩].

له بەهاكانیشەوە پێوەرەكان و دابونەریتەكان لە كۆمەڵگەدا وەردەگیرێن، بۆ نموونە لە دادپەروەریەوە ئەو پێوەرانە وەردەگیرێت كە پشت دەبەستێت بە دابەشكردنی سامانەكان یان یەكسانی لەبەردەم یاسادا بێ جیاكاری لەسەر بنچینەی ئینتیما، لە بەخشندەییەوە نەریتەكانی میوانداری سەرچاوە دەگرێت[٧٠]. بەو شێوەیە ئەوا ڕشتە و ڕێتمی بەهاكان كۆمەڵێكن لەپێوەرەكان كە پێیان ڕەفتاری بەهایی مەعقول و قەبووڵكراو و مانادار دەبن و كار دەكات بەو پێیەی بنەمای دینامیە و تاك بەشوناسەكەی و كۆمەڵگە بەنەریتەكانی پێشكێش دەكات و پاشانیش پێوەندیەكانی نێوانیان ڕێك دەخات، سەرەڕای ئەوەی كە ڕشتە یان ریتمی بەهاكان بریتییە لەو پێوەرانەی كە زۆربەی ئەندامانی كۆمەڵگە دەستیان پێوە دەگرێت ئیدی بەشێوەیەكی ڕاشكاو بێت یان ناڕاستەوخۆ و ناواخنی بێت، هەموو سیستمێكیش پێك هاتووە لەو بەهایانەی كە كۆمەڵگە دانی پێدا ناون بەو پێیەی كە ئامرازگەلێكن بۆ ڕێكخستن و دیسپلین تاكەكانی پێوە پابەند دەبن[٧١].

پێوەرە كۆمەڵایەتییەكان هەڵدەستن بەژمارەیەك لە ئەرك كە یارمەتیی تاك دەدات لە مامەڵەكردن لەگەڵ هەڵوێستە ژیانییە جۆرەوجۆرەكاندا و لە گرینگترین ئەم ئەركانەش ئەوەیە كار لەسەر یەككگرتوویی كۆمەڵگە دەكات و ئەوەش لەڕێگەی جێبەجێكردنیەوە بۆ ئەو ڕەفتارەی كە ئارەزووكراوە یان حەزپێكراوە لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە سەرەڕای ئەوەی كە ئامرازی دیسپلینكردنە بۆ ڕەفتارەكانی تاك، كە پێوەرە كۆمەڵایەتییەكان وەك چوارچێوەیەك دادەنرێن كە تاك بۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە ڕێنوێنیكەرێك بۆئەوەی كە ڕەفتاری بەو جۆرە بێت[٧٢]، لەوێوە كە پێوەرە كۆمەڵایەتییەكان شێوازە ڕەفتارییە جۆرەوجۆر و دەستاودەستكەرەكان و قەبووڵكراوەكان دادەنێن لەنێوان تاكەكاندا بەڵام پێوەندی لەنێوان بەهاكان و پێوەرەكاندا لەوەدا ڕوون دەبێتەوە كە هەریەكە لە بەهاكان و پێوەرەكان لەڕێگەی گەشەی كۆمەڵایەتییەوە بەدەست دێن و هەردووكیان لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ یەكێكی تر دەگۆڕێن[٧٣] و بە دوو چوارچێوە دادەنرێن بۆ تاك و بەهۆی كارلێكی ئەندامانی كۆمەڵەوە پێ دەگەن و پێوەندییەكانی نێوانیان ئاسان دەكەن و بڕیار دەدەن بەسەر ڕەفتارەكانیاندا، هەروەها هەردووكیان ڕەفتاری مرۆیی ئاراستە دەكەن، دەكرێت پێوەرەكان و بەها كۆمەڵایەتییەكان ڕاشكاو یان نا ڕاشكاوانە بن بەشێوەیەك بكرێت تێبینی بكرێن یان لە قسەكان و ڕەفتارەكانی تاكەكانەوە پەیان پێ ببرێت لە هەڵوێستە كۆمەڵایەتییە جۆرەوجۆرەكاندا و هەردوویان ئاراستەكەری هێمایین بۆ كردار[٧٤].

## داب و نەریت Traditions

شێوازێكی بڵاوە و لە ژیاندا خەڵك لەسەری دەڕۆن، لەباوان و نەوەكانی ڕابردووەوە وەرگیراوە و دەشگوازرێتەوە بۆ نەوەی داهاتوو، هەرچەندە پاش تێپەڕبوونی كات جیاوازی دروست بووبێت لە نێوان كۆمەڵگەی ئێستا و ڕابردوودا، داب و نەریت بەجێگیر و نەگۆڕ ناو دەبرێت و مەگەر بەشۆڕش بتوانرێت ئازادی بەدەست بهێنرێت بەرامبەر بە كەلەپووری بۆماوەی ڕابردوو, ٧٥ یەكەم

کۆسپ لەبەردەم ئافرەت و مەحرومکردنی لەسەربەستی و بەدەستهێنانی مافەکانی بەپلەی یەکەم داب و نەریت و دەستووره کۆمەڵایەتییەکانن. کە ئەم داب و نەریتە لەلایەن پیاوەوە دانراوە لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی شیرازەی خێزان پێک بێت و ئاسەواری یەکسان لە ژیانی خێزانیدا هەبێت. پیاوان ئافرەتیان وەکو شەرەفی خۆیان دانا وەکو شتێکی ماددی کە پێوەندیدارە بە ئەوان و دەبێت بپارێزرێت، چونکە تەنیا بۆ ئەوە خزمەت بەپیاو بکات. ئەم داب و نەریتانە بەهۆی عەقلیەتی بەشەرەوە دروست بووە و پیاوی کورد بە عەقلیەتی عەشایەری یە تا ئەم عەقلیەتە نەگۆڕێت بەهیچ داب و نەریتی کۆن و نادروست ناگۆڕێت[٧٦].

ژمارەیەک لە زانا و لێکۆڵەرەوانی ئەوروپی چوونەتە سەر ئەو بڕوایەی کە (میللەت) دەبێت بەو خەڵکانە بوترێت (زمان, یان خوێن, یان نەژاد)ێکی سەربەخۆیان هەیە, ئیتر لە بری زاراوەی (میللەت) زاراوەی (ناسیۆن)یان بەکار هێناوە, زاناکانی سەردەمی (ڕێنیسانس) زیاتر لەم بوارەدا قووڵبوونەتەوە و ئەوەیان دەرخستووە کە تەنیا (زمان, یان خوێن, یان نەژاد) بۆ جیاکردنەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لە یەکتری بەس نین, بەڵکو پێویستە (داب و نەریت)یش بۆ جیاکردنەوەیان بە هەند وەربگیرێن, هەر لەوەوە زاراوەی (نەتەوە) هێنراوەتە ئاراوە و ئیتر هەر کۆمەڵە مرۆڤێک لە (خوێن, زمان, ڕەگەز, داب و نەریت)دا تێکەڵاو بووبن پێیان وتراوە (نەتەوە)[٧٧].

لەبەر ڕۆشناییی ئەمەی باسکرا, زۆربەی زانا نەژادناسەکان ئەوەیان سەلماندووە کورد نەتەوەیە چونکە:

ا- نەژاد و خوێن و داب و نەریتیان یەکە.

ب- بەیەک زمان قسەدەکەن.

ج- هەموو خەسڵەتەکانی نەتەوەیان تێدایە[٧٨].

مرۆڤەکان بە سروشتی خۆیان ڕا و بۆچوونیان لێک جیایە، تەنانەت ژینگە و دەوروبەرەکانیان و بەها و داب و نەریت و کولتووریشیان جیاوازن، هەروەک چۆن توانست و شارەزاییيان جیایە، جیاوازییان لە هەموو شتەکاندا خۆ دەنوێنێ، لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەمانە بەڕوونی هەست پێ دەکرێت[٧٩].

هەموو نەتەوەیەک شانازی بە داب و نەریت و کولتووری خۆیەوە دەکات[٨٠]، ئەو دابونەریت و ڕێوڕەسمەی ئێستا کە خەڵک پێوەی سەرگەرمن لەڕاستیدا هەمووی دابونەریتی فیرعەونیەکانە بۆ ڕووخاندنی بنەمای خێزان و بەربەست دانان لەبەردەم ژن هێناندا[٨١]. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە "دابونەریت "و کولتووری دواکەوتووانە زاڵە بەسەر یاساکاندا... کە زۆرتر لە مەسەلە دواکەوتوانەکان و دابونەریتەوە سەرچاوە دەگرێ[٨٢].

هەوڵاتەمەی کتێب

پەراوێزەکان:

١- ماستەر لە ڕاگەیاندن / مامۆستای زانکۆی سلێمانی/ بەشی ڕاگەیاندن/ ئەم بابەتەش بەشێکە لە نامەی ماستەرەکەی کە سەبارەت بە پێوەندیی بەکۆمەڵایەتیبوون بە ڕاگەیاندنەوەیە کە هێشتا چاپ نەکراوە.

٢- فوزية ذياب، القيم والعادات الاجتماعية، ط٢، القاهرة، دار النهضة العربية، ١٩٨٠، ص.١٥

٣- محمد، عبدالوهاب (١٩٩٩)، مبادئ علم النفس بين النظرية والتطبيق، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة. ص.٢٥١

٤- أ.د.صالح حسن الداهري، د. نبيل صالح سفيان، الذكاء الاجتماعي والقيم الاجتماعية وعلاقتهما بالتوافق النفسي والاجتماعي لدي طلبة علم النفس في جامعة تعز، ص ٣: ١٩٩٤/٤/٢٤

http://www.bafree.net.nabil.bohowth,s1.htm

٥- ماجد زكي الجلاد، تعلم القيم وتعليمها، ط١، عمان، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، ٢٠٠٥، ص ١٩-٢٠.

٦- (الشورى ٤٥).

٧- (الدخان ٥١).

٨- (الانعام، ١٦١).

٩- فوزية ذياب، القيم والعادات الاجتماعية، ط٢، القاهرة، دار النهضة العربية، ١٩٨٠، ص ١٥.

١٠- محي الدين حسين، القيم الخاصة لدي المبدعين، القاهرة، دار المعارف، ١٩٨١، ص٣٧.

١١- أبو جادو، صالح محمد علي، علم النفس التطوري، الطفولة والمراهقة، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن ٢٠٠٤، ص٢٠٤.

١٢- فوزية ذياب، القيم والعادات الاجتماعية، ط٢، القاهرة، دار النهضة العربية، ١٩٨٠، ص ٢٣- ٢٤.

١٣- ماجد زكي الجلاد، تعلم القيم وتعليمها، ط١، عمان، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، ٢٠٠٥، ص٢٣.

١٤- غريب، محمد سيد احمد (الدكتور)، علم الاجتماع الريفي، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ١٩٨٣، ص٢٧١.

١٥- سعود مالك كنعان الصديد، اتجاهات برامج الاطفال في قناة الشارقة الفضائية، دراسة تحليل مضمون لبرامج الأطفال في قناة الشارقة الفضائية للمدة من ١-٦-٢٠٠٤ إلى ١-٦-٢٠٠٥، رسالة ماجستير في الصحافة الاذاعية والتلفزيونية، غير منشورة، كلية الإعلام جامعة بغداد بإشراف: أ. م. د. وسام فاضل راضي، ٢٠٠٦، ص ١٥٤ هاشم جاسم السامرائي، مصدر سابق، ص١٠١.

١٦- ابراهيم محمد الشافعي، الاشتراكية العربية كفلسفة للتربية، القاهرة، مكتبة النهضة المصرية، ١٩٧١، ص ٣٧٥.

١٧- فوزية ذياب، القيم والعادات الاجتماعية، ط٢، القاهرة، دار النهضة العربية، ١٩٨٠، ص٢٣.

١٨- محمد ابراهيم كاظم، التطور القيمي وتنمية المجتمعات الريفية، المجلة الاجتماعية القومية، عدد ٣،

هەوالنامەی کتێب

القاهرة، المركز القومي للبحوث الاجتماعية، ١٩٧٠، ص١١.

١٩- جابر عبدالحميد وسليمان الخضري، دراسات نفسية في الشخصية العربية، القاهرة، عالم الكتب، ١٩٧٨، ص٢٢٨.

٢٠- علي خليل، القيم الاسلامية والتربية، المدينة المنورة، مكتبة ابراهيم الحلي ١٩٨٧، ص٣٤.

٢١- عبداللطيف خليفة وعبدالمنعم محمود، سيكولوجية الاتجاهات المفهوم- القياس- التغيير، مصر، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، بلا سنة طبع، ص,٨

٢٢- موقع شبكة الفرسان الإسلامية. تعريف مفهوم القيم ٢٠١٠/٢/٢٢.

٢٣- عليان عبدالله الحولي، دور وسائل الإعلام في تعزيز الثقافة العربية، المؤتمر العلمي الرابع لكلية الآداب، شركة مطابع الخط، عمان، ١٩٩٩م، ص٣٥٠.

٢٤- د.اسماعيل قباري محمد، قضايا علم الاجتماع المعاصر، منشأة المعارف، الاسكندرية، ١٩٧٦، ص٣٢.

٢٥- مقال د. ادريس الكنبوري: الطفل المسلم والإعلام المطلوب، رأي: فوزية ذياب، العدد (٣) فبراير ١٩٩٩- ص٥٦.

٢٦- بوجلال عبدالله وآخرون (الدكتور)، القنوات الفضائية وتأثيراتها على القيم الاجتماعية الثقافية والسلوكية لدى الشاب الجزائري، دراسة نظرية وميدانية، منشورات فرق بحث، ٢٠٠١، ص١٤٤.

٢٧- حيدر حميد الدهوى، العولمة والقيم رسالة في الطريق الى مابعد العولمة و قيمها، دار علاءالدين للنشر، ط١، ٢٠٠٤، ص٢٥.

28- Eckstein, Rudolf, psychoanalyst is look at the origins of values in children, 1984, pp.523-526.

29- Baldridge, J(1980): Sociology. New York, John Wily. p:105

٣٠- زقزوق, محمود حمدي (الدكتور), الإنسان في التصور الإسلامي, الأهرام (صحيفة), العدد ٤١٦٣٦، ١٢،٤، ٢٠٠٠.

٣١- دياب, فوزيه, القيم والعادات الاجتماعية, مع بحث ميداني لبعض العادات والتقاليد الأجتماعية, دار الكتاب العربي, القاهرة, ١٩٦٦، ص ٢٥-٢٦.

٣٢- هنا وعطيه محمود والتوجيه التربوي والمهني, مكتبة النهضة, القاهرة, ١٩٥٩، ص ١٨٤-١٨٥.

٣٣- صالح، قاسم حسين والبياتي، خليل ابراهيم (١٩٨٥)، التغيير في القيم لدى طلبة الجامعة. ندوة: اكتساب القيم في عالم متغير، مؤتمر وزراء العمل والشؤون الأجتماعية بدول الخليج، المجلد الثاني. بغداد. ص١٤٣.

34- Rescher,Nichols,introduction ti value theory , englewooalcliffs,N. J. Prentice Hall.1969,p2

٣٥- الهيتي, خلف نصار محبا, القيم السائدة في صحافة الأطفال العراقية, وزارة الثقافة والفنون, بغداد, ١٩٧٨، ص١٣.

٣٦- ماجد زكي الجلاد، تعلم القيم وتعليمها، ط١، عمان، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، ٢٠٠٥، ص ٢١-٢٢. (بەپوختەكردنەوە).

٣٧- فريد علي امين الربيعي، اثر بعض المتغيرات الاجتماعية والاقتصادية على الجريمة في العراق، اطروحة

دكتوراه، سنة ١٩٩٨، ص١٤٤.
٣٨- فتحية عبدالغني الجميلي، الجريمة والمجتمع، فدوائل للنشر، عمان، سنة ٢٠٠٢ ص١٨١-١٨٢.
٣٩- رانيا عدنان ورشا بسام، التنشئة الاجتماعية، ط١، عمان، دار البداية، ٢٠٠٦، ص ٢٢٠ وما بعدها.
٤٠- زقزوق, محمود حمدي (الدكتور), الإنسان في التصور الإسلامي, الأهرام (صحيفة), العدد ٤١٦٣٦, ١٢،٤، ٢٠٠٠.
٤١- مصطفى، صابر بكر (الدكتور)، القيم في مجلات الاطفال باقليم كوردستان، ٢٠٠٨، اطروحة دكتوراه منشورة، ص٤٣.
٤٢- ابو جادو، صالح محمد علي، سيكولوجية التنشئة الاجتماعية، ط٣، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، الاردن ٢٠٠٢، ص ٢٠٩-٢١١.
٤٣- مصطفى، صابر بكر (الدكتور)، القيم في مجلات الاطفال باقليم كوردستان، ٢٠٠٨، اطروحة دكتوراه منشورة، ص٤٤.
٤٤- مصطفى، صابر بكر (الدكتور)، القيم في مجلات الاطفال باقليم كوردستان، ٢٠٠٨، اطروحة دكتوراه منشورة، ص٤٤.
٤٥- زهران، حامد عبدالسلام (١٩٧٧) علم النفس الاجتماعي، عالم الكتب، ط٤، القاهرة. ص, ١٣٤
٤٦- مصطفى، صابر بكر (الدكتور)، القيم في مجلات الاطفال باقليم كوردستان، ٢٠٠٨، اطروحة دكتوراه منشورة، ص٤٥.
٤٧- ماجد اسعد، البعد الاجتماعي للقيم الدينية وعلاقته ببعض المتغيرات لطلبة الجامعات، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية التربية ابن الهيثم، ٢٠٠٦، ص٥٢.
٤٨- هادي نعمان الهيتي، الاتصال والتغير الثقافي، دار الحرية، سنة ١٩٧٨، ص, ١٠٩
٤٩- غسان منير سنو، القيم والمجتمع، مصدر سابق، ص٥١.
٥٠- ياس البياتي، تأثير غزو الإعلام المرئي الدولي، مجلة بحوث الإعلام، عدد١٨، ١٩٨٦، ص٧٩.
٥١- عاطف عدلي العبد، الاتصال والرأي العام، مصدر سابق، ص١١٧.
٥٢- مصطفى حجازي، علم النفس والعولمة، مصدر سابق، ص٨٢.
٥٣- عمران كاظم عطية، دور وسائل الإعلام في التغير الاجتماعي في العراق، رسالة ماجستير، كلية الاداب، قسم الإعلام، جامعة بغداد، ١٩٩٦، ص٧٩.
٥٤- افرين. م. رؤجرز، بيرؤكة نوييَةكان ضؤن بلآو دةبنةوة، وةرطيَراني سامي ناشد، القاهرة، عالم الكتب، ١٩٦٢ لا ٥٢.
٥٥- احمد بدر، الاتصال بالجماهير بين الإعلام والرعاية والتنمية، الكويت، وكالة المطبوعات، ١٩٨٢، ص٣٢.
٥٦- مصطفى، صابر بكر (الدكتور)، القيم في مجلات الاطفال باقليم كوردستان، ٢٠٠٨، اطروحة دكتوراه منشورة، ص٤٢.
٥٧- فوزية العطية، المدخل الى علم النفس الاجتماعي، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، سنة ١٩٩٢، ص٢١٢.

٥٨- صالح، قاسم حسين (١٩٩٨)، نظريات معاصرة في علم النفس، دار الجيل الجديد، صنعاء، اليمن. ص٢٢١.

59. Santrock,J. W. 2000: Psychology. McGraw- Hill, sixth eaition. p: 556

٦٠. صالح محمد ابو جادو، سيكولوجية التنشئة الاجتماعية، دار المسيرة، سنة ٢٠٠٠، ص٢١٤.

٦١- محمد حسن الشناوي، التنشئة الاجتماعية للطفل، مصدر سابق، ص٢٠١.

٦٢- هشام عام عليان. صالح ذياب هندي علم النفس التربوي، دار الفكر، سنة ١٩٨٦، ص٥٧.

٦٣- نورهان منير حسن فهمي، القيم الدينية للشباب من منظور الخدمة الاجتماعية، مصدر سابق، ص٩٧.

٦٤- زاهر، ضياءالدين، القيم في العملية التربوية، مؤسسة الخليج العربي، القاهرة. ١٩٨٤ ص٢٦.

٦٥- هاشم حسن، القيم الاخبارية في الصحافة العراقية، أطروحة دكتوراه منشورة، جامعة بغداد، كلية الآداب، قسم الإعلام، ١٩٩٦، ص٣٦.

٦٦- محسن جلوب جبر سميع الكناني، تعرض الجمهور لقنوات الجنس، الفضائية والتغير في النسق القيمي الاجتماعي، أطروحة دكتوراه فلسفة في الإعلام، قسم الصحافة الإذاعية والتلفزيونية، كلية الإعلام- جامعة بغداد، إشراف أ.م.د هاشم حسن التميمي، ٢٠٠٩، ص٤٩-٥٣.

٦٧- د.عبد الباسط محمد حسن، علم الاجتماع الصناعي، ط٣، مكتبة غريب، ١٩٨٢، ص١٤٤.

٦٨- د. فؤاد البهي السيد، علم النفس الاجتماعي، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٥٤، ص٢٨٩-٢٩٣.

٦٩- د.سعد الامارة، سلوك الفرد واكتساب المعايير مجلة النبأ، ع٥٢، كانون الاول ٢٠٠٠، ص١-٢,

٧٠- د.حليم بركات، المجتمع العربي في القرن العشرين، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت ٢٠٠٠، ص٦٣٨.

٧١- د. محمد احمد بيومي، علم اجتماع القيم، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية ١٩٨١، ص١٥٨.

٧٣- احمد عبد العزيز سلام - عبدالسلام الغفار، علم النفس الاجتماعي، مصدر سابق، ص١٥٥.

٧٤- محمد لبيب النجعي، الاسس الاجتماعية للتربية، مصدر سابق، ص١٤٥.

٧٥- حنان عبد الحميد، الاسرة والطفل والمجتمع، مصدر سابق، ص٢٣.

٧٦- بشرى جميل اسماعيل الراوي، الاتصال اللفظي وغير اللفظي، دراسة تحليل مضمون المكونات الثقافية للاعلانات في قناة LBC الفضائية للمدة من ١-١٠-٢٠٠٤م إلى ٣١-١٢-٢٠٠٤م ماجستير في الإعلام، كلية الإعلام، جامعة بغداد، بإشراف أ.د مظفر مندوب العزاوي، ٢٠٠٥ م، ص٤١٢.

77-http://www.hevgirtin.net,seminar20-10-2008-netew26-12-2008jiin, shukriye- temur25-11-2008htm

٧٨- يارسان، ئەيوب رۆستەم، ل٧,

٧٩- يارسان، ئەيوب رۆستەم، ل٧,

80- http://www.kurdiu.org,wtard.php?pageid=44016/6/2010

81- http://www.xebat.net,article.php?id=947216/6/2010

82- http: //www.ba8.org,Files2,zawaj 97.htm - 73k 16/6/2010 http://www.helwist.com,tak 29-12-2012 Et-yupi.htm16/6/2010

# هەموو مرۆڤەکان بران

موهنداس گاندی

## پشکی دووەم

بەشی چوارەم:

### ئاشتیی ناودەوڵەتی

هەواڵنامەی کتێب

بێگومان مرۆڤ توانی بەدەستهێنانی بڵاوبوونی ڕۆحی نییە ئەگەر سوودبەخش نەبێت بە چوار دەورەکەی. من بڕوام بە ئەدفایتا هەیە و، یەکبوونی جەوهەری مرۆڤ لەتەک هەر بوونەوەرێکدا. کەواتە، ئەگەر مرۆڤ تەنیا خۆی هەنگاوێکی هاویشت لە ژیانێکی ڕۆحیدا، هەموو مرۆڤایەتی لەمە سوودمەند دەبێت. بە پێچەوانەوە، هەر پاشەکشەیەک تووشی مرۆڤ بێت. گرەنتیە بۆ ئەوەی هەموو دنیا هەنگاوێک بەرەو دوا بنێت.

کاری من، بە خۆشەویستیی هندییەکان وەک برا کۆتایی پێ نایەت، هەرچەندە من هێشتان بە هەموو هەوڵێکم تێ دەکۆشم. لە پێناو ئازادیی هند زۆربەی کاتەکانم تەرخان کردووە. من لە ڕێگەی ڕزگاربوونی هندەوە هەوڵ دەدەم پێشەوایەتیی هەموو مرۆڤەکان بکەم بۆ ئەوەی یەک کۆمەڵ پێک بێنین، خاوەن پێوەندییەکی برایانە بن.

نیشتمانپەروەرێتیی من هەڵاوێردی کەس ناکات. ئامادەیە هەموو دنیا لە ئامێز بگرێت. ئەوەندەی پێم دەکرێت هەموو فۆرمەکانی ئەم نیشتمانپەروەریەتییە، کە لە داماوی و قۆرخکراویی نەتەوەکانی تر، هێز وەردەگرێت، بخەمە لایەک. ئینجا نیشتمانپەروەریەتیم تەواوی ماناکەی لەدەست دەدات ئەگەر بە بەردەوامی لە کۆششدا نەبێت بۆ چاکەی هەموو مرۆڤایەتی، بە بێ ئەوەی

..............................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئاواز فاتح جاف

کەس وەلابنێت. وەلێ نیشتمانپەروەریەتی بۆ من واتەگەلێکی هەیە: چونکە هەوڵ دەدەم هەموو ژیان لە ئامێز بگرم، ئەمەش لەڕێگەی ئاینەوە و پاشان، نیشتمانپەروەریەتیمەوە.

ئەوەندە بەس نییە بگەمە ئەو دۆخەی بۆ هەموو مرۆڤێک ببم بە برا، یان هەتاوەکو دەبم بە بەشێکی جیانەکراو لە هەموو مرۆڤایەتی، بەڵکو ئومێدەوارم لەگەڵ هەر زیندەوەرێکدا ئەم یەکبوونە پێک بهێنم، ئەگەر چی کرمێکی زەویش بێت، ئەگەر تووشی شۆکتان نەکەم، من سوورم لە بەدیهێنانی ئەم یەکبوونە لەگەڵ ئەو زیندەوارانەی زەوی دەتەنەوە، چونکە ئێمە بانگەشە دەکەین کە هەموومان لەیەک خواوەندەوە سەرچاوەمان گرتووە، ئا لەم دۆخەدا، ڕووخساری دەرکەوتنی هەر جۆرە ژیانێک، هەر چۆنێک بێت، جەوهەری دەبێت هەر یەکێک بێت.

ئەستەمە مرۆڤ ئینتەرناسیۆنالیست (ناونەتەوەیی) بێت و نەتەوەپەروەر نەبێت، چونکە ناونەتەوەییبوون وەک واقعێک نیشتمانپەروەریەتی دەسەپێنێت. بە واتەیەکی دی، پێویستە ئەو نەتەوانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتانی جیاواز، ڕێکخراو بن و بتوانن بە ڕێکخستنییەکی تەواوەوە وەک یەک کەس کار بکەن. خراپەیەک لە نیشتمانپەروەریەتیدا نییە، بەڵکو لە کورتبینین و خۆپەرستیدایە و، ئەم عەقڵییەتە سنووردارە، بووەتە هۆی کارەساتی نەتەوەکانی ئەم سەردەمە. دەبینیت هەر نەتەوەیەک دەیەوێت لەسەر حسابی ئەوەی دی گەشە بکات و لەسەر خاپوورکردنی ئەوەکەی تر هەڵبستێتەوە.

من خزمەتکارێکی خاکیم بۆ هند و هەوڵ دەدەم خزمەتی هند بکەم و خزمەتی هەموو مرۆڤایەتی بکەم... پاش بەسەرچوونی پەنجا ساڵ لە تەمەنم دەتوانم بێژم هەنووکە زیاتر لەو بڕوایەدام هیچ دژییەک نییە لەنێوان ئەوەی مرۆڤ خزمەتی نەتەوەکەی یان هەموو مرۆڤایەتی بکا، ئەم ڕێبازە ئەرێیەتیی خۆی هەیە چونکە بە ئاسانی لای هەمووان قبووڵی کرانەوە دەکات بەسەر هەموو دنیادا و سنوورێک بۆ ئەم ئیرەییە دابنرێت کە لەنێوان نەتەوەکانی ئەم هەسارەیەدا هەیە.

ساناترین ڕێگە ئەوەیە مرۆڤ هاوڕێ بەدەست بینێت و، بە ئەندامێکی خێزانی خۆی دایبنێت. بەڵام ئەگەر مرۆڤ جیاوازییەک لەنێوان شوێنکەوتووانی ئاینزاکەی خۆی و ئەندامانی ئاینێکی دیکە بکات بۆ ئەوەی ئاینزاکەی خۆی پێڕەو بکات و ڕێگەکانی ڕق و کینە بکاتەوە و نکۆڵی لە ئاینی بەرامبەرەکەی بکات، ئەمە نموونەیەکی خراپە.

من لە پیناو ئازادیی هنددا دەژیم و، ئاواتەخوازم لە پیناویدا بمرم. هەر ئەمەش خواستی حەقیقەتە، چونکە هندێکی ئازاد دەتوانێ خوای حەق بپەرستێت. من لە ئەوپەڕی کۆششدام بۆ ئازادیی هند، چونکە "سوادیشی" تایبەتم بە بەردەوامی پێی دەوتم لەبەرئەوەی لە هند لە دایکبووم و میراتگری ڕۆشنبیرییەکەیم ئەوە قەدەری منە خزمەتی بکەم و مافی خزمەتگوزارییەکانی منی هەیە. وەلێ نیشتمانپەروەریەتیم هەڵاویردن ناناسێ چونکە مەبەستی ئازاردانی نەتەوەکانی دی نییە، بەڵکو قازانجی ئەم گەلانەی لا مەبەستە. ئەوەی من دەیبینم، لە هیچ هەلومەرجێکدا ئازادی

نابێتە هەڕەشە بۆ سەر خەڵکانی دی.

ئێمە لە هەموو وڵاتان ئازادیمان دەوێ، بە مەرجێک گەلانی دی دووچاری خراپە نەکەین، لە هیچ شتێکدا قۆرخ کردن نەبێت و بەهیچ شێوەیەکیش ڕیسوای نەکەین. من ئازادیی هندم ناوێ کاتێک ببێتە هۆیەک بۆ ڕووخاندنی ئینگلتەرا یان لەناوبردنی ئینگلیز، بەڵکو بە پێچەوانەوە حەز دەکەم ئازادبوونی هند ڕێگە بدات بە دەوڵەتانی تر لە ئازادیی هند سوود وەربگرن و هند بتوانێت بە داهاتەکانی مرۆڤایەتی بە باشترین شێواز سوودمەند بێت. دروشمی نیشتمانپەروەریەتی ئەمڕۆ فێرمان دەکات لە کاتی پێویستدا دەبێت مرۆڤ لە پێناو خێزان و، خێزانیش لە پێناو شار و، شاریش لە پێناو یەکەیەک و، یەکەش لە پێناو میرنشین و، میرنشینیش لە پێناو وڵات و، وڵاتیش لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا بمرێت.

بە ناوی ئەو خۆشەویستییەم بۆ وڵاتەکەم و ئەو هزرە نیشتمانییەم کە بۆ خۆمم داڕشتووە لە خۆم ڕادەبینم ڕازی بم بە مەرگی وڵاتەکەم، ئەگەر ئەم قوربانیکردنە ڕێگە ببەخشێت کە مرۆڤایەتی بژی، چونکە ئەو نیشتمانپەروەریەتیەی کە شانازیی پێوە دەکەین ڕێگە بە بچووکترین ڕەگەزپەرستی نادا.

ئەگەر بمانەوێت خزمەتی ئەو دراوسێیانە بکەین کە لە ئەوبەری سنوور نیشتەجێن، هیچ بەربەستێک بۆ ئەوە نییە، چونکە هەرگیز خواوەند سنووری دانەناوە. بەڵکو ئەوە دەوڵەتەکانە وێنای دەکەن.

ئامانجێکم هەیە ئەویش هاوڕێیەتیی هەموو دنیا بە دەست بینم، وەلێ خۆشەویستیی مەزنم بۆ جیهان ڕێگەم لێ ناگرێت بەرهەڵستیی هەر کارێکی ستەمکارانە بکەم.

بە لای من، نیشتمانپەروەریەتی هاوئاهەنگە لەگەڵ مرۆڤایەتیدا. من نیشتمانپەروەرم لەبەرئەوەی مرۆڤم و مرۆڤدۆستم لە هەمان کاتدا ئەم هەستەش گریمانەی وەلاخستن قبووڵ ناکات. ناکرێ تەنیا بۆ خزمەتی هند، زیان بگەیەنین بە ئینگلتەرا یان دەستدرێژی بکەینە سەر ئەڵمانیا، چونکە ئیمپریالییەت لە پرۆژەکانمدا جێگەی نییە. هاوکارێکردنی ئێمە دژ بە ئینگلیز یان ڕۆژئاوا نییە، بەڵکو ڕکابەریی ئەو سیستەمە دەکەین کە ئینگلیز سەپاندوویانە و بەرهەڵستی شارستانییەتێکی مەتریاڵیزمی دەبینەوە کە هانی چاوچنۆکی و قۆرخکردنی لاوازەکان دەدات. ئەم هاوکارینەکردنە وا دەکات ئێمە لە ناو خۆماندا گۆشەگیر بین. هاوکارینەکردنەمان لەگەڵ ئینگلیز بەو مەرجانەی ئەوان دایانڕشتبوو ڕەت دەکەینەوە و ئێژین: وەرن هاوکاریمان بکەن بە پێی مەرجەکانی ئێمە، بەمەش چاکەیەکی گەورە بۆ ئێمە و ئێوە و هەموو دنیا دێتە کایەوە. پێویستە قایل نەبین بە ڕامالینی تەوژم، چونکە کەسێک کە خۆی بخنکێ کەسێکی تری پێ ڕزگار ناکرێت. وەلێ گەر ئامادەبین کەسانی دیکە ڕزگار بکەین، پێویستە سەرەتا هەوڵ بدەین خۆمان ڕزگار بکەین. لە ئەنجامدا هەستی نیشتمانپەروەرییەکی هندی کەس وەلاناخات، دوژمنایەتیی تێدا نییە،

مەبەستی کاولکردنی هیچ شتێکی نییە. بەڵکو تێ دەکۆشێت بۆ زیندووکردنەوەی هەر شتێک بەردەستی بکەوێت، ئەمەش هەستێکی ئاینییە بە واتەیەکی مرۆڤانە. پێویستە هند فێری ژیان بێت پێش ئەوەی بڕوانێتە مردن لە پێناو مرۆڤایەتیدا.

من ناخوازم ئینگلتەرا دووچاری داڕووخان و ڕیسوایی بێت. بۆ نموونە، ئازار دەچێژم کاتێک ئاگەدار دەبم کاتدرائیەی بەڕێز پۆڵس تووشی زیان بووە، هەروەها گەر هەواڵی پەرستگەی کاشی فیشفانات یان مزگەوتی جوما پێ بگات کە دووچاری ئازار و زیان بوونەتەوە هەمان پەرچەکردارم دەبێت. لەو کاتەدا ئامادەم قوربانی بدەم و بەرگری بکەم لە پەرستگەی کاشی فیشفانات و مزگەوتی جوما هەتا دەگاتە کاتدرائیەی بەڕێز پۆڵس. بەڵام هەرگیز بە بیرمدا نایەت لە کەسێکی دی داوا بکەم خۆی بکاتە قوربانی لە پێناو جێگەکانی پەرستن. جەوهەری ناکۆکییەکانی من لەگەڵ گەلی ئینگلیزدا لێرەدایە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرگیز بەرانبەر ئینگلیز سۆزی خۆمم نەشاردووەتەوە. بەڵام ئینگلیز، یان ئەندامانی کونگرە یان هەرکەسێک کە گوێی لێمە بە هەڵە لە واتەی سۆزی من تێ نەگات. چونکە ئەو سۆزەی من، لە خۆشەویستییەک بۆ گەلی ئینگلیز سەرچاوەی نەگرتووە. یان ڕقم لە گەلێ ئەڵمانی بێتەوە، گومانم نییە لەوەی ئەلمان گەلێک بن لە ئینگلیز خراپتر یان لە ئیتالییەکان باشتر بن. هەر هەموومان لەیەک قوڕ دروست کراوین، لەبەرئەوەی هەر هەموومان ئەندامین لەم خێزانە فرەوانەی مرۆڤایەتی. بۆیە ڕازی نابم بچووکترین جیاوازی لە نیوانیاندا بکەم، ناتوانم لەمە بەشتر بۆ هندییەکان داوا بکەم. هەموومان خاوەن هەمان چاکە و خراپەین. مرۆڤایەتی دابەش نەکراوەتە سەر چەند پۆلێکی لەیەک دابڕاو و بەربەست بێت لە بەردەم پەڕینەوەی پۆلێک بۆ پۆلێکی دی. هەرگیز ئەوەش ناڵێم کە وڵاتێکی تر نییە جگە لە هند شایستەتر بێت، ئەوانەی کە لە جیهاندا هەیە باشتر وایە لە ناو بچێت ئەمە پەیامی من نییە، پێویستە هند بەشێک بێت لە گەلانی ئەم جیهانە و جیا نەکرێتەوە، هەتاوەکو دەگاتە بەرزترین ئاستی خۆشگوزەرانی. ناتوانم هندستان و ئازادیی هند بپارێزم، ئەگەر نیازپاکیی خۆم لە میهرەبانی ئاشکرا نەکەم بەرامبەر تێکرای کۆمەڵی مرۆڤایەتی. نەک تەنیا بەو خێزانە بچووکەی نیشتەجێی ئەم هەسارەیە کە ناوی هندمان لێ ناوە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر تۆ هند بەراورد بکەیت بە نەتەوەیەکی بچووک، دەگەیتە ئەنجامێک کە هند بڕێک فرەوانترە، بەڵام هند چێ دەبێت گەر لەگەڵ ئەم جیهانە فرەوانە یان لەگەڵ ئەم گەردوونە بەراورد بکرێت؟

مرۆڤ باوەڕ ناکات کە ئاشتییەکی بەردەوام هەبێت، بە هۆی گومانکردنی سروشتیی مرۆڤایەتی لە سروشتی خواوەندەکان. بە هەرحاڵ ئەو شێوازانەی هەتا ئێستە بەکارهێنراوە شکستیان خواردووە، چونکە پێڕەوکەرانیان لە ناخی خۆیاندا هەندێک گومانیان هەبووە، ئەم شکستەش بەبێ مەبەست ڕوو دەدات، شایەنی باسە ئەم ئاشتییە ئەستەم دەبێت ئەگەر سەرجەم مەرجەکانی ڕەچاو نەکرێت. ئەم کارەش دەشوبهێنم بەوەی کە نەهێڵین ئاوێتەبوونەکی کیمیایی ڕوو بدات، چونکە ئەو کەسانەی کردارەکە ئەنجام دەدەن ناچنە ژێر باری ئەم جۆرە کردارانە. بەم حاڵە ئاشتییەکی

بەردەوام بە دەست نایەت مەگەر لە ڕۆژگارێکدا لێپرسراوەکان کە درکێکی تەواو بەو واقیعە بکەن، واز لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی کاولکردن بهێنن کە لە ژێر کۆنترۆڵیاندایە. ڕەنگە ئێمە نەتوانین بگەینە ئەم ئامانجە مەگەر هێزە گەورەکان دەستبەرداری پڕۆژە ئیمپریالستەکانی خویان بن. هەر بۆیە پێویستە نەتەوە گەورەکان کێبەرکێیەکانیان بوەستێنن کە ئێمە شەکەت و ماندوو دەکات و، چاو نەبڕنە زیادکردنی داواکارییەکانیان. ئەمەش دەبێت لە سەرەتادا ئەم نەتەوانە بڕیار بدەن بە ڕەتکردنەوەی زیادکردنی مۆڵکە مەتریاڵییەکانیان.

من دوودڵ نیم کە جەخت بکەمەوە ڕێبازی ناتوندوتیژی لە چوارچێوەی پێوەندیی نێوان دەوڵەتەکاندا دروستە، بەتەواوەتی درک دەکەم کە بابەتێکی ئێجگار هەستیار دەورووژێنم، بە تایبەت هێشتان ڕووداوەکانی شەڕی جیهانیی یەکەم لەبەر چاوامانداماون. وەلێ من پێوەستم بەوەی لە بانگەهێشتەکەمدا ڕوون بم و هیچ تەمومژمێکی تێدا نەهێڵم. شەڕەکە وەک ئاشکرایە لای من، شەڕی داگیرکردن و فرەوانخوازی بوو، ئامانجی دابەشکردنی دەستکەوتەکان کە لە قۆرخکردنی ڕەگەزە هەرە لاوازەکان بەدەست هات، بە دەستەواژەیەکی دی ناوی لێ دەنێین: بازرگانیی جیهانی... ئەگەر بمانەوێت پرۆسەیەکی گشتگیرانەی چەکداماڵین لە ئەوروپا بەدی بێنین پێویست دەکات نەتەوەیەک بوێری دەستپێشخەری بکات و خۆی چەک دابماڵێت بە بوێرییەوە هەموو مەترسییەکانی ئەم بڕیارە بگرێتە ئەستۆ. گەر ئەم ڕووداوە دڵخۆشکەرە ڕووی دا ئەوە ئەم گەلە گەیشتووەتە پلەیەکی باڵا لە ناتوندوتیژی، بە شێوەیەک ڕێزی خۆی بەسەر جیهاندا دەسەپێنێت.

ئەوەی کە لێرەدا دووپات دەکرێتەوە، ئەکەر کێبەرکێی خۆ پڕچەککردن بەردەوام بێت من هیچ دەروازەیەکی دی بۆ دەرچوون لەمە نابینم جگەلە قەسابخانەیەک کە لە مێژوودا نموونەی نەبووبێ. بەڵام ئەگەر گەلێک بەو شێوازە سەرکەوت وەک ئاماژەم پێ کردووە، ئەم سەرکەوتنە خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی مەرگی خۆی ببینێت کەچی هێشتا زیندووە. تاکە ئامرازێک بۆ ئەوەی نەهێڵین خوێنڕشتن ڕوو بدات، ئەوەیە گەلان بوێرانە ڕازی بن و بێ سڵکردنەوە ڕێبازی ناتوندوتیژی بگرنە بەر. لەگەڵ ئەو شکۆمەندییەی کە بەدەستی دێنین.

ئەگەر چاوچنۆکی نەبووایە، هیچ بیانوویەکیش نەدەبوو بۆ خۆ پڕچەککردن لە بەرامبەردا پرنسیپی ناتوندوتیژی پێویست دەکات هەر فۆرمێک لە فۆرمەکانی قۆرخکردن قەدەخە بکات.

هەر کە عەقڵییەتی قۆرخکردن نەمێنێت کێشی ئەم چەکانە گەورەتر دەبێت لەوەی کە بتوانین لە ئەستۆی بگرین. ڕاستیت دەوێت داماڵینی چەک بە شێوەیەکی باش بە ئەنجام نایەت هەتاوەکو نەتەوەکانی سەر زەوی لە قۆرخکردنی یەکتر بەردەوام بن.

ئارەزووی ژیانم نابێت لەم جیهانەدا ئەگەر نەتوانرێت ببێت بە یەکەیەکی تەواو.

## بەشی پێنجەم

# مرۆڤ و ئامێر

دەبێت دان بنێم بەوەدا کە من لەنێوان ئابووری و ئاکاردا هیچ سنوورێک بەدی ناکەم. چونکە هەموو سیستمێکی ئابووری دژ بە پەرەسەندنی ڕەوشتی تاکە، یان تەگەرەیەک بێت دژ بە بالاییی گەلێک، تەنیا نکۆڵی لە ڕەوشت دەکات و هیچی دی، پاشان هاندانێکە بۆ ئەنجامدانی تاوان. ئەمەش کاری هەر سیستمێکی ئابوورییە کە ڕێگە بە خۆی بدات هەڵکوتێتە سەر وڵاتێکی دی و بیکات بە نێچیر.

بالاترین ئامانج کە پێویستە درکی پێ بکرێت هەوڵێکە بۆ وەدەستهێنانی خۆشبەختی بۆ مرۆڤ ئەمەش بە هاندان بۆ پێگەیشتنی تەواوی زیهنی و مۆراڵی (ڕەوشت). لێرەدا مۆراڵ بەکار دەهێنم وەک هاوواتەیەک بۆ ڕۆحانییەت. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێویستە دەسەڵاتی نامەرکەزییەت (ناوەند) پێڕەو بکرێت، چونکە مەرکەزییەتی دام و دەزگەکان سیستمێکە پێچەوانەی پێکهاتەی ناتوندوتیژی کۆمەڵایەتی.

حەزدەکەم بە قەناعەتێکی تەواوەوە ڕوونی بکەمەوە شەیدابوونی حەزی بەرپرسەکانی وەبەرهێنان لە دروستکردنی کەلوپەلێکی زۆر بە بڕێکی بێشومار بووەتە هۆی ئەو تەنگوچەڵەمانەی کە ئەمڕۆ دنیا پێیاندا تێ دەپەڕێت. با بۆ ساتێک وای دابنێین ئامێر دەتوانێت هەموو پێداویستییەکانی مرۆڤایەتی دابین بکات. لەو کاتەدا بەرهەمهێنان لەسەر ئەم ئەستێرەیە لە خاڵێکی دیاریکراودا چەق دەبەستێت، هەتاوەکو لە چوارچێوەکەی فرەوانتر بێت، پێویستی بە تۆڕێکی دابەشکردنی فرەوانتر و ئاڵۆزتر دەبێت کە لە بنەڕەتدا ئامادە کراوە بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی بەکارهێن. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هەر ناوچەیەک تەنیا پێداویستییەکانی خۆی بەرهەم هێنا مەسەلەی دابەشکردن لە خۆیەوە چارەسەر دەبێت.

ئا لەم حاڵەتەدا دژوارە مرۆڤ فێڵ بکات و ئەستەمیشە جامبازیی بۆ بکرێت. فرە بەرهەمی حساب بۆ پێداویستیە ڕاستەقینەکانی بەکارهێن ناکات. ئەگەر لە شێوازی ئەم بەرهەمهێنانە چاکەیەک بەدی بکرایە وا پێویستی دەکرد کاریگەریەکی بێ سنووری هەبێت. دەتوانین بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ڕوونی بکەینەوە بەرهەمی فرە سنوورییەکی لە ناوەخۆی خۆیدا هەڵگرتووە. ئەگەر هاتوو هەموو وڵاتان ئەم جۆرە بەرهەمە پێڕەو بکەن، هیچ بازاڕێک هەرچەندە فرەوانیش بێت نامێنێت کە زامنی خەرجکردنی بەرهەمی ئەم وڵاتانە بکات. لە ئەنجامدا ئەو کەسانەی پێڕەوی ئەم سیستمە دەکەن ناچار دەبن فرە بەرهەمی بوەستێنن.

بە ڕای من، ئەم جۆرە پێشەسازییە لەهەموو باروودۆخێکدا و بۆ هەر وڵاتێک پێویست نییە سەبارەت بە هندیش هەمان شتە. لە ڕاستیدا باوەڕم وایە هندی سەربەخۆ ناتوانێت بەرامبەر بە

ناڵەی دنیا پێوەست بە ئەرکەکانی بێت مەگەر شێوازی ژیانێکی ساکارانە پێڕەو بکات، بەڵام شایستەی مرۆڤ بێت. هەر بۆیە وای دەبینم ئەوەندە بەسە بارودۆخی هەزاران کوخ لە ناو وڵاتدا باش بکرێت و خەڵک بە ئاشتییانە بژی.

دەبێت چ هۆیەک هەبێت بۆ ئەم شپرزەییەی کە ئێستە دەیبینیت؟ ئەوە قۆرخکارییە، ناڵێم قۆرخکردنی گەلانی بە هێز بۆ گەلانی لاواز، بەڵکو قۆرخکردنی گەلانی برا بۆ یەکدی، لەم بارەوە، بەرهەڵستیکردنم بۆ بەکارهێنانی ئامێر پشت بەو ڕاستییە دەبەستێت کە ڕێگەیەکە بۆ ئەم قۆرخکردنە.

ئەگەر توانستم هەبووایە دەست بە جێ سیستەمی ئێستەمان لە ناو دەبرد و بە شێوەیەک هەڵسوکەوتم دەکرد کە سوودی لە زیاترین چەکی کوشندە وەربگرتایە بۆ ئەوەی ئەم ڕیژیمە لەناو بدەم. بەڵام نا! چونکە پەنابردن بۆ ئەم جۆرە چەکە دەبێتە مایەی مانەوەی ڕیژیمەکە هەتاوەکو بەکارهێنەرەکانی سەرکەوتوو دەبن بۆ لە ناوبردنی ئەو کەسەی گوزەری خستنە کاری دەکات. ئەو کەسانەی هەوڵ دەدەن بۆ لە ناوبردنی شێوازەکان، کە پشتیان پێ بەستووە، لە ئەنجامدا بۆیان ئاشکرا دەبێت کە شێوازەکان بزر دەبن بە بزربوونی بەڵێندەرەکان و دەرەنجام خۆیان لەو کەسانەی کە دەیانویست لە ناویان بدەن خراپتر دەبن. ئەوان بە گەمژەیی خۆیان دەردەخەن بۆ ئەو جێگەیەی کە خراپە تیایدا ڕەگی داکوتاوە.

ئامێر ڕۆڵێکی هەیە کە بیکات. پێویستیشە ئەم ڕۆڵەی بۆ بەجێ بێڵین بەڵام بەو مانایە نا کە کار لە مرۆڤ وەربگرێت کە ئەو کارە هۆی بژێوییەتی. کارێکی باشە پەرە بە گاسن بدرێت. بەڵام با وای دابنێین ڕۆژگارێک ئامێرێک دادەهێنرێت تەنیا یەک پیاو دەتوانێت هەموو زەوییە کشتوکاڵییەکانی هند جووت بکات تا ڕادەیەک دەکرێت دەست بەسەر هەموو بەرهەمەکانی کشتوکاڵی وڵاتدا بگیرێت بەم شێوازەش ملیۆنان پیاو بە بێ کار دەمێننەوە و ناتوانن کارێکی دی بدۆزنەوە و لە پرساندا دەمرن، بەڵام بە زوویی لە کاتێکی وادا بێکاری دەیانبات بەرەو نغرۆبوون و گەمژەیییەکی تەواو. هەر وەک حاڵی زۆرینە ئەمە مەترسییەکە هەموو کات ڕووبەڕوومان دەبێتەوە کە ژمارەگەلێک لە خەڵک بەرەو ئەم دۆخە دەکشێنەوە و شایستەی بەزەیین.

بە دڵێکی فرەوانەوە هەر چاککردنێک بگاتە کارگە پیشەییەکانمان قبووڵی دەکەم و لەو قەناعەتەدام تاوانە خەڵک بەرەو بێکاری ئاراستە بکەین تەنیا لەبەرئەوەی ئامێرەکانی ڕستن بهێنینە ناو کارەوە. مەگەر بەزوویی کارێکی دی بۆ ملیۆنان جووتیار دابین بکەین.

ڕەخنەم لە ئامێرەکە خۆی نییە، بەڵکو ئەو خوێن گەرمییەی کە ناخ دەورووژێنێت هەرچەندە کەسانێک ویستیان پاساوێک بۆ ئەو خوێن گەرمییە شێتانەیە بهێننەوە بەوەی کە ئەم ئامێرە کەمتر کاری دەستی پێویستە ئەمەش لە چوار چێوەیەکی فرەواندا ئەنجام دەدرێت. بە شێوەیەک هەزاران کەس کارەکانیان لە کیس دەچێت بۆیە لە ناخی زەویدا خۆیان دەبیننەوە و هیچیان بۆ

نامێنێتەوە جگە لەوەی لە برسا بمرن.

ئاواتەخوازم گەر بتوانین کات و کار دابین بکەین نەک تەنیا بۆ بەشێکی مرۆڤایەتی بەڵکو بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی. جەخت دەکەمەوە لە کەڵەکە بوونی سامان، بەڵام خێری هەموو خەڵکی تێدا بێت نەک قۆرخ بکرێت بۆ هەندێ کەس. ئەورۆکە بە هۆی ئامێر دەبینیت کەسانێکی کەم دادەمەزرێن لەسەر حسابی ملیۆنێکی دی، هەڵبەت هاندەر بۆ ئەم هەموو گۆڕانکارییە، ئەو ئایدیا خراپە نییە کە بانگهێشت بۆ کەمکردنەوەی ڕەنجی کرێکار دەکات، بەڵکو تەنیا چێژ وەرگرتنە لەو قازانجە. کەواتە خۆم لە خەباتکردنێک دەبینمەوە دژ بە زۆرەملێ و قۆرخکردن.

پێش هەموو شتێک کە دەبێت ڕەچاو بکرێت، پێویستە گرینگی بە بۆچوونەکانی مرۆڤ بدرێت پێویستە ئامێر ئەندامەکانی لەشمان سست نەکات، لەبەرامبەردا دەشێ ڕۆڵێکی ئەکتیڤانە بگێڕێت وەک نموونە مەکینەی دوورمانی سینگەر وەربگرین کە ناوازەترین ئەو داهێنانە سوودبەخشانەیە کە تاوەکو ئەمرۆ داهێنراوە. سەرەڕای ئەمەش چیرۆکێکی ڕۆمانسی هەیە لە پشتی داهێنانی ئەم ماشینە. کاکە سینگەر ئازاری دەچەشت هەر کاتێک هاوسەرەکەی دەبینی ڕەنجێکی زەبونانە و ماندووبوون دەکێشی لە بەرگدووریندا، کە هەموو کارەکانی بە دەست ئەنجام دەدا، بڕیاری دا ماشینێکی بەرگدووری دیزاین بکات کە ئەمرۆ بە ماشینی سینگەر دەناسرێت. سینگەر ئەم ماشینەی داهێنا تەنیا لە خۆشەویستیی هاوسەرەکەی بوو، بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لەو ماندووبوونە بێسوودە. سینگەر بەمە تەنیا یارمەتیی هاوسەرەکەی نەدا بەڵکو هەموو ئەو کەسانەی کە ماشینی دوورمانیان کڕی لە دواییدا.

ئومێدەوارم گۆڕانێک لە بارودۆخی کارکردن ڕووبدات، پێویست دەکات ڕادەیەک بۆ ئەم کێبەرکێ هەڵتە دابنرێت کە تەنیا ئامانجی کۆکردنەوەی سەروەتە. کرێکار دەبێت زامنی بژیوی ڕۆژانەی خۆی بکات بە کرێیەک، هەروەها کارێکی ڕۆژانەشی هەبێت هیچ سیفەتێکی کۆیلایەتیی تێدا نەبێت.

ئەگەر بارودۆخەکە بەم مەرجانە هاتە کایەوە ماشین سوودبەخش دەبێت بۆ مرۆڤ کە کاری پێ دەکات، دەوڵەت و خاوەن ماشینەکەش هاوشانی یەکتر دەبوون. ئا لەو کاتەدا ئەم کێبەرکێیە ڕادەوەستێت و ئەو کرێکارانەی کار دەکەن دەگەنە پێڕەوکردنی ئەو نموونەیەی کە وا دەکات بارودۆخی کار هاندەرانە بێت. ماشینی بەرگدووری یەکێکە لەو نموونانەی تا ئێستە بیری لێ دەکەمەوە کە خۆشەویستی هاندەری داهێنەری ئەم داهێنانە بووە.

تاکە بۆچوونێک کە دەبێت لە بەرچاو بگیرێت خزمەتکردنی مرۆڤە. ڕەنجی کرێکار بپارێزن بە مەرجێک هەوڵدانێکی ئاکارانە و مرۆڤانە بێت لە بری ئەوەی تەنیا بۆ قازانجکردن بێت. کەواتە چاوچنۆکی بگۆڕنەوە بە خۆشەویستی، دەبینن شتگەلێک دەگەڕێتەوە بۆ جێگەی خۆی.

ئامانجی ڕستنی دەستی ئەوە نییە بچێتە کێبەرکێوە لەگەڵ شێوەیەک لە شێوەکانی چالاکیی مرۆڤ و جێگەی بگرێتەوە. پاشان ڕستنی دەست هەرگیز هەوڵ نادات کەسێکی لەش ساخ لەکار بخات. ڕستنی دەست تەنیا بانگەشە دەکات بۆ ئەوەی کە بەردەوام تاکە ڕێباز بێت کە بتوانێت چارەسەرێکی ڕاستەوخۆ و شیاوی جێبەجێکردن بێت. بۆ هەر پرسێک لە پرسەکان کە ڕووبەڕووی هند دەبێتەوە. مەبەستم بێکاریی سەپێنراو کە نێزیکەی شەش مانگ لە ساڵەکەدا بەسەر زۆرینەی زۆری گەلی هند جێبەجێ دەکرێت.

هەرگیز بە بیرمدا نەهاتووە ڕاسپاردە بکەم کە خەڵک تەنیا لە پێناو ڕستنی دەست واز لە چالاکییەکی پیشەسازیی دروست و قازانجهێن بهێنن. خەڕەکی ڕستن و چنین[٣] بە تەواوەتی پشت بەو واقعە دەبەستێت کە لە هند دەیان ملیۆن لەو کەسانە بە نیوە دەوام کار دەکەن. دان بەوەدا دەنێم گەر بارۆدوخەکە بەم شێوەیە نەبووایە هۆیەک نەدەما بۆ مانەوەی خەڕەکی ڕستن و چنین.

لە ڕاستیدا مرۆڤی برسی لە سەرەتادا هەوڵ دەدات خۆی تێر بکات پێش هەر بیرکردنەوەیەک. هەتاوەکو پەنا دەباتە بەر فرۆشتنی ئازادیی خۆی لە بەرامبەر پاروە نانێک. ئەمە دۆخی ملیۆنان کەسە لە هند. ئازادی، خواوەند، وشەگەلی لەم جۆرە هیچ تەلیسمێک بەسەریانەوە نامێنێت و ئاماژە بۆ هیچ ناکەن. لەبەرئەوەی ڕادەبەدەر گوێیان لێ بوونە، وایان لێ هاتووە تووڕەیان بکات. ئەگەر بمانەوێت هەندێک لە واتەی ئەو ئازادییەی کە لە دەستیان داوە ببەخشین بەو کەسانە پێویستە کاریان بۆ دابین بکەین، بە ئاسانی بتوانن لە کوخە فەرامۆشکراوەکانیان ئەنجامی بدەن بەلایەنی کەمەوە بژین و لە برساندا نەمرن. ئەمەش تەنیا بە مانەوەی خەڕەکی ڕستن و چنین دەکرێت. هەر کە درکیان بە جۆرێک لە دەسەڵاتی خۆیان کرد، کە بتوانن پێداویستییەکانیان دابین بکەن ئەو کات ئێمەش بۆمان دەکرێت باس لە سەروەری، گۆنگرە، هتد... بکەین. فریادڕەسی ڕاستەقینەیان ئەو کەسانەن کە کاریان پێ دەبەخشن و ئەو ئامرازانەی کە بژێوی ڕۆژانەیان بۆ دابین دەکات.

شارنشینەکان شتێکی کەم دەزانن لە بارەی ئەو جەماوەرە بێشومارەی کە لە هند دەژین و نیوەی لە برساندا دەمرێت، لە کاتێکدا نیوەکەی دی هێدی هێدی لە گەمژەییدا نغرۆ بوونە. ئاخۆ بەڕاستی درک دەکەن ئەو خۆشگوزەرانییە کەمە تەنیا بەخشیشێکە وەری دەگرن بەرامبەر ئەو کارەی کە لە بەرژەوەندی بێگانەی قۆرخکەرە؟

ئایا دەزانن ئەم قازانجە لە کۆمەڵانی خەڵک دەدزرێ و ئەم کۆمەڵە بەردەوام دەکەونە ژێر پێ؟ دەبێت بزانن ئەو حوکمەی کە بە پێی یاسایەک لە هندی بەریتانی بەرپا بووە هۆیەکی مانەوەی نییە بێجگە لە قۆرخکردنی ئەم جەماوەرە.

کەسانێکی زۆر هەوڵیان داوە کە نکۆڵی لەو بارۆدۆخە بێئومێدە بکەن کە لەبەر چاوە، مەبەستم

چرووساوەییی جووتیارەکانمانە کە سوقانەکانی لەشیان دیارە. هەرگیز گومانم نییە لەوەی ئەگەر پەروەردگار نیشتەجێی ئاسمان بێت دەبوایە ئینگلتەرا و شارنشینەکانی هند بەرپرس بن لە ئاکامەکانی ئەم تاوانەی دژ بە مرۆڤایەتی دەکرێت و لە مێژوودا وێنەی ئەمە نابینینەوە.

ڕەنگە ببینن ئامادەییەکی تەواوم تێدابێ کەوا پشتگیری بکەم لە بەکارهێنانی ئامێرە نوێیەکان، ئەگەر بتوانین بەم جۆرە سنوورێک بۆ هەژاری و بێکاری لە هند دابنێین. پێشنیازم کرد بەوەی پەنا بەرینە بەر خەرەکی ڕستن و چنین چونکە قەناعەتم وا بوو کە تاکە ئامرازێک بۆ لە ناوبردنی ئەم قاتییە، لەبەرئەوەی دەتوانێت نزمترین ڕادەی کار و بەرهەم دابین بکات. سەبارەت بە خەرەکی ڕستن و چنین، ماشینەکە بێبەها نییە و بە ئامرازە سادەکانمەوە چەند چاککردنی بەسەر بێنم، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی هند زیاتر شیاو و گونجاو تر بێت.

بە ڕای من ئەگەر گوندەکان لەناو بچن هندیش لەناو دەچێت و لەو ساتەدا هند نابێتە ئەو هندەی کە هەیە و لە ناوەندی دنیا ئەرکی تەواو دەبێت. نوێگەری لە لادێیەکان ناتوانرێت ئەنجام بدرێت تاوەکو ڕۆژێک دابێت واز لە قۆرخکردنی دانیشتووانەکەی بهێنرێت. لە بەرامبەردا و لە چوارچێوەیەکی فرەوان پێویستە پیشەسازی لە هەلومەرجێکی کێبەرکێکەرانەدا ئەنجام بدرێت و بەردەوام بازاڕی نوێی بۆ پەیدا بکرێت لە ئەنجامدا ئەمەش هەر قۆرخکردنی لادێنشینەکان کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەردەوام دەبێت، کەواتە دەبێت لادێ سەربەخۆ بکەین، بۆ ئەوەی هەموو شتێکی بەسوود بۆ خۆی بهێنێتە بەرهەم، هەر کاتێک لادێ پیشەکانی خۆی پاراست، هیچ کۆسپێک بۆ بەکارهێنانی ئامێری نوێ لە لایەن دانیشتووانیەوە نامێنێت و ئەو ئامێرانەی دروستی دەکەن و بتوانن بە شێوەیەکی دروست بەکار بهێنن بەڵام بە ئاگاییەوە بەکاری نەهێنن بۆ قۆرخکردنی کەسانی تر.

## بەشی شەشەم:

## هەژاری لە ناوەندی فرەییدا

ستەمکارە ئەو ڕێژیمە ئابوورییەی نکۆڵی لە بەهاکانی ئاکار بکات یان گاڵتەجاریی بەرامبەر بنوێنێ. گەر یاسای ناتوندوتیژی بڵاو بکرێتەوە لە بوارەکانی ئابووریدا تەنیا مانای گەڕانەوەیەکی بەجێ بێت بۆ بەهاکانی ئاکار لە پێناو دیاریکردنی بنەواکانی بازرگانیی ناودەوڵەتی.

بە ڕای من هەیکەلی ئابووریی هند، ئینجا جیهانیش، بە شێوازێک بێت تێیدا تاک پێداویستییەکانی خۆی لە خۆراک و جلوبەرگ زامن بکات. بە دەستەواژەیەکی دی، پێویستە هەر تاکێک خاوەنی کارێک بێت بتوانێت لە ڕێگەی ئەم کارەوە پێداویستییەکانی بەدەست بهێنێت. بەڵام ئەم نموونەیە بە تەواوەتی جێبەجێ ناکرێت ئەگەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی شمەکە گرینگەکانی ژیان لە ژێر چاودێریی جەماوەردا نەبێت. پێویستە ئەم بژێوانە لە بەردەستی هەمووان‌دا بێت

هەتاوەکو بەسەربەستییەکی تەواو ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێت، وەک نموونەیەک و پێویستە هەر وەهاش بێت. وەک ئاو و هەوا کە خودا پێمانی بەخشیوە، چونکە دەبێت ئەم سەروەتە جێگەی بازرگانی پێکردن نەبێت و ببێتە هۆی قۆرخکردنی کەسانی دی. بەڵکو دەبێت هاوار بکەین و بە ڕاشکاوی بە خەڵک بگوترێت ستەمکارییە خێر و خێراتی دنیا لە لایەن تیمیک لە وڵاتان یان گەلێک یان کۆمەڵە کەسێک قۆرخ بکرێت. فەرامۆشکردنی ئەم پرنسیپە بنەڕەتییە هۆی ئەم نەهامەتییەیە کە ئەمڕۆ نەک تەنیا لەم وڵاتە دڵناخۆشانە بەڵکو لە شوێنەکانی دیی جیهاندا بەشەکانی دەبینین.

کەواتە، بە نسبەت منەوە نموونەیی ئەوەیە سامانەکان بە یەکسانی دابەش بکرێنەوە، بەڵام ئەوەی دەیزانم ئێمە هێشتان ئامادە نین بۆ گەیشتن بەم قۆناخە. لەم حاڵەتەدا، هەوڵ دەدەم دووبارە دابەشی بکەمەوە بە لانی کەمەوە دادپەروەرانە بێت.

هەرگیز خۆشەویستی و خاوەندارێتی ناتوانن لەگەڵ یەکدی بن. لە ڕوانگەیەکی تیۆرییەوە، کاتێک خۆشەویستی کامڵ دەبێت کە بەتەواوی خاوەنێتی لە ئامادەبووندا نەبێت.

بە مانایەکی دی، با وای دابنێین ئێمە دزین، ئەگەر دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرم و بە شێوەکی ڕاستەوخۆ پێویستم نەبێت بەکاری بهێنم، کەواتە من لە مرۆڤێکی دی دەیدزم. لە سروشت یاسایەکی بنەڕەتی هەیە هیچ جیاوازییەک قبوڵ ناکات: هەموو ڕۆژێک سروشت بە بڕی پێویست پێداویستییەکانمان بەرهەم دێنێت، ئەگەر هەر یەکێک لە ئێمە دەستی نەبرد بۆ زیاد لە پێویستی ڕاستەقینەی خۆی و ڕازی بوو بە بژێوی ڕۆژانەی، لە جیهاندا نەداری نەدەما و مرۆڤێکمان نەدەبینی لە برساندا بمرێت. بەڵام هەتاوەکو ئێمە ئەم نا یەکسانییە بپارێزین، هەر دز دەبین. من سۆشیالیست نیم، هەوڵیش نادەم سامان لە کەسێک بسێنمەوە کە بەدەستی هێناوە. بەڵام من بە ڕاشکاوی ئاشکرای دەکەم بۆ ئەوەی مرۆڤ لە تاریکیدا دڕەوشانەوەی ڕووناکی بەدی بکات دەبێت ئەم بنەوایە پێڕەو بکات.

ئەگەر بمەوێت مرۆڤێک لە سامانداریتییەکەی ڕووت بکەمەوە، بە شێوازێک کە پێچەوانەی بنەواکانی ئاهیمسا هەڵسوکەوتم دەکرد. گەر کەسێک سامانێکی زیاتری لە من هەبێت، وازی لێ بهێنن. وەلێ سەبارەت بە ڕێساکانی من لە ژیان، ئێژم هەرگیز ئەو بوێرییەم نییە خاوەنێتیی شتێک بکەم کە پێویستم پێی نەبێت.

لە هندستانی ئێمەدا سێ ملیۆن کەس هەیە لە ڕۆژێکدا یەک ژەمی خواردنیان دەست دەکەوێت. ئەو ژەمەش "شاباتی"یە بە هندی وای پێ دەبێژن، ئەو ژەمە هیچ چەورییەکی تێ ناکرێت. هەتاوەکو ئێستا سێ ملیۆن مرۆڤ پێویستیان بە خۆراک و جلوبەرگە بۆیە تۆ و هەروەها منیش مافی خاوەنێتیی هیچ شتێکمان نییە. گرینگە بە باشی بزانین چێمان پێویستە، هەتا ئەو ڕادەییە پێویستیی خۆمان لە خۆراک دابین بکەین، بۆ ئەوەی ڕێگە بدەین بە هەموو ئەو هەژارانە بایەخیان پێ بدرێت و تێر خۆراک و هەروەها پۆشتەش بن.

بێگومان یەکسانیی ئابووری کلیلی سەرەکییە بۆ سەربەخۆبوونی ناتوندوتیژی. کە مرۆڤ لە کۆششدا بێت لە پێناو یەکسانیی ئابووریدا، ئەمە بۆ دەستەبەرکردنی نەهێشتنی ئەو ململانێ تاهەتاییەی نێوان سەرمایەدار و کرێکارە. بۆ ئەوەی لەم بارەوە بگەنە ڕێککەوتنێک، پێویستە ئەو سامانەی لە لایەن کەسانێک دەستی بەسەردا گیراوە و هەموو داهاتی گەل لە ژێر چنگیاندایە بە ڕێژەییەکی دادپەروەرانە بیگێڕنەوە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە، ئاستی بژێویی ملیۆنان کەسی برسی کە ڕەنگی مردوویان لێ نیشتوە و هیچیان لەبەر نییە، بەرز بکرێتەوە. ئەستەمە فەرمانڕەواییەکی ناتوندوتیژانە بنیات بنرێت، هەتاوەکو ئەو کەلێنە کە دەوڵەمەندەکان لە ملیۆنان خەڵکی برسی جیا دەکاتەوە مابێتەوە. ئەو جیاوازییە زەقەی کە لە ئارادایە لەنێوان کۆشکەکانی نێودلهی و کوخی چینە هەژارەکان ناتوانێت لە ڕۆژێک زیاتر بەردەوام بێت لە هندێکی سەروەر بەو گوێرەی ئەوەی کە هەژارەکان هەمان دەسەڵاتی دەوڵەمەندەکانیان هەبێت بەسەر هەموو بەشەکانی وڵاتدا. ئا لەم بارۆدوخەدا ناکرێت پێشبینیی شۆڕشێکی خوێناویی توندوتیژانە نەکەین، مەگەر دەوڵەمەندەکان لە خۆیانەوە ڕازی بن دەستبەرداری سەروەت و دەسەڵاتەکەیان بن، ئەمەش بەوە دەبێت قبووڵی بکەن کە سەروەتەکەیان دابەش بکرێت بە شێوەیەک هەمووان لێی سوودمەند بن. من سوورم لەسەر دروستیی ئەو بیروباوەڕەم کە وای دەبینم پێویستە خاوەنی موڵک دەستکەوتەکانی دەبێت لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی بخاتە گەڕ. ئەگەرچی گەیشتن بەم ئامانجە سەختە، بەڵام بەجێهێنانی ناتوندوتیژی سەختتر نییە، پێویستە ئێمە هەتاوەکو مرۆڤێک بە بێ کار و خۆراک مابێتەوە لە پشوودان و خواردنی تێر و تەسەل شەرممان بەخۆبێت، لە کاتێکدا بارۆدوخێکی شیاو بۆ کارکردن هەبێت.

من ڕقم دەبێتەوە لە هەموو شتێکی تایبەتمەند و قۆرخکراو کە نەتوانرێت لەگەڵ جەماوەردا بەش بکرێت.

خەڵک سەربەستە لەوەی کە گاڵتەجاری بکات کە من دەستم لە هەموو موڵکەکانم هەڵگرتووە، لە کاتێکدا ئەم دەستهەڵگرتنە بە لای منەوە قازانجێکی پۆزەتیڤانەی (ئەرێیانە) هەیە. چەند خۆشحاڵ دەبووم کە کەسانی دی ببینم ڕکابەریم دەکەن لەم بارەوە. ئا لێرەدا وا دەزانم بە بەهاترین گەنجینە لە ژێر دەستی مندایە، هەرچەندە من وەعزی هەژاری دەکەم، بەڵام ڕەنگە دروستتر بێت کاتێک ئێژم من پیاوێکی دەوڵەمەندم.

بیر لەو کارەساتە بکەنەوە کە لە هند سێ سەد ملیۆن کەسی بێکار بوونی هەیە و ملیۆنان کەس بارۆدوخی ڕۆژانەیان لە کشانەوەدایە بەهۆی نەبوونی کارەوە، هەموو ڕێزگرتنێک لە خۆیان و باوەڕبوون بە خودا لە دەست دەدەن. هەتاوەکو پەیامی خودا بۆ سەگێک بە سوودترە لەوەی کە بۆ ملیۆنان کەسی برسی کە تروسکاییەک لە چاوانیاندا نەماوە و لەتە نانێک دەبێتە ئەو خواوەندەی کە چاوەڕوانی دەکەن، دەتوانم پەیامی خودایان پێ ڕابگەیەنم بەو شتەی پیرۆزە لە لایان ئەویش (کار)ە.

بێگومان چێژ وەردەگرین لە قسەکردن لە بارەی خوداوە کاتێک کە لە دەوری خوانێکی پڕ لە خواردنی بە تام ئامادە دەبین و ئامادەبووان دڵنیابوونەتەوە لەوەی کە خواردنی داهاتوو بەتامتر و بەلەزەتتر دەبێت، بەڵام چ ڕێگە چارەیەکمان هەیە لەسەر (خودا) ئاخافتن بکەین لەگەڵ ملیۆنان کەس کە لە دنیادا هیچیان نییە لە ڕۆژێکدا دوو جار بیخۆن؟ سەبارەت بەمان خودا ناتوانێت سرۆشێکیان پێ بەخشێت جگە لەوەی کە بە زیندوویی دەمێننەوە، چونکە خودا زاتی دەرکەوتنی نییە بۆ گەلێک لە برساندا دەمرێت و لە بێکاریدا وەڕس بووە، جگە لە شێوەی کارکردن و موچەیەک کە بتوانێت خۆراکی پێ دابین بکات.

لە ڕاستیدا هەموو ئەوەی پێوەندیی بە لایەنی ئابووریی کەمدەرامەتەکانەوە هەیە، لە پلە و پایەیەکی ڕۆحیدا دەژمێردرێت. ناتوانین سەرنجی ملیۆنان کەسی برسی ڕابکێشین بۆ شتگەلێک ئەگەر لایەنی مادی نەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر خواردەمەنیان بۆ بهێنین ئەوان وەک خواوەندێک لێمان دەڕوانن.

کاتێک ئێمە بانگەشە بۆ پێڕەوی میتۆدی ناتوندوتیژی دەکەین، ئەوە هەوڵگەلێکە دەیدەین بۆ لەناوبردنی سەرمایەداری نەک سەرمایەدار کە خۆی وەک بریکارێک دابنێت بەسەر هەموو ئەو کەسانەی کە پەرە بە سەرمایەکەی دەدەن و دەیپارێزن. پێویست ناکات کرێکار چاوەڕوانی گۆڕانێک بکات لە لایەن سەرمایەدارەوە بۆ ئەو ڕێبازەی باس کرا. ئەگەر سەرمایە سەرچاوەی دەسەڵات بێت، هەمان شتیش لە بارەی کارەوە دەوترێت، هەتا بتوانرێت ئەم دوو هێزە بە مەبەستی داهینان یان وێران کردن بەکار بێنین.

بە هەر حاڵ ئەم دوو هێزە بە دوای یەکدیدا دین و پێوەستن بە یەکترەوە. کاتێک کرێکار لەهێزی خۆی بەئاگا دەبێت، ئەو کات خۆی بە هاوبەشێک دەبینێ لەگەڵ سەرمایەدار لە جیاتی ئەوەی بە کۆیلەی ئەو بمێنێتەوە. ئەگەر کرێکارێک بیەوێت دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرێت، ئەو کات شانسی کوشتنی مریشکی خاوەن هێلکەی ئاڵتوونی زیاتر بۆ دەڕەخسێت.

هەموو خەڵکی مافێکی یەکسانیان هەیە لەو داهاتەی کە بۆ بوونی پێویستن. ئاخۆ هەمان شتیش لەسەر باڵندە و گیانلەبەرانی دیکە دروست نابێت؟ لە کاتێکدا کە هەر مافێک ئەرکێکی پێویست و شیاوی هەیە، دەتوانین بێژین لە بەرامبەر ئەرکی کارکردنی دەست، ئامرازێک بۆ وەلامدانەوەیەکی گونجاو کە هاوکارینەکردنی ئەو کەسەیە لە بەرهەمی کارەکەم بێبەشم دەکات. بەڵام بمەوێت ملکەچی داواکارییە بنەڕەتییەکانی یەکسانی بم لەنێوان کرێکار و سەرمایەدار، ئەو کات مافم نامێنێت بۆ ئەوەی کار بۆ لە ناوبردنی سەرمایەدار بکەم، چونکە سەرەتا دەبێت هەوڵی ڕێنوێنیکردنی بدەم. و هاوکارینەکردنم ڕەنگە کارێک بێت بەر چاوانی روون بکاتەوە بۆ ئەو گوڕەپانەی کە بووەتە هۆکاری درووستبوونی ئەو جۆرە گۆڕپانە.

بێگومانم کە ویستێک هەیە پاڵ بە سەرمایەدار و خاوەندارەکان دەنێت هەموویان قۆرخکەر بن.

یان ڕکابەرییەکی بنەرەتی هەیە بەرژەوەندییەکانیان دەخاتە بەرامبەر بەرهەڵستیکردنی بەرژەوەندییەکانی گەل بە بێ ئەوەی هیوایەک هەبێت بۆ ئاشتی، چونکە هەر قۆرخکردنێک دەبێ لەسەر بنەوای هاوکارێکردنێکی خۆبەخش یان زۆرەملێیانە بێت لە لایەن کەسانی قۆرخکەرەوە، بەڵام خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتەکان دەستی تێ دەخەن، ئینجا بە دەستی خۆمان کۆت و بەندەکان کە بە زیندانی دەمانهێڵنەوە توندتر دەکەین. کەواتە، دەبێت سنوورێک بۆ ئەم بارودۆخە دابنێین، بۆیە ناکرێ هەوڵ بدەین خاوەندارەکان و سەرمایەدارەکان نەهێڵین، بەڵکو گۆڕانێک لە پێوەندییەکانی نێوان ئەمان و گەل بدەین بە شێوەیەک زیاتر دروست و سافتر بێت.

دەکرێت کار بکەین بۆ دانانی سنوورێک کە تێیدا هەژارەکان قۆرخکراو نەبن، نەک هەندێک لە خاوەن ملیۆنەکان لەناوبەرین، بەڵکو بەرپاکردنی ململانێیەک دژی نەفامیی هەژارەکان و، فێر بکرێن چلۆن دەست هەڵبگرن لە هاوکاریکردنی کەسانێک کە قۆرخیان دەکەن. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ڕێنوێنیکردنی خودی قۆرخکەران، لە هەمان کاتدا، خراپە لە خودی سەرمایە نییە، بەڵکو خراپ بەکارهێنانێتی کە وای لێ دەکات زیانبەخش بێت. بەردەوام و بە هەر شێوەیەک بێت سەرمایە وەک پێویستییەک دەمێنێتەوە.

باشتر وایە داواکار بین لەو کەسانەی ئەمڕۆ پارێزگاری لە پارەکانیان دەکەن و وای دادەنێن کە بریکارێکن لە لایەن هەژارەکانەوە بۆ بەکارهێنانی ئەم سەروەتە دانراون. ڕەنگە هەندێ کەس بێژن ئەم بەڕێوەبردنە ڕاسپێرییە فێڵێکی یاساییە. بەڵام ئێمە ئەگەر بەوردی لەم کارە بیر بکەینەوە و، بە گوێرەی پێشنیازی باسکراو هەڵسوکەوت بکەین، دەبینین ژیانی سەر زەوی پڕ دەبێت لە خۆشەویستی، زیاد لەوەی کە ئەمڕۆ هەیە.

مرۆڤ بە تەواوەتی واز بهێنێت لە هەموو موڵکەکانی، ئەوە کارێکە کەسانێکی کەم دەتوانن ئەنجامی بدەن، گەر چی لە ناوەندی گشتیی گەلیش بێت. هەموو ئەوەی دەکرێت پێشبینی بکەین لە ناو چینەکانی سەرووشدا ئەوەیە کە بکرێن بە بریکارێک بەسەر سەروەت و بەهرەکانیانەوە، بە مەبەستی بە کارهێنانیان بۆ خزمەتی کۆمەڵگە. بەڵام گەر داوای زیاتر بکەین مانای ئەوەیە مریشکە خاوەن هێلکەی ئاڵتونییەکە دەگوژین.

### بەشی حەوتەم

## دیموکراسیەت و گەل

دیموکراسییەت، لە دیدگەی من، ئەو ڕێژیمەیە کە بێهێزەکان هەمان دەرفەت و توانی بەهێزەکانیان هەیە، ناتوانین بەم ئامانجەش بگەین لە ڕێگەی ناتوندوتیژی نەبێت.

من بەردەوام جێبەجێکردنی دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی هێزەوە بە ئەستەم دەزانم، ئەگەر چیش لەلایەن نەدارترین کەسانیش گرینگیی پێ بدرێت. هەروەک دەیبینم، دەکرێت ئەو

کەسانەی دووچاری ئەم بارۆدوخە ستەمکارە بوونە چارەسەر بکرێن، ئەگەر ڕێبازەکانی ناتوندوتیژییان بە دروستی گرتە بەر. بۆیە هەر لەم بارەوە خوشحاڵم لە بارەی هاوکارینەکردنی (non-co-opearation) ناتوندوتیژی بدوێم، لە چەند بۆنەیەکدا، لە هەندێک کاتدا هاوکارینەکردن (non-co-opearation) ئەوپەڕی ئەرکە بە ئەندازەی هاوکارێکردنیان. لەم هەلومەرجەدا کەس ناچار ناکرێت هاوکار بێت ئەگەر ئەو هاوکارێکردنە ببێتە مایەی لەناوچوون یاخۆ کۆیلەبوونی. سەبارەت بەو ئازادییەی کە مرۆڤ بە هۆی ڕەنجی کەسانی دی بە دەستی دینێت، هەر چییەک بێت نیازپاکییان، ئەو ئازادییە بەردەوام نابێت، لە کاتێکدا کە ئەو کەسانە چیدی تێ ناکۆشن لە پێناو ئەو ئازادییەدا. بە دەستەواژەیەکی دی، ئەم ئازادییە ئازادییەکی ڕاست و ڕەوا نییە. بەڵام خەڵکانی نەدار بە خێرایی هەست بەو گەرمییە دەکەن، لە کاتێکدا درک دەکەن بەوەی کە چۆن پێی گەیشتوون، ئەویش لەڕیگەی هاوکاری نەکردنی ناتوندوتیژ.

یاخیبوونی مەدەنی مافی هەموو هاوولاتییەکە. هەر بەرەنگاربوونێک دەبێتە مایەی کەمکردنەوە لە مرۆڤبوونی مرۆڤ. یاخیبوونی مەدەنی هەرگیز بە دوای خۆیدا گیرەشێوێنی ناهێنێت، بەڵام یاخیبوونی تاوان، ئەم گێرەشێوێنییە لەگەڵ خۆی دێنێت.

دەوڵەتێکم بینی بۆ ئەم یاخیبوونە بە هێز سنوورێکی بۆ دادەنا، لە ترسی لە ناوچوونی. بەڵام هەوڵێک بۆ دەستهەڵگرتن لە یاخیبوونەکی مەدەنییانە ڕەنگە هەوڵێک بێت بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر ویژدان.

سەبارەت بە دیموکراسییەتی دروست یان "سواراج[٤]"ی جەماوەر، ناکرێت بە ڕێگەیەکی ناشەرعی یاخۆ توندوتیژی بەدەست بێت، چونکە تەنیا هۆیەک بۆ ئەم ئاکامە پێویست دەکات ئەو کەسانەی ئەم جۆرە شێوازانە بە کار دەهێنن بە هیچ شێوەیەک دوودڵا نەبن لەسەرکوتکردنی ڕکابەرەکانیان. کەواتە، ئەم جۆرە بنەوایانە شایەن نییە بە دروستکردنی سیستمێک لە ئازادیی تاکە کەس پێک هاتبێت، چونکە ئازادی کرانەوەی تەواوی نابیت مەگەر لە ڕیژیمیک بە ڕوونی ئاهیمسای تێدا دەستەبەر بکرێت.

(ئۆتۆنۆمی) بە تەواوەتی پشت بە هێزی ناوخۆیی خۆمان و توانی بەرهەڵستی کردنمان بۆ کۆسپە ترسناکەکان دەبەستێت. ڕاستییەکەی (ئۆتۆنۆمی)یەک کە بەردەوام پێویستی بە جێبەجێکردن و پارێزگاری هەبێت شایەنی ئەم ناولێنانە نییە. کەواتە بە کردەوە و قسە هەوڵم دا، (ئوتونومی)ی سیاسی روون بکەمەوە، ئەم (ئۆتۆنۆمییەش) کە زۆرترین ژمارە لە پیاوان و ئافرەتان لە خۆ دەگرێت، تەنیا وێنەیەکە لە خۆبەڕێوەبردنێکی تاک کەسی، هەر بۆیە، بانگەشەکردن بۆ ئەو (ئوتونۆمیە) سیاسییە پێویست دەکات بە دروستی پەنا بەرینە بەر هەمان ئەو ئامرازەی کە بۆ بەڕێوەبردنەکی تاک کەسی یان سواراج پێڕەوی دەکەین.

ئەرک سەرچاوەی ڕاستی مافەکانە. ئەگەر هەموومان ئەرکەکانی خۆمان ڕاپەڕێنین، مافەکانمان

بە ڕوونییەکی تەواو دەر دەکەوێت. لە بەرامبەردا، گەر کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانمان دەربکەوێت، ئەو مافانەی هەوڵی بۆ دەدەین لە کیسمان دەچێت، هەروەک لەو کارە لەناوچووانە دەچێت. ئەم مافانە لێمان دوور دەکەونەوە هەرچەند غیرەت بەخۆمان بدەین.

بەلای منەوە، دەسەڵاتی سیاسی ئامانجێک نییە، بەڵکو یەکێکە لە ئامرازەکان کە مرۆڤ بتوانێت هەلومەرجەکانی ژیانی چاک بکاتەوە لە هەموو بوارەکاندا. دەسەڵاتی سیاسی ڕێگەیەکە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات لە ڕێگەی نوێنەرانی گەلەوە. ئەگەر ژیانی نیشتمانپەروەریەتی گەیشتە ڕادەیەک لە کامڵبوون و ڕێگەی بە کارکردنێکی عەفەوییانە دا ئەو کاتە گەل پێویستی بە نوێنەریش نابێت، ئەو دەمە دەوڵەت دەبێتە دەوڵەتێکی گێرەشێوینی ڕووناکبیرانە. لە دەوڵەتێکی لەم جۆرە، هەر کەسێک دەبێتە حاکمی خۆی. خۆی دەبات بەڕێوە بە شێوەیەک هەرگیز دراوسێیەکەی بێزار ناکات. بە ڕای من، دەوڵەتێکی نموونەیی دێتە ئاراوە کاتێک دەسەڵاتێکی سیاسی لە بووندا نەبێت، بە هۆی نەمانی دەوڵەت. بەڵام ئێمە لەم ژیانەدا ناتوانین ئەم نموونەیە جێبەجێ بکەین. و لەم ڕوانگەوە، تورۆ (thoreau) جەختی کردووە کە باشترین حکوومەتکان ئەوانەن کە کەمترین ماوە حوکم دەکەن.

هیوام وایە پیشانی بدەم کە سوارا چیی ڕاست بە دەست گرتن بەسەر دەسەڵاتدا لە لایەن هەندێک کەسەوە بە دەست نایەت، بگرە لە توانی هەمووانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکارییەکانی دەسەڵات. بە دەستەواژەیەکی دی، پێویستە بەوە سواراج بە دەست بێنین بەوەی قەناعەت بە جەماوەر بکەین کە دەتوانێت چاودێریی دەسەڵات و کۆنترۆڵی دامودەزگەکانی دەسەڵات بکات.

تەنیا کشانەوەی ئینگلیز لە هند هاوواتەی سەربەخۆیی نییە، چونکە سەربەخۆیی وشەیەکە بە مانای ئەوەیە هەر لادێیەک دەبێت بە تەواوەتی درک بکات کە خۆی دروستکەری چارەنووسی خۆیەتی و لە ڕێگەی نوێنەرەکانییەوە دەتوانێت خۆی یاسادانەر بێت.

دەمێکە ئێمە وا ڕاهاتووین کە دەسەڵات لە ئەنجوومەنی یاسادانان سەرچاوە دەگرێت، بەڵام من ئەم بڕوایە بە هەڵەیەکی گەورە دادەنێم، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی و پرنسیپە باوەکان. خوێندنەوەی مێژووی بەریتانیا بە شێوەیەکی ڕواڵەتی وای لێمان کرد کە وا بزانین تەواوی دەسەڵات لە ڕێگەی ئەنجوومەنەکانی پەرلەمانەوە بە گەل دراوە. بەڵام لە ڕاستیدا دەسەڵات لە گەلەوە دێت، ئێمەش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو متمانە بەو نوێنەرانەی کە هەڵیان دەبژێرین دەدەین، ئەنجوومەنی نوێنەران هیچ دەسەڵات و بوونییەکی نییە ئەگەر لە گەلەوە دوور بێت. لەم بیست و یەک ساڵەی دواییدا لە هەوڵدا بووم گەل بەم حەقیقەتە سادەیە قەناعەت پێ بێنم. کەواتە، یاخیبوونی مەدەنی کلیلی دەسەڵاتە. جا بیهێنە بەر چاوت گەلێک بە تەواوەتی ملکەچ نەبێت بۆ یاساکان و ئامادەیی هەبێت ئاکامەکانی یاسایی و جێبەجێ کردن تووشی ئیفلیجیەکی تەواو بکات. بە دڵنیاییەوە ئاساییە پۆلیس و سوپا پەنا بۆ هێز بەرن بۆ دامرکاندنەوەی کەمینەکان جا تواناکانیان هەرچەندێک بێت. بەڵام هیچ پولیس و سوپایەک ناتوانێت گەلێک کە بە هەموو

هێزێکیەوە بە نیازی بەرهەڵستیکردنی بێت ملکەچ بکات. هیچ چاکەیەک لە پەرلەمانتارییەتیدا نییە، مەگەر نوێنەران ئامادەباشییان تێدا هەبێت بۆ ویستی زۆرینەی گەل گوێڕایەڵبن. ئێمە چێمان دەوێت، بەلانی کەمەوە هیوادارم، حوکمێک هێزی خۆی وەربگرێت نەک دەسەڵاتێکی زۆرەملێ بەڵکو شارەزایی بوونەوە لە چۆنیتیی ڕێنوێنی و قەناعەت پێکردنی ئەم کەمینەیە. بەڵام لە کۆتاییدا ئەگەر گۆڕانگارییە خوازراوەکان تەنیا لە ڕەنگی بەرگە سەربازیدا خۆی ببینێتەوە، کەواتە چ پێویست دەکات بە وروژاندنی ئەم هەموو کێشەیە. و هەرچییەک بێت کارەکە، لەم حاڵەتەدا بە شێوەیەکی تەواو بێبایەخ دەبێن بەرامبەر بە گەل. هەتا وای لێ دێت بەرەو قۆرخکردن هەنگاو بنێین، هەر وەک حاڵی کارەکان لە ئێستەدا، بەڵکو بە زیادیشەوە. وەلێ هەست دەکەم، کە ئەوروپاش لە ناخەوە بە دەستی هەمان دەردی هندستانەوە دەناڵێت، هەرچەند ئەوروپاییەکان بە سیستمی حوکمکردنی ئۆتۆنۆمی بەختەوەرن... کەواتە، دەبێت بتوانین هەمان چارەسەر پێڕەو بکەین. ئەگەر بچینە قووڵایی دیاردەکان و دیقەتییەکی وردی بدەین، دەبینین توندوتیژی ڕێگەی بە ئەوروپا داوە گەل قۆرخ بکات. بەڵام گەل ناتوانێت بە پەنابردنەبەر توندوتیژی لە ڕووی دەردەکە بوەستێت.

هەرچییەک بێت، هەتاوەکو ئەمڕۆ، ئەزموونەکان دەری دەخەن کە ئەو سەرکەوتنانەی توندوتیژی بە دەستی هێناون بۆ ماوەیەکی کورت بوونە. لە ڕاستیدا دەرئەنجامی ئەوە زیادبوونی توندوتیژییە. لە ئەنجامدا، ئەگەر گەلانی ئەوروپا، وەک بۆم دەر دەکەوێت بیەوێت ڕزگاری بێت، دەبێت زوو یان درەنگ پەنا بباتە بەر ناتوندوتیژی.

من هەوڵەکانم تەنیا بۆ ڕزگارکردنی هند لە داگیرکردنی ئینگلیز تەرخان نەکردووە، بەڵکو بە نیازم هند لە هەموو شێوەکانی کۆیلایەتی کە ئەرکی سەرشانی ڕۆڵەکانی قورس کردووە ئازاد بکەم. کەواتە، هیچ مەبەستێکم نییە بۆ گۆڕینەوەی پاشایەکی بێدەسەڵات بە پاشایەکی فێڵباز کە کار بۆ هەڵخەڵەتاندنمان بکات. هەر بۆیە بزاوی (سواراج–swaraj)م دامەزراند، کە هەر مرۆڤێک بە پاککردنەوەی ناخ پێوەست دەکات.

ئەگەر ئێمە دەستمان کرد بە سەپاندنی دەسەڵاتی خۆمان بە سەر کەسانی دیدا، ئەمەیان گەلێک خراپتر دەبوو لەو زۆردارییە بیرۆکراتییەی بەریتانیا کە قۆرخ کراوە بۆ کۆمەڵێک بەڕێوەبەر، چونکە تیرورکردنێکە سەپێنراوە لەلایەن کەمینەیەکی دەورەدراو بە ئۆپۆسوزیۆن. بە پێچەوانەوە ستەمکاریی ئێمە تیرۆرێکە کە زۆرینە دەیسەپێنێت و، لەسەر ئەم بنەوایە خراپەیەک و کوفرێکی گەورەتر لەوی دی دەر دەکەوێت. کەواتە پێویستە هەموو شێوەک لە شێوەکانی بەرهەڵستیی زۆرەملێ وەلابخەین. لەبەرئەوەی کۆمەڵێکی کەم بووین بانگەوازی مەسەلەی هاوکارینەکردنمان کرد (non-co-opearation) ڕەنگە ڕوو بدات ناچار بین بۆ مردن ئەگەر هەوڵ بدەین ڕێنیشاندەریی کەسانی دی بکەین بۆ بوچوونەکانمان. بەڵکو ئێمە بەمە، بە باشترین شێوە نموونەی باوەڕمان نواند و، بەرگرییەکی شایستەمان لەسەری کرد، بەڵام ئێمە ئەگەر ویستمان هێز بەکاربهێنین لە

پێناو لەخۆگرتنی پیاوانی دی بۆ تیمەکەمان، ئێمە بەمە ناپاکی لە خودا و مەسەلەکەی خۆمان دەکەین. بەڵام ئەگەر وا دەرکەوت بۆ کاتێک ئێمە سەرکەوتووین لە هەوڵەکەمان، ئەمەش بە شێوەیەکی بێ هاوتا دەبێتە سەرکەوتنی تیرۆر.

بنەمای زێڕینی ڕێبازەکەمان ئاڵوگۆڕکردنی لێبوردەییە، لە ڕاستیدا، ئاساییە هەموومان لەسەر هەمان ڕا نەبین. وابزانین بە بۆچوونە جیاوازەکان حەقیقەت پارچە پارچە دەبێت، ئینجا دەبینیت ویژدان لەگەڵ هەمووومان بە هەمان شێواز نادوێت. بێگومان ویژدان باشترین ڕێنیشاندەرە بۆ هەر یەکێک لە ئێمە، بەڵام هەوڵدان بۆ سەپاندنی هەڵسوکەوتی تاک بەسەر کەسانی دیدا دەبێتە هۆی تێکدانی ئازادیی ویژدان و ڕەنگە بەرگەی نەگرێت.

پێویستە جیاوازیی بۆچوون دوژمنایەتی لەنێوان خەڵکدا دروست نەکات. ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بێت، ئەوە من و خێزانەکەم دەبینە دوو دوژمنی سەرسەخت. من لە دنیادا دوو کەسم نەبینیوە هاوڕابن لە هەموو خاڵەکانی گفتوگۆکردنیان، لە کاتێکدا کە یەکێک بووم لە موریدەکانی جیتا (gita) هەموو هەوڵێکم دەخستە گەڕ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کەسانەی هاوڕا نیم بەسۆز بم بە ئەندازەی سۆزداریم لەگەڵ خۆشەویستترین و نێزیکترین کەس لێمەوە.

کاتێک گەلەکەم هەڵەیەکی گەورە دەکات، بێ دوودڵی ڕایدەگەیەنم کە تاوانێک لە ئارادایە. بەڵام دەبێتە تاکە ستەمکارێک کە ڕازی بم بە بوونی لەم جیهانەدا، ئەو (دەنگە ڕوونەیە) کە هێشتا لە ناخمدا قسە دەکات.

دەتوانم بێژم بە پەلە نیم لە ئاشکراکردنی کەموکوڕییەکانی کەسانی وەک خۆم، ئەمە سەیر نییە، چونکە بە کەموکووڕییەکانمەوە، شایەنی بەزەییی کەسانی دیم. فێر کراوم حوکمی توند بەسەر کەس نەدەم، ڕەچاوێک بکەم بۆ ئەو کەم و کووڕییانەی کە تێبینییان دەکەم.

بەردەوام خەڵک تۆمەتباریان دەکردم کە سروشتێکی توندم هەیە و، پێم باش نییە ملکەچی بڕیارەکانی زۆرینە بم. گەیشتە ڕادەی گومانکردن کە وەک دکتاتۆر هەڵسوکەوت دەکەم... ڕاستییەک دەبێژم نەمتوانی تۆمەتی ستەمکاری قبووڵ بکەم و، بە پێچەوانەوە، شانازی بە خۆمەوە دەکەم، بەو نەرمییەی کە دەرم خستووە سەبارەت بە گشت ئەو مەسەلانەی کە بایەخی چالاکەکان نەبێت. من ڕقم لە زۆرداری دەبێتەوە. لەبەرئەوەی ئازادی و سەربەخۆییی خۆم بەهایەکی قورسی لام هەیە و، ڕێزیان لێ دەگرم بە ئەندازەی ڕێزگرتنم لە ئازادی و سەربەخۆییی کەسانی دی. هیچ ئارەزوویەکم نییە کەسی دی بهێنمە ناو مەسەلەکەمەوە، ئەگەر بانگەوازەکە سەرنجی کەسی ڕانەکێشابێت. من سەربەخۆییی خۆم هەڵدەگرم بەرامبەر نەریتەکان تا ڕادەی ڕەتکردنەوەی خواوەندێتیی دێرینی (شاتراس–shastras) ئەگەر نەتوانێت قەناعەت بە عەقڵم بکات. بەڵام ئەزموونەکان وایان لێ کردووم، ئەگەر بمەوێت بژیم لە ناو کۆمەڵگەیەک کە سەربەخۆییی خۆمی تێدا بپارێزم، پێویستە تەنیا بایەخ بدەم بەو پرسانەی کە گرینگییەکی گەورەیان هەیە. لە

بوارەکانی دی، کاتێک ئاین و ئەخلاق دووچاری پێشێلکاری نابنەوە، پێویست دەکات ملکەچی ویستی زۆرێنە بین.

من باوەڕ ناکەم بەو گوتەیە کە ئێژێت (دەبێت مەزنترین باشە بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵک بێت). بە دەستەواژەیەکی ڕاستەوخۆ، واتە ڕازی بین قوربانی بە بەرژەوەندییەکانی چل و نۆ لە سەدی خەڵکی بدەین بەرامبەر بە بەنجا و یەک لە سەدەکەی دی. بەهەرحاڵ ئەم باوەڕە بێ بەزەییە زیانێکی لەڕادەبەدەری بە مرۆڤایەتی گەیاندووە. لە کاتێکدا تاکە باوەڕێک شایستە بێت بە متمانە پێکردن و مرۆڤدۆستانە بێت، ئەو باوەڕەیە کە تێدەکۆشێت بۆ چاکەی هەمووان. بەڵام ئێمە ناتوانین وای دەربخەین کە پێوەستین بەم باوەڕە، ئەگەر ئامادەییمان نەبێت بۆ قوربانییەکی توند و سەخت.

ئەو کەسانەی بانگەشەی ڕابەرایەتیی جەماوەر دەکەن پێویستە بە توندی ملکەچبوونیان ڕەتبکەنەوە. ناتوانین لەم کارە بە دوور بین ئەگەر بمانەوێت نەهێڵین ئاشووبێکی بێ سەر و بەر ڕووبدات و، ئارەزووی پێشکەوتنی وڵاتمان هەبێت لە چوارچێوەیەکی یاسایی. پێم وایە بەس نییە پێشەوا تەنیا پشتگیری لە ڕای تایبەتی خۆی بکات، بەڵکو جاروبار کار بکات بە پێچەوانەی هزری گەل، ئەگەر بینیی ئەم هزرانە خۆی بە هێزێکی قایلکەرانە و عەقڵانی ناسەپێنێت، بە تایبەتی لەو بابەتانەی گرینگیی سەرەکییان لە ئاستی نیشتمانیدا هەیە.

ئینجا پێشەوایەک بە هەموو ئەنجوومەنەکانی ڕاوێژکارییەوە دەور دراوە، شایستەی هیچ نابێت، ئەگەر ڕەفتارێکی هەبێت پێچەوانەی ویژدان بێت. زوویش دەکەوێتە کەنگەلانەوە، ئەگەر ئەو دەنگە ڕێنوێنیکەرەی ناخی لە دەست بدات.

دەوڵەت توندوتیژی دەنوێنێ بەڵام، بە شێوەیکی ڕێکخراو و پڕ بە حەشامەتی سەربازی، تاک خاوەن ڕۆحە، بەڵام دەوڵەت ماشینێکی بێ ڕۆحە و ناتوانی لە توندوتیژی هەڵبێت، هەتاوەکو هۆیەک بۆ بوونی مابێت.

قەناعەتێکی پتەوم هەیە ئەگەر دەوڵەت هەوڵ بدات سەرمایەداری بە توندوتیژی لە ناو بدات، بێگومان خۆی لە ناو گێژەلوولی توندوتیژی دەبینێتەوە و، ئەستەمیشە هەڵبسێت بە گەشەپێدانی ناتوندوتیژی بە شێوەیەکی ڕەها.

(ئۆتۆنۆمی) خۆبەڕێوەبردن مرۆڤ ناچار دەکات بەردەوام لە هەوڵدان بێت، بۆ ئەوەی دوور بێت لە کاریگەرییەکانی حوکمڕانی، جا کاریگەرییەکە لە سەرچاوەیەکی بیانی یان ناوەخۆییەوە بێت. بەڵام ئەو حوکمەی کە سواراج یان ئۆتۆنۆمی بانگەوازی بۆ دەکات دەبێتە کارێکی پەژارەهێن کاتێک هاووڵاتییان چاوەڕوان بن هەموو وردەکارییەکانی ژیانیان بۆ ڕێک بخات. پێویستە مرۆڤ دڵخۆش بێت بە مردن ئەگەر ژیانی ئازادیی بۆ ئەستەم بێت.

بنەمای زۆرینە پراکتیزەکردنێکی سنوورداری هەیە، کەواتە دەبێت ملکەچی ئەم زۆرینەیە نەبێت

تەنیا لە مەسەلە وردەکارییەکاندا نەبێت. بەڵام ملکەچبوون بۆ زۆرینە بە شێوەیەکی کوێرانە ڕەفتارێکە لە کۆیلەبوونەوە سەرچاوە دەگرێت. دیموکراسییەت بۆ ئەو کەسانە نییە کە وەک پەز بەڕێوە دەبرێن، چونکە هەموو تاکێک لە ڕێژیمی دیموکراسی مافی پارێزراوە لەوەی کە ئازادە لە بیر و بۆچوون و کاردا. یاسای زۆرینە گرینگیی نامێنێت کاتێک ویژدان وشە یەکلاکەرەوەکەی دەدرکێنێت.

بە تەواوەتی دڵنیام کەس ئازادیی خۆی لەدەست نادات، مەگەر لاوازییەکی بێ ئەندازە ناچاری بکات. کەس باوەڕ ناکات کە دەمانچەکانی بەریتانیا بەرپرسیارن لە ملکەچبوونمان بەڵکو ئەو هاوکارییەیە کە بە ویستی خومان بە ئینگلیز دەیبەخشین.

ئەستەمە بۆ هەر حوکمێک، ڕادەی ستەمکارییەکەی هەر چەندێک بێت، لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە، بە ڕازیبوونی حوکمکراوەکان نەبێت. زۆر جاریش بە هێز ئەوەی پێ دەکرێت، بەڵام ئەو گەلەی لە ژێر حوکمێکی زۆرداریدا بێت، زوو واز لەو ترسە دەهێنێت و حوکمەکەی دەڕۆظ□ێنێت.

ڕەنگە بیینی زۆرینەی خەڵک تێ نەگات لە ئاڵۆزیی میکانیزمەکانی حوکمکردن، چونکە درک بەوە ناکات هەر هاووڵاتییەک، پشتگیری لە حوکمی دەسەڵاتێک بکات، پشتگیرییەکی بێدەنگانە بەڵام پتەوە، ئەمەش بەڕێرەوێک بێت کە هیچ زانیارییەکی دەربارەی نەبێت. کەواتە، هەر هاووڵاتییەک لێپرسراوە لە هەموو ئەو کارانەی حکومەتەکەی پێی هەڵدەستێت. باشتر وایە هاووڵاتی پشتگیریی دەسەڵات بکات، مادام بڕیارە گونجاوەکان وەردگرێت. بەڵام ڕۆژگارێک دێت درک بەوە بکات کە ئەو تیمەی حوکمیان کردووە بووەتە سەرچاوەیەکی زیانبەخش بە گەل، ئەو کات دەبێت پشتگیرییەکەی لێ بسەنێتەوە.

ئازادییەکی گەورەتر نییە لەوەی کە بەتەواوەتی ملکەچی بۆ پاشایەکی دنیا ڕەت بکرێتەوە ئەگەر گەورەیییەکەی هەرچییەک بێت.

ئازادیی دەرەوەمان هیچمان پێ نابەخشێت بە ئەندازەی درککردنمان بە پەرەپێدانی ئازادیی ناوەکیمان. ئەگەر بۆچوونێک هەبێت دەربارەی ئازادییەکی تەواو، پێویست دەکات هەموو وزەیەک لە ناخماندا بخەینە گەڕ لەپێناو چاککردنی خۆمان چاککردنێک کە لە ناخەوە بێت.

دیموکراتیخوازی ڕاست ئەو کەسەیە کە بەرگری لە ئازادیی خۆی دەکات، بە تەواوی ئامرازەکانی ناتوندوتیژی خۆی پڕ چەک دەکات ئینجا دەڕوات بۆ بەرگریکردن لە ئازادیی وڵات و، ئازادیی هەموو مرۆڤایەتی.

دیموکراسییەتی ڕێکخراوی ڕوناکبیرانە باشترین کارەکانە لە جیهاندا. بەڵام دیموکراسیەتی ناوزڕاو بە حوکمی دادگەیی و نەفامی و وەهم بە دڵنیاییەوە لە دەرەنجامدا گێرەشێوینی و، خۆویرانکردن بڵاو دەکاتەوە.

دیموکراسیەت و ناتوندوتیژی ڕێککەوتنیان نییە. سەبارەت بەو دەوڵەتانەی کە بانگەشە دەکەن

کە دیموکراسیین، کارێکی باشتر دەکات گەر خۆی بە دەوڵەتێکی توتالیتاری بە ڕاشکاوی ئاشکرا بکات، یان بە ئازایەتییەکی تەواوەوە بە نیاز بێت ناتوندوتیژی پێڕەو بکات، ئەگەر بە ڕاستی دەیەوێت ببێتە دەوڵەتێکی دیموکرات. کوفرکردنە ئەگەر مرۆڤ جەخت بکاتەوە کە پێڕەوکردنی ناتوندوتیژی تەنیا تاکەکان دەگرێتەوە نەک گەلان. ئایا گەلان لە تاکەکان پێک نەهاتوون؟

سەرزەنشتی بەریتانیەکان ناکەم، ئەگەر ژمارەمان وەک ژمارەی ئەوان لاواز بووایە، دەکرا ئێمەش پەنا ببەین بۆ هەمان شێوازەکانی ئەوان کە پێڕەوی دەکەن، چونکە تیرۆر و فێڵکردن دوو چەکی دەستی لاوازەکانن نەک بە هێزەکان. بەریتانییەکان بە ژمارە لاوازن، کەچی ئێمە بە لاوازی دەر دەکەوین سەرەڕای زۆریی ژمارەمان! ئەنجامی ئەم کارەش هەر لایەنێک ئەویتر بۆ کەوتن ڕادەکێشێ. بەڵگەی ئەمەش لەبەر چاوە، ئەوەتا ئینگلیز زیانی لێ دەکەوێت لە ئەنجامی نیشتەنیبوونیان لە هند، لە کاتێکدا هندییەکان ئازاییەتی و پیاوەتییان لە دەست دەدەن ئەگەر پێوەندی بکەن بە ئینگلیزەوە. ئەم پرۆسە لاوازە کارێکی بێ سوودە بۆ گەلان و مرۆڤایەتی.

بەڵام ئێمەی هندی ئەگەر بمانەوێت دەست بە جڵەوی چارەنووسمانەوە بگرین، ئینگلیز و خەڵکانی تری دنیایش بەلای کاری خۆیانەوە دەڕۆیشتن، کەواتە بۆ بەشداریمان لە پێشکەوتنی دنیا پێویست دەکات کاروباری ناوەخۆیی ماڵی خۆمان ڕێک بخەین.

ئا لەم هەلومەرجەدا ئەو قوربانییانە چین کە دەبێت بیدەین گەر هاوکار نەبین؟ سەرەتا وا پێویست دەکات بە ویستی خۆمان هەموو قوربانی و ڕێگرییەکان کە دێنە پیشمان لە ئەستۆ بگرین دوای ئەوەی کە هاوکار نابین لەگەڵ ئەو تیمەی دژ بە خواستەکانمان حوکم دەکات. سەبارەت بەمە (سورو) دەبێژێت "تاوانە پارێزگاری لە دەسەڵات و کۆڵەکەبوونی سامان بکەین لە سایەی حوکمێکی ستەمکارانە، لەم هەلومەرجەدا هەژاری دەبێتە چاکەیەک "ڕەنگە ڕووبدات لە قۆناخی هاوکارینەکردندا هەڵە بکەین... بەڵام ڕەنگە بتوانین لە هەندێ نارەحەتییەکانەوە بە دوور بین. هەر چۆنێک بێت، ئەم نارەحەتییانە چاکترە لەوەی هەموو نیشتمان یەختەبکرێ (بخەسێنرێ).

بۆ ئەوەیشی کە بتوانین خراپەکانی ستەمی چاک بکەینەوە، پێویستە چاوەڕوان نەبین تاوانکار بەئاگابێتەوە لەو زۆردارییانەی ئەنجامی داون. هەروەها نابێت ڕێککەوتنمان هەبێت تەنیا لە ترسی ئەوەی بە خۆمان یان کەسانی دی ئازار بگەیەنین. بەڵکو بە بێچەوانەوە پێویست دەکات بشەڕین دژی خراپە و وازبهێنین لە پشتگیریی خراپەکار و یارمەتیدانی. ئەگەر دەرکەوت باوکێک دژی خێزانەکەی ستەمکارە. پێویستە ڕۆڵەکانی ئەو خێزانە ماڵەکە بەجێبهێڵن. ئەگەر بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک دەزگەکەی بەبێ ڕەچاوکردنی بنەوای ئەخلاقی بەڕێوە ببات، ئەرکی قوتابییانە ئەم دەزگەیە بەجێبێڵن، هەروەها، ئەگەر سەرۆکی کۆمپانیایەک لە گەندەڵیدا نغرۆ بووە، ئەندامەکانی ڕازینەبوونە دەست تێکەڵ بکەن، پێویستە واز لە وەزیفەکانیان بهێنن. ئەم حاڵەتە دروست دەبێت لە حکوومەتێک زوڵمیکی ترسناک ئەنجام بدات، دەبێت هاووڵاتی، لەم قۆناخە بکشێتەوە و هاوکاری نەبێت. بە تەواوەتی یان بە نیوەچەیی، بۆ ئەوەی ببێتە کۆسپێک لە پێش زیادەڕۆییی

فەرمانڕەوایەکان لە زۆرداری و خراپەکارییان. لە گشت حاڵەتەکاندا هاووڵاتی دووچاری نارەحەتیی ئەخلاقی یان جەستەیی دەبێتەوە. لەڕاستیدا بەبێ ئەم نارەحەتییانە ئەستەمە بەو ئازادییە بگەین.

لە ئەو ساتەوە کە بووم بە ساتیاگراهییەک، وازم هێناوە کە یەکێک بم لە گەل، بەڵام وەک هاووڵاتییەک بەردەوام بووم، چونکە هاووڵاتی بە ئارەزووی خۆی گوێڕایەڵی یاساکانە، نەک بە زەبر یان تۆقاندنی بەرپرسە لە ئاکامەکان کە بە سەر خۆیدا دەیهێنێت کاتێک بە پێویستی بزانێت، ئامادەییشی هەبێ بۆ بەرگەگرتن لەو سزایانەی پێشبینی دەکرێن.

یاخیبوونی مەدەنی تەواو ڕاپەرینە، بەڵام بێ ئەوەی توندوتیژانە بێت، چونکە ئەو کەسەی بە تەواوەتی پێوەستە بە بەرگریکردنی ئاشتییانە هیچ بەهایەک بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت دانانێت، لەبەرئەوەی لە یاسا دەرچووە و، ئەو مافەی بە خۆی داوە هەر یاسایەک دەوڵەت دایبڕێژێت و دژی ئەخلاق بێت پێڕەوی نەکات. بۆ نموونە، دەبینێت پێوەستە کە باجەکان بە جێبهێنێت یان ڕەفزی دەستووەردانەکانی دەسەڵات بکات بۆ کاروباری ڕۆژانەی. سەرەڕای ئەو مەترسییانەی کە ڕووبەڕووی خۆی دەکاتەوە، کە چی دەتوانێت بڕیار بدات بچێتە ناو سوپاکە ئەگەر پەیامێکی بۆ سەربازەکانی هەبێت. لەم هەموو نموونانەدا هەرگیز پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز نابات، هەتا ئەگەر توندوتیژیش دژی بە کارهێنرا. لە ڕاستیدا جێگەیەک بۆ خۆی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بخرێتە زیندانەوە یان ڕووبەڕووی ئامرازەکانی دامرکاندنەوە دەبێتەوە. بەم شێوازە هەڵسوکەوت دەکات، چونکە ئازادیی جەستە بە ڕواڵەت بارگرانیەکە بە سەریەوە، چیدی ناتوانێ هەڵیبگرێت. پاساو هێنانەوەشی ئەوەی دەوڵەت ئازادی بە تاک نابەخشێت بە ئەندازەی ملکەچبوونی تەواوی تاک بۆ یاسا. کەواتە ملکەچبوون بۆ بڕیارەکانی دەوڵەت، ئەو نرخەیە هاووڵاتی دەیدات بەرامبەر بە ئازادییە تایبەتیەکانی. کەواتە وەک فێڵێک دەر دەکەوێت کە تاک ئازادییە تایبەتییەکانی دەگۆڕێتەوە بەرامبەر بە ملکەچبوون، ئەمە دەوڵەتێکی یاسای ستەمکارە بە تەواوەتی یان حاڵی زۆرینەیانە. ئەگەر بۆ هاووڵاتی دەربکەوێت دەوڵەت لە کردەوەکانیدا خراپەکارە، ئەو کات ناتوانێت بەرگەی ژیان بگرێت و لەگەڵ ئەم ئەشکەنجەدا بسازێت. بۆیە بە ئەنقەست و بە بێ ئەوەی مەبەستی بێت هەڵەیەکی ئەخلاقی ئەنجام دەدات و، هەموو شتێک بکات بۆ ئەوەی زیندانی بکرێت، ئا بەم شێوەیە بەرگریی ئاشتییانە سەرکەوتووترین وەسیلەیە بە دەستی هاووڵاتییەوە بۆ ئەوەی شیرزەییی ڕۆحی دەربخات. ئەمەش تاکە ئامرازێکە کە بەرهەڵستیی مانەوەی دەوڵەتی خراپەکار لە حوکم و دەسەڵات بکات. ئەدی ئەمە ڕێگەی هەموو چاکسازییەک نییە؟

کاتێک تیمێک لە خەڵک نکوڵی لە دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە دەکەن کە لە ژێر سێبەریدا بوونە، ئەو کات خەریکە نێزیک دەبنەوە لە بنیاتنانی حوکمی تایبەتی خۆیان. دەبێژم خەریکە، چونکە ئەوان پەنا نابەنە بەر هێز ئەگەر دەوڵەت بەرپەرچیانی دایەوە. لەبەرئەوەی ڕۆڵی ئەوان چ بە کۆمەڵ یان بە تاک بێت، ئەوەیە دەسەڵات ناچار بکەن هەستێت بە گرتن یان کوشتنیان، مەگەر دەوڵەت ناچار

بکەن دان بە بزووتنەوەی جیابوونەوەیاندا بنێت، بە دەستەواژەیەکی دی، دەوڵەت ڕازی بێت بە جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان. دەبینێت سێ هەزار هندی کە لە باشووری ئەفریقیا دەژین، ساڵی ١٩١٤ سنوورەکانی ترانسفال دەبەزێنن بەبێ ئەوەی ڕەچاوی یاسای کۆچکردن بکەن و لەگەڵ خۆیان حوکمی زیندانی کردنیان هێنا. بەمەش دەوڵەت ملکەچ دەبێت دان بە داواکارییەکانیاندا بنێت، چونکە دەستەوەسان بووە بۆ ئەوەی هانیان بدات بۆ پێڕەوکردنی توندوتیژی یان ناچاریان بکات ملکەچ بن. کاتێک هەموو سوپاکانی بەرگریی ئاشتییانە بێتاوان بوو لە هەر تووڕەبوونێک -یان پێویستە وا بێت - نەبادا نیازی تۆڵەسەندنەوەی هەبێت، پێویستە بە گوێرەی توان ژمارەی سەربازەکان کەم بکرێنەوە. لە ڕاستیدا یەک بەرگریکارێکی مەدەنیی کامڵ بەسە بۆ ئەوەی شەڕی حەق بەسەر ستەمدا سەربکەوێ.

خاوەن باوەڕێکی پەرتەوازە نیم، ئەگەر یەک ساتیاگراهایم دۆزییەوە هەتا کۆتایی خۆڕاگر بوو ئەو کاتە دڵنیا دەبم لە سەرکەوتن.

کاتێک سەرکەوتوو دەبم مرۆڤایەتی قایل بکەم کە هەر پیاوێک یان ئافرەتێک، هەر چییەک بێت هێزی جەستەی، خۆی پاسەوانی کەرامەت و ئازادیی خۆی بێت. ئەو کات ئەرکی من کۆتایی پێدێت. ئەگەری مانەوەی ئەم بەرگریکردنەش بەردەوامیی هەیە بۆ ئەو کەسەی کە بە تەنیاش دەمێنێتەوە لە بەرگریکردن هەتا ئەگەر هەموو دنیا ویرانیش بێت.

هەموالنامەی کتێب

پەراوێز:

* کۆنترین کتێبی ئاینی هندییە، سەبارەت بە مێژووی نووسین و کۆکردنەوەی "ڤیدا" شارەزاییان و ئەرکیۆلۆجستەکان ناکۆکن. (وەرگێڕ) بروانە: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل: هزر و فەلسەفە و وشیاری لە خۆرهەڵاتی کۆندا/ گۆواری ڕامان/ ژمارە (٨٠)، یەکی شوباتی ٢٠٠٣/ ل. ٢١٧

١. ئەم یاسایە ئازادیی مەدەنیی لە هندییەکان دەسەندەوە. (وەرگێڕ). مەهاتما گاندی ئەو شۆڕشگێڕەی کە چەکی دەستی چڵێک زەیتون بوو، عیسام عەبدوفەتەح، وەرگێڕانی شیروان شەریف، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، خانەی وەرگێڕان، ل. ١٣٢

٢. وشەی فریسییەکان بە مانای گۆشەگیر دێت و ئەم بزاوە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠پ.ز دەرکەوت. نازناوی ئەم کۆمەڵەیە لەنێوان خۆیاندا بە (حسیدیم)ی عبری ناو دەبەن کە مانای (لە خوا ترس و لە گوناە پارێز) دێت. (وەرگێڕ). جوولەکە عەقیدە و شەرعییەت و مێژوویان، دانا عوسمان حسن، چاپی دووەم، بەهاری ٢٠١١، ل. ٦٩

٣. ساڵی ١٩٢٠ گاندی دەستی کرد بە جێبەجێکردنی بەرنامەی (ڕستن و چنینی دەستی) ئەمەش لە دەسپێکی ئەو جموجووڵانەدا بوو کە تیایدا گاندی شوێنکەوتووانی هان دا تا جلوبەرگەکانیان بە دەستی خۆیان بچنن بە جۆرێک پشت بە قوماشە هاوردەکانی بەریتانیایی نەبەستن. (وەرگێڕ). مهاتما گاندی ئەو شۆڕشگێڕەی کە چەکی دەستی چڵێک زەیتون بوو، عیسام عەبدوفەتەح، وەرگێڕانی شیروان شەریف، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، خانەی وەرگێڕان، ل. ١٣٢

٤. یەکێک لە دەستنووسەکانی گاندی کتێبی (خودموختاری بۆ هند- هند سواراج/ ١٩٠٨) کتێبەکە بە زمانی کوجاراتی نووسراوە بە شێوەیەکی بابەتی پێداچوونەوە بە بەها مەدەنییە ڕۆژئاواییەکاندا دەکات وەک (پایەبەرزیی خواوەند... ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی-پیشەیی- پرۆگرامی کاری سیاسی) تێیدا دەنگدانەوەی ئەو بیروباوەڕانەی بە درێژاییی ژیانی پێوەی سەرقاڵ بوو ڕەنگ دەداتەوە. (وەرگێڕ).
هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل, ١٢٤

**فەرهەنگ:**

ئادفیتا: بە هندی واتەی "نادووانەیی"یە ئەمە قوتابخانەیەکی فەلسەفیە، یەکێک لە گەورەترین نوێنەرەکانی فەیلەسووفی هندی "سانکاراشاریا" (٧٨٨-٨٢٠)، کە باوەڕی بە بوونی یەک حەقیقەت بووە. ئەوانەشی کە ماونەتەوە تەنیا ڕواڵەتێکی پەتین.

ئاهیمسا: واتەی ناتوندوتیژی. لە بۆچوونێکی ئەرێیانەوە (پوزەتیفانە)، هێزی خۆشەویستی.

ئاشرم: وشەکە بە هندی دەگەڕێتەوە بۆ ئاسراما واتە ئاینپەرست. مەبەست لە مەش جێگەیەکی هێمن و دوورە دەستە لە ئاوەدانی، یەک نموونە پاڵیان پێوە دەنێت، ژیانێک بە کۆمەڵ و ملکەچی بنەمایەکی ناسراو لە نێوانیاندا. وشەی ئاشراما زۆر جار بۆ ئەم مەبەستەش بەکار دێت کە ئەو جێگەیەیە گاندی و شوێنکەوتووانی تیادا نیشتەجێ بووبوون.

ئاشراما: ئاسراما، وشەیەکە بە هندوسییە واتەی، ژیانێکی نموونەیی دێت کە چوار قۆناخی یەک لە دوای یەک دەگرێتە خۆی یان ئاشرامات: قۆناخی یەکەم تەرخان کراوە بۆ خوێندنەوە و ئاینگەرێتی و، قۆناخی دووەم تێکەڵبوونە بە جیهان، مورید لێرەدا دەکەوێتە ژێر دژوارییەکانی ژیانی ڕۆژانە و، لە کاتی قۆناخی سێیەمدا، تێرامان قووڵتر دەبێتەوە، لێرەدا مورید (شوێنکەوتوو) جیادەبێتەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە دەیبەستنەوە بە جیهان، بەڵام قۆناخی چوارەم لە ئاینپەرستییەکی تەواودا خۆی دەبینێتەوە.

ئاتما: واتە ڕۆح، یان خۆ.

ئافاتار: بەرجەستەبوونی خودایە.

بانیا: واتەی ئەو ئەندامەیە کە سەر بە کۆمەڵەی هندۆسی سێیەمە. بازرگانیش چالاکییەکی ئاساییی ئەم کۆمەڵەیە کە ئەنجامی دەدەن.

بهاغافات: بهاغافاتا، یەکێکە لە کتێبە پیرۆزەکانی هندۆسیەت. تیایدا بە شێوەیەکی تایبەتی باس لە هەواڵەکانی ژیان و ڕێنوێنییەکانی کریشنا دەکات.

براهماشریا: براهما-کاریا، ئەمەش وازهێنانە لە ژنهێنان و شووکردن، ژیانێکی دەروێشانە و پاکبوونەوەیە تەرخان دەکرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی باڵا.

براهمین: براهمانا، ئەندامێکی کۆمەڵی یەکەمی هندۆسی. بۆ زانیاری براهمانییەکان وەک لاساییکردنەوەیەک خۆیان بۆ کەهەنوت (قەشەیەتی) و خوێندنەوە تەرخان دەکەن.

شاباتی: نانی تیرییە کە بە بێ هەوێن دەکرێت.

شارخا: خەڕەکی ڕستن و چنین.

دهارما: ئاین، بنەما یان پێرەوێکی ئەخلاقی، ئەرک.

دیوان: سەرۆکی وەزیرانە لە یەکێک لە ویلایەتەکانی هند.

هیمسا: توندوتیژی.

کالما: ئاشکراکردنی باوەڕە کە موسڵمان گەواهی دەدات بەوەی کە خوایەکی تر نییە جگە لە خوای تاک و تەنیا.

خدار: کوتاڵێکە بە دەست دەچنرێت.

مهاتما: واتە ڕۆحی مەزن، بە شێوەیەکی گشتی نازناوێکە بۆ پیاوانی ئاینی بەکار دێت. ئەم وشەیە لە گاندی ناونرا لە ساڵەکانی دواییدا.

مانۆ: واتەی ڕێنیشاندەر و یاسادانەری هندی لە سەردەمە کۆنەکان. کتێبی یاسای مانۆی بۆ دەگەڕێتەوە.

موکشا: موسکا، واتەی جیابوونەوە لە هەموو پێوەندییەکانی سەر زەوین، یان ئازاد بوون لە لەدایکبوونی دووەم.

مونی: واتە بینەر، دانا، بە تایبەتی بەڕێز (جاینا) یان دجاینا. کە ئەمەش شوێنکەوتووی دجاینیە، سیستمێکی ئاینی و فەلسەفییە لە هند.

نواب: فەرمانبەرێکی گەورەیە یان شایەکی موسڵمانە (نبان).

جوردە: پەچەیە کە لە هەندێ وڵاتانی ڕۆژهەڵات ئافرەتان دەیپۆشن بۆ شاردنەوەی ڕووخساریان.

ریشی: ڕشی، واتە دانا.

سادافرتا: واتەی خێرە یان بەخشندەیی.

سامسکار: سامسکارا، ئەو کاریگەرییەیە کە ڕابردوو بەجێی دێڵێت و هەرگیز ناسڕێتەوە.

ساتیاگراها: زەمانێکە واتەی ئەو کەسەیە کە پێوەست بە حەقیقەت دەبێت. ئەو ناوەیە کە گاندی بەکاری هێنا بۆ تەکنیکی بەرگریی ناتوندوتیژ بە گوێرەی بۆچوون و پێرەوکردنی خۆی.

سیفاسامیتی: ناوی ئەو کۆمەڵەیە کە بایەخ بە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە خۆبەخشەکان دەدات.

شاترا: ساسترا، ئەمەش ڕێنووسی هندۆسییە.

سوادیشی: خۆشەویستیی مرۆڤە بۆ وڵاتەکەی یان بەرگریکردن لە هەموو شتێکی خۆماڵی و ناوەخۆیی وڵات.

سواراج: واتەی ئۆتونومی یان خۆبەڕێوەبردن.

فاکیل: دادوەر یان پارێزەر.

فیداس: دەقە دێرین و پیرۆزەکانی هندۆسیەت.

ئۆبانیشاد: ئۆبانیساد، بریتییە لە گفتوگۆکردنە فەلسەفیەکان بەگشتی بە سەرچاوەی نووسینەکان کە میتافیزیکای هندۆسی پشتی پێ بەستبوو. ژمارەی ئۆبانیشادەکان بە سەد دانە مەزندە دەکرێت. ئەمەش دەیان دەقی بایەخدار لە دیدی دابونەریتی هندۆسی لە خۆ دەگرێت.

---

کۆکردنەوە و هەڵبژاردن: سری کریشنا کریپالانی

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: د. ئەنتوان ئەبو زەید

# مارتن لۆتەر کینگ
# بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک

کۆمەڵێ نووسەر

## بەشی پێنجەم

### چارلز ئێلڤین، پۆلیسێکی ناتوندوتیژی

مارگریت ب. فیلیپس

چارلز ئێلڤین، زنجییەکی ئەمەریکاییە ئێستا لە سەنتەری مارتن لۆتەر کینگ لە ئەتلانتا و لە دەزگەی مارتن لۆتەر کینگ لە ئەڵبانی کار دەکا، وانەی ناتوندوتیژی دەڵێتەوە، تایبەتمەندیی: ئەفسەرێک بووە لە پۆلیسی سان لویس لە میسۆری.

لەڕاستیدا ئەو دەنگدانەوەیەی مارتن لۆتەر کینگ جێی هێشتووە هێشتا زیندووە. لەوانەیە ڕووکاری چارلز ئێلڤین لەم چوارچێوەیەدا واتەی هەبێ. لە کاتی ئەرک بەجێهێنانی وەک پۆلیسێک ئێلڤین ڕووبەڕووی توندوتیژی و سەرکوتکردن دەبووەوە بەڵام دواتر دەوری ناتوندوتیژیی لە پاراستنی ڕێژیمدا دۆزییەوە، کە ئاشنایەتیی لەگەڵ پەیامی مارتن لۆتەر کینگ ڕەوتی ژیانی گۆڕی.

دوای ئەوەی پۆلیس لە ڕۆدنی کینگ و لۆس ئەنجیلس پەنایان بردە بەر بەدۆنکی لێدانی خۆپیشاندەران بۆ بڵاوە پێکردنیان، باسکردنی ستراتیجییەتێکی ناتوندوتیژ گرتنە ئەستۆی پۆلیس، دژی لۆجیک بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی یەک لە شاهێدەکان ڕووداوەکەی لەسەر تێپێکی وێنە لەسەردا تۆمار کرد و تۆڕەکانی تەلەفزیۆن لە جیهاندا پیشانیان دا، بەڵام کاپتن "چارلز ئێلڤین" کە لەو کاتانەدا لەلایەن "پۆلیسی ڕەوشت و هۆشبەرەکان" لە سان لویس لە میسۆری بەپێچەوانەی ئەوەوە بە دڵنیا لە بیروباوەڕەکانی دیار بوو.

..............................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

"ئێلڤین" دیتی ناتوندوتیژی تاکە ڕێیە بۆ پاراستنی ئارامی و پارێزگاری لە ژیان. لێدووانەکانی ناوەناوە ئەو ترپە بەرزونزمانە بوون پەیڤکارانی زنجییەکانی پێ لە هی دیکە جودا دەکرانەوە، بێگومان قسەگەلێکی ڕاستگۆ و کاریگەر بوون.

"چارلز ئێلڤین" هەرگیز وا پیشان نادا لەوانە بێ تووشی لاوازی و شەرم بێن، درێژیی دوو مەتر و قورساییشی سەت و دە کیلۆگرامە، بە بالای بەرزیەوە لەبەردەمی ئامادەبووواندا دەوەستێ بە نیگا تیژەکانیەوە تێیان دەڕوانێ. بابەتگەلی دیاریکراو لە لێدوانەکانیدا باس دەکا و پەنا دەباتە بەر وتەکانی مارتن لۆتەر کینگ بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکەکانی، ئێلڤین چالاک و پڕ لە گەرموگوڕی بوو.

ناتوندوتیژی بەلای "ئێلڤین"ەوە بە سادەیی چارەسەری کێشەکان نەبوو، ئەو لەو بڕوایەدایە چارەسەری کێشەکان کاتێک سوودی دەبێ کە دەگاتە قۆناخی تیربوون. بەڵام ئامانجی ئێلڤین لە پاراستنی سیستمی ناتوندوتیژیدا خۆلەکاردانە بەر لەوەی چارەسەری کێشە پێویست بێ.

چارلز ئێلڤین لە سەرەتاوە بەرگریی لە ناتوندوتیژی نەدەکرد، بەڵکو لەوانە بوو کە حەزیان لە شەڕکردن بوو، دوودڵیشی لەبەرگری لە مافە خوراوەکانی گومان لێ کراوان نەبوو.

ئێلڤین لە وتارەکانیدا بە وردی باس لەو تووڕەیی و ڕقە دەکا بەمنداڵی هەیبووە، لە سان لویس–ی شاری دەمارگرژی و جودایی کردندا. نۆ ساڵان بووە هەندێک لە سپییەکان بەلێدان تێی بەربوون و پاسکیلەکەیان لێ وەرگرتووە کە لەگەڵ چەند هاوەڵێکیدا هەوڵی چوونە ژوورەوەی مەلەوانگەیەکیان داوە کە بۆ هەموان تازە کراوەتەوە! ڕۆژ بە ڕۆژ زەحمەتیی زۆرتری دەبینی لە بیرکردنەوەی ئەوەی کە زنجییەکە لە وڵاتی سپییەکاندا، هەروەها باسی ڕووداوێک دەکا کە چۆن خەڵکەکە بە دەرگەوانیان دانا کە لە پشکنگەی پزیشکێکدا لە گەڕەکێکدا بینی زۆرینەی دانیشتووانی لە سپییەکان بوون و، دەڵێ و قسەی مارتن لۆتەر کینگ بە نموونە دێنێتەوە: "ئەم ڕێژیمە دوو پێت بۆ دەشکێنێ و ئینجا سزات دەدا چونکە کەمئەندامی".

تووڕەییی لاوە ئەفرۆ–ئەمەریکاییەکانی بینی و هەوڵی بەرەو خۆشەویستی ئاڕاستەکردنی دا. کە سوور بوو لەسەر ڕاگەیاندن "مژدەبەری"ی، کە تاکە شتێک بەسەر کینەدا سەردەکەوێ خۆشەویستییە.

دوای بە دواداچوونی بەرنامەیەکی ڕاهێنان لە "سەنتەری مارتن لۆتەر کینگ "دا، بڕیاری دا وەک پۆلیسێک دەستبەرداری کارەکەی بێ و خۆی لە دوو ئاستی دادگەیی و ئاسایشدا بۆ بەکارهێنانی ناتوندوتیژی تەرخان کرد، بەتایبەتی ئەوەی پێوەندیی بە جێبەجێ کردنی قانوونەکانەوە هەیە.

ئەمڕۆ لە ڕێی سەنتەری م. ل. کینگ–ەوە لە ئەتلانتا وانەی شیاندنی پیشەییی پۆلیسان لە ژمارەیەکی شاراندا دەدا، ئەوەش لە چوارچێوەی بەرنامەیەکدا سەت و پێنج سەعات دەخایەنێ. ئەوانەی ڕاشدەهێنرێن دەتوانن بە خۆیان هەموو تاکەکانی یەکەکەیان فێر بکەن. ویلایەتی نیویۆرک بەرنامەکەی لە ئەستۆ گرت و بە تەوزیمیی دانا، ئێلڤینیش بەخۆی ڕاهێنانی ئەفسەرانی پۆلیس و پاسەوانانی بەندیخانەکانی لەوێ بە دەستەوە گرت.

دەوڵەتێلی دیکەش دەستیان بە بایەخدان بە چەمکەکانی و بنەماکانی کرد و لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٠دا لەگەڵ شاندێک لە"..." ڕووی کردە یەکەتیی سۆڤیەت و لە لینینگراد و مۆسکۆ و لیتوانیا کۆمەڵانێکی لە زانکۆییان و خوێندکاران و سەپاییەکان و پۆلیسان بینی.

پەیمانگەی سۆڤیاتی بۆ فەلسەفە ساڵی ١٩٩١ بانگهێشتێکی ئاڕاستە کرد بۆ سەرپەرشتی کردنی وۆرکشۆپێک. "بایەخدانی ڕووسەکان بە ناتوندوتیژی لە چوارچێوەی گەڕان بە دوای هۆیەکدا بۆ دەست بەسەر کۆمەڵە خەڵکێکدا گرتندا دەسووڕێتەوە، ئەو توندوتیژییەی ساڵی ١٩٨٩ تبلیسی بە خۆیەوەی بینیی کاری لێ کردبوون کە پۆلیس ئاگری لەسەر کۆمەڵە خۆپیشاندەری ئاشتیخوازاندا کردەوە و ژمارەیەک لە منداڵ و پێگەییوان کوژران". لیلیان باکستر–ی سەر بە سەنتەری م. ل. کینگ ئەم بۆچوونەی دەربڕی، کە لەو بڕوایەدایە خەڵکی ئاسایی و پۆلیسەکان وەک یەک، شارەزاییان لە بارەی خۆپیشاندانی جەماوەرییەوە نییە و هەستیان بە پێویستیی ڕاهێنان کرد بۆ ئەوەی لە داهاتوودا خۆیان لە کارەساتی لەو جۆرە لابدەن.

لەگەڵ بوونی هەڵوێستێکی پێشەکیش کە گومان دەخاتە سەر سوودی ناتوندوتیژی، بەڵام دەزگەی پۆلیس و پێشەنگە سیاسییەکان دەستیان بە بڕواپێکردن کرد، ئەوەش لەبەر سوودە ئابوورییەکەی. هەندێک لە شارەکان ڕووداوی ئاژاوەگێڕییان بە خۆیانەوە بینی پۆلیسیان کردبووە ئامانج و زیانگەلێکی زۆرتێچوویان جێهێشت، بۆیە بیرکردن لە شیانی خۆ لەم جۆرە هەڵویستانە لادان لە داهاتوودا وای لە بنکەکانی پۆلیسان کرد ئامادەی تاقیکردنەوەی شێوازی ناتوندوتیژی بن. بنکەیەکی پۆلیس لە شارێکدا نییە ئەمڕۆ بیەوێ ئەو بارودۆخانە بگەڕێننەوە کە لۆس ئەنجیلس–ی تێدا ژیا.

"ئێلڤین" لە بەرنامەی ڕاهێنانەکەیدا جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکا کە کێشەکان کۆتاییان نایێ، بەڵام دۆزەکە لە زانینی پۆلیسەکاندایە بزانن چۆن پێکدادانەکان بەڕێوە دەبەن و بە شێوەیەکی ڕاست چارەسەریان دەکەن.

ڕێچکەکەی "ئێلڤین" پشت بە تیۆرییەک دەبەستێ لە چەشنی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەی کینگ لە ئەستۆی گرتبوو هەڵێنجراوە، لەگەڵ جەختکردن لەوەی کە ئەم گۆڕینە کۆمەڵایەتییە پێویستە بۆ ئەوەی هەڵسەکەوت لەگەڵ دەرهاتەکاندا نەکرێ بێ ئەوەی هۆیەکان سەرنج ڕابکێشن. ڕووکاری کینگ پارێزگارییە نەک تەنیا کاردانەوە بەرامبەر ڕووداوەکان.

چەشنی ئەو گۆڕینە کۆمەڵایەتییەی کینگ بانگهێشتی بۆ کرد دانانی "ئەوەی سەرەوە لە خوارەوە و ئەوەی خوارەوە لەسەرەوە" بەخۆوە دەگرێ، لە چوارچێوەی ئەم گێژاوە ناتوندوتیژییەدا ئەوەی سەرەوە و ئەوەی خوارەوە بەیەک دەگەن چونکە بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان لە نێودایە، بەپێی دەربڕینی "ئێلڤین". لەو بیروێنەیەی کینگ دایناوە بەرزەکە دەسەڵاتی بە دەستەوەیە نەک خاوێنی، لەکاتێکدا بنکە "جەماوەر" وزەی بەدەستەوەیە و دووریش نییە ڕوانگە ڕەوشتبەرزییەکەش، بەڵام دەسەڵات لە دەستیدا نییە و ناشتوانێ بگاتە سەرەوە. بە شێوەیەکی گشتیش، بەهۆی ئەم

کەموکوڕییە لە دەسەڵات، جەماوەر ناتوانێ بە ئاسانی گۆڕینێکی بەرچاو ئەنجام بدا، ئەوانەش کە دەست بە جڵەوی دەسەڵاتەوە دەگرن بەردەوام هەوڵ دەدەن ڕێی ئەوەی لێ بگرن. ئەمە دەگەیەنێتە ئەنجامی باڵادەستیی هەست بە کەمتەرخەمی لەلای جەماوەر، ئەوەش بەهۆی لە گۆڕێدا نەبوونی گۆڕینی بەرچاو.

دوای ڕەت بوونی ٢٧ ساڵ بەسەر بەرپابوونی توندوتیژی لە واتس–ی گەڕەکی ڕەشەکان لە لۆس ئەنجیلس و دوای ڕەتبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر ئەو ئاژاوە خوێناوییەی دیترۆیت و نیوئارک و دەیان شاری دیکە و دوای ڕەتبوونی ٢٤ ساڵ بەسەر ڕاپەڕینی تووڕەیی لە شیکاگۆ دوای کوژرانی مارتن لۆتەر کینگ، ویلایەتە یەکگرتووەکان ماوەیەکی نوێی لە توندوتیژیدا ژیا، لە ٢٩ی نیسانەوە تا ٢ی ئایاری ، ١٩٩٢ نائارامییەکان لە لۆس ئەنجیلس دەستی پێ کرد دوای بڕیاری بێتاوانیی چوار پۆلیس لە سپییەکان کە بە دۆنکی ساڵێک لەوەوبەر بەربووبوونە سەر لاوێکی ڕەش و ئەو ڕووداوانە پەنجا کوژراو و هەزاران برینداریان لێ کەوتەوە.

بۆ زانینی وردەکاری دەگەڕێینەوە بۆ سێی ئاداری ساڵی ١٩٩١. کە دەورییەیەکی پۆلیس ڕۆدنی کینگ–ی ڕەشی ٢٧ ساڵەیان ڕاگرت، بەهۆی بەزاندنەوەی تیژڕەویی دەستنیشان کراوەوە، کینگ شێوەی هەڵسوکەوتەکانی پۆلیسەکانی لە ڕووداوێکی پێشترەوە دەزانی. بۆیە ئەوەی ڕەت کردەوە لەسەر زەویدا ڕابکشێ وەک داوای لێ کرا. "ڕەقیب"ەکە فەرمانی دا دوو تەزووە کارەبا بۆ تەمێکردنی لاوە کەللەڕەقەکە لێ بدەن. بەڵام دوای ئەوەی ئەو هەڵسوکەوتە سەری نەگرت، سێ پۆلیس ٥٦ دۆنکییان لە ٨١ خولەکدا لێ دا. وەک لە ڕاپۆرتی پزیشکیدا هاتبوو لاوەکە تووشی حەوت شکان و چەندان سووتان و ڕووشانی جودا جودا هاتبوو، پۆلیسیش وەک ئاسایی بێ بەلایانەوە، ئەوەی ڕووی دابوو هیچ پێویستی بە نیگەرانی نەبوو: کە ڕێژیم لەم بارەیەوە چەسپاو و یەکانگیرە. بەڵام لەم ڕۆژەدا ٣ی ئاداری ١٩٩١ کەسێک بەچاوی خۆی ڕووداوەکەی بینی بوو و بە ڕێکەوت وێنەی ڕووداوەکەی گرتبوو. شایەتەکە کانزاداڕێژێک بوو لە (هۆڵی ود)، کامێرایەکی ڤیدیۆی تازە کڕیوە و تاقیی کردووەتەوە، فیلمەکەی لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆندا پیشان داوە و خەڵکەکە دڕندەییی پۆلیسی لۆس ئەنجیلسی بە سەرکردایەتیی داریل گێتس دەبینێ کە بە شێوە سەرکوتکارانەکەیەوە زانراوە. بارەکانی توندوتیژییە بەبێ هۆیەکان گەلێک جار دووبارە دەبوونەوەلەم شارەدا. ساڵی ١٩٩٠ ئەنجوومەنی شارەوانی ناچار بوو بڕێکی ڕێژەیی ببژێرێ گەیشتە دە ملیۆن و سێ سەت هەزار دۆلار وەک بۆ بژاردنەوەی قوربانییانی توندوتیژیی پۆلیس. داریل گەیتس لە ١٩٧٨ەوە لە لۆس ئەنجیلس دەست بەسەر بنکەی پۆلیسدا دەگرێ و بە ڕێگەی ٨٤٠٠ کەس لە دڵسۆزانی توانیی چەند گەڕەکێک بکاتە ناوچەی گەمارۆودراو. لۆس ئەنجیلس پلەی دووەمی دوای دیترۆیت–ی لە بەرزیی ڕێژەی توندوتیژیی پۆلیسی تێدایە. هەموو ساڵێکیش سەتان سکاڵا لەم چوارچێوەیەدا دەدرا.

دۆزی ڕۆدنی کینگ هەستی ڕای گشتیی وورووژاند لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا و دوو مانگ دوای

تۆمـار کـردنی داواکـاری بۆ بـەردەمی دەسـەڵاتی دادوەری، ٥٤ کـەس شـایەتیـان دا، لیـژنەی سوێنددان کە لە دوانزە ئەندام پێک هاتبوو هەموویان لە سپییەکان بوون، بڕیار (حوکم)ی خۆی لە سەعات سێی پاش نیوەڕۆی ٢٩ی نیسانی ١٩٩٢دا دەرکرد بەوەی کە ئەو چوار پۆلیسە تاوانبار نین... حوکمەکە هەرایەکی گەورەی نایەوە و بڕیار درا لە دۆزەکە بکۆڵرێتەوە.

بەڵام ڕۆژی ٢٩ی نیسان لە سەعات نۆی ئێوارەدا لۆس ئەنجیلس دەسووتا.

**

دووربینیی کینگ لە وێنەکێشانی ئەو چوارچێوە کردەنییانە بوو ئەوانەی ژێرەوە نەکەونە سەر ڕێی داخراوی گوێنەدان. لە وانەیە سیاسەتی ناتوندوتیژی ئاسۆیەک بۆ لەیەکگەیشتن بکاتەوە کە گردبوونەوە "تێ زان" لە خوارەوە بوارێک دەڕەخسێنێ بەرز و نزمی تێدا کۆ دەبنەوە و بەیەک دەگەن و هۆیەک بۆ وتووێژ دەبیننەوە بۆ هێنانەدیی گۆڕانێک، لێرەدا بۆ نموونە باس لەو هەڵمەتە دەکەین کە کینگ لە سەلما سەرکردایەتیی کرد، کە خۆپیشاندەران لە پێناوی مافە مەدەنییەکاندا بە ئەنقەست بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ ڕێگەکانیان بڕی بۆ پێکهێنانی فشارێک بۆ سەر حکوومەت. لە پێناوی سەرلەنوێ کردنەوەی ڕێگەکان بەرپرسەکان لە سەرەوە ناچاری وتووێژکردن بوون.

ناتوندوتیژی، هەروەک "کاپتن ئێلڤین" بەوانە دەیڵێتەوە، تاک بەخۆی بەمەبەست دەکا و بە تایبەتی توانستی خۆیی بۆ خۆڕاگرتن. بەلای ئەوەوە بۆ نموونە ئەو ناتوانێ بەردەوام کینەی لە سپییەکان ببێتەوە. ناتوندوتیژی یارمەتیی ئەوەی دا لایەنە باشەکانی لەلای ئەوانی دیکە ببینێ. کینگ دەڵێ: "کینە تەنیا ئەو کەسە تێکوپێک ناشکێنی کە ڕقت لێی دەبێتەوە و بەس، بەڵکو تۆش تێکوپێک دەدا". ناتوندوتیژی جەخت لەسەر پێویستیی یەکدی دواندن دەکا لە پێناوی چەسپاندنی لێککگەیشتنی بەرامبەر یەک، ڕەگەزپەرستییش بەڵگەی نەبوونی ئەو لەیەککگەیشتنەیە.

سەنتەری مارتن لۆتەر کینگ لە ئەتلانتا پێشنیازی مەشقێک دەکا پشت بە دەقەکانی کینگ ببەستێ، و ئەو کۆڕانەی دەبەسترێن تایبەتمەندێتیی ئامادەبوون بەبەرچاوەوە دەگرێ: لاوان، پۆلیس، چالاکان لە دژایەتیی ڕەگەزپەرستی... تاد.

کینگ بنەماکانی لە نووسینێکیدا بەناونیشانی: "لەسەر ڕێگەی ناتوندوتیژی Pelerinage vers la nonviolence"دا دەستنیشان کردووە لە کتێبی Marche vers la Liberte لە بڵاوکراوەکانی (Harper et Row 1958). سەنتەریش لە پێناوی گۆڕینی کۆمەڵایەتیی ناتوندوتیژدا، پێشنیازی بیرۆێنەیەک دەکا لە شەش خاڵ پێک هاتووە:

– کۆکردنەوەی زانیاری: لە پێناوی تێگەیین لە دۆزی کۆمەڵ، یان گرفتی یان ئەو ستەمەی بەرەورووی دەبێتەوە، پێویستە بەدوای هەموو زانیارییە بەسوودەکاندا بگەڕێیت و بیانخوێنییەوە.

– فێرکردن "پەروەردە": پێویستە زانیاری لەبارەی دۆزەکەوە بڵاو بکرێتەوە، چونکە ئەمە لە هەڵەکان کەم دەکاتەوە و پشتگیری و هاوسۆزیی لەگەڵدا دابین دەکا. ئامانجی ئەم قۆناخە بنیاتنانی هاوپەیمانیی کۆمەڵان، یان تاکەکانە لەگەڵ لایەکەی دیکە بۆ جەخت لەسەر بەردەوامیی

یەکدیبینی "التواصل".

– پابەندیی کەسی: گریمانەی ئەوە دەکرێ بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بوەستی و جەخت لەسەر بڕوای خۆت بە فەلسەفە و هۆیەکانی ناتوندوتیژی بکەی. خۆت لە پاڵنەرە نادیارەکان ڕزگار بکە و خۆت ئامادە بکە ئەگەر پێویست بوو لەوانەیە، لە ماوەی جموجووڵی لەپێناوی دادوەریتدا بەرەوڕووی ناخۆشی چەشتن ببی.

وتووێژ: خۆت بە نەرمی و ڕووخۆشی و زیرەکی پڕچەک بکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی لایەنەکەی کە، بە لیستە کارێکی نارەوا و نەخشەی کارێک پێشنیاز بکە لە پێناوی ئەوەی لەگەڵیدا بگەیتە چارەسەری گونجاو. مەبەست لە وتووێژی ناتوندوتیژی سەر پێ دانەواندن نییە، بەڵکو بانگهێشتی بەرامبەرە بۆ گەڕان بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک. وتووێژ بە ئەزموونێکی مەشقکاری دادەنرێ لەوانەیە یارمەتیی بەیەکگەیشتنی بیری ڕاستگۆیانە بدا.

کاری ڕاستەوخۆ: بۆیە پەنای بۆ دەبەی تا بەشێوەیەکی گوزارەیی بێنیتە ناوەوە بۆ ئەوەی لەگەڵتدا هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی ستەم بدا و کاری ڕاستەوخۆ پێویست بە کاراکردنی داهێنەرانە دەکا لە دەمەدەمی کێشەدا. پتر لە ٢٥٠ ڕەوتی جوداجودا لە کارەیلی ڕاستەوخۆ هەن، لەوانە پێوەندی بڕینەوە و کۆڕەو و مانگرتنی کرێچییان و سستی لە کاردا و هەڵمەتی سکالا واژۆکردن و یاخیبوونی مەدەنییانە.. تاد.

ئاشتەوایی: ناتوندوتیژی نابێ هەوڵی گریمانەی بەزاندنەوەی بەرامبەری تێدا هەبێ، بەڵکو هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە هاوسۆزی و لێ گەیشتن. چونکە جموجووڵ دەبێ ڕوو بەرەو بەدکارییەکان بێ "ڕیژیم، دەسەڵات، ڕەوتی سیاسی، نەخشەی کێشراو" نەک بەرەو ڕووی کەسەکان. بەم جۆرە هەردوو لا لە ڕێی یەکلایی کردنەوەیەکی لێکۆڵراوەوە دەگەنە ئەوەی ستەم لابدرێ بە پشتبەستن بە نەخشەی کارێکی هاوبەشەوە. هەر ئاشتەواییەک لە جیاتیی قۆناخێکە بە ئەنجام دەگەیەنرێ لە پێناوی گەیشتن بە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی. تەنیا تاکەکان جێی مەبەست نین، بەڵکو کۆمەڵ هەمووی دەتوانێ ئەم هەڵسوکەوتە لە ئەستۆ بگرێ. جێبەجێکردنی شێوەکانی چالاکان لە بزاوی مافە مەدەنییەکان لە چوارچێوەی کاری پۆلیس بەلای کاپتن ئێلڤین-ەوە وەک ئاسایی دەنوێنێ، کە لە جیاتیی بەتوندی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەنجامەکاندا، پشت بە لێکۆڵینەوە لە هۆگەلی گرفتەکان.

بەرلەوەی ببێتە سەرکردەی تیپی "پۆلیسی ڕەوشت و هۆشبەرەکان"، بەرپرسی ناوچەی شەشەم بووە لە باکوری شاردا، وەهای باس کردووە کە دەکەوێتە ناوەندێک هۆشبەرەکانی بەسەردا زاڵن. لە ماوەی کارەکەیدا لەوێ درکی بەوە کرد هۆشبەرەکان و تاوانەکان دیاردەی گرفتی لەوە قووڵترن، تاوانبارکردنی تاکەکانیش نامانگەیەنێتە چارەسەرێک.

دوای ئەوەی، هاووڵاتییەک لە کاتی تەقەی بەرامبەر یەک لە پرۆسەیەکی هۆشبەردا بە گوللە کوژرا "ئێلڤین" دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی شێوەگەلی دکتۆر کینگ، چەند دیمانەیەکی لە

گەڕەکدا ئەنجام دا بۆ ئەوەی خەڵکی هان بدا بیر لەو ڕەوشتە بکەنەوە کە دوای ئەو تاوانە دەبێ بیگرنەبەر، باوەڕیشی پتر بووەوە کە هۆشبەرەکان بەڵگەی بارودۆخێکی ڕەگداکوتاوترە.

وەک کینگ دەڵێ، ئەگەر توندوتیژی وەڵامێک بێ، ئەوا کۆمەڵەکە ئەوسا پێویستی بەوەیە بەدوای پاڵنەرە متەکاندا بگەڕێ. دیار بوو کە کەرتی پارکی وڵنات لە ناوچەی شەشەمدا گیرۆدەی چەندان گرفتە: بێکاری، نەچوونە قوتابخانەی منداڵان، تاوانکارییەکان و دەستگیرکردن و... زۆربەی خێزانەکان بەدەست ئەوەوە گیرۆدەن کە ئەو منداڵانەی لەسەر ئەوە ڕادێن کە باوکیان لە بەندیخانەدایە وا دەزانن خۆشیان دەتوانن هەر ئەو ڕێگەیە بگرنە بەر. لەم جۆرە بارودۆخانەدا خەڵکەکە دەگەنە ئەو ڕادەیەی کردەوەی تاوانکاری بە کارێکی ئاسایی بزانن.

بە یارمەتیی "ئێلڤین" سەرکردەکانی پارکی وڵنات دەستیان بە جێبەجێ کردنی ئەو "بەرنامەی خزمایەتی- نێزیکایەتی"یەی نەخشەکێشانی نموونەیەکی ئەرێنی لەبارەی پیاوێکەوە لە زەینی ئەو منداڵانە کرد، کە تەمەنیان لە نێوانی ١٠ و ١٤ساڵیدا بوو، بەلای زۆرییەوە، تەنیا زانینی نموونەی پیاوی زیندانی کراو نەبێ هی دییان بۆ نەڕەخسا، مەبەست ئەوە نەبوو ڕێنیشاندەران "عەررابەکان" جێی قەشەکان بگرنەوە، بەڵام تەنیا بوونی کەسێکی کە لە ژیانی منداڵاندا بایەخی هەیە.

لە چوارچێوەی ئەم بەرنامەیەدا هەموو ڕۆژێکی شەممە پێشوازی لە ٣٨ منداڵ دەکرێ، یەکدی بینین لە شوێنێکی دیاریکراودا دووبارە دەبێتەوە دەشێ کتێبخانە بێ. بەشداریش تێیدا مەرجگەلێکی هەیە. دەبێ بەرێکوپێکی هاتوچووی کەنیسە بکا، بە چاوپۆشی لە ڕێبازی ئاینی، تا- وەک ئێلڤین دەڵێ "هاوڕێیەکی بوون"یان ببێ دەتوانن لە کاتی لە وەڵامەیل گەڕانیاندا پشتی پێ ببەستن. بەرنامەکەش پەرە بە هەستی منداڵان دەدا بە ڕێکخستنی "گەشتەکانی ئازادی"، بۆ ئەوەی واتەیەک بە مێژووی ژیانیان بدا. لەم چوارچێوەیەدا سەر لە ناشڤیل و جاکسن ڤیل و ئێلما دەدەن و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە سەنتەری م. ل. کینگ بەشداری لە کۆڕێکدا دەکەن بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە "کە ئەم شوێنە جێ دەهێڵین بۆ کوێ دەچین؟"

لە سەنتەری کینگدا فێر دەبن کە هەرگیز ناتوانن بە پەنابردنە بەر توندوتیژی بەسەر ڕێژیمدا سەرکەون، بەڵکودەبێ بزانن چۆن لەگەڵیدا گفتوگۆ دەکەن.

لەو لاوە بەراییانەی ئێلڤین لە ئەتلانتا پێشوازیی لێ کردن، لاوێک بوو لە کردەوەی تەقەکردندا تووش بووبوو لە نێو تاکەکانی تاقمیک "عیسابە"دا و خرابووە بەر دەستی ئێلڤین. لاوەکە دواتر گوتی ئەو لاوانەی لە بەندیخانەدا مانەوە هەوڵیان دا هانی بدەن بۆ ئەوەی لە بنکەی پۆلیسەکەوە هەڵبێ، بەڵام ئەوەی نەکرد. کە ئێلڤین لێی پرسی "بۆچی هەڵنەهاتی؟" لاوەکە وەڵامی دایەوە "چونکە تۆ دڵنیاییت دامێ". دواتر لاوەکە توانیی لە قوتابخانەیەکی دەوروبەری شاردا درێژە بە خوێندنەکەی بدا. توانیی ئەو بنەمایانەی ناتوندوتیژییە تێ بگا کە بەرنامەی چاکسازییەکە بەخۆیەوەی گرتبوون و ئەمڕۆکە ئەوانە بە وانە دەڵێتەوە کە فێریان بووە.

ئەگەر ناتوندوتیژی هۆیەکی زانراو بێ لەلای چالاکانی لە پێناو ئاشتیدا، ئەمە بەسەر دەزگەکانی پۆلیسدا ناسەپێ. کەچی ڕووکاری ئەو دەزگەیانە ئەوەندەی نەبرد ڕووی کردە ئەوەی لە پێش هەموو شتێکەوە بایەخ بە هۆیەکان نەک بە ئەنجامەکان بدەن.

ئەم گۆڕانە لە هەست بە نارەزایی لە بە بەرچاوەوە گرتنی ئەو ئامارانەی "ستاتیک" تاوانەوە دەستی پێ کرد بۆ پێوانی کاریگەریی پۆلیس کراوە، لە بری بەدوای هۆگەلێکی دینامیتر گەڕان، بۆ نموونە وەک دەستپێشخەری بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان لە ڕێی وتووێژەوە، کە لە پاڵنەرە بنچینەییەکانی تاوان دادەنرێ. گومانیشی تێدا نییە ئەوەش هەیە کە دەتوانین بە "هاوکاتیی دیاردەکانی داریل گەیتس"، کاتێک ڕق گەرەکێک لە شاردا بەتەواوی ئیفلیج دەکا و وریایی بەرامبەر یەک بالادەست دەبێ لە نێوانی پۆلیس و خەڵکدا.

پۆلیس دەتوانن ئاسایش بپارێزن (لەڕێی دابەشکردنی شارەوە بۆ چەند یەکەیەک هەر یەکەیان دەخرێتە ژێر چاودێریی پۆلیسێکەوە هەر وەک زۆربەی دەورییەکانی پیادەکان دەیکەن) بێ ئاماژە بۆ ناتوندوتیژی و بێ درککردنی بایەخی گوێ لە کۆمەڵ گرتن بۆ دۆزینی چارەسەر بۆ گرفتەکان بەر لەوەی پەرە بستێنێ و ببێتە گرفت بۆ جێبەجێکردنی قانوون، بەڵام ئەوەی بەلامانەوە بایەخدارە لەم بوارەدا بڵێین، کە بۆچوونە هەرە زۆر بڵاوەکە ئەوەیە بە سووربوونەوە بە چەسپاندنی قانوون نەوەستێ و بۆ درک بە بێسوودیی پاراستنی ئاسایش بە شێوازێکی داپڵۆسێنی کوێرانە بکا.

کاپتن ئێڵڤین جەخت لەسەر بایەخی ئەو پشتگیرییە دەکا کە کۆمەڵەکە وەری دەگرێ بۆ ئەوەی بگاتە چارەسەری گرفتەکانی. هەروەها بڕوای بەوە هەیە کە کۆمەڵ بەخۆی دەست بە چارەسەری خۆیەوە دەگرێ دەسەڵاتەکەی دەگەڕێنێتەوە، کاتێک کۆمەڵ درک بەوە دەکا کە دەتوانێ هەندێک بارودۆخی دەستنیشانکراوی وەک هۆشبەرەکان یان هەژاری یان چەوساندنەوە بگۆڕێ و کاتێک تاکەکان ئەم بەرپرسێتییە لە ئەستۆ دەگرێ، ئەوساکە بەرگەی باری ژیانیان دەگرن و بەوەش هەر جێبەجێکارییەکی تێکدەرانە دوور دەخرێتەوە.

بەڵام بۆ ئەو لاوانەی دەخرێنە پەراوێزەوە، پێویستیان بە بەدەستهێنانی چەمکەیلی ڕەوشتانە گەورەکان لە کۆمەڵدا تێیدا ژیاون. گرفتی ئەمانە ئێڵڤین هەوڵی دا لە ناو چوارچێوەی "بەرنامەی خزمایەتی" چارەیان بکا. کە ئامادەی کردووە و ئەفسەرگەلێک لە پۆلیس و پێگەیشتوانێک لە پیشەکانی دیکە.

مارگریت ب. فیلیپس*

ئەو دەمەی دامەزرێنەرانی کۆمارەکەمان بە دەستەواژەی شایستە دەستووری بەیانی سەربەخۆییان تۆمار کرد، واژۆیان لەسەر کەلەپوورێک دەکرد هی هەموو ئەمەریکاییەکانە. ئەمە ئەو پەیمانەیە بە زامنکردنی مافەکان بۆ هەموو خەڵک، ڕەش و سپییەکان وەک یەک، مافگەلێک نابێ دەستکاری بکرێ، ئەویش مافی ژیان

و ئازادی و گەڕانە بە دوای کامەرانیدا. (مارتن لۆتەر کینگ، واشنتن، ٢٨ی ئابی ١٩٦٣، لەبەردەمی پتر لە ٢٥٠٬٠٠٠ کەس).

*

چواردەی شوباتی ١٩٥٦

لە چواردەی شوباتی ١٩٥٦دا، بۆ یەکەم جار لە مۆنتیگەمری، ئەلاباما، چاوم بە مارتن لۆتەر کینگ کەوت و دوو سەعات لەگەڵیدا بووم. بەر لەوە بە ماوەیەکی کورت، ڕۆزا پارکس لە مۆنتیگەمری نارەزاییی خۆی بەرامبەر جیاوازیکردن لە ئۆتۆبیسدا ڕاگەیاندبوو، دوای دەستگیرکردنی بە پێبژاردنی سزایەکی بە دراو حوکم درا. دابڕان و بەکارنەهێنانی ئۆتۆبیس مانگێک بوو بەردەوام بوو...

گلین سمایلی

ساڵی ١٩١٠ لەدایک بووە، قەشەیەک بووە لە کەنیسەی میتۆدی-دا، هەروەها لە ساڵی ١٩٤٢وە تا ساڵی ١٩٦٧، ئەندامێکی تەرخان بووە لە لقی ئەمەریکاییی "بزاوی جیهانی لە پێناوی ئاشتەواییدا MIR Mouvement international de reconciliation، شانزە ساڵی لە بەندیخانەدا بەسەر بردووە، هەروەها چوونە سەربازیی تەوزیمیی ڕەت کردووەتەوە. لە مۆنتیگەمری بەشداریی دابڕان لە ئۆتۆبیسەکان-دا کردووە تا بەدەستهێنانی سەرکەوتن. لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٦دا لە ئۆتۆبیسدا بەتەک کینگدا دانیشت کە لە پێشەنگەکانی ئەو سواربووانەدا بوون کە سوودیان لە نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەز لە ئۆتۆبیسەکاندا بینی.

دوای ساڵی ١٩٦٧ چالاکیی خۆی گواستەوە ئەمەریکای باشوور و فیلیپپین بۆ ئەوەی خولی ئامادەکردن لەبارەی هۆیەکانی ناتوندوتیژییەوە ڕێک بخات لە خزمەتکردنی دادوەریی کۆمەڵایەتیدا. دوای ئەوە بەهۆگەلێکی تەندروستییەوە لەکار وەستا. کە چاک بووەوە بنکەی مارتن لۆتەر کینگ-ی لە لۆس ئەنجیلس لە کالیفۆرنیا دامەزراند و بەڕێوەبردنی ئەم بنکەیەی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٩١ گلین سمایلی ئەو پاداشتی مارتن لۆتەر کینگەی بەدەست هێنا کە لەلایەن MIRی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بەو کەسانە دەبەخشرا لە بواری ئەو ڕەوتەدا تێ دەکۆشان کینگ دایمەزراندبوو.

*

بەر لەو چاوپێکەوتنە بەچەند ڕۆژێک، ئێوارەی ٣٠ی کانوونی دووەم ماڵی کینگ لە ئەنجامی

تەقینەوەی بۆمبێک لەرزی، قەشە ناچار بوو کە ڕۆڵەیەکی بیست و شەش ساڵە بوو، بڵاوە بەو کۆمەڵە تووڕەیە بکا کە لەدەوروبەریدا کۆ بووبوونەوە، دوور نییە بەوە بەشداریی لە ڕزگارکردنی ژیانی کۆمەڵێک لە فەرمانبەران کردبێ کە بۆ ئەوێ بانگ کرابوون. دواتر هۆیەکانی ڕاگەیاندنی نیشتیمانی دوای ڕووداوەکە ناسیارییان لەگەڵ ئەو سەرکردە لاو و ئازایەدا پەیدا کرد کە لەماوەیەکی کورتی سەرنجڕاکێشدا ناوبانگی بڵاو بووەوە.

ڕاستەوخۆ درکم بەوە کرد کارەکە پێوەندیی بەو ئازایەتییە سەرەڕۆیەوە نییە کە بێ ئەوەی بیر لە ئەنجامەکان بکاتەوە بەرەنگاری مەترسییەکان دەبێتەوە. بۆیە یەک لەو یەکەمین پرسیارانەی ئاراستەیم کردن ئەوە بوو: "د. کینگ، تۆ دڵنیا نەبووی لەوەی دەیانەوێ بتکوژن؟" بە سادەیی وەڵامی دامەوە: "پێشتر وەڵامی کۆریتا ولّی!!-مان لەبارەی ئەم پرسیارەوە داوەتەوە بەدرێژاییی شەوانێکی درێژی تاریک کە تامی نووستنمان تێیاندا نەچەشتووە".

سەرەڕای ئەوەی پێشەوای بزاوی مافە مەدەنییەکان پێمی گوت: "من لە مرۆڤان یان لە شەیتان ناترسم" (ڕووداوەکانی دواتریش جەخت لەسەر ئەو باوەڕە دەکەن)، بەڵام من لەو بڕوایەدام کینگ بەلای زۆرییەوە هەستی بە ترس کردووە. دەیزانی هۆگەلێکی زۆری هەیە وای لێ بکا بترسێ. بەڵام من هەرگیز نەمدیوە- تەنیا بە هۆی ترسەوە- واز لە کارێک بهێنێ بڕوای بەوە هێنابێ کە ڕاستە.

لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٥دا و یەکسەر دوای دەستگیرکردنی ڕۆزا پارکس "گرێدراو- ڕابیتە-ی پێشکەوتنی مۆنتیگەمری" پێک هێنرا و مارتن لۆتەر کینگ بە سەرۆک هەڵبژێررا، کە مارتن ئەوساکە قەشەی کەنیسەی مەعمەدانی بوو لە دیکستر ئەڤنیو-دا. کینگ بیری لەم پۆستە نەدەکردەوە و لە پەسندکردنیشیدا دوودڵ دیار بوو.

ئـ. د. نیکسن، نوێنەری گەرموگوڕ و بە ئەزموونی سەندیکای کۆڵهەڵگرانی کابینەکانی نووستن لەناو قیتارەکاندا، ڕووداوەکەی گێڕایەوە و گوتی: کە لەگەڵ پێشەوا ڕەشەکانی دیکەدا درکیان بەوە کرد کە هەڵبژاردنی سەرۆکی گرێدراو بایەخێکی زۆری لە بڕیاری چارەنووسی بزاوەکەدا هەیە و دەستنیشانکردنی پیاوێکی ئاینی بۆی ڕەنگدانەوەیەکی بەسوودی بەسەر کاری هەستەوەر و مەترسیدارەوە هەیە کە چاوەڕوانیەتی، هەمووان دەستیان بە خوێندنەوەی ڕێتێچوونەکان کرد و ناوی قەشەکانیان لە کەنیسە ناوەخۆیییەکانی زنجییاندا بەبەرچاوەوە گرت. نیکسن هەروەها درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ ئەوان پیرەمێردانیان بە کۆیلە کرد چونکە ماوەیەکی درێژ بەسەر لە مۆنتیگەمری بوونیاندا تێپەڕیوە، دووریش نییە پێوەندییان لەگەڵ ڕیژیمی دەسەڵاتی سپییاندا وای لێیان کردبێ پتر لە پێویست وریا بن. هەروەها کەسانی دیکەیان بە کۆیلە کردووە پارێزگارییان لێ دەکەن لە پۆستەکانیاندا چونکە ناتوانن "زنجییان گوێڕایەڵ" بکەن. نیکسن پێشنیازی کرد قەشەیەک هەڵبژێررێ لەوانەی بەناوبانگ نین و لەوانەی گەندەڵ نەکراون و لاویش بێ. لە دوا یەکدیبینیندا بۆ دامەزراندنی "گرێدراوی پێشکەوتنی مۆنتیگەمری"، نیکسن لەبارەی هەڵبژاردنی سەرۆکەوە ڕای خۆی دەربڕی و گوتی: "بێگومان وا باشترە ئەرکەکە بدرێتە مژدەبەر

"موبەششیر"ێک بۆ سەرۆکایەتیی بزاو، بەڵام هیچ یەکێک لە قەشەکان لە مۆنتیگەمری بەداخەوە ئەو ئازایەتییەی تێدا نییە". دوای ئەم لێدوانە کوتوپڕە ئەو قەشانەی ئامادەبوون چرپەچرپی زۆر کورتیان ئاڵوگۆڕکرد و بێدەنگییەک هاتە کایەوە، هێندەی نەبرد کینگ بە نارەزاییەکی هێدی بێدەنگییەکەی شکاند: "لەو بڕوایەدا نیم ئەو ڕەخنەیەی ئاراستەی قەشەکان کرا بنەمایەکی کردەنیی هەیە. حەز دەکەم ئاوات بخوازم لە جیاتیی ئەو من ئەوەندە ئازایەتیم هەبووایە وەک ئەوانی دیکە". نیکسون هاتە قسە و گوتی: "دەبێ کینگ-ی برا بە سەرۆکی گرێدراو هەڵبژێررێ". هەمووان پێشنیازەکەیان پەسند کرد و ئیدی کینگ لە توانستیدا نەبوو دوای ئەو قسانەی کردی پۆستەکە ڕەت بکاتەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕووداوانەی بەدوای یەکدا هاتن کەس گومانی لەوە نەبوو کە کینگ توانستە پێویستەکانی تێدایە، بەڵام نیگەرانیی قووڵ کە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا بوو، ئەو وێنەی تۆقێنەرەی ئەو بەهایە ڕەنگ دەداتەوە کە دواتر دەیدا.

ڕۆبەرت کانوون، کە لە کاتی خۆیدا ئەمینداری ڕازی "بزاوی ناودەوڵەتیی ئاشتەوایی" بوو، پاش ماوەیەک ڕووداوێکی گێڕایەوە کە لە مۆنتیگەمریدا دیبووی. کینگ بانگهێشتێکی بۆ هاتبوو بۆ پێشکێشکردنی سیمینارێک لە زانکۆی فیسک لە ناشڤیل، ڕووی کردە ئیستگەی قیتار بۆ کڕینی بلیت. نەیدەزانی هۆڵێکی بچووکی چاوەڕوانی هەیە تایبەتە بە "ڕەنگدارەکان"، یەکسەر لە ناو هۆڵە گەورەکەوە ڕووی کردە پەنجەرەی سەرەکیی بلیت. دەمەو ئێوارە کە گەڕایەوە سواری قیتار بێ پۆلیسێکی بینی لای دەرگەی هۆڵی چاوەڕوانیی تایبەت بە "سپییەکان"دا چاوەڕێی دەکرد. پۆلیسەکە گوتی: "کینگ، ڕوو بکەرە ئەو دەرگەیەی تایبەتە بە زنجییەکان". کینگ بە هێمنی وەڵامی دایەوە: "دیارە تۆ ناوم دەزانی! بلیتێکم پێیە بۆ ناشڤیل دەچم قسە بۆ قوتابییانی زانکۆی فیسک دەکەم. قیتار پاش کەمێک دەردەچێ و نامەوێ ئەم قوتابییانە نائومێد بکەم. هیوادارم ڕێم بدەی ڕەت بم". پۆلیسەکە بە هەندێک تێبینیی ناپەسند توانجی تێ گرت، کینگ سەیری کاتژمێرەکەی کرد و بە نەرمونیانییەک کە لە تووڕەیی دوور نەبوو پیاوەی بیر خستەوە کە قیتاری لەدەست دەچێ و مافی خۆیەتی بەپێی دەستوور و ئاینی دیان سوود لە ئاسانکارییەکان وەربگرێ کە هێڵی ئاسنین پێشکێشی دەکا. پۆلیسەکە شڵەژا و دواتر گوتی: "باشە کینگ، ڕێت دەدەمێ ئێستاکە ڕەت بی، بەڵام ئەگەر وێرات دووبارە بەم دەرگەیەدا ڕەت بی، بەخۆم- نەک وەک پۆلیس بەڵکو وەک مرۆ- دەتکوژم". کینگ جانتاکەی هەڵگرت و گوتی: "گەورەم، جێی داخە تۆ کارەکە بەم شێوەیە وەردەگری، منیش ڕقم لێت نابێتەوە بەڵام هەر جارە و بە قیتار لە مۆنتیگەمرییەوە دەردەچم خۆم بە ناچار دەبینم لەم دەرگەیەوە بچمە ژوورەوە و ڕوو بکەمە ئەم هۆڵی چاوەڕوانییە". کینگ پێی ڕاگەیاندم لە ڕاگوزارییەکانی لەمە بەدواوەیدا دووبارە ئەو پیاوەی نەدیتووەتەوە.

لەگەڵ بەناوبانگ بوونی کینگدا سپییەکان و ڕەشەکان ویستیان ئەو شەپۆلەی نوێنەرایەتیی دەکات و ڕادەی کاریگەریی بناسن. لە دیترویت جارێکیان گوێم لە کینگ بوو لە وتارێکیدا دەیگوت: "لە نێو هەموو ئەو ڕێکخراوانەی بۆ یارمەتیدانمان هاتبوونە مۆنتیگەمری، " بزاوی ناودەوڵەتی بۆ

ئاشتەوایی" تاکە ڕێکخراوێک بوو سوودی پێ گەیاندین و بەرنامەیەکی ئامادەی بۆ نەهێنابووین کە دەبوو پابەندی بین". ڕۆژێکیان مامۆستایەکی نیازخاوێنی زانکۆیەکی گەورە لە ویلایەتی نیوئینگلاند پێی گوتم: "ڕووم کردە مۆنتیگەمری و کینگم بۆ نیو سەعاتێک بینی، پێم گوت چۆن دەبێ هەڵسوکەوت لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکا تا کاروبار بەپێی پێویست بەڕێوە بچن". دیارە کینگ زەردەیەکی کرد و لە جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەدا کە پێشتر ئامادەی کردبوو بەردەوام بوو.

هەندێک چالاکی بەتەمەن گچکەتری ناو بزاوەکە نەخشەی کارێکیان دانا، بێگومان بەرەو بەندیخانەی دەبردن و لە دواساتدا سوور بوون لەسەر پێویستیی بەشداریکردنی کینگ بۆ ئەوەی بایەخ پێدانی هۆیەکانی ڕاگەیاندن پتر بێ دوای بەندبوونی. ئەم لاوە خۆبەخشانە کە کینگ و بزاوەکە زۆر پشتیان پێ بەستوون، بۆ کینگ بوونە مایەی نیگەرانییەکی زۆر. لە لێدوانەکانیاندا گەلێک جار ئاماژەیان بۆی دەکرد کە پارێزگارە و بەئاگا و ترسنۆکە چونکە ئەوەی ڕەت کردووە ڕێیان بداتێ "بەکاری بهێنن". جارێکیان دوای لەگەڵیاندا کۆبوونەوە، گەلێکی کار لێ کردبوو گوتی: "تا ئەمڕۆ نێزیکەی سی جار بەند کراوم، دەزانم ناچارم ئەم بەهایە بدەم، بەڵام لە دەست بە ژیانمەوە گرتندا دەبێ کار بۆ پاراستنی مافی خۆم بکەم. دەمەوێ ئازاد بم لە هەڵبژاردنی ئەو کاتانەی تیایاندا لەپشت شیشەکانی بەندیخانەدا دەبم". جارێک لە جارانیش توێژینەوە تیۆرییەکەی نووسی: "نامەیەک لە بەندیخانەی بێرمەنگهامەوە".

ئازایی کینگ لە سووربوونی لەسەر بنیاتنانی کارەکانی لەسەر باوەڕگەلە ئاینی و فەلسەفیی چەسپاوەوە هاتووە. چەند جارێک هەلی زۆر چاکم بۆ ڕەخساوە، چ لە هۆڵەکانی چاوەڕوانیی فرۆکەخانەکاندا بێ یان لە کاتی ڕاگوزاریدا، بۆ ئەوەی گوێ لە قسەکانی بگرم لەبارەی ناتوندوتیژییەوە. ڕۆژێکیان لەوپەڕی نیگەرانیدا بوو کە دەستی گرتم و گوتی: "گلێن، دەزانم ستراتیجییەت و باوەڕ دەشێ دوو ڕێگەی جیاوازیان ببێ، بەڵام ئەوەی زۆر مەبەستم بێ جێبەجێکردنی ناتوندوتیژییە بەپێی بڕوای خۆم". ئەم ململانێ ناوەکییە تا کۆتایی لەگەڵیدا بوو، لەکاتێکیشدا کینگ لەلایەنی تاکتیکەوە دەبێتە یەکێک لە گاندیویست-ە هەرە بە توانستەکان لە سەدەی بیستەمدا، بەشێوەیەکی بنەڕەتی و سەرەکی وەک موژدەبەرێکی خرستیان مایەوە.

بەلای منەوە کۆتایی وێنەیەکی سەرەتاکە بوو. بەشداریم لە کۆڕێکدا دەکرد لەبارەی ناتوندوتیژییەوە لە واشنتن بۆ ئامادەکاری بۆ "هەڵمەتی هەژاران"، کە وێنەگرێکی تۆڕی NBC نێزیک بووەوە دیمانەکەمانی ڕوومال دەکرد و پێمانی گوت: "پێم ناخۆشە ئەم هەواڵەتان پێ ڕابگەیەنم، کینگ لە مەمفیس-دا مرد".

لە کاتی ئەو بێدەنگییەی ئازاردا کە هۆڵەکەی داگرت ڕۆژی چواردەی شوباتی ١٩٥٦م هاتەوە یاد، کە ئەو لاوەی کە پێشتر ڕووبەڕووی مردن بووەوە لە گۆشەیەکی شوومی دڵیدا بەڵام بەسەریدا زاڵ بوو.

*

مارتن لۆتەر کینگ، هونەرمەندی پێوەندی کردن

لە ئادارەوە تا کانوونی یەکەمی ١٩٥٦ دەشێ بڵێم زۆربەی کاتم لەگەڵ کینگ بەسەر برد، ئای کە پیاوێکی سەرسوڕمێنە! سەرەڕای کەمیی تەمەنی (بیست و شەش ساڵی تەمەن بوو) و باڵای هەندێک کورت و ئامادەیی سەرنجڕاکێش بوو. لە هەمان کاتیشدا دەنگی بڵند و نەرم بوو و دەتوانێ گوێگرانی بلەرێنێتەوە هەر وەک بایەک کە کەروێشکە بەکێڵگەی گەنم دەکا. بەلایەنی زۆریەوە ئەمەریکا لە ماوەی سەدەی بیستەمدا وتارخوێنێکی بەم توانستەی بە خۆوە نەدیوە.

دوکتۆر کینگ چەندان بڕوانامەی بەدەست هێناوە کە بواریان بۆ ڕەخساندووە لە زانکۆی بەناوبانگی بۆستن-دا درێژە بە خوێندنەکەی بدا، بەلای کەمییەوە ٦٥ نازناوی شانازیی لە زانکۆ هەرە بەناوبانگەکانی جیهانەوە پێ دراوە و هەروەها پاداشتی نۆبلیشی وەرگرت. کتێبە دانراوە جوداجوداکانی لە لایە جیاجیاکانی جیهاندا پێشوازییان لێ کراوە و بۆ چەندان زمان وەرگێڕاونەتەوە.

بەچاکی زانینی مـوژدەبەری و خـوێندنەوە لە چەندانێکی کـەنیـسـە ئەمەریکاییەکاندا کارێکی ئێجگار بەبایەخە. پەنددادانەکانی کینگ ئاستێکی بەرزیان هەبوو. ئەم قەشەلاوە بە زمانپاراوی دەدوا چ دەقەکەی ئامادە کردبێ یان بە تۆمارکردنی تێبینیەکێک یان تەنانەت بە لێدوانی ڕاستەوخۆ، کە تایبەتمەندییەکە کەم کەس لە تواناکان نەبێ نایدرێتێ. کە لەناو جەماوەردا دەدوا و بەزۆریش ئەوەی لێ داوا دەکرا هەندێک شتی دەخستە سەر دەقە بنچینەییەکە. کە پێویستیشی دەبوو بەدواداچوونێکی بەبایەخی ئاینی یان سیاسیی دەبوو، وتارەکەی زۆر بە وردی ئامادە دەکرد ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ داوای یارمەتی لە هاوڕێ و ڕاوێژکارانی بکا. کە بە هۆی کەمیی کاتەوە ناچاری ڕاستەوخۆ قسەکردن دەبوو، توانا کەمتر نەبوو. لە هەردوو بارەکەدا لەسەر خاڵە دیارەکاندا دەوەستا و بەشێوەیەکی بەرەبەرە کەشێکی شاعیرانە و دەمارگرژانەی دەخوڵقاند و گوێگری سەرسام و دەمارگرژ دەکرد. یایەیەک لە نیویۆرکەوە -بۆ یەکەم جار گوێی لە وتارەکانی بووە لە برۆکلن- بەدڵسۆزییەوە گوتی: "من شادمانم داوام لێ نەکراوە بەپێیان بگەڕێمەوە یۆنکەرز، چونکە من ئەو ماوە درێژەم لەسەر پێیانمدا دەبڕی!".

بەلام سەرباری ڕەوانبێژیی جەماوەری بەشێوەیەکی تایبەتی بە ڕاستگۆییە هەلایساوەکەیەوە دەجووڵاند، دەمانزانی وشەکانی بەخوێنی ڕەنگکراون، زۆرم خۆشویست و هەلێکی زۆر چاکم بۆ ڕەخسا لەماوەی ئەو ساڵانەدا یاوەریم کرد.

گلین سمایلی، ١١ی تەمووزی ١٩٩١

# واشنتن ١٩٦٣

جۆن بایز

ناوی جۆن بایزی گۆرانیبێژی ئەمەریکایی بە ڕووداوەکانی شەستەکانەوە پێوەستە، ود ستۆک و بزاوی بەرگریی جەنگ لە ڤێتنام و چالاکییە دژەکارییە دیارەکان.. کە لە هەمان کاتدا تێکۆشەرێکە لە پێناوی مافەکانی مرۆ. ساڵی ١٩٦٣ لە تەک مارتن لۆتەر کینگەوە وەستا.

ساڵی ١٩٦٣ لە واشنتن بووم کە کینگ وتارە بەناوبانگەکەی "خەونم هەیە"ی پێشکێش کرد. ئەو بۆنەیە لە بۆنە جیاوازەکان بوو کە زۆرمان لەبارەوە بیستووە. دەمەوێ بەسادەیی بڵێم پەسندکردنی گۆرانی گوتنم لەو ڕۆژەدا بەلای منەوە لەو کارە کەمانە دەمێنێتەوە کە شانازییان پێوە دەکەم. لەژێر تیشکی سووتێنەری خۆردا ٣٥٠.٠٠٠ کەس لە ڕەگەزە جیاجیاکانەوە گرد بووبوونەوە. تا لەگەڵمدا دووبارە بکەنەوە "سەردەکەوین"، منیش لە تەنیشت دوکتۆر کینگی ئازیزمەوە بووم، کە دەقی ئەو وتارەی ئامادەی کردبوو وەلا نا و لێگەڕا سرووشی خودایی پێی بڵێ، کە، چی بڵێ.. لەگەڵیدا لەناو هەست بە ئازادی کردندا ژیام و گوێم لە زەنگەکانی بوو لە دەوروبەرمدا لێ دەدران...

جاری یەکەم کە بۆم ڕەخسا لەگەڵ کینگ بدوێم ساڵی ١٩٦٥ بوو لە کارولاینای باشوور. ئێندی یۆنگ منی لەگەڵ خۆی برد بۆ بینینی کینگ لە ژوورەکەی لە دوای کۆبوونەوەیەکی "کۆنگرەی سەرکردە کریستیانەکان لە باشوور SCLC". لەتەک دەرگەوە وەستاین و هەستم بە دەمارگرژییەک لە گەدەمدا کرد کە دەنگی کینگ لە ژوورەوە بەرز بووەوە پڕ بە هەڵچوون و تووڕەیی بوو. ئێندی هەندێک خۆی ڕاگرت و ئینجا لە دەرگەی دا و پێکەوە چووینە ژوورەوە. کینگم بینی پەرداخێکی بەدەستەوە بوو و فرمێسکی لە چاودا بوو. دەستی بە ڕاڤەکردنی ئەوەی بۆ کردین کە چیی دی ناتوانێ بەرگەی ئەم فشارە بگرێ و دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ مەمفیس بۆ مۆژدەبەری لە کەنیسە گچکەکەیدا و ماندوو بووە لەوەی سەرکردەیە. دڵۆپە فرمێسکێک بەسەر گۆنایدا هاتە خوارەوە، دەستەسڕەکەی بەرزکردەوە بیسڕێتەوە. ژنێک کە یاریدەدەری بوو لە حەمامدا وەستا بوو دەگریا. ڕووم تێ کرد بە باسکەکانم بیپێچمەوە بێ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە ئارەزووی لێیە ڕووداوەکەم بۆم ڕوون بکاتەوە یان نا، بە سادەیی دەمویست یارمەتیی بدەم.

بێگومان تووشی شۆک بووم کە سەرکردەی گەورەم بەو سەرخۆشی بینی، نەفرەتی دەکرد و دەگریا و قسەگەلێکی دەکرد هیچ واتەیەکی نەبوو. هەروەها تووشی شۆک هاتم کە لە چەنەبازییە بەدنیازەکان دڵنیا بووم کە لە ئوتێلدا گوێم لێیان بوو لەبارەی سەرەڕۆییەکانی لەگەڵ "کچە دۆستەکانی". بەڵام بە بینینی لایەنە لاوازەکانی وەک مرۆیەک ئاسوودەتر بووم لەوەی تووشی شۆک هاتبووم. دەزانم لەسەر ئەوە ڕەخنەی لێ گیرا بوو، بەڵام من وای بۆ دەچم ناشێ لەلایەنە مرۆییانەکەیدا چاوەڕوانی پتر لەوەی لە توانستیدا بێ پێشکێشی بکا یان لەوەی پێشکێشی

دەکردن. دوور نییە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دۆخێکی وەک ئەودا بژیم، پێشەکی ئارەزووشم لە تێگەیشتن و لێ بووردنەوە بوو.

ڕۆژی دواتر کینگ زەردەخەنەیەکی بۆم کرد کە یەکدیمان بینییەوە بەڵام بەهەندێک تێکچوونەوە.

– گوتی: "باشە، تۆ ئێستاکە دەزانی من چاکێکی پیرۆز (قدیس) نیم..."

– "بۆ خۆشبەختی، منیش مەریەمی چاکی پیرۆز نیم!..."

سەرلە ئێوارەی ئەو ڕۆژەی دەبوو نانی بەیانیمان پێکەوە لە گرینادا (کە کینگیش چونکە لە خەودا مابووەوە نەهات) بانگهێشتێکم پێ گەیی بۆ هاوڕێیەتیی بیڤیل، کە موژدەبەرێکی زۆر چاکە، ناوبانگی لە کینگ کەمتر بوو، تا فرۆکەخانە بۆ بینینی کینگ لەگەڵ جیسی جاکسن و ئێندی یۆنگ و جۆسیا ویلیامز. بەپێی توان هەوڵم دا خۆشیم بشارمەوە بەوەی کە دواجار لە کالووسەکاندا لەگەڵیدا دەبم و گوێ لە گفتوگۆیەکانی دەگرم لەبارەی بەڕێوەبردنی بزاوەوە، ڕووم لە پەنجەرەی ئەو ئۆتۆمبێلە نێزیک کردەوە کە بزاوەکە بۆ بۆنەکە بە کرێی گرتبوو و لەو دارانە ڕامام کە گەڵاکانیان پاراستبوو و بە قەوزە داپۆشرابوون و لەو دەوەنە دڕکاوییانە کە تا لقەکان هەڵزنا بوون (...).

فرۆکەی کینگ گەیی، دوای کەمێک ئۆتۆمبیل بردینی، گەلێکم پێ سەیر بوو لە ڕێی بەرەو ناوەندی شارماندا کەس باسێکی جیددیی نەکرد. هەموو هەر ئارەزوویان لە گاڵتە و گەپ و ڕابواردن و گێڕانەوەی نوکتە بوو، کینگ نوکتەی نوێی بۆ گێڕانەوە کە زۆربەیان لەگەڵ ڕەشەکان بووە و من بەخۆم پێم خۆش نەبوو بەڵام دیار بوو هاوڕێکانم پێیان خۆش بوو کە زۆر پێکەنین و منیش خۆم دا بەدەم کەشە گاڵتەئامێزە باڵادەستەکە و تا ژوانی بەیەکگەیشتنەوەی دواتر لە دەور و بەری مێزی نانخواردندا. کینگ زۆر کەیفی بە خواردن دەهات.

چوونە ناو چێشتخانەیەکی گچکەی ناوخۆیی بە یاوەریی ئەو، لە گەڕانێک دەچێ بەیاوەریی "خوداوەند"ێک. هەموو ڕووەکان ئاوڕی لێ دەدەنەوە. زەردەخەنەی دەبەشییەوە و هەر یەکێک سڵاوی لێ دەکا و بە ڕێزەوە زەردە بە ڕوویدا دەکا (...).

لەنێو ئەو وێنانەدا کە لەگەڵ کەسایەتییە ناودارەکاندا بۆ من گیراون، وێنەیەک هەیە لە چوارچێوەم داناوە و هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. ئەویش وێنەی من و کینگ–ە لەگەڵ کۆمەڵە منداڵێکی گرینادادا لە میسیسیپی، ئێرا لەگەڵ ئێندی لە پشتمەوە وەستابوو و ڕیزێکی درێژیش لە منداڵە ڕەشەکان کە بەرەو قوتابخانە دەچوون.

ئەو ڕۆژە دڵیان خۆش بوو چونکە لەگەڵ سەرکردەکەیاندا بوون و خەریک بوون بەشدارییان لە کارێکی بایەخداردا دەکرد. کینگ بە زۆری باسی ساتە مێژووییەکانی دەکرد. هەستێک دایگرت کە ئەم بۆنەیە یەکێکە لەوانە. کیژۆڵەیەکی گچکەی پڕ لە زیندوویی دەستی گرتم، پرچی لە کەزییەکدا هۆنرابووەوە و بەسەر پشتیدا هاتبوو. هەموو تۆڕەکانی تەلەفزیۆنەکان لەوێ بوون، لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە وێنەگران. لەسەر شۆستەی بەرامبەردا کۆمەڵێک منداڵی سپیی لێ بوون

ڕوویان هەر لەو قوتابخانەیە دەکرد. ناشاد و ترسنۆک دیار بوون و بە هیچ جۆرێک سیمای سەر بە "ڕەگەزێکی بالاتر"م تێیاندا بەدی نەکرد، بە چرپە بە کینگم گوت: "مارتن ئێمە چی دەکەین؟ بەڕاستی دەتەوێ ئەم منداڵە زۆر جوانانە لەوان بچن؟" و ئاماژەم بۆ ئەو کۆمەڵە خەمناکە کرد. کینگ بە گەورەییەکەوە ڕووی کردە وێنەگرێک تووشی نیگەرانی هاتبوو، ئینجا بە بێزارییەکەوە پێی گوت: "ئاخ.. نەخێر، لەو کاتەدا نا کە کامێرا وێنەمان دەگرێ.."

بەدرێژاییی یەک شەقام لە قوتابخانەوە پۆلیسێک ڕایگرتین وای دەزانی خۆی بەهێزترین کەسێکە لە جیهاندا. بەژنی کینگ زۆر لە بەژنی من بەرزتر نەبوو، درێژیی ١.٧٠م بوو، پۆلیسەکەش وام هاتە بەرچاو لە ئەستێرەیەکی دیکەوە هاتبوو، من دڵنیام لەوەی بەخۆی بڕوای بەوە هەبوو.

پێیم گوت: "بەیانیت باش. ئێمە لەگەڵ ئەم منداڵانەدا دەچینە قوتابخانە".

– "لەوە زیاتر ناتوانن بچنە پێشەوە".

– "بەڵام دەیانەوێ بچنە قوتابخانە و ئێمە بە سادەیی یارمەتییان دەدەین وەک هاووڵاتی مافەکانی خۆیان بەکار بهێنن".

– "ناتوانن پتر بچنە پێش. تەنیا دانیشتووان مافی ئەوەیان هەیە".

– "باشە. من نامەیەکم لە یەکێکیانەوە پێیە ئەم ئەرکەم دەخاتە ئەستۆ". لەخۆمەوە درێژەم دایێ "من سەرپەرشتیاریانم".

– "ببوورە، پێشڕەوی نابێ".

دوای چەند چرکەیەک لەم گفتوگۆیە، گەڕاینەوە دواوە.

ئەو ئێوارەیە ملیۆنان کەس هەواڵەکانیان تەماشا دەکرد و بینییان چۆن منداڵە ڕەشەکانیان لە مسیسیپی لەمافی فێربوون بێبەش کران. بە چاکەی بوونی تەلەڤزیۆنەکان نەک بە چاکەی بوونی خۆشەویستی، نە بەردێک هاوێژرا و نە لە منداڵێک درا، هەر هیچ نەبێ لەبەردەمی ئەو قوتابخانەیەدا.

ئەو کاتە هات کینگ خۆی بە ناچار زانی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدا: دەبوو هەڵوێستێکی ئاشکرا بەرامبەر جەنگی ڤێتنام دەستنیشان بکا. ئەو جەنگەی گەلێک کێشەی ورووژاند و پشتگیریی گەلی بەدەست نەخست، زنجییەکانیش لە بەرەکاندا بوون و دەجەنگین و دەمردن. دروشمی بزاوی مافە مەدەنییەکان: "ئازادی ئێستا!" واتەیەکی نوێی پەیدا کرد.

کینگ بڕیاری دا هەڵوێستی دژایەتیی ئەو جەنگە بگرێتە ئەستۆ کە بە نایاسایی و نا ڕەوشت پاکیی دادەنا. دوابەدوای ئەوە یەکسەر ئەو هێڵە بچڕا کە ڕێی دەدا پێوەندی بە لندن جۆنسن-ەوە بکا، لایەنگرانی هەستیان بە ونبوون کرد و لە سەر ئەم دۆزە ناکۆک بوون. گوێی لەو "دەنگە نزم و هێدییە" گرت کە لە ناخیدا دەنگی دایەوە و ئاگایی و سرووشی بەرجەستە دەکرد، من لەو

بڕوایەدام ژیانی خۆی لە بەهای ئەوەدا دا.

ساڵی ١٩٦٧ دوای دەستگیر کردنم لەگەڵ ئێرا، کینگ و ئێندی لە بەندیخانە سەریان لێ داین. من لە ئۆکلاند لەگەڵ هاری بیلافۆنت و سامی دیڤیس (...)دا بەشداریم لە ئاهەنگێکی مۆسیقایی خێرخوازیدا کردبوو، بۆ بەرژەوەندیی لیژنەی ڕێکخستنی مەسیحی. دوای ئاهەنگەکە سامی لە دڵخۆشکردنی ئەو سەربازانەدا بەردەوام بوو کە دەچوونە ڤێتنام و من سێ سەعات و نیو نووستم. بەر لەوەی ڕوو بکەمە ناوەندی سەربازگرتن لە ئۆکلاند بۆ پشتگیریی بزاوی دژ بە ئامادەکاریی سەربازی. لەوێ، لەگەڵ پەنجا و سێ ئافرەت و ژمارەیەک پیاودا دەستگیر کرام و بۆ یەکەم جار چوومە بەندیخانە، کە چەند ڕۆژێکم بەسەر برد، هەروەها بۆ جاری دووەم دیسان لەسەر بەرگری لە ئاشتی بەند کرام.

(هەڵبژاردە لە کتێبی جۆن بایز Et une voix pour chanter، کە ١٩٩٨ لەلایەن Presses de la Renaissanceەوە بڵاو کراوەتەوە.)

## تێکۆشەرێک لەسەر ئاستی گەل

دیمانە لەگەڵ کلاینفلتەر

هارکی کلاینفلتەر بەرپرسێتیی ڕاگەیاندنی لە ڕێکخراوی "کۆنگرەی سەرکردە مەسیحییەکان لە باشوور"ی گرتە ئەستۆ، بەشداریی لە بزاوی مافە مەدەنییەکاندا لە ساڵی ١٩٦٥ەوە کرد. دوای مردنی کینگ چەند ساڵێک لە چالاکییەکانیدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەردەوام بوو، ئینجا ڕووی کردە ئەوروپا کە خولگەلێکی مەشقکردنی لە بارەی کاری ناتوندوتیژی– دەکردەوە...

کاروباری ناتوندوتیژی: ساڵی ١٩٦٦ کینگ لە شیکاگۆ ستاری گرت. ئەم قۆناخە لە ژیانی کینگدا بە ڕادیکاڵی پەسن دەکرێ چونکە لەو ماوەیەدا درکی بەو خەباتی دژی نەدارییە ئابوورییە کرد کە زنجییانی تێدا دەژیان و دووبارە چاوگێڕان بە هەر هەموو ڕیژیمی ئەمەریکا دەگرێتە خۆ، ڕات بەرامبەر ئەوە چییە؟

هارکی کلاینفلتەر: لە سەرەتادا کینگ لەو بڕوایەدا بوو حکوومەتی فیدراڵ تاکە ڕێیەکە بۆ گۆڕینی بارودۆخ بە شێوەیەکی فرەوان. لەم دەستپێکەوە بە پێویستی زانی فشار بخرێتە سەر ڕای گشتی بۆ ئەوەی حکوومەت قانوونگەلێک دەربکا سنوورێک بۆ جیاوازیی ڕەگەز دابنێ لە لایە جیاکانی وڵاتدا. ئەم شێوە جموجووڵە بووە هۆی ئەوەی لە کۆتاییی ١٩٦٥دا قانوونێک لە بارەی مافی ڕەشەکانەوە لە هەڵبژاردن دەرکرد. ساڵی ١٩٦٦ "کۆنگرەی سەرکردە مەسیحییەکان لە باشوور SCLC" بڕیاری دا لە باکوردا، لە شیکاگۆ خۆی لە تێکۆشان بدا، ئەوە بە پلەی یەکەم ڕێکخستنی هەڵمەتێک بۆ چارەسەری گرفتی خانوو و نیشتەجێ بوون ڕێک بخا، کینگ خۆی و

هاوسەرەکەی خوێندنیان لە باکور کۆتایی پێ هێنا بوو و ئەو سەختییانەی ڕەشەکان لە شارەکانی باکور تێیاندا دەژیان لێی شاراوە نەبوون. ئەو گرفتە ئابوورییانەی لە شیکاگۆ هەبوون لێمان بێگانە نەبوو، بۆیە دەمانزانی ئەوێ بواری ڕەخساوەیە بۆ جموجووڵمان.

بەڵام نەماندەزانی لە شیکاگۆ چۆن کار بکەین. ڕاهاتبووین کار لە ناوچە دەشتنشینەکاندا بکەین، کە کەنیسە هۆیەکی گونجاو بوو بۆ پێوەندیکردن، بەڵام خەڵکەکە لە شیکاگۆ پەرت و بڵاو بوون و یەکدییان نەدەناسی. هەڵمەتی شیکاگۆ بە تەواوی سەرکەوتوو نەبوو. لەوانەیە ئەو سەرکەوتنانەمان بەدەست هێنابێ کە ویستبوومان، بەڵام نەناسراو بووین. بۆ نموونە، ئەگەر توانیمان کۆڕەوێکی گەورە ڕێک بخەین، پێنج یان دە هەزار کەس بەشداریی تێدا بکا، ئەوا لەکاتێکدا کە جەماوەرێکی ٦٠ هەزار بینەری دەبینین کە پلیکانەدارەکانی یاریگەی تۆپی پێ بەجێ دەهێڵن، لاواز دەبینرێین. بەلای بزاوەکەوە، ڕاهاتن لەسەر کار بە زەینییەت و مەرجەکانی شارەکییانە ئەزموونێکی تەواوێک نوێ بوو.

## هارکی کلاینفلتەر

هەروەها ئەم هەڵمەتەش خەریک بوو هەڕەشەی لە بارودۆخی داراییمان دەکرد: چونکە لە سەتا هەشتای ئەو بەخششانەی پێمان دەگەیشت سەرچاوەکەی سپییەکانی باکور بوو. ئەمانە بە ڕاستی ویستیان یارمەتیمان بدەن بۆ چاککردنی بارودۆخمان لە باشووردا، بەڵام نەیانتوانی کەموکوڕییەکانی خۆیان ببینن کە پێوەندیی بە توانستی ئەوەی هەندێک لە ڕەشەکان خانووەکانی تەکیان بکرن. ئەوە لەلایەن ئابوورییەوە لە جەنگی ڤێتنام پتر ئازاری داین کە لەو قۆناخەدا بایەخی بەرەو پتربوون دەچوو. کینگ باوەڕی پتر دەبوو کە تاکە ڕێگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرفتی ئابووری بە نێو ڕووکارێکی ئیشتیراکیی دیموکراتییەوە ڕەت دەبێ. لەوانەیە بەوەی پەسن بکەین کە لە سەرەتادا دیموکراتییەکی کۆمەڵایەتی بوو و لە کۆتاییشدا ئیشتیراکییەکی دیموکراتی بوو. کینگ ئیشتیراکییەت و دیموکراتییەتی بە ڕێرەوێک داناوە بۆ گۆڕینی ڕیژیم. بیرەکانی لەبارەی دۆزی ئابوورییەوە لە دوا کتێبیدا "بۆ کوێ دەچین؟ ou allons nous بەڵام تا ڕادەیەک دەستبەرداری ڕیژیمی ئەمەریکایی بووبوو، بەلای ئەوەوە گەیشتبووە ئاستێک تێیدا حکوومەتی ئەمەریکایی لە توانستیدا نەمابوو هیچ شتێک بهێنێتە دی.

ئەو بەرنامە ئابوورییەی کینگ کە بە "سەبەتەی نان" ناو براوە هەنگاوەیلێکی سادەی بەباش زانی وەک پێشکێشکردنی متمانەیەکی سادە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بێکاری و جێبەجێکردنی پرۆژەی نیشتیمانی لەسەر ئاستی "زەمانەتی" تەندروستی و دابینکردنی داهاتێکی ساڵانە بۆ تاک و دابەشکردنی سامانەکان لە سەر بنەمای یەکسانی. بزاوی ئیشتیراکیی دیموکراتی توانیی لە زۆربەی دەوڵەتە ئیسکەندیناڤییانەدا هەموو ئەم هەنگاوانە ئەنجام بدا. بەڵام هەرگیز نەبووە بەشێک لە ڕیژیمی ئەمەریکایی.

کاروباری ناتوندوتیژی: داخۆ خەباتی کینگ دژی جەنگی ڤێتنام کاری نەرێنیی لە جەماوەرییەکەی کرد لە چوارچێوەی بزاوی زنجیدا؟

هاری کلاینفلتەر: کینگ دژی جەنگی ڤێتنام بوو. توانییشی پشتگیریی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرێتیی کەنیسەکان لەم بوارەدا بەدەست بهێنێ. بەڵام تەنیا ساڵێک بەر لە مردنی و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بڕیاری دا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەم جەنگە ڕابگەیەنێ. لەو قۆناخەدا هەموو سەرکردە ڕەشەکان ئامۆژگارییان کرد بێدەنگیی لێ بکا و دەست بە خستنە ڕووی دۆزی مافە مەدەنییەکانەوە بگرێ. چونکە ئارەزووی چوونە ناو ڕێژیمی ئەمەریکایان هەبوو، کە لەئەستۆگرتنی هەڵوێستێکی نانیشتیمانی خراپترین کارێکە بۆ هەر کەسێک کە ئاواتەخوازیی هاوشێوەی ئەمەی هەبێ لە ویلایەتە یەککگرتووەکاندا. دەتوانین تێ بگەین بۆچی بزاو لە پێناوی ئاشتی لە ویلایەتە یەککگرتووەکاندا بۆچی وەک نەرێت لە سپییەکان پێک هات. لە ناو ڕەشەکاندا کەس نەبوو دژایەتیی خزمەتی سەربازی بکا مەگەر لە قۆناخێکی دواتری جەنگدا نەبێ. تەنانەت لەو چوارچێوەیەدا کە کینگ کاری تێدا دەکرد، دەبینین هۆسیا ویلیەمز ساڵی ١٩٦٥ پشتگیریی خۆی بۆ جەنگی ڤێتنام ڕادەگەیەنێ. بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژ دەستی بەو هەڵوێستەیەوە نەگرت، چونکە ساڵی ١٩٦٧ بە خۆی ڕێکخستنی یەکەم کۆڕەوی ئاشتیی لە ئەتلانتا لە ئەستۆ گرت.

کینگ دژایەتیی خۆی بەرامبەر جەنگ لە ڤێتنامدا ڕاگەیاند و هەڵمەتە ئابوورییەکەی بۆ بەرژەوەندیی هەژارانی دەست پێ کرد. جەماوەرییەکەی لە دواساڵی بەر لە مردنی لە نزمترین ئاستێکیدا بوو کە "هەڵمەتی هەژاران"ی جاڕ دا کە ڕەش و سپی و هیندی و پۆرتۆریکۆییەکانی لەژێر ئالایدا خڕ کردنەوە.. دەبوو هەڵبژێرێ: بەلای گەلە ڕەشەکەیەوە یان وەک مووسای پێغەمبەر بمایەتەوە، سەرکردەیەکی گەورە بۆ بڕیاردانی مافە مەدەنییەکان، یانیش وەک مەسیح بە تەنیا بەرەو باخچەی تەنایەتی "الجیمانیە" ڕێ دەکا. کە چارەسەری دووەمی پەسند کرد. لەو بڕوایەدا بوو تەنیا خۆی بە کردەوە درکی بەو مەترسییە کرد کە ئەم هەڵمەتە پێکی دەهێنێ. لە بیرمە لە کۆتایی ١٩٦٧دا گوتی: "تا ئەمڕۆ نیوەی ماوەکەمان بڕیوە. ئێمە ئێستا لەسەر خاکی دوژمنداین و بارودۆخەکە گەلێک زەحمەتتر بوو".

کینگ لە مەمفیس تیرۆر کرا و ئەوروپییەکان لەبارەی کوژرانیەوە لە گەلی ئەمەریکایی پتر دەزانن. بڕوا ناکەم تیرۆرکردنی ڕۆبەرت کەنەدی هەر لەو ساڵەدا هەر بە ڕێکەوت بووە.

کاروباری ناتوندوتیژی: پێدەچێ بزاوی ڕزگارکردنی ڕەشەکان دوای مردنی کینگ زۆر بەپەلە کاڵ بووەوە. بەر لەوەی ویلایەتە یەککگرتووەکانی جێ بهێڵی چۆن بوو؟

هاری کلاینفلتەر: دوای تیرۆرکردنی مارتن لۆتەر کینگ ئەوانەی دەوروبەری پێیان وا بوو یەک لە هۆیەکانی تیرۆرکردنەکە ئاواتەخوازیی دەسەڵات بوو بۆ ئەوەی پاڵ بە بزاوی زنجییانەوە بنێ بەرەو توندوتیژی بەجۆرێک لە تواندا بێ دوای ئەوە پەرەسەندنی ڕابگیرێ، شەوی ڕووداوەکە ئاژاوە لە چەندان لای وڵاتدا بەرپا بوو. دوای ئەوە "دەسەڵاتی ڕەش" ڕووماڵکردنێکی فرەوانی ڕاگەیاندنی بە

دەست هێنا، لە کاتێکدا ڕالف ئەبرناتۆ-ی جێنشینی کینگ نەیتوانی لەم بوارەدا سەرکەوتنێکی شایەنی باس بەدەست بهێنێ، خۆ ئەگەر کینگ لە مردن ڕزگاری بوایە پشتگیریی ئەو ڕۆژنامەگەرییەی نە دەبوو کە پێوەندییەکی پتەوی بە هێماکانی هاوپەیمانیی سەربازی- پیشەیی-
ەوە هەبوو. ڕالف ئەبرناتی بە تەنیا بەردەوام بوو، بە بێگومانیش جێگرەوەی مارتن لۆتەر کینگ نەبوو.

گرفتێکی دیکەش هاتە گۆڕێ ئەویش ئەوەبوو کە ڕێکخراوی "دەزگەی سەرکردە مەسیحییەکان لە باشوور" وەک پێویست نەزانرابوو. دوای مردنی کینگ هاوسەرەکەی "دەزگەی مارتن لۆتەر کینگ"ی دامەزراند. ئەم ڕێکخراوە ئامادەکردنی خولگەلێکی خوێندنەوە و کۆڕ لەبارەی ناتوندوتیژییەوە و کۆکردنەوەی نووسینەکانی مارتن لۆتەر کینگ-ی لە ئەستۆ گرت. ئەو پارەیەی لە خۆپیشاندانەکاندا کۆ دەکرێنەوە و بە "کۆنگرەی سەرکردە مەسیحییەکان لە باشوور"ە، لە جیاتیی ئەوەی لە چالاکیی دیکە، ئەمڕۆ بۆ خەرجیی دەزگەی م. ل. کینگ بەکار دەهێنرێ. کۆنگرە لە ماوەیەکی کورتدا ڕووبەڕووی گرفتی پارە بوو، پێویستی بە کەمکردنی ئەندامە هەمیشەییەکانی کرد.

بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەو سەرکەوتنە بکەین بزاوەکە بەدیی هێناوە. زۆربەی ئەوانەی کینگ لە وتاری "خەونم هەیە"دا باسی لێوە کردبوون هاتنە دی. لە ئەتلانتا، لە جۆرجیا یەکەم سەرۆکی شارەوانیی ڕەش هەڵبژێررا و لە خولی دووەمیشدا دیسان هەڵبژێررایەوە. ئەندرۆ یەنگ ئەوەی کە لەگەڵ مارتن لۆتەر کینگ کار دەکا بە ئەندامی کۆنگرس هەڵبژێرراو لە دووبارە بنیاتنانەوەیەوە یەکەم نوێنەی ڕەش بوو کە دەچووە کۆنگرس. بەڵام بەبایەختر ئەو گۆڕانە گەورەیە بوو کە لەسەر ئاستی هەڵوێستەکاندا ڕووی دا و ئەمەش ئەوپەڕی بایەخی هەیە چونکە ڕێ لە حکوومەت دەگرێ بگەڕێتەوە سەر قانوونە کۆنەکان. ساڵی ١٩٦٤ یاریگە پلیکانەدارەکەی لە ئەتلانتا جێی شانازیی شار بوو بە سی هەزار کورسییەکەیەوە، هێشتا بەیەکدا ئاوێتە بوون جێبەجێ نەکرابوو، دوای ساڵێک لە مردنی کینگ بەو سپی و ڕەشانە پڕ بوو کە بۆ بینینی شانۆگەریی "ئازارەکانی مەسیح" شان بە شانی یەک دانیشتن کە تێیدا مەسیح پیاوێکی ڕەش بوو، تاد...

گۆڕان کاتی دەوێ و ئێمە توانیمان لە ماوەی دە ساڵدا و بە هۆگەلێکی ناتوندوتیژییەوە، ئەو شتانە بهێنینە دی کە لە ماوەی سەت ساڵی ڕابوردوودا بە هەرگیز نەبوو دیار بوو، لەم ماوە کورتەدا دەستکەوتەیلێکمان بەدی هێنا پتر لەوەی لە جەنگی دووبەرەکیدا هاتبووە دی. هەروەها زیانی گیانیشمان لێ نەکەوت وەک ئەوەی لە بەرپابوونی ئاژاوەی ساڵی ١٩٦٥دا لە واتس، لە لۆس ئەنجیلۆس ڕووی دا. ئەو دەستکەوتانەی کەس نابینین باسیان بکا. کینگ کە مرد، لە ئاستی هەرە نزمی جەماوەرییەکەیدا بوو، بەڵام خەڵک لە سێ ڕۆژی دوای مردنی گوێیان لەوە بوو کە بە درێژاییی ژیانی گوێیان لێ نەبوو. ڕالف ئەبرناتی بەم شێوەیە لەو بارەیەوەی دەربڕی کە دەڵێ: "خەونبینەکەیان کوشت، بەڵام خەونەکەیان نەکوشت".

مردنی کینگ نە هەڵمەتی هەژارانی ڕاگرت و نە خۆپیشاندانە ئاشتیخوازانەکان. کینگ لە دوا وتاریدا گوتی ئەگەر بۆی ڕەخسا ئەو دەمە هەڵبژێرێ کە تێیدا لەدایک دەبێ، ئەوە ئەم دەمەی هەڵدەبژارد چونکە جەماوەر لەم دەمەدا ڕووبەڕووی هەڵبژاردنی مانەوەی و مانەوەی هەموو جیهان لە ژیاندا دەبێتەوە، ئەم هەڵبژاردنە ڕەوشتبەرزانەیە تا ئەوسا بۆ سەرکردەکان قۆرخ کراوە بەڵام ئێستا هی هەموو گەلە.

ئۆلیڤیێ جیرارد و بات ماشێ دیمانەکەیان ئەنجام داوە

*

## کاری ناتوندوتیژیی ڕاستەوخۆ

گی بۆبۆڵت

چاکەی پەرەپێدان و بەکارهێنانی مەشقکردن لە بوارێکی فرەواندا لەسەر کاری ڕاستەوخۆی ناتوندوتیژی، بۆ مارتن لۆتەر کینگ و بزاوی مافە مەدەنییەکان دەگەڕێتەوە، هەر لە هەڵمەتی مۆنتیگەمرییەوە بۆ جێبەجێکردنی ئاوێتەبوون لە ئۆتۆبیسدا کە لە یەکی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٥ دەستی پێ کردووە. مەشق و ڕاهێنان لەسەر تەکنیکەکانی چووە ڕیزی پێشەوەی بایەخ پێ دانە بنەماییەکانی سەرکردەکانی بزاوی زنجییە ئەمەریکاییەکان.

لە پێناوی شیاندن (تأهیل) بۆ کاری ناتوندوتیژی، کینگ داوای یارمەتیی "بزاوی ناودەوڵەتی بۆ ئاشتەوایی MIR"ی کرد، بەتایبەتیش بۆ یارمەتیدانی گلێن سمایلی–ی قەشەی سپیی بەڕەسەن باشووری. پێویستی دەکرد کۆمەڵگەی زنجی فێر بکرێ لەکاتێکدا بەرەنگاری توندوتیژیی هاندەرانە دێن، چۆن هەڵسوکەوت دەکەن و دوای بەدیهێنانی سەرکەوتن، چۆن ڕێ بگرن لە دووبارەکردنەوەی تەرخانکردنی تەرازوویەکی هێزەکان، کە ململانێ پەیی بردبێتە تەنیا ناو دڵی.

"لەکاتی بە ئۆتۆبیس سەرکەوتندا پێویستە لەسەرمان بەبێ پێویست جێ بە خەڵکانی کە تەنگ نەکەین وەک بڵێی خۆمان بە مافەکانمانەوە هەڵدەکێشین. دەبێ لە هەر کوێیەک کورسییەکی بەتاڵمان بینی بە سادەیی دابنیشین"(١). دیمانەکان لە کەنیسەکاندا بەزۆری بەبۆنە دادەنران بۆ ئامادەکردن لە کاری ناتوندوتیژیدا. "کورسییەکانمان بەرامبەر جێقوربانیدان (المذبح)دا، وەک ئەوانە ڕێک دەخست کە لە ئۆتۆبیسەکاندا ڕیز کرابوون و کورسییەکمان لە پێشەوە بۆ شوفێر دادەنا. ئینجا لە نێو ئامادەبووانەوە نێزیکەی دەستەیەکمان لە "نمایشکاران" هەڵدەبژارد و بۆ هەریەکەیان دەورێکمان دەستنیشان دەکرد دەشیا نموونەی وەک ئەوە ڕوو بدا. یەکێک ئەرکی شوفێری دەگرتە ئەستۆ و کەسانی دی دەبوونە ڕێبوار لە ڕەش و سپییەکان. هەر کۆمەڵێک چەند ڕێبوارێکی لە جۆری خوودوژمنانە و ناسکیشیان تێدا دەبوو. لەبەردەمی هەموو ئامادەبوواندا نمایشکاران دیمەنێکیان پیشان دەدا تێیدا پەنایان دەبردە بەر نەفرەت کردن و تەنانەت بۆ

توندوتیـژیش. له کـۆتاییی هـەر دیمەنێکدا کـۆمـەڵەکـە دەگـەڕانەوە هۆڵەکـە و کـۆمـەڵێکی دیکە مـەشـقـەکەیان ئەنجـام دەدایەوە. لە کۆتاییی خـولەکەدا بـواری ئەوە دەدرا بیـر و بۆچوون ئاڵوگۆڕ بکرێ"(٢).

سـەرەڕای لە ئۆتـۆبیس دابڕانە بەنـاووبانگەکـە هەڵمـەتی بـەرەنگار بوونـەوەی جـودایی لـە پێرمـەنگهـام، لە نیسـان- ئـایاری ١٩٦٣دا لە بنەمـای سـتراتیـجییـەتی کـاری ناتونـدوتیـژییەوە بە بزاوێکی نموونەیی دادەنرێ، هـەر لە چوارچێوەی ئـەم جموجووڵەشەوە خـەڵکەکە بە وردییـەکی زۆر ئامادە کران.

نێزیکەی هـەر ئێـوارەیەک کۆبوونـەوەیەک دەکرا بەپێی بەرنامـەیەکی دەستنیشان کراو، ژمارەیەک لە کەسـان دەیانگێڕا هـەر یەکـەیان دەوری خۆی هـەبوو: ڕالف ئەبرناتی، بۆ وروژاندنی جەماوەر بە ئێـسک سـووکی و گـەرمـوگـوڕیی، ویات وۆکـەر بۆ ڕێکخـسـتن و ئـامـادەکـردنی تەکنیکی و فـرێد شـاتلزوورت بە وتارە گـەرمـەکـانی.. ئـامـانج ئـامـادەکـردنی کـۆمـەڵگەی زنجی بوو و ڕاڤـەکـردنی ڕێچکـەکـانی ناتـوندوتیـژی و ئـامـادەکـاری بۆ چالاکـیـیـەکـانی ڕۆژی دواتر. مـارتن لۆتـەر کـینگ بەشداریی لەم دیمانانەدا کرد: "بەشێکی زۆری دیمانەکانمان بۆ ئەوە تەرخان دەکرد گۆرانییەکانی ئازادی بڵـێن، کـە بە گـوزارەیەک بە گـیـانی بزاوەکـەمـانمان دادەنان. نزاگـەلێکی سـادە نین دروشـمەکانیان یارمەتیی بەهێزکردنی هەڵمەتێک لە هەڵمەتەکان بدا، مێژوویەکی زۆر کۆنە وەک مێژووی ئەمـەریکاییی ڕەش، ڕوونووسێکی نوێیە لەو گۆرانییانەی کۆیلەکان دەیانگوتنەوە- سکاڵا لە بێـزاری یان خـۆشـیـیـەکی هەڵچـوو، گـۆرانیـگەلی جـەنگن و ویردی بزاوەکـەمـانـن (...) لە کـۆتاییـەکـانی ئەم دیمانەگـەلیـانەدا، ئەبرناتی یان شـاتلزوورت یان من، داوای خـۆبەخـشـیی هەندێکانمان دەکرد و جەختیشمـان لەسەر ئەوە دەکرد کە ئێمە هیچ ئەرکێک نادەینە کەسیان بەر لەوەی دڵنیا نەبێ -بەر لەوەی ئێمەش دڵنیا نەبین- کە دەتوانێ بەرگەی توندوتیژی بگرێ بێ ئەوەی بەرپەرچی هاوشێوەی بداتەوە. هەر لەو کاتەشدا هەڵنەگرتنی چەکمان بەسەر خۆبەخشەکاندا دەسەپاند جۆرەکـەی هەر چییـەک بێ"(٣). لەگـەڵ پتربوونی ژمارەی بەشـداربوواندا، دیمانەکـان بەردەوام بوون و بواری بزاوەکە فرەوانتر بووەوە، دەبوو خۆبەخشەکان ناوی خۆیان لەلای لیژنەی بەرپرسی مەشقدا بنووسن بۆ بەدواداچوونی خولە چڕەکانی شیاوی. بەرنامەی شیاندن پشتی بە ڕاهێنان لەسـەر ڕۆڵە درامـییـە کۆمـەڵایەتییـەکان دەبەست بۆ ئامادەکـردنی خـۆپیشـاندەران بۆ بەرەنگاربوونەوەی وروژاندن. تیپی کاری "کۆنگرەی سەرکردە مەسیحییەکان لە باشوور SCLC" کە ئەرکی سەرپەرشتیی ئەم خولانەی لە ئەستۆ گرت لە قشەگەلێک پێک هاتبوو وەک: وەک جێیمز لۆسـۆن و جێیمز بیڤیل و دیان-ی هـاوسـەری و برنارد لی و ئەندرۆ یۆنگ کە لەپێناوی هەڵمـەتی پێـرمـەنگهـام چوو بووە پاڵ بزاوەکـە و دۆرۆتی کـۆتن. هـەر خـۆبەخـشـێک ئەزمـوونەکـانی بە سـەرکـەوتوویی ببڕێ دەتوانـێ بەشداری لە جـموجووڵەکاندا بکا دوای واژۆکـردنی "پسـوولەیەکی پابەند بوون" کە لە دە خاڵ پێک هاتبوو تێیدا پابەندبوونی خۆی ڕادەگەیاند بە ناتوندوتیژی و ئەو

ڕێنوێنییانەوە وا تیپی کار دەیاندایێ. بەڵام بۆ مەبەستی کۆتایی لە کاری ڕاستەوخۆی ناتوندوتیژی، مارتن لۆتەر کینگ لە "نامەیەک لە بەندیخانەی پێرمەنگهام–ەوە"دا دەستنیشانی کردبوو، بەم شێوەیە: "گفتوگۆ بە خۆی ئامانجی کاری ڕاستەوخۆیە، ئێمە هەوڵ دەدەین بارودۆخێکی تەنگژاوی دروست بکەین بە ورووژاندنی گرژییەک کە بەس بێ بۆ سەپاندنی گفتوگۆ بەسەر کۆمەڵێکدا کە ئەوسا ڕەتیان دەکردەوە. دۆزەکە بە پلە یەک بەرجەستە دەکەین زەحمەت بێ لایەنەکەی کە پشتگوێی بخا. دوور نییە تووشی شۆک بێن ئەگەر بڵێم ئەرکی بەرگری ناتوندوتیژ دروستکردنی بارێکی گرژی بەخۆیەوە دەگرێ، بەڵام دان بەوەدا دەنێم کە وشەی "گرژی" نامترسێنێ. من ڕەقیبێکی دڕی هەر گرژییەکم لە توندوتیژییەوە پەیدا ببێ، بەڵام جۆرە گرژییەکی ناتوندوتیژیی بنیاتنەر هەیە دەبێ پەرە بستێنێ. سوکرات گوتوویەتی دەبێ گرژی لە دەروونی پەیدا بکرێ بۆ ئەوەی تاکەکان لە پێوەندی بە هەڵەداچوون و نیمچە بە هەڵەداچوون "لە ڕاستی چوو" ڕزگار بێن تا لە کۆتاییدا بگەنە جیهانی شیکردنەوەی داهێنەر و هەڵسەنگاندنی بابەتییانە. هەروەها ئێمەش، بە هۆگەلێکی ناتوندوتیژی، دەبێ لە کۆمەڵگەدا گرژییەک بخوڵقێنین یارمەتیی خەڵک بدا بۆ دەرچوون لە قووڵاییەکانی دەمارگرژیی ڕەگەزپەرستی و بەرزبوونەوە بۆ ترۆپکە پیرۆزەکانی لەیەک گەیشتنی برایانە"(٤).

هەوالنامەی کتێب

پەراوێز

* نووسەرێکی Moratorium Bulletin، کە کۆوارێکە لە جێگرەوەکانی بەندیخانان دەگەڕێ، لە لایەن Quak-ersی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە دەردەچێ.

** دەقێکە لە Peace Media Serviceی ئایاری ١٩٩١ەوە وەرگیراوە– وەرگێڕانی: پاتریس دوبرا و ماری–جان کازولا.

١. مارتن لۆتەر کینگ Combats pour la Liberte، لە بڵاوکراوەکانی Petite Bibliotheque Payot ,١٩٦٨

٢. هەر ئەو سەرچاوەیە.

٣. مارتن لۆتەر کینگ (Revolution non-Violente 1963)، بڵاوکراوەکانی: Petite Bibliotheque Payot، ١٩٧٩,

٤. "نامەیەک لە بەندیخانەی پێرمەنگهامەوە" بە دەقە تەواوەکەی لە Revolution non-Violente دا هەیە.

له ئەزموونەکانی گەلان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەدەنیدا ٣

# هاوکاری نەکردنی ئابووری و سیاسی

جین شارپ

بەشی سێیەم

## چالاکییەکانی داوودەزگەکانی حکوومەت

١- ڕەتکردنەوەی ناوبگیرانەی یارمەتیدان لەلایەن فەرمانبەرانی حکوومەتەوە

دەکرێ فەرمانبەر و ئیداری و ڕەسمی و بەکرێگیراو و ئەفسەرەکانی، چ بە تاکەکەس بێ یاخۆ بەکۆمەڵ، جێبەجێکردنی هەندێ فەرمان یاخۆ ڕێنوێنیی تایبەت ڕەت بکەنەوە و ئەوەیش بە بەرپرسە ڕاستەوخۆکانیان ڕابگەیەنن. ڕەتکردنەوەکەیش ڕوون و ئاشکرا بێ لانی کەم بەلای سەرۆکە بالاکانەوە. ئەم خاڵە ئەم ڕێگەیە لە نموونە ڕانەگەیەنراوەکانی تری خۆدزینەوە و کۆسپ دروستکردن جیا دەکاتەوە کە پاشتر باسی دەکەین. دەکرێ "ڕەتکردنەوەی یارمەتیدانی ناوبگیر ڕاگەیەنراو یان ڕانەگەیەنراو بێ بۆ جەماوەر.

ئەم نموونانەی خوارەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەندییان بە ئەڵمانیای نازییەوە هەیە. لە ئاداری ١٩٤٢دا گۆبلز سکالای کرد لەوەی هەر کاتێک داوای سەپاندنی ڕێوشوێنی دادیی توند دەکا: "شیلجەر بێرگەر جێگری ڕازگری وەزارەتی داد بەرهەڵستی دەکا و داواکانی من ڕەت دەکاتەوە و ئەوە دەکاتە بەهانە کە ئەو کارە هیچ بنچینەیەکی یاسایی نییە".

جارێکی تر نووسیی و ڕایگەیاند پێویست بە سزایەکی توند دەکا، بەڵام جارێکی تر بەرەنگاری کرا و وەزارەت ڕێگەی پێ نەدا:

.......................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

"وەزارەتی داد لای ئێمە ناتوانێ لەم ڕێبازە ڕوونەی بیرکردنەوە تێ بگا و هێشتا لە چوارچێوەی ڕۆتینێکی ڕواڵەتیدا دەبزوێ. یاساکە هەموارێک کراوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پاساوی شەرعیی ڕەتکردنەوەی یارمەتیدانەکە."

ڕێکخراوی حزبی نازی لە هەرێمی فرانکین ساڵی ١٩٣٨ بڕیاری دا ببێتە دەستپێشخەر بۆ دەستگرتن بەسەر موڵک و سامانی جوولەکەکاندا، هەر بۆیە جوولەکەکانی ناوچەکەی بانگ کرد و ناچاری کردن بە ئیمزاکردنی گواستنەوەی سامانەکانیان بۆ شاری فۆرت یاخۆ ڕێکخراوە حزبیەکەی یان هەر دەستەیەکی تر، دیارە لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا بەبێ قەرەبووکردنەوە. بەڵام هەندێ لە فەرمانبەرانی دادگەکە گومانیان خستە سەر شەرعییەتی ئەم کارە و ڕەتیان کردەوە پرۆسەی گواستنەوەکە لە تۆماری خانووبەرەدا تۆمار بکەن، بەوەیش کرداری گواستنەوەکەیان هەڵوەشاندەوە.

هیتلەر خۆی زۆر جار لەلایەن ئەفسەرانی سوپاکەیەوە ڕاستەوخۆ فەرمانەکانی ڕەت کراونەتەوە، تەنانەت پاش ئەوەیش کە بوو بە فەرماندەی باڵای ئەو سوپایە. بۆ نموونە ساڵی ١٩٤١ سەردانی بارەگەی گردبوونەوەی سوپای ناوەندی لە بۆریسۆف لە بەرەی ڕووسیا کرد و لەوێ ڕووبەڕووی جیاوازییەکی گەورە بووەوە لەبارەی ئەو ستراتیجەی پێویستە بگیرێتە بەر. هیتلەر پێی وا بوو دەبێ کار لەسەر لینینگراد و ئۆکرانیا بکرێ لەکاتێکدا ئەفسەرەکانی سووربوون لەسەر چڕکردنەوەی هەڵمەت لەسەر مۆسکۆ. کاتێ فوهرەر فەرمانی کرد بە گواستنەوەی هەردوو سوپای تانکەکان بە سەرکردایەتیی هۆس و گۆردیان، ڕووبەڕووی بەربەستێکی گەورەی ڕەتکردنەوە بوو، کە پشتی بەو بەهانەیە دەبەست کە یەکەکان پێویستیان بە دوو تا سێ هەفتە هەیە بۆ گردبوونەوە و چاککردنەوەکان. هەردوو فەرماندەکە لەلایەن هاوەڵانیانەوە پشتگیرییان لێ کرا، بە ئەنجوومەنی شەڕ و گردبوونەوەی سوپای ناوەندیشەوە، بەوەیش بەرەیەکی یەکگرتوو بە ڕووی هیتلەردا دروست بوو کە قەناعەتی بەوە هەبوو کە ئەوان "نایانەوێ ئەوە بکەن، بەڵام بیانوو دێننەوە بەوەی ناتوانن بیکەن..." پێ دەچێ هیتلەر لەوەدا لەسەر هەق بووبێ.

هەروەها سەرکردایەتیی باڵای سوپای ئەڵمانیا ترس و تۆقین دایگرت لەو مەترسییە سەربازی و لەو سەرکێشییە چاوەڕوانکراوانەی لە پەلاماردانی دانیمارک و نەرویج دەکەونەوە، وەک هیتلەر پێشنیازی کردبوو و بە ئاشکرا ئەو پێشنیازەی ڕەت کردەوە و گژبەری تووڕەییی فۆهرەری کرد بۆ بەشداریکردن لە ئامادەکارییە بەراییەکان بۆ هەڵمەتەکە. هەر بۆیە پلانی پاش ئەوە بۆ هەڵمەتی سەر وڵاتانی ئەسکەندەنافیایی بەتەواوی لە بارەگەی سەرکردایەتیی باڵای هێزە چەکدارەکان بەڕێوە چوو.

لەبەرئەوەی ئەو بەرپرسە ڕەسمیانەی ئەڵمان کە تایبەت بوون بە دوورخستنەوەی جوولەکە دانیمارکیەکان هێزی تایبەتی خۆیان نەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، هەروەها نەشیاندەتوانی پشت بە یارمەتیی دانیمارک ببەستن، چەند یەکەیەکی پۆلیسیان لە ئەڵمانیا دەست کەوت، چونکە

لە دانیمارک پۆلیسی ئەڵمانی نەبوو، هەر بۆیە داوای یارمەتییان لە سوپای ئەڵمانیی داگیرکەر کرد. بەڵام جەنەراڵ هێرمان فون هانیکن، وێڕای هەوڵدانی بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەوە لەڕێی قسەکردن لەگەڵ بەرلینەوە، بەڵام ڕەزامەندیی لەسەر هاوکاریکردن دەربڕی و تەنیا پەنجا سەربازی جیا کردەوە بۆ گەمارۆدانی ناوچەی بەندەرەکە لەکاتی سەرخستنی جوولەکەکان بۆ ناو کەشتییەکە، بەوەیش پاساوی دەدایەوە کە ئەو کارە بۆ پاراستنی ئاسایش و سیستم بووە نەک بەشداریکردن لە گرتنی جوولەکەدا.

٢- لەمپەر خستنە بەردەم هێڵەکانی سەرکردایەتی و زانیاریەکان

شوێنکەوتووانی هەر حوکمڕانێک دەتوانن دەسەڵاتەکانی لە قاڵب بدەن کاتێ بەتایبەت کۆسپ دەخەنە بەردەم گواستنەوە و جێبەجێکردنی فەرمانەکان، یاخۆ گواستنەوەی زانیاریەکان لە ئاستەکانی خوارەوەوە بۆ سەرەوە. ئەندامانی ئاستە جیاوازەکان لە زنجیرەی بەرپرسیاریەتیەکاندا دەتوانن کاریگەریی جدییان هەبێ لەسەر توانی ڕێژیم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرس و تەنگژە جیاوازەکاندا لەڕێی نەگواستنەوەی زانیارییە پێویستەکان بۆ بەرپرسانی پێوەندار یان بەشەکانی سەرەوە. لەوانەیە شاردنەوەی زانیاریەکان بابەتی جۆرەوجۆر بگرێتەوە، وەک هەلومەرجی ئابووری، باری ڕای گشتی، داواکارییەکانی تایبەت بە ئازووخە، هەروەک لەوانەیە زانیاریی تایبەت بە ڕیکخراوەکانی بەرگریی نهێنی و پلان و چالاکیەکانی بگرێتەوە.

لە ئەڵمانیای نازی شاردنەوەی زانیاری مۆرکێکی تیژی وەرگرتبوو: هەندێ کەسی ڕەسمی کە بانگەشەی لابەندییان بۆ نازییەت دەکرد، کەسانێکیان ڕزگار دەکرد کە دەیانزانی پیلانیان لەدژی هیتلەر دەگێڕا. لەو بارەوە ویلەر-بیرنیت دەڵێ:

لەناو سەرکردایەتیی باڵای هێزە چەکدارەکاندا هەردوو فەرماندە کەناریس و تۆماس بەئاشکرا نەیاریی ڕێژیمیان دەکرد و هەنگاویشیان بەرەو پلاندانان بۆ ڕووخاندنی نا. لەناو سەرکردایەتیی باڵای سوپایشدا فەرماندەی گشتی و فەرماندەی دەزگەی گشتی، ئەگەر بەشداریش نەبووبن، ئاگەدار بوون لەو گفتوگۆ پیلانگێڕی و چالاکییانەی کە لەگەڵ فرەوانبوونی ڕووبەری شەڕدا تا دەهات قەبارەی زیادی دەکرد و فرەوان دەبوو، ئەوەیشیان بەهیچ شێوەیەک بۆ دەسەڵاتدارانی ئەمنی نەگواستەوە.

تەنانەت فریتز فرومی فەرماندەی سوپای ناوەخۆ ڕاپۆرتی نەدا لە چالاکییە پیلانگێڕییەکانی ئۆلبریش و ستافنبرگ کە شوێنکەوتەی بوون، بەڵام فروم بەنیاز نەبوو خۆی ڕاستەوخۆ لەو پیلانە بگلێ. فیلد مارشاڵ کیتڵ ڕایگەیاند چەند ئەفسەرێکی نووسینگەی شەڕ و هەواڵگریی سەربازی ئاگەداری هەوڵەکەی کوشتنی هیتلەر بوون لە ٢٠ی تەمووزی ١٩٤٤، بەڵام ڕاپۆرتیان لەبارەوە نەدا.

تەنیا یەک ڕێگە هەیە بۆ کۆسپ خستنە بەردەم زنجیرەی پێویستی سەرکردایەتی، ئەویش بە

سادەیی گتکردن بوو لە گواستنەوەی فەرمانەکان بۆ هەندێ لە ژێردەستەکان و لێرەشەوە فەرمانەکان بەهیچ شێوەیەک ناگەنە ئەوانەی پێویستە جێبەجێیان بکەن. بۆ نموونە جەنەراڵە ئەڵمانییەکان ساڵی ١٩٣٩ وەک هەنگاوێک بەرەو ئاشتی و بۆ دەربرینی هاوکارینەکردنیان لەو ڕووەوە، پیلانیان گێڕا بۆ بەرگرتن لەو هەڵمەتەی پیلان دانرابوو دژ بە هاوپەیمانە ڕۆئاواییەکان ئەنجام بدرێ و پەلاماری لۆکسمبۆرگ بەلجیکا و هۆڵەندایش بدرێ.

لەو بارەوە ویلەر-بینت دەڵێ: بە پشتبەستن بەوەی ئەوان فەرمانێکی ڕاستەوخۆ لە فەرماندە بەرپرسەکەوە وەردەگرن، کە ئەویش جەنەراڵ والتەرفۆن برۆشیچ بوو و خۆی یەکێک بوو لە پیلانگێڕەکان، ڕێک کەوتن لەسەر شکستپێهێنانی هەڵمەتەکە بە سانایی، ئەویش لەڕێی نەگەیاندنی فەرمانی هێرشکردنەکە بە ژێردەستەکانی خوار خۆیان.

ساڵی ١٩٤٠ دەبوو فەرمانبەرانی ڕێکخستنی دەرەوەی حزبی نازی بەڵگەنامەی پێویست بۆ سەلماندنی بنەچەی ئارییان پێشکێش بکەن. زۆربەیان بە سادەیی داواکەیان پشتگوێ خست بەبێ ئەوەی هیچ بیانوو یان ڕوونکردنەوەیەک لە بارەی پابەندنەبوونەکەیان بە فەرمانەکە پێشکێش بکەن.

ئەو مەرسوومە بەناوبانگەی کە لە ئایاری ١٩٤١ لە خودی هیتلەرەوە دەرچوو بۆ لەداردانی بەرپرسە سیاسییە کۆمۆنیستەکان و سەرکردە دیلەکان لە یەکەتیی سۆڤیەتی داگیرکراو، بە دیلە سەربازییەکانیشەوە، بەهۆی ملنەدانی هەندێ لە ئەفسەرەکان بە گواستنەوەی ڕێنوێنییەکان بۆ خوارەوەی خۆیان، هیچ کاریگەرییەکی نەبوو. فیلد مارشاڵ فیۆدۆر فۆن بوک فەرماندەی باڵای گرووپی سوپای ناوەند، هەروەها چەند فەرماندەیەکی تر لەوانە فیلد مارشاڵ ویلهیلم فۆن لیب و جەنەراڵ ئاریش هۆبنەر دەرکردنی فەرمانەکەیان ڕەت کردەوە.

واڵتەر گۆرلیتس ڕایگەیاند مەرسوومەکە بە شێوەیەکی بەشەکی لە مانگە یەکەمەکانی شەڕدا لە بەرەی ڕۆهەڵات جێبەجێ کرا، بەڵام وردە وردە بەهێمنی پێچرایەوە، بەشێوەیەک ساڵی ١٩٤٢ چیدی کاری پێ نەدەکرا.

ئەم ڕێگەیە شێوەی پشتگوێخستنی ئەو فەرمانانە دەگرێتەوە کە تازەبەتازە دەرچوون، هەر بۆیە بەشێوەیەکی ڕێژەیی کاریان پێ دەکرێ، یان بە ئاشکرا کاریان پێ ناکرێ، بەویش نابێتە لەیادکردنێکی ئاسایی یان ناکارایی لابەلا: خۆنەبانکردن لەم فەرمانانە دەگەڕێتەوە بۆ قبووڵنەکردنیان لەلایەن کەسی پێوەندارەوە، یان بە ڕەهایی بەرهەڵستکردنی بە مەبەستی نیشاندانی هاوکارینەکردنی.

یەکێک لە هۆکانی کەمتەرخەمی لە چاودێریکردنی حساباتی دەزگە جۆرەوجۆرەکان لە (چین)ی شیوعی لەنێوان ساڵانی ١٩٥٠-١٩٦٣ دەدرێتە پاڵ ئارەزووی بەڕێوەبەرە بنچینەییەکان بۆ پشتگوێخستنی زۆربەی یاسا داراییەکان. هۆکەی تریش قەڵسبوونی گەورە بەرپرسانی ڕەسمیی حزبی بوو لە چاودێرییە داراییە توندەکە.

له ٧ی ئەیلوولی ١٩٤٢، کۆمسیاری ڕایخی ئۆکرانیا ئاریتس کوخ فەرمانێکی له وەزارەتی کاروبارەکانی ڕۆهەڵات پێ گەیشت بۆ دەست بەسەرداگرتنی هەموو موڵکەکانی جوولەکەکان و موڵکە بەجێهێڵراوەکانی تر، بەو مەرجەی بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە ئەفسەرانی پێشووی سوپای ئۆکرانیا و فەرمانبەرە مەدەنییەکانی تر بەکار بێنێ. کوخ فەرمانەکەی پشتگوێ خست و له ١٦ی ئایاری ١٩٤٣، بە ئەلفرێد ڕۆزنبێرگی ڕاگەیاند کە بڕیارەکە لەڕووی سیاسی و ڕێکخستنەوە مەحاڵە.

ڕۆزنبێرگ لەو کاتەدا سەرۆکی ئیدارەی مەدەنیی ناوچەی ڕۆهەڵاتی داگیرکراو بوو.

٣- دواخستن و دەستی دەستیکردن

بەرپرسانی ئیداری و فەرمانبەرەکانی تر بە دواخستن و دەستی دەستیکردن گوزارشت له هاوکارینەکردنیان دەکەن، ئەویش بە بەهانەی ئەوەی گوێڕایەڵیی یاسا یاخۆ سیاسەتێکی دیاریکراو دەکەن. ئەم ڕێگەیە لەگەڵ ئەو شێوازەدا یەک دەگرێتەوە کە سێر بازیل لیدیل هارت دیاری کردووە بەوەی ملکەچکردنێکی ڕوونە کە لەڕووی ستراتیجیەوە ملکەچنەکردنی لەناو خۆیدا حەشار داوە و لەگەڵی یەکانگیر دەبێ، هەروەها دەکرێ پێناسە بکرێ بەوەی برێتییە له کۆمەڵێ تەکتیکی بەترس یاخۆ دەستی دەستیکردنێکی بەنەزاکەت. لیدیل هارت جەخت دەکا لەوەی دەتوانرێ ئەم شێوازە بە بەردەوامی و بەرفرەوانتر لەوانی تر ئەنجام بدرێ، کە دەست له لای خواری هەڵدەگریسێ بۆ دەسەڵاتە داگیرکەرەکە و هەستێکی کەڵەکەبوو لە "نائومێدی" دەخوڵقێنێ، لەکاتی ئەنجامدانیشیدا زیاترین شپرزەکردن دروست دەکا شان بەشانی خەندەیەکی نەرم و خۆنیشاندان وەک ئەوەی هەڵەیەکی نائەنقەست کرابێ کە بۆ تێنەگەیشتن و نەزانی دەگەڕێتەوە.."

جگە لە یەکێکیان، هەموو نموونەکان پێوەندییان بە ڕژێمی نازی و بێرۆکراسییەتەکەیەوە هەیە، یان بە حکوومەتە بەکرێگیراوەکان یان ئەوانەی سەر بە نازییەتن. تەنیا نموونە چیکییەکە لەوانی تر جیاوازە. جارێکی تر گۆبڵز سکالا لە هەژاریی سەرکردایەتی دەکا لە دەستپێشخەریی بڵاوکردنەوەی ڕێوشوێنە نازییەکان، پێشتر ئاماژەمان بە هەوڵی وەزارەت و فەرمانگە حکوومییە جیاوازەکان کرد بۆ خۆدزینەوە له پرسەکە.

گۆبڵز لە ١٩ی ئاداری ١٩٤٢ نووسیی: کۆمەڵێک چاکسازی و باشکاری و پرۆژەیاسامان پێشنیاز کرد، بەڵام هەموو ئەمانە بەهۆی ئەو تێکدانە بەئەنقەستەی نووسینگە ناوەندییەکان دەیکەن کاریگەریی ڕاستەقینەیان نەبووە، چونکە ڕەگەزە بۆرجوازییەکان لەوێدا بالادەستن، ئاسمان چەندە بەرزە و فۆهرەر چەندە دوورە، هێندەش دژواریی زاڵبوون بەسەر ئەو ڕەگەزانە و بەسەر بێرۆکراسییەتە ڕیشەداکوتاوەکەدا گەورەتر دەبێ.

گۆبلز قەناعەتی قووڵی خۆی بە هیتلەر ڕاگەیاندبوو لەبارەی پێویستیی گرتنەبەری ڕێوشوێنی چاوترساندن، نەک تەنیا دژ بە ئیدارەی دادی، بگرە دژ بە هەندێ لە جەنەراڵە خاوەن پۆستەکان و

دژ بە تەواوی بیرۆکراسییەتەکەیش. پاش نێزیکەی ساڵێک، واتە لە ئاداری ۱۹٤۳دا گۆبلز باس لەوە دەکا کە هیتلەر لەسەر زۆربەی پێشنیازەکانی بۆ ئەنجامدانی شەڕێکی سەرتاسەری دژ بە هاوپەیمانەکان قایل بووە، بەڵام زیاتر دەڵێ: فۆهرەر بە پەژارەوە باسی لەو بەرەنگارییە دەکرد کە بیرۆکراسییەت دژ بە پلانەکانمان دەیگرێتە بەر... ئەم بەرەنگاریکردنە لە هەندێ حاڵەتدا، بەهیچ شێوەیەک ڕێگەپێدراو نییە... ئەو حاڵەتە دیاریکراوانەیش بریتین لە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ فڕۆکەوانە دیلەکانی هاوپەیمانان و ئەو کۆششانەی پێویستە بدرێن بۆ پەرەپێدانی چەکی ناوکەیی و دواینیشیان پلانەکانی دژ بە جوولەکەیە.

پەککستن و دواخستن دوو هەوڵی هیتلەریان پووچەڵ کردەوە بۆ جێبەجێکردنی سزای لەداردانی بێ دادگەییکردنی ئەوانەی ناوی نابوون فڕۆکەوانە تیرۆریستەکانی هاوپەیمانان. گۆرلتز دەڵێ ئەوە وێنەیەکی نموونەییە لەسەر دیاردە گشتییەکە، کە بریتییە لە بەرەنگاریکردنی نیازە توندڕەوانەکانی هیتلەر بە بەکارهێنانی شێوەی جۆرەوجۆری دەستی دەستی و دواخستن و بەرهەڵستیکردن:

وا دیار بوو تاکە پێشنیازی فەرمانگە حکوومییەکان بریتی بوو لە دانانی کارنامەیەکی شەڕ لەبارەی گشت پرسەکانەوە، جێبەجێکردنی ئەو کارنامەیەش تەنیا بۆ ئەوە پێویست بوو کە پەردەیان پێدا بدرێ و پۆلبەندی بکرێن، لەبەرئەوەی هیتلەر یان لەبیری کردن یاخۆ بە شتی ترەوە سەرقاڵ بوو.

هەوڵەکەی هیتلەر لە هاوینی ۱۹٤٤ بۆ دانانی بەرنامەیەکی تیرۆریستیی تیروتەواو دژ بە "فڕۆکەوانە تیرۆریستەکانی هاوپەیمانان"، بەربەستێکی کاریگەری هاتە پێش، ئەویش بەهۆی هەوڵە هاوبەشەکانی فیلد مارشاڵ کیتل سەرۆکی فەرماندەیی باڵا و جەنەراڵ جۆدل فەرماندەی پرۆسەکانی فەرماندەیی باڵای سوپا و ڕایخ مارشاڵ گۆرنگ فەرماندەی باڵای چەکی ئاسمانی. ئەوەیش بە جەختکردنیان لەسەر ڕوونکردنەوەی بنەمای "فڕۆکەوانە تیرۆریستەکان" لەسەر ئاستی یاسای ناودەوڵەتی، هەروەها درێژکردنەوەی گفتوگۆکان لەبارەی یاداشتە ئاڵوگۆڕکراوەکان و گفتوگۆی لەسەرخۆ و نامەکارییەوە. لە ئاداری ۱۹٤٥ هیتلەر هەوڵی دا ئەو جۆرە سیاسەتە بسەپێنێ، بەڵام ئەگەرچی ڕۆرمانز پشتیگیری کرد، جارێکی تر بەرەنگاری کرا، ئەویش بە چەند تەکتیکێکی لەمپەر دروستکەر لەلایەن یاریدەرانی جودیل، وەک مایجۆر لە چەکی ئاسمانی هێربێرت بوخ، فیلد مارشاڵ کیتل، ڕایخ مارشاڵ گۆرنگ و جەنەراڵ کارل کۆلەر فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی چەکی ئاسمانی. جارێکی تریش ئەو فەرمانەی هیتلەر دەری کرد ڕووناکیی نەبینی.

ڕەنگە یەکێک لە گرینگترین ئەو هۆیانەی کۆسپ بوو لەبەردەم ئەوەی ئەڵمانیای نازی چەکی ناوکەیی پەرە پێ بدا، ئەوە بووبێ کە ئەو زانایانەی سەرپەرشتیی کارەکەیان دەکرد خاوەخاویان دەکرد و کارەکەیان بەپشتا دەخست. نەک تەنیا بەرەنگاریی ئەوەیان دەکرد کارەکان بەرەو

پەرەپێدانی بۆمبی ناوکەیی بچێ، بگرە هەوڵیان دەدا بیرۆکەکە لەبیر ببرێتەوە.

رۆبەرت جۆنک باس لەوە دەکا کە هەوڵەکانیان دیراسەکراو و ورد بوو. توێژینەوە تیۆرییە ئامادەکارییەکانیان بۆ سەرۆکەکانیان نەدەگواستەوە و پێشنیازەکانی ئەوانی تریان بەوە لەقەڵەم دەدا کە ناواقیعین ئەگەرچی لەڕووی بنەماوە مەحاڵیش نییە. هەروەها یاداشتی توێژینەوەکانیان شاردەوە و ئیدارەی سەربازییان لە شیمانەی نێزیکی بەرهەمهێنانی بۆمبی ناوکەیی بێئاگا هێشتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا وایان نیشان دەدا کە هاوکاری دەکەن.

گومان لەوەدا نەبوو کە مانگرتنێکی کراوەی ئەوانەی لە بواری توێژینەوەدا کاریان دەکرد مەترسیدار دەبوو، چونکە بواری لەبەردەم کەسانی خواستدار و هەڵەشەدا دەکردەوە، چەندە سیاسەتی دواخستن و خاوەخاوکردن لەتواندا بوایە، هێندە سەرکێشیش پەسند دەبوو.

پەرگیرانەترین پلانە نازییەکانی دژ بە جوولەکە، نەخاسمە ئەوەی پێوەندیی بە قەلاچۆکردنەوە هەیە، ڕێژەیەکی بەرچاو لە خاوەخاوەکردن و دواخستنیان دووچار بووە، بەڵام ئەوە ڕوونە کە لەڕووی کاریگەری و قەبارەوە هێندە نەبوو بەس بێ بۆ ڕێ لێگرتنیان. مەبەست لەم نموونانەی لێرەدا هاتوون سپیکردنەوەی لاپەرەی کەس یان کۆمەڵێک نییە، ئەم هاوکارینەکردنانە مەغزایەکی بالآیان هەیە و بوونە مایەی پاراستنی ژیانی چەندان جوولەکە. دەستی دەستی و بەرهەڵستی لە ڕیزەکانی بیرۆکراسییەتی ئەڵمانی و لە وەزارەتی دەرەوە و لەنێو بەرپرسانی داگیرکەری ئەڵمانی لە ڕۆهەلات و لەنێو بەرپرسانی نازی لە بولگاریای هاوپەیمان و فرەنسای فیشی و ئیتاڵیای مۆسۆلینی سەری هەڵ دا.

لە کۆنگرەی گرۆس فانسی کە لە کانوونی دووەمی ١٩٤٢ بەسترا، کە ڕینهارت هیدریش ڕایگەیاند پێویستە "چارەسەر"ی ئەو جوولەکانە بکرێ کە کاری زۆرەملێیان تێ پەڕاندووە، ئەویش بۆ بەرگرتن لە گەڕانەوەیان بۆ ئازادی و دەستپێکردنی پەرەسەندنێکی نوێی جوولەکە، کاتێ وەک چارەسەری کۆتایی بەرنامەی لەناوبردنی ڕاگەیاند، شەپۆلێکی ڕوو لە زیادی کۆسپ خستنە ڕێ لە فەرمانگە و وەزارەتە جیاوازەکاندا سەری هەڵدا، کە ئامانجیان سنووردار بوو و بەمەبەستی بەدەستهێنانی کۆمەڵێ هەڵاوێردن لەو سیاسییە کە ژن و مێردە تێکەڵەکان (یەکێک لە دوو هاوسەرەکە جوولەکەن) و منداڵەکانیان بپارێزێ.

لە وەزارەتی دەرەوە، پرسی ڕاگواستنی جوولەکەکان سپێردرا بە ئیدارەی زەوییە ئەڵمانییەکان کە مارتن لۆسەر سەرۆکایەتیی دەکرد. سیاسەتی ڕاگواستنەوەی نازییەت جوولەکەکانی هەندێ لە ڕەگەزەکانی هەڵاوێردبوو، بەڵام ڕینتروبی وەزیری دەرەوە داوای لە لۆیەر کرد ڕاپۆرتێک ئامادە بکا لەبارەی ئەگەری فرەوانکردنی پرۆسەکانی ڕاگواستنی سەرجەم ڕەگەزەکان. بارون ئەرنست فون فیزکار بەڕێوەبەری وەزارەتی دەرەوە لە ڕۆژانی ڕینتروب، ڕاپۆرتەکەی لۆسەری بۆ ئیمیل ئۆلبریشت لە بەشی یاسایی سەر بە وەزارەت نارد، بەو ئومێدەی لەوێ هەندێ دوای بخا، ئەوەیش باشترین ئامراز بوو کە ئیدارەی زەوییە ئەڵمانییەکان دەیگرتە بەر.

بەشـداریکردنی کـۆمـسـیـاری ڕایخ هنریش لوهز لە بەڕێوەبەرایەتیی زەوییـە ڕۆهەڵاتیـیـە داگیـرکراوەکـان لە دواخـسـتنی ئەنجامـدانی تاوانەکـانی ڕیگە و ڕێ لێگرتنی، بە پاڵنەری واتە پاکەکان نەبوو بەرامبەر بەرنامەی "کۆتا چارەسەر". لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٠ لۆهز لەبارەی ئەو دەستی دەستییانەی لە جێبەجێکردنی قەسابخانەکارییەکان لە لیباو دەکران بۆ ڕۆژنبێرگی نووسی لە وەزارەتی بەرەی ڕۆهەڵات. لە ١٥ی تشرینی دووەم داوای لێ کرد بڕیارێکی بۆ بنێرێ کە ڕێگە بە کـوشتنی هەمـوو ئەو جـوولەکـانەی سـەر بەون بە چاوپۆشین لە دۆخی ئابووریـیـان بدا. تا پاش مـانگێک وەڵامـی داواکـەی پێ نەگـەیشـتـەوە. لە ٧ی تشـرینی دووەم لۆهـز بروسکەیەکی بۆ هینگست کۆمسیاری لە فیلنا نارد و سەرنجی ڕاکێشا بۆ دانپێدانانەکانی جەنەراڵ براومەر. ئەمەی دوایی لە یەکی کانوونی یەکەم گوشاری خستە سەر کۆمسیارە مەدەنییەکان بۆ ڕاگرتنی لەداردانی ئەو جوولەکانەی ناتوانرێ لە وەزیفەکەیاندا بگۆڕێن، پاش دوو ڕۆژ لۆهز بەیاننامەکەی براومەری دابەش کرد.

نموونەی جۆرەوجۆر لە کۆسپ خستنە بەردەم و دەسـتی دەستی پێکردنی ئیداری لە جێی تر بەکار هاتووە وەک بولگاریا، کە هاوبەشی هاوپەیمانە، هەروەها فـرەنسـای فیشی و ئیتـاڵیـای مۆسۆلینی بۆ شکستپێهێنانی قەڵاچۆکارییەکانی نازی. بۆ نموونە هێزەکانی داگیرکردنی ئیتاڵی لە فـرەنسا گـەوەترین کـۆسپ بوون لەبەردەم فەرمـانەکـانی ئەڵمانیا بۆ ڕاگـواسـتنی جوولەکـە. ئەفسەرە ئیتاڵییەکان فەرمانەکانی ئەڵمانیایان لە کانونی یەکەمی ١٩٤٢ کە داوای ڕاگواستنی جوولەکەی دەکرد لە ناوچە فڕەنساییەکان و ناوچە کەنارییەکان، بەوە لێک دایەوە کە مەبەست تەنیا جوولەکە فڕەنساییەکانە نەک هی تر. سوپای چوارەمی ئیتاڵیا ڕێگەی لە پارێزگاری لیۆن گـرت لە گــرتنی دوو تا سێ هەزار جــوولەکــەی پۆڵۆنی لە ناوچەی گــرینۆبڵ و بەوەیش لە ڕاگواستنیان بۆ سەربازگەی ئۆشویتز پاراستنی.

کاتێ یواکیم فۆن ڕینتروب وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا لەو بارەوە لای مۆسۆلینی خۆی نارەزایی دەربڕی، مۆسۆلینی وەڵامی دایەوە کە ئەو لەگەڵ نارەزاییەکەیدا هاوسۆزە، بەڵام ڕەتی کردەوە دەست بخاتە کارەکانی جەنەراڵەکانی کە بەردەوام بوون لە بەردانی جوولەکەکان. مۆسۆلینی گوتی ئەفسـەرە ئیتـاڵیـاییـەکـان پەروەردەی فـیکریی جیـاوازیان هـەیە. کـاتێکیش پۆلیـسی ئیتـاڵی جوولەکەکانی لە ناوچە کەنارییەکان ڕاگواست، لە چەند هوتێلێکی ئارامی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا نیشتەجێی کردن. هەروەها ژمارەیەک پرۆسەی کۆسپی تری ئیتاڵیایی لە ناوچە ئیتاڵییەکانی یۆنان و ناوچەی سەربازیی ئیتاڵیی سێیەم لە کرواتیا بەڕێوە چوون.

لە میانی دیاریکردنی بەرپرسیارێتیی مردنی چەندان جوولەکەی فڕەنسا، بێگومان حکوومەتی فـیشی کـاری کرد بۆ ڕزگـارکـردنی ژمـارەیەکی زۆریان لەڕێی کـۆسپ دروسـتکردن و دەسـتی و دەسـتیی ئیداری و دیپلۆماسییەوە. هەریەک لە بیتان و لاڤال و ژمارەیەک لە ژێردەستەکانیان لە سوپا و پۆلیس بەشدارییان لەو تەکتیکەدا کرد. کۆمسیۆنی پرسەکانی جوولەکە خاترجەم نەبوو لە

پاڵپشتیی حکوومەتی فیشی. هەروەها پۆلیسەکەیشی تەنیا هاوکارییەکی کەمی لەلایەن کەرتی دەرەکی نیزامیەوە چنگ کەوت. کافیە فالات کە فیشی وەک کۆمسیاری یەکەمی کێشەکانی جوولەکە دایمەزراند، بەرهەڵستیی ڕاگواستنی هیچ جوولەکەیەکی فڕەنسایی کرد بەجیا لە جوولەکە بێگانەکان، هەروەها بەرهەڵستیی سەپاندنی نیشانە جوولەکانەکە بوو کە لە ناوچەکانی فیشی بە زۆرەملێ نەبوو تەنانەت پاش داگیرکردنی لەلایەن ئەڵمانیاوە بەتەواوەتی.

پۆلیسی فڕەنسا لە شاری بوردو جوولەکە بیانییەکانی دەستگیر کرد بەمەبەستی ڕاگواستنیان و ژمارەیان تەنیا ١٥٠ کەس بوو. کۆڵۆنێل کارل ئەدۆڵف ئێخمان کە بەرپرس بوو لە سیستمی ڕاگواستن بە مەبەستی لەناوبردن، پرسیاری کرد لەو ئەگەرەی ئاخۆ دەکرێ بە یەکجاری واز لەوە بهێنرێ کە فڕەنسا بە سەرچاوەی ڕاگواستن دابنرێ.

لافال بەرهەڵستیی داواکانی ئەڵمانیای کرد بۆ بانگهێشتکردنی ئەو جوولەکانەی ساڵی ١٩٣٣ ڕەگەزنامەیان بەدەست هێنابوو، چونکە ئەو بانگهێشتکردنە وا دەکا کاندید بن بۆ ڕاگواستن. هەروەها لە کۆتادا بە ئەڵمانەکانی ڕاگەیاند کە تەنانەت بیتان خۆی، کە ڕەزامەندیی ئەو پێویست بوو، لەم مەرسوومە وەڕس بوو کە ڕەگەزنامەی فڕەنسایی لەو ئافرەت و مندالانەی لەڕێگەی ڕەگەزنامەگۆڕینەوە پێیان بەخشراوە، بکێشرێتەوە و پێی ڕاگەیاندن کە ئەو خۆی کۆپییەکەی خۆی لەم پڕۆژەی مەرسوومە فەوتاندووە. ئەمەش واتەی ئەوەیە ئەو سێ مانگی چاوەڕوانکردن کە پێویستە بۆ وەرگرتنی تانەدانی جوولەکە بەرلە پەسندکردنی پڕۆژەکە، بووە مایەی ڕەوانەکردنی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران. هەروەها پێویستی بە ڕەزامەندیی ئیتاڵیاییەکان هەیە. ئەوەیشی ڕاگەیاند کە پۆلیسی فڕەنسا لەو ماوەیەدا بەشداری لەسەر هەڵکوتانەسەرەکان ناکا.

جیرارد ڕیتلنگر لە توێژینەوەکەیدا لەبارەی "کۆتا چارەسەر" دەڵێ گستابۆ لەپڕ دەستەپاچە دەرکەوت و پاڵپشتیی سەرکردایەتیی باڵا یاخۆ وەزارەتی دەرەوەی بەدەست نەهێنا. وا دیارە هیتلەر بایەخدان بە لەناوبردنی جوولەکەکانی فڕەنسای لەدەست دابوو. هەروەها زیاتر دەڵێ ئەو پیاوە کە هیچ بایەخێکی بە ڕای گشتیی جیهانی نەدا و کەس نەیتوانی بیگێڕێتەوە بۆ سەر ڕێگەی ڕاست، بەهۆی بەرگریی لەسەرخۆوە بەتەواوی هەرەسی هێنا". هەر بۆیە بەبێ هاوکاریی پۆلیسی فڕەنسایی، ئەنجامدانی هەڵمەتی فرەوانی هەڵکوتانە سەر ئاسان نەبوو، وێڕای وەستانی پارێزگاریکردنی ئیتاڵیا بۆ جوولەکە فڕەنساییەکان، لە ٨ی ئەیلوولی ١٩٤٣دا تەنیا سێ کاروان لە کۆچبەران وێستگەی درانسییان بەرەو ئەشویتز بەجێ هێشت.

لە بوارێکی تردا، ڕۆژە بەراییەکانی داگیرکردنی ڕووسی بۆ چیکۆسلۆڤاکیا ڕۆڵی گرینگی ئێزگە نهێنییەکانی لە بەردەوامیی پاڵپشتیکردنی حکوومەتە شەرعییەکە و حزبی شیوعیدا و بزواندنی بەرگریی ناتوندوتیژانە دژ بە داگیرکردن یاخۆ دژ بە هەر ڕیژیمێکی بووکەڵە دەرخست. لە بەرامبەر ئەم هەڵمەتە ئێزگەییانەدا، ڕووسیا پەنای بۆ دامەزراندنی وێستگەی ژاوەژاو (تشویش) یان دەزگەی گوێ ڕادێران برد بۆ زاڵبوون بەسەر بەرگرییە ئێزگەییەکەدا. ڕۆژنامەی

پۆلیتیکا کە لە پراگ دەردەچوو، لە ٢٧ی ئابی ١٩٦٨ باسێکی گەشتەکە و چۆنیەتیی یارمەتیدانی دەکا. کرێکارێکی هێڵی ئاسن کە بەشداریی ئەو کردەوەیەی کردووە باسەکە دەگێڕێتەوە:

دەبوو شەمەندەفەرەکە لە چیرنا لە نێزیک سنوور بوەستێ. هیچ شتێکی تایبەت نەبوو جگە لەوەی شەمەندەفەرەکە کورت بوو، چونکە تەنیا هەشت فارگۆنی پێوە بوو. سەرەتا ویستمان فارگۆنەکان لە هێڵەکە بترازێنین، بەڵام ئەوە دووچاری ئاکامی دڵتەزێنی دەکردین. جارێکی تر گەڕاینەوە و لە نێزیک ئۆلۆمتس بەستمانەوە بە شەمەندەفەرێکی باری درێژدا کە پاشتر بوو بە سێ بەشەوە و چاککردنی چوار سەعاتی خایاند. ئەنجا بەرەو تریبوفا ئاراستە کرا لەگەڵ بەردەوامیی چاککردن تا وێستگەی شوسین. لەوێ ویستمان بینێرین بۆ پۆڵەندا، بەڵام ئەم جارەیان نەخشەیان پێ بوو.

لەپڕ کەوتنە پەلەپەل لەبەرئەوەی هەموو ئەو ئازووخەیەیان خواردبوو کە لە هەموو فارگۆنی نەفەرەکاندا هەڵیانگرتبوو. پێش مورافانی، کێبڵی بەستنەوەی فارگۆنەکانمان پچڕاند، بەوەیش شەمەندەفەرەکە پێکیدا دا چوو بەناو یەکدا. بەشێوەیەک چاککردنەوەی لەکارکەوتنەکان پێویستی بە دوو تیمی کار هەبوو و نەشیاندەتوانی پێکەوە کار بکەن. ڕووسەکان زۆر تووڕە بووبوون و دەیانویست بزوێنەرەکان بەهۆی پاترییەکانەوە کار بکەن. نەیاندەتوانی لە مەحاڵیی ئەوە تێ بگەن لەکاتێکدا هەموو پارچەکان بەباشی کاریان دەکرد.

لە وێستگەی باردوبیس داوای شەمەندەفەرێکی هەڵمییان کرد، وەڵاممان دانەوە کە ئەم هێڵە بەکارەبایی کراوە. لە بریلۆک بەشێک لە کاروانەکە جیا کرایەوە و ئەنجا یەکێک لە فارگۆنەکان تێکوپێک شکا، لەو کاتەدا بڕیاریان دا لەڕێی هرادیشتەوە بچن. لە ستیبلوفایش یەکێک لە فارگۆنەکان پەکی کەوت، ئەنجا یەکێک لە دوو هێڵە ئاسنینەکە جیا بووەوە و کێشەکە ئاڵۆز بوو و نەدەتوانرا بە دەستوبرد هیچ بکرێ. لەو کاتەدا پێنج کۆپتەری سۆڤیەتی شۆفێری شەمەندەفەرەکانیان بە بارمتە گرت، ئێمەیش پازدە شەمەندەفەری بارمان لەبەردەمیاندا ڕیز کرد و هیچ ناوەندێکی هێڵی ئاسن لە پراگ توانی لەخۆگرتنی ئەو هەمووەی نەبوو. جووڵەی شەمەندەفەرەکانمان بەو هۆیەوە کاری تێ کرا و هەموو شتێک دوا خرا، من بە شەمەندەفەرێکی نەفەربەری تەواو بەتاڵ چووم بۆ کولینز. ئێستەیش لە جێیەک لە دەوروبەری لیزا لە ئالپ وەستاون. بەڵام ئەو پرۆسەیە ناتوانرێ هەتاهەتایە دووبارە ببێتەوە.

لە ٢٥ی ئاب، ڕادیۆی چیکۆسلۆڤاکی ڕایگەیاند شەمەندەفەرەکە ڕاگیراوە و دەزگەکانی ژاوەژاو بۆ کۆپتەرە ڕووسییەکان.

٤- هاوکارینەکردنی گشتیی ئیداری

زۆرینەی ڕەهای ئەوانەی لە دەزگەیەکی ئیداریدا کار دەکەن دەتوانن هاوکاریکردنیان لەگەڵ ڕێژیمێکی خۆسەپێندا ڕابگرن، ئەوەیش یان حکوومەتێکی داگیرکەر دەبێ یان دەستە و تاقمێک

دەبێ کە لەڕێی کودەتا یان هەر شێوەیەکی تری ناشەرعییەوە دەست بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتێکدا دەگرن.

پاش ئەوەی بەلشەفیەکان لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت و حکوومەتە شۆڕشگێڕییە کاتییەکەیان بەسەرۆکایەتیی کیرینسکی داماڵی، ڕێژیمەکە دووچاری بایکۆتی فەرمانبەرە مەدەنییەکان بوو کە بەرهەڵستیی فەرمانەکانی دەستبەسەراگرانی نوێی دەسەڵاتیان کرد. لە وەزارەتی بووژانەوەی کۆمەڵایەتی هەموو فەرمانبەرەکان مانگرتنیان ڕاگەیاند ٤٠ کەسیان نەبێ.، وەک پێشتریش ئاماژەی پێ درا، ئەم جۆرە هاوکارینەکردنە ئامرازی تێکشکاندنی هەوڵی کودەتاکەی کاب بوو لە ساڵی ١٩٢٠ دژی کۆماری فایمار.

٥- هاوکارینەکردنی دادی

ئەم جۆرە هاوکارینەکردنەی ناو حکوومەت کاتێ سەر هەڵدەدا کە ئەندامانی دەزگەی داد، لە دادوەر و حاکمەکان و هی تر ڕەتی دەکەنەوە ویستی ڕێژیم یاخۆ تاقمێک لە دەزگەی دادی جێبەجێ بکەن، وەک ئەوەی قازییەک ڕەتی بکاتەوە لەسەر خواستی سەرۆکی دادگە گیراوێکی سیاسی تاوانبار بکا. لە هەندێ حاڵەتدا دەرکردنی حوکمێک لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە، یان دەرکردنی یاسایەکی نادەستووری جۆرێکە لە هاوکارینەردنی سیاسی لەگەڵ ڕێژیمدا. قازی یاخۆ دادوەر دەتوانێ بەچاوپۆشین لە ڕوونکردنەوە و یاساوەکانی چەوسێنەرەکە تاوانبارکردن و سزادان ڕەت بکاتەوە.

هەروەک دەکرێ تەواوی دەزگەی دادی ملکەچ بکرێ بەهۆی دەستوەردانی خۆسەپێنەکە لە سەربەخۆیی دادگە، ئەوە بوو لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٠، بۆ نموونە، دادگەی باڵا لە نەرویج ملی کەچ کرد و وەک نارەزایی لەسەر بەیاننامەکەی کۆمسیاری ڕایخ یتربۆفن، ڕایگەیاند دادگەکە مافی ئەوەی نییە یاساکانی داگیرکەری ئەڵمانی بە نادەستووری دابنێ.

دەکرێ هاوکارینەکردنی دادی لەڕێی ئیدارەی دادییەوە چالاک بکرێ، ڕەنگە بەناوبانگترین حاڵەت لەم بارەیەوە هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان بێ لە بەریتانیا بۆ تاوانەکانی دزیکردنی بچووک لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەویش لەڕێی جێبەجێکردنی هاوکارینەکردنی دادییەوە. یاسا لای خواری بەهای شتە دزراوەکانی دیاری کردبوو کە دەکرا بەهۆیانەوە لەداردان جێبەجێ بکرێ. زۆر جار دادوەرەکان دەیانبینی نرخی شتە دزراوەکان چەند قرشێک کەمترە لە نرخە ڕاستەقینەکانیان، ئەوەیش بۆ پاراستنی دزەکە لە قەنارە.

ئارسەر کوستلەر دەنووسێ: کردەوەکانی ڕێگرتن لە لەداردان کاری لە تاوانبارەکان زیاتر کرد تا لە دادوەرەکان، بەو هۆیەوە دادوەرەکان مانیان گرت و وای لێ هات بوو بە ڕێسا کە داواکاری گشتی ئەو کاڵا دزراوانەی نرخی ڕاستەقینەیان ٤٠ شلینگ بوو بە ٣٩ شلینک دەیقەبلاند، کاتێکیش ئەو بڕەی داواکار دایدەنا بۆ پێنج پاوەند کەم کرایەوە (کە دەبێتە مایەی لەداردان)،

دادوەرەکانیش قەبڵاندنەکانیان بۆ چوار پاوەند و نۆزدە شیلینگ کەم کردەوە.

هەندێ لە دادوەرەکان بەهیچ شێوەیەک لە سەر تاوانی پێوەندار بە موڵکایەتی کەسیان تاوانبار دەرنەدەکرد، تەنانەت تاوانەکانی ساختەکردنی دراویش. بازرگان و بانکییەکان خۆیان داوای هەڵوەشاندنەوەی سزای لەداردانیان کرد لەبەر بوونی جۆرە سزایەکی گونجاو بۆ ئەو جۆرە تاوانانە. لە کۆتاییدا لە ساڵانی ١٨٣٧ و ١٨٦١دا یاسای لەداردان هەموار کرا و سزای لەداردان لەسەر تاوانەکانی موڵکایەتی هاتە هەڵوەشاندنەوە.

هەندێ جار هاوکارینەکردنی دادی، بەرهەڵستیکردنی دەستەی دادگەی ئاشکرا بۆ ڕێنوێنییەکانی سەرۆکی دادگە لەخۆ دەگرێ کە بە نادادپەروەرانەی دادەنێن. ساڵی ١٦٧٠ ولیام بین و ویلیام مید دەستگیر کران بەهۆی بەشداریکردنی نایاسایی و زەقیان لە فیستیڤاڵی جەماوەریی کویکەرزدا، کە تێیدا بین گوتارێکی لەبەردەم دەروازەی ئەو شوێنەی بڕیار بوو فیستیڤاڵەکەی تێدا بکرێ و پۆلیس دایخستبوو، پێشکێش کرد. ئەو دادگەییکردنە تایبەت بوو، کاتێک وادەی خوێندنەوەی حوکمەکە هات لەلایەن ئەندامانی دادگەکەوە، بینییان "مید" بێ گوناه و "بین" گوناهبارە، لەبەرئەوەی لە گردبوونەوەیەکی گشتیدا گوتاری داوە. ئەوەیش بە تاوان دانەدەنرا، هەروەک حوکمەکەیش شەرعی نەبوو، لەبەرئەوەی سەرۆکی سوێنخۆران ڕەتی کردەوە دیاری بکا کە ئاخۆ گردبوونەوەکە شەرعی بووە یان ناشەرعی. پاش هەڕەشەکانی دادوەری یەکەم بە بەندکردن تا ئەو کاتەی یەک بڕیاری دادی دەردەچێ، سوێندخۆرەکان گەڕانەوە و هەمان حوکمیان دەرکردەوە، لەو کاتەدا دادوەری یەکەم ڕایگەیاند:

بەڕێزان، لێرە ناڕۆن تا حوکمێکمان دێتە دەست کە دادگە پێی قایل بێ. بەبێ خواردن و خواردنەوە و ئاگر و جگەرە دەستبەسەر دەکرێن، وا مەزانن دەتوانن سووکایەتی بە دادگە بکەن. دەبێ بگەینە حوکمێک، سوێند بەخودا، ئەگینا لە برسا دەمرن.

پاش دوو ڕۆژ لە ڕاگرتن، سوێندخۆرەکان بڕیاریان دا کە "بین" گوناهبار نییە. لەو کاتەشدا پارێزەری بەرگری و سوێندخۆرەکان بەتۆمەتی پێشێلکردنی بڕیاری دادگە حوکم دران. پاش ساڵێک، دادگەی باڵا بڕیاری بێتاوانیی سوێندخۆرەکانی دەرکرد لەبەرئەوەی لەسەر هەق بوون و ڕاگرتنەکەیانی بە ناشەرعی لەقەڵەم دا.

٦- بێتوانیی بەئەنقەست و هاوکارینەکردنی هەڵبژاردەیی لەلایەن پیاوانی ئاسایشەوە

هەندێ جار دەگونجێ پیاوانی پۆلیس و سوپا و فەرماندە ئەمنییەکان، بە چاوپۆشین لە پاڵنەری سیاسی یان هاوسۆزی لەگەڵ بەرگریکاران یاخۆ لە ڕقی ڕێوشوێنەکانی سەرکوتکردن، بەئەنقەست بە کاراییەکی کەمترەوە فەرمانەکان جێبەجێ بکەن. بەڵام پۆلیس و ئاسایشەکانی تر بە ناوبگیر یاخۆ هەڵبژاردەیی لە ئاستێکی زۆر بەرتەسکدا هەندێ فەرمان ڕەت دەکەنەوە بۆ ئەوەی تۆمەتی یاخیبوونی نەدرێتە پاڵ. ئاستی بەکارهێنانی ئەم هاوکارینەکردنە سیاسییە توانی

دەسەڵاتدارەکان بۆ سەپاندنی ویستی خۆیان و جێبەجێکردنی پرۆسەکانی سەرکوتکردن سنووردار دەکا. جا با سەرەتا لە هەندێ نموونەی بێتوانیی بەئەنقەست بکۆڵینەوە کە لە رووسیای قەیسەری و هندستانی ژێر داگیرکردنی بەریتانیا و نەرویجی ژێر داگیرکردنی ئەڵمانیا وەرگیراون.

أ.ت. فاسیلییف سەرۆکی پێشووی پۆلیسی نهێنیی قەیسەری راپۆرتی دا کە سەرپێچییەکی بەردەوام هەیە لە یاسای رێگرتن لە نیشتەجێبوونی جوولەکە لە هەندێ ناوچەی رووسیا و بەهۆی تێوەگلانی دەسەڵاتداران، ژمارەیەکی زۆر جوولەکە کە لە هەندێ شاردا دەژین کە پێویستە ئەو شارانە بە روویاندا کلۆمدراو بن. پۆلیس چاوپۆشی دەکەن.

لەکاتی شاڵاوە ناتوندوتیژانەکان دژ بە کۆگەی خوێ لە دارسانای هند لە ١٩٣٠، پۆلیس سوور بوو لەسەر لێدانی خەباتکارە ناتوندوتیژەکان بە دار حەیزەران کە بە توێژاڵی پۆلاین رووپۆش کراوە. بەڵام ئەمە، وەک شایەت ویب میلەر باسی دەکا، هەموو کات کەڵکی نەبووە و دەنووسێ: پۆلیسی گەمژەی شاری سورات بەزۆری وای نیشان دەدا لە خەڵک دەدا. ئەوە ئاشکرا بوو کە کاتێ ئەفسەرەکە لە جێیەکی تر سەرقاڵ بوایە، پۆلیس دەستی شل دەکرد، کاتێ ئەفسەرەکان دەردەکەوتنەوە، پۆلیسەکان سەرلەنوێ بە رواڵەت دەستیان دەکردەوە بە لێدان و سووکایەتیکردن بە بەشداران.

ساڵی ١٩٤١، فەرماندەی پێشووی گستاپو رۆدۆڵف دیلز فەرمانەکانی گولایتەرزی بۆ دەستگیرکردنی جوولەکەکان رەت کردەوە. هەروەها گراف فابر کاستیل رەتی کردەوە تەقە لە پێنجسەد جوولەکە بکا لە پۆلۆنیا، هیچکامیشیان سزا نەدران.

جەنەراڵ هانس رۆتەر لە پۆلیسی نهێنی، لە ئەیلوولی ١٩٤٢ سکاڵای کرد لە هاوکارینەکردنی پۆلیسی هۆڵەندی لە مەفرەزەکانی گەڕان بەدوای جوولەکەکانی هۆڵەندادا.

لە نەرویجی داگیرکراو پیاوانی پۆلیسی نەرویجی و سەربازانی ئەڵمانی پێکەوە بەئەنقەست بێتوانییان نیشان دەدا، چ بە ئاسانکاری بۆ هەڵاتن یاخۆ بە ئەنجامدانی هەڵمەتی کەمتری دەستگیرکردن. لە حاڵەتێکدا، پۆلیسێکی نەرویجی رەوانە کرا بۆ گرتنی جوولەکەیەک، وا رێککەوت لە ماڵەوە نەبوو، نامەیەکی بۆ جێهێشت کە سەعات دوازدەی نیوەڕۆ دێتەوە، ئەوەش دەرفەتی دایە داواکراوەکە تا کەلوپەلەکانی کۆ بکاتەوە و هەڵبێ.

لەکاتی ئەم هەڵمەتی رەشبگیرییەدا، ژمارەیەک جوولەکە پێشوەخت ئاگەداری فەرمانی گرتنیان بوون.

ئەم جۆرە رووداوانە چەندان جار لەبەرامبەر گرتنی جوولەکە، بە ئافرەت و منداڵانیشەوە روویان داوە. ئەوە بوو لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٤٢ پیاوانی پۆلیس بە نهێنی بە پیاوانی بەرگرییان راگەیاند کە بەنیازن هەڵمەتێکی بەسەرردادانی ماڵی جوولەکەکان ئەنجام بدەن، هەندێ لە بەرگریکاران شەوی پێش لە هەڵمەتەکە چوون و جوولەکەکانیان ئاگەدار کردەوە.(٣٤٤)، هەروەها

لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣ کاتێ ژمارەیەکی زۆر لە قوتابییانی زانکۆی جوولەکە دەستگیر کران، سەربازە ئەڵمانییەکان دەچوونە ماڵەکان و هانیان دەدان هەڵبێن، ئەویش بەوەی لەکاتی گەڕان بەدوای قوتابییانی جوولەکەدا، لەبری ئەوەی، وەک باوە، بچنە ماڵەکان و بیانپشکنن، تەنیا بەوە قایل دەبوون کاتێ لە دەرگەی ماڵێکیان دەدا وەڵامیان بدرایەتەوە کە ئەو قوتابییە داواکراوە لە ماڵ نییە.

جگە لەم کارانە ڕواڵەتەکانی ڕەتکردنەوەی ئاشکرای هاوکاریکردن و جێبەجێنەکردنی فەرمانەکان، بە زەقی لەنێوان پیاوانی پۆلیسی نەرویجیشدا سەری هەڵدا، بەڵام ورد نییە ئەگەر بڵێین ئەوە نموونەیەک بوو بۆ ڕەتکردنەوەی تەواوی هاوکاریکردن لەگەڵ فاشیزم. لارس لابیە-لۆند کە پاشتر بوو بە فەرماندەی پۆلیسی تاوان لەئۆسلۆ و دوای ئەوەیش بوو بە دادوەر لە دادگەی بەرایی، باسی ئەم ڕووداوی هاوکارینەکردنانەی کردووە.

لە ٦ی نیسانی ١٩٤٠، ئەو ڕۆژەی ئەڵمانیا چووە ناو ئۆسلۆ، فید کون کیسلنگ سەرکردەی حزبی نازیی نەرویجی خۆی بە وەزیری دەوڵەت ڕاگەیاند و فەرمانی بە کریستیان ویلهالڤن فەرماندەی پۆلیسی ئۆسلۆ کرد لەگەڵی کۆ ببێتەوە. بەڵام ویلهالڤن نەچوو بۆ نووسینگەکەی کیسلنگ، کاتێ ڕۆژی پاشتر کیسلنگ پەیوەندیی پێوە کرد و لە هۆکەی پرسی، فەرماندەی پۆلیس وەڵامی دایەوە ئێستە، هەروەک دوێنێ، لە نووسینگەکەی خۆیەتی ئەگەر کیسلنگ دەیەوێ لەگەڵی کۆ ببێتەوە.

کیسلنگ پاشەکشەی کرد، بەڵام لە مانگی ئەیلول رایخ تریبۆفن فەرمانی لەکارلادان و گرتنی ویلهالڤنی دەرکرد و لە سەربازگەی گرینی لە نەرویج بەند بوو تا ساڵی ١٩٤٣، ئەنجا گوێزرایەوە بۆ بارەگەی کستابۆ لە بەرلین، لە کۆتاییشدا بۆ باڤاریا و لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥ ئازاد کرا، لە ئەنجامی هەندێ دانوستاندن کە کۆنتی سویدی فۆلک برنادت ئەنجامی دا.

بەڵام هەموو ئەفسەرانی پۆلیسی نەرویج شوێن پێی ویلهالڤنیان هەڵنەگرت، بگرە کەمێک پاش ئەوە زۆربەی گەورە بەرپرسانی پۆلیس بوونە ئەندام لە حزبی فاشیدا و ٦٠٪ی ئەفسەرەکان بە یاریدەدەرانی سەرۆک کیسلنگیشەوە خۆویستانەوە چوونە ڕیزی ئەو حزبە. هەروەها نێزیکەی ٤٠٪ی پیاوانی پۆلیس پەیوەندییان بە حزبەوە کرد.

لابیە لاند زیاتر دەڵێ: لەگەڵ ئەوەیشدا ڕێژیم نەیدەتوانی پشت بە دەزگەی پۆلیس ببەستێ.

لە مانگی تەموزی ١٩٤٠، پۆلیس فەرمانێکی پێ گەیشت کە بە شێوەی فاشی سڵاو بکا، ئەویش بە بەرزکردنەوەی دەستی ڕاست. ئەمە مقۆمقۆیەکی گەورەی لە ڕیزەکانی پۆلیسدا دروست کرد. لە ئۆسلۆ هێزەکانی دەستوەدان لە بارەگەی گشتی ڕەتیان کردەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەرک دەربچن، لە کریستیانسند فەرماندەی پۆلیس لەو کەسە کەمانە بوو کە نەچووبووە حزبی نازی، ئەو فەرمانەی ڕەت کردەوە، یاریدەدەرەکانیشی شوێنی کەوتن. بە هۆی ڕەتکردنەکەیەوە دەستگیر کرا و گوازرایەوە بۆ ئەڵمانیا.

له پایزی ساڵی ١٩٤١، سێ یاریدەدەری فەرماندەی پۆلیسی تاوان لە ئۆسلۆ ڕەتیان کردەوە دەستبەسەرڕاگرتنی بڕێک خۆراک پەسند بکەن کە شەو پیاوانی هەورەبروسکەی نەرویجی پێی هەستاون. هەرسێکیان گیران بەڵام دواتر ئازاد کران و گواستیانەوە بۆ هەرێمی ئوستلاند کە پێگەی ڕێکخراوی پۆلیس بۆ بەرگریی نهێنی بوو. لە پایزی ١٩٤٢وە لە هێزی بەرگرییەوە ڕێنوێنی بۆ پیاوانی پۆلیس دەردەچوو بۆ بایکۆتکردنی فیستیڤاڵە پروپاگەندەییەکان و ناونەنووسین بۆ پڕ□کردنەوەی شوێنە بەتاڵەکانی پۆلیس.

کاتێ فاشییەکان ساڵی ١٩٤٣ بەرنامەی کاری ئامادەسازیی هاووڵاتییانی نەرویجی دەست پێ کرد، کە ناسراوە بە کۆششی نیشتمانی بۆ کار، بەرگریی نهێنی لە مانگی حوزەیران ڕێنوێنییەکانی بۆ پیاوانی پۆلیس دەرکرد بۆ بەشدارینەکردن لەو چالاکییانەی لەوانەیە یارمەتیی ئەو کارنامە زۆرەملێیە بدا. پاش دوو مانگ گونار ئۆلیفسن یاریدەدەری فەرماندەی پۆلیسی ئۆسلۆ ڕەتی کردەوە گوێڕایەڵیی فەرمان بکا بۆ هێنانی دوو کچ بۆ کارکردنی زۆرەملێ، بەو هۆیەوە درایە دادگەی سەربازی و لە مانگی ئابی ١٩٤٣ لە دار درا. لە هەمان ڕۆژدا بانگی ئەندامانی پۆلیسی ئۆسلۆ کرا کە ژمارەیان نێزیکەی ٦٠٠ تا ٧٠٠ پۆلیس بوو بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ جۆناس لای فەرماندەی پۆلیس و ئەندامی حزبی فاشی. هەواڵی لەداردانی ئۆلیفسنی پێ ڕاگەیاندن و داوای لێ کردن پەیماننامەی گوێڕایەڵیکردنی فەرمانەکان ئیمزا بکەن، ئەندامانی حزبی فاشی دەستبەجێ ئیمزایان کرد بەڵام ژمارەیەکی تریان بە بەردەم مێزەکەدا تێپەڕین بەبێ ئەوی ئیمزای بکەن. پاش گفتوگۆیەکی دۆستانە و هەڕەشەکردن بە کوشتن ئەگەر ئیمزا نەکەن، چواردە پۆلیس هەر سوور بوون لەسەر هەڵویستی ڕەتکردنەوەیان. بە بارهەڵگر گوازرانەوە بۆ دەرەوەی شوێنەکە، بەڵام پێ دەچێ لەدار نەدرابن.پیاوانی پۆلیس لە پایزی ١٩٤٣ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ گرووپی بەرگریی سەربازیی میلۆرگ و گرووپی بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانەی سیفۆرگ سەرکردایەتییەکی نهێنییان بۆ پۆلیس دامەزراند. ڕێکخراوەکەی پۆلیس هاوکاریی گرووپی بەرگریی سەربازیی دەکرد بە دانانی دەزگەیەکی خزمەتگوزاریی میدیایی کە ئاگەداری بدا لە بارەی ئەو شاڵاو و هەڵمەتی دەستگیرکردنانەی دژ بە ماڵەکانی کەس و ڕێکخراوەکان ئەنجام دەدران، هەروەها کاری دەکرد بۆ ئاشکراکردنی ئەو بەکرێگیراوانەی کاریان لەگەڵ نازییەکان دەکرد و پەکخستنی چالاکییەکانیان.

٧- یاخیبوون

لە هەنگاوێکی پێشکەوتووی جموجووڵی هاوکارینەکردندا، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و پیاوانی پۆلیس دەتوانن یاخی ببن و بە ئاشکرا فەرمانی سەرکوتکردنی بزاوێکی بەرگری ڕەت بکەنەوە. یاخیبون لە هەندێ حاڵەتی تردا ڕێگەی سەرەکی و هەندێ جار ڕێگەی زاڵی بەرگری و خەباتی شۆڕشگێرانەیە، نەخاسمە کاتێ سوپا خۆی لە حاڵەتی شۆڕشدا بێ. لە کاتی هەڵگیرسانی هەر

شۆڕشێکی توندوتیژدا چەند یەکەیەکی سەربازی دەچنە ڕیزی ململانێی توندوتیژانە شانبەشانی شۆڕشگێڕەکان، کە لە بنەڕەتدا مۆرکی ململانەیەکی ناتوندوتیژانە وەردەگرێ. لەوانەیە یاخیبوون دەربڕینی تەواوی خۆی لە ڕەتکردنەوەی ئەرکە ئاساییەکان ببینێتەوە، وەک سەپاندنی ویستی ڕیژیم بەسەر گەلدا، یان بەرپاکردنی شەڕ دژی دوژمنێکی دەرەکی. لەوانەیە ئەم ڕەتکردنەوەیە توانی ڕیژیم بۆ حوکمڕانیکردن فەلەج بکا لەڕێی هەلاّیسانی تەواوی ڕەتکردنەوە و هاوکارینەکردن و فەلەجکردنی دەزگە سەرکوتکەرەکانی ڕیژیم و تێکشکاندنی توانا سەربازییە کلاسیکیەکانی.

لەکاتی شۆڕشی ١٩٠٥دا یاخیبوون کارێکی باو بوو. فەرماندەی پێشووی پۆلیسی نهێنیی قەیسەری لە وەسفکردنی یاخیبوونێکدا لە سان پترسبۆرگ لە ٢٤ی شوباتی ١٩٠٥، دەنووسێ و دەڵێ: کاتێ هەوڵی گۆڕینی پیاوانی پۆلیس درا بەبەکارهێنانی تیمەکانی قۆزاق، تێبینیی حاڵەتێکی زۆر مەترسیدار کرا: ئەو قۆزاقانەی ڕۆژانێک سەرچاوەی تۆقاندن بوون بۆ جەماوەری ئاژاوەچی، لەم حاڵەتەدا لەگەڵ جەماوەردا برایەتییان کرد و هیچ ئامادەییەکیان بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی جدی دژی جەماوەر پێوە دیار نەبوو.

لەکاتی ئەم شۆڕشەدا، بەتایبەت لە تشرینی دووەمی ١٩٠٥ تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٠٦، ئەو هێزانەی لە شەڕ لەگەڵ ژاپۆن لەڕێی هێڵی ئاسنی سیبریاوە دەگەڕانەوە، سیستمیان تێک دەدا:

سەربازەکان ڕەتیان دەکردەوە گوێڕایەڵیی ئەفسەرەکانیان بکەن و لەو ناوەندانەی دەسەڵات تێیاندا هەرەسی دەهێنا برایەتییان لەگەڵ مەدەنییە شۆڕشگێڕەکان دەکرد، بەتایبەت لە خاربین و شیتا و کراسنوبارسک و ئیرکوتسک. ڕواڵەتەکانی شکاندنی سیستم جۆرەوجۆر بوون لە نێوان گوێڕایەڵینەکردنی سادەی سەرۆکەکان تا ڕادەی زێدەڕەوییی ڕژد وەک تۆڵەکردنەوە لە یەکێک لە جەنەراڵەکان بەهۆی جوێندانی بە کرێکارانی هێڵی ئاسن لە شیتا، فارگۆنەکەیان لە شەمەندەفەرەکە کردەوە و بەو شێوەیە بەجێیان هێشت.

پێ دەچێ یاخیبوونی شاری ئیرکوتسک لە سیبریا نموونەیەکی دیار بێ لەسەر تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕێگە ناتوندوتیژانەیە. سۆشیال دیموکراتەکانی نەیاری دەسەڵاتی ناوەندی مۆڵەتی قسەکردن بۆ سەربازەکانیان وەرگرت، کە وەک ج.ه.ل.کیب دەڵێ، پاشتر ئامادە نەبوون خزمەتی سەربازی بکەن.

ئەندامانی یەکە ڕووسییە یاخیبووەکان لەکاتی شۆڕشی شوباتی ١٩١٧دا ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان گێڕا. بۆ نموونە یەکەی فولینسکی لە ٢٧ی شوبات یاخی بوون، ئەویش پاش ئەوەی بەپێی فەرمانەکان تەقەی لە خۆپیشاندەرە بێوەی (مسالم)ەکان لە گۆڕەپانی ترنامنسکی لە پترۆگراد کرد و ئەفسەری هێزەکە لەلایەن کەسێکی نەناسەوە کوژرا. ڕۆژی دوای ئەوە سەربازانی یەکەکە تەقەیان بەهەوادا دەکرد و هاوهەڵوێستیی خۆیان لەگەڵ گەلی ڕاپەڕیو دەربڕی، هەر زوو پەتی یەکگرتووییان پسا و تێکەڵی خۆپیشاندەران بوون و بوونە بەشێک لە جەماوەر. یاخیبوونەکە بۆ یەکەکانی تر تەشەنەی کرد و مەفرەزەکان لەڕێی گەڕانەوەیاندا بۆ بنکەکەیان لە ئێوارەدا، لەگەڵ

جەماوەر تێکەڵ بوون. بەگشتی، سەربازەکان لە یەکەکانیاندا نەمانەوە، هەروەک بە چەکیش هێرشیان نەکردە سەر ڕژێم:

ئەو سەربازانەی دابەزیبوونە شەقام خۆحەشاردانیان لەنێو حەشاماتە گڕگرتووەکەدا پێ باشتر بوو لەوەی لە یەکەکانیاندا هەڵوێستێکی دیاریکراو وەربگرن. هەر بۆیە تفەنگەکانیان فرۆشت و پاڵتۆکانیان بە پارچە پەڕۆی سوور ڕازاندەوە و دەچوونە ناو ئەم یان ئەو خۆپیشاندان، مەخفەرەکانی پۆلیسیان تێکوپێک شکاند و دەرگەکانی گرتووخانەکانیان کردەوە و ئاگریان بەردایە باڵەخانەکانی دادگەکان، یاخۆ دەستیان دایە شێوەی تری چالاکیی شۆڕگێڕانەی کەمتر توندوتیژ.

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا نەیدەزانی کام لە یەکەکان هی ئەوەیە پشتی پێ ببەسترێ. لە ٢٧ی شوبات وەزیری شەڕ بروسکەیەکی ئاراستەی قەیسەر کرد و ئاگەداری کرد لە ڕوودانی یاخیبوونە فرەوانەکە و ئاگرکەوتنەوەکان و دەستەپاچەیی خابالۆف فەرماندەی زانکۆی پترۆگرادی سەربازی لە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە و داوای کۆمەکی دەستبەجێی کرد بە هێزێکی گەورەی جێمتمانە. هەندێ جار یەکەیەکی یاخی هێرشی دەکردە سەر یەکەیەکی سەر بە ڕژێم وەک لە بۆسەکەی لوگادا لەو ماوەیەدا ڕووی دا.

لە هەردوو مانگی ئایار و حوزەیرانی ١٩١٧دا یاخیبوونێکی فرەوان لە ڕیزەکانی سوپای فرەنسادا ڕووی دا وەک ڕاپەڕینێکی گشتی دژی شەڕ و دژی ئەو نەهامەتییانەی لە ئەنجامی ئەو تەڵزگە سەربازییەی دووچاری سەربازەکان ببوو. نیوەی هێزە فرەنساییە شەڕکەرەکان یاخیبوونیان بەخۆوە بینی کە ناو نرا دانەمەزراویی بەکۆمەڵ. ڕیچارد وات دەنووسێ: ڕاپەڕینەکان دەستیان پێ کرد، هەروەها یاخیبوونی خۆبەخۆکان بەردەوام بوون بەبێ ئامانجێکی ڕاگەیەنراو، نە سەرکردایەتیەکی ڕێکخراوی هەبوو، نە قارەمان و نە چاودێر.

یاخیبوونە بچووکەکان سزا دەدران، بەڵام لەگەڵ زۆربوون و فرەوانبوونی ئەو کردانەدا یاخبوونی یەکەکان لەبەر زۆرییان بەبێ سزادان دەمانەوە. یەکەم یاخیبوون لە فیرقەی دووەم لە سوپای پیادەی هەژدەدا ڕووی دا. ئەو فیرقەیە لە ٢٩ی نیسان فەرمانی پێ گەیشت بۆ گەڕانەوە بۆ شەڕ، ئەوەیش پاش کەمتر لە دوو هەفتە لە لەدەستدانی چوار سەد کەس لە کۆی شەش سەد کەس لە کوژراو و بریندار، ئەگەرچی ئەو دوو سەد کەسەی مابوونەوە زیانیان پێ نەگەیشتبوو، بەڵام تووشی هەرەسی مێشک ببووبوون. فیرقەکە لە کۆتاییدا ناچار کرا بگەڕێتەوە بۆ بەرەی شەڕ و پێنج کەسیشیان سزای مردنیان بۆ دەرچوو لەبەرئەوەی سەرکردەی یاخیبوونەکە بوون، لەگەڵ ئەوەیشدا یاخیبوون بڵاو بووەوە و لە نێوان شەوێک و چێشتەنگاوەکەیدا ڕێساکانی دامەزراوی (قواعد الانضباط) بوون بە هەڵم و ئەفسەرەکان لەپڕ هەستیان کرد ناتوانن سەرکردایەتیی سەربازەکانیان بکەن و لەنێو بازنەی حەشاماتێکی گەورەی ناڕێکخراودا ڕاکەڕاکەیان بوو. وات لەبارەی ئەم یاخیبوونەوە دەڵێ:

ئەوە جۆرێکە لە مانگرتنی پیشەوەرانە، مانگرتنێکە لەو ڕاستییەوە هاتووە کە سەربازەکان لەپڕ هەموو متمانەیەکیان بە جەنەراڵەکانیان و ستراتیجەکانی ئەو جەنەراڵانە لەدەست دا و چی تر ئامادە نین گیانی خۆیان بە سەرکردایەتیەکی باڵا بسپێرن، کە هەست دەکەن بایەخ بە ئازارەکانیان نادات و لە ئاستیاندا بێموبالاتە.

کۆستە ترسناکەکان و ئەو هەڵمەتە سەرنەکەوتووەی جەنەراڵ ڕۆبیر نیفیلی فەرماندەی گشتی سەرکردایەتیی کرد، ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەبوو لە هەڵگیرساندنی شەپۆلی یاخیبوونەکان، حکوومەتی فڕەنسا بەهۆی یاخیبوونەکە و شکستی هەڵمەتەکەوە لە ١٥ی ئایاری ١٩١٧ جەنەراڵ نیفیلی لەکار لادا و جەنەراڵ هنری بیتانی لەجێی دامەزراند.

لە ٢٣ی نیسانی ١٩٣٠، لەکاتی هەڵمەتەکەی هند لە هەردوو ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١، فیرقەیەک لە سەربازە هندیەکانی "گاروالی" ڕەتیان کردەوە تەقە لە خۆپیشاندەرە بێوەیەکان لە پیشاوەر بکەن. بەو هۆیەوە ئەو سەربازانە سزا دران.

## چالاکیی ناوەخۆیی حکوومەت

١- فرتوفێڵ و خاوەخاوکردنی نیوچە شەرعی

هەندێ گرووپی ناو دەسەڵات ناتوانن ڕاستەوخۆ گژبەریی یاساکان یان بڕیارەکانی دادگەکان و شتی لەو شێوە بکەن، بۆیە دەخوازێ سیاسەت یان تەگبیرێکی تایبەت بۆ ئەوە بەکار بێ و لەبری ئەوە ڕواڵەتی یاسا یان تەگبیر، یاخۆ پێوەرێکی تری تەواو جیاواز لەوەی جێی مشتومڕە پیشان بدەن، ئەویش بە ئامانجی بەیەکجاری خۆ ڕاپسکاندن یان ئەوپەڕی خاوەخاوکردن لە ملکەچکردن بۆ خواستەکانی یاسا یان فەرمان یاخۆ ئەو بڕیارانەی دادگە، کە بابەتی ڕەتکردنەوەن. ئەم تەگبیرانە هاوشێوەی دەستی دەستی و دواخستتن کە پێشتر باسمان کردن، بە جیاوازیی ئەنجامی چالاکییەکانی بەردەستەکان یاخۆ یەکەکان کە دەبنە بەشێک لە دەوڵەت، لەباتی ئەوەی ئەنجامی چالاکیی تاکەس یاخۆ یەکەی کارگێڕی یان شتی لەو شێوەیە بێ.

ئەم شێوە چالاکییانە بەشێوەیەکی بەرفرەوان لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کۆتای قۆناخی بنیتنانەوەی پاش شەڕی ناوەخۆ تا ڕۆژی ئەمڕۆمان، بەکار هاتوون. بەڵام هیچ شتێکی جەوهەری نییە کە جیاواز بێ لەو ڕێگەیەی لایەنگرانی جوداخوازە باشوورییەکان کێشایان. هەموارکردنی مادەی پازدەیەمی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکان، دەسەڵاتی ڕەتکردنەوەی مافی ڕەشپێستەکان لە دەنگداندا لە ویلایەتەکان دەسەنێتەوە، هەر بۆیە هەندێ ویلایەتی تر جێگرەوەیان بەکار هێنا بۆ گەیشتن بە هەمان ئامانج. بۆ نموونە لە ویلایەتی ئۆکلاهۆما ساڵی ١٩١٠ هەموارێک لە دەستووردا کرا، بەو پێیە دەبێ بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان تاقیکردنەوەیەک لە نووسیندا بکرێ، ئەو یاسایەش جیاوازییەکی لەنێوان ئەو هاووڵاتییانەی بانگهێشت کراون بۆ ئەنجامدانی

تاقیکردنەوەکە دروست کرد.

أ.ب.بلوستاین و س.س.فرگسۆن لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی "یاسا و لەناوبردنی جیاکاریی ڕەگەزی" دەنووسن:

لە مێژووی یەکی کانوونی دووەمی ١٨٦٦وە و لە هەر مێژوویەکی دواتر، نابێ هیچ کەسێکی لێوەشاوە قەدەخە بکرێ لە دەنگدان بۆ هەر جۆرە حکومەتێک، پاشتریش هیچکام لە نەژادەکەی بەهۆی نەبوونی توانی خوێندنەوە و نووسینەوە لە مافی تۆمارکردن و دەنگدان بێبەش ناکرێ. بە دەربڕینی تر، ئەو کەسانەی بانگهێشت کراون بۆ بڕینی تاقیکردنەوەی نووسین بە ئامانجی دەنگدان، ئەوانەن باوباپیرانیان کۆیلە بوون. دادگەی باڵا ئەم "مادەی باوباپیران"ەی بە نادەستووری دانا. ساڵی ١٩١٦ ئۆکلاهۆما یاسایەکی پاشکۆی دەرکرد دەڵێ هەر کەس لەمەودوا لە مافی دەنگدان بێبەش بکرێ، دەبێ لە ماوەی دوازدە ڕۆژدا خۆی تۆمار بکا. لەوەیشدا مەبەست "کۆیلەکان" بوو، چونکە چەندان کۆسپی کردەیی هەبوون ڕێی دەنگدانیان لێیان دەگرت، ئەوەیش بە نادەستووری هاتە ڕاگەیاندن. دادگەی باڵا نووسیی کە مادەی پازدەیەم هەموو شێوەکانی جیاکاریی ئاڵۆز و سادە هەڵدەوەشێنێتەوە.

ویلایەتەکانی باشوور شێوەگەلی فرەجۆری تریان بەکار هێنا، چ شەرعی و چ ناشەرعی، بۆ بەرگرتن لە بەشداریکردنی زنجییەکان لە دەنگدان، ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کە لە ساڵی ١٩٦١ لە لیژنەی ڕاوێژکاری لە ویلایەتی باکوری کارۆلینا دەرچووە، ژمارەیەک سکاڵای بە دەستەتی ژمارەیەک زنجی لە پێنج ناوچە ژماردووە، کە تێیاندا سکاڵا لەوە دەکەن تاقیکردنەوەکەی نووسین بەشێوەیەکی جیاکارانە لەدژیان جێبەجێ کراوە بە مەبەستی ڕێگرتن لە دەنگدانیان. زۆر جاریش بە بەڵگە سەلماوە کە یاسای "تاقیکردنەوەی نووسین" لە ویلایەتەکانی باشوور بۆ ئەو مەبەستە بەکار هاتووە.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: ئەوە سەلماوە کە تاقیکردنەوەی خوێندنەوە و نووسین بەشێوەیەکی جیاواز لە هاووڵاتییانی سپی، لەگەڵ ئەوانەی تانەی لێ دەدەن بەکار هاتووە، ئەویش بەمەبەستی جیاکاریکردن دژی تانەلێدەرەکان و بێبەشکردنیان لە سەرمافی تۆمارکردن و دەنگدان تەنیا لەبەر نەژادەکەیان و هیچی تر. ساڵی ١٩٦١ دادگەی باڵا لە کارۆلینای باکور ئەوەی پەسند کرد کە دەبێ دەرفەتێکی تر بدرێتە هەر تانەلێدەرێک بۆ خۆ تۆمارکردن و ئەو تاقیکردنەوەی دەیکا دەبێ لەگەڵ یاسادا گونجاو بێ.

ژمارەیەک لە ویلایەتەکان شێوازی جیاوازی شەرعی و نیوە شەرعییان بەکار هێنا بۆ خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی بڕیاری دادگەی باڵا ساڵی ١٩٥٤، کە جیاکاریی ڕەگەزیی لە قوتابخانە گشتییەکاندا قەدەخە کردبوو. بۆ نموونە لە ویلایەتی کالیفۆرنیا یاسای چاودێریکردنی قوتابییان بە مافی دانانی یاسایەکی یەکگرتووی بۆ تاقیکردنەوەکان دابووە دەزگەی فێرکردن، تا قوتابییان بە پێی لێهاتنە فیکرییەکان و تواناکانیان لە خوێندندا لە قوتابخانە پۆلبەندی بکرێن، بەوە لە هەر

قوتابخانەیەکدا کەشوهەوایەکی یەکسانی لە نێوان قوتابییان لە پسپۆرییە هاوشێوەکاندا هاتە کایە. ئامانجی تاقیکردنەوەکان لەبەرچاوگرتنی هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەروونی و کۆمەڵگەییە زانستییە جێگیرەکە بوو بەمەبەستی ڕزگاربوون لە هەر ناهۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی-ئابووری لەنێوان قوتابیەکانی هەر قوتابخانەیەکدا. تۆمارکردنی قوتابییان لە قوتابخانە تایبەتەکان هۆکارە دەروونی و ئەخلاقی و ڕۆشنبیریەکانی قوتابییان لەبەرچاو دەگرێ، بەشێوەیەک لەگەڵ قوتابیەکانی ئەو قوتابخانەیەدا گونجاو بێ.

کارۆلینای باکور لەو ماوەیەدا بەرنامەیەکی دامەزراندنی بۆ قوتابییان دانا، کە ڕێگە بە دەزگەی فێرکردن دەدا قوتابی بۆ قوتابخانەیەکی دیاریکراو بنێرێ. بڕیاری دامەزراندن بەپێی سیستمێکی ئاڵۆز بەڕێوە دەچوو، کە کاتی قوتابییانی نارازی لە شوێنی دامەزراندنەکەیان، بەفیڕۆ دەدا. بلوستاین و فیرگسۆن دەڵێن ئەم یاسایە هەوڵی دا سوود لەو دۆخە وەربگرێ کە ناکرێ هیچ سکاڵایەک بخرێتە بەردەم دادگەی فیدراڵی پێش لەوەی سکاڵاکە هەموو ڕێوشوێنەکانی شیمانەی چارەسەرکردنی لە دادگەکانی ویلایەتەکەدا گرتبێتە بەر.

کاتێ لەچوارچێوەی ئەم یاسایەدا سکاڵایەک بۆ دادگەی باڵا لە باکوری کارۆلینا بەرز کرایەوە کە پێوەندیی بە منداڵانی زنجییەکانەوە هەبوو لەو ناوچەیە، سکاڵاکە لە ئایاری ١٩٥٦دا ڕەت کرایەوە بە بەڵگەی ئەوەی پێویستە لەسەر بناخەیەکی تاکەکەسی پێشکێش بکرێ. لە ئەنجامی ئەوەدا جارێکی تر هەر قوتابیەک بەجیا سکاڵای پێشکێش کرد.

٢- هاوکارینەکردنی داوودەزگە حکومییە دەستوورییەکان

دەگونجێ هەندێ داوودەزگەی حکوومیی ناوخۆیی یان ناوچەیی، لەبەرامبەر سەرهەڵدانی بەرهەڵستییەکی فرەوان و هاوکارینەکردنی حکوومەتی ناوەندی، وەک بەدەمەوەچوونێکی ڕای گشتی، بە ڕەسمی هاوکارینەکردنی حکوومەتی ناوەندی ڕابگرن. کران برینتۆن پێی وایە ئەوە هۆکارێکی یەکلاکەرەوە بووە لە شۆڕشە ئەمەریکاییەکەدا، کاتێ کۆبوونەوە گشتییەکان لە شارەکان و دەستە یاسادانەرە نیشتەجێکارەکان بەشێک بوون لە حکوومەتی ناوەندی، بەڵام کەسانێکی چالاک لە حکوومەتە ناشەرعییەکە بەڕێوەیان دەبرد.

ڕەنگە زیاترین کارێکی ناتوندوتیژانە و ناهاوکار لەگەڵ حکوومەتدا لەکاتی ململانەی ئیمپریالیزمیی ئەمەریکایی، لە ڕۆدئایلاند ڕووی دابێ کاتێ کۆمەڵەی گشتی لە ئەیلوولی ١٧٦٥ ئاماژەی دایە ڕەسمییەکانی ویلایەتەکە بۆ پشتگوێخستنی یاسای پوولەکان: هەموو ئەفسەرانی ویلایەتەکە کرێکانیان لە دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی وەردەگرن، هەر بۆیە پێویستە کاری خۆیان بە ئاسایی بکەن، کۆمەڵەی گشتی قەرەبووی ئەو فەرمانبەرانە دەکاتەوە و دەیانپارێزێ.

تەنیا هەر دابەشکەری پوولەکان لە ڕۆد ئایلاند نەبوو کە ملکەچ نەبوون، بگرە حاکمەکە خۆیشی ڕەتی کردەوە ڕێوشوێن بۆ سەپاندنی ڕەسمی پوولەکان بگرێتە بەر. دادگەکانی ویلایەتەکە

درێژەیان بە کاری ئاساییی خۆیان دا بەبێ بەکارهێنانی پوول لەسەر بەڵگەنامەکانیان، وەک یاسا داوای دەکرد.

کۆمەڵەی گشتی لە نیویۆرک ساڵی ١٧٦٦ بەرهەڵستیی کرد و بەرەنگاری پێشکێشکردنی باجی چواریەکی کرد لەسەر مادده خۆراکییەکان بۆ یەکە شاهانەکان، وەک یاسا داوای دەکرد. لە وەڵامی وەزیری دەوڵەتیش بۆ بەشی باشوور لە لەندەن، کۆمەڵەی گشتی ڕایگەیاند تێچووی ئەو ماددانە لە وزەی کۆڵۆنییەکە و دانیشتووانەکەی زیاترە..."بۆیە لە بەڕێزتان دەپاڕێینەوە وەک خۆی لەم ڕەفتارەمان تێ بگەن... وا لە بابەتەکە بڕوانن کە ئەوەی وای لێ کردوون گوێڕایەڵ نەبین، وابەستەییمانە بە ئەرکی سەرشانمان".

ئەوەیش پاش داگیرکردنی سەربازیی بۆستن هات لە ٣٠ی ئەیلوولی ١٧٦٨, جۆرج ترفلیان دەنووسێ: بۆستن لەڕێی دەسەڵاتەکانی یاسادانانییەوە بە نەرێنی ڕووبەڕووی داگیرکردنەکە بووەوە، بگرە بە بەرەنگارییەکی تووڕە و کاریگەر.

ڕاگر (عمدە)کان لەڕێی ئەنجوومەنەکەوە داوایان کرد پیاوەکانیان داڵدە و خۆراک بدرێن، ئەوەیان یاد خرایەوە کە بەپێی یاسا شارەکە ناچار نییە باجی چواریەک بدات و ئازووخە بگەیەنێتە دەرگەی بنکەکانی قەڵاکە کە ئەوانی تێدا دامەزراون، هەروەها پێویستە ئەنجوومەن و ڕاگرەکان بزانن یەکەکان نەنێردراون بەرگری لە قەڵایەک بکەن کە لە دورگەیەکی کەنداودایە، بگرە بۆ داگیرکردن و زیانگەیاندن بە شارەکە نێردراون. جەنەراڵ گایج فەرماندەی باڵا لە ئەمەریکا لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ بۆستن بینی سەربازەکانی لە چادرەکاندا لەسەر زەوی دەخەون لەکاتێکدا زستانێکی سارد بەڕێوە بوو، بۆیە وای بە پێویست زانی ماڵەکان بەکرێ بگرێ ئەگەر بە نرخێکی خەیاڵیش بێ و گەنجینەی بەریتانیا ناچار کرا نرخەکەی خەرج بکا.

تا هەڵگیرسانی ململانەی سەربازی ساڵی ١٧٧٥، کۆبوونەوە گشتییەکان لە شارەکان و دەستەکانی یاسادانانی ناوچەکان چەند دەستپێشخەرییەکی لەدوای یەکیان کرد بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی بایکۆتکردنی ئابووری و وەک چەکێکی سەرەکی لە ململانە لەدژی حکوومەتی لەندەن بەکاریان هێنا. یەکێک لە پرسە لەپێشینە دەستوورییەکان و گرینگترینیان بەلای حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە پاش دروستبوونی، بریتی بوو لەوەی کێ دیاری دەکا کە یاسایەک یان چالاکییەکی دیاریکراو سنووری دەستووره نوێیەکەی تێ پەڕاندووە یاخۆ خواست یان دەسەڵاتەکانی بەزاندووە. دادگەی باڵا بەوە هەڵدەستا، بەڵام ئەوە تاکە ئەگەر نەبوو. ئەوە بوو تۆماس جیفرسۆن و جایمس مادیسۆن بنەمای پووچەڵکردنەوەیان پەرە پێ دا کە دەڵێ "ئەنجوومەنی یاسادانانی هەر ویلایەتێک دەتوانێ بڕیار بدا کە ئاخۆ ڕێوشوێنێکی دیاریکراو کە کۆنگرێس گرتوویەتیە بەر دەستوور پێشێل دەکا و بەو هۆیەشەوە لەو ویلایەتە بە هەڵوەشاوە دادەنرێ. ئەوەیش بووە بنچینەی بڕیارەکانی ڤێرجینیا لە ساڵی ١٧٩٨ و بڕیارەکانی کنتاکی لە هەردوو ساڵی ١٧٩٨ و ١٧٩٩,

تۆماس جیفرسۆن کە ئاراستە نەیارەکانی دیموکراسیەت لەنێو حکوومەتە نوێیەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان نیگەرانی کردبوو، کاتێ سەیری یاسای "کارە هاندەرەکان بۆ پشێوی و نائارامی"ی دەکرد، گەیشتە ئەو بەرەنجامەی پێویستە بەربەستێکی بەهێز لەبەردەم پێشێلکاریەکانی حکوومەتی فیدراڵی دروست بکرێ. خۆیشی بەشداریی دارشتنی ئەو بریارانەی کرد کە لە کنتاکی دران. لە یەکێک لە بریارەکاندا هاتووە:

لەبەرئەوەی ژمارەیەک لەو ویلایەتانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایان لێ پێک دێ، یەکگرتوو نین لەبارەی ملکەچکردنی رەها بۆ حکوومەتە گشتییەکە، بگرە حکوومەتێکی گشتی بۆ هەندێ پرسی دیاریکراو پێک دێنن...هەروەها لەبەرئەوەی حکوومەتە گشتییەکە هەندێ دەسەڵات بە خۆی دەدا کە پێی نەدراون، هەر بۆیە کارەکانی دەسەڵاتیان نییە و بەتاڵن و هیچ کاریگەرییەکیان نییە.

پاشتریش جەختی کرد کە پێویستە ویلایەتە دامەزرێنەرەکان، نەک حکوومەتی فیدراڵی، بریار بدا کەی دەستوور پێشێل کراوە.

یەکێک لە بریارەکانی ویلایەتی ڤێرجینیا لەو ساڵەدا دەڵێ کاتێ حکوومەتی فیدراڵی سنووری ئەو دەسەڵاتە دەستوورییانەی پێی دراون تێ دەپەڕێنێ، ئەوا ویلایەتە پێوەندارەکان نەک تەنیا ماف، بگرە ئەرکی سەر شانیانە رووبەرووی ببنەوە بۆ بەرەنگاریکردنی بڵاوبوونەوەی کارەساتەکە و راوەستاندنی، هەروەها بەو توانانەی لەبەردەستیاندایە پارێزگاری لە دەسەڵات و ماف و ئازادییەکانیان بکەن.

بریارەکانی کنتاکی ساڵی ١٧٩٩ جەختی لەوە کرد فرەوانبوونی چالاکییەکانی حکوومەتی فیدراڵی بۆ دەرەوەی ئەو سنوورەی دەستوور دیاری کردووە، دەبێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەی رۆڵی حکوومەتەکانی ویلایەتەکان، هەروەها ئەو یاسایەی دەڵێ تەنیا حکوومەتی فیدراڵی نەک ویلایەتە دامەزرێنەرەکان، دەسەڵاتی دیاریکردنی پرسی فرەوانکردنی ئەو دەسەڵاتە دەستوورییانەی هەیە کە پێی بەخشراون، لە کۆتاییدا دەبێتە مایەی لەبیرکردنی دەسەڵاتە فیدراڵییەکان تا دەگاتە رادەی حوکمی تاکرەوانە".

ئەم تیۆرییە بنچینەی بنەمای هەڵوەشاندنەوە بوو کە جۆن کالهۆنی جێگری سەرۆک لە ساڵی ١٨٢٨ کاری بۆ پەسندکردنی کرد کاتێ لەو ساڵەدا "یاسای تاریفە" هاتە هەڵوەشاندنەوە. کالهۆن پشتیوانیی لەوە دەکرد هەر ویلایەتێک مافی ئەوەی هەبێ لەنێو سنوورەکەیدا هەڵوەشاندنەوەی هەر یاسایەک رابگەیەنێ کە بە نادەستووریی دەزانێ. ئەوەیشی بە بەدیلی جیابوونەوە و بەرگری لە دەستوور لەقەڵەم دا. ئەم بنەما گشتییە لە هەندێ ویلایەت فرەوان کرا تا رادەی جیابوونەوەی کردەیی لە فیدراڵیەتەکە. جیابوونەوە خۆی لە خۆیدا کارێکی شەروانی نەبوو، بەڵام بەو شێوەیەی لێ هات کاتێ چەند پێکدادانێکی سەربازی لەنێوان هێزە فیدراڵییەکان و سەربازە جوداخوازەکاندا رووی دا.

کاتێ حکوومەتی ڕووسیا ساڵی ١٩١٠ فینلەندای خستە ژێر چاودێریی خۆی، هەوڵی دا خۆی لا بدا لە ڕەتکردنەوەی ڕاشکاوانەی پەرلەمانی فینلەندا بۆ ئەو میساقەی بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کرابوو، ئەویش بەوەی سان پیترسبۆرگی پایەختی ڕووسیا چاوی پێدا خشاندەوە و داوای لە فینلەندایییەکان کرد لەبری دەنگدان لەسەری، ڕاپۆرتێک لەبارەی ئەو یاسا پێشنیازکراوەی کە شوێنکەوتەیی فینلەندا بۆ حکوومەتی ڕووسیا دەچەسپێنێ، پێشکێش بکەن، چونکە لەوانە بوو دەنگدانەکە پشتیوانینەکردنی یاساکە و هەروەها دەکرا ڕەتکردنەوەیشی لێ بکەوێتەوە. بەڵام پەرلەمانی فینلەدا ڕەتی کردەوە ئەو ڕاپۆرتە ئامادە بکا، ئەویش لەو ڕوانگەوە کە پەرلەمان خۆی خاوەنی دەسەڵاتی تەواوی یاسادانانە لەو جۆرە بابەتانەدا نەک ڕووسیا.

ویلایەتە جیاوازەکانی ئەڵمانیا لەکاتی کۆماری فایماردا ڕەتیان کردەوە هاوکاری لەگەڵ گرووپی کودەتاچییەکان بەسەرۆکایەتیی د.کاب و جەنەراڵ لۆتفینز بکەن، ئەوەیش بۆ بەدەمەوەچوونی بانگەوازی حکوومەتە شەرعییەکەی ئیبرت.

لە ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٣١ لەکاتی خەباتی هندی لەپێناو سەربەخۆیی، ئەنجوومەنی شارەوانیی شاری ئەحمەد ئاباد ڕازینەبوونی خۆی بۆ هاوکاریکردن و ئەنجامدانی ئاماری گشتی بە بەرپرسانی ئینگلیز ڕاگەیاند، لەبەرئەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی هندی بایکۆتی کردبوو، هەروەها گوتی ئەگەر بەشداری سەرژمێرییەکە بکا ئەوا پاڵپشتیی ڕای گشتی لەدەست دەدا، جگە لەوەی لە بارێکدا گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەنجوومەنەکە نوێنەرایەتیی ڕای گشتی دەکا، ئەوە جێی خۆیەتی کە هیچ چالاکییەک نەکا کە لەگەڵ ڕای گشتیدا ناکۆک بێ.

## چالاکیی ناودەوڵەتیی حکوومەت

پێویستە ئاماژە بە پۆلبەندییەکی هەمەگیرتر بدەین بۆ ڕێگەکانی هاوکارینەکردن لەنێوان دەوڵەتان، ئەویش بەهۆی ژمارەی ئەو فرەجۆرییە فرەوانەی کە لە یەکەم نیگادا دەردەکەون. ئەم ڕێگەیانە لە سادەی ڕێژەییەوە دەست پێ دەکەن کە فرەوانترین مەغزای هەیە، تا پەرگیرترینیان کە لەوانەیە ببێتە مایەی پەکخستنی چالاکییە ناودەوڵەتییە سرووشتییەکان و ئەرکەکانی وڵاتەکە. کریسبینی دەڵێ میساقی کۆمەڵەی گەلان وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوەکەی پابەند کردووە بە بایکۆتکردنی هەمەگیری ناودەوڵەتی، دیپلۆماسی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پچڕینی پێوەندی لەگەڵ هەر دەوڵەتێک کە پەنا بۆ شەڕ ببا و بەوە میساقی کۆمەڵەکە پێشێل بکا.

١- گۆڕانکارییەکان لە نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان و هی تردا

دەکرێ حکوومەتێک ستافە دیپلۆماسی و ڕەسمییەکانی بانگهێشت بکاتەوە، یاخۆ داوای گۆڕینی دیپلۆماتێکی بیانی لە وڵاتەکەیدا بکا، ئەوەیش وەک دەربڕینی نەیاریی خۆی بۆ سیاسەتی وڵاتێکی تر، بەبێ ئەوەی ئەوە ببێتە هۆی پچڕانی پێوەندییە دیپلۆماسییەکان.

هەولێرامەی کتێب

لە هەندێ کاتدا حکوومەت فەرمانبەرێکی ئاست نزم دەکاتە سەرۆکی تاقمی دیپلۆماسیی خۆی لە وڵاتێکی تر بەمەبەستی سووکایەتیکردن بەو وڵاتە. لە هەندێ حاڵەتی تردا دەگونجێ وڵاتەکە خۆی، یان دەوڵەتی بەرامبەر داوای لێ بکا هەندێ لە نووسینگەکانی دابخا، وەک کونسوڵگەکان، دیسان بەبێ ئەوەی ببێتە مایەی برینی پێوەندییە دیپلۆماسییەکان. دەشگونجێ کەسانێکی ڕەسمی لە دەرەوەی تاقمی دیپلۆماسی بکێشرێنەوە.

کاتێ ساڵی ١٩٤٨ لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی داوایەکی ستالین بۆ دامەزراندنی یەکەتییەکی فیدراڵی لەنێوان یۆگۆسلاڤیا و بولگاریا لەلایەن لێژنەی ناوەندیی حزبی شیوعیی یۆگۆسلاڤییەوە، ناکۆکی لەنێوان یەکەتیی سۆڤیەت و یۆگۆسلاڤیا سەری هەڵدا، لە کاردانەوەی ئەوەدا یەکەتیی سۆڤیەت لە ١٨ی ئادار ڕاوێژکارە سەربازییەکانی لە بەلگراد بانگهێشت کردەوە.

هەروەها وڵاتی خانەخوێ دەتوانێ بانگهێشتی باڵوێزێک بکا، وەک سێر دۆگلاس بۆسک باسی دەکا، ئەویش لەبەر هۆکاری سیاسی نەک کەسی، واتە لەکاتی نەسازان لەگەڵ سیاسەتی حکوومەتەکەیدا. لەو کاتەدا ڕەسمییە پلە نەویترەکان چاودێریی پرسە دیپلۆماسییەکان دەکەن لەو وڵاتەدا. کاتێ حکوومەتی وڵاتەکەیش قایل نەبێ باڵویزەکەی بکێشێتەوە، شالز تایر دەڵێ: حکوومەتی وڵاتە خانەخوێیەکە پەنا بۆ مامەڵەنەکردن لەگەڵ ئەو باڵیۆزە دەبا، لەو کاتەیشدا حکوومەتەکەی ناچارە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە بپچڕێنێ".

لەکاتی شۆڕشی ١٨٤٨ لە ئیسپانیا، کاتێ هنری بۆلەری باڵوێزی بەریتانیا سنووری ڕێنوێنییەکانی بەزاند لەڕێی ڕاستەوخۆ دەستوەردان بۆ ڕاگرتنی هەڵمەتەکانی سەرکوتکردنی سیاسییە لیبراڵەکانی ئیسپانی و پاش ئەوەی حکوومەتی بەریتانیا داواکەی ئیسپانیای بۆ بانگهێشتکردنەوەی بۆلەر ڕەت کردەوە، پاش چەند نامەیەکی دیپلۆماسی، هەردوو حکوومەت پێوەندییە دیپلۆماسییەکانیان پچڕاند.

لەکاتی شەڕی جیهانیی یەکەمدا، فرانتز فون بانیە پاشکۆی سەربازیی ئەڵمانیا لە واشنتۆن وەک کەسێکی چارەنەویستراو ڕاگەیەنرا، ئەویش بە بیانووی سیخوڕیکردن و ئاشکراکردنی بەرنامەی چەکسازیی ئەمەریکا، حکوومەتی ئەڵمانیا بەزوویی کێشایەوە.

چەندان نموونە هەن لەبارەی داواکاریی کێشانەوەی دیپلۆماتەکان بەهۆی ئەنجامدانی کارێکی ناشایستە لەلایەن ئەو دیپلۆماتانەوە.

وا دیارە داخستنی کونسوڵگەکان شتێکی باو بێ. لە ساڵی ١٩٤١ حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان فەرمانی دا بە سڕکردنی هەموو بەرژەوەندییەکانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا لە وڵاتەکەی و داخستنی سەرجەم کونسوڵگە ئیتاڵیایی و ئەڵمانیاییەکان، ئەوەیش لەبەرامبەر نغرۆکردنی کەشتیی بازرگانیی ئەمەریکایی ڕۆبن مۆر لەلایەن ژێردەریا ئەڵمانییەکانەوە، ئەڵمانیا و ئیتاڵیایش بە داخستنی کونسوڵگەکانی ئەمەریکا لە وڵاتەکانیان وەڵامیان دایەوە.

لەو ماوەیەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بێزار بوو لە سیاسەتی نەیارانەی سوید دژی تیوەگلانی

ویلایەتە یەکگرتووەکـان لە شـەڕی ڤـێـتنام، ویلیـام هـیـپی باڵوێزی ئەمـەریکا لە ئاداری ١٩٦٨ بانگهێشت کرایەوە بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرۆک جۆنسۆن. هیپ نەگەڕایەوە بۆ پۆستەکەی و هیچ باڵوێزێکی نوێیش لەجێی دانەنرا. لە تشرینی دووەمی ١٩٦٥ بە پاساوی کەمکردەوەی خـەرجیی دەرەکـیی ویلایەتە یەکگرتووەکـان کـونسـوڵگەی ئەمـەریکا لە گـۆتبـرگ داخـرا، کـە دێرینتـرین کونسوڵگەی ئەمەریکایی بوو جۆرج واشنتۆن خۆی لە ساڵی ١٧٩٧ دایمەزراند کاتێ سوید بوو بە یەکەم دەوڵەت کە دانی بە حکوومەتە ئەمەریکاییە نوێیەکەدا نا.

کاتێ ئیدارەی نیکسۆنیش لە کانوونی دووەمی ١٩٦٩ دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەویش گتی کرد لە ناردنی باڵوێزێکی نوێ بۆ سوید. ئولاف بالمە سەرۆک وەزیرانی نوێی سـوید سیاسـەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی بە "ناکردەیی" لەقەڵەم دا و گوتی "ئەگەر واشنتۆن بە ڕاستی دەیەوێ بۆمان ڕوون بکاتەوە لەکـوێدا هەڵەمـان کـردووە، ئەوە دەبێ یەکـێک هەبێ ئەوە ڕوون بکاتەوە. لە کـۆتاییـدا د.جـیـرۆم هۆڵەند وەک باڵوێزی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکـان لە سـوید، لە بەهاری ١٩٧٠دا پۆستەکەی وەرگرت.

٢- دواخستن و پەککستن لە وتووێژە دیپلۆماسییەکاندا

دەکرێ هەندێ حکوومـەت هەندێ دانوستاندن و فیـستیـڤاڵ و کۆبوونەوە بەتەواوی پەک بخا یان بوەسـتێنێ، وەک نـاڕەزایی دەربڕین لە چالاکی یان سـیاسـەتەکـانی هەندێ حکوومـەتی تر کە بەشداری لە ڕووداوەکەدا دەکەن. گۆردۆن أ.گریگ باس لەوە دەکا ڕەفتارەکانی یەکەتیی سۆڤیەت لە ڕابردوودا بەوە ناسـرابوون کـە دانوسـتـاندنەکـانی بۆ چەندان مـانگ و سـاڵ درێژ دەکـردەوە، هەندێ جار ئاستی شاندەکانی دانوستاندنەکانی دەگۆڕی لە دانوستاندن لەسەر ئاستی باڵوێزان، بۆ ئاسـتی وەزیران، بۆ ئاسـتی سـەرۆک دەوڵەتان، کـە ئەوە نـاڕوونیـیـەکی لە خـاڵە سـەرەکی و خولگەییەکانی ناکۆکییەکەدا دروست دەکرد، ئەوەیشـی شان بەشـانی هەڵمـەتێکی پروپاگەندەی چڕوپڕ. گـریگ وەک نموونە ئاماژە بە دانوسـتـاندنە دووبارە و دواخـراوەکان لەبـارەی قـەرزەکـانی ڕووسیا لە ساڵی ١٩٢٠ دەکا، کە بووبووە هۆی ئەوەی بەبێ هیچ غەرامـەیەک دوا بخرێن. هەروەها دانوسـتـاندنە چەند قـۆڵـیـەکەی دواتر لـەبارەی دۆخی بەرلین و ئەڵمـانیا، بەتایبـەت لە سـەردەمی خروشۆفی سەرۆک وەزیراندا.

کـاتێ سـتـالین لە سـاڵی ١٩٤٨ گـوشـارەکانی لەسـەر یۆگـۆسـلاڤیـا دەست پێ کـرد، یەکـەتیی سـۆڤـیـەت دیداری نیـسـانی هەڵوەشـاندەوە کـە بڕیار بـوو بۆ نـوێکردنەوەی ڕێککەوتننامـە بازرگانییەکانی سۆڤیەت و یۆگۆسلاڤیا بەڕێوە بچێ.

لە بوارێکی تردا ویلفرد ناب دەنووسێ: پاش ئەوەی لە ئایاری ١٩٦٠ ڕاگەیەنرا کە فڕۆکەیەکی ئەمـەریکایی لەجـۆری یو ٢ کـە لە بەرزاییـیـەکی زۆرەوە وێنەی یەکـەتیی سـۆڤـیـەتی گـرتووە بە مووشەکێکی سۆڤیەتی خراوەتە خوارەوە، خروشۆفی سەرۆک وەزیران هەڵمەتێکی ناوزڕاندنی دژی

گەشتەکانی سیخوڕی دەست پێ کرد و داوای دادگەییکردنی بەرپرسانی ئەو کارەی کرد. هەروەها ئەوە ڕاگەیەنرا کە کۆنگرەی لووتکەی پاریس لەنێوان یەکەتیی سۆڤیەت و ویلایەتە یەککگرتووەکان و فرەنسا و بەریتانیا گرێ نادرێ تا حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان پۆزشێکی تەواو نەهێنێتەوە. بەم شێوەیە پاش کۆبوونەوەیەکی کورت لە بەرەبەیانی ٢٦ی ئایار، لووتکەی ١٩٦٠ تەواو بوو.

هەروەها شاندی ڤێتنامی باکور و شاندی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانی خولی شەست و شەشەمینی وتووێژەکانی ڤێتنامیان لە پاریس هەڵوەشاندەوە، ئەوەیش وەک ناڕەزایی لەدژی دەستپێکردنەوەی بۆردومانکردنی باکوری ڤێتنام لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە لە ٦ی ئایاری ١٩٧٠ بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ. نگویان تانە-لی وتەبێژ بەناوی ڤێتنامی باکور ئەو جووڵە نائاساییەی بە بڕیارێکی سیاسی لەقەڵەم دا، شاندی ویلایەتە یەککگرتووەکان و ڤێتنامی باشووریش دەستبەجێ ئەو وادە نوێیەیان ڕەت کردەوە کە بۆ ئەنجامدانی خولی نوێ لە ١٤ی ئایار دانرابوو، هەروەها ئاماژەیان بەوە دا ئەوەیش خۆی لەخۆیدا هەڕەشەیەکە.

٣- هەڵپەساردنی دانپێدانانی دیپلۆماسی

هەندێ جار ڕێسای گشتیی دانپێدانانی حکوومەت بە حکوومەتێکی تر کە دەسەڵات لەسەر زەوییەکەیدا بەڕێوە دەبا، دەگۆڕێ بۆ ڕەتکردنەوەی بەئەنقەستی دانپێدانانی دیپلۆماسی. ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ڕازینەبوون بە شێوەی گەیشتنی حکوومەتەکە بە دەسەڵات یان بەهۆی مۆرکە سیاسییە بنچینەییەکەیەوە. ئەوە بوو سەرۆک وودرۆف ویلسون ڕەتی کردەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان دان بە ڕێژیمی ڤیکتۆریانۆ هۆرتادا بنێ لە مەکسیک، کە وتەبێژێکی نەگریس بوو بەناوی خاوەن زەوییەکانەوە کە لە ڕێژیمی فرەنسیسکۆ مادیرۆی شۆڕش هەڵگەڕانەوە، کە بەرپرسیارێتیی کوشتنی لە گرتووخانەدا دەکەوێتە ئەستۆ. ویلسۆن ڕایگەیاند: "نموونەی من حکوومەتێکی نیزامی و دادپەروەرە لە مەکسیک، سۆزی من لەگەڵ هەشتا و پێنج لەسەدی گەلی ئەو کۆمارەیە، کە ئێستە بۆ خەباتکردن لەپێناو ئازادیدا ڕاچەنیوە".

پاش ئەوەی ژاپۆن ناوچەی مەنشوریای چینی داگیر کرد و لە مانگی شوباتی ١٩٣٢ دەوڵەتی مانشوکیوی بەکرێگیراوی ڕاگەیاند، ویلایەتە یەککگرتووەکان پەنای بۆ بنەمای ستیمسون، یاخۆ هۆڤەر-ستیمسون برد، کە ڕەتی دانان بەو گۆڕانکارییە ناودەوڵەتییانە دەکاتەوە ناوەڕۆکەکەیان لەگەڵ گوتەزاکانی بەڵگەنامەی کیلۆگدا ناتەبایە کە شەڕی دەستدرێژی قەدەخە دەکا. لەکاتێکدا پێشنیازی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری و سەربازیی ڕەت کردەوە، ڕازیش نەبوو لەڕووی دیپلۆماسییەوە دان بە مانشوکیودا بنێ. ویلایەتە یەککگرتووەکان لە پێوەندییە بازرگانییەکانی بەردەوام بوو و تاقمە دیپلۆماسییەکەی هێشتەوە، کە هاوکات لای حکوومەتی نیشتمانیی چینیش متمانە پێکراو بوون.

لە ئاداری ١٩٣٢ وەک تۆماس بیلی باسی دەکا، کۆمەڵەی گشتیی کۆمەڵەی گەلان بڕیارێکی

هەواڵنامەی کتێب

دەرکرد و بە کۆی دەنگ سەرکۆنەی ژاپۆنی کرد و ناچاری کرد بە وردی پابەند بێ بە بنەمای هۆڤەر ستیمۆن لەبارەی دان پێدانەنان. هەر لەم چوارچێوەیەدا ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ چەندان ساڵ ڕەتی دەکردەوە دان بە حکوومەتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەتدا بنێ و پێشێلکارییە جۆرەوجۆرەکانی دەکردە بەهانە، تا لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٩٣٣ دانی پێدا نا.

ڕازینەبوونی درێژخایەنی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە دامەزراندنی پێوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ کۆماری چینی میللی یەکێکە لە دیارترین نموونەکان لەسەر بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە بڕیارێکیدا لە ١١ی ئابی ١٩٥٨ ئاماژە بەوە دەدا کە ئامانج لە دانەمەزراندنی پێوەندیی دیپلۆماسی لەم حاڵەتەدا بەشداریکردنە لە ڕووخاندنی ڕژێمی کۆمۆنیستی. هەروەها دەڵێ: ویلایەتە یەکگرتووەکان وای دەبینێ ڕژێمی کۆمۆنیست لە چین بەردەوام نابێ و ڕۆژێ دێ هەرەس بێنێ. بە نەبەستنی پێوەندیی دیپلۆماسیش لەگەڵ پەکین، دەیەوێ ئەو هەرەسە خێراتر بکا.

جۆن فۆستەر دۆلز وەزیری دەرەوە لە ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٨ ئەو سیاسەتەی ڕاڤە کرد و گوتی: ئەو جۆرە دانپیانانە و داگیرکردنی چینی کۆمۆنیست بۆ کورسیی ئەو وڵاتە لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەیبەت و هەژموونی لە ڕۆژهەڵاتی دوور زیاتر دەکا و ورەی هاوپەیمانەکانمان لەوێ خاو دەکاتەوە و دەری دەخا کە کۆششە کۆمۆنیستییە تێکدەرانەکان سەرکەوتنێکی حاشاهەڵنەگر بەدەست دێنن.

داننەنانی دیپلۆماسی بە ئیسرائیلدا بەشێکی بنچینەیی بووە لە سیاسەتی عەرەبی بەرامبەر ئیسرائیل لەوەتی دامەزراوە. جگە لەوەیش چەندان ڕێوشوێنی توندیان بەرامبەری گرتەبەر، وەک ڕەتکردنەوەی بەستنی هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکوومەتی ئیسرائیل و هەوڵ دەدەن ئەندامیەتیی ئیسرائیل لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەق بکەن و گەمارۆی ئابوورییان خستووەتە سەری.

پاش هەرەسهێنانی یاخیبوونەکەی مەجەر لە ساڵی ١٩٥٦، ژمارەیەک لە دەوڵەتانی ڕۆئاوا گەمارۆی دیپلۆماسییان بەسەر ڕژێمی "کادار"دا سەپاند و ئەو گەمارۆیە تا کانوونی دووەمی ١٩٥٨ هەڵنەگیرا. بەتەنیا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵسوڕێنەرێکی کارەکانی لە بوداپێست هێشتەوە. فیرنک فالی دەنووسێ: سۆڤیەت پێی وابوو ڕازینەبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە بەتەواوی گێڕانەوەی پێوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ حکوومەتی شۆڕشگێڕی مەجەری، گرینگترین کۆسپە لەبەردەم سڕینەوەی شوێنەواری دەستوەردانە سەربازییەکەیان.

پەنابردنی دەوڵەتێک بۆ دانپێدانەنانی دیپلۆماسیی کۆتایی، وەک یارمەتییەک بەکار هاتووە بۆ لێدانی کودەتایەک لە دەوڵەتێکی تردا. ویلەر بینت دەڵێ: مایجۆر جەنەراڵ سێر نیل ماڵکۆڵم لە ١٦ی ئاداری ١٩٢٠ بە جەنەراڵ لوتفیتزی ڕاگەیاند، بەریتانیا هەرگیز دان بە ڕژێمی نوێی

(کاب)دا نانێ کە لۆتفتز دەیەوێ بیسەپێنێ. بەو شێوەیە بەشداریی کرد لە هەرسهێنانیدا بەتەواوی.

یەکێک لە شێوەکانی ئاڵوگۆڕنەکردنی دیپلۆماسی بریتییە لە دانان بە دەوڵەتی پێوەندار بەڵام بە مەرج. هارۆلد بیکسۆن لە کتێبی "دیپلۆماسییەت"دا ئاماژەی داوە بە "داننانی حکوومەتی بەریتانیا بە کۆماری پورتوگالدا بەو مەرجەی ڕیژیمەکە لەڕێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتییەوە خۆی بسەلمێنێ".

٤- پچڕاندنی پێوەندییە دیپلۆماسییەکان

بۆسک دەنووسێ: وا باوە بڕینی پێوەندییە دیپلۆماسییەکان داخستنی هەموو نووسینگەکانی هەردوو نێردەکە لە هەردوو پایەتەخت دەگرێتەوە و باڵوێز یان هەڵسوڕێنەری کارەکان و جاروبار هەندێ لە فەرمانبەرانی تر ناچار دەکرێن وڵات بەجێ بێڵن، لەوانە ڕێگە بە کونسوڵگە بدرێ بمێنێتەوە یان ڕێگە نەدرێ. ئەگەر هەموو داوودەزگەی دیپلۆماسی بەتەواوی کێشرایەوە، دەوڵەتێکی تر ڕادەسپێرێ بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکە لە وڵاتەکەی تر بپارێزێ.

نیکۆلۆسن ئاماژە بەوە دەدا کە بڕینی پێوەندیی دیپلۆماسی بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕاگەیاندنی شەڕێکی داخراوە بەشێوەکانی سەرکۆنەکردنی قووڵ. بەم شێوەیە وەزیرە ڕاسپێردراوە بەریتانیاییەکە لە حوزەیرانی ١٩٠٣ لە بەلیگراد کێشرایەوە پاش کوژرانی شا ئەلیکسەندەر و شاژن دراگا، هەروەها دابڕانی دیپلۆماسی بە هەمان شێوە گیرایە بەر کاتێ کۆڵۆنێل بلاستیراس لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢ هەر یەک لە سێر م. گۆریناس و وەزیرەکانی کوشت. هەروەها سەرۆک ویلسۆن لە ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩١٧ لەبەردەم کۆنگرێسدا پچڕینی پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئەڵمانیا ڕاگەیاند، ئەویش لە وەڵامی ڕاگەیاندنی هەڵمەتی نقومکردنی سەرجەم کەشتییەکان لەلایەن ئەڵمانیاوە بە کەشتییە بێلایەنەکانیشەوە ئەگەر هاتوو سنووری ناوچە سەربازییەکەیان بەزاند، ئەویش بەمەبەستی شکاندنی ئابلۆقەکەی بەریتانیا.

لە بوارێکی زۆر جیاوازیشدا، یەکەتیی سۆڤیەت لە ٢٥ی نیسانی ١٩٤٣ پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ حکوومەتی پۆڵۆنیا لە تاراوگە لە لەندەن پچڕاند، ئەویش پاش ئەوەی ئەڵمانیا گۆڕێکی بەکۆمەڵی لە کاتین دۆزییەوە کە دە هەزار ئەفسەری سوپای پۆڵۆنیای تێدا نێژڕابوون کە دوو ساڵ بوو بێ سەروشوێن بوون. حکوومەتی پۆڵۆنیا دڵنیا بوو لە تۆمەتبارکردنی ڕووسیادا بە تاوانەکە، کاتێ وەزیری بەرگریی پۆڵۆنیا داوای کرد لەلایەن دەستەیەکی تایبەتی ناودەوڵەتیی وەک خاچی سوورەوە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بکرێ، یەکەتیی سۆڤیەت پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ پۆڵۆنیا بڕی.

٥- کشانەوە لە ڕێکخراوە ناودەوڵەتییەکان

دەکرێ دەوڵەتان ئەندامیەتیی خۆیان لە ڕێکخراوە یان کۆنگرە ناودەوڵەتییەکان بکێشنەوە یاخۆ

چالاکییەکانیان تێیاندا ڕابگرن. ئەوەیش بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە سیاسەتی ئەو دەزگەیانە، یان بۆ ئەوەی دەوڵەتە کشاوەکە بتوانێ بە ئازادی بجووڵێتەوە کە ڕەنگە ئەوە مایەی ڕەزامەندیی دەوڵەتانی ئەندام لەو ڕێکخراو یان کۆنگرە ناوبراوانە نەبێ. بۆ نموونە لە ١٤ی تشرینی یەکەم، هیتلەر ڕایگەیاند بەهۆی نکوڵیکردن لە مافی یەکسانی ئەڵمانیا، دەوڵەتەکەی لە کۆنگرەی داماڵینی چەک و هەروەها لە کۆمەڵەی گەلان دەکشێتەوە. ئەوەیشی کردە بەهانە کە ئەو ئاشتەواییەی پێویست بوو لەگەڵ دوژمنانی پێشوو نەهاتووەتە دی، هەروەها گێڕانەوەی مافەکانی گەلی ئەڵمانیا بە هەمان شێوە، هەر بۆیە ئەڵمانیا ناتوانێ لەوە زیاتر چاوپۆشی لە کزۆلکردن بکا. هیتلەر ڕایگەیاند کشانەوە لە کۆمەڵەی گەلان لە ١٢ی تشرینی دووەم دەخاتە ڕاپرسیی گشتی، واتە ڕۆژێ دوای ساڵیادی ئاگربەستی ساڵی ١٩١٨.

ساڵی ١٩٥٠ نوێنەرانی یەکەتیی سۆڤیەت لە سەرجەم چالاکیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کشانەوە، بەڵام ئەندامیەتییان هەر هێشتەوە، ئەوەیش وەک ناڕەزایی لە داگیرکردنی کورسییەکەی چین لەلایەن نوێەرانی چینی نیشتمانییەوە، لەبری نوێنەرانی حکوومەتە کۆمۆنیستەکە کە دەستیان بەسەر بەشی سەرەکیی چیندا گرتبوو. ناب دەڵێ:

پاش چوونەدەرەوەی جاکوب مالیک نوێنەری سۆڤیەتی لە خولی ئەنجوومەنی تەناهی لە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٥٠، ڕایگەیاند چی تر بەشداری لە کارەکانی ئەنجوومەندا ناکا تا نوێنەری کیوفتانگ (چینی نیشتمانی) دەرنەکرێ، بەدوای ئەوەیشدا نوێنەرانی سۆڤیەت لە سەرجەم ئەو داوودەزگەیانەی نەتەوە یەکگرتووەکان پاشەکشەیان کرد کە چین تێیاندا بەشدار بوو.

نەمانی نوێنەری سۆڤیەت لە ئەنجوومەنی تەناهی وای کرد ئەنجوومەنەکە نەتوانێ کارێکی خێرا دژ بە کۆریای باکور ئەنجام بدا کاتێ شەڕی کۆریا هەڵگیرسا.

لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی مالیزیا و ئەندەنووسیایشدا، ئەمەی دوایی لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤ کێشانەوەی ئەندامیەتیی خۆی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەرۆکی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و نووسینگەی سکرتێری گشتی ڕاگەیاند، لەبەرئەوەی مالیزیا بۆ ئەندامیەتیی ئەنجوومەنی تەناهی هاتە هەڵبژاردن. ئەندەنووسیا لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٦٥ جەختی لەوە کرد وێڕای بانگەواز و وتووێژە لابەلاییە جیاوازەکان، ئەندامیەتیی خۆی لە نەتەوە یەکگرتووەکان کێشاوەتەوە، هەروەها لە هەندێ لە ئاژانسە تایبەتمەندەکانیش کشاوەتەوە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی هیچ دەقێک لەبارەی پرسی کشانەوە لە پێڕەوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نییە.

٦- ڕەتکردنەوەی ئەندامیەتیی داوودەزگە ناودەوڵەتییەکان

دەکرێ مافی ئەندامیەتیی حکوومەتێک لە دامەزراوە ناودەوڵەتییەکان ڕەت بکرێتەوە، ئەویش بەهۆی ململانە سیاسییەکان و ناکۆکییەکان، یان لەبەر هۆی تری پێوەندار بەو حکوومەتە. ڕەنگە دیارترین نموونە لەسەر ئەو ڕەتکردنەوەیە ئەوە بێ کە بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ ڕێگە بە

حکوومەتی کۆمۆنیستیی چین کە حوکمڕانیی زۆربەی خاکی وڵاتەکە دەکا نەدرا کورسیی چین لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نوێنەرانی حکوومەتە نیشتمانییەکە وەربگرێتەوە کە تەنیا حوکمڕانیی دورگەی فورموزا (تایوان) دەکا. ئەوە بوو لە کۆتای ساڵی ١٩٤٩ حکوومەتە کۆمۆنیستەکەی (کۆماری چینی میللی) تەواوی وشکانیی چینی ئازاد کرد و حکوومەتە نیشتمانییەکە (کۆماری چین) بۆ دورگەی فورموزا پاشەکشەی کرد. نوێنەری سۆڤیەت بەبێ هوودە هەوڵی دا نوێنەرانی نیشتمانیی چین لە ئەنجوومەنی تەناهی دەربکا.

پاش ساڵی ١٩٦١ پرسی نوێنەرایەتیی چین ڕەوانەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا، تا وەک کێشەیەکی گرینگ تاوتوێ بکرێ، کە پەسندکردنی پێویستی بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامان هەبوو نەک زۆرینەی ڕەها. دەزگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەژێر پاڵەپەستۆی زۆری ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ڕەتیان کردەوە ماف بدەنە نوێنەرانی حکوومەتی چینی کۆمۆنیستی بۆ داگیرکردنی کورسییەکانیان، تا ساڵی ١٩٧١ کە نوێنەری چینی نیشتمانی دەرکرا.

٧- دەرکردن لە دامەزراوە ناودەوڵەتییەکان

دەرکردن لە ئەندامیەتی یەکێکە لەو سزایانەی ڕێکخراوە ناودەوڵەتییەکان دژ بەو دەوڵەتانە دەیگرنە بەر کە سیاسەت و پێڕەوەکەی دەبەزێنن. بەپێی پێڕەوی کۆمەڵەی گەلان، هەر ئەندامێک یەکێک لە مادەکانی پێڕەوی کۆمەڵەکە پێشێل بکا دەردەکرێ. ئەمە جارێک دژ بە یەکەتیی سۆڤیەت بەکار هات پاش ئەوەی ساڵی ١٩٣٩ هێرشی کردە سەر فینلەندا: کۆمەڵەی گشتیی کۆمەڵە بەبێ ئامادەبوونی نوێنەری یەکەتیی سۆڤیەت لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٩دا، بە کۆی دەنگ، سەرکۆنەی پەلاماردانەکەی کرد و ڕایگەیاند بەپێی مادەی ١٦ بڕگەی ٤ی پێڕەوی کۆمەڵە، یەکەتیی سۆڤیەت بەم کارەی خۆی خستووەتە دەرەوەی کۆمەڵەی گەلان و بەو هۆیەشەوە چی تر ئەندامی کۆمەڵەکە نییە.

مادەی شەشەمی پێڕەوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ ئەگەر ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکان یەکێک لە بنەماکانی پێڕەوەکەی بە بەردەوامی پێشێل کرد، دەکرێ بە ڕاسپاردنی ئەنجوومەنی تەناهی، کۆمەڵەی گشتی بە بڕیارێک دەری بکا. یەکەتیی سۆڤیەت لە کۆنگرەی دمبرتۆن ئۆکس پێشنیازی دانانی ئەم دەقەی لە پێڕەوەکەدا کرد و لە کۆنگرەی دامەزراندنی سان فرەنسیسکۆیشدا جارێکی تر بەتوندی ئەو پشتگیرییەی دووپات کردەوە. بەڵام ئەم مادەیە هەرگیز جێبەجێ نەکراوە، ئەگەرچی پێشنیاز کرا باشووری ئەفریقیا و پورتوگال دەربکرێن.

دەرکردنی یۆگۆسلاڤیا لە کۆمینفۆرم (ڕێکخراوی کۆمۆنیستی ناودەوڵەتی) یەکێک لەو سزایانە بوو کە ساڵی ١٩٤٨ بەهۆی ملکەچنەکردنی بۆ ستالین، دژ بە تیتۆ جێبەجێ کرا.

# فەرهەنگی ناتوندوتیژی

جان-ماری موللێر

## پشکی دووەم

"ڕووەکەی تری ڕاستی ناڕاستی نییە، بگرە توندوتیژییە."
ئیریک ڤایل

هەوالنامەی کتێب

### ناچارکردن

کاری ناتوندوتیژانە گرەوێکە لەسەر توانی مرۆڤ بۆ ژیری. هەر بۆیە لە جەرگەی خودی ململانەکەدا هەڵدەستێتە سەر پێ تا دژبەرەکەی ناچار بکا ئەقڵی بکاتە سەروەر، ئەویش بەمەبەستی قایلکردنی بە دروستیی ئەو پرسەی بەرگریی لێ دەکا. بەڵام ئەم "بەهۆشهاتنەوە"یەی دژبەر لە ڕوانگەی تێکۆشانی ناتوندوتیژانەوە زیاتر مەبەستە تا ئەوەی ئامانج بێ، چونکە ئامانجی ڕاستەوخۆ ناچارکردنی دژبەرە بۆ ملکەچکردن بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی قەناعەتکردنی بکا.

نابێ خەباتی ناتوندوتیژی خۆی کورت بکاتەوە لە مشتومڕێکی فیکری بەمەبەستی ئەوەی دژبەرەکەمان بهێنێتە سەر باوەڕهێنان بە دروستیی پرسەکەی، چونکە کورتکردنەوەی کاری ناتوندوتیژانە لە گفتوگۆیەکی عەقڵانیدا کە ڕەنگبێ هەق بتوانێ بە پێشکێشکردنی بەڵگەیەک کە بەهیچ شێویەک پوچەڵ نەکرێتەوە ناهەق ببەزێنێ، ئەمەش جۆرێکە لە سووکایەتیکردن بە واقیعە سیاسییەکە. لەڕاستیدا گفتوگۆی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناچێتە چوارچێوەی مەودای ئەو بەیەکگەیشتنە عەقڵانییەی کە تەنیا چەمک و هزرەکان لە چوارچێوەیدا ڕکابەری لەگەڵ یەکتردا دەکەن، چونکە زۆربەی جار وشەکان خۆیان هێندەی تانە لە بەرژەوەندییەکان دەدەن هێندە تانە لە هزرەکان نادەن، هەر بۆیە هێزی قەناعەت پێکردنی زۆر لاواز دەبێ.

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان چ لەناو تاکەکاندا بێ یان کۆمەڵەکان، پێوەندیی دەسەڵاتن و لەسەر بنەمای پێوەندیی هێز دامەزراون. لە بەرامبەر گرەوەکانی دەسەڵاتدا کە تانە لە بەرژەوەندیی پێک ناکۆک دەدا، خەڵک بەگشتی بەشێوەیەکی عەقڵانی ڕەفتار ناکەن، جا بۆ ئەوەی بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن تەنیا تکا و لاڵەکردن لە ئەقڵیان بەس نییە. ڕەنگە خواستی دادپەروەری بەتەنیا، لە بەرامبەر ئەو کەسەی لە ستەم سوودمەندە، لە دیالۆگ و ئاشتەوایی زیاتر دووری بخاتەوە تا ئەوەی هانی بدا بۆی، چونکە سروشتی داواکردنی چەسپاندنی دادپەروەری لە سەرەتادا وایە کە زیاتر بەلای پچڕاندنی دیالۆگدا دادەشکێ تا ئەنجامدانی: کاتێ کۆیلەیەک داوای ئازادیی خۆی دەکا، بەوە بەئەنقەست ئەو گفتوگۆیە دەپچڕێ کە ملکەچکردنی پێشتری دەرفەتی ئەوەی ڕەخساندبوو لەگەڵ گەورەکەیدا سازی بکا. دەگمەنیش ڕوو دەدا ئەو گەورەیە بەخێرایی قەناعەت بە دروستیی داواکارییەکەی بێنێ و دەستودەم جێبەجێی بکا. دەبێ کاتێکی زۆر تێ بپەڕێ تا بگەینە ئەوەی بکرێ دیالۆگێکی نوێ و هاوشان لەناو دوو پیاودا بێتە کایە، ئەمە ئەگەر ڕێک کەوت ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەمە ڕووی دا.

کەواتە ئاسان نییە هێزی ناتوندوتیژی تەنیا بە لافلێدانی ئەوەی (ڕاستی)یەکی گەورەیە و لێرەشەوە دژبەر چاری ناچارە دەبێ ببینێ و دانی پێدا بنێ، دەربخرێ. تەنانەت لە کێشمەکێشی نێوان دوو کەسیشدا سووکایەتییەکی گەورەیە جەخت لەوە بکرێ یەکێک لە دوو لایەنە دژبەرەکە بەحەتمی دان بە ڕاستیدا دەنێ بەو مەرجەی ئەوی تر بزانێ چۆن چۆنی بەپشوودرێژی و لێبڕانەوە ڕێزی ڕاستی بگرێ. لەم بوارەدا هیچ شتێک حەتمی نییە، هەروەها هیچ حەتمیەتێک نییە کە لەسەر "هێزی ڕاستی" وەستابێ و بشێ هەر کەسێک ناچار بکا مل بە بەڵگەکانی ئەو کەسەی بەرگری لە کێشەیەکی ڕەوا دەکا، بدا. بگرە ڕکابەرەکان لەسەر ئاستی ململانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کەس نین و تەنانەت کۆمەڵە کەسیش نین، بگرە کۆمەڵە بەرژەوەندین و ئەو گرووپانەیش وا بەئاسانی "قەناعەت" ناکەن. هەر بۆیە کاری ناتوندوتیژی هیچ ئامانجێکی تری نییە جگە لە ناچارکردنیان نەبێ.

دابڕان لەناو ئەندامانی ئەو گرووپانەدا هەیە، لەوانەیە هەندێ تاک بکەونە ژێر کاریگەریی ئەو پرسەی دژبەر بەرگریی لێ دەکا و بەوەیش بەجۆرێ لە جۆرەکان لەناو هاوکارەکانیاندا دەبنە پارێزەری، بەڵام ئەگەری زاڵ -بەتایبەت لە قۆناخە بەراییەکانیدا- ئەوەیە ئەوانە تەنیا کەمینەیەکی کز بن و مەترسیی ئەوەیان لەسەرە گرووپەکەیان پەراوێزیان بخەن و بە "ناپاک"یان لەقەڵەم بدەن. بەڵام لەوانەیە ڕۆڵێکی گرینگ و بگرە یەکلاکەرەوەیان هەبێ کاتێ پێوەندیی هێز لە ململانەکەدا دەگۆڕێ و بەوەیش ساتی گەڕان بەدوای چارەسەرێک لەڕێی دانوستاندنەوە بۆ کێشەکە دێتە پێش.

هەروەها ئەزموونیش ڕێگەمان پێ نادا ئومێدمان هەبێ کە ڕەنگە "هێزی دادپەروەری" بەتەنیا بتوانێ گرووپێکی کۆمەڵایەتی قەناعەت پێ بکا بە پێویستیی لەخۆوە دەستبەردان لە سەرماف (امتیاز)ەکانی و دان بە ڕەواییی ئەو داواکارییانەدا بنێ کە پێشکێشی دەکرێن. کاتێ بابەتەکە

پێوەندار بێ بە تێکۆشان دژ بە ستەمکارییە بنیاتییەکانی ئەو پشێوییەی لەئارادایە، ئەوە ئەو ناچارکردنەی کاری بەکۆمەڵ دەیسەپێنێ، نەخاسمە کارەکانی هاوکارینەکردن و دەستوەردان و ڕووبەڕووبوونەوە، لە سەرخستنی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانەدا یەکلاکەرەوەیە، چونکە دژبەر کاتێ بزانێ لە درێژەکێشانی ململانەکە هێندەی زیانی لێ دەکەوێ سوودی پێ ناگا –کە ئەوەیش دژ بە بەرژەوەندییەکانیەتی– خۆی بە ناچار دەبینێ دانوستاندن قبووڵ بکا.

* گفتوگۆ
* هێز
* هاوکارینەکردن

## ئاسایشی هاوبەش

کاری سڵەمێن (الردع)ی سەربازی، چ جۆرە کلاسیکییەکەی و چ ناوەکییەکە، کە کۆمەڵگەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن بەرگریی خۆیانی لەسەر دادەمەزرێنن، بەشێوەیەک ڕێک دەخرێ سوپای دژبەرە شێمانەکراوەکە و مەدەنییەکانی گەلەکەی بە هەڕەشەیەکی بەردەوامی بزانن بۆ خۆیان. کەواتە ئەو کارە سڵەمێنانە لە واقیعدا وەک کارگەلی سڵەمێنی "دوژمنکارانە" دەکەونە پێش چاو. بەڵێ، نیازی ڕاگەیەنراو کە پاساوی ئەو کارانە دەدا و دایدەمەزرێنێ و دەیبزوێنێ، نیازێکی بەرگریکارانەیە، بەڵام ئەرکی ئەو ئامرازانەی بۆ ئامادەکاریکردن بۆ ئەو کارانە و ڕێکخستنیان بەکار دێن بەشێوەیەک ڕاستگۆییان لێ بخوێنرێتەوە، ئەوەیە توانی ئەوە بدرێتە بڕیاربەدەستان زیانی وا گەورە بە دژبەر بگەیەنن کە وا بێتە پێش چاوی دژبەرەکە کە قابیلی قبووڵ نەبێ. بەوەیش بڕیار بەدەستان بەئەنقەست خۆیان دەخەنە "هەڵوێستێکی دوژمنکارانە" تا لایەنی بەرامبەر بەباشی لەوە حاڵی بکەن کە ئەوان نەک تەنیا ئامراز، بگرە ئیرادەی ئەوەیشیان هەیە هەر کات بەرژەوەندییەکانیان ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوە، زیانێکی کەمەرشکێنی پێ بگەیەنن. دیارە دژبەریش نیازی هەیە بەهەمان شێوە ڕەفتار بکا.

بەم شێوەیە ئەم "ئاشتییە چەکدار"ە لەسەر بنەمای هاوسەنگیی ئەو هەڕەشانە وەستاوە کە مەترسی هەیە تەنگژەیەکی سیاسی بیلەقێنێ و تێیدا هەریەک لە دوو لایەنە دژبەرەکە مەترسیی ئەوەیان هەیە بەرامبەرەکەیان دەستی پێش بخا و زەبر بوەشێنێ. لە ڕووی ئەم مەترسییەدا، گەل و نەتەوەکان بەرژەوەندیی ڕاستەقینەیان لەوەدایە بەرگرییەکانی خۆیان لەڕێی "هەڕەشەی دووسەرە"وە دەستەبەر نەکەن، بەڵکو لەڕێی "ئاسایشی هاوبەش"وە بیکەن. ئەم ئاسایشە لەو ڕوانگەوە نییە کە دژبەرەکە دۆستە و لەسەر بنچینەی متمانەی دووسەرە دانەمەزراوە، بگرە پشت بەو ڕاستییە دەبەستێ کە ئێمە چەندە پێویستمان بەوەیە لە ئاسایشدا بین دژبەرەکەشمان بە هەمان شێوە پێویستی بەوەیە لە ئاسایشدا بژی و هەردوولامان –بەدەر لە خانەگومانیی دووسەرەمان– هەمان بەرژەوەندیی زیندوومان هەیە لە مسۆگەرکردنی بەرگری لەخۆکردنمان بە

ئامرازگەلێک کە مەترسیی بەفەتارەتدا چوونی هەردووکمانی تێدا نەبێ.

لەم ڕوانگەوە، ئاسایشی هاوبەش بەرەو ئەوەمان نابا بەرگریی خۆمان لەسەر کارگەلی سڵەمێنی "دوژمنکارانە" دابمەزرێنین، بگرە بەرەو سڵەمێنی "بەرگریکارانە"مان دەبا. پرسەکە چی تر ئەوە نییە هەڕەشەی وێرانکردنی قبووڵنەکراو لە دژبەر بکەی، بگرە بە قایلکردنی دەبێ بەوەی ئامرازەکانی بەرگریکردنمان هەر هەوڵێکی ئەو بۆ دەستدرێژیکردن لەبار دەبا و پرۆژەکەی چانسی تەواوی هەیە بۆ شکستهێنان. سڵەمێنێکی لەم شێوەیە دەرفەت بۆ بڕیاربەدەستانی سیاسی دەڕەخسێنێ تا دەست بە "هەڵوێستێکی بەرگریکارانە"وە بگرن کە هیچ ترسێک لای دژبەر دروست ناکا مادەم سنوورەکانی تێنەپەڕێنێ. بەوەیش، ئەگەر تەنگژەیەکی سیاسی سەری هەڵدا، هەردوو دەوڵەتی ڕکابەر خۆیان لە دۆخێکی ستراتیجی وادا دەبیننەوە کە ئاسانکاریی زۆر دەکا بۆ ئەوەی کێشەکە لە بازنە دیپلۆماسییەکەدا تەوق بکرێ تا ڕێگەچارەیەکی بۆ دەدۆزرێتەوە.

چەندان شێوەی بەرگریی چەکدارانە هەن کە دەکرێ دەرفەت بۆ ڕێکخستنی هێزێکی سڵەمێنی بەرگریکارانە ساز بکەن، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئاسایشی هاوبەش، گونجاوترینە.

* بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە
* سڵەمێنی مەدەنی

هەواڵنامەی کتێب

### ئاگەدارکردنەوە

کاتێ ئەوانەی بڕیاریان داوە کار لەپێناو قەڵاچۆکردنی سیستەمێکدا بکەن دووچاری ڕەتکردنەوەی هەر دانوستاندنێک بەمەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێک لەلایەن دژبەرەکەیانەوە دەبن، دەتوانن "دوا مۆڵەت"ێک دیاری بکەن و پاش ئەوە بگوازنەوە بۆ کارکردنی ڕاستەوخۆ.

ئاگەدارکردنەوە، لەبارێکدا هۆ و ئامانجەکانی جموجووڵەکە یاد دەخاتەوە و بێئومێد دەبێ لە گەیشتن بە دانوستاندن، دەیەوێ ئەوە دووپات بکاتەوە کە بزاڤەکە لێرە بەدواوە سوورە لەسەر کارکردنی ڕاستەوخۆ، بە خستنەگەری ئامرازگەلی پاڵەپەستۆ و ناچارکردن. هەروەها جێی خۆیەتی ئەوەیش بە گوێی دژبەردا بدرێ کە بزاڤەکە نیازی نییە پەنا بۆ هیچ کارێکی توندوتیژانە ببا. ئاگەدارکردنەوە دەکرێ ئەو کارانە دەستنیشان بکا کە ئەنجام دەدرێن ئەگەر بێتو لە ماوەی دیاریکراودا داواکارییە ئاراستەکراوەکان جێبەجێ نەکرێن. (ئەوەیش بزانین ناردنی ئاگەداری مانای ئەوە نییە هەموو کارێکی ڕاستەوخۆ دەبێ لە چوارچێوەی هەڵمەتەکەدا ئەنجام بدرێ، هەندێ جار وا باشە دژبەر غافڵگیر بکرێ).

مەبەست لە ئاگەدارکردنەوە هۆشیارکردنەوەی دژبەرە لە سەرجەم ئەو زیانانەی دەبێ بەرگەیان بگرێ ئەگەر سوور بێ لەسەر ڕەتکردنەوەی هەر ڕێککەوتنێک لەڕێی دانوستاندنەوە. پێویستە ئەو ئاگەدارکردنەوەیەی ئاراستەی دەکرێ بەشێوەیەک دابڕێژرێ کە بتوانێ ڕوو بکاتە مێزی

دانوستاندن بەبێ ئەوەی تووشی شەرمەزاری ببێ، واتە بەشێوەیەک نەبێ ڕازیبوونی هاوشێوەی خۆبەدەستەوەدانی بێ قەید و شەرت بێ.

کەواتە پێویستە ئاگەدارکردنەوە ultimatum بە کۆتا هەنگاو (وشەکە لە ئاوەڵناوی ultimasەوە هاتووە، بەواتەی کۆتا) دابنرێ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک لەڕێی دانوستاندنەوە. بەڵام لەڕاستیدا دەشێ یەکەمین کاریش بێ لە تاقیکردنەوەی هێزدا، چونکە ئەو هەنگاوە ڕاستەوخۆ پاش شکستهێنانی ئامرازەکانی قایلکردنی دژبەر دێ. هەر بۆیە شیمانە هەیە ئەمەی دوایی مل نەدا بۆ هەڕەشەیەک کە ئەگەری زاڵ ئەوەیە تەنیا بە جۆرێک لە ترساندنی بزانێ. کەواتە لەوانەیە لایەنی دژبەر ئاگەدارکردنەوەکە ڕەت بکاتەوە و بەوە جەخت لە بێباکیی خۆی لە تاقیکردنەوەی هێز بکا.

ئاگەدارکردنەوە هاوکات بانگەوازێکیشە بۆ ڕای گشتی بۆ هۆشیارکردنەوەی زیاتری لە ڕەهەندەکانی ململانەکە و بانگکردنی بۆ ئەوەی پشتی ئەو تێکۆشانە بگرێ کە خەریکە دەست پێ دەکا. کەواتە ئامانجی هێناکایەی "ڕووداوێکی ڕۆژنامەوانی"یە. ئاگەدارکردنەوە هەندێ کات پاشەکەوت بۆ بەرپرسانی بزاڤەکە دەکا –نابێ لە حەوت ڕۆژ تێپەڕ بکا– تا خۆیان بۆ کار ئامادە بکەن، واتە وەک فەرمانکردنە بە خۆ گورجکردنەوەی گشتیی هەموو ئەوانەی بەنیازن دەست بدەنە کار.

## ئایدیۆلۆجیا

ئایدیۆلۆجیا بەوە جیا دەکرێتەوە ڕەهایی بە ڕێبازێک دەدا کە خۆی وەک دەربڕی بێ ئەملاوئەولای ڕاستی (حەقیقەت) پێشکێش دەکا کە پێویستە هەموو کەسێک ملکەچی بێ. ئەم ڕێبازە –کە دەشێ سەرچاوەیەکی ئاینی یان دنیایی هەبێ– لە بۆتەی بارستەیەک لە چەمک و بنەما و ڕێسادا ڕەق دەبێ و ئیتر دەرفەتی ئەوە نامێنێ لەڕێی ئاڵوگۆڕ یان دیالۆگەوە لە کەڵکەکانی کرانەوە بەڕووی ئەوی تر ئاگەدار بکرێ. جا لەبری هەوڵدان بۆ دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ ئەوی تر، جەختکردنەوە لەسەر کۆمەڵێ بیرۆکەی پەتی، کە هیچ پێوەندییەکیان بە ژیانەوە نییە، دەچەقێ.

کاتێ هزری کەسێک لە بۆتەی ئایدیۆلۆجیایەکدا وشک هەڵدێ، ئیدی ئەو کەسە کار لەپێناو بەرقەرارکردنی دادپەروەری و مرۆڤایەتیی زیاتردا ناکا، بەڵکو لەپێناو سەرخستنی بیرۆکە و بنەما و ڕێسایەکدا کار دەکا بەبێ هیچ ڕەچاوکردنێکی ئەوی تر، چونکە بەرگریکردن لە ڕاستیی بیرۆکەکە گرینگتر دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ ئەوی تر. مرۆڤی ئایدیۆلۆجی ناتوانێ پێوەندی لەگەڵ مرۆڤەکەی تردا ببەستێ، چونکە ئایدیۆلۆجیا مرۆڤ دەکاتە کەسێکی داخراو و هەر پێوەندی و لێک تێگەیشتنێک لەگەڵ ئەوی تر مەحاڵ دەبێ. ئایدیۆلۆجیا بە دەمارگیریی توندی، هیچ کێشێک بۆ دەروونچاکی دانانێ، بگرە زیاد لەوە بەچاوی سووکیش سەیری دەکا.

ئایدیۆلۆجیاکان بەدرێژایی سەدەی بیستەم دنیایان شەلاڵی خوێن کرد، ئایدیۆلۆجیایەک کاتێ پاشەکشە دەکا ئەوجا دەزانین چ کوێرەوەرییەکی بەسەر مرۆڤدا هێناوە، ململانە لەناو مرۆڤی ژیر و

هەوالنامەی کتیب

ئایدیۆلۆجیادا ململانەیەکی نابەرامبەرە، چونکە ئایدیۆلۆجیا بۆ ئەوەی بیروباوەڕەکانی بسەپێنێ و دەسەڵاتی خۆی فرەوان و بەرگری لە هەژموونی بکا، سڵ ناکاتەوە لەوەی پەنا بۆ خراپترین ئامرازی توندوتیژی ببا دژ بەوەی ڕازی نەبێ لابەندی (ولاء)ی خۆی پێشکێش بکا. هەر لێکترازانێکی ئاشکرا، بەلای ئایدیۆلۆجیستەکانەوە تاوانێکە دەبێ وەک تاوان سزای بۆ دابنرێ، هەر بۆیە هەر کەس لە هەر کاتێکدا زات بکا ڕووبەڕووی بیروباوەڕە ئاراکان بوەستێتەوە و هەوڵ بدا خواستی ویژدان و ئەقڵ سەر بخا، مەترسی هەیە کەرەستەکانی توندوتیژی کە ئەرکیان بەرقەرارکردنەوەی بێدەنگی و سیستمە، ورد و خاشی بکەن. دەگمەنیش نییە خەڵکانێک هەبن ترسنۆکی و لاوازییان بگاتە ئاستێک دەست لە ئەقڵیان بشۆن و ملکەچانە ببنە سەربازی ئایدیۆلۆجیا و لەوێشەوە پاسەوانی پڕچەکی نەریتەکانی.

هەموو ئایدیۆلۆجیایەک توندوتیژی بەکار دێنێ و پاساو دەداتە ئەو توندوتیژییەی خزمەتی دەکا. ئایدیۆلۆجیای توندوتیژیی لە هەموو ئایدیۆلۆجیایەکدا پێویست و ڕەوا و ڕەسەنە، چونکە ئایدیۆلۆجیستەکان بەناوی واقیعیەتی سیاسییەوە جەخت لەوە دەکەن کە لە مێژوودا تەنیا توندوتیژی بەکارە. ئێمە ئەمڕۆ دەزانین "واقیعیەت"ێکی لەم جۆرە کە توندوتیژیی قبووڵە و بەکاریی دەکاتە پێوەری ڕەهای کاری سیاسی، ئەم واقیعیەتە هەر بەڕاستی تاوانبارە.

شەرعییەتدانی ئایدیۆلۆجی بە توندوتیژی، شێوەیەکە لە پەردەپۆشکردن کە ئامانجی نکوڵیکردنە لە نامرۆڤانەبوونی توندوتیژی، چونکە ئایدیۆلۆجیا ڕێگە بە تاک دەدا خراپە بکا لەپێناو چاکەدا، بەم پێیە کوشتنی ئایدیۆلۆجی خراپە نییە بگرە ئامرازێکی خەباتە دژی خراپە، کەواتە کارێکی چاکە. شەرعییەتدان بە توندوتیژی واتەی ڕێگەپێدان و بێتاوانکردنیەتی لەیەک کاتدا. توندوتیژی لەڕێی جەختکردن لەوەی پێویستە، ئەنجام و پاساو دەدرێ، بەڵام لەڕاستیدا بەکارهێنان و شەرعییەتدان بە توندوتیژی وا دەکەن پێویست بێ.

ئایدیۆلۆجیا لافی ئەوە لێ دەدا کە توندوتیژی چارەسەرە لەکاتێکدا کێشەیە نەک چارەسەر، ئەویش بەئەندازەی ئەوەی پەنابردن بۆ توندوتیژی گەڕان بەدوای چارەسەری ڕاستەقینە دەکاتە کارێکی مەحاڵ.

گومان لەوەدا نییە حەزی مرۆڤ لە توندوتیژی، ئایدیۆلۆجیای توندوتیژی دروست دەکا نەک بەپێچەوانەوە، بەڵام وەزیفەی ئایدیۆلۆجیا بەوردی ئەوەیە دەرفەت بۆ مرۆڤ بڕەخسێنێ تا توندوتیژییەکەی پاساو بدا و شەرعییەتی پێ ببەخشێ. بەم شێوەیە جەدەلیەتێک لەناو توندوتیژی و ئایدیۆلۆجیادا بەرپا دەبێ، هەریەکەیان پشت بەوی تریان دەبەستێ و پشتگیری و بەهێزی دەکا. توندوتیژی ئایدیۆلۆجیا بەرهەم دێنێ و ئایدیۆلۆجیایش توندوتیژی نان دەدا. ئەگەر توندوتیژی هەوا و هەوەسیش بێ، ئەوە ئایدیۆلۆجیا نییە کە توندوتیژی دەست پێ دەکا، بەڵکو توندوتیژییە کە ئایدیۆلۆجیا بەخۆیەوە دەپێچێ.

توندوتیژی بۆ ئەوەی بەرهەڵستی و بێزاری و سەرسوڕمانی ویژدان جڵەو و دەستەمۆ و بێدەنگ

بکا، پێویستی بەوەیە خۆی لە پەنای هەندێ بەڵگەی عەقڵانیدا حەشار بدا. ئایدیۆلۆجیا ئاگری توندوتیژی هەڵناگیرسێنێ، بەڵکو بەشداری لە "چاندنی "propager"دا دەکا (چاوگی فەرمانی لاتینی pro-pgere بریتییە لە pangere بەواتەی ناشتن یاخۆ چاندن plant)، بەوەیش ئایدیۆلۆجیا پروپاگەندەیە و زەوینە ساز دەکا تا توندوتیژی لە زەین و دڵەکاندا "بڕوێ".

ئایدیۆلۆجیا توندوتیژی دەچێنێ و چاودێریی دەکا، لە دەرەنجامیشدا توندوتیژی، نەک ئایدیۆلۆجیا، لە بنەڕەتدا لە جووڵەی جەدەلیەتەوەیە. لەبەرئەوە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی تەنیا هەڵوەشاندنەوەی بنیاتی ئایدیۆلۆجیا بەس نییە، بگرە دەبێ توندوتیژیش وشک بکرێ، ئەویش بە ڕامکردنی ئەو ئارەزوو و وزەیەی هێزی پێ دەبەخشن و دەیجووڵێنن.

فەلسەفە لە دۆخێکدایە جیاواز لە دۆخی ئایدیۆلۆجیا، چونکە لەکاتێکدا ئایدیۆلۆجیا پێداگرییەکی لوتبەرزانەی دەمقاڵە لەسەر بیروباوەڕێکی بنبڕی بێگەرد، فەلسەفە گەڕانێکی خاکی و پشوودرێژە بەدوای ڕاستیدا. ئایدیۆلۆجیا دەسەڵاتێکی باڵای هەیە لە خڕکردنەوەی مرۆڤدا، بەڵام یەکیان ناخا، بگرە تەنیا جەم و تۆپەڵ و کەڵەکەیان دەکا.

پرسەکە پرسی پێوەندیی نێوان خەڵکانێکی ئازاد نییە، بگرە پرسی گەلەمرۆڤێکی جڵەوکراوە. باوەڕهێنان بە ئایدیۆلۆجیا لەڕێی ڕاهێنانێکی دەستەجەمییەوە دەبێ کە مرۆڤ لە هەموو سەربەخۆییەکی فیکری بێبەش دەکا. تەواو پێچەوانەی ئەمە، لێکۆڵینەوەی فەلسەفی زادەی تەقەلای شەخسییە، کە تەواوی هەستی بەرپرسیارێتیی تاکی عەوداڵ بەشوێن مرۆڤایەتیی خۆیدا تەیار دەکا. پابەندیی فەلسەفی بەردەوام ئارەزووکردنە بۆ ئازادی کە سەردەکێشێ بۆ دابڕان (قگیعە)– ئەو دابڕانەیش مەترسیدارە.

یەکێک لە گژبەرییە مەزنەکانی سەدەی بیست و یەکەم بەوەیە سەرلەنوێ، لەسەر داروپەردووی ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی کە چارەڕەشی و مەرگیان لە هەموو کون و قوژبنی سەرزەویدا بڵاو کردەوە، فەلسەفەیەک دابمەزرێنین کە واتەیەک بە ژیانی مرۆڤ و ئومێدێک بە مێژوویان ببەخشێتەوە.

دوور نییە "ناتوندوتیژی" لەلایەن ئەوانەی ڕەخنە لە ڕەتکردنەوەی ڕەها بۆ توندوتیژی دەگرن، تۆمەتبار بکرێ بەوەی ئەویش ئایدیۆلۆجیایە. لەڕاستیدا، گرەوی ناتوندوتیژی جگە لە گرەوێکی ئایدیۆلۆجی هیچی تر نییە، نهێنیی پرسەکە لەوەدایە بزانین ئاخۆ مافی ئەوەمان هەیە ئازاری ئەو کەسە بدەین کە بەرامبەرمان دەوەستێ، یان بە کوشتنی ڕازی بین.

* ڕاستی
* فەلسەفە.

## ژیگەناسی (ئیکۆلۆجیا)

ڕێزگرتنی سروشت ڕێزێکە مرۆڤ لەخۆی دەگرێ. مرۆڤ بەشێکی دانەبڕاوە لە سروشت. بەڵام زیاد لەوەیش، سروشت بەشێکە لە مرۆڤایەتییەکەی، چونکە کاتێ مرۆڤ "کاری توندوتیژی" بە

ژیگەکەی دەوروبەری دەکا خۆی باجی ئاکامەکەی دەدا، لەبەرئەوەی تێکشکاندنی "چوارچێوەی ژیان"ی تایبەتی خۆی زیانی گەورە بە "جۆری ژیان"ی دەگەیەنێ. مرۆڤ لە ئەنجامی ئەو زیانانەی بە سروشتیان دەگەیەنێ هەر بەڕاستی "نەخۆش" دەکەوێ، چونکە پیسبوونی هەوا و ئاو و خاک توندوتیژییە بەرامبەر مرۆڤ کە لەوانەیە توندوتیژییەکی کوشندەیش بێ. لێرەوە پێویستیی ڕێزگرتنی سروشت و پاراستنی تەنیا لە حەزێکی سۆزباوییەوە سەرچاوە ناگرێ، بگرە لە ئەرکێکی ئەخلاقییەوە سەرچاوە دەگرێ کە بناخە بۆ پابەندکردنێکی ئەخلاقی دادەمەزرێنێ.

ڕێزگرتنی مرۆڤ بە ناسینی دەست پێ دەکا، ئیکۆلۆجیا[٤] ئەو زانستەیە دەرفەتی ئەو ناسینەمان بۆ دەڕەخسێنێ. ئیکۆلۆجیا پێش هەموو شت توێژینەوەیە لەو ناوەند و سیستەمە سروشتییانەی زیندەوەران تێیاندا دەژین. ئەو توێژینەوەیە پاشتر ڕێگە بۆ دانانی ئەو بنەما و پێوەرانە ساز دەکا کە پێویستە چالاکییەکانی مرۆڤ ملکەچی بن –نەخاسمە چالاکییە ئابوورییەکان– تا بتوانرێ ڕێز لە ڕیتم و هاوسەنگییە سرووشتییەکانی ئەو سیستمانە بگیرێ.

ڕێبازە ئابوورییە باڵادەستەکان ملکەچی لۆجیکی بەرهەمگەرایی productivism بوون و بەوە لەئاست سروشتدا نابینا بوون. هیچ حسابێکیان بۆ ئەو دژیەکی و تەنگەبەرییانە نەکرد کە پەرەسەندنێکی تەکنیکیی ڕەها و بێ جڵەو دووچاری کردین و نەیتوانی پێش لەوەی کار لە کار بترازێ خۆی ڕزگار بکا لەو "خەیاڵپڵاوییە زانستگەرا[٥]"یەی لە کۆتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا سەری هەڵدا و ئومێدی دایە خەڵک لە هێنانەکایەی پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتیی سەرەمڕ وەک بەرەنجامێکی حەتمیی پێشکەوتنێکی تەکنیکی لەسەر هێڵێکی ڕاست بۆ پێشەوە. ئەمڕۆ دەبێ دان بە شکستهێنانی وێناکردنی زانستگەرایانە Scientismبۆ پێشکەوتنی زانستیدا بنێین. ئەمەیش بەو واتەیە نا کە دژ بە هەر نوێکارییەکی تێکنۆلۆجی بین لەڕێی گۆرانی گوتنێکی لەخۆباییانە بە "سەردەمی باب و باپیران"، بەڵکو واتەی ئەوەیە پێویستە جڵەوی پێشکەوتنی پیشەسازییانەی کۆمەڵگەکانمان بکەین و ئەو پێوەرانە دەستنیشان بکەین کە پێویستە لە سەروکاریکردنی ئەو پێشکەوتنەدا ڕەچاویان بکەین.

ڕاستییەکەی هەندێ سنوور و بەربەست تێپەڕێنراون، بەشێوەیەک چی تر ناکرێ بگوترێ مەسەلەکە تەنیا بریتییە لە هەندێ زێدەڕۆیی و سەرکێشیی سنووردار. پێویستە لەپێناو وابەستەکردنی بە مەرج و خواستەکانی ئیکۆلۆجیاوە جارێکی تر گومان بخرێتەوە سەر سیستمی بەرهەمهێنانی پیشەسازی خۆی، چونکە بەرهەمهێنان بەشێوەی جیاواز پێویستی بە کارکردن بەشێوەی جیاواز و بەرکاربردن بەشێوەی جیاواز هەیە و لە دەرنجامیشدا ژیانکردن بەشێوەی جیاواز، واتە باشتر ژیان.

لە ماوەیەکی مێژوویی دوور و درێژ –بگرە زۆر درێژ–دا دەبوو مرۆڤ خۆی لەو هەموو مەترسییانە بپارێزێ کە سروشت بەهۆیانەوە بووبوو بەبار بەسەر شانیەوە، بەڵام ئەمڕۆ وای لێ هاتووە مرۆڤ بەهۆی ئەو توانە تەکنیکییەی بەدەستی هێناوە، بەو مەترسییانەی هێناونیەتیە ئارا،

بووە بە بار بەسەر سروشتەوە. لێرەدا قسە لەسەر دۆخێکی زۆر نوێ دەکەین کە دەخوازێ سەرلەنوێ بیر لەو بنەمایانەی ئەخلاق بکەینەوە کە توانی مرۆڤ بۆ کارکردن ڕێک دەخەن. ئێمە ئیتر لەوە حاڵی بووین زەوی وا بەرەو فەوتان دەچێ. دیارە ڕوودانی خراپترین ئەگەر، ئەگەر دڵنیاش نەبین لە ڕوودانی، بەڵام ڕێی تێدەچێ، بۆیە پێویستە ئەو ئەگەرە بەجددی وەربگرین.

ئەرکی سەرشانی مرۆڤە ئازایانە ڕووبەڕووی ئەو حاڵەتی لەرزۆکی و لاوازییە ببێتەوە کە بەهۆی دەستکراوەیی مرۆڤەوە بۆ کارکردن، سروشت بەدەستیانەوە دەناڵێنێ و دەبێ دەرک بەوە بکەین بەرپرسیاریەتیی سروشت لە گەردنی ئەودایە. لە ڕابردوودا بەرپرسیاریەتیی مرۆڤ لەڕێی کارەکانیەوە تەنیا پێوەندیی بە ئایندەی زۆر نێزیکەوە هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ بەرپرسیاریەتیەکەی لە زەماندا دەکشێ تا دەگاتە ئایندەی زۆر دووریش. کەواتە پێویستە لەسەری بەشێوەیەک ڕەفتار بکا کە بوار بۆ بەردەوامیی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی بمێنێ.

**بەرنامەی بنیاتنەر**

هەواڵنامەی کتێب

گرینگە خەباتی ناتوندوتیژانە دژ بە ستەم تەنیا لە چوارچێوەی سەرکۆنە و سەرزەنشتکردنەکانیدا قەتیس نەبێ، بگرە بتوانێ پڕۆژەی بەدیل ئامادە بکا کە زەوینە بۆ بەرقەرارکردنی دادپەروەری و تاقیکردنەوەی ئەو پڕۆژانە ساز بکا. هەر لەو کاتەی بزاڤی بەرەنگاری بەرنامەی هاوکارینەکردن جێبەجێ دەکا، پێویستە "بەرنامەیەکی بنیاتنەر"یش دابنێ. ئەم بەرنامەیە تەریب لەگەڵ ڕێکخستنی ئەو دەزگە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییانەی سەرکۆنەیان دەکەین و ئامادە نین هاوکارییان بکەین، ڕێکخستنی هەندێ دەزگە و پێکهاتە لەخۆ دەگرێ کە دەرفەت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی بنیاتنەر بۆ کێشە هەنوکەییەکان بڕەخسێنن، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی چارەسەرێکی کۆتای کێشەکە بکەین.

لەباتی ڕازیبوون بەوەی داوا لە دەسەڵاتی دژبەر بکرێ چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ کێشە ئاراکە پێشکێش بکا، پێویستە ئەو چارەسەرە بخرێتە ناو واقیعەکەوە، ئەویش بە پێشکێشکردنی بەڵگە لەسەر ئەوەی دەشێ جێبەجێ بکرێ. بەرەنگاریکاران مەبەستیان تەنیا ئەوە نییە دۆخەکە بگۆڕێ، بگرە خۆیان دەستپێشخەری دەکەن بۆ بەدیهێنانی ئەو گۆڕانکارییە کە لەپێناویدا دەست داوەتە تێکۆشان. هەر بۆیە ئەو کەسانەی ڕازی نین بەشێک لە باجەکانیان بدەن وەک نارەزایی لەدژی خەرجییە سەربازییە زەبەلاحەکانی حکوومەت، با بڕیار بدەن ئەو پارەیەی بەو هەنگاوە چنگیان کەوتووە بۆ پارەدارکردنی پڕۆژەکانی شیاندن بۆ چارەسەری ناتوندوتیژییانەی کێشەکان خەرج بکەنەوە.

بەدیهاتنی بەرنامەی بنیاتنەر پێویستی بە بەشداریی کاریگەری تەنانەت ئەوانەیش هەیە کە قوربانیی ستەمن، ئەویش بە بانگکردنیان بۆ گێڕانەوەی مافەکانیان بەدەستی خۆیان، چونکە کاری ناتوندوتیژانە بریتی نییە لەوەی مرۆڤ داوای مافەکانی بکا، بگرە هەوڵدانیشیەتی بەپێی

توانا بۆ گێڕانەوەیان. بەرنامەی بنیاتنەر پێویستە دەرفەت بۆ ئەوانەی لە بنیاتە سیاسی و ئابوورییە ئاراکاندا هەردەم لە دۆخی پاشکۆییدا بوون بڕەخسێنێ تا شان بدەنە ژێر چارەنووسی خۆیان و ڕاستەوخۆ بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروبارە تایبەتەکانیاندا بکەن. جگە لەوەیش، جێبەجێکردنی بەرنامەی بنیاتنەر دەرفەت بۆ چەندان کەس لەوانەی ئامادە نین خۆ لە قەرەی مەترسییەکانی کارکردن بدەن دەڕەخسێنێ تا وزەکانیان جەم بکەن و دەست بدەنە تێکۆشان.

بەوەیش کاری ناتوندوتیژانە بە بەدیهێنانی بەرنامەی بنیاتنەر، هێز و پێزی خۆی تەنیا لەوەوە وەرناگرێ کە بەرهەڵستی دەکا، بەڵکو لەوەیشەوە وەری دەگرێ کە پێشکێشی دەکا و بەدیی دێنێ. بەرنامەی بنیاتنەر دەیەوێ ئەوە ڕۆشن بکاتەوە کە بنەما و ڕێگەکانی ناتوندوتیژی تەنیا دەرفەت بۆ کاراکردنی سەرکۆنەکردن لای کۆمەڵگە ناڕەخسێنن، بگرە پێویستە لەسەری دەرفەت بۆ گرتنەئەستۆی بەڕێوەبردنی ئەو کۆمەڵگەیەش بڕەخسێنێ.

## فرۆشتنی چەک

لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا، یەکێ لە مەترسیدارترین ئاکامەکانی سیاسەتی بەرگریی دەوڵەتان ئەوەیە توێژینەوە و پیشەسازی و ئابووری بێنە سەربازاندن بەشێوەیەک دروستکردنی چەک بەتایبەتی سەربکێشێ بۆ بازرگانیکردن بە چەک لەڕێی پرۆسەیەکەوە کە هەر کە بەری بۆ شل کرا لۆجیکێکی میکانیکی وەردەگرێ.

سەرەتا پێویستە مشتومڕ لەبارەی فرۆشتنی چەک لەو ڕێگە داخراوە دەربهێنرێ کە بەحەتمی ئەو مشتومڕە لووتی پێیدا هەڵدەتەقێ مادەم ڕازین بە پێکدادانی کۆتەکانی "واقیعیەت"ی ئابووری و سیاسی –کە خۆی فرۆشتنی چەک دەسەپێنێ– لەگەڵ ئەو ئەرکانەی بەها ئەخلاقیەکان فەرزیان دەکەن و سەرکۆنەی ئەو کارە دەکەن. ئەم ڕووبەڕووبوونەوە بێهودە و نەزۆکە لەسەر وێناکردنێکی هەڵە بۆ ئەخلاق و سیاسەت وەک یەک، دامەزراوە. لێرە و لە هەموو جێیەکی تریش واقیعیەتی ڕاستەقینە بریتییە لە دانانی سیاسەتێک کە ملکەچی ئەرکە ئەخلاقیەکان بێ.

لە ڕوانگەی شیکارییەکی پەتیی ڕووداوەکانەوە، تێڕوانینێک هەیە خۆی دەسەپێنێ: فرۆشتنی چەک توخمێکە لە توخمەکانی سیستمێکی داخراو بەسەر خۆیدا کە لۆجیکە باوەکەی زیاتر ملکەچی خواستەکانی تێکنۆلۆجیایە تا ئەوەی ملکەچی پێویستیەکانی وڵاتە هەناردەکارەکە بێ. زەروورەتەکەی بەزۆری ئەو پێکهاتە پیشەسازی–سەربازییە بەسەر دەسەڵاتدارانی وڵاتیدا دەسەپێنێ کە لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا سەربەخۆییەکی فرەوانی بەدەست هێناوە. کێبەرکێی پڕچەککردن –کە فرۆشتنی چەک توخمێکی پێکهێنەریەتی– بەپێی پێویستییە تایبەتەکانی خۆی، وزە بەخۆی دەدا و خۆی و هەر لەپێناو خۆیشیدا گەشە دەکا. تێکنۆلۆجیا دروستکردنی چەک فەرز دەکا کە دەویستریٚ لەڕێی ناردنەدەرەوەی قازانج بەدەست بێ. بەمەیش لۆجیکی بازرگانی جێگەی ڕەچاوکاری (اعتبارات)یە خاوەن مۆرکە سیاسی و دیپلۆماسی و ستراتیجیەکان دەگرێتەوە.

یەکێک لە بیانووە هەرە گەورەکان بۆ پاساودانی فرۆشتنی چەک ئەو گومانەیە گوایە بەهۆیەوە دەتوانرێ کەرەستەی ئەوتۆ دەست بخرێ کە بۆ بەرگریکردنی سەربەخۆ لە وڵاتە هەناردەکارەکە زۆر پێویستن، چونکە ئەو وڵاتە دەتوانێ بە کەمترین خەرج لەڕێی درێژکردنەوەی زنجیرە پیشەسازییەکانەوە کە دەرفەت بۆ بەدەستهێنانی وەبەرهێنان دەڕەخسێنێ، پێداویستییەکانی سوپاکەی دەستەبەر بکا. بەمەیش بازرگانیی چەک کە کۆمەڵگە نوێیەکان خۆیان تێدا ڕەتاندووە، وەک گومان دەبرێ، دەبێتە پێویستییەک بۆ بەرگریکردنی تایبەتی. بەو پێیەش ڕەخنەگرتن لە زەرورەتی ئەو بازرگانییە نکوڵیکردن دەبێ لە زەرورەتی ئەو بەرگریکردنە.

بەڵام لەڕاستیدا داهاتی ئابووریی فرۆشتنی چەک زۆر دوورە لەوەی مسۆگەر بێ وەک گومان دەبرێ. دابینکردنی خەرجیی فرۆشتنی چەک بۆ وڵاتانی ڕوو لەگەشە کە توانی دانەوەی قەرزەکانیان نییە، لەڕێی پێدانی قەرزەوە دەبێ لەلایەن حکوومەتی وڵاتە هەناردەکارەکەوە. جگە لەوەیش، چەندان وڵاتی هاوردەکار کە خۆیان لەژێر قەرزدا دەناڵێنن داوای شمەکگۆڕی (موقایەزە) دەکەن: چەک بەرامبەر مادەی سەرەتایی و ئەو سەودایانەیش بەزۆری لە زیانی وڵاتە هەناردەکارەکەن، چونکە مادە سەرەتاییەکان زێدەڕۆیی لە دانانی نرخەکانیاندا دەکرێ. لە باشترین حاڵەتدا ئەو گرێبەستانەی لەسەر بنەمای ئەو جۆرە شمەکگۆڕییە دەبەسترێن سەریان لە کردەوەگەلێکی "سپی"یەوە دەردەچێ کە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر تەرازووی بازرگانی نییە.

زیاد لەوەیش، زۆربەی جار وڵاتانی هاوردەکار چەندە بۆیان بلوێ، قەرەبووی پیشەسازی دەسەپێنن: چەک لەو وڵاتانە دەکڕن کە ئارەزووی کڕینی کاڵا و شمەکی ئەو وڵاتانە دەکەن، ئەو مەرجانەیش تا ڕادەیەکی بەرچاو دەسکەوتی دارایی پرۆسەکانی گواستنەوەی چەک کەم دەکەنەوە.

بیانوویەکی تر هەیە دەڵێ ناردنەدەرەوەی چەک یارمەتیی وڵاتانی هاوردەکار دەدا تا ئاسایشی خۆیان مسۆگەر بکەن، هەروەها فرۆشتنی چەکیش -وەک ئەوان جەخت دەکەن- لە چوارچێوەی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە کە لە مادەی ٥١یدا دان بە مافی ڕەوای بەرگری لەخۆکردن بۆ هەر دەوڵەتێک دەنێ. لێرەوە بازرگانیی چەک یەکێکە لە ڕەگەزەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە هەناردەکارەکە. بەڵام ئەم شێوە شەرعییەت پێدانە لەسەر ئەو بەڵگەنەویستە دامەزراوە کە دەڵێ ئەو کێشە سیاسییانەی لەناو گەل و نەتەوە و دەوڵەتاندا سەر هەڵدەدەن، بەبێ پەنابردن بۆ چەکەکانی توندوتیژی چارەسەر ناکرێن، لەکاتێکدا بەکردەوە کاریگەریی گەورەی پرۆسەکانی فرۆشتنی چەک زیاتر لەوەدایە هانی خێراکردنی کێبەرکێی ناوخۆیی خۆ پڕچەککردن دەدا، بەمەیش هانی گەڕان بەدوای چارەسەری توندوتیژانەی کێشەکان دەدا و ئاسانکاریی بۆ دەکا و شیرینی دەکا.

لە دەرەنجامدا فرۆشتنی چەک واتەی هەناردەکردنی توندوتیژییە واتەی شیرینکردنی شەڕە زیاتر لە ئاشتی.

زیاد لەوەیش، بازرگانییەکی چەک هەیە کە "بازرگانانی تۆپەکان" بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک ڕێکی دەخەن. بازرگانییەکی لەم شێوەیەش، بەبێ شک دەبێتە مایەی بڵاوبوونەوە و ڕەواجی چەکە سووکەکان لە بازاڕی جیهانیدا کە دوور نییە ئاکامەکەی زیانی گەورە بە زۆر ناوچەی دنیا بگەیەنێ. لێرەدا دەبێ دان بەوەیشدا بنرێ کە ئەم بازرگانییە نایاساییەی چەک زۆربەی جاران لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە تا ئێستە هیچ هەنگاوێکیان بۆ دانانی سنوورێک بۆ ئەو بازرگانییە نەناوە چاوپۆشیی لێ دەکرێ. پێویستە کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی ناسنامەی دەڵاڵەکانی چەک دیاری بکا کە بەزۆری لە بازرگانیی قەدەخەوە گلاون و سزا بدرێن. هەر بۆیە گرینگە چاودێرییەکی خۆپارێزی بخرێتە سەر پرۆسەکانی دەڵاڵی.

چەکەکان بەرهەمێکی ئابووری نین وەک هەر بەرهەمێکی تر کە بکرێ بەپێی یاساکانی بازاڕ بخرێنە بازاڕ، چونکە چەکەکان تەنیا کاڵایەکی ڕووت نین: تەنیا کاڵایەکی بەکاربردن نین، بگرە کاڵای وێرانکردنن و پێویستە دەوڵەتانی دیموکرات توندترین چاودێری بخەنە سەر ناردنەدەرەوەی چەکیان. هەروەها پێویستە ڕازی نەبن چەک بە هیچ دەوڵەتێک بفرۆشن کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ ناگرێ و سەرپێچیی یاسای ناودەوڵەتی دەکا.

بۆ ئاشتی ئەوە بەکەڵکترە لەبری فرۆشتنی چەک، دەوڵەتانی چەکفرۆش لەناو خۆیاندا پرس و ڕاوێژ بکەن بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیپلۆماسیی بەرفرەوان بەمەبەستی کردنەوەی ڕێگەیەکی ڕاستەقینە بۆ دانوستاندن لەناو لایەنە بەشەڕهاتووەکاندا. ئاخۆ ئەرکی ئەو واقیعیەتە سیاسییەی لەهەموان زیاتر ئاگەداری ڕووداوەکانە نییە کە بەرەو ئەوە هەنگاو بنێ گومانی زیاتر بخاتە سەر تواناکانی چەکە وێرانکەر و بکوژەکانی توندوتیژی لە هێنانەکایەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ ئەو کێشە حەتمییانەی لێرە و لەوێ لەناو تاکەکان و گەلاندا دەتەقنەوە؟

چەکفرۆشتن واتەی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی کۆمەڵگەی ناودەوڵەتییە بە توندوتیژیی زیاتر، ئەو کۆمەڵگەیەی خۆی لە بنەڕەتدا لە هەموو لاوە توندوتیژی ژیانی تەنیوە.

هیچ پێویست ناکا بە ئاماژەدان بە تارمایی شەڕێکی ئەتۆمی بۆ دانان بەوەی چەکەکانی توندوتیژی توانی خۆ بەفەتارەتدان، نەک بەرگری لەخۆکردن، بەمرۆڤ دەبەخشن. پێویستە بکرێتە جۆرە پابەندییەکی بنبڕ لەسەر دیپلۆماسییەتی هەر دەوڵەتێکی پەرۆش بۆ چەسپاندنی سیستمێکی ناودەوڵەتی لەسەر بنچینە ئاشتی و دادپەروەری، کە هەرچی لەتوانیدایە بیکا بۆ بەرگرتن لە ئاڵۆزبوونی کێشەکان بەرەو توندوتیژی.

پرسی سەرەکی کە چەکفرۆشی دەیخاتە ڕوو -کە بەپلەی یەکەم پرسێکی سیاسییە- بریتییە لە زانینی ئەوەی ئاخۆ ڕێگەی تری جێگرەوەی چەکەکانی توندوتیژی هەیە بۆ چارەسەری کێشەکان؟ ئەم بابەتەیش لە هەمان کاتدا پێوەندیی بە سیاسەتی بەرگریی ئەو وڵاتەی چەک دەفرۆشێ و سیاسەتی بەرگریی ئەو دەوڵەتەیش دەیانکڕێ، هەیە. لەبەردەم ئەو ڕێگە داخراوانەیشدا کە مەترسی هەیە کێبەرکێی پڕچەککردن هەموو گەلانی پێ بگەیەنێ، جێی خۆیەتی بیر لەوە بکرێتەوە

کە پێویستە بۆ وەڵامی ئەم پرسە لە تاقیکردنەوەی ستراتیجەکانی کاری ناتوندوتیژانەدا بۆی بگەڕێن. کەواتە بابەتی هەرە گرینگ و دەستەویەخە برێتییە لە وەبەرهێنان لەم گەڕانەدا.

## مێژوو

مێژوو گێڕانەوەی بەشبەشکراو –لە یەک کاتدا واقیعی و بەهێڵکراو–ی ڕووداوەکانە کە ئادگارەکانی ژیانی گەلان و نەتەوەکان پێک دێنێ. ئەم گێڕانەوەیە بە سروشتی خۆی ناکرێ بێلایەنانە و بابەتی بێ، چونکە لە چوارچێوەی جێبەند (سیاق)ێکی کولتووریدا دەنووسرێتەوە کە ئایدیۆلۆجیای توندوتیژی بەسەریدا زاڵە. لەبەرئەوە ئەم باسکردنە تەنیا برێتی نییە لە تۆمارکردنی ڕووداوەکان و بەس، بگرە ڕاڤەکردنیشیانە. ئەو مێژووەیش کە تایبەتە بە ڕووداوەکانی توندوتیژی ڕەنگدانەوەی سیخناخبوونی مێژوونووسان خۆشیانە بە کولتووری توندوتیژی، چونکە لەڕێی ئەو خوێندنەوەوە بەزۆری پایەی توندوتیژی بەرز نیشان دەدرێ وەک کارێکی پێویست و ڕەوا و دروست کە پێویستە کۆمەڵە ئادەمییەکان بۆ دروستکردنی ناسنامەی خۆیان پەنای بۆ ببەن.

توندوتیژکارانیش خوازیاری حوکمی مێژوون کە ڕەنگە پاساویان بداتێ، بەڵام حوکمی مێژوو بوونی نییە، چونکە مێژوو قەت ناتوانێ خۆی بکاتە داوەر و بەردەوام ئەو دادگەیی دەکرێ و بەزۆریش براوەکان دادگەییی دەکەن.

پێ دەچێ مێژوو لە بەرژەوەندیی "توندوتیژ"ەکان بڕیار بدا، بەڵام ئەو مێژووە تەنیا مێژووی "توندوتیژ"ەکانە، جا بۆ ئەوەی مێژووی کارەکانی توندوتیژی بنووسینەوە دەبێ قوربانییەکان بێنینە قسە.

بێگومان تێڕوانینمان بۆ مێژوو ڕێگرە لەبەردەم تێگەیشتن لە توندوتیژی. مێژوو هەر بەڕاستی پڕیەتی لە ژمارەیەکی زۆر کاری توندوتیژ کە خەڵکانێک دژ بە خەڵکانێکی تر ئەنجامیان داوە، چەوساندنەوە، دوورخستنەوە، لەداردان، غافڵکوژی، شەڕ و شەڕە ئایینییەکان، قەسابخانە، کاری تیرۆریستی، جینۆساید...ئەو ڕووداوانەی هەموو ڕۆژ دەبنە ڕووداوەکانی ڕۆژ و لە شاشەکانەوە لە ساتی ڕوودانیاندا دەیانبینین، بەحەتمی هەموو وەک هەڵگری سیفەتی توندوتیژی دێنە بەرچاو، وێنەکانی کاولکاری و مەرگ کە سەرکاروانی دەنگوباسی میدیاکانن جێکەوتی قووڵیان لەسەر هەست و زەینمان هەیە. تا وردە وردە ئەو باوەڕەمان لەلا گەڵاڵە دەبێ کە توندوتیژی وەک چارەنووسێکی حەتمی لەناوچاوانی مرۆڤ نووسراوە و بەشێکە لە سروشتی. ئێمە لەڕێی ئاوێزەی شێواوی ئایدیۆلۆجیای توندوتیژییەوە کە بەسەر کولتوورماندا زاڵە و قەناعەتمان پێ دەکا کە تەنیا توندوتیژیی زیاتر دەتوانێ توندوتیژی لە ڕەگەوە دەربێنێ، سەیری مێژوو دەکەین. جا چۆن لەبارێکدا ئێمە قوربانیی ئەم جۆرە مەرجە بین، دەتوانین دەنگی ناتوندوتیژی بگەیەنین بەبێ ئەوەی گوێگر وا هەست نەکا هەڵەیەک لە زەوق و بڕیاردانماندا ڕووی داوە؟ خەونێکی خۆشە بەڕاستی، بەڵام تەنیا خەونە و هیچی تر!

بەم شێوەیە ئێمە قەناعەتمان هێناوە کە وێناکردنی مێژوویەکی ناتوندوتیژانە کارێکی ناواقیعییە، ئەمەیش وامان لێ دەکا پلار لە گونجاویی ناتوندوتیژی بگرین و پێداگری بکەین لەسەر دەستەپاچەییی لە "دروستکردنی مێژوو"دا. دیارە نووسینەوەی مێژوو بە سەپاندنی ئەوەی ناتوندوتیژی دەیخوازێ بەسەر ڕابردوودا کارێکی بێ سوودە، چونکە بەبێ هیچ گومانێک زێدەڕەوییە لە میسالیبووندا کە باوەڕمان وا بێ مرۆڤ لە دێرین زەمانەوە توانیویانە ناتوندوتیژ بن و پێویست بووە وا بن بەڵام ئەوان وایان نەکردووە. ئەگەر بە هەموو سەرڕاستییەکی هزریەوە باوەڕمان وا بێ توندوتیژی هەرگیز حەتمیەتێکی مێژوویی نەبووە، ئەوا دەبێ دان بەو ڕاستیەیشدا بنێیین کە بەکردەوە مەحاڵ بووە تاکەکان کە لەناو تۆڕێک لە کۆت و بەندی هەمەجۆرەی کۆمەڵایەتیدا تەوق کراون، بتوانن باز بەسەر پێویستیی ئەو توندوتیژییەدا بدەن کە باری شانی گران کردوون، بەشێوەیەک لەتوانیاندا نەبووە "بیرۆکەی ناتوندوتیژی" تەنانەت بەخەیاڵیشیاندا بێ. بزوێنەری مێژوو مرۆڤی تاک نییە، بگرە ئەوە کۆمەڵە کە بەزۆری سەرکەوتن بەدەست دێنێ و یاساکانی خۆی دەسەپێنێ.

لەگەڵ ئەوەیشدا مێژوو تەنیا لە توندوتیژی دروست نەبووە، چونکە ژیان و مردن لەناویدا بەتوندی بەنێو یەکدا چوون، بەڵام مایەی سەرسوڕمان نییە کە مادەی بەرایی هەواڵەکان توندوتیژی بێ: چونکە چاکی بێدەنگە و حەزی لەوە نییە وێنەی بگیرێ، لەبەرئەوە دەگمەنە کاری چاکە هەرا بنێتەوە. هەروەها مێژوو حەزی لێیە لەو جێیانەدا بوەستێ کە توندوتیژییان تێدا هەڵدەگیرسێ، لەگەڵ ئەوەشدا چاکەیش لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکاندا گینگڵ دەدا، لە هەموو سەردەمێکدا عەقڵانێکی ڕووناک هەبوون، زۆر جار سرووشت-پێغەمبەرانە بوون و لە سەردەمی خۆیاندا بەگژ توندوتیژیدا چوون و بەوە لە هاوسەردەمەکانی خۆیان جوێ بوونەتەوە کە توندوتیژییان بە زەروورەت زانیوە. هەر لەو ساتەی توندوتیژییەکی ئەوتۆ باڵی بەسەر مێژوودا کێشاوە کە لە توانی کەسدا نەبووە جڵەوی بکا، خەڵکانێک هەبوون پەنجەرەیان بەڕووی ئەو بەهایانەدا کردووەتەوە کە بالاییان لەباریدا هەیە مرۆڤ بە خواستەکانی ژیانی ڕۆح ئاشنا بکا. ئەوانە بە ملنەدانیان بە حەتمیەتێکی گوماناوی، سەرکێشییەکی مەترسیداریان کرد و توانییان ببنە شایەت لەسەر بانگی جیهانیی ویژدانی مرۆڤایەتی کە دەڵێ "مەکوژە". کێ دەوێرێ بڵێ ئەوانە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ڕێڕەوی مێژوو نەبووە؟ بەڵام ئەوە ڕاستە کە ئاستەمە گەنگەشەکانی ویژدان بکەونە ناو تۆمارەکانی مێژوو، چونکە بەدڵنیاییەوە ڕووداوە خوێناوییەکان زیاتر لە زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر خۆیدا دەگوازرێنەوە.

نابێ لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقیی پەتییەوە -کە ناتوندوتیژی دەخوازێ- لە مێژوو و ئەو توندوتیژییەی تێیدا بووە تێ بگەین و حوکمی لەسەر بدەین، چونکە ناتوندوتیژی لەسەر بنچینەی نکوڵیکردن لە مێژوو و ڕووداوە توندوتیژەکانی دانەمەزراوە، ئەگەر خۆی بەدەست ئەم میسالیەتەوە بدا ئەوە خۆی لە مێژوو دوور دەخاتەوە و ناتوانێ کار لە ڕووداوەکە بکا. بەواتەیەک، ئاخۆ ئەو

کەسەی بۆی لواوە لە ناتوندوتیژی ڕابمێنێ، تاوان ناکا کاتێ سکالا لە مێژوو دەکا؟ ئاخۆ ناتوندوتیژیش کەلەپوورێک نییە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە مێژووەوە دەستی کەوتووە؟ بۆیە نابێ بەهەمان چاو سەیری هەموو ڕووداوەکانی توندوتیژی لە مێژوودا بکرێ، چونکە هەندێکیان، وێڕای هەموو شتێک، دەرفەتیان بۆ ئەگەری پێشکەوتنی مرۆڤ بەرەو مرۆڤایەتیی زیاتر ڕەخساندووە. کەواتە دەبێ پێ لەوە بنرێ کە بەکردەوە، ئەگەر شەرعیش نەبێ، جەدەلیەتێکی توندوتیژی/ناتوندوتیژی هەبووە کە لەڕێیەوە مێژوو وای کردووە ناتوندوتیژیش ئەگەرێک بێ و هەبێ.

هیچ حەتمیەتێکی ڕەها نییە مرۆڤ بە چارەنووسێکی حەتمیەوە شەتەک بدا. حەتمیەتی مێژوویی بەردەوام ڕوویەکی تریشی هەیە ئەویش ئازادیی مرۆڤە. پێویستە پارێزگاری لە هەردوو پەڕەکەی جەدەلیەت لەناو پێویستی و ئازادیدا بکرێ، چونکە مرۆڤ کاتێ دەکەوێتە ناو ئەو کێشانەی دەیخەنە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی، حەتمیەتی پەنابردن بۆ توندوتیژی گەمارۆی نادا.

خوێندنەوەیەکی بەکاوەخۆ بۆ مێژوو لەباریدا هەیە دەری بخا کە هێزی تر هەن جگە لە هێزی توندوتیژی کە تێیدا گینگڵ دەخۆن و هەندێ هزر (وەک لێبوردەیی و دیموکراسی و ڕێگرتنی مافەکانی مرۆڤ...) هێزێکی تایبەت و سەربەخۆ لەو ئامرازە توندوتیژانەیان هەیە کە خزمەتی ئەو هزرانە دەکەن، هەروەها دەکرێ ڕێژیمە دیکتاتۆریەکان بێنە ڕووخاندن بەبێ ئەوەی توندوتیژی دەستێکی یەکلاکەرەوەی لەو بوارەدا هەبێ. ناتوندوتیژی تەنانەت پێش لەوەیش گاندی ئەو ناوەی لێ بنێ لە مێژوودا کاری خۆی کردووە و مێژوویەک لە سەروەرییەکانی بەرەنگاریی ناتوندوتیژانە هەیە. ئەزموونی چەندان خەبات سەلماندوویانە ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە کاریگەریی بەرچاوی هەیە لە ڕەخساندنی بوار بۆ مرۆڤ بۆ گێڕانەوەی کەرامەتیان و بەرگریکردن لە ئازادییان. ئەم نموونانە بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە دەدەن کە ناتوندوتیژی تەنیا تکا نییە، بگرە ئەگەریشە.

ئایا دەکرێ بڕوا وا بێ مێژوو یاسایەکی هەیە بەو پێیە مرۆڤایەتی وردە وردە بەرەو لەخۆگرتنی ئەرکی ناتوندوتیژی دەڕوا؟ ئاخۆ ناتوندوتیژی لە ماوەی ساڵ و سەدە دوور و درێژەکاندا پێشکەوتنی بەدەست هێناوە؟ ئاستەمە ئەم بابەتە یەکلا بکرێتەوە، بەلام لانی کەم ئەو پەرەسەندنە لەسەر هێڵێک ناڕوا، چونکە هیچ پێشکەوتنێک نەبووە سەرکەوتنی تەواوەتیی بەدەست هێنابێ، نەخاسمە کە چەندان حاڵەتی پاشەکشە هەن کە لەمپەر لەبەردەم پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەرەو ناتوندوتیژی دروست دەکەن. تێگەیشتن لە مێژوو بەوەی دەرچوونێکی لەسەرخۆیە لە پشێویی توندوتیژییەوە بۆ سیستەمی هاوئاهەنگی ناتوندوتیژی لەوانەیە تێڕوانینێکی وەهمی بێ، مێژووی مرۆڤایەتی مەرگەساتێکە ڕیشەی خۆی لە لاوازی و مەزنیی مرۆڤەکاندایە لەیەک کاتدا و گێلییە پێداگر بین لەسەر ئەوەی ڕۆژێک دێ ئەو مەرگەساتە کۆتای دێ، چونکە ئەوەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ -بەپێچەوانەی کەسی ئایدیۆلۆجی- "دڵنیا" نییە لەوەی "حەقیقەت لە کۆتادا

سەردەکەوێ"، کە هەموو شت، تەنانەت خراپەیش، بەشداری لە سەرکەوتنی ئەقڵی هەمەیی (کلی) دەکا، چونکە ناتوندوتیژی لە "دڵنیایی"ەکی وادا ڕیشە داناکوتێ، چونکە ئەو بناخە بۆ هیچ فریادڕەسخوازی یاخۆ مەسیحانیەت[٦] یان قیامەتخوازییەک[٧] دانامەزرێنێ، بەڵام ڕیشەی خۆی لە تکایەکدا داکوتاوە کە بەشی ئەوە بکا واتەیەک بە ئێستە ببەخشێ.

دەرەنجام، مێژوو واتەیەکی دیاریکراوی نییە، بەڵام ڕەنگە واتەیەکی تێدا بێ: مێژوو واتەی دەبێ هەرکات مرۆڤەکان سەلماندیان دەتوانن پێکەوە بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵێک کە لەسەر بنچینەی ئازادی و دادپەروەری دامەزرابێ، کار بکەن.

ئەمڕۆیش لەبەردەم ڕووداوە هەرە توندوتیژەکاندا کە هاوڕەگەزەکانمان لە سەرتاسەری جیهاندا لەتوپەت دەکەن، ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتووە دەرک بەوە بکەین کە توندوتیژی دەستەپاچەیە لە دروستکردنی مێژوو و بەردەوام کۆسپ دەخاتە ڕێگەی؟ جێی سەرنجە ئەو یەکە مەرجەعی (الوحدە المرجعیە)یەی کە دەرفەت بۆ دانانی دەرەنجامێک بۆ مێژووی سەدەی بیستەم دەڕەخسێنێ، بریتییە لە یەکەی "ملیۆنێک کوژراو". ئاخۆ پەندوەرگرتن لە مێژوویش -لە دەرەنجامدا- بریتییە لە دانان بە بێتوانیی توندوتیژی لە بەرەنگاریکردنی شتە نامرۆڤانەکان و بەدیهێنانی سەرکەوتنی مرۆڤایەتی؟ ئەگەر بمانەوێ مێژوویەکی نوێ بنیات بنێین، ئایا لەسەرمان پێویست نییە بزانین توندوتیژی چارەسەری خوازراو نییە، بگرە ئەوە ئەو کێشەیەیە کە دەخوازێ چارەسەر بکرێ؟ ئاخۆ ئەوە لە دەرەنجامدا بریتی نییە لە خۆڕازاندنەوە بە هەستی مێژوویی؟

### دەستوەردانی مەدەنی

دەکرێ بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری و دیموکراسی و ئاشتی بانگی کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی و دەوڵەتان و هاووڵاتییان بکا بۆ ڕاستەوخۆ دەستوەردان لەو شوێنانەی کێشەیان تێدایە، بەوەیش دەتوانن وەک لایەنی سێیەم بێنە سەر خەت و میانگیری لەناو دژبەرانی کێشەکە بکەن و هەوڵ بدەن قسە لەگەڵ هەردوو لا بکەن بەشێوەیەک بۆ ئیمزاکردنی پەیماننامەیەکی ئاشتی لەنێوانیان، کە مافەکانی هەموویان دابین بکا، دانوستاندن بکەن.

بۆ هەستان بەم کارە، دەوڵەتان و کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی بەشێوەیەکی سەرەکی، هێزی چەکداری ئامادەیان لەبەردەستدایە تا بۆ دەستوەردان لە ناوچە جیاجیاکانی دنیا "هەڵبدرێن". لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو چاودێران ئاماژەیان بەوە داوە کە کردارەکانی ئاشتیپارێز و سەقامگیرکردنەوەی ئاشتی پێویستیان بە دەستوەردانی کەسانی مەدەنی هەیە کە بتوانن ببنە نێردەگەلی ئاشتی لای دانیشتووان، بەمەبەستی پێکەوە جۆشدانەوەی کۆمەڵگە کە شەڕ لەتوپەتی کردووە و سەرلەنوێ بەرقەرارکردنەوەی دەوڵەتی یاسا.

ساڵانێکی زۆرە خۆبەخشانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بێ پەروا لە شوێنەکانی کێشە هەرێمییەکاندا ئامادەن و لە چوارچێوەی توانی زۆر سنوورداری خۆیاندا لە تەقەلای ئەوەدان ڕۆڵی

خۆیان لە گێڕانەوەی ئاشتیدا ببینن لەڕێی گرتنەبەری هەندێ ڕێگەی ناتوندوتیژانە لە میانگیری و پەروەردەدا. ئەم ئەزموونە جیاوازانە پڕن لە زانیاری و پیشانی دەدەن دەکرێ لە شوێنەکانی کێشەکان و تەنانەت لەو کاتەیشدا شەڕ گەرمە دەستوەردانی مەدەنی بکرێ. هەروەها هەندێ ڕێکخراوی نێو-حکوومەتیش توانیویانە هەندێ دەستوەردانی مەدەنی ڕێک بخەن بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەکانی کێشەکان و هەوڵدان بۆ باشتر ڕێزگرتنی ئەو مافانە.

دەکرێ ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە پێناسە بکرێ بەوەی: دەستوەردانێکی ناچەکدارانەی هەندێ نێردەی دەرەکییە لەسەر خاکی ململانەیەکی ناوەخۆیی، کە لەلایەن ڕێکخراوێکی نێو-حکوومەتی و حکوومی و ناحکوومییەوە ڕاسپێراون، ئامانج لە هاتنیان چاودێری و ئاگەداری و میانگیری و هاوکاریکردنە بەئامانجی نەهێشتن یان ڕاگرتنی توندوتیژی و شەونخونیکێشان بەمەبەستی ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و برەوپێدانی بەهاکانی دیموکراسی و هاوولاتیبوون و دۆزینەوەی هەلومەرجی چارەسەرێکی سیاسیی کێشەکە، کە دان بە مافە بنچینەییەکانی هەریەک لە لایەنەکاندا بنێ و ئەو مافانە دەستەبەر بکا و بناخەیەکی وای بۆ دابنێ کە دەرفەت بۆ پێکەوەژیانی ئاشتی لەنێوانیاندا بڕەخسێ.

دەستوەردانی مەدەنی دوو ئامانجی ستراتیجی و گەورەی هەیە، ئەوانیش لە سەرەتادا لێک جیاکردنەوەی دژبەرەکان تا شەڕ ڕابگرن، دواتریش کۆکردنەوەیان بەمەبەستی وتووێژکردن.

بەزۆری پێویستە وا لە دەستوەردانی مەدەنی حاڵی ببین کە دەستوەردانە لای دانیشتووانە مەدەنییەکە کە لەوانەیە تێوەگلانی ڕاستەوخۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەکاندا لە دۆخێکەوە بۆ یەکێکی تر زۆر جیاواز بێ. لە چەندان کێشەدا ئیرادەی ئاشتی لای دانیشتووان زیاترە وەک لەلای سەرکردەکان.

زۆر ڕوو دەدا ئەو سەرکردانە خۆیان دەکەنە "میرانی شەڕ" و ئەندامانی کۆمەڵگەکەی خۆیان بە بارمتە دەگرن. بۆیە پێویستە لای دانیشتووانە مەدەنییەکە کار بۆ هێنانەکایەی ئاشتی بکرێ بە هێورکردنەوەی دەروون و مێشکەکان و جێگیرکردنی "ڕێوشوێنی متمانەبەخش" بەمەبەستی دۆزینەوەی هەلومەرجی پێکەوەژیان لەناو کۆمەڵگە ناکۆکەکاندا. جا ئەگەر پاڵپشتیکردنی خەڵک لە سەرکردەکان وشکی کرد ئەوانیش ناچارن ئەوە لەبەرچاو بگرن و وای لێ دێ درێژکردنەوەی شەڕ ببێتە هەڵاتن بۆ پێشەوە و هیچ ئامانجێکی سیاسیی عەقڵانیی لەپێش نابێ. لەو بارەشدا پێویستە لەوە حاڵی بن کە بەرژەوەندیی ئەوانیش دەخوازێ پەنابردن بۆ دانوستاندن لەبری درێژەدان بە شەڕ هەڵبژێرن.

هەروەک نابێ نێردەکانی دەستوەردانی مەدەنی لافی پیشاندانی "بێلایەنی" neutralite لێ بدەن لانی کەم ئەگەر مەبەستمان لەم وشەیە، بەگوێرەی داتاشینی (لە وشەی neuterی لاتینی) واتەی "نە ئەمە و نە ئەوە" یان "هیچکامیان" بێ. ئەندامانی نێردە ئاشتییانەکە -کە ئامانجی ئەوەیە ئەگەر ئاشتەواییش بەدی نەهێنێ لانی کەم هاوڕێکییەک لەناو دوو لایەنە ناکۆکەکەی کێشەکە

بێنێته دی– ڕانەسپێراون بەلای "هیچکام لە دوو لایەنەکەدا دانەشکێن"، بگرە بەلای "هەردوو لادا دابشکێن". ئەوان بەلای ئەم یان ئەو لادا دادەشکێن: دوو جار پابەند دەبن و دوو جار لایەنداری دەکەن. بەڵام ئەم لایەنداریکردنە دووسەرەیە لایەندارییەکی بێمەرج نییە، بەڵکو هەموو جارێک لایەندارییە بە بەرچاوڕۆشنی و ئینسافەوە. بەم واتەیە دەکرێ بڵێین ئەندامانی دەستوەردانی مەدەنی بێلایەن نین، بەڵکو "بەویژدان"ن. هەوڵ دەدەن هەر خاوەن مافێک مافی خۆی بدەنێ، بەوەیش دەتوانن متمانەی هەدوو لا بەدەست بێنن و ئەنجامدانی گفتوگۆ لەنێوانیان ئاسان بکەن.

هیچ دەستوەردانێکی سیاسی نییە بتوانێ لە دەرەوەوە ئاشتی بەسەر کۆمەڵگە بەشەڕهاتووەکاندا بسەپێنێ. نە ئەو ئامانجانەی پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی پێیان بگەن و نە ئەو ئامرازانەی بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە بەکار دێن دەکرێ لە دەرەوەوە بهێنرێن، بگرە دەبێ بەهاوکاریی پتەو لەگەڵ تۆڕی هاووڵاتییان لە وڵاتی پێوەندار لەسەر زەوینەی واقیع دیاری بکرێن. لە دەرەنجامدا، لە ناوەوە و لەڕێی کارکردنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیانەوە نەبێ ناکرێ ئاشتییەکی هەمیشەیی سەقامگیر بکرێ.

ئامانجی دەستوەردانی مەدەنی بەوردی ئاسانکردنی ئەم کارە و پشتیوانیکردنیەتی لەڕێی دۆزینەوەی ڕووبەرێکی گشتی –ڕووبەرێکی سیاسی– کە بکرێ تێیدا ئەم کارە فرەوان بکرێ. یەکێک لەو بنەمایانەی پێویستە دەستوەردانی مەدەنی پێگەی خۆی لەسەر دابمەزرێنێ ئەوەیە کە شەڕکەرەکان خۆیان دەتوانن چارەسەرێکی هەمیشەییی بۆ بدۆزنەوە. پێویستە ڕێبازی دەستوەردانی مەدەنی بەڕوونی خۆی لەو لۆجیکە جیاواز بکا کە ئەو کەسانەی لای ئەوان دەست وەردەدرێ بگۆڕن بۆ قوربانی. ئەم لۆجیکە بەلای ئەوەدا دەچێ ئەو کەسانە بە کەسانێک دابنێ کە بەرپرسیار نەبن لە ڕابردوو و ئێستە و داهاتوویان و دەیانکاتە کەسانێکی "یارمەتیدراو" assistes و بێبەش لە سەربەخۆیی. لەم چوارچێوەیەشدا دەستوەردانی مەدەنی تەنیا "یارمەتیدان" as-sistanceی دانیشتووانە مەدەنییە ناوەخۆییەکە نییە، بگرە یاوەرییەکە کە دەرفەت بۆ یارمەتیدانیان دەڕەخسێنێ.

کەواتە هەر لە سەرەتاوە ناکرێ وێنای دەستوەردانێکی مەدەنی بکەین بەبێ بەشداریکردنی ئەوانەی لەناو دانیشتوواندا بە لۆجیکی شەڕ نەیارن و ئامادەن بچنە ناو جموجووڵی ئاشتییەوە. لەو کاتەدا پێویستە ئامادەکاری بۆ ئەو دەستوەردانە و بڵاوکردنەوەی بکرێ بە بەهێزترین بەشداریکردنی مومکینی ڕێکخراو و تۆڕەکانی ئەو هاووڵاتییانەی لەگەڵ ئامانج و چۆنیەتییەکەیدا کۆکن. لە دەرەنجامدا، دەستوەردانەکە لەسەر داوایەکی ڕاشکاوی یەکێک لەو ڕێکخراوانە یان زیاتر بڕیاری لەسەر دەدرێ. پێویستە هەوڵ بدرێ گفتوگۆ لەگەڵ هەموو هێزە دیموکراسییەکانی گرووپە ناوەخۆییەکاندا بکرێ، نەخاسمە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی پابەندن بە بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و هاندانیان.

سەرجەم سەرکردە ناوەخۆییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە دانیشتووان دان بە شەرعییەت و

دەسەڵاتیاندا دەنێن، بانگهێشت کراون بۆ بینینی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە پرۆسەی ئاشتیدا. پێویستە لێیان نێزیک ببنەوە و هەوڵ بدرێ وتووێژیان لەگەڵدا بکرێ و ئەوانەی پابەندن بە دینامیەتی ئاشتی لەوانە جیا بکرێنەوە کە باوەڕیان بە لۆجیکی ڕووبەڕووبوونەوە هەیە.

توخمێکی تر هەیە کە پێ دەچێ ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە کاریگەریی دەستوەردانی مەدەنیدا هەبێ: دەکرێ ئافرەتان بەژمارەیەکی زۆر بەشدری لە کارە جۆرەوجۆرەکانی ئەو هەڵمەتەدا بکەن، چونکە ئافرەتان باشتر دەتوانن لە توێژی ئافرەتانی هەردوو کۆمەڵگە ناکۆکەکە، کە پێگەیەکی ناوەندیی لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەیە، نێزیک ببنەوە. هەر بۆیە زۆر جار لە ڕیزی پێشەوەی هەر شەڕێکی ناوەخۆییەوەن کە خۆیان یەکەمین قوربانیی ئەو جۆرە شەڕانەن.

پێویستە توێژی ئافرەتان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە داڕشتنەوەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا بگێڕن، کە یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی پرۆسەی ئاشتی و ئاشتەوایی. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ بیر لە پێکهێنانی "تیمی ئاشتی" کە تەنیا لە ئافرەتان پێک بێ بکرێتەوە، کە ئەرکیان یاوەریکردنی دانیشتووانە مەدەنییە ناوەخۆییەکان بێ لە پرۆسەی ئاشتیدا. بە هەمان شێوە هەندێ جۆری دەستوەردانی مەدەنی بواری ئەوە دەڕەخسێنێ کەسانی بەساڵاچوویشی تێ بخرێ کە دەشێ پێگە سروشتییەکەیان جێکەوتی گرینگی لەسەر ڕاستگۆیی کۆی نێردەکە هەبێ.

جاڕدانی ڕوون و ئاشکرای مۆرکی ناتوندوتیژانەی دەستوەردانەکە کارتێکی براوەی گرینگە لەپێناو سوود وەرگرتن لە پاڵپشتیی دانیشتووانە ناوەخۆییەکان، چونکە دەگونجێ ئەم "جاڕدانە" فتیلەی ئەگەری کاردانەوەی دوودڵی و ڕەتکردنەوە لەلایەن دانیشتووانی مەدەنییەوە بەرامبەر دەستوەردانێکی "بیانی" دەربێنێ. هەروەک دەکرێ بەتایبەتی کەشوهەوایەکی متمانە دروست بکرێ کە هاوکاریی نێوانیان تا ڕادەیەکی زۆر ئاسان دەکا. لەبەرئەوە، دەکرێ چەندان تۆڕی هاووڵاتییان لە هەردوو کۆمەڵگە ناکۆکەکە لەوانەی ئامادە نین هاوکاری لەگەڵ دەستوەردانی سەربازی بکەن، قایل بن بە هاوکاریکردن لەگەڵ دەستوەردانێکی مەدەنیی ناتوندوتیژانە.

* میانگیری
* یاوەریکردن

## گۆڕین

کۆمەبەستی سیاسەتی گۆڕین reconversion بەرتەسککردنەوەی ئەو خەرجانەن بۆ بواری پڕچەککردن تەرخان کراون، ئەویش بە گۆڕینی وەبەرهێنانە سەربازییەکان بۆ وەبەرهێنانی مەدەنی. سیاسەتێکی لەم شێوەیە توخمێکی سەرەکییە لە پرۆسەی چەکگۆڕی transarmament دا کە ئامانجی سیڤیلایزەکردن civiliserی بەرگری و ناسەربازاندن demilitariserی کۆمەڵگەیە.

ئەو گرووپە پیشەسازی-سەربازییانەی لە ناوجەرگەی کۆمەڵگە نوێیەکاندا دروست بوون، بە دابڕینی سەرچاوەیەکی داراییی گەورە بۆ خۆیان -پێ دەچێ زێدەڕۆیی نەکەین ئەگەر لەو بوارەدا

باس لە بەفیرۆدانێکی ڕاستەقینەی دارایی بکەن- چەندان ئاکامی خراپ ڕووبەڕووی ئابووریی وڵاتە پیشەسازیەکان دەکەنەوە. بە بەڵگەی بنبڕ ئەوە سەلماوە کە ئەو توێژینەوەی بۆ ئامانجی سەربازی دەکرێن بەشی شێریان لە بودجەی لێکۆڵینەوەی زانستیی دەوڵەتانی نوێ بەردەکەوێ. ئەم یەکەمایەتیدانە بەو بوارە زۆر جار کۆمەڵگە ناچاری سواڵکردن لە گۆڕەپانە گشتییەکەدا دەکا بۆ دابینکردنی خەرجی توێژینەوەکانی بواری تەندروستی.

ئەم جۆرە ڕەفتارانە "بژارەیەکی کۆمەڵگەیی" ڕاستەقینەیان تێدایە، لەکاتێکدا جێگەی هیچ گفتوگۆیەکی دیموکراسییانە نییە. زاناکان هەندێ جار هەوڵ دەدەن پاساو بۆ هاوکاریکردنیان لەگەڵ پرۆژە سەربازییەکان بێننەوە، ئەویش بە جەختکردنیان لەوەی ئەو پرۆژانە "بەرهەمی مەدەنی"ی زۆریشیان لێ دەکەوێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو بەرهەمانە زۆر سنووردارن. دەرەنجام، لەوانەیە وەبەرهێنان ڕاستەوخۆ لە بوارە مەدەنییەکەدا زۆر بەکەڵکتر و کەم خەرجتریش بێ، ئەویش بەخۆ دوورگرتن لە گرتنبەری ڕێگەی گوماناویی توێژینەوەی سەربازی.

ئەزموونی چەندان پرۆسەی گۆڕین کە لە کۆتای شەڕی جیهانیی دووەمدا پێویست بوون، چ لە ئەوروپا و چ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دەری دەخا لە ڕووی تەکنیکییەوە دەکرێ گۆڕین ئەنجام بدرێ و لە هەلومەرجێکیشدا کە بۆ مرۆڤ و ئابووری لەبارە.

بەڵام بەگشتی کۆسپی گەورە کە گوایە لەو ڕووەوە لەمپەرە ئەوەیە گۆڕینی کارگەکانی کەرەستەی شەڕ بەحەتمی دەبێتە مایەی زیادبوونی بێکاری، بەڵام ئەو بیرکردنەوەیە قەت لەگەڵ واقیعدا ناگونجێ، چونکە خەرجە سەربازییەکان هەلی زۆری کار دەستەبەر ناکەن، لەبەرئەوەی بەرهەمهێنانی چەکی نوێ پێویستی بە تێکنۆلۆجیایەکی زۆر ئاڵۆز هەیە کە پێویستی بە وەبەرهێنانی گەورە بە سەرمایەیەکی جێگیر دەکا. لێرەشەوە لە وەبەرهێنانی ئەو سەرمایەدا ڕێژەی هەلی کاری داهێنراو لە پیشەسازییەکانی چەکدا لە زۆربەی پیشەسازی و کەرتە مەدەنییەکانی تر کەمترە. بۆ نموونە، هەموو ئەو پشکنینانەی تا ئێستە کراون دەریان خستووە تەرخانکردنی هەمان بودجەی سەربازی بۆ کەرتی پەروەردە دوو هێندە هەلی کار دابین دەکا کە دروستکردنی چەک دابینی دەکا.

سیاسەتی گۆڕینی پیشەسازییەکانی چەک پێویستی بە پلانێکی ورد هەیە کە ئەو ئامانجانە دیاری بکا کە پێویستە لە مەودای نێزیک و ناوەند و دووردا بەدی بێن. سەرکەوتنی بەرنامەیەکی لەم جۆرەیش پێویستی بە ڕاوێژێکی فرەوان لەناو هاوبەشە ڕاستەوخۆ پێوەندارەکانی کۆمەڵگە هەیە، بەتایبەت لەناو دەسەڵاتدارانی گشتی و ڕێکخراوە پیشەییەکان و سەندیکاکانی کرێکارانی کەرتی چەکدارکردن. لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا پێویستە هاوکات ئامانجەکان و شێوەی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی ئەو مادانەی دەگۆڕێن بەرەو بەرهەمهێنانی شتی باش و بەکەڵک لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، دیاری بکرێن.

سەرەتا دەکرێ لێکۆڵینەوەیەک لە دۆخی بازاڕ بوار بڕەخسێنێ بۆ دیاریکردنی ئەو بەرهەمە

جێگرەوانەی دەشێ بەپێی پێداویستییە کۆمەڵایەتییە بەدی نەهاتووەکان بێنە هەڵبژاردن. ئەو پشکنیانەی پێشتر کراون بەگشتی دەری دەخەن کە دەکرێ گۆڕینەکە بە ئاراستەی بازاڕی کەرەستەسازییەکانی بوارە کۆمەڵایەتییەکان بێ کە بەدەست کەموکوڕییەوە دەناڵێنن وەک: گواستنەوەی گشتی، کەرەستە میکانیکیەکان، ئامێرە پزیشکیەکان، پاراستنی ژینگە، وزە نوێیەکان و هتد.

هەروەها پێویستە پلانێکی گۆڕین بۆ هەر دامەزراوەیەکی دیاریکراوی پیشەسازی دابنرێ، ئەویش بەپێی توانا تێکنۆلۆجییە جۆرییەکان و بەهرە و توانەکانی ئەوانەی کاری تێدا دەکەن. لەبەر خۆشدەستی (مرونەت)ی ڕێژەیی ئامێرەکانی هەندێ کارگە، دەکرێ بەشێک لە هێزی کارەکەی لە هەندێ چالاکیدا بەکار بهێنرێتەوە کە پێویستیان بە بەهرە و توانی هاوشێوە هەیە. هەرچی هەندێ جۆری دیاریکراوی هێزی کاریشە، ئەوانە دەبێ سەرلەنوێ شیاندنی پیشەییان بۆ بکرێ، کە لەوانەیە ماوەیەکی درێژ یان کورت بخایەنێ.

بەمەیش پێ دەچێ کەڵکی ئابووری و تەکنیکیی سیاسەتی گۆڕینی پیشەسازیی چەک ڕوون و ئاشکرا بێ. دەمێنێتەوە پرسی لێکۆڵینەوە لە گشتاندنی گۆڕین بەسەر تێکڕای کەرتی ئابووریی پێوەندار و تاقیکردنەوەی بەگوێرەی دۆخی تایبەتی هەر وڵاتێک. ئەوەیش سەرەتا و کۆتا لەسەر ئیرادەی بڕیاربەدەستانی سیاسی وەستاوە. ئەو ئیرادە سیاسییەش سەرەکیترین شتە کە تا ئێستە بەدەست نەبوونیەوە گرفتارین.

* فرۆشتنی چەک

* چەکگۆڕی transarmament

## تێکدان

ئاخۆ دەکرێ تێکوپێکدانی موڵک و ماڵ شوێنێکی لە ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانەدا هەبێ؟ ئەو "توندوتیژی"یەی دژ بە موڵک و ماڵ ئەنجام دەدرێ خۆی لەخۆیدا کارێکی نائەخلاقی نییە، چونکە بەوە ئازاریان پێ ناگا! بەڵام لەوانەیە خاوەنانی ئەو موڵک و ماڵانە ئەو تێکوپێکدانانە بە ئەنجامدانی توندوتیژی لەدژی ئەوان بزانن. ئیتر با ئەوە بوەستێ کە ئەو تێکدانە مەترسیس ئەوەی لێ دەکرێ بەشێک لە ڕای گشتی بتۆرێنێ، بەو هۆیەشەوە ئەنجامی پێچەوانەی هەبێ بەبەراورد بە ئامانجە خوازراوەکە. هەر بۆیە پێویستە کارەکانی تێکوپێکدان بەشێوەیەکی ورد ئاراستە بکرێن بەشێوەیەک بچنە خانەی دینامیەتی تێکۆشانی ناتوندوتیژی. نابێ لە هیچ حاڵەتێکدا تێکوپێکدان لەپێناو تێکوپێکداندا بێ، واتە مەبەست تەنیا زیانگەیاندن بێ بە دژبەر. شکاندنی جامخانەی دوکانەکان یان سووتاندنی ئۆتۆمبێلەکان هەرگیز خزمەتی هیچ کێشەیەکی نەکردووە. ئەم جۆرە تێکدانە تەنیا ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە لە پایەی "شکێنەرەکان" لە بەرچاوی ڕای گشتی دابەزێنێ و دەبێتە لێزمەیەک کە پاساو دەداتە سەرکوتکردن.

نابێ "تێکوپێکدانی ناتوندتیژانە" هیچ ئامانجێکی تری هەبێ جگە لە ڕێگرتن لە دژبەر لەوەی ستەم بکا، ئەویش بە بێبەشکردنی لەو ئامرازانەی بۆ ئەنجامدانی کارەکە پێویستن. دەبێ بەڕوونی لەوە دڵنیا ببن کە ئەو شتومەکانەی لەناو دەبرێن بۆ ئەنجامدانی ستەمەکە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. هەروەها پێویستە، بەپێی توانا، لەبری تێکوپێکدان یان تێکشکاندن یان شکاندن پەنا بۆ هەڵوەشاندنی شتەکان ببرێ. بۆ نموونە پەنابردن بۆ تەقەمەنی لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانێکی گەورە و لە چوارچێوەی تێکۆشانی ناتوندوتیژانەدا کارێکی نابەجێیە، تەنانەت ئەگەر هەموو هۆکانی خۆپارێزیش پێڕەو بکرێن تا کارە تێکدەرانەکان نەبنە مایەی کوشتن یان برینداربوونی کەسێک، ئەوا بەهۆی ئەوەی ئەو جۆرە کارانە لە ڕووی تەکنیکیەوە توانی کوشتن و بریندارکردنیان هەیە، ئەگەری زاڵ ئەوەیە ڕای گشتی وەک کاری توندوتیژی سەیر و سەرکۆنەی بکا، بەو هۆیەشەوە کەشوهەوایەکی دەروونیی وا ترسئامێز دێتەکایە کە دەشێ زەوینەیەکی ساز نەبێ بۆ وروژاندنی جەماوەر.

ئەو تێکدانە تێکنۆلۆجییەی لەسەر پەککستنی بەکارهێنانی هەندێ لە کەرەستەکانی دژبەر یان هەندێ لە ئامێرەکانی دامەزرابێ، دەکرێ بخرێتە چوارچێوەی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە، زۆربەی جار ڕەنگە لێکردنەوەی پارچەیەکی دیاریکراو کە بۆ خستنەکاری ئەو دەزگەیانە پێویستە تا نەتوانرێ بەکار بێ، بەس بێ. باشترین ڕێگە لەگەڵ مەرجەکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژی برێتییە لە زیادکردنی کارە تێکدەرانە زیرەکانەکان کە دەکرێ توانی پەککستنیان زۆر گەورە بێ. هەروەک دەکرێ پەککستنە بچووکەکان زۆر بکرێن کە دەتوانن هەندێ سیستم بەتەواوی کەنار بخەن. بەهەمان شێوە، چەتەگەریی زانیاریش دەتوانێ هۆیەکانی پێوەندیکردنی دژبەر شپرزە بکا.

بۆ ڕێگرتن لە ڕۆیشتنی شەمەندەفەرێک، ئەوە ئاسانترە چەند پارچەیەکی پێویست بۆ ئیشکردنی لێ بکرێنەوە تا ئەوەی پردێک بتەقێنرێتەوە. بەهەمان شێوە کرێکاران لەکاتی مانگرتندا دەتوانن پارچەیەکی دیاریکراوی ئامێرێک لێ بکەنەوە بۆ ئەوەی هیچ سەرکوتکەرێکی مانگرتنەکە نەتوانێ بیخاتەوە کار. وایش باشە بایەخی زۆر بەو پارچەیە بدەن، بەوەی بڕازێنرێتەوە و لەناو پارچە پەڕۆیەکدا بێتە پاراستن، تا پاش سەرکەوتن بتوانن بیگێڕنەوە شوێنی خۆی.

کارەکانی تێکدان بەگشتی بە پێشێلکردنی ئەو یاسایە دادەنرێن کە سەلامەتیی موڵک و سامانەکان دەستەبەر دەکا، دەبێ بەرگریکارانیش ئەنجامی کارەکانی یاخیبوونە مەدەنییەکەیان بچێژن.

* یاخیبوونی مەدەنی

### داشکاندنی خۆیی

داشکاندنی خۆیی برێتییە لەوەی کەسێک، یان کۆمەڵێک کۆی ئەو گوژمەیەی قەرزدەرێک (دائن) داوای دەکا کەم بکەنەوە، کە بەلایانەوە ئەو برە پارەیە زۆر زۆرە. ئەو جۆرە بەرهەڵستییە تەنیا

بەرکاربەرانی کاڵاکان ناگرێتەوە، بگرە ئەوانەیش دەگرێتەوە کە لە خزمەتگوزارییەکان سوودمەندن. بەوەیش دەکرێ کۆی ئەو کرێ (فاتورە)یانەی بەڕێوەبەرایەتی یاخۆ دەزگەیەکی دیاریکراو دەینێرێ کەم بکرێتەوە، ئەویش بەمەبەستی بەرهەڵستیکردنی زیادکردنێکی بێپاساوی تاریفەکان یان بۆ دەربڕینی نارەزایی لەسەر ناوەرۆکی ئەو خزمەتگوزارییەی پێشکێش کراوە. لەوانەیە ئەم حاڵەتە بەسەر کرێی ئاو و کارەبا و تەلەفۆن و ڕەسمەکانی سەر دەزگە بیستراو-بینراوەکان و... هتدیشدا جێبەجێ ببێ. کاتێ تاک ڕەتی دەکاتەوە "نرخی داواکراو" بدا، بەو کارە وەک کڕیار دەسەڵاتی خۆی بەمەبەستی گوشار خستنە سەر سەرکردەکان بەکار دێنێ. لە حاڵەتی داشکاندنی خۆییدا، جیاواز لە حاڵەتی بایکۆتکردن کە کڕیار شت بەکار نابا تا پارە نەدا، لێرەدا بەکاربەر بەکار دەبا بەڵام ئامادە نییە نرخی پێویست بدا. کڕیار ڕازی نییە ئەوەی لەسەریەتی بیدا، نەک لەبەرئەوەی کەسێکی قەرزکوێر و لاسارە، بەڵکو لەبەرئەوەیە پێی وایە ئەو نرخەی دانراوە بۆ خزمەتگوزارییەکە هێندە گرانە "لەتوانا بەدەرە".

دەکرێ داشکاندنێکی بەکۆمەڵ بۆ کرێ خانوو ڕێک بخرێ، جا یان بۆ بەرەنگاریکردنی گرانییەکی لەڕادەبەدەر بێ، یان بۆ ئەوە بێ داوا لە خاوەن خانووەکان بکرێ ڕەزامەندی نیشان بدەن بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنانێک بۆ باشکردنی هەلومەرجی نیشتەجێبوونی کرێچییەکان. ئەم جۆرە داشکاندنە خۆییە مانگرتنێکی ڕێژەییە لە کرێدان.

دەکرێ داشکاندنێکی خۆیی ڕێک بخرێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی زیادکردنی کرێی گواستنەوەی گشتی، یان لانی کەم کەمکردنەوەی ئەو زیادەیە، ئەویش کاتێ زیادکردنەکە بێ پاساو بێ. بەڵام لێرەدا تاک ناتوانێ نرخی بیتاقەکەی دابشکێنێ، کەواتە پێویستە لێژنەکانی تێکۆشان لە بەکاربەران و سەندیکاکان هەستن بە چاپکردنی کارتی ڕاستەقینە/ساختە و لە شوێنەکانی کار دابەشی بکەن و بیفرۆشن، ئەنجا ئەو پارەیەی کۆ کراوەتەوە بگەڕێنرێتەوە بۆ کۆمپانیا تۆمەتبارەکە.

سەرکەوتنی هەڵمەتی داشکاندنی خۆیی پێویستی بەوەیە نەسپێردرێ بە دەستپێشخەریی ڕەمەکییانەی تاکەکان، کە لەوانەیە جیاجیا ڕەفتار بکەن، چونکە هەڵمەتەکە بەدەگمەن سەرکەوتن بەدەست دێنێ ئەگەر ڕێکخراوێک ڕاستەوخۆ نەیگرێتە ئەستۆ کە بتوانێ کەمینەیەکی گەورە لە کڕیار و بەکاربەران ساز و ئامادە بکا -سەرەتا ١٠٪ بێ- و گوشارێکی ڕاستەقینە بخاتە سەر بڕیاربەدەستان.

هەروەک دەکرێ بۆ نارەزایی دەربڕین لەدژی بڕیارێکی دیاریکراوی حکوومەت کە بە زیانبەخش دادەنرێ، باج کەم بکرێتەوە، لەوکاتەدا بکەرەکە بەکاربەر نییە بەڵکو هاووڵاتییە.

* ڕەتکردنەوەی باج
* بایکۆتکردن

بۆ کوشتنی ڤایرۆسی ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی ڕەوایی و شکۆ بە توندوتیژی دەدەن، پێویستە کار بکەین بۆ تێراوکردنی سەرتاپای کۆمەڵگە بە "کولتووری ناتوندوتیژی"– کولتووریش بە پەروەردە دەست پێ دەکا. ئامانجی سەرەکی ئەوەیە منداڵانی مرۆڤ ئامادە بکرێن تا ببنە فەیلەسووف و هاووڵاتی، لەوێشەوە تەواوی کاتیان لەبەردەست دەبێ بۆ بەدەستهێنانی زانیارییە پیشەییەکان کە یارمەتییان دەدا کار بکەن.

پرۆژەی پەروەردەی سەرتاپاگیر بەدەوری دوو جەمسەردا دەخولێتەوە: فێرکردن و پەروەردە. فێرکردن واتە گواستنەوەی هەندێ زانیاری کە زانست پێک دێنن. ئەم زانستە پێوەندیی بە ڕووداوگەلێکەوە هەیە و چاوی لە بابەتیبوونە. فێرکردن "زانینخوازی"ـە renseignement و زانیارییەکی زانستی یان تەکنیکیت دەداتێ. ئامانجی فێرکردن بەشێوەیەکی سەرەکی کەڵکە utile کەواتە کەڵکخوازە utilitair. "زانست"ێک savoir دەگەیەنێ کە دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی "لێهاتن"ێک savoir-far. بەڵام زانستە تەکنیکییەکان چەندە بەکەڵکیش بن هێشتا نامۆن بەو بەهایانەی واتەیەک بە ژیان دەبەخشن. زانست دەرفەت بۆ بیرکردنەوە لە توندوتیژی و ئازار و مردن نارەخسێنێ، هەروەک یارمەتیدەر نییە بۆ بیرکردنەوە لە ناتوندوتیژی و چاکی و بەختەوەری. دواجاریش زانست ڕێگەیەک نییە بۆ بیرکردنەوە لە واتەی ژیان.

زۆر گرینگە دەرفەت بۆ منداڵەکانمان برەخسێنین تا لە گەنجینەی کولتووری ڕۆحی و فەلسەفی و ئەدەبی و هونەریی مرۆڤایەتی هەڵگۆزن، کە ئەوە کەلەپووری ئێمە و شارستانێتیەکانی تریشە. ژمارەیەک مرۆڤ لە درێژاییی چەندان سەدەدا، بیریان لەو پرسیارە بوونیانە کردووەتەوە کە ئێمە لەبارەی واتەی ژیان و مردنەوە لە خۆمانیان دەکەین، ئەرکی پرۆژەی پەروەردەیە زەوینە بۆ منداڵان ساز بکا تا لەڕێی کەڵک وەرگرتن لە کانیاوی کارەکانی پێش خۆیان، کەسایەتیی تایبەتی خۆیان دروست بکەن و قەناعەتی تایبەتی خۆیان گەڵاڵە بکەن.

ئەگەر فێرکردن "هونەری کارکردن"مان فێر بکا، ئەوا پەروەردە "هونەری ژیان" دەگوازێتەوە، جا ئەگەر گرینگ بێ مرۆڤ "بزانێ" تا "باش کار بکا"، ئەوا گرینگیشە "لە ژیان تێ بگا". پەروەردە بریتییە لە فێرکردنی بنەماکانی زمانی ژیان. لە فێرکردندا ڕۆڵی فێرخواز زیاتر کارلێکە لەگەڵ ئەوەی پێی دەوترێتەوە و پێویستە "شوێن" ئەو وانەیە بکەوێ کە "پێی دەدرێ" و ئەو چەمکانەی بەگوێیدا دەدرێن تۆمار بکا و کۆیان بکاتەوە. وەک سەرەتا، فێرکار ئەگەر هەڵەیش نەکا هیچی لەسەر نییە، تەنیا بەسە دووبارەی بکاتەوە، چونکە مامۆستا تەنیا "دووبارەکەرەوە"یە repetiteur.

بەڵام لە پەروەردەدا فێرخواز ڕۆڵێکی کارای هەیە و قسەی هەیە بیکا، چونکە پەروەردە لەسەر پێوەندییەکی کارلێک لەناو مامۆستا و قوتابی دامەزراوە، فێرکردن بەپلەی یەکەم فێربوونی بەلاوە گرینگە، لەکاتێکدا پەروەردە زیاتر تایبەتە بە پێوەندی لەگەڵ فێرخواز. مامۆستا یاخۆ فێرکار قسە

بۆ قـوتابییـان دەکـا، پـەروەردیاریش بەهەمـان شـێـوە، بەڵام ئـەمـەی دوایـی بوار دەهێـڵـێـتـەوە بۆ قسەکردن لەگەڵ قوتابییان.

نابێ "پـەروەردەی نیشـتـمـانـی"ی منداڵان فـێـرکـردنێکی جـیـا و پەراوێزی بێ، بگرە پێویستـە بەپێـچـەوانەوە لە چەقی پرۆژەی پەروەردەییـدا بێ، دەبێ ئەو پەروەردەیە هەوڵ بدا لەبری ملکەچی هانی سـەربەخۆیی، لەبری گوێڕایەڵیی نەرێنی هانی هەستی ڕەخنەگرانە، لەبری بەسـتنەوە هانی بەرپرسـیـاریەتی، لەبری مـشـتـومڕ هـانی هاوکـاری و لەبری ڕکابەری هانی هاوهەڵوێسـتی بدا. ئامـانجیش لە دەرەنجـامدا پێگەیاندنی منداڵانە لەسـەر ناتوندوتیـژی. بەڵام بۆ ئەوە مـەرجی یەکەم ئەوەیە پەروەردە خۆی ئیلهام لە بنەما و ڕێسا و میتۆدەکانی ناتوندوتیژی وەربگرێ: پەروەردەکردن لەسـەر ناتوندوتیژی لە ناتوندوتیژیی پەروەردەوە دەست پێ دەکا.

پێویستە سەرەتا گەورەکان ڕێزی دنیای منداڵان بگرن و سنوورەکانی نەبەزێنن و داگیری نەکەن بە سەپاندنی یاسا و ئایدیۆلۆجیا تەختەیینەکانیان. منداڵی مرۆڤ مرۆڤێکی بچووک نییە، بگرە بە بوون مـرۆڤـە. ئەم بوونەیش ئەو بناخـەیەیە کـە پێـویسـتـە گـەورە ڕێزی بگرێ. دیارە پەروەردەی ناتوندوتیـژانە هەڵوەشاندنەوەی هەمـوو دەسەڵاتێکی مرۆڤی پێگەیشـتووی تێدا نییە، چونکە منداڵ بۆ ئەوەی کـەسـایەتیی خـۆی دروست بکا، پێـویسـتی بەوەیە سـەری بەو دەسـەڵاتەدا هەڵـتـەقێ، سـروشـتی دەسـەڵاتی پەروەردیاری باش خۆی بەشـێـوەیەکە لەڕێی ناتوندوتیـژییـەوە مومـارەسـە دەکرێ.

پەروەردە eduquer (کـە لە فـرمـانی لاتینی educare بەواتـەی: پێـی گـەیاند-ەوە هاتووە) لە جەوهەردا پێگەیاندنی منداڵی مرۆڤە لەسـەر ئازادی. بۆیە دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە زەحمەتییەکە گـەورەیە. ئەوەیە دژواریی گـەورەی پەروەردە: پەروەردەکردنی منداڵی مـرۆڤـە لەسـەر ئازادی بە دانانی نەک تەنیـا لەژێر کـاریگەریدا بگرە لەژێر باری ناچارکـردنیـشـدا، چونکە پەروەردەکـردن ناچارکـردنە. ئازادی هەرگـیـز بە ملکەچی بۆ نـاچارکردن بەدەست نایە، بگرە بە زاڵبوون بەسـەر ناچارکـردندا بەدەست دێ. بەڵام ئەوە بەس نـیـیـە بیـڕازێنینەوە و بڵـێین هەمـوو زۆرلێکردنێک توندوتیـژی نییـە، بگرە دەبێ جەخت لەوە بکرێ کـە هیچ زۆرلێکردنێکی پەروەردەیی نییـە جگە لە زۆرلێکردنی ناتوندوتیژانە.

گۆشکردنی منداڵان بـە هاووڵاتیبوون بەوە دەبێ فێر بکرێن یاسا بەباشی بەکار بێنن، ئەویش بە تێگەیاندنیان لەوەی ئەو گوێڕایەڵییەی لە هاووڵاتییان دەویسـترێ برێتی نییە لە ملکەچکردنێکی ناچاری و بێ قەید و شەرت بۆ فەرمانی سەرگەورەیەکی ڕاستەوخۆ، بگرە برێتییە لە بڕواهێنان بە ڕێسایەک کە خۆیان بە تێڕوانین و ڕەزامەندییان دانیان بە دروستیدا ناوە. ئەوە یەکێکە لە ڕەهەندە جەوهەرییەکانی پەروەردە کە منداڵان بەشدار بکرێن لە دانانی ئەو ڕێسا کۆمەڵایەتییانەی پێویستە لە داهاتوودا پێیانەوە پابەند بن. پێویستە لەسەریان خۆیان، بەتاقیکردنەوە لە پێویستییان دڵنیا بن تا بتوانن پێکەوە لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی هەمـوو تاکەکان و هەمـوو تاکێکدا بژین. ئەم

ڕێسایانە، کە پێشوەخت یاساکانی کۆمەڵگە بەرجەستە دەکەن، ماف و ئەرکی هەر تاکێک بەرامبەر ئەوانی تر دیاری دەکەن بەمەبەستی داڕنینی شەرعییەت لە توندوتیژی. کۆت و قەدەخەگەلێک دەسەپێنن کە سنوور بۆ منداڵان دادەنێن.

کاتێ دەسەڵاتی پەروەردیار ناتوانێ منداڵ قایل بکا بە ڕێزگرتنی سەپاندنەکانی یاسا، ناچارە پەنا بۆ ڕێوشوێنەکانی زۆرلێکردن ببا. کەواتە جێی خۆیەتی، لەکاتی هەر پێشێلکردنێکی یاسادا، سزایەک دابنێ کە لەگەڵ کۆی پرۆژە پەروەردەییەکە تەبا بێ. ئامانجی سزا، تۆڵەسزا (القصاص) نییە، بەڵکو ئامانجی بەردەوام و تائەبەد پەروەردەیە. دەبێ سزاکە زەوینە بۆ منداڵ ساز بکا تا تێ بگا کە ئەو، ئەو گرێبەستەی پێشێل کردووە کە خۆی پێشتر پەسندی کردووە و دەرفەتی قەرەبووکردنەوەی گوناهەکەی بداتێ.

یەکەم پاساوی سزادان نەرێنییە، بەو واتەیەی نەبوونی سزا- واتە قوتاربوون لە سزا- منداڵی یاخی هان دەدا لەسەر پێشێلکردنی سزا بەردەوام بێ. ئامانجی سزا گێڕانەوەی دەسەڵاتی پەروەردیار نییە، بەڵکو یەکەمیدانە بە یاسا.

سزادانی پەروەردەیی وا لە پێشێلکار دەکا هەست بە بەرپرسیاریەتیی خۆی لە کارەکانی بکا، چ بەرامبەر خۆی و چ بەرامبەر ئەوانی تریش بەمەبەستی ئاشتەوایکردنی لەگەڵ خۆی و گرووپەکە. سزادان پێداگری لەوە دەکا کە تەنیا بە ڕێزگرتنی هەموو تاکێک لە یاسا دەرفەتی پێکەوەژیان دەڕەخسێ، چونکە سزادان سەرکۆنە و شکاندنەوە و کزۆڵکردنی مرۆڤ نییە، بگرە خستنەئەستۆی بەرپرسیاریەتییە. لەبەرئەوە، دەبێ کرداری پێشێلکردنەکە سەرکۆنە بکرێ بەبێ سەرکۆنەکردنی کەسی پێشێلکار.

پێویستە پەروەردیار لێبڕان fermete پیشان بدا -قەدەخەکانی یاسا وەبیر بێنێتەوە و پێشێلکارییەکان قبووڵ نەکا- نەک دڵڕەقی severite، چونکە "سزادانی توند" sevir بریتییە لە "مامەڵەکردنی دڵڕەقانە" sevices، واتە بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵانی لاسار، (هەریەک لە وشەکانی severite, sevices, sevirی فەرەنسایی یەک ڕەگیان هەیە، کە بنچینەکەی بریتییە لە فرمانی لاتینی soevireبەواتەی "بەکارهێنانی توندوتیژی").

یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی پەروەردە بریتییە لە تێکوپێکشکاندنی تێڕوانینە جیاکارییە پێشوەختەکان بەرامبەر "ئەوانی تر" کە سەر بە گەلی تر/ ئاینی تر/ یان کولتووری ترن. گواستنەوەی بیرۆکەی ئامادەی پێشوەخت لەبارەی "دوژمن"ەوە بۆ منداڵان، واتەی پێشوەخت چەکدارکردنی سۆز و زەین و باسکیانە، واتە پێشوەخت ڕاهێنانیانە لەسەر شەڕ. کەواتە ئەرکی سەرەکیی پەروەردە بریتییە لە دامالینی چەک لە تێڕوانینی منداڵان بۆ "ئەوانی تر"، بەتایبەت ئەوانەی ناسنامەی کۆمەڵایەتییان جیاوازە. مەبەست پەروەردەکردنی تێڕوانینیانە تا خۆیان لە هەر دوژمنکارییەک بەرامبەر "ئەوانی تری جیاواز" دوور بگرن و فێری بن لەگەڵیاندا بەسۆز بن.

* کولتووری ناتوندوتیژی

* منداڵێتی
* قوتابخانە

## لێبوردەیی

وشەی لێبوردەیی tolerance لە ڕووی داتاشینەوە دەگەڕێتەوە سەر فرمانی toleratەی لاتینی بەواتەی "بەرگەی گرت"، لێبوردەیی لەگەڵ مرۆڤ ئەوەیە وەک خۆی چۆنە بەئارامی "بەرگەی بگرین"، جا ئەوەمان پێ خۆش بێ یان ناخۆش. لێبوردەیی بەشێوەیەکی تایبەت برێتییە لە ڕازیبوون بەوەی ئەوی تر پێداگری لەسەر حەقیقەتێک بکا جیا لە حەقیقەتەکەی ئێمە و بیروباوەڕێک ئاشکرا بکا جیا لە بیروباوەڕەکەی ئێمە. لەوانەیە زۆر بە هەڵەی بزانین، بەڵام مادەم بیر و بۆچوونەکانی پشتگیریی ئایدۆلۆجیایەک ناکا کە نکولی لە مافی مرۆڤ بکا، مافی دەربڕینی ئەو هەڵەیەی دەدەینێ، زیاد لەوەیش کەمتەرخەمی ناکەین بۆ قایلکردنی ئەوانەی حەزیان لە ڕێزنەگرتنیەتی، تا ڕێزی بگرن.

لێرەدا نالێبوردەکان دەپرسن: ئاخۆ دەکرێ ڕاستی لە بابەتی ناڕاستیدا لێبوردە بێ؟ دانایی وەڵام دەداتەوە کە پێویستە ڕاستی لە بابەتی ناڕاستیدا لێبوردە بێ، چونکە ناڕاستی توانی زیانگەیاندن بە ڕاستیی نییە. هەر لەبەرئەمەیشە، نابێ خەمساردی بەرامبەر ڕاستی بکرێ و خۆ بدەینە دەست بێموبالاتییەکی گومانکارانە. بەپێچەوانەوە، ئەو ڕاستییەی ڕای دەگەیەنین، خۆی لەخۆیدا وا دەخوازێ ڕێز لە ئازادیی ئەوانی تر بگرین، بۆیە دەبێ هەڵوێستێکمان هەبێ کە لەگەڵ ئەو داخوازییەدا بگونجێ. هەروەها لێبوردەبوونمان دەشێ داننانمان بێ بەوەی ئێمە بوونەوەرگەلێکی بێ هەڵە نین و لە زۆر بابەتدا مافمان نییە لافی دڵنیابوون لەوەی حەقیقەت لای ئێمەیە لێ بدەین. ئەمەیش داننانی ئێمەیە بە بوونی بەشێک لە حەقیقەت لای ئەوانەیش کە جیاواز لە ئێمە بیر دەکەنەوە.

لێبوردەیی ڕێزگرتن نییە، بەپێچەوانەوە ئێمە بەشێوەیەکی گشتی ڕێزی زۆر ناگرین لەوەی لەگەڵی لێبوردەین. بنەمای لێبوردەیی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی مامەڵەکارێکی نەرێنی: لێبوردەیی لە بنەڕەتدا گتکردن (امتناع)ە- گتکردنە لە سەرکۆنەکردن، لە قەدەخەکردن، لە حەرامکردن، لە ناچارکردن، لە پەنابردن بۆ توندوتیژی. لێبوردەیی بەم واتەیە، یەکێکە لە زاراوە بچووکەکانی ناتوندوتیژی، برێتییە لە "لای خواری چاکە" کە ناتوندوتیژی دەیخوازێ. لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیەکی نەرێنی خۆی دەردەبڕێ و زۆر جار کاری لێ کردووە، بەڵام واتە ئەرێنییەکەی کاتێ ڕوون دەبێتەوە کە دژەکەی- واتە نالێبوردەیی intolerance- دەتوانێ چەند توندوتیژی بەدی بێنێ. کاتێ هەموو زیانەکانی نالێبوردەیی کە ئایدیۆلۆجیا و ئەرتۆدۆکسی و ئوسوڵی و حزبایەتی و شێوەکانی تاکڕەویی هزری پاڵپشتیی دەکەن سەرژمێر بکەین، ئەوکاتە بەباشی نرخی گیانی لێبوردەیی دەزانرێ.

هەندێ هزر و ڕا و بیروباوەڕی هەڵە- یان لانی کەم ئەوانەی ئێمە بە هەڵەیان دادەنێین- هیچ مەترسیدار نین و لێرەوە هیچ زیانێکی نییە "بەرگەیان بگرین" و لەگەڵیان لێبوردە بین. بەڵام ئاخۆ دەکرێ لێبوردە بین لەگەڵ ئەو هزر و ڕا و بیروباوەڕانەی مەترسی یاخۆ ئەگەری مەترسییەکی ڕاستەقینەیان بۆ سەر ئاسایش و ئازادیی کۆی هاووڵاتییان یان هەندێکیان هەیە؟ وەڵام، نەخێر. دان بەخۆداگرتن لەو سنوورەدا دەوەستێ کە شیمانەی خوڵقاندنی مەترسی نەبێ، لەو سنوورە بەدەر لێبوردەیی پاشەکشە و حاشا لەخۆی دەکا. لەبەرامبەر ئەوەی ناکرێ لێی ببووردرێ، لەو کاتەدا نابێ کار بە لێبوردەیی بکرێ، بەڵکو دەبێ کار بە بەرەنگاریکردن و تێکۆشان بکرێ. دەبێ دیموکراسیەتەکان ئامرازی ناچارکردنی ئەوتۆ دابێنن کە لەگەڵ ئەو بەهایانەی بانگەشەیان بۆ دەکەن بسازێن و بتوانن ببنە لەمپەر لەبەردەم زیانی ئەوانەی پروپاگەندە بۆ هەندێ هزر و ڕێباز دەکەن کە هانی بەسووک تەماشاکردن و ڕق و توندوتیژی دەدەن. چاکە و خۆشەویستی سنووریان نییە، بەڵام لێبوردەیی سنووری هەیە، لێبوردەیی ئەرکێکی ڕەها نییە، بەڵکو بژارەیەکە لەگەڵ هەندێ هەلومەرجی دیاریکراودا دەگونجێ.

دەگمەن نییە ڕەخنە لە کەسی ناتوندوتیژ بگیرێ بە دەرکەوتنی لە ڕواڵەتی کەسێکی نالێبوردە لەگەڵ ئەوانەی ئەو ڕێگەیەی ئەویان هەڵنەبژاردووە، ناتوندوتیژی لەسەر ناتوندوتیژانی دەکاتە ئەرک کە ئەوپەڕی ڕێز بەرامبەر هاوگۆ (محاور)کانیان نیشان بدەن، بەڵام ئەم ڕێزگرتنە نەک پێکدادانی هزرەکان بەدوور نازانێ، بگرە ئەوە بە پێویست دەزانێ. ڕاست نییە کە هەموو هزرەکان بەڕێز بن: ئەگەر توندوتیژی شتێکی دزێو بێ ئەو هزرەیش پشتیوانیی دەکا و پاساوی دەداتێ، دزێوە. لە بنەڕەتدا لای ئەو کەسەی لەگەڵ ناتوندوتیژیدایە هۆشیارییەک ئامادەیە کە ناکرێ لێبوردەیی لەگەڵ توندوتیژیدا بکرێ، بەوەیش بەناچاری لە ناکۆکییەکی قووڵدا دەبێ لەگەڵ ئەوانەی لێبوردەیی لەگەڵ توندوتیژی بەخەرج دەدەن و ناتوانێ لەو جیاوازییە بێدەنگ بێ، چونکە هەر لێبوردەیییەک دەرهەق بە توندوتیژی، نا بگرە دەرهەق بەو فیکر و ئایدیۆلۆجیایانەی بناخە بۆ ئەو جۆرە لێبوردەیییە دادەڕێژن، وەک جۆرێ لە چاوپۆشی و تێوەگلان دێتە پێش چاوی. سروشتی هەموو ناکۆکییەکیش وایە کە مشتومڕئامێزە. ڕاستە ئەوە مشتومڕی هزرەکانە نەک کەسەکان، بەڵام شاردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە هزرەکان کەسەکانیش دەگرنەوە کارێکی بێهودەیە. ئەوەی لەگەڵ ناتوندوتیژی بێ ناتوانێ لەم مشتومڕە هەڵبێ. نەک دەبێ قبووڵی بکات و شانی بداتە بەر، بەڵکو زۆر جار ناچار دەبێ تەنانەت هانیشی بدا. بەمەیش، لەبەردەم توندوتیژیدا، ئەرکی ناتوندوتیژی پێویستی بە ئەوپەڕی کەللەڕەقی هەیە. هەر بۆیە گرتنەبەری ناتوندوتیژی دژ بە چاوپۆشیکردنە بەئاسانی و خۆی نابوێرێ لە پیشاندانی شتێک لە ڕەقی. بەڵێ، ناتوندوتیژی ڕەقە!

ستەمکارییەکانی ئەو پشێوییەی ئێستە لەئارادایە هێزی خۆی لەو لێبوردەیییەی ئەو زۆرینەوە وەردەگرێ کە بە "زۆرینە بێدەنگەکە" ناو دەبرێ و کەڵک لە بێدەنگییەکەی وەردەگرێ. لەبەردەم ئەم ڕێگەچارەیەدا کە وازهێنانی لێ دەکەوێتەوە، دەبێ ڕێز و نرخ بۆ فەزیڵەتی نالێبوردەیی

بگێڕدرێتەوە کە بناخە بۆ ئیرادەی بەرەنگاری دادەڕێژێ. نالێبوردەیی بربڕەی پشتی ئومێدە: چونکە بۆ ئەوەی ئومێدمان بە هاتنەکایەی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرتر و ئازادتر هەبێ، چار ناچارە دەبێ یەکەم شت لێبوردەیی لەگەڵ سەرجەم ستەم و شێوەکانی توندوتیژی ئارا ڕەت بکەینەوە، هەر ئێستەش.

* ڕێزگرتن

## قوربانیدان

چەمکی قوربانیدان بیرۆکەی کەمتەمایی (زهد)ی خۆویستانە لە بەرژەوەندییەکی تایبەت لەپێناو بەرژەوەندییەکی باڵاتر لەخۆ دەگرێ. بیرۆکەی خۆیەکلاکردنەوەی تاکە کە خۆی بۆ خزمەتکردنی ئەوانی تر تەرخان دەکا. چڵەپۆپەی قوربانیدان برێتییە لە کەمتەمایی مرۆڤە بە ژیانی خۆی. زۆر جار ئەخلاقیاتە جۆرەوجۆرەکان- بەتایبەت ئەوانەیان ئیلهام لە ئاینەوە وەردەگرن- پیرۆزییان بە" گیانی قوربانیدان" داوە بەوەی بایەخێکی جەوهەرییان بە فێرکردنی داوە. ئەو کارە هەندێ جار ڕێگەی بە هەندێ لادانی جێداخ داوە کە بووەتە مایەی ئەوەی بەهایەکی باڵا بە خودی سزا بدرێ.

ئەوەی دەچێتە ناو کاری ناتوندوتیژانە دەزانێ بەو کارە خۆی تووشی توندوتیژیی دژبەرەکانی دەکا، ئەم توشبوونە خۆیشی لە هەمان کاتدا پاسەوان و هێزیەتی. چونکە ئەو بە بەرچاوڕۆشنی مل بە هەندێ مەترسییەوە دەنێ کە لەوانەیە ڕووبەڕووی سزا و مردنی بکەنەوە، بۆیە پێویستە لەسەری خۆی بۆ ئەوە ئامادە بکا. بەم واتەیە پێوەندییەکی بەهێز لەناو ناتوندوتیژی و قوربانیداندا هەیە کە جێی خۆیەتی سروشتەکەی دیاری بکەین. ڕای باو بەلای ئەو باوەڕەدا دەچێ کە ئەو کەسەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرێ، مادەم ئامادە نییە بۆ بەرگری لەخۆکردنی چەک هەڵبگرێ، پێشوەخت خۆی کردووەتە قوربانی و بەدڵنیاییەوە خۆی لەبەردەم وادەیەکی دیاریکراودا دەبینێ لەگەڵ مەرگ. بەڵام بابەتەکە لەڕاستیدا بەو شێوەیە نییە. پێویستە مەترسیی ناتوندوتیژی تێکەڵ بە "ویستێکی قوربانیدان" نەکرێ. کاتێ کاری ناتوندوتیژانە لەپێناو دادپەروەریدا، لە هەندێ هەڵوێستدا قوربانیدان دەکاتە شتێکی حەتمی، ئەوا پێویستە قبووڵ بکرێ و بەرگەی بگیرێ، بەڵام نابێ داوا بکرێ. لە سەرکێشیکردن بە مردندا نابێ کەمترین ملکەچی بۆ حەتمیەتی مردن نیشان بدرێ.

کاتێ مرۆڤی ناتوندوتیژ ڕووبەڕووی مردن دەبێتەوە، زێدەڕۆیی و سەرکێشی نازانێ و خۆی ناخاتە بەرگی ئەو پاڵەوانەی کە دەزانێ لە وادەدایە لەگەڵ مەرگێکی پێشوەخت و شەرەفمەندانەدا. ئەوەی خۆی لە قەرەی مەترسیی ناتوندوتیژی دەدا، مردنی ناوێ، بەڵکو ژیانی دەوێ و دەیەوێ هەموو دەرفەتەکانی ژیان بەوانی تریش ببەخشێ. ئەوەی دەچێتە ناو کاری ناتوندوتیژانە تووشی مردن دەبێ بەڵام قەناعەتی هەیە بەوەی ئەو مەترسییە واتە بەژیانی دەبەخشێ و لەکاتی پێویستدا واتە بە مردنیشی دەبەخشێ، چونکە ئەو ژیانی پێشکێش ناکا بەڵکو گرەوی لەسەر دەکا، سەرکێشیی پێ دەکا و دەزانێ لەوانەیە لەدەستی بدا بەڵام ئومێدی هەیە کە لێی نەسەنرێ، چونکە

ئەو نایەوێ بچێ "چاوی بە مەرگ بکەوێ"، بەڵکو دەیەوێ تا دوا هەناسە بەرەنگاریی مەرگ بکا. ئەوەی بناخە بۆ مەترسیی ناتوندوتیژی دادەمەزرێنێ و بەرجەستەی دەکا، ئومێدە بەوەی بکرێ گژبەریی مردن بکا بەبێ ئەوەی بیچێژێ.

پێویست ناکا مرۆڤ بۆ سەرخستنی "پرس"ێک ئامادە بێ بۆ مردن، بەڵکو دەبێ ئەوە لەپێناو گەشەپێدانی مرۆڤایەتیی مرۆڤ بێ لە جیهانێکدا کە توندوتیژی تێیدا تەشەنەی کردووە. پێویستە مردن چاکەکردنێک بێ بەرامبەر مرۆڤەکانی تر. ئەگەر بەزمانێکی زاراوەییش قسە بکەین، دەڵێین پێویستە لەپێناو خۆشەویستیدا بمرین.

بەدرێژاییی مێژوو دەوڵەت، گوایە وەک بەرجەستەکردنی بەهاکانی شارستانێتی، داوای لە هاووڵاتییانی کردووە ڕازی بن قوربانی بە ژیانیان بدەن دژ بە دوژمنی دەرەکی، بەم شێوەیە بالاترین فەزیلەتە ڕۆحیەکان -تێپەڕاندنی ئارەزووە خۆپەرستانەکان بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی، ئازایەتی لەبەردەم سزا و مردندا، بەقوربانیکردنی ژیان- لە شەڕ لەخزمەتی کوشتندا دەستیان بەسەردا گیرا. ئەوەیش بەبێ دروستکردنی لارولەوێرییەکی ڕیشەیی لە فیکردا بەدی نەهات. بێگومان ڕاستە ئەو کەسەی لەپێناو کێشەیەکی ڕەوادا چەک هەڵدەگرێ قایلە بەوەی ژیانی بکاتە قوربانی -ئەو شەرەف و مەزنییەیشی بەسە- بەڵام ئەوەی پێش هەموو شت دەیەوێ بریتییە لە قوربانیدان بە ژیانی ئەوانی تر، جا ئەگەر سەرکێشیی بە مردنەوە کرد، ئەوە یەکەم جار سەرکێشی بە کوشتنەوە دەکا.

بۆیە پێویستە ئەو زمانە وتاربێژانەیە لە دەوری ئازایەتی و قوربانیدان بە گیان لە شەڕ بکەینەوە تا بیبەستینەوە بە بەرەنگاریی ناتوندوتیژانەوە. ئەو کاتە هەموو شت دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی و فەیلەسووفیش دەتوانێ پێداگری بکا کە بەڕاستی ئەو مرۆڤەی باز بەسەر بەرژەوەندی و حەزە کەسییەکانی خۆیدا دەدا بەقبووڵکردنی بەقوربانیکردنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی و تەنانەت بە ژیانی خۆیشی تا مل بە مەترسیی مەرگەوە بنێ بۆ بەرگریکردن لە دادپەروەری و ئازادی، ئەو کەسە داوای چاکەی جیهانی دەکا و کاری ئەقڵ لە مێژوودا دەکا و چارەنووسی خۆی وەک بوونەوەرێکی ڕۆحی بەرجەستە دەکا. لە دەرەنجامدا مرۆڤی بەهێز ئەو کەسەیە ئازایەتیی بەرگەگرتنی مەترسیی ناتوندوتیژی هەیە.

* ئازایەتی
* سەرکوتکردن
* مردن

### ئەشکەنجەدان

بەناوی "واقیعیەت"ێک کە لافی گەڕان بەدوای "کاریگەری"یەکی کاتی لێ دەدا، دەوڵەتان بەگشتی سڵیان نەکردووەتەوە لە پەنابردن بۆ ئەشکەنجەدان دژ بەوانەی بەئاشکرا لە دەسەڵاتیان یاخی

بوون، نەخاسمە کاتێ نەیارەکانیش دەستیان لە توندوتیژی نەپاراستبێ. هەروەها ئەشکەنجەدان لەکاتی شەڕەکاندا بڵاو بووە، پاساوی باویش بۆ ئەم ڕەفتارە ئەوەیە کە ئەشکەنجەدان تاکە ڕێگەیە بۆ دەسکەوتنی زانیاری و ڕێگرتنیشە لە ئەنجامدانی کاری نوێی توندوتیژی و بەوەیش ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ڕزگارکردنی گیانی مرۆڤ. ئاخۆ دەکرێ ئەم پاساوە لەبەرچاو بگیرێ؟ ئاخۆ پێویستە، لە ڕوانگەی ئەم پێوەرەوە، دان بە شەرعییەتی ئەم جۆرە ڕەفتارەدا بنرێ؟

لەڕاستیدا "جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ" ڕاشکاوانە سەرکۆنەی ئەشکەنجەدانی کردووە. پاش جەختکردنی لە مادەی سێیەمدا لەسەر ئەوەی "هەموو تاکێک مافی ژیان و ئازادی و سەلامەتیی هەیە"، لە مادەی پێنجەمدا ڕای دەگەیەنێ "هیچ مرۆڤێک ناخرێتە ژێر باری ئەشکەنجەدان و سزا یان مامەڵەی دڵڕەقانە یاخۆ نامرۆڤانە، یان کەرامەتی بشکێنرێ". هەروەها ئەو بڕیارەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٤دا پەسندی کرد، توندتر جەخت لەوە دەکا "ناکرێ بۆ ئەشکەنجەدان هیچ بارودۆخێکی نائاسایی بکرێتە بیانوو، جا ئەو بارودۆخە هەرچی بێ، چ پێوەندیی بە حاڵەتی شەڕەوە هەبێ یان هەڕەشەکردن بە شەڕ یان بە نائارامییە ناوخۆییەکان یان هەر دۆخێکی تری نائاسایی". هەروەها بڕیارەکە دەڵێ "چەمکی ئەشکەنجەدان ئاماژەیە بۆ هەر کارێک لەڕێیەوە بەئەنقەست ئێش و ئازاری جەستەیی یان زەینی بە کەسێک بگەیەنرێ، نەخاسمە بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری و دانپێدانان".

کەواتە یاسای ناودەوڵەتی جەخت لەوە دەکا ئەشکەنجەدان لە هیچ حاڵەتێکدا و کاریگەریی هەرچەند بێ، ڕەوا نییە. ئەم سەرکۆنەکردنەیش دانانە بە کەرامەتی ڕیشەداری هەموو تاکێکی خێزانی مرۆڤایەتی و بە مافە یەکسان و جێگیرەکانیان (دیباجەی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ). بەوەیش دەوڵەتان دان بەوەدا دەنێن کە کەرامەتی ڕیشەداری ناو ناخی هەر مرۆڤێک پەنابردن بۆ توندوتیژی حەرام دەکا بەبێ ئەوەی بوار هەبێ بیانووی بۆ بهێنرێتەوە بەوەی "خراپەیەکی هێورتر" یاخۆ "شەڕێکی ناچاری"یە.

ڕەتکردنەوەی جەزرەبەدان لە ڕوانگەی یاسای ناودەوڵەتی خۆیەوە، لەو فەرمانە ئەخلاقییە بنبڕانەیە کە هیچ هەلومەرجێک نییە پاساوی پێ بدا. لە دەرەنجامدا، ئەخلاقی دەوڵەتان، بەتایبەت لەبارەی ئەم خاڵەوە، یان لانی کەم وەک ڕاگەیەنراوە، بریتییە لە "ئەخلاقی قەناعەت": ئەشکەنجەدان تەنانەت ئەگەر کاریگەریش بێ هێشتا هەر تاوانە. ڕادەی ئەو خراپەیەی لە ئەشکەنجەداندایە زۆر گەورەترە لەوەی ئەو "چاکە"یەی لێی چاوەڕوان دەکرێ، پاساوی بدا.

لە هەموو بارودۆخەکاندا ئەرکی ئەخلاقی داوای ڕەتکردنەوەی جەزرەبەدان دەکا بەچاوپۆشین لە ئاکامەکانی ئەو ڕەتکردنەوەیە، چونکە جەزرەبەدانی جەستەیی مرۆڤێکی بێدەسەڵات سڕینەوەی مرۆڤبوونی مرۆڤە، یەکەم کەس مرۆڤایەتیی جەللادەکە. ئەشکەنجەدان لە تێڕوانینی مرۆڤی-فەیلەسووفدا هەر قەدەغە نییە بەڵکو مەحاڵە، چونکە زۆر بەسادەیی شتێکی ناماقووڵە.

زیاد لەوەیش، زۆربەی جار دەردەکەوێ ئەو کاریگەرییە کاتییەی لە ئەشکەنجەدانی چاوەڕوان

دەکەین جۆرە وەهمێکە، چونکە لە مەودای ناوەندا لەبری لاوازکردنی ورەی دژبەرەکە، لەوانەیە کاریگەرییەکەی زیاتر چەقاندنی دژبەری ناوبراو بێ لە ململانەکردن تا مردن کە خۆی بۆ تەرخان کردووە و سەرکێشیکردنێکی مەترسیدارە بە داهاتووی ئاشتی کە لافی هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی لێ دەدەین.

بە بادان tordant (وشەی tortureی فرەنسایی لە وشەی torqueareی لاتینی داتاشراوە بە واتەی بایدا)ی جەستەی چەند کەسێک، ویژدانی هەمووان لە خۆمان ئاگر دەدەین، لە دەرەنجامیشدا، وا دیارە "ئەخلاقی بەرپرسیاریەتی"ش دەچێتە پاڵ "ئەخلاقی قەناعەت" تا پێکەوە فەرمان بە ڕەتکردنەوەی ئەشکەنجەدان بکەن.

زۆر دوورە تەنیا بە جەختکردنەوەی یاسای ناودەوڵەتی لەسەر ئەوەی ئەشکەنجەدان لە هەر هەلومەرجێکدا پێشێلکردنێکی تایبەتە بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئیتر دەوڵەتان دەست لە ئەشکەنجەدان هەڵبگرن. بەپێچەوانەوە، ئەزموون دەری دەخا کە "بەرژەوەندیی باڵای دەوڵەت" لە چەندان هەلومەرجدا، لە ئێستەش وەک لە ڕابردوودا، سڵ ناکاتەوە لەوەی بەناوی "واقیعیەت" و "کاریگەری"یەوە یاسا بەتەختی دیواردا بکێشێ بۆ پاساودانی ئەو ئەشکەنجەیەی بەرامبەر دوژمنانی ناوەوە و دەرەوە کراوە. بۆیە جێی خۆیەتی هاوڵاتییان زۆر چاوکراوە بن لە سەرچڵییەکانی دەوڵەتان، کە بەردەوام چاوەڕوانکراوە.

* سەرکوتکردن

## تاکتیک

ئەگەر ستراتیج پێوەندیی بە دانانی وێنای پلانێک کە کارە جۆرەوجۆرەکانی خەباتێکی ناتوندوتیژانە ڕێک بخا و هاوئاهەنگیی لەناودا بکا و بە جێبەجێکردنی ئەو پلانەوە هەبێ، ئەوا تاکتیک پێوەندیی بە دانانی وێنایەک بۆ هەر کارێک لەو کارانە بەجیا و جێبەجێکردنیەوە هەیە، چونکە لێهاتوویی تاکتیکی یاخۆ هەستی تاکتیکی دەرفەت دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی باشترین کەڵک لە کارێک وەربگیرێ، ئەویش لەڕێی باشترین پەرەپێدانی ئەو ئامرازانەی بەشداری لە جێبەجێکردنیدا دەکەن. تاکتیک لە بوارێکی دیاریکراو و ناسراو و تا ڕادەیەک جێگیردا پێڕەو دەکرێ لەکاتێکدا ستراتیج لە بوارێکی فرەوانتر و زۆر ئاڵۆزتردا جێبەجێ دەکرێ کە چوارچێوەدانی ئاستەمە، لەبەرئەوەی لە پەرەسەندنێکی سەرەمڕدایە.

بە دەربڕینێکی ڕوونتر، ستراتیج لە تێکۆشانی ناتوندوتیژدا کردارەکانی بڕیارلەسەردان و نەخشەکێشان و هاوئاهەنگکردنی: خۆپیشاندانە گشتییەکان دەگرێتەوە کە بتوانێ ڕای گشتی ئاگەدار بکاتەوە و ساز و جۆشی بدا بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی هاوکاری نەکردن کە باشتر دەتوانن لایەنی دژبەر لاواز بکەن، ئەو کارانەی یاخیبوونی مەدەنی کە زیاتر دەتوانن گژبەریی دەسەڵاتداران بکەن، بۆ ئەو دەسکەوتانەی کە زەوینە ساز دەکەن بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی

هەواڵنامەی کتێب

بنتیاتنەر لە بەرنامەی هاوکارینەکردندا، هەروەها بۆ هەموو ئەو دەستپێشخەرییانەی دەتوانن هاوسەنگیی هێز بگۆڕن و دژبەر بهەژێنن و ناچاری خۆبەدەستەوەدانی بکەن.

بەڵام تاکتیک بریتییە لە ڕێکخستنی هەر خۆپیشاندانێک لە خۆپیشاندانەکان و هەر کارێک لە کارەکانی هاوکارینەکردن و یاخیبوونی مەدەنی و هەر دەسکەوتێک لە دەستکەوتەکانی بەرنامە بنیاتنەرەکە بە گەورەترین کاراییی مومکین. بەوەیش ستراتیج و تاکتیک بەیەکەوە دەبەسترێنەوە و دەبنە دەستباری یەکتر بۆ سەرخستنی تێکۆشانەکە.

بۆ ئەوەی ستراتیجیەتی تێکۆشانی ناتوندوتیژانە تەواو بەکار بێ، نابێ هیچ کارێکی توندوتیژانە پەکی بخا. هەر بۆیە هەڵبژاردنی ئەم ستراتیجە بەشێوەیەکی بنبڕ بنەمای "هەمەجۆریی تاکتیکەکان" ڕەت دەکاتەوە کە پێی باشە لە هەمان خەباتدا هاوڕێکی بکرێ لەناو کارە ناتوندوتیژ و کارە توندوتیژەکاندا. هەموو کارێکی توندوتیژی بەدڵنیاییەوە دینامیەتی تایبەتی ستراتیجی تێکۆشانی ناتوندوتیژانە پەک دەخا. لە چوارچێوەی شەڕێکی چەکداریدا، بێگومان کارە ناتوندوتیژانەکان تێکڕای کاراییی تێکۆشانەکە زیاد دەکەن، بەڵام لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ناتوندوتیژانەدا کارە توندوتیژەکان تێکڕای کاراییی کارە ناتوندوتیژانەکان پێچەوانە دەکەنەوە.

* ستراتیج

## ڕێکخستن

کاتێ کۆمەڵە کەسێک هاوویست دەبن لەسەر ئەنجامدانی کارێکی هاوبەش، یان بنیاتنانی پرۆژەیەکی هاوبەش، ئەوا بەپێی یاسایەکی ئۆرگانیکی تایبەت بە هەر کارێکی دەستەجەمی، پێویستە لەسەریان کۆمەڵێ دەزگە و دەستەی خاوەن دەسەڵاتی بڕیاردان دابمەزرێنن. ئەو کاتە دەکرێ دوو هەڵوێست سەر هەڵبدەن: یان ئەوەتا ڕێکخستنێک کە پێشتر دامەزراوە و هەیە، ئەرکی هاوئاهەنگکردنی بزاوتەکە دەگرێتە ئەستۆ، یاخۆ پێویستە ڕێکخراوێکی تر بێتە دامەزراندن.

کاتێ ئەو بزاوتە ئامانجێکی ورد و دیاریکراو بۆ خۆی دەستنیشان دەکا، لەوانەیە پاش گەیشتن بەو ئامانجە بزاوتەکەیش هەڵبوەشێتەوە و نەمێنێ. ڕێکخستن پەیکەری بزاوتە، بەڵام خودی بزاوتەکە نییە. زۆر کەس هەن بەشداریی ئەو کارانە دەکەن کە بزاوتەکە دەستپێشخەریی ئەنجامدانیانی کردووە، بەڵام ئەندامی ئەو ڕێکخستنەی هاوئاهەنگییان لەنێواندا دەکا و سەرکردایەتییان دەکا، نین. ئەرکی ڕێکخستن سەرکردایەتیکردنی بزاوتەکەیە.

ئەو بەها و بنەمایانەی بزاوتەکە دەیەوێ لە کۆمەڵگەدا زاڵیان بکا _لە دیموکراسیەت، کەرامەت، ئازادی، یەکسانی، بەرپرسیاریەتی، دادپەروەری و... هتد- پێویستە سەرەتا لە ڕێکخستنی بزاوتەکە خۆیدا پێڕەو بکرێن. پێویستە بنیات و دامەزراوەکانی بزاوتەکە پێشوەخت بنیات و دامەزراوەکانی ئەو کۆمەڵگە نوێیە بەرجەستە بکەن کە دەیانەوێ دروستی بکەن. پێویستە

ڕێکخستنی بزاوتی تێکۆشانی ناتوندوتیژانه دەرفەت بۆ پرس و ڕاوێژ لەناو هەموو ئەندامانیدا بڕەخسێنێ و تا دەکرێ ئامادە و هاوئاهەنگیکردن لەو کارانەی دەستی دەدەنێ بەشێوەیەکی دیموکراسییانە بێ، ئەوەیش دەخوازێ ڕێکخستنەکە تا دەکرێ خۆئیداری بێ، بەو واتەیەی دەرفەت بدرێتە هەر تاکێک کە بەرپرس بێ و هەست بە بەرپرسیاریەتیی خۆی بکا. پێویستە دینامیەتێکی جەدەلی لەناو ئەو بڕیارانەی ڕێکخستنە ناوەندییەکە دەریان دەکا و ئەو دەستپێشخەرییانەی لقە ناوەخۆییەکان دەیانکەن، هەبێ.

بەرپرسیاریەتی پێش هەموو شتێک ئاگەداربوونە، کەواتە یەکێک لە ئەرکە هەمیشەییەکانی ڕێکخستن مسۆگەرکردنی بڵاوبوونەوەی زانیارییەکانە. بۆیە دەکرێ هەندێ بەڵگەنامە چاپ و بڵاو بکرێنەوە، کە هەندێکیان تایبەتن بە خەباتکاران و هەندێکی تریشیان تایبەتن بە جەماوەرە پان و بەرینەکە. ئامانج ئاشناکردنیانە بە بژارە سیاسی و ستراتیجییەکانی بزاوتەکە. کات□ێکیش ماوەی کارکردنەکە درێژە دەکێشێ، ڕەنگە پێویست بکا ڕۆژنامەیەک دەربکرێ کە زمانحاڵی بزاوتەکە بێ.

دەبێ چەندان دەنگدان و هەڵبژاردن لەناو بزاوتەکەدا ئەنجام بدرێن، وەک باشترین ڕێگە بۆ وابەستەبوونی بە دیموکراسیەتەوە. بەڵام پێڕەوکردنی دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ بۆ وەرگرتنی هەر بڕیارێک کارێکی مەحاڵە، بۆیە بوونی تاکە ناوەندێک بۆ بڕیاردان بۆ تۆکمەیی بزاوتەکە و کارایی کارکردنی پێویستە. کاتێکیش بزاوتەکە ڕەهەندێکی نیشتمانی وەردەگرێ– لانی کەم وەک هاوهەڵوێستیەک لەگەڵ کێشەیەکی ناوەخۆیی– پێویستە ڕێکخستنەکە هەوڵی پێکهێنانی تۆڕێکی لامەرکەزی بدا کە پەل بۆ هەموو کۆمەڵگە بهاوێ. بۆ ئەوەی بتوانرێ پاڵەپەستۆیەکی ڕاستەقینە بخرێتە سەر دەسەڵاتداران، دەبێ، بەزۆری، کارەکە بەشێوەیەک ڕێک بخرێ ڕیشەی خۆی بەناو تەواوی کۆمەڵگەدا لێ بدا، بۆ ئەوەیش پێویستە بزاوتەکە ببێ بە چەند گرووپێکی ناوچەیی کە ئامرازی ڕێکخستنی پێویستیان لەبەردەست بێ تا بەهۆیانەوە بتوانن لە کارکردندا کارا بن. هێزی بزاوتەکەیش، لە بەشێکی یەکلاکەرەوەیدا، لە هێز و جۆری ژمارەیەک لەو لقانەوە سەرچاوە دەگرێ.

هەروەک دەکرێ کۆمەڵێ دیدار و کۆبوونەوەی سەرتاسەریی نیشتمانی بەشێوەی دەوری ڕێک بخرێن و تێیاندا بڕیار لەسەر ئاراستەی سیاسی و بژارە ستراتیجیەکانی بزاوتەکە بدرێ. زیاد لەوەیش، ئەم کۆبوونەوە و دیدارانە دەرفەتن بۆ بەرپرسە ناوچەییەکان تا یەکتر ببینن و بناسن، ئەو پێوەندییە کەسییانەی بەم شێوەیە دروست دەبن تۆکمەیی بزاوتەکە زیاد دەکەن، چونکە پێکەوەژیان باشترین بەستەرە بۆ یەکەتی، هەروەها پێوەندیی دۆستانەی نێوان ئەوانەی لەپێناو ئازادی و دادپەروەریدا تێ دەکۆشن، بە ژنان و پیاوانەوە، یەکێکە لە هێزە سەرەکییەکانی بزاوتەکە. بەوەیش تۆڕەکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژانە دەبنە تۆڕی دۆستایەتی. هەرگیز ئەوەیش بەدوور نازانرێ کە ململانەی کەسی لەناو خودی بزاوتە ناتوندوتیژانەکە خۆیدا سەر هەڵبدا، هەر

بۆیە دۆزینەوەی دەستەگەلی تایبەت بۆ بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی کێشەکان شتێکی بەسوودە.

هەر ڕێکخستنە کە بزاوتەکە لە گۆڕەپانە گشتییەکەدا دەردەخا. ئەو پیاو و ئافرەتانەی بەرپرسیاریەتیی سەرەکی وەردەگرن، دەبنە هاوگۆ (محاور)ی شەرعی لای هاوبەش و دژبەرەکان و دەسەڵاتدارانی گشتیش. هەروەک پێویستە ئەوان زۆربەی پێوەندییەکان لەگەڵ جەماوەر ڕێک بخەن، نەخاسمە پێوەندیکردن بە دەزگەکانی ڕاگەیاندنەوە.

یەکێک لە ئەرکە سوپاسنەکراوەکانی ڕێکخستن کە دەشکرێ تێپەڕێنرێ، بریتییە لە دابینکردنی بژێویی بزاوتەکە، بەتایبەت لەڕێی کۆکردنەوەی پارەوە، دەبێ مل بەوە بدرێ کە "پارە" یەکێکە لە دەمارەکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژانە، بۆیە دەبێ خەمی ئەوە بخورێ سەرچاوەی داراییەکە، جا دارایی گشتی بێ یان تایبەت زیان بە بزاوتەکە نەگەیەنێ. ئەو کەسانەی دەچنە ناو ڕێکخستنەکە بەگشتی لە ژمارەیەکی زۆر خۆبەخش پێک دێن کە بەبێ بەرامبەر کار دەکەن، هەروەها فەرمانبەرانی هەمیشەییشیان تێدایە کە کرێ وەردەگرن.

هەر کارێکی بەکۆمەڵ بۆ ئەوەی ئەوپەڕی کاراییی هەبێ، دەبێ هەموو بەشداران ڕێکوپێکی و دیسیپلینێکی نەرم و لە هەمان کاتدا توندیان هەبێ، چونکە کاری ناتوندوتیژانەیش لەم ڕێسایە بەدەر نییە، بەڵام لەبەرئەوەی کاری ناتوندوتیژانە پابەندە بە ئازادیی هەر تاکێک لە بوونە ئەندام تێیدا، ئەو دیسپلینە پێویستەش دەبێ خۆویستانە بێ، چونکە لەسەر پابەندبوونی خۆویستانەی هەر تاکێک دامەزراوە نەک لەسەر وابەستەبوونی هەمووان بە گوێڕایەڵیکردنی ناچاری. لەم ڕووەوە نابێ هیچ لێکچوونێک لەناو ئەم کارە و ڕێکخستن و دیسپلینی سەربازیدا هەبێ.

یەکێک لە ئەرکەکانی بزاوتەکە ئامادەکردنی خۆبەخشانە بۆ کاری ڕاستەوخۆی ناتوندوتیژ، بۆ ئەوەیش پێویستە پێش لە دەستکردن بە هەڵمەتەکە و لەکاتی هەڵمەتەکەیشدا، خولی شیاندنیان بۆ ڕێک بخرێ.

ڕێکخستن یارمەتیی کاری بەکۆمەڵی بزاوتەکە دەدا تا بە پانتاییی کات و شوێندا بڵاو ببێتەوە و بەوەیش بگاتە ئامانجی خۆی. ئەوە خەیاڵپلاوە تەنیا پشت بە "خۆبەخۆییی جەماوەر" یان بە کاریزمای سەرکردەیەکی بێوێنە ببەسترێ. گونجاوترین ڕێگە بۆ وروژاندنی کارێکی بەکۆمەڵ لە مەودایەکی بەرفرەواندا، پشتبەستنە بە خۆبەخۆیی (عەفەویەت)ی ئەوانەی جۆش دەدرێن، بە پیاو و ئافرەتەوە، بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادتر و دادپەروەرانەتر، بەڵام دەبێ ئەم خۆبەخۆییە ڕێک بخرێ واتە سیستماتیزە بکرێ، بەوەیش خۆبەخۆیی لەبری ئەوەی هۆکاری پەرت و بڵاوی بێ، دەبێ بە داینەمۆیەک کە کارەکە ئاراستە دەکا و هێزی پێ دەبەخشێ.

* سەرکردە

## پێڕست


لەمەڕ مێژووی ئەکادێمیا.. دامەزراندن و بنەماکانی زاراوەڕۆنان. شوکر مستەفا ........ 3
مامۆستا شکور مستەفا میوانی گۆڤاری "کەلەپووری کورد"ە. ئا: محەمەد ساڵح سەعید ........ 18
تورکیا.. پەکەکە و چارەسەری کورد– بەشی دووەم. وەرگێڕان لە ئینگلزییەوە: هێمن هادی ........ 52
شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥. ئاڵقەی دوانزەهەم و کۆتایی. ........ 79
لە عەمانەوە بۆ ئامێدی یان گەشتێک لە کوردستانی باشووردا– ئەڵقەی هەشتەم. عەلی سیدۆ گەورانی 96
ڕیشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا– ئەڵقەی چوارەم. باقر یاسین ........ 121
مێژوویەکی ئافرەتان – بەشی چوارەم. ئەحمەد میراودەلی ........ 150
مارکەس سیسێرۆ نووسینی دکتۆر سەلاح بابان ........ 182
ئەوانەی گەڕانەوە ئاسمان – بەشی چوارەم. ئەنیس مەنسوور. ........ 187
ئاخۆ لە سەدەی شانزەدا دەکرا مرۆڤ بێباوەڕ بێت. هاشم ساڵح. ........ 205
شۆڕشی ئەمەریکی حەسەن حافیز لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ........ 215
چاوپێکەوتن لەگەڵ کازیوە ساڵح ........ 228
چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ژنە نووسەری عێراقی هدیە حسین . سازدانی: م. لینکس کوالی ........ 241
ماخۆلان. زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی ........ 248
سەربەست عومەر.. جوانترین رستە لەبارەی هونەرەوە. ئاغالە ........ 257
جۆرج بەهجوری: هەتا تێر بووم نیگارم کێشا وا لە پەنجەرەی ئەدەب دەدەم. ئا: شێرزاد هەینی ........ 273
سایکۆلۆجیەتی جەماوەر. محەمەد غەیس ئەلحاج حسێن. لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 279
سروود وەک فاکتەری دنەدان. سەردار جاف ........ 288
ئەرکی بەها و لاوازیی پابەندبوون بە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە. عادل شاسواری ........ 297
هەموو مرۆڤەکان بران. پشکی دووەم. موهنداس گاندی. لە عەربییەوە: ئاواز فاتح جاف ........ 319
مارتن لۆتەر کینگ بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک. بەشی پێنجەم. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 344
هاوکاری نەکردنی ئابووری و سیاسی – بەشی سێیەم. جین شارپ ........ 367
فەرهەنگی ناتوندوتیژی – پشکی دووەم. جان–ماری موللێر. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ........ 367